بیرەوەری




# ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی

فەرهاد عەونی

فەرهاد عەونی

# ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی

بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم
٢٠١٦

- **ناوی کتێب**: ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی–بەرگی یەکەم
- **نووسەر**: فەرهاد عەونی
- **نەخشەسازیی بەرگ و ناوەڕۆك**: عمر شهاب
- **چاپی یەکەم ٢٠١٦**
- **تیراژ**: ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی سپاردنی (٥١٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە**

# وتەیەکی پێویست

**خوێنەری هێژا**

**تاکو ئەم ساتەش زۆر لایەنی شاراوە هەیە دەربارەی مێژووی نووسینی یادەوەری و گێڕانەوەی بیرەوەری رۆژانەی رووداوەکان وەکو دەڵێن (ئەدەبیاتی رۆژئاوا جەخت لەسەر بیرەوەرییەکانی سانت ئۆگستین ٣٥٤-٤٣٠)م دەکات کە گوایە ئەو یەکەم کەس بووە بیرەوەرییەکانی تۆمار کردووە کە تێیدا باسی لە کاریگەریی ئایین دەکات لەسەر ژیانی تایبەتیی خۆی کە گوزەراندوویەتی پێش ئەوەی ئەو جۆرە (هونەری نووسینە لای نووسەرەکانی بە جیاوازیی شوێن و کاتی بیرەوەرییەکان، ببێتە رەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ کە لەسەر دەستی جان جاك روسۆ ١٧١٢-١٧٧٨) لە دانپێدانەکانی (اعترافات) بەرجەستەبوو و هەر لەوکاتەوە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ کاروانی نووسین و بڵاوکردنەوەی بیرەوەری لە سەرتاسەری ئەم جیهانە و بە هەموو ئەو زمان و شێوازانەی کە قسەیان پێدەکرێت بەردەوامە و بۆتە بەشێکی زێدە گرنگ لە ئەدەبی نووسیندا کە بێگومان بەشێکی شاراوەی مێژووی کۆن و هاوچەرخ لەخۆ دەگرێ و زۆربەی جارانیش تیشك دەخاتە سەر بابەت و رووداوێك کە نووسینی مێژووی راستەقینە پێویستیی پێیەتی.**

بەندە دەمێکە دەتوانم بڵێم (٥٠) ساڵێك دەبێت هۆگری خوێندنەوەی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەم، هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی چەندین ئەو بابەتانەی کە لە قۆناغە جیاکانی ژیانمدا پێویستیم پێ هەبووە یاخود ئارەزوومەندی خوێندنەوەی بووم، تەنانەت زۆر جاریش خۆم لە خەرجکردنی پارە پاراستووە بە مەبەستی دابینکردنی کڕینی کتێب و خوێندنەوەی کە دەتوانم بڵێم لایەنێکی زۆری ژیانمی داگیر کردووە کە تێیدا بە هیچ شێوەیەك تاڵانکردن و هەڕاجکردنی (کتێبخانەکانم) لە ساڵانی ١٩٦٣، ١٩٧٤، ١٩٩٥ کە لە دووتوێی ئەم بیرەوەریانە باسم لێوەکردووە نەبۆتە لەمپەر بەرامبەر بەردەوامبوونم لە خوێندنەوە و دامەزراندنەوەی کتێبخانە کە ئێستاکە کتێبخانەکەم بۆ من بۆتە شوێنی ئارامبەخش و بیرکردنەوە و پێشوازیی دۆستان و داواکارانی زانیاری بۆ مەبەستی زانستی سەرەڕای حەوانەوەی مێشك و جەستە لەنێوان هەزاران کتێبی هەمەڕەنگ و هەمەجۆر، کە زۆر جار خۆشەویستیی کتێبێك و پەیداکردنی ناچارم دەکات پەنا بۆ خزم و دۆستانی ئازیزم ببەم لە دەرەوەی وڵات بە مەبەستی پەیداکردنی ئەو کتێبانەی کە لە گۆڤار و ئەنتەرنێتدا بەرچاوم دەکەوێ و ئارەزووی خوێندنەوەیانم هەیە، بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی کە باس لە سیاسەت و بیرەوەری مرۆڤە سیاسییەکانی تێدا بەرجەستە بووە، لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ لە برادەرە نزیکەکانم ئاگادارن کەوا بەندە هەر لە سەروبەندی رۆژانی خوێندنم لە زانکۆی بەغدا خولیای نووسین و بیرەوەرییەکانم لەمێشکدا هەبووە، لە هەندێ قۆناغدا بە بەردەوامی و لە هەندێ قۆناغی دیکەدا بچڕ بچڕ بووە، بەڵام ئەوەی جێی داخ کەسەرە تێکڕای دەفتەر و ئەوراقی بیرەوەرییەکانم ساڵی ١٩٧٤ لەسەر دەستی حکومەتی بەعس و ساڵی ١٩٩٥ لە ئاکامی شەڕی نەگریسی (برایان) فەوتان و تاڵانکران کە بەلای منەوە هەرگیزاو هەرگیز قەرەبوو ناکرێنەوە، لەگەڵ تێکڕای وێنە و ئەوراق و کەلوپەلی ماڵەکەم.

خوێندنەوەی هەندێ لەو بیرەوەرییانە دەیانخوێنمەوە دەمجووڵێنن.. دەمهەژێنن کە راستگۆیی پێوە دیارە، تەنها وەکو نموونە لە دووتوێی

لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا باسم لێوەکردووە کە تێیدا بیرەوەرییەکانی (هێمن)ی شاعیر و (نورەدین زازا)ی کوردپەروەر کە راستی و راستگۆییان لیٚ دەباریٚ لەگەڵ دەیان و سەدان بیرەوەریی ئەو زاتانەی کە راستگۆیانە بە جورئەتەوە لە سنووری پاراستنی ئەدەب و بابەتی نهێنی کە زەرەر بە بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان دەگەیەنن چوونەتە ناوجەرگەی ئەو رووداوانەی کە لەگەڵی ژیاون.

خوێندنەوە و نووسینی بەردەوامم لەم بوارەدا بەتایبەتیش پاش خانەنشین بوونم لە کاری رێکخراوەیی و دوورکەوتنەوەم لە کاری (حزبایەتی) نەك سیاسەت کە تێیدا بوارم زیاتر بۆ رەخسا بکەومە خۆ و بە مەبەستی نووسینیەوەی بیرەوەرییەکانم لە دووتوێی کتێبێکدا کە بێگومان پێم وایە سوودێکی هەر دەبێت، چونکە (من)ێك لە تەمەنی چواردەساڵییەوە (یانی لە ساڵی ١٩٦٠)ەوە تێکەڵی ژیانی سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی بووم سەرەڕای پەیوەندییە کراوەکانم لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان هەر لە ساڵانی سەرەتای شەستەکانەوە تاکو ئێستا کە بێگومان هەرچۆنێك بێت بوومەتە خاوەن بەش و چیرۆك (حصە و قصە) لە کاروانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا و شانازیشی پێوە دەکەم لەگەڵ هەموو قۆناغە ناخۆشەکان سەرەڕای ترس و لەرزی ئەوتۆ لە هەندیٚ قۆناغدا کە تێیدا دەگوترا (دیواریش بەگوێیە)، بەڵام دیسان سەرەڕای بێوەفایی ژیانی سیاسی لە کوردستان و بیٚ هەڵوێستیی دووڕوویی هەندیٚ بەرامبەر ماندوونەناسان و بێئەمەکیی هەندێکی تر بەرامبەر دڵسۆزان و تێکۆشەران کە تەنیا لەپێناوی پەردەپۆشکردنی راستییەکان گەیشتوونەتە ئاستێك لاف (تێری، بیٚ منەتی) لێدەدەن وا تێگەیشتوون ئەم تێری و بێمنەتییە نرخی نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتییان زیاد دەکات کە بێگومان ئەم بۆچوون و بیرکردنەوە سەقەتە پێچەوانەی هۆش و بیری مرۆڤی خاوەن بڕوا و راستگۆ و دڵسۆز و زانینی مەنتقی مێژووە.

بیرەوەرییەکانم راستگۆیانە نووسراون، تاکو پێم کرابێت خۆم لە بریندارکردن و لەکەدارکردنی نەیارانیشم پاراستووە، سڵم لە راستییەکان نەکردۆتەوە، چون بووە وام نووسیوە کە دەبێتە بەشێك لە مێژووی کاروانی مرۆڤێك لەناو رووداو و گێژاوی دونیای کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستاندا کە بێگومان منیش وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە هەڵەم لە ژیاندا کردووە کە بێگومان لە هەڵەکانم پەشیمانم، بە گیانێکی کوردانە و کوردپەروەرانە کارم کردووە، ئەوەی بۆ کورد و کوردستانم بە باش زانیوە لە چوارچێوەی کاری خۆمدا کردوومە، هەمیشە خەون بە کیان و دەوڵەتی کوردستان و کوردستانی گەورە دەبینم.. هیواداریشم کە تاکو لەژیاندا ماوم ئەم خەونەم بێتە دی، ئەگەر بۆ خۆشم نەیبینم ئاواتەخوازم (کوڕ و کچ و نەوەکانم) لەگەڵ تێکڕای رۆڵەکانی نەتەوەکەم پێی شاد و بەختەوەر بن.

**فەرهاد عەونی**

**کوردستان-هەولێر**

**٢٠١٦/٨/١**

ئەمڕۆ (٢٠١٣/١/١)یە ریککەوتی رۆژی سێ شەممەیە، دەستپێکی نووسینی بیرەوەرییەکانمە کە دەمێکە بیرم لێ کردۆتەوە و بڕیاری تۆمارکردنی قۆناغەکانی رۆژانی رابردووی تەمەنم داوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا نووسن و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بیرەوەرییانە چ سوودێك دەگەیەنێت؟! دیسان مەبەست لەم جۆرە نووسینانە چییە و خزمەت بەکێ و بە چی دەکات؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە کە لەو بارەیەوە ئاراستە دەکرێت، لەلای من بەو شێوەیە وەڵام دەدرێتەوە: **کە قەناعەتم پێیەتی و تا رادەیەك کاریگەریی لەسەر بیر و بۆچوونی مندا هەبووە.**

هەموو مرۆڤێك چ پاشا بووبێت و چ گەدا، چ خەباتگێڕ و تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر چ دوورە پەرێز لە هەندێ بواردا، چ زاڵم و چ مەزڵوم، دەوڵەمەند و هەژار. هەر یەکە لە پێگەی خۆیەوە رۆڵێکی هەبووە لە دروستکردنی مێژوو، شارستانییەت، ژیان و رێڕەوی، جا مادامەکی هەریەك لە ئێمە کەم یا زۆر رۆڵێکی هەبووە لەو بوارانەی ژیان تا رادەیەك کە مێژووی وڵات و شارستانییەتی دروستکردووە!، مافی خۆیەتی کەم یا زۆر سەرگورشتەی خۆی بۆ خەڵکانی ناو خێزانەکەی، دەورووبەری، خەڵکە نزیکەکانی، تا دەگاتە کۆمەڵگاکەی خۆی.. بیگێڕێتەوە ئەوجا بە شێوەی ئامۆژگاری، چیرۆکی کۆمەڵایەتی، دەربڕینی را و بۆچوونی تاك، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارەکان، زۆر جاریش بەپێی هەڵکەوتەی مرۆڤ بە نووسین و بڵاوکردنەوەی رووداوەکان، کە هەندێ جار چوارچێوە و سنووری کۆمەڵگای (خاوەن بیرەوەرییەکان) دەبەزێنێ و بەرەو جیهانێکی فراوانتری دەبات، لە روانگەی ئەهەمییەت و ناوبانگی ئەو مرۆڤە، کە لە یەکێ لە بوارەکانی ژیاندا هەیبووە.

ئەمڕۆ (بەندە) پێیناوەتە تەمەنی (٦٧)ساڵ.. چونکە لە رۆژی ١٩٤٦/١١/٢٨ لە کۆیە لە دایکبووم و لەنێوان ئەو (٦٧) ساڵەدا (٥٤) ساڵی رەبەقم لە ریزی بزووتنەوەی نیشتمانی و کوردایەتی بەسەربردووە کە تێیدا:

**یەکەم**: لە دوو حزبی نیشتمانپەروەر کارم کردووە، یەکەمیان حزبی شیوعی عیراقی، لەنێوان سالآنی (١٩٦٠ تا کۆتایی سالّی ١٩٦٢) پاشان لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سالّی (١٩٦٣)وە تاکو سالآنێکی دوور و درێژ کە پاشان دێمەوە سەری لەو نێوانەشدا لە چەندین رێکخراو و یەکیەتی و سەندیکادا کارم کردووە، کە لە دواییدا بەدرێژی باسی لێوە دەکری.

**دووەم**: لە قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییمەوە، یانی لە تەمەنی ١٠ سالآنەوە دەستم بە خوێندنەوە کردووە.. تەنانەت هەر لەم قۆناغەشدا شیعریشم نووسیوە و دواتر بۆم بلآوکراوەتەوە، لەو رۆژەوە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ خولیای خوێندنەوەم بە هەردوو زوبانی (کوردی، عەرەبی)، بۆتە بەشێکی گەورەی رێڕەوی ژیانم، تەنانەت تاکە رۆژێك نییە لە ژیانمدا کە من بیّ خوێندنەوە بووبێتم، کە تێیدا زیاتر ئەو کتێبانەم لا خۆشەویست بووە کە لە بواری (سیاسەت، مێژوو، ئەدەب، یادەوەری، رۆمان)ـن، کە لە نێوانیاندا بە سەدان یادەوەری و بیرەوەریی کەسایەتییە سیاسی و کۆمەلآیەتییەکانم خوێندۆتەوە، کە زیاتر لە هەموو بوارەکانی تر چێژم لیّ وەرگرتووە، و بەدوای پەیداکردنیدا گەڕاوم.

هەر بۆیە بە پێویستم زانی پاش ئەو هەموو تەمەنە کە تێیدا زیاتر لە نیو سەدە لەناو جوولآنەوەی کوردایەتی ئەوجا چ سیاسی و چ رێکخراوەیی و سەندیکایی، کە هەمووی لە ئاکامدا لە خزمەتی جوولآنەوەی ئازادیخوازی کورد و کوردستان بووە، ئەویش وەکو ئەزموونێکی زیندوو کە زۆر لایەنی نادیاری تێدایە بنووسرێتەوە بۆئەوەی هیچ شت و رووداوێك لە نەوەی تازە ون نەبێت، چونکە بتەویّ یان نەتەویّ زۆر تەگەر و لەمپەر لەبەردەمدا هەبووە کە تا رادەیەك نەتوانراوە بابەتەکان وەکو خۆی بەدیار بکەوێت، هەندیّ جاریش خۆم رێگر بوومە کە ئەو جۆرە تەگەرانە باس بکەم لەسەر رووی لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان، چونکە لای من وروژاندنی هەندیّ بابەت ئەگەر بچووکیش بێت لەو ئان و ساتانەدا خزمەتی نەکردووە و نەشم ویستووە، وەکو هەندیّ لە سەرکردە و کادری حزبی کاتیّ لە قۆناغێك تووڕە دەبن، یەکسەر دۆ و دۆشاو تێکەلّ

دەکەن. بێ گوێدانە هیچ ئیلتیزاماتێکی ئەوتۆ، کەوا لەسەری دەچەسپێنێ کە هەموو شت لەسەر تووڕەبوونێك یاخود دوورخستنەوەیەك یاخود گوێنەدانێك، چاك و خراپ تێکەڵ بکەیت، بەڵام کاتێك دێیتە سەر نووسینی بیرەوەرییەکان، وا پێویست دەکات بەوپەڕی راستگۆیی و راشکاوانە بیاننوسیتەوە بی ئەوەی هیچ شتێك لە خەڵکی بشاریتەوە بە تایبەتی کاتێ لە رۆژانی رابردوودا هەندێ لەو نهێنییانەت پاراستووە و باست نەکردوون، چونکە یەکەمیان ئیلتیزامی سیاسی وای لەسەر(فەرز) کردووی کە گوتنی هەندێ بابەت (حەرامە) لەو کات و ساتەدا و پێویست بە گوتنی ناکات، پاشانیش هەندێ بابەتی نهێنی هەیە کە ئەویش هەندێ لە نووسەری بیرەوەرییەکان ئاماژەیان پێ دەکەن کە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بڵاوکردنەوەی زیان ناگەیەنێ، کە ئەویش بە جۆرێك لە جۆران خزمەتی مێژوو دەکات.

لە ئاکامی خوێندنەوەی ئەو سەدان کتێبی یاداشت و بیرەوەرییانەی کە خوێندوومەتەوە بە هەردوو زوبانی کوردی و عەرەبی تا رادەیەکی باش چێژم لێ وەرگرتوون و سوودی زۆریان هەبووە، کە تێیدا هەندێکیان رووداوی زۆر گرنگیان باس کردووە کە پێشووتر نەزانراوە و لەو هەموو بڵاوکراوانەدا هەندێکیان کاریگەرییەکی یەکجار گەورەیان لام درووستکردووە کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە، کە لێرەدا بۆ نموونە باس لە هندێکیان دەکەم:

– پێشەکیی دیوانی (هێمن) کە لەژێر ناوی (تاریك و روون) بڵاوکراوەتەوە یەکێکە لە بەنرخترین بیرەوەری بە زمانی کوردی، بیرەوەریی مرۆڤێك کە راستگۆیانە و بە شێوازێکی زۆر رۆمانسییانە و کاریگەر نووسیویەتی بە رادەیەك لەکاتی خوێندنەوەیدا وا لە مرۆڤ دەکات کە دەڵێی بەرامبەر فیلمێکی ئەفسوناوی دانیشتووە و سەیری دەکات کە تێیدا هیچ کەلو بەرێکی نەهێشتووەتەوە باسی نەکات، و لە نێوانی ئەم بیرەوەرییانە خوێنەر شارەزای بارودۆخی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دەبێت لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر لە رۆژانی پێش درووستبوونی (ژ.ك) و حزبی دیموکراتی کوردستان–ئێران تاکو رۆژی ئامادەکردنی بیرەوەرییەکان، لام

سەیر نییە کە ئەم بیرەوەرییانە نەبۆتە زادەی درووستبوونی چەند فیلمێکی سینەمایی، کە بەداخەوە تاکو ئێستاکە ئێمەی کورد لەم بوارەدا هەژارین.

- بیرەوەرییەکانی (د. نورالدین زازا) کە بە هەردوو زوبانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، ئەویش بە شێوەیەك نووسیویەتی مرۆڤ وا دەزانێ چیرۆکی پاڵەوانێك دەخوێنێتەوە، کە لەناو چرپی ستەم و ئاگر و ئاسندا بەردەوام لە تێکۆشاندا بووە لەپێناو ئازادی گەل و وڵاتەکەی کە ئەویش کورستانی باکوور و رۆژئاوایە کە تێیدا کە مالیزم و شۆڤێنیەتی عەرەب بە ئاگر و ئاسن مامەڵەیان لەگەڵ دۆزی گەلی کورد دەکرد و بەقسەی خوالێخۆشبوو (عیسمەت شەریف وانلی(١) ) (دکتۆر نورالدین زازا خۆی دیرۆکێك بوو).

- بیرەوەرییەکانی نووسەری گەورەی ئێرانی (احسان نەراغی) کە ئەویش بە زوبانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە کە خۆی لە ژیاندا بووە لەژێر ناوی (لە کاخەکانی شاهەوە تاکو بەندینخانەکانی شۆڕش) و بە عەرەبی (من بلاط الشاه إلى سجون الثورة) ئەویش داستانێکی راستگۆیانەی پڕئامێزە کە نووسەر لەنێوان هەردوو رژێمی شاهەنشاهی محمد رەزا پەهلەوی و شۆڕشی گەلانی ئێران و کۆماری ئیسلامی ژیاوە، رووداوەکان وەکو خۆی باسی لێوە دەکات واش پێویست دەکات سیاسەتکارانی ئەمڕۆ بە جدی ئەم بیرەوەرییانە بخوێننەوە تاکو پەندی لێ وەربگرن و ئەوانیش بە دەردی شای ئێران و هاوشێوەکانی نەچن کە لە ئاکامی گەندەڵی خۆیان و دەورووپشتیان تووشی ئەو هەرەسە گەورە بوون تەنانەت شاهی ئێران وای لێهات (قەیسەری لێ بوو بە کونە مشك).

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ وە کاتێ لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام لە کۆلێژی (ئابووری و زانستە سیاسییەکان) ئاسۆی خوێندنەوەمان زیاتر و فراوانتر بوون، چونکە بەغدای ئەو سەردەمە لەگەڵ شارێکی بچووکی گەمارۆدراوی ئەو سەردەمەی وەکو (کۆیە) بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە بەراورد نەدەکرا ئەوجا لە هەموو روویێکەوە کتێب و رۆژنامە و گۆڤار هەموو لایەکی بەغدای ئەو سەردەمەی تەنیبوو هەموو بەیانیانێکی ئەو سەردەمەش کاتێ پێمان دەنایە

ناو باڵەخانەی کۆلێژەکەمان یەکسەر روومان لە (یانەی کۆلێژ دەکرد بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەکان) کە لەو سەردەمەدا هەموو کۆلێژێك یانەی تایبەتیی بە قوتابیانی هەبوو بۆ نان خواردن و چا و قاوە خواردنەوە، کە تێیدا رۆژنامەفرۆشێکیش_رۆژنامەکانی دەهێنا بەرامبەر خوێندنەوەیان بە چەند فلسێك کە خۆی لە (٢٥) فلسی ئەو سەردەم تێپەڕ نەدەکرد، و لەو سەروبەندەدا یەکێك لە رۆژنامەکانی بەغدا هاوکات لەگەڵ رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری هەفتانە وتارە بەنرخەکەی (محمد حسنین هیکل)ی بڵاودەکردەوە لەژێر ناوی (بصراحه) کە تێیدا راشکاوانە باسی بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەی میسر و دەوروبەری دەکرد ئەوجا بە نووسینی هەموو ئەو نووسەرە گەورانەی عەرەب چ لە رووی شێوازەوە و چ لە رووی ناوەڕۆکی بابەتەکە، کە هەفتانە خوێنەرێکی یەکجار گەورە چ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چ لە دونیای دەرەوەی ئەوروپا چاوەڕوانی (بصراحه)کەی (هیکل)یان دەکرد، منیش وەکو هەر خوێنەوارێکی ئەو سەردەمە و تاکو رۆژانی ئەمڕۆش بەدوای سێبەری نووسین و کتێب و چاوپێکەوتنەکانی (هیکل)م بیٚ ئەوەی شتێکم لەکیس چووبیٚ، و یەکەمین کتێبی (هیکل)یشم کە خوێندووەتەوە کتێبی (احادیث من آسیا)یە کە بە رێکەوت لە یەکیٚ لە کتێبخانەکانی شەقامی سەرەکیی زانکۆی تاران لە پایتەختی ئێران، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ دەستم کەوت، دواین کتێبیش کە لەبەر دەستمدایە لەگەڵ نووسینی ئەو چەند لاپەڕەیە لە هەفتەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ تەواومکرد کتێبی (کچەکەم فرح) لە نووسینی (فەریدە دیبا)یە، دایکی (فرح دیبا)ی هاوسەری شای ئێران کە تەخت و تاجیان سەرونگوم بوو. (فەریدە فەرەح دایکی فەرەح) و خەسووی شای ئێرانە و ماوەی نزیکەی بیست ساڵ لە (دەرباری شا) ژیاوە، و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەویش لەگەڵ خێزان و دەوروپشتی شا روویان لە هەندەران کردووە و لەو رۆژەوە چەندین کتێب، وەکو مێژوو، لێکۆڵینەوە، بیرەوەری لەلایەن خەڵکی نزیك (دۆستەکانیان) یاخود نەیارەکانیان نووسراوە کە تێیدا شتێك نەماوە لە بارەیان بە چاك و خراپەوە لەسەریان نەنووسرابیٚ.

یەکێك لەو کتێبانە کە خۆی (فەرز) کردووە کە خوێنەر بەدوایدا بەگەڕێ کتێبی (کچەکەم فەرەح)ە، کە زۆر ڕاستگۆیانە بە وردەکارییەوە لەسەر ژیانی خێزانی ڕەزا شا و محمد ڕەزا شای ئێران نووسراوە، کە ئەویش بابەتێکە خۆزیا ڕۆشنبیران و سیاسەتکارانی کوردیش دەیانخوێندەوە، بۆ ئەوەی بزانن کە لەم ڕۆژگارەدا خێزانی (پۆلیس کەنداو و ئاریا میهر) چییان بەسەرهاتووە لە ئاکامی دەسەڵات پەرستی و لووت بەرزی و کۆکردنەوەی پارە، کە لە کۆتاییدا ئاغا و دۆستە هەرە نزیکەکەی کە (ئەمریکا)ی دۆستکوژە لە پێناوی بەرژەوەندیی ئەمریکادا ماوەی (شا)یان نەدا و تەنانەت وەکو پەناهەندە لە دوا ڕۆژی ژیانیدا لە وڵاتەکەیان بمێنێتەوە و (محمد ڕەزای) شاهنشاهیش کە لە بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی (وەڵامێك بۆ مێژوو)، باس لەو ڕۆژە دژوار و سەختانە دەکاتەوە کە کۆتایی ژیانی پێ هات و لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی میسر سەری نایەوە.

**پێناسەی خێزانم:**

باوکم ناوی عوسمانە کوڕی حەبیب (حەبیب ١٨٨٠-١٩٣٣/٩/١٢) کوڕی عبداللە کوڕی محمد کوڕی عبداللە کوڕی عبدالرحمن ـە، کە بە (عەونی) ناسراوە، لە ساڵی ١٩١٤ لە کۆیە لە گەڕەکی (بەفریقەندی) لەدایکبووە و لە سەرەتای ساڵانی سییەکانەوە نازناوی (عەونی)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، وەکو هەموو شاعیرانی پێش سەردەمی خۆی وە لە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٢٠ هەر لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی باسکی عارەبیانی لە تەنیشت باوك و دایك و براو خوشکەکانی نێژراوە. دایکیشی ناوی پیرۆز عبداللە عبدالقادرە (١٨٩٨-١٩٨٢/١/٥).

عەونی مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر و کوردپەروەر بووە دیوانە شیعرەکەی کە دوو جار لە لایەن (بەندە)وە چاپکراوە، کە شاهیدی ڕێڕەو و ڕێبازی عەونین لە خۆشەویستیی کورد و کوردستان کە لەو ڕێڕەوەدا و لەپێناویدا چەندین جار تووشی حەپسخانە و دەردەسەری بووە و لەماوەی ئەو (٧٨) ساڵەی

ژیانی بەقەد تۆزقاڵێك لە راستگۆیی و کوردایەتی و نەفس بەرزی و (هزری پاك و قسەی پاك و کرداری پاك) لاینەداوە، و پێشەکیی دیوانەکەی و نووسین و وتارەکانی ئەدیبان و سیاسەتمەداران ئەم راستییە نیشان دەدەن، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم لەوە زیاتر باسی لێوە بکەم.

دایکم ناوی (زەکیە)یە و کچی مەلا رەئوف مەلا رەسولی مەلا قادری بیتوشییە، کە (مەلا رەسوڵ) یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی کاتی خۆی مەلا قادر لە سەدەی نۆزدەهەم هاتوونەتە کۆیە، و لە ساڵی ١٩٢٦ کۆچی دوایی کردووە. دایکم لە ساڵی ١٩٢٣ لە کۆیە لە گەڕەکی (بەفریقەندی) لەدایکبووە و ساڵی ١٩٣٩ مێردی بە باوکم کردووە و لەنێوان ساڵی ١٩٤٠-١٩٧٠دا (١٣) منداڵیان کە (٧)کچ و (٦)کوڕیان پەروەردە کردووە و هەر هەمووشمان ناوی (کوردی)مان لێنراوە.

## ژیانی مناڵی و چوونە قوتابخانەم:

وەکو باوکم نووسیویەتی شەوی ٢٨ لەسەر ١٩٤٦/١١/٢٩، لە گەڕەکی بەفریقەندی لەدایکبوومە، و لەکاتی لەدایکبوونم باوکم لە کەرکووك بووە کە ئەوکاتە سەرقاڵی بازرگانیی تووتن بووە، کە ئەو سەردەمە وەرگرتن و کڕینی تووتن لەلایەن حکومەتەوە لە رێگای دائیرەی وەرگرتنی تووتنەوە بووە (دائرە انحصار التبغ)، بە رێککەوت لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ کە شۆڕشی بارزان لە مەیدانا بووە و لە ١٩٤٥-١٩٤٧ دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی لە شاری (مەهاباد) بووە، رەنگدانەوەیەکی تەواوی لەسەر بارودۆخی کوردستانەوە هەبووە، بەتایبەتیش شارەکانی باشووری کوردستان کە بێگومان (کۆیە) لە ریزی پێشەوەی ئەو شارو شارۆچکانە بووە، کە کاریگەریەتیی رووداوەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و نیشتمانی رەنگدانەوەی بەرچاو و گەورەی لەسەری هەبووە، کە لە ئاکامدا میری پەنای بۆ هەندێ کردار و هەڵوێست بردووە بە مەبەستی درووستکردنی ئاستەنگ و ئەزیەتدانی خەڵك

که یەکێك لەو کردەوانە گواستنەوەی فەرمانبەرایەتیی تووتن بۆ کەرکووك بوو، بەم هۆیەشەوە چەند رۆژێك (ناونانەکەم) دواکەوتووە لەپاش هاتنەوەی باوکم ناوی (فەرهاد)ی لێناوم.

سەردەمی منالّیم لەپاش چوار سالّییەوە لەبیرە، شێوازی خانووە کۆنەکەمان کە خانووێکی گەورەی دوو درگا بوو، دراوسێکانمان و منالّەکانیان کە هاوتەمەنی ئێمە بوون، ناو و سیمای پیاوەکانی گەڕەك، ژنان و کچە لاوەکان، زستانە سەختەکان و مانەوەی بەفر پاش بارینی بۆ چەند رۆژێك لە کۆلاّن و شەقامە تەسکەکەی ئەولامان کە یەکێ لەو دوو دەرگایەی خانووەکەی ئێمەی لەسەر بوو، رۆیشتنی بەیانیانی (پاس)ـە گەورەکەی گەراجی نزیك مالّەوەمان بۆ کەرکووك و هەولێر و هاتنەوەی ئێوارانیان، کە لە دوورەوە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی چاوەڕوانگران و حەمالّەکانی گەراج دەستی بە (هۆڕن) لێدان دەکرد بە گەیشتنیشی جۆرە قەرەبالّغییەك درووست دەبوو، کە ئەویش تامو چێژێکی تایبەتیی هەبوو.. رووداوێك کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، خۆشاردنەوەی مامم (عومەر حەبیب)بوو!، کە ناوناوە بەشەوان بەدیار دەکەوت، بەلاّم بۆ چەند رۆژ هەر لە مالّەوە دەمایەوە لە ژوورێکی سەرەوەی نهۆمی دووهەمی مالّەوەمان کە تاکو رۆژانی پێش فرۆشتنی خانووەکە (سالّی ٢٠١٢ فرۆشراوە) بە ژووری (کاکە عومەر) ناوزەد دەکرا. رۆژێك دایکم من خوسرەوی برا گەورەمی هێنایە ژوورەکەی سەرەوە بۆ لای باوکم ئەویش بە هەڕەشە پێیگوتین: (نابێ کەس لە زاری ئێوە بزانێ کە کاکە عومەر لە مالّەوەیە، چونکە ئەگەر قسەتانکرد ئەوا پۆلیسی حکومەت دێت و حەپسی دەکەن).

پاش چەندین سالّ تێگەیشتم کە مانەوەی مامم بە نهێنی لە مالّەوە خۆشاردنەوە بوو (اختفاء)، چونکە ئەو ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کۆلیژی حقوقیشی تەواوکردبوو، سەرەڕای کاری پارێزەری لەگەلّ هاوڕێیانی نزیکی وەکو خوالێخۆشبووان (عومەر مستەفا "دەبابە"، بەکر ئیسماعیل، عبدالکریم توفیق، مامۆستا عەلی عبداللە) سەرقالّی کوردایەتییەکی بەدلّ بوون، مامۆستای خوالێخۆشبوو (مسعود محمد) لە کتێبی (گەشتی

ژیانم)دا باس لە هەستی گەرمی کوردایەتیی ئەو جوامێرانە دەکات لەو ڕۆژگارانەدا.

هاوینی ساڵی ١٩٥٣ بوو تەمەنم بە چەند مانگێك لە شەش ساڵ تێپەڕی کردبوو، دەبوایە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٥٢-١٩٥٣ لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی وەربگیرێم، ڕۆژێکی کۆتایی هاوینی ئەو ساڵە پاش نانخواردنی بەیانی دایکم منی ئامادەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ مامم بچم بۆ قوتابخانە (قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کوڕان لە کۆیە)، کاتی گەیشتنە قوتابخانە (مام تەها) کە پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵ دەبوو، ئێمەی بردە ئەو باڵەخانەیەی کە شوێنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، کە ئەویش مامۆستای خوالێخۆشبوو (جەلال حەوێز حەوێزی) بوو، کاتێك چووینە ژوورەکەی بە پیاوێکی زۆر بە هەیبەتم هاتە بەرچاو و سیدارەیەکی ڕەشی لەسەر بوو و لەپشت مێزێکی لاکێشە کە بە پارچە قوماشێکی کەسك داپۆشرابوو، لەلای ڕاستەوە ئامێرێکی تەلەفۆنی ڕەش دانرابوو و لای چەپیش چەند کتێب و دەفتەرێك ریزکرابوون و دیمەنی مامۆستا جەلال بە شێوەیەك منی سەرسامکرد کە تا ڕۆژانی ئەمڕۆش لە مێشکم ناسڕێتەوە، پاش چاك و چۆنی لەگەڵ مامم، بانگی کردمە بەردەم مێزەکەی خۆی و لێی پرسیم..

**مامۆستای بەڕێوەبەر:** ناوت چییە؟

**بەندە:** فەرهاد

**مامۆستای بەڕێوەبەر:** بۆچی لەگەڵ مامت هاتووی بۆ ئێرە؟

**بەندە:** بۆ فێربوون

**مامۆستای بەڕێوەبەر:** فێربوونی چی؟

**بەندە:** بنووسم، دەرس بخوێنم

**مامۆستای بەڕێوەبەر:** دەزانی دیلانەیەك (گۆرانی) بڵێی؟

**بەندە:** نەوەڵا

پاش ئەو چەند و چوونە دەستی بۆ ئەو دۆڵابە درێژکرد کە لای دەستە چەپی دانرابوو، کتێبێك و دەفتەرێکی ١٠ لاپەڕەیی و قەڵەمێکی دامێ و گوتی:

با باوکیشت ئەمڕۆ جانتایەکت بۆ بکڕێت و ڕۆژی شەممەش سەعات ٨ بە بێ دواکەوتن لەگەڵ بارامی پورزات و خوسرەوی برات دەوام بکە و انشاءالله دەبییە تەلەبەیەکی زیرەك.

ڕۆژانی یەکەمی دەوام کردنم لە قوتابخانە زۆر ئاسایی بوو و مامۆستاکانمان زۆر بە میهرەبانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، تەنها مامۆستایەك نەبێت کە زۆر جدی بوو و زۆریش لێی دەترساین ئەویش مامۆستا (قادر عبدالله) کە لە سەرەتادا ئەلف و بێی کوردی پێ دەگۆتین، کە ڕۆژانە دوو دەرسی پێ دەگوتین، و مامۆستای دووەمیش مامۆستا (مرقس ئەفەندی) بوو کە وابزانم خەڵکی عەنکاوە بوو، کە بۆ دەرسەکانی ڕەسم و وەرزشی پۆلی یەکەم تەرخان کرابوو.

مەراسیمی دەوامی ڕۆژانەی مەکتەب لە سەعات (٨)ی بەیانییەوە دەستپێدەکرد لە گۆڕەپانەکەی قوتابخانە ئەگەر ڕۆژەکەی خۆش با یان بەفرو باران نەبوایە، بۆ ڕۆژانی سارد و بەفر و بارانیش لە دالآنە درێژەکەی باڵەخانەی قوتابخانە کە نزیکەی (٣٠×٤م دووجا) دەبوو، قوتابییانی پۆلەکان لە یەکەوە تاکو شەش بەپێی سیستەمێکی دوو ریزیی ڕێك و پێك ریز دەکراین پاش (تەفتیش)ی پاك و خاوێنی و قیافەت نۆرەی (سروود) خوێندنەوە دەهات کە سروودەکان بریتی بوون لە (خوایە وەتەن ئاواکەی، شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان، تا دەست لە مل هیوا نەکەین، ئەی کوردینە ئەی مەردینە)، ڕۆژانی پێنج شەممە کە ڕۆژی بەیداغ هەڵگرتن بوو (تحیە العلم) لەم ڕۆژە سەرەڕای سروود خوێندنەوە قوتابییەك لە پۆلی شەش دەستنیشان دەکرا بۆئەوەی چەند پارچە شیعرێك بخوێنێتەوە و پاشانیش بە ڕێوڕەسمی بەیداغ بەرزکردنەوە کۆتایی دەهات.

مامۆستایانی قوتابخانەکەمان ئەو سەردەمە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان مامۆستایان (تاهیر ئەحمەد حەوێزی، غەریب مستەفا، عبدالله کاکە، عبدالله احمد، مەرقوسەفەندی، بلال بهاءالدین، کەمال سادق، قادر عبدالله، حەنا فەندی، معتصم عبدالمجید، کەریم شارەزا) ئەوانەی کە لەبیرم

ماون لەگەڵ هەندێ لە مامۆستایانی دیکەی خەڵکی دەرەوەی کۆیە کە بۆ ماوەی ساڵێك دەهاتن و پاشان دەگوێزرانەوە بۆ شوێنی دیکە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان خوێالێخۆشبوو مامۆستا جەلال حەوێز حەوێزی، تاکو رۆژانی ئەمڕۆش دیمەن و هەیبەت و لێهاتوویيم لەبەر چاو و لەیاد ماوە، ئەفەندییێکی باڵا کەڵەگەت و هەمیشە چاکەت و پانتۆڵی (دوو سراوینی) لەبەر دەکرد و سیدارەیەکی رەش لەسەر دەنا، کاتێ کە لە ژوورەکەی خۆی دەچوویە لای هەستت بە ویقار و هەیبەتی کەسایەتیی ئەم مرۆڤەت دەکرد، کە دەتوانم بڵێم ئەم روخسارەم تەنها لەو بە پلە یەك و پاشان لە قۆناغی ناوەندی لە مامۆستا (سدیق عبدالقادر)م دیوە کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سانەویی کۆیە بوو.

لە زستانی ساڵی یەکەمم چاوم تووشی نەخۆشیی (تاراخوما) بوو بەهۆی دەرمان بەکارهێنانێکی میللی کە پێیان دەگوت (مایلوس) چاوم دووچاری ئازارێکی زۆرتر بوو بۆیە لەسەرەتای شوباتی ئەم ساڵە (١٩٥٣) باوکم یەکسەر منی بردە بەغدا کە ئەوسا لە رێگای کۆیە–تەق تەق–کەرکووك کە بەشێکی کەمی قیرتاو بوو کە ئەویش لە ناحییەی ریدارەوە (ناحییەی شوان)ەوە دەستی پێدەکرد تاکو کەرکووك بە یەکێ لە (پاس)ـە تەختەکانی کۆیە کە شوفێرەکەی (محمد مروان) بوو بە حەوت سەعات گەیشتینە کەرکووك، دونیا تەواو تاریك بوو بۆیە یەکسەر چووینە ئوتێل (شهرزاد) کە خاوەنەکەی کاکە حەمەی خەڵکی سلێمانی بوو، ئەو ژوورەی کە لێی دادەنیشت وەکو ئیدارە و لە تەنیشت ئەویشەوە ژوورێکی دیکەی لە تەنیشتدا هەبوو کە وا پێدەچوو جێگای دانیشتنی خۆی و میوانەکانی بوو لەو کەسایەتی و بازرگان و ناسیاوانەی کوردی شارەکانی کوردستان بوو، بو نوستن ژوورێکی نهۆمی سەرەوەیان بۆ ئێمە تەرخانکرد کاتی بەیانی لە خەو هەڵسام لە پەنجەرەوە تەماشای پردە کۆنەکەی پاڵ ئوتێلم دەکرد، جۆرە ترسێکم بۆ پەیدا بوو کاتێ هەندێ جار شەپۆلی ئاوی رووباری (خاسە) لە رێڕەوی سەرەوەی پەردەکەی دەدا و جۆرە دیمەنێکی بە ترس لای منی منداڵێکی تەمەن شەش ساڵە درووست دەرکرد

بۆیه باوکم بەخەبەر هێنا و بە هێمنی منی هێور کردەوە و گوتی: (کوڕم ئەم لافاوی زستانە زۆری پێ ناچێ).

لە بەغدا لە ئوتێلی حەکیم (فندق الحكيم) دابەزین، ژوورەکەمان ڕێك لەسەر گۆڕەپانەکەی (حافظ القاضي) بوو، سەیرترین دیمەن کە لەو ئێوارەدا دیبێتم (پاسی دووقاتی سوور بوو)!، کە پێشووتر نەمدیبوو، بۆ نانخواردنی ئێوارەش لە ئوتێل هاتینە خوارەوە و توشی دۆستێکی باوکم هاتین لە هەمان ئوتێل کە ئەویش کاك مەجیدی کاکەی حاجی مەحموود بوو کە پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ کاکەی ڕەحمەتیی باوکی و کاك مەجید کوری هەبوو، کاتێ زانی کە بۆ چارەسەری چاوم هاتووینەتە بەغدا یەکسەر گوتی: (وا لەخوارەوەی شەقامی ڕەشید کە لێمان نزیکە دکتۆرێکی جولەکەی باش هەیە هەر ئەمڕۆ چاکی دەکاتەوە). ئەوەبوو بە پیاسە بەرەو خوار چووین تاکو گەیشتینە بەرامبەر ئوتێلی (تایگرس پالاس) کە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی بوو، بە قادرمە بەسەرکەوتین پاش کەمێ لە چاوەڕوانی چووینە لای دکتۆرەکە کە ژوورەکەیم زۆر لا خۆش بوو کە تێیدا گڵۆپی سەر مێز (تەیبڵ لامپ) و چەند ئامێرێکی پشکنینی چاوی لەسەر مێزەکەی دانابوو سەرەڕای چەند وێنەیەکی ڕەش و سپیی چاو، کاتێ منی لەسەر کورسییەکەی بەرامبەر خۆی دانام و عەینەکێکی سپی لەچاو کرد و بە وردی چاوی فەحس کردم و ئەوەی لە بیرمە چەند جارێك سەری بادا و بە عەرەبی قسەی لەگەڵ باوکم و کاك مەجید کرد، کە من هیچی لێ تێنەگەیشتم پاشان کاك مەجید زۆر بە سۆزەوە پێی گوتم کە دکتۆر دەڵێ "ئەو قەترانە ڕۆژی سێ جار لە چاوت بکە، دوو سێ ڕۆژی دیکە چاك دەبیتەوە". پاشان ئێمەی بەرەو ئوتێل بردەوە و بۆ نانخواردنی ئێوارەش ئێمەی لە ریستورانتی (شەریف وحداد) داوەت کرد.

خوێنەری خۆشەویست ناوی ئەو شوێنانە کە باسیان دەکەم وە کو ناوی (ئوتێل حەکیم و گۆڕەپانی حافظ القاضي، و تایگرس پالاس و شریف وحداد)، وەنەبێت تەنها لەو سەفەرە فێریان بووبم، بەڵکو پاش ئەم سەفەرە و سەفەری دووەمم کە ساڵی ١٩٥٧ بوو بۆ بەغدا هەمیشە دووبارە بوونەوەی

ناوەكانیان لە لایەن باوكمەوە پاشانیش سالانی ژیانم لە بەغدا (١٩٦٦-١٩٧٤) سالانی زانكۆ و كاركردنم لە یەكیەتیی قوتابییانی كوردستان، و رۆژنامەی التآخي، كە بە یادی منالیم بەلایانەوە تێپەڕ دەبووم ئەو شوێن و ناوانەم لە مێشكدا جێگیر بووە و لەبیرم ناچێتەوە.

تاكو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە باڵەخانەكەی ناو بازاڕی كۆیەمان دەخوێند، كە كاتی خۆی پاش بڕینی ئەو شەقامەی نێوان فولكەی حاجی قادر تاكو گردی جوولەكەكان و پاشماوەكەش بوو بە باڵەخانەی كتێبخای گشتیی كۆیە.. وا ئێستاش چەند سالێكە بووە بە باخچەیەكی ژیكەڵەی بچووك، ئەوجا لە پۆلی پێنجەمەوە گوێزراینەوە بۆ شوێنێكی تر بەرامبەر قوتابخانەی زانستی كوڕان كە بە قوتابخانەی ئامنە ناوزەد دەكرا، پاشان سالی ١٩٥٧-١٩٥٨ گوێزراینەوە باڵەخانە تازەكەی مەكتەبی (اولی) كە نزیك گەڕەكی دیانانی كۆیە نزیك پیاوچاكی (شێخی موسریٚ) بوو.

لە سالانی خوێندنم لە نێوان ١٩٥٢-١٩٥٨، سەرەڕای سەرقاڵبوون بە دەور و دەرسی قوتابخانە لە پشووی هاویندا هەمیشە خەریكی وەرزش و بە تایبەتی (تۆپی پیٚ) بووم لەگەڵ هاوپۆلەكانی دراوسێی ماڵەوەمان پاشانیش لە پۆلی پێنجەمەوە یانی سالی ١٩٥٧ هەمیشە هاتوچۆی كتێبخانەی گشتیی كۆیەم دەكرد لەگەڵ هاوپۆلەكانم (قوباد زەكی هەناری وشیاری حاجی حەمە عەلی، ئازاد عبدالله یحیی ی پورزام و عەدنان جەمال بە مەبەستی خویندنەوەی ئەو گۆڤار و رۆژنامە كوردییانەی كە لەم كتێبخانە گشتییە هەبوو وەكو (گۆڤاری پەیام، رۆژنامەی ژین، گۆڤاری هەتاو)، هەندیٚ جاریش جۆری ریزكردن و رێكخستنی كتێبەكانی ناو دۆلابەكان كە هەمووی بە پارچە كاغەزی سپی بە زنجیرە ژمارەكانی لێدرابوو، سەرنجی رادەكێشاین، سەرەڕای ئەوەی كە لە ماڵەوەشمان كتێبخانەیەكی لە دار درووستكراوی گەورەمان هەبوو، كە هی باوكم بوو، تێیدا دەیان كتێبی كوردی و عەرەبی و سەرتاپای ژمارەكانی گۆڤاری گەلاوێژی هەر دە سالەكەی تێدابوو، چونكە باوكم لەنێوان ئەو دە سالەدا سالێك یان دوو سال باوەڕپێكراوی ئەم گۆڤارە بووە لە كۆیە، كە تێیدا

یەکەم کتێبم خوێندۆتەوە کە ئەویش حیکایەتی، یان چیرۆکی (زاردیج) بوو کە لە کتێبخانەکەی ماڵەوەمان هەبوو، نابێت لێرەدا ڕۆڵی مامۆستای خوێلێخۆشبوو ڕووناکبیر و زمانزان مامۆستا (زەکی ئەحمەد هەناری)مان لەبیر بچێت کە هەمیشە بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی هاتوچۆی کتێبخانەی گشتی کۆیە و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری لا شیرین دەکردین، زۆر جاریش مامۆستا عەلی حەوێز کە تێکۆشەرێکی ڕێبازی کوردایەتییە کە ئەوکاتە لە ئێمە گەورەتر بوو، زۆر جار لە کتێبخانە دەماندیت و ڕێنمایی دەکردین کە ڕۆژنامە و کتێبی بەسوود بخوێنینەوە کە سوودی میللەتی کوردی تێدایە.

پاش تەواوبوونی ساڵی خوێندن و ئەنجامدانی ئەزموونی بەکالۆریای شەشی سەرەتایی، مامۆستای خوالێخۆشبوو عبداللە احمد، کە سەرەڕای دەرسی (ئەشیا و تەندرووستی-الأشیاء والصحة)ی پێدەگوتین، مامۆستای وەرزشیش بوو، لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە منی دەستنیشان کرد بۆ تیپی دیدەوانی (الفرقة الجوالة الكشفية) کە ئەو سەردەمە بە (کەشافە) ناو دەهێنرا، و جل و کڵاو و بۆینباخی تایبەتیی هەبوو لەگەڵ (کالەیەکی سپی) هەموو ساڵێکیش ئەم جل و کالەیە تازە دەکرانەوە.

لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٧-١٩٥٨دا، لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٧ دەست بە خوێندن کرا، چالاکیی وەرزشی و دیدەوانیی ئەم ساڵە زیاتر بایەخی پێدرا و لە مانگی تشرینی دووەمەوە دەستکرا بە دابەشکردنی جلوبەرگەکان و پاش نیوەڕۆی ڕۆژانی پێنج شەممە لە قوتابخانە دەماینەوە بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ڕۆیشتن و وەرزش هەمیشە ریزەکانی پێشەوە گۆڕانکارییان تیا دەکرا و هەروەها بۆ چەند جارێکیش گۆڕانکاری لە خودی قوتابییان دەکرا بە مەبەستی پێکهێنانی تیمێکی باشتر.

ئەوەی جێی دڵخۆشی ئێمە بوو لەو ساڵەدا کاتێ پێیان ڕاگەیاندین لە هەردوو قوتابخانەی یەکەم و دووەمی کۆیە ٨ قوتابی (واتە ٤ قوتابی بۆ هەر قوتابخانەیەك) هەڵبژێردراوین بۆ بەشداربوون لە خێوەتگای هاوینەهەواری

شەقلاوەدا کە وا بڕیار بوو لە پشووی هاویندا ئەنجام بدریٚ، شوێنەکەش (سەرمەیدان) بوو.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگی سەرەتای مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ کە هەرگیز لەبیرم ناچێت (جەمالی مام ئەسعەد) یەکیٚ لە خزمەتگوزارانی قوتابخانەکەمان بوو هاتە ماڵی ئێمە و پێی راگەیاندم کە مامۆستای وەرزش عەبدوڵا ئەحمەد لە قوتابخانە بانگم دەکا لەگەڵ سیٚ قوتابی دیکە کە ئەمانەبوون: (سلێمان کەریم، ئێستا لە کۆیە لە فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆ فەرمانبەرە، وریا شێخ فاتیح ئێستا مامۆستای خانەنشینە، محەمەد شەوقی ئەویش ئێستا لە شاری کۆیە کاسبکارە).

کاتیٚ گەیشتمە قوتابخانە مامۆستای وەرزش (خوا لێی خۆشبی) لەگەڵ هەرسیٚ قوتابییەکەی تر چاوەڕوانی هاتنی من بوون و بە گەیشتنم مامۆستا پێی راگەیاندین خۆمان ئامادە بکەین چونکە هەرچوارمان لە پەروەردەی هەولێرەوە دەستنیشان کراوین لە خێوەتگای شەقلاوە بەشداری بکەین لەگەڵ چوار قوتابیی دیکەی قوتابخانەی دووەم، کە بریتی بوون لە (خیرالدین محی الدین، جمال حاجی سلێمان، اسماعیل مجید، فخری هەولێری) سەرلەبەیانیی رۆژی ٧ی تەممووزی ١٩٥٨ هەر هەشتمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوللا لە گەراجی کۆیە بە جێبەکەی خوالێخۆشبوو زاهیر نووری جان بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین، جا لەبەر ئەوەی ئەوکات رێگای کۆیە و هەولێر قیرتاو نەبوو و تا بڵێی رێگەیەکی ناخۆش و خولەپوت بوو بە (٤) سەعات گەیشتینە هەولێر و یەکسەر ئێمەیان بردە ئوتێل (فەرەح) کە لە شوێنی ئێستای سەرەوەی چایخانەی مەچکۆ بوو. ئەو پاش نیوەڕۆیە بە گەڕان و سوڕان لە هەولێر دەخولاینەوە و ئێوارەکەشی چووینە سینەمای (حەمرا) کە فیلمێکی ئەمریکی لە پاڵەوانێتی (کاری کۆپەر) نیشان دەدرا.

رۆژی ٨ی تەمموز دەوروبەری سەعات حەوتی بەیانی لە ئوتێل فەرەحەوە بە پیٚ بەرەو حەوشی قوتابخانەی موزەفەرییەی سەرەتایی کوڕان (کە ئێستا بینایەی پارێزگای هەولێری لیٚ درووست کراوە) رۆیشتین و چەند ئۆتۆمبیلی

گەورە لە نزیك دەرگای قوتابخانەكە راوەستابوون و چەند مامۆستایەك بە جلوبەرگی كەشافەوە كەوا دیار بوو سەرپەرشتكاری خێوەتگایەكەی شەقڵاوەن و بریتی بوون لە مامۆستایان خوالێخۆشبوو نووری ئەمین و عەزیز مەولود و كەمال تەیب و سوڵتان عەبدوللا، و لە سەعات هەشتدا ئێمەی قوتابییانی هەڵبژێردراوی پارێزگای هەولێر كە نزیكەی (١٠٠) قوتابی دەبووین بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەدین بەڕێ كەوتن و لە رێگادا ئەوەی سەرنجی راكێشام چڕوپڕیی درا و درەختەكانی سەری رێگا بوون هەر لە بناری چیای پیرمامەوە تاكو دەگەیشتە شەقلاوە كە بەداخەوە لەپاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عیراق بە مەبەستی قەڵاچۆكردنی كوردستان و كپكردنی دەنگی شۆڕش زۆر بێ ویژدانانە كەوتنە گیانی سروشتی جوانی كوردستان، ئەمە بێجگە لە ئەزیەتدانێكی كەم وێنە و ئەوەی پێیانكرا كردیان، لە دەوروبەری نیوەڕۆ كاروانی ئۆتۆمبیلەكانمان گەیشتە هەواری سەرمەیدان و لەسەر شێوازی سەربازی هەموومانیان ریز كرد بەو كەلوپەلانەی كە پێمان بوو و دوایی بە دوو ریزەوە بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانی خێوەتگایەكە رۆیشتین كە لە سێ لاوە بە شێوەیەكی رێك و پێك خێوەتەكان رێكخرابوون و هەر خێوەتگایەك چوار قەرەوێڵەی سپی (بە یاتاغی تەواوەوە) ئامادە كرابوون و لەلای خوارووی خێوەتگایەكەش واتە بەلای گوندی كاوانیان چێشتخانەیەكی رێك و پێك لە دار و چینكۆ و بە شێوازێكی ئەوروپییانە درووستكرابوو، و لەگەڵ دابینكردنی چەند تانكییەكی ئاو و رێكخستنی حەمام و توالێتی رێك و پێك و خاوێن لە بناری خوارووی شاخی سەفین.

لە راستیدا، سەراپای خێوەتگایەكە لە خێوەتگایەكی زێدە شارستانی دەچوو و بۆ ئەم مەبەستەش خەڵكی پسپۆڕی بۆ دانرابوو كە دەستیان لە نەخشەدانانی هەبووە بە تایبەتیش كە مرۆڤ خێوەتگای لاوانی ولاتە ئەوروپاییەكانی ئێستا دەبینێ لە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان هەست ناكات جیاوازییەكی زۆر لە نێوانیاندا هەبێت سەرەڕای جیاوازیی زەمان و شوێن.

کاری ڕۆژانەی خێوەتگایەکە بە شێوەیەکی هێمن و ڕێك و پێك دەستی پێ دەکرد، لە سەرەتای کاتژمێری شەشی بەیانی زەنگی لە خەوڕابوون لێدەدرا و لە ماوەی یەك کاتژمێردا دەبووایە بەشدارانی قوتابی و سەرپەرشتکاران ئامادە بوونایە و هەموویان بە شێوازی مەشقی سەربازی لە گۆڕەپانەکە ڕاوەستابان و پرۆسەی ئالآ بەرزکردنەوە دەستی پێدەکرا و پاشانیش دەست دەکرا بە تەفتیش کردنی قیافەتی دیدەوانەکان و ماوەی نیو کاتژمێریش بۆ ڕاهێنانی وەرزشی تەرخانکرابوو و لە سەعات هەشتدا خەفەری ڕۆژانەی خێوەتگایەکە ناوی چاودێری ئەو ڕۆژی هەر خێوەتێکی دەخوێندەوە بۆ ئەوەی نانی بەیانی لە چێشتخانەکە وەربگرێت و دابەشی بکاتە سەر برادەرانی ناو خێوەتەکەی کە ئەمیش دەبووایە لە یەك کاتژمێر ئەنجام بدرێ و لە سەعات دەشەوە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر موحازەرەی ئەو ڕۆژە لەناو ئەو خێوەتە گەورەیە پێشکەش دەکرا، کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرابوو. لەنێوان سەعات یانزە و دوانزەدا کاتی پشوودانی بەر لە نانخواردنی نیوەڕۆ دەستی پێدەکرد و لەو ماوەیەدا قوتابییانی خێوەتگایەکە خەریکی سوڕانەوە و ئەنجامدانی کاری وەرزشی دەبوون کە هەرهەمووی لە گۆڕەپانە ناوڕاستەکەی خێوەتگایەکە ئەنجام دەدران.

نانی نیوەڕۆ لە سەعات دوانزە و نیو دابەش دەکرا، کە بریتی بوو لە برنج و گۆشت و شلە و دوونان، پاشانیش هەر یەکێك کوپێکی چای وەردەگرت و ئیتر ماوەی پشوو و نوستن دەستی پێدەکرد، و لە سەعات پێنجی ئێوارەش تاکو سەعات حەوت دیدەوانەکان دابەش دەکرانە سەر چەند گروپێك بە مەبەستی ئەنجامدانی پێشبڕکێ کردنی یەکتر لە بواری سەرکەوتنی شاخ و گەیشتن بە پێی نیشانەی تایبەتی بۆ شوێنی مەبەست (الوصول إلى الأهداف حسب العلامات الفارقة) و ماراسۆنی ڕۆیشتن بەرەو شەقلاوە بە تێکڕایی و چەندان چالاکیی دیکە کە لەبیرم نەماوە.

ماوەی پێنج ڕۆژی یەکەمی گەشتە دیدەوانییەکە بەم شێوەیە بەڕێوە چوو، چونکە ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی تەمووز و پاش نانخواردنی ئێوارە، کاتێ کە

هەموومان لە گۆڕەپانی خێوەتگایەکە خەریکی تەماشاکردنی شانۆگەرییەکی قوتابییانی یەکێ لە قوتابخانەکانی ناو هەولێر بووین، مامۆستای سەرپەرشتکار پێی راگەیاندین کە بەیانی رێککەوتی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بۆ گەشتێك بەرەو رەواندز دەچین، و پێویستە وەك خێوەتگا لە سەعات پێنجی بەیانییەوە ئامادەبین.

بە راگەیاندنی ئەو هەواڵە دەستمان کر بە چەپڵە لێدان، چونکە لامان شتێکی یەکجار خۆش بوو، بە تایبەتی بۆ قوتابییانی وەك تەمەنی ئێمە کە بەسواری ئۆتۆمبیلی گەورە بەرەو شوێنێکی تازە دەچین، ئیتر شەوەکەی تا بەیانی لە خۆشیانا خەومان لێ نەکەوت و ئەوەی لە بیرمە بەیانی چواردەی تەممووز لە کاتی دیاریکراودا سواری ئۆتۆمبیلەکان بووین و بەرەو گەلیی عەلی بەگ بەرێ کەوتین و لە چایخانەیەکی لای دەستە راستی رێگا لە هەریر لاماندا کە جۆگایەکی ئاوی بەناوەڕاستدا دەڕۆیشت کە ئێستا ئەو چایخانەیە وەکو خۆی نەماوە و بۆتە دوکان و باڵەخانە، بەر لە سەعات هەشتیش گەیشتینە ناو گەلی عەلی بەگ، و لە نزیك سولاوکەکە دابەزین کە شوێنەکە پڕ بوو لە دار و درەخت و ئیتر هەریەك لە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆی لە شوێنی تایبەتی دانیشتین و مامۆستا نووری بە خۆی و دار حەیزەرانێکەوە چاودێری قەراغی ئاوەکەی دەکرد و نەیدەهێشت کەس نزیکی رووبارەکە بێتەوە تەنها تاك تاك نەبێت ئەویش پاش وەرگرتنی مۆڵەت.

خەریکی نانخواردن بووین کاتێکمان زانی ئۆتۆمبیلێکی جۆری (جێب)ی ئەمریکی کە چوار کەسی تێدابوو کە هەر چواریان کراس و پانتۆڵیان لەبەر بوو، و لەگەڵ دابەزینیان روویان کردە ئەو شوێنەی مامۆستایان نانیان لێ دەخوارد و بە ئەسپایی کەوتنە قسە لەگەڵیان و پاش تۆزێك دەنگەکان بە قایمتر دەهاتە بەر گوێ و یەکێ لە قسەکانیان کە سەرنجی ئێمەی راکێشا قسەی کابرای شەپقەلەسەر بوو، کە ئەوکاتە شەپقەکەی بە دەستەوە بوو و بە جۆرە حەماسەتێکەوە رای دەوەشاند و دەیگوت: (مەلیك کوژراوە، حکومەت رووخاوە، هەرایە لە بەغدا).

له سەروبەندی ئەو قسانە بوو ئۆتۆمبیلێكی دیكە راوەستا و چەند نەفەرێكی لێ دابەزی و یەكێكیان بە دەنگێكی بەرزەوە هاواری كرد: (مەلیك نەما، مەلیك كوژرا). ئەو هاواركردنە بووە هۆی خۆڵقاندنی جۆرە پەشێوییەك لە نێوان قوتابییان و مامۆستایاندا، كە هەموومان بە سەرسامییەوە تەماشای كابرای دەنگ بەرزمان دەكرد بێ ئەوەی قسەیەكمان لە دەم بێتە دەر و من لەو كاتەدا رووداوێكم هاتە بیر، كە پێش ساڵەوەختێك روو بە رووی من ببوو، كاتێك لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم لە پایزە ئێوارەیەكدا خوالێخۆشبوو كاك وریا عەلی كانی مارانی كەوا بزانم ئەوسا دەرچووی كۆلیژی ماف بوو لەگەڵ كاك محەمەد شوان، كە ستۆدیۆی وێنەگرتنی هەبوو، لە ماڵی ئێمە بوون و لە ژووری دیوەخانی سەرەوەمان لەگەڵ هەردوو خوالێخۆشبووان باوكم و مامم دانیشتبوون، لەبیرم نەماوە باسی چییان دەكرد، من كتێبێكی مێژووم بە دەستەوە بوو كە وێنەی مەلیك فەیسەڵی دووەمی پێوەبوو، كاتێك كاك وریا كتێبەكەی لێ وەرگرتم و تەماشایەكی وێنەكەی مەلیكی كرد و لێی پرسیم: مەلیكت خۆشدەوێ؟، من نەمتوانی یەكسەر وەڵامی بدەمەوە، بەڵام كاك محەمەد شوان بە هانامەوە هات و گوتی: مەلیكی چۆن خۆش دەوێ، ئەدی هەموو جار كێ باب و مامی حەپس دەكات؟.

بە تەواو بوونی قسەكەی كاك محەمەد شوان یەكسەر ئەو دیمەنەم هاتەوە بەر چاو، كە لە رۆژی عەرەفاتی پێش جەژنی دوو سێ ساڵ پێشتر وابزانم پۆلی یەكەم یا دووەمی سەرەتایی بووم، و لە كاتی عەسردا نەنكم كە ژنێكی نەفس بەرز و بە عەزیمەت بوو دەستی من و خەسرەوی برامی گرت و هێناینیە بەر دەركی ماڵەوەمان كە ئەوسا لەسەر شەقامی گشتی نێوان سەرای كۆنی ئەوسا و سەرای تازە بوو و پێی گوتین لە جێگای خۆتان راوەستن ئێستا باوكتان و مامتان بە حەپسی دەبەنە (قشلە)، با بتانبینن.

پاش وەختێكی كەم بابم و مامم بەدەركەوتن و هەردووكیان كەلەپچەیان لەدەست كرابوو، پۆلیسیش لەملا و لەولایان بوون و پۆلیسێكی دیكە لە پێشەوەیان دەڕۆیشت كە پاشان ناسیم و ناوی (مەغدیدی حەمە رەحیم) بوو

که شەوی پێشتریش لەکاتی تەحەری کردنی ماڵمان لەگەڵ چەند پۆلیسێك و مەعاونێك ژوور بە ژوور بەدوای دیتنەوەی (نەشرە) دەگەڕان، کە ئەوسا بە بەیاناتی ئەحزابیان دەگوت.

ئیتر بە گوێبیستنی هەواڵی کوشتنی مەلیك سەرسام بووم، چونکە وەکو هەر منداڵێکی ئەوکاتە، مەلیکمان زۆر بە گەورە دەهاتە بەرچاو، و دەمانگوت: مەلیك چۆن دەکوژرێت؟!.

دیسان قسەکانی نەنە فاتمم دێتەوە بیر کە ئافرەتێکی بە تەمەن و خزمێکی دوورمان بوو، بەڵام نزیکی سی چلساڵێك بوو هەر لە زەمانی باپیرمەوە لە ماڵی ئێمە دەژیا و لە خۆشەویستیی ئەودا بە نەنە بانگمان دەکرد، قسەکانی پەیوەندییان بە دوعایەکی نەنکم (یانی دایکی باوکم کە ناوی پیرۆزە بوو) هەبوو. ئێوارەیەکیان پیرۆزی نەنکم پاش حەپس کردنی باوکم و مامم، لە خودا دەپاڕایەوە و دەیگوت: خودایە لەتۆم دەوێتەوە کوڕەکانم لە حەپس بەربن، مەلیك چاوت کوێر بێت. بەڵام بەشی دووەمی دوعایەکە واتە (مەلیك کوێر بێت)، نەدەچووە عەقڵی نەنە فاتم، بۆیە یەکسەر بە نەنکە پیرۆزەمی دەگوت: پیرۆز، دوعای وا مەکە، خوا پێی ناخۆشە، مەلیك نەوەی پێغەمبەرە، ئەو شتی خراپ ناکات، هەمووی خەتای نووری سەعیدی سەگبابە.

کاتێ کە زیاتر هەواڵەکەی کوشتنی مەلیك و رووخانی حکومەت گەورەتر بوو، مامۆستایان کۆیان کردینەوە و سواری ئۆتۆمبیلیان کردینەوە و بەرەو رەواندز کەوتینە رێ، و بە گەیشتنمان بۆ هەورازەکەی نێوان کاولۆکان و رەواندز گوێمان لە دەنگە دەنگ بوو، بەڵام نەمانزانی چییە و کاتێ گەیشتینە رەواندز دیمەنێکی سەیرمان هاتە بەر چاو، بە سەدان کەس خەریکی خۆپیشاندان بوون، بەشێکیان بە پیادە و بەشێکی تریان بە سوار ئۆتۆمبیلێکی گەورە، و بە قایمی هیتافیان دەکێشا.

سەبارەت بە خۆم ئەوە دووەم جار بوو خۆپیشاندانی وا ببینم، جاری یەکەمیان خۆپیشاندانەکەی کۆیەی ساڵی ١٩٥٤ بوو، کە تیایدا تاقمێکیان لەبەر دەرگای ماڵە کۆنەکەمان بەرەو سەرا دەچوون، هەندێکیان دەمامکی

خۆیان دابووە و قسەکانیان بە زۆری (بمریّ، بمریّ) بوو، پاشان بوو بە تەقە و وەستا حەسەنی نەجار بریندار بوو، جاری دووەمیشیان ئەو قەرەباڵغییە و خۆپیشاندانی خەڵکی ڕەواندز بوو کە ڕژابوونە سەر شەقامە سەرەکییەکەی ڕەواندز و زیاتر وشەی (بژی)م گویّ لیّدەبوو، بەڵام تا بڵێی دیمەنێکی خۆش و سەیر بوو و سیمای خەڵکەکەش پێکەنین و حەماسەتی پێوەدیار بوو، وەك بڵێی لە جەژن دان. لەوکاتەدا هەر مامۆستایەك ئاگاداری قوتابییانی خۆی دەکرد، بەتایبەتی مامۆستاکەی ئێمە خوالێخۆشبوو عەبدوللا ئەحمەد کە نەیدەهێشت یەك بست لێی جیا بینەوە.

بۆ نانی نیوەڕۆ ئێمەیان بردە بێخاڵ کە جگە لە ئێمە کەسێکی دیکەی لیّ نەبوو، دیمەنی بێخاڵیش ئێمەی هەموو سەرەسام کردبوو و بە چاوێکی ئەفسوناوییەوە تاماشای ئاوە سپییەکە و دار و درەختی دەوروبەریمان دەکرد، بۆ ژەمی نیوەڕۆ یەکی دوو هێلکە و نانێکیان داینیّ و پاشان هەریەکە و کوپێکی چایان بۆ تێکردین، پاشانیش کاتژمێر (٤)ی ئێوارە بە هەمان ڕێگا و بەبیّ ڕاوەستان بۆ شەقڵاوە گەڕاینەوە، بەڵام هێشتا ڕۆژ هەر مابوو کە هەر تاقمێك لەو چایخانانەی دەوروبەری سیّ ڕیانەکەی ئێستای خوارەوەی شاری شەقڵاوە دابەش بووین، ئێمە چوینە چایخانەیەك، کە ئێستا لە شوێنەکەی ئەو کۆمەڵە دوکانێکی لیّ درووست کراوە و بۆ یادگاریش چەند وێنەیەکمان گرت.

کاتیّ دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت گەڕاینەوە سەر مەیدان و ئەو شەوە تاکو درەنگ کەس خەوی لیّ نەکەوت، چونکە ڕادیۆیەکی گەورە کە بە پاتری ئیشی دەکرد هێنابوویان و بە عەرەبی قسەی دەکرد، بیّ ئەوەی ئێمە هیچی لیّ تێبگەین، بەڵام ناوە ناوە لە قسەکانی مامۆستاکان شتێکمان گویّ لیّدەبوو، کە هەمووی باسی مەلیك و نووری سەعید بوو.

ڕۆژی دوایی وەکو ڕۆژانی پێشوو زوو لە خەویان هەڵنەسانین، کاتێك تەماشامان کرد کاتژمێر لە دەوروبەری یانزەی پێش نیوەڕۆیە، مامۆستا عەبدوللا پێی گوتین یەکێك لە مامۆستایان چۆتە هەولێر، بۆ ئەوەی بزانیّ چارەنووسی خێوەتگاکە چیی بەسەر دێت.. ئەوەبوو دوای نیوەڕۆ دەوروبەری

عەسر پێیان ڕاگەیاندین کە سبەی هەموومان دەگەڕێینەوە هەولێر و کۆتایی بە خێوەتگای دێدەوانی دێت.

بۆ ساڵی دواتریش (١٩٥٩) بۆ جاری دووەم کە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم، لەگەڵ ئەو قوتابییانە کە ژمارەیان (٨) قوتابی بوو، بریتی بوون لە: (ئەنوەر تاهیر، ئەدهەم قادر، کاکە مەم قادر، نەوزاد ئەحمەد، فەرهاد عەونی، قادر حاجی عەلی، اسماعیل عبدالله)، دیسان بۆ هەمان کەمپی دیدەوانی لە (سەرمەیدانی شەقڵاوە) بۆ ماوە ١٠ ڕۆژ لەگەڵ قوتابییانی هەندێ لە قوتابخانەکانی (بەغدا، نەجەف، بەسرە، کەربەلا، عیمارە، ناسریە)، بەڵام ئەم جارەیان جۆری چالاکییەکان و شیعر خوێندنەوە و سیمای سیاسەتی پێوە دیار بوو.

لە پایزی ساڵی ١٩٥٨ لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی پێم نایە قۆناغێکی تازە، ئەویش دەرچوونم بوو لە پۆلی شەشی سەرەتایی بۆ قوناغی ناوەندی، کە بۆ من بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە ژیانمدا دادەنرێ. یەکەم لە قۆناغێکی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغێکی تازەتر کە بۆ ئەم سەردەمە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دەدیت، وەکو خوێندنی ئێستا نەبوو، قوتابی کە دەگەیشتە قۆناغی ناوەندی پاشانیش بۆ پێشەوەتر، کە بێگومان ئاستی بیر و هۆش و لێکدانەوە و ئاسۆی مرۆڤی فراوانتر دەکرد و تا ڕادەیەك لە قۆناغی منداڵی تێدەپەڕی.

ئاشکرایە قۆناغی پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ چوند گۆڕانکارییەکی گەورەی تێدا ڕوویدا، چ لە ڕووی سیاسی چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی کودەتایەکی گەورەی لە ژیانی هەموو تاکێکی کورد و عیراقی کرد، کە هیچ بەربەستێکی نەبوو، بە تایبەتیش لە ساڵانی یەکەم و دووەمییەوە.

ئاشکرایە کە شاری کۆیە لە دێر زەمانەوە باری کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و سیاسی لە ریزی پێشەوەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بوو، وەکو مەڵبەندێکی ڕووناکبیری خۆی نیشان دەدا، تەنانەت باری ئاینیش بە کراوەتر دەدیترا و هەندێ جاریش هۆکار و پاڵنەری پێشخستنی باری کۆمەڵایەتی بوو، سەرەڕای دەوڵەمەندیی قوتابخانەی شیعر و شاعیر و ئەدەب و سیاسەت، کە

بێگومان بێ ناوهێنان بوونەتە ئەستێرەی پرشنگدار کە ئەمیشیان پاشخانێکی شارستانی لای هەموو تاکێکی (کۆیی) درووستکردووە.

ڕۆژانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ گۆڕەپانی بەردەم کۆنە (سەرا)ی کۆیە، کە پاشان بوو بە فولکەی حاجی قادری کۆیی، بوو بە سەنتەری گردبوونەوە و وتار خوێندنەوە و هەڵپەڕکێ، کە پێشووتر سونبول و هەیبەتی حکومەت بوو، چ بە وجودی ئالای عیراقی لە سەرووی پێشەوەی باڵەخانەکەی سەرا، و چ وەکو راوەستانی دوو پۆلیسی چەکدار لە دەروازەی سەرا لەژێر ئالاکەوە، سەرەڕای بوونی هەموو دائیرەکانی کۆیەی ئەوکاتە وەکو (دادگا و نفوسی تاپۆ ئایمقامییەت و ئەوانی دیکە).

زۆری پێ نەچوو دوو لایەنە سیاسییە سەرەکییەکەی کۆیە (شیوعی و پارتی) کە وجودێکی لە مێژنەی کۆنیان هەبوو کە هەر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا کۆیە چەندین جوڵانەوە و بوونی تاقم و حزبی سیاسی تێدا درووست بووە و ئاشکراشە کە هەندێ لە سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکانی چەپ و نەتەوەیی.. یان خەڵکی کۆیە بوون یان لە کۆیە ژیاون یاخود سەرەتای کاری سیاسییان لە کۆیە دەستپێکردووە.

## قۆناغی ناوەندیم ١٩٥٩–١٩٦٣

شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ و دەرچوونم لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، دوو هۆکاری گەورە بوون لە ژیانمدا کە راستەوخۆ وەرچەرخانێکی گەورەی لە ژیانمدا درووستکرد و پێم نایە قۆناغێکی فراوانی کراوەدا، بە تایبەتیش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ کە من لە تەمەنێك بووم کە پێی دەگوترێ (تەمەنی سەرەتای لاوی)، کە ئەوکات تەمەنم (١٢، ١٣) ساڵان بوو، بەڵام بوونی کتێبخانە لەماڵەوە و کڕینی رۆژنامە و گۆڤار لەلایەن باوکمەوە و هاندانی باوکم و مامم، خولیای خوێندنەوەم هەر لە پۆلی چواری سەرەتایی دەستی پێکرد. و لەو تەمەندا بۆ یەکەم جار یەکەم چیرۆکی کوردیم خوێندەوە کە لە

کتێبخانەکەی باوکم هەبوو بەناوی (حیکایەتی زادیج)، کە بەڕاستی تام و چێژی ئەم چیرۆکەم تاکو ئێستا لەلا بە زیندوویی ماوەتەوە، سەرەڕای تەماشاکردنی ژمارەکانی رۆژنامەی (ژین) کە بەناوی مامەوە (عومەر حەبیب) لە سلێمانییەوە دەهاتە کۆیە و گۆڤاری (هەتاو)یش کە بۆ باوکم لە هەولێرەوە دەهات وەکو بەشدار، کە تا رادەیەکی گەورە هۆکاری فراوان کردنی هزر و هۆشم بوون تا رادەیەکی باش تەمەنی منی لە رووی هۆشیارییەوە گەورەتر کردبوو. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە بارودۆخی ماڵی ئێمە لەوەتەی عەقڵم بە شت شکابێت هەمیشە بۆنی سیاسەت و کوردایەتی لێدەهات، چەند جارێك لەو تەمەنەدا (پۆلیس و موختار)ی گەڕەکی بەفریقەندیم لە درەنگانی شەو لە ماڵی خۆمان دیوە، زۆر جاریش بە شەو بۆ پشکنین.. کە ئەو کاتە پێیان دەکوت (تحری) و جاری واش هەبوو ئێمەی مناڵانیان لە خەو هەڵساندووە و پۆلیسمان بەرامبەر خۆمان دیوە، و هەندێ جاریش باوکم بە تەنها یاخود لەگەڵ مامم بە کەلەپچەکراوی بۆ دائیرەی سەرای کۆیەیان بردوون. یان لە قشلەی کۆیە بەندکراون، بەڵام هیچ کاتێك دیاردەی (ترس) بەسەر ئێمەدا زاڵ نەدەبوو چونکە خوالێخۆشبوو نەنکم (دایکی باوکم) کە ناوی (پیرۆز عبداللە) بوو ژنێکی زۆر لەسەرخۆ و دانا بوو، لەم کات و ساتانەدا هەمیشە لێوەکانی دەجولانەوە پاشان تێگەیشتین لێو جووڵانەوەکەی (توك دووعا) بوو لە حکومەت، سەرەڕای چاوقایمیی دایکم و قسە لە رویی بەرامبەر پیاوانی حکومەت و کاردانەوەیان لەسەر ئێمەی مندالانی خێزان.

لەبیرمە جارێکیان خوالێخۆشبوو (عبدالواحد)ی مفەوەزی پۆلیس کە دراوسێمان بوو خەڵکی سلێمانی بوو، جارێك لەو جارانە کە بە وجودی ئەو ماڵیان تەحەری دەکردین، پاش ماوەیەك لە رامان و تەماشا کردن رووی کردە نەنکم و پێی گوت: (دایکە پیرۆز بە حەقی ئەو نمەکەی کە لەماڵی ئێوە کردوومە، هیچ گوناهێکی من لەو ماڵ تەحەری کردنە نییە، من مەئموورم و ئەمە قەراری حکومەتە و ئیشەڵا ئاخیری خێر دەبێت، بەڵام توخودا چی دیکە لەژێر لێوەوە (توك و دووعامان) لێ مەکە.

دایکم (زەکییە رەئوف مەلا رەسولی مەلا قادری بیتوشی) ئەویش ژنێکی قایم و بەجەرگ بوو، بە چاو سوور کردنەوەیەکی ئەو هەموومانی بێدەنگ دەکرد. وەکو باسم لێوە کرد ئەم بارودۆخە و بوونی کتێبخانە و هاندان و ئامۆژگاری باوکم و مامم سەرەڕای کەسایەتیی خۆم، مرۆڤێکی بە تەمەن بچووکی ئەقڵ گەورەی لەچاو تەمەنم لێ درووست کردم کە بێگومان کاریگەریی لەسەر هەموو رێڕەوی ژیانم کرد و سیاسەتی کردە خولیا و رێباز، کە تا نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانەش لێی دەرباز نەبووم سەرەڕای خوێندنەوەی بەردەوام کە ئەویش و سیاسەت بوونە دوو جەمسەری زێدە بەهێز و بە تەواوەتی رەوتی بیرکردنەوەی گۆڕیم.

کەشو هەوای سیاسەت تا بڵێی گەرم و گوڕ بوو شەو و رۆژ هەر لەدوای رۆژانی چواردەی گەلاوێژەوە، کە شۆڕش تێیدا بەرپا بوو خەڵکی زیاتر بەرەو بەزم و رەزمی سیاسەت بوون دەچوون و هەموو رۆژێ جۆرە ئاهەنگێك دەگێڕدرا، بارەگای هەردوو لایەنی سیاسی (پارتی + شیوعی) و یەکێتیی کرێکاران و ئافرەتان و قوتابییان و لاوان کرانەوە و بارەگای پارتی بە ناوی (خەبات)ـەوە بوو، بەڵام حزبی شیوعی بارەگای سەربەخۆ و ئاشکرای نەبوو بەڵکو بارەگای رێکخراوەکانی لاوان و قوتابییان و ئافرەتان کتێبخانەی (ئازادی)یان هەبوو، کە ئەویش زیاتر وەکو بارەگای حزب دەهاتە بەرچاو و رۆژانەش هەردوو رۆژنامەی (خەبات و اتحاد الشعب) پاشانیس هەفتەنامەی ئازادی لە لایەن هەردوو لاوی پارتی و شیوعی (حەمە بیگرەز و بەشیر گورگیس ساعور)ەوە دەفرۆشران، سەرەڕای رۆژنامەی (پێشکەوتن–التقدم) کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو دەهاتە کۆیە کە لە لایەن خوالێخۆشبوو (محمد بریڤکانی)یەوە دەردەچوو و بەش کوردییەکەشی خوالێخۆشبوو (محمد توفیق وردی) کە شاعیر و رۆشنبیر و نیشتمانپەروەرێکی کۆیی بوو سەرپەرشتی دەکرا. لەو تەمەندا بارودۆخەکە هەستی شاعیرایەتیی لا درووست کردم، لە دەفتەرێکی بچووکدا چەندین بابەتی شیعریم تێدا تۆمار کردبوو، لە سەرەتادا لەگەڵ خوالێخۆشبوو (عەدنانی حاجی جەمال) کە

هاوتەمەنی و دراوسێ و هاوپۆل بووین لە لایەنی دایکیشمەوە خزمایەتیمان هەبوو لە قوتابخانە شیعرێکمان پێکەوە بە تێکهەڵکێش دانا کە هەموی پیاهەڵدان و ستایش بوو بۆ سەرکردەی شۆڕشی چواردەی تەمووز عبدالکریم قاسم بە ناوی (پێشەوایە پێشەوایە، عبدالکریم پێشەوایە) کە ئەو کاتە کاکە (عەدنان جەمال) بە دەنگە خۆشەکەی یەکسەر هەر خۆی ئاوازی بۆ ڕێکخستبوو لە بۆنە و یادەکانی ئەم ڕۆژگارەدا دەچووە سەر شانۆ و بە "پێشەوایە.. پێشەوایە" دەستی بە گۆرانی گوستن دەکرد، کە دەتوانم بڵێم ئەوکاتە (گۆرانی وەرزی–أغنیە الموسم) بوو. هەر لەو سەر و بەندەدا شیعرێکم بە ناوی (خاکی کوردستان)ەوە نووسی، ڕۆژێك بە ڕێککەوت کۆبوونەوەیەك ڕێکخرا لە هاوینە هەواری چنارۆك لە لایەن قوتابییان و لاوانی کوردستانەوە کە تێیدا (بەندە و کاکە قوبادی زەکی هەناری) کە هەم برادەر و هەم دراوسێی هەرە نزیکمان بون بە هاندانی خوالێخۆشبوو کاك (باقی عبدالرحمن) کە ئەویش جیرانی دیوار بە دیوارمان بوو، بەڵام کاك باقی زۆر لە ئێمە گەورەتر بوو، بە تەنها لەناو خێزانەکەی ئەو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئێمەی لەگەڵ خۆی و چەند قوتابی و لاوێکی دیکە سواری پاسە دارەکەی (سمکۆی مام برایم)ی کردین بەرەو چنارۆك ئەوکاتە چایخانەیەکی گەورەی لێبوو کە خاوەنەکەی خوالێخۆشبوو (سابیری مەلا ڕەئوف جەلی زادە) بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا کە دەیان کوڕی گەنج و قوتابی تێدا بوو هەندێ وتار و شیعری تێدا خوێندرایەوە پاشان منیش لەسەر پێشنیاری یەکێك لە ئەندامانی کۆبوونەوەکە چوومە پێشەوە کە بە داخەوە لەبیرم نەماوە کێ بوو، بەڵام لەبەر چاومە کوڕێکی باڵا بەرزی ڕانکو چۆغەیەکی سپی لەبەر، کە وابزانم قوتابیی زانکۆ بوو لە بەغدا داوام لێکرد کە شیعرێکم بەناوی (خاکی کوردستان) حەز دەکەم بیخوێنمەوە پێشم گوت کە من کوڕی (عوسمان عەونی)م، بە ڕوو خۆشییەوە ڕەزامەندیی نیشان دا و منی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، و منیش شیعرەکەم بە جۆرێك حەماسەتەوە خوێندەوە، کە بووە مایەی ستایش کردم پاشانیش لە کتێبخانەی ئازادیی حزبی شیوعی عیراقی شیعرەکەم

پیشانی مامۆستای شاعیر (ئەحمەد دڵزار)دا، لەوانەیە پرسیارێك بێتە پێشەوە، بۆ شیعرەکەم پیشانی باوکم نەدا کە هەم باوکە و هەم شاعیر، پێشووتر هەندێ جار ناوە ناوە شیعرم رێك دەخست و لە دەفتەرێکی بچووکدا تۆمارم دەکرد و هەندێ جاریش بۆ برادەرانی گەڕەکی خۆمان (بەفریقەندی) کەماڵەکانمان نزیکی یەکتر بوون بۆم دەخوێندنەوە، جارێکیان شیعرێکم بە بۆنەیەکی وەرزشی بە ناوی (موسابەقە) دانا کە تەنها ئەو دێڕەم لەبیر ماوە کە دەڵێ:

**خۆتان حازرکەن بۆ موسابەقە**

**بردنەوە خۆشە، دۆڕاندن رەقە**

بە بۆنەی خۆ ئامادەکردنمان ئێمەی مێرد منداڵانی گەڕەکەکەمان بۆ یاریی تۆپی پێ، کە هەر لە منداڵییەوە خولیای ببووم لەگەڵ مێرد منداڵانی گۆڕەپانی (عیش قادر)ی هەمان گەڕەك و ناوەناوەش لە کاتی چوونمان بۆ یارییەکە ئەم شیعرەم بۆ دەخوێندنەوە، رۆژێکیان پیشانی باوکمم دا و پاش تەماشاکردنی سەرێکی بادا و گوتی "خراپ نییە، بەڵام خەریکی دەرسەکانت بیت باشترە"، باوکیشم لەبەر ئەوەی پیاوێکی زۆر بە هەیبەت بوو و سامێکی زۆر لە ماڵەوە هەبوو، کاتێ لە ماڵەوە بووایە هەمیشە لەو هۆدەی کە لە نهۆمی سەرەوە هەم دیوەخان و هەم کتێبخانەکەشی لێبوو خەریکی خوێندنەوە و نووسین بوو، سەرەڕای سەرقاڵیی بە کاری بازرگانی کە یەکێك لەو بازرگانانەی (تاجر) لە کۆیە کە بازرگانیی (تووتن+لۆکە) بوون، زۆرجار  بە مانگ بە سواری ئەسپ دەچووە گوندەکانی دەشتی کۆیە و تەق تەق و رانیە و دەشتی بتوێن بۆ سەردانی ئەو جوتیارانەی کە لەگەڵ باوکم مامەڵەیان دەکرد.

باوکم هەر جارێك رای لەسەر بابەتێك دەدا و لەگەڵ وردەکارییەکی پوخت و نەیدەکردە دووجار، بۆیە کاتێك لە ئاکامی خوێندنەوەی شیعرەکانم گوتی "خراپ نییە، بەڵام لە پێشەوە خەریکی دەرسەکانت بە" بۆیە ئەو قسەیە بۆ من بەس بوو چونکە ئەو هەمیشە جەختی لەسەر خوێندن دەکردەوە و زۆر جاریش دەیگوت "ئینسان بە خوێندن دەبێتە پیاو".. ئینجا لەبەر ئەم هۆکارە

شیعرەکانم پیشانی باوکم نەدەدا بۆیە کاتی پاش چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ کاتیٚ ئەم شیعرەم بە چەند ڕۆژێك تەواو کرد لە چناڕۆك لەو گردبوونەوەیەدا خوێندمەوە.

ڕۆژێکیان چوومە کتێبخانەی ئازادی لای مامۆستا (ئەحمەد دڵزار) کە پێشووتر دەمناسی بەهۆی ئەوەی سالٚی پێش شۆڕش دەمناسی یانی سالٚی (١٩٥٧) کە (محل)ـەکەی باوکم لە دەستە چەپی (میدانی خوارەوە)ی بازاڕی کۆیە بوو ڕۆژانە مامۆستا دڵزار کە لە مالٚی خۆیان دەهاتە بازاڕ یان کاتیٚ لە بازاڕ دەگەڕایەوە دەبووایە ڕێگایەکەی وابوو بەبەردەم (محل)ـەکەی باوکم تێبپەڕیٚ، هەمیشە سڵاو و چاك و چۆنیی گەرمییان لە نێواندا هەبوو و هەندیٚ جاریش دەهاتە لای باوکم دادەنیشت بۆیە منیش ئاشنای ببووم و کاتیٚ شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ ڕوویدا مامۆستا دڵزار سەرەڕای ئەو بارودۆخە تازەیەی هاتە ئاراوە، کە تێیدا حزبی شیوعیی عیراقی گۆڕەپانی سیاسیی لە کوردستان و عیراق داگیر کردبوو ببوو بە حزبی ژمارە یەك لە ڕووی جەماوەری و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی، بەلاٚم مامۆستا دڵزار بە هیچ شێوەیەك لەخۆی نەگۆڕابوو، بەڵکو هەمان دڵزارەکەی پێش شۆڕش بوو، ڕۆژانەش ئەو لە کتێبخانەی ئازادی دادەنیشت کە ئەوێش بەرامبەر بارەگای (خەبات)ـی پارتی بوو لەو شەقامەی نێوان سەرای کۆنی کۆیە (فولکەی حاجی قادر) و کتێبخانەی گشتیی ئێستای کۆیە بوو، لێرەدا دێمەوە سەری ئەسڵی مەبەست کە ئەویش بابەتی شیعرەکەمە کە بە ناوی (خاکی کوردستان) دامنابوو، کاتیٚ پیشانی مامۆستا دڵزارم دا و چاوێکی پێدا خشاند بە زەردە خەنەیەکەوە گوتی: (ئافەرین هەمووی بۆخۆت داتناوە، پیشانی باوکت نەداوە؟).. منیش لە وەلاٚمدا گوتم: (بەلیٚ خۆم دامناوە، بەلاٚم پیشانی باوکمم نەداوە) ئینجا ئەویش قەڵەمەکەی دەرهێنا و هەڵە زمانییەکەی بۆ چاککردم و یەك دوو وشەشی بۆ گۆڕیم، هەر بەوەش نەوەستا یەکسەر نامەیەکی بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا (محمد توفیق وردی) نووسی لەگەڵ شیعرەکەم خستییە ناو زەرفێك و ئەدرەسی لەسەر نووسی و منیش بردم بۆ دائیرە بەریدی کۆیە بە پولێکی (١٠

فلسی) ڕەوانەی بەغدا کرا، نزیکەی مانگێکم چاوەڕوان کرد و هەموو هەفتەیەك چاوەڕوانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)م دەکرد تاکو ڕۆژێك شیعرەکەم دیت کە لە لاپەڕە (٧)ی ژمارە (٢٤)ی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە ڕۆژی (شەممە)ی مانگی ئەیلولی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ چەند دێڕێك وەکو پێشەکی مامۆستا (وردی) بۆی نووسیبوو کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**"خاکی کوردستان"**

**فەرهاد عەونی-کۆیە**

ئەو شیعرەی خوارەوە هی کاك فەرهاد عەونییە کە لە تەمەنی ١٣ ساڵانە، بەڵێ کورد بلیمەتی زۆرە، بەڵام داخەکەم ماوەیان نە بۆ ئەوە ئەو بلیمەتییە بۆ سوودی وڵات بەکاربهێنن.

***خاکـــی کوردستان دیمەنی جوانە***
***لوتکەی شـــاخانی ڕوو لە ئاسمانە***
***

***هەوارگەی خۆش و هەوای خاوێنە***
***دەڵێی بـــــەهەشتی پاکی یەزدانە***
***

***عـــــەرد و بـــەراوی تا بڵێی زۆرە***
***تا چاو بڕ ئەکا خـــەلە و خەرمانە***
***

***نـــابێ زۆردار و بێگانەی خونخوار***
***لەمـەولا بخوا ئەم گشت ســـــامانە***
***

***کورد پاسی ئەکا نیشتمانی خۆی***
***هەریەکێ لەوان شێری مــــەیدانە***
***

***لەژێر سێبەری یاسای جمهـــوری***
***نـــۆبەی ئازادی و نـــــۆبەی ژیانە***
*********
***ئەڵێن فەرهادی ئەی کوای شیرینت***
***ئەڵێم شیرینم خـــاکی کــــوردانە***
*********
***ڕۆژی ئـــــــازادی سەری دەرهێنا***
***ئـــــەگەین بە ئاوات هەر بە زووانـە***

**هاتوچۆ کردنی بەردەوامم بۆ کتێبخانەی ئازادی و ڕێز لێگرتنی مامۆستا دڵزار و دیتن و ناسینی کەسایەتییە شیوعییەکانی کۆیە و دەرەوەی کۆیەش لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەی پاش چواردەی تەمموز سەرەڕای دروشم و ئەدەبیاتی حزبی شیوعی لەگەڵ ئەو تەوژمە جەماوەرییەی کە سەراپای عیراق و کوردستانی داگیر کردبوو لە هەموو بوارەکاندا، هۆکار و پاڵپێوەنەری نزیك بوونەوەم بوو لە حزبی شیوعی ناوەناوەش (مەلا بەکری کوڕی مەلا فتح الله شوانی) کەماڵیان نزیك ماڵی ئێمە بوو لە گەڕەکی بەفریقەندی و کادرێکی بەتوانای حزبی شیوعی بوو، زۆر جار بە شێوازێکی لەسەر خۆ و هێمن باس و خواسی بزووتنەوەی حزبی شیوعیی بۆ دەکردین کە چۆن (فەهدی سەرکردەی حزبی شیوعیی عیراقی و هاوڕێکانی لەسەر پەتی سێدارە بە درووشمی "شیوعییەت لە مردن بەهێزترە") رووبەڕووی جەلادەکانیان بوونەتەوە، هەروەها (مارکس و انجلس لینین و ستالین)ی لەبەر چاومان زێدە شیرین کرد بە تایبەتیش ئەو وێنەیەی کە هەرچوارییانی کۆکردبۆوە و سیمای گرنگی و گەورەیی پێوە دیار بوو کە تاکو رادەیەکی گەورە هەموو ئەو بابەتانە و سەردانی رۆژانەم بۆ کتێبخانەی ئازادیی حزبی شیوعی لا شیرین کردم، بەبێ ئەوەی هیچ لە ناوەڕۆك و سیاسەتی ئەو حزبە بگەم، چونکە لە تەمەنی چواردە ساڵی قوتابییەك لە سەرەتای خوێندنی ناوەندی بێت چ مانایەکی سیاسی**

تێبگات، بەڵام حزبی شیوعی زیرەکانە ئەو تەوژمە جەماوەرییەیان قۆستەوە کە بارودۆخی پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ هێنایە کایەوە و کەوتنە ڕێکخستنی بەردەوامی قوتابی و لاو و ڕۆشنبیر و کاسبکاران و کرێکار و جووتیارانی سەراپای عیراق. ئەوەبوو ڕۆژێك کادری حزبی شیوعی لە کۆیە کاك (جەمال عەزیز)کە چەند ساڵێك لە ئێمە گەورەتر بوو لە قوتابخانەش چەند پۆلێك لەپێش ئێمەوە بوو کە ئێستا مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییە، ئەوکاتە یەکێك بوو لە باوەڕپێکراوانی کتێبخانەی ئازادی لە کۆیە بەدەم پیاسەوە لە شەقامی نێوان سەرای کۆن و وتازە باسی بڕیاری پالاوتنی بۆ کردم لە ریزی حزبی شیوعی عیراقی گوتیشی: (ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەر مرۆڤێك کە حزب ڕەزامەندی لەسەر پالاوتنی بکات و لەنێوان شەش مانگ و ساڵێك ئەگەر لە ئەزموونی سیاسی و ڕۆشنبیریی سیاسی و کارەکانی ڕێکخستن دەرچووی ئەوا شەرەفی ئەندامێتیت پێ دەبەخشرێ). پاشان بەندە و شێخ کەرخی شێخ ساڵح و عزالدین بهاءالدین کە (مەلا موەفەق)یشیان پێ دەگوت لە شانەیەك ڕێکخراین لە سەرەتادا کاك جەمال عەزیز هەموو هەفتەیەك کۆبوونەوەی تایبەتی پێ دەکردین، کۆبوونەوەکانیشمان لە کتێبخانەی ئازادی یان کتێبخانەی گشتی یان پیاسەکردن بەرەو چوار تاقانی ڕێگای هەرمووتە کە هەر جارە سەعات و نیوێك یاخود دوو سەعاتی پێدەچوو. کۆبوونەوەکانیش بەم شێوەیە بەڕێوە دەچوو:

**بابەتی یەکەم:** دەنگوباسی ناوخۆ، عیراق، جیهان.

**بابەتی دووەم:** بابەتێکی تەسقیفی حزبی وەکو ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆ گرتن، بیروڕا دەربارەی بابەتێکی سیاسیی ئەو سەردەمە، تەوجیهاتی ناوەندی... هتد.

**بابەتی سێیەم:** خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك لە کتێبەکەی (لیۆ شاوشی) سەرکردە و ڕابەری گەورەی حزبی شیوعی چینی ئەو سەردەمە بەناوی (چۆن دەبیتە شیوعییەکی لێهاتوو-کیف تصبح شیوعیاً جیداً) کە ئەمەشیان تەواو بوو ئەوجا نامیلکەی پێداویستییەکانی تێکۆشانی نیشتمانی (من مستلزمات

كفاحنا الوطني) كە خوالێخۆشبوو فەهدی سكرتێری حزبی شیوعیی عیراقی نووسیبووی.

**بابەتی چوارەم:** نووسینی كۆنووسێك بە ئیمزا و ئامادەبوونی ئێمەی ئەندامانی شانە و لێپرسراومان لە كۆبوونەوەكاندا.

دوای هەموو كۆبوونەوەیەك پرسینەوەمان لەسەر بابەتە تیۆرییەكان لێ دەكرا تاكو بزانن تا چەند لەو بابەتە تێگەیشتووین و چۆن دەتوانین مامەڵەی لەگەڵ بكەین لە ژیانی رۆژانەی حزبایەتیدا كە بێگومان بە ئاراستەیەكی باشی دا دەبردین، و تا رادەیەكی گەورەش زەمینەی روشنبیری و سیاسیی لا فراوان كردین، كە لێرەدا وەكو بناغەیەكی تۆكمەی باڵەخانەیەكی گەورە دەشوبهێنم و كاریگەرییەكی تەواوی لە ژیانی مندا بەدی هێنا لە قۆناغە سیاسییەكان و وكاری رێكخراویدا چ لە رووی بنەمای رێكخستن چ لە رووی جدییەت و بازنەدان بەسەر كەموكوڕییەكاندا بە تایبەتیش بۆ منێكی كە بەدرێژایی تەمەن لە چوارچێوەی سیاسەت و و كاری رێكخراوەیی و رۆشنبیری نەچوومەتە دەرێ بۆیە لێرەدا زۆر بە راشكاوانە دەڵێم قوتابخانەی سەرەتایی من قوتابخانەی حزبی شیوعی بوو بۆ فێربوونی سیاسەت و جەخت لەسەر دەسپلینو ولێپرسینەوە و راستگۆیی لەو قوتابخانەیە سەرچاوەی وەرگرتووە.

بەردەوام بوونم لەناو رێكخستنەكانی حزبی شیوعی عیراقی كە لە سەرەتادا لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ دەستپێكرد وەكو پاڵێوراوێك كە پاشان بە (٦) مانگ دوای ئەو بەهۆی چالاكی و وریایی بۆ خۆ رۆشنبیركردن و پابەند بە رێنماییەكانی رێكخستن بوومە (ئەندام) كە ئەمەشیان ماوەیەكی كورتە ببوونە ئەندام، چونكە وەكو پاشان كاك (بەكر فتح الله) كە بە مەلا بەكری مەلا فتح الله بەناووبانگ بوو پێی راگەیاندم كە تاوەكو ئێستاكە لە چوارچێوەی رێكخستنەكانی شاری كۆیە كەم كەس بە ساڵێك كەمتر نەبوونەتە ئەندام هیوادارم وەكو مەلا بەكر پێی گوتم "ببیتە كادرێكی لێهاتووی حزب لە ئایندە دا". چالاكییەكانی حزبم زۆر بە رێكوپێكی ئەنجام دەدا چ لە قوتابخانە و چ لە دەرەوەی و بێ سڵمینەوە لە هیچ شتێك و بەهیچ شێوەیەك نەم دەزانی مانای

ترس چییه هەر بۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بوومە لێپرسراوی شانە سەرەکییەکەی قوتابخانەی (سانەویی کۆیەی کوڕان–ثانویة کويسنجق للبنين) کە بریتی بوون لە (عبدالمسيح سلمان، کەرخی شێخساڵح، عزالدين بهاءالدين، فتاح توفيق، جمال حمد أمين عومەر). لەو دوو ساڵەدا بەهۆی تێهەڵچوونی تەواوم لەناو ڕێکخستنی حزبی شیوعی بە تەواوی وەکو لاوێکی شیوعی دەرکەوتم، ئەوجا وەنەبێت تەنها گرنگیم بە لایەنی سیاسی دابێت بەڵکو جموجۆڵی وەرزشیم کە هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە تێکەڵاوی ببووم کە ئەو کاتە لە کۆیە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرا بە تایبەتیش تۆپی پێ، بەڵام ساڵی ١٩٥٩ کاتێ چوومە قۆناغی ناوەندیی قوتابخانە زیاتر لەو مەیدانە چوومە پێشەوە کە تێدا مامۆستایەکی عەرەبی خەڵکی موسڵ بەناوی (حازم محمد العلی) بۆ کۆیە گواسترابۆوە و تاکو بڵێی مامۆستایەکی وەرزش پەروەر و لێهاتوو بوو، بە ماوەیەکی کورت توانی (٢٠) قوتابی لە قوتابخانە هەڵبژێرێ و ڕۆژانە چ لەناو گۆڕەپانی قوتابخانە چ لە گۆڕەپانی تۆپی پێی کۆیە کە ئێستا بۆتە (خەستەخانەی شەهید دکتۆر خالید) یاری ڕاهێنانی پێ دەکردین کە سەرەنجام هەڵبژاردەی تۆپی پێی سانەوییەی کۆیەی تێدا ڕێکخرا کە دەتوانم بڵێم یەکێك لەو دوو تیپەی کە ئەوکاتە لە کۆیە درووست ببوو کە یەکێکیان تیپی پێی (ئەهلی) بوو کە بریتی بوو لە چەند یاریکەرێکی بەتەمەنتر لە ئێمە و سەرۆکی تیپەکەش خوالێخۆشبوو (فتاح حکیم) بوو کە چاپخانەکەش وەکو بارەگای ئەو تیپەی لێهاتبوو، تیپی دووەمیش تیپەکەی ئێمە بوو کە لەو یاریکەرانە پێکهاتبوو:

١– خيرالدين محی الدين

٢– خالد کريم

٣– جمال حمد امين مستەفا

٤– محمد شەوقی

٥– بکر حمد أمين شاکر (أبو علی)

٦– صلاح اسعد

٧- فەرهاد عەونی

٨- فوئاد عومەر

٩- ئەدهەم قادر

١٠- علی حەمە ساڵح

١١- دلاوەر حەوێز فتح الله

١٢- مامۆستا تایەر تەها ڕاهێنەری تیپەکە بوو.

کار و ڕێکخستنی حزب و جووڵانەوەی وەرزشی زۆربەی کاتی ڕۆژانەی دەبردم و تا ڕادەیەك کاریگەرییەتیی لەسەر خوێندنی مەکتەبم کردبوو. لە قۆناغی ناوەندی ساڵێکی هێشتمەوە کە بووە جێگای نیگەرانیی باوك و دایکم، تاکو ئێستاکەش ئەو قسەیەی باوکم بیر ناچێتەوە کاتێ (کارتی کۆتایی ئەزموونەکانم) نیشاندا پڕ بە چاوەکانی تەماشای کردم و گوتی "کوڕی خۆم زۆر عەیبە تەلەبە سیاسەت بکات و ریازیش بێت، بەڵام لە مەکتەب دەرنەچێ، چونکە مەعلومە سیاسەت و ریازە گەنجان بەرەو پێشەوە دەبات، دەبێت ئەوە دواجار بێت". پاشان لە قۆناغەکانی دواتردا ئەم قسەیەی باوکمم لا بوو بە پەندێك کە هاندەری چوونەپێشەوەم بوو لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندنم چونکە وەکو پاشان لە قسەکانی باوکم ورد بوومەتەوە سیاسیی باش دەبێت مرۆڤێکی سەرکەوتوو بێت و لەهەمان کاتیشدا وەرزشوانی باش دەبێت ئەویش مرۆڤێکی لێهاتوو بێت وەکو دەڵێن "العقل السليم في الجسم السليم"

بەردەوام بوونم لەناو حزبی شیوعیی عیراقی لە کۆیە تا دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٦٢ بوو. ئەوەی لە بیرمە لە نێوانی مانگی یەکەم و دووەمی ئەو ساڵەدا و لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی شانە سەرەکییەکەمان کە لە یەکێ لە ژوورەکانی لا بە لای مزگەوتی (مەلا ئەسعەد) کە لە گەڕەکی بایز ئاغا بوو لە کۆیە کە خوالێخۆشبوو عزالدین بهاءالدین ئەندامی شانە و لە هەمان کاتیشدا کوڕی مامۆستای مەلای مزگەوتەکە بوو بە ناوی د خوێندن بەیانیانی ڕۆژی هەینی هەندێ جار کۆبوونەوەی شانە سەرەکییەکەمان لەو مزگەوتە دەکرد، جارێکیان لە سەروبەندی کۆتایی چەند مانگەی ساڵی ١٩٦٢ وە لە یەکێ لەو

کۆبوونەوانەمان لە مزگەوتی مەلا ئەسعەد کادیرێکی لیژنەی ناوچەی کۆیە لە نێوانی کۆبوونەوەکەمان سەردانی کردین بە مەبەستی (تەفتیش)ی لیژنەکە و ئاگادار بوون لە وردەکاریی ڕێکخستنەکانی ناو قوتابییانی کۆیە سەرەڕای باس کردنی هەندێ هەواڵ و دەنگوباسی هەمەجۆر، کە لەناویاندا باس کردنی چەند هەواڵێك کە پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە هەبوو کە لە (١١)ی مانگی ئەیلولی ساڵی پێشووتر (١٩٦١) بەرپا ببوو. هەواڵەکانی پەیوەند بە شۆڕشەوە بە شێوازێك باسی دەکرد کە تا رادەیەك بە قازانجی شۆڕشی ئەیلول نەدەشکایەوە و بۆنی نارەزایی لێدەهات بەرامبەر بە شۆڕش، بۆیە کاتێ ئەو لە قسەکانی بۆوە، بەندەش داوای قسەکردنم کرد کە بۆ مێژوو قسەکانی هەردوو لامان وەکو خۆی دەگێڕمەوە، چونکە بووە هۆکاری سەرەتای لێکترازانم لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیی عیراقی.

**بەندە**: هاوڕێ تۆ کە باسی هەواڵەکانی پەیوەند بە شۆڕشت دەکرد بۆنی باشی لێوە نەدەهات، وەکو بڵێی حەز بە سەرکەوتنی نەکەیت، ئایا ئەمە سیاسەتی حزبە؟!

**هاوڕێی موفەتیش**: هاوڕێ فەرهاد قسەکانت لە قسەی خەڵکێکی شیوعی ناچێت، تاکو ئێستاکەش لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی برجوازی قەومی دای، پیاوی شیوعی دەبێت بە هەموو شێوەیەك خۆی رۆشنبیر بکات تاکو رزگاری بێت لەم جۆرە (بیرە نامۆیانە) چونکە خزمەت بە پەیڕەوی حزب ناکات بۆیە دەبێت رەخنە لە خۆت بگریت و دەمێکە دەزانین کە تاکو ئێستا لە بیری نەتەوەیی بە تەواوی دەرنەچوویت، دەبێت ئەوەشت پێ بڵێم، ئەو رۆژەی کە حزب لە کۆیە خۆپیشاندانی سازکرد بەناوی (ئاشتی لە کوردستان–السلم في کوردستان) تۆ زیاتر لە قوتابییە پارتییەکان نزیك بوویت نەك لە هاورێیانی قوتابییانی خۆمان، بۆیە حزب لێرەدا سەرنجت رادەکێشێت کە بەخۆتدا بچیتەوە و وەکو هاوڕێیەکی شیوعیی (عەیار ٢٤) بیر و هەڵسوکەوتت شیوعییانە بێت.

لەراستیدا ئەم دانیشتنە کە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی شانەی سەرەکیی قوتابخانەی سانەویی کۆیە بوو، وەرچەرخانێکی لە بیر و باوەڕم درووستکرد، جاریٚ لە پێشەوە باس لە خۆپیشاندانەکە و گردبوونەوەکەی گۆڕەپانی سەرای کۆن دەکەم کە ئێستا بە ناوی شاعیری نەتەوەیی کورد (حاجی قادری کۆیی)یە و سالانێکیش پەیکەرەکەی لەویٚ دانرابوو، چایخانەکەی خوالیٚخۆشبوو (حەمەدی وەستا قادر کە بە حەمە گەمحان ناسرابوو) نزیك ئەو شوێنەیە و وەکو جێی دانیشتنی شیوعییەکان بوو، لەو رۆژەدا کە مێژووەکەیم بیرنایەتەوە، بەلام رۆژێکی سەرەتای پایز بوو کە تێیدا لیژنەی ناوچەی کۆیەی حزبی شیوعی بڕیاری گردبوونەوەیەکی دا لەژێر درووشمی "ئاشتی لە کوردستان–السلم فی کوردستان" وەکو هەموو شار و شارۆچکەکانی عیراق کە داوای ئاشتیی دەکرد لە هەردوو لای شەڕکەر (شۆڕشی ئەیلول) کە بریتی بوون لە حکومەتی عبدالکریم قاسم و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول چونکە ئەو کاتە سیاسەتی حزبی شیوعی خۆی لە دوو تەوەر دەدیتەوە، **تەوەری یەکەم**: بڕوای بە مافی رەوای گەلی کورد هەبوو وەکو سیاسەتی لەمێژینەی حزبی شیوعی عیراقی تا دەگاتە مافی چارەنووسی، لە لایەکی دیکەوە داکۆکیی لە چوارچێوەی گشتیی حکومەتی عبدالکریم قاسم دەکرد کە گوایە ئەم حکومەتە حکومەتێکی نیشتمانییەوە لە ئاکامی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ هاتۆتە کایەوە و وا پێویست دەکات کە حزبی شیوعی عیراقی سیاسەتی تێکۆشان و هاوسۆزی (کفاح وتضامن) بەرامبەر بەم حکومەتە پەیڕەو بکات کە بریتییە لە (تێکۆشان دژی لایەنە سیاسەتە خراپەکانی حکومەت و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی و لەهەمان کاتیشدا داکۆکیی لە ڕێڕەوە باشەکانی حکومەت دەکرد)، ئەم سیاسەتەی حزبی شیوعی لەو پەندە کوردییە دەچێت کە دەڵیٚ (نە شیش بسووتیٚ و نە کەباب) بەلام بە داخەوە سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتی عبدالکریم قاسم و گویٚ نەگرتنی لە ئامۆژگاری و بۆچوونە دۆستایەتییەکانی کە لەلایەن حزبی شیوعی و خەڵکە دیموکراتی خواز و نیشتمان پەروەرەکانەوە ئاراستە دەکران، نەبووە هۆکاری لادان لەو سیاسەتە چەوتە کە لە ئاکامدا بووە

هۆکاری تەفروتونا بوونی حکومەتەکەی و تێداچوونی سەری خۆی و حکومەتەکەی، کە بێگومان حزبی شیوعیشی تووشی کارەساتێکی خوێناویی گەورە کرد کە تێیدا بە دەیان سەرکردە و بە هەزاران کادر و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبەی تووشی چارەنووسێکی نادیار کرد.

لە گردبوونەوەیەکی کۆیەی حزبی شیوعی، بەندە وەکو یەکێك لە پارێزەرانی_وتاربێژەکەی حزب دەستنیشان کرابووم کە تێدا مامۆستا (سەلاّح حسێن مەلا ئەحمەد)بوو کە بە دەمامکەوە نەدەناسرا لەسەر ئەو مێزەی کە لە ناوەندی شەقامەکەدا دانرابوو و وتارێکی لەژێر رۆشنایی سیاسەتی حزب "ئاشتی لە کوردستان" خوێندەوە کە ماوەی (١٠) دەقەی خایاند پاشان بە (هوتاف لێدان) بە سیاسەتی حزب بلاّوەی لێکرا. لێرەدا دەمەویٰ باس لە دوو بابەت بکەم، **یەکەمیان:** ئەوەیە کە بەندە هەرگیز سیاسەت و بۆچوونی حزبی نەکردۆتە ئامرازی دوورکەوتنەوە لە دۆست و برادەرانی، بۆیە کاتێك ئاگاداری ئەوە کرام کە ئەو گردبوونەوەیە دەکرێت، منیش ئەوکاتە زۆربەی برادەرەکانم پارتی بوون وەك (محمد بەکر بەنا و هیوای برای، عەدنانی حاجی جەمال، فریاد محی الدین ئەسعەد، حمید قادر، قوباد زەکی هەناری، نەریمان عبدالحمید حاجی مەلا تۆفیق، ... هتد)، زۆر لەیەك نزیك بووین و هەمیشە موجادەلە و موناقەشەی سیاسیمان لە نێواندا هەبووە، بەلاّم هیچ کاتێك ئەو جیاوازیی بیر و را نەبۆتە هۆکاری لاوازکردنی برایەتی و دۆستایەتیمان، و هەر بە بەردەوامی مایەوە و بەندە لەم گردبوونەوەی حزب لە کۆیە "ئاشتی لە کوردستان" توانیم هەندیٰ لەو برادەرانە بانگ بکەم و قەناعەتیان پیٰ بهێنم کە ئەم گردبوونەوەیە لە قازانجی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەلاّم بەداخەوە ئەم هەڵسوکەوتەی من بووە جێگای رەخنە لەلایەن ئەو هاوڕێیەی کە لە کۆبوونەوەکەمان ئامادە بوو. نایشارمەوە رەخنەکان شۆکێکیان لا درووستکردم لەبەر دوو هۆکار، **یەکەمیان**: ئەوەیە پاش گردبوونەوەکە (ت.ف) هاتە لای وەستا عەبدی ئاسنگەر کە ئامۆزای باوکمە و مێردی پوورە (شەمام)ـم بوو. پێی راگەیاند کە ئەو یانی (ت.ف) لە (حەسەن حسێن–حەسەنەفەندی)

زانیوه کەوا (ئەمری حەپس کردنی فەرهاد لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی شیوعی هەیە، ئەوکاتە (حەسەنەفەندی) مفەوەزی ئەمنی کۆیە بوو وەك لێپرسراوێك (کە ناوی تەواوی حسن حسین احمد)بوو، چونکە ئەوکاتە کۆیە تەنها مفەوەزی ئەمنیی لێبوو) ئێوارە کاکە عەبدە هەواڵەکەی لە ماڵەوە بۆ گێڕاینەوە، چونکە ئێمە و ماڵی کاك عەبدە ئەوکات لە یەك خانووی گەورە دەژیاین، چونکە وەك گوتم باوکم و کاك عەبدە ئامۆزای یەکترن و پوریشم خوشکی باوکم خێزانی کاك عەبدەمە، کاتێ کاك عەبدە ئێواران لە کاری ئاسنگەری دەگەڕایەوە پاش پشووودانێ لەگەڵمان دادەنیشت، چونکە ئەوکاتە باوکم یانی لە مانگی شوباتی ١٩٦٢وە لە (نوگرە سەلمان) حەپس بوو، کە ئەوەیان جاری دووەم بوو پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول حەپس بکرێت، چونکە جاری یەکەمیش یانی لە مانگی (١١) ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ چەندین کەسایەتیی کۆیە بۆ ماوەی چەند مانگێك لە هەولێر گیرابوون بە تۆمەتی پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە، بۆیە کاکە عەبدە لە غیابی باوکم مشوری خێزانەکەمانی دەگێڕا و خودای گەورەش یار بوو کە لەم کاتەدا (مامم) عومەر حەبیب حاکمی تەحقیق بوو لە سلێمانی.. لە کۆیە بوو، لەم سەر و بەندەدا کاکە عەبدە و مامم لە (محل)ی باوکم (ت.ف) دەبینن پێیان گوتبوو (مام پیاو خۆت چارەسەری مەسەلەکە بکە، فەرهاد تەلەبەیە و هەرزەکارە، نازانێ سیاسەت چییە، لەوانەیە بە رێکەوت وەکو خەڵکانی دیکە لە نزیك ئەم گردبوونەوەیە بووبێ)، بەڵام دیسان وەستا عەبدە کە ئێمە بە کاکە عەبدە بانگمان دەکرد بە (ت.ف)ی گوتبوو (حەسەنەفەندی چ ئەمر دەکات تۆ وەکیل بە). ئەوە بوو لە ئاکامدا مەسەلەکە بە (دیارییەك) بۆ حەسەنەفەندی (لێرەدا بە ویژدانەوە دەڵێم خوالێخۆشبوو حەسەنەفەندی پیاوێکی خراپ نەبوو، بەڵام وەکو مەئمورێك ئەرکی خۆی بەجێدەهێنا و رۆحی کوردایەتیشی هەبوو). لە ئاکامدا مەسەلەکە بە (٥٠) دینار و کراسێکی قۆڵ درێژی سپی و دوو بوتڵە عارەقی موسیەح بۆ (ت.ف) کۆتایی هات، بەڵام کۆتایی هاتنەکە کاتی بوو

چونکە پاش کودەتا خوێناوییەکەی (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ئەم بابەتە درێژەی هەبوو کە لە دواییدا دێمەوە سەری.

ئەو درێژە پێدانەم بەو بابەتە بۆ ئەوە نییە خۆمی پێ هەڵکێشم، بەڵکو لە روانگەی ئەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە ئەو جۆرە رەخنەیەم لێگیرا لە کۆبوونەوە حزبییەکەدا و ناهەقییەکی زۆری تێدابوو و تا رادەیەکی گەورەش بێزاری کردم، چونکە هەر خۆم دەمزانی چەند دڵسۆزم بۆ حزب و چی بۆ دەکەم، باوەڕم نەدەکرد ئەو جۆرە رەخنەیەم لێ بگیرێ و بریندار بکرێم.. ئەوەی زیاتری بریندار کردم (دەربڕینی خۆشحاڵی ئەو هاوڕێیە بوو لە کۆبوونەوەی پاشتری حزبدا گە لەنێوانی کۆبوونەوەکەدا بە هەواڵێك کە لە بەرژەوەندیی شۆڕشی ئەیلول و رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو) کە لە نێوانی هەواڵە گرنگەکان بۆ ئێمەی باس دەکرد (کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە باسی لێوە ناکەم)، پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە بە رێککەوت چوومە (محل)ەکەی باوکم کە ئەوکاتە لە مەیدانی خوارەوەی بازاڕی کۆیە بوو، نزیك خانی خوالێخۆشبوو (تایەر چەلەبی)، تەماشام کرد کاکە عەبدە لەگەڵ خوالێخۆشبوو (عومەر عبداللە) برا گەورەی کاك علی عبداللە دانیشتوون و خەریکی قسەکردن بوون، کاتێ منیش دانیشتم کاکە عەبدە گوتی: (فەرهاد ئەمە نامەی باوکتە ئەمڕۆ لە رێگەی دۆستێکی هەولێریم کە ئەویش لە رێگای ناسیاوێکی خۆی کە ئەویش کوڕی لەسەر کوردایەتی گیراوە و لە رێگەی (کاك کەریم کێشکە)ی خاوەن گەراجی کۆیە لە هەولێر پێم گەیشتووە و بۆمانی بخوێنەوە، ئێوارەش لەماڵەوە بۆ جەماعەتی ماڵەوەی بخوێنەوە) کاکە عەبدە لەگەڵ قسەکانی کە دەیکرد یەك دوو جار فرمێسکەکانی دەسڕی، بەڵام چونکە پیاوێکی بەهێز بوو نەیدەویست ئەو حاڵەتە ئینسانییە نیشان بدات.

نامەکەی باوکم بۆ کاکە عەبدەمی نووسیبوو کە تێیدا باسی (ساغو سەلامەتیی خۆی دەکات کەوا هیچ غەمی ئەومان نەبێت، لەناو خەڵکێکی نیشتمان پەروەر و کورد پەروەر کات بەسەر دەبەن)، هەروەها نووسیبووی کە (بەهرامی کاك عەبدەم) کە کوڕی پورمە با هاوکاریی کاك (ئیسماعیلی مەلا

نوری) که به ئیسماعیلی مەلایانی جەلی زادە دەناسریٚ. ئاگاداری ریٚ و شویٚن و مامەڵەکردن لەگەڵ جووتیارەکانی بتویٚن و دەشتی کۆیە بیٚت، کە ئەوکاتە باوکم خەریکی (تیجارەتی توتن) بوو لە گوندەکانی تەق تەق و دەشتی کۆیە و دەشتی بتویٚن کە لە هەندیٚکیان لەگەڵ خوالیٚخۆشبوو ئیسماعیلی مەلا نوری شەریك بوون. لە کۆتایی نامەکەش بە دەق نووسیبووی (بە فەرهاد بڵیٚ ئاگای لە سیحەتی خۆی بیٚت و زۆر خۆی ماندوو نەکات).

نامەکەی باوکمم چەند جاریٚك خویٚندەوە و زۆر باشیش لەو رستەیە تیٚگەیشتم کە نووسیبووی "بە فەرهاد بڵیٚن ئاگای لە سیحەتی خۆی بیٚت و زۆر خۆی ماندوو نەکات" و دەمزانی مەبەستی چییە، چونکە پیٚشووتریش زۆر جار ریٚنمایی دەکردم کە (پیٚویستە مرۆڤی کورد، کورد بیٚت و بە قازانجی میللەتەکەی سیاسەت بکات) ئەو (یانی باوکم) راستەوخۆ تیٚکەڵاوی شتە تایبەتییەکانم نەدەبوو، یاخود سیاسەتیٚکی دیاری لەسەر فەرز نەدەکردین، بەلام هەمیشە جەختی لەسەر مەسەلەی (کورد بوون) دەکردەوە، لەوانەیە لە شیوعی بوونەکەی من رازی نەبووبیٚت، بەڵام دیموکراتییانە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم بە پیٚچەوانەی مامم و کاکە عەبدەم کە هەمیشە سەرنشتی شیوعی بوونمیان دەکرد و هەمیشە لەژیٚر کاریگەرییەتیی گیانی کوردایەتی ئامۆژگارییان دەکردم کە (کورد بم نەك شیوعی) پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولیش لە هاوینی ساڵی ١٩٦١ فشاریان توندتر بوو وەك پەرچ دانەوەیەك دژ بە سیاسەتی حزبی شیوعی، کە خۆی لە داکۆکی کردن لە حکومەتی عبدالکریم قاسم دەبینیەوە، لەو سەر و بەندەدا رۆژیٚکی پاش بۆردومان کردنی چواردەوری کۆیە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ١٩٦١ بۆ یەکەم جار لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش کە پیٚشووتر تەیارەی ئەم جۆرەمان (میك، ئەلیوشن) لە ئاسمانی کۆیەمان نەدیبوو، سەر لە ئیٚوارەیەك لە خانووی تازەمان کە سیٚ ساڵیٚك بوو تیٚدا دەژیان بەدەم ئاودان و ریٚکخستنی باغچە گەورەکەی ماڵەوەمان، کە باوکم وەکو نەریتیٚك ئیٚواران خەریکی دەبوو، چونکە زۆر حەزی لە باغ و گوڵ چاندن هەبوو، زۆر جاریش ئیٚمەی بە تایبەتی (من و بەهرامی

کاکە عەبدە)ی لەگەڵ ئەو پیاوەی کە لای باوکم لە (محل)ـەکەی وەکو بەردەست لەگەڵی بوو کە ناوی (کاك صمد حەمە مەلا) بوو سەرقاڵی دەکردین بە ئاودانی دار و درەختی باغچەکەمان کە ئەوکاتە رووبەرەکەی (١٥٠٠ م٢) دەبوو، کە هەمووی درەختی سێو و هەنار و پرتەقاڵ و مێو بوو. سەر لە ئێوارەیەك پاش ئەوەی لە ئیش و کاری باغچەی ماڵەوە بووینەوە لەگەڵ باوکم دوو بە دوو لەناو چیمەنە دەوروبەر دراوکە بە گوڵی رەنگاوڕەنگ کە لە ناوەڕاستیدا مێز و کورسیی نایلۆنی لێ دانرابوو و سەرەڕای رووناك کردنەوەی بە گڵۆپی رەنگاوڕەنگ کە سیمایەکی رۆمانسیی نیشان دەدا و هەفتەی جارێکیش دۆستانی باوکم کە هەم دراوسێی یەکتر بووین کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (کاکە زیاد ئاغای غەفووری، بەکری حاجی محمدی بەنا-بەکر مەنجەڵ، عبدالحمیدی حاجی مەلا تۆفیق، مامەنداغای ساڵح اغای غەفوری، مەجیدی حاجی کاکە ئەمین) لەناو ئەم چیمەنە پاش نان خواردنی ئێوارە بە قسە و باسی هەمەجۆر کە تێدا سیاسەت سەرقافڵەی ئەم دانیشتنە بوو، لەگەڵ گوێگرتن لە دەنگوباسی رادیۆکانی (لەندەن، ئیسرائیل، تاران، دەنگی فەرەنسا) لە رێگەی ئەو رادیۆیەی کە لەسەر مێزی ناوەندیان دانرابوو بە تایبەتیش لە شەوانی ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦٣) ئەم دانیشتن و کۆبوونەوەیە دۆستانە هەموو شەوێك لە یەکێ لەو ماڵانەی کە لەسەرەوە ناوم هێنابوون، وەکو لە پێشەوە ئیشارەتم بۆ کردووە کۆدەبوونەوە، سەر لە ئێوارەیەکی هاوینی ساڵی ١٩٦١ پێش ئەوەی باوکم رەوانەی حەپسخانەی هەولێر و کوت بکرێت بۆ یەکەم جار پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨، باوکم و من دانیشتبووین، باوکم بەدەم (نێرگەلە کێشان) و منیش خەریکی خوێندنەوەی کتێبی (مەم و زین)ـەکەی ئەحمەدی خانی بووم کە (محمد سعید رمضان البوطي) وەریگێڕابوو بۆسەر زمانی عەرەبی، کە لە راستیدا دەتوانم بڵێم یەکەم جار بوو کە (کتێب) بە زمانی عەرەبی بخوێنمەوە، بەڵام پێشووتر لە رێگای رۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکان وەکو (اتحاد الشعب، التقدم، الاتحاد السوفیتی، الصین المصورە) ئاشنای زمانی عەرەبی ببووم، و ئەدەبییاتی حزبی شیوعیش

که بۆمان تەرجەمە دەکرا وەکو هەردوو کتێبی بڕیار لێدراو (كيف تصبح شيوعياً جيداً)ی لیۆ شاوشی و (من مستلزمات كفاحنا الوطني)ی فەهد، و بوونی هەندێ مامۆستایانی عەرەب لە قۆناغی دواناوەندی وەکو (عبدالرحمن سيد علی، حازم محمد العلی، عبدالحسين کە خەڵکی کەربەلا بوو، قاسم جاسم)، کە تێدا خوێندن لەم قۆناغەی ناوەندی و دوا ناوەندی بە زمانی عەرەبی بوو، ئەمانە هەموو تێکڕا یاریدەدەری فێربوونمان بوو بە زمانی عەرەبی، منیش ئارەزووی فێربوونی زمانی عەرەبی بووم، بۆیە ناوی خودام لێ هێنا و دەستم دایە کتێبی ناوبراو، کە بەڕاستی ناوەڕۆك و رستە عەرەبییەکانی کاری تێکردم.

لەم ئێوارەیەدا کە لە نزیك باوکمەوە دانیشتبووم ناوە ناوە پرسیاری هەندێ مانای کوردیی وشە عەرەبییەکانم لێ دەکرد ئەویش بە بۆچوونی خۆی وەڵامەکانی شی دەکردەوە، پاش ماوەیەك کە خوێندنەوەی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی هەندێ ماندووی کردم، کتێبەکەم لەسەر مێزەکە دانا. دیاربوو باوکیشم ئەم پشووەی بە هەل زانی و لە نێوانماندا ئەم گفتوگۆیە هاتە ئاراوە:

**باوکم**: فەرهاد دەنگو باس چییە؟، حزبی شیوعی چی دەڵێ لەسەر ئەم وەزعەی ئێستا کە خەریکە شۆڕش درووست دەبێت؟.

**بەندە**: حزب (یانی حزبی شیوعی) دەڵێ ئەم تەنگ و چەڵەمەیە (ئاغا و خاوەن موڵك و زەرەرمەندانی یاسای "ئیسلاحی زراعی" درووستییانکردووە، ئەوەتا لە زۆر شوێن چەکدار رێگا و بانیان گرتووە)، حزب ئەمە بە کارێکی خراپ دەزانێ، بە تایبەتیش بەرامبەر بە حکومەتێکی نیشتمانی.

**باوکم**: کوڕی خۆم کە "مانگ هەڵات پێویست بە ئەنگوست ناکات" ئەم خەڵکە شێت نەبوو لەم شاخ و داخە چەك هەڵبگرێ، عبدالكريم قاسم بە تەواوی لایداوە، ئەقڵت هەبێت جارێ لە پێشەوە هەموو ئەحزابی سیاسی لە عیراق ئیجازەی بۆ کاری ئاشکرا وەرگرت تەنها حزبی شیوعی نەبێت، لە وەعدەکانی خۆیان بەرامبەر بە کورد پەشیمان بوونەتەوە، رۆژنامەی خەبات رۆژانە داوای بەخۆدا چوونەوەی حکومەت دەکات، پارتی چەندان یاداشتنامەی داوەتە

حکومەت، بە سەدان فەرمانبەر و پۆلیسی کورد نەقڵی جنوب کراون، مەلا مستەفای بارزانی دەمێکە هاتۆتەوە کوردستان و دەڵێن لە عبدالکریم قاسم توورەیە، سەرکردەکانی پارتی هەندێکیان ئەمری حپسبوونیان بۆ دەرچووە و خۆیان شاردۆتەوە، من ٢٠ رۆژێك پێش ئێستا سەردانی زورراعەکانی (جووتیار) بتوێنم کرد ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ من هەیە پاشان بە رێککەوت لەگەڵ (قادری ماما اغا) (کە ئەویش مامەڵەی توتنی لەگەڵ باوکم هەبوو لە بتوێن). سەردانی کاکە باسم (خوالێخۆشبوو عەباس اغای مامەنداغا سەرۆکی عەشیرەتی ئاکو) کرد لە سەرکەپکان کە چواردەوری سەرکەپکان بە سەدان تفەگچیی لێبوو، نیوەرۆ پێکەوە لە دیوەخانی ئەو نانمان خوارد، باس و خواسم لێ پرسی کاکە باس زۆر بە ئاشکرا گوتی (ئەمە شۆڕشی غەدر لێکراوانە حزبیش (مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە) لەگەڵدایە، مام جەلال و عومەر دەبابە لە هاتوچۆدان، عبدالکریم قاسم پیاوێکی ئاقڵ نییە، ئەگەر ئەقڵی هەبا کوردی لە خۆی نەدەکردە دوژمن، شۆڕشی کوردان بەرێوەیە تا دەگەینە ئامانج).

**بەندە**: باشە چەند چەکدارێك دەتوانن شەڕی حکومەت بکەن؟ پاش هاتنی چەند تەیارەیەك و بۆردومان کردنی چەند ناوچەیەك، چەکداری لەو ناوە نەهێشت (پێشووتر لەو یەك دوو مانگەی رابردوو چەکدارانی عەشایەر و دۆستانی پارتی لە ناوچەی کۆیە لە چیای هەیبەت سوڵتان و چنارۆك و باواجی جێگیر ببوون و شەوانە ئاگریان دەکرد و ناوە ناوەش دەهاتنە دەوروپشتی کۆیە).

**باوکم**: ئەم کێشەیە بە بۆردومان تەواو نابێت، دوێنێ شەو لە ماڵی کاکە زیاد اغا بووین و بۆی گێڕاینەوە کە ئەو (یانی کاکە زیاد) پێش ماوەیەك بە باوەڕ پێکراوێکی خۆی نامەیەکی بۆ (مەلا مستەفای بارزانی) ناردووە بۆ بەرچاو روونی و بزانێ بارودۆخەکە بە کوێدا دەڕوا، باوەڕ پێکراوەکەی کاکە زیاد هاتۆتەوە و لە زاری مەلا مستەفاوە گوتویەتی "ئینتیزاری چاکە لە عبدالکریم قاسم ناکرێ، پیاوێکی سەرسەختی بێ ئەقڵە، کار لە کار ترازاوە،

بەڵام دەبێت دان بە خۆماندا بگرین، بەڵام ئەم شەڕەمان (شۆڕش) هەر لە پێشە".

**بەندە**: باشە مەلا مستەفای بارزانی بۆ دەڵێ "دان بەخۆماندا بگرین" دیارە تاکو ئێستاش ئەمەلی بە حکومەت ماوە.

**باوکم**: مەلا مستەفا پیاوێکی بیرمەند و لێهاتووە، سەرکردەیەکی قاڵبووەی شەڕە (٣) حکومەت دەرەقەتی نەهاتن، کە بەرەو روسیا چوو، ئەو دەزانێ دونیا چ باسە و چی خێری کوردی تیایە.

**بەندە**: حزب (یانی حزبی شیوعی) دەڵێ نە بارزانی نە پارتی وەکو حزب تاکو ئێستاکە نیشانیان نەداوە بە رەسمی کە ئەوان لەپشت ئەم مەسەلەیەدابن. تەنها شەڕی عەشایەرییە.

**باوکم**: کوڕم واز لەم قسە قۆڕانە بێنە، حزبی شیوعی خراپ لەو مەسەلەیە گەیشتووە، تۆ منداڵی و کەم تەجروبەی، جاریێ زۆر شت ماوە تا لەم دونیا و سیاسەتە بگەی. حزبی شیوعی حزبێکی (ئومییە) بە لای (قەومییەت)دا ناچێ، ئەوەتا تەجروبەی (مەهاباد) زۆر لە مێژ نییە کە رووسەکان بۆ چەند گالۆنە نەوتێك پشتیان لە قازی محەمەد کرد و جمهورییەتەکە تێکچوو و قازیش ئیعدام کرا، پێم ناخۆشە حزبی شیوعی بە غەڵەتدا بچێت، بەڵام ئەمە واقیعەکەیە. من پێت ناڵێم شیوعی مەبە، چونکە ئێستاکە سواری عەقڵی خۆت بویت و لێی نایەیتە خوارێ، و دەشزانم بەقسەشم ناکەیت، بەڵام یەك شتت پێ دەڵێم وەکو ئەڵقە لە گوێی خۆتی قایم بکە، (پێش هەموو شتێك (کورد)بە و ئەوەی خێری کورد و کوردستانی تێدایە بیکە، ئەگەر دەزانی شیوعییەت خێری کوردی تێدایە لەگەڵی برۆ، و ئەگەر رۆژێك زانیت و هاتییە ئەو قەناعەتە کە لەگەڵ بیر و باوەڕی قەومییەت ناگونجێ، بیری لێ بکەوە و بە ئاقڵی تەسەروف لەگەڵ بکە).

لەم دانیشتنە دوو قۆڵییە نەگەیشتینە شتێك، بەڵام سەرەتای درووستکردنی بیرۆکەیەکی تازەی لێکدانەوەم بوو بۆ هەموو ئەو رووداوانەی کە دەهاتە پێشەوە بە تایبەتیش ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە کورد و

کوردستانەوە هەبوو، چونکە پێشووتریش بە حوکمی کوردایەتیی باوکم و مامم و کاکە عەبدەم، کەشو هەوای ماڵەوەمان سیما و مۆرکی کوردایەتیی پێوە دیار بوو، سەرەڕای شیعرەکانی باوکم لەسەر کورد و بارزانی، تا رادەیەکی زۆر گەورەی خۆشەویستیی کورد و بارزانیی لامان خۆشەویست کردبوو (بەندە) سەرەڕای ئەوەی لە تەمەنی چواردە ساڵی بوومە ئەندام لە حزبی شیوعی، بەڵام هەمیشە لایەنی قەومییەتم لا بەهێزتر بوو، چونکە هەر لەو تەمەنەدا بوو کە شیعرم بۆ کورد و کوردستان نووسیوە کە هەردووکیان لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) بڵاومکردوونەتەوە، یەکێکیان بەناوی (خاکی کوردستان) و دووەمیان بەناوی (کوردم)، بۆیە لەگەڵ چوونە پێشەوەم لەناو ریزەکانی حزبی شیوعی بیر و باوەڕی نەتەوایەتیم گەورەتر دەبوو، سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن درووستی کردبوو، کە تێیدا سەرکردەیەکی ئەفسوناوی خۆشەویست رابەرایەتیی دەکرد.

جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو کۆبوونەوەی شانە سەرەکییەکەی حزبی شیوعی کە لە یەکێ لە رۆژەکانی کۆتایی مانگەکانی ساڵی ١٩٦٢ ئەنجامدرا، کە تێیدا لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی کە بۆ (تەفتیش) ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، تێیدا راستەوخۆ سەرەڕای ئەو بابەتەی کە بە درێژی باسم لێوەکرد و دەربارەی رووداوەکان و گفتوگۆیەکانی نێوان باوکم و بەندە و کاریگەریی مامم و کاکە عەبدەم، وای لێکردم دوا بە دوای کۆبوونەوەکە (بیرۆکەی واز هێنانم) لە حزبی شیوعی گەڵاڵە بوو. شەو لە ماڵەوە لە ژوورەکەی خۆم کە لە نهۆمی دووەمی خانووەکەمان بوو بە مێشکێکی ئارامەوە دەست لەکار کێشانەوەم لە حزبی شیوعی نووسی و بۆ بەیانی پێشکەشی سەرپەرشتکاری لیژنەی سەرەکیی قوتابخانەم کرد، گەرچی برای بەڕێز مەلا بەکر، کە هەم هاوڕێ و هەم دراوسێی یەك بووین بۆماوەی چەند سەعاتێك بۆ رۆژی دوایی بەدەم پیاسەوە بۆلای گۆڕستانی (باسکی عارەبیان) زۆ لەگەڵم خەریك بوو کە پەشیمانم بکاتەوە لەم وازهێنانە، بەڵام من (مکوڕ) بووم لەسەر ئەو قەناعەتەی کە لەلام درووست ببوو.

سەرەڕای وازهێنانم لە حزبی شیوعی کە هۆکار و بارودۆخەکەیم بە درێژی باس کرد چونکە ئەو بابەتە و ئەو قۆناغەی ژیانی من پێویست بەوە دەکات راشکاوانە لێی بدوێم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من هیچ کاتێك چاکەی حزبی شیوعیم بیرنەچووە کە فێری شتی زۆر باش و بەکەڵکی کردم. بەتایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاری، کە قۆناغێکی زۆر هەستیارە و وای لێکردم هەمیشە بەدوای خۆ رۆشنبیرکردن بکەوم فێری زەوابتی (انضباط–دیسەپلێن) لە کاری حزبایەتیدا کردم کە لە (٤٥ ساڵە)ی تەمەنم لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان رەنگدانەوەی هەبێت، لە هەمان کاتیشدا رۆژێك لە رۆژان پاش ئەو هەموو ساڵەی کە حزبی شیوعیم تێدا بەجێهێشتووە، قسەی ناڕەوا و هەڵسوکەوتی نابەجێم دەرحەقی نەرکردووە (وەکو هەندێ کەس کە لە پێناو و کورسی و دەستکەوتی ماددی و خۆ رەپێش کردن یاخود رەشوەت دان بە ئەم و ئەو هیچی چاك بەو حزبە ناڵێن)، لای من هەمیشە بە حزبێکی چەپی نیشتمان پەروەرم زانیوە و بە رێزەوە باسی لێوە دەکەم، سەرەڕای رەخنەلێگرتنم (رەخنەی بابەتی) لە هەندێ لە سیاسەت و بۆچوونی ئەو حزبە و هەندێ لە سەرکردەکانی لە قۆناغی جیا جیا، کە ئەمیشیان مافێکی سروشتیی هەموو کەسێکە.

بە وازهێنانم لە حزبی شیوعی عیراقی، قۆناغێکی دیکە لە ژیانم دەستی پێکرد، کە ئەمیشیان خۆ دوورخستنەوە بوو لە تێکەڵاو بوون لەگەڵ لایەنێکی دیکەی سیاسی، بڕیارم دا بۆ ماوەیەك دوورەپەرێز خۆم رابگرم و تەماشای بارودۆخەکە بکەم بە چاوێکی بێ لایەنانە و دوور لە دەمارگرژی، لە هەمان کاتیشدا وازهێنانەکەم نەکردە وەرەقەیەك بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە لایەکی دیکە یاخود لەناو خەڵکدا باسی لێوە بکەم یان خوانەخواستە قسە و قسەلۆك بۆ حزبی شیوعی درووست بکەم و هۆکاری وازهێنانەکەم بڵاو بکەمەوە، بەڵکو دۆستایەتیی پتەوم لەگەڵ هاوڕێ شیوعییەکان و دۆستە پارتییەکانم بە یەکسانی مایەوە، بەڵام هەندێ لە دۆستە پارتییەکانم بە تایبەتیش (فریاد محی الدین أسعد) کە برادەرێکی نزیکم بوو تاکو رۆژی (کۆچی دوایی) لە وڵاتی

ئەڵمانیا لە رۆژی ٢٠ لەسەر ١٢/٢١ی ساڵی ١٩٩٣ برایەتی لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی شاری بەرلین (هەواڵەکەم لە ژمارە ١٨٣٧ی رۆژنامەی برایەتی رۆژی ١٩٩٤/١/٢ لە لاپەڕە چوار بڵاوکردەوە و رۆژی ١٩٩٤/١/١ لە گۆڕستانی کەکۆن لە کۆیە بە خاك سپێردرا، و لە ژمارە ١٨٥٩ی رۆژی ١٩٩٤/١/٢٩ لە لاپەڕە چواری برایەتی و لەژێر ناوی "یادێکی زیندوو" هەواڵی چلەکەی بڵاوکرایەوە کە لەلایەن خانەوادەکەیەوە ئامادە کرابوو) و دۆستایەتیمان وەکو خۆی مایەوە و هەمیشە ئاگامان لە بارودۆخی ژیانی رۆژانەی یەکتری بوو، سەرەڕای ئەوەی بەندە پێشووتر شیوعی بووم، ئەویش وەکو ئەندامێکی خێزانی خۆیان پارتی بوون و برا بچووکی برایانی بەڕێز کاك (کمال محی الدین و کاك حاجی محی الدین)ە، بە وازهێنانەکەمی زانی، بەڵام دوور و نزیك باسی مەسەلەکەی لەگەڵ نەکردم.

کەشو هەوای سیاسی لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی ١٩٦٢ تاکو رۆژی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ (رۆژی کودەتا خوێناوییەکەی بەعسییەکان) جۆرە هێمنییەکی پێوە دیار بوو، سەرەڕای ئەوەی شەوانە تەق و توق و هێرش کردنە سەر رەبایەکانی حکومەت لە کۆیە هەبوو، ناوە ناوەش دەستەیەك پۆلیس پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکرد، سەرەڕای پەیوەندیی خەڵکی ناو شارەکان تەوژم و هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵکشاندا بوو، بە پێچەوانەی رێکخستنەکانی حزبی شوعی کە ئەم دیاردەیەش پێچەوانەی بارودۆخی ساڵی یەکەم و دووەمی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز بوو، کە تێیدا حزبی شیوعی باڵادەستی یەکەمی کۆیە و کوردستان و عیراق بوو، هۆکاری هەڵکشانەکەی پارتی دەگەڕێتەوە بۆ دروشم و بیر و بۆچوونە نەتەوایەتییەکانی پارتی سەرەڕای هەڵگیرسانی شۆڕش و پەیدابوونی پێشمەرگایەتی، ئەمەیان لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە پاشگەز بوونەوەی حکومەتی عبدالکریم قاسم لەو وەعد و وعودانەی کە لە سەرەتای شۆڕشی ١٤ی تەمموز دابووی بە کورد، لە لایەکی دیکەشەوە کەسایەتی و ناوبانگی (مەلا مستەفای بارزانی) کە

ڕێبەرایەتی پارتی و شۆڕشی دەکرد هۆکارێکی بەهێزی دیکەی هەڵکشانی پارتی بوو.

بارودۆخی خێزانمان تا رادەیەك جێگیر بوو، بەڵام دووری باوك کە دوورییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو لە حەپسخانەی بەد ناوی (نوگرە سەلمان) نزیکەی دوو ساڵی بەسەر برد، ئاشکراشە کە باوکم وەکو بازرگانێکی دەوڵەمەند دەیان هەزار دیناری دابوو بە جووتیارانی هەندێ لە گوندەکانی دەشتی کۆیە و تەتەق و دەشتی بتوێن و گوندەکانی قەسرۆك و کلاوە سوران و زنگزنگە و پوکە و... هتد، بۆیە ئەو بارودۆخە سەرەڕای شەونخوونی بەهرامی کاکە عەبدە و هەندێ لە دۆستانی وەکو خوالێخۆشبووان (ئیسماعیل مەلا نوری، حسام الدین مەلایان، مامەی جەلال اغای غەفووری، کاك ساڵحی مام مستەفای خزممان لەگەڵ سەعید تەق تەقیی برای، کە ئەویش بە جێبە شڕەکەی خۆی لەم گوند و لەو گوند دەسوڕایەوە، بەڵام دیسان سەرەڕای هەوڵ و کۆششی ئەو پیاوە چاکانە بازرگانیی باوکم تووشی زەرەر و زیان بوو، ئینجا بارودۆخی دوای کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، مەسەلەکەی زیاتر بەرەو زەرەر و زیانی زۆرتر کرد و ئەم دونیایەی بە دونیایەکی دیکە گۆڕی.

## کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣

سەرلەبەیانیی رۆژی هەینی رێککەوتی ١٩٦٣/٢/٨، تازە لە خەو هەڵسابووم کاتێ تەماشای کاتژمێری ژوورەکەم کرد کە لە بەرامبەر جێگای نووستنەکەم هەڵواسرابوو کاتژمێر (٧)ی بەیانیی نیشان دەدا، پاش چەند چرکەیەك، راستەوخۆ دەستم بۆ رادیۆیەکەی تەنیشتم برد کە لە جۆری (فلیپس)ـی هۆڵەندی بوو، لەسەر مێزێکی بچووك لە تەنیشتمەوە دانرابوو. خەڵکی رۆژانی هەینی و پشوو درەنگتر لە خەو هەڵدەستن، بەڵام بەندە هەر لە سەرەتای مێردمنداڵیمەوە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ لێم بۆتە (عادەت) کاتژمێر پێش (٧)ی بەیانی هەڵدەستم، بۆیە ئەو رۆژەش وەکو رۆژانی پێشووتر (میل)ـی رادیۆکەم بردە سەر ئێستگەی (لەندەن) بە مەبەستی گوێگرتن لە هەواڵی ئەو ئێستگەیەی

که خەڵکی کوردستان لەگەڵ چەند ئێستگەیەکی دیکە عادەتی گوێگرتنیان پێوە گرتبوو، چونکە ئێستگە عەرەبییەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی بە هیچ جۆرێك هەواڵێکیان بڵاو نەدەکردەوە کە بۆنی کوردی لێبهاتایە، کاتی کورتە هەواڵی ئێستگەی لەندەنم گوێ لێبوو، کە هیچ هەواڵێکی دەربارەی کورد تێدا نەبوو، کوژاندمەوە، بۆیە یەکسەر دەستم بۆ ئەو رۆمانە برد کە چەند رۆژێك بوو خەریکی خوێندنەوەی بووم بەناوی (ابنة الضابط) کە نووسەرەکەی رۆماننوس (الکسندر پوشکین)ـە، لەسەرخۆ دەمخوێندەوە لەناو جێگادا، کە ئەمیش بۆتە شێوازی خوێندنەوەم، تا کاتژمێر (٨:٣٠) دایکم بۆ چەند جارێك بانگی کردم "فەرهاد، بارام، خەسرەو، هەستن درەنگە نان بخۆن" بۆیە بە ناچاری هاتینە خوارێ بۆلای هۆڵی گەورەی نانخواردن، کە ئێمە وەکو خێزان هەموومان لەو رۆژەدا نانی بەیانیمان لێ دەخوارد، کە ئەوسا ژمارەی خێزانی گەورەمان ١٥-١٦ کەس دەبووین بێ ئەوەی دەنگێك لەناو ئەو ماڵەدا گوێ بیستبێ بیت، چونکە هەندێ لە ئەندامانی خێزان تاوەکو ئەو کاتەش لە خەو هەڵنەستابوون، نزیکە کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی (من و بارام) بە پێ لە ماڵ دەرچووین بە مەبەستی چوونمان بۆ (محل)ـەکەی باوکم تاکو ئەو رۆژەی پشووە تەرخانی بکەین بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی باوکم لە (محل)ـەکەی، چونکە ئەو وەکو باسم لێوەکرد لەم کاتەدا لە (نوگرە سەلمان) حەپس بوو.

کاتێ لە دەرگای ماڵ هاتینە دەرەوە تووشی خوالێخۆشبوو مامۆستا (کەمال رەشید حەوێزی) بووین، کە هەم جیران و هەم دۆستی نزیکی باوکم بوو، دیار بوو هەندێ پەشۆکاو بوو، هەر بۆیە یەکسەر رووی تێکردین و گوتی:

**مامۆستا کەمال**: خێرە بەو بەیانییە بۆ کوێ دەچن بگەڕێنەوە (أنقلاب) لە بەغدا روویداوە.

**بەندە**: ئینقلابی چی؟! کێ کردوویەتی؟

**مامۆستا کەمال**: ئاشکرایە کێیە، کێن ئەوانەی دوژمنی دیموکراتییەتن؟، لە بەعسییەکان زیاتر کێی دیکە هەیە بیر لە ئینقلاب بکاتەوە.

**بارام**: مامۆستا چۆنت زانی ئینقلابە؟

**مامۆستا کەمال**: هاتم پێتان بڵێم ئەوا ئێستگەی بەغدا هاوار دەکا و دەڵێ زەعیم عبدالکریم قاسم کوژراوە.

**بەندە**: مامۆستا با بچین بۆ ماڵی ئێمە چونکە رادیۆیەکەی ئێمە گەورەترە و باشتر وەریدەگرێ.

مامۆستا کەمال و بەندە گەڕاینەوە ماڵێ، بەڵام بارام زۆر گوێی بە مەسەلەکە نەدا و بەرەو بازاڕ رۆیشت، ئێمەش کاتێ رادیۆیەکەی ژووری پێشوازی گەورەمان کردەوە، یەکەم شت کە گوێمان لێبوو.. دەنگی ئافرەتێك بوو کە هاواری دەکرد و هاوارەکەشی لە قیژاندن دەچوو، کە سەرەتاکەی ئەو رستەیەی دەگوتەوە "یا عمال شیخ عمر.. ویا نساء الأعظمیة". پاش ماوەیەکیش بەیانی ژمارە (١) بە ناوی (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتیی شۆڕش) چەند جارێك خوێندرایەوە، پاشانیش بەرە بەرە بەیاننامەی خانەنشینکردنی ئەفسەرانی پلە بەرزی سوپای عیراقی کە نزیك و دڵسۆز سەر بە رەوتی عبدالکریم قاسم بوون، یاخود ئەندامی حزبی شیوعی و نزیك لەو حزبە بوون و لە جیاتی ئەوان ئەفسەرانی سەر بە رەوتی کودەتاچییەکان دادەنران.

لە راستیدا ئەم رووداوە یاخود ئەم کودەتایە لەسەر رۆشنایی قسەکانی مامۆستا (کەمال رەشید حەوێزی) وەکو مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون و ئەندام لە حزبی شیوعی عیراقی، کەش و هەوای خێزانەکەمانی تووشی دڵەڕاوکێ و ترسێکی گەورە کرد، چونکە وەکو باسی لێوەکرد (بەعسییەکان دەست لە هیچ ناپارێزن، چونکە حزبێکی فاشستن و سیاسەتی ئەوان تەنها کوشتن و بڕینە) لەو سەر و بەندەدا (نەنکم پیرۆز عبدالله قادر کە دایکی باوکمە و دایکم و پورە عاسمەم کە ئەویش خوشکی باوکمە) هەر پەکو پەکویان بوو ماڵەکەمان وەکو ماڵێکی خاوەن (پرسە) دەهاتە پێش چاو، بەهۆی ئەوەی باوکم لە (نوگرە سەلمان) حەپسە، نەنکم هەر خەریکی نزا و پاڕانەوە بوو و لەسەر بەرماڵ نەدەهاتە خوارەوە و رووی لە ئاسمان دەکرد و دەیگوت و دەیگوتەوە "خوایە کوڕەکەم تەسلیم بە تۆ کرد، خوایە بیپارێزی، ئەوەی لە دەستم هات دەیکەمە خێری مەولودی پێغەمبەر، خوایە هاوارە).

**رادیۆی بەغدا هاوار هاواری بوو، بەیان لەدوای بەیان دەخوێندرایەوە، نزیك سەعات (١٢) نیوەڕۆ بارام گەڕایەوە ماڵەوە و موژدەی هاتنی (پێشمەرگە)ی پێ ڕاگەیاندین بۆناو شاری کۆیە و گوتی (پێشمەرگە لە هەموو شەقام و سەرکۆڵانەکان ڕاوەستاون و قەرەباڵغییەکی زۆریش لە مزگەوتی (مەحموداغا) هەیە و بۆتە بارەگای لێپرسراوانی شۆڕش و پێشمەرگە). ئێمە لەو قسانەدا بووین کاتێك لە دەرگای دەرەوەمان درا، دایکم چوو دەرگای کردەوە، دیتمان کوڕێکی کەڵەگەتی کلێتەبەسەر و چەك لە شان هاتە ژووریّ، دیار بوو دایکم یەکسەر ناسیبووی، کاتیّ هاتە ژوورەوە زوو ناسیمان، کە ئەویش (حەمە زیاد تەق تەقی) بوو، ناسیا و دۆستمان بوو، سەرەڕای خزمایەتی لەگەڵ خزمەکانی ئێمە لە تەق تەق هەبوو، حەمە زیاد تفەنگێکی جۆری (سیمینۆف)ی ڕووسیی پێبوو و جل و بەرگی خاکی بوو، لەگەڵ دانیشتنی نەنکم بە هەڵەوداوان هات پێش ئەوەی بەخێرهاتنی بکا، ڕووی لە حەمە زیاد کرد و گوتی (حەمە زیاد دەبیّ عوسمان (مەبەست لە عوسمان عەونیی باوکمە) بە سەلامەتی بێتەوە؟ خۆ نایانکوژن!) خوالێخۆشبوو حەمە زیادیش کە نەنکمی باش دەناسی، چونکە پوورە کافییە کە خوشکی نەنە پیرۆزمە شووی بە حاجی وەلیی حاجی مستەفای تەق تەقی کردووە، و حاجی وەلیش خزمایەتیی لەگەڵ دایکی حەمە زیاد هەبوو. حەمە زیاد پێش ئەوەی قسە بکات هەڵسا سەر پێوە زوو دەستی نەنکمی ماچ کرد و گوتی (نەنە گیان هەر چەند ڕۆژێکی دیکەیە کاکە گەورە (یانی باوکم) بە سەلامەتی دێتەوە، چونکە کاکە لەسەر کوردایەتی گیراوە و عبدالکریم قاسم گرتوویەتی، ئێمەش وەکو ئەو حکومەتە تازەیە دژی عبدالکریمین، دڵت هیچ نەکات، انشاءالله کە بە سەلامەتی هاتەوە، دەبێت قاتێکی ئەفسەری جلی کوردیی باشم بۆ بکریّ) نەنکیشم بەدەم نزا و تەسبیحاتەوە گوتی (حەمە زیاد، وەعد بێت لە جیاتی قاتێك دوو قات جلی کوردیت بۆ بکڕم، کا بۆ ئەو ڕۆژە) و دەستی کرد بە گریان.**

**بە خوێندنەوەی بروسکەی پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە ئیمزای خوالێخۆشبووان (ساڵح یوسفی و فوئاد عارف) خوێنرایەوە،**

بارودۆخی ماڵی ئێمە گۆڕا و جۆرە فەرامۆشییەکی پێ بەخشین، بۆیە حەمە زیاد سەر لە ئێوارە هاتەوە لامان و هەمان موژدەی راگەیاندنی ئەم بروسکەیەی پێداین.

کۆیە لە پاش روودانی کودەتاکە رۆژ لە دوای رۆژ قەرەباڵغتر دەبوو، پێشمەرگەیەکی زۆر رووی لە کۆیە کردبوو (مام جەلال) بە جلێکی کوردیی پێشمەرگانە و چەکەوە و بە کلاوێکی رووسی گەیشتە کۆیە، لەگەڵ چەندین سەرکردەی پێشمەرگەی دیکە. حکومەت لەو کاتەدا لە کۆیە بریتی بوو لە سەرای کۆیە و ئەو هێزە پیادەیەی پۆلیس (قوة الشرطة السيارة) کە لە قشلەی کۆیە پێشووتر جێگیر ببوون، بەڵام هێزی پێشمەرگە لێیان نزیك نەدەبوونەوە، دیمەنێکی سەیر لە کۆیە دەدیترا کە وەکو (تابلۆیکی سوریالی) دەهاتە بەرچاو، هاتنە ناو کۆیەی پێشمەرگە لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانیان، و وجودی حکومەت لە سەرا و قشلە، هاتنی لێپرسراو و ئەندامانی حزبی شیوعی بۆ خۆرزگارکردن لە دەستی قەتڵوعامی بەعسییەکانی کودەتاچی و هاتنی چەند جارێك تەیارەی (هیلی کۆپتەر) و نیشتنەوەی لە گۆڕەپانی تۆپی پێی کۆیە کە لێپرسراوانی بەغدای دەهێنا، بەرامبەر قەبرستانی عاربیان کە بەڕاستی دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر بوو.

بە دەستپێکردنەوەی دەوام لە پاش بەکۆتا هاتنی پشووی نیوەی ساڵ لە ٢/١٥ دەوامی قوتابخانەمان تا رادەیەك رێك و پێك بوو، مامۆستا (ئەمجەد نوالدین جەلی زادە) بەڕێوەبەری سانەویی کۆیە بوو، چەند مامۆستایەکی عەرەبی شیوعی ئەو کاتە لە کۆیە دوورخرابوونەوە وەکو مامۆستایان (معاذ یوسف، قاسم جاسم) بەڵام مامۆستای وانەی کیمیا (عبدالحسين) کە خەڵکی کەربەلا بوو ئەو لە کاتی روودانی کودەتای ٨ی شوبات لە کۆیە نەبوو و مامۆستا (معاذ یوسف)یش نازانم بە شێوەیەك لە کۆیە دیار نەما تەنها مامۆستا قاسم نەبێت کە ئەویش لەگەل بەندە تووشی ئەم رووداوە بووین..

پاش ئەوەی دەنگوباسی مفاوەزات هاتە ئاراوە حکومەتی ناوچەیی کۆیە هاتەوە سەر خۆ و زیاتریش زانیارییان لەسەر شیوعییەکان کۆدەکردەوە

گەرچی لە ژێرەوەش کاری سیخوڕی خۆیان بەرامبەر پێشمەرگە و پارتی و کۆکردنەوەی زانیاری دەکرد.

ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٠ کاتێ ئێمە لە دەرسی دووەمی ئەو ڕۆژە بووین و دەرسەکە ریازییات (ماتماتیك) بوو، بەندە ئەوکاتە لە پۆلی ٣ی ناوەندی بووم، لە قوتابەخانەی سانەوی کۆیە، کە ئەو کاتە سانەوی کۆیە بریتی بوو لە (پۆلی یەکەم تاکو پۆلی پێنج بە هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی)، چونکە ئەو کاتە پۆلی شەش نەبوو، ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٠ کاتێ پۆلەکەی ئێمە لە دەرسی دووەمی ئەو ڕۆژەدا مامۆستا قاسم جاسم دەرسی (جەبر)ی پێ دەگوتین چونکە ئەو مامۆستای بیرکاری (ریاضیات) بوو لەو کاتی ئێمە خەریکی دەرس خوێندن بووین لە دەرگای پۆلەکەمان درا و مامۆستا قاسم دەرگای کردەوە دیتی (سەید بەکر) کە یەکێك لە خزمەتگوزارەکانی قوتابخانە بوو، بە دوو وشە چونکە عەرەبیی نەدەزانی و بە ئیشارەت گوتی (فەرهاد... مودیر)، مامۆستا قاسم تێگەیشت کەوا مودیر منی دەوێ، منیش یەکسەر هەڵسام و هاتمە دەرەوە، سەید بەکر راستەوخۆ پێی گوتم (حەسەنەفەندی مفەوەزی ئەمن لەگەڵ (٧، ٨) پۆلیس وا لە ژووری مودیر دانیشتوون داوای (توو و قاسمەفەندی) دەکەن، و یەکێك لە پۆلیسەکان کە کوردە و خەڵکی کۆیەیە هاتە ژوورەکەی ئێمە (ژووری خزمەتگوزارەکان) کە هەمیشە چای تێدا لێدەنرا بۆ مودیر و مامۆستایانی قوتابخانە، بە دزی پێی گوتم (بۆ گرتنی ئەم دوو کەسە هاتووین) لەم کاتەدا مودیر بانگی کردم و لەبەر چاوی حەسەنەفەندی پێی گوتم (سەید بەکر بڕۆ لە پۆلی سێ بانگی مامۆستا قاسم و قوتابی فەرهاد عەونی بکە) سەید بەکر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی من عەرەبی نازانم توو تێی بگەیەنە ئەوی دی کەیفی خۆتانە).. منیش یەسکەر بانگی قاسمەفەندیم کرد و پێم گوت (الشرطة والأمن جاين لأعتقالنا، أنا أهرب فوق السياج لأن الشرطة بالباب) لەو کاتە قاسمەفەندی بە لایەك و بەندەش بە لایەك، ئاگامان لێکتر نەما، بەسەر دیواری لای باشووری خۆرئاوای قوتابخانە بازم دا و کەوتمە ماڵێك، کە ئەویش ماڵی کاك (حەوێز فەتاح) بوو، کە فەرمانبەر بوو لە دائیرەی ئەوقافی کۆیە،

خێزانی کاك حەوێز ئەوکاتە لە حەوشی ماڵەکەیان خەریکی ئیشوکار بوو، کاتێ منی دیت بەسەر دیواری نێوان مەکتەب و ماڵی ئەوان دێمە خوارەوە نەختێ پەشۆکا و خەریك بوو هاوار بکات، بەڵام بەندە یەکسەر پێم گوت (خوشکی خۆم، ئەمن و پۆلیس هاتوون بمانگرن، ئێمەش هەڵاتووین بۆیە ناچار بووم خۆم دەرباز بکەم)، ماڵی ئاوا بێت خێزانەکەی کاك حەوێز هەر زوو درگای دەرەوەی ماڵەکەی کردەوە و گوتی "چاوم کوێر بێت بۆتان".. منیش بۆی دەرچووم بۆلای گەڕەکی ئیسکان و لەوێشەوە بۆ ناوچەی زرێبار و بناری چیای باواجی، ناوە ناوەش رادەوەستام و ئاوڕم لە کۆیە دەدایەوە تاکو بزانم کەسم بەدواوە نییە، بۆیە لە زرێبار کەمێ پشووم دا و کاتێکم زانی (قاسمەفەندیش) بە هەڵەوداوان لە رێگای کۆیە–حەمامۆکەوە بۆ ئەو ناوە دەهات، بۆیە هەر زوو خۆمم لێ ئاشکرا کرد، دیار بوو زۆر ترسابوو بۆی گێڕامەوە و گوتی (کاتێ تۆ خەبەرەکەت پێدام من بە دەرگای سەرەکی هاتمە دەرەوە.. دوو پۆلیس راوەستابوون لە سەرەتادا منیان نەناسی، بەڵام کاتێ سەد مەترێك دوورکەوتمەوە بۆلای ماڵی ئێوە (ماڵی ئێمەش هەر ٥٠٠ مەترێك لە قوتابخانەکەمانەوە دوور بوو، کە دەکەوێتە سەر رێگای حەمامۆك) پۆلیسەکان دیارە هەستیان پێکردبوو بە دەنگی بەرز دەنگیان دام، بەڵام هەندێ لە قوتابییانی مەکتەب ئەوکاتە دەرسیان نەبوو، کردیانە هەڵا و هوریا و سەریان لە پۆلیسەکان شێواند و من رزگارم بوو.. دەمزانی ئەو رێگایەش بۆکوێ دەچێت، و حکومەتی لێ نییە چونکە من دووساڵە لەو شارەم، زۆر جار لەگەڵ مامۆستایان پیاسەمان بۆ حەمامۆك کردووە). لەگەڵ قاسمەفەندی بە بناری چیای باواجی سەرکەوتین، پاش نەختێك تووشی یەك دوو (چادر)ی لە (مو) درووستکراوی رەنگ رەش هاتین، کاتێ لێیان نزیك بووینەوە پیاوێکی کەڵەگەتی لاوازی لێ راکشا بوو، چادرەکە خاوێن دەهاتە بەرچاو، ئەرزەکەی بە (لباد) و لاکیش داپۆشرابوو، لە ناوەڕاستی چادرەکە ئاگردانێکی ئاسنیی پڕ لە (پشکۆ) و قۆرییەکی فافۆنی رەش هەڵگەڕاوەی تێدا دانرابوو، خاوەن ماڵ کاتێ ئێمەی دیت هەڵسا و ئێمەش سڵاومان لێکرد و ئەویش فەرمووی

لێکردین و بانگی خێزانەکەی کرد تاکو (چا)مان بۆ تێبکا، پاش کەمێ بێدەنگی هاتە قسە و گوتی:

**خاوەن ماڵ:** خێرە وا رێگاتان کەوتۆتە ئەم ناوە، ماندوو دیارن، خوا نەخواستە هیچتان لێ نەقەوماوە؟

**بەندە:** (رووم لە قاسمەفەندی کرد و قسەکانی خاوەن ماڵم بۆ تەرجومە کرد)، ئەوجا رووم لە خاوەن ماڵ کرد و گوتم (چیت لێ بشارمەوە من قوتابیم لە سانەوی کۆیە و کوڕی (عوسمان عەونیم)، ئەم مامۆستایەش عەرەبە. ئەمڕۆ ئەمن و پۆلیس هاتنە قوتابخانە بمانگرن ئێمەش خۆمان بەدەستەوە نەدا و هەڵاتین.

**خاوەن ماڵ:** یاخوا بەخێربێن، توخوا تۆ کوڕی کاك (عوسمان عەونی)ت! سەرچاوانم، سەد جار بەخێربێن، توخوا بابت هەر حەپسە، ئەخباری چییە؟.

**بەندە:** سوپاست دەکەین، دیارە بابم دەناسی، بەڵی.. چەند رۆژێکە ئازادکراوە و هاتۆتەوە، ئەدی جەنابت کێی؟.

**خاوەن ماڵ:** من ناوم (حەمەد باپیر)ە خەڵکی گوبتەپەم، ئێستا ماڵێکمان لە کۆیەیە، ماڵێکیش لێرە، چونکە (حەیواندار)ین، بەهاران دێینە ئەو ناوە، کوڕێکیشم تەلەبەیە بە ناوی (عبدالرحمن) نایناسی؟

**بەندە:** چۆن نایناسم پێکەوە لە یەك پۆلین، زۆر برادەرمە، عبدالرحمن زۆر زیرەکە و (کاك عبداللە و کاك عبدالرحمن)یش دەناسم کە خەڵکی گوندی گۆپتەپەن و هاوڕێیەتیم لەگەڵیان هەیە.. لەو کاتە خێزانەکەی هاتە ژوور و هەندێ ئیستکانی شۆراوی لەسەر سینییەکی فافۆنی سپی بەدەستەوە بوو.

**خاوەن ماڵ:** رووی لە خێزانەکەی کرد و گوتی خێرابە (شیری گەرمیان لۆ تێکە).

ئەوجا بەدەم شیر و پاشانیش چا خواردنەوە کاتێکی چاکمان بەسەربرد، و دوو رۆژ لەو خانەخوێیەماینەوە و هەر لە رێگای ئەوانیشەوە خەبەرم بۆ ماڵەوە نارد، کەوا لەکوێم.. شەوی دووەم نزیکەی سەعات (٨)ی شەو گوێمان لە دەنگە دەنگێ بوو کە لە خوارەوە دەهات، چەند جارێك گوێشم لە ناوی خۆم

بوو، دەنگی بارامی پورزام ناسییەوە کاکە (حەمە ساڵح) کە کوڕە گەورەی کاك حەمەد باپیری خانەخوێمان بوو، لە چادرەکە چووە دەرەوە بەدوای دەنگەکەدا و ئەویش هاواری لێکرد و پاش دەمێك بارام گەیشت و چیرۆکی ئەو دوو رۆژەی بۆ گێڕاینەوە کەوا دەنگوباسی هاتنی (بارزانی) هەیە بۆ کۆیە، و شەوی (١٢ لەسەر ١٩٦٣/٣/١٣) من و بارام گەڕاینەوە. بەنسبەت مامۆستا قاسمیش دیاربوو لیژنەی ناوچەی کۆیەی حزبی شیوعی مشووری دابینکردنی شوێنی حەوانەوەی بۆ رێکخستبوو، لە سەرەتادا لەماڵی مامۆستا (صمد حمدأمین) کە بە حەمەشین بەناوبانگە، لەوێ گیرسایەوە، چونکە ئەوکاتە برادەری دێرینم کاك (مارف) برای مامۆستا (صمد) ئەویش لە بەغداوە بەرەو کۆیە هاتبوو، چونکە کاك مارفیش ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی بوو لە بەغدا و تاکو رۆژانی ئەمڕۆش هەر لە ریزەکانی ئەو حزبەیە و ساڵانێکە (١٩٧٤) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەژی.

بە گەڕانەوەم بۆ ماڵ بەم شەوە و پاش سێ رۆژ و دوو شەو، کۆمەڵێك لە دۆست و برادەرانی باوکم کە بە سەردان بەبۆنەی ئازادکردنی هاتبوون، بەڵام جۆرە خۆشییەکی خستە دڵمەوە، بەتایبەتیش کاتێ (٣) لە پێشمەرگەی (بارزانی)م دیت، کە ئەوانیش هەر ئەم رۆژە و دوای هاتبوونە کۆیە و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە کە لەو ماڵانە مابوونەوە کە لە چوار دەوری ماڵی خوالێخۆشبوو (کاکە زیاد)ن، چونکە ئەوان دەیانزانی یەك دوو رۆژی دواتر (بارزانی نەمر) دێتە کۆیە، پێشمەرگە بارزانییەکان وەکو دایکم بۆی گێڕامەوە، کاتی پاش نیوەڕۆی ئەم رۆژە لە دەرگا دەدەن، دایکم درگایان لێ دەکاتەوە و فەرموویان لێ دەکات، ئەوانیش دەپرسن پیاوی ئەو ماڵە لە کوێیە دایکیشم پێیان دەڵێ باوکی منداڵەکان ئێستاکە لێرە نییە و حەپس بوو لە نوگرە سەلمان و چەند رۆژێکە بە لیستی پارتی ئازاد کراوە کوڕەکەشم (یانی بەندە) لە ترسی حەپس کردن لەو شاخ و داخە خۆی شاردۆتەوە، چونکە ئەمن و پۆلیس بەدوای دەگەڕێن، پێشمەرگە بارزانییەکانیش لە دایکم دەگەیەنن کە بنێرن بەدواما و دەڵێن (هیچ سەگبابێك ناتوانێت دەستی بۆ ببات.. خودا

دەزانێت ئەوەی بێتە ئەمماڵە وەك سەگ دەیکوژین). کاتێ: باوکم دێتەوە بەخێرهاتنیان دەکات، هەمان قسە بە باوکم دەڵێن، لەسەر ئەم بەڵێنە باوکم بارامی بەدوای مندا ناردبوو تاکو بمهێنێتەوە ماڵەوە.

پاش ڕۆیشتنی میوانەکان، تەنها ئەو پێشمەرگە بارزانییانە لە ماڵەوە مانەوە، و خوالێخۆشبوو (کاکە زیاد اغا) بۆ هەمان ئێوارە باوکمی لە هاتنی (بارزانی نەمر) بۆ کۆیە ئاگادار کردبوو، و کاتێ من و باوکم و کاکە عەبدە و بارام لەگەڵ پێشمەرگە بارزانییەکان دانیشتبووین لە ژووری میوان، هەستم دەکرد باوکم شتێکی لە دڵدا هەیە و دەیەوێ پێمی بڵێ، پاش نەختێ بیرکردنەوە ڕووی تێکردم و گوتی (ڕۆژی کودەتاکەی ٨ی شوبات ئێمەی سەر بە ڕێبازی کوردایەتی کە هەمووی بە سەرێکەوە، ئەندامانی پارتی، لایەنگرانی کوردایەتی نەتەوەخوازەکانی کورد لە یەك هۆڵی حەپسخانەکە بووین، تا ڕادەیەك دڵخۆش بووین بە کودەتاکە لەسەر حکومەتی عبدالکریم قاسم، بەڵام چەند کاتژمێرێکی پێ نەچوو کاتێ (حەرەس قەومی) بە شێوەیەکی زۆر بێ بەزەییانە هەندێ لە حەپسەکانی هۆڵەکەی ئەولامانەوەیان برد کە تایبەت بە (شیوعییەکان و دۆستان و هەوادارانی حزبی شیوعی) بوون، من لە نێوانیاندا (مەهدی حەمید)م دەناسی، کاتێ دیمەن و شێوازی بردنی شیوعییەکانمان دیت.. زانیمان چ ڕەفتارە فاشییەکن، بۆیە کاتێ ئەو دیمەنەم دیت ڕاستەوخۆ تۆم هاتەوە یاد، نەشمان دەزانی بارودۆخی کوردستان چۆنە، (خودا مەلا مستەفا و پارتی و پێشمەرگە سەلامەت کات کە بارودۆخی کوردستانیان پاراستووە)، پاش کەمێکی دیکە بێ ئەوەی هیچمان قسە بکەین چونکە گێڕانەوەکەی باوکم زۆر لەسەرخۆ و هێمنانە دەدوا، بەڵام کاتێ باسی ڕەوشتی بەعسییەکانی حەپسی نوگرە سەلمانی دەکرد کە ئەوکاتە پێش کودەتاکە ئەوانیش هەندێکیان حەپس بوون کە چۆن بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ داخوازیی کورددا نین و شێوازی مامەڵەی ئەو ڕۆژەی حەرەس قەومی کە لەگەڵ شیوعییەکان دەکرا غەمگینی لە دەموچاوی دەباری، دەیگوت (من بەهیچ شێوەیەك قەناعەتم بە سیاسەتی ئەم بەعسیانە و ئەم حکومەتە نییە، بۆیە

بڕیارم داوە ئەمڕۆش ئەوەشم بە (کامەران موکری) شاعیر و نیشتمانپەروەر گوتووە (باوکم و خوالێخۆشبوو کامەران موکری پێکەوە لە نوگرە سەلمان بوون بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ئازاد کران و راستەوخۆش لەگەڵ باوکم گەڕانەوە کوردستان، بۆ رۆژێك سەردانی باوکمی کرد لە کۆیە، و گەڕایەوە سلێمانی)، وەعد بێت دەبێ هەمیشە ١٠٠کم دووربم لە بەعس، پاشان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی (فەرهاد شوعی ماوی؟!) منیش بێ ئەوەی لە سەرەتادا بچمە ناو درێژایی بابەتەکە گوتم (نەخێر)، ئەوجا باوکم گوتی (چۆن و کەی وازت لێهێناون؟)، لێرەدا کاکە عەبدەم هاتە قسە و گوتی (بەخوا بڕوا ناکەم فەرهاد وازی لە شیوعییەت هێنابێت، ئێستاش خۆی بە کوڕی (لینین) دەزانێ، ئاخر پێم نالێی کوڕم چ ئیستفادە لە شیوعییەت دەکەی، عبدالکریم قاسمیان هەبوو الحمدلله ئەویش نەما، کورد شۆڕشی دژی (عبدالکریم قاسم)ی کرد، کاکی شیوعیش دیفاعیان لێ دەکرد، کوڕی خۆم (لێرەدا رووی لە من کرد و درێژەی بە قسەکانی دا) هەموو ئێوارەیەك کە لە ئیش دەگەڕامەوە (کاکە عەبدەم وەستای ئاسنگەر بوو، یەکێك بوو لە ئاسنگەرە بەناوبانگەکانی کۆیە و لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆتە ئەندام تێدا) دەبووایە حیکایەتێك بۆ بکەم لەسەر کورد و چالاکییەکانی پێشمەرگە و شۆڕش و پارتی، چونکە من رۆژانە خەڵکم دەدیت بە تایبەتیش لە گوندەکانی دەوروبەری کۆیە و خۆشناوەتی کە بۆ پێداویستیی زراعەت و باغ و باغات دێنە لای من، بەڵکو ئەوە خوایە تو واز لە شیوعییەت بهێنی، نازانم چ کەسێك تۆی توش ئەم بەزمە کرد، عومەریش (مەبەستی حاکم عومەر حەبیبی مامە) هەموو جار دەڵێ (فەرهاد زێڕە بەڵام کەوتۆتە ناو قوڕ و چڕپاو) کوڕی خۆم بەسە ئەوە دەبینی چارەنووسی شیوعی چیی لێهات. باوکم لەو سەرو بەندەدا گوێگر بوو، چونکە زۆر کەم قسەی لە قسەی کاکە عەبدەم دەکرد و هەمیشە بە (کاکە) ناوی دەبرد،. بەڵام کاتێ کاکە عەبدە قسەی تەواو کرد و لە وەڵامی پرسیارەکەی باوکم گوتم: (کاکە (ئێمە باوکمان بە کاکە بانگدەکرد) ماوەی پێنج مانگێکە بە رەسمی ئیستقالەم لە حزبی شیوعی کردووە، منیش هەستم بە

کەموکوڕییەکانی سیاسەتی ئەو حزبە کردووە بەرامبەر بە شۆڕشی کوردستان، هیچ پەیوەندییەکم بەم حزبە نەماوە، ئەوە یەکەمین جارە من ئەو نهێنییە دەدرکێنم، چونکە وەکو کورد دەڵێ "نابێت کانییەك ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێ بکەی" منیش دوو ساڵێك لەو حزبە ئەندام بووم، زۆر شتی باشی لێ فێربووم، رەوشتی باش فێری ئەندامانیان دەکەن، حزبێکی تێکۆشەرە، بەڵام سەد حەیف و جێگەی داخە کە سیاسەتیان بەرامبەر کوردایەتی و شۆڕش درووست نەبوو، بەڵام لام ناشیریەنە ئەم مەسەلە لەناو خەڵك بڵاوبکەمەوە، راستە ئێستاش خەڵك هەر بە شیوعیم دەزانن (حەسەنەفەندی)ی مفەوەز ئەمنیش هەر ئیعتماد لەسەر ئەو راپۆرتانە دەکات کە پێشووتر دەرحەق بە من نووسراوە بۆیە ئەو رۆژە خۆی هاتە مەکتەب بۆ گرتنم لەگەڵ قاسمەفەندی).

سێ پێشمەرگە بارزانییەکان کە لەلای سەرەوەی ژووری پێشوازی دانیشتبوون و گوێیان بۆ قسەکانی ئێمە شل کردبوو بێ ئەوەی تێکەڵی ئەو گفتوگۆ گەرمە سێ قۆڵییەی نێوان باوکم و بەندە و کاکە عەبدەم ببن، بەڵام لە کۆتاییدا پاش قسەکانی بەندە و قەناعەتی باوکم و کاکە عەبدە. یەکێکیان وا پێدەچوو لە هەردووکیان بە تەمەنتر و برا گەورە بوو، دووانەکەی تر بە (ئەزبەنی) بانگیان دەکرد لەگەڵ چا خواردنەوەدا لەسەرخۆ هاتە ناو بابەتەکە و گوتی:

(دەمی قسەکانی روو لە من بوو)، کاکۆ ئێمە ١٢ ساڵ لەگەڵ مەلا مستەفا لە رووسیا بووین، ساڵانێك هەندێکمان ئاگای لە هەندێکی دیکەمان نەبوو، مەلا مستەفایان لێ شاردبووینەو، بەڵام دیسان کەس لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ مەلا مستەفادا بووین کەسمان نەبووینە شیوعی، چونکە شیوعییەت و قەومییەت لێك دوورن.

رۆژانی ١٩٦٣/٣/١٠ و بەدواوە کۆیە رۆژ بە رۆژ قەرەباڵغتر دەبوو، مەکتەبی سیاسیی پارتی زۆربەیان لە کۆیە بوون، سەرەڕای سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە نیشتمان پەروەرەکان و سەرکردە سەربازییەکانی پێشمەرگە و لێپرسراوانی پارتی لە زاخۆوە تاکو خانەقین و مەندەلی، شاندی تورکمانەکانی

کەرکووك. نیوەڕۆی ڕۆژی ٣/١٤ کاتێ خەڵکی کۆیە و پێشمەرگە و لێپرسراوانی پارتی لە چاوەڕوانی دابوون و تەماشای پێچەکانی شاخی کۆسار (هەیبت سوڵتان)یان دەکرد ئەو ڕۆژەش ڕۆژێکی تەماوی بوو و شەوی پێشووتریش، چەند سەعاتێك باران باریبوو کەشوهەوا ساردبوو، بەڵام دیسان بەرە بەرە ژمارەی خەڵکی چاوەڕوانکراو لەسەر شەقامی نێوان کۆیە و شاخی هەیبت سوڵتان لەبەردەم گەڕەکی گردی جوولەکان تاکو ناوشار ڕاوەستابوون، کاتێ ئۆتۆمبیلەکان بەدیارکەوتن کە لە نێوان (١٥-٢٠) ئۆتۆمبیلی جۆری جۆراوجۆر بوون، بەڵام زۆربەیان ئۆتۆمبیلی جۆری (لاندرۆڤەر)ی ناوەندی و گەورە بوون، کاتێ ئەوان بەدەرکەوتن ئێمە (خوالێخۆشبووان، فریاد محی الدین و عەدنان جەمال) و بەندە بەرەو لای ماڵی ئێمە گەڕاینەوە، چونکە من دەمزانی (بارزانی) لە ماڵی کاکە زیاداغای غەفوری دادەبەزێ و نێوانی ماڵی کاکە زیاد و ماڵی ئێمە تەنها دیوارێکی دوومەتریی هەبوو، کە تاوەکو ئەمڕۆش وەکو خۆی ماوە، بەڵام سەد حەیف و مخابنە کە هەردوو خانووەکە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان گەورەترین و بەرچاوترین خانووی کۆیە بوون، یەکەمیان خانووەکەی کاکە زیادە کە وابزانم لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم دروستکراوە و خانووەکەی عەونیش لە ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨ دروستکراوە، و ڕۆژێك لە ڕۆژان جێگەی میوانداری و کوردایەتی بوو و خانەخوێی ئەم و ئەو و شەوانە کات بەڕێ کردن بە دەنگوباسی شۆڕشی کوردستان بوو و دواتریش لە نێوەندی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ خانووی یەکەمیان لە میوانداری و خزمەتی مەلا مستەفای بارزانی و خانووی دووەمیش هەر لەو سەر و بەندەدا لە میوانداریێتی و خزمەتی کەسایەتییە نزیك و کوردپەروەرەکانی شۆڕش دا بوون، کە لە نێوانیاندا خوالێخۆشبووان (عەباس مامەنداغای سەرۆك عەشیرەتی ئاکۆ و سمایلی سواراغای سەرۆك عەشیرەتی بڵباس و واحیدی حاجی مەلۆی سەرۆك عەشیرەتی مزوری و ئەحمەد تۆفیقی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و مەلا باقیی گوێگری ڕادیۆ و کۆکردنەوەی دەنگوباسی بەردەوام بۆ سەرۆکی پارتی، و ساڵح بەگی میرانی شەقڵاوە لەگەڵ

ئەمیری ئێزیدیان شێخ تەحسینی شێخ سەعید و شێخ جەلالی برای)، بەڵام سەد حەیف و مخابنە کە خانووی کاکە زیاد و خانووەکەی عەونی کەوتە بەر هێرش و تالأنکردن و خراپکردنی بەشێکی زۆری، کە تاکو ئێستاکەش بەم شێوە وێرانە ماوەتەوە، تەنها لایەکی پشتەوەی نەبێت لەلایەن حمیداغای کوڕی کاکە زیاد نۆژەن کراوەتەوە، ماوەیەك تێدا دەژیا، خانووەکەی ئێمەش پاش ڕێککەوتننامەی (١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤) نێوان شۆڕش و حکومەتی بەغدا و گەڕانەوەمان بۆ کۆیە، نۆژەن کرایەوە و تێیدا دانیشتین، بەڵام جارێکی دیکە خانووەی ئێمەیان (یانی ماڵی عەونیی شاعیر) ساڵ و نیوێك پاش (وەفاتی عەونی لە ١٩٩٢/٧/٢٠) لە گێژاوی شەڕی ناوخۆی ناپەسەند دا کەوتە بەر شالأوی دڕندانەی ئەو شەڕە نەگریسە کە لە سەرەتادا بە دەرکردنی (زەکییە)ی هاوسەری عەونی و عاسمەخانی خوشکی عەونی و مامۆستا جوانی کچە گچکەی عەونی، لە کۆیە دەستی پێکرد و پاشانیش خانووی دێرین لەلایەن ئەو پێشمەرگانەوە دەستی بەسەردا گیرا، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پاش هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەپاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ (عەونیی شاعیر) دوو جار کۆمەکی بۆ هاوڕێ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنارد، لە کاتێکدا کە کەم کەس هەبوو ئەم (موجازەفە)یە بکات، و پاش خۆشی خێزانی (عەونی) لە گێژاوی شەڕی ناوخۆ لە کۆیە دەرکران و کتێبخانەکەش بۆ دیاری ئەم و ئەو و ئۆتۆمبیلەکەی وەکو یادگار دامانانبوو، لە سەرەتادا لەلایەن لێپرسراوێك پیاسەی پێدەکرا و پاشانیش بە چەند پۆلێك فرۆشرا و خانووی بەستەزمانیش بۆ ماوەی (٧) ساڵ بووە جێگەی کوردپەروەرێکی ئەو لایەنەی کە داگیری کردبوو کە تاکو ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٦ کە ڕۆژی نووسینی ئەو چەند لاپەڕەیە هەردوو خانووەکە بە هەتیوی ماونەتەوە، بەو هیوایەی ئەگەر کێشەی خێزانی لەسەریان نەمێنێ نۆژەن بکرێتەوە، چونکە بەشێکی بچووکی مێژووی ئەم شارە دێرین و بێکەسەی لا هەڵگیراوە.

نزیك نیوەڕۆ بوو کاتێ بارزانی لە ئۆتۆمبیلە لاندرۆڤەرەکەی کە سمایلی سواراغا لێیدەخوڕی لەبەردەم ماڵی کاکە زیاد دابەزی (خودا وەکیلە) وەکو شێر

دەهاتە بەرچاو بە دابەزینی، سڵاو و تەوقەی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرد کە لە پێشوازیی ئەو دا بوون، ئەوجا بەسەر قادرمەکانیماڵی کاکە زیاد اغا سەرکەوت و دەستی بۆ خەڵکەکە بەرز کردەوە و چووە ژوورەوە، ئەوەی لە یادم مابێت هەر لەدوای ئەوەوە مام جەلال و عومەر دەبابە و ئەحمەد تۆفیق و هەژاری موکریانی و کاکە زیاد بەدی دەکران، سەرەڕای چەند کەسایەتیی دیکە کە ئەوکاتە نەم دەناسین لەگەڵ ١٠-١٥ پێشمەرگەی بارزانی، پاشانیش کۆمەڵێك لە یاوەرانی بارزانی کە لەم گەشتەدا لەگەڵیدابوون بە فەرمووی باوکم بەرەو ماڵی ئێمە سەرکەوتن کە نزیکەی ٣٠ کەسێك دەبوون، لەنێوانیاندا خوالێخۆشبوو (کامەران موکری) بوو کە ئەویش بە هەمان لیست لە هەمان بەندینخانەی نوگرە سەلمان لەگەڵ باوکم ئازادکرابوو. (ئەم بابەتەم بە دوور و درێژی لە گۆڤاری (گولان العربي) ژمارە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٧، پاشانیش لە دوو توێی ئەوکتێبەی کە بە زمانی عەرەبی نووسیومە لەژێر ناوی (ذاكرة الأيام) بڵاوکراوەتەوە).

وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە شاری (کۆیە) هەر لەو ساتەی کە کودەتا شوومەکەی (٨ی شوبات)ـی تێدا روویدا، پێشمەرگە هاتنە ناو شار سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی لێبوو کە بریتی بوو لە دائیرەکانی مەدەنی و پۆلیس و تەنها بە ئاشکرا یەك (مفەوەزی ئەمن)ـی لێبوو کە ئەویش (حەسەنەفەندی) خەڵکی هەولێر بوو سەرەڕای (سریەیەکی_فەوجی هێزی گەڕۆك (القوه السيارة) کە ئەوانیش لە قشلەی کۆیە جێگیر بوون، پاش روودانی کودەتاکە، دیارە (ئاگربەست) یا (هدنە) لە نێوانی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی ئینقلابچییەکان راگەیەنرابوو، بۆیە هیچ لایەك نزیکی لایەکەی دیکە نەدەبوویەوە، رۆژ بە رۆژ کۆیە قەرەباڵغتر دەبوو، بە هاتنی (بارزانی) و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و پێشمەرگە و هاتنی کۆمەڵی شیوعییە کوردەکان و عەرەبەکان لەپاش ٨ی شوباتەوە قەرەباڵغتر بوو، ئەو خەڵکەشی هاتبوون کە لە هەر ئاستێکدا ببوون هەرهەموویان بەسەر ماڵی خانەوادەکانی کۆیە دابەش ببوون، زۆر باشم لەیادە کە ئەوکاتە خەڵك بەدوای

پێشمەرگەدا دەگەڕا بۆئەوەی لەماڵەکانیان میوانداریيان بکەن خزمەتيان بکەن، ڕۆژانی ١٧-١٩٦٣/٢/٢٣ کۆیە قەت قەرەباڵغی بەو شێوەیەی لەخۆ نەگرتووە و بەخۆیەوە نەدیوە، ئامادەکاریش بەردەوام بوو بە مەبەستی بەستنی (کۆنگرەی ئامادەکاری بۆ وتوێژ) لەگەڵ (حکومەتی تازە) کە لە سەرجەم نوێنەرانی خەڵکی کوردستان (مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری لقەکانی، سەرکردەکانی پێشمەرگە لە لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، کەسایەتیی عەشایەر و سەرۆك هۆزەکان، هەندێ کەسایەتیی نیشتمان پەروەری دیاری کوردستان، وەفدێکی تورکمانەکانی کەرکووك) بە مەبەستی یەکلا کردنەوەی:

- وتوێژ (مفاوەزات) لەگەڵ حکومتی تازەی ئینقلاب.
- داڕێژتنی داواکارییەکانی گەلی کوردستان.
- پێکهێنانی سەرۆکایەتی و ئەندامانی شاندی وتوێژکار لەگەڵ حکومەت.

شەوانە میوانەکانی ماڵی ئێمە کە پێشووتر ناوم هێناون پاش نانخواردنی ئێواران قسە و باسیان دنگوباسی ڕۆژانەی کۆنگرە بوون، پاشانیش هەندێکیان یان هەرهەموویان دەچوونە ماڵی کاکە زیاد بۆ دیدەنی (بارزانی).

یەکێ لەو شەوانەی کۆنگرە، کە بەندە بە حوکمی تەمەن و کوڕی ئەو ماڵە هەمیشە لەگەڵ بارام لە خزمەتی میوانەکاندا بووین، لە ماڵەوە نەدەچووینە دەرەوە، چونکە بە شەو و بە ڕۆژ میوانەکان و لێپرسراوان لە هاتوچۆدا بوون، ژوورەکانی نهۆمی خوارەوەی خانووەکەمان بۆ حەوانەوە و میوانداریەتییان تەرخان کرابوو، بە دەیان کەسایەتیم تێدا ناسی و سەدان قسە و پەند و نهێنیم کەوتە بەر گوێ، بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە کاتی جیا جیادا سەردانی باوکمیان دەکرد بەبۆنەی ئازادبوون و گەڕانەوەی لە حەپسخانە بەدناوەکەی (نوگرە سەلمان) ئەو ڕووداو و دیتنی ئەو کەسایەتییانە کە سەرجەم بابەتەکانیان کە قسەیان تێدا دەکرا بریتی بوون لە

(مفاوەزات، ماڤ کورد، سەرکردایەتی، بارزانی، مەکتەبی سیاسی، مام جەلال، دووبارەبوونەوەی شەڕ، هاتنی شیوعییەکان بۆ کوردستان و ناو شۆڕش، شەڕ و پێکدادانی لا بە لا)، کە تا رادەیەکی زۆر (بەندە)یان رادەکێشا بۆ بەرەی کوردایەتی و نزیکبوونەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە تێدا خۆشەویستی بۆ کەسایەتیی (بارزانی) وەکو سەرکردە و قارەمانێکی ئەفسوناوی (اسطوري) دەهاتە بەرچاو بەلای ئەو لایەنەی دەبردم کە بارزانی سەرکردایەتی دەکات، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە هەر لە ناخمدا چەکەرەی دەکرد بێ ئەوەی هیچ شتێك بدرکێنم، بەڵام باوکم بە سەلیقە هەستی بەو گۆڕانکارییە دەکرد. کاتێ یەکێ لەو شەوانەش کە میوانەکانی ماڵی ئێمە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ دیدەنیی (بارزانی)، خوالێخۆشبوو (عبدالله اسحاق)ی کە بە ئەحمەد تۆفیق ناوی دەهات پاش ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە کە لێرەدا جێگای باس نییە لەگەڵ شێخ تەحسینی ئەمیری یەزیدیان هەستیان کرد کە بەندە حەز بە دیتنی بارزانی دەکەم بۆ باسکردنی ڕووداوە هەڕەشە ئامێزەکە لە (بەندە) بۆ جەنابی بارزانی و بە باوکمیان ڕاگەیاند کە من لەگەڵ خۆیان دەبەن.

کاتژمێر (٨)ی شەوی ١٩ لەسەر ١٩٦٣/٣/٢٠ بوو (بۆیە ئەم مێژووەشم لەبیرە چونکە ئەو ڕۆژە یانی ڕۆژی ٣/١٩، پۆلیس و ئەمنی کۆیە بەدوای گرتنی شیوعییەکانەوە بوون و سێ کەسی تێدا دەستگیر کرا، کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (مامۆستا کەمال ڕەشید حەوێزی و سەید عەزیزی بابە ڕەسول-ی دوکاندار، لەگەڵ تەمەن درێژ مامۆستا فەرەیدون محمد مستەفا) لە سەرای کۆیە)، لەگەڵ میوانانی بەڕێز خوالێخۆشبووان (ئەحمەد تۆفیق، عەباس مامەنداغا، عبدالواحد حاجی مەلۆ و شێخ تەحسینی میری ئێزدیان و مەلا باقی) بەرەو ماڵی کاکە زیاد چووین کە چەند هەنگاوێك نێوان دەرگای ئێمە و دەرگای ماڵی کاکە زیاد بوو، شەوێکی زۆر سارد بوو کاتێ کاکە زیاد بە گەیشتنی میوانەکانی زانی، هاتە دەرەوە بۆ ئەو هەیوانەی کە لە پێشەوەی ژووی دیوەخان بوو بە مەبەستی پێشوازی، بە فەرمووکردنی ئەو چووینە ژوورەوە، بەڵام کەشوهەوای ژوورەکە گەرم بوو چونکە (کورە ئاگر)ەکەی لە

دیواری رۆژئاوای ژوورەکە بوو پڕ بوو لە (قەشکە) دار و زۆر جوان دەسوتا، لە ساتی چوونە ژوورەوەمان (جەنابی بارزانی) بەپێوە راوەستابوو لەگەڵ پیاوێکی کەڵەگەت قسەی دەکرد، نەمزانی کێیە، لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان خواحافیزی لە بارزانی کرد و ژوورەکەی بەجێهێشت و بارزانی بەلای شێخ تەحسینەوە جولایەوە و بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕی ئەو و میوانانەی کرد، کاتیَ شێخ تەحسین و خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیق (بەندەیان بە جەنابی بارزانی ناساند) کە چەند ئارەزوودارم بە دیتنی بەڕێزیان هەردوو دەستم درێژکرد بە مەبەستی تەوقەکردن ئینجا ئەویش دەستی بەسەرمدا هێنا کە لە راستیدا هەستم بە میهرەبانیی ئەو سەرکردە گەورەیە کرد، ئەوجا بۆ دواوە گەڕامەوە بۆ ئەو کورسییەی کە لە چەپی ژوورەکە بە بەتالیی مابۆوە.. دانیشتم.

یەکەم جارە لە ژیانم کە ئەو راستییە دەدرکێنم پاش تێپەڕ بوونی (٥٤ ساڵ) بەسەر ئەو دیدەنەدا (ئێستا لە کاتی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە، رێککەوتی ٢٠١٤/٧/٢٦)یە، کە تێدا وەکو برادەرانی سلێمانی دەڵێن (نە مەراییە) و نە بۆ پیاهەڵدان و خۆ رەپیشکردنەوە و نەئیشم بەو جۆرە رەفتارە قێزەونانەیە، کە نابێت مرۆڤی نیشتمان پەروەری راستەقینە بە هیچ شێوەیەك لێی نزیك ببێتەوە. ئێستا من مرۆڤێکی سەربەخۆم، پاش نزیکەی پەنجا ساڵ هیچ پەیوەندییەکم بە رێکخستنەکانی پارتییەوە نەماوە، کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم بیرەوەرییانە بە دوور و درێژی باسی لێوە دەکەم. راستییەکەش ئەوەیە لەو کات و ساتەدا کە بە خزمەتی ئەو سەرکردە ئەفسوناوییە گەیشتم و بۆماوەی دوو کاتژمێر گوێم لە قسە و گفتەکانی بوو و دیتم چۆن هەڵسوکەوت دەکا و راشکاوانە لەسەر ئەو بابەتانە قسەی دەکرد کە ئەو کاتە چارەنووسساز بوو بیَ ئەوەی زمانی دبلۆماسیی سیاسییانەی دوور لە راستی وەکو رۆژانی ئەمڕۆ بەکاربهێنن (بە گیان و دڵ و ئەقڵ، هاتمە ئەو قەناعەتە کە ئەو مرۆڤە شایانی ئەوەیە کە دەبێت هەموو مرۆڤێکی کورد بە سەرکردەی خۆی بزانێت و رێبەرایەتی ئەو بە هەموو قەناعەتێکی ویژدانی و سیاسی قبوڵ بکات و پشتی

بگرێت کە لای من بە شێوەیەکی (مطلق) خۆی چەسپاند تاکو ئەم ساتەش بە هەمان بۆچوون و بە هەمان رێز و بە هەمان قەناعەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یاد و کەسایەتیی ئەم مرۆڤە سەرکردە بێ هاوتایە دەکەم).

کۆنگرەی گەورەکەی کۆیە رۆژی ۱۹٦۳/۳/۱۸ دەستی پێکرد لە باڵەخانەی قوتابخانەی یەکەمی کورانی کۆیە، کە هۆڵێکی کەورەی تێدابوو، ژمارەی ئامادەبووان بە رەسمی رانەگەیەنراوە، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە لە سەرتاسەری کوردستانی نوێنەرانی لق و ناوچەکانی پارتی و سەرۆك هۆزەکان و کەسایەتییەکان و سەرکردەکانی پێشمەرگە بەشدارییان لەم کۆنگرەیەدا کرد، کە تێیدا بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی حزوری راستەخۆیان تێدا هەبوو.

لەگەڵ هاتنی نەورۆز و ئاهەنگ گێڕان کارنامەی کۆنگرە کۆتایی پێهات کە ئەو رۆژەش تاکو ئێوارە یانی ئێوارەی ۳/۲۱/ درێژەی هەبوو.

ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵە لە گۆڕەپانەکەی بەرامبەر یانەی فەرمانبەرانی کۆیە ئەنجامدرا، ئەو کاتە لەو ناوە هیچ خانوێکی لێ درووست نەکرابوو چەندین وتار و شیعر و خوێندرانەوە کە هەرهەمووی پێداگری بوو لە وەدیهێنانی مافی کوردان، هەژاری موکریانیش لە کۆتاییدا شیعرێکی خوێندەوە بە ناوی (کاوەی مەزن)کە مەبەستی بارزانی نەمر بوو تێیدا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| *لەو جێی بە بۆمبا سووتاون* | *کەلاکە دوژمـــــن نێژراون* |
| *لاشی دوژمنی کوردســـتان* | *پەینن بۆ ناو بـاغ و بێستان* |
| *شینکە باشتر سـەر دەردێنێ* | *زەوی باشتر گـــوڵ دەڕوێنێ* |
| *وا بۆت نیزیك کردین بـەهار* | *دەستم دامێنت هەزار جـــار* |
| *هەورازێکمان لەبەر مــــاوە* | *لەو دیو خۆشی و تاو و ساوە* |
| *پێشمان کەوە لەو رێبـازەش* | *وەسەرمانخە لــەم هەورازەش* |
| *تا کورد ژێر چەپۆکە مـابێ* | *ئاسوودەیی بۆ تۆ نـــــابێ* |
| *هەموو کورد چاوی لە تــۆیە* | *هەر تۆی هەبێ ســەربەخۆیە* |
| *دەرمانبێنە لە هــــــەژاری* | *بمانخە سەر رێی رزگـــاری* |

بەڵام کاتێ مام هەژار گەیشتە خوێندنەوەی ئەم دوو بەیتە:

***عەرەب کەوتە یومە و رۆ رۆ        کاکە مەمکوژە و چەك بۆ تۆ***

***با هەر بێت مێك و ئەلیۆشن        بۆ لاوی بارزانـــــی پووشن***

کە بووە مایەی تووڕەبوونی یەك دوو ئەفسەری پۆلیسی عەرەب کە لە پێشەوە دانیشتبوون وەکو میوان بانگ کرابوون، شوێنەکەیان بەجێهێشت، لێرەدا (هەندێك) لە لێپرسراوانی پارتی (سەرزەنشتی شیعرەکەی هەژاریان کرد) لەسەر ئەو رستەیەی کەدەڵێ "عەرەب بە (یومەو) رۆ رۆ.. کاکە مەمکوژە چەك بۆ تۆ".

لە کۆتایی رۆژی چوارەم کۆنگرە کۆتایی پێهات (ئەوەی جێی سەرنجە لە ئەدەبیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەگمەن باسی ئەو کۆنگرە مەزنە کراوە، کە دەتوانم بڵێم تاکو رۆژانی ئەمڕۆ کۆنگرەیەکی لەم جۆرە بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان هاوکات لەگەڵ نوێنەری سەرجەم ناوچە و لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی سەرۆکی پارتی کە لە هەمان کاتدا سەرکردەی لەشکری کوردستان بوو، و بە حزوری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پارتی و هاتنی وەفدێکی تورکمانی لە کەرکووکەوە کە کۆی بەشداربووان نزیکەی (٥٠٠ کەس) دەبوون ئەنجام نەدراوە، تێیدا بە کۆی دەنگ داواکارییەکانی شۆڕش و شاندی وتوێژ دەستنیشان کرا بە سەرۆکایەتیی بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) کە ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو، بە ئەندامێتی (ساڵح یوسفی، عبدالحسین فەیلی، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، بابەکر پشدەری، شێخ حسێن خانەقا، مسعود محمد، رشید عارف، محمد سعید خەفاف، شاخەوان نامق، مستەفا عەزیز، شەوکەت ئاکرەیی).

بەرە بەرە لێپرسراوانی حزبی و عەشایەری و سەربازی دەگەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، بارزانی چەند رۆژێکی دیکە لە کۆیە و لە گوندی تۆبزاوای نزیك کۆیە مایەوە.

دەوامی قوتابخانەم بە پارێز دەکرد، یانی بە خۆ پاراستن و ئاگاداری هەردوو برای خوالێخۆشبوو کە خزمەتگوزاری قوتابخانەی سانەویی کۆیە بوون (ئیسماعیل محمد کە بە ئیسماعیلی (یا روقیا) یان (کەسی کاکییان)یان پێدەگوت لەگەڵ سەید بەکر) کە ئاگاداری ڕەوشەکەش بوون، ئاگاداری ڕەوشی منیش بوون ئەگەر هەر شتێکی نەخوازراو هەبووایە ئاگاداریان دەکردم، لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵەکەش لە قوتابخانە بەڕێ کراین چونکە پۆلی (٣) و پۆلی (٥) لە مانگی حوزەیران ئەزموونی (بەکەلۆریا)یان هەبوو، ئەم بارودۆخە (هاتوچونی شاندی وتوێژ بۆ بەغدا و گەڕانەوەیان و هاتنی چەند شاندێکی میری و میللی بۆلای بارزانی) تاکو سەرەتای مانگی شەش بەردەوام بوو، لە سەرەتای ئەم مانگە ڕای گشتیی کوردستان بێ ئومێد ببوو لەو سەرو بەندەدا لە شەوێکی هەفتەی ئەم مانگەدا دەنگوباسێك بلاوکرایەوە کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە حکومەت ڕۆژی دوایی کۆیە بۆردومان دەکات، خەڵکی کۆیە کەوتنە دڵەڕاوکێ، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کەس ئومێدی بە حکومەتی تازەی بەعس نەبوو، و دەشیازانی کە ئەمم حکومەتە چ (قەسابخانە)یەکی لە عیراق لە پاش کودەتاکەی (٨)ی شوبات دا هێناوە و چۆن هاووڵاتییانی شیوعی و لایەنگرانی و دیموکراتخوازەکان قەلاچۆ دەکات، ئەم شەوە خەڵکی کۆیە کەوتە فڕکان فڕکان و بەجێهێشتنی کۆیە کە زۆربەیان بە پێ بەرەو (باغ و ڕەزەکانی دەوروبەری شار و گوندە نزیکەکان) دەچوون، خوالێخۆشبوو (وەستا سلێمانی نەجاڕ) کە دۆستایەتیی لەگەڵ باوکم هەبوو بەفریامان کەوت بەم شەوە بە بێ ئەوەی هیچ لەگەڵ خۆمان ببەین بە دوو کاروان کە نزیکەی (٢٠ کەس) دەبووین بە هەموومان، بردینیە گوندی (عەودالانی بناری چیای هەیبەت سوڵتان) لە دەوروبەری کۆیە پاشی ئێمەش مامۆستای خوالێخۆشبوو (محەمەد تۆفیق وەردی)یش لەگەل خێزانی پەیدا بوون لەگەڵ چەند خێزانێکی دیکە، ئەم شەوەمان بە قسە و بە شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی بەڕێ کرد، بۆ ڕۆژی دواییش تاکو سەعات (١١) ماینەوە ئەوجا کە خەڵکی زانییان ئەم هەواڵی بۆردومانە پڕوپاگەندەیە دەستی بە

گەڕانەوە کرد پاش ئەوەی لیژنەی ناوچەی پارتی لە کۆیە لە مزگەوتی گەورەی کۆیە چەند جارێك بانگەوازی گەڕانەوەی خەڵکیی بۆ کۆیە کرد و ئێمەش وەکو ئەو خەڵکە گەڕاینەوە، بەڵام سەرەڕای گەڕانەوەمان باوکم هیچ ئومێدی نەبوو و زۆریش رەشبین بوو، بەلام رەشبینییەکەی ئەو لەسەر بنەمایەکی بێ بنەما نەبوو، چونکە لەماوەی حەپسدا و تێکەڵ بوونی لەگەل حەپسە سیاسییەکانی کورد و عەرەب و بە جیاوازی بیر و بۆچوونیان دەیزانی کە (بەعس) چ ماڵێکە، پاشانیش هەڵسوکەوتی دڕندانەی ئەو تاقمەی دیتبوو کە لە ساتی روودانی کودەتاکەی (٨)ی شوبات لە نوگرە سەلمان چییان بەم خەڵکە کردووە و بەتایبەتی هاونیشتمانییانی سەر بە حزبی شیوعی سەرەڕای وردکردنەوەی قسەکانی بارزانی لە کۆیە و لەو شەوانەی کە لەگەڵ میوانەکان سەردانی دەکرد. بۆیە هەمیشە لە بیرکردنەوەدا بوو، بە تایبەتی لە کاتێ کە ئەو قەرەباڵغییەی کە لە کۆیە نەما، تەنها چەند سەد پێشمەرگەیەك نەبێت کە لەو ناوە مابوونەوە، رۆژێك من و بارامی لەگەڵ خۆی بە جێبەکەی سەعیدی مام مستەفای خزمان کە بە (سەعید تەق تەقی) دەناسرا بردە تەق تەق، لەوێشەوە کاك ساڵحی مام مستەفای برای سەعید لەگەڵ خۆمانی برد بۆ باشووری رۆژئاوای تەق تەق بە دوریی نیو سەعات بۆ شوێنێك کە پێی دەگوترا (کەوری کەوردیان) نزیکی گوندی گەرموکی تەق تەق، کە بریتی بوو لە ناوچەیەکی پڕ لە کەند و لەند و گردە تەپۆڵە، و ئاوێکی باشی هەبوو سەرەڕای جێی خۆ حەشاردانی لە تەیارە، لە سەرەتادا باوکم ئەو شوێنەی هەڵبژارد ئەگەر هات و حکومەتی بەعس شەڕی لە دژی گەلی کوردستان ئەنجام دا، ئەو بارودۆخە نە شەڕ و نە ئاشتییە درێژەی کێشا تاکو کۆتایی مانگی ئایاری ئەم ساڵە، بەڵام بەرە بەرە رای گشتی بڕوای بە حکومەتی بەعس نەدەما، لەو سەر و بەندەدا شەوێك (ئێستگەی فەرەنسا) بە زمانی عەرەبی کە لە پاریس پەخش دەکرا لە راپۆرتێکی ئاژانسی رۆیتەردا وەریگرتبوو لە دیمانەیەکیدا کە لەگەڵ (بارزانی) ئەنجامی دابوو کە تێیدا دەڵێ: (پێم وانییە ئەم حکومەتە مافی گەلی کورد بدا و ئێمەش لە ئامادەباشیداین بۆ بەرگری لە خاك و سەر و ماڵمان) لەو کاتەدا وام

لەبیرە سەرەتای مانگی حوزەیران بوو ئەم شەویش بە ڕێککەوت خوالێخۆشبوو (عەزیزی ساڵح ئاغای غفوری) لە ماڵی ئێمە بە میوانی هاتبووە لای باوکم کە گوێی لەم هەواڵە بوو دایە قاقای پێکەنین و گوتی (قوربانی دەمت بم مەلا مستەفای بارزانی بۆ قسە بەنرخەکانت، کاك عەونی بەسەری تو شەڕ دەبێتەوە، بەخوا نابێت مەمانان کەسمان لە کۆیە بمێنینەوە، ئەم حکومەتە زۆر دڕندەیە).

لە هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیران (خێزانی ئێمە کە ئێمە و ماڵی کاکە عەبدە بووین لەگەڵ ماڵی نەنکم (دایکی دایکم) و چەند ماڵێکی دیکە) بەرەو تەق تەق و لەوێشەوە بۆ (کەوری کەوردیان) چووین، دوو شەو و دوو رۆژ ماینەوە رۆژی سێیەم لەپڕ باوکم بڕیاری دا بگەڕێینەوە کۆیە، کاتێ کاکە عەبدە لێی پرسی (عوسمان خێرە ئەم بڕیارە بەپەلەت دا، بۆچی هاتین و بۆچی بگەڕێینەوە؟!). باوکم لە وەڵامدا گوتی (کاکە ئێرە سەر ڕێگەی کەرکووکە بۆ ئەم ناوە و پاشان بۆ کۆیە، ئێرە بەکەڵکی حەوانەوە نایە، ئێمە بۆ سەیران نەهاتووین، ئێرە تەنها بۆ خۆ شاردەنەوە لە تەیارە باشە، دوێنێ عومەر (مەبەستی حاکم عومەری برا بچووکی بوو، کە لەو کاتەدا حاکمی دادگای قەڵادزێ بوو) جوابی بۆ ناردووم کە هەرچەند زووتر کۆیە بەجێ بهێڵین و بەرەو قەڵادزێ بچین، دیارە عومەر بۆیە ئەو جوابە بەپەلەیەی ناردووە دیارە ئەو چونکە لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی نزیکە دەزانێ وەزعەکە بەرەو خراپی دەچێت، بۆیە هەر ئەمڕۆ دەگەڕێینەوە کۆیە). چۆن چووین بۆ (کەوری کەوردیان) بە هەمان شێوە گەڕاینەوە کۆیە، باوکم تووشی (قەلەقییەکی) زۆر ببوو، لە نێوانی ئەو رۆژانەدا و تاکو (٩)ی مانگی حوزەیران کۆیە جۆش و خرۆشێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دەدیت، بە تایبەتیش کاتێ پێشمەرگەکان بەرەو ڕێگای کۆیە و هەولێر و کۆیە و کەرکووك دەچوون، چونکە وەکو پلان پێویستیی بەوە دەکرد ئەو دوو بەرە (جبهة) قایم بکرێت، خەڵکی تا رادەیەك تووشی دڵەڕاوکێ ببوو، چونکە دەیانزانی ئەگەر سوپای حکومەتی عیراق بگاتە کۆیە چی بەسەر دێنی، بەتایبەتیش کۆیە ئەو ماوەیە ببووە مەڵبەندی پێشمەرگە و سەرکردەکانیان، سەرەڕای ئەو کۆنگرە گەورەیەی حزبی و میللی

**به بەشداری بوونی مەکتەبی سیاسیی پارتی و سەرۆکایەتی بارزانی بەسترا، کە لە زۆر لاوە دەنگی دایەوە، بۆیە خەڵکی بە تایبەتیش ئەوانەی لە رووی کاری سیاسییەوە ناسرابوون، چ ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان چ ئەندامی حزبی شیوعی عیراقی و میوانەکانیان کە لە شارەکانی دیکەی عیراقەوە هاتبوون. حکومەتی عیراق لەو چەند رۆژەی دواییدا بە تایبەتی رۆژانی هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیران کەوتە راگەیاندنی چەندین بڵاوکراوە دەرباری بارودۆخی کوردستان و کاری (تێکدەرانەی) پێشمەرگە، وەکو لە بەیاننامەکان بڵاودەکرانەوە کە ئەو ناوی بە (العصاة والمخربین) دەبردن، بارودۆخەکەی زیاتر شێواند.**

**شەوی ٨ لەسەر ١٩٦٣/٦/٩، تەواوی خێزانەکەمان (٢٢ کەس) دەبووین بە ئۆتۆمبیلێکی لاندرۆڤەری گەورە کە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەمانی هەڵگرتبوو کە تێدا باوکم لەگەڵ ئەندامانی خێزان بە لاندرۆڤەرێك هاوکات لۆرییەکی مامناوەندیش کە هەندێ (نوێن) و خواردەمەنیی وەکو (ئارد و گەنم و برنج و شەکر و رۆن، کە ئەوکاتە لە ماڵ هەبوو) لێی بار کرا و کاکە عەبدە و پورەم شەمامی خێزانیشی لە پێشی لۆرییەکە سواربوون و من و بەهرامیش لە بۆدی لۆرییەکە لەسەر کەلوپەلەکان لێی راکشابووین تاکو بەرەبەیان گەیشتینە قەڵادزێ، نزیکەی (٩) کاتژمێری پێچوو، چونکە رێگای نێوانی کۆیە–رانیە–قەڵادزێ زۆر ناڕێك بوو، سەرەڕای کەم خێرایی رۆیشتنی ئۆتۆمبیل، بە گەیشتنمان بۆ قەڵادزێ، یەکسەر بۆ ماڵی مامم کە لە خانووی (حاکم)ـی ئەو شارەدا بوو، پاش هەندێ پشوو خۆ خڕکردنەوە مامە عومەرم بە حوکمی ئەوەی ساڵێك دەبوو لە قەڵادزێ وەکو حاکم دەستی بەکار کردبوو، خەڵکیی دەناسی و خاتریان دەویست، سەرەڕای پەیوەندیی نهێنی پێشووتری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە بەر لەوەی ئێمە بگەینە قەڵادزێ مامم پاش راوێژکردنی لەگەل برادەران گوندی (هەڵشۆ)یان دەستنیشان کردبوو کە لەسەر سنووری ئێرانە بۆ جێگیر بوونمان، پاش گەیشتنمان، مامم و باوکم کەوتنە مشووری دابینکردنی شوێنێك لە دەرەوەی قەڵادزێ، لە ئاکامدا گوندی**

(هەڵشۆ)یان هەڵبژارد کە پێشووتر مامم مشووری بۆ خواردبوو پاش پەیداکردنی جێگەی حەوانەوە ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٤ پێش نیوەڕۆ (شەریف شەخسە)ی کاروانچی بە خۆی و بە چەند وڵاغێکەوە کە خۆشی خەڵکی گوندی (هەڵشۆ) بوو، گەیشتە لامان و ئێمەش هەموومان، ئەوجا بە ماڵی مامە عومەریشەوە کە ئەوانیش (٣ کەس) بوون بەرەو هەڵشۆ کەوتینە ڕێگا، تەنها مامم نەبێت لە قەڵادزێ مایەوە، چونکە کارەکەی وای دەخواست، ئەوەی لە بیرم ماوە، ئێمە پیاو و کوڕەکان بە پێ لەپشت وڵاغەکانەوە دەڕۆیشتین بە گوندەکانی (دیری، دارشمانە) تێپەڕین و ناوە ناوەش لەبن سێبەری دارێك پشوومان دەدا و ئاوێکمان دەخواردەوە، عەسرانێکی درەنگ گەیشتینە گوندی هەڵشۆ.

گوندی هەڵشۆ لە دامێنی چیای (کەنێر)ە کە لەگەڵ سنووری دەستکردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیای (بابرنج) نێوانیان دەکات و کەوتۆتە دۆڵاییەکی نێوان دوو شاخ بە تەواوی ئەو کاتە دار و درەخت دایپۆشیبوو، لە ناوەڕاستیشدا نیمچە ڕووبارێکی ئاوی ساردی پێدا دەهاتە خوارێ، لەمسەر تا ئەوسەری بە دەیان کانیاوی لێ هەڵدەقولا، لە دەستە ڕاستی ئەوبەری گوندەکە بینای قوتابخانەیەکی سەرەتایی بە بەرد و چیمەنتۆی لێ دروستکرابوو، کە بریتی بوو لە شەش ژوور و هۆڵێکی نیمچە گەورە بەهۆی مامە عومەرمەوە بۆ ئێمە دەستنیشان کرابوو کە تێدا بحەوێینەوە، لە بەردەمیشیدا کانییەکی روونی سازگاری لێ هەڵدەقولا، پاش خاوێنکردنەوەی ژوورەکان دابەش بوو بەسەر ئەندامانی هەر سێ خێزان (ماڵی ئێمە، ماڵی کاکە عەبدە، ماڵی مامە عومەر)، بەڵام لەبەر تەسکی جێگەکە، هەر بۆ ڕۆژی دوایی باوکم مشووری دروستکرنی (ساباتێکی ٣٠م) خوارد و هەر ئەم ڕۆژە بە هەوڵی شەریف شەخسە و هەندێ لە پیاوانی گوند و کڕینی دار و هێنانی (چروو) لە گەڵای دارەکان سەر لە ئێوارە ساباتەکە تەواوکرا و چواردەوری کانیاوەکەی بەردەمیشی بە بەردی پان و ڕێکوپێك سەکۆیەکی (٢م)مان لێ دروستکرد، کە بەڕاستی تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ دیمەنی سابات و کانیاوە سازگارەکەم هەر

لەبەرچاوە، بە تایبەتی کاتی بەیانیان و عەسرانی ئەم رۆژانە کە تێیدا پڕ لەو میوانانە دەبوو کە زۆربەیان خەڵکی کۆیە بوون و ئەوانیش کە نزیکەی (٢٠ خانەوادە) دەبوون وەکو ئێمە هاتبوونە هەڵشۆ، باوکم و کاکە عەبدە و بەهرام و خەسرەو و ئازاد و نەژاد و بەندە لە ژێر کەپرەکە دەنووستین، ژن و کچەکانیش لەناو مەکتەبەکە دەنووستن و نانیان تێدا ئامادە دەکرد، باوکم هەمیشە رادیۆیەکی (ماسکۆت)ی پاتری گەورەی لەگەڵ بوو، هەر لە بەیانییەوە تاکو درەنگانێکی شەو گوێی لە دەنگوباس و هەواڵەکان دەگرت، ناوە ناوەش (تف)ێکی لە رادیۆکە دەکرد، کاتێ بەیاننامەکانی (عەمید روکن سعید فتحی الصقلی) بە ناوی (حاکمی عەسکەری عامی مەنتیقەی شمالی) لە رادیۆی بەغدای هەردوو بەشی کوردی و عەرەبی دەخوێندەوە و دەربارەی بەناو (سەرکەوتنەکان)ی سوپای عیراقی لە بەرەکانی شەڕی دژ بە گەلی کوردستان و پێشمەرگەکانی بە پێچەوانەی رادیۆی (پەیك)ی ئێران کە لە یەکێ لە ولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا پەخش دەکرا، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی کوردستانی بە (حەماس)ەوە دەخوێندەوە، سەرەڕای وتارە بەپێزەکانی کە هەمووی داکۆکی بوو لە گەلی کوردستان و دژ بە (جینایەت)ەکانی بەعس و سوپای عیراق رادەگەیەندرا.

رۆژانەی (هەڵشۆ)مان بە گەڕان و سوڕان تێپەڕدەکرد بۆ گوندەکانی دەوروبەری هەڵشۆ وەکو سەرچاوەی سارتك کە سەرچاوەی زۆری ئاوی رووباری هەڵشۆی پێك دەهێنا و شوێنێکی دڵڕفێن و فێنك بوو لە دووریی یەك دوو کیلۆمەتر (مەخفەر)ی سەربازیی سنووری ئێرانیی لێ نزیك بوو، کاتێ بەنێو دار و درەختەکاتی رۆخی رووبارەکە تێدەپەڕین چەند گۆزەی ماست کە هەڵشۆییەکان پێیان دەگوت (کیتەڵە) لە رۆخی رووبارەکەت دەبینی کە شەوی پێشووتر دەبوو بە ماست، دەخرایەوە نێو ئاوی سارد و سەری دادەپۆشرا بۆ ئەوەی بە گەرما تێکنەچێ. سەردانی گوندی (بێگەلاس و هیرۆ)شمان کرد.

لە نێوان رۆژانەی مانەوەی من لە هەڵشۆ چەند هەواڵێکی ناخۆشی ناو کۆیەمان پێ دەگەیشت، ئەویش لە حەپسکردنی بە کۆمەڵی مامۆستایان و

فەرمانبەرانی کۆیە بوو، سەرەڕای تەق و تۆقی شەو و ڕۆژی ناو شار و ئیعدام کردنی چەندین ڕۆڵەی بێ گوناهی شاری کۆیە و بەستانەوەیان لە پایەی دوکانەکانی ناوەندی شار، ئەوجا هەواڵی دڵ تەزێنی ئیعدامکردنی مامۆستای نیشتمان پەروەر (کەمال ڕەشید حەوێزی) و مەلای شێخ تایەر لەسەر دەستی تاوانباری گەورە و دوژمنی خوێن خۆری کورد (تەها شەکرچی) کە یەکێك بوو لەو سەدان ئەفسەرە خوێن مژانەی وەکو (زەعیم سدیق مستەفا و بدرالدین عەلی، وغانم مسباح وهتد...) کە هەرهەموویان لە سەیرانە نیشتمانییەکەی (نزهة وطنیة)یەکەی سالح مەهدی عەمالش خوێن ڕێژ پشکی سەرەکییان هەبوو.

بەندە لە مانگێك کەمتر لە هەڵشۆ مامەوە، لەم ماوەیەدا دوو جار لەگەڵ (بارام) بە پێ چووینە قەلادزێ بۆ کڕینی هەندێ کەلوپەلی پێویست کە لەو ماوەیەدا ئەگەر (برنج و ڕۆن و ئارد و شەکر)ی ئێرانی نەبووایە کە لەودیو سنوور بە قاچاغ دەهات خەڵکی تووشی ئەزیەتێکی زۆر دەبوو، چونکە گەمارۆی ئابووری عیراق (الحصار الاقتصادی) تەنگی بە کوردستان هەڵچنیبوو.

سەرلە ئێوارەی ڕۆژێکی سەرەتای مانگی تەمموز مامە عومەر بە سەردان لە قەلادزێوە کە تێیدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو وەکو دادوەری شۆڕش، لە هەمان باڵەخانەی میری کاری دەکرد، چونکە ئەوکاتە ئاسەواری میری لە ڕانیە و قەلادزێ نەمابوو.. بە سەردانی مامم زۆر دڵخۆش بووین، چونکە هەندێ هەواڵی دڵخۆشکەری سەرکەوتنی پێشمەرگەی پێ ڕاگەیاندین، کە پێشووتر نەمانزانی بوو، چونکە تاکو ئەو ڕۆژانەش (ناوەڕاستی مانگی تەمموز) هیچ جۆرە بڵاوکراوەیەك نەبوو، سەرەڕای نەبوونی ئێستگە، ئەوەی دەبیسترا ئەو برووسکانە بوو کە لە ڕێگەی (بێ تەل)ەکانی بارەگاکانی پێشمەرگە بوو، کە بەرگوێی خەڵك دەکەوتن.. هەواڵەکان کۆن بوون، یاخود دەنگوباسەکانی ڕادیۆی پەیکی ئێران بوو کە ئەویش درەنگ پەخش دەکرا، بۆیە کاتێ مامم هەندێ لەو هەواڵانەی باسکرد، تا ڕادەیەك ورەمان بەرز بووەوە، چونکە شتێکی

ئاساییه تۆ له گوندێکی دووری سەر سنوور گیرسابیتەوه و هیچ جۆره هەواڵێکت به راستی و درووستی پێ نەگات، و رۆژانەش رادیۆ بێ حەیایەکەی بەغدا و بەیانە خوێناوییەکانی (سعید فتحی الصقلی) حاکمی عەسکەری عامی ناوچەی سەرووی عیراق، و راپۆرت و شیکردنەوەکانی (شاهین تاڵەبانی) خەڵکی توڕه و نیگەران دەکرد.. له هەمان کاتیشدا مامم پێی راگەیاندین کەوا بڕیاری (مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان) فەرمانی به کردنی به (سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش) که بارەگاکەی له (ماوەت)ـه بۆ دەرچووه و پێویسته به زووترین کات بەرەو ماوەت بکەوێته رێگا، پێشیان راگەیاندووه که دەتوانێ یەکێ له نووسەرەکانی دادگای قەڵادزێ لەگەڵ خۆی ببات وەکو نووسەر، بەڵام چونکه نووسەری دادگای قەڵادزێ لەگەل خێزانی له یەکێ له گوندەکانی ناوچەی پشدەر حەوانەتەوه ناتوانێ خێزان و منداڵەکانی بەجێهێڵێ، مامم ناوی بەندەی پێدابوون که وەکو نووسەر له دادگای بەرزی شۆڕش لەگەڵی دەبم، بەم هەواڵه زۆر دڵخۆش بووم، حەزم دەکرد هەر ئەو رۆژه بەرەو ماوەت بکەوتینایەته رێ، باوکیشم هەر له سەرەتاوه خۆشحاڵیی خۆی نیشاندا، بەڵام دایکم تا رادیەك نیگەران بوو، چونکه دەیگوت (فەرهاد جارێ منداڵه و وەختی چەك هەڵگرتنی نەهاتووه و دایکت بمرێ مەکتەبیشی ئەمساڵ له کیس چوو، پاشان رووی له مامم کرد و دەیگوت: تخوا ئاگاداری خۆت و فەرهاد به تەسلیمی خواتان دەکەین)، بەڵام نەنکه پیرۆزەم (دایکی باوکم) که تا بڵێی ئافرەتێکی هێمن و بیرمەند و لەسەرخۆ بوو، دەهاته قسه و دەیگوت (کچم زەکیه (دایکم) ئیمانت به خودا هەبێت، دەیان پارێزێ انشاءالله، ئەتوو تازه له تاوی فەرهاد وا مشەوەش بوویت، ئەمن لەوەتەی عوسمان و عومەر (مەبەستی باوکم و مامم بوو) موویان لێهاتووه ئەوا خەریکی ئەم بەزم و رەزمەن و کوردستان و مەلا مستەفامان لێ بویته نانی بەیانی و ئێواران، ئێستا خوا بەدڵی وانی کردووه، لێیان گەڕێ ئەمن لەمێژه تەسلیمی خوا و پێغەمبەر و شێخ عبدالقادری گەیلانیم کردوون). ئینجا رووی له ئاسمان دەکرد و

تەسبیحەکەی بە پەنجەکانی دەنجولاندەوە و لەبەر خۆیەوە دووعای بۆ دەکردین.

لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی تەمموز دیسان شەریف (شەخسە)ی هەڵشۆیی (ئێسترێك)ـی بۆ ئامادەکردین بۆ بارکردنی چەند (بەتانییەك و دوو سەرین) و هەندێ کەلوپەلی پێویست و دایکیشم مریشکێکی کوڵاو و هەندێ نانی تیری کە بە چوارگۆشەیی قەد کرابوو بۆی ئامادە کردبووین، ئەوەبوو بەیانییەکی زوو پێش رۆژهەلاتن کەوتینە رێ، هەندێ جار کە ماندوو دەبووین لەبن دارێك لەسەر کانییەك لام دەدا، پاش پشوویەکی کەم دەستمان بە رۆشتن دەکردەوە، ناوی گوندەکانی سەر رێگام لەبیر نەماوە، ناوە ناوەش تووشی کۆمەڵێك پێشمەرگە دەبووین کە لە هاتوچۆدا بوون، شەوی یەکەم لە مزگەوتی گوندێك وچانمان لێدا لێی خەوتین، رۆژی دووەمیش بە هەمان شێوە، بەڵام سەرلە ئێوارەی رۆژی دووەم (شەریف) پێی راگەیاندین کە دەبێت چاوەڕوان بین تاکو دونیا تاریك دەبێت، چونکە بە مەبەستی رێگا کورت کردنەوە پێویست دەکات ماوەی چەند سەعاتێك بچینە ناو خاکی (ئێران)ـەوە، چونکە بە رۆژ ئێرانییەکان ماوە نادەن بەو رێگایە تێپەڕین کە لەناو سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕ دەکات، بەڵام شەوانە (سەرڤ نەزەر) دەکەن، بەڵام نابێت جگەرە بکێشین، یاخود ئاگر بکەینەوە، ئێمەش لەبن دارێك بە فرسەتمان زانی ئەو نانەی کە پێمان بوو سێ قۆڵی تەواومانکرد ئاوی (مەتارە)کەی کە دوو دانە بوو تێر ئاومان خواردەوە. ئەوجا لەگەڵ تارکبوون و داهاتنی شەو، شەریف لە پێشەوە و ئێمەش بەدواوە کەوتینە ناو خاکی ئێران (کوردستانی ئێران) و لەگەڵ گەردی بەیانیش کە دونیا ئێشتا تاریك و روون بوو، لە رووباری نێوان دوو پارچەی کوردستان پەڕینەوە ناوی رووباری (تێتێ) بوو، لەگەڵ پەڕینەوەمان بۆ ناو خاکی کوردستانی عیراق لە گۆڕاییەك کە دار و درەختی تێدابوو بەتانیمان لە ئێسترەکە هانییە خوارەوە و رامانخستن و یەکسەر لێی راکشاین، چونکە بە درێژایی شەوی رابردوو نەخەوتبووین تاوکو نیوەڕۆ بەخەبەر نەهاتین، کە هەڵسایین بینیمان (شەریف) لەو (کتلییە رەشە)ی کە

لەگەڵ یەك دوو پەرداخی نایلۆن لەسەر باری ئێسترەکەی قایم کردبوو، خەریکی چا لێنان بوو تاکو چایەکەش کولاّ هەندێ (کێك و بسکیتی ئێرانی) لەو چەند مالانەی کە لەو ناوە بوون و کاری قاچاغیان دەکرد بۆ کڕین و بەدەم پەرداخێ لەو چایە قورسەوە بسکیت و کێکەکانمان خوارد. ئەوجا خۆمان کۆ کردەوە و دەستمان بە رۆیشتن کرد و دەمەو ئێوارە گەشتینە ماوەت، بەلاّم پێش گەیشتنمان بۆ ناو شارۆچکەی ماوەت لە لای راستی رێگەکە درەختێکی گەورەی لێبوو لە ژێرەوەشی کانییە ئاوێکی لێ هەڵدەقولاّ، لەو کاتە دیمان پیاوێك بە جلی خاکی کوردییەوە پاڵی لێ داوەتەوە و رادیۆیەکیشی لەسەر سنگی خۆی دانابوو و گوێی بۆ گۆرانی شل کردبوو و لەگەڵی دەگوتەوە، کاتێ سلاّومان لێکرد هەستایە سەر پێ و بە عەرەبی فەرمووی لێکردین و خۆی پێناساندین کە ناوی (موسا کازم ئەلجبوری) بوو و روتبەی (عەقید)ە لە سوپای عیراقی و ئێستاکە لەگەل چەند ئەفسەرێکی دیکەی سوپای عیراقی کە بەرهەڵستکاری حکومەتی بەعسن، پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستان کردووە. کاتێ کاکی ئەفسەری عەرەب زانی مامم کێیە و بۆچی هاتووە، و پاش پشوودانێکی کورت، پێشمانکەوت بۆناو شارۆچکەی ئەوسای ماوەت بەو شەقامەی ناوەڕاستی شارەکە، کە چند دوکانێك و چایەخانە و چێشتخانەیەك کە بە لۆکس و فانۆس روناك کرابۆوە و ئێمەی بۆ بارەگای سەرەکیی پارتی و پێشمەرگەی ئەو دەمەی ماوت کە (کەرتی دوو)یان پێدەگوت برد، بە گەیشتنمان پێشمەرگەیەکی بالاّبەرز جلێکی خاکی لەبەر و دەمانچەیەکی ویبلی بەقەدەوە بوو پێدەچوو و هەر واش دەرچوو کە ئەو کەسە خوالێخۆشبوو (عوسمان سەعید)ە لێپرسراوی کەرتی دووە و خەڵکی سلێمانییە، دیار بوو مامی دەناسی، بە رێزەوە پێشوازیی لێکردین و کەوتە باس کردنی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی ئەو (کەرتە) و گەیشتن و بەکارهێنانی ئەو چەکەی کە پێی دەڵێن (بازوکا)ی دژە تانك، ئەو شەوە خوا لێی رازی بێ میواندارییەکی پێشمەرگانەی کردین و هەر لەوێش خەوتین.

رۆژی دوایی كه رێككەوتی ١٩٦٣/٧/١١ بوو مامم و بەندە و شەریف و ئێسترەكەی بەرەو (بارەگای دادگای بەرزی شۆڕش) چووین، به گەیشتنمان پێشمەرگەیەكی گەنجی رێكوپێك (شاڵێكی) رانكوچۆغەیەكی رەنگ گورگی لەبەر و دەم به پێكەنین و روو خۆشییەوە به پیرمانەوە هات و ئێمەی بردە ژووره گەورەكەی ناو ئەو بینایەی كه پێشووتر له زەمانی حكومەت و پێش ئازاد بكرێت باڵەخانەی (دادگای بەرایی سنورداری ماوەت) بوو شەش ژووری تێدابوو لەگەڵ هۆڵێكی گەوره كه پاشان بۆ سەرۆكایەتی دادگا رێكخرا و باڵەخانەكه له بەرد و چیمەنتۆ دروستكرابوو و هیچ كەم و كوڕییەكی نەبوو. پێشمەرگه گەنجەكه كه ناوی (بەكری حاجی فەرەج) بوو، پێی راگەیاندین كه له دوێنێ و پێرێوە برادەرانی ستافی دادگا گەیشتوون و میوانی برادەر و دۆستەكانیانن كه له ماوەت نیشتەجێن و ئەركی حزبی و شۆڕشیان پێ راسپێردراوە، بەلام زۆری پێنەچوو یەكه یەكه برادەرانی ستافی دادگای بەرزی شۆڕش گەیشتن، كەوتنه قسه و باسی رێكخستنی دادگا و دەستبەكار بوونیان. ئەو رۆژه تاكو ئێواره كاكه بەكری حاجی فەرەج و كاكه سەباح جەلال و بەندە سەرقاڵی رێكخستنی دادگا بووین، به تایبەتی ژووری سەرەكیی دادگا و شوێنی حەوانەوەمان كه هەر له هەمان باڵەخانه بوو، ئێوارەكەشی گۆڕەپانە بچووكەكەی دادگا كه له دیوی پشتەوەی باڵەخانەكه بوو خاوێن كرایەوە و ئاوڕشتنێكی باش كرا و بووە جێگەی دانیشتنی ئێواره و شەوانی ستافی دادگا و میوانەكانیان. ئێوارەكەی كه برادەرانی ستافی دادگا له حەوشەی دادگا دانیشتبووین باس له دەستپێكردنەوەی رەسمی دادگایان دەكرد، هەندێكیان پێشنیاریان وابوو كه سێ رۆژ دواتر یانی رۆژی (١٩٦٣/٧/١٤) دەست بەكار بێت، كه دەكاته یادی پێنج ساڵەی تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨)، بەڵام هەندێكی دیكه بەتایبەتیش (خوالێخۆشبوو حەسەنی سەید ئەحمەد) دژی ئەوە بوو رۆژی چواردەی تەمموز دەستپێكی كاری دادگای بەرزی شۆڕش بێت، چونكه وەكو ئەو گوتی (له تاریخ دا ئەم رۆژه بۆ دادگا ون دەبێت، ئەگەر بێت و لەم رۆژەدا دادگا دەستبەكار بێت،

چونکە تێکەڵاوی ڕۆژی شۆڕشێکە، باشتر وایە ڕۆژێکی دیکەی بۆ دابنێن).
ئەوجا مامیشم کە سەرۆکی دادگایەکە بوو هاتە سەر خەت و گوتی (مادام وایە هەر سبەینێ واتە ١٢ی مانگ ناوی خوای لێ دەهێنین و دەستبەکار دەبین) و پاشانیش (کەرتی دووی پارتی) و برادەرانی دیکە کە لە ماوەت بوون یەکە یەکە ئاگادار کران.

ڕۆژی ١٢ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول دادگایەکی بەرزی یاسایی دامەزرا، بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی پارتی لە کەرتی دوو و هەندێ لە لێپرسراوانی دەزگاکانی وەکو بەندینخانە و ئازوقە و چەند کەسایەتییەك کە لە ماوەت بوون لە شوێنە جیا جیاکانی کوردستانەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، دەستپێکی کردنەوەی دادگای بەرزی شۆڕش کە لەسەر بنەمای یاساکانی عیراق بەڕێوە دەچوو بە دادگاکردنی (ئەفسەری پۆلیس ابراهیم النائب) دەستپێکرد کە تۆمەتبار کرابوو بە هەندێ تاوانی دژ بە یاسا، لە هەندێ لە شارەکانی کوردستان کە بەرپرسیاریەتیی وەزیفی هەبووە لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٣.

**ستافی دادگا بریتی بوون لە:**

١- عومەر حەبیب عەبدوڵڵا — سەرۆکی دادگا

٢- موحسین دزەیی — دادوەری یەکەم

٣- ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف — دادوەری دووەم

٤- حەسەن سەید ئەحمەد — دادوەری سێیەم

٥- کەمال ئەحمەد بەرقی — لێکۆڵەوەری (محقق) عەدلی

٦- تاهیر ساڵح فەتاح — داواکاری گشتی (المدعی العام)

٧- نووسەرەکانی دادگا:
أ- سەباح جەلال غەریب
ب- فەرهاد عەونی

٨- پارێزگارانی (الحمایە) دادگا:
أ- بەکری حاجی فەرەج
ب- لوتفی مەحمود، کە دەکاتە برای شەهید محەمەد مەحمود قودسی

ئیشوکارەکانی دادگا زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچوو، ڕۆژانە سەرقاڵی کارە یاساییەکانی خۆی بۆ هەر شتێك کە پەیوەندیی بە یاسا و دادگا هەبوو دەهاتە بەردەستی دادگا و هیچ کەسێکیش تێکەڵ بە ئیشی دادگا نەدەبوو، ڕاستەوخۆش لێپرسراوی بەندینخانە کە خوالێخۆشبوو (خولە ئامە) بوو پەیوەندی بە دادگاوە هەبوو کاتێ تۆمەتبارێك دەهێنراەیە دادگا بەندە یاخود کاك سەباح جەلال بە نامەیەکی سەرۆکی دادگا بۆ لێپرسراوی بەندینخانە لەگەڵ یەکێ لە پێشمەرگەکان تۆمەتبارەکەمان دەهێنا و پاشان بە هەمان شێوە دەمانبردەوە، سەرەڕای ئەو تۆمەتبارانەش لە یەکێ لە ژوورەکانی حەپسخانەی ماوەت کە ئەویش باڵەخانەیەکی گەورەی بۆ هەندێ لەو هاوولاتییانەی کە سەر بە حزبی شیوعی عیراقی بوون تەرخان کرابوو، تاوانەکەیان تەنها ئەوە بوو (شیوعین)، زۆر مەردانە داکۆکییان لە خۆیان و لە سیاسەتی حزبی شیوعی دەکرد و بە ئاشکرا داخی ئەوەیان دەخوارد کە چۆن مەکتەبی سیاسیی پارتی دەستبەرداری ئازادکردنی ئەندامانی حزبی شیوعی نابێت کە سیاسەتێکی ئاشکرا و روونی هەبووە بەرامبەر بە کورد و ئێستاش وەکو پێشمەرگە هاتوونەتە ریزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەو چەند برادەرەی کە ناوەکانیانم لەبیر ماوە، خوالێخۆشبووان (عەبدولڕەحمانی ساڵحی خلە، ئەحمەد نەبەرد، هونەرمەند تەها خەلیل)، لێرەدا نایشارمەوە کە بەندە بە چاوی رێزەوە تەماشای کەسایەتیی ئەو برادەرانەم دەکرد و هەندێ جاریش بە دابینکردنی (موسی ریش تاشین و تووتنی سیغار کێشان) یارمەتیم دەدان، ئەویش کەم، چونکە مانگانەکەی منیش تەنها (یەك دینار) بوو کە ئەویشم لە مامم وەردەگرت، چونکە کاتێ ئێمە بۆ هەڵشۆ بەرێ کەوتین باوکم (٥٠ دینار)ی دا بە مامم و پێی گوت مانگی دینارێك بە من بدا. منیش هیچ مەسرەفێکی وام نەبوو تەنها رۆژی هەینی نەبێت نیوەڕۆیەکەی لەگەڵ کاك سەباح جەلال دەچووینە چێشتخانە قەلەندەرەکەی (عوسمان) برنج و شلەیەك لەگەڵ کەمێ بنکڕ بە بێ گۆشت بە (٢٥ فلس) دەمانخوارد و هەندێ ئێوارانیش دەچووینە ئەو چایخانە هاوینییەی کە لە ریزی ئەو چەند دوکانەی ناو بازاڕ دایاننابوو دادەنیشتین،

دوو چا بە (١٠ فلس) بوو جار جارەش جۆرە نوقڵێکی ئێرانی کە بە قاچاغ دەهات پێیان دەگوت (مینۆ) پاکەتی بە (١٠ فلس) بوو، بۆ دەم شیرین کردن دەمانکڕی، مووچە و دەرماڵە.. هیچ شتێك لەو بارەیەوە نەبوو، کاغەز و قەڵەم و نەوت و لۆکس و فانۆس لە بەشی ئازووقەی کەرتی دوو دابین دەکرا کە لێپرسراوەکەیان (عبدالرزاق بیتوشی و خوالێخۆشبوو عبدالرحمن ئەسعەدی کۆیی) بوو، رۆژانەش سێ جار دەبووایە یەکێ لە پێشمەرگەکان (نان و ئەو پێخورەی هەبووایە) دەیانهێنا، بەڵام ناوە ناوەش ستاف دادگا پارەیان کۆدەکردەوە بۆ کڕینی چەند کیلۆ برنج و رۆن و دۆشاوی تەماتە، دەکرا بە (قوبڵییەکی سوور) بە پیازەوە دەمانخوارد و هەندێ جاریش کە بروسکەی تێکشکاندنی (تانکێك یاخود دەبابەیەك) بە بروسکە لە بەرەکانی شەڕەوە دەگەیشت بەو بازوکانەی کە تازە لە دەرەوە کڕابوون و لە رێگەی ئێرانەوە دەگەیشت، ئەو رۆژە (مەڕێك یاخود دوو سەردەبڕا) ئینجا بەسەر فەرمانگەکانی شۆڕش دابەش دەکرا، زۆربەی بەیانییان نان و چا و ناوەناوەش ماستی لەگەڵدابوو، نیوەڕۆیان (نۆك یا نیسك) بوو، بۆ ئێوارانیش دیسان نان و چا، یاخود نەختێ میوەی وەك (ترێ، هەنجیر) دابین دەکرا، بەڵام ناوە ناوەش ستاف دادگا وەکو لە پێشەوە باسم کرد، برنج و رۆنیان دەکڕی لەسەر حیسابی خۆیان و هەندێ جاریش (مریشکێك یاخود کەڵەشێرێك) دەکڕا، بەڵام سەرەڕای ئەم نەبوونی و بێ مووچەییە رۆژێك نەم دی تاکە کەسێك گازاندە لەم بارودۆخە بکا، خەڵکی بە لێپرسراوەکانیشەوە تەنها بیریان لای بەرەکانی شەڕ و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بوو.

ئێواران خوالێخۆشبوو (عوسمان سەعید) ئەگەر دەنگوباسی سەرکەوتنێکی بە بێ تەل (لاسلکی) پێ بگەیشتبا ئەوا شەوانە دەهاتە بارەگای دادگا و بە دەنگە بەرزەکەی بۆی دەخوێندینەوە، هەندێ ئێواران لەگەڵ کاك سەباح جەلال بەدەم پاسەوە بەرەو خوار دەبووینەوە بۆ هەنارخواردن کە ئەوکاتە یەگجار هەرزان بوو.

له دادگا ڕێکخستنی پارتایەتی دوو شێوازی بەخۆیەوە گرتبوو، و سەرۆك و دادوەرەکان لە شانەیەك کە ڕاستەوخۆ لە لایەن لێپرسراوی کەرتەوە ڕێکدەخران و شانەی دووەمیش بریتی بوو لە داواکاری گشتی و لێکۆڵەوەری یاسای و هەردوو نووسەری دادگا و لێپرسراوی پارێزگاری و ئەمنییەت و لێپرسراوی بەندینخانەی دادگا کە لە لایەن خوالێخۆشبوو کەمالی ئەحمەد بەرقییەوە کە لێپرسراوی شانەکەمان بوو ڕێکدەخراین و هەفتەی جارێك کۆبوونەوە دەکرا و مانگانەش وەکو شتێکی ڕەمزی یەکی (٢٥ یا ٥٠ فلس) بەپێی باری دارایی وەکو ئابوونە دەدرا، ئەمە سەرەتای پەیوەندیی کاری پارتایەتیم بوو لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بە بەردەوامی مایەوە لە قۆناغی یەکەم تاکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول پاش ڕێککەوتننامەکەی (٦ی ئازار)ی ساڵی ١٩٧٥ی جەزائیر لە کاتی خۆیدا باسی لێوە دەکەم، ئیشوکاری ڕۆژانەی دادگا بە ئاسایی ڕۆژانە بەڕێوە دەچوو پاش ئەوەش ئێوارانی بەدەم گوێگرتن لە ڕادیۆ و چوونە چایخانە و پیاسەکردن و سەردانی ئەم و ئەو دەگوزەرا.

ئێوارەیەکیان کاتێ لەو چایخانە هاوینەیەی ماوەت دانیشتبووین دەنگۆی هێنانی (حامد القاضي) کە ئەفسەرێکی باڵای پۆلیس عیراقی بوو لە سلێمانی کە پێش چەند ڕۆژێك لە نێوان سلێمانی و سەرچنار لە لایەن دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی گیانفیدا دەستگیر کرابوو، بەرەو ماوەتیان دەهێنا، ئەو ئێوارەیە ئێمە هەمووومان لەگەل خەڵکانێکی زۆر چاوەڕوانی (حامد القاضي)مان دەکرد، درەنگانێکی ئێوارە دەستەیەك پێشمەرگە بەدیارکەوتن و (ئێسترێك)یان پێشی خۆیان خستبوو و زەلامێکیش بە جلی سەربازی سواری پشتی ئێسترەکە کرابوو، کاتێ نزیك بووەوە زانرا کە ئەم زەلامە ئەفسەرە ڕفێندراوەکەیە، بەڵام ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە دیمەنی هاتنی دەستە پێشمەرگەکە بوو بۆ پشوودان بۆ ئەو چایخانەیەی کە ئێمە لێیبووین لەگەڵ ئێمەش خوالێخۆشبوو (حەمەی لالەمین)یش کە ئەندامێکی دێرینی پارتی بوو ئەوکاتە ئەویش لە ماوەت بوو خۆی خەڵکی سلێمانی بوو، دیاربوو ساڵێك

پێش ئەو کاتە یانی ساڵی ١٩٦٢ (حەمەی لالەمین) لە سلێمانی لەسەر کوردایەتی گیراوە و براوەتە بەردەم ئەم ئەفسەرە و لێیداوە، بۆیە لەم ساتەوەختەدا کە حەمەی لالەمین لە (حامد القاضي) چووە پێشەوە بەهەردوو دەستی خۆی کەوەکو کەلەپچە کرابێ (دیارە کاتی خۆی کاکە حەمەیان بە کەلەپچەکراوی بردۆتە بەردەم ئەو ئەفسەری پۆلیسەوە و لێیداوە) بە عەرەبی هاواری لێکرد و گوتی (ها تعرفني؟.. المحبوس مال البنزينخانه، راشدي واحد.. راشدي ثنين يا...)، مەبەستی کاکە حەمە بەبیر حامد القاضي بێنێتەوە، کەوا چۆن لەلای بانزینخانەی سلێمانی گیراوە و بە کەلەپچەکراوی براوەتە بەردەم حامد القاضي کە ئەو کاتە ئەفسەری پۆلیسی ناوخۆی سلێمانی کاربەدەستێکی گەورە بوو ئەویش یانی حامد القاضي چەند زللەیەکی لە کاکە حەمە داوە، و جنێوی پیداوە.. لە سەرەتا حامد القاضي ورتەی لە زمانی نەهات، پاشان وەکو پاڕانەوەیەك رووی لە کاکە حەمە کرد و گوتی (الله يحفظك ما تجوز من عندي. یانی خوا بتهێڵێ وازم لێ ناهێنی) لەو کاتە خوالێخۆشبوو (حەسەنی سەیدەحمەد) کە لەولاوە راوەستابوو رووی لە کاکە حەمە کرد و گوتی (واز لەم گەوایە بێنە ئەسیرە).

رۆژانی دواتر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، بەڵام نەبرایە حەپسخانە و لە شوێنێکی تەنیشت دادگا ژوورێکی بۆ رێکخرابوو و تێدا دەستبەسەر بوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەدەهاتە دەر وەکو لە دادگا نیشانی دا ئەو بە هیچ شێوەیەك لە حزبی بەعس نزیك نەبووە و ئەو بیری نەتەوەیی عەرەبی هەیە بۆیە کاتێك کودەتاکەی عبدالسلام عارف لە ١٩٦٣/١١/١٨ روویدا داوای دیتنی سەرۆکی دادگای کرد و داوای لێکرد کە ئەگەر بکرێت (بروسکەیەکی پیرۆزبایی هەیە بۆ سەرۆك کۆماری تازە، کە عبدالسلام عارفە، بەهۆی بێتەلەکانی پێشمەرگەوە بۆی رەوانە بکرێت) سەرۆکی دادگاش لە وەڵامدا پێی گوت (ئەمە لە دەسەڵاتی مندا نییە، بەڵام بروسکەکەت لەگەڵ نامەیەك بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دەنێرین).

ڕووداوێك هەیە وەکو خۆی دەیگێڕمەوە، مەبەستم لێرە بەدیارخستنی دوو هەڵوێستە وەکو خۆی بێ زیاد و کەم، ئەمیش بریتییە لە:

لە کۆتایی مانگی ئاب یاخود سەرەتای مانگی ئەیلولی ئەم ساڵە، کە نزیکەی مانگ و نیوێك دەبوو بەندە بە ڕەسمی بە نووسەری دادگای بەرزی شۆڕش دامەزرابووم و لە شانەیەکی پارتیش وەکو لە پێشەوە باسم کرد ڕێکخرابووم، یەکێ لە ئێوارەکانی ئەم ڕۆژگارە لەگەڵ مامم لە پشتەوەی باڵەخانەی دادگا بەرامبەر کێوی (کەمۆ) دانیشتبووین، کاتێ بەریدی دادگایان هێنا مامم یەکە یەکە هەڵیدەپچڕی پاش خوێندنەوەی دەیدا بە من تاکو دوایی لە ژوورەوە بیخەمە ناو فایلە جۆراوجۆرەکان، بەڵام کاتێ یەکێ لە نامەکانی هەڵپچڕی و یەك دوو جاری خوێندەوە دیتم مامم نەختێ ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و نامەکەی خستە گیرفانی و داما، منیش لە سەرەتادا بێدەنگ بووم پاشان لێم پرسی:

**بەندە**: کاکە عومەر خێرە، خۆ هیچ نەقەوماوە خوانەخواستە، خۆ باوکم هیچی لێ نەهاتووە، ماڵەوەمان سەلامەتن؟

**مامم**: (بە دڵ تەنگییەوە) نا کوڕم، الحمد لله هیچ نەبووە مەسەلەکە پەیوەندیی بە دادگاوە هەیە.

**بەندە**: ئێ باشە خۆ هەموو نامەکان پەیوەندییان بە دادگاوە هەیە، من هەڵیان دەگرم، بەڵام بۆ ئەم نامەیەت بە تەنها خستە گیرفانت و ڕەنگت تێکچوو، تخوا تو سەری کاکم (مەبەستم باوکم بوو) ئەگەر پێم نەڵێی چییە.

**مامم**: (پاش کەمێ بیرکردنەوە) وتی: نامەکەت دەدەمێ بیخوێنەوە، بەلام لای کەس قسە مەکە و خۆت تێك مەدە.

نامەکەی دایە دەستم کە دەقەکەی بەم شێوەیە بوو:

**کوردستان یان نەمان**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**

**بەڕێز سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش پێتان رادەگەیەنین کە فەرهاد عەونی ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراقە، دامەزراندنی لای ئێمە بە رەسمی نییە، تکایە ئیشوکاری دادگای پیٚ رامەسپێرن.**
**ئیتر بۆ پێشەوە**

**ئیمزا**

نووسراوەکە کە ئیمزای بیٚ ناو بوو، بەڵام مۆری مەکتەبی سیاسیی پێوەبوو، منیش ماوەیەك بێدەنگ بووم، بەڕاستی پێم ناخۆش بوو، لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو کاتیٚ مامم زانی کە نووسراوەکە ئیمزای مامۆستا (عەلی عەبدوللا)ی پێوەیە کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، چونکە پەیوەندیی ئێمە و بە تایبەتی مامم و باوکم لەگەڵ کاك عەلی عەبدوللا زۆر لەوە گەورەتر و بەهێزتر بوو لەوەی کاك عەلی عەبدوللا نەتوانیٚ (سەرف نەزەر) لەم نووسراوە بکات، بەتایبەتیش کاری نووسەری دادگا چ نهێنییەکی تێدا نەبوو کە وا لە مەکتەبی سیاسی و کاك عەلی عەبدوللا بکات ئەو نوسراوە نهێنییە بۆ لابردنی گەنجێك لەسەر کارێکی خۆبەخش کە لە دووری سەدان کیلۆمەترەوە هاتووە بۆ ئەوەی خزمەتێکی کەم بە رێبازی کوردایەتی بگەیەنیٚ، لە کاتێکدا کە لە شانەیەکی پارتی لەو سەروبەندەدا رێکخراوە، بەڵام بەداخەوە ئەو کاتە سیاسەتەکە وابوو کە ئەوەی بۆنی شیوعییەتی لیٚ بهاتایە لەو دەڤەرە مامەڵەیەکی نەرێنیی لەگەڵ دەکرا، بابەتێکی دیکە کە پەیوەندیی بەو سیاسەتەوە هەبوو، چەند رۆژێکی دواتر فەرمانم پێکرا کەوا بچم بۆ بەندینخانەی ماوەت لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا بە مەبەستی هێنانی چەند نەفەرێك کەوا لە حەپسخانەی ماوەت و سەر بە رێکخستنی حزبی شیوعی

عیراقی و بەند بوون بۆ بەردەم رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی کە وابزانم رۆژنامەنووس (دانا ئادەم شمیت) بوو، بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەنووسە بزانێ کە شۆڕشی کوردستان مامەڵەیەکی نەرێنی لەگەڵ شیوعییەکان دەکا، بەڵکو ئەو رۆژنامەنووسە لە راپۆرتەکانی ئەم بابەتە بنووسێ و پیشانی رای گشتیی ئەمەریکا و رۆژئاوای ئەورووپا بدات تاوەکو یەکێ لە لێپرسراوانی پارتی دەیگوت (لەوانەیە ئەم سیاسەتەی ئێمەی بەرامبەر شیوعییەکان سۆزی ئەورووپا و ئەمەریکا رابکێشێت بۆلای شۆڕشی کوردستان کە دژی شیوعین).

ماوەی چەند رۆژێك دەوامی دادگام نەدەکرد، بڕیارم دا کەوا بگەڕێمەوە هەڵشۆ و پاش راوێژکردن لەگەل مامم، بەڵام لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بووم لەگەڵ چوونی چەند پێشمەرگەیەك بۆ قەڵادزێ یاخود بەهەر رێگایەك کە بەتەنها نەبم، چونکە من شارەزای ئەو هەموو رێگە دوورە نەبووم، بەڵام پاش کەمتر لە هەفتەیەك (جەنابی مام جەلال تاڵەبانی) کە ئەوکاتە لێپرسراوی بەرەیەکی شەڕی فراوانی ناوچەی کەرکووك و سلێمانی بوو، بە رێککەوت لە چەمی رێزانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی دەچوو، ئەو کاتە لە گوندی (عیساوێ) بوو، بەڵام چونکە رێگاکە وابوو دەبووایە بە (ماوەت) تێپەڕێ، سەرلە ئێوارە سەردانی بارەگای دادگای بەرزی شۆڕشی کرد بە مەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی دادگا و دادوەرەکان سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەیان دۆست و هەڤاڵی دێرینی ئەو بوون، بەتایبەتیش مامە عومەرم، بە گەیشتنی لە پانتاییەکی دواوەی دادگا هەندێ بەتانی و رایەخی سادە راخرابوون و ئەو ناوەش رشێندرابوو بە کەمێ ئاو، لەولاشەوە کەرەستەی چا ئامادەکرابوو، دانیشتنەکەم وەکو خۆی لەبەرچاوە کاتێ مام جەلال هات بە جلێکی خاکی و دەمانچەیەکیشی بە قەدەوە بوو، و کلاوێکی جۆری کلاوی کۆییانەی بەسەرەوەبوو یەکە یەکە لەگەڵ ئامادەبووان تەوقە و چاك و خۆشیی بە گەرمییەوە دەکرد ئەوجا لە لای سەرەوە لە تەنیشت سەرۆکی دادگا دانیشت، باس و خواسەکەی کە هەمووی دەرباری بەرەکانی شەڕ بوو سەرەڕای هەندێ لە رووداوەکانی سەفەری ئەورووپای دەکرد کاتێ لە بەغداوە لەگەڵ وەفدێکی عیراقی بەرەو میسر ئەوجا

جەزائیر چوو بوو پاشان ئەو توانیبووی بچێتە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و هەندێ وڵاتی رۆژهەڵاتی ئەوروپا کە ئەوان یانی سیاسەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا ئەوکاتە روو لە کورد بوو پاش کودەتا خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و زۆر بە ئەرێنی باسی سیاسەتی وڵاتانی شیوعیی دەکرد. پاش ماوەیەك حاکم (حەسەنی سەید ئەحمەد) چووە تەنیشتی مام جەلال و بە پسەپس هەندێ قسەی لەگەڵ مام جەلال کرد. مام جەلالیش رووی لە حاکم عومەری مامم کرد کە سەرۆکی دادگایە بە هێواشی پرسیاری لێ دەکرد زۆری پێ نەچوو مامم لە گیرفانی پارچە کاغەزەکەی دەرهێنا و دایە دەستی مام جەلال، مام جەلالیش پاش خوێندنەوەی کاغەزەکە کە هەمان نوسراوەکەی مەکتەبی سیاسی بوو لەبارەی منەوە بەم شێوەیە دوا:

**مام جەلال**: کوا فەرهاد؟

**بەندە**: من ئەو کاتە لە خوارەوە دانیشتبووم گوتم (بەڵێ مامە).

**مام جەلال**: (کەمێ بە توڕەییەوە)، لە سبەینێوە دەوامی خۆت بکە.

**بەندە**: ئاخر مامە!! نووسراوەکەی..

**مام جەلال**: نەیهێشت من قسەکەم تەواو بکەم، دیسان (بە کەمێ تووڕەییەوە)، کێخوا من دەڵێم سبەینێ دەوامی خۆت بکە و تەواو.

ئەوجا رووی لە حاکم عومەر کرد و هەندێ قسەی لەگەڵ ئەویش کرد و نووسراوەکەی مەکتەبی سیاسیی خستە گیرفانی خۆی، لێرەدا حاکم حەسەنی سەید ئەحمەد هەڵیدایێ و بە پێکەنینەوە گوتی:

**حەسەنی سەید ئەحمەد**: مام جەلال حەق وایە تەرفیعێکیش بە فەرهاد بکەن لە جیاتی ئەوەندە رۆژەی دەوامی نەکردووە؟

**مام جەلال**: (بە کەمێ پێکەنینەوە)، باشە بیکەن بە باش کاتب.

ئەوەی راستی بێت کاتێ هەڵوێستە جوامێرانەکەی مام جەلالم دیت بە رادەیەکی گەورە گەشامەوە، و گەورەیی ئەم سەرکردەیەشم زیاتر بۆ بەدیارکەوت، کە لە نێوان سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی تەنها ناوی مام جەلال دەهات، چ وەکو سەرکردەیەکی سەربازی سەرکەوتوو و چ وەکو

سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو، کە لە نێوان هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو (یانی مام جەلال) بە کۆی دەنگ هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی کردنی وەفدی کوردستان لە کۆنگرەی کۆیە بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بەغدای تێنووی خوێن. بەندە وانەبیٚ ئەوە یەکەم جارم بووبیٚ لە نزیکەوە مام جەلالم دیتبیٚ یاخود ناسیبیٚ بەڵکو پێشووتریش لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو چ لە ماڵی خۆمان و چ لە ئوتێل (الرشيد الجديد) کاتیٚ قوتابیی کۆلیژی یاسا بوو لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٤دا دیبووم.

بە هەرحاڵ بە گوڕ و تینێکی زیاتر کاری خۆم لە دادگا رادەپەڕاند زیاتر لە پێویست، سەرەڕای بەردەوام بوونم لەناو رێکخستنی پارتی لەو شانەیەی کە تێیدا ئەندام بووم تاکو دوا هەفتەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی بارەگای دادگای بەرزی شۆڕش گوێزرایەوە بۆ گوندی عیساویٚ کە زۆربەی بارەگا سەرەکییەکانی شۆڕشی لێبوو، وەکو بارەگای (مەکتەبی سیاسی، بیٚ تەل، ئازوقە، سەربازی، ئیدارە،... هتد)، بە دار و درەختێکی چڕ و پڕ داپۆشرابوو، بەرامبەر ئەو رووبارەی کە بە سنووری ئێرانەوە دەهات، نزیك بە شاخی (گردە رەش) کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول (ئێستگەی دەنگی کوردستان)ـی تێدا دامەزرا و پەخش کرا، ئەو خانووەی کە ئێمەی (مامم و بەندە) تێدا جێگیر بووین بریتی بوو لە خانویٚ:ی دوو ژوور و دالانێکی بچووك، لە خشتی قوڕ و قوڕ دروستکرابوو، لە وەرزی هاوین کە نزیکەی (١٠-١٥) خانوو دەبوو سوود لەو دیلە سەربازە عەرەب و جاشە کوردەکان وەرگیرابوو کە لەو ناوە ئیشیان پیٚ دەکردن، پاشان هەر بارەگایەك سەربازێکی عەرەبی بۆ تەرخان کرابوو بە مەبەستی بەردەستی کردن، بەڵام لە هەمووی خۆشتر نائب عەریفێکی عەرەبی شاری ناسرییە ناوی (فەلیح) بوو پێی خۆش بوو بە (کاکە فەلاح) ناوی ببەین، ئەویش لە سەرەتای شەڕ دەستپێکردنەوە لە مانگی شەشی ئەم ساڵە لە دەوروبەری سلێمانی لەگەل چەند سەربازێکی دیکە بە دیل گیرابوو ئەم (کاکە فەلاح)ـە لە بنەڕەتدا خۆی کاری نانەوایی کردووە لە شارەکەی خۆی، بۆیە ببوو بە (نانکەر و لێپرسراوی

دابینکردنی نان) بۆ هەموو بارەگاکانی عیساویێ، ئەوەی لێرەدا لەیاد ناچێتەوە جۆری نانەکەی (فەلیح) بوو، کە هەر خۆی (دوو تەندوور)ی گەورەی لە قوڕ درووستکردبوو، لەناو ئەو ژوورەی گەورەی کە هەم خۆی و دوو سەربازی دیکەی عەرەبی بە دیل گیراوی لەگەڵدا بوو، و جۆرە کولێرەیەکی درووست دەکرد، ئەو پێی دەگوت (خبز عرب) تاکو بڵێی بەتام و خۆش بوو، ڕۆاژنە (سێ ژەمە) لەو نانەمان بە چاوە دەخوارد و لێی بێزار نەدەبووین، چونکە ئەو کاتە لە نان و چا زیاتر نەبوو بیخۆین، تەنیا بۆ نیوەڕۆیان نەبێت، ڕۆژێك شلەی نیسك و ڕۆژی دواتر شلەی نۆك (نۆکاو)، بۆیە سەر لە بەیانیی ڕۆژێکی بەفراویی زێدە سارد، خوالێخۆشبوو عەقید (طه بامەڕنی) هاتە لامان ئەو کاتە ئێمە نان و چامان دەخوارد، ئەویش کە دیتی ئێمە ئەو نان و چایە بە روتی دەخۆین، گوتی (راوەستن خواردنێکی خۆشتان فێر دەکەم، کە قەت لێی بێزار نابن)، داوای لێکردم هەندێ ڕۆن و شەکری بۆ بێنم، ئەو کاتە ڕۆنێکی ئێرانی هەبوو تاکو بڵێی ڕۆنێکی خۆش و بەتام بوو، ڕۆنی (شا پەسەند)یان پێ دەگوت، بامەڕنی چەند کولێرەیەکی لەسەروبنی ئەو (سۆبا)تەنەکەی کە پڕی لە دار بوو دەسووتا، داینا و پاش ئەوەی بە کەوچك هەندێ ڕۆنی لە کولێرەکان پێ چەور کرد و لە هەندێکیشیان ڕۆن و شەکری تێکەڵ کردبوو، کولێرەی پێ چەور کردن پاش دەقەیەك کولێرەکان زۆر بە جوانی (سوور) بوونەوە، کاتێ کە دەستمان بە خواردنی کرد، هەندێکی کولێرەی چەور و هەندێکی دیکەش کولێرەی چەور و شیرین، خودا وەکیلە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش خۆشی و تامی ئەو کولێرانە لای من هەر ماوە و دەتوانم بڵێم لەم بێ خواردنی چەور و بێ گۆشتییە، کولێرەکانی دەستی (فەلیح) جێگەی هەمووی خواردنێکی بۆ کردینەوە، سەد ڕەحمەت لە گۆڕی خوالێخۆشبوو (طه بامەڕنی) و (فلیح)یش تاکو بارودۆخەکە گۆڕدرا ئەو هەر لەو ناوە مایەوە و حەزی نەدەکرد عیساویێ بەجێ بهێڵی.

ڕۆژانە لەو خانووە قوڕە کە بە سۆبەی دار گەرم دەکرایەوە و بەفر بە بەرزایی نزیکەی مەترێك باریبوو میوانمان دەهات، ئەوانەی لە بیرم ماون

خوالێخۆشبووان (مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، عەلی عەسکەری، مەلا عەبدوللا (ماتۆڕ)، عەبدوللا ئاغای پشدەری، د. کەمال فوئاد، د. فوئاد جەلال، حەبیب محەمەد کەریم، عەلی مام رەزا، عبدالرحمن رووتە، خالید دلێر، (بەکری مام رەزا و شەهید جەعفەر عەبدولواحید کە ئەم دووانە لە ئەکادیمیای عەسکەریی شۆڕش دەیانخوێند)، عبدالرقیب یوسف، عەلی ئاغای ئاوەکورتی، ئیسماعیل سەرهەنگ).

ئیسماعیل سەرهەنگ لێپرسراوی دەزگای بێ تەل بوو لە شۆڕش و تا بڵێی پیاوێکی زیرەك و بلیمەت بوو بە هەڵهێنانی شیفرەی برووسکەکانی سەربازی سوپای عیراق سەرەڕای بەردەمی ماڵەکەی خۆیی بە گوڵی جۆراوجۆری کێوی رازانبدۆوە و رۆژنامەنووسەکان کاتێ سەردانی ئەم ناوەیان دەکرد و دەچوونە لای ئیسماعیل سەرهەنگ زۆر دڵخۆش دەبوون بەم دیمەنە، ئەم پیاوە سەرەڕای کاری تایبەتی خۆی سەرقاڵی گرنگی دان بوو بەو گوڵ و گوڵزارانە و ناویان لێنابوو (باخچەی سەرهەنگ)، بە رێککەوت کاك عومەر دزەیی و خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق بۆ ماوەی هەفتەیەك تا (١٠) رۆژ لامان مانەوە و لەو سەر و بەندەدا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (جۆن کەنەدی) لە ١٩٦٣/١١/٢٢ تیرۆرکرا، ئێوارەکەی لە رێگەی رادیۆکەی شەهید دارا تۆفیق زانیمان و زۆر دڵتەنگ بووین، چونکە سەرۆکێکی لێوەشاوەی ئەمەریکا و گەنجێکی قۆز بوو، هەواڵەکە کاکە دارا تۆفیقی زۆر پەشۆکاندبوو، چونکە وەکو ئەو دەیگوت دەترسم (کوبای کاسترۆ و سۆڤیاتی کە ئەو کاتە نیکیتا خرۆشۆف سەرۆکی بوو، تۆمەتبار بکرێن، کە ئاکامەکەی بۆ سەراپای دونیا زۆر مەترسیدارە).

لەو سەر و بەندەدا بوو د. کەمال فوئاد کە ئەوکاتە سەرۆکی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) بوو لە ئەورووپا، وەکو باسی لێوە دەکرا ئێستگەیەکی بچووکی هێنابوو کە شەپۆلەکەی تاکو (٢٠ کیلۆمەتر) دەڕۆی و لە ئەشکەوتی شاخی گردەڕەشی نزیك لە ماوەت دانرابوو، کە ناوچەیەکی شاخاویی بە دار و درەخت داپۆشرابوو، یەکێ لەو شەوانە کەوتە ئیش و بووە مایەی دڵخۆشیی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە و رۆژانە دەبووایە یەکێك بە وڵاغ رۆژانە نان و

پێداویستییان لە دەزگای ئازووقەی ناوەندییەوە لە عیساویێ بۆ ببات کە تێیدا بەندە دوو جار لەگەڵ یەکێ لە پێشمەرگەکانی بارەگای سەربازی ئەو شەرەفەم بەرکەوت، کە بە پێ و بە دوو ولاغ پێداویستییەکانیان بگەیەنینە گردەڕەش، کەشوهەوای ئەو ناوچەیە بەرە بەرە بەرەو ساردی دەچوو، باران و بەفر دەستیان بە بارین کرد، بەفر و بارانەکە یەکجار زۆر بوو، چواردەوری خانووەکەمان بە بەفر هەڵوسرابوو رۆژانە دەبووایە چوار لەو سەرباز و جاشانەی کە لە شەڕ بە دیل گیرابوون بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك سەرقاڵی پاککردنەوە و کردنەوەی رێگای نێوانی خانووەکەی ئێمە و ئەملا و ئەولای بن، سەرەڕای ئازووقە کەمی، بەلام تەنها ئەوەی دڵخۆشکەر بوو سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بوو لە بەرەکانی شەڕ، ئەویش زۆرتر لە رێگەی ئەو برووسکانە پێمان دەزانی کە کاك ئیسماعیل سەرهەنگ پێی رادەگەیاندین.

ماوەی نزیکەی شەش مانگ بەسەر هاتنمان بۆ ماوەت و عیساویێ تێپەڕ ببوو ئاگامان لە ئەحواڵی ماڵەوەمان نەبوون لەو کاتەی کە هەڵشۆمان بەجێهێشتبوو تەنها یەك دوو جار باوکم نامەی بۆ مامم نووسیبوو،جارێکیان هەواڵی ئەوەی پێ دابووین کە لە سەرەتای مانگی (١٠)وە هەڵشۆیان بەجێ هێشتووە و لە قەڵادزێ خانوویەکی گەورەیان بەکرێ گرتووە کە پێشووتر قوتابخانەی سەرەتایی بووە، چونکە ئێمە سێ خێزان بووین، وابزانم ئەو کاتە (٢٠) نەفەر بووین و زۆر بیری ماڵەوەمانم دەکرد، یەك دوو جار بەبەر گوێی مامم خست کە حەز دەکەم ئیجازەم پێ بدا بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە یاخود تەتەری حزب بمنێرێتەوە قەڵادزێ، بەڵام مامم دەیگوت (کوڕم رێگەکە سەختە، بەفر دونیای پڕکردووە گەیشتن لە عیساوێوە بۆ قەڵادزێ زۆر زەحمەتە، جارێ راوەستە، بەهار پێکەوە دەگەڕێینەوە)، بەڵام وەکو دەڵێن "خوا هێنای" ئەوەبوو کودەتاکەی عبدالسلام عارف کە لە (١٨)ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ روویدا و هەنگاوی یەکەم بە (چەتە)کانی (حەرەس قەومی) دەستی پێکرد و پاشان گەورە ئەفسەرەکانی سەر بە حزبی بەعس دوورخستەوە و عبدالسلام عارفیش دونیای بۆ مەیسەر بوو، تا رادەیەکی

گەورەش ئێمەی دڵخۆش کرد، ئێستاش لەبەر چاو و لە یادەوەرییەکانمدا وەکو خۆی ماوە، کاتێ هەواڵی کودەتاکەی (١٨)ی تشرینی دووەمی عبدالسلام عارفمان لە ڕێگای رادیۆوە گوێ لێبوو، خوالێخۆشبوو حەسەنی سەید ئەحمەد دەیگوت و دەیگوتەوە "بەعسیشمان تڕاند" و خوالێخۆشبوو (ڕۆبیتان جاف)یش دەیگوت (کاك حەسەن دەبێت راست بێت؟!). ئەو ڕۆژە تا ئێوارە کە ڕۆژێکی ساردی زستان بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە (هەتاو) بە دەرەوە بوو ئێمەش ستاڤ دادگا بەرامبەر دیواری دادگا هەڵتروکابووین گوێمان لە رادیۆ بوو، لە ناکاو لەگەڵ مارشە سەربازییەکان راگەیەندراوی سەربازی دەخوێندەوە. ئەو شەوەش لە خۆشیی ئەم ڕووداوە ستاڤ دادگا پارەیان کۆکردەوە بۆ کڕینی (دوو مریشك) و هەندێ برنج، پارەیان لە بەندە و کاك سەباح جەلال وەرنەگرت. ئەم شەوە لای ئێمە بوو بە ئاهەنگ، چونکە وەکو خوالێخۆشبوو کاك (عەلی مام رەزای قەڵادزێ) کە بە رەچەڵەك خانەوادەیەکی کۆیین، دەیگوت (کورد گەورەترین دوژمنی سەرسەختی لە کۆڵ بۆوە)، کودەتاکەی عبدالسلام عارف لە ناخی ئێمەدا کەشوهەوایەکی ئارامتری درووستکرد، چونکە لێدانی بەعسییە خوێنڕێژەکان کە لە ماوەی ئەم چەند مانگەی پێشوو فەرمانڕەوایەتیی عیراقیان دەکرد شەڕێکی کوشندەی خوێناوییان دژ بە گەل و خاکی کوردستان بەرپاکرد، کە تێیدا وشك و تەڕیان پێکەوە دەسووتاند و ناویان نابوو (سەیرانی نیشتمانی–نزهە وطنیة).

پاش کودەتایەکە شەڕ لە بەرەکانی ڕوو بە ڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عیراقی (هێور) ببۆوە، تا رادەیەك هێمنی باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشابوو، پاشانیش باس باسی هەندێ لە بروسکەی نێوانی بارزانی سەرکردەی شۆڕش و لێپرسراوانی حکومەتی تازەی عیراق دەکرا بە مەبەستی جۆرە (ئاگربەست)ێك، بەلام دیسان هەر بە چاوی گومانەوە تەماشای عبدالسلام عارف دەکرا، چونکە ئەویش یەکێ لە توندڕەوەکانی پاش کودەتاکەی (٨)ی شوبات بوو کە تێیدا داوای شەڕی دژ بە کوردی دەکرد.

چەند ڕۆژێك دواتر، یانی لە هەفتەی کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵە، وەکو لەپێشەوە ئیشارەتم پێکردووە بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش (عومەر حەبیب) گوێزرایەوە بۆ گوندی عیساوێ، وەکو ڕێزلێنانێك نزیك بێت لە بارەگای مەکتەبی سیاسی و ڕۆڵی پێداچوونەوەی بڕیارەکانی دادگا جیا جیاکانی کوردستان ببینێ کە لە هەندێ ناوچەی ئازادکراوی کوردستاندا هەبوون کە تەنها مافی لێکۆڵینەوە و پێشنیاری بڕیاریان هەبوو.

ئیشوکار و بارودۆخەکە لە عیساوێ بەردەوام بوو تاکو (بیستەمین ڕۆژی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣، کاتێ لەم سەروبەیەنەدا مامم زانی مام جەلال هاتووە، چونکە مام جەلال ئەوکاتە سەرلەشکری یەکێ لە هێزەکانی هەردوو پارێزگای کەرکووك و سلێمانی بوو، پاش نزیکەی سەعاتێك مامم گەڕایەوە و گوتی (فەرهاد خۆت ئامادە بکە، مام جەلال دەچێتە قەڵادزێ، تەکلیفم لێ کردووە لەگەڵ خۆیت ببات، هیچ لەگەڵ خۆت مەبە تەنها دەمانچەکە نەبێت، بەڵام (١٠) ڕۆژ زیاتر مەمێنەوە، پاشان لە ڕێگەی ناوچەی پارتی لە قەڵادزێ بگەڕێوە، چونکە ئەوان ناوە ناوە خەڵك دەنێرن بۆ ئێرە). دڵم زۆر خۆش بوو و یەکسەر خۆم پێچایەوە و بە (کلێتە و گۆرەوی خوری) لەگەڵ مامم چووینە لای مام جەلال، کە ئەو کاتە لەسەر ڕۆشتن بوو، دیسان مام جەلال ڕووی تێکردم و گوتی (ها، کێخوا حازری؟) گوتم بەڵێ، خواحافیزیمان لە مامم و برادەران کرد و شۆڕ بووینەوە بەرەو خوارەوە، کە دەبووایە لە ڕووباری دامێن ئەم ناوچەیە بپەڕینەوە، پەڕینەوەکەش لە ڕێگەی ئەو (گوریس)ـە یانی پەتە ئەستوورەکەوە بوو، کە لەملا و ئەولای ڕووبارەکە بەسترابوو و دەبووایە ئەوەی دەپەڕێتەوە دەست بەو گوریسەوە بگرێت. یاوەرانی مام جەلال لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی تەنها خوالێخۆشبوو (کاك نوری شاوێس) و ئەوەی لە بیریشم ماوە کاك عبداللە کانی مارانی کە ئەویش دۆستی مامم و باوکم بوو، لەگەڵیان بوو لەگەڵ دەستەیەك کە نزیکەی (٢٠) پێشمەرگە دەبوون کە هەرهەموویان کوڕی ئازای خەڵکی سلێمانی بوون، یەکێکیان نەبێت کە ناوی (عبدالواحد

محمود بوو کە بە واحید_سەرسوور) ناسرابوو خەڵکی کۆیە بوو و دەمناسی. بە پەڕینەوەمان بە ڕێگایەکی پڕ بەفری زێدە سەخت و باریك و هەوراز بەسەردەکەوتین، ئێوارەکەش کە خەریك بوو دونیا تاریك دەبوو گەیشتینە گوندێك لە دۆڵی (سەفرە و زەرون) کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە و یەکسەر بەرەو مزگەوتی گوندەکە چووین، کە بریتی بوو لە ژوورێکی گەورە و دوو ژووری بچوکیش لەملا و ئەولای ژوورە گەورەکە هەبوون لە قوڕ دروستکراو و سۆپایەکی گەورەی داریش تێیدا دەسوتا و ئاگرەکەی کڵپەی دەکرد، لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ناو ژووری مزگەوت نوێژی ئێوارە تەواو دەبوو کە تێیدا یەکێ لە نوێژکەران دەرکەوت کادیری پارتییە لە گوندەکە زوو مام جەلالی ناسی و ویستی دەستی ماچ بکات، بەڵام مام جەلال نەیهێشت و داوای لێکرد بمێنێتەوە تاکو بزانێ ئەحواڵی ئەم ناوە چۆنە، نوێژکەرەکان بە گەرمییەوە بەخێرهێنانی میوانانیان کرد، ئینجا یەکسەر گەڕانەوە ماڵەکانیان بە مەبەستی هێنانی نانی ئێوارە بۆ مزگەوت، بەڵام هەر زوو مام جەلال پێی گوتن (ڕازی نابم کەس زۆر لەخۆی بکات و شتێکی زیاد درووست بکات، ئەوەی خودا داویەتی و ئەوەی ئێوە دەیخۆن بەشێك لەمانەمان بۆ بێنن)، نیو سەعاتی پێنەچوو هەریەك لەو گوند نشینانە خۆی و قاپێك یاخود مەنجەڵێکی بچووکی ڕەش هەڵگەڕاو لەگەڵ نانی تیریی بۆ هێناین، هەموو پێکەوە دەستمان بە نانخواردن کرد، ناوە ناوە مام جەلال میلی ڕادیۆ ترانستۆرە بچووکەکەی خۆیی بەولا و بەولادا دەبرد، ئەوەش بووە ماوەی (تەعلیق)ێکی عبداللە کانی مارانی، گوتی (مام جەلال بهێڵە نانەکەمان بە ئیسراحەت بخۆین)، بەڵام مام جەلال گوێی پێ نەدا و هەر بەردەوام بوو.

ژووری مزگەوت زۆر گەرم بوو، چونکە زەلامێك لەپێشی سۆبەکە دانیشتبوو خەریکی دارتێکردن بوو، سەرەڕای (چا) تێکردن لەو دوو (قۆری)یە فافۆنەی کە لەسەر سۆپاکە دانرابوون، یەك دوو فانووس و لالە ژوورەکەیان ڕووناك کردبوو، بەدەم قسەکردنەوە شەو ڕاکشا تا نزیکەی کاتژمێری (١٠) کاتێك ویستیان شوێنی نووستن بەو بەتانی لێف و سەرینانە ڕێکخەن کە لە یەکێ لە

ژوورەکاندا بوون.. تاکە یەك (دۆشەك)یان دەرهێنا کە هەر ئەو تاکە دۆشەگەی لێبوو، ئەویش دیاربوو دۆشەکی مەلای گوند بوو، لەسەرەوە رایانخست (نە کاك نوری رازیبوو لەسەری بخەوێ نە مام جەلال)، چونکە دۆشەکەکە بۆ تاکە کەسێك بوو، بەڵام پاشووتر مام جەلال رووی لە کابرای دۆشەك بەدەست کرد و پێی گوت (دۆشەکەکە بۆ فەرهاد راخە (بەدەست ئیشارەتی بۆ من کرد، کە لە خوار کاك عبدالله کانی مارانی بەرامبەر ئەو دانیشتبووین) چونکە لە هەموومان بەتەمەن بچوکترە).

ئەم هەڵوێستەی مام جەلالم بە دەیان جارم گێڕاوەتەوە، کە نیشانەی رەوشت بەرزی و گەورەی و سادەیی ئەم سەرکردە لێهاتووەیە، کە چۆن مامەڵەیەکی مرۆڤ دۆستانەی لەگەڵ دەوروبەری دەکات کە هەرگیزا و هەرگیز لەیادم ناچێتەوە.

نانی بەیانیمان بریتیبوو لە (چا و نان) ئەوجا دەست بە رۆیشتن کرایەوە، جۆری رۆیشتنیش بریتی بوو لە کۆمەڵێك پێشمەرگە لە پێشەوە، کاك نوری و مام جەلال لەدوای ئەوانەوە، ئینجا کۆمەڵێك پێشمەرگەی دیکە لەدوای ئەوانەوە، ئەوجا ئێمە، لەدواوەش کۆمەڵێ پێشمەرگەی دیکە، ئەو رۆژە رۆژێکی سارد بوو، بەڵام هەتاو (رۆژ) بەدەرەوە بوو، عەسرانێکی درەنگ گەیشتینە سەر رووبارێکی بەخوڕ، پەڕینەوە بە (کەلەك) بوو کە دوو کەلەکەوان رێوشوێنی پەڕینەوەی خەڵکەکەیان لە ئەستۆدابوو. لە پەنا بەردێکی گەورە مام جەلال و کاك نوری دانیشتبوون، منیش لە نزیك ئەوانەوە، دانیشتبوون لە قسەکانی نێوان مام جەلال و کاك نوری تێگەیشتم ئەو چوونەیان (سەفەر) بۆلای مەلا مستەفای بارزانییە کە بە بروسکە داوای لێکردبوون بۆلای ئەو بچن لە ناوچەی (سەنگەسەر)، ئەوەی تێیگەیشتم باسی (ئاگربەست) دەکرا.

پاش پەڕینەوەمان لە رووبارەکە و پشوودان نزیك ئێوارە گەیشتینە گوندی (گەناو) یەکسەر بۆ ماڵی (مینە ئاغا) چووین کە ئاغای گوندی ناوبراو بوو، دیوەخانێکی گەورەی گەرموگوڕی بە فەرشی ئێرانی راخراو لە هەر چوارلاشەوە دۆشەك ریز کرابوو و لەبەردەم دۆشەکەکانیشەوە (شەکری قەندی

پارچە پارچەکراو) لەناو شووشەیەکی قەپاغدار دانرابوو لەلای خواریشەوە سەماوەرێکی زەردی گەورە لەناو (سینی)یەکی سپیی پڕ لە پیاڵە ریزکراو و پیاوێکیش بەدیاریەوە دانیشتبوو، کاتێ ئێمە بەرەو دیوەخانی مینە ئاغا دەچووین پیاوێکی باڵا ناوەندی بە جلوبەرگی پشدەریانە بەدەرکەوت دیاربوو (مینە ئاغا) بوو کە بە گفت و لوتفێکی زۆرەوە پێشوازی لە میوانانی کرد و دیاربوو پێشووتر هەواڵی هاتنی جەماعەتی زانیبوو، تا گەیشتینە دیوەخانەکەی چەندین جار دەیگوتەوە (سەرچاوانم بەخێربێن بەخوا لای من لاتان نەدابا و بێرەدا رۆیشتبان بەندەتان توورە دەکرد، سەرچاوانم) ئێوارەخوانێکی (پاشایانە) ئامادەکرابوو، شەش مانگێك دەبوو ئەو جۆرە خواردنەم نەدیتبوو و نەخواردبوو (لەنێوان دوو کەسدا قاپێك برنجی سەدری ئێرانی وەکو گومەزێك بەرز ببۆوە، لە ژێرەوەشی گۆشتێکی زۆری تێدا شاردرابوویەوە لەگەڵ دوو قاپ شلەی پیازاو و چەند نانێکی تیری کوردی و دووقاپی مامناوەندی (مرەبای هەنجیر) کە ئەمیشیان وەکو پاشان زانیم لە ئەورووپا پاش خواردن شیرینی دەخورێ، وەکو کاستەر و محەلەبی و یاخود پاقلاوە و کەنافەی بە پەنیر) کە ئێستاکە بیری لێوە دەکەمەوە ئەو جۆرە عادەتە دەمێکە لە کوردستان هەبووە، بەتایبەتی لە دیوەخانەکانی ناوچەی پشدەر. پاش خواردنیش دەستکرا بە چاتێکردن کە هەمووی هەر (دیشلەمە) بوو، ئەوجا ئەگەر حەزت لە دیشلەمە نەبووایە ئەوا خۆت بەو (کلۆ شەکر)ەی کە لە پێشت دانرابوو شیرینت دەکرد.

قسەوباسەکانی ئەم شەوە هەمووی هەر سیاسەت بوو تێیدا مام جەلال باسی دەنگوباسی شەڕەکانی ئەو دەمەی بۆ دەکردن و زۆر خراپ لە بەعسییەکان دەدوا و مەدحی (جمال عبدالناصر)ی دەکرد کە ئەو دژی شەڕ بووە و لەگەڵ ماف رەوای گەلی کوردە، کاتێك مینە ئاغا لە مام جەلالی پرسی:

**مینە ئاغا**: ئەرێ مام جەلال پێم ناڵێی کێ لایەنگری کوردە؟

**مام جەلال**: مینە ئاغا رووس و دۆستانی رووس (یانی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتانی سۆسیالیست) لایەنگر و دۆستانی کوردن کە بەوپەڕی پەرۆشەوە تەماشای ئەم شەڕە زاڵمانەی بەعس دەکەن بۆسەر کوردستان.

**مینە ئاغا**: ئەی باشە لە عەرەبەکان کێن دۆستانی کورد؟

**مام جەلال**: وەکو گوتم جمال عبدالناصر دۆستمانە و ئەحمەد بن بیلاش لەبەرچاوی من بە وەفدی عیراقی گوت کە هەموویان بەعس بوون، کورد ماڤ خۆیەتی ئۆتۆنۆمی وەربگرێت، سەرەڕای هەندێ لە بزووتنەوە چەپەکانی عەرەب کە من هەندێکیانم دیوە لە سەفەری پێشوو.

**مینە ئاغا**: مام جەلال چۆن لە عبدالسلام عارف دەگەی.

**مام جەلال**: عبدالسلام کارێکی باشی کرد، کە ئەو ئینقلابەی بەسەر حکومەتی حەرەس قەومییەکان کرد، بەڵام ئەویش (شەریکە دزی بەعسییەکان) بوو، لەوانەیە جمال عبدالناصر تەئسیری لێ بکات و هەنگاوێك بنێ.

**مینە ئاغا**: بەرەو کورد؟

**مام جەلال**: بەرەو کورد، بەرەو هەموو عیراقییەکان، بەڵام مینە ئاغا (عەمەل حیسابە).

مینە ئاغام بە پیاوێکی سیاسەت زان هاتە بەرچاو، چونکە جۆری پرسیار و لێکدانەوەکانی بۆ رووداوەکان ئەوەی دەسەلماند.. وەکو کاك عبداللە کانی مارانی گوتی (پیاوێکی با خەبەرە) یانی ئاگادارە.

بە هەمان دەستووری ئێوارەی پێشووتر نانی بەیانیمان خوارد کە سەرەڕای نان و چا (پەنیری مەیرە و هێلکە و مرەبا)ی لەگەڵدابوو، بە گەرموگوڕی خواحافیزی لە مینە ئاغای گەناو کرا ئەوجا دیسان بەناو بەفر و شاخوداخی ئەم ناوە کاروانەکە بەردەوام بوو، بۆ دانیشتن و پشوو نەبێت لە هیچ شوێنێك لامان نەدا تاکو عەسرانێکی درەنگ گەیشتینە گوندی (هێرۆ) کە بەڕاستی گوندێکی دڵگیر و جوان بوو، تاکو ئەم تەمەنەی ئەو کاتەم لە (هێرۆ)م جوانتر نەدیبوو، بە گەیشتنمان خانەوادەی (حاجی مەحموود ئاغا) و پیاوانی (هێرۆ) لە پێشوازیی مام جەلال و هاوڕێیانی بوون، ئەوجا بەرەو دیوەخانە

گەرموگوڕەکەی ئەو بنەماڵەیە و نانخواردنێکی پاشایانەی ئەو سەردەمە و چوونە ناو دونیای سیاسەت و پرسیار و وەڵام شەوەکە گوزەرا.

پاش نانخواردنی بەیانی کاتێ زانیم کەوا (مام) و کاک نوری شاوێس و یاوەرانی لە هێرۆ دەمێننەوە، چوومە لای مام جەلال و ئیزنم لێ وەرگرت بۆ چوونم بۆلای کەسوکار لە قەڵادزێ و پێی گوتم کە سڵاوی هەیە بۆ باوکم. بە رێککەوت لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك بەرەو قەڵادزێ بەرێکەوتین و عەسرانێکی درەنگی رۆژی ١٩٦٣/١٢/٢٥ گەیشتینە قەڵادزێ و بەرەو دوکانەکەی خوالێخۆشبوو (مام ئەسکەندەری دیان) رووم نا، چونکە نەمدەزانیماڵی ئێمە لە چ خانوو و لە چ گەڕەکێکە و دەشمزانی ئێواران باوکم و کاکە عەبدە کاك و کاك عومەر عەبدوڵڵای براگەورەی مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا و جەماعەتی کۆیە لەلای مام ئەسکەندەر دادەنیشن، چونکە مام ئەسکەندەر پێش ئەوەی لە کۆتایی پەنجاکان بچێتە قەڵادزێ ماوەی (٣٠-٣٥) ساڵێك لە کۆیە گیرسابۆوە و دوکانی (مەی) فرۆشتنی هەبوو.

ماوەی (١٠) رۆژێك لە قەڵادزێ لەگەڵ برادەرانی کۆیەم وەکو (تەحسینی شێخ حەمید و سالاری برای و محەمەدی کاك بەکر بەناو (مەنجەڵ) فریاد محی الدین و عەدنانی حاجی جەمال و شێخ حەسەنی شێخ سادق و کاك جەمال محەمەدی قەڵادزەیی (سوارە قەڵادزەیی) کە دۆستایەتیمان لەگەڵ چوونە قەڵادزێوە درووست ببوو و تاکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و مرۆڤێکی رۆشنبیر و شاعیرێکی هەست ناسك، زۆر جاریش لە ماڵی ئەوان میوانداری کراوم)، رۆژانی مانەوەم لە قەڵادزێ بەسەربرد.

پاش تێپەڕبوون و بەکۆتاهاتنی مۆڵەتەکەم (کەلکەلە)ی گەڕانەوەم کەوتە مێشك، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی لیژنەی ناوچەی پارتیم کرد لە قەڵادزێ، بۆ ئەوەی رێوشوێنی گەڕانەوە بۆ عیساوێ بزانم، سەرەڕای ئەوەی باوکیشم (عەبدوڵڵای مام ئەحمەد) کە کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی راسپاردبوو بۆ ئاسانکاریی گەڕانەوەم. ئەوەی لەیادمە ٦ یاخود ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ بوو لەبەردەرگای بارەگای لیژنەی ناوچەی پارتی (بەندە و عوسمانی

دەروێش قادر) کە برای خوالێخۆشبوو کادری ئەو سەردەمی پارتی (جەلال دەروێش قادر و پێشمەرگەیەك کە ناوی حسێن کە خەڵکی دەشتی هەولێر بوو) بەڕێکەوتین، لەگەڵ هەندێ نووسراوی پێچراوەی پارتی لە قەڵادزێوە بۆ مەکتەبی سیاسی کە لەناو کیسەیەکی نایلۆن پێچرابۆوە و تەسلیم بە من کرا، ئەو بەیانییەش دایکم نەختێ (شفتە) و چەند نانێکی تیریی رشێنراوی بۆ لەناو توورەگەیەکی خامی سپی بۆ ئامادەکردبووم و بە پەتێکی باریکیشەوە رێکیخستبوو تاکو لەشانی بکەم ئەو جارە لە رۆژهەڵاتی چەمی دەستەڕاستی قەڵادزێ بەرەو عیساوێ بەڕێکەوتین، رێگا بە بەفرێکی تەنك داپۆشرابوو، بەڵام هیچ ئاستەنگێکی بۆ رۆیشتن دروست نەکردبوو، عەسرانێك لە پەنا دیواری مزگەوتێکی گوندێك پشوومان دا و دەستمان کرد بە خواردنی بەشێك لەو شفتە و نانەی کە دایکم بۆی ئامادە کردبووم ئامۆژگاریشی پێدام کە لەماڵەوە ئەو بەیانییە دەرچووم کە خواردنەکە بە یەك ژەم نەخۆم، چونکە رێگاکەم دوور بوو.

ئێوارە درەنگانێك پاش (٨) کاتژمێر رۆیشتن لە گوندێکی بچووکی سەر رێگا لاماندا، بەڵام بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە و ئەو پارچە کاغەزەی کە ناوەکەیشیم تێدا نووسیبوو فەوتا، یەکسەر لامان دایە پەناگەی هەمیشەیی پێشمەرگە لەم ناوچەیە کە ئەویش (مزگەوتی گوند) بوو، کاتێ بەژوور کەوتین مەلای گوند و چوار پێنج پیاوێك لە خەڵکی دێیەکە و دوو پێشمەرگەی دیکە دانیشتبوون، دیاربوو نان خورابوو، چونکە مامۆستای مەلای گوند پاشی بەخێرهێنانمان رووی تێکردین و گوتی (کاکی براینە نان خوراوە، بە خودا لە چا و نان لەم کاتە هیچی دیکە پەیدا نابێت)، منیش یەکسەر وتم (مامۆستا شتێکمان خواردن پێماوە و خودا بەزیادی بکات، چایەکە بەسە)، مامۆستا پیاوێکی بە سەلیقە بوو، یەکە یەکە ناو و شوێنی لەدایکبوونی لێ دەپرسین و زۆر بە حورمەتەوە باسی شۆڕش و پێشمەرگە و پارتیی دەکرد، ناوە ناوەش ئەو پیاوەی کە لەبەردەم سۆپا دارینەکە دانیشتبوو ئاگرەکەی خۆش دەکرد، پێی دەگوت (ئەرێ فلان بڕۆ تەماشای ئاسمان بکە بزانە هەورە، ساماڵە، کاتێ کابراش دەهاتەوە دەیگوت (وەڵاهی ئاسمان دەڵێی زیوە)، مامۆستا دەیگوت (

بەخوا بە حوکمی تەجروبە وابزانم بەرەبەیان بەفری تێدەکات، زۆر سەختە، خوا رەحم بکات)) ناوە ناوە منیش رادیۆ ترانسستۆرەکەم لە کیسەکە دەردەهێنا بە مەبەستی گوێبیستی هەواڵێك کە پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێ، بەڵام وەك (ئاش ئاوبڕاو بوو، هیچی بۆ کورد تێدا نەبوو)، کاتژمێر بەرەو (٩) دەچوو، چونکە هیلاك و شەکەت بووین و ژووری مزگەوتەکەش گەرم بوو خەومان دەهات، مامۆستا ئیشارەتی بۆ چەند سەرین و لێفەشڕەیەك کرد کە لە لایەکی ژوورەکە دانرابوو و گوتی هەر یەکە سەرین و لێفەیەك بۆخۆی بێنێ و ژوورەکەش گەرمە و با (مام عەلی) نەختێ داری دیکە لە سۆپاکە باوێ، تا نوێژی بەیانیتان بەش دەکات، ئەوکاتیش ئێمە لەگەڵ نوێژی بەیانی جارێکی دی گەرمی دەکەینەوە.

لەگەڵ بەرەبەیانا مامۆستا بەخەبەری هێناین (مژدە)ی بەفربارینێکی زۆری داینێ و لەبەرخۆشییەوە دەیگوت (رۆژی چوونەدەرەوە نییە، رێگاوبان هەمووی گیراون، خودا رەحم بکات مولْکی خۆیەتی)، مامۆستا و ئەو چەند پیاوەی گوند پاش نوێژکردنی بەیانی سۆپاکەیان بۆ پڕدار کردین و رۆشتن، ئێمەش نووستینەوە و کاتێ بەخەبەر هاتینەوە کاتژمێری (٨:٣٠)ی بەیانی بوو، زۆری پێنەچوو مامۆستا و پیاوێکی دیکە کە هەندێ نان و چەند هێلکەیەکی کوڵاوی پێبوو ئینجا قۆرییە چایەکی لەسەر سۆپاکە بۆ ئامادە کردین، بە زەحمەت چووینە سەر (کانی پیاوان)، چونکە بەفر زۆر باریبوو و زانیمان کە دەبێت ئەو رۆژەش میوانی هەمان مزگەوت بین، چونکە رۆشتن بەرەو ماوەت و عیساوێ کارێکی خۆکوژی بوو، بۆیە ئەو رۆژە وو رۆژی دواییش هەر لەو مزگەوتە ماینەوە، رۆژی سێیەم خوا کردی هەتاو بوو، بەڵام وەکو مامۆستا و پیاوانی گوندەکە گوتیان بە هیچ شێوەیەك دەرچوونتان نابێت ئەگەر بەرەو ماوەت بڕۆن، چونکە لە بەفر بڕ ناکەن و شارەزای رێگاش نین، باشترین ئیش ئەوەیە بەرەو قەڵادزێ بگەڕێنەوە، چونکە بەفرەکە لەملا تەنکترە، بۆیە ئێمە و ئەو دوو پێشمەرگەیەی دیکە کە پێشی ئێمە لە گوندەکە بوون ناوی خوامان لێهێنا و بەرەو قەڵادزێ گەڕاینەوە، بەڵام دیسان پاشی نەختێ

رۆشتن جۆرە پەشیمانییەك دایگرتین، بەڵام گەڕانەوەمان (پێ عەیب) بوو، زۆر جار بەفرەکە تاکو چۆکان (ئەژنۆ) دەهات، ئێمەش ناوە ناوە بە نۆبە هەر جارەو یەکێکمان پێش دەکەوتین رێگامان دەبڕی، بەڵام من لە هەموویان زیاتر ئەزیەتم لە رۆشتن دەبینی، چونکە بە پێچەوانەی پێشمەرگەکانی دیکە کە هەر هەموومان پێڵاوی لاستیکمان لەپێ بوو، بەڵام بەندە وەکو ئەوانی دیکە گۆرەویی خوریم لەپێ نەبوو، بەڵکو گۆرەوییەکەی من ئاسایی و ئێرانی بوو، بەڵام دیسان غیرەتی لاوێتی ئەوەی لێ قبوڵ نەکردم (ناڕەحەتی) نیشان بدەم، هەرچۆنێك بێت تاکو نزیك ئێوارە رۆیشتن بەردەوام بوو لەگەل هەندێ پشووی کەم لەگەڵ تاریك بوونی دونیا گەیشتینەوە قەڵادزێ، بەڵام چ گەیشتنێك، قەڵادزێش وەکو سەلاجەی لێهاتبوو، بەفرێکی زۆر لەناو شار باریبوو، بە (قاچ)ی سەرما بردوو و چاوی لێڵەوە کە سەرما کاری تێکردبوو خۆم گەیاندە ماڵەوە، بەڵام چ گەیشتنێك، تەنانەت قەیتانی پێڵاوەکانیشم بەستبووی و گۆپکە بەفری پێوەبوو، خۆم بە ماڵەوەدا کرد و ئەندامانی خێزان هەمووی لێم کۆبوونەوە و تاوێك نەمدەتوانی قسە بکەم، چاوم لەبەر رووناکیی چرا ئەزیەتی دەخوارد، باوکم بەهرامی پورزامی تەنگاوکرد هەرچۆنێك بێت (دکتۆرێك) پەیدا بکات، لەو کاتەش دوو دکتۆر لە قەڵادزێ هەبوون یەکێکیان (مەسعود کتانی- خەڵکی دهۆك) و دکتۆر (حسن کاظم) کە عەرەبێکی چەپی سەر بە حزبی شیوعی عیراقی بوو و ماوەیەکیش لە ماڵی خوالێخۆشبوو (حوسێنی حاجی مەحمود) بوو لە قەڵادزێ بەهۆی پەیوەندیی لەگەل کاك مارف حەمە شینی کۆیی، کە ئەویش برای خوالێخۆشبوو (بدریە خان)ی خێزانی کاك حوسێنی حاجی مەحمود بوو، بەهرام دەیزانی پەیوەندیی کاك مارف و بەندە لە چ ئاستێك دایە، بۆیە یەکسەر بە هەڵەوداوان بەرەو ماڵی کاك حوسێن دەچێ و مارف لێ ئاگادار دەکا، ئەویش وەکو دڵسۆزی و وەفا و رێزی بۆ من یەکسەر دکتۆر (حسن) ئاگادار دەکات و زۆری پێنەچوو هاتن، یەکسەر داوای ئاوی گەرم و سابوونی کرد، ئینجا دەستی کرد بە شێلانی (تدلیك کردنی) پێیەکانم، ناوە ناوەش خوالێخۆشبوو (پورە عاسمەم) کە خوشکی باوکمە (کتلی) ئاوی

گەمری دەهێنا و تەشتەکەی بەتاڵ کرد و نزیکەی نیو سەعاتێکی پێچوو ئینجا بە خاولی وشکیان کردەوە و (مەرهەم)ێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و بەجووانی چەوری کرد و لەسەرخۆ بە پارچە خامێکی سپی پێچایەوە، پاشان دەرزییەکیشی لێدام، گوتی چاویشت ببەستێتەوە تاکو بەیانی (چاویلکەیەکی رەشم بۆ پەیدا بکریێ)، لوتف و دڵسۆزی و کارامەیی دکتۆ (حسن کاظم)م قەت بیرنەچۆتەوە و هەمیشە لە هزردا بوونی هەبووە، رۆژانەش بۆماوەی پێنج رۆژ لەگەڵ کاك مارف دۆست پەرست سەردانیان دەکردم و رێنمایی دەکردم.

لە کاتی نووسینی ئەم چەند لاپەڕەی ئەم بیرەوەرییانە کە رێککەوتی (٢٠١٤/٨/١٦)یە یادی ئەم رۆژانە دەکەم و دەیخەمە سەر کاغەز، ماوەی پێنج ساڵە بە رێککەوت زانیم کە دکتۆر حسن کاظم لە هەولێرە و ئێستا شەهادەیەکی بەرزی لە نەشتەرگەریی ئێسقان هەیە و لە هەولێر جێگیر بووە، کە زانیم هەمان ئەو دکتۆر حەسەنەی قەڵادزێیە و چوومە لای چیرۆکی ئەم رۆژانەم بۆ گێڕایەوە و هاتەوە یادی، لەو رۆژەوە دۆستایەتییەکی کۆنمان تازە کردەوە و ناوە ناوەش سەردانی خێزانی یەکتر دەکەین و بە قسە و باسی کۆن و نویێ و یادەوەرەکاندا دەچینەوە.

لە ماوەی ئەو پێنج رۆژە برادەرانی خۆم و دۆستە نزیکەکانی باوکم کە لە قەڵادزی بوون سەردانیان دەکردم، بەڵام هەمیشە بیرم لای مامم بوو چونکە دەمزانی بەتەنهایە و پەیمانم پێدابوو کە لە ١٠ رۆژ زیاتر نەمێنمەوە، لە ناوەڕاستی هەمان مانگ یانی مانگی کانوونی دووەم، باوکم لە رێگای خوالێخۆشبوو مام رەزای قەڵادزیێ کە بە رەچەڵەك کۆییە و دەمێکە لە قەڵادزیێ دەژی، ئەو وەختە وەکو حاکمی کۆمەلایەتی وابوون دەستی دەڕۆیی و توانی زەلامێکمان بۆ پەیدا بکات بە (٥ دینار)، بە مەبەستی بەندە بگەیەنێتەوە عیساویێ، بەیانییەکی زوو بەڕێکەوتین، بەڵام ئەمجارەیان خۆم باش داپێچابوو و دیسان دایکم نان و خورما و رۆنی بە هێلکەی بۆ حازر کردبووم کە بەشی هەردوو رۆژ و نیوەکەی کردین، سەرەڕای لادانمان لەو گوندانەی دەهاتە رێگامان و کابرای خاوەن ئێستریش پیاوێکی بەهێز و گورجوگۆڵ و شارەزای

ڕێگایەکە بوو، بەفر هەر مابوو، بەڵام وەکو سەفەری پێشووتر نەبوو سەرەڕای شارەزایی کابرا.

عەسرانێك گەیشتینە عیساویێ، کاتێ گەیشتمە بارەگاکەی (خانوو) مامم بە روێکی خۆشەوە پێشوازیی لێکردم و یەکسەر هەواڵی قەڵادزێی سیاسی لێپرسیم، پاشان لە ئەحواڵی سەراپای خێزانم لێ ئاگادار کردەوە، ئەو شەوە تاکو درەنگانێك باس و خواسمان دەربارەی سەفرەکەی من و ئەو کێشەیەی کە تووشم هاتبوو.

ڕۆژانی داهاتوو تاکو ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ کەشوهەوا هەر سارد بوو، بەفر ناوە ناوەش دەباری، بەڵام کەمتر.. ئیشوکارەکان بە ئاسایی گوزەریان دەکرد، ڕۆژێك خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن اسماعیل) کە بە (عبدالرحمن روتە) بەناووبانگ بوو کە کادرێکی کۆنی پارتی و مرۆڤێکی چوست و چالاك بوو، ئەو کاتە لێپرسراوی خاڵی وەرگرتنی یارمەتییکانی شۆڕش بوو کە لە ئێرانەوە دەهات، بارەگاکەی لە گوندی (شابەدین) بوو، هاتە لامان و نەختێ پسکویت و نوقڵی ئێرانی و دوو سێ پاکەت کەرەی ئێرانیی بۆ هێنابووین، دۆستێکی دێرینی مامم بوو لەو سەفەرەدا بەبیر مامی هێنایەوە کە چۆن لە کۆتایی چلەکان (مەبەستی ساڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩ بوو) ئەو یانی (مامم) و کاك عەلی عەبدوللای بە شەوێکی دیسان ئەوها سارد کە هەردوکیان بە نهێنی و بە وڵاخ لە کۆیەوە بردونی بۆ گوندی (قورتەلاس). بە مەبەستی رزگارکردنیان لە گرتن، چونکە ئەوکاتە وەکو ئەو دەیگێڕایەوە (حوکمی عورفی) یانی گرتن و حەپس کردنی بێ دادگا لەئارادا بوو، مامە روتە هەندێ هەواڵی پێگوتین کە لە ڕێگای کاك ئیسماعیل سەرهەنگەوە زانیبووی کە گوایە پەیوەندیی نێوان شۆڕش و حکومەتی عبدالسلام دەستی پێکردووە و ئێستاکە مەلا مستەفای بارزانی لە ناوچەی رانیە و دۆڵەڕەقەیە و مام جەلال و کاك نوری شاوێسیش لەگەڵیدان، چاوەڕوان دەکرێت وەکو مامە رووتە دەیگوت لەوانەیە رێککەوتنێك بکرێت، هەواڵەکە لای ئێمە دڵخۆشکەر بوو، بەو هیوایەی بە سەربەرزی بگەڕێنەوە و کورد مافی خۆی وەربگرێت.

رۆژی (١٠)ی شوبات رۆژێکی ئاسایی بوو، بەڵام کزە بایەکی ساردی دەهات، شەوی پێشوو بەهۆی ئەم کزەبایە سارده دەوروبەر بەستبووی، چونکە (سایەقە) بوو، بەڵام لەگەڵ هەڵهاتنی رۆژ نەختێ دونیا گەرم بۆوە و بۆ نیوەڕۆیەکەی دەبووایە بە پێی رێککەوتنێك لەگەڵ هەیئەتی دادگا بچینە گوندی (ژاژڵی) بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی نێوان دوو بنەماڵە لەسەر سنووری دوو پارچە زەوی کە چەند مانگێك بوو لە ئارادابوو، بۆ نیوەڕۆیەکەشی برادەرانی دادوەر و ستافی دادگا بڕێ پارەیان کۆکردبۆوە و دابوویان بە کادیری گوند تاوەکو نانی نیوەڕۆیان بۆ ئامادە بکات، چونکە ستافی دادگا قەبوڵیان نەبوو نانی نیوەڕۆ لە ماڵی هیچ لە خاوەن کێشەکە بخۆن، کاتێ کەشوهەوا گەرم بۆوە لەگەڵ سەرۆکی دادگا (حاکم عومەر) و پێشمەرگەیەکی یاوەر کە کوڕێکی بەرچاو و ئازا دەهاتە بەرچاو ناوی مەحمود بوو پێیان دەگوت (خولە شەن) بەرەو ژاڵی چوین، لە ژاژڵی لە ماڵی کادیری گوندەکە دانیشتین کە ژوورێکی پان و بەرینی (٢٠ مەتری) دەبوو و بە سێ لای دیوارە قوڕەکانییەوە هەندێ وێنە هەڵواسرابوو، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر هەڵواسینی دوو فایلی سپی لە دیواری ناوەڕاستدا کە بە خەتێکی رەشی پان شیعرێکی لەسەر نووسرابوو، کە تەنیا دێڕی یەکەمی شیعرەکەم لەبیر ماوە، کە دەڵێ:

***خەیاڵی خاوە ئیستیعمار ئەگەر هیوای بە کورد مابێ***

بۆیە هەر زوو حەسەنی سەید ئەحمەد رووی لە کادیرەکە کرد و گوتی (ئەم شیعرە کێ دایناوە؟) کادیری گوندیش لە وەڵامدا گوتی (قوربان ئەم شیعرە کاك عەبدولعەزیم ماوەتی دایناوە)، کاك حەسەنیش وەکو پیشەی هەمیشەیی بە پێکەنینەوە گوتی (بەخوا ئەم شیعرە وەکو ناوی دانەرەکەی قورسە، باشە کاك عەبدولعەزیم ئەگەر هیوامان بە ئیستیعمار نەبێت روو بکەینە کوێ؟!). کێشەی دوو بنەماڵەکە چارەسەر کرا و لە هەمان ماڵی کادیری گوند نان خورا، پاش

نیوەڕۆیەکەشی بە هەمان شێوە جەماعەت بۆ ماوەت ئێمەش (سەرۆکی دادگا و بەندە و خولە شەن)یش بەرەو عیساویێ.

سەرلە ئێوارە عەلی مام رەزا ئەندامی پێشکەوتووی پارتی و لێپرسراوی کارگێڕی لە مەکتەبی سیاسی هات لامان و پێی راگەیاندین کە ئەم ئێوارەیە بەیاننامەیەکی حکومەتی عیراقی هەیە دەربارەی کێشەی کورد، مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ حکومەتی عیراق پێکهاتووە، بەڵام وەکو کاك عەلی مام رەزا گوتی "جاریێ نازانین خاڵی رێککەوتن چییە"، ئێمە بە بیستنی هەواڵەکە دەستمان بۆ رادیۆ برد و خستمانە سەر ئێستگەی بەغدای عەرەبی، زۆری پێنەچوو دکتۆر فوئاد جەلال و خولە ئامەی لێپرسراوی حەپسخانەی ناوەندی لە ماوەت و یەك دوو برادەری دیکە هاتن، بەڵام بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، منیش کەوتمە چا ئامادەکردن و (کولێرە گەرمەکان)ی بارەگاش کە ئێواران دابەش دەکران گەیشت، بەیاننامەی رێککەوتنی بارزانی و حکومەتی بەغدا کە عبدالسلام عارف سەرکۆماری بوو خوێنرایەوە، بریتی بوو لە چەند خاڵێك کە لە بڕگەی یەکەمدا باسی پێداهێنانی حکومەتی عیراق بوو بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، ئینجا سەرەڕای خاڵەکانی دیکە کە بریتی بوون لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ئاکامی شەڕ درووست بوون وەکو گەڕانەوەی فەرمانبەرانی کورد بۆ کاری پێشوویان و فەرمانگەی میری هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری و گەڕانەوەی هێمنی و ئاسایش لە (باکووری عیراق) و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی سەروو.

وابزانم چەند جارێك ئەم بەیاننامەیە خوێندرایەوە و جارێکیشیان لە هەمان بەشی عەرەبیی رادیۆی بەغدا بە زمانی کوردیش خوێنرایەوە. لە سەرەتادا میوانەکان بێدەنگ بوون، بەڵام من لە ناخەوە دڵخۆش بووم، یەکەم کە حکومەتی بەغدا دانی بە مافی کورد دانا و شەڕ راگیرا، دووەم گەڕانەوەمان بۆلای کەسوکار، سێیەم گەڕانەوە بۆ باوەشی خوێندن، بەتایبەتیش من ئەوکات لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم و ئەو ساڵەشم لەکیس چوبوو و هەستم دەکرد کە لە قۆناغێکی خوێندن دواکەوتووم و هەمیشە قسەکانی (دارا تۆفیق)م لە

مێشکدا دەخولایەوە کە لە ماوەی پێشووتر لە عیساوێ میوان بوو و پێی گوتم (نەکەی واز لە خوێندن بێنی، هیچ بڕوبیانوویەك درووست مەکە کە لە خوێندن دوورت بخاتەوە)، بەڵام ئامادەبووان را و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەسەر خودی بەیاننامەکە، کە وا لێکدەدرایەوە بەیاننامەکە هیچی تێدا نییە و تەنها راگرتنی شەڕە، بەڵام مامم هاتە دەنگ و گوتی (مفاوەزات بارزانی کردوویەتی و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی مام جەلال و نوری شاوێسی لەگەڵدایە، مەعقولە شتێك بکەن لە بەرژەوەندیی کورد نەبێت).

رۆژی دوایی مامم سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی کرد و لە نزیکەوە خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و کاك عەلی عبداللە ی دیتبوو و نانی نیوەڕۆشی لای ئەوان خواردبوو، کاتێ گەڕایەوە سەروسیمای لەوە نەکرد کە دڵخۆشیی تێدا بەدی بکرێت، بۆیە کاتێك لێم پرسی (کاکە عومەر دەنگوباس چییە چەماعەت چی دەڵێن، إن شاء الله کەی دەگەڕێینەوە)، مامم لە سەرەتادا بێدەنگ بوو، بێگومان نەیدەویست هەموو شتێك بەمن بڵێت، بەڵام کە من زۆرم لێکرد گوتی (وا پێدەچێت جەماعەت (یانی مەکتەبی سیاسی) زۆر رازی نەبن، بەیاننامەکە زۆر بە لاواز و بێ بنەما دەدەنە قەڵەم، بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرە جارێ هەموو شت تەواو نەبووە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی مام جەلال و کاك نوری شاوێس دەکەن، بەڵام هەرچۆنێك بێت تاکو یەك دوو هەفتەی دیکە هەموو شت بەدیار دەکەوێت).

رۆژانە لە چاوەڕوانی هەواڵی تازە بووم سەرەڕای گوێگرتن لە ئێستگەی بەغدا و لەندەن و ئیسرائیل، شتی تازە لەئارادا نەبوو، بەڵام را و بۆچوونی عیساوێ بە گشتی (نەرێنی) بوو، بەڵام قەت بە خەیاڵی منی ئەوکاتەدا نەدەهات کە بەیاننامەی یاخود رێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ ببێتە هۆکاری سەرەتای ئەو لێکهەڵوەشانەوەی پارتێك کە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە یەکێ لە پارتە خاوەن بیری نەتەوایەتی و دیسەپڵینی تۆکمەوە مەکتەبێکی سیاسیی بە ئەزموون و خاوەن بڕوانامە و سەرۆکێکی قاڵبووی خەباتی چەکداری سیاسی و خاوەن جەماوەرێکی بێشومار و هێزێکی پێشمەرگە کە بە

لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان ناسرابوو، کە لەم ڕۆژانەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ کە لە نووسینی ئەم بیرەوەرییانەدا بەردەوامم (٢٠١٤/٨/١٨) ئەم کێشەیە بە چەندین جۆر و بە چەندین شێواز لە یەخەی کورد نەبۆتەوە و ناوەناوەش بە جۆرێك خۆی نیشان دەدا و ڕێڕەوەکان دەگۆڕێ کە بووە هۆکاری لەدەستدانی دەیان و سەدان کوڕی تێکۆشەر و ئازای ئەوتۆ کە هەمیشە خەونیان بە ئازادیی کورد و کوردستانەوە دەبینی و سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە تووشی گەلی کوردستان بۆوە چەند فرسەتی مێژوویی لەدەستدا. زۆر جار لەگەڵ خۆم بەراوردی ڕۆژان و سەردەمی زێڕینی ئەو پارتەم لەگەڵ ڕۆژانی ئێستا دەکەم کە نێوانیان ئاسمان و ریسمانە، چونکە ئەوکاتە دەسپڵین و چالاکیی پارتایەتی و دڵسۆزیی ڕاستەقینە و خۆشەویستیی بێ بەرامبەری کوردایەتی و ڕێزگرتن و پیادەکردنی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و خەڵکی شیاو بۆ شوێنی شیاو و ئاگاداربوون لە ڕەوشی کادیر و ژیانی پارتایەتی و گیانی هەڤاڵێتی دوور لە درۆ و دەلەسە و پێهەڵگوتنی شەرمەزارانە بوو... هتد. خەم بۆ ئەم پارتە دەخۆم کە چۆن هیوا و ئامانجی کورد و پێشڕەویی بە ئەمەکی ئەم نەتەوەیە بوو، بەهۆی بۆچوونێکی جیاواز دەربارەی بابەتێکی هەنوکەیی سەراپا لێکترازرا ئەو جارە لە جیاتی یەك سەنگەری موقاوەمەت لەژێر درووشمی (کوردستان یان نەمان)دا بوو بە دوو سەنگەری دژ بە یەکتری وەکو هەر دوژمنێکی سەرسەخت مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد و ماوەی پەنجا ساڵە لەپەنای پەردەی دوور لە ڕێبازی کوردایەتی (شیر و تیر لێك دەسوون).

لە سەرەتای مانگی ئازار بە مەبەستی مۆڵەت وەرگرتنێکی کاتی کە تا ئەو دەمە مامم سەردانی ماڵەوەی نەکردبوو، ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسیی وەگرت بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ قەڵادزێ کە تێیدا سەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا بە دوو وڵاغ و کاروانچییەکی شارەزای خەڵکی (سەفرە) بە ڕێگایەکی دوور و درێژی دوو ڕۆژە گەیشتنەوە قەڵادزێ پڕ لە دەنگوباسی هەمە جۆر و تێکەڵاو کە تا ڕادەیەك ڕاڕابوون لەسەر بەیاننامەکەی (١٠)ی شوبات، بەڵام باوکم ئەو شەوە بە مامی ڕاگەیاند کە پێش یەك دوو هەفتە

شەوێك مام جەلال و كاك نوری شاوێس و مامۆستا مەسعود محەمەد و چەند دۆستێكی كۆیی لە ماڵی خۆمان لە قەڵادزێ ئێوارەیەك بۆ نانخواردن داوەتی كردبوون، قسەوباس لەسەر ئەو رێككەوتنە زۆر كرابوو، بەڵام باوكم وەكو بۆ مامی دەگێڕایەوە بە قسەكانی مام جەلال دڵخۆش بووە كە گوتویەتی "پارتی بە سەرۆك بارزانیشەوە بە یەك رێگادا دەڕۆین و بۆ یەك ئامانجیش تێدەكۆشین، لەوانەیە خیلافمان لێرە و لەوێ لەسەر خاڵێك یان دووان هەبێت، بەڵام لە ئاكامدا هەموومان لەسەر مافی كورد یەكین، پێویستە ئەو یەك دەنگی و كۆدەنگییە بپارێزین).

بەیاننامەكەی (١٠)ی شوبات ئارامییەكی دابوو بە خەڵك، بەرە بەرە دیاربوو لێژنە درووست دەكرا لە لایەن شۆڕش و حكومەتەوە بە مەبەستی ئاساییكردنەوەی بارودۆخی دوای شەڕی مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو، رۆژانەش دەنگوباسی جۆراوجۆر دەگەیشتە خەڵكی، (حاجی محمود عبدالرزاق) گەورە ئەفسەری عیراقی و پارێزگاری سلێمانی لە هاتووچۆ دابوو بۆ ناوچەی رانیە بە مەبەستی دیدەنی كردنی بارزانی، خێزانە كۆییەكانی پەنابەری ناوچەی قەڵادزێ و پشدەر كۆك بوون لەسەر گەڕانەوە بۆ كۆیە، بە تایبەتیش مەسەلەی خوێندنی كوڕ و كچانیان بە هەند وەرگرتبوو، دوا خێزان كە لە قەڵادزێ گەڕابێتەوە بۆ كۆیە ئێمە و ماڵی كاك عومەر عەبدوڵڵا بوو، چونكە خانووی گەورەی ئێمە كە پێنج ساڵێك بوو باوكم لەسەر پانتایی (٦٠٠ مەتر) لەناو رەز و باخێكی پڕ لە دارسێو و هەنار و پرتەقاڵ و لالەنگی كە پانتاییەكەی (١٥٠٠ مەتر) درووستكرابوو، بەڵام داخی گران پاش ئەوەی كۆیەمان بەجێهێشت لە مانگی حوزەیرانی رابردوو و هاتنی سوپای داگیركەری عیراق خانووی ئێمە و هەندێ لە خانووەكانی دیكەی گەڕەكی (سەرباخ) وەكو ماڵی خوالێخۆشبووان (كاكە زیاد، بەكری حاجی محمد، عبدالحمیدی حاجی تۆفیق و مامەندی ساڵح ئاغای غەفوری و حاجی حەمە سعید و... هتد) كەوتە ژێر رقی دەڕندەیی سوپا و چڵكاوخۆرەكانی بە شێوەیەك تاڵان و ئەزیەت درابوو كە قەت نەت دەناسییەوە، تەنانەت كاشیی ئەرز و وایەری كارەبا شكاو

و دەرهێنرابوون، بۆیە ناچار بووین چەند رۆژێك دوای خەڵکەکە بگەڕێینەوە کە رێککەوتی سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٤ بوو بۆ خانووە کۆنەکەی گەڕەکی بەفریقەندیمان کە ئەویش خەڵکی تێدابوو، بەڵام لەبەر بێ جێگایی ناچار بووین ماوەی شەش مانگێك لەو خانووە بمێنینەوە تاکو نۆژەنکردنەوەی خانووە تازەکەی گەڕەکی سەرباخ تەواو دەبوو، بەپێی بڕیار و رێککەوتنی (١٠)ی شوبات دەبووایە ئەو خەڵکە قەرەبوو بکرێتەوە، بەڵام تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئێمەی لێ بێبەش کراین، چونکە باوکم رازی نەبوو بەو بڕیارەی کە لە لیژنەیەکی حکومەتەوە خەملێنرابوو بۆ قەرەبووی زەرەرمەندان.

لە سەروبەندی چوونەوەمان خوالێخۆشبوو (محسن عزیز عبدالله حەوێزی) کە ئێمە هەمیشە بە (موحسین ئاغا) ناومان دەهێنا سەرقاڵی هاتووچۆی هەولێر بوو بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ داخڵ بوونی ئێمەی قوتابییانی پۆلی سێی ناوەندی لە ئەزموونی بەکەلۆریا کە لە ئاکامدا خوالێخۆشبوو (نەشئەت سەفوەت) کە بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو لەژێر کاریگەریی بڕیارەکانی لیژنەی هاوبەشی شۆڕشی و میری ئێمە کە چەند قوتابییەك بووین لەم قۆناغە خراینە لیستی وەرگیراو کە تێیدا نەشئەت ئەفەندی رۆڵێکی جوامێرانەی گێڕا لە ئاسانکردنی وەرگرتنمان بۆ ئیمتیحان کە ئەوەندەی لەبیرمە بریتی بووین لە (پۆلا محسن عزیز، ئازاد عبدالله یحیی،خیرالدین محی الدین، رۆستەم محی الدین، چالاك کمال حاجی مەجید، فەرهاد عەونی... و هتد) بۆیە هەرزوو کتێبەکانی ئەم قۆناغەم پەیداکرد و کەوتمە کۆششی بەردەوام رۆژانە (٥-٦) کاتژمێر دەمخوێند و لێرەدا نابێت یارمەتیی دۆستی دێرینم مامۆستا (عبدالصمد حمد أمین) کە لە کۆیە بوو بە (مامۆستا سەمەدی حەمەشین) بەناوبانگە لەبیر بچێت کە رۆژانە دەرسە زانستییەکانی وەکو (بیرکاری، فیزیا، جەبر)ی پێدەگوتم، نزیکەی ماوەی مانگ و نیوێك ئێمە سەرقاڵی دەرس خوێندن بووین، بۆیە بەندە ئاگام لە نۆژەنکردنەوەی خانووی گەورەمان نەبوو کە تێیدا باوکم بە هاوکاریی بارامی پورزا و بن ئامۆزا خەریکی بوون.

ئەم قوتابییانەی ناوم هێنان لە ڕۆژی دیاریکراودا بە لاندرۆڤەرێك هاتینە هەولێر و یەکسەر چووینە (ئوتێل مەرکەزی) کە ئەو کات لە جێگای باڵەخانەی ئێستای پارێزگای هەولێر (٢٠١٥) بوو، ڕۆژانە بە کۆمەڵ دەچووینە ئیمتیحان لە قوتابخانەی ناوەندی کۆماری (متوسطة الجمهورية).

بەندە چەند ڕۆژێك پاشی برادەرەکانم مامەوە بە مەبەستی دورینی قاتێك جلی ئەفەندی لای وەستا (نورالدین ی بەرگدروو) ناوە ناوەش لەگەڵ هاوڕێی دێرینم (جان تۆماس) کە ئەوکاتەماڵیان لە هەولێر بوو پاش ئەوەی لە کۆیە پاش دەستپێکردنەوەی شەڕی حزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ کۆیەیان بەجێهێشتبوو، دەچووینە عەنکاوە و ئێوارەیەکیش چووینە سینەمای (سەلاحەدین) کە فیلمێکی بیانی بەناوی (خێوەتی ڕەش–Black tent) نمایش دەکرا.

نزیکەی ٢٠–٢٥ ڕۆژی پێچوو تاوەکو ئاکامی ئەزموونەکان دەرچوو کە تێیدا بەندە وەکو پێیان ڕاگەیاندم لە دەرسی (ریازیات–بیرکاری) کەوتوم، بەڕاستی سەیرم لێهات چۆن پاش ئەو هەموو کۆشش و ماندوبوونی مامۆستا سەمەد لە ریازیات بکەوم، بەڵام چی دەکەی لەگەڵ ئەم بەزمە، بۆیە ناچار بووم جارێکی دیکە بکەومەوە خۆ و لەگەڵ مامۆستا سەمەد هەفتەی دوو جار بە دەرسی ریازیاتدا دەهاتمەوە. لە هەمان کاتیشدا دووبەرەکی و هەڵوەشاندنەوەی پارتیش لە لایەك رابوەستیٚ، بەڵام نە هەڵوەشانەوەی پارتی و نە ئاکامی ئەزموونی بەکەلۆریا دڵخۆشیان نەکردم، چارم ناچار بوو شانی بدەمە بەر، بەڵام لە هەمووی سەیر و سەمەرەتر ئەوەبوو قوتابییە برادەرەکانم بۆ دەوری دووەم پێش من چوبوونەوە هەولێر، چونکە ئەوانیش هەر یەکەو لە دەرسێك کەوتبوو، هەر هەمان ئێوارە موحسین ئاغا هاتە ماڵمان و خەبەرێکی ناخۆشی پێدام، ئەویش ئەوەبوو کە پۆلای کوڕی تەلەفۆنی بۆ باوکی (یانی موحسین ئاغا) کردووە کە بەزووترین کات خەبەر بەمن بدات کە من وەکو لە (لوحة الإعلانات) هەڵواسراوە لە دەرسی ئینگلیزی کەوتووم نەك لە دەرسی ریازیات، ئەوجا پاش ئەوەی تەئکید دەکات دەچێتە لای بەڕێوەبەر یەکسەر تەلەفۆن بۆ باوکی دەکا کە پێویست بوو ڕۆژی دوایی سەفەری هەولێر بکەم،

چونکە رۆژی دواتر پاشی عەرەبی نۆبەی دەرسی ئینگلیزییە بۆ ئیمتیحان، چارم ناچارە چی بکەم هەر هەمان ئێوارە چوومە لای مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەجید ئاسنگەر) کە مامۆستایەکی لێهاتووی ئینگلیزی بوو، تاکو سەعات (١١)ی شەو موراجەعەیەکی خێرای بۆ کردمەوە و شتە سەرەکییەکانی پێگوتم و چەند دێڕێکی داڕشتنی ئینگلیزیی بۆ نووسین وەکو ئینشا بە مەبەستی ئەزبەر کردنی، چونکە نووسینەکە بەکەڵکی هەموو شت دەهات.

بەیانی زوو بە یەکەم ئۆتۆمبیلی کۆیە چوومە هەولێر و یەکسەر دیسان بۆ ئوتێل مەرکەزی ئەوجا بۆ (متوسطة الجمهورية) بە مەبەستی تەئکید کردن، هەر بۆیە ئەو رۆژە و ئەو شەوە بۆ یەك ساتیش نەنوستم لەو گەرمایەی ئەوکاتەش لەبەر گڵۆپی سەربانی ئوتێل تا بەیانی خەریك بووم، ورەم بەرز بوو دەمزانی سەردەکەوم و بەو ئیرادەیە تاکو بەیانی لە هۆڵی ئیمتیحان بە سەرێکی ساردەوە ئەو (داڕشتن-إنشاء)ـەی مامۆستا مەجید ئاسنگەر بۆی نوسیبووم دەستم بە وەڵامدانەوە کرد و لەگەڵ کۆتایی کات منیش تەواو بووم و یەکسەر کە گەڕامەوە ئوتێل بە برادەرانم گوت (بەخوا ناجح دەبم) ئەوەبوو (خودا و راستان) کاتێ نەتائیجی ئیمتیحان دەرچوو (بەندە) تێیدا سەرکەوتوو بووم. ئەو رۆژە رۆژێکی خۆش بوو لە ژیانم، چونکە سەرکەوتن لەم بارودۆخە و ساڵێکیش لەکیس چوو ئینجا هەڵە لەو دەرسەی کە لێی کەوتووم بە ماوەی (٣٦) کاژێر بتوانی (سەیتەرە) لەسەر ئەو دەرسە بکەیت رووداوەکە زێدە دڵخۆشکەر بوو، باوکم ئافەرینێکی هێنمانەی لێکردم و پێی گوتم (لەمەولا دەبێت جدیتر بیت لە مەکتەب، مەجالی مانەوەت (راسب) بوونت نەماوە گەورە بوویت).

ئامۆژگارییەکانی باوکم پێشووتریش ئامۆژگارییەکانی کاکە دارا تۆفیق و کامڵ بوونی ئەقڵ بەهۆی ئەزموونی ساڵی پێشوو لەناو شۆڕشدا وانەی زۆر بەنرخ بوون لە ژیاندا، کە لەگەڵ تەواوبوونی نۆژەنکردنەوەی خانووەکەمان کە بۆ یەکەم جار بە تەنها چووینە خانووی تازە چاککراو و بەجێهێشتنی ماڵی کاکە عەبدەم و لێك جیابوونەوەمان کە هەر لە زەمانی باپیرەمەوە (حەبیب

عەبدوللا) وەکو یەك خێزان لە یەك ماڵی گەورە دەژیاین و ئەوانمان بەجێهێشت بەو نیەتەی کە ساڵی داهاتوو خانووی تازە بۆ ئەوانیش درووست بکرێت کە درووستکرا.

لە گەڕانەوەماندا بۆ ماڵ و خانووی تازە ژووری سەرەوەم بەتەنیا هەڵبژارد بۆخۆم و کتێبخانەیەکی بچکۆلەی داریشم لەلای برادەری قوتابخانە و جیرانی کۆنمان (وەستا بەکری حەمەدی نەجاڕ) درووستکرد، خانەی سەرەوە بۆ کتێبەکانی قوتابخانە و دوو خانەکەی دیکەش بۆ کتێبەکانی خوێندنەوەی دەرەوە کە یەکەم کتێبم لەو سەروبەندەدا بەدەست کەوت ئەویش بریتی بوو لە یادەوەرەکانی سورەیای شاژنی ئێرانی بە زمانی عەرەبی (مذكرات ثريا) ئێستاش ئەو دێڕە نووسراوەی سەر بەرگی یەکەمی کتێبەکەم بیرنەچۆتەوە کە ئەویش قسەیەکی شاژنە سورەیایە کە دەڵێ (شعرت بالضياع عندما أنتزعوا البساط الأحمر تحت قدمي).

قۆناغی ئەو دوو ساڵەی خوێندنم (١٩٦٤-١٩٦٥ و ١٩٦٥-١٩٦٦) وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە ژیانمدا چ لەبارەی خوێندنەوە کە زۆر بە جدی دەستم پێکرد و تێیدا سەرکەوتوو بووم و چ لەکاری رێکخراوەیی سیاسیشدا کە زۆر دەروێشییانە پیادەم دەکرد و ماوەم بۆ هیچ بوارێکی دیکەی ژیان نەهێشتبۆوە سەرەڕای خوێندنەوەی کتێبی جۆراوجۆر بەتایبەتیش رۆمانە بەناوبانگەکانی (الحرب والسلام)ی لیۆن تۆڵستۆی و (الأخوة كازا ماروف)ی دۆستۆڤیسکی و (الأحمر والأسود)ی سینداڵ و (أيام معه)ی کۆلێت خوری و رۆمانە سۆزدارییەکانی بیار رۆفائێل و يوسف السباعی و رۆمانەکانی احسان عبدالقدوس و محمد عبدالحليم عبدالله ... هتد، سەرەڕای ئەو گۆڤار و رۆژنامە و کتێبانەی کە بە کوردی دەردەچوون، بۆیە بەرە بەرە باوکم و من دەستمان کرد بە پڕکردنەوەی کتێبخانەی ماڵەوە، بەڵام باوکم زیاتر خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانی بوو کە لە ساڵی پێشووتر لە گەرمەی شەڕی حکومەتی بەعس یەکەم لە گوندی (قەسرۆك) لە ماڵی حەمەدی رەمەزانی دۆستی دێرین دەستنووسەکەی سەری تێداچوبوو سەرەڕای سەرقاڵی بە

وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام و خوێندنەوەی هەندێ کتێبی کوردی و فارسی.

## قۆناغی دواناوەندی

## ١٩٦٤/٩/١-١٩٦٦/١٠/١

قۆناغی دواناوەندی بۆ من قۆناێکی زێدە هەستیار بوو چونکە قۆناغی دواناوەندی کە ئەو کاتە دوو ساڵی خوێندن (پۆلی چوار و پۆلی پێنج) بوو وەکو بارودۆخی قۆناغی رۆژگاری ئەمڕۆ نەبوو، چونکە ئەو تەمەن و ئەو قۆناغە پەڕینەوەیەك بوو بۆ قۆناغی دواتر کە ئەویش قۆناغی زانکۆ بوو، بۆیە دەبوایە قوتابی زۆر بە جدی لەو دوو ساڵەدا بخوێنێ، چونکە هەموو مادەکانی پۆلی چوار و پێنج لە ئەزمونی بە کەلوریا داخل بوو قوتابیش زۆر خۆی ماندوو دەکرد تاکو نمرەی پێویست بەدەست بهێنیت بە مەبەستی وەرگرتن لە زانکۆ ئەو کاتەش تەنها (٣) زانکۆی بەیانیان هەبوو (زانکۆی بەغدا، موسڵ، بەسرە، لەگەڵ زانکۆیەکی ئێواران کە ئەویش خوێندن بە پارە بوو بە ناوی (کلیە الجامعە) پاشان بۆ زانکۆیەکی بەیانیان و ئێواران بە ناوی (زانکۆی موستەنسریە).

وەکو لە پێشەوە ئیشارەتم پێکردووە بەندە لەم دوو ساڵە بەو پەڕی خۆماندوو کردنەوە لەگەڵ رۆژانەی دەرسخوێندن دا بووم، رۆژانە ئاگاداری رەوشی بابەت و وانەکان بووم مامۆستای زۆر چاکیشمان هەبوو، مامۆستایان مەجید سیگردکانی لە زمانی عەرەبی و ئایین، جەودەت محەمەد لە مێژوو جوگرافیا و عەلی کە خەڵکی (حنس)ی سەر بە قەزاری شێخان لە ریازیات، عبدالخالق حاجی عەلی و سەلاح سەعدی لە ئینگلیزی، کیمیا سدیق عبدالقادر کە لە هەمان کات بەڕێوەبەری سانەوەی کۆیە بوو... هتد ئەو کاتە دەوامی قوتابخانە دوو ماوەبوو دەوامی بەیانیان لە (٨ – ١٢)و دەوامی دوای نیوەڕۆ لە (٢-٤) دوای تەواوبوونی دەوامی ئێواران یەکسەر دەگەڕامەوە ماڵەوە سەرقاڵی پیاداچوونەوەی دەرسەکانم دەبووم تاکو نانی ئێوارە لە نێوان (کاتژمێر ٧-٨)

ئامادە دەبوو شەوانیشم بۆ خوێندنەوەی خارجی یان ئەو کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە دستم دەکەوتن یاخود دەمکڕین یان کە دوای نیوەڕۆیانی ڕۆژی پێنجشەم و شەمووان هاتووچۆی (کتێبخانەی گشتی کۆیەم دەکرد لە سەردەمی مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (زەکی ئەحمەد هەناری و عبدالصمدی حاجی تەها) کە هەمیشە کار ئاسانیان بۆ دەکردین بۆ وەرگرتنی کتێب بەبێ بەرامبەر.

لەسەرەتای مانگی ئەیلولەوە لە ساڵی ١٩٦٤ دەوام دەستی پێکرد بارودۆخی سیاسی لە کوردستان زۆر لێڵاوی بوو گۆڕانکاری گەورە لە ئاستی پارتی دیموکراتی کوردستان رویدابوو ئەم پارتە پێشەنگەی کوردایەتی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆکمەترین و بەبرەوترین حزبی ئەو سەردەمە بوو لەسەرەوە تاکو خوارەو دوولەت ببوو زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سکرتێری گشتی پارتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە لایەك و سەرۆکی پارتیش کە بارزانی نەمر لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی پارتی و بەشێکی هەرە گەورە و زۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەکی دیکە ((لێرەدا کە پاش ٥٠ ساڵ کە ئێستا (ساڵی ٢٠١٤) ڕووداوەکان وەکو خۆی دەگێڕمەوە بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، چونکە ئەم دێرانە بیرەوەری خۆمن کە لەناو بارودۆخەکەدا ژیاوم و دیومن و کاری تێکردووم و ئینجا کەم یا زۆرو ناشمەوێ نە کەس تاوانبار بکەم و نەکەسیش بریندار بکەم)) من وەکو لە پێشەوە باسم لێکردووە کە لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٦٢ وازم لە حزبی شیوعی عێراقی هێناو کەوتمە سەر رێبازی کوردایەتی و بە دیتنی مەلا مستەفای بارزانی لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ لە کۆیە و لە ماڵی کاکە زیاد اغای غەفوری کە لە نزیکەوە لەماوەی ئەو یەك دوو کاتژمێرەی لە خزمەتی دانیشتبووم و هەڵسوکەوتیم دیت و گوێم لە قسەکانی بوو سەرەڕای ئەو پیشینەی کە لەماڵی ئێمەدا بەرامبەر خۆشەویستی مەلا مستەفای بارزانی هەبوو قەناعەتی شەخسیم لە ناخەوە بەلای بارزانیەوە دەچوو، کاتێکیش لە یەکەم شانەی پارتیدا ڕێکخرام لە ماوەت لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣، بارزانی وەکو

سومبولی پارتی و شۆڕش باسی لێوە دەکرا، بەڵام زۆر دڵگران بووم بەو لەت بوونەی پارتی زۆر جاریش ئێوارن کە لەگەڵ باوکم دادەنیشتین و ئەخباری سیاسی لیٚ دەپرسیم دەیگوت و دەیگوتەوە. (دەردە کوردە لەکۆڵی نابێتەوە منیش (یانی عەونی) دەمێکە گوتومە:

*من گــۆران و تۆ کـــــرمانج*

*هەردووکمان بۆ یەك ئامانج*

*هــــەر ئەڕۆین و پێناگـــەین*

*هــــەر دەڵێین و تێناگـــەین*

*شـــــــێوەی ئەم گفتوگۆیە*

*داخـــەکەم رەنـــــــجەرۆیە*

*نـــــە لە یــــــەك دەگـــــــەین*

*نـــــە بە یــــــەك دەگـــــــەین*

لەم بارودۆخە تەمومژاوییەدا ململانێیەکی ویژدانیم لە ناخەوە بۆ دروست بوو خۆشەویستی و کاریزمەی و کەسایەتی مێژوویی بارزانی سەرەڕای سەرۆکایەتی پارتی و شۆڕش لەو قۆناغە هەستیارەدا لە لایەك و ئیعجاب و خۆشەویستی بۆ مام جەلال کە چەند جارێك لە سەردەمی قوتابی بوونم لە قۆناغی سەرەتایی (١٩٥٢ – ١٩٥٨) لە ماڵی خۆمان لە کۆیە و لە ئوتێل (رشید الجدید) لە بەغدا سەرەڕای ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی کە لە ماوەت بەرامبەر بەندەی هەبوو لە گەڕانەوەم بۆ ستاڤ دادگای بەرزی شۆڕش و لەگەڵ ئەو سەفرە سیٚ رۆژییە کە لە ماوەتەوە بۆ قەڵادزیٚ لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ دا، ململانێکە ئازاری دەدام زۆر جار پرسیارم لە خۆم دەکرد دەبیٚ کامیان راست بێت؟ کامیان خزمەتی رێبازی کوردایەتی دەکەن، ئەم پرسیارانە زۆر بە توندی پەنگی دەخواردەوە، بەڵام پاش ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی (ئەوجا بە هەر بڕ و بیانویەك بێت) کە چونە ئێران و شۆڕشیان بە جێهێشت (خۆزیا رووی نەدابایە) و قسەی لابەلا و ناشیاویان بە بارزانی دەگوت و ئەو قسەی باوکم بە

هەندم وەرگرت کە دەیگوت (بڕوا و متمانە) بەو کەسە دێنین کە لە چیا دەمینێتەوە)، لەو سەروبەندەدا بوو رۆژێکیان سەر لە ئێوارە خوالێخۆشبوو کاك (عەزیز سەربەست) کە کوڕی مامۆستا مەلا عەبدالرحمانی مەلای رەشە، مرۆڤێکی تێکۆشەری رێبازی کوردایەتی بوو، هاتە لام لەماڵەوە یەکسەر خۆی ئاشکرا کرد گوتی ((پاش لەتبوونی پارتی و بەجێهێشتنی مەکتەبی سیاسی و ئاودیوبوونیان بۆ ئێران رێکخستنی پارتی سەر لەنوێ رێکخرایەوە، بەڵام ئێمە لە کۆیە لە قۆناغی سەرەتایی داین زانیاریشم هەیە کە تۆ (یانی بەندە) لە ریزی شۆڕش بوویت و لەسەر رێبازی کوردایەتیی باوکت دەڕۆیت هیوادارم ئیشمان لەگەڵدا بکەیت.) کاتێ لێم پرسی مەبەستت چییە، لە وولامدا گوتی پارتی دیموکڕاتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی (ئیعادەی نەزەر) لە سەراپای رێکخستنەکانی پارتی دەکاتەوە سەرەڕای پێداچوونەوە لە رێکخستنی لەشکر و بەتالیۆنەکانی پێشمەرگە، لیژنەی ناوچەی کۆیە کە ئێستاکە لە گوندی (پیرەر)ی سەر بە کۆیە نیشتەجێیە منیان (یانی عەزیز سەربەست) دەست نیشان کردووە شانەی سەرەکی پارتی لە کۆیە دروست بکەم و یەکێك لەوانە تۆی، هیوادارم ئیشمان لەگەڵدا بکەیت)) بێ سێ و دوو رەزامەندی خۆم دەربڕی و ئەویش کاتێك شوێنێکی دیاریکراوی پێ راگەیاندم کە تێدا ئامادەبم بۆ یەکەم کۆبوونەوەی رێکخستنەکانی پارتی پاش لەتبوونی، رۆژی دوایی کە رۆژ و مانگەکەیم لەیاد نەماوە، بەڵام دەزانم پاش نیوەڕۆیەکی رۆژێکی پایزی ساڵی ١٩٦٤ بوو لە دوکانەکەی خوالێخۆشبوو (وەستا زاهیری نەجاڕ) کە ئەو کاتە بەرامبەر ماڵی مامۆستا (عبدالرحمنی حاجی ئەمینی چەکمەرەق) و دائیرەی ئیعاشەی کۆیە بوو، دوکانەکەی مەلا زاهیر لە پشتەوەی کۆگای دار بوو لە نێوانی دوکانەکە و کۆگایەکەی دیواربوو لە ناوەڕاستیشدا دەرگایەکی گەورە هەبوو کاتێك چوومە ژوورەوە خوالێخۆشبوو وەستا زاهیر کە بە (مەلا زاهیر) بانگیان دەکرد سڵاوی لێ وەرگرتمەوەو گوتی فەرموو بڕۆ ژوورەوە کاتێك چوومە ژوورەوە خوالێخۆشبووان (عەزیز سەربەست، سەید عەلی نەجار، سەید حمدامین موختاری گەڕەکی قەڵات، مامۆستا عەلی) دانیشتبوون، کاك عەزیز

سەربەست زۆر بە گەرم و گوڕی باسی ڕێکخستنەوەی پارتی دەکردو زۆریش جەختی لەسەر ڕێبەرایەتی بارزانی دەکردەوە. زۆربەی جاران کۆبوونەوەی ئەم شانە سەرەکیەمان لە کۆگای ئەو دوکانەی وەستا مەلا زاهیر دەکرد کە ئەویش لایەنگیری هەمان ئەو ڕێبازە بوو مامۆستا (عەلی) کە خەڵکی دەڤەری شێخان بوو مادەی ریازیانی پێ دەگوتین کوردێکی زۆر دڵسۆزو پارتیەکی تێکۆشەر بوو ئەم ساڵە بۆ سانەوەی کۆیە نەقل ببوو، لەسەرەتادا نەم دەزانی بیروباوەڕی چۆنە، بەڵام زۆری پێ نەچوو لێك ئاشکرا بووین پاشانیش شانەی سەرەکی پارتی لە کۆیە کۆیکردینەوە ئەو وەکو مامۆستا بەندەش وەکو قوتابی پۆلی چوارەمی دواناوەندی دۆستایەتیمان لەسەر بنەمایەکی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانی دەستی پێکردو ڕۆژ بە ڕۆژیش پتەوتر دەبوو، هەفتەی یەك دوو جار دەهاتەماڵەوەمان دەرسی ریازیاتی پێ دەگووتم و زۆر جاریش کۆبوونەوە لە ماڵی ئێمە دەکرا. ڕۆژێکیان لە سەفەری هەولێر گەڕابووەوە لە ماڵەوە سەردانی کردم و پێی ڕاگەیاندم کە دەبێ دەست بەکار بین بە ڕێکخستنەوەی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و گوتی (جارێ تاوەکو دێیتە سەرپێ ئەمن ئیشرافتان لەسەر دەکەم، بەڵام لەسەرت واجبە (٤) قوتابی چالاکی ئەو ڕێبازەم بۆ بێنی تاکو ڕێکتان بخەم).

شانەی یەکەمی قوتابیانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان کە بەندە ڕێکی دەخستن (حمید قادر، ازاد عبدالله، یەعقوب ئیبراهیم، محمد بکر بوون، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێکخستنەکانی پارتی چ لەنێو قوتابیانی کوردستان چ لە دەرەوەی ئەم توێژە بەهێز نەبووین و زۆربەی خەڵك و ڕای گشی لەسەرەتادا لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دابوون، بەڵام ئەوەی باش بوو هیچ کێشەیەك لە نێوانیاندا ڕووی نەدا، بە تایبەتی لە نێو قوتابخانەی سانەوی کۆیە کە لە پۆلی یەکەوە تاکو پۆلی پێنجەمی زانستی ویژەیی تێدابوو، سەرەڕای ئەوەی لە قۆناغی دواناوەندیدا هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی (١٥) قوتابی کچیشمان لەگەڵدابوون بارودۆخەکە بە ئاسایی دەڕۆیشت چ لەڕووی خوێندن چ لەڕووی ڕەکخستنی پارتایەتی، پاش گەڕانەوەی فەرمانبەرانی دەوڵەت بۆ کارەکانی

خۆیان ئەوانەی کە فەسڵ کرابوون بەهۆی پەیوەندیان بە شۆڕشەوە خوشکی گەورەم (پەرژین) لەکۆیە دامەزراوە پاش ئەوەی کە بەندە لەگەڵی چومە بەغداو مامەڵەکەی مان تەواو کرد. مامیشم (حاکم عومەر) کە پێشوتر لە قەڵادزیوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو وە بوو بە سەرۆکی دادگای شۆڕش مایەوە تاکو بالی مەکتەبی سیاسی چونە ئێران ئەویش یانی مامم وەکو ئەو سەدان فەرمانبەرەی میری بە پێی رێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ گەڕایەوە سەر کاری خۆی وەکو دادوەر، بەڵام هەزوو لە کوردستان دووریان خستەوە لە پێشەوە بۆ ناحیەی (عەباسیە) لە قەزای نەجەف، پاشانیش بۆ قەزای (عەفەك) لە پارێزگاری دیوانیە تاکو ساڵی ١٩٦٨ ئەوجا گەڕایەوە بۆ دادگای کۆیە وەکو لەپێشەوە باسم لێوە کردوە دەروێشانە گرنگیم بە دەرس و قوتابخانە دەدا بەڕادەیەك قەرەبووی ساڵانی پێشووترم کردەوە، لە ئاکامیشدا لە پۆلی چواری دواناوەندی بە پلەیەکی زۆرباشە چومە پۆلی پێنجەمی ئامادەکاری بەشی وێژەیی سەرەڕای پەیوەندیەکی باشم لەگەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەری ئامادەیی کە مامۆستا (سدیق عبدالقادر) بوو، لەنێوانی مانگی نیسانی ١٩٦٤ تاکو نیسانی ١٩٦٥ ساڵێکی ئاسایی بوو بەتایبەتی دەرچوونم بە پلەیەکی زۆر باش بۆ دوا قۆناغی ئامادەیی ئەوجا پتەوکردن و کاری پارتایەتی و رێکخراوەیی بەبێ ئەوەی هیچ خۆ دەرخستنێکی تێدا بێت چونکە ئەوکاتیش هاتبوومە ئەو قەناعەتە دەبێت مرۆڤ کە کاری سیاسی دەکات پێویستە خۆی لە خۆ دەرخستن و نیشان دان بە دوور بخات، تاکو بتوانێ ئیش و کارەکانی بە ڕێك و پێکی بباتە سەر ، بەڵام لە سەرەتای ساڵی تازەوە (١٩٦٥) هەست بەوە دەرکرا کە حکومەتی عبدالسلام عارف لەژێر پاڵەپەستۆی گەورە ئەفسەرانی وەکو (عارف عبدالرزاق) صبحی عبدالحمید عبدالعزیز العقیلی و هادی خەماس و غانم مصباح...هتد. سەرەڕای روانگە و بۆچوونی خودی عبدالسلام عارف کە هەرگیز چاوی بە کورد هەڵنەدەهات، لەو سەروبەندەدا ناوە ناوە (تەعمیمێکی) سەرزارەکیش لە لیژنەی ناوچەی کۆیە دەردەچوو کە زۆر بە ورییایی ئاگاداری خۆمان بین و نەهێڵین هێڵەکانی

ڕێکخستن ئاشکرا بێت، چونکە وەکو نیشان دەدرا (حکومەت نیەتی باش نیە) و تا دەهات بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبوو سوپای عێراقی لە لایەك و پێشمەرگەی کوردستان لە لایەکی دیکەوە لە ئامادەباشی دابوون بەتایبەتی لەو سەردەمە لە کۆیە فەوجێکی سەربازی عێراقی لیٚ بوو کە بارەگاکەی لە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتان بوو بەدیوی کۆیەو بارەگایەکی پێشمەرگەش لە هەمان چیای هەیبەت سولتان لە دەوروبەری گوندی حاجی قەلا بوو لەو سەروبەندەدا ئێوارەیەکیان باوکم بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی و گوتی ئەو نامەیە بخوێنەوە کە بەناوی لقی دووی پارتی دیموکڕاتی کوردستان- لیژنەی ناوچەی کۆیە هاتبوو داوای یارمەتی دەکەن چونکە وەکو لە نامەکەدا هاتبوو (پێویستیان بە هاوکاری دۆستان و دڵسۆزانی پارتیە) لەم بارودۆخە ناسکەدا. کاتیٚ منیش لێم پرسی کیٚ ئەو کاغەزەی بۆ هێناوی باوکیشم گوتی (دۆستێکی نزیکی خۆمان کە ئەویش کاك عوسمان عبدالله) کە لەکۆیە بە مام (وەتمان) دەناسراو ناوی دەهێنرا ئەو کاتە وابزانم ئەو یەکیٚ بوو لە ئەندامانی ناوچەی کۆییەی پارتی دیموکڕاتی کوردستان، ئەوە بوو هەردوکمان (باوکم و من) کۆك بووین لەسەر ناردنی (١٠٠)دینار کە ئەوکاتە بڕێکی زۆر بوو، بەلاٚم دیسان باوکم لە زاری مام وەتمانەوە دەیگوت (بەم نزیکانە ئەگەر وا بڕوات شەڕ دەستپێدەکاتەوە چونکە حکومەت ئامادە نیە مافی کورد بدات) بۆیە باوکم ڕێنمایی کردم زۆر ئاگاداری خۆم بم، چونکە قۆناغەکە ناسکەو هیچ بەیاننامەو کتێبیك کە بۆنی سیاسەتی لیٚ دێت بە ئاشکرا لە ماڵەوە نەیهێڵمەوە چونکە وەکو ئەو (باوکم) دەیگوت ئەگەر شەڕ دووبارە دەست پێبکاتەوە بیٚ گومان (پریشکی) ئەم شەڕە ئێمەش دەگرێتەوە.

لە مانگی ئازاری ئەم ساڵە بەئاشکرا لە ئێستگەی بەغداو هەندیٚ ڕۆژنامەی عێراقی دەهۆڵی شەڕ لێدەدرا وە هەندیٚ جار حکومەتی بەغدایان بە کەمتەرخەم دەزانی، ئەو فەوجە سەربازییەی کە لە کۆیە بوو کەوتە جموجۆڵ کە بەد گومانی لێدەکرا، بۆیە کاتیٚ (عارف عبدالرزاق)ی گەورە ئەفسەری عێراقی لە مانگی ئازاردا تەکلیف کرا بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق لە جیاتی

**(تاهیر یحیی) کە ئەو (یانی تاهیر یحیی) لەوانی دیکە میانڕەوتر بوو حەزی دەکرد کێشەکە تا ڕادەیەك بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، بەڵام عارف عبدالرزاق بە پێچەوانەی ئەو پشتگیری ناحەزانی کوردی دەکردو یەکێك بوو لە دەهۆڵ لێدەرانی چارەسەری سەربازی.**

**لە مانگی ئازار بە ناوی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانەوە بە هاوکاری مامۆستا عەلی بەیاننامەیەکمان لە ماڵی ئێمە نووسی(بە کاربۆن) ٢٠ ژمارەمان لەسەر گرتەوەو بە هێمنانە بەسەر ئەندامانی شانە سەرەکیەکەی یەکیەتی قوتابیان دابەشکرا بۆ ئەوانیش بەسەر ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی قوتابیان دابەشی بکەن کە تێدا بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لە قوتابیان و گەلی کورد کرابوو، سەرەڕای ئیدانەکردنی شەڕی داسەپاوی حکومەتی عێراقی یەکێك لە قوتابیانی بەشی زانستی کە لەناو ڕێکخستنەکانی ئێمەدا نەبوو دانەیەکی لەم بەیاننامەیەی دەست کەوتبوو پاش خوێندنەوەی یەکسەر لەترسا چوو بۆ لای مامۆستا سدیق عبدالقادر کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سانەوی کۆیە بوو، کە بەڕێوەبەرێکی زۆر بە هەیبت و بە شەخسیەت بوو (سەرەڕای ئەوەی کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئیدارییەکی زۆر باش بوو) هەر لەسەرەتای ساڵەوە بەندەی هەڵبژارد بە (موراقیب عام)ی قوتابخانە کە ئەو کاتە قوتابیە زیرەك و لێهاتووە ناسراوەکانی بە موراقب لە پۆلەکان دادەندران بۆ ئاگاداری رەوش و ئیداری پۆل و یاریدەدەری مامۆستایان بێت لەو بوارەدا. لە دوا دەرسی پاش نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە ئیسماعیلی یاروقیای خزمەتگوزار کە مرۆڤێکی رەوشت بەرز و رۆشنبیر و چەپڕەو و لایەنگری حزبی شیوعی عێراق بوو دۆستێکی خۆشەویستی بەندەش بوو، زیاتر بە ناوی (کەسی کاکی) ناسراو بوو، هاتە (پۆل) بە مامۆستای ئەو دەرسەی گۆت کە بەڕێوەبەری قوتابخانە فەرهادی دەوێ، کاتێك لە مامۆستا سدیق عبدالقادر چومە ژوورەوە گوتی دەرگاکە پێوەبدەو وەرە، منیش وەکو نەریتی نێوان مامۆستا و قوتابی بەرامبەری راوەستام، بەڵام بەڕێوەبەر گوتی فەرهاد دانیشە.**

**بەڕێوەبەری قوتابخانە**: فەرهاد ئەم بەیاننامەیەت دیوە؟

**بەندە**: مامۆستا نازانم باسی چ بەیانێك دەكەی!

لەوكاتەدا مامۆستا سدیق عەبدالقادر بەیانەكەی دایە دەستم و منیش دەستم بە خوێندنەوەی كرد بە شێوەیەك كەوا یەكەم جارە ئەم بەیانە دەبینم، پاش خوێندنەوەی دامەوە دەستی.

**بەڕێوەبەر**: فەرهاد من قەدری تۆ زۆر دەگرم دەزانم تەلەبەیەكی زیرەكی، نیشتیمان پەروەری، دەشزانم لەو جەماعەتە نزیكی، ئاگاداری خۆتان بن، خۆتان بپارێزن، با شتەكانتان نەكەوێتە دەستی نەزان و ناحەزان الحمدالله رەوش و قوتابخانەمان باشە، دەشزانم لە مامۆستایان و قوتابیان خەڵكی جاسوس و پیاوخراپی تێدانیە تەنها ئەو (هەتیوە) نەبێت كە ئەمساڵ بەهۆی ئەوەی باوكی فەرمانبەرە بە نەقڵ هاتوەتە كۆیە و دەڵێن خۆی و باوكی نزیكن لە حكومەت، خۆشم چەند جارێك باوكیم لە نادی فەرمانبەران (نادی الموظفین) لەگەڵ مودیر شوڕتە و (معاون ئەمن) دیوە، مەیەڵن نزیكتان بێت لە قوتابخانەش (فسكە فسك) مەكەن چونكە دەبێتە هۆكاری گومان لێكردنتان، باشە كوڕم، بڕۆوە پۆلەكەی خۆت.

**بەندە**: بەسەر چاو مامۆستا، خەمت نەبێت، ئامۆژگاریەكانت زۆر بە گرنگی یەوە وەردەگرم.

كاتێ لای جەنابی بەڕێوەبەر هاتمە دەرەوە یەكسەر (كەسی كاكی) كاك ئیسماعیلی یاروقیا هاتە تەكم و لێی پرسیم خێر بوو؟ منیش پێم گووت: پاشان بۆت دەگێڕمەوە. پاش تەواوبوونی دەوامی دوای نیوەڕۆ لەگەڵ كەسی كاكی بە پیاسە بۆ لای ماڵی ئێمە هەڵكشاین و رووداوەكەم بۆ گێڕایەوە، كاتێ كەسی كاكی بە مەسەلەكەی زانی یەكسەر گوتی (بەسەری ئەو فەرهادە زانیم شتێك هەیە چونكە لەدوا (فرسەتدا) (یانی ئەو دە دەقیقەی نێوان دوو دەرس) (فلان) قوتابیم دیت چووە ژووری مودیر، وەڵا لەو زیاتر تێ ناپەڕێت.

ئەو یەك دوو مانگەی مابوو بەسەلامەتی تێپەڕی ئەزمونەكان (امتحان) تەواوبوو بە (پلەیەكی) باش دەرچووم، زیاتر لە ماڵەوە سەرقاڵی خوێندەوە

دەبووم، ناوە ناوە سەردانی (محل)ی باوکمم دەکرد، هەمیشە (محل)ەکەی پڕبوو یان لەو جوتیارانەی دەشتی کۆیە و تەق تەق و بیتوێن بوون کە بۆ پێداویستی بەرهەمی (توتن) بۆ لای باوکم دەهاتن کە بریتی بوو لە پارە وەرگرتن، گونیە، سوتلی، داو، بزمار) کە هەمووی لە کۆگای پشتەوەی (محل)ەکەمان هەبوو پیاوێکیشمان ئەو کاتە لابوو ئیش و کاری بەردەستی باوکمی دەکرد کە ناوی کاك (عبدالصمد حەمە مەلا) بوو، ئیش و کاری دابین کردنیان بۆ بە هاوکاری بەهرامی کاکە عەبدە یاخود ڕۆژانە چەند کەسایەتیەکی کۆیەی ئەو سەردەمە هاتوچۆی باوکمیان دەکرد لەو (محل)ە ڕۆژەکەیان بە دەنگوباس و شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و گێڕانەوەی هەواڵی رادیۆکانی دەرەکی کە چیان لەسەر کورد گووتوە سەرەڕای هەوڵەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان کە زۆر بە زەحمەت گوێی لێ ڕادەگیرا بەهۆی ئەو گۆرانییەی کە وەکو(تشویش) بەناوی (هانی هانی) لەسەر ئێستگەی دەنگی کوردستان داندرابوو.

لە کۆتایی مانگی حوزەیران بارودۆخەکە ئاڵۆزو ناخۆش بوو، شەوانە تاکو بەرەبەیان تەقە دەکرا بەهۆی هاتنی پێشمەرگە بۆ سەر رابایەکانی کۆیە، جموجۆلی سەربازی سیمای شەو و ڕۆژی ئەو ڕۆژانە بوو مولازم طارق (طارق احمد) لە نێوانی کۆیەو تەق تەق و کرکوك ئامیر بەتالیونێکی پێش مەرگە بوو ئاگری دەکردەوە، تا رادەیەك هێزی سوپای دووی عێراقی (الفرقە الثانیة) کە ئامیرەکەی (لیوا رکن ابراهیم فەیسەل الانصاری)بوو سەرقاڵ کردبوو هەفتە نەبوو مولازم طارق پەندێك بە سوپای عیراقی نەکات، لەوکات و ساتانەدا لە خانوەکەی ماڵی کاکە زیاد کە بە (قەسری کاکە زیاد) ناسرابوو جیرانی دیوار بە دیوار بوون لەگەڵ ئێمە، دوو ساڵ پێش ئێستا (لە ئازاری ساڵی ١٩٦٣) میوانداری بارزانی نەمری تێداکراو بۆ ماوەیەك خانەخوی ئەوبوو، بەڵام لە پاش شەڕ دەستپێکردنەوەی شەڕی حکومەتی بەعس لە حوزەیرانی ١٩٦٣ کاکە زیادیش وەکو دەیان بنەماڵەو خێزانی دیکەی کۆیە بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی پەنای شۆڕش چوو، خانوەکەی ئەویش وەکو خانوی ئێمەو

دەیان خانوی وەکو ئەوانەی وەکو ئێمە لەناو شۆڕش بوون تالان و کاول کران، بەلام پاش ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ کاکە زیاد لە گوندی (خدران)ی بناری چیای کۆسرەت مایەوەو خانوەکەش بەم شێوەیە مایەوە کرایە (رەبیەکی) سەربازی، باوکم ناچاربوو دیواری نێوان ئێمە و ماڵی کاکە زیاد دوو مەتر (٢م) بەرزتر بکاتەوە تاکو ماڵی ئێمە لە چاوانی (جیش و جاش) پارێزراوبێت.

لەو سەروبەندەدا (نائب عەریفێکی) عەرەب کە ناوی (عەبد) بوو خەڵکی دەوروبەری ناسریە و شیعە مەزهەب بوو کە ئەو لێپرسراوی رەبییەکە بوو رۆژانە لەبەر دەرگامان تێدەپەڕی سلاوی دەکردو بە زمانی عەرەبی چاك و چۆنی لەگەڵ دەکردین و ناوە ناوەش بۆ چەند ساتێك لەگەڵمان رادەوەستا و جگەرەیەکی دەکێشا و وای نیشان دەدا کەوا حکومەتی خۆشناویٚ. ئێوارەیەکیان تاریك داهاتبوو لە دەرگای سەرەکی ماڵەوەمان درا بەندەش بۆ دەرگا کردنەوە چووم باوکیشم بە دوامدا هات و لە تارمەکەی بەرامبەر دەرگا راوەستا و پێی گووتم دەرگا مەکەوە تاکو نەزانی کیٚ لەدەرگا دەدا، منیش لە پشتی دەرگاوە گوتم (کیٚ یە).

دەنگێك بەزمانی عەرەبی (عینی ابوغائب انا نائب عریف عبد جارکم بالربیە)

**بەندە**: عینی شترید

**نائب عریف عبد**: عیني ابوغائب النفط عدنا خلصان دنیا لیل، نرید نسوي چای (چوله) (طباخ نفطي صغیر) مالتنا مابي نفط. فدوة نرید شیشة نفط اذا مو زحمة)

باوکیشم لە تارمەکە گوێی لە قسەی نێوانی بەندەو نائب عەریفەکە بوو، **گوتی**: کوڕم دەرگای لیٚ بکەرەوە شوشەکەی لیٚ وەربگرە و نەوتی بۆ تێکە خێرە.. عەسکەریش بیٚ چارەیە، دەرگاکەم لێکردەوە لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی دەرگاکەی لە دوای خۆی پێوەدا شوشەیەکی بەتاڵی بەدەستەوە بوو سلاوی کردو گوتی :

**نائب عريف عبد**: عيني حق الجار علي الجار مقدس عندنا انتو جوارينا اليكم حق علينا ما شفنا منكم غير الطيبة اني جيت بحجة ما ظل عندنا نفط بس الحقيقة اني جاي حتى اگللكم باجر ساعة بالستة صبح يصير منع التجول والبيوت راج تتفتش ديروبالكم بدون زحمة مليلي الشيشة بالنفط حتي لايحسون جماعة الفرسان).

بەندەش یەکسەر شوشە بەتاڵەکەم لێ وەرگرت و دیاربوو دایکیشم بەدواماندا هاتبوو کە دیتی بەعەرەبی قسە لەگەڵ ئەو سەربازە دەکەم: گوتی خێرە ئەم عەسکەرە بۆ بەشەو هاتووە. منیش دایکم هێور کردەوە گوتم دەڵێ نەوتمان لێبڕاوە تەباخەکەشیان نەوتی تێدانیە و حەزیان لە چایە دایکیشم زوو هاتە خوارەوەو شوشەکەی لێ وەرگرتم و بەرەو سارداوەکەی (ژێر زەمین)ی ماڵەوە چوو پاش کەمێك شوشەکەی بە نەوتی پڕ هێنایەوە منیش دامە دەستی نائب عریف عبدو سوپاسی کردین و رۆیشت.

بە رۆیشتنی ئەو باوکم بانگی هەموومانی کرد لە ژووری پێشوازی پێی گوتین (کە بەیانی منع التجول)ە، و تەفتیشی ماڵان دەکرێت تەئکید ماڵی ئێمەشی لەگەڵە بڕۆن ئەو زێڕو پارەی کە لەماڵەوە هەیە کۆیان بکەنەوە لە نێوان ژنەکان بەشی بکەن. ئینجا رووی لە من کردو گوتی: (فەرهاد ئەگەر چیت هەیە لە بەیانات و شتی دیکەی یاساغ برۆ لە کورەی حەمام بیسوتێنە، ئەوانە سەگبابن لە بەهانەن (مێشوولە) دەکەنە گایەك و لای کەسیش بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو عەسکەرە عەرەبە مەکەن) ئەوەی پێویست بوو لە ماڵەوە جێ بەجێ کرا، شەو درەنگانێك نوستین، بەڵام نوستنێکی قەلەق، سەعات شەشی بەیانی لە دەنگی جەرەسی یەك لەسەر یەکی دەرگاو لێدانی بەدەست هەڵساین لە ماوەی یەك دوو دەقیقەدا چونکە شەو ئیحتیاتی خۆمان کردبوو هەموومان ئامادەبووین بە بێجامەوە چوم دەرگا بکەمەوە، کاتێ دەرگام کردەوە (١٠-١٥) سەرباز لە پێشەوەشیان ئەفسەرێکی دوو ئەستێرە لەبەر دەرگا راوەستابوون، چەند جاشی پۆلیسێکیش لەو لا و ئەولای سەربازەکان راوەستابوون. ئەفسەرەکە بە عەرەی سلاوی کردو گوتی (مسكن عثمان عوني) گوتم نعم،

گوتی (عدنا اوامر بتفتيش البيت، عندكم سلاح گوتم (لا ما عندنا) ئەفسەر و چوار سەرباز هاتنە ژوورەوە ئەوانی دیکەش لەدەرەوی ماڵ و حەوش و ناوەوە جێی خۆیان گرت منیش لەگەڵ ئەفسەرەکە باوکیشم بە دوامانەوە چوینە ژووری پێشوازی پاشان ژووری نان خواردن ئینجا هۆڵی گەورە کاتیٚ ویستی بچێتە ژوورەکانی دیکە دایکم و نەنکم و پلکم و خوشکەکانمی دیت کە لە ژوورەکە دانیشتبوون یەکسەر گەڕایەوە دواوە چوینەوە ژووری پێشوازی داوای پەرداخە ئاوێکی کردو گوتی (ماتگللولی انتو شرايدين بعد، ماشاالله گاعدين بهالقصر بنات ولد ناس مثقفين، يبين امكانياتكم زينه، ها شتگول؟ ئەمنیش لێم پرسی (شنو المسأله ليش تفتشون بيتنا اكو شی، احنا ماعندنا شی كلنا طلاب بالمدرسه والدی تاجر. ویستم زیاتر قسە بکەم، بەڵام ئەفسەرەکە هەڵسا و لەگەڵ خواحافیزی لەسەرخۆ گوتی (لعنه الله على الواش و على ابوو الفتن) لەو گەڕان و سوڕانەی سوپا و جاش خەنجەرێکی دەبانی دەسك شوشەی سپی کە باوکم لە پەنجاکانەوە هەیبوو بۆ جوانی لەناو جامخانەی شوشەواتەکانەوە داندرابوو، سەرۆکی جاشەکان (بەفێڵی ئەوەی کە خەنجەریش یاساغ و قەدەغەیە و بۆ ئەوەی باوکم توشی کێشە نەبێت خەنجەرەکەی لەبەر پشتینی خۆی ناو بردی).

دوو رۆژ پاشی ماڵ پشکنینەکەمان کە رێککەوتی ٣٠ حوزەیرانی ئەم ساڵە بوو سەعات دووی نیوەڕۆ (ئۆتۆمبیلێکی سەربازی) لەگەڵ چەند سەربازێك و ئەفسەرێکی پلەداریان لەگەڵدا بوو لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس جۆری پیکاب لە جەرەسی ماڵ درا بە رێککەوت من دیسان چووم دەرگام کردەوە یەکسەر ئەم دیمەنە سەربازیەم دیت و زانیم شتێك هەیە لە پێشەوە وام زانی بۆ من هاتوون و لەو ساتەدا بیرم لە هەڵاتن کردەوە بۆ ناوەوەی ماڵەوە لەوێشەوە بە دەرگای گەراج کە لە دواوەی باخچە فراوانەکەمان بوو، بەڵام لەگەڵ دەرگا کردنەوەکە ئەفسەرەکە لەگەڵ دوو سەرباز هاتنە ژوورەوە یەکسەر گوتی (الوالد بالبيت) لەو کاتەدا دیاربوو باوکیشم گەیشتبووە ئەو تارمەیەی کە بەسەر دەرگای گەورەی ماڵەوەی دەڕوانی و دیاربوو گوێی لە قسەکەی ئەفسەرەکە ببوو بۆیە

باوكم بە ئەفسەرەكەی گوت (تفضل اخوي شتريد) ئەويش لەگەڵ من بەسەر قادرمەكەدا بۆ لای باوكم چوو و كاغەزێكی دەرهێناو پێی گوت (حجي انت عثمان عوني حبيب) باوكيشم گوتی (نعم) ئينجا ئەفسەرەكە بەقەڵەمێك ئيشارەتێكی لەسەر ناوی باوكم كرد لەو پەڕە كاغەزەی كە پێی بوو گوتی (حجی( انت مطلوب بالفوج، بدل ملابسك و تعال ويانا لا نتاخر) نەنكم و دايكم و پلكە عاسمەم دەستيان كرد بە قسە و جنێو پێدان بە حكومەت، بەڵام باوكم هەر زوو نەيهێشت بەردەوام بن لە قسەكانيان خۆی لێيان توڕەكرد، خۆی گۆڕی كاتێك هاتينە بەر دەرگا ئەفسەرەكە گوتی (حجی اركب سياره الشرطة) پێش ئەوەی باوكم سواری ئۆتۆمبيلەكەی پۆليس ببێت پێی گوتم (خۆتان تێك مەدەن باوەڕناكەم هەر من بە تەنيا بم پاشان بڕۆ لای كاك (رەقيب) (رەقيب حسين مەلا دزەيی كە ئەو كاتە قائمقامی كۆيە بوو) دۆستی مامم و باوكم بوو مرۆڤێكی پاك و نيشتيمان خواز بوو ، دەرچووی كۆليژی ياسای چلەكان بوو بە هەوڵ و كۆششی خۆی و كاری ميری گەيشتبووە ئەم وەزيفەيە) بزانە مەسەلەكە چيەو خوا كەريمە). باوكم ئەو كاتە تەمەنی لەسەروی پەنجاوە بوو پياوێكی بە غيرەت و نەترس بوو لە كات و ساتی تەنگانەدا نەدەپەشۆكا بەزەرەری مادی سەغلەت نەدەبوو خەمی كوردو كوردستانی هەميشە لە مێشكی دەخولايەوە.
وەزعی ماڵەوەمان ئاڵۆز بوو نەنكم لە خوا دەپاڕايەوە كوڕەكەم (محفوز) بكەی، هەموومان لە هۆڵی ماڵەوە بێ دەنگی دايگرتبووين دراوسێ لێمان كۆبوونەوە و هەريەكە و قسەيەكی دەكرد، سەعاتێك دوای ئەو كاتە خۆم گۆڕی و چوومە دائيرەی قائمقاميەت، قەرەباڵغيەكی بەرچاوی لێ بوو زانيم باوكم بە تەنيا نيە نزيكەی (٢٢)كەسيان لە كۆيە گرتبوو هەندێكيان بۆ مەعسكەری كۆيە و هەندێكيشيان يەكسەر بۆ حەپسخانەی سەرای كۆيە كە هەموو دائيرەكانی حكومەتی تێدابوو، لەم قەرەباڵغەيە يەكسەر نەم توانی بچمە لای قائمقام لەو كاتەدا (رەئيس عورەفا احمد) كە سەر بە پۆليسی كۆيە بوو لەسەر ئامێری بێ تەل (لاسكی) لە معاونيەتی پۆليسی كۆيە بوو لە هەمان كاتدا (كرێچی ماڵی نەنكم دايكی دايكم) بوو دەمناسی كاتێ منی ديت لێم هاتە پێشەوە گوتی وەرە

ژوورەکەی من و پێی گوتم (ناوی ٢٢ کەسایەتی کۆیە یەك لەوانە باوکتە بە بروسکەی نهێنی لە قەلەمی نهێنی پارێزگای هەولێر) هاتووە هەموویان دەهێننە ئێرە لە (مەوقفی پۆلیس) دایان دەنێن پاشان رەوانەی هەولێریان دەکەن باشتر وایە بگەڕێیەوەماڵەوە (یاتاغ و بیجامە و خاولی و شتی پێویستی بۆ ئامادە بکەن ئێوارەش دەبێت خۆتان خواردنیان بۆ بێنن). تا رادەیەك قسەکانی رئیس عورفا احمد نەختێ دڵنەوایی دامەوە و یەکسەر گەڕامەوە ماڵەوە هەواڵەکانم وەکو خۆی گێڕایەوە، پاشان نوێنی خەوتن و بیجامە و شتی پێویستمان ئامادەکرد و زۆری پێ نەچوو خوالێخۆشبوو (سەعید تەق تەقی) کە خزمی ئێمە بوو ئەویش پاش زانینی هەواڵی گرتنی باوکم پەیدابوو. بە جێبەکەی ئەو شتەکانمان بەرەو سەرا برد، من یەکسەر چوومە لای کاك (رەقیب حسین مەلا) و سڵاوم لێکرد و گوتم کوڕی فلانم، خودا لێی رازی بێت فەرمووی لێکردم و گوتی (بەداخەوە حەزم نەدەکرد من لە کۆیە قائمقام بام بەبەر چاوی منەوە خەڵکی نیشتمان پەروەر بگیرێت بێ ئەوەی ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە، ئامیر فەوجی عەسکەری تەلەفۆنم بۆ دەکاو دەڵێ (٢٢) کەسمان لە لایەنگرانی (عصاە و مخربین) گرتووە لەسەر فەرمانی سەرەوە بەپێی بروسکەی نهێنی پارێزگای هەولێر بێ ئەوەی لە پێشەوە خەبەری ئێمە بدەن تازە دەڵێ شوێن و جێگا لای خۆت بۆ ئەو ٢٢ کەسە لە مەوقیفی سەرای کۆیە ئامادە بکەن، چونکە حەپسی ئێمە نین) منیش لێم پرسی ئاخۆ دەبێت لەسەر چی گیرابن، کاك رەقیب لە وڵامدا گوتی (کوڕی خۆم ئاشکرایە، شەڕە، حکومەت دەست لە هیچ ناپارێزی) ان شاءالله هیچ نیە) گوتم دەتوانم باوکم ببینم و شتومەکم بۆ هێناوە، کاك رەقیبیش جەرەسێکی لێداو گوتی بانگی (عبدالله) پۆلیس بکەن کاتێ عبدالله هات و پێی گوت (یارمەتی کوڕی کاك عەونی بدە ئەو نوێن و شتانەی لێ وەربگرە پاشان لەگەڵ خۆتی ببە با کاك عەونی ببینێ) خەریك بوو دنیا تاریك دەبوو کاتێ چوومە بەر دەرگای حەپسخانەی پۆلیسی کۆیە (موقف) و عبدالله پۆلیسیش لە دەرگا شیشەکانەوە باوکمی ئاگادار کرد، کاتێ باوکم لە دیوی ژوورەوە هاتە لای

دەرگاکە خەمێکی گەورە دایگرتم، بەڵام خۆم تێك نەداو ئەویش ویستی دڵنەوایم بداتەوە گوتی (کوڕم هیچ نیە ئەم وەزعە دەبێ بەش ئێمەشی تێدابێت، بەتەنیا نیم، جاری یەکەمیشمان نیە، ئاگاداری خۆتان بن، سبەی بەهرامیش بنێرە با بیبینم و ئامۆژگاری چۆنیەتی مامەڵەکردنتان لەگەڵ زراعەکانی خۆمان (ئەو جوتیارانەی کە لەگەڵ باوکم مامەڵەیان دەکرد و توتنیان دەچاند لە دەشتی کۆیە و تەق تەق و بتوێن) رۆژانەش (محل) بکەنەوە بە تایبەتی ئێستا پشووی هاوینە و ئاودان و خزمەت کردنی باخچەیماڵەوە پشت گوێ مەخەن) ماوەی سێ رۆژ گیراوەکان لە مەوقیفی سەرای کۆیە مانەوە رۆژی چوارەم بە رێککەوت پێش نیوەڕۆ زانیمان کەوا رەوانەی هەولێریان دەکەن بۆیە هەر زوو بەهرام و من بە هەڵەوداوان بەرەو سەرای کۆیە چوین، بەڵام هەر لەبەر دەرگای سەرا پۆلیسەکان کە کورد بوون گوتیان هەر ئێستا بردنیان، بۆ لای یانەی فەرمانبەران رایان دەگرن تاکو (قافلە) ئامادە دەبێت (لەو رۆژگارەدا لە نێوانی رێگای کۆیە و کەرکوك و کۆیە و هەولێر دەبوایە رۆژانە لەگەڵ کاروانی سەربازی (قافلە عسکریە) سەفەر بکرابا چونکە وەکو دەیانگوت بۆ پاراستنی خەڵك و فەرمانبەرانە لەدەست درێژی (العصاە) مەبەستیان پێشمەرگە بوو، من و بەهرامیش بە راکردن بەرەو لای ماڵی قایمقام و یانەی فەرمانبەران چووین کاتێ گەیشتینە جێگەی مەبەست بینیمان (بەڵام چ بینینێ) هەر ٢٢ گیراوەکان لە ناو دوو لۆری سەربازی سەر دانەپۆشراو بەرامبەر یەك دانیشتوون باوکم لە لۆری یەکەم بە بێجامەیەکی رەنگ ئاسمانی بەرامبەر کاك (عزیز سەربەست) دانیشتووە و قسە دەکەن باوکم کە ئێمەی دیت گوتی بۆ هەولێرمان دەبەن لەگەڵ قافیلەی سەربازی بە گەیشتنمان و چارەنووسمان هەواڵتان بۆ دەنێرم بە کاکیشم بڵێن (مەبەستی وەستا عەبدەی ئاسنگرە کە هەم ئامۆزا و هەم مێردی خوشکیەتی کە دەکاتە دایکی بەهرام) سبە و دووەی بێتە هەولێر بۆ ئەوەی بزانێ لە کوێین و ئاگاداری خۆتان بن و (محل) ئیهمال مەکەن، کاك عزیز سەربەستیش بەلای مندا هاتە پێشەوە گوتی (پەیوەندی بە سەید عومەرەوە بکە (مەبەستی سەید عومەری شێخ مستەفا بوو) ئیشی خۆتان بکەن هەندێ

شتیشم داناوه لای باوکم لێی وەربگرە (مەبەستی مەلا عبدالرحمانی مەلای ڕەش بوو کە باوکی کاك عەزیز سەربەست بوو لە تەنیشت (محل)ی باوکم دوکانی (لبادچیەتی) هەبوو کە ئەویش پیاوێکی کوردپەروەری بە ئەمەك و ئەندامێکی دێرینی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە سەرەتای دامەزراندی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ڕۆژەکەی زۆر گەرم بوو خاولییەکەم لە باوکم وەرگرت کە بەدەستیەوە بوو خۆم بە یانەی فەرمانبەردا کرد و خاولییەکەم سەراپا تەڕکرد و بۆ باوکم هێنامەوە ئەویش خستیە سەر سەری خۆی بە مەبەستی خۆ پاراستن لەو هەتاوەی (ڕۆژ-خۆر) کە ڕاستەوخۆ لەسەریانی دەدا. هەر بۆیە گیراوەکانی دیکەش خاولیەکانی خۆیان دامێ تا بۆیانی (تەڕ) بکەم.

سەعات دوانزدەی نیوەڕۆ کاروانی سەربازی لەگەڵ چەندین ئۆتۆمبیلی ئەهلی و لۆری گیراوەکان جوڵان لە ڕێگای کەرکووکەوە بۆ هەولێر (چونکە ئەو کاتە ڕێگای کۆیە و هەولێر ئەمین نەبوو بۆ هاتووچۆی کاروانی سەربازی) کەسوکاری گیراوەکانیش بە جنێودان بە حکومەت و جاش و داروەدەستەکانیان خواحافیزیان لە گیراوەکان کردو بە دڵشکاوی گەڕاینەوە ماڵەوە.

بۆ بەیانی کاکە عەبدەم چوو بۆ هەولێر و ماوەیەکی باش (نزیکەی مانگێك) مایەوە بۆ ئاگادار بوون لە ڕەوشی زیندانی باوکم و پێداویستیەکانی چونکە لەو سەردەمە هەفتەی جارێك ڕێگایان بە کەس و کاری حەپسەکان دەدا بە مەبەستی دیتنیان (مواجهە) من و بەهرامیش ڕۆژانە (محل)مان دەکردەوە لە بەیانیەوە تاکو ئێوارە لەسەر ڕێ و شوێنی باوکم مامەڵەمان لەگەڵ جوتیارانی خۆمان دەکردو خوالێخۆشبووانیش (کاك مامەی جەلال اغای غەفوری و ئیسماعیلی مەلا نووری (مەلایان) و حسام الدینی مەلایان) یارمەتیان دەداین و یەك دووجاریش بە جێبەکەی سەعید تەق تەقیش خزممان (کاکە مامە وە بەهرام و من) سەردانی زورراعەکانی (جوتیاران) کە لەگەڵ باوکم مامەڵەیان دەکرد و توتنیان دەچاند لە گوندەکانی (گەرموکی تەق تەق و کانی لەلەو سیگردکان و ئومبەرگومبەتو کانی سارد و بانی ماران و گوندەکانی دەم شەرغە

بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی جووتیارەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانی بەرهەم هێنانی (توتن)، بەڵام بۆ دیوی بتوین بەهرام لەگەڵ کاك ئیسماعیلی مەلایان سەردانی رانیەو بیتوینیان دەکرد بە هەمان مەبەست پێنج مانگ و نیو گیراوەکان لە حەپسخانەی هەولێر مانەوەو لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان لەگەڵ کردبوون وە خوالێخۆشبوو (حەوێزی مام یحیا) کە ئەو کاتە (سەرۆك فرسان)بوو لە کۆیە هەوڵێکی زۆری دا تاکو توانی پاش ئەو ماوەیە ئازادیان بکات لە رۆژێکی پایزدا زۆربەیان گەڕانەوە کۆیە.

ساڵی خوێندنی ١٩٦٥– ١٩٦٦ کە لەپۆلی پێنجەم دا بوو کە ئەو کاتە دوا پۆلی ناوەندی (ئامادەیی) بوو بەتەواوی لەو ماوەیەدا سەرقاڵی سێ شت بووم (یەکەم ئامادە باشی بۆ ئیمتحانی بە کالۆریای کۆتایی پۆلی پێنجەم و بەهەند وەرگرتنی دەرس و دەوامی قوتابخانە، دووەم هاتوچۆی کتێبخانەی گشتی و بەردەوام بوون لە خوێندنەوە، سێیەم جێبەجێکردنی ئەرکی پارتایەتی و یەکیەتی قوتابیانی کوردستان کە لەو کاتەدا فراوانی بەخۆیەوە بینیبوو ئەندامانی زۆر بوون تا رادەیەکی باش خەڵکی منەتی حکومەتی نەدەزانی و بە ئاشکرا یارمەتی پێش مەرگەیان دەداو شەو نەبوو کۆیە پێشمەرگەی نەیەتە ناویٚ تاکو درەنگانێکی شەو تەقە بەردەوام دەبوو لە پایزی ئەم ساڵەدا بە درەنگەوە مامۆستایەکی دیکەمان بۆ هاتبوو کە ئەویش بە نەقڵ هاتبوو ناوی (محمد عبدالله)بوو خەڵکی کەرکوك بوو، بەڵام مامۆستایەکی بەڕێزی بێدەنگ بوو رۆژێکیان بەرێککەوت باوکم لە کەرکوك لە چایخانەکەی خوالێخۆشبوو (زاهیری حمەدی کریم) کە ئەویش خەڵکی کۆیەو جیرانی دێرینی ئێمە بوو لە گەڕەکی بەفریقەندی و ماوەیەك لە کەرکوك لەگەڵ کوڕێکی کوردی کەرکوکی لە شەقامی مەجیدیە چایخانەیەکیان دانابوو. ئەوانەی لە کەرکوك دەگەڕانەوە کۆیە دەبوایە لە چایخانەکەی کاك زاهیر چاوەڕوان بکەن چایخانەکەش پاك و خاوێنی و شەربەتی مێوژو ماستاوی باشی هەبوو لەبەرامبەریشدا (کباب عوسمان)ی بەناوباگی کەرکوك بوو. بە رێککەوت باوکم لە چایخانە دەبێت لەو کاتەشدا ئەو مامۆستایە (محمد عبدالله) دێتە ئەو چاخانەیەو بە مەبەستی

بچێته کۆیه که باوکم دەبینیٚ باوکم دەناسێتەوە که چەند مانگێك پێشوتر له حەپسخانەی هەولێر دیوەتی که ئەویش له قاوشێکی هەمان حەپسخانه دەبێت و لەسەر کوردایەتی گیراوەو روو له باوکم دەکات و دەڵێت مامۆستا (شیعری تازەت نیه) باوکیشم یەکسەر دەیناسێتەوەو دەکەونه گفتوگۆ به باوکم دەڵیٚ له کەرکوك مامۆستایه، بەڵام پاش بەربوونی گەڕانەوەی بۆ وەزیفه نەقلی کۆیه بووە و لەگەڵ باوکم بەیەك ئۆتۆمبیلی لاندروفەر دینەوە کۆیه، چونکه مامۆستا محمد عبدالله یەکەم جاری بوو کۆیه ببینیٚ و کەسی لیٚ نەدەناسی باوکم هێنایه ماڵەوە و بەمنی ناساندو پێی گوت فەرهادیش پۆلی پێنجەمی دواناوەندی یەو لەهەمان ئەو قوتابخانەیەی که ئەوی بۆ نەقل بووە تا شەو درەنگانێك دانیشتین و تێگەیشتم ئەویش سەر به رێبازی کوردایەتی و نزیك له پارتی دیموکراتی کوردستانه، بەڵام داوای لێکردم که من باسی رابردوو و گیرانەکەی لەگەڵ باوکم له هەولێر نەکەم و زانیشم خزمی نزیکی له ناو پێشمەرگەکانی بتالونیەکەی خوالێخۆشبوو (عزالدین قرە محمد هەیه)، بەندەش باسی رەوشی قوتابخانەو مامۆستاو قوتابیەکانم بۆ کرد سەرەڕای باسی رێکخستنەکانی پارتی و یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و لەهەمان کاتیشدا باسی مامۆستا (علی ) بۆ کرد که مامۆستایەکی کورد پەروەرو پارتیه، بۆ بەیانیەکەش پێکەوە بەرەو مەکتەب چووین لەبەر دەرگای مەکتەب گوتی (وا مەسلەحەته خۆم لیٚ نەکەیته ساحیب) کاتیٚ دەچێته لای بەڕێوەبەری قوتابخانه مامۆستا سدیق عبدالقادر رێزێکی زۆری دەگریٚ و جێگای بۆ دابین دەکات له رێگای یەکیٚ له خزمەت گوزارانی قوتابخانه که ناوی (فەتحی مەلایان) دەبێت له کۆنه خانوەکەی تەنیشت ماڵی خوالێخۆشبوو (حاجی مەجید) جێگای بۆ دابین دەکریٚ. پاش ماوەیەك مامۆستا محمد عەلیش که وەرەقەی نەقلی پارتی هێنا له هەمان شانەی مامۆستا عەلی و بەندە کاری لەگەڵ دەکردین و کەسی پیٚ نەدەزانی بیٚ ئەوەی هیچ خەتێکی رێکخستنی بدرێتیٚ ئەویش لەسەر داوای خۆی چونکه وەکو خۆی دەیگوت ئەو به نەقلی

ئیداری هاتوەتە کۆیە و ئەکید چاوەدێری دەکرێت و لە هەمان کاتیشدا ئەو غەریبە لە کۆیە کەس ناناسێ.

لە مانگی نیسانی ١٩٦٦ دەوامی پۆلەکانی (٣ و ٥) لاواز ببوو بەهۆی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەزموونی بەکالۆریا تاکە تاکە وانەمان مابوو کە تەواو نەببوو بۆیە ڕۆژانە وانەیەك یان دوو وانەمان هەبوو، ڕۆژی ١٣ی نیسانم باش لەبیرە ئەو ڕۆژە لەماڵەوە بووم خەریکی پێداچوونەوەی یەکێ لە وانەکانم بووم لە ژوورەکەی خۆم لەسەرەوە کاتێ (پورە عاسمەم) بانگی کردم گوتی (فەرهاد زوو وەرە خوارەوە ڕادیۆ هاوار دەکات عبدالسلام (تۆپیوە) عبدالسلام عارف سەرۆك کۆماری عیراقی ئەوکاتە بوو، پیاوێکی ڕەشی شۆفینی بوو زۆر ڕقی لە کورد بوو دەیانگوت کاتی خۆشی دژی گەڕانەوەی بارزانی نەمر) بووە بۆ عێراق، پاش شۆڕشی ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨، ڕۆژێکیش لە گەرمەی شەڕی سوپای عێراقی لە کوردستان. سەردانی تەشکیلاتی سەربازی دەکات لەکوردستان کاتێ ناوچەی دەوروبەری شقلاوە کە ئەو کاتە لیوایەکی سەربازی عیراقی بە پشتیوانی جاشێکی زۆر دەتوانن بەشێك لە کێوی (سەفین) داگیر بکەن و ئامیری ئەو لیوا سەربازیە کە ناوی (سعید حمو) گەورە ئەفسەری سوپای عێراقی کە خەڵکی موسڵ دەبێت بە عبدالسلام دەڵێت بە بۆنەی هاتنت بۆ ئێرە کێوی سەفینت بە دیاری پێدەدەم عبدالسلامیش دەڵێت (پێی ناوێ بە دیاری پێم بدەی چونکە ئەرزی عەرەب لە هەر کوێیەك بێت موڵکی عەرەبە).

کە گوێم لە بانگکردنی پورم بوو یەکسەر هاتمە خوارەوە گوتم ئەم هەواڵەتان لەکوێ زانیوە پورم گوتی کاك حەمیدی کوڕی وەستا مستەفای ئاسنگەر کە خزمێکی ئێمە بوو ئەوکاتەش لە دائیرەی بەریدو تەلەفۆنی کۆیە فەرمانبەر بوو گوتی ڕادیۆی بەغدا بکەنەوە عبدالسلام لە تەیارە کەوتۆتە خوارەوەو مردووە). منیش یەکسەر ڕادیۆ گەورەکەی ماڵەوەم کردەوە، ئیستگەی بەغدا (قیرە قیری) بوو (قاسم نعمان السعدی) کە لەساڵی ١٩٦٣ پاش کودەتاکەی ٨ی شوبات دەنگی ناسراوبوو هەواڵە گرنگەکان و ڕاپۆرتە هەواڵەکانی کە گرنگی لەخۆیەوە دەگرت ئەو دەیخوێندەوە بۆیە کاتێ گوێم لێ

بوو كە بە سووكە گریانەوە شین و رۆڕۆی بۆ عبدالسلام دەكردو بەیاننامەكەی سەرۆك وەزیرانی ئەو كاتەی (د. عبدالرحمان بزاز) دەخوێندەوە بەڕاستی دڵخۆش بووم و لە خۆشیانا باوەڕم نەدەكرد، بەڵام پاشان كە گوێم لە چیرۆكی بەربوونەوی تەیارە هەلیكۆپتەرەكەی لە نزیك (بەسرە) بوو بەتەواوی ئیسراحەتم كردو هەڵسام و یەكسەر چومە بازاڕو كاك عەزیز سەربەستم دیتەوەو بۆ پاش نیوەڕۆش كۆبوونەوەیەكی خێرامان رێكخست، بەڵام هیچ بەرچاوە رونێكمان نەبوو تا ئەو كاتە چونكە لیژنەی ناوچەی كۆیە لە دەوروبەری (كۆیە) بوون رادیۆی دەنگی كوردستان كە زۆر بە زەحمەت لێی حاڵی دەبووی بەهۆی ئەو (تەشویشەی) كە لەسەری بوو ئەو رۆژە لە نیوەڕۆ كەوتە خۆ باسی رووداوەكەی دەكرد و هانی پێشمەرگەی دەدا كە خۆراگرو هێرش كەربن) رروداوەكان تێدەپەرین چەند رۆژێك دواتر (عبدالرحمن عارف) گەورە ئەفسەری برای عبدالسلام بەسەرۆك كۆمار هەڵبژێردرا رادیۆی بەغدا دەیگوت و دەیگوتەوە ((خیر خلف لخیر سلف)و جارێكی دیكە عبدالرحمن بزاز) بە سەرۆك وەزیران دەست نیشان كرا.

تاكە رێگای ئێمەی ئەندامانی رێكخستنەكانی پارتی دیموكڕاتی كوردستان بۆ ئاگاداربوون لە رەوشی شۆڕش و دەنگوباسەكانی ئێستگەی دەنگی كوردستان بوو، هەندێ جاریش هەرێمی كوردستانی حزبی شیوعی عێراقی بڵاوكراوەیەكی دەنگوباسیان بڵاودەكردەوە و چەند دانەیەكیان بۆ ناوچەی پارتی دەنارد ناوە ناوەش چەند مانگ جارێك رۆژنامەی خەبات یاخود بەیاننامەیەك دەكەوتە دەست و لە كۆبوونەوەكانمان (بەترش و خوێوە) شەنوكەو دەكران.

بە هەڵبژاردنی عبدالرحمن عارف بە سەرۆك كۆمار شەڕی قوڕس جارێكی دیكە دەستی پێكردەوە بەتایبەتی لەكۆتایی مانگی نیساندا، بەڵام گەورەترین سەركەوتن كە هێزی پێشمەرگە بەدەستی هێنا (شەڕی ئازادكردنی شاخی سەركەش (هندرێن) بوو كە دەكەوێتە رۆژهەڵاتی رەواندزو كە تێیدا پێشمەرگەكانی حزبی شیوعی بەسەرۆكایەتی خوالێخۆشبوو فاخری حمداغای

مێرگەسۆری بە بەشداری قوەتی عیزەتی سلیمان بەگ و پێشمەرگەکانی پارتی لە ١٢ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٦ توانیان گەورەترین زەرەر لە سوپای عێراق بدەن و هەندرێن ئازاد بکەن، سەر لە ئێوارەی ئەو رۆژە من و بەهرام لەو خانوەی کە باوکم تازە بینای دەکرد لە ریزی خانووە گەورەکەی خۆمان لەسەربان سەرقالی تەواوی خوێندن بووین، بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ ئەزموونی بەکالۆریای پۆلی پێنجی ئامادەیی گوێمان لە دەنگی خوالێخۆشبوو (مام کاکلی عبدالله قەوان) بوو، بەدەستیش ئیشارەتی بۆ ئێمە دەکرد، ئەو باخچەوانێکی کارامە بوو (جیرانی ئێمە بوو ئەو ناوەش کەسی خراپی نەبوو هاواری کرد (هەندرێن گیراوەو ئازادکرا یەك عەسکەر نەجاتی نەبووە رادیۆ بکەنەوە) ئەوجا ئێمەش بەرەو ئەو رادیۆیەی کە هەمیشە سەرچاوەی سەرەکی پێگەیشتنی هەواڵەکانمان بوو، کاتێ رادیۆمان کردەوە دەنگی خوالێخۆش بوو (رەفیق چالاك) زاڵ بوو بەسەر هەموو دەنگەکان و بە مژدە مژدەی سەرکەوتن گوێبیستی سەرکەوتنی شەڕی (هەندرێن) بووین، لەو کەشوهەویەدا کۆشش کردنمان بەردەوام بوو بۆ ئەزموونی کۆتایی بەکالۆریا، بەپێی بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی هەولێر (کە مودیر مەعارف)ی پێ دەگوترا دەبوایە قوتابیانی قەزاکانی هەولێر وەکو کۆیەو شەقڵاوەو رواندوزو هەندێ شوێنی دیکە لە سەنتەری هەولێر امتحان بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش من و بەهرام دوو هەفتە پێشووتر بە خۆئامادەکردنی تەواوەوە چووینە هەولێر لەماڵی خوشکی گەورەم (پەرژین) میوان بووین، کە خێزانی خوالێخۆشبوو (مەجید ئاسنگەر) بوو، ماڵیشیان لەگەڕەکی شۆڕش بوو ئەوکاتە گەڕەکی شۆڕش دوا گەڕەکی شاری هەولێر بوو لەولایە ئێمەش بەیانیان زوو هەڵدەستاین دەچووینە دەرەوە بۆ(سەعی کردن) کە ئەو ناوەی دەرەوەی گەڕەکی شۆڕش هەمووی بە گەنم و جۆ چێندرابوو، ئەو ماوەیە بەدرێژایی شەو و رۆژ سەعیمان دەکرد چونکە ئەوکاتە هەموو دەرسەکانی پۆلی (چوار و پێنج) امتحانی بە کالۆریای پێنجی ئامادەیی لێوەدرا. هۆڵی ئەزموونەکان (ئامادەیی هەولێری) ئەو سەردەمە بوو کە ئێستا دەستە ڕاستی باڵەخانەی سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیرانەو بەڕێوەبەرو لێپرسراوی هۆڵی ئەزمونەکان (قاعە الامتحانات) خوالێخۆشبوو (عادل چەلە) بوو، ئیمتحانەکان بەسەلامەتی بەڕێوەچوو ئێمەش گەڕاینەوە کۆیەو زۆری پێ نەچوو شەڕی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عبدالرحمن عارف راوەستا کە بێگۆمان (سەرکەوتنی شەڕی هەندرێن) کاریگەری تەواوی هەبوو کە تێیدا حکومەت نەیتوانی شۆڕشی کوردستانی بەهێز لەناو ببات لە ئاکامیشدا بەهۆی (حیکمەتی د. عبدالرحمن بزاز) کە سەرۆك وەزیران بوو کە ئەویش پیاوێکی ماف ناس و ماف پەروەرو راگری کۆلێژی حقوق و دادوەر لە دادگاکانی عێراق بووە لە سەردەمەکانی پێشوودا بەرەو ئەو لایەنە دەچوو کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگای وتوێژو ئاشتییانە کە وەکو ئەو دەیگوت باشترین رێگایە بە گەیشتن بە رێککەوتننامەیەك لەگەڵ شۆڕش لەژێر پاڵەپەستۆی رووداوەکان حکومەت و شۆڕش گەیشتنە ئاکامێك کە لە ٢٩ی حوزەیران دا رێککەوتنێك لە نێوانیان کرا کە (بە بەیانی ٢٩ی حوزەیران) ناوزەند دەکرێت کە تێیدا گرنکترین خاڵ ئەو خاڵەی یەکەمی بەناننامەکەیە کە دەڵێ (عیراق لە دەستوری کاتیدا دانی بە ماف گەلی کورد دا ناوەو لە دەستوری هەمیشەیدا پێکهاتەی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکیدا (کوردو عەرەب) لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسان دەبن، سەرەڕای ئیعتراف بە زمانی کوردی بەیاننامەکە لە (١٨) خاڵ پێکهاتبوو کە زۆربەیان چارەسەری کێشەکانی شەڕی چەند ساڵەی پێوە دیاربوو، بەیاننامە یاخود رێککەوتنامەی ٢٩ی حوزەیران تا رادەیکی باش گروتینێکی دا بە شۆڕش و بە پارتی، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەم کەش و هەوایە ناکۆکیەکانی نێوان ریزەکانی شۆڕش و پارتی بەتەواوەتی کەرت کرد،

ئاکامی ئەزمونی بەکالۆریا دەرچوو لام سەیر بوو لە دەرسی ریازیات کەوتبووم لە هەمان کاتیشدا نمرەی دەرچوونم بە پلەی یەکەم دەهات، زۆربەی قوتابیانی بەشی وێژەیی لە وانەیەك یاخود دوو وانە کەوتبوون بەشێکیشیان کەوتبوون و تەنها ٤ قوتابی دەرچووبوون، بەڵام نمرەکانیان لە ٥٠ و ٥٤ تێپەڕی نەکردبوو، لەم سەردەمەدا نمرە زۆر بەکەمی لەبەشی (وێژەیی) دەهات،

له دەوری دووەم خۆم زۆر باش ئامادەکردو بە نمرەی (٨٦) لە ریازیات دەرچووم کۆی نمرەکانم (٦٨,٥) کە بۆ ئەو کاتە زۆربوو لەئامادەیی کۆیە بەشی وێژەیی ئەم ساڵە کەس لە منی زیاتر نەهێنابوو.

بابەتێك هاتە ئاراوە ئەویش هەڵبژاردنی ئەو کۆلیژە بوو کە حەزی لێدەکەم بە نیسبەت خۆمەوە ململانێم لەنێوانی کۆلیژی ماف (حقوق)و کۆلیژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان دەکرد بۆ کۆلیژی دووەم نمرەی زیاتری دەویست بۆ قوتابیانی بەشی وێژەیی کە وەکو کۆلیژی پزیشکی وابو بۆ بەشی زانستی، مامە عومەرو مەلا فەتاحی رۆژبەیانی کە میردی پورم بوو هانیان دەدام بچمە کۆلیژی ماف و لەلایەکی دیکەوە مامۆستا (جودت محمد) کە مامۆستای ئابوری و دەرسی مێژووش پێ دەگوتین لە پۆلی پێنجەم لەگەڵ دکتۆر وشیار مەعروف کامەلا کە خۆی و ماڵی باوکی دۆستی خێزانی ئێمە بوون ئەو یانی د. وشیار ئەم ساڵە خۆی لە کۆلیژی ئابوری زانستە سیاسیەکان دەرچووبوو هەردووکیان مامۆستا جودت و کاك وشیار هاندەری چوونم بوون بۆ کۆلیژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان لە راستیدا خۆشم زۆر حەزم لە کۆلیژی ئابوری زانستە سیاسیەکان بوو چونکە پێکهاتەو بۆچوونی و هزرو ئارەزوی ئەو دەمە هەمووی لەناو سیاسەتدا تاوابووەوەو هەموو دنیام لەچوارچێوەی سیاسەت دەوێت بڕوام نەدەکرد رۆژێك واز لە سیاسەت بهێنم یاخود تەرکی سیاسەت بکەم چونکە ئاشکرایە گەنجێك لە خێزانێك پەروەردە بووبێت کە باوك و مامی پێش لەدایك بوونی بەندە بەچەندین ساڵ لەو پارتییەو رێکخراوە کوردیانە کاریان کردبێت و بە بەردەوامی تووشی حەپس و خۆشاردنەوەو دوور لە حکومەت و ماڵ تاڵان کردن و کتێبخانە سووتاندن و دەیان دەردەسەری دیکە بووبن، پاشانیش خودی خۆم لەتەمەنی چواردە ساڵیدا ببمە ئەندامێکی حزبی شیوعی و دووساڵ و نیوی تێدا بمێنمەوە ئەوجا بە خزمەتی بارزانی بگەو کاریگەریەتی سەدا سەدت لەسەر دروست بکات پاشانیش لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا ببی بە پێشمەرگەو گەورە سیاسەتمەدارانی ئەم کوردە بناسی و تێکەڵاوی ژیانی پارتایەتی و یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بێت، بێگومان بە

هزرو بۆچوونی ئەو کاتەو لەو رۆژگارەدا کۆلێژێك هەڵدەبژێریت کە سیاسەت بخاتە بواری زانست و بە ماددەی ئابوریش (اقتصاد) موتوربە بکرێت ئەوەبوو لەکۆتاییدا ئەم کۆلێژێم هەڵبژارد کە لەگەڵ ئارەزوو هیوام دەگونجا.، بەڵام ئەگەر وەکو دەڵێن تەمەن جارێکی دیکە دووبارە بگەڕێتەوە سەردەمی کۆن بێگومان کۆلێژی ماف (حقوق) یاخود وەکو ئێستا بە کۆلێژی ماف (قانون) دەناسرێ ئەو کۆلێژ هەڵدەبژێرم کە هۆکارەکانی جێگەی باس نیە لێرەدا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئیجابیاتی کۆلێژی ئابوری و زانستە سیاسیەکانیش بۆ ئەو سەردەمەی ئێمە فراوان و گەورە بوو کە تێیدا لەو ئاکامەدا لەبەرئەوەی نمرەی ئەزموونی بەکالۆریام زۆر باش بوو بە زنجیرە ژمارە (٥) لەسەر ئاستی هەموو عێراق وەرگیرام. ئەو رۆژانە لای من زۆر دڵخۆشکەر بوون چونکە بۆ ئەو سەردەمە دەرچوون لە قۆناغی ئامادەییەوە بۆ قۆناغی زانکۆ لە بەغدا بە وەرچەرخانێك دەژمێردرێ بەتایبەتیش بەغدای ئەو سەردەمە بەمانای وشە بەغدا بوو، لە هەموو بارێکەوە. (فۆڕمی) تایبەتیمان پڕکردوە و پێداویستیەکانمان ئامادەکرد لەئاکامدا من لە کۆلێژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان وەرگیرام و بەهرامیش لە کۆلێژی بازرگانی (تجارە) وەرگیرا باوکم هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابینکردین و بەرەو بەغدا لە کەرکوکەوە چووین ئەوراقمان پێشکەشی کۆلێژ کرد، بەڵام قوتابیانی کورد دەبوایە (عدم المحکومیە) دەربێنن. ئەو ساڵە (١٩٦٦-١٩٦٧) قوتابیانی دەرچووی کۆیە نزیکەی (٤٠) قوتابی بە هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی دەبووین، بەڵام (١٠) قوتابی نەهاتنە زانکۆ بەڵکو بەرەو پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان چوون بۆ بەغدا و هەولێر، من و بەهرام چووینە قەزای (عفك) سەر بە پارێزگای دیوانیە بۆ دەرهێنانی (عدم المحکومیە) چونکە مامە عومەرم پاش گەڕانەوەی بۆ وەزیفە لەساڵی ١٩٦٤ یەکسەر لە قەڵادزێوە نەقڵی عەباسییە پاشان (عفك)یان کردبوو. بۆ شوێن و جێگای حەوانەوە ژوورێکمان لە هۆتێل (شەهلا) گرت، بە (١٠) دینار، پاش دوو مانگ لەگەڵ چەند قوتابیەکی کۆیە لە باڵەخانەی (عمارە الشیخلی) لە شەقامی شێخ عومەر بەرامبەر گۆڕستانی


غەزالییە شوقەیکمان گرت بە (١٥) دینار، شوقەکە (٣ ژوورو مەتبەخ و W.Cحەمامی تێدابوو)، ئێمەش (٦) قوتابی بووین (سابیر حمە تەها قۆناغی کۆتایی کۆلێژی پەروەردە بەشی جوغرافیا، بەهرام عبداللە یەحیا کۆلێژی بازرگانی، نەبیل دنحا کۆلێژی پزیشکی، یەعقوب ابراهیم کۆلێژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان، جەمیل ابراهیمی برای یەعقوب کۆلێژی ئەندازیاری و بەندەش کۆلێژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان) رۆژی یەکەمی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ رۆژی یەکەمی دەوام بوو لە کۆلێژ، بەڵام بە تەواوی لە پۆلی یەکەم دەوام دەستی پێنەکردبوو چونکە قوتابی مابوو بەتایبەتی عەرەبەکان ئەوراقیان تەواو نەکردبوو.




١




٢



٣




٤



٥




٦



٧



٨



٩



١٠



١١



١٢




۱۳



١٤



١٥



١٦




١٧



١٨




١٩



٢٠



٢١


11


٢٣

## سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەكان

١- كۆیە لە پەنجاكانی سەدەی رابردوودا.

٢- كۆیە ١٩٦٣، دیمەنی دەرگای سەرەكیی قشلەی كۆیە.

٣- پیرۆز عبداللە قادر، نەنكی نووسەر لە باوكییەوە، ١٨٩٤-١٩٨١/١١/١٥.

٤- عەونیی شاعیر لە تەمەنی لاوێتیدا.

٥- زەكیە مەلا رەئوف مەلا رەسول مەلا قادر بیتوشی (١٩٢٠)، دایكی نووسەر.

٦- نووسەر رۆژی چوونە قوتابخانەی لە پایزی ساڵی ١٩٥٣.

٧- هاوینی ساڵی ١٩٥٥، نووسەر لەگەڵ نەژادی برا بچووكی.

٨- نووسەر لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا لە رۆژی ١٩٥٨/٧/٢٥ ئەم وێنەیە گیراوە.

٩- قوتابیانی كەمپی دێدەوانی-شەقڵاوە-سەرمەیدان-رۆژی ١٩٥٨/٧/١٠.

١٠- قوتابیانی تیپی دێدەوانیی كۆیە، لە راستەوە: وریا فاتح، نووسەر، نەوزاد ئەحمەد، فەخری هەولێری، خیرالدین محی الدین، جەمال سلێمان، سلێمان كەریم، اسماعیل مجید، ئێوارەی رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤.

١١- دیمەنێكی بێخاڵ كە قوتابییانی دێدەوانی نانی نیوەڕۆی لێ دەخۆن، نیوەڕۆی رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤.

١٢- تیپی هەڵبژاردەی تۆپی پێی سانەویی کۆیە، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦٣، راوەستاوان لە راستەوە: کەمال حمد أمین عمر، زاهیر عەلی، خیرالدین محی الدین، بەکر حمد أمین، وریا فاتح، خالد کریم، ، جمال سلێمان، فوئاد عومەر، حەوێز مستەفا.. دانیشتوان لە راستەوە: نووسەر، قوباد حەسەن، مامۆستای وەرزش حازم أحمد العلی، بەڕێوەبەری قوتابخانە خوالێخۆشبوو سدیق عبدالقادر، جەمال حمد أمین مستەفا، سەلاح ئەسعەد.

١٣- کۆیە هاوینی ساڵی ١٩٦٢ ماڵی باوکی نووسەر، لە راستەوە کەریم...، نووسەر، خوالێخۆشبوو مامۆستا محمد مولود سبیلچی، خەسرەوی برام.

١٤- قەڵادزێ، زستانی ساڵی ١٩٦٤، لە راستەوە: خوالێخۆشبوو عەدنان جەمال، خوالێخۆشبوو سالار شێخ حەمید، تحسین شێخ حمید، نووسەر.

١٥- کۆیە زستانی ساڵی ١٩٦٣، نووسەر لەنێوان خوالێخۆشبووان عەدنان جەمال لەلای راستەوە، فریاد محی الدین أسعد لەلای چەپەوە.

١٦- کۆیە ١٩٦٣/٣/١٩ لە کاتی بەڕێکردنی بارزانی نەمر لەلایەن خوالێخۆشبوو کاکە زیاد ئاغای غەفووری لەبەردەم ماڵی خۆیان.

١٧- کۆیە، هۆڵی قوتابخانەی یەکەمی کوڕان رۆژی ١٩٦٣/٣/١٩، مام جەلال تاڵەبانی لە کۆنگرە وتار دەخوێنێتەوە.

١٨- باڵەخانە کۆنەکەی دادگای ماوەت کە بووە شوێنی دادگای بەرزی شۆڕش لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٤.

١٩- ماوەت، شاخی کێوەڕەش کە تێیدا لە ئەشکەوتەکەی بۆ یەکەم جار ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراقی تێدا پەخش کرا.

٢٠- ماوەت، هاوینی ١٩٦٣ دادگای بەرزی شۆڕش دانیشتوو سەرۆکی دادگا، دادوەر عومەر حەبیب عبداللە، لە دەستەچەپیشی نووسەر راوەستاوە.

٢١- عومەر حەبیب عبداللە، کۆیە ١٩٢٥-١٩٧٦/٩/٤، دەرچووی کۆلیژی یاسا لە زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٤٦ و یەکەم سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت.

٢٢- کۆیە بەهاری ساڵی ١٩٦٣، دوکانی ئاسنگەریی خوالێخۆشبوو وەستا عەبدوڵڵا یحیای ئاسنگەر.

٢٣- هەولێر-ئوتێل مەرکەزی، ١٩٦٤/٩/١٥ پاش گەڕانەوەی ئەو قوتابییانەی کە لە پێشووتر لە ئەزموونەکان دابڕابوون بەهۆی چوونیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش و خۆ ئامادەکردنیان بۆ ئەزموونی خولی دووەم، ناوەکان لە راستەوە: پۆڵاد موحسین حەوێزی، ئازاد عبداللە یحیا، چالاک کەمال مجید، رۆستەم محی الدین أسعد، نووسەر.

## قۆناغی زانکۆ ١٩٦٦ – ١٩٧٠

رۆژی یەکەم بەندە و یەعقوب ابراهیم و هاوار عبدالکریم کە ئەویش برادەرو هاوپۆلی ئێمە بوو لە کۆیە بە سێ قۆڵی چووینە کۆلێژ کە باڵەخانەکەی لە وەزیریە بوو لە بەرامبەر ئۆفیسی شەمەندەفەر تەنیشت کۆلێژی پەروەردەو یەکسەر چووینە بەشی تۆمار (قسم التسجیل) پاشان هەریەك بەلایەکدا دەسوڕاینەوە بەرێکەوت چوومە باخچەی کۆلێژ کە باخچەیەکی فراوانی تێدابوو لە نێوانی چەند مەترێکیش کورسی چەسپاوی بۆ رێکخرابوو بۆ دانیشتن منیش لەسەر یەکێ لەو کورسیانە کە بە عەرەبی (مصطبة)یان پێی دەگوترێ، دانیشتم لەپڕ قوتابیەکی ئەم کۆلێژە هاتەلام و رۆژباشی لێکردم خۆی بە (عادل فازڵ لەیلانی) خەڵکی کەرکوك پێشکەش کرد منیش خۆمم پێناساند پاش کەمێك هاتە سەر باسی سیاسەت و کوردایەتی و شۆڕشی ئەیلول و بارزانی من زوو تێگەیشتم کە ئەو برادەرە (لە هەمان بیرو ئینتیمائی سیاسی منە) بۆیە یەکسەر لێك ئاشکرابووین گوتم منیش ئەندامی پارتی و لێپرسراوی خەتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بووم لە ئامادەیی کۆیە یەکسەر هەڵساو لەولاوە بانگی قوتابیەکی دیکەی کردو هاتە لامان کە ئەویش خۆی بە ناوی (عبدالموجود تەها)ی خەڵکی سنجار پێشکەش کرد ئێمە

**لەوساتەوە تا رۆژانی ئەمڕۆ کە گەیشتوومەتە نووسینی ئەم شوێنەی بیرەوەرییەکان (٢٠١٤/٨/٢٤) سەرەڕای دوورکەوتنەوەمان لەهەندێ قۆناغی جیاوازی ژیان بەهۆی وەزیفەو خوێندن لەدەرەوەی عیراق و چونە ناو شۆرشی، بەڵام وەکو دەڵێن تا ئەو ساتەش وەکو(سێ براو دۆست و برادەر) ماونیەوە ئاگامان لەیەکترە و چوار سالی کولیژیشمان پێکەوە تەواو کرد چەوەکو قوتابی چەوەکو ئەندام لەریزی یەکیەتی قوتابیانی کورستاندا کە لە لاپەرەکانی دیکە باس لیوە دەکەم.**

**کۆلیژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان لە کۆتایی چلەکانەوە دامەزراوە بەناوی کۆلیژی ئابوری و ساڵی ١٩٥٢ بووەتە کۆلێژی ئابوری و بازرگانی و پاش شۆرشی ١٤گەلاوێژی ١٩٥٨ بە چەند سالیك بووەتە کولێژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان و کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ش بوو بە کۆلیژی ئابوری و کارگێڕی، سەردەمی ئیمە کۆلێژەکەمان لە سێ بەش (قسم) پێکهاتبوو بەشی ئابووری (اقتصاد) بەشی (احصاء) بەشی رامیاری (سیاسی) زۆربەی برادەران و قوتابیانی کورد لەنێوان بەشی ئابوری و احصاء دابەش بوون بە رێژەی کەمتریش لەبەشی سیاسەت، ئێمەی قوتابیانی کورد لەم کۆلیژە بەسەر هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان دابەش بووبوین کە ئەو کاتە بە (مەلایی و جەلالی) ناوزەند دەکران و ژمارەمان وەکو یەك لێك نزیك بووین، بەڵام لایەنی دیکە (جەلالی) کەمێ لە ئێمە زیاتربوون و قوتابیە دیارەکانی ئەو بالە بریتی بوون لە (نوشیروان مستەفا، تەیب بروارى، شەهید فازلی مەلا محمود، سەلاح مەندەلاوی، خالید دهوکی، نەریمان محمود خانەقینی، روپاك ابراهیم... (کە بەداخەوە ناوی هەندێکیانم لەبیر نەماوە)، لەدوا ساڵیش کە لە ئالوگۆری لە بەشەکان کراو کۆلیژی بازرگانیش تێکەڵی کۆلیژەکەی ئێمە بوو، شەهید شاسوار جەلال (ئارام)یش بەدیارکەوت چونکە ئەو پێشوتر لە کۆلیژی ئێمە نەبوو لە کۆلیژی بازرگانی بوو، قوتابیە دیارەکانی لایەنی (مەلای) لەگەڵ داوای لێبوردن لەوانەی ناویانم لەبیر نەماوە بریتی بوون لە (خوالێخۆشبوو عەزیز شاهۆ، عبدالرحمن عەزیز، عبدالوهاب تالەبانی، غونچە ئەحمەد رەفیق،**

خوالێخۆشبوو کوردستان علی عبدالعزیز، گوڵاڵه نوری معروف، عبدالموجود تەها، عادل لیلانی، جەلال حکیم بارزانی، هاوار عبدالکریم حمه مەلا، یەعقوب ئیبراهیم، قادر کەریم، عەبە سوور، گۆڤەند ئاکرەیی، ابراهیم حاجی حسین شاڵی، نوری کریم خان ئاکرەیی، فازل سنجاری، ازاد رەشید لەدوا ساڵیش که بەشی بازرگانی تێکەڵ به کۆلیژی ئێمه بوون هیوا جەلال حەمدی و حەمەی فەرەج اغا، دەرکەوتن لەگەڵ دەیان قوتابی کوڕوکچی تێکۆشەری هەردوولا که بەداخەوه پاش (٤٥)ساڵ بەهۆی تەمەنەوه لەبیرم نەماوه لەگەڵ داوای لێبوردن لێیان جارێکی دیکه.

بابەتەکانی (المواد والدروس) بەشی ئابوری وشك و گران بوون و خوێندنەوەی باشی پێویست بوو، رۆژانه (٣) یاخود

(٤) بابەتی خوێندنمان (موحازەره) هەبوو مامۆستا دیارەکانی سەردەمی ئێمه بریتی بوون له خوالێخۆشبوو د. محمد عزیز، که دەرچووی زانکۆی (سوربوون)ی فەرەنسا بوو له ئابوری سیاسی، د. خەتاب العانی دەرچوی زانکۆیەکی ئەمریکی له جوغرافیای سیاسی، مامۆستا عبدالباقی البکری (اصول القانون)ی پێ دەگوتین، د. هشام الشاوی (اصول و مبادء السیاسة، د. عبدالوهاب مطر الراهوی (الاقتصاد الزراعی) د. عبدالرسول (الاقتصاد الزراعی) د. خزعل البیرمانی (الدخل القومي) د. رضا.Back Economi

بنەماکانی ئابوری بەزمانی ئینگلیزی، د. عبدالصاحب ذهب (العلاقات الاقتصادیه) و اقتصادیات النفط، (سنان الشبیبی)ی تازه دەرچوو له هەمان کۆلێژی ئێمه بابەتی (کیفیة استخدام جهاز الحاسوب)، د.عبدالرضا (الاحصاء)، د. صادق مهدی السعید (العمل والاستخدام وضمان العمال). د. محمد عزیز راگری کۆلێژ تاکو بڵێی مرۆڤێکی پاك و خاوێن و شیك بوو، هەمیشه گوڵێکی مێخەکی به یاخەی لای چەپیەوه هەبوو قوتابیه کوردەکانی خۆشدەویست، قوتابی عبدالموجود تەها سەرنجی راکێشابوو خاتری دەویست. له حەفتەی یەکەمی دەوامی کۆلێژ قوتابیانی ئەندامانی (یەکیەتی قوتابیانی کوردستان)م ناسی که بریتی بوون له فازل سنجاری، عبدالوهاب

تاڵەبانی، عبدالرحمن عزیز، عادل فازل لیلانی، عبدالموجود تەها و خوالێخۆشبوو عەزیز شاهۆ، نەزیر ئامێدی پاش ماوەیەکی کەم بەندەش بوومە ئەندامی لێژنەی کۆلێژ، لەگەڵ ئەو بردەرانەی کە ناوم هێناون کە لێپرسراوی لێژنەکەمان قوتابی عبدالرحمن عزیز بوو، ئەویش کوڕێکی کورد پەروەرو دڵسۆز بوو، ماوەیەك بەم شێوەیە مایەوە، ململانێ هەردوو باڵی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان گەرم بوو، رۆژانە لە چەندین قۆڵەوە (موجادەلەو موناقەشەی جۆراوجۆر هەبوو)، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەگەیشتە ئاستی ناخۆشی و شەڕ بە پێچەوانەوە دۆستایەتی لەنێو هەندێکمان بە شێوەیەك پتەو بوو کە هۆکاری جۆرە لێك تێگەیشتنێکی لێك نزیك بوو، تەنها لەچەند رووداوێك نەبێت کە لێرەدا وەکو خۆی دەیگێڕمەوە.

لەناوەڕاستی مانگی ئازار ئێمەی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لێژنەی کۆلێژ (مەلایەکان) بڕیاری ئاهەنگ گێڕانیان دا لە رۆژی نەورۆز (١٩٦٧/٣/٢١) لەناو کۆلێژ و بۆ رۆژی هەینی دواتریش بۆ نێو (باخچەکانی حلە) برادەرانی دیکەش (جەلالییەکان) ئەوانیش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەوکاتە پێگەی ئەوان بەهێزتر بوو، لەڕووی ژمارەو نزیکیان لە حکومەت، هەردوولامان سەردانی راگری کۆلێژمان کرد بە مەبەستی رەزامەندی راگری کۆلیژ، نوێنەری ئێمە عبدالموجود تەها بوو، راگری کۆلێژ د. محمد عزیز رازی بوونی خۆی دەربڕی لەسەر ئاهەنگ گێڕانی هەردوولا، بەڵام لایەنی دیکە رازی نەبوون ئێمە یادی نەورۆز بکەینەوە لە کۆلیژ، دوو رۆژ پێش نەورۆز لە باخچەی پێشەوەی کۆلێژ گفتوگۆ و قسەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکرد، کە تێیدا لەولا قوتابی (نوشیروان مستەفا، نەریمان محمود، سەلاح مەندەلاوی، خوالێخۆشبووان شازاد سائیب و فازلی مەلا محمود) راوەستابوون و قسە و باسمان ئەم بابەتەی نەورۆز بوو خوالێخۆشبوو شەهید فازلی مەلا مەحمود ئێمەی بانگ کرد کە هەندێ لە نزیك ئەوانەوە راوەستا بووین قسەمان لەسەر هەمان بابەت دەکرد کە بریتی بووین لە (عبدالموجود تەها، عادل لیلانی، نوری کەریم خان و بەندە، کەوتینە قسە لەسەر یادی نەورۆز، لێکچونەکانمان لێك دوور بوون، برادەرانی

ئەولا نەیان دەویست ئێمە ئاهەنگ بگێڕین، چونکە وەکو ئەوان دەیانگوت (ئێمە یانی قوتابییە پارتییەکانی سەر بە پارتی و سەر بە سەرۆکایەتیی بارزانی سەر بە باڵێکی کۆنەپەرستی و خزمەتکاری شای ئێرانین) کە بارزانی سەرۆکایەتی دەکات) ئێمەش دەمانگۆت نەخێر ئێوە لەپارتی جیا بوونەتەوەو بوونەتە پیاوی رژێمی عێراق و (٦٦)ـن، سەلاح مەندەلاوی و عادل لیلانی لەلای ئێمە زۆر گەرم بوون گەیشتە رادەیەك سەلاح مەندەلاوی ئیشارەتی بۆ ئەو دەمانچەیە کرد کە لەژێر چاکەتەکەی هەڵیگرتبوو گوتی (ئەوەی لە ئێمە زیاتر ئەم یادە بکاتەوە بە گوللە وەڵامی دەدەینەوە) ئێمەش (عادل و عبدالموجود و نوری و بەندە) وەڵامێکی شیاومان دایەوە دیسان پەنامان بۆ راگری کۆلێژ برد ئەمجارە هەر (٨) قوتابی ئەم لاو ئەولا چووینە ژووری راگرو لەپێشەوە یەکی (نوقڵێکی) داینێ کە لەسەر مێزەکەی لەناو پاکەتێك دانداربوو هاتە قسەو گوتی (کوڕەکانم ئێوەم خۆش دەوێ وەکو گوڵی یاخەم خۆشم دەوێن و هەموو بەیانیان چونکە رەبەنم (ژنی نەهێنابوو) خوشکێکم گوڵێکم لەباغی ماڵەوە بۆ دەهێنێ منیش لەیاخەمی دەدەم، نەورۆزیش یانی گوڵ یانی بەهار یانی خۆشەویستی یانی رووی گەش جوانی وەکو دەموچاوەکانی ئێوە، باشە ئەمە مانای جوانی نەورۆز بێ، بۆ ئێوە باشتر نیە بەجوانی و خۆشی یادی نەورۆز بکەنەوە؟.

واز لە ناکۆکی سیاسی بینێن نەورۆز پەیوەندی بە ناکۆکیی سیاسی نیە، کۆلیژ کۆلیژ هەمووتانە بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکان، ئەو رۆژە بکەنە رۆژی جوانی و پێکەوە ژیان، بریاری (عمادە) ئەوەیە سەر لەبەیانی لایەکتان و ئێوارەکەش لایەکەی دیکە لە هەمان هۆڵی کۆلێژ یادەکە و ئاهەنگەکە بگێڕین، بەڵام بە دوو مەرج یەکەمیان دەبێت هەردولاتان بەشداری بە ئامادەبوونتان بکەن، لە ئاهەنگی یەکتری و دووەمیشیان نابێت لە ئاهەنگەکانتاندا باسی سیاسەتی لێوەبکرێ، ئێستا لێرەش بڕیار بدەن لەسەر کاتی ئاهەنگەکان، پاش ئالوگۆریەکی کورت ئێمە بەیانیەکەی رۆژی ٣/٢١ مان هەڵبژاردو برادەرانیش ئێوارەی هەمان رۆژیان هەڵبژارد. ئێمە ئەو دوو رۆژە کەوتینە خۆ بەمەبەستی خۆئامادەکردن، هاتوچۆو پەیوەندی کردنیش بەمن راسپێردرابوو لەگەڵ

ڕێکخستنی کۆلێژەکان، هەر ئەو ڕۆژە دەوامی کۆلێژم بەجێهێشت، پەیوەندیم بە کاك عبدالقادر حمدامین کرد کە ئەو وەکو یەکێ لە قوتابیە ناسراوەکانی ریزەکانی یەکیەتی قوتابیان دەناسرا و لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بە سکرتێر هەڵبژێردرابوو کاتێ قسەم لەگەڵ کرد گوتی ئێوارە لە چایخانەی پەرلەمان کاتژمێر (٦) چاوەڕوانت دەکەم دەچینە لای برادەرێك، پاشان دیسان بە تاکسی چوومە کۆلێژی ئەندازیاری تەکنەلۆجیاو خوالێخۆش بوو جەلال خۆشناوم دۆزیەوە کە لەسەرەتای ساڵەوە لە ڕێگای یەکیەتی قوتابیانی کوردستان یەکترمان ناسی و بووینە براو برادەر تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی (٢٠١١/٨/٢٠) جەلال هەر ئەو کاتە (١١) دیناری ئابوونەی لێژنەی کۆلێژەکەیانی پێبوو، دای بەمن و گوتی ڕۆژی ٣/٢١ سەرجەم ئەندامانی قوتابیانی کورستان دێن بۆ لاتان (ئەوکاتە سەردەمی حکومەتی عبدالرحمن عارف)بوو، کە کەشوهەوای ئازادی تا رادەیەك بەرقەراربوو بەتایبەتیش لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا، سەرجەم ڕێکخراوەکانی قوتابیانی کوردستان و عێراق و عەرەب بە ئاشکرا کاریان دەکرد. ئێوارەش لەگەڵ برای بەڕێز عبدالقادر حمدامین لە چایخانەی پەرلەمان یەکمان گرت و بەرەو یەکێ لەکۆڵانەکانی گەڕەکی (حەیدەرخانە) چووین و لە دەرگای ماڵێکمان دا، کوڕێکی نیمچەلاوازی باڵا درێژ دەرگای لێکردینەوەو فەرمووی لە ئێمە کردو چووینە یەکێ لە ژوورەکان کە تەنها کورسی و مێزێکی بچوك و قەروێلەیەکی ئاسنی تێدابوو، عبدالقادر منی بەو برادەرە ناساند گوتی ئەندامێکی چالاکی یەکیەتیەکەمانە خەڵکی کۆیەیە، بۆ ئەو مەبەستەش هاتووە، لەهەمان کاتیشدا برادەری خانەخوێش گوتی (گەلەك بەخێربێن منیش بەچالاکی کاك فەرهادم زانیوە، بەندەش (نەوزاد محمد علی)م لە نزیکەوە چاودێری و چالاکیەکانی یەکیەتی قوتابیان کوردستان دەکەم لە ڕاپۆرتەکاندا کۆلێژی ئابوری و زانستە سیاسییەکان و ئەندازیاری تەکنەلۆجیاو بەشی کوردی لە کۆلێژی زمانەکان) باشترین ڕێکخستنی ئێمەی لێ یە، بۆ مەبەستی ئاهەنگ گێڕانیش لە کۆلێژی ئێوە هەر سبەینێ هەموو ڕێکخستنەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان

رادەسپێرین کە ئەو رۆژە لە سەعات (٩) لای ئێوە ئامادەبن و لە گیرفانیشی (١٧) دیناری پێدام و وەسلێکی پێ ئیمزا کردم، ماوەیەك دانیشتین لای و باسی کتێب و کتێب خوێندنەوەشمان کردو تا رادەیەکی زۆریش هاوڕا بووین و ئەو پیاوەشم چووە بەر دڵ و بەڕێزەوە ناوی دەهێنم. (١٧) دینارەکەی کاك نەوزاد و (١١) دینارەکەی کاك جەلال خۆشناو (٤) و دینارەکە ئابوونەی کۆلیژی خۆمان بوو بە (٣٢) دینار کە توانیمان بەم پارەیە (تیپێکی مۆسیقا و دەهۆڵ و زورنا بۆ ٢٥٠ کەسیش بیپسی و کێکی ناپلیۆن و کلێنکس و مایکرۆفۆن) ئامادە بکەین . لە کات ژمێر (٩) وە قوتابیان هەندێکیان بە جلی کوردی و هەندێکیشیان بە چاکەت و پانتۆڵەوە بەرە بەرە بەرەو کۆلێژەکەی ئێمە دەهاتن، هۆڵەکەی کۆلێژ سەراپای پڕ بوو زیاتر لە (١٥٠) قوتابیش بە پێوە ڕاوەستابوون ، بەندە بە کوردی و عبدالوهاب تاڵەبانی بە عەرەبی) (عەریفی حفل) بوین د. محمد عزیز ڕاگری کۆلێژ و تاریکی ناسکی خوێندەوە بە پیرۆزبایی لە هەموو گەلانی ناوچەکە کرد کە ئەو یادە پیرۆز دەکەن ، ئەوجا هەریەکە بە ناوێك و گوتیشی (گەلی کورد ناوی ناوە نەورۆز کە بە مانای رۆژی تازە، ساڵی تازەو دێت کە بە لای منەوە کە گونجاوترین ناوە و لێتان پیرۆزبێت) ، قوتابی فازڵ سنجاری وتاری یەکیەتی قوتابیانی کوردستانی خوێندەوە پاشان بروسکەی پیرۆزباییەکان لەلای عادل لەیلانەوە خوێندرایەوە بەندەو یعقوب ابراهیم و عبدالوهاب تالەبانی و قادر کریم بەجلی کوردیەوە (١٠) چرکەیەك شایی شێخانی و سێ پێیمان نمایش کرد، کاتێك لە کۆتایی ئاهەنگەکە وەکو عەریف حەفل سوپاسی ئامادەبووانم کرد بە هاتنیان بۆ ئەم ئاهەنگە، قوتابی (تەحسین ئەتروش) کە لە کۆلیژی پەروەردە بەشی جوغرافیا کە ئەویش ئەندامێکی زێدە چالاکی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو (لەنێوان فازل سنجاری و تەحسین ئەتروش و بەندە) سیناریۆیەکمان رێکخستبوو کە ئەویش بریتی بوو لە (لەگەڵ تەواو بوونی ئاهەنگەکە تەحسین ئەتروش لە ریزەکانی پشتەوە راوەستابوو بە دەنگێکی بەرزو بە عەرەبی هاواری کرد (عاشت نضالات شعبنا الکوردي بقیادة حزبنا الدیمقراطي

الكوردستاني و زعيمة الاسطوري مصطفى البارزاني). پێم باوەڕبکەن هۆڵەکە وەکو ئاگری لێ هات بۆ ماوەی (٥) خولەك یەك پارچە هۆڵەکە هاواری دەکرد (بارزانی، بارزانی) بەڕادەیەك راگری کۆلیژیش بەهەردوو دەست زۆر لەسەرخۆ چەپلەی لێدەداو لە سیمای دیاربوو لەناخەوە پێی خۆش بێت. رەنگدانەوەی ئەو ئاهەنگە تا رادەیەکی زۆر تینی بە رێکخستنەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان دا، رووێکی گەش و نەترسیشی بەم یەکیەتیە بەخشی، بەڵام لەبەر ئەوەی پاش لەتبوونی ئەم رێکخراوە مەزنە مەکتەبی سکرتاریەت لەئاستی لێپرسراویەتی نەبوو کە ئەویش بە هۆکاری وازهێنان و دورکەوتنەوەی هەندێك و گیران و ئیعتراف کردنی هەندێکی دیکەو دورەپەرێزی بەشێکی دیکە وای لە مەکتەبی سکرتاریەت کرد کە نەیتوانی کۆنترۆڵی رێکخراوەکە بکات بەهۆی نەبوونی مەکتەبی سکرتاریەت لە بنەڕەتدا وەکو مەکتەب و قەتیس مانەوەی لەناو چەند برادەرێکدا بە تایبەتیش پاش کۆنگرەی پێنجەم کە لە (تایمزاوە)ی پارێزگای کەرکوك کە لە رۆژی ١٩٦٧/٧/١٤ بەسترا کە لەبنەڕەتدا کۆنگرکەش سیمای لە کۆنگرەیەکی رێکوپێك و تۆکمە نەدەچوو چونکە جۆری هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەو بەشداری پێنەکردنی هەموو ئەندامانی کۆنگرە بە بڕوبیانوی بێ ماناو دور لە راستی وای لە کۆنگرەکە کرد کە تەنها ناوی کۆنگرە بێت و مەکتەبێکی سکرتارییەتی لاواز بێتە کایەوە لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ ئەو برادەرانە کە کەموکوڕییەکە لەوان نەبوو بەڵکو لە پێکهاتە و بارودۆخی کۆنگرە بوو، کە لێرەدا وەکو خۆی باسی لێوەدەکەم چونکە ئەمە بەشێکە لە مێژووی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و بەندەش یەکێك بووە لە هەڵسوراوانی ئەم یەکیەتیە لە قۆناغی ساڵەکانی ١٩٦٤ – ١٩٧٢/٥/٢دا لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٦٦-١٩٦٧ لیژنەی کۆلیژی ئابوری زانستە سیاسیەکان کە لە پێشەوەتر ناوم هێناون (جەلال حەکیم بارزانی و بەندەیان هەڵبژارد بە مەبەستی ئامادەبوون لەم کۆنگرەیە و خوالێخۆشبوو (محمود زامدار) کە ئەویش یەکێك بوو لە قوتابیە چالاك و رۆشنبیرانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانیان راسپارد لە کات و شوێن و جۆری چوون بۆ جێگای

بەستنی كۆنگرە ئاگادارمان بكات، بەڵام بەندە ئاگادار نەكرام بەپێی پاساوەكانی (زامداریش) بەهۆی ئەوەی من لە كۆیەو ئەو لە هەولێر نەتواندراوە ئەو پەیوەندیە دروست ببێ كە بۆ هۆكاری ئامادە نەبوونی چەندین نوێنەرانی دیكەی كۆنگرە و چوونی هەندێك كە لەبنەڕەتدا ئەندامی كۆنگرە نەبوون پاشانیش دەستنیشان كران بە ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت، بەڵام كاتێك ئێمەی ئەندامانی لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا كە یەكێك لە لیژنە هەرە دیارو بەهێزەكانی یەكیەتی قوتابیانی كوردستان كە سەرجەم رێكخستنەكانی زانكۆی بەغداو موستەنسریەو ئامادەییەكانی بەغداو لیژنەی ناوچەی خانەقین و زانكۆی بەسرە لەخۆ گرتبوو كاریگەری تەواوی لەسەر رێكخستنەكانی پارێزگای سلێمانی كەركوك لە رێگای برایان قوتابی (عادل لەیلانی، فەریدون عوسمان و هیوا جەلال حەمیدی ئەو لیژنەیەش (لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا (لجنە منطقة بغداد) پێكهاتبوو لە (تەحسین ئەتروشی، عادل لەیلانی، جەلال خۆشناو، فەریدون عوسمان، عبدالرحمن عزیز، رەجەب شعبان و جواد شیروانی، فەرهاد عەونی، لەشێوازو بەرێوەچوون و جۆری رێكخستنی كۆنگرە، چ لەڕووی ئەندامانی كۆنگرەكە چ لەڕووی ئامادەبوونی ئەندامانی كۆنگرەكە كە بە مانای وشە كەموكوڕیەكی زۆری تێدابوو چ لەڕووی هەڵبژاردنی كە ئەمەشیان لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی یەكیەتی قوتابیانی كوردستان یەكی نەدەگرتەوە، بۆیە لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا كە زۆربەی ئەندامانی بۆ ئەزمونی دەوری دووەم لە بەغدا یەكتریان دیت، سەرەڕای پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئەوانی دیكە بڕیاردرا كە (خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو، فەرهاد عەونی) رابسپێردرێن بەئەركی سەفەر بۆ ناوچەی ئازادكراوی شۆڕش و بارەگای مەكتەبی سیاسی بە مەبەستی رونكردنەوەی هەڵوێست دەربارەی كۆنگرەی پێنجەم و دەرهاوشێتەكانی و كاریگەریەتی لەسەر خودی رێڕەو رێبازی یەكیەتی قوتابیانی كوردستان، پێش سەفەركردنی جەلال خۆشناو و بەندە بە هاوكاری عەمیدی خانەنشین عبداللە سعید كە لەگەڵ سەیدا ساڵح یوسفی ئەندامی دەستەی مۆڵەت پێدراوی رۆژنامەی (التآخي)بوو كە سیروان

عبدالله سعیدی کوڕیشی لەگەڵ ئێمە ئیشی دەکرد توانیمان لە ڕێگای ئەوەوە دیدار لەگەڵ سەیدا یوسفی بکەین و بارودۆخی ناوەخۆی یەکیەتی قوتابیانی بۆ روون بکەینەوە، بەو هۆیەی ئەو (سەیدا یوسفی) لێپرسراوی بەغدای پارتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو دەبوایە هەڵوێستی لەسەر ئەم کێشەیە هەبوایە، بۆیە پاش ئەوەی کە بابەتەکەی بۆ روون بووەوە کە ئەمە بڕیاری لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدایە، نامەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی نووسی و هیوای بۆ خواستین کە بتوانین لەم سەفەرەدا کێشەکان چارەسەر بکەین.

کۆتایی مانگی (٨) یاخود سەرەتای مانگی (٩) بوو لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو لە شەقڵاوەوە کە بەندە شەوی پێشووتر لای بووم بەرەو رەواندز چووین، لەوێشەوە بە ئۆتۆمبیلێکی خاوەن ناسراو بەرەو گەڵاڵە و ناوپردان بەڕێکەوتین، لەم گەشتەدا میوانی شەهید فرەنسۆ هەریری بووین، بۆ رۆژی دواتر لەگەڵ بەڕێزان (حبیب محمد کریم سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی ئەوکاتە، یدالله کریم و حمد أمین بەگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دانیشتین و بە دوور و درێژی باسمان لە بابەتەکە کرد و لە ئاکامدا گەیشتینە چەند خاڵێك کە بریتی بوون لە رێزگرتن لە بیروبۆچوونە جیاکاندا لە چوارچێوەی یەکێتی قوتابییانی کوردستان و هەوڵ دان بە مەبەستی کارامەکردنی رێکخستنەکان بە ئەندامانی کارامە و دڵسۆز و پاراستنی لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا کە دیارترین و بەسەنگترین ئۆرگانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بوو، بە گەڕانەوەمان ئەندامانی لیژنەی بەرزی بەغدامان ئاگادارکردەوە بەو ئاکامەی کە پێی گەیشتوون.

رێکخستنەکانمان رۆژانە بەرەوپێش دەچوو لەسەر بڕیاری لیژنەی بەرزی بەغدا سەردانی موسڵم کرد و لە زانکۆی موسڵ-یش لەگەڵ قوتابی کاك رەنج نوری شاوەیس یەکترمان دیت و لێپرسراوێتیی رێکخستنی یەکێتی قوتابییانی کوردستانی لە زانکۆی موسڵ کەوتە ئەستۆ و لە رێگای ئەویشەوە لیژنەی زانکۆی موسڵ پێکهێندرا و بە رێکوپێکی ئیشوکارەکانیان ئەنجام دەدا، کاك

ڕەنج-یش کرا بە ئەندامی لیژنەی بەرزی بەغدا کە دەتوانم بڵێم جێگای بە کردەی مەکتەبی سکرتارییەتی گرتبۆوە.

کۆبوونەوەکانی لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا لەسەرەتادا یان لە شوقەکەی ئێمە لە باڵەخانەی شێخلی (عماره الشیخلی) لە شەقامی شێخ عومەر یان لە ژورەکەی عادل لیلانی لە حەیدەرخانە یاخود لە ژورەکەی رەجب شعبان ئاکرەیی لە دار الطلبة، بەڵام مەرج نەبوو کۆبوونەوەکان هەموو ئەندامان ئامادەبن بەهۆی هەندێ هۆکاری جۆراوجۆر بۆیە بەندە دابەش بووبوو لەنێوان کۆبوونەوەکانی لیژنەی بەرزو لیژنەی ناوچەی بەغدا (محلیة بغداد) کە پێکهاتبوو لە لێپرسراوانی کۆلیژەکانی زانکۆی بەغدا ڕێکخستنەکانمان بە شێوەیەك ڕێکخستبوو کە ئەندامانی لیژنەی بەرزی بەغدا لە کۆلیژەکانی خۆیان لە شانەی ئەندامانی خوارەوە ڕێکبخرێن بەمەبەستی ئاشکرا نەبوون و تەفاعول لەگەڵ ڕێکخستنەکانی خوارەوە بکەن بۆ نموونە قوتابی (یەعقوب ابراهیم) لێپرسراوی ئەو شانەیە بوو کە بەندەو قوتابی هاوار عبدالکریم لە هەمان کۆلیژی ئابوری زانستە سیاسیەکان ڕێکدەخراین زۆرجاریش کاك (هاوار) لە ژوورەکەی بەندە و عبدالموجود بەیاننامەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانی بە خەتی ئەو دەنووسرا چونکە خەتی ئەو زۆر خۆشبوو بە کاربۆن نزیکەی (٢٥) دانەی لێ دەنوسراو پاش دابەشکردنی بەسەر ئەندامانی لیژنەی ناوچەی بەغدا ئەوان رادەسپێردران کە ئەوانیش چەند دانەیەکی لێ بنوسنەوە.

پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی یەکیەتی و ڕێکخراوەکانی قوتابیانی عەرەبی و بێگانە هەبوو، بەڵام پەیوەندی بە هێزمان لەگەڵ یەکیەتی قوتابیانی گشتی کۆماری عێراق (نزیك لە حزبی شیوعی عێراقی وە هەبوو وە لە مانگرتنی قوتابیانی زانکۆی بەغدای ساڵی ١٩٦٧ لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا ڕۆلێکی باشی گێڕاو لە هەموو کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا هەماهەنگی لەڕێگای نوێنەرەکانمانەوە هەبوو ڕۆژانە ئاگاداری بارودۆخی تەواوی مانگرتنەکە دەبووین لەو ماوەیەدا لایەنەکەی دیکەی قوتابیانی کوردستان کە ئەوانیش هەر لەژێر ناوی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان کاریان دەکرد هیچ کێشەیەك

لەنێوماندا رووی نەدا بەڵکو بە هەستکردن بە لێپرسراویەتی و بەهۆی کورد بوونمان هیچ ناخۆشیەك و گیروگرفتێك نەهاتە ئاراوە رۆژانە پێکەوە لەیانەی کۆلیژ دادەنیشتین و پێکەوە بیروڕامان دەگۆڕیەوە و لای قوتابیانی عەرەب داکۆکیشمان لێك دەکرد بە پێچەوانەی بارودۆخی کوردستان شەڕو کوشتارێکی خوێناوی خۆکوژی هەبوو، بۆ ئەم برایەتییە و هەماهەنگیەمان دوو رووداو وەکو خۆی دەگێڕمەوە کە لەو ساڵەدا روویدا.

رۆژێکیان لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٧ لەوانەی (بنەمای زانستە سیاسیەکان کە مامۆستا هشام الشاوی) پێی دەگوتین وانەیەکی کراوەبوو تەرخان کرابوو بۆ کێشەی کورد لەسەرەتادا هشام الشاوی هاتە قسەو گوتی (ئەمڕۆ لە عێراق کێشەیەك هەیە بەناوی کێشەی کورد، هەندێك دەڵێن کێشەیەکی رەوای گەلی کوردەو مافی خۆیەتی داوای مافی خۆی بکات بۆ ئەم مەبەستەش شۆڕش هەڵگیرساوە، هەندێکیش دەڵێن کێشەیەکە استعمارو رۆژئاواو زایۆنزم دروستیان کردوە، ئێوە دەڵێن چی، ئازادن ل راو بۆچوونەکانتان. قوتابییەکی عەرەب کە ئەویش لەگەڵ ئێمە لە هەمان پۆل بوو سەر بە رێکخستنەکانی حزبی بەعس بوو ناوی (عبدالرحیم قدوس) بوو گوتی (بەڵێ ئەم کێشەیە، بابەتێکە سایونزم و ئیستعماری غەربی دورستیان کردووە بە مەبەستی لێکترازانی عێراق و گەلی عەرەبی عێراق لە نیشتمانی عەرەبی، پێویستە بەهێز چارەسەر بکرێت.

**مامۆستا هشام الشاوی**، کێ قسەی دژی ئەم قسەیە هەیە؟

بەندەش ئەو کاتە بەپێی پیتی ئەبجەدی عەرەبی کورسیەکەم لە نێوان شەهید فازل مەلا مەحمودو کچێکی عەرەبی شیوعی بەناوی (فاطمة عبدالرضا الفخري)دابوو دەستم هەڵبڕی و مامۆستا هشام الشاوی کە پێشوتریش لە ئەنجامی گفتوگۆکانی وانەدا شارەزام بووبوو دەیزانی کوردم گوتی:

**هشام الشاوي**: تفضل كونك كوردي انت احق بالجواب

**بەندە**: نعم هنالك قضية كوردية في العراق، قضية شعب جزء من امة مجزاة من حقة ان يتمتع كباقي الشعوب بحقوقة القومية، وان حزب البعث الاشتراكي

اعترف بهذا الحقوق عنما تسلم السلطة في الثامن في شباط عام ١٩٦٣ علي اساس اللامركزية وكانت هنالك مفاوضات بين الثورة الكوردية و حكومة البعث انزاك وكان رئيس الوفد الكوردي هو الاستاذ جلال الطالباني الذي قاد بجدارة المفاوضات لكن البعث اختار الحل العسكري بدلا من الحل السلمي فكانت النتيجة بقاء الثورة الكوردية وسقوط حكومة البعث.

**هشام الشاوی**: (خۆی لە هەمان کاتدا سەرۆکی رابطة القوميين العرب)بوو لەو سەردەمە لەگەڵ بەعسیەکان زۆر ناکۆك بوو بۆیە راستەوخۆ دەستی بۆ درێژکردم و لێی پرسیم:

اتعتبر البعثين وطنيين؟

**بەندە**: وەڵامەکەم بەدەق بەم شێوەیە بوو:

لا استطيع نكران وطنيتهم بالرغم من اخطائهم وشن حربهم القذرة علي الشعب الكوردي.

**هشام الشاوی**: هەندێ بە تورەییەوەو قسەکەی منی بەدڵ نەبوو چونکە پێی ناخۆشبوو کە لە نێوان قسەکانمدا گوتم (لا أستطيع نكران وطنية البعثيين بالرغم...) ووتی (لولم نكن بالصف لضربتك بالرصاص).. لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی مامۆستا هشام الشاوی زەنگی کۆتایی دەرسەکە لێدرا، مامۆستا چووە دەرەوە ئێمەش لەشوێنی خۆمان هەڵساین یەکسەر شەهید فازلی مەلا مەحمود باوەشی بەمنداکرد و چوند جارێك ئەولا ئەولای ماچ کردم گوتی (بەڕاستی بۆم ئیسپات بوو کوردی، پیاوی، جیاوازی ناکەی، زۆرم پێخۆش بوو ناوی مام جەلالت بە ئوستاذ و بەڕێزەوە هێنا، دەبی لە بەغدا هەموومان بەم شێوەیە بەرامبەر ناحەزان ئیش بکەین با حەقمان لەسەر خیلافاتی سەرکردەکانمان نەبێت. فاطمة عبدالرضا الفخری کچە عەرەبی شیوعی کە برادەری هەردوکمان بوو بە سەیرەوە تەماشای دەکردین ووتی: (هاي شبيكم فوگ تتناحرون وهنا تتباوسون) یانی لەسەرەوە لە کوردستان شەڕ دەکەن و لێرەش یەکتر ماچ دەکەن. ساڵی ئایندە تازە بەعسیەکان هاتبوونە سەر حوکم بۆ جاری دووەم لە ١٧ تەموزی ١٩٦٨دا رۆژێکیان بەرێککەوت شەهید فازل و

بەندە لە یانەی کۆلێژ دانیشتبووین خەریکی رۆژنامە خوێندنەوە بووین برادەرێکی عەرەب کە ناوی (غازی فیصل) بوو خەڵکی قەزای فەلوجە بوو سەر بە رێکخستنەکانی (الحرکة الاشتراکیة العربیة) بوو کە باڵێکی چەپی نەتەوە خوازەکانی عەرەب و هاوپۆلی من و برادەری شەهید فازل بوو کەوتینە قسە لەسەر بارودۆخی عێراق بەبێ موناسەبە هێرشی کردە سەر شۆڕشی کوردو بارزانی کە چۆن پشت بە ئێران دەبەستێ پێش ئەوەی بەندە وەڵامی بدەمەوە فازڵ چاوێکی لێکردم و هاتە وەڵام و بەعەرەبی گوتی (کاکە غازی ئەگەر وا لێك بدەیتەوە کەوا من خۆشحاڵ دەبم بەوەی قسەی ناڕەوا بە شۆڕشی کوردو بارزانی بڵێی، بەڕاستی تۆ (یاغنیش) ئێمە ناکۆکیەکانمان ناوەخۆییە، بەڵام هەردوولامان لەپێناوی کوردو کوردستان تێدەکۆشین تکایە چیتر لەم (وەتەرە مەدەن) ئەو دەمە غازی فەیصل هەستاو بەدەم هەستانەوە گوتی (واللە انتو ماحد یفتهم علیکم) یانی بەخوا کەس لە ئێوە تێناگات. رێکخستنەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان زۆر تۆکمەو رێك و پێك بوو چ لەڕووی دەسپلینی رێکخستن کە حەفتانە کۆبوونەوە دەکرا کۆنوسی بۆ دەنوسراو هەموو ئەندامێك دەبوایە مانگانە بەشداریەکی مادی بکات و هیچ نهێنیەك باس نەدەکرا ناوبەناو ئەگەر هیچ رووداوێك لەئاردا نەبوایە ئەوا لەگەڵ عبدالموجود تەها هەندێ بابەتمان دروست دەکرد وەکو تەعمیم ئەوجا بە نووسین یاخود بەقسە رادەگەیاندرا زرجاریش ئێواران سەردانی بارەگای رۆژنامەی (التآخي)مان دەکرد کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچوو، بارەگای التآخي بۆ ئێمە وەکو بارەگای پارتی وابوو جار جاریش هەتا شەهید سەیدا سالح لەبەغدا بوو التآخي دردەدەچوو ئێمە سەردانمان دەرکردو ئەگەر بەریدێك یاخود ئامۆژگاریەك هەبووایە ئەوا وەرمان دەگرت و چی مەبست بایە جێ بەجێ دەکرا.

لەتبوونی حزبی شیوعی عێراقی لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٧ بۆ دوو حزب کە تێیدا رەنگدانەوەی خێرای لەناو ریزی یەکیەتی قوتابیانی گشتی عێراقدا هێناو ئەوانیش وەکو ئێمە لەژێر هەمان ناوی پێشویان دوو رێکخراوی

قوتابیان گشتی عیراق کاریان دەکرد، رۆژێکیان خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو یەکێکی لەسەرکردەکانی قوتابیانی گشتی عێراقی هێنا کە بە داخەوە تەنها ناوی خۆیم بیرماوە کە ئەویش (لیث) بوو هێنای بۆ شوقەکەی ئێمە کە ئەویش لایەنی (القيادة المركزية)ی کە عزیز الحاج سەرکردایەتی دەکرد بەو هیوایەی ئێمە پەیوەندی ببڕین لەگەڵ لایەنی یەکێتیی قوتابییانی سەر بە (اللجنة المركزية)ی حزبی شیوعی عێراقی، منیش لە وڵامدا وتم (ئێمە دۆستی هەردوو رێکخراوەکەین لەساڵی ١٩٤٨ەوە قوتابیانی کورد ئەم رێکخراوە بە رێکخراوێکی دۆستی کورد دەزانن و ئێستاش هەردولاتان بەبێ جیاوازی بەدۆستی خۆمان دەزانین هیوادارم ئێمەو ئێوەش رۆژێك دابێت لەو حاڵەتە لەتبونیە رزگارمان بێت (لیث) کوڕێکی رۆشنبیرو تێگەیشتوو بوو قسەکانی منی بەهەند وەرگرتو جەختیشمان لەسەر پەیوەندی توندو تۆڵی هەردوو لا کردەوە، لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگای ئەو قوتابیە کچەی کە لەهەمان پۆلی من بوو بەناوی (ملوك) کچی پوری قوتابی (عبدالحسین شعبان) کە ئێستا خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە و چەندین کتێبی لە بواری سیاسەت و اقتصاد هەیە و کادیرێکی قوتابی سەر بە حزبی شیوعی عێراقی بوو ساڵێك لە پێش منەوە بوو لە خوێندن، لەگەڵ ملوك رێککەوتین لەسەر چاوپێکەوتنی کادیرێکی بەرزی لێپرسراوی خەتی قوتابیانی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی لە ژورەکەی جەلال خۆشناو و هیوا نظام الدين لە (کمپ سارە) لە ناوچەی (تل محمد) کە نزیك بوو لە کۆلیژی ئەندازیاری تەکنەلۆجیا کە جەلال تێیدا قوتابی بوو کادیرەکە بە ناوی باسم وە خۆی ناساند پاش ماوەیەك زانیم کادیری حزبی شیوعی عێراقی – لیژنەی مەرکەزیە، ئەویش بە هەمان شێوەی (لیث)ی قیادە مەرکەزی حزبی شیوعی داوای پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی کرد بەتایبەتی وەکو ئەو گوتی لە کوردستان پێش مەرگە شیوعیەکان (الانصار)یان پێدەگوتن شان بەشانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەجەنگن، بەڕاستی بەندەش هەستم دەکرد ئێمە وەکو یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لەو لایەنەی لێژنەی مەرکەزی حزبی شیوعیەوە نزیکترین چونکە

پێشووتریش لەگەڵ کادیرێکی دیکەی حزبی شیوعی عێراقی– قیادە مەرکەزی بەناوی (خالد امین) کە لە هەمان کۆلیژەکەی خۆم بوو تووشی موناقەشەیەکی زۆر توند بووین لەسەر ریڕەوی شۆڕشی ئەیلول کە ئەوان پێیان وایە هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان (جەلالی و مەلایی) یەکەمیان (هاوکاری لەدەزگای موخابەڕاتی عێراقی و دووەمیان لە سازمانی ئەمنیەتی ئێرانی وەردەگرن) بۆیە جۆرە دورکەوتنەوەیەك لە نێوانماندا روویدا، دواتر وەکو زۆربەی کادیرانی دیکەی قیادەی مەرکەزی کەوتە بەردەستی حزبی بەعسی فاشی و بێ سەرو شوێن کرا، ئەوجا دیسان لەگەڵ (باسم)-یش هەمان را و بۆچوونم پێ راگەیاند کە لەگەڵ (لیث) ئاڵوگۆڕمان کردبوو.

بەهۆی کارابوونی رۆلی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لەو ماوەیەدا چەندین جار ئەرکی جۆراوجۆرمان پێ رادەسپێردرا چونکە ئاشکرایە لە قۆناغی لاویەتیدا قوتابی، لاو تەنها بیر لەبەرژەوەندیە گشتیەکان دەکاتەوە بە تایبەتیش کاتێ ئەگەر ئینتیمای سیاسی هەبێت بۆیە کاتی (د.حسن حوسامی) برای خوالێخۆشبوو نوسەرو سیاسەت مەداری ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەریم حوسامی هاتە بەغدا بەمەبەستی سەردانی بارزانی نەمرو ناوچەی سەرکردایەتی، خوالێخۆشبوو (حبیب محمد کریم) کە ئەوکاتە لە بەغدا بوو (بەندەی) راسپارد وەکو یاوەری (د.حوسامی) بۆ چەند رۆژێك لە بەغدا لەگەڵی بم، منیش بردمە ئوتێل شەهلاو لەگەڵ بەهرامی پورزام کە ئەو تێکەڵی کاری رێکخستن نەدەبوو، بەڵام لەبەر من کە زۆر ئاگاداری دەکردم ماوەی چەند رۆژێك لەگەڵی لە بەغداو کاظیمة لە خزمەتی ئەودا بووین چەندین وێنەی رەنگاورەنگیشمان گرت، بەڵام بەداخەوە ئەو وێنانەش ساڵی ١٩٧٤ سەریان تێداچوو.

لە شوباتی ساڵی ١٩٦٨ کاتێ سیاسەت مەداری گەورەی عێراقی و سەرۆکی حزبی (الوطني الديمقراطي) کامل الجادرجي مرد شەهید سەیدا سالح کە ئەوکاتە لەبەغدا بوو (عادل لیلانی و بەندەی) دەستنیشان کرد

لەدەستەی پێشوازی لە چلەی (الجاردجی) کە لە هۆڵی (الخالد) مەراسیمەکە بەڕێوەچوو لەگەڵ نوێنەرانی لایەنە نیشتمان پەروەرەکانی عێراقیدا.

پاش کودەتا سپیەکەی جاری دووەمی حزبی بەعس لە ١٩٦٨/٧/١٧ بەسەر حکومەتە میانڕەوەکەی عبدالرحمن عارف دا کە ئەوکاتە پشووی هاوینی زانکۆ بوو من لە کۆیە بووم، ئەوکاتە مامە عومەریشم بە وەزیفەی (حاکم) بۆ کۆیە گواسترابووەوە شەوانە دەچوومە لای کە ماڵەکانمان هەمووی لەیەك شەقامی گەڕەگی سەریاغ بوو ئەو یانی مامم بەهیچ شێوەیەك بڕوای بەعسی نەبوو هەمیشە بە فاشستی لەقەڵەم دەدان بە تایبەتیش پاش قۆناغی دووەمی کودەتاکەیان لە ١٩٦٨/٧/٣٠.

چونکە وەکو مامم دەیگێڕایەوە وەکو ئەو سێ ساڵ و نیوەی کە لە ناوەڕاستی عێراق ژیاوە پاش بەیانی (١٠ شوباتی ساڵی ١٩٦٤) چ کارەساتێك بەسەر ئەو خەڵکە بەسەزمان و بێ دەرتانە کراوە چونکە ئەوان وەکو گەلی کورد نەبوون لە کوردستان و بە چەك بەرەنگاری بەعس ببنەوە، بەڵام دیسان ئەوەی پێیانکرا لە کوردستانیش تەخسیریان نەکرد، بۆیە مامم هەمیشە جەختی لەسەر پاراستنی نهێنی کاری رێکخستن دەکردەوە و زۆر جاریش باسی ئەزمونی خۆی لەگەڵ خوالێخۆشبوو (عومەر دەبابە و عبدالکریم تۆفیق و مامۆستا عەلی عبدالله و بەکر ئیسماعیل) لە بەغدا دەگێڕایەوە، کە لە ناوەڕاستی چلەکان سەدەی رابردوو کاتێ قوتابی بوون لە زانکۆی بەغداو لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتیان دەکرد.

دیسان هەر لەو رۆژگارەدا لەئاکامی (اخباری) کردنی پیاو خراپێك کە ناوەکەی لای بەندە ئاشکرایە لە هەفاڵی پارتایەتیم (سەید عەلی نجار) کە لەپاش لە ئینشیقاقی ساڵی ١٩٦٤ پێکەوە لە لێژنەیەکی سەرەکی پارتی کارمان دەکرد و گیرا لە لایەن (معاونیەتی ئەمن) ی کۆیە، بەڵام تاکو ئەو کاتەش دەبوایە بە ئەمری حاکم (تەوقیف) بکرێت ، هەر زوو خوالێخۆشبوو عەزیز سەربەست هاتە ماڵەوەمان خەبەری پێدام بەڵکو شتێك بکەم لەگەڵ مامم کە حاکمی کۆیە بوو ئەو ساتەش مامم لە کۆیە بوو،کاك عەزیزم لە ماڵی خۆمان

دانا و یەکسەر چومە لای مامم و مەسەلەکەم تێگەیاند کە سەید عەلی پارتی و هەڤاڵی یەك لێژنە بووین مامیشم گوتی هەر زوو بڕۆن ئاگاداری بکەنەوە کەوا تەنها جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە (سەید عەلی) کە پەیوەندی بە سیاسەت و حزبایەتی نیەو ئینکاری بکات، مەسەلەکەم لەکاك عزیز گەیاند ئەویش بە هەڵەداوان رۆیشت گوتی یەکێ لە پۆلیسەکانی مەرکەزی کۆیە ئەندامی پارتیەو دەچم دەیبینم و مەسەلەکەی تێ دەگەیەنم، بەڵکو زوو سەید عەلی دەبینی و منیش چوومە لای مامم درەنگانێکی (عەسر) سەید عەلی یان بە موسەلەحەیەکی پۆلیس هێنابوو لای ماڵی مامم، لەسەر داوای ئەو کاتێ سەید عەلی لەناو سەیارەکە بوو، بەلایدا چووم و بە ئیشارەت شتێکم تێگەیاند، کاتێ هێنایانە خوارەوە مامم دوو پرسیاری لێکردوو ئەویش ئازایانە ئینکاری کردو گوتی (حکومەت ناهێڵێ کاسبیش بکەین) لە ئاکامدا بە کەفالەت ئازاد کراو کێشەکەی داخرا.

لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٨ کە لەقۆناغی دووەمی کۆلێژ بووم و یەك دوو مانگ بوو بەعسیەکان هاتبوونەوە سەر حوکم لەیەکەم دانیشتنی لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا کە ئالوگۆڕی بەسەردا هاتبوو هەندێ لە کادیرانی پارتی و قوتابیانی زانکۆیان بەجێهێشتبوو چ بەهۆی دەرچوونیان (تخرج) لە زانکۆ یاخود پەیوەندی کردنیان بە شۆڕش کە تا ڕادەیەك ئەرکە قورسەکە بۆ بەندە مابووەوەو دەبوایە بەهەموو توانایەکیش پەرە بە رێکخستنەکان دا بدەین سەرەڕای توندوتۆڵی و کاری نهێنی و پاراستنی رێکخستنەوەی لیژنەکانی کۆلێژو ناوچەی بەغداو ئامادەییەکانی لەڕاستیدا ئەندامانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بەشێوازێك مامەڵەیان لەگەڵ رووداوو بۆچوونەکانی لێژنەی بەرزی قوتابیانی ناوچەی بەغدا دەکرد کە تەنها دەتوانم بڵێم لە (رێکخستنی حزبێکی خاوەن ئەزموونی توندونۆڵ دەکردو زیاتر بە جۆرێك لە رێکخستنەکانی ئێستای پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K) دەچوو بە گوێڕایەڵی و جێ بەجێکردنی ئەرکەکان و لەڕووی کۆبوونەوەو پێدانی یارمەتی مانگانە (ئیشتراك) بەشێوەیەك وای لێهاتبوو کە لەسەرەتای

خوێندنی (١٩٦٨-١٩٦٩) هەردوو مانگ جارێك یارمەتی (٧) قوتابی هەژار دەدرا لە ئەندامانی یەکیەتی بە بڕی (٧,٥٠٠ دینار) حەوت دینار و پێنج سەد فلس، لێرەدا ئەوەی پێویستە بیڵێم ئەندامانی لیژنەی ناوەخۆی بەغدا و لیژنەی بەرزی ناوچەی بەغدا بە شێوازێکی یەکجار رێکوپێك و هێمنی ئەرکەکانیان جێ بەجێ دەکرد سەرەڕای ئەوانەش هاوڕێم (عبدالموجود تەها) هەمیشە پشتیوان بوو لەگەڵم چونکە هیچ شتێکی شاراوەمان لە نێوانیان نەبوو دووساڵ پێکەوە لەگەڵ حسینی برای و اسماعیل علی و دلشاد اسماعیل لەیەك شوقە بوین لە باڵەخانەی شێخلی لە شەقامی شێخ عومەر و ساڵی کۆتایشمان (١٩٦٩-١٩٧٠) (عبدالموجود و بەندە) لە ئوتێلی (دونیا) لە شەقامی جدید حسن پاشا بەرامبەر چایخانەی (زەهاوی) ساڵەکەمان گوزەراند کە دەتوانم ئەو ژوورەی ژمارە (١٢) ئوتێل دونیا وەکو بارەگایەکی نهێنی لێهاتوو لە هەموو بارێکەوە خاوەنی ئوتێلەکەش (سید مکی) مرۆڤێکی خواناسی شیعە مەزهەب بوو، یەکجار رێزی لێ دەگرتین و ئاسانکاری بۆ دەکردین. ناجی مەدلولی خزمەت گوزاریشی راسپاردبوو کە ئاگاداری و خزمەتمان بکات، لێرەدا نابێت رۆڵی برای شەهیدمان (زاهیر حمەد تەها)مان لەبیر بچێت کە لێپرسراویەتی لیژنەی کۆلێژی (کشتوکاڵ) کلیە الزراعە و هەماهەنگی لەگەڵ کاکە (جەبار سابیر) کە ئەویش لێپرسراوی کۆلیژی (ڤێرنەتەری) کلیة الطب البیطري بوو کە بەڕاستی ئەو دوو برادەرە توانیبوویان لەگەڵ برادەرانی دیکەی ئەندامانی هەردوو لیژنەی (کشتوکال و فیرنەتەری) و زۆرینەی قوتابیانی کورد رێکبخەن لە ناوچەی (ئەبوو غرێب) سەرەڕای ئەمانەش شەهید زاهیر حەمەد هەر دوو یاخود سێ مانگ جارێك یان لەکاتی پێویستدا ئەڵقەی نێوانی ئێمەو مەکتەبی سیاسی و هێنان و بردنی بەریدو هێنانی رۆژنامەی خەباتی نهێنی و ئەدەبیاتی پارتی بوو (سەد حەیف و مخابن) کاکە زاهیرو پەخشانی خێزانیشی کە ئەویش ئەندامانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو و تاکو دەرچوونی لە کۆلێژ لەگەڵ منداڵەکانیان لە رۆژگارێکی زێدە سەختی کوردستان لەپاش هاتنەوەیان لە ئێران ساڵی ١٩٨٧

ئەوانیش وەکو دەیان هەزار کەسی دیکە زیندە بەچاڵکران و کەوتنە بەر شالاْوی بەدناوی ئەنفال، وەکو ئیشارەتم پێداوە بە هاتنەوەی بەعس بۆسەر حوکم لە عێراق بارودۆخەکە گۆڕدرا سەرەڕای ئەوەی بەعس لە سەرەتادا خۆی بە شێوازێکی دیکە نیشاندا کە گوایە سودی لە ئەزمونە تاڵو خوێناویەکی کودەتای ساڵی ١٩٦٣ وەرگرتووەو کرانەوەی نیشاندا بەرامبەر کێشەی کورد و هێزە دیموکراتیەکانی عێراق تا جارێکیان (هاوپۆلێکی کۆلیژم) کە لەسەرەتاوە لەریزی منەوە دادەنیشت چونکە ئەویش ناوی بە پیتی (ف) دەستی پێدەکرد و ناوی (فاضل المشهدانی) بوو کە یەکێك لە کادیرەکانی حزبی بەعس بوو (لەپاش روخانی رژێمی سەدام حسین) فازل مەشهەدانیش ناوی لەگەڵ ئەو (٥٠) داواکراوەی سەرکردەی بەعسیەکان بوو لەلایەن ئەمریکایەکانەوە و پاشان لەیەکێ لەشارەکانی فوڕاتی ناوەڕاست (الفرات الاوسط گیرا) پێش هاتنە سەر حوکمیان لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ ئەو رۆژەی کە بەندە لەگەڵ قوتابی (عبدالرحیم القدوس، و مامۆستا هشام الشاوی کەوتینە (موجادەلە) لەسەر کێشەی کورد پاش یەك دووروۆژ بەرێککەوت بەندە و فاضل المشهدانی لەیانەی کۆلیژ بەرامبەر یەکهاتین و پاشان لەسەر یەك مێزدانیشتین، پاش نەختێ فازل هاتە قسەو گوتی (کاکە فەرهاد ئەو رۆژە کە لەگەڵ عبدالرحیم القدوس کەوتییە موناقەشە و وەلاْمێکی دروستی (هیشام الشاوی) داوە من بابەتەکەم بە برایانم لەو ئۆرگانەی کەوا کاری حزبی تێدادەکەم بۆم گێڕانەوە، سوپاسی ئەو هەڵوێستەت دەکەین کەوا گوتت (لااستطیع نکران وطنیة حزب البعث بالرغم من اخطائهم و حربهم القذرة علي شعب کوردستان)، جارێ لەپێشەوە ئێمە وەکو حزبی بەعس لەپاش (شۆڕشی ٨ی شوبات) هەڵەی زۆر گەورەمان کرد چ بەرامبەر کوردو چ بەرامبەر شیوعیەکان، بەلاْم مەسەلەی شیوعیەکان (رد الفعل) بوو ئەوان لە سەرەتادا چەکیان دژی شۆڕش بەرزکردەوە و داکۆکیان لە عبدالکریم قاسم کرد، بەلاْم بەنسبەت ئێوە ئێمەش گلەیی لە بارزانی دەکەین کەوا کەوتە ژێر کاریگەریەتی حزبی شیوعی و سۆفیەت و ناحەزانی ئێمە، لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ لە (عەسکەریەکانی) ئێمە کە پاشان خیانەتیان لە

بەعسیش کرد وەکو (عبدالسلام عارف و هاوڕێکانی) هۆکاری دەستپێکردنەوەی شەڕ بوون لەگەڵ کورد، ئێمە وەکو بەعس سەراپا بەخۆمان داچووینەوە و ئەگەر ئەوجارە هاتینەوە سەر حوکم (بە تەئکیدی دەگەڕێینەوە) و چارەسەری هەڵەکانمان دەکەین و لەبەرنامەشماندایە (ماف گەلی کورد بە حوکمی زاتیەوە بچەسپێنین)، بەڵام سەرەڕای قسەکانی ئەو دەمەی فازل و هەنگاوەکانی بەعس پاش ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ بە بەردانی حەپسە سیاسیەکان و گەڕانەوەی فەرمانبەرانی دەرکراوی سیاسی و هەندێ هەنگاوی جۆراوجۆر لەو بابەتە، بەڵام دیسان لە قەناعەتەوە دەمانزانی بەعس بێ بەزەیی و بێ ویژدانەو بۆ مانەوەی خۆیان هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر.

سەرباری تۆکمەیی ڕێکخستنەکانی سەر بە لیژنەی باڵا لە زانکۆی بەغدا و شوێنەکانی دیکە، بەڵام دیسان کرانە شانەی سێ کەس و ڕێکخستنێکی (هەڕەمی) پەیڕەوکرا و لیژنەی ناوچەی بەغدا دابەشکرا بەچەند لیژنەیەك (بۆ نمونە کە هەریەکەیان لێپرسراوێکی هەبوو کە ئەویش ئەندامێکی لیژنەی ناوچەی بەغدا بوو بەم شێوەیە:

١. کۆلیژی پزیشکی و پزیشکی ددان و پاشان دەرمانسازی لەژێر ناوی (المجموعة الطبية).

٢. کۆلێژی ئەندازیاری و کۆلێژی ئەندازیاری تەکنەلۆجیا و پەیمانگای ئەندازیاری تەتبیقی لەژێر ناوی (المجموعه الهندسيه).

٣. کۆلێژی ئابوری و زانستە سیاسیەکان و کۆلێژی ماف (حقوق) کۆلێژی بازرگانی و پەیمانگای کارگێڕی لەژێر ناوی (مجموعه الكليات الانسانيه).

٤. کۆلێژی پەروەردە و (تربيه) زانست (علوم) و زمانەکان (اللغات) لەژێر ناوی (علوم وتربيه واللغات).

٥. کۆلێژی کشتوکاڵ و ڤێرنەتەری لەژێر ناوی (مجموعه ابوغريب) چونکە هەردوو کۆلێژەکە لەناوچەی (ئەبو غرێب) بوون.

٦. کۆلێژەکانی زانکۆی موستەنسریە بەتەنها.

٧. بەشی کوردی لەبەر زۆری قوتابیانی کورد و ئەندامانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بە تەنها.

دووجاریش لە ساڵی ١٩٦٩ کۆبوونەوەی فراوان بۆ لێپرسراوانی سەرجەم کۆلێژەکان کران، لەو شوقەیەی کە هەردوو برا یوسف و زرار مەولود قصاب لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەیان کە ئەوانیش ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوون کە تێیدا نیشەجێ بوون لە ناوچەی (باب المعظم) بەرامبەر باڵەخانەی دار الطلبة کە تێیدا یوسف و زرار پاسەوانی شوقەکەیان دەکرد تاکو کۆتایی کۆبوونەوەکە کە دوو سەعاتی پێچوو، لەوکاتەدا بەندە (جغارەم زۆر دەکێشا، پەنجەرەی شوقەکانیش لەبەر باری ئاسایش (امنی) داخرابوون لەو ماوەیەشدا من نزیکەی (١٠) جگەرەم کێشابوو، ژوورەکەش پڕاوپڕ دووکەڵ بوو بۆیە یەکێك لە ئامادەبووان (سیروان عبدالله سعید) کە لێپرسراوی کۆلێژی ئەندازیاری تەکنەلۆجیا بوو ناڕازی خۆی دەربڕی لەم هەموو جگەرە کێشانە گوتی (کاکە پەنجەرەکان بکەنەوە بەخوا ئاشکرا ببین لەم عەزابە باشترە).

پاش ماوەیەك بەعسیەکان وەکو پیشەی هەمیشەییان دەماری شەڕ و شەڕانگێزیان جوڵیەوە کەوتنە بروبیانو دۆزینەوەو دروستکردنی ئاستەنگ رۆژنامەی (التآخي) داخراو سەیدا ساڵح یوسفی و ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی بەغدایان بە جێهێشت و رۆژنامەی (النور) زمان حاڵی باڵی مەکتەبی سیاسی دەرچوو، حکومەت بۆ بەرژەوەندی خۆی پاڵپشتی دەکردن کە بە داخەوەو سەدجار بەداخەوە نەدەبا بکەونە ئەو (هەڵە کوشندەیە) چونکە سەرکردەکانی ئەو باڵەش سەرکردەی رێبازی قاڵبوی کوردایەتی دیرینی ئەو پارتییە بوون کە لە سەرەتادا پێوەی ماندوو ببوون، لێرەدا مەبەستم لەکەدارکردنی لایەنێك یان تەزکیە کردنی نیشتمان پەروەری لایەنێکی دیکە نیە بۆچوونی ئەودەمەی ئێمەو زۆری هەرە زۆری هاوڵاتیانی کورد خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە (کێ لە چیا بێت و شەڕی حکومەت بکات، ئەوە پێشمەرگەو شۆڕشگێڕەو ئەوەش لەگەڵ حکومەت بیت و شەڕی پێشمەرگە بکات لا دەرە).، بەڵام سەرەڕای ئەو لەتبوون و ناکۆکیەی کە لەڕیزی بزوتنەوەی ئازادیخوازی

کوردا روویدا ئێمەی قوتابیانی کورد راشکاوانەتر بیڵێم هەردوو لایەنی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان سەرەڕای ناکۆکیەکانی سەرەڕای حاڵەتی دووبەرەیی لە ریزەکانمدا، بەڵام بۆ مێژوو دەیڵێم لێپرسراوانی هەردوولا لە روانگەی پاکی کوردایەتی و گیانی نیشتمان پەروەری و هەست کردن بە نەبوونی جیاوازی لە ئامانجە نیشتمانییەکانمان رۆژێك لە رۆژان کێشەیەك رووی نەدا کە ببێتە هۆکاری لێکترازانی رێڕەوی قوتابیانی کورد کە هەمیشە لایەنەکانی عەرەب بەیەك چاو تەماشایان دەکردین، بەڵام تەنها جارێك نەبێت لەسەر موناقەشەیەکی زۆر بیٚ مانا چەند قوتابیەك لە رێکخستنەکانی هەردوولا لەبەشی کوردی کۆلیژی ئاداب کەوتنە گیانی یەك و شەڕێك دروست بوو، بۆیە هەر زوو شەهید فازلی مەلا مەحمود و بەندە بەهەڵەداوان و بەیەك تاکسی گەیشتینە بەشی کوردی و خێرا من پەیوەندیم بە هەردوو برای بەڕێزو لێپرسراو کرد کە بریتی بوون لە (جەواد شیروانی و عوسمان خۆشناو) بە مەبەستی هێورکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی کێشەکەو شەهید فازڵیش بەهەمان شێوە کاری خۆی کردو لەئاکامدا هیچ لە گۆڕیٚ نەماو لێدەرو لێدراوەکان ئارام بوونەوە.

وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لێوە کردووە تەنها کاك عبدالقادر حمدامین هەمیشە بەناوی مەکتەبی سکرتاریەتەوە قسەی دەکردو بیٚ ئەوەی لەو شوێنانەی (لق و ناوچەکان)ی ئێمەی لیٚ دەست بەکار بووین رێکخستنیان هەبێت بەتایبەتیش لە بەغداو دەوروبەری، بەسرە، خانەقین، کەرکوك، سلێمانی، دهۆك، ئەوەی کە مابووەوە بەشێکی کەم لە هەولێرو ئەویش بەهۆی کاك قادر حمدامینەوە بوو چونکە کاك قادر کوڕێکی کورد پەروەرو نیشتمان پەروەربوو زیاتر لە هەولێر ناسراو بوو، خوالێخۆشبووان ئەکرەم مەنتك و تەلعەت عبدالواحد چەند قوتابیەکی دیکە لە هەولێر کە ئەندامی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بوون کاك قادریان دەناسی تا رادەیەك کاریگەریی لەسەر رێکخستنی هەولێر هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کاك جواد شیروانی کە ئەندامی لیژنەی بەرز بوو هاوکارمان بوو لە پەیوەندی لەگەڵ رێکخستنەکانی

هەولێرو چەند جارێکیش بە بڕیاری لیژنەی بەرز سەردانی زانکۆی بەسرەی کرد بە مەبەستی پەیوەندی و بەردەوام بوونی ڕێکخستنەکانی زانکۆی بەسرە لەگەڵ ئێمە. لە زانکۆی موسڵیش کاك ئەنوەر عبدالله پاش عبدالکریم حسن کە سەرۆکی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو لە کۆنگرەی پێنجەمەوە ئەو یانی کاك ئەنوەر خۆی بە دەم ڕاستی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان دەزانی، بەڵام ڕێکخستنەکانی زانکۆی موصل ٩٥٪ لەگەڵ ڕێکخستنەکانی لیژنەی بەرز دابوون، لەڕێگای کاك ڕەنج نوری شاوەیس و برادەرانی دیکە کە بەداخەوە تەنها ناوی فاروق ئاکرەیی و جەرجیس حەسەن و صباح عوبێدم لەبیر ماوە کە ئەویش جۆرە پەیوەندی و ڕێکخستنێکی دروست کردبوو کە تێیدا توانی بووی لە چوارچێوە گشتیەکە کۆیان بکاتەوە تاکو لەسەرەتای خوێندنی ساڵی ١٩٦٩ بە سەفەرێك چومە موسڵ و شەوێك مامەوە، لەڕێگای قوتابی کۆلیژی ئەندازیاری (فرەنسیس یعقوب)ـەوە کە خەڵکی کۆیە بوو، برادەربووین کە لەپێشەوە کاك ڕەنجم دیت ئەوجا برادەران (سەباح عەقراوی، فاروق ئاکرەیی، لەگەڵ چەند قوتابیەکی کۆلیژەکانی زانکۆی موسڵ کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، لەهەمان کاتیشدا دلێر حسن یارە یارمەتییەکی باشی داین لە ناسین و دەستنیشانکردنی هەندێ برادەری دیکە.

برایان انور عبدالله و قادر حمدامین بەناوی مەکتەبی سکرتاریەتەوە قسەیان دەکرد و خوالێخۆشبوو کاکە (محمود زامدار) یارمەتیدەریان بوو لە نووسینی بەیان و نامەی شەخسی بەناوی مەکتەبی سکرتاریەتەوە. هەتا جارێکیان لەسەر کاغەزێکی خەتدار نامەیەکی بەناوی مەکتەبی سکرتاریەتەوە بۆ من هێنا کە داوای پەیوەندی و هاوکاری دەکات بەمەبەستی پتەوکردنی ریزەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان، لەسەرەتادا من زانیم مەسەلەکە چۆنە، پاش ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە دانیشتنێکی سێ قۆڵیدا لەگەڵ جەلال خۆشناو کاکە زامدار دانی بەوە دانا کە ئەو نامەکەی نووسیبوو لەسەر ڕاسپاردەی کاك قادر حمدامین لە ڕوانگەی پەرۆشی بۆ پتەوکردن و یەکگرتنی ریزەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان، بەڵام ئەو

**کێشەیە کۆتایی نەهات (کە لەبنەڕەتدا کێشە نەبوو) تاکو رۆژی ٦/٢/١٩٧٠ کە دواتر باسی لێوەدەکەم.**

**منیش لە نامەکە (نامەی زامدار) کەوتمە گومان، بەڵام هیچ هەڵوێستێکی نەرێنیم نەگرتە بەر، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەهۆی لاوازی بەناو مەکتەبی سکرتاریەت و بێ بنەمایی ئیشوکارەکانیان و پەرتەوازەیی رێکخستنەکان لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی ناسراو سەر بە ئەم رێبازە کەوتمە جموجۆڵ و پەیوەندی کردن لەگەڵ کۆمەڵێك لە قوتابییانی دیاری ناو رێکخستنەکانی پارتی و یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە ناوی هەندێیکانم لەبیر ماوە وەکو (جواد شێروانی، عوسمان خۆشناو، خونچە ئەحمەد رەفیق، جەلال حۆشناو، نبیل دنحا، عادل لەیلانی، نەوزاد محمد، حمید ئاکرەیی، فازڵ سنجاری، محمد ساڵح اسماعیل، شەهید محمد باجەلان، تارق قادر، فەرەیدون عوسمان، نجم الدین عزیز کریم، عبدالموجود تەها، رەجەب شعبان، ئازاد رەشید، کوردستان عەلی عبدالعزیز، حەمە فەرەج ئاغا، ژیر عبدالرحمن عبدالله، هیوا جەلال حمدی، نەوزاد عبدالرحمن، غاندی عەلی عەزیز، سیروان عبدالله سعید، خوالێخۆشبوو ئازاد فوئاد عارف، نوری کەریم خان و ئیبراهیم حاجی حسین شالی، گوڵاڵە نوری معروف)، بەڵام ئەو دواتر پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و زانکۆی بەجێهێشت لەگەڵ برایان عادل موراد و تەحسین ئەتروشی بە مەبەستی پتەو و بەهێزکردنی ئەو ناوەندەی کە پێشووتر باسم لێوە کردووە تاکو رێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بگرێتە باوەش، چونکە ئێمە لە دۆڵێك و مەکتەبی سکرتارییەتیش لە دۆڵێکی دیکە، ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی لێوە بکەم لە مەکتەبی سکرتارییەت تەنها برای بەڕێزم (عبدالقادر حمد أمین) نەبیت کەسێکی دیکە دیار نەبوو، ناوە ناوەش ناوی بەڕێز (عبدالکریم حسن) دەهات وەکو سەرۆکی یەکێتیی قوتابییان و برای بەڕێز ئەنوەر عبدالله کە ئەوکاتە لە زانکۆی موسڵ بوو و عبدالکریم حسنیش لە چەمچەماڵ بوو، سەرەتای کارەکانی ئەم ناوەندەی ئێمە بە چەند کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی دەستیان پێکرد، هەندێ جار لە**

شوقەکەی ئێمە کە لە ساڵی دووەمی خوێندن دا لەپاش نیوەی ساڵ لەگەڵ برایان (عبدالموجود تەها و ئیسماعیل علی و دڵشاد ئیسماعیل و بەندە) شوقەیەکمان لە باڵەخانەی شێخلی (عمارە شیخلی) لە شەقامی شێخ عومەر بە کرێ گرت و پاشان قوتابی (حسێن سجاری)ش هاتە لامان تاکو ساڵی دوایی لە بەشی ناوخۆیی وەرگیرا، یاخود پەیوەندیەکەمان لە ژوورەکەی عادل لەیلانی یان لە ژوورەکەی کاك رەجەب شەعبان لە باڵەخانەی (دار الگلبە) یاخود بەدەم رۆیشتنی رێگاوە بە ئۆتۆمبێلەکەی قوتابی سیروان عبداللە سعید.

لە سەرەتادا لە هەر کۆلیژێك لیژنەیەك دروستکرا کە هەندێ لیژنە ژمارەیان (٣) قوتابی بوون و هەندێ لیژنەی دیکەش لە (٥) قوتابی پێکهاتبوون، پاشانیش لێپرسراوی ئەو کۆلیژانە کۆکرانەوە بە ناوی لیژنەی ناوخۆی (محلیە) بەغدا، کە تێیدا بەندە بە هاوکاریی برایان سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانم دەکرد و لەبەر بێ ئیمکاناتی رێکخستنەکەمان هەندێ جار بەندە و عبدالموجود تەها کە هەمیشە برا و برادەر و پاڵپشتم بوو هەر لە سەرەتاوە تاوەکو دەرچوونمان لە کۆلیژ (بەیانات و ئامۆژگارییەکانمان بە عەرەبی و بە کوردی دەنووسی) کە زۆر جار قوتابی و ئەندامی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان (هاوار عبدالکریم) کۆیی بە خەتە جوانەکەی چەند دانەیەکی لێ دەنووسییەوە.

پاش شکستهێنانی چارەسەری سەربازی حکومەتی حزبی بەعسی لەساڵی ١٩٦٩دا جارێکی دیکە سەرکردایەتی بەعس کەوتەوە گۆڕینی سیاسەتی پێشوو گۆڕینەوەی بە تاکتیکێکی دیکە کە ئەویش پڕوپاگەندە کردنە بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەسەرەتادا رۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی حزبی بەعس لەژێر ناوی (کیف السبیل إلي حل المشکلة الکوردیة) وە بەئیمزای دەستەی نووسەرانی وتارێکی دوور و درێژی بڵاوکردەوە کە تێیدا بانگەشە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد دەکرد، پاشانیش چەندین کەسایەتی دیکە وەکو خوالێخۆشبوو مامۆستا ابراهیم و احمدو خوالێخۆشبوو مامۆستا حمید عوسمان کە بەناوی (سلیم سوڵتان) دەینووسی و

خوالێخۆشبوو عبدالمجید لطفي سەرەڕای خەڵکانی دیکە هەمووی سەرەڕای بیروڕای جیاوازیان وتارەکانیان بە ئاراستەی چارەسەری کێشەی کورد گوزەری دەکرد کە تاڕادەیەك بارودۆخی سیاسی نەرمی بەسەرداهات و کەشوهەوایەکی ئەرێنی هاتە ئاراوە و دەستی ئێمەی والاکردو ڕێکخستنەکانمان زیاتر بەرەو پێشەوەچوو، ژمارەی ئەندامانی وەکو لەبیرم ماوە دەگەیشتە (٥٧٠) قوتابی، پەیوەندیەکانیشمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی عەرەب بەتایبەتی (ڕێکخراوی قوتابیانی فەلەستین (یەمەنی دیموکراتی، سودانی) لەو پەڕی باشی دابوو سەرەڕای پەیوەندیکردن بە قوتابیانی بێگانە وەکو (ڤییێتنامییەکان) قوتابیە رەش پێستی ئەفریقایی. کە لەو سەدەوە لە زانکۆی بەغدا دەیان خوێند و قوتابی کوردیان لا خۆشەویست بوو.

لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ دەنگۆی هەوڵدانی حکومەتی بەغدا لە نزیکبوونە لە سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئارادابوو، شەوێك بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هاوڕێم (جەواد شیروانی) کە ئەویش ئەندامی لیژنەی باڵای یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو لەسەر داوتی خوالێخۆشبوو (د. پاکیزە رەفیق حلمی) کە ئەوکاتە راگری بەشی کوردی بوو لە کۆلیژی ئاداب و کاك جەواد شیروانی بۆ هەماهەنگی لەبەشی کوردی سەردانی دەکرد، پاکیزەخان چونکە پەیوەندیەکی فراوانی هەبوو لەگەڵ نیشتمان پەروەرانی کوردو عەرەب سەرەڕای ئەوەی کچی مامۆستای نەمر (رەفیق حلمی) بوو وەکو کەسایەتییێکی زاناو کوردپەرەوەر ڕێزی لێ دەگیراو لەو بارودۆخەدا بەکاك جەوادی راگەیاندبوو کە دەیەوێ چاوی بە برادەرێکی لێپرسراوی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بکەوێ لەشەوێکی دیاریکراودا لەگەڵ کاك جەواد بەرەو ماڵی د. پاکیزە چووین کە خۆیی و (د. سالح)ی مێردی و (مەی) کچی پێشوازیان لێکردین و لەگەڵ گەیشتنی ئێمەش (د. جوامیر سلیم)یش هات، د. جوامیر بەرێککەوت وەکو گێڕایەوە پێش ماوەیەکی کەم کاکە (دارای تۆفیق)ی لە ماڵی خزمێکی کاکە دارا بینیوە کە ئەویش خەڵکی سلێمانیە و دارا پێیگوتووە کەوا بۆ هەندێ پەیوەندی نهێنی هاتوەتە

بەغدا بەمەبەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕێگەخۆشکەر لەگەڵ سەرکردایەتیی حکومەتی بەعس وەکو د. جوامیر گێڕایەوە (کاك دارا تۆفیق گەشبینیی پێوە دیاربوو، لە ئاکامی هاتنەکەی بۆ بەغدا پێشووتریش (میشیل عەفلەق)ی ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی بینیووە لە بەیروت) لەهەمان کاتیشدا (د. پاکیزەش) هەندێ شتی باس کرد کە پێش چەند ڕۆژێك لە خوالێخۆشبوو (فوئاد عارف)ی گوێ لێببوو. ئینجا (د. پاکیزە) هاتە سەر ئەسڵی مەبەست و گوتی (خۆتان دەزان بەشی کوردی قەرەباڵغ بووە، زۆرترین قوتابی کورد لەو بەشەیە، زۆربەی قوتابیانیش لەسەر دوولایەن دابەشبوون کە ئەوانیش بەپێی تەعبیری ئەمرو (جەلالی و مەلاین) کەم کەم قوتابی شیوعیشی تێدایە، پێش ماوەیەك پەشێویەك لەنێوان هەردوولا روویدا من لەگەڵ کاك جەوادو برادەرانی ئەولا پەیوەندیم کردو پێم گوتن عەیبە نابی قوتابی کورد لەبەغدا شەڕبکات، ئێوە هەمووتان کوردن و بۆ کورد خەبات دەکەن، باشە ئەو شەڕەتان لەسەر چیە؟ ئێرە کۆلیژە یاساو ڕێسای خۆی هەیەو پاساو مەدەنە میرێ کەوا کاردانەوەیەکی خراپ بەرامبەر بەشی کوردی بکات، هیوادارم ئەم وتوێژەی شۆڕش و بەغدا سەربگرێت لەئێستاوە قوتابیەکانتان ئاگاداربکەنەوە هەر دەستکەوتێك بۆ کورد بێتەدی بۆ هەموو کوردە من هەر ئەمڕۆ بانگی یەك دوو قوتابی ئەولاشم کردووەو بەهەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست قسەم لەگەڵ کردوون، وەعدیان دا کە لەلایەن ئەوانەوە هیچ کێشەیەك دروست نابێت، لە وڵامدا سوپاسی د.پاکیزەم کرد بۆ ئەو گیانە نیشتمان پەروەرییەی و دڵسۆزییەی کە نیشانی ئێمەی دا منیش جەختم لەسەر هەمان هەڵوێستی برایەتی و تەبایی کردو پێشم گوت کەوا لەکاتی دروستبوونی (شەڕەکەی نێوان قوتابیانی هەردوولا لەگەڵ برای بەڕێزم (فازلی مەلا مەحمود) بە هەڵەداوان هاتین بۆ بەشی کوردی و کێشەکەمان ساردکردەوەو ئێمەو ئەوانیش بەو ئاراستەیەدا دەڕۆین کە هیچ جۆرە کارێکی ناڕەوا روونەدات).

لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ د.پاکیزە ڕێککەوتین کەوا لەڕێگای کاك جەواد شێروانیەوە ئاڵوگۆڕی دەکەین و ئاگاداری یەکتر دەبین. پاش ماوەیەك بەندەو کاك جەواد بە تاکسی بەرەو شوێنی حەوانەوەمان گەڕاینەوە.

لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ لەدوو سەرچاوە (کە یەکەمیان د.پاکیزە ڕەفیق حلمی و دووەمیشیان لەرێگای خوالێخۆشبوو (ئازادی فوئاد عارف) کە ئەویش ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو بە خوالێخۆشبوو (جەلال خۆشناو)ی گوتبوو کە هەردووکیان لە کۆلیژی ئەندازیاری تەکنەلۆژیا بوون (کە لە باوکی زانیویەتی وەفدی مفاوەزاتی کورد) لە بەغدان و لە کۆشکی سپی (القصر الابیض) دابەزیوون.

عبدالموجود تەها و بەندە لە ژووری ژمارە (١٢)ی ئوتێل دونیا کە شوێنی حەوانەوەی هەردووکمان بوو ڕۆژانە پاش هاتنەوەمان لە زانکۆ کەمێ لێمان پاڵدەدایەوەو بەدەم قسەو گفتوگۆی جۆراوجۆرو سەعی کردن کاتمان بەسەر دەبرد، لەپڕ ئەو ڕۆژە (جەلال خۆشناو) کە حەفتەی سێ جار سەردانی دەکردین و یەکترمان دەدیت. دەوروبەری کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بوو خۆی کرد بە ژوورەکەمان و یەکسەر گوتی (ئێستا وەفدی ئێمە لە بەغدا لە کۆشکی سپی یە، هەر ئەمڕۆ ئازاد فوئاد عارف ئەم هەواڵەی پێدام، کە لەباوکی (فوئاد عارف)وە زانیوویەتی. بۆیە هەر ئەوکاتە پاش ئەوەی هەرسێکمان (عبدالموجود تەها و جەلال خۆشناو و بەندە) هاتینە سەر ئەو ڕاییە کە دەبێت پێویستە (وەفدی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی) ببینین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری تەواوی بارودۆخە سیاسیەکە بین و لەسەر ڕۆشنایی ئەودا یەکیەتی قوتابیانی کوردستان ببەین بەڕێوە چونکە ماوەیەك بوو بەهۆی ئەزمونەکانی (فەسڵی یەکەم) کەمتر ئاگاداری ڕەوشەکە بووین، هەرسێکمان بە تاکسیەك تاکو نزیك (کۆشکی سپی) چووین پاشان بە پێ لەوبەری (شەقامی النضال)وە تەماشای کۆشکی سپیمان دەکرد، هیچ جۆرە پاسەوانێتیمان (حراسە) بەدی نەکرد، بۆیە یەکسەر پەڕینەوەو خۆمان کرد بە دەرگای سەرەکی پێشەوە لەوکاتە ئەفسەرێکی (سێ ئەستێرە) لەناو هۆڵی کۆشکەکە دەهاتە دەرەوەو

بەگرژیەوە لێی پرسین (ها وین رایحین) منیش یەکسەر گوتم (جایین لزیارە الوفد) ئەفسەرەکە ئەوجارەش بەهەمان شێوە پرسی (أی وفد؟!) لەو ساتەدا شەهید سەیدا سالح یوسفی هاتە دەرەوەو ئێمەی دیت و گوێی لە قسەکانی ئەفسەرەکە بوو کاتی چاوی بەئێمەش کەوت و منیشی دەناسی یەکسەر هاتە قسەو گوتی (نقیب أزهر خلیهم یتفضلون هذولة من معارفنا ونعرفهم) و دەستی ئێمەی راکێشا بۆ ناو هۆڵی کۆشکەکە کاتیَ چووینە ژوورەوە رۆژباشمان لە ئامادەبووان کرد کە بریتی بوون لەو بەڕێزانە خواڵێخۆشبووان (ئیدریس بارزانی، نوری شاویس، سامی عبدالرحمن، دارا تۆفیق، نافڤ جەلال حویزی، سەیدا سالح یوسفی، لەگەڵ بەڕێزان مسعود بارزانی و د. محمود عوسمان) هەندێکیان بەندەیان دەناسی بۆیە یەکسەر کاك دارا تۆفیق بەپیرمانەوە هات و منیش بە دەنگێکی نەختیَ بەرز گوتم (ئێمە فلاَن و فلاَن وەفدی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانین هاتینە لاتان هەم بە مەبەستی بەخێرهێنان و هەم ئاگادار بوون لە رەوشە گشتیەکە، خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی فەرمووی لێکردین و لەتەك ئێمەدا دانیشت و کەوتینە گفتوگۆ لەسەرەتادا بەچەند دەقیقەیەك باسی وەزعی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانمان بۆ کردن کە چۆن هەر یەك لە ئەندامانی رۆڵی پێشمەرگەیەك دەبینیَ سەرەڕای جۆری دەسپلینی ناو ئەو یەکیەتیە لەگەڵ هەندیَ وردەکاری لەناو خودی ئەم یەکیەتیەدا، لەنێوان ئەو قسانەدا خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن هاتە تەنیشت منەوە پرسی (چۆن بیرتان لەو هاتنەتان کردەوە وەکو جیمس بۆند دینە بەرچاوم) راستە تەلەبە موجازیفە) لەپێشەوە پێتان رادەگەیەنم بۆ ئەوەی تەواو ئارام بن ئێمە ((ئۆتۆنۆمی) بەدەست دەهێنین لەگەڵ پاراستنی چەکەکانمان). نزیکەی کاتژمێرێك و نیو دانیشتین کە تێیدا باس لە جۆری پەیوەندیمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و ئاگاداربوون لە رەوشە گشتیەکە لەسەر رۆشنایی بارودۆخە سیاسیەکە سەیدا سالح یوسفیش رووی تێکردن و گوتی (کوڕی من سیاسەت گۆڕانکای تێدایە و هۆشیار بن) ئەوجا مشوری چوونە دەرەوەیان بۆ کردین بە شێوەیك لەگەڵ کاك نافذ جەلال حەویزی کە بەراسپاردەیەك دەچووە دەرەوەی

**کۆشکی سپی بە ئۆتۆمبێلێکی مارسیدسی سپی و لەسەر داوای خۆمان لەشەقامی السعدون نزیك شەقامی (المشجر) دابەزین و خزاینە نێو ئەو قەرەباڵغیەی کە کەس بە کەس نەبوو.**

**ساڵی تازەی ١٩٧٠کارەکانمان بە گڕوتینێکی بەهێزتر ئەنجام داو کۆبوونەوەی لیژنەی کۆلیژەکان و لیژنەی ناوچەی بەغدام یەکە یەکە بەسەر دەکردەوە سەرەڕای کۆبوونەوەکانی لیژنەی بەرز و ئاراستەکردنی ئیشوکارەکان و گونجاندنی لەسەر رۆشنایی بارودۆخەکە، بەڵام دیسان یەکیەتی قوتابیانی کوردستان چونکە وەکو حزبێکی خاوەن دەسپلینێکی بەرزی تێدا بەدی دەکرا دەتوانم بڵێم ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێت لە بەغدا رۆلی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەبینی لەهەموو بوارەکاندا چونکە هەموو جموجۆڵەکانی رێکخستن، بەیان بڵاوکردنەوە، دابەشکردنی رۆژنامەی خەبات، پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی قوتابیانی عێراقی و عەرەبی و بیانی، دیتنی کەسایەتیە کوردەکان، ناوە ناوە سەردانی پاشکۆ رۆشنبیریەکانی (الملحقات الثقافية) وڵاتانی بەرەی سوسیالستی، سەرەڕای جموجۆڵی رۆژانەی رێکخستنەکان لەناو سەرجەم کۆلیژەکانی زانکۆی بەغداو وئامادەییەکانی و بەتین بوونی پەیوەندی لەگەڵ رێکخستنەکانی زانکۆی بەسەرەو موسڵ و موستەنسریە، سەرەڕای رێکخستنەکانی کەرکوك و سلێمانی خانەقین و شوێنەکانی دیکە. هەر لەم رۆژانەی ئەو کاتە نوسراوێك بەناوی لقی (٥) پارتی دیموکراتی کوردستان لەرێگای خوالێخۆشبوو (زاهیر حمە تەها)وە وەرمگرت کە تێدا (بەندەو جەلال خۆشناو) ئاگادار دەکات کە وەکو ئەندام لە لیژنەی ناوچەی بەغدای پارتی داندراوین، بەڵام ئەوەی راستی بی من گرنگیم بە ناوەڕۆکی نووسراوەکە نەدا چونکە یەکەم هەموو کاتم بۆ یەکیەتی قوتابیانی کوردستان تەرخان کردبوو، دەشمزانی ئەم نوسراوە بۆ چاوبەستن نەبێت هیچی دیکەی تێدا بەستە نیەو دەشمانزانی کەوا رێکخستنەکانی لیژنەی ناوچەی پارتی لەوکاتەدا لە چەند هەڤاڵێك تێپەڕ ناکات هیچ جۆرە چالاکیەکیان نەبوو ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدا هەبوو ١٠٠٪ چالاکیەکانی یەکیەتی**

**قوتابیانی کوردستان بوو کە پاشان بە بەڵگەی دیکە باسی لێوە دەکەم. بۆ جەلال خۆشناویشم روونکردەوە کە مەبەست لەدانای ئێمە تەنها بۆ (استیعاب) کردنی ئێمە و (استغلال) کردنی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و پێگەیەکەیەتی بۆیە هەردووکمان بە جووتەیەك هەلوێستمان گرتەبەر پاش هاتنی ئەو نامەیەش خودا وەکیلە هیچ بەدواداچوونێکی بەدوا دانەهات تاکو شەوی ١١لەسەر ١٢ی ١٩٧٠/٣ کە تێیدا لەم شەوە رێککەوتننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تێدا راگەیاندار کە پاشان باسی لێوەدەکەم .**

**لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەی رێکخستنی باڵا کە لە ژوورەکەی ئەو خانوەی کە تێدا جەلال خۆشناو دەژیا لە گەڕەکی (السباق القدیم) لەناوچەی (تل محمد) لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٧٠ بەڕێوەدەچوو باس لە بارودۆخی سیاسی و وتوێژی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو حکومەتی عێراق گەرموساردی بەخۆیە دەبینی پاش دیراسەت کردنی بارودۆخ و کێشەکانی ناوەخۆی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بڕیارمان دا کەوا لەپشووی نیوەی ساڵ کە دەکەوێتە نێوانی (١-١٩٧٠/٢/١٥) رۆژێك تەرخان بکەین بەمەبەستی سەردانی ناوچەی گەڵاڵە و پەیوەندی کردن بە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی بۆ ریشەکێشکردنی هەموو ئاستەنگەکانی کە بوونەتە لەمپەر بەرامبەر یەکخستنی ریزەکانی یەکیەتی قوتابیان بەتایبەتیش لەوبارودۆخەی کە لە کوردستان دەگوزەراو رێککەوتین لەسەر رۆژی ١٩٧٠/٢/٥ کەوا لەکۆی ئەو شەش ئەندامەی لیژنەی باڵا کە بریتی بون ل (عادل فازل لیلانی، فەرەیدون عوسمان، جواد شیروانی، رەنج نوری شاویس، جەلال خۆشناو، فەرهاد عەونی) سێ ئەندام دەستنیشان کران بە هەموو دەسەڵاتێکەوە نوێنەرایەتی لیژنەی باڵا بکەن کە بریتی بوون لە (جەلال خۆشناو، جواد شیروانی، فەرهاد عەونی) لەولاشەوە لەگەڵ برایان ئەنوەر عبداللەو قادر حمدامین رێککەوتین بۆ ئەوەی ئەوانیش لەکات و ساتی گەیشتنمان بۆ گەڵاڵە یەکتری بگرینەوە چونکە ئەستەم بوو کەوا هەموومان بەیەك ئۆتۆمبیل و بەیەك کات بچینە ناوچەی ئازادکراوی سەرکردایەتی، چونکە ئاشکرایە کە بەعس ئەمانی نەبوو.**

رۆژی ٢/١ گەڕامەوە کۆیە کە سەرەتای پشووی نیوەی ساڵ بوو باوکم ئاگادار کردەوە لە چوونمان بۆ ناوچەی سەرکردایەتی سەرەڕای ئاگادارکردنی لەو پێشهاتانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسی دەکرا) بەو بڕاویەی شۆڕشی کورد ئۆتۆنۆمی بەدەست دەهێنێ، لەگەڵ جەلال خۆشناویش رێککەوتبووین کەوا بەندە ئیوارەی ٢/٤ لای ئەو دەبم بۆ ئەوەی ١٩٧٠/٢/٥ بەرەو گەڵاڵە بچین.

ئێوارەی ٢/٤ گەیشتمە هەولێر و یەکسەر چوومە ماڵی جەلال و ئەوشەوە پێکەوە لەماڵی ئەوان تاکو درەنگانی شەو باس و خواسمان مەسەلەی سەفەرەکەمان بوو بۆ ئەم مەبەستەش جەلال لەگەڵ (خوالێخۆشبوو (کەریم جەلال خلیل) کە ئەویش ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو لە رێکخستنەکانی هەولێر قسەی کردبوو بۆ ئەوەی لەرێگای مامیەوە (جەمال خەلیل) کە ئەویش خاوەن گەراج بوو بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلێك و شوفێرێکی ئەمینیان بۆ دەستنیشان بکات تاکو بە سەلامەتی بمانگەیێننە گەڵاڵە، سعات (٨:٣٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٧٠/٢/٥ ئۆتۆمبیل و شوفێری دەست نیشانکراو لەبەر دەرگای ماڵی جەلال خۆشناو ئامادەبوو (دایکی جەلال خودا قەبری غەرقی رەحمەت بکات) نەختێ خواردنی سەفەریشی بۆ ئامادەکردبووین بەدەم دوعاو پاڕانەوە لە خودا ئێمەی بەڕێکرد.

جۆری ئۆتۆمبیلەکەم لەبیر نەماوە، بەڵام شوفێرەکەی (وەستا جامیلە)بوو بەقسەی خۆش و ناوە ناوەش بەحەیران گوتن بەرەو مەسیف و شقڵاوە رێمان دەکردو لە چایخانەکەی خوالێخۆشبوو (عەولا بەگ) لە شەقڵاوە لامان داو کەسی لێ نەبوو تەنها عەولا بەگ نەبێت کە دۆست و ناسیاوی جەلال بوو چارەگە سەعاتێك لای دانیشتین و چامان خواردەوە لە رۆیشتندا داوای سەرکەوتنی بۆ کردین بە کاکە جامیلەی شوفێریشی گوت (لە گەڕانەوەت خەبەری دایکی جەلال بدە کەوا بەسەلامەتی گەیشتوون) ئەو رۆژە رۆژێکی ساردبوو ناوە ناوە بارانێکی بەخوڕیش دەباری، لەرێگا لەچەند شوێنێك راوەستاین، سعات یەکی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە دوا خاڵی پشکنینی سەربازی لە جوندیان، سەربازەکان خەریکی نان خواردن بوون سەربازێك لێمان هاتە

**پێشەوە لێی پرسین بۆ کوێ دەچن؟ گوتمان خزمێکی (چەکدارمان) مەبەست لێرەدا جاشە گیراوەو دەچین سەری دەدەین، سەربازەکە هیچ پرسیارێکی دیکەی نەکرد و ئەوجا گەیشتینە سەیتەرەی (بەرزیوە)ی پێش مەرگەی کوردستان خۆمان پێ ناساندن بەرێزەوە بەرێیان کردین، لێرەدا هەستمان بە ئازادی و ئارامی کرد کە گەیشتوینەتە ناوچەی ئازادکراو هیچ جۆرە (ترسێکمان) نەما، بەڵام هەستمان بە برسیەتی کرد کاکە (جامیلەمان) راگرت هاتینە خوار، بەڵام کەشوهەوا زر سارد بوو ناچاربووین لەناو ئۆتۆمبێلەکە خواردنەکەی دایکی جەلال خۆشناو بخۆین کە بریتی بوو لە گۆشتی سوورەوەکراو هیلێکەی کوڵاو و پیازی قاش کراو سماقی سوور، لەگەڵ خواردندا کاکی شوفێر دەیگوت رەحمەت لە دایك و باوکی دایکت کاکە جەلال ماشاءاللة لەو خواردنە بەلەزەتە، بەحەقی خودای قەت خواردنی وا خۆشم نەخواردووە، خوا بەزیادی بکات) نزیك کاتژمێر سێ گەیشتینە گەڵاڵە بە پرسیار ماڵی (برایان عادل موراد، تەحسین ئەتروش، ئیبراهیم حاجی حسین شالی)مان دۆزیەوە کاتێ خۆمان کرد بە خانوەکەیان یەکسەر بەرەو ئێمە هاتن تەواو یەکترمان ماچ کرد لە مەبەستی هاتنمان ئاگادارمان کردن، ئەوان هەرسێکیان لەگەڵ ئێمە هاوڕابوون چونکە ئەوانیش سێ کادری بەئەمەك و دڵسۆزی پارتی بوون، بارودۆخی ئێمەی ئەندامانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانیان باش دەزانی ئاگاداری رەوشی بەغداش بوون پێشوتریش هەموومان هاوڕێ و هەڤاڵی یەکتر بووین لەزانکۆ، بەڵام ئەوان هەریەکە بە هۆکارێك و لە روانگەیەکەوە ساڵ و نیوێك پێش ئەم کاتە پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کردبوو هەر سێکیان وەکو مامۆستای ئامادەیی لە گەڵاڵە دامەزرابوون سەرەڕای کاری پارتایەتی، لەسەر پێشنیاری کاك تەحسین ئەتروشی سەردانی ماڵی شەهید (فەرنسۆ هەریری)مان کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنی مەکتەبی سیاسی و ئاگاداربوونمان لە هاتنی برایان ئەنوەر عەبدولا و قادر حمدامین، ماڵی شەهید فەرنسۆ لەو سەری یان کۆتایی گەڵاڵە بوو، کاتێك گەیشتینە بەردەم ماڵیان پاسەوانەکانمان ئاگادارکردەوە لەو**

چەندوچونەدا بووین شەهید فەرنسۆ لە هەیوانەکەی سەرەوە بەدەنگێکی بەرز فەرمووی لێکردین گوتی (بەخێربێن هەڤاڵینە، (سابیر کە ئەو کاتە لێپرسراوی سەیتەرەی بەرزیوە بوو) کە لە سەیتەرەکەی ئەو دەرچوون ئاگاداری کردم فەرموون ئەوا ئەنوەرو قادریش گەیشتوون و لای منن وەرنە سەرەوە) (کاتێ بەسەرکەوتین ئەنوەرو قادریش هاتنە دەرەوەو چاك و چۆنیمان کرد، ئەوجا لەو ژوورەی کە لێی دانیشتین ژوورێکی مامناوەندی بوو بە (لۆکس)ێکی هەڵواسراو رووناك کرابوو سۆپایەکی داریش کڵپەی دەهات و گەرموگوڕ بوو، کەوتینە قسەو چا خواردنەوە، لەوکاتەدا کاك فەرنسۆ تەلەفۆنی بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا (حەبیب محمد کریم)ی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان کردو گوتی (برادەرانی قیادەی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان ئێستا لای منن بۆ لای ئێوە هاتوون، هەندێ کێشەیان هەیە، تکایە سبەی وەعدێکیان بۆ دابنێن) لەولاوە دیاربوو کاك حەبیب پێی راگەیاند کە ئەوان یانی مەکتەبی سیاسی (سعات ١٠)ی بەیانی چاوەڕوانمان دەکەن.

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٧٠/٢/٦ بەرەو بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی ناوپردان چوین رۆژێکی ساردی باراناوی بوو، بارەگای مەکتەبی سیاسی خانوێکی قوڕ بوو، بەڵام پاك و خاوێن بوو کە تێیدا خوالێخۆشبووان (حەبیب محمد کریم، حمدأمین بەگ لەگەڵ مامۆستا عەلی عبدالله و یدالله کریم) دانیشتبوون، کاتێ گەیشتین زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین لەسەرەتادا کاك حبیب کە ئەو کاتە سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو رووی لە کاك (عەلی عبدالله) کردوو بە زمانی عەرەبی گوتی (کاکە علی نتوکل علی الله) کاك عەلیش بە بەڵێ جوابی دایەوە، ئەوجا کاك حەبیب بەکوردی گوتی :

**حبیب محمد کریم**: فەرموون بزانین چیتان لە (جوعبە) دایە؟

**فەرهاد عەونی**: لە پێشەوە سوپاستتان دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە، ئێمە سەرەڕای دیداری ئێوە مەبەستی هاتنی ئێمە بۆ سێ مەسەلەیە (یەکەمیان زانینی تازەترین هەواڵی مفاوەزات لەگەڵ میری، دووەمیان کارو چالاکیەکانی

خۆمانتان بۆ باس بکەین چونکە ئێمە ماوەیەکە رووبەڕوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دانەنیشتووین، دووجار ئەوەبوو من و کاک جەلال خۆشناو لە کۆتایی مانگی ٨ی ١٩٦٧ بە جووتە هاتینە لاتان و باسمان لە ئاسەواری خراپی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان کرد کە لە نێوانی (١٤ – ١٦)ی مانگی ٧ی ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی (تیمزاوە) بەستراوەو کاتی خۆشی بەدرێژی باسی ئەم بابەتەم لەگەڵ ئێوە کردووە، بەڵام بەداخەوە مەسەلەکان وەکو خۆی ماوەتەوە مەکتەبی سکرتاریەت هەر بەناو مەکتەبی سکرتاریەت بوو.

**ئەنوەر عبدولا**: (قسەکەی پێ بڕیم گوتی) ئای لەو قسە چۆن مەکتەبی سکرتاریەت هەر بەناو مەکتەبی سکرتاریەت بوو؟

حەبیب محمد کریم: کاکە ئەنوەر سەبر بگرە (بالسرە)

**فەرهاد عەونی**: کە دەڵێم هەر بەناو مەکتەبی سکرتاریەت بوو لە هەوا قسە ناکەم فەرموون ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، رێکخستنەکانی بەغدا و دەوروبەری کێ رێکی دەخا و لێی بەرپرسیارە، خانەقین و زانکۆی بەسرە کێ رێکی دەخا ئەوەتا کاک جەواد شێروانی ئەڵقەی پەیوەندییە و چەند جارێك سەردانی بەسرەی کردووە) ئەوجا هاتمە سەر جۆری رێکخستن، چالاکیەکان، پەیوەندیەکانمان سەردانی وەفدی مفاوزات بە دورودرێژی، لە کۆتایشدا بەناوی برادەرانەوە داوای چارەسەرێکی گونجاوی ئەو بۆشاییەم کرد کە لەنێوان مەکتەبی سکرتاریەت (کە تەنها لەچوارچێوەی کاك قادر حمدامین و ئەنوەر عبدولاوە بوو.

**مامۆستا حبیب محمد کریم**: کاك ئەنوەر فەرموو (قول ما عندك من حچی)

**ئەنوەر عبدالله**: ئەو برادەرانە رێزم هەیە بۆیان هیچ اعتبارێك بۆ مەکتەبی سکرتاریەت دانانێن بەکەیفی خۆیان سەربەخۆ تەنزیمات دەکەن، بەیان دەردێنن، ئەوە چۆن وا دەبێ، شەرعیەتیان نیە، دەبی حەدیان بۆ دابندرێت.

**عبدالقادر حمدامین**: كاك حەبیب بەڕاستی خوا قەبوڵ ناكا ئەگەر بڵێم ئەو برادەرانە ئیشیان نەكردووە، والله ئیشی زۆر باشیان كردووە، بەس وەكو پەیوەندی لەگەڵ ئێمە موتەفیق نین، بەڵام دۆستایەتیم لەگەڵ كاك فەرهاد و كاك جەلال و كاك جەواد زۆر خۆشە، بەڕاستی دەبێت مەكتەبی سیاسی چارەسەری ئەم موشكیلەیە بكات.

**مامۆستا حبیب محمد كریم**: بارك الله كاك قادر قسەكانت لەبای مەعقولیەتن انشاءاللة حەلتان بۆ دادەنێین.

**مامۆستا عەلی عبدالله**: وابزانم ئێوە هەردوولا خیلافتان لەسەر ئامانج نیە هەموو كوڕی ئەم شۆڕشە و پارتین خیلافتان شتێكی جەوهەری نیە، پێویستە پێكەوە ئیش بكەن، وەزعەكە ناسكە دەبێت یەك یەكیەتی قوتابیانی كوردستان هەبێت، ان شاءاللة لە كۆنگرەی داهاتووتان ئەو كەموكوڕیانە چارەسەر دەكرێن.

**یدالله كەریم**: كاكە ئەمە كەی موشكیلەیە؟ توكلو على الله

**قادر حمدامین**: قسەكانتان لەسەر سەرم راستە وەكو كاكە یدالله دەڵێ ئەمە كەی موشكلەیە.

**جلال خۆشناو**: باشە ئێمە بۆچی هاتووینەتە ئێرە، چونكە موشكیلە هەیە، كاك ئەنوەرو كاك قادر حەقی ئەویان نیە بەناوی مەكتەبی سكرتاریەت قسەبكەن، چونكە ئەوان چەند ساڵە داریان لەسەر بەرد دانەناوە.

پاش قسەكانی جەلال خۆشناو قسەكان توندتربوون بەڕادەیەك منیشی تووڕەكرد و هەڵسامە سەرپێ ویستم قسەی زیاتر بكەم، بەڵام مامۆستا حەبیب گوتی:

**مامۆستا حەبیب**: المسألة وما بیها قابلة للحل الاخوان قادر وانور من مكتب السكرتارية وانتم الابطال الحركة الفاعلة في مفاصل و مرافق اتحاد طلبة كوردستان، كلكم سواسية لحين انعقاد المؤتمر السادس. ان شاء اللة تنجح المفاوضات و تعقدون مؤتمركم العتيد، المهم الان المكتب السياسي متفق علي صيغة وسطية وهي الكل يعملون تحت اسم هيئة التظيم المركزي لأتحاد طلبة

**كوردستان) لحين انعقاد المؤتمر، توكلو علي بركة اللة وعاشت اخوتكم والسلام.**

**پاش گفتوگۆكردن لەسەر هەندێ وردەكاری هەردوولامان گەیشتینە ئەو قەناعەتە كە بارودۆخەكە ئەوە دەخوازێ كە هەر هەموویان پێكەوە لەژێر ناوی (رێكخستنی ناوەندی یەكیەتی قوتابیانی كوردستان) كار بكەین وەكو یەك گروپ تاكو بەستنی كۆنگرەی شەشەم گرووپەكەش بەم شێوەیەی خوارەوەو لەو قوتابیانە پێكهات:**

1. **انور عبدالله**
2. **قادر حمدامین**
3. **رەنج نوری شاویس**
4. **عادل فازل لیلانی**
5. **جلال سلیم خۆشناو**
6. **فەریدون عوسمان**
7. **جواد شیروانی**
8. **فەرهاد عەونی.**

**هەر لە هەمان دانیشتندا نوسراوێك بەناوی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان لەسەر كاغەزێكی تەنكی چاپكراو تەنها دانەیەكیان بەمنداو كیشەكان تا رادەیەك چارەسەركران بە شێوەیەك (لێپرسراویەتی بە دەستی جەمعی دەبێت و بەپێی پێویست دابەش دەكرێت.**

**نانی نیوەڕۆمان لەسەر (خوانە) سادەكەی مەكتەبی سیاسی خوارد كە بریتی بوو لە شلەو برنجێكی رووت وە لەكاتی قسەكردندا رووی قسەم لە مامۆستا حەبیب كردو گوتم دەكرێ بەناوی برادەرانەوە داوایەك بكەین، هیوادارین داوایەكەمان بێتەدی چونكە بۆ ئێمە دەبێتە سەركەوتنێكی گەورەتر، داوایەكەشمان بریتیە لە (دیداری بارزانی) كە ئاواتی هەموومانە)، هەر ئەو كاتە مامۆستا حەبیب دەستی دایە تەلەفۆنە رەشەكەی سەر مێزی تەنیشتی كە بە وەیارێكی رەش (ربط) كرابوو بای دا، كاتێ لەولاوە گوێی لە وشەی (هەلاو)**

بوو گوتی (برایان کە بەرزترین هیئەتی سەرکرایەتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانن لە بەغداوە هاتوون، حەزدەکەن جەنابی بارزانی ببینن، پێویستە موداراتیان بکەین)، ئێمە هەموومان بێدەنگ بووین نزیکەی چارەگە سعاتێکی پێچوو کاتێك زەنگی تەلەفۆنەکە لێی داو لەگەڵ هەڵگرتنی سەماعەکەی لەلایەن کاك حەبیبەوە زانیمان کەوا موژدەی دیداری بارزانیمان بۆ رێکخراوە هەر هەمان ئەو ئێوارەیە لەماڵی خۆی لە (گوندی دیلمان) لە خزمەتیدا دەبین.

**دیداری بارزانی لە دیلمان**

سەر لەئێوارەی رۆژی ١٩٧٠/٢/٦ کاتێکی سارد بوو بە ئۆتۆمبیلێکی رەنگ سەوزی جۆری لاندرۆفەر لەبارەگای مەکتەبی سیاسیەوە لە ناوپردانەوە بەرێکەوتین کە لە نێوانی گەلاڵە و چۆمانە لەنێوانی دۆڵێکی دەورە دراوی بەزنجیرە چیایەکی بەرز و سەرکەش کە لەساڵی ١٩٦٢ەوە ئازادکرابوو ئۆتۆمبیلەکەمان پێشمەرگەیەکی شارەزا لێی دەخوڕی رێگایەکەش لە ناوپردانەوە بەرەو رێگای گشتی گەلاڵە، جۆرە بێدەنگیەك باڵی بەسەرماندا کێشابوو رووومان لە جامی پێشەوەی لاندرۆفەرەکە بوو کە بەفرێکی تەنکی بەسەردا دەکەوت، بەڵام فلْچەی پاککردنەوەی جامەکە کە دەنگێکی بیستراوی لێدەهات نەیدەهێشت بەفرەکە پێش جامی ئۆتۆمبیلەکەمان لێ بگرێت، زۆری پێنەچوو کە بەلای دەستە چەپی رێگای هاملتۆن لایدا و لەپردی زەرد پەڕییەوە بەلای رێگایەکی قیرتا و نەکراودا تاکو گەیشتینە گوندی (قەسرێ) بە گەیشتنمان بۆ قەسرێ شوفێرەکەمان لەبەردەم خانویەکی لەقوڕ دروستکراودا راوەستا کە تێیدا چەند پێشمەرگەیەك بە چەکەوە پاسەوانیان لێدەکرد و هاتە خوارێ بۆ پێنج چرکەیەك چووە ژوورەوە پاشان لە گەڕانەوەیدا پێشمەرگەیەکی دیکەی لەگەڵدا بوو ئەویش سەرکەوتە ناو ئۆتۆمبیلەکە ئەوجا بەرەو رۆژهەلاتی قەسرێ دا کە یەك پارچە بەفر داپۆشیبوو بەرێکەوتین ناو ئۆتۆمبیلەکەش ساردبوو (پێیەکانمان) (سڕ) ببوو، بەڵام ئەوەی گەرمی دەکردینەوە دەنگی زوڵاڵی (کاوێس ئاغا) بوو کە (لاوك)ـی دەچڕی لە شریتی

کاسیێتێکی ئەو ریکۆردەرەی کە لە (دەشبولی) پێشەوە قایم کرابوو رێگاکە بەفر گرتبووی، بەڵام شوفێرەکەمان دەیزانی چۆن ئۆتۆمبیلەکە دەرباز دەکات، هێندەی پێنەچوو لێرەو لەویّ چەند پێشمەرگەیەك دەرکەوتن کە بەچەکی کلاشینکۆفەوە لە بن دارێك یان لە پەناگەی چەند بەردێك راوەستابوون بەشێوەیەك دەتزانی کە ئەو (پیاوانە) پاسەوانی شوێنێکی (گرنگ) دەکەن شوێنەکەش بە تەخمینی ئێمە شوێنی حەوانەوە و ماڵی ئەو (شێرە پیاوەیە) کە هەموو کورد لەژێر فەرمانی ئەودا تێدەکۆشن هەریەکە و بەشێوەیەك بەرەو ئاسۆیەکی گەشی ئایندەدا، هەستمان کرد ئێمە لە شوێنی مەبەست نزیك بووینەتەوە بەتایبەتیش کاتێك لە دووری (٢٠٠) مەتریك (دوکەڵی) لوولەی سۆپای دارمان لەسەربانی ئەو چەند خانووە قوڕەی کە بەدیار کەوتن دەدیت، لێرەدا ئۆتۆمبیلەکە راوەستا چونکە بەفر بە رێژەیەکی باش باریبوو، ئێمەش لەگەڵ شوفێر و پێشمەرگەکە دابەزین لە پشتیانەوە رێمان دەکرد بیّ ئەوەی دەنگمان لێوەبێت، پاش کەمیّ رۆیشتن رووبەڕووی (تۆپێکی) دژە ئاسمانی بووینەوە کە دوو پێشمەرگە لە دەوریا بوون زۆر بە وریاییەوە رەفتاریان دەکرد و چاویان لە خواروی رۆژئاوادا بوو، ئێمەی شاندی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان باوەڕناکەم هیچمان شتێکی ئەوتۆمان لەبیر بێت لەوکات و ساتەدا تەنها دیداری ئەو سەرکردەمان لەبیر بوو، بەڵام لەپڕ کاتیّ ئێمە لەنێوان ئەو چەند خانووە قوڕە رێمان دەکرد دەنگێکی بەرز هاواری بەخێرهێنانی لێکردین کە ئاوڕمان دایەوە (فرەنسۆ هەریری) بوو کە لە هەیوانی پێشوەی یەکیّ لەو خانوە قوڕانە راوەستابوو، بەدەست ئیشارەتی بۆ کردین کە بۆلای ئەو بچین، بەندە دەمێك بوو ئەو پیاوەم دەناسی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩ کاتیّ لەگەڵ تیپە وەرزشییەکانی هەولێر هاتنە کۆیە، لەوکاتەوە چ وەکو وەرزشوان چ وەکو پێشمەرگەیەکی بە وەفا بۆ بارزانی و رێبازەکەی، لە هەموو قۆناغەکاندا دۆستایەتی و برایەتییەکەمان بەردەوام بوو.

کاتیّ لێی نزیك بووینەوە باوەشی بۆ کردینەوە و گوتی (بە جلە ئەفەندیەکانتان دەڵیّ غەریبن لێرە)، ئەوجا هەر ئەو کاتە لە کاکە (فەرنسۆ)مان

زانی کەر هەر لەم خانوە قوڕەدا کە ئەو لە هەیوانەکەی راوەستاوە دیداری بارزانی دەکەین و هەندێ رێنمایی کردین لە هەڵسوکەوتماندا بەتایبەتی پێی گوتین (ئاگاداربن وشەی جەناب و مامۆستا و شتی لەم شێوەیە لە حزوری ئەو (بارزانی) بەکار نەهێنن، چونکە بارزانی بە سروشتی خۆی رقی لەم پیاهەڵدانەیە) و پێشی راگەیاندین کە خوالێخۆشبوو (ئیدریس بارزانی)یش لە ژوورەوەیە.

نزیك کات ژمێر (٥)ی ئێوارە بوو کاتێ چووینە ژووری خانوەکە کە(بەلوکس) روناك کرابووەوە و لەوێدا رووبەڕووی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بووینەوە و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی وتوێژ لەگەڵ حکومەتدا و دیسان ئەوەی دووبارە کردەوە کە ئەوان یانی شۆڕش (بە کەمتر لە ئۆتۆنۆمییەکی چەکدار) بۆ کوردستان رازی نابن، سەرەڕای هەندێ بابەتی دیکەی جیاواز کە لە ئاکامی شەڕی سەپێندراو دروستبووە.

لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە (بارزانی)مان لێ بەژوور کەوت کە وەکو (شێر) دەهاتە بەرچاو و ئێمە هەڵساینە سەرپێ بۆ پێشوازی لێکردنی یەکە یەکە تەوقەی لەگەڵ کردین و فرەنسۆش بەناو ئێمەی پێشکەش دەکرد، ئەوکاتە من بۆ حەوت ساڵ گەڕامەوە دواوە بۆ ساڵی ١٩٦٣ کاتێ بارزانیم بۆ یەکەمین جار لە کۆیە و لەماڵی کاکە زیاد اغای غەفوری بەدیداری شادببووم، بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و دانیشت و داوای لە ئێمەش کرد دابنیشین، چەند چرکەیەك ژوورەکە بێ قسەبوو ئێمەش بیرمان لە وشە و رستەی گونجاو دەکردەوە بۆ دەسپێکی دانیشتنەکە، بەڕێزیان دەستی بە جگەرە کێشان کرد بەو (دار جگەرەی) کە لەبەر پشتێنی دەریهێنا و جگەرەی (لەف) کراوی پێ دەکێشا لەگەڵ مژلێدانی یەکەم جگەرە فەرموویان (هەواڵەکانی ئێوەم پێدەگات و باسی ئێوەم بە باشی پێ دەگات میللەتی ئێوە پێویستی بە هەوڵ و کۆششی ئێوە هەیە، بۆیە ئێوەش لە پێناویدا بە شێوازی دیکە کاری بۆ دەکەن، کوردستان لەوەش زیاتری دەوێ، کورد گەلێکی زۆر لێکراوە و مێژوو غەدری

لێکردووه و دوژمنانی لێره و لەوێ پیلانی له دژ دەگێڕن، کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە پڕە له کانزای بەنرخ که بەژمار نایه، بۆیه پێویسته لەسەر هەمووڵایەك داکۆکی لێ بکەین هەریەك به شێوازی خۆی، من بەئەرکی خۆمی دەزانم که ئامۆژگاریتان بکەم (غرور) نەتان گرێ هەرچەندە پلەوپایەتان بەرز بێت چونکه (غروری) جوانییەکانی ئینسان رەش دەکاتەوه.

کاتێ ئەو قسانەی دەرکرد دوو مرۆڤ به خۆیان و به (سفره) و قاپ و کەوچك هاتنه ژوورەوه سفره نایلۆنەکەیان راخست پاشان لەسەر (سینیەك)ی فافۆن خواردنیان هێنا که بریتی بوو له (برنج و شلەی پیاز و تەماته و مریشك) خواردنەکە زۆر ساده بوو که نیشانەی (ساده)یی و گەورەیی ئەو سەرکردەیەی دەکرد له کاتێکدا سەرکردەیەکی وا گەوره بەو سادەییه دەژیا، کاتێ ئێمه هیچمان دەستمان بۆ گۆشتی مریشکەکه نەبرد نازانم هۆکارەکەی چی بوو، بەڵام جەنابی بارزانی بەدەستی خۆی مریشکەکەی لەت کرد و گوتی (وا دیاره له ماڵەوه هەر ئەو مریشکه هەبووه، ئەویش له خۆشەویستی ئێوه لێندراوه چونکه دەزانن له بەغداوه هاتوون، باشه کوڕم بۆ نایخۆن) لەگەڵ نانخواردنەکە هەندێ قسەی جۆراوجۆر دەرکرا چ دەربارەی وەزعی ئێمەی قوتابیان له بەغدا چ له قسه ناو ئاخنەکانی فەرنسۆ که هەمووی پێدا هەڵگوتن بوو به ئێمه.

پاش نانخواردن چەند جارێك (چا)مان بۆ دەهات بارزانیش زوو زوو جگەرەی لەڤ دەپێچایەوه بەدار جگەرەکەیەوه مژی لەسەر خۆی لێدەدا، پاش نەختێ بارزانی تەماشایەکی خێرای هەموومانی کردو گوتی:

**بارزانی**: وا دیاره کەستان جگەره ناکێشن؟

**جەلال خۆشناو**: لەناو ئێمه تەنها (فەرهاد) جگەره دەکێشی (من لەلای چەپی بارزانی له نزیکیەوه دانیشتبووم، جلال لەگەڵ قسەکانی بەدەست ئیشارەتی بۆ من کرد.

**بارزانی**: باشه کوڕم مادام جگەره کێشی بۆ لێره ناکێشی.

**فەرهاد**: قوربان له حزوری جەنابت ناتوانم جگەره بکێشم.

**بارزانی**: کوڕی خۆم بۆ پیاوی جگەرەکێش زەحمەتە جگەرەی لێ مەنع بکرێت ئەوجا بەهەر سەبەبێك بێت بەتایبەتیش لە دانیشتنێك کە قسە و باسی سیاسەت بێت (لەگەڵ قسەکانی بەدەستی خۆی جگەرەیەکی بۆ پێچامەوە و بەسەری دار جگەرەیەك کە لە بن ئەو دۆشەگەی لەسەری دانیشتبوو دەریهێنا و قایمی کردو دایە دەستم و گوتی بزانە ئەم توتنە لە توتنی جگەرەی پاکەت خۆشتر نیە؟!

**فەرهاد**: بە سوپاسەوە دار جگەرەکەم بە جگەرەوە لێ وەرگرت و یەکسەر پێم کرد و دوو مژم لێدا گوتم (قوربان ئەم توتنە سروشتیە و هیچ مادەیەکی کیمیاوی تێکەڵ نەکراوە، دەڵێی رۆنە بە سوکی دەچێتە ناو قورگەوە و دەچێتە خوارێ.

دانیشتنەکەمان زۆر سادە و بێ تەکلیف بوو لەگەڵ ئەو هەموو (هەیبەتەی) کە کەسایەتی بارزانی هەیبوو کە وەکو سەرکردەیەکی ئەفسوناوی دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئێمە هەستمان بە دانیشتنێکی زێدە دۆستانە و دڵسۆزانە دەکرد، لێرەدا من هەڵم قۆستەوە کەوتمە قسەکردن بە شێوازی پرسیار پاشانیش برادەرانی دیکەش رێگایان بۆ کرایەوە کە هەرکەس لەلای خۆیەوە بە نۆبە پرسیاریان دەکردو دەکەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی کە ئەم شێوازەی خوارەوەی گرتبوو بەخۆیەوە کە هەموویان لێرەدا لە نێوان بارزانی و قوتابیەك چڕ بۆتەوە، کە ئەویش ناوەڕۆکی کاملی قسەوباسەکانی ئەم دانیشتنە لەم شەوە مێژوویەدابوو:

**قوتابییەك**: لە ئێستادا گفتوگۆ (حیوار) لە نێوان شۆڕش و حکومەتی بەغدادا هەیە زۆر نووسەر و سیاسەتمەدار لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە بە دیارترینیان کاك (حەمید عوسمان)ە، کە بەناوی سەلیم سوڵتان نوسیویەتی لەژێر ناوی (چۆن و بە چ رێگایەك چارەسەری کێشەی کورد دەکرێت) (کیف السبیل إلي حل القضیة الکوردیة؟) وەکو ئاشکرایە حەمید عوسمان لە ئێستادا لەسەرچاوەی بڕیار لە بەغدا نزیکەو بە دیارترین رستە لە ووتارەکەیدا دەڵێ ((پشت بەستن بە چڵکاوخۆرانی گەلی کورد (حثالات الشعب الکوردي) بۆ

لێدانی گەلی کورد مەسەلەیەکە دوورە لە ژیرەیی (منطق)، ئەمەیان ئاڕاستەیەکی باشە کە حکومەتی بەغدا بەلایدا دەڕوات پاش ئەوەی حکومەت گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی راستەوخۆ نەکرێت سوودی نیەو ناگەنە چارەسەرێکی ئاشتیانەی دیموکراتیانە، وابزانم وتارەکەی حەمید عوسمان تەعبیر لە بۆچوونی بەعسدا دەکات لە ئێستادا بە ئاراستەیەکی باش گوزەر دەکات.

**بارزانی**: زۆر گوتومانە و دووبارەمان کردووەتەوە کە ئێمە داخوازی شەڕ نین، ئەم شەڕەمان لەسەر سەپێندراوە بەزۆری، هەوڵی بێ وچانمان دا لەگەڵ حکومەتی عبدالکریم قاسم کە توشی کێشە نەبین و لەسەر هەمان سیاسەتی ساڵی یەکەمی حکومەتەکەی بڕوات، ئێمە خوازیاری شەڕ نەبووین، بەڵام بارودۆخەکە بەلایەکی دیکەدا رۆیشت بەهۆی ئەو دەروپشتەی کە چوار دەوری عبدالکریم یان تەنیبوو لە پیاوی خراپ و دووڕوو ئەویش یانی (عبدالکریم) نەیتوانی چاك و خراپ لێك جیابکاتەوە و لەماڵی خۆمان شەڕی پێفرۆشتین لە کاتێکدا ئێمە نە چەکمان هەبوو نە ئامادەی شەڕیش بووین چەندین پیاوخراپی وەکو (کەمال عوسمان)ی لە خۆی نزیك کردبووەوە کە بوونە هۆکاری زەرەرو زیانێکی زۆر بۆ هەموو لایەك.

**قوتابی**: باشە کەمال عوسمان سیاسەتمەدارێکی رۆشنبیر نەبوو کە عبدالکریم قاسم ئیعتیمادی لەسەر بکات.

**بارزانی**: بە بزەیەکەوە، مرۆڤی رۆشنبیر و سیاسەتمەدار نا، سیاسەتمەداری رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە پێویستە نێوانی چاکە و خراپە بزانێت و چاکە هەڵبژێرێ، رەش و سپی چۆن جیاوازیان نیە، دیسان مرۆڤی رۆشنبیر دەبێت و پێویستە لایەن و رێزی گەلەکەی خۆی هەڵبژێرێت نەك بکەوێتە گۆمی خیانەت و میللەت فرۆشتن.

گەلی کوردستان لە تێکۆشانی بێ وچان دایە بەرامبەر زوڵم و زۆرداری، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاکە نەمان توانیوە ئامانجی گەلەکەمان بەدیبهێنین سەرەڕای ئەو قوربانیە زۆرەی کە داویەتی و ئەو بەرەنگارییە پاڵەوانیەتیەی کە

بەرامبەر دوژمنانی راوەستاوە و بەندە ترسی لە خودای گەورە هەیە لەرۆژی قیامەتدا کە موحاسەبەمان بکات کە سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و تێکۆشانەی گەلەکەمان نەگەیشتووینەتە ئامانج، بەڵام خودا وەکیلە درێغیمان نەکردووە ان شاءاللة بەڕویێکی سپی لە حزوری خودا دەردەچین چونکە توانیومە...

**قوتابی**: باشە لەگفتوگۆ لەگەڵ حکومەت گەیشتوونەتە کویێ؟ و تا چەند گەشبینن بە ئاکامی؟

**بارزانی**: چەند کەسایەتیەکی حکومەت سەردانیان کردووین تاکو ئێستاکە وەعد و وعودیان داوە کە بەرامبەر ئەو خراپکاریانەی کردویانە بەرامبەر گەلی کوردستان راستی بکەنەوە و چاکی بکەن و دان بە مافەکانمان دابنێن و قەرەبووی زەرەر و زیانەکانمان بکەنەوە.

**قوتابی**: دەربارەی کەرکوك، چ هەیە؟

**بارزانی**: هەموو لایەك دەزانن کەرکووك شارێکی کوردییە و دڵی کوردستانە ئەمە حەقیقەتێکە بۆیە بەهیچ شێوەیەك رازی نابین شتێك بە پێچەوانەی ئەو واقیعە بکرێت، تەنازول لەیەك بست خاکی کوردستان ناکەین، با من چیرۆکێتان بۆ بگێڕمەوە، بێ گومانم لەوەی کە دەیزانن هەرێمی (ئەلاسکا) هەرێمێکی سەر بە روسیا بوو، کاتی خۆی (روسەکان) بە ئەمەریکایان فرۆشت بە نرخێکی هەرزان، فرۆشتنی خاکی وڵات نرخەکەی چەندیش گران بێت هەر هەرزانە و قەرەبووی ناکرێتەوە، ئەم فرۆشتنەی ئەلاسکا دەمێکە روویداوە، بەڵام سوێندتان لەسەرم نیە، کە دەربارەی ئەو راستیەی کە تاکو ئێستاکەش ئەلاسکاییەکان (هاووڵاتیانی ئەلاسکا) لەعنەت لە قەیسەرەکانی روسیا دەکەن کە ئەلاسکایان فرۆشتووە بە ئەمەریکا، بەندە هیچ کاتێك تا لە ژیاندا ماوم رازی نابم مساوەمە لەسەر خاکی کوردستان بکرێت، چۆن رێگا بە خۆم دەدەم مێژوو لەعنەتم لێ بکات، رۆژی قیامەت بەسەرێکی بەرزەوە وەڵامی خودای پەروەردگار دەدەمەوە، (لەو کاتەدا ئەوەی لە بارزانی بەدی دەکرا زۆر بە متمانەوە قسەی دەکرد، کە ئەو پیاوە سەرکردەیە بەهیچ شێوەیەك سازش

لەسەر ماڤ کورد و خاکی کوردستان ناکات، جارێکی دیکە جگەرەیەکی دیکەی پێچایەوە و دایگرساند و ئەوسا هاتەوە قسەکردن و گوتی) ئێمە بڕوامان بە شکلیات نییە، ناوەڕۆك لای ئێمە گرنگە، گرنگترین بابەت لای ئێمە چەسپاندنی سنووری کوردستانە لە چوارچێوەی وڵاتی عیراقدا.

دیسان لێرەدا بارزانی باسی روداوێکی چەند رۆژێك پێش ئەوکاتەی کرد، کاتێ وەفدی گفتوگۆی حکومەتی عێراقی لەگەڵی کۆبوونەتەوە گوتی (وەفدی حکومەت لێرە بوون بریتی بوون لە حەردان تکریتی، حەماد شهاب، عبدالله سلوم سامرائی و ئەوانی دیکە.. کاتێ باسی کەرکوکم بۆ دەکردن کە جوغرافیا و مێژوو ئیسپاتی کوردستانییەتی کەرکوك دەکەن، عبدالله سەلوم قسەکانی پێ بڕیم (لێرەدا بارزانی قەڵەمێکی دەرهێنا و لاسایی عبدالله سەلومی کردەوە کە چۆن قەڵەمەکەی بەرز کردوەتەوە، گوتویەتی ((ئێمە بڕوامان بە کوردستانیەتی کەرکوك نییە، کەرکوك کەی کوردستانە؟)) لێرەدا بارزانی کەوتە حاڵەتێکی توندتر و گوتی (کاتێ گوێم لەو قسانە بوو زۆر بە توندی بەرپەرچی عبدالله سەلومم دایەوە و گوتم: لەڕووی جوغرافیاوە ئاشکرایە زنجیرە چیای زاگرۆس کە شۆڕ دەبیتەوە تاکو بە زنجیرە چیای حەمریندا بەرەو خوار تێدەپەڕی کە کەرکوك دەکەوێتە رۆژهەڵاتی حەمرین، کوردستانە ئەم جوغرافیایە کە مێژوو دروست دەکات لەڕووی مێژووشەوە تەنها یەك راستیتان پێ دەڵێم کە زۆر سادەیە ئەویش ئەوەیە تاکو ئێستاکە (ساڵی ١٩٧٠) تەنها عەرەب لە کەرکوك گۆڕستانی نیە، کورد، تورکمان، مەسیحی، تاکو ئینگلیز لەم شارە گۆڕستانیان هەیە و مردووی خۆیان تێدا شاردووەتەوە تەنها عەرەب نەبێت کە قەبرستانی لە کەرکووك نییە، چونکە ئەوان یانی عەرەب و حکومەت (حکومەتەکانی عیراق لە سەردەمە جیاوازەکاندا) لە شوێنی بابوباپیریان گۆستنیانیەتەوە بۆ کەرکوك یاخود بە مێوانی هاتوونەتە ئێرە. جەنابت چۆن ئیسپاتی دەکەی کە کەرکوك کوردستان نیە، ئەم قسەیەی تۆ تەنها ملهوڕییە و هیچی تر (بارزانی لە درێژەی قسەکانی گوتی) من هەڵسامە سەرپێ و ویستم بڕۆم رووم لە ئامادەبووان کردو گوتم من لەگەڵ پیاوی نەزان بە جوغرافیا و مێژوو مفاوەزات ناکەم، بەڵام حماد

شهاب و حەردان تکریتی پێشیان لێ گرتم و نەیان هێشت مەجلیسەکە بەجێ بهێڵم و هەر خۆیان عبدالله سلومیان کردە دەرەوە و ئینجا دەستمان بە گفتوگۆ کردەوە. ئەمانە نەزانن عەقڵیان لە مێشکدا نیە، بەڵام چی بکەین کاتێ سیاسەت توشی ئەم جۆرە نەزانانەت دەکات.

**قوتابی**: باشە هەڵوێستی شای ئێران چۆنە دەربارەی مفاوەزات.

**بارزانی**: ئێمە بەرژەوەندی گەلی خۆمان لەسەر هەموو بەرژەوەندیەك دادەنێین، ئەوەی ئێمە پێی هەڵساوین بزوتنەوەیەکی داکۆکی کردنە لە خۆمان، ئەگەر هاتو زوڵم و زۆرداریمان لەسەر نەما ئەوکاتە قبوڵی ئاشتی دەکەین، بەڵام لێرەدا من پێتان دەڵێم بەهیچ شێوەیەك بڕواو متمانەم بە (شا) نیە، کاتێ جەماعەت (مەبەستی باڵی مەکتەبی سیاسی) بوو ساڵی ١٩٦٤ چوونە ئێران لەسەرەتادا ویستیان لە سنوری نێوان کوردستان و ئێران جوڵانەوەی چەکداری بکەن و وەڵامم بۆ شا ئەوەبوو کە بە ئێرانیەکان راگەیاندرا (لێرەدا دیسان بە تووڕەبوونەوە قسەی کرد) ئێمە ئازادین لە وەڵامدانەوەی هەر جۆرە کردارێك کە بەرامبەرمان دەکرێت، لە تواناماندا هەیە لەودیو سنوور کێشە بۆ ئێرانییەکان درووست بکەین، بۆیە وا باشترە شەڕمان پێ نەفرۆشن، پاش ماوەیەك شاو دارودەستەکەی کەوتنە نێوان بۆ گەڕانەوەی جماعەت (باڵی مەکتەبی سیاسی) بۆ کوردستان بۆ ناو شۆڕش و ئێمەش لەپێناو بەرژەوەندی گشتی قبوڵمان کردو جەماعەت گەڕانەوە.

**بارزانی**: دەنگو باسی بەغدا چیە؟

**قوتابی**: دیسان دێمەوە سەر نوسینێکی دیکەی (سەلیم سولتان) کە لە رۆژنامەی (الثورة) لەم دوایانەدا نوسیبووی کە تێیدا دەڵێ (تۆپە بە قاچاغ هاتووەکان کە لە رێگای حاجی ئۆمەرانەوە بۆ کوردستان دێت، ناتوانێ روناکی چرایەکی بەغدا بکوژێنێتەوە لەهەمان کاتیشدا گەیشتنی سوپای عێراق بۆ (گەڵاڵە) مانای کۆتایی هاتن بە کێشەی کورد نیە!

**بارزانی**: ئەمە راستە من پێشووتر ئەم راستیەم بە حمید عوسمان گوتوە کاتێ ساڵی ١٩٦٥ بە نوێنەرایەتی شۆڕش ناردمە قاهیرە لەسەروبەندی هاتنی

(خروشوف)ی سەرۆکی سوڤیات بۆ وڵاتی (میسر) بە مەبەستی ئامادەبوون لە کردنەوەی پرۆژەی (السد العالی) کە روسەکان بە دروستکردنی هەڵسابوون، دەشمزانی کە عبدالسلام عارف سەرۆك کۆماری عێراقیش دەچێت لەم موناسەباتەدا

بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك بڵێم کە چارەسەری کێشەی کورد بە هێز ناکرێت، نە ئێمە چرای بەغدامان پێ دەکوژێتەوە نە بەغداش دەتوانێ رۆژێك لە رۆژان کورد لەناو ببات، شۆڕشی کورد بزوتنەوەیەکی داکۆکی کارە دژ بە زوڵم و زۆرداریە، باشە ئێمە چی بکەین فەرمانڕەوایانی بەغدا بە پارەی ئێمە تەیارەو قومبەلەی ناپالم و چەك دەکڕن بۆ لەناو بردنی ئێمەو زۆر سەیریشە بە حەقی دەزانن و حەلالی دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە حەرامی دەزانن کە کورد دیفاع لە شەرەف و کەرامەتی خۆی بکات بە خیانەتی دەزانن بەرامبەر عێراق، ئەگەر کورد کۆنە تفەنگێك یان کۆنە تۆپێکی زەمانی شەڕی جیهانی دووەم پەیدا بکات دونیا کاول دەبێت، هەزارو یەك ناو و ناتۆرەی بۆ دەدۆزنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەربارەی ئەو قسەیە کە ئێمە ناتوانین حکومەتی بەغدا بڕوخێنین، بەڵێ راستە ئێمە حکومەتی بەغدامان پێ ناروخێ، چونکە لە ئەسڵدا ئامانجی ئێمە رووخانی حکومەتی بەغدا نیە، بزوتنەوەکەی ئێمە بزوتنەوەیەکی دیفاعیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا حکومەتەکانی بەغدا ناتوانن شۆڕشی کورد لەناو ببەن، ئەگەر باشترین چەکی تازە بابەتیش بەدەست بهێنن.

لە زستانی ساڵی ١٩٩٢، پاش (٢٢) ساڵ لەو دیدارەی لەگەڵ جەنابی بارزانی ئەنجام درا، جەلال خۆشناو و عبدالموجود تەها و بەندەو د. صلاح عوسمان (سەردانی خوالێخۆشبوو حمید عوسمان مان کرد لەماڵی خۆی لەهەولێر و ئەم رووداوەم بەبیر کاك حمید هێنایەوە دەربارەی قسەکانی خوالێخۆشبوو بارزانی نەمر، ئەویش یانی (کاك حمید عوسمان) بابەتەکەی پشت راست کردەوەو گوتی: (ئەو پیاوە، یانی بارزانی) بەراستی (راستگۆو ئەمین) بووە لە گێڕانەوەی قسەکاندا بەدەقی و ئەو هەرگیز بە پێچەوانەی تەوژم (التیار) مەلەی نەدەکردو بەهەموو شێوەیەك لەپێناو مافی گەلەکەی تێدەکۆشا،

لەمەشدا سەرکەوت کاتێ ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کرد، و من وا دەزانم کاک مسعود بارزانیش لەسەر هەمان ڕێگا دەڕواو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەکەم.

**قوتابی**: هەڵوێستی روسیا چۆنە؟

**بارزانی**: روس ڕەزیلن (بخیل) ئەویش دەوڵەتێکی زلهێزە، بەپێی مەسڵەحەتی خۆی دەجولێتەوە، لێرەدا حەزدەکەم ئامۆژگاریەکتان بکەم ئەویش ئەوەیە ئێوە قوتابی زانکۆن، خوێنتان گەرمە، چەندین بابەتی فکری و سیاسی لای ئێوە قسەی لێوە دەکرێ، من دەستنیشانی هیچ بیروباوەڕێکی فیکری تان بۆ ناکەم، بەڵام یەك شت دەڵێم، دەبنە هەر شتێك ئارەزووی خۆتانە، بەڵام تەنها ئەوەتان لەبیر نەچێت بەرژەوەندی کوردو کوردستان لە کوێدایە بەولایەدا بڕۆن، دیسان ئامۆژگاریتان دەکەم زۆر بەوردی و هێمنانە کاری سیاسی بکەن، ئێوە سەروەتی میللەتی کوردن. خودای گەورە هەموولایەك بپارێزێ.

کاتێ تەماشای سعاتەکەی دەستی کرد، دەستی بۆ ئەو (رادیۆ)یە برد کە لە تاقەکەی پشت سەری داندرابوو، رادیۆکەی پێکرد و بردیە سەر ئێستگەی بەغدا، کە لەو کاتەدا کاتژمێری دوانزدەی نیوە شەوی ڕاگەیاند (کە لێرەدا لەم کاتەدا زانیمان کاتژمێر ١٢ی نیوە شەوەو ئێمە (٦) کاتژمێرە لە خزمەت ئەم سەرکردە مەزنە داین.

دەنگوباسی کاتژمێر (١٢)ی نیوە شەوی بەغدا بە وتارێکی سەرۆك کۆماری عێراقی ئەو کاتە (احمد حسن البکر) لە بۆنەیەکدا پەخش دەکرد، پاش نەختێ رادیۆکەی کوژاندەوە گوتی (سوبحانە الله کورسی هەندێ جار چ لە ئینسان دەکات، باشە (ئەحمەق، مەبەستی احمد حسن البکر)بوو بۆ وتار خوێندەوەیەك ئەو هەموو هەرا و هۆریایە و چەپڵەرێزانەی دەوێ، ئەمانە حورمەتی خۆیان ناگرن، هەندە گێل و ئەحمەقن وا دەزانن چەپڵە و هوتاف لێدان حورمەت و گەورەیی دروست دەکات، ئەو ئەحمەقە پاشەڕۆژی نیە، سەدام حوسێن کە لەپشتی پەردەوە ئیش دەکات دوارۆژ بۆ ئەوە.

لەگەڵ تەواوبوونی دوا قسەکانی زانیمان ئەم سەرکردە گەورەیەمان زۆر ماندوو کردووە و نیو کاتژمێریش لە دوای نیوە شەوەوە تێپەڕی، ئەوجا ئیزنمان لە بەڕێزیان وەگرت بە مەبەستی گەڕانەوەمان بۆ گەلاڵە و ئەویش لەسەر خۆوە بە بزەیەکەوە گوتی (دیارە عەجەلەتانە) و ئەمری کرد ئۆتۆمبیلەکە گەرم بکەن، چونکە دەیزانی دونیا ساردە و بەفر باریوە، لەگەڵ هەڵسانمان بانگی یەکێ لە پاسەوانەکانی کرد و قسەیەکی بەگوێی دادا، پاسەوانەکە رۆیشت (ئێمە لەگەڵ بەڕێزیان بەپێوە راوەستابووین بە مەبەستی ماڵئاوایی، بەلاّم بارزانی دیاربوو دەیەویست نەختێ دوامان بخات نەمان زانی مەبەستی چیە، ئەوجا دیسان هاتەوە قسەو گوتی:

**بارزانی**: سلاّو لە مامۆستا کوردەکانتان بکەن، مامۆستا علاوالدین سوجادی مامۆستای کامتانە.

جواد شێروانی: قوربان مامۆستای منە.

**بارزانی**: سلاّو و رێزی تایبەتم بۆی هەیە، حورمەتی بگرن، ان شاواللە نەختێ توتنی بۆن خۆشی بۆ دەنێرم.

لەو کاتە پاسەوانەکە گەڕایەوە پارچە (پەرۆێکی) قەدکراوی دایە دەستی بارزانی، بارزانی لێی پرسی چەندە؟ پاسەوانەکەش گوتی (ئەزبەنی ٣٠٠ دینارە). ئەوجا بارزانی رووی لە ئێمە کردو پارەکەی دایە دەستی من و گوتی (دیارە هەر ئەو ٣٠٠ دینارە بەردەستبووە، کوڕی من ئێوە قوتابین لە بەغداوە هاتوون، مەسروفتان کردووە، ئەو (٣٠٠) دینارە کەمیشە بەلاّم دابەشی بکەن لەناو خۆتان، ان شاواللە خوای گەورە حفزتان دەکات.

چووینە دەرەوەی خانوەکە بارزانی لە پێشەوەمان بوو تاکو سواری ئۆتۆمبیلە لاندرۆفەرەکە نەبووین شوێنەکەی بەجێ نەهێشت و خودا حافیزیمان لێکرد.

لەکاتی هاتنە دەرەوەمان بەفر دەباری، بەلاّم گەرموگوڕی قسەو هەڵوێستەکانی ئەو سەرکردە مەزنە، خودا وەکیلە سەرمای لەبیر بردبووینەوە تاکو گەیشتینەوە گەلاڵە هیچمان دەنگمان لێوە نەهات چونکە هەموومان بیرمان

له قسەکانی بارزانی دەکردەوە، کە هزر و هۆشی داگیر کردبووین و بە تەواوی مەستی کردبووین (ئەم بابەتەو دەیان بابەتی دیکەم بە زمانی عەرەبی لە دوو توو کتێب بەناونیشانی (من الذاکرة) کە (٧١٧) لاپەڕەیە ساڵی ٢٠١١ چاپ کراوەو بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژی دوایی ١٩٧٠/٢/٧ دیسان بەندە و جەلال بە جووتە بە ئۆتۆمبیلێك کە شەهید فەرنسۆ بۆی دیاری کردبووین گەڕاینەوە هەولێر و من هەمان ڕۆژ بۆ کۆیە گەڕامەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دەوامی زانکۆ لەپاش بەکۆتاهاتنی پشووی نیوەی ساڵ (هەیئەتی ڕێکخستنی ناوەندی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان زیاتر کەوتینە خۆ بە تایبەتیش پاش ئەوەی ئەو (هەیئەتە) لە ١٩٧٠/٢/٦ لەبارەگای مەکتەبی سیاسی بە ئامادەبوونی ئەو (٥) برادەرەی کە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ناوپردانمان کردبوو لێپرسراویەتی ئەندامانی ئەو هەیئەتە بە هەماهەنگی نێوان ئەو (٨) ئەندامە بوون کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی دەست نیشان کرابووین، بەڵام چونکە (بەندە) بە حوکمی سەرپەرشتی ئیشوکارەکان و کۆبوونەوەکانی ناوەخۆی بەغداو ناوچەی بەغداو بەدەست گرتنی رایەلەکانی ڕێکخستنی کە لە زانکۆی موسل و بەسرەو لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی سلێمانی و کەرکوك و خانەقین رۆلی لێپرسراویەتیم دەبینی بەکردەوەو ئیشی رۆژانە و یەکەمین کۆبوونەوەمان پاش گەڕانەوەمان لەناوپردان بەشەو لەماڵی کاك (مونزر نەقشبەندی) کرد، چونکە لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکە کۆبوونەوەیەکی گرنگی هەمەلایەن و بەرنامەکانی زۆربوون پێویستیان بە (ماڵ)ێك هەبوو، بۆ ئەوەی بە هێمنی و بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ نەخشەیەکی تۆکمەتر بۆ ئیشوکارەکان دابڕێژین، ماڵی کاك (مونزر) لەلایەن خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناوەوە پێشنیازکرا لەبەر چەند هۆکارێك کە جەلال خۆشناو پێی لەسەر داگرت: یەکەمیان: کاك مونزر ماوەی دوو ساڵە ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانە لەو کۆلیژەی کە کاك جەلال تێیدا قوتابیە (کلیه الهندسه التکنلوجیه)و ساغ بۆتەوە کە ئەندامێکی دڵسۆزو نەترسە. دووەم: ماڵەکەیان

که ماڵی باوکیەتی (شێخ موزەفەر نەقشبەندی) لەگەڕەکی (حی القضاة- الکرخ- شارع ابوغریب الرئیسی)و شوبهەی لەسەر نیە، سێیەم: خزمێکی نزیکی خوالێخۆشبوو یوسف جەمیل میرانە کە ئەویش ئەفسەرێکی نیشتمان پەروەربوو ئەوکاتە لەناو شۆڕش بوو، لەهەمان چوونی ئێمە بۆ ناو پردان مونزریش بەسەردان هاتبووە لای کاك یوسف میران، کۆبوونەوەکەمان لەماڵی ئەواندا ئەنجامدا، کە ماوەی (٤) کاتژمێری پێچوو، کە تێیدا (تەعمیم)ێك ئامادەکرا بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی (هەیئەتی ڕێکخستنی ناوەندی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و دیداری بارزانی نەمرو ئینجا ڕاگەیاندنی ئامادەباشی بۆ ئەو قۆناغە هەستیارە، کاتژمێر (١٢) شەو پاش میوانداریەتی کردنمان لەماڵی کاك (مونزر) بە ئۆتۆمبیلەکەی کە جۆری (فورد)بوو، ئێمەی گەیاندەوە شوێنی حەوانەوەمان.

سەر لەئێوارەی ڕۆژی دوایی ڕەشنووسەکە (تەعمیم)مەکەم بردە دائیرەی (الطرق والجسور) کە تێیدا ئەندامێکی دڵسۆزی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان (کرمانج عبدالرحمن نورجان) فەرمانبەری ئەم دائیرە بوو، بە ناونیشانی (تایپیێست) (کاتب الطابعة) چونکە کاك کرمانج ئێواران دەوامی ئەو دائیرەیەی دەکردو ئێوارنیش وەکو ئاشکرایە دەوام وەکو بەیانیان قەرەباڵغ نیەو کاك (کرمانج)یش دەیتوانی شەو بە فێلی ئیش بمێنێتەوە، چەند جارێك بەیاننامەکانی ئێمەی چاپ دەکرد ئەوجارەش بۆ ئەم مەبەستە (تعمیم) ڕێککەوتین (٢٥٠ دانەمان بە کاربون)وە بۆ چاپ بکات، ماڵی سەد جار ئاوا بێت هەر ئەم شەوە تا درەنگانێکی شەو لە دائیرەکەی مابووەوە (نانیشی بۆ پاسەوانەکە) کڕیبوو کە لەگەڵی ماوبوەوە.

ڕۆژی دواتر لەڕێگای ناوەخۆی بەغداو ناوچەی بەغدا بڵاوکرایەوە. (لێرەدا ڕووداوێك دەگێڕمەوە کە چەندجارێکیش بۆ برادەرانم گێڕاوەتەوە، ئەویش ئەوەیە:

عەسرێکی درەنگ چەند دانەیەکم لەو (تعمیم)ـە، خستە ناو ئەو جانتایەم کە ڕۆژانە لەگەڵمدا بوو لەدەوامی کۆلیژ لە ئوتێل دونیا (کە عبدالموجود و بەندە

تێیدا دەژیان) بەخۆم و بە جانتاوە هاتمە دەر، لە گۆڕەپانی مەیدان تاکسیەکم گرت بۆ (تل محمد) بۆ لای جەلال خۆشناو چونکە کۆلیژوماڵەکەی ئەو لەوناوە بوون، لەشەقامی جمهوری لای گۆڕەپانی (الخلانی) ئۆتۆمبیلێك کە ئەفسەرێکی دوو ئەستێرە لێی دەخوری دەستی لە ئۆتۆمبیلەکەی من دەرهێنابوو بە خێرایی ئیشارەتی بۆ من کرد، لەراستیدا منیش ترسام وام لێکدەدایەوە مەبەستی لە راگرتنی ئۆتۆمبیلە تاکسیەکەیە کە منی تێدام دیسان وای بۆ چووم مەبەستی گرتنی منە بە (تەعمیم)کەوە، شوفێری ئۆتۆمبیلەکە لە منی پرسی بزانە چی دەوێ، منیش جامی ئۆتۆمبێلە تاکسییەکەم هێنایە خوار و رووم لە ئۆتۆمبیلی ئەفسەرەکە کردو گوتم (ها أخی شکو) یانی ها برا چیە؟ ئەفسەرەکەش تۆزێ بە دەنگی بەرزەوە گوتی (دەرگایەکەی لای تۆ باش پێوەنەدراوە لە تاسەیەك دەکرێتەوەو تۆش بەردەبیتەوە) منیش یەکسەر دەرگایەکەم بە قایمی پێوەداو ئارام بوومەوەو گەیشتمە شوێنی مەبەست و بەشەکەی جلالم دا بەخۆی و رووداوەکەم بۆ گێڕایەوە.
لەسەرەتای مانگی ئازاری ئەم ساڵە دەنگی مفاوەزات نەدەهات واپێ دەچوو هەندێ کوسپ و گیروگرفت لەئارادا هەبێت، رۆژانەش لە دوولاوە یەکەمیان لە رێگای خوالێخۆشبوو (ئازادی فوئاد عارف)وە، کە ئەویش لە رێگای باوکیەوە هەندێ شتی دەزانی و بە جەلال خۆشناوی دەگوت چونکە هەردووکیان (جەلال خۆشناو و ئازاد فوئاد عارف) لە یەك کۆلیژ بوون و دووەمیان لەرێگای خوالێخۆشبوو (پاکیزە رەفیق حلمی)وە، کە ئەویش هەر زانیارییێکی هەبایە هەر زوو بانگی کاك جەواد شیروانی دەکرد (پاکیزەخان لێپرسراوی بەشی کوردی و کاك جەوادیش قوتابی قۆناغی چوارەمی ئەو بەشە بوو). لەو دوو سەرچاوەیەی کە باسم لێوەکرد گەشبین نەبوون لە بەگەیشتن بەرێککەوتنی شۆڕشی کوردو حکومەتی بەعس.

برادەرانم لەو (سستیە) ئاگادار کردەوەو بڕیاردرا (حەزەر) وەربگرین چونکە هاتبووینە ئەم قەناعەتە ئەگەر مفاوەزات سەر نەگری ئەوا هەندێکمان توشی کێشە دەبین.

رۆژی (٩) ئازاری ١٩٧٠ لەرێگای کاك جەواد شێروانیەوە پێی راگەیاندم کە سەرچاوەی زانیارەکانی لەرێگای د.پاکیزەو وای بۆ دەچن کە لەوانەیە ٧٥٪ مفاوەزات فاشیل بێت و بە کاك جەوادی راگەیاندبوو کە بە ئێمە رابگەێنن ئاگاداری خۆمان بین و بە وریایەوە هەڵسوکەوت و هاتووچۆ بکەین هەر هەمان رۆژیش سەر لە ئێوارەکەی بەندەو عبدالموجود تەها لە شەقامی رەشید– ناوچەی حیدەرخانە چاومان بە (بەیان نامەیەکی) سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی عێراق (قیادة القوة الجوية العراقية) کە لەهەندێ پایەکانی (أعمده) شەقامی رشید لێکنرابوون و لە ئاستی دوکانەکەی (شەربەتی حاجی زباله) بەدەم شەربەت خواردنەوە بەیاننامەکەمان خوێندەوە کە تێدا هێرش دەکاتە سەر شۆڕشی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی بەوە تاوانبار دەکا کە بەکرێگیراوی (ئیستعمارو زایۆنیزمن) خوێندنەوەی بەیاننامەکەو زیانیارەکانی کاك جەواد شیروانی پەستوونیگەرانی کردین بەدەم رێگاوە لەگەڵ عبدالموجود کەوتینە شیکردنەوەی بارودۆخەکەو مەترسی سەرنەگرتنی مفاوەزات، عبدالموجودیش دەیزانی (بارە قورسەکە) هەمووی لەسەر شانی منە وامان بە باش دەزانی بۆ چەند رۆژێك خۆم لە چاوان بزر بکەم.

رۆژی ٣/١٠ نەچوومە کۆلیژو یەکسەر سەر لەبەیانیەکەی رومکردە گەرەکی (الوزيريه) بۆ (مشتمل)ی ئەو برادەرە عەرەبەی کە ناوی (فلاح حسن جاسم) بوو ماوەی چوار ساڵی کۆلیژ دۆستنی من و برادەری زۆربەی قوتابییەکانی کوردبوو کوڕێکی تاکو بڵێ ی دڵسۆزو بەڕەوشت بوو، خۆشی ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بوو هەردووکمان لەیەك قوناغ و لە یەك پۆل بووین سەرەڕای ئەوەی لاوێکی رۆشنبیرو بە هەڵوێست بوو، خەڵکی ناسریەش بوو (قەت وەفای ئەو پیاوەم لەبیر ناچێتەوە، ساڵێك پاش نسکۆی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥ کە زانیبووی من لە کۆیە نیشتەجێم سەردانی کردم لە کۆیەو شەوێك لەماڵی ئێمە مایەوە زۆر دڵنەوایی کردم و کەزانی من لە بارودۆخە سیاسیەکە زۆر بێ تاقەت و دڵتەنگم زۆر بە جیدی داوای لێکردم کە بۆ ماوەیەك بچم بۆ پارێزگای ناسریەو هەندێ کات دوور لەو کەشوهەواییەی پاش نسکۆ لە کۆیە

دووربکەومەوە چونکە ئەو کاتە پەیوەندی حزبی شیوعی عێراقی و حزبی بەعس تا ڕادەیەك ئاسایی بوو.

ئەو ڕۆژە (١٠ی ئازار) لە موشتەمەلەکەی (فلاح) بووم عبدالموجودیش دەیزانی من لە کوێم چونکە ئەو ئاگاداری وردو درشتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو، وەکو ئەڵقەی گەیاندن (حلقە وصل) وابوو، شەوی ١٠ لەسەر ١١ی ئازار (فلاح) لەبەر من چەند برادەرێکی شیوعی خەڵکی ناسریەی بانگ کردبوو لەوانە (عزیز عبدالصاحب)ی هونەرمەندو شانۆکارو شەهید (کاظم) کە سەر بە ڕێکخستنەکانی قیادە مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی بوو (جەماعەتی عزیز الحاج) کە پاشان بێ سەرو شوێن کراو کەس نەیزانی چارەنووس چی بوو، لەگەڵ یەکدو برادەری فلاح کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە. شەوێکی خۆش لەیاد نەچووە کە زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوەی شیعرەکانی شاعیری بەناوبانگی عێراقی (مظفر النواب) و باسی سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە بوون.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یانزدەی ئازار (١٩٧٠/٣/١١ بڕیارم دا ئەوماڵە بەجێبهێڵم (موشتەمەل) بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ئوتێل (دونیا) جێ حەوانەوەی عبدالموجودو بەندە بەمەبەستی هێنانی (مۆری) (ختم)ی هیئەتی ڕێکخستنی ناوەندی کە لە پشتەوەی ئەو وێنەیەم شاردبووەوە کە لەناوەڕاستی دیواری ژوورەکەمان هەڵواسرابوو (وێنەکە) بریتی بوو لە وێنەی کوڕو کچێکی گەنج بەرامبەریەك ڕاوەستاو بوون، لە باغچەیەکی ڕازاوەدا، دانانی مۆرەکە لەپشت ئەم وێنەیەی ئەو کوڕو کچە عاشقە بە مەبەستی شاردنەوەی بوو چونکە ئەم جێگایە گومانی شاردنەوەی لێ نەدەکرا، کە گەیشتمە گۆڕەپانی (المیدان) بە پاریزەوە بەرەو (سوق الهرج) چوم کە لای پشتەوەی ئوتێلەکەمان کە دەیڕوانیە ئەم بازاڕە زێدە قەرەباڵغە کە کەس بەکەس نەبو، دەرگایەکی بچووکی ئوتێلەکە لەو دیوی ئەو بازاڕە هەبوو کە بۆ کاروباری خزمەتی ئوتێلەکە (خدمات الفندق) لە لایەن خزمەتگوزاری ئوتێلەکە بەکار دەهێندرا کە ئەویش ناوی (ناجی مدلول)بوو، لەتەنیشت ئەم دەرگایە بچوکەش چایخانەیەکی بچووکی میللی هەبوو کە کڕیارو فرۆشیارانی ئەم بازاڕە جەنجاڵە لێی دادەنیشتن کە گەیشتمە

ئەو ئاقارە (ناجی مولول)م دیت نێرگلەی دەکێشاو سلاْوم لێکردو هیچ شتێکی نائاسایم لە ناجی بەدی نەکرد کە مایەی گومان بێت، یەکسەر لەو دەرگایە چوومە ژوورەوە بەسەر قالدرمەکان کەوتم بەرەو ژوورەکەی خۆمان (ژووری ژمارە ١٢ کە بەندەو عبدالموجود تێدا دەژیان) کاتیْ لە ژوورەکە نزیك بوومەوە دیتم دەرگای ژوورەکەمان کراوەتەوە لێرەدا توشی گومان بووم، بەلاْم دیسان چوومە ژوورەوە بۆ هێنانی مۆرو هەندیْ پێداویستی تایبەتی، بە چوونە ژوورەوەم دیتم وەزعی ژوورەکە ئاسایی نیە، پێوەی دیار بوو کە شوێنی نوستنەکان (قەرە وێڵەکانمان) خەڵکی لەسەر دانیشتووە و باری ئاسایی دۆشەگو بەتانیەکە تێکچووەو کورسی دانیشتنی خوێندن کە لە ناوەڕاستی ژوورەکە لە تەنیشت میزی ناوەند دادەندار تەواو گەڕاوەتەوە لایەکی دیکە گومانێکم بۆهات کە دەست لە کەلوپەلەکانم دراوە، ئەم گۆڕانکاریەش تەنها بە ئیشی (پیاوانی ئاسایش) دەچێت کە لەژوورەکەدا گەڕاون، منیش یەکسەر تەنها دەستم بۆ تابلۆی وێنەی کچ و کوڕە عاشقەکە بردو لەو دیوارەم کردەوە کە مۆری یەکیەتی قوتابیانی کوردستانی لیْ شاردراوەتەوەو بەخێرایی هاتمە دەرەوەو یەکسەر بە هەمان ئەو رێگایەی کە پێیدا هاتبوومە ناو ئوتێلەکەو کە ئەویش بریتی بوو لە (دالاْنێکی دریژی ناوەوەی ئوتێلەکە (ممر داخلی) کە ژوورەکانی ئەولایەی ئوتێلەکەی لەسەر بوو کە نزیکەی (١٥م) دەبوو، کاتیْ گەیشتمە (مەمەڕەکە) گوێم لە دەنگێك بوو کە لەسەرەتادا دەنگەکەم نەناسیەوە هاواری دەکرد (فەرهاد، فەرهاد) بەڕاستی لەم ساتەدا ترسێکی گەورەم لا دروست بوو بۆیە هەنگاوەکانم خێراتر کرد بیْ ئاوڕدانەوە بە مەبەستی گەیشتن بە قالدرمەکان، تاکو دەرگای پشتەوە کە دەکەوێتە ناوەندی بازاڕی جەنجاڵی (سوق الهرج) چونکە دەمزانی گەیشتن بەم بازاڕە نەك هەر تاکە مرۆڤێك بەڵکو وەکو کورد دەڵیْ (گا)ش تێدا ون دەبێت، کاتیْ گەیشتمە پایەکانی خوارەوەی قاڵدرمەکە جارێکی دیکە هەمان دەنگ نەختیْ توندتر بە زمانی کوردی گوتی (فەرهاد بۆ کویْ دەچیت) لێرەدا دەنگەکەم ناسیەوە زانیم دەنگی (عبدالموجودی) هاوڕێمە کە ئاوڕم دایەوە زانیم خۆیەتی و بەسەر

سورمانێکەوە رووبەرووم بوویەوە کە جدیەتی پێوەدیاربوو وا دەخوێندرایەوە کە ڕووداوێکی گەورە روویداوەو یەکسەر گوتی (تۆ لە کوێی دونیا بە دواتا گەڕام، ئەمە جاری دووەمە لەرێگای تەلەفۆنی ئوتێلەکەمان لە ئوتێل بەغداوە (فندق بغداد) کە ئەو کاتە باشترین و بەناوبانگترین ئوتێلی بەغدای پایتەخت) بوو، تەلەفۆنت بۆ دەکەن، ئەوان زۆر بە تاروکەن (عجلە) پێویستە هەر ئێستا بێ دواکەوتن بڕۆین بۆ ئوتێل بەغدا، لە راستیدا لەوکات و ساتەدا قسەکانی عبدالموجودم بۆ هەرس نەدەکرا وام دەزانی (وڕینە) دەکات، من لەکێ ئوتێل بەغدا لەکوێ! ئەو چ مەتەلێکە ئەو برادرەم دەیهۆنێتەوە. بەڕاستی نەمزانی چی دەڵێ! توشی جۆرە سەرسورمانێك بووم و پێم گوت تۆ باسی چی دەکەی؟ کاتێ عبدالموجود زانی من لەبەر پەشۆکاویم لە مەسەلەکە ناگەم چونکە ئەو بەتەواوی ئاگای لە بارودۆخی من بوو، دەستی گرتم بەرەو ژوورە هاوبەشەکەمان هەنگاوی نا کاتێ گەیشتینە ژوورەکەمان یەکسەر گوتی: (هەموو شتێك تەواو!!) وتووێژی شۆڕش و حکومەت کۆتایی هات و شاندی کورد ئێستا لە بەغدایەو لە ئوتێل بەغدان و مامۆستا (سالح یوسفی) دووجار تەلەفۆنی بۆ کردوین (کاتی خۆی لەمانگی سەردانی شاندی کوردی مان کرد لە کۆشکی سپی ژمارەی تەلەفۆنی ئوتێلەکەمان (دونیا)دا بە خوالێخۆشبووان ساڵح یوسفی و کاك سامی بۆ ئەوەی ئەگەر هەر پێش هاتێك هاتە پێشەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن) پێویستە هەر ئێستا بڕۆین بەرەو ئوتێل بەغدا.

کاتێ هاوڕێم عبدالموجود قسەکانی تەواو کرد وامزانی خەو دەبینم، لەسەرەتادا بە تەواوی باوەڕم نەکرد چونکە من پێش چەند چرکەیەك لە بارودۆخێکی ناهەموار دابووم، و هەنگاوم بەرەو خۆشاردنەوە دەناو بۆ ماوەیەك تاکو ئەرکەکانی رێکخستن جێ بەجێ دەکەم و تەسلیم بە برادەرێکی دیکەی دەکەم و ئەوجا پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەم، لە کاتێکدا من لە فەسڵی دووەمی قۆناغی کۆتایی کۆلیژ بووم، ئێستاکە بارودۆخەکە سەددەرسەد گۆڕا، وتووێژ سەکەوتنی بەدەست هێناو ئێمە داواکراوین بە خێرایی بچینەلای وەفدی باڵای شۆڕشی کوردستان (فرمێسکم لەچاو هاتە خوار کە بێگومان

فرمێسکی خۆشی بوو) لەخۆشیا لەسەر قەرەوێڵەکەم دانیشتم، چونکە قاچم ئەرزی نەدەگرت و لەو کات و ساتەدا جەلال خۆشناوی هاوڕێ و براو هەفاڵی تێکۆشانمان پەیدابوو (لێرەدا دەمەوێ خوێنەری خۆشەویست بزانێت کە ئێمە یانی ئەو سێ برادەرە (خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو و عبدالموجود تەها و فەرهاد عەونی، ئەوەندە لێك نزیك بووین چ وەکو برادەر چ وەکو هەڤاڵی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و دەروێشی ڕێبازی بارزانی و براو تەبا بووین و زۆربەی کاتەکانیش پێکەوە بووین، بۆیە هەندێ پاش ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازار بە کورانی بارزانیان ناوزەند دەکردین) جەلال وەکو سیمای هەمیشەیی خۆشی و پێکەنینی لەچاویان دەباری، یەکسەر بێ سێ و دوو دەستمان لەملی یەك کردو یەکترمان ماچ کردوو دیار بوو لە کۆلیژەکەی خۆیەوە کاتێ لەخوالێخۆشبوو (ئازادی فوئاد عارف کە ئەویش لەڕێگای باوکیەوە زانی بووی) بەهەڵەداوان بۆ لای ئێمە هاتوو عبدالموجودیش هەواڵی تەلەفۆنەکەی مامۆستا سالح یوسفی پێ ڕاگەیاند و بە سێ قۆڵی لە ئوتێل هاتینە خوارەوەو لەبەر چایخانە (الزهاوی) کە بەرامبەر ئوتێلەکەمان بوو تەکسیەکمان ڕاگرت و بەرەو ئوتێل بەغدا چووین، ڕێك کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ گەیشتینە ئوتێل بەغدا بە گەیشتنمان بۆ ئوتێل یەکەم کەس شەهید (سالح یوسفی)مان دیت و بەرەو ڕوومان هات گلەیی دواکەوتنی لێ کردین و یەکسەر ئێمەی دایە دەست شەهید (سامی عبدالرحمن) ئەویش دەستی منی گرت و بەرەو لایەکی هۆڵە گەورەکەی پێشوازی کە دەیڕوانیە شەقامی (السعدون) بردین و دانیشتین و کەوتە باس و خواسی ڕێککەوتنی نێوان شۆڕشی کوردو حکومەتی بەغدا گوتی: (ڕێککەوتنامەکە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەم ئێوارەیە ١٩٧٠/٣/١١ ڕادەگەیەندرێ لەلایەن سەرۆك کۆمار (احمد حسن بکر) وە لە ئێستگەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە، لەهەمانکاتیشدا لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان)یش ڕووداوەکان پەخش دەکرێن و بڵاودەکرێتەوە، ئەوجا قەڵەمێکی لە گیرفانی دەرهێناو لەسەر ئەو کاغەزەی لەسەر مێزەکەی بەردەممان بوو (کاغەزی تایبەت بە ئوتێل بەغدا) دەستی کرد بە تۆمارکردنی ئەو هەنگاوانەی کە پێویست بوو

ڕێکخستنەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لە ئەستۆی بگرن، لەو (٢٤) کاتژمێرە مێژووییە (لێرەدا بۆ مێژووی تۆمار دەکەم کە تاکە ڕێکخستنی بە کردەوە بەکارو خاوەن دەسپلینی یەکجار تۆکمە، یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بوو پەیوەندی مامۆستا سالح یوسفی و دانانی نەخشە ڕێگا بۆ ئەو (٢٤) کاتژمێرەی ئەو کاتە لەگەڵ شەهید سامی عبدالرحمن باشترین بەڵگەی حاشا هەڵنەگەرە کە یەکیەتی قوتابیانی کوردستان چ ڕۆلێکی هەبوو چۆنی دەگێرا لەگەڵ ڕێزیشم بۆ ڕێکخراوی ناوچەی پارتی لەو ئان و ساتەدا هیچ ڕۆلێکی نەبوو تەنانەت نەیانتوانی چەند دروشمێك بۆ ئەم بۆنەیە بنوسن کە دێمە سەری.

خاڵە سەرەکیەکانی نەخشە ڕێگایەکە کە بریتی بوو لەو هەنگاوانەی کە پێویست بوو ئەنجامی بدەین بریتی بوو لە (بانگهێشت و کۆکردنەوەی (تحشید) هەموو قوتابیانی کوردستان و دۆستانی ڕێکخستنەکانمان بۆ ڕۆژی دوایی ١٩٧٠/٣/١٢ بەمەبەستی بەشداریکردن لەو ڕێپێوانەی جەماوەرییەی کە لە گۆڕەپانی (المیدان) دەست پیٚ دەکات و نووسینی (١٥٠) دورشم لەسەر قوماشی سپی (خام) و ئامادەکردنی بروسکەی تایبەت بە یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و بردنی بۆ ئێستگەو تەلەفزیۆن پاش راگەیاندنی ڕێککەوتننامەکەو گرنگیدان بە ڕێپێوانەکە لەلایەن ئێمەوە چاودێری کردنی تەواو، دانانی لێژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە بەتەواوبوونی ڕێنماییەکانی کاك سامی ئوتێل بەغدامان بەجێهێشت و هەر یەك بەلایەك کەوتینە کۆکردنەوەی ئەندامانی هیئەتی ڕێکخستنی ناوەندی و لەگەڵ لێپرسراوانی لێژنەکانی کۆلیژەکانی زانکۆ و ئامادەییەکان بە مەبەستی جیٚ بەجیٚ کردنی نەخشەی ڕێگای ئامادەکراو لەم هاتووچوونە فراوانەدا سوودمان لە ئۆتۆمبیلەکانی سیٚ لە ئەندامانی پێشکەوتووی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان وەرگرت کە بریتی بوون لە (ازاد محمود خەفاف، سیروان عبدالله سعید، مونزر نەقشبەندی) لە هەمان کاتیشدا چەند ئەندامێکم راسپارد لە کۆلیژی (ئەندازیاری تەکنەلۆژیا) بە کڕینی قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ، ڕاستەداری پێوەکردنی دروشمەکان کە

سیروان عبدالله سعید سەرپەرشتی دەکرد لە هەمان کاتیشداماڵی (سیروان)مان هەڵبژارد کە ئەو شەوە پاش خوێندنەوەی رێککەوتننامەکە ئێمەی ئەندامانی هیئەتی ناوەندی رێکخستن لەوێ کۆببینەوە، بەمەبەستی نووسینی دروشمەکان و بەکارهێنانی تەلەفۆنەکەیان کە ژمارەکەی (٧٧٤٧٧١١)بوو، بۆ کاری پێویست و پەیوەندی کردن لەم کات و ساتە گرینگەدا لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی راگەیاندنەکە (بەندەو جەلال و جەواد شیروانی و عادل لیلانی) لە ئۆتۆمبیلەکەی مونزر نەقشبەندی بەرەو ئێستگەو تەلەفزیۆن دەچووین بە مەبەستی گەیاندنی بروسکەی پیرۆزبایی کە بەکوردی و عەرەبی ئامادەمان کرد بۆ عبدالموجودیش گەڕایەوە ئوتێل دونیا بە مەبستی جێگیر بوون لە ئوتێل، چونکە ئوتێلەکەمان وەکو ژووری کار راپەڕاندن (غرفه العملیات)ی لێهاتبوو بۆ ئەوەی رێنمایەکانی دیاریکراو بە قوتابیان بدات چونکە ئەو (٢٤) کاتژمێرە ئوتێل دونیا وەکو بارەگای سەرەکی لێهاتبوو بەڕادەیەك وەکو عبدالموجود گێڕایەوە، ئەو شەوە کاتژمێر (١٢)ی شەو چەند کارمەندێکی ئاسایشی بەغدا (امن بغداد) چووبوونە ئوتێلەکەو لە خاوەنەکەیان پرسی بوو ئەم بەر ئوتێلە بۆ وا قەرەباڵغەو چی تێدا دەگوزەری؟ خاوەن ئوتێلەکەش (مکی) پێیان دەڵێن کە هەندێ قوتابی کورد لەم ئوتێلەن و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بەم بۆنەیەوە پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆریش لەناوچەی الوزیریەو شەقامی (المغرب) و (رأس الحواش) بەمەبەستی ئاگادارکردنی ئەندامانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لەبەشە ناوخۆیەکان بۆ ئاگادارکردنیان لە رێپێوانی بەیانی کە کاتژمێر (٨)ی بەیانی کە دەکاتە (١٢)ی ئازار لە گۆڕەپانی (المیدان) ئامادەبن پاشان باڵەخانەی (دار الطلبة)مان کە بەشە ناوەخۆی هەرە گەورەی قوتابیان بوو کە نزیکەی (١٠٠٠) قوتابی تێدا نیشتەجێ بوون بەسەرکردەوە کە ئەو شەوە پڕاوپڕ قوتابی کوردی لێ کۆبووەوە شای و هەڵپەڕکێ وخۆشیان دەگێڕا ئەوانیش لەهەمان مەبەست ئاگادار کرانەوە. شەو کاتژمێر (١٠) گەیشتنە ماڵی سیروان کە ژمارەی خانوەکەیان (٤٦)بوو، لە شەقامی ژمارە (٢٥) لەگەڕەکی شاری ئەفسەرەکان

(مدينة الضباط زيونة). سیروان ژووره گەورەکەی پێشوازی بۆ چۆڵ کردین (بەندەو عادل لیلانی و جەواد شیروانی و جەلال خۆشناو (بەداخەوە لەبیرم نەماوە کێی دیکەمان لەگەڵدا بوو) مشوری نوسینی دروشمەکان بووین بە کوردی و عەرەبی ئەرکی نووسینی دروشمەکانیش کەوتە ئەستۆی ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان برای بەڕێز کاك (فازل نەقشبەندی) بوو کە قوتابی کۆلیژی هەندەسەی تەکنەلۆجیا بوو، ماڵیشیان لە هەمان گەڕەکی ماڵی سیروان خەڵکی سلێمانیە کە لە کاتژمێری (١٠) شەوەوە بەبێ نووستن تاکو کاتژمێری (٧) بەیانی (لە ئێمە گوتن و لە کاك (فازل)یش نووسین) کارەکانمان تەواو کردو ماڵی باوکی سیروانیش ئەم شەوە میوانداریەکی باشیان کردین.

شایانی باس کردنە هەر ئەم شەوە (١١لەسەر ٣/١٢) کاتژمێر دوانزدەی شەو کاك حمە رەزاو کاك عارف تەیفور هاتنە لامان بۆ ئەوەی چەند دروشمێکیان بۆ بنووسین چونکە کاك حمەرەزا راشکاوانە گوتی (بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی ناوچەی بەغدای پارتی نەکەسمان هەیەو نە کاتیشمان هەیە بۆ دروشم نوسین هیوادارین یارمەتیمان بدەن، پاش نەختێ گفتوگۆ هێنان و بردن کاك حمە رەزا بە پێکەنینەوە گوتی (باوکم بەخوا کەس ئینکاری ئەو ناکات کە ئێوە وەکو یەکیەتی قوتابیان زۆر (فەعال)تربوون لە حزب با ئەم چاکەش لەگەڵدابێت، لە راستیدا لە روانگەی هەستکردن بە لێپرسراویەتی و ئەم بۆنە پیرۆزە (١٠) دروشمیشمان بۆ ناوچەی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان نووسی.

کاتژمێر ٧:٣٠ بەیانی بە ئۆتۆمبیلەکەی سیروان و برادەرانی خۆمان و درووشمەکانمان لە شەقامی (الجمهوریە)وە گەیاندە گۆڕەپانی (المیدان) کە خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەوە بەرەبەرە تاکو کاتژمێر (٨) بەیانی وەکو دەڵێن گۆڕەپانی (المیدان) (دەرزی)یت هەڵدابایە نەدەکەوتە سەر ئەرزی هێندە قەرەباڵغ بوو، دەتوانم بڵێم زۆربەیان کورد بوون و تێکڕای ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لە ئاستی گەراجەکەی کە پێیان دەگوت (گراج النهضة) کۆبووینەوە، بەڵام کەسێك خۆی لەو جەماوەرە زۆرە

نەکردە خاوەن، برادەرانی سەرکردایەتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان پێشنیاریان کرد کە بەندە خۆم لە مەسەلەکە بکەمە خاوەن، وتارێك بخوێنمەوە پێش ئەوەی ڕێپێوانەکە دەست پیێ بکات بەرەو (ساحە التحریر) منیش وەکو دەڵێن (ناوی خودام لێهێناو) چوومە سەر عەرەبانەیەکی نیسك فرۆشی کە ئەوکاتە نیسکی تێدا نەبوو بەرێککەوت عەرەبانەکەش خاوەنی کوڕێکی (کۆیی) بوو بەناوی (خالید حمدامین صالح) کە ڕۆژانە لەو شوێنە کاتی بەیانیان شۆربای نیسکی دەفرۆشت، کاتیێ چوومە سەر عەرەبانەکە و بوومە جێگای تێڕوانینی ئەم خەڵکە بیێ شومارە (خۆم بە خۆمم گوت کورە چیت بەخۆت کرد)، بەڵام تینم دا بەرخۆم یەکەم جار بە کوردی گوتم (ئامادەبوونی بەڕێز، ئەمڕۆ ڕۆژی سەراپای عێراقیەکانە و ئەوەی هاتۆتە بەرهەم لەم ڕۆژەدا دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشان و خۆڕاگری گەلی کورد کە تێدا حزبی بەعس ئیشتراکی هاتە ئەو قەناعەتە کە داخوازیەکانی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی قەبولێ بکات، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان شانازی بەو ڕێککەوتنە بکەین و لەهەمان کاتیشدا ئەرکی سەرەکی ئەندامانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانە کە بەو پەڕی ڕێکوپێکی ڕێنماییەکان لەو ڕێپێوانە مێژوویيە مەزنە جیێ بەجیێ بکەن، سەرەڕای پاراستنی بارودۆخی ڕێپێوانەکە بۆ ئەوەی بۆ گشت لایەکی لایەکی رابگەیەنین کە ڕێکخستنەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان شایانی ئەو شەرەفە گەورەیەن.

کاروانی لەژمارە نەهاتووی ئاپورەی خەڵکی لە شەقامی (الرشید) بە شێوەیەکی گەورەو ڕێك و پێك بوو سەرەڕای ئارەزوومەندانەی لە شێوازی دەربڕینی هەست و نەستی کە دەتوانم بڵێم تاکو ئێستاکە شەقامی (الرشید) نە پێشوتر نە پاشوتریش تاکو ڕۆژانی ئێستا ئەو جۆرە قەرەباڵغی و قەشەنگەی بەخۆیەوە نەدیوە کە تێدا سەرەڕای کاروانی خەڵکی لەو سەر تاکو ئەوسەری خەڵکی سەراپای سەربان و بالکۆنەکانی باڵەخانەکانی هەردوولای ئەو شەقامە ژن و پیاو بەگوڵ و نوقل کە بەسەر ئەو خەڵکەیان دادەباراند لە ئاکامی دڵسۆزی و هەستکردن بەو ڕاستیەی کە لەناو ناخی ئەو خەڵکە دا پونگی

دابووەوە ئەوەی سەلماند کە داخوازیەکانی شۆڕشی کورد مافێکی سروشتی گەلێکن کە لەهەموو مافێك بێ بەشن، بۆیە لە پێناویدا ئەو شۆڕشە بەرپابوو کە لەماوەی سالآنی (١٩٦١ – ١٩٧٠) چەندین داستانی بەرەنگاربوونەوەو شەڕی دەستەیەخەگیرو قوربانی بەهەزارنی لێکەوتەوە، بەلآم لەئاکامدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق (١٩٢١) دان نان بە ماف گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بە وسیقەیەکی رەسمی حکومەتی راگەیاندرا کە ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەژیانی گەلەکەمان و زیاتر لە سێ سعاتی پێچوو تاکو کەژاوەی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان کە ئێمەی ئەندامانی هیئەتی رێکخستنی ناوەندی لە پێشەوە بەر ئەو (سەکوییە)ی کە لەناوەڕاستی گۆڕەپانی (التحریر) رێکخرابوو کە تێدا سەرەڕای ئەحمەد حەسەنی البکری سەرۆك کۆمارو سەدام حسینی پاڵەوانی لایەنی حکومەتی بەعس لەو رێککەوتنەداو هەندێ لە ئەندامانی بەرزی حزبی بەعس و حکومەت لەلای نوێنەرانی شۆڕشی کوردەوە خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی، د. محمود عوسمان، مسعود بارزانی، سامی عبدالرحمن، دارا تۆفیق، نوری شاویس، سالح یوسفی، دیاربوون کە تێدا سەرۆك کۆمار وتاری لایەنی حکومەتی خوێندەوە و د٠ محمودیش وتاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی خوێندەوە. دەوروبەری کاتژمێر (١)ی نیوەڕۆ کۆتایی بەو رێپێوان و کاروان و ئاپورە جەماوەرییە هێنرا، پاشان ئێمەش بەرەو ئوتێل بەغدا چووین چونکە ئەو کاتە هیچ بارەگایەکی لایەنی کوردی لە بەغدا نەبوو، لە هەمان کاتیشدا وەفدی ئێمە کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بوون لە ئوتێل بەغدا، نهۆمێکیان بۆ تەرخان کرابوو، بە گەیشتنمان بۆ ئوتێل کاك سامی عبدالرحمن و سەیدا سالح یوسفی منیان بانگهێشتی ژوورێکی حەوانەوەی خۆیان کرد و پێیان راگەیاندم کە ئەم شەوە ١٢لەسەر ٣/١٣ لە کۆشکی کۆماری (القصر الجمهوری) داوەتێکی گەورە رێکدەخرێ و پێویستە لەسەر یەکیەتی قوتابیانی کوردستان شاندێکی (١٠) کەس لە (کوڕو کچ) لە ئەندامانی ئامادە بکات و کاتژمێر (٧)ی ئێوارە لە ئوتێل بەغدا ئامادەبێ

چونکە وەکو گوتیان شاندی کوردی لێرەوە بە ئۆتۆمبیلە تایبەتیەکانی کۆشکی کۆماری بەرەو کۆشکی ناوبراو دەچن و کاك سامی زیاتر جەختی لەسەر ئامادەبوونی ئەندامانی هیئەتی ناوەندی کردەوە، بە قیافەتی تەواوە. پاش وەرگرتنی رێنماییەکانی هەر لەو ئوتێل بەغدا لەگەڵ برادەرانی هیئەت کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بۆ ئەم مەبەستە بڕیاردرا برایانی هیئەتی ناوەندی یەکیەتی قوتابیان کە بریتی بوون لە (٨) ئەندام، بەڵام لەوکاتە ئەنوەر عبدالله و رەنج نوری شاوێس کە هەردووکیان قوتابی زانکۆی موسل بوون و سەرقاڵی ئیش و کاری رێکخستنەکانی قوتابیانی موسل بوون، وە کاك فەرەیدون عوسمانیش لە کەرکوك بوو، لەم داوەتە دابڕان و کەوتینە مشتومڕی هەڵبژاردنی ئەندامە کچەکان کە لەکۆتاییدا شاندی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بریتی بوون لە (عادل لیلانی، جواد شیروانی، قادر حمدامین، جلال خۆشناو، فەرهاد عەونی، گزنگ خانەقا، پەروین عبدالله سعید، رمزیە لیلانی کاتژمێر (٩)ی شەو لەبەردەم ئوتێل بەغدا کە تێیدا چەندین ئۆتۆمبیلی مارسیدسی تایبەت بە کۆشکی کۆماری لە ئامادەباشیدا بوون بۆ گەیاندنی شاندی کوردی و شاندی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە ناوم لە پێشەوە هێناون، بەڕێکەوتین بەندە و جەلال خۆشناو لەو ئۆتۆمبیلە سوار بووین کە سەیدا ساڵح یوسفیی هەڵگرتبوو، دەرگای کۆشکی کۆماری لەسەر پشت کرابوونەوە بە پێچەوانەی شەو و رۆژانی پێشوو کە هەمیشە داخراو بوون، هەندێ جار لەگەڵ هەندێ لە برادەران بە پاس یاخود بە تەکسی لە پردی هەڵواسراوەوە (الجسر المعلق) رەت دەبووین بۆ هۆڵی الخلد کە تێیدا مانگی جارێك یا دوو مانگ جارێك لە وەرزی پایز و زستان و بەهاردا شانۆگەریی تیپەکانی (فرقة المسرح الفني الحديث و فرقة ١٤ تموز) تێدا نمایش دەکرا، رێگایەکەی دەبووایە بەبەردەم کۆشکی کۆماریدا تێپەڕێ، ئەوکات تەنانەت بۆت نەبوو پڕ بە چاوی کراوە ئاوڕ بدەیتەوە تەماشای ئەو کۆشکە بکەیت، بەڵام ئەوە ئیرادەی خوای گەورە و خەباتی بێ وچانی گەلی کوردستانە کە ئێمەی کورد بە بێ هیچ چەند و چوونێك و بەبێ راوەستان لە دەرگای سەرەکییەوە

دەچینە ناو کۆشکی کۆماری تا بەردەم دەرگای هۆڵە گەورەکەی ناو کۆشک پاسەوانانی پێشوازی تایبەت ڕێگایان نیشان دەدایـن، کاتیٚ ئێمە شاندی یەکێتی قوتابییانی کوردستان گەیشتینە بەر دەرگا گەورەکەی هۆڵەکە خوالێخۆشبووان دارا تۆفیق و مورتەزا الحدیثي ڕاوەستابوون پێشوازییان لە میوانەکان دەکرد کە ئێمە ڕوو بە ڕوویان بووینەوە بەم شێوەیە پێشکەش کراین:

**دارا تۆفیق**: ڕووی لە مورتەزا الحدیثي کرد و بە عەرەبی پێی گوت (وفد اتحاد طلبة کوردستان، الأخ فرهاد عوني) ئەمانە شاندی یەکێتی قوتابییانی کوردستانن ئەمەش کاك فەرهاد عەونییە.

**مورتەزا الحدیثي**: کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی بەعس (القیادة القطریة) و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (عضو مجلس قیادة الثورة) و سەرۆکی لیژنەی ئاشتی (رئیس لجنة السلام) بوو گوتی: (أهلاً و سهلاً الحمد لله أنتو الطلاب ما تأذیتو) بەخێربێن ئێوەی قوتابی ئەزیەتتان نەدیت، مەبەستی مورتەزا لەو قسەیە ئەوە بوو کە ئێمەی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لەسەر دەستی حکومەتی بەعس تووشی گیران و حەپس و لێدان نەبووین پێش قۆناغی ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار، منیش یەکسەر بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:

**فەرهاد عەونی**: بەڵیٚ، بەڵام سەروەرییەکە بۆ ڕێکخستنە نهێنی و پۆڵاییەکانی ئێمە دەگەڕێتەوە کە دزە کردنی تێدا موستەحیل بوو (نعم، لكن الفضل في ذلك یعود إلى تنظیماتنا السریة والحدیدیة والتي کان اختراقها مستحیلا)! کاك دارا وەڵامەکەی منی بەدڵ بوو، چونکە کاتیٚ کە مورتەزا قسەکانی کرد دارا تۆفیق دیاربوو حەزی دەکرد من بێمە وەڵام و ئەوەبوو ئەم وەڵامە پڕ بە پێستەم دایەوە.

هۆڵەکە گەورە و ڕازاوە بوو بە فەرشی کاشانی ئێرانی و تاخمە قەنەفەی جۆری (لویس) کە بە گوێرەی هۆڵەکە درووستکرابوون و بە دەیان سورەیای

جۆری کریستاڵ هۆڵەکەی پرشنگدار کردبوو بە دەیان کەسی گروپ گروپ لەناو هۆڵەکە بەیەکەوە راوەستابوون و قسەیان دەکرد، ئەوەی لەوێ دیترا سەرەڕای سەرۆك کۆمار سەرجەم ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی بەعس و وەزیرەکانیان و تەواوی ئەندامانی شاندی کوردی، شاعیری گەورەی عیراقی محمد مهدي الجواهري، نوری عبدالرزاق حسین ی ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی عیراق و دەیان کەسایەتیی دیکەی عیراقی بە کورد و عەرەبەوە، وابزانم یەکەم جارە لە مێژووی سیاسیی عیراق شەوێکی وا دووبارە بێتەوە کە تێیدا ئەو هەموو کەسایەتییە هەمەڕەنگە لە بۆنەیەکی نیشتمانیی وا گەورە کۆ ببنەوە کە تێیدا جەواهیری شاعیر بە خۆی و ئەو کلاوە کوردییەی کە لەسەری نووسرابوو (کوردستان یان نەمان) و دەستەکانیشی لەسەر شانی خوالێخۆشبوو ئیدریس و کاك مەسعود بارزانی دانابوو (بەداخەوە وێنەکانی ئەم شەوە مێژووییەم فەوتا کاتێ دەسەلآتی بەعس ماڵەکەمی لە بەغدا (حجز و هەڕاج) کرد، پاش پەیوەندیکردنم بە ریزەکانی شۆڕش لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤).

(کاتی ئەمڕۆ کە رێککەوتی ٢٠١٤/٩/١٥ سەرقاڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم کە تێیدا زۆر باس لەو دوو برا و برادەرە خۆشەویستەم (عادل لةیلاني و عبدالموجود طه) دەکەم بە رێککەوت هەر ئەمڕۆ کاتژمێر (٩:٣٠) کاکە عادل لەیلانی لە کەرکووکەوە هات بۆلام بۆ هەولێر کە ماوەی (٤٢) ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی، کاتێ ساڵی ١٩٧٢ بە زەمالەیەکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بەرەو (ئەڵمانیای رۆژهەلآت، کە بە ئەڵمانیای دیموکراتی ناوزەند دەکرا) بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە بواری (الإحصاء الاقتصادي) چونکە ئێمە ئەو سێ برادەرە لە کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان– بەشی ئابووریی سیاسی و کاك عادل لە بەشی (إحصاء) بوو، پاشان بەندە و کاك عادل لەیلانی بەرەو ماڵی عبدالموجود چووین ماوەی سێ کاتژمێر ئێمە هەرسێکمان چووینەوە دونیای رۆژانی ساڵانی (١٩٦٦–١٩٧٠) ساڵانی خوێندنی زانکۆ بە تایبەتی یادەوەرییەکانی کارکردنمان لە ریزی یەکێتی

قوتابییانی کوردستان لەو رۆژگارە سەختەدا کە چۆن گوێمان بە هیچ شتێك نەدەدا و لە هیچ ترسێك نەدەسڵمینەوە و بەگیانێکی کوردپەروەرانەی ئەوتۆ کە یەکجار دوور بوو لە دەستکەوتی تاکە کەسی کە تێکڕای خەرجییەکانیش ئەگەرچی کەم بوون، بەڵام هەمووی لەسەر گیرفانی شەخستیی قوتابییانەی خۆمان بوو، بۆیە زۆر جاریش کە تووشی گیروگرفت و رووداوی ناخۆش و ترسناك دەبووین، بەڵام تا سەر ئەرکەکانمان وەکو پێویست بەجێهێنا و لێرەدا لە دوو توێی ئەم لاپەڕانەدا تۆماری دەکەم، لەنێوانی قسەکانماندا عبدالموجود پرسیارێکی ئاراستە کردین کە ئەویش بریتی بوو لە (باشە ئێمە چۆن و بۆ نەدەترساین لەو رۆژە ترسناکانەدا؟) کاك عالدل لەیلانیش لە وەڵامی عبدالموجود دا گوتی (بەڕاستی نەدەترساین، چونکە پشتمان بە بیروباوەڕی پاکی کوردایەتی بەستبوو، نەك وەکو رۆژانی ئەمڕۆ کە پشت بەستن بە پارە و دووڕوویی و درۆ بۆتە رووی جوانی مۆدیلی رۆژگاری سیاسیی ئەمڕۆ کە ئەمەش راستەوخۆ کوردستانی خستۆتە ئەم پاشاگەردانییە کە ئومێد بە دواڕۆژ و باوەڕ بە کوردایەتی تا رادەیەکی گەورە لە ئەولەویاتی گشتی دابڕاوە).

پاش تەواوبوونی ئاهەنگی پێشوازی لە رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کەوتینە سەرقاڵبوون بە ئامادەباشی بۆ ئاهەنگەکانی رۆژی نەورۆز کە ئێمە لە یەکێتی قوتابییانی کوردستان بڕیارماندا لە ناوچەی (صدر القناة) ئاهەنگێکی فراوانی جەماوەری رێکبخەین کە شایانی نەورۆز و رێککەوتننامەکە بێت، لە هەمان کاتیشدا خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن کە راستەوخۆ لێپرسراو و سەرپەرشتکاری رێکخراوە جەماوەرییەکان بوو (بەندە و جەلال خۆشناوی هەڵبژارد وەکو ئەندام لە لیژنەی سەرپەرشتکاری ئاهەنگی نەورۆز لە هۆڵی (الخلد) لە شەوی هەینی دا)، چونکە وەکو کاك سامی گوتی گەورە پیاوانی دەوڵەت و کەسایەتییە نیشتمان پەروەرەکان و کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو پێکهاتەکانی عیراق بەشداریمان دەکەن وەك گوتی ئاهەنگەکە (لازم تُبیض الوجه)، بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرکە گرنگە کۆبوونەوەیەکی فراوان

بۆ ئەو ئەندامانەی هەیئەتی ناوەندی کە لە بەغدا وجودیان هەبوو لەگەڵ لیژنەی ناوچەی بەغدا و ناوخۆیی بەغدا فراوانمان ئەنجامدا لە ئوتێل بەغدا لە بەشێکی کاك سامی عبدالرحمن بەشداری کرد، پاشان لیژنەی سەرپەرشتکاری ئاهەنگی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە بڕیاری لێوە درا لە ناوچەی (صدر القناة) کە تێدا بەندە لێپرسراوێتییەکەم خستە ئەستۆی خۆم و هەر ئەندامێکی لیژنەکەش لیژنەیەکی بچووکتری بۆ پێکهێنرابوو بە مەبەستی ئەنجامدانی ئاهەنگەکە بە ڕێکوپێکی لە رووی دابینکردن و دەستنیشان کردنی جێگا و ڕێگا لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی وەك: کورسی، بەفر، ئاو، سارد، و لایەنی هونەری وەك: ئامادەکردنی تەزووی کارەبا، مایکرۆفۆن و ریکۆردەر و دەستنیشان کردنی هونەرمەندانی دیار و هەڵبژاردنی دەستەی هەڵپەڕکێ و شایی، لیژنەی ئامادەکاری و ڕێکخستنی خەڵکەکە. پاشان لیژنەیەکم پێکهێنا تایبەت بۆ دوای ئاهەنگ کە بەرپرسیار بوو لە کۆکردنەوەی شتەکان و بەرێکردنی خەڵك.

ڕۆژی نەورۆز کە پشووی فەرمی بوو، ئاهەنگێکی جەماوەریی فراوانی تێدا سازکرا باوەڕ ناکەم (صدر القناة) قەرەباڵغی بەم شێوەیەی بەخۆیەوە بینیبێ و بە سەدان هەزار کەس لە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی بەشدارییان تێداکرد و خوالێخۆشبوو هونەرمەندی گەورە (ڕەفیق چالاك) دەستنیشان کرا وەکو پێشکەشکاری (عریف الحفل) ئاهەنگەکە کە بە دەنگە بەسۆزەکەی بۆ یەکەم جار لەو ئاهەنگە جەماوەرییە (شیعرە بەناوبانگەکەی خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانی "بۆ پێشەوە پێشمانکەوە بارزانی") خوێندەوە و بە دەیان جار پێیان دووبارە دەکردەوە، لە دەستپێکی سەرەتای ئاهەنگەکە وتاری ئاهەنگەکەم خوێندەوە کە تێیدا سەرەڕای بەخێرهێنان و جەژنە پیرۆزە باسم لەو سەرکەوتنە گەورەیە کرد کە شۆڕشی کوردستان بە پێشڕەوایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وم سەرۆکایەتیی (مستەفا بارزانی) بەدەستی هێناوە و دووپاتیشم کردەوە کە ئەو دەستکەوتە بۆ (هەموو کوردێکە بەبێ جیاوازیی

بیروڕاکانمان، بۆ هەموو کوردستانییەکە بە بێ جیاوازیی ڕەگەز و ئینتیمای نەتەوەییمان).

سەرەڕای وتارەکەی من و تێکهەڵکێشەکانی کاك ڕەفیق چالاك کە تام و لەزەتێکی دا بە ئاهەنگەکە و هونەرمەندانی گەورەی وەك خوالێخۆشبوو (عەلی مەردان، فوئاد ئەحمەد، جەمال جەلال، محەمەد قەدری، گوڵ بەهار و لەکۆتاییشدا خوالێخۆشبوو عەدنان جەمالی هاوڕێم گۆرانیی (یانزەی ئازار جەژنی کوردان، حوکمی زاتیمان وەرگرت بۆ کوردستان) بەشداری کرد کە چەندین جار پێیان دووبارە کردەوە)، هەر ئەویش سەرۆکی لیژنەی لاوەکیی ئامادەکردن و بانگهێشتکردنی هونەرمەندان بوو بۆ ئاهەنگەکەی هۆڵی (الخلد) کە چەند ڕۆژێکی دواتر ئەنجامدرا، هەموو ئێوارەیەك کاك سامی ئێمەی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتکاری کۆدەکردەوە لە ئوتێل بەغدا کە ناوی هەندێ بەڕێزیانم لەبیر نەماوە لەگەڵ داوای لێبوردنێکی زۆر لەو بەڕێزانەی ناویانم لەبیر نەماوە، چونکە ئەمڕۆکە چل و چوار ساڵ (ڕۆژی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە ڕێککەوتی ٢٠١٤/٩/١٧ تێدەپەڕێ و سەرەڕای بەتاڵان چوون و هەڕاج کردنی ماڵەکەم لە بەغدا پاش ئەوەی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیم بە شۆڕشی مەزنی ئەیلول کرد کە تێیدا سەرەڕای سەراپای کەلوپەلی ناوماڵ و ئەرشیف و دەفتەری ڕۆژانە و بە سەدان وێنەی ڕۆژگاری زانکۆ و ژن هێنانم لە لایەن حکومەتی بەعسەوە دەستی بەسەردا گیرا و نەما و پەروینی هاوسەرم کە دوو مانگێك بوو گواستبوومەوە ئەویشیان لە بەغدا دەرکرد).

ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتکاری ئاهەنگی هۆڵی (الخلد) بریتی بوون لەو بەڕێزانە (پارێزەر یەکتا عومەر جەلال حەوێزی، ئەندازیار حمدأمین بەگ، ڕەفیق چالاك، خەسرەو تۆفیق، جەلال خۆشناو، زاهیر بابان، عبدالرحمن ئەمین عەبدو، حەمە ڕەزا، فەرهاد عەونی)، کە تێیدا ئەرکی بەندە و جەلال خۆشناو لایەنە تەشریفاتییەکە بوو کە بریتی بوو لە پێشوازیی گەورە پیاوانی دەوڵەت و حزبی بەعس و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی و کەسایەتییە سیاسییەکانی

کورد و عەرەب کە سێ ریزی پێشەوەیان بۆ تەرخان کرابوو، لە سەرکردایەتیی بەعس تەنها سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر ئامادە نەبوو، بەڵام سەدام حوسێنی جێگر و عبدالخالق سامەڕائی و حەردان تکریتی و ساڵح مەهدی عەماش و مورتەزا الحدیثي و طه جەزراوی... لایەنی ئێمەش هەموو ئەندامانی وەفدی شۆڕش کە لەو کاتە لە بەغدا بوون ئامادەبوون.

کاتژمێر (٨)ی شەو ئاهەنگە گەورەکە دەستیپێکرد و لە لایەن پیاوانی ئاسایشی حکومەتی بەعس دەوروبەری هۆڵەکە دەپارێزرا، جەلال خۆشناو و بەندە لە دەرەوەی هۆڵەکە تاکو جێگای دانیشتنی گەورە پیاوانی میوان لە پێشوازیدا بووین سەرەڕای لەیاخەدانی باجی نەورۆز، سەدام حوسێن کەمێ بە درەنگەوە هات تەنها (سەباح میرزا)ی لەگەڵ هاتە ژوورەوە کە جەلال و بەندەی دیت لە پێشوازیدا بووین ئەو دەستی بۆ درێژ کردین و گوتی (أهلاً بالشباب)، پاشان کاك سامی و سەیدا ساڵح یوسفی لە ژوورەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد، ئاهەنگە قەشەنگەکە بە سرووی (ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) دەستیپێکرد لە لایەن تیپی مۆسیقای هاوبەش و دەستەی کۆرسی رێکخراو کە زۆربەیان ئەندامانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بوون، وتاری ئاهەنگ لەلایەن خوالێخۆشبوو سەیدا ساڵح بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە کە تێیدا سەرەڕای بەخێرهاتنی میوانان جەخت لەسەر (برایەتیی کورد و عەرەب و پارتی و بەعس) کردەوە کە بە بەردی بناغەی پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی عیراق دادەنرا، ئەوجا هونەرمەندانی گەورەی کوردستان (تایەر تۆفیق، عەلی مەردان، عومەر درزەیی، فوئاد ئەحمەد، رەسوڵ گەردی، گوڵ بەهار، جەزیری، عەدنان جەمال...) ئاهەنگەکەیان بە شێوەیەك رازاندەوە کە قەت لەیاد ناچێتەوە، لێرەدا نامەوێ باسی یەکە یەکەیان بکەم کە نەك تەنها لە کوردان بەڵکو جێگای سەرنجی میوانانی عەرەبیش بوون، ئێستاش تەعلیقێکی حەردان تکریتیم لەبیرە ئاراستەی ساڵح عەماشی کرد و گوتی (تشوف أبو هدى الأكراد شلون يبدعون) ئەوەی لێرە شایانی باسکردنە حەردان تکریتی بە تەیارەیەکی تایبەتی هونەرمەندی عەرەب (سمیرة توفیق)ی لە بەیروتەوە هێنابوو و

چەندین گۆرانیی پێشکەش کرد کە یەکێکیان پێداهەڵگوتن بوو بە (البکر والبارزانی)، بەڵام پاشووتر ئەم گۆرانییە بڵاونەکرایەوە.

ئاهەنگەکە راستەوخۆ لە T.V بەغدا و ئێستگەی رادیۆی بەغدای کوردی و عەرەبی پەخش دەکرا و تاکو نزیکەی کاتژمێر (٣)ی بەیانی درێژەی کێشا، کە دەتوانم بڵێم ئەو ئاهەنگەش بە شێوەیەك دەهاتە بەرچاو دەتگوت لە وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپا نمایش دەکرێ چ لە رووی رێکوپێکی و رێکخستن چ لە رووی هونەرییەوە کە یەکێکە لە ئاهەنگە شاکارەکان کە بەغدای پایتەخت بەخۆیی بینیوە.

پاش بەکۆتا هاتنی ئەم مانگە هەنگوینییە ئیشوکارەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بە ئاسایی و بە گڕوتینێکی زۆرەوە بەرەو پێشەوە دەچوو، ژمارەی ئەندامانی زۆر زیاتر بوو، برایانی هەیئەتی ناوەندی هەریەك لەلای خۆیەوە کەم یا زۆر بە رێکخستنەکانەوە سەرقاڵ بوون، لە پشوویەکی مانگی چوار (نیسان) بۆ (٣) رۆژ سەردانی زانکۆی موسڵ و سلێمانی و رێکخستنەکانی کەرکووکم کرد، بەڵام چونکە دوو هۆکار هاتنە پێشەوە کە نەمتوانی لەوە زیاتر سەرقاڵی سەفەر بم یەکەمیان، هاتنە پێشەوەی وەرزی دووەمی خوێندنی زانکۆمان بوو کە دەبووایە ئەویش هەندێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، دووەمیان پلان دانان و ئامادەباشی بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە بە درێژی باس لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەکەم، چونکە لەوانەیە هەندێ لایەنی شاراوە بێت و کاتی ئەوە هاتووە کە وەکو خۆی باسی لێوە بکەم، هیوادارم دڵی کەس نەڕەنجێنم، چونکە مەبەست لە باسکردنی خزمەتی مێژووی یەکێتی قوتابییانی کوردستان دەکات

**بەرەو کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان**

بە مەبەستی خۆ سازدان و ئامادەباشی بەرەو کۆنگرەی شەشەم ئەندامانی هەیئەتی ناوەندی دوو کۆبوونەوەی چڕوپڕی خۆی گرێدا، بەڵام برایان ئەنوەر

عەبدوڵلاّ و ڕەنج نوری شاوەیس ئامادە نەبوون کاک ڕەنج ئێمەی تەخویل کردبوو کەوا لەگەڵ زۆربەیە کاک ئەنوەریش کاک قادر حەمەدەمینی ڕاسپاردبوو بۆ هەمان مەبەست بەپێی بڕیارەکانی ئەو هەیئەتەی کە لە ١٩٧٠/٢/٦ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ناوپردان و بە پێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی پێکهێنرا کە ناوی لێنرابوو (هەیئەتی ڕێکخستنی ناوەندی یەکێتی قوتابییانی کوردستان) کە باڵاترین و بڕیار بەدەستی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو تا کۆنگرەی شەشەم، بەپێی بڕیارەکانی ئەو هەیئەتە لە هەردوو کۆبوونەوەی خۆیدا کە تێدا بڕیاری لێ درا:

**یەکەم:** کۆنگرەی شەشەم لە یەکێ لە هۆڵەکانی زانکۆی سلێمانی ببەسترێ لەنێوان ڕۆژانی ٢٠-١٩٧٠/٧/٢٤، پێشنیاری سلێمانیش لە لایەن منەوە وروژێنرا لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان سلێمانی وەکو مەڵبەندێکی ڕووناکبیری و ڕۆشنبیری کە هاوتای کەمە لە کوردستان و بوونی زانکۆ و پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرە لەم زانکۆیەدا وەکو هۆڵ و کورسی و کارەبا، سەرەڕای جێگای حەوانەوە بۆ ئەندامانی کۆنگرە لە بەشە ناوخۆییەکان، چونکە ڕۆژانی بەستنی کۆنگرە ڕێککەوتی پشووی هاوینەی قوتابییانی زانکۆیە کە تێیدا شوێنی حەوانەوە و دەوام بەجێدەهێڵن، دووەمیان دەمزانی ئەگەر ئەم کۆنگرەیە لە سلێمانی ئەنجام بدرێ تاکو ڕادەیەکی گەورە دوور دەبێت لە هەیمەنەتی ئەم و ئەو و کەمتر دەتوانرێ کاریگەرێتی نەرێنی دەرەوەی لەسەر هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش هیوا جەلال حەمدی ئەندامی پێشکەوتووی یەکێتی قوتابییانی کوردستان و ڕێکخەری پەیوەندیمان لەگەڵ سلێمانی کە تێیدا برایان (عومەر شەمەیی، فەرهاد حمدأمین، کامل حەمەد ئەمین، دلێر رشید، کەمال حەسەن چاومار) ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە نێوەندی سلێمانی پێش بەستنی کۆنگرە.

**دووەم:** ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە زانکۆکانی عیراق و ئامادەکارییەکانی کوردستان و قوتابخانەکانی ئامادەیی عیراق کە قوتابیی کوردی ئەندامی یەکێتی قوتابییانی کوردستانی تێدا بێت، لیژنەی سەرپەرشتیار و ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەستنیشان کرا.

**سێیەم:** پێداچوونەوەی پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی قوتابییانی کوردستان.

**چوارەم:** پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ هەڵبژاردنی (لۆگۆ و درووشمی کۆنگرە)

بەپێی بڕیارەکان دەست کرا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە بەغدا و سەراپای زانکۆ و قوتابخانە ئامادەییەکانی کوردستان و عیراق بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، بەتایبەتیش لە زانکۆی بەغدا و موستەنسرییە و قوتابخانە ئامادەییەکان، چونکە لە بەغداوە سەرکردایەتیی یەکێتی قوتابییانی کوردستان سەرپەرشتکردنی ئەنجامدانی کۆنگرەی پێ ڕاسپێردرابوو، ئێمەی ئەندامانی هەیئەتی ناوەندی ڕێکخستنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بووینە ئەندامی کۆنگرە، برایانی ئازیزم کاك عادل موراد و ئیبراهیم حاجی حسێن شاڵی و هەندێ لە برایانی دیکە کە لەناو شۆڕش بوون و ئەرکی کوردایەتییان ئەنجام دەدا ئەوانیش لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بوونە ئەندامی کۆنگرە.

بە کۆتا هاتنی وەرزی دووەمی خوێندن هەڵبژاردن لە بەغدا و سەرتاسەری کوردستان و عیراق ئەنجام درا و لیستی تایبەتی بۆ ڕێکخرا، ئەوەی لە یادم مابێت ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە لەنێوانی (٤٥٠–٥٠٠ ئەندام) بوو، پاش بەکۆتا هاتنی ئەزموونی کۆتایی زانکۆ بەندە لەگەڵ خوالێخۆشبووان (مەحمود زامدار و عەبدوللا حەداد) لە ماوەی دوو دانیشتندا لە (چایخانەی بەڕازیلی– المقهى البرازيلي) لە شەقامی الرشيد کە چایخانەیەکی تا بڵێی هێمن و پاکوخاوێن بوو کە ئەو کاتە شوێنی دانیشتنی هونەرمەندان و ئەدیب و شاعیرانی عیراق بوو، کارەکەمان کە بریتی لە پێداچوونەوە بە پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە بە پوختی ئەنجام دران پاشانیش لەگەڵ برادەران (ئەنوەر عەبدوللا و قادر حەمەد ئەمین و جەلال خۆشناو) لۆگۆ و درووشمی کۆنگرەمان لە ماوەی دوو ڕۆژدا لەو چایخانەی لەژێر ئوتێلی مەرکەزی کە لە جێگای باڵەخانەی ئێستای پارێزگای هەولێر و لە دوو دانیشتندا لۆگۆ و درووشمی کۆنگرە داڕێژرا و (لۆگۆیەکە) قوتابیی زانکۆی موسڵ (کە بەوپەڕی داخەوە ناویم بیر نەماوە) کە دەستی هونەریی هەبوو

لۆگۆیەکەی درووستکرد کە تاکو ئێستاکەش پاش ئەو هەموو ساڵە هەمان لۆگۆی دێرین وەکو خۆی بە درووشمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان ماوەتەوە تاکو ئێستاکەش ئەو قسەیەی کاك ئەنوەر عەبدوللام لەبیرە کاتیّ (درووستکەری لۆگۆیەکە) لۆگۆیەکەی هێنا بەردەممام لەو چایخانەیە ئەنوەر عەبدوللا پێیگوت (ئافەرین بەخوا دونیاش تێکچیّ ئەو لۆگۆیەی تۆ هەر دەمێنیّ).

بەلاّم ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو لە رۆژنامەی (التآخي) رۆژی شەممە رێککەوتی ١٩٧٠/٧/١١ لە لاپەڕە (٤) ئەم راگەیەندراوەی بلاّوکردەوە:

**(المؤتمر السادس لأتحاد طلبة كوردستان العراق**

**علمت التآخي أن المؤتمر السادس لأتحاد طلبة كوردستان العراق سينعقد في الخامس عشر من تموز الجاري في ناحية كلالة بدلاً من السليمانية التي كان من المقرر عقد المؤتمر فيها)**. کە تێیدا شوێن و مێژووی کۆنگرەی گۆڕیبوو، شوێنەکەی ناوپردان لە قەزای گەلاّلە دیاری کرابوو و رۆژەکەشی کە پێشووتر دیاری کرابوو لە نێوانی ٢٠-١٩٧٠/٨/٢٢ گۆڕدرابوو بۆ رۆژانی ناوەندی مانگی حەوت، ئەو رۆژە بەندە لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو لە شەقلاّوە بووم بە مەبەستی ئامادەکارییە سەرەتاییەکانی کۆنگرەی شەشەم بەڕاستی جێگای سەرسوڕمان بوو هەر ئەو رۆژە لەگەڵ جەلال خۆشناو سەردانی ناوپردانمان کرد و کە تەنها خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەوکاتە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی بوو بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە یەك دوو لایەن کرد کە لە ئاکامدا وەلاّمەکەی مامۆستا عەزیز عەقراوی ئەوەبوو کە لەسەر داوای (بارەگای بارزانی) ئەو بڕیارە دراوە، یەکەمیان وەکو مامۆستا عەقراوی گوتی گۆڕینی شوێنەکە لە سلێمانییەوە بۆ ناوپردان لەبەر مەسەلەی دابینکردنی ئاسایشی کۆنگرەیە و گۆڕینی مێژووەکەش بە مەبەستی سوود وەرگرتنە لە جێگا و رێگای کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە نێوانی (١- /١٩٧٠/٧)

کۆنگرەی هەشتەمی دەبەسترێ کە تێیدا هەندێکمان ئەندامی ئەو کۆنگرەیەی پارتی بووین. لە راستیدا هیچمان پێ نەکرا چونکە وەکو پاشووتر زانیمان بە هەوڵی جدی برایان ئەنوەر عەبدوللا و قادر حەمەد ئەمین بووە کە تێیدا توانیویانە لە رێگای بەرپێزان (شەکیب عەقراوی و فرەنسۆ هەریری) ئەم ئاڵوگۆڕییە بە جێگا و رۆژی کۆنگرە بکەن، ئێمە زۆربەی ئەندامانی هەیئەتی رێکخستنی ناوەندی یەکێتی قوتابیانی کوردستان نەمانتوانی هیچ دژە هەڵوێست وەرگرین چونکە بە زەرەر و پێگەی یەکێتی قوتابییان تەواو دەبوو کە ئەویش لەگەڵ بۆچوون و هەڵوێستی ئێمەی (زۆربە) نەبوو، بۆیە ملمان بۆ ئەم بڕیارە نا ئاساییە کەچ کرد، لەماوەی دوو رۆژدا بە پەلە سەردانی کەرکووك و سلێمانی و موسڵ و دهۆکم کرد و تێیدا زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەم لە رێگای رێکخستنەکانەوە بەسەرکردەوە و ئامانجی ئەم ئاڵوگۆڕییەم بۆ شیکردنەوە.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لە دوو هۆکار کردووە کە بوونە هۆی ئەو پاشاگەردانییەی کە لەناو سەرکردایەتیی قوتابییانی کوردستان رەنگی دابۆوە و بە تایبەتی لەپاش لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دوو بەرەی دژ بە یەك کە خۆی لە لایەنی بارزانی مستەفا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول دەیدتەوە و ولایەنەکەی دیکەش کە خۆی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کە تێیدا سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتیی دەکرد پاشان لەبەر رۆڵی مام جەلال تاڵەبانی بە (جەلالی) ناوزەند دەکران کە بێگومان ئەو لەتبوونەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە هۆکاری لەتبوونی هەموو رێکخراوەکانی وەکو یەکێتی قوتابییان، مامۆستایان، ئافرەتان، لاوان، تەنانەت بووە هۆکاری سەرەکیی لەتبوونی گەلی کورد بۆ دوو بەرەی دژ بە یەك کە گەورەترین زەرەری کوشندەی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا کە لە چەندین قۆناغدا شەڕی براکوژی و شەڕی خۆکوژی لێکەوتەوە بە سەدان و هەزاران رۆڵەی بەئەمەکی کوردایەتی بوونە قوربانی ئەو شەڕە نەگریسەی کە بێگومان یەکێتیی

قوتابییانی کوردستان له ئاکامی ئەو بارودۆخه ناپەسەنده بەسەر هەردوو لایەنی دژ بە یەك دابەشبوو و هەردوو لا بە ناوی یەکێتی قوتابییانی کوردستان مانەوه تاکو قۆناغەکه له ساڵی ١٩٧١ کۆتایی هات که بێگومان ئەم لەتبوونەی قوتابییان کاردانەوەیەکی زۆر خراپی لێکەوتەوه و ململانێیەکی بێ مانا و بێ ناوەڕۆکی لێکەوتەوه بەتایبەتیش له زانکۆی بەغدا و موسڵ که بە ئاشکرا (دژە بۆچوون و دژە هەڵوێست) له نێو ئەو توێژە خوێندەواره سیمای ناو قوتابییانی ئەو سەردەمه بوو که بەداخەوه پاش (٥٠) ساڵ بەسەر ئەم لەتبوونه (ئێستا ساڵی ٢٠١٤یه) ئاسەوار و رەنگدانەوه و دژە هەڵوێستی هەر ماوه.

که له ئاکامدا بێهێزی و لاوازیی یەکێتی قوتابییانی کوردستانی لێکەوتەوه بەتایبەتیش کاریگەریی نەرێنیی زیاتری لەسەر باڵەکەی ئێمەدا هەبوو، چونکه زۆربەی سەرکردەکانی ئەم رێکخراوه پاش لەتبوونی بەرەو لای باڵی مەکتەبی سیاسی رۆشتن و ئەوەی مابووشەوه هەندێکیان له ئاکامی ئەو دووبەرەکییه وازیان هێنا و یەك دووانێکیشیان پاش کەوتنیان (سقوط) له یەکێتی قوتابییان دوورخرانەوه و ئەوەی مابووشەوه له کۆنگرەی پێنجەم دا که له هاوینی ساڵی ١٩٦٧ له تایمزاوه بەسترا کۆنگرەیەکی پڕ له کەموکوڕیی تێدا هاتە بەرهەم که له ئاستی بارودۆخ و مێژوو رۆڵی یەکێتی قوتابییانی کوردستان نەبوو، بۆیه هەندێك له ئەندامانی دڵسۆزی رێگای کوردایەتی دوور له بەناو مەکتەبی سکرتارییەت که تەنیا وەکو له پێشەوه باسم لێوه کردووه دوو کەسیان لێ مابوو و شانمام لێ دایەبەر و توانیمان له ماوەی ساڵێکدا گیان بە جەستەی ئەو یەکێتییه بهێنینەوه، بەڵام لای ئێمەش بەداخەوه دەتوانم بڵێم دوو بەرەی لێ کەوتەوه گەرچی له ١٩٧٠/٢/٦ له بارەگای مەکتەبی سیاسی چارەسەرکرا بە درووستکردنی (هەیئەتی رێکخستنی ناوەندی)، بەڵام دیاردەی ئەو دوو بەرییه ناوه ناوه خۆش دەبوو و ناوه ناوه دادەمرکایەوه، بەڵام له بارودۆخی پێش بەستنی کۆنگره جارێکی دیکه سەری هەڵدایەوه که بەداخەوه هەندێ (ناوەندی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان) رۆڵی نەرێنییان له بارودۆخی یەکێتی قوتابییان و کۆنگره و رۆژانی کۆنگره گێڕا که بووه لەمپەر

بەرامبەر لەدایكبوونێكی ئاسایی و درووستی مەكتەبی سكرتارییەتێك و لیژنەی راپەڕاندنیك كە بتوانێ بێ گیروگرفت ئەركە پیشەیی و ئاساییەكانی خۆی بەڕێوە ببات كە لێرەدا بارودۆخەكە بە راشكاوانە وەكو خۆی باسی لێوە دەكەم.

جەلال خۆشناو و عبدالموجود تەها و عادل موراد و عادل لەیلانی و عوسمان خۆشناو و رەنج نوری شاوەیس و بەندە رێككەوتین كە رۆژی ١٩٧٠/٧/١١ لە شەقلاوە لای جەلال خۆشناو بین و پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژە لە چایخانەكەی (عەولا بەگ) كە بەڕاستی ئەو كاتە ئەو چایخانەیە شوێنێكی خۆش و تەڕ و سازگار و بە دارودرەخت سێ لای چێنرابوو، مرۆڤ حەزی دەكرد چەند رۆژ لەو شوێنە خۆشە و لە شارە هاوینەهەوارە و تەڕ و پڕە بمێنێتەوە، بەڵام ئەو بڵاوكراوەیەی رۆژنامەی (التآخي) لەم رۆژەدا بڕیارماندا هەر ئەو رۆژە بەرەو گەلاڵە بچین چونكە هیچ ماوەمان لەدەست نەمابوو و دژە پلانەكەش رووی تەواوی بەدیاركەوت كاتێ گەیشتینە گەلاڵە كەسمان لێ دەست نەكەوت بۆیە یەكسەر بەرەو ئەو كەپرانە چووین كە بۆ حەوانەوەی ئەندامانی كۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموكراتی كوردستان ئامادەكرابوو لە ناوپردان راستەوخۆ یەكێ لەو كەپرانەمان كردە ژووری عەمەلیات، چونكە ئاشكرایە هەر كۆنگرەیەك بە تایبەتیش كۆنگرەی رێكخراوێكی وەكو یەكێتیی قوتابییان كە چەندین كێشە و بێنە و بەرەی هەیە پێویستی بە سەرپەرشتیی ژووری عەمەلیات هەیە، بەتایبەتیش ئەم كۆنگرەیە كە یەكەمین كۆنگرەی ئاشكرا و بە ژمارە زۆر بوو.

پەیتا پەیتا قوتابییان بەتایبەتیش قوتابییانی هەولێر و دەوروبەری دەهاتن بۆ ئەو شوێنە و چونكە وا پێدەچوو پێشووتر ئاگادار كرابوون رۆژانی ١٣-٧/١٤ ناوچەكە بە تەواوی قەرەباڵغ بوو شەوانە لەناو كەپرەكان و چایخانەی تەنشیت رووبارەكەی دەربەندرایات (چایخانەی محمد گەردی) موجادەلە و موناقەشەیەكی فراوان لەئارادابوو دووبەرەیی بە تەواوی لەناو ئەندامانی كۆنگرە دیاربوو بە تایبەتیش لە لقی هەولێر كە تێیدا برایان ئەنوەر عەبدوڵڵا و قادر حەمەد ئەمین چونكە هەولێری بوون و لقەكەیان بە هی خۆیان دەزانی و

ئیشیان تێدا کردبوو و هەندێ ناوەندی پارتیش بەهۆی برادەرایەتی و ناسینی پێشووتر ڕێپیشاندەر و یارمەتدەریان بوون، بەوپەڕی داخەوە لەو ماوەیەی نێوان ١٩٧٠/٢/٦ تاکو ١٩٧٠/٧/١٥ کە لە مێژووی یەکەمییان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی لێوە کراوە (هەیئەتێکی ناوەندی بەناوی هەیئەتی ڕێکخستنی ناوەندیی یەکێتی قوتابییانی کوردستان) درووست بوو بێ ئەوەی بەناو تەشکیلەی مەکتەبی سکرتارییەت بمێنێ (بێگومان ئەگەر مەکتەبی سیاسی پارتی ئەرشیفی هەبێت ئەو نووسراوە و بڕیارە ماوە)، بەلاّم کاک ئەنوەر و کاک قادر خۆیان وەکو سەرۆك و سکرتێری یەکێتی قوتابییانی کوردستان دەرخست بۆیە ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١٣ لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو سەردانی مەکتەبی سیاسیمان کرد کە ئەوکات مامۆستا عەلی عەبدوللاّ و مامۆستای خوالێخۆشبوو حەبیب محەمەد کەریم لەوێ بوون کە مامۆستا حەبیب تازە بۆ جارێکی دیکە لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرابووەوە و کاك عەلی عەبدوللاّش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەوردی بارودۆخی ناو قوتابییانم بۆ باس کردن و پێمان ڕاگەیاندن کە جۆرە دووبەرەکییەك لەناو ئەندامانی کۆنگرە هەیە کە هەندێ برایانی لێپرسراو لە شۆڕش لایەنێك لەسەر زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە فەرز دەکەن و مەکتەبی سیاسی پارتیش لێپرسراوێتی ئەوەی لە ئەستۆدایە بەرامبەر ئەوەی وتاری یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە کۆنگرەی هەشتمەی پارتی دەبووایە (بەندە) بیخوێنێتەوە چونکە بەندە بە کردەیی (فیعلی) لێپرسراوێتی هەیئەتی ڕێکخستنی ناوەندیی یەکێتی قوتابییانی کوردستانم دەکرد و لەگەڵ برایانی ئەندامانی ئەو هەیئەتە پێش درووستبوونی لە سالاّنی ١٩٦٦–١٩٧٠ بە نێوی جۆراوجۆر ئەرکی هەستانەوە و ڕێکخستنەوە و زیندووکردنەوەی ئەم یەکێتییەم داوە لەگەڵ ئەو برایانەی کە ناوم هێناون لەگەل ڕێزی تایبەتیم بۆ ئەو برادەرانەی کە لە سالاّنی پێشووتریش لەنێوانی سالاّنی ١٩٦٤–١٩٧٠ پاش لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغ و شێوازی جیا کاریان لەم ڕێکخراوەدا کردووە و کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی

قوتابییانی کوردستانیش کە لە تایمزاوە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٧ بەسترا بەداخەوە بە مردوویی لەدایکبوو تەنها ناوی بێ ناوەڕۆك بوو بۆیە دڵسۆزانی ئەو ڕێبازە شانیان دایە بەر ئەم ئەرکە پیرۆزە و توانییان لە دەرەوەی ئەو بەناو مەکتەب سکرتارییەتە ناوەندێکی پتەو و ڕێکخەر درووست بکەن و لەماوەی دوو ساڵ توانیان زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەنەوە و رایەڵی ڕێکخستنێکی توند و پتەو بهێننە کایەوە، تێکۆشەرانی ئەو سەردەمەی قوتابییان بێگومان رۆڵی ئەو ڕێکخەرانەیان بیرنەچۆتەوە. کە لێرەدا درێژەم بەم رووداوە دا چونکە مەکتەبی سیاسی نەدەبووایە ڕێگا بە برای بەڕێز کاك قادر حەمەد ئەمین بدات کە وتاری یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بخوێنێتەوە بەبێ ئاگادار کردنی ئێمە (هەیئەتی ناوەندی)، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە لێپرسراوێتی مەکتەبی سیاسی جارێکی دیکە لەوەدایە کە شوێن و رۆژی بەستنی کۆنگرەی یەکێتی قوتابییانی کوردستان گۆڕی لە راگەیەنراوێکدا بەبێ ئەوەی هیچ ناوێکی لەسەر بێت و بێ ئەوەی ئێمەی بالاترین دەسەڵات کە (هەیئەتی ناوەندی ڕێکخستنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان) بوو ئاگای لەو مەسەلەیە هەبێت و دیسان ئەوەشم بۆ کاك حەبیب و کاك عەلی عەبدوڵڵا روونکردەوە کە ئەگەر کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەم شێوەیە بڕوات ئاسۆی رووناکی بۆ نابینم و چارەنووسێکی نادیاری چاوەڕوان دەکات.

پاش ئەم قسە و روونکردنەوەیە کاك حەبیب رووی لە بەندە کرد و گوتی: (بارك الله کاکە جلال (مەبەستی خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو بوو)، هادئ بارد مثل جو (مناخ) شقلاوە، بس کاکە فرهاد ماخذ المسألة بجد أکثر من اللازم، احنا بالمؤتمر مال البارتی انتو تدرون البارتی شگد کبیر ما جابهتنا هالمشاكل، على كلٍ الأستاذ عزيز عقراوي هو هم عضو بالمكتب السياسي وهم المشرف والمسؤول عن مؤتمركم وراح نحكي وياه بالمسألة ويدير بال عليكم توكلو على الله ونتمنى لمؤتمركم النجاح).

کاتێ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی هاتینە دەر هەستم بە ناڕەحەتی کرد و رووم کردە جەلال و پێم گوت: (وا پێدەچێت رەنجی ئەوەندە ساڵەمان بە فیڕۆ بچێت بەندە ئەم مەهزەلەیە قبوڵ ناکەم هەر لە ئێستاوە بەدوای کاک سامی عەبدولڕەحمان دا دەگەڕێم، چونکە ئەو لەو ماوەیەی پێشوو لێپرسراوی ئێمە بووە و ئاگای تەواوی لە رووداوەکانە نەك کاك عەزیز عەقراوی)، بەڵام ئەو رۆژە بە حوکمی ئەوەی کاك سامی وەزیری کاروباری باکوور بوو لە بەغدا گەرچی ئەو بڕیاری دابوو رۆژانی کۆنگرە لەگەڵماندا بێت.

شەوانی (١٣/١٢ و ١٤/١٣ و ١٥/١٤) بە تەواوی شوێنی حەوانەوەی ئەندامانمان بەسەرکردەوە تاکو رادەیەکی زۆر بارودۆخەکە کۆنترۆڵ کرابوو، بەڵام ئەوەی مایەی سەرئێشە بۆ ئێمە چەند لێپرسراوێك و چەند ئەندامێکی پێشکەوتووی لقی هەولێر بوون کە لەپێش راگەیاندنی رێککەوتننامەی ١١ی ئازار رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە لێرەدا بە پێویستی نازانم ناویان بهێنم، چونکە هەندێکیان چوونەتە بارەگای خوداوەندی دلۆڤان و (گۆڕیان پڕ لە رەحمەت بێت)، توانیبوویان لەدوا کاتیشدا نزیکەی (١٠٠) قوتابی دۆڵی باڵەکایەتییان (گەلاڵە، چۆمان، ناوپردان، دەربەند، حاجی ئۆمەران، زینوێ) دەستنیشان بکەن وەکو ئەندام بە دەستخۆشیی کاك ئەنوەر و کاك قادر حمدأمین بە پاڵپشتیی ئەو ناوەندەی پارتی کە پێشووتر باسم لێوەکردووە کە گوایە ئەو قوتابییانە نەتواندراوە هەڵبژاردنیان بۆ بکرێت لەبەر بارودۆخی شۆڕش بەناوی (قوتابییانی شۆڕش) کرانە ئەندام بێ ئەوەی نیوەیان زیاتر قوتابیی ئامادەیی بن.

سەر لە بەیانیی رۆژی ١٩٧٠/٧/١٥ قوتابییانی ئەندامانی کۆنگرە بەرەو ئەو (کەپرە گەورەیەی) کە رۆژانی سەری هەمان ئەو مانگەدا بۆ کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە کرابوو کۆنگرەی ئێمەشی لەخۆ گرت، لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە کەشوهەوایەکی ئاسایی کۆنگرە بە دەقیقەیەك راوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستپێکرد کە تێیدا برای بەڕێز (سەعید یحیا خەتات) وەکو پێشکەشکار (عریف الحفل) بەرنامەی

کردنەوەی کۆنگرەی پێشکەش کرد و کاك قادر حمدأمین و بەندەش لە نزیکەوە راوەستابووین بە مەبەستی یارمەتیدانی لە بڕگەکان و پێشکەشکردنی بووسکەی پیرۆزبایی. ئامادەبووانی کۆنگرە لە سەرکردایەتیی پارتی بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان عەزیز عەقراوی ئەندامی (م.س)ی پارتی و د. مەحمود عوسمان ئەندامی (م.س) و شەهید فرەنسۆ هەریری و شەکیب عەقراوی، پاشان مامۆستا عەزیز عەقراوی وتاری جەنابی بارزانی خوێندەوە کە لەسەرەتادا لە وتارەکەی دا روونی کردبۆوە کە لەبەر دووری خۆی لەناوەچەکە نەیتوانیوە خۆی بەشداریی کۆنگرەکەمان بکات و لەهەمان کاتیشدا لە وتارەکەیدا دەڵێ: (هەڵوێستەکانی ئێوەی قوتابییانی کوردستان شان بە شانی قوتابییانی عیراق لە هەموو بارودۆخەکاندا جێگای رێز و پێزانینی ئێمەیە و ئێوەن پیاوانی دواڕۆژی گەلەکەتان کە پێویستە لەسەرتان چ بە خزمەت چ بە قوربانی لە پێناوی گەلە شۆڕشگێڕەکەتان درێغی نەکەن و خۆشتان دەزانن کە نەزانین (جەهالەت) یەکێکە لە نەخۆشییەکانی گەلانی ستەمدیدە کە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دوژمنانمان چاویان لە بەسەرداگرتنی نیشتمانەکەمان بێت). لە کۆتایی وتارەکەشیدا دەستنیشانی کێشەکانی ئێمەی قوتابییانی کوردستانی کرد و داوای لێکردین وەکو لە دەقی کۆتایی وتارەکەیدا هاتبوو دەفەرمێ:

(برایانم داواتان لێ دەکەم را و بۆچوونەکانتان رێکبخەن و زاڵ بن بەسەر ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوانتاندا هەیە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە ساڵانی پێشووتر تێیدا دەژیان، هاوکار و برای یەکتر بن لە نێوان خۆتان و برا دڵسۆزەکانی عیراقی خۆشەویست و پێویستە بڕیارەکانتان راست و درووست و بە سوود بێت بۆ خزمەتی گەلی عیراقی بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی لەگەڵ هیوای سەرکەوتنی تەواو و خودا پاڵپشتتان بێت).

وتارەکەی بارزانی بە چەپڵەڕێزانێکی زۆر پێشوازیی لێکرا. پاشان د. مەحموود عوسمان وتاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێشکەش کرد، پاشان (محمد دبدب) سکرتێری مەکتەبی سکرتارییەتی

یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق (الأتحاد الوطني لطلبة العراق) وتاری خۆی خوێندەوە، ئەوجا چەند یەکیەتییەکی عەرەب کە دۆستایەتییان لەگەڵ ئێمە زۆر ئەرێنی بوو وەکو یەکێتی قوتابییانی فەلەستین و ئوردن و باشووری یەمەن وتاری خۆیان خوێندەوە پاشان دوو وتاری راپۆرت ئامێز لە لایەن کاك قادر حەمەد ئەمین بە ناوی (راپۆرتی سیاسی) مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتی قوتابییان و (راپۆرتی گشتی)یش لە لایەن بەندەوە خوێندرایەوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئیشارەت پێکردنە (باقر الحيدري) پەیامنێر و وێنەگری رۆژنامەی (التآخي) ئیشارەتی بە راپۆرتەکەی منی نەکردبوو کاتێ هەواڵەکەی بۆ (التآخي) ناردبوو، پاش تێپەڕبوونی (٣) ساڵ بەسەر ئەم رووداوانەدا کاتێ کە پۆستی کارگێڕ و سەرپەرشتکاری رۆژنامەی (التآخي)م پێدرا باقر الحيدری کە ئەویش ئەوکاتە وێنەگری (التاخی) بوو ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرا کردم کە هۆکاری ناونەبردنم لە راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکە کێی لە پشت بوو (سامحه الله).

دانیشتنی دووەمی کۆنگرە لە هەمان رۆژ و هەمان جێگا ئەنجامدرا کە تێیدا سێ لیژنەی سەرەکی هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە لیژنەی داڕشتنەوەی پەیڕەو و پڕۆگرام و لۆگۆی یەکێتی قوتابییانی کوردستان و لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەردوو راپۆرتی خوێندراوە و لیژنەی ئامادەکردنی بڕیار و راسپاردەکان و راگەیاندنی کۆتایی، لیژنەکان لە هەمان شوێن مانەوە تاکو ئێوارەیەکی درەنگ لیژنەی یەکەم کە تایەت بوو بە پەڕەو و پڕۆگرام بەرپرسیارێتییەکەی بە من سپێردرا و خوالێخۆشبووان عبدالله حداد و مەحمود زامدار و عادل لەیلانی و دلێر رەشید و نوری کەریم خان و چەند قوتابییەکی دیکە وەکو ئەندامی لیژنە کە لە ماوەی سێ کاتژمێردا کۆتاییان بە کارەکەی خۆیان هێنا، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە لە بەغدا کۆتاییمان بەو ئەرکە هێنابوو، لیژنەی دووەم و سێیەمم لەیاد نەماوە کێ سەرۆکایەتیی دەکرد، بەڵام زۆربەی ئەندامانی هەیئەتی ناوەندیی رێکخستن و ئەندامانی لقەکان بەشدارییان تێدا کرد و مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە بۆیە بە

ناچاری لە روانگەی بەشداریکردن لە نەهێشتنی ناکۆکی بەشداریم لە کاری هەردوو لیژنەکەی دیکەش کرد و لێرەدا برایان عادل موراد و عادل لەیلانی و عوسمان خۆشناو و عارف تەیفور و نوری کەریم خان و رەنج نوری شاوەیس زۆر توند بوون بەرامبەر تێکڕای راپۆرتەکەی بەناو مەکتەبی سکرتارییەت و سەر لەبەر راپۆرتەکەیان رەت دەکردەوە، لە بەرامبەریشدا برایان ئەنوەر عەبدوللا و قادر حمدأمین و یوسف مەولود قەساب و ئەکرەم مەنتك و محمد حاجی شێروانی راپۆرتەکەی ئێمەیان سەرلەبەر پێ قبوڵ نەبوو، پاشان لەسەر پێشنیاری بەندە وەکو کۆتایی هێنان بەم چەندوچوونە پێشنیاری وەرگرتنی هەردوو راپۆرت و چارەسەری بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە ١٩٧٠/٢/٦ بە پێکهێنانی هەیئەتی رێکخستنی ناوەندی وەکو چارەسەر تا بەستنی کۆنگرە کۆتایی بە ناکۆکییەکان هێنا، بەڵام دیسان ململانێیەکان توند بوون.

لە رۆژی دووەمی کۆنگرە رێککەوتی ١٩٧٠/٧/١٦ کەپری کۆنگرە تا بڵێی قەرەباڵغ بوو، نەتدەزانی کێ ئەندامە و کێ ئەندام نییە ئاشکراش بوو بە چ مەبەستێك قوتابیی قوتابخانە ناوەندییەکانیش هاتبوون، بەڵام رێگرییەکی تەواو بەرامبەر ئەو زیادبوونە گیرا، بەلام دیسان نەکرا ئەم مەسەلەیە بنبڕ بکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیار درا بە بەشداری کردنیان بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.، بەڵام هەندێکیان دەنگیشیان دا.. بەهەرحاڵ لیژنەی پەیڕەو و پرۆگرام ئەرکەکەی خۆی بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهێنا بە نیسبەت لیژنەی دووەمیش (هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکان) هەڵلایەکی زۆری نایەوە و لێرەدا بەدیارکەوت کە کۆنگرەکە سەراپای بۆتە دوو لایەنی دوور لە یەك کە تێیدا ٩٥٪ی ئەندامانی لقەکان و ناوچەکانی بەغدا، کەرکووك، سلێمانی، خانەقین، بەسرە، کوت، موسڵ و دهۆك لەگەل لایەنی ئێمەدا بوون و ٩٠٪ی ئەندامانی رێکخستنەکانی لقی هەولێر، گەڵاڵە، چۆمان و قوتابییانی شۆڕش و قوتابییانی ناوەندی لەگەڵ خەتی برایان ئەنوەر عەبدوللا و قادر حەمەدئەمین بوون، لە راستیدا بەهۆی دەستێوەردانی هەندێ ناوەندی سەرکردایەتی پارتی (دوور لە رای مەکتەبی سیاسی) کێشەکانی قووڵتر کردەوە بە رادەیەك لە

(پیاسەیەکی دوو قۆڵی عبدالموجود تەها و بەندە لە ئێوارەی دووەمی کۆنگرەکە بە پێ لە ناوپردانەوە بەرەو گەلاڵە دەچووین، را و بۆچوونی خۆم راشکاوانە بۆ شیکردەوە کەوا گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە خۆم بۆ لیژنەی راپەڕاندنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان هەڵنەبژێرم، چونکە لەو دەستێوەردانە نیگەرانم و لە ئایندەشدا بەم شێوەیە کار ناچێتە سەر (لێرەدا دەق وشەی مەهزەلەم بەکار هێنا)).

شەوی دووەمی کۆنگرە چوار قۆڵی لەگەڵ برایان عادل موراد و رەنج نوری شاوەیس و جەلال خۆشنا و بەندە لە چایخانەکەی دەربەند (محمد گەردی) باسمان لە چارەنووسی کۆنگرە و هەڵبژاردن دەکرد، بەڵام من رایەکەی خۆمم بە خۆ نەپاڵاوتن بۆ باس نەکردن بۆئەوەی کاریگەرێتیی نەرێنیم لەسەر برادەران نەبێت، چۆنمان لێکدەدایەوە باڵی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ باڵی کاك ئەنوەر عەبدوللا و قادر حەمەد ئەمین بەلای ئێمەدا دەشکایەوە، بەڵام دوو هۆکار هەبوون کە کاریگەرێتییان لەسەر ئاکامی هەڵبژاردن دەکرد بریتی بوون لەو ئەندامانی کە بە ناوی قوتابییانی شۆڕش و قوتابییانی قوتابخانە ناوەندییەکانی ناوچەی گەلاڵە و دەوروبەری کە کرابوونە ئەندام بە بێ هیچ بڕیار و بنەمایەکی رێکخستن کە ئەوانیش ژمارەیان زۆر بوو کە بێگومان کاریگەریی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردن دەکرد، هۆکاری دووەمیش لقی موسڵ و دهۆك بوو کە تێیدا کاك (سەباح عوبێد عەقراوی) بەهۆی نزیکی لە کاك ئەنوەر عەبدوللا چونکە هەردووکیان لە زانکۆی موسڵ بوون و برادەرایەتییان هەبوو بەلای ئەواندا چووبوو بۆیە دەبووایە ئێمە ئەم دوو هۆکارە چارەسەر بکەین بۆ یەکەمیان بڕیارمان دا لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەمە قبوڵ نەکەین ئەگەر قبوڵ کرا هەڵوێستمان هەبێت، بۆ چارەسەری هۆکاری دووەم کە ئەویش بارودۆخی لقی موسڵ و دهۆك بوو بەندە دەستنیشان کرام راستەوخۆ پەیوەندی بە ئەندامە ناسراوەکانیان بکەم لەم لقە لە رێگای قوتابی (موسڵیح عوبێد نەقشبەندی) کە خەڵکی دهۆکە، پەیوەندیم بە حاجی محەمەد کریت کرد و رێککەوتین لە هەمان کاتیشدا برادەرانی موسڵ کاك (جەرجیس حەسەن)یان

بۆ دەستنیشان کردنم، لەوانەیە (د. جەرجیس حەسەن) لەیادی بێت کە چۆن لەو کات و ساتەدا لە یەکێ لە کەپرەکانی دەم رووبار کەوتینە گفتوگۆ باسمان لە یەکخستنی هەڵوێست کرد و خوا هەڵناگرێ لە کۆتاییدا راشکاوانە و بە دەق گوتی (ئەز لەگەل تەمە).

رۆژی سێیەمی کۆنگرە ١٩٧٠/٧/١٧ دانیشتنی پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژە بۆ کۆتایی هێنان بوو بەو بابەتانەی کە هێشتا مشتومڕی لەسەربوو، کەشوهەوای ناو کەپری کۆنگرە گەرم بوو شەکیب عەقراوی و فرەنسۆ هەریری بە مەبەستی تایبەت حزوریان هەبوو کە نەدەبا مەکتەبی سیاسی بەو پێیەی بالاترین دەسەلاتی پارتی بوو رێگا بە دەستێوەردانی ئەم جۆرە بدات بە تایبەتی بۆ رێکخراوێکی وەکو یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە بەوپەڕی سەربەخۆییانە لە نێوان سالانی ١٩٦٦-١٩٧٠ سەرەڕای ئەو هەموو فشارە و ترس و لەرزە ئەرکە نیشتمانییەکانی خۆی بەجێ دەهێنا و هیچ هەیمەنەت و باوەشگرەوەی نەبوو تەنیا بە ئیرادەی پۆلایینی خۆی توانی لەو بارودۆخە دژوارەدا سەربەخۆیی و ئازایەتی و کارامەیی خۆی بچەسپێنی.

لە گەرمەگەری گفتوگۆ گەرمەکاندا دەنگێك لە ریزەکانی دوواوە هاواری کرد: (کاك فرەنسۆ خۆم دەکوژم) کاك فرەنسۆ بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد (کورە نەکەی، کورە نەکەی) لەوکاتەدا دەنگی تەقەیەکی دەمانچە هات و ئەوجا چوار دەور و پاشان ئەوانی دیکەش بە خێرایی لە خێوەتەکە هاتنە دەر و پەشێوییەك پەیدا بوو و کەس نەیدەزانی چییە، کاتێك من گەیشتمە سەری دیتم کوڕێکی گەنجی گەنم رەنگی باریکەلە بەسەر لای چەپی کەوتووە و خوێن لەسەری دێت و ئەوجا پاش کەمێ پاسەوانەکان بە فەرمانی کاك فرەنسۆ لاشەی خوالێخۆشبوویان خستە ناو ئۆتۆمبیلێکی لاندرۆڤەر و بردیان بۆ یەکێ لە خەستەخانەکانی ناوچەکە.

ئەندامانی کۆنگرە دوای ئەو رووداوە پەرتوبلاوبوونەوە و کەس نەیدەزانی تاکو ئەمڕۆش هۆکاری ئەم خۆکوشتنەی خوالێخۆشبوو (محمد عبدالکریم) چی بوو زۆر جاریش ئەم پرسیارە وروژاوە، بەلام دیسان وەلامی یەکلاکەرەوە

نەبوو. ئەو رۆژە کۆنگرە ئیشوکارەکانی هەڵپەسارد، من زیاتر سارد بوومەوە و دڵم بە هیچ خۆش نەبوو بۆ جاری دووەم بڕیاری خۆ هەڵنەبژاردنم دا.

سەرلەبەیانیی رۆژی چوارەم ۱۹۷۰/۷/۱۸ جارێکی دیکە ئەندامانی کۆنگرە بەرەو کەپرەکە (خێوەتگای کۆنگرە) دەچوون بڕیاریش درابوو لە شەوی پێشووترەوە کەوا کۆتایی بە کۆنگرە بهێندرێت و ئەو رۆژە ۱۹۷۰/۷/۱۸ هەڵبژاردن ئەنجان بدرێت. خوالێخشۆبووان عەزیز عەقراوی و فرەنسۆ هەریری ئامادە بوون، بەڵام من نەچوومە نێو خێوەتگایەکە و بڕیارەکەم بە برادەران راگەیاند و ماوەی هیچ قسەیەکم نەدا و یەکسەر لەگەڵ هاوڕێم عبدالموجود تەها بە سواری جێبێکی لاندرۆڤەر بەرەو حاجی ئۆمەران کەوتینە ڕێ بە مەبەستی زیارەتی (ئەمیری ئێزیدیان شێخ تەحسین بەگ) چونکە شێخ تەحسین ماوەیەك بوو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو و شوێنی حەوانەوەیان لەنێوان دەربەند و حاجی ئۆمەران بۆ رێکخستبوو لە هەمان کاتیشدا شێخ تەحسین ناسیاوی عبدالموجود و بەندە بوو یەکەم عبدالموجود خەڵکی شنگالە و باوکیشی خودا لێی خۆشبێت مرۆڤێکی ناسراوی ئەو دەڤەرە بوو سەرەڕای پەیوەندییان لەگەڵ برایانی ئێزیدی، بە نیسبەت منیش ناسیاویم لەگەڵ شێخ تەحسین دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹٦۳ کاتێ شێخ تەحسین ماوەی چەندان رۆژ لەگەڵ شێخ جەلالی برای میوانی ماڵی ئێمە بوون لە کۆیە لەگەڵ هەندێ لە کەسایەتییەکانی کورد کە بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرە گەورەکەی (کۆیە) کە لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ۱۹٦۳ گرێدرا بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی نەمر (مستەفا بارزانی)، شێخ تەحسین خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم سەردانە دەربڕی و لە پێشەوەش پێیگوتین نیوەڕۆی ئەم رۆژە میوانی ئەوین و میوانداریییەکی گەرموگوڕی کردین، تا عەسرانێکی درەنگ لەلایماینەوە و عەسرانێکی درەنگ گەڕاینەوە لە چایخانەکەی دەربەند برادەرانم لێ بەدەرکەوتن (عادل موراد، جەلال خۆشناو، رەنج نوری شاوەیس، عوسمان خۆشناو، عادل لەیلانی،... ئەوانی تر) ئێمەش لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین جەلال لە دوورەوە گوتی (کاك فەرهاد تەبیریك) منیش گوتم (یا الله، خێرە؟!) کاتێ

دانیشتین لە لایان باسی چیرۆکی هەڵبژاردنەکەیان بۆ کردین کە تێیدا دەبووایە ئەوانەی خۆیان هەڵدەبژێرن لەو کاتە ئامادە بن، بەڵام کاتێ دکتۆر رەنج نوری شاوەیس من تەرشیح دەکات خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی دەپرسێ کوا فەرهاد ئەوانیش دەڵێن نەخۆشە، سەرەتا کاك عەزیز عەقراوی قەبوڵ ناکات، بەلام پاشان کۆدەنگییەك لە لایەن برادەرانی دڵسۆز رادەگەیەنرێ خوالێخۆشبوو کاك عەزیز عەقراوی رازی دەبێت، ئەوجا سەرەڕای ئامادەنەبوونم لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆی (٢١) کەس دەرچوو دەنگی چوارەمم هێنا کە تێکڕای ئەنجانی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بوو بەپێی دەنگەکان:

١. ئەنوەر عەبدوللا
٢. عادل موراد
٣. رەنج نوری شاوەیس
٤. فەرهاد عەونی
٥. قادر حەمەدئەمین
٦. عارف تەیفور
٧. نوری کەریم خان
٨. جەرجیس حەسەن
٩. سەباح عوبێد ئاکرەیی
١٠. سەعدی خەلیل
١١. عادل فازڵ لەیلانی
١٢. وەزیرە پیرداود
١٣. محمد حاجی شێروانی
١٤. یوسف مەولود قەساب
١٥. عوسمان ساڵح خۆشناو
١٦. جەلال سەلیم خۆشناو

١٧. ئەکرەم ئەحمەد مەنتك
١٨. شێرکۆ رەشید سندی
١٩. حاجی محمد کریت
٢٠. جەواد شێروانی
٢١. عبدالله محمد باوانی

لە راستیدا ئێمە بەو ئاکامە دڵخۆش نەبووین، چونکە ئێمەی خاوەن رێکخستنی راستەقینەی قوتابییان ئەو چاند ساڵەی دوایی رەنجێکی زۆرمان لەگەڵدا لەو بارودۆخە دژوار و ناڕێکەدا تاکو گەیاندمانە ئەو رێکخراوەی کە پێش رێککەوتننامەی یانزەی ئازار خاوەنی سەدان ئەندام و خاوەنی کەسایەتییەکی ئەوتۆ بوو کە حیسابی بۆ دەکرا، بەڵام وەکو لە پێشەوە نیشانم داوە هۆکارەکەی دەستێوەردانی هەندێ ناوەندی شۆڕش بوو کە بووە هۆکاری ئەوەی کە رێکخراوەکە بە بەم شێوەیە گوزەر بکات، بەڵام دیسان لە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی راپەڕاندن کە ژمارەیان (٢١) ئەندام بوون بە ئامادەبوونی د. مەحمود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ناوپردان گرێدرا بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت لەم کۆبوونەوەیەدا کێشەیەکی دیکە سەری هەڵدا کە ئەویش ناڕەزایەتیی هەندێ لە برایانی دەرچووبوو لە لیژنەی راپەڕاندن (اللجنة التنفيذية) کە باڵاترین دەستەیە لە یەکێتی قوتابییان و هەر لەنێو ئەندامانی ئەو لیژنەیە مەکتەبی سکرتارییەت هەڵدەبژێری، ناڕەزایەتیی برایان (عادل موراد و عارف تەیفور و عادل لەیلانی و عوسمان خۆشناو) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لە دەنگەکانی کاك ئەنوەر عەبدوڵلا کە بەدەستی هێنابوو رازی نەبوون و دەیانگوت ساختە کراوە بە هۆی هێنانی ژمارەیەکی زۆری قوتابییان لەژێر ناوی (قوتابییانی شۆڕش) بۆناو کۆنگرە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان و هاتنەژوورەوەیان هەبێت بۆیە بڕیاریان دا کە بەشداری لەم کۆبوونەوەیە نەکەن چونکە (ناشەرعییە)، هەندێ لە برایانی دیکەش وەکو رەنج

نوری شاوەیس، حاجی محمد کریت، نوری کەریم خان ناڕەزایەتییان لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەربڕی و سەرەتا کۆبوونەوەیەکی بێ ئەنجام بوو، د. مەحمود هەڵسا و ویستی کۆبوونەوەکە دوابخات بۆ کاتێکی دیکە و پێی گوتین (هیوادارم کێشەکانتان بەلاوە بنێن وەکو برا کارەکانتان لە نێو خۆتانا بەشی بکەن، ئێمە لە قۆناغێکی تازەداین و پێویستی بە هەمووتان هەیە)، لەگەڵ هەڵسانی ئیشارەتێکی بۆ من کرد و پێکەوە بۆ چەند مەترێك لە شوێنی کۆبوونەوە دوورکەوتینەوە و بەدەم ڕۆیشتنەوە رووی لە من کرد و گوتی: (لام سەیرە تاکو ڕۆژی کۆنگرەش تۆ سەرۆکایەتیی ئەو لایەنەت دەکرد دژ بە ئەنوەر و قادر بوویت، ئێستا دەبینم بێدەنگی، کاك عادل و کاك عارف زۆر توندن، مەسەلەکە ئاوا چارەسەر ناکرێت ئێوە دەبووایە پێش هەڵبژاردنی گشتی ئەم هەڵوێستەتان بە کاك عەزیز عەقراوی رابگەیەندایە و رازی نەبان (خروقات) بکرێت، ئێوە مادام رازی بوون کە داخڵی هەڵبژاردن بن بەو شێوەیەی کە هەبوو لازمە بە نەتائیجی هەڵبژاردنیش رازی بن، هیوادارم تۆ قسە لەگەڵ ئەو برادەرانە بکەیت بەڵکو کۆتایی پێ دێت، بەتایبەتی پاش ئینتیحاری ئەو قوتابییەش لەناو کەپری کۆنگرە). لە وەڵامدا بە د. مەحمودم گوت (کاك دکتۆر لەوانەیە جەنابت ئاگادار نەبیت لە دوا ڕۆژی کۆنگرە کە بۆ هەڵبژاردن تەرخان کرابوو من کۆنگرەم بەجێهێشت، چونکە لە بنەڕەتدا لەسەر بارودۆخی ناو کۆنگرە رازی نەبووم و بەجێهێشتنم مانای رازی نەبوونم بوو، بەڵام لە غیابی من سەرەڕای ناڕازیبوونی کاك عەزیز عەقراوی برادەران توانییان ناوی منیش تۆمار بکەن لەنێوان ئەو ناوانەی کە بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندن خۆیان پاڵاوتبوو پاشان چوارەم دەنگم هێناوە منیش لەو رایەمە کە مادامەکی رازی بوون بە خۆپاڵاوتن پێویستە نەتیجەی هەڵبژاردن قبول بکەین). ئەوجا گەڕامەوە لای برادەرانی لایەنی خۆمان و قسەکانی دکتۆر مەحمودم بۆ گێڕانەوە و پێشم گوتن (کوڕینە تازە ئەوەی روویدا ڕۆی، دەبووایە ئێوەش وەکو من هەڵوێستتان لە پێشەوە وەرگرتبا تازە پاش دەرچوونی ئاکامی هەڵبژاردن هیچ مانایەك بۆ (موقاتەعە) نامێنێ، لەماوەی ساڵێکدا ئەگەر توانیمان شتێ بە شتێ

بکەین، باشە ئەگەر نەمانتوانی ڕێڕەوەکە بگۆڕین ئەکاتە قسەیەکی دیکەی لێ دەکەین).

برادەران هەموویان بەم تەرحەی بەندە ڕازی بوون تەنها کاک عادل موراد و عارف تەیفور نەبێت و ڕایانگەیاند کەوا ئەوان بە هیچ شێوەیەك ئیش لەناو ڕێکخراوێکدا ناکەن کە ئەو دوو برادەرە (ئەنوەر عەبدوڵڵا و قادر حمدأمین)ی تێدا بێت و گوتیان ئێمە لەمەولا تەنها بۆ کاری پارتایەتی (حزب) خۆمان تەفەروغ دەکەین، پێش گرێدانی کۆبوونەوەی دووەم قەناعەتم بە برادەران هێنا کە پێویستە بۆ مێژوو وێنەیەکی تێکڕایی (جەماعی) بگرین، چونکە ئەوەیان دەمێنێتەوە و دەچێتە ناو مێژوو، باش بوو هەموویان بەقسەیان کردم و وێنەکەمان گرت، کە ئەمە یەکەم وێنەیە کە تێیدا تێکڕای ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن پێکەوە وێنەیەك کۆیان دەکاتەوە و چونکە پێشووتر ئەم دەرفەتە نەڕەخساوە.

لە دانیشتنی دووەم دەیسان بە وجودی دکتۆر محمود لیژنەی ڕاپەڕاندن بە تێکڕای ئەندامانی (تەنها کاک عادل و کاک عارف ئامادە نەبوون) کۆبوونەوە خۆی گرێدا کە تێیدا بڕیار درا:

١- ئەنوەر عەبدوڵڵا، بە سەرۆکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان.
٢- جەرجیس حەسەن، بە جێگری سەرۆك.
٣- فەرهاد عەونی، بە سکرتێری گشتی.
٤- جەلال سەلیم خۆشناو، ڕەنج نوری شاوەیس، عادل فازڵ لەیلانی، یوسف مەولود قەساب، بە ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەت هەڵبژێردران.

جارێکی دیکە ئێمەی برادەران هەوڵی جدیمان لەگەڵ کاک عادل موراد و عارف تەیفور دا کە با پێکەوە کار بکەین، چونکە ئەو کات تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش لەم قەناعەتەدام کە دەبێت چاکسازی لە ناوەوە ئیشی بۆ بکرێت بۆیە

هەرگیز بڕوام بە جیابوونەوە نییە بە ناوێکی تر  لە ڕێکخراوی دایك، چونکە کاتێ تۆ ڕێکخراوی دایك بەجێدەهێڵی و بەناوێکی دیکە ئیش دەکەی لە ڕاستیدا ئەو مانایە دەگەیەنێ کە تۆ مەبەستت چاکسازی نییە بەڵکو دروستکردنی هەیکەلێکی دیکە بەخۆت بەڕێوەی ببەیت، چونکە وەکو سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی (برجنیسکی) دەڵێت "چاکسازی لەناوەوە–الإصلاح من الداخل"، بەڵام ئەو دوو برادەرە بەگوێیان نەکردین، (من لێرەدا ناڵێم ناحەقییان نەبوو بەڵکو لەسەر حەق بوون ئێمەش لەگەڵیاندا)، بەڵام بەجێهێشتنی ڕێکخراوێکی گەورەی جێ پەنجە دیاری وەکو یەکێتی قوتابییانی کوردستان لەسەر چەند برادەرێك بەڕاستی لام ئەستەم و قورس بوو، چونکە هەر خۆم دەمزانی چەند بەو ڕێکخراوە ماندوو ببووین.

برادەران عادل موراد و عارف تەیفور لە یەکێتی قوتابییان کشانەوە و خۆیان بۆ کاری پارتایەتی وەکو ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لقی (٥)ی بەغدا یەکلاکردەوە، بەڵام هەمیشە لەگەڵ خەتی ئێمەدا تەبا بوون، بەڵام لەناو ریزەکانی ڕێکخستنی پارتی قوتابییان هەمیشە دژ بە ئەنوەر عەبدوڵڵا و قادر حەمەد ئەمین بوون.

بە کۆتاهاتنی کۆنگرەی شەشەم و هەڵبژاردنی مەکتەبی سکرتارییەت و گەڕانەوەمان بۆ بەغدا کە ئەوکاتە قورساییەکان هەمووی لە بەغدا بوو بەپێی بەندی پێنجەمی ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار دەرباری جۆری پەیوەندیی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ناوەند دا (المنظمات المرکزیة) ئێمە جۆری هاوکاریمان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق (الأتحاد الوطني لطلبة العراق) ڕێکخست، بەڵام ئەوەی لای من قورس بوو برادەران کاك ئەنوەر و کاك قادر حەمەدئەمین لەگەڵ برادەرانی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق ڕێککەوتبوون کە لە یەك باڵەخانەشدا کارەکانمان ئەنجام بدەین، چونکە من ئەوکات لە کۆیە لەو مانگەدا چونکە سەرقاڵی خوێندن بووم بۆ دەوری دووەم لە قۆناغی چوارەمی کۆلیژ بەشی ئابووریی سیاسی، چونکە بارودۆخی ڕۆژانی پێش ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار و ئەو

دوو مانگەی دواتر پاش ڕێککەوتنەکە بەهۆی ئیشوکار و سەرقاڵی بە یەکێتی قوتابییانی کوردستان و خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی شەشەم نەدەپرژامە سەر خوێندن وەکو پێشان بۆیە لە ئاکامدا لە دوو دەرس دەرنەچوم و بۆ دەوری دووەم مامەوە بۆیە ویستم پاش کۆنگرە بە تەواوی لەماوەی ئەو (٤٠) ڕۆژەدا کە مابوو بۆ ئیمتیحان بە تەواوی بۆ دەرس خوێندن تەرخان بکەم و برادەرانی سکرتارییەت و لیژنەی ڕاپەڕاندنیش هەریەکە لەو کاتەدا کە پشووی هاوینە لە ماڵی خۆی و لە شاری خۆی کاتی دەگوزەراند بۆیە تەنها کاك قادر و کاك ئەنوەر عەبدوڵلا کارەکانیان بەم شێوەیە ڕێکخستبوو پاش بەکۆتا هاتنی پشووی هاوینە و دەرچوونمان لە ئیمتیحان و بەتەواوی خۆم تەرخان کرد بۆ ئیشوکاری یەکێتی قوتابییانی بە حوکمی پلەی سکرتێری گشتی کاروباری ڕێکخستنەکانی سەراپای لق و ناوچەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە بەغدا و موسڵ و بەسرە و کوت و لقەکانی کوردستان کەوتە ئەستۆی من، ڕۆژانە لە بەغدا لە بارەگای یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە نهۆمی خوارەوە بۆ ئێمە تەرخان کرابوو سەرقاڵی ئیشوکارەکان (کارەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ لقەکان، سەرپەرشتی کاری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی) سەرەڕای سەردانی مەیدانی بۆ ناوچە و لقەکان هەر لە زاخۆوە تاکو خانەقین و مەندەلی و زرباتییە و بەدرە و کوت کە بە لانی کەمەوە لە مانگێکدا هەفتەیەك لە سەفەردا بووم ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم لەو ماوەیەدا کاك ئەنوەر عەبدوڵلا و کاك قادر حەمەدئەمین بە هیچ شێوەیەك تێکەڵی ئیشوکارەکانی منیان نەدەکرد و بە تەواوی دەستم کرابۆوە بۆ ڕێکخستنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، چونکە ئەو دوو برادەرە دەیانزانی کە بەندە بە چ جۆرێك بێ پێچ و پەنا و بێ پیلانگێڕان لە دژی ئەم و ئەو کارەکانم ئەنجام دەدا، چونکە بە تەواوی هاتبوومە ئەو قەناعەتە کە بەو ڕێگایە دەتوانین خزمەتی قوتابییانی کورد و کوردستان بکەین و تێکڕای برادەرانی لیژنەی ڕاپەڕاندن کە (٢١) کەس بوون لە کۆبوونەوە مانگانەکاندا کاتێ ڕاپۆرتی گشتیم (لە لایەن منەوە ئامادەکرا) دەخستە ڕوو هەرهەموویان لەگەڵ مندا کۆك بوون هەتا ئەوانەی کە

له سەرەتاشدا بە حوكمی خیلافاتی پێشوو جۆرە حەساسییەتێكیان هەبوو هاتنە ئەو قەناعەتە كە بەندە كار بۆ سەرخستنی یەكێتی قوتابییانی كوردستان دەكات، بەڵام دیسان ئەوە ناشارمەوە كە رێكخراوی بڵێسەی قوتابییانی پارتی كە سەر بە لیژنەی ناوچەی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو كە تێیدا لە بەغدا (لقی پێنج) برایان عادل موراد و عارف تەیفور ئەندامی لیژنەی ناوچەی بەغدا و بە پشتیوانیی هەندێ لە برادەرانی مەكتەبی سكرتارییەت و لیژنەی راپەڕاندن سەرقاڵی رووخاندنی ئەنوەر عەبدوللا و قادر حەمەدئەمین بوون و لە كۆڕ و كۆبوونەوەكان بە ئاشكرا دژایەتییان دەكردن و سوودیان لە خاڵە لاوازەكانی ئەو دوو برادەرە دەدیت لە هەندێ بواردا، بەڵام بەندە هەمیشە لەگەڵ راگرتنی تەرازووی پەیوەندییەكان بووم و نەمدەهێشت ئەم ناكۆكییانە بپەڕێتەوە ناو رێكخستنەكان و كاریگەرییەتیی نەرێنی هەبێت و لە هەمان كاتیشدا هەوڵی جدیم دەدا كە بڕیارەكان لەناو مەكتەبی سكرتارییەت یەكلا بكرێتەوە، بەڵام دیسان هەستم بە هەندێ كاری ناجۆر دەكرد و بۆیە زۆر جار كە ئێواران بەتەنها سەردانی كاك (سامی عەبدولڕەحمان)م دەكرد لە دیوانی وەزارەتی كاروباری ژورو (وزارە شؤون الشمال) بە حوكمی لێپرسراوێتی و سەرپەرشتی كردنی رێكخراوەكانی (قوتابییان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان) وردەكاریی ئیشوكار و كێشەكانم بۆ باس دەكرد، كاك سامیش لەو بوارەدا زۆر بە سەلیقە و پشوودرێژییەوە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەكە دەكرد و هانی دەدام كە تەرازووەكە لە ناوەڕاستەوە بگرم و نەهێڵم بە هیچ لایەكدا بكەوێ و زۆر جار ئەم رستە عەرەبییەی دووبارە دەكردەوە "لم یأت أوانها" جارێ كاتی نەهاتووە، چونكە كاك سامی عەبدولڕەحمانیش ئەو سەردەمە هیچ هەنگاوێكی بەبێ ئاگاداری و بڕیاری (بارەگای بارزانی) نەدەنا، بەڵام ئەویش لە قەناعەتی خۆیەوە دایزانی ئەو دوو برادەرە (كاك ئەنوەر و كاك قادر) لەگەڵ ئیجماعی لیژنەی راپەڕاندن و مەكتەبی سكرتارییەت كارەكان ئەنجام نادەن، لێرەدا بۆ مێژوو دەیڵێم كە كاك قادریش زۆر جار لای من گلەیی لە كاك ئەنوەر دەكرد و لە هەندێ هەنگاوی رازی نەبوو، بەڵام لە هەمان كاتیشدا

نەیدەتوانی لەژێر ئەژموون و کاریگەرییەتی کاك ئەنوەر عەبدوللا خۆی دەرکەنار بکات.

## یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی قوتابییانی عیراق
## پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠

ساڵی ٢٠٠١ لە گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە (٦٦)ی مانگی تشرینی دووەم بابەتێکم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناوونیشانی "نهێنی و بابەتە شاردراوەکانی هەڵبژاردنی قوتابییان لە پارێزگای کەرکووك پێش ٣١ ساڵ-أسرار وخفايا الأنتخابات الطلابية في محافظة كركوك قبل ٣١ عاماً" پاشان لەو پەرتووکەی کە بە زمانی عەرەبی نووسیومە لەژێر ناوی (ذاكرة الأيام) بابەتەکەم لە دووتوێی ئەو پەرتوکەدا لەژێر هەمان ناو و لە لاپەڕەکانی (١٣١-١٥٤) بڵاوکردەوە، لێرەدا بە پێویستم زانی لەبەر گرنگیی بابەتەکە لە رووی مێژوویی و سیاسییەوە دەقەکەی بە کوردی بڵاو بکەمەوە بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز زیاتر ئاگاداری رەوشی کەرکووك پێش ٤٤ ساڵ (ئێستا ساڵی ٢٠١٤)یە بێت کە چۆن حکومەتەکانی عیراق بەتایبەتیش حکومەتی (بەعس) مامەڵەی لەگەڵ کەرکووکی کوردستان کردووە، پاشانیش حکومەتی نیشتمانی عیراقی پاش کەوتنی حکومەتی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ و هاتنەسەرکاری خەڵکانی تازە کە پێشووتر ئەوانیش زوڵملێکراو بوون بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دەکەن و هەمان سیاسەتی پێشوو پەیڕەو دەکەن، بەڵام بە شێوازێکی دیکە. لێرەدا دەقی بابەتەکە بە زوبانی کوردی بڵاوی دەکەمەوە.

## نهێنی دیوە شاراوەکانی هەڵبژاردنی قوتابییان
## لە پارێزگای کەرکووك ساڵی ١٩٧٠

سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ کاتێ پێم نایە ئوتێل (شهرزاد) لە کەرکووك یادەوەرییەکان گەڕاندمیانەوە بۆ رۆژێکی

سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ کە ئەوکاتە لە پۆلی یەکەمی قوتابیخانەی سەرەتایی کۆیە بووم کە ماوەیەکی کورت بوو چاوم تووشی نەخۆشیی (تاراخوما) ببوو باوکیشم ئەوکاتە رۆژانی پشووی نیوەی ساڵی بە هەل زانی کە ئەوکاتە دوو هەفتەی یەکەم و دووەمی مانگی شوباتی دەخایاند بە مەبەستی چارەسەرکردنی چاوم لای دکتۆرانی بەغدا، قۆناغی یەکەممان شاری کەرکووك بوو کە لە رێگای (کۆیە–تەقتەق)، شیوەسەر–رێدار (سەنتەری ناحیە شوان)–کەرکووك، بەڵام لەبەرئەوەی لە کۆیەوە تاکو رێدار رێگایەکە قیرتاو نەبوو (هاتوچۆکەران) تووشی ماندوبوون و سەغڵەتی دەبوون، کاتیٚ لە مانگەکانی زستان سەفەری کەرکووکیان بکردایە چونکە لە نێوانی ٧–٨ کاتژمێری پێدەویست تاکو دەگەیشتنە کەرکووك بۆیە کاتیٚ دەتەویست سەفەری بەغدا بکەیت لە کۆیەوە دەبووایە شەوێك لە کەرکووك بمێنیتەوە، شوێنی مانەوە و حەسانەوەمان ئوتێل (شەهرەزاد)ی (کاکە حەمە) بوو کە سەرپەرشتیی ئیدارەی ئوتێلەکەی دەکرد کە تێیدا لە هۆڵی ئیدارە پێشوازیی لە میوانان دەکرا و هەمیشە ئێوارانی هۆڵەکە چەندین کەسایەتیی کوردی کۆیە و سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە بازرگان و کاسبکار سەرەڕای میوانانی خۆی لە خەڵکی کەرکووك کە تێیدا تاکو درەنگانی شەو بە قسە و هەواڵی ئەملاولا و بەدەم چاخواردنەوە کات دەبرایە سەر.

کاتیٚ رۆژی ١٩٧٠/١١/٢٠ بەغدای پایتەختم بەجێهێشت بەرەو کەرکووك هەموو بیرم لای ئەوە بوو کە لە ئوتێل شهرزاد بەیادی ئەو شەوەی کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ تێیدا لەگەڵ باوکم ماینەوە جێگیر بم بۆ ئەو ماوەیەی لە کەرکووك دەمێنمەوە، بەڵام کاتیٚ گەیشتمە کەرکووك یەکسەر لەبەردەم ئوتێلی ناوبراو دابەزیم و چوومە ژوورەوە، بەڵام چیم دیت.. باڵەخانەیەکی ماندووی لەبیرکراو کە بەداخەوە نە کاکە حەمەی لێبوو و نە ئەساوەری شەهرەزادی پێوە مابوو، ئەوەی مابوو چەند دیوارێکی رەق و تەق و بیٚ خزمەت کە ئەویش لە ئاکامی ئەو سیاسەتە لەعنەت لێکراوەی کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بەرامبەر کەرکووك گرتبوویانە بەر، بەتایبەتیش لەپاش کودەتا

خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کە لەو کاتەوە کەرکووك کەوتبووە بەر شاڵاوێکی دڕندانەی بەعەرەبکردن و دەرکردنی کورد تاکو ڕۆژانی رووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ بەردەوام بوو بەپێی پلانێکی تۆکمەی هەمەلایەنە بە مەبەستی چۆڵکردنی ئەم شارە کوردستانییە بە پلەی یەکەم لە کورد و پاشان لە تورکمان و مەسیحییەکان کە تێیدا بە هەزاران ماڵی عەرەب لە باشوور و ڕۆژئاوای عیراق بەرەو ئەو شارەیان هێنان و هەر خێزانێکیش لەو عەرەبانە کە دەهاتن هەریەکە پارچە زەوییەك و (١٠,٠٠٠) دە هەزار دیناری چاپی سویسریی پێدەبەخشرا.

بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی قوتابییان لە عیراق کە تێیدا کەرکووك بایەخێکی گەورەی لای شۆڕش و پارتی و یەکێتیی قوتابییانی کوردستانەوە هەبوو کە نیاز وابوو ڕۆژی ١٩٧٠/١١/٢٠ ئەنجام بدرێت، بەپێی بڕیاری لیژنەی ڕاپەڕاندن و مەکتەبی سکرتاریەت بە ئامادەبوونی کاك سامی عبدالرحمن کە تەنها بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو چونکە یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەری بوو کە لە هەموو عیراق ئەنجام دەدرا پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و بەپێی بڕیاری هەردوو لایەن (یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق و یەکێتیی قوتابییانی کوردستان) دەبووایە لە ١٩٧٠/١١/٢٠ هەڵبژاردن لە سەرتاسەری سەرجەم قوتابخانە ئامادەییەکان لە عیراق ئەنجام بدرێت پاش ئەوەش بە (٧) ڕۆژ هەڵبژاردن لە زانکۆکانی عیراق (بەغدا، موستەنسریە، بەسرە، موسڵ) ئەنجام بدرێت، بەپێی پێشنیاری لایەنی دیکە (یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق) چەنج خاڵێکیان خستە بەردەستی ئێمە بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەری، خاڵەکانیش وەکو ئەوان پێشنیاریان کردبوو بریتی بوو لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- یەکێتیی قوتابییانی کوردستان دەتوانێ بە لیستی سەربەخۆ لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) لەژێر ناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەشدار بێت.

٢- بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە زانکۆی سلێمانی لەژێر ناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ دانانی ئەندامێکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە هەر کۆلیژێکی زانکۆی سلێمانی لەژێر ئالأی یەکێتی قوتابییانی کوردستان.

٣-بۆ زانکۆی موسڵ پێشنیارەکە بریتی بوو لەوەی کە یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق بەرپرسیار بێت لەو زانکۆیە لە دەستنیشان کردنی نوێنەران لەژێر ئالأی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق، بۆ هەر کۆلیژێك لەو زانکۆیە ئەندامێکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان دەستنیشان دەکرێت بە مەرجێ کە ژمارەیەکی بەرچاو قوتابیی کوردی تێدابێت.

٤- بەنسبەت زانکۆ و قوتابخانە ئامادەییەکانی زانکۆی بەغدا و موستەنسریە و بەسرە یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی لیستی قوتابییان و لەژێر ناوی خۆی.

٥-دانپێدان بە دامەزراندنی لقی بەغدای یەکێتی قوتابییانی کوردستان و سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە بەغدا (زانکۆی بەغدا و موستەنسریە و ئامادەییەکانی بەغدا) لەگەڵ جێگیر بوونی بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتیی نیشتمانی قوتابییانی عیراق.

بەلأم دەربارەی کەرکووك پێشنیاری لایەنی بەرامبەر بریتی بوو لە:

١- یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق رووبەری (واجهه) قوتابیان دەبێت لە سەرتاسەری پارێزگای کەرکووك.

٢- یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق ماقی ئەوەی دەبێت لە سەرتاسەری هەردوو قۆناغی دوایی (چوار و پێنج) لە پارێزگای کەرکووك لیستی هەڵبژاردنی ناوی قوتابییان رێکبخات لەژێر ناوی خۆی تەنهالە قوتابخانەکانی (١١ی ئازار، کوردستان، ئیمام قاسم،

ئامادەیی کفری) کە بۆ یەکێتی قوتابییانی کوردستانی جێدەهێڵێ لەگەڵ بەشداری پێنەکردنی قوتابییە تورکمانەکان.

کۆبوونەوە بەرفراوانەکەی لیژنەی راپەڕاندن (مەکتەبی سکرتاریەت) کە لە هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ ئەنجام درا تایبەت بە دیراسەتکردنی پێشنیارەکانی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق و ماوەی یەك هەفتەمان لەبەردەم هەبووە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و بڕیارلێدانی و یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی لێ ئاگادار بکەینەوە، لە سەرەتای کۆبوونەوە فراوانەکە کە کاك سامی عبدالرحمن باسی لە گرنگیی پرۆسەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەرانی قوتابییان کرد بەپێی هەندێ خاڵی تۆکمە و چاودێریی هەندێ لایەنی زیرەکی، جورئەت، لێهاتویی، ئەوجا پێشنیارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیان کەوتنە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە مایەی سەرسوڕمانی ئێمە بوو و لەکۆتاییدا پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل گەیشتینە ئەو بڕیارانە و بەم شێوەیە داڕێژرا:

١- رازی نەبوون لەسەر بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٥).

٢- دەربارەی بڕگەی (٤) دوو پێشنیارمان خستە روو:

أ- مافی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە کەوا لیستی تایبەت رێکبخات لە شارەکانی سنجار، بەعشیقە، شێخان، تلکێف، تەلەعفەر لە پارێزگای موسل.

ب- دەربارەی پارێزگای بەعقوبە بڕیارەکانمان بریتی بوون لە: مافی خۆیەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لیستی تایبەت ئامادە بکات بەناوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە خانەقین، مەندەلی، لەگەڵ شارەکانی بەدرە، زرباتیە لە پارێزگای کوت.

دەربارەی بڕگەی (٦) بڕیارمان بریتی بوو لەو پوختە بڕگەی خوارەوە کە تێیدا مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقی لێ ئاگادارکرانەوە:

١- یەکێتی قوتابییانی کوردستان دەبێتە ئەو رێکخراوە کە بەرپرسیار دەبێت لە هەموو جموجۆڵییەکی پارێزگای کەرکووك و بەپێی بڕگەی (٥)ی رێککەوتننامەی ١١ی ئازار و رازی کردنی قوتابییانی نەتەوەکانی دیکە لە سەرجەم قوتابخانەکانی پارێزگای کەرکووك وەکو تورکمان و مەسیحی و عەرەب و بەشداری پێکردنیان لە لیژنەکانی و دەستەکانی قوتابییان، بەلاَم بەنسبەت یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق بەرپرس دەبێت لە رێکخستنەکانی خۆی لە سەرتاسەری پارێزگا و ئەگەر هەر کێشەیەك روویدا ئەوا هەردوو دەستەی باڵای یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق بە هەماهەنگیی نێوانیان چارەسەری کێشەکان دەکەن.

٢- ئەگەر هاتو لایەنی بەرامبەر یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق رازی نەبوو لەسەر پێشنیارەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان پێویستە هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتی لە سەرتاسەری کۆماری عیراق ئەنجام بدرێت.

٣- دوورکەوتنەوەی دەسەلاَتی ئیداری و حزبیی هەردوولا لە پڕۆسەی هەڵبژاردن، بەلاَم پڕوپاگەندە بۆ خودی هەڵبژاردنەکە مافی هەردوو لایە کە لە کەشوهەوایەکی ئازاد ئەنجامی بدەن.

پاش داڕشتنی بڕیارەکان بە شێوەیەکی کۆتایی لە کۆبوونەوەی دووەمی هەمان رۆژ بە سەرپەرشتیی کاك سامی عبدالرحمن ئەو بڕیارانەی لێکەوتەوە:

**یەکەم:** پابەندبوونی کاك ئەنوەر عەبدوللا سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان ئەوکاتە (١٩٧٠-١٩٧١) و جەلال خۆشناو و عادل لەیلانی کە هەردووکیان سەرەڕای ئەوەی ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەت بوون لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ کاك ئەنوەر عەبدوللا نوێنەری یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوون لە مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتیی نیشتمانی قوتابییانی عیراق بە

گەیاندنی پێشنیارەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بە لایەنی بەرامبەر و بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە نەبن و بەتەواوی جێبەجێ بکرێت.

**دووەم:** دەستنیشانکردنی (بەندە) بەو پێیەی کە سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بووم بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووك، پێویستە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە کەرکووك بمێنێتەوە تاکو کۆتایی هەڵبژاردنەکان، لە هەمان کاتیشدا پێویستە لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ بەڕێز سامی عبدالرحمن و سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

پاش تەواوبوونی هەردوو دانیشتنی کۆبوونەوەی ئەو رۆژە کە نزیکەی (٧) کاتژمێری خایاند، کاك سامی داوای لێکردم کەوا لەگەڵی بچم بۆ نووسینگەکەی ئەو لە وەزارەتی کاروباری ژوروو (وزارة شؤون الشمال)، کاتێ گەیشتمە نووسینگەکەی ئەو و دانیشتین دوو جگەرەی لە پاکەتەکەی دەرهێنا دانەیەك بۆ خۆی و دانەیەکیش بۆ من، پاش نەختێ هاتە قسە و گوتی (هەڵبژاردنی تۆ (واتە بەندە) بۆ سەرپەرشتیکردنی پڕۆسەی هەڵبژاردن لە کەرکووك لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەستنیشان کراوی و ئێمە لە سەرکردایەتیی پارتی و سەرۆك مستەفا بارزانی زۆر گرنگی بەم هەڵبژاردنە دەدەین بەتایبەتیش لە پارێزگای کەرکووك و شار و شارۆچکەکانی پارێزگای موسڵ و دیالی و هەردوو شارۆچکەی بەدرە و زرباتییە، بەڵام کەرکووك هەمیشە لە پێشەوەی بایەخدانمانە و هەڵبژاردنی تۆش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك کە تێیدا بۆ هەڵکەوتوییت و پابەندبوونت بە ئەرکەکان سەرەڕای خۆبەخشی و ئامادەباشیت بۆ ئەم جۆرە کارە گەورانە سەرەڕای جۆری کەسایەتیت بۆ قەناعەت هێنان و رازیکردنی بەرامبەر، بۆ ئەم مەبەستەش بڕی (١٠٠٠) هەزار دینارت دەخەمە بەردەست و پێویستە هەر سبەی بۆ کەرکووك سەفەر بکەیت و بە گەیشتنت راستەوخۆ پەیوەندی بە کاك عەزیز عەقراوی بکەیت چونکە ئەوی وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئاگاداری تەواوە لە بابەتەکە (ئەوکاتە خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی لقی

٣ی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو)، تا پێت دەکرێ دوورکەوە لەو کێشانەی کە دێتە پێش لەگەڵ بەعسییەکان و دەسەڵاتی حکومەتی ئەو شارە چونکە ئێمە تاکو ئێستاکەش پابەندین بە بڕگە و خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار، بەڵام نابێت ئەوەت لەیاد بچێت کە بەعسییەکان بە هەموو توانا حزبییەکان و دائیرەکانی حکومەت بە پشت بەستن بەو دەسەڵاتە ماددی و بەشەرییەی کە هەیانە بە مەبەستی وەدەستهێنانی سەرکەوتن بۆ خۆیان ئێمە لە ڕێگەی دەزگا تایبەتییەکانی خۆمان ئاگاداری وردەکارییەکانی هەڵمەتی بەعەرەبکردن و بەبەعسکردنین و بەهیچ شێوەیەك وازیان لەم سیاسەتە نەهێناوە، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە وەکو سەرۆك مستەفا بارزانی دەفەرموێ (کەرکووك هەمیشە بە دڵی کوردستان دەمێنێتەوە) و کاتی خۆشی بەڕێزیان ئێوەی قوتابیی لەم بابەتە ئاگادار کردووە پێش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (دیلمان) کاتێ ئێوە لەگەڵ هەڤاڵانت سەردانتان کردبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕەچاوی پێکهاتەی دیموگرافیی کەرکووك بکە کاتێ لیست ڕێکدەخەن چونکە کوردستان پێکهاتەکەی فرەلایەنە و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێ و دەبێت ئەوەیان تێبگەیەنی کەوا چارەنووسیان لەگەڵ کورد گرێداوە، دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بکەیت و شوێنێکی گونجاو و ئەمین بۆخۆت بدۆزیتەوە و پارتی لێ ئاگادار بکە، گەر توانیت هەموو ڕۆژێك پەیوەندیم پێوە بکەیت چ بە تەلەفۆن چ بە دەستنیشانکردنی کەسێ کە متمانەی تەواوت پێی هەیە بە گەیاندنی نامەی نووسراو و زارەکی لەگەڵ من. ومن بڕوای تەواوم بە سەرکەوتنت هەیە لەو ئەرکە قورسە و خودای گەورە لەگەڵتانە.

ڕۆژی دواتر پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ برادەرانی مەکتەبی سکرتاریەت بەرەو کەرکووك بەڕێکەوتم کە تێیدا خوالێخۆشبوو شەهید (سەعدی خەلیل)م لەگەڵدابوو کە ئەوکاتە ئەو ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕاندن و لێپرسراوی لقی کەرکووکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو، بە گەیشتنمان بۆ کەرکووك هاوڕێ سەعدی خەلیلم ئاگادارکرد کەوا ئوتێل (شهرزاد)م دەستنیشان کردووە

**بۆ مانەوە و حەوانەوە لەو ماوەیەی کە لە کەرکووك دەمێنمەوە، بەڵام کاتێ بارودۆخی ئوتێل شهرزادم دیت بڕیارەکەم گۆڕی چونکە ئوتێل شهرزاد ئەو ئوتێلە نەمابوو کە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٥٣ شەوێك لێی حەوابوومەوە لەگەڵ باوکم بۆیە لەگەڵ کاك سەعدی خلیل و لەسەر پێشنیاری ئەو بەرەو ئوتێل (الشرق الأوسط) چووین کە لە سەنتەری شار بوو و بارگەم لێ دانا، ئێوارەی هەمان رۆژ لە بارەگای لقی ٣ی پارتی چاوم بە خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی کەوت بە ئامادەبوونی کاك رشید عارف ئەتروشی کە ئەویش ئەندامی لقی ٣ی پارتی بوو، دیاربوو پێش گەیشتنم بۆ کەرکووك کاك سامی عبدالرحمن پەیوەندیی بە کاك عەزیز عەقراوی کردبوو بە تەلەفۆن و پێی راگەیاندبوو کە نامەیەکم لەلای ئەوە پێیە بۆ کاك عەزیز عەقراوی کە دیاربوو سەراپای نامەکە پەیوەندیی بە ئەرکەکەی من و سەرکەوتنی هەبوو لە کەرکووك بە هەموو شێوەیەك، بۆیە راستەوخۆ عەزیز عەقراوی کاك رشید عارف ئەتروشی راسپارد کە راستەوخۆ لەو ئەرکە بەرپرسیار بێت چونکە ئەوەی لە کاك رەشید دەزاندرا تێکۆشەرێکی چاونەترس و لەخۆبوردوو و ئازا بوو سەرەڕای ئەوەی ئەندامی دەستەی کارگێڕیی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کاتێ مامۆستایان عەقراوی و ئەتروشی زانیان بەندە لە ئوتێل (الشرق الأوسط) دابەزیوم پێیان راگەیاندن کەوا پێویستە لەم ئوتێلە بگوازرێمەوە بۆ بارەگای یەکێتیی قوتابییانی کرودستان کە نزیك بوو لە بارەگای لقی ٣ی پارتی لەبەر هۆکاری پاراستنی من، بۆیە منیش رۆژی دواتر بارگەم لە ئوتێل گواستەوە و هاتمە بارەگای لقی کەرکووکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و یەکێ لە ژوورەکانی سەرەوەی بارەگام کردە جێگای مانەوە و حەوانەوەی خۆم تاکو بەکۆتا هاتنی پڕۆسەکە کە تێیدا برایان نوری قارداش و وازهیر رۆژبەیانی ئەندامی لق شەو و رۆژ بە نۆرە لەگەڵمدابوون و یەك ساتیان بەجێنەهێشتم.**

**لە رۆژی یەکەمەوە دەستمان بە کار کرد بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە دامانڕشتبوو لەگەڵ لێپرسراو و دەستەی کارگێڕیی لق کە بریتی بوون لە شەهید سەعدی خلیل، نووری قارداش، زاهیر رۆژبەیانی، محمد ساڵح، خوشکە**

سەعدیە، محمد نوری و دوو هاوڕێی دیکە کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، لە سەرەتادا بەرنامەڕێژی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان لەگەڵ سەرجەم لیژنەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە سەرجەم ئەو قوتابخانانەی کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت لە سەرنتەری کەرکووك لەپێشەوە، پاشان هەڵسان بە سەردانی مەیدانی بۆ ئەو شار و شارۆچکانەی کە هەڵبژاردن لە قوتابخانەکانیان ئەنجام دەدرێت کە بریتی بوون لە (کفری، خورماتو، حەویجە، ریاز، دوبز، لەیلان) کە تێیدا لەگەڵ لیژنەکان و ئیدارەی قوتابخانەکان کۆبوونەوەی چڕوپڕمان ئەنجامدا و برایان عادل لەیلانی، انیس شاکر حکیم، فەرەیدون عوسمان، شێرزاد صادق أنور تاڵەبانی و چەندین برادەری تر هاوکارم بوون، کە دیسان بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، چونکە ئاشکرایە یەکەم تەمەن و دووەم تالاّن و بردنی ماڵەکەم لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێ پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد کە تێیدا سەرجەم وێنە و کتێبخانە و ئەوراقەکانم دەستی بەسەردا گیرا.

لە دوو هەفتەی یەکەمی مانەوەمان لە کەرکووك کۆبوونەوەکانمان بە بەردەوامی ئەنجام دەدا، سەرەڕای بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ قوتابییانی قوتابخانەکان لەو ماوەیەدا توانیمان گۆڕەپانەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەین، ئەو قوتابخانانەی کە جموجۆڵەکانمان تێدا ئەنجامد دەدا بریتی بوون لە ئامادەییەکانی (ئیمام قاسم، ١١ی ئازار، کوردستان، تەئمیم، دار المعلمین بە هەردوو بەشییەوە) لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ کارگێڕی سەرجەم ئەو قوتابخانانە، کە بووە هۆکاری ئەوەی یەکێتی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق و کاربەدەستانی حکومی و بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کەرکووك ئاگادار ببنەوە لە جموجۆڵەکانمان کە تا رادەیەکی گەورە ناڕەحەتی کردبوون، لە سەروبەندی ئەو رۆژانە (احمد عبیدی) بەرپرسی یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە کەرکووك پەیوەندیی پێوە کردم و داوای کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیی لەگەڵ کردم، بەلاّم وەکو ئەو گوتی لە بارەگاکەی ئەوان، بەلاّم بەندە داواکەیم رەت کردەوە و پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد کە کۆبوونەوەکە لە بارەگای لقی کەرکووکی

یەکێتی قوتابییانی کوردستان بێت، و بۆ جاری دووەم دەچینە لای ئەوان، کاتیَ سەردانی کردم دوو کەسی لەگەڵدابوو کە پێنەدەچوو قوتابی بن، وە هەردووکیان لەژێر چاکەتەکانیانەوە دەمانچەیان پێبوو و احمد داوای لێکردم کە بەتەنها پێکەوە دانیشین و باس لە مەسەلەی هەڵبژاردن بکەین، بەپێی ئەو رێنماییانەی کە لە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق بۆی هاتووە لە بەغدا، بە مەبەستی هەماهەنگی لەنێواندا بۆئەوەی هیچ کێشەیەك روونەدات و بە دەق پێی گوتم (ئێمە چاودێریی جموجۆڵەکانت دەکەین لەوکاتەوەی کە هاتووی بۆ کەرکووك، بوونی تۆ لە کەرکووك مەسەلەیەکی ئاساییە، بەڵام هەندی بابەت هەیە کە ئێمە حیسابی بۆ دەکەین لە یەکیَ لە کۆڕەکانت کە لەگەڵ قوتابییانی ئامادەیی امام قاسم ئەنجامت دابوو و بەبەرچاوی قوتابییان و مامۆستایانی تێکڕا باستان لەوە کردبوو کە ئێوە لەگەڵ ئێمە بەشداری رەت دەکەنەوە لەو هەڵبژاردنەدا و ئەم بۆچوونەش لەگەڵ گیانی بەیانی ١١ی ئازار رێك ناکەوێت، لە لایەکی دیکەشەوە لە قسەکانت دا لەگەڵ قوتابیان و مامۆستایانی ئامادەیی ناوبراو گوتووتە کە ئێوە بە هەموو شێوەیەك دابەشکردنی کەرکووك بۆ دوو بەش، بەشێك بۆ ئێمە و بەشێك بۆ ئێوە رەت دەکەنەوە، و ئەو پێشنیارەتان دەربارەی ئەو دابەشکردنە بە شاری (بەرلین)ـان شوبهاندبوو و دیسان گوتبووت کە ئێوە (یانی کورد) بە هیچ شێوەیەك رازی نابن کە دیوار لەنێوان گەڕەکەکانی شاری کەرکووك درووست بکرێت، و چەندین جار جەختت لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کەرکووك چ وەکو شار و چ وەکو پارێزگا کوردی و کوردستانییە، کە راستەوخۆ و بەپێچەوانە لەگەڵ گیانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژوویی دادەنریَ، و من هاوڕێیانم لە بەغدا ئاگادار کردۆتەوە و ئەوانیش داوای روونکردنەوەی زیاترم لیَ دەکەن. ئێستا ئێوە چی دەڵێن؟).

پاش ئەوەی احمد عبیدی قسەکانی تەواو بوو وام دەهاتە بەرچاو کە وەکو کارمەندێکی دائیرەی (ئەمن) قسە دەکا چ شێوازی قسەکردنی و چ ئەو وشانەی کە بەکاری هێنا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك کاریگەریی لەسەر من درووست نەکرد

و زۆر لەسەرخۆ و هێمنانە جگەرەیەکم پێشکەش کرد و یەکێکیشم بۆخۆم داگیرساند، پاش مژلێدانی هاتمە قسە و گوتم (بەخێرهاتی بۆ بارەگاکەی ئێمە، بەڵام من لە روانگەی میواندارییەوە ناتوانم بە هەمان شێواز ئاخاوتنت لەگەڵ ساز بکەم و ئەوەی لای منە لەو چەند خاڵە چڕی دەکەمەوە، **یەکەم** و پێش هەموو شتێك ئێمە کەرکووك بە دڵی کوردستانی دادەنێین لەگەڵ شار و شارۆچکەکانی کە سەر بەئەون، کە ئەمەیان لەگەڵ گیانی رێککەوتننامەی ١١ی ئازار ناکۆك نابێت و ئەوکاتەی سەرژمێری گشتی کە بەتەمایە بکرێت لە ئایندەدا ئەو راستییە بەدیار دەخات و ئەگەر هاتو تاکە کوردێکیش لەم شارە نەمێنێ وەکو سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە پێش و پاش ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ١١ی ئازار کەوا کەرکووك بە کوردستانی دەمێنێ، **خاڵی دووەمیش** کە لەسەر زاری منەوە دەربارەی دابەشکردنی کەرکووك هاتووە بۆ دوو ناوچەی هەڵبژاردن یەکێکیان بۆ ئێوە و ئەوی دیکەیان بۆ ئێمە ئەمەیان لە بنەڕەتەوە لای ئێمە رەت دەکرێتەوە، چونکە ئێمە ئەوە بە لەدەستدانی مافێکی خۆمانی دەزانین و ناکرێ قبووڵی بکەین، **خاڵی سێیەمیش** کە بریتیە لە مەبدەئی رێککەوتن لەسەر دابەزین بە یەك لیست پێکەوە ئێمە کاتی خۆی ئەم رایەمان هەر لە بەغدا رەت کردەوە و رەتکردنەوەکەشمان بە مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق راگەیاند، چونکە ئەو پێشنیارە لە بنەڕەتدا دژایەتی کردنی خاوەن ماڵە کە ئێمەین و ئێوە ویستتان ئەم مەسەلەیەمان لەسەر فەرز بکەن و ئێوە دەزانن کاتێ ئێمە پێش (٩) ساڵ شۆڕشێکی میللیمان بەرپا کرد چونکە خەڵکانێك لە بەرپرسانی حکومەتی بەغدا دەیانویست ئەو سیاسەتە دوور لە بەرژەوەندیی بەسەر ئێمەدا فەرز بکەن، ئێمەش لای خۆمانەوە لەگەڵ هاوکاری و رێککەوتنین و خۆشحاڵ دەبین کە هەڵبژاردنەکە لە کەشوهەوایەکی ئارام و هێمنانە بەڕێوە بچێت). پاش ئەوەی لە قسەکانم بوومەوە احمد عبیدی نەیتوانی بەخۆی بوەستێ و هاتە قسە و گوتی (ئاکامەکەی دەبینن)، بۆیە منیش راستەوخۆ گوتم (ئاکامەکەی بۆ ئێمە زامنە).

جارێکی دیکە احمد عبیدی-م نەدیتەوە تاکو ئێوارەی هەفتەی سێیەمم لە کەرکووك پاش ئەوەی کە رشید عارف اتروشی بە تەلەفۆن پێی راگەیاندم کەوا بەندە و ئەو (رشید عارف اتروشی و نووسەری ئەم بابەتە) بانگ کراوین بۆ دیوانی بارەگای پارێزگاری کەرکووك کە ئەوکاتە (غانم عبدالجلیل) پارێزگاری کەرکووك بوو، کاك رەشید پێی راگەیاندم کە بۆ رۆژی دوایی پێش ئەوەی بچینە لای پارێزگاری کەرکووك لە بارەگای لقی ٣ی پارتی یەك دەبینین لە کاتی دیاریکراودا چاوم بە بەرێز اتروشی کەوت و لەسەر هەندێ بابەت قسەمان کرد، بەتایبەتی دەربارەی هەندێ ناوچەی جیاواز لە کەرکووك کە تێیدا بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانە لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق پەیڕەوی دەکەن بەتایبەتیش لەگەڵ قوتابییانی مەسیحی و تورکمان.

کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی لەگەڵ کاك رەشید چووینە ژووری پارێزگاری کەرکووك و کاتێ کە بەژوور کەوتین (٣) قوتابیی تورکمانم بەدیکرد کە لەملاولای نزیك بە پارێزگار دانیشتبوون و یەکسەر زانیم کە کەوتوومەتە داوێك، و وا پێویست دەکات کە ئازایانە لێی دەرچم چونکە بەپێی بەرپرسیارێتیم لەو رۆژەوەی کە گەیشتوومەتە کەرکووك پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەی نوێنەرانی قوتابییانی حزبی شیوعی و تورکمان و مەسیحییەکان کردبوو بە مەبەستی رێککەوتن لەسەر شێوازێکی پەسەند کراو لە پاڵێوراوان و بەشداربوونیان لە لیستی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، وا رێککەوتبوو کە پێشووتر بەندە ٣ لە قوتابیانی تورکمانم دیتبوو کە لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا لەگەڵیان رێککەوتبووم کە بەشداری لە لیستی ئێمەدا بکەن وەك ناوەکانیانم لەبیرماوە (نجاح، فیصل، حسین) کە بەداخەوە ناوی باوکیانم لەبیر نەماوە، کۆبوونەوەکەشمان لە ماڵی هاوڕێ کاك نوری قارداش ئەنجامدابوو (کە تێیدا برایان زاهیر رۆژبەیانی، محمد قادر (کەمال کەرکووکی) ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بوون) کە ئەوکاتە ماڵەکەیان لە گەڕەکی اسکان بوو و کۆبوونەوەکەش دوو شەو پێشتری ئەو رۆژە بوون کە پارێزگاری کەرکووك داوایکردبووین و لەگەڵیان وا رێککەوتبووین کەوا بەشدارییەکی راستەوخۆ لە

لیستەکەی ئێمەدا بکەن بە ژماری قبووڵکراوەوە و بە ڕەزامەندیی هەردوو لامان، کاتێ کە لە لای ڕاست و چەپی پارێزگار بەدیمکردن سەرسوڕمان دایگرتم کە دانیشتنەکەیان بە شێوەیەك بوو کە وا پێدەچوو کە پێشووتر یەکتریان دیوە و ناسیوە، بەڵام هیچم بەسەر خۆم نەهێنا و لەگەڵ یەکە یەکەیاندا تەوقەم کرد و لە شوێنی خۆمان دانیشتین، پاش بەخێرهێنان غانم عبدالجلیل-ی پارێزگاری کەرکووك بە هەندێ جدییەتەوە هاتە قسە و ئەو گفتوگۆیە لەنێوان هاتە کایەوە.

**پارێزگار غانم عبدالجلیل**: کاکە فەرهاد دەبێ بزانی کە خاڵەکانی بەیانی ١١ی ئازار ئاشکرایە وە لە بڕگەی ٥ی ئەم بەیاننامەیەدا هاتووە کە ئێوە ماڤ خۆتانە ڕێکخراوی جەماوەی دروست بکەن و لە هەمان کاتدا ئەم ڕێکخراوە کوردستانیانە دەبنە ئەندام لە ڕێکخراوە هاوشێوەکانی عیراقدا و بەهیچ شێوەیەك ئەو مافەی نەداوەتە ئێوە کە فیڵمان لێ بکەن و خەڵکی دیکەش هەڵبخڵەتێنن و ڕایانکێشن بۆ لای خۆتان بۆ دوژمنایەتیی دەسەڵاتی نیشتمانی لە عیراق، ئێوە لەو کاتەی هاتوونەتە کەرکووك بوونەتە هۆکاری درووستکردنی جۆرە پەشێوییەك لە نێوەندی قوتابییان و ڕۆژانە هەست بەو جۆرە دەرچوونانە دەکەین لە گیانی بەیاننامەی ١١ی ئازار، ڕۆژێك لە کەرکووك کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن، ڕۆژێکی دیکە لە کفری، ئەوجا دەچن بۆ دوبز و خورماتو و پێش دوو شەو کۆبوونەوەتان لەگەڵ نجاح و فیصل و حسین ئەنجام داوە بە مەبەستی ڕاکێشانیان بۆناو لیستەکەی خۆتان کە ئەمەش لەگەڵ ڕێککەوتنی نێوان ناگونجێ و ئێمە دەتوانین ئەم کارە تێکدەرانە بوەستێنین، بەڵام نامانەوێ گەیانی بەیانی ١١ی ئازار بریندار بکەین، و هۆکاری بانگکردنی ئێوە بۆ دیوانی پارێزگا ئەوەیە کە ئاگادارتان بکەینەوە دەربارەی ئەو لادان و پێشێلکارییانەی کە لێرە و لەوێ ڕوودەدات، هیوادارم لە ناخەوە کە ئەم هەڵبژاردنە بەبێ کێشە ئەنجام بدرێ کە ئەمەشیان بە ئێوەوە پابەندە.

پاش ئەوەی پارێزگار غانم عبدالجلیل لە قسەکانی بوەوە برای بەڕێزم کاك ڕشید عارف اتروشی بە شێوازێکی توندتر وەڵامی دایەوە و گوتی (ئێمە

نەهاتووین بۆ دیوانی پارێزگای بۆئەوەی ئامۆژگاری لە جەنابت وەربگرین و هەڕەشەمان لێ بکەی و ئێمە باوەڕی تەواومان بە کاك فەرهاد و بە جۆری کردارەکانی هەیە و هاتنی ئەو بۆ کەرکووك لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە ئێمە دەخوازین هەڵبژاردنەکە بە شێوازێکی هێمنانە ئەنجام بدرێت و دەربارەی تۆمەتبارکردنی فەرهاد و وەڵامدانەوەی بۆ خۆیی بەجێدەهێڵم).

کاتێ کاك رەشید لە قسەکانی بووەوە بە زمانی کوردی سوپاسم کرد دەربارەی شێوازی قسەکردن و رەتدانەوەی غانم عبدالجلیل، و راستەوخۆ هاتمە قسە و گوتم (رێککەوتننامەی ١١ی ئازار لە ئاکامی تێکۆشانی میللەتی کورد هاتۆتە بەرهەم، پاش شکستهێنانی ئەو چارەسەرە سەربازییانەی کە لەئارادابوو دژی شۆڕش و ئەم دەستکەوتەش خێری کەس نییە کە بە ئێمە دەکرێ، یەکێتی و رێکخراوە کوردستانیەکان چەندین ساڵە هاتوونەتە مەیدانی تێکۆشان، تەنانەت پێش درووستبوونی (کۆماری عیراق) و خاڵی پێنجەمی رێککەوتننامەکە مانای ئەوە نییە کە رێکخراوە کوردستانییەکان پێش رێککەوتننامەی ١١ی ئازار وجوودیان نەبوویێت.

رێککەوتننامەکە تەنها شێوازی یاسایی بەو رێکخراوانە دەبەخشێ و ئێمە هیچ کاتێك فێڵکردن لەگەڵ شێوازی کاری ئێمە ناگونجێ کاتێ لەگەڵ لایەنی بەرامبەر مامەڵە دەکەین و هیچ کاتێك بەزۆر نەمانویستووە خەڵکانێك بۆلای خۆمان رابکێشین، کارەکانی ئێمە ئاشکران و ئێمە کاتێك لەگەڵ برادەران لە مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق رێك نەکەوتین کە بە یەك لیست بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین خۆی لەو روانگەوە هاتووە کە ئێمە بڕوامان بەو شێوازە نەبووە کە ئەوان بۆیان پێشنیار کردبووین و رێککەوتین کە هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووك بکرێت لەگەڵ هەندێ لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دیالی و موسڵ بە شێوازێکی رکابەری و مەبدەئی رکابەریش ئەوەی بە هەردوو لایەن دەبەخشێ کە یەکسان بن لە پڕوپاگەندەکردن و پەیداکردنی دۆست کە لە بەرژەوەندیی لیستەکاندا بێت، هاتنی من بۆ کەرکووك لەو روانگەوە نییە کە بمەوێ ئەمنییەتی ئەو شارە تێك

بدەم و پەشێوەی بۆ هەڵبژاردن درووست بکەم، من هاتووم بۆئەوەی نەیەڵم هیچ کێشەیەك روویدات بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەمە و مافی خۆمە کە لەگەڵ قوتابییان کۆببمەوە و کۆڕیان بۆ ببەستم و هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکانیش بە شێوازێکی زۆر ئاسایی، بەڵام کاتێ کە باس لە پەیوەندیی نێوان من و ئەو سێ قوتابییە تورکمانە دەکەن کە لەلاتەوە دانیشتوون ئێمە ئازادین لەگەڵ کێ دابنیشین و لەگەڵ کێ رێککەوتن بکەین، دوو شەو پێش ئێستا بەندە لەگەڵ ئەو سێ برادەرە تورکمانە رێککەوتم لەسەر شێوازێکی قبووڵکراو، بەڵام چەند سەعاتێك بەسەر رێککەوتنەکەمان تێپەڕ نەبوو کاتێ دەیانبینم لە پەنای جەنابتەوە دانیشتبوون و کەسبت کردوون و ئەمە ئیستفزازی ئێمە ناکات، دوێنێ لەگەڵ ئێمەبوون، ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەن خەڵکی ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەو لایەنەی لەگەڵی رێکدەکەون، باشە بۆ بۆئێوە حەڵاڵە و بۆ ئێمە حەرام، بەڵام بەنسبەت پێشێلکارییەکان کە باست لێوە کرد هیوادارم یەکێکیانم نیشان بدەی، بە سوپاسیشەوە لە کاتێکیدا بەندە بە دەیان پێشێلکاریی لایەنی ئێوەی لایە کە لێرە و لەوێ روویانداوە، کە بریتین لە هەڕەشە لێکردنی قوتابییان و کەسوکاریان و مەسەلەکە گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییان عیراق لە ئامادەییەکانی ریاز و دوزخورماتوو بکەونە گیانی قوتابییانی سەر بە ئێمە، ئەمەیان لەگەڵ گیانی رێککەوتننامەی ١١ی ئازار ناگونجێ و دەسەڵات لێپرسراوە بەرامبەر دابینکردنی کەشوهەوای هێمن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتێکدا نە من و نە یەکێتی قوتابییانی کوردستان لێپرسراوێتیی راگرتنی ئەمنییەت و ئاسایشی لەئەستۆدا نییە چونکە ئێوە خاوەن بڕیار و دەسەڵاتن لە پارێزگای کەرکووك و ئێمە پابەندین بە هەموو شێوەیەك کە هەڵبژاردن لە بارودۆخێکی ئاسایی و هێمن ئەنجام بدرێت.

کاتێ لە قسەکانم بوومەوە کاك رشید ئەتروشی رووی تێکردم و بە زمانی کوردی گوتی (بەڕاستی موحازەرەیەکی خۆش بوو، خوا لێت رازی بێ)، پاشان نە کاك رەشید و نە بەندە بە پێویستمان نەزانی چی دیکە لای پارێزگاری

کەرکووك بمێنینەوە و کاك ڕەشید یەکسەر بە پارێزگاری گوت (بە ئیزنی خودا کارەکان بە رێکوپێکی بەڕێوە دەچن و ئێمە بە روخسەتتان دەڕۆین). پاش گەڕانەوەم بۆ بارەگانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان–لقی کەرکووك نامەیەکی دوور و درێژم بۆ کاك سامی عبدالرحمن و مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابییان نووسی دەربارەی جۆری دیدارمان لەگەڵ پاریگاری کەرکووك و ئەو باس و قسانەی کە لە نێواندا هاتە ئاراوە.

پاش دوو سێ رۆژ لە دیدارەکەمان لەگەڵ پارێزگاری کەرکووك لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی دوبزی یەکێتی قوتابیان کوردستان هاتە لام (کە بەداخەوە ناویم لەبیر نەماوە) و جۆرە پەشێوییەکی پێوە دیاربوو و دەستی کرد بە باسکردنی ئەو پێشێلکارییانەی کە لەلایەن قایمقامی شارۆچکەکە روویداوە کە وەکو ئەو گوتی دەبێتە هۆکاری کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن لە قەزای دوبز، وەکو ئەو گێڕایەوە پۆلێك کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت (١٦) قوتابیی تێدایە کە (١٠) قوتابی لەوانە ئەندامی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانن، بەڵام (٦) قوتابیەکەی دیکە عەرەبن و خەڵکی ناوچەکە نین و ئەندامن لە یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق و دیارە کە ئێمە بەسەردەکەوین و ئێمە (٤) دەنگمان لەوان زیاترە کە ئەمەش وای لە دەسەڵات کردووە کە بە ئیمزای پارێزگای کەرکووك چەند ئەمرێکی ئیداری دەربکات کە گوایە پەیوەندە بە بەرژەوەندیی گشتی وەکو لە ئەمرە ئیدارییەکاندا هاتووە، بڕیارەکەش بریتییە لە (نەقڵ) کردنی (٥) لە کرێکارانی کورد لە دائیرەی کارەبای دوبز و هەندێ فەرمانگەی دیکە لە دوبز کە بریتین بە گواستنەوەی ئەو کرێکارانە لە ماوەی (٣) رۆژدا و لە هەمان کاتدا وێنەیەك لەم نووسراوە دراوەتە ئیدارەی سانەویی دوبز بە گواستنەوەی ئەو پێنج قوتابییە کە باوکەکانیان گواستراونەتەوە و ناویان لە تۆماری قوتابخانەکان بسڕێتەوە و رەوانەی ئەو شوێنانە بکرێن کە باوکەکانیان بۆی گوازراونەتەوە و ئاشکراشە کە ئەم بڕیارە تەرازووی هەڵبژاردن دەگۆڕێ لە قەزای دوبز کە لە ئاکامدا لە بەرژەوەندی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق دەبێت.

کاتێ کە گوێبیستی قسەکانی لێپرسراوی دوبزی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بووم یەکسەر بەرەو بارەگای لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان چووم و کاك رەشید عارفم بە درێژی لە بابەتەکە گەیاند، پاش ئەوەی کە ئەویش گوێبیستی رووداوەکە بوو تۆزێك هەڵچوو و تووڕە بوو و یەکسەر برووسکەیەکی بۆ بارەگای جەنابی بارزانی و مەکتەبی سیاسی نارد و پاشان لەلایەن لێپرسراوی لقی ٣ کاك رەشید و بەندەیان راسپارد کە راستەوخۆ یەکسەر بەرەو قەزای دوبز بچین و رووبەڕووی قایمقامی قەزاکە ببینەوە بە مەبەستی ئاگاداربوون لە نهێنیی دەرچوونی ئەو فەرمانە ئیدارییانە، و هەر خۆشی (بەڕێز عزیز عقراوی) یەکسەر بەرەو پارێزگای کەرکوك چوو بە مەبەستی دیتنی پارێزگار. لە رێگادا کاتێ من و کاك رشید عارف اتروشی بە ئۆتۆمبێلەکەی کە جۆری (لاندرۆڤەر) بوو بەرەو دوبز دەچووین کە چوار پێشمەرگەی چەکداریشمان لەگەڵدابوو، ئەتروشی پێی گوتم (دونیا بەسەر سەری قایمقامدا دەڕمێنم و دەبێ دەرسێکی بدەمێ کە قەت لەبیری نەچێت)، من لەوکاتەدا دەمەویست کاك رەشید هێمن بکەمەوە و پێم گوت (کاك رەشید قایمقامی قەزار دوبز لەم مەسەلەیەدا بەرپرسیار نییە دەربارەی ئەم کارە ناجۆرە چونکە قایمقام گوێڕایەڵی پارێزگاری کەرکووکە و فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکات و دەتوانم بڵێم قایمقامی دوبز بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە ئەم جۆرە فەرمانانە دەربکات و ئێمە باش دەزانین ئەم جۆرە بڕیارانە لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە ناوەندییەیە کە لە پارێزگای کەرکووك و حزبی بەعس پیادەی دەکەن هیچ کاتێك حەز بە سەرکەوتنی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان ناکەن لە پڕۆسەی هەڵبژاردن چونکە ئەوە مانایەکی گەورە بۆ ئەوان دەبەخشێ دەربارەی کەرکووك و کوردستانییەتی چونکە وەکو لە دەرەوەی رێککەوتننامەکەدا هاتووە کە لە ئایندەدا پڕۆسەی سەرژمێری ئەنجام دەرێ و ئەوان بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بسڕنەوە کە تێیدا واقیعی کەرکووك نیشان دەدا.

بە گەیشتنمان بۆ قەزای دوبز یەکسەر رووومان لە بارەگای قایمقام کرد و پێش ئەوەی بچینە ژووری قایمقام کاک رەشید پێشمەرگەکانی ئاگادار کرد و هۆشداریی پێدان کە بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادەبن. قایمقام لە چوونی ئێمە ئاگادار نەبوو و تووشی جۆرە سەرسوڕمانێك بوو کاتێ کاك رەشیدی بە جلی کوردی و بە دەمانچە بە قەدییەوە دیت، کاتێ سلاومان لێکرد قایمقام ئاسوودە نەبوو چونکە هەرزوو دەموچاویم خوێندەوە و بە چوونەژوورەوەمان دەرفەتێکی رەخساند و چووە دەرەوەی ژوورەکە و ئێمە چوونەدەرەوەکەمان بەوە لێکدایەوە کە پێشمەرگەکانی دیت ئەویش پۆلیسەکانی قایمقامییەت ئاگادار بکاتەوە بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر ئەگەرێك کە دێتەپێش، کاتێ گەڕایەوە کاك رەشید پرسیاری بارودۆخی گواستنەوەی ئەو پێنج کرێکارەی دائیرەی کارەبای لێکرد بۆ دەروەی قەزاکە کە تێیدا وا هاتووە کە خێزان منداڵەکانی خۆشیان لەنێوان سێ رۆژدا قەزاکە بەجێبهێڵن، ئەوەی بەدیم کرد قایمقام لەخۆبایی بوونێکی پێوە دیاربوو و پێشەکی گوتی:

**قایمقام**: عیراق یەك نیشتمانە لە سەرەوە تاکو خواروو و ئەگەر بەرژەوەندی وا پێویست بکات لەبەر هۆکاری بەرژەوەندیی گشتی دەسەڵاتی خۆمان رادەگەیەنین بێ گوێدانە هەر بابەتێکی بچووك، گواستنەوەی پێنج کرێکار لە دائیرەی کارەبا رووداوێکی زۆر گرنگ نییە و بەیاننامەی ١١ی ئازار ناڕووخێنێ، عیراق یەك نیشتمانە و یەك میللەتە و یەك حکومەتیشی هەیە و پێویستە لەسەرمان گوێڕایەڵی یاسا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی شۆڕش بین (مجلس قیادة الثورة) لەگەڵ رێنماییەکانی سەرکردایەتی، لێرەدا سەرم دەسوڕمێ کاتێ دەتانبینم بە دوای سێبەری کوردی رادەکەن کە واپێدەچێ خۆتان بە گەلێکی دیکە بزانن.

**رەشید عارف اتروشی**: هەندێ بە توندییەوە هاتە قسە و لەو کاتەی کە قایمقام قسەی دەکرد، بەڵام قسەکانی پێ بڕی و بە دەنگێکی بەرز گوتی هۆکاری سەرەکیی هاتنی ئێمە بۆ ئێرە بە مەبەستی گوێگرتن نەبوو لە قسەکانت، کە تێیدا هەندێ قسەی پڕوپوچت کرد، ئێمە جووتیاری پیاز چاندن

نین لە پێناوی مرۆڤی کورد و کوردستان شۆڕشمان بەرپاکردووە کە خاکەکەی کوردستانە و گوێزانەوەی پێنج کرێکار لەسەر کارەکانیان لێرەوە بۆ شوێنی دیکە بە مەبەستی کاریگەری بووە لەسەر هەڵبژاردنی قوتابییان چونکە ئاشکرایە بەپێی ژمارە ئێمە سەرکەوتوو دەبووین، بۆیە ئێوە بەم کارە نایاسایی و ناڕەوایە هەڵسان کە لەگەڵ ڕۆحییەتی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار ناگونجیَ سەرەڕای ڕێزنەگرتنتان لەو بارودۆخەی کە ئێستا تێیداین، وەکو ئاگاداری ئێمە لە سەروبەندی پڕۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێرین وەکو هەردوو لا لەسەری ڕێککەوتووین، (لێرەدا قایمقام ویستی بێتە قسە و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی کاکە ڕەشید دیارە تۆ مەسەلەکەت زیاتر لە پێویست بەجدی وەرگرتووە).

**بەندە**: من سەدا سەد لەگەڵ قسەکانی برای بەڕێز ڕەشید اتروشی-م، بەڵام لێرەدا دەمەویَ شتێکی دیکە زیاد بکەم کە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین ئەم جۆرە لادانە لە یاسا قبووڵ بکەین و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بەڕێوەچوونی پڕۆسەی هەڵبژاردن لەسەر ئەو خاڵانە رادەوەستن کە ناتوانین لێی بەدەر بین، ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە ئەم جۆرە کارانە بە پلانێکی ناوەندی کە لەگەڵ گیانی هاوپەیمانێتیی نیوانمان ناگونجیَ و ئێمە بەرپرسیار نین لە شکستهێنانی هەڵبژاردن ئەگەر هاتو ئەم فەرمانانەتان ڕەت نەکردەوە.

لێرەدا قایمقام ویستی قسەکانم پیَ ببڕێت، بەڵام کاک ڕەشید زۆر بە توندی رووی کردە قایمقام و گوتی:

**ڕەشید عارف اتروشی**: چی دیکە پێویست بە عەنتەریات فرۆشتن ناکات و ئێمە ئامادە نین گوێمان لە درێژەی ئەم قسانە بیَ.

لێرەدا قایمقام بە یەك وشەش نەیتوانی رووبەڕووی قسەکانی کاك ڕەشید عارف اتروشی ببێتەوە و کاتیَ چووینە دەرەوە خواحافیزیمان لیَ نەکرد، ئەویش لەپشت مێزەکەیەوە تەماشای دەکردین و ئێمە بەرەو کەرکووك گەڕاینەوە.

لە ڕۆژانی دوای پاش ڕۆشتنمان بۆ دوبز سەرقاڵی کۆبوونەوەی چڕوپڕ بووم لەگەڵ ئەندامانی لق و لیژنەی ناوچەی کەرکووکی یەکێتیی قوتابییانی

کوردستان دەربارەی ڕووداوەکە و هەندێك لە پێشهاتەکان و لە هەمان کاتیشدا بە بەردەوامی پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت بوو لە ڕێگای ئەوانیشەوە کاك سامی عبدالرحمن ئاگادار دەکرایەوە دەربارەی هەموو ئەو کارە نایاساییانەی کە دەسەڵات و ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق پێی هەستاون سەرەڕای فشارەکانی بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووك کە ناوی (عزالدين محمد علي السردار) بوو کە ئەندامی شوعبەی حزبی بەعس بوو و خەڵکی موسڵ بوو، لە یەکێ لە پەیوەندییەکانم داوام لە برایانی مەکتەبی سکرتاریەت کرد کە ئاگاداری بەڕێز کاك سامی عبدالرحمن بکرێت کە چی دیکە ناتوانم بەرامبەر ئەو هەموو فشار و پلانەی دەوڵەتی عیراق ڕابوەستم لە کەرکووکدا کە بریتین لە (دائیرەی ئەمن و ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس و بەڕێوەبەرایەتیی تەربیەی کەرکوووك و ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق) کە هەرهەموویان پێکەوە وەکو یەك بەرە ڕاوەستابوون بەرامبەر جموجۆڵییەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە تێیدا پارێزگاری کەرکووك غانم عبدالجليل سەرۆکایەتیی ئەم هەڵمەتەی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا پێم ڕاگەیاندن کە بەڕێزان (عەزیز عەقراوی و ڕەشید عارف ئەتروشی) هاوڕان لەگەڵ مندا و پێشنیارم بۆکردن کە ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەیك بەناوی لقی کەرکووکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان دەربارەی ئەوهەموو لادان و پێشێلکارییانە کە لە هەندێ شوێنی جیاجیا لە پارێزگای کەرکووك ڕوویدەدا.

لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ و لەو کاتەی سەرقاڵی ئیشوکارەکان بووم لە بارەگای لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلایەن هاوکارم جەلال خۆشناوی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت تەلەفۆنم بۆ کرا و پێی ڕاگەیاندم کەوا کاك سامی عبدالرحمن و مرتضى الحديثي ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سکرتێری لیژنەی ئاشتی هەر ئەو دەمەوعەسرە دێنە کەرکووك بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ قوتابییان بە ئامادەبوونی لقی یەکێتیی

نیشتمانیی قوتابیانی عیراق و یەکێتی قوتابییانی کوردستان و لیژنەی یەکێتییەکان لەو قوتابخانانەی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرا، وەکو هاوکارم جەلال خۆشناو پێی راگەیاندم کۆبوونەوەکە لە بارەگای یانەی سەندیکای کرێکارانی نەوت کە نزیك لە گۆڕپانی الطیران (ساحة الطیران) بەڕێوەدەچێت و لە هەمان کاتیشدا جەلال پێی راگەیاندم کە پێویستە ئامادەکاری تەواوم هەبێت و لیستی تەواو بە رووداوەکان بخەمە بەرچاو، لێرەدا بە جەلالم گوت کە هەموو بابەتەکە لای من ئامادەکراوە.

کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە لەگەڵ هاوڕێم رەشید عارف ئەتروشی بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە بەڕێکەوتین و کاتێ گەیشتینە بەردەم هۆڵەکە رووبەرووی کاك سامی عبدالرحمن و مرتضی الحدیثي بووینەوە کە ئەوکاتە لە ئۆتۆمبێلەکانیان دەهاتنە خوارەوە، کاك سامی زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین، بەڵام ئەوەم لە مرتضی الحدیثي نەدیت و لەو کاتەدا قسەیەکی ئاراستە کردم کە بە شێوازی عەرەبی بەغداییانە گوتی (ئێمەتان بەلاش سەرقاڵ کردووە)، و کاتێ ویستم هەر لەوێ وەڵامی بدەمەوە، بەڵام کاك سامی بە ئیشارەتێك رێگریی لێکردم و گوتی (پێویستە بە هاوکاریی هەموو لایەکمان ئەو جۆرە کێشانە چارەسەر بکەین).

لە هۆڵی ئامادەکراوی کۆبوونەوەکان کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییان ئامادەبوون لەگەڵ کۆمەڵێك لە پیاوانی دەزگا ئەمنییەکان، کاك سامی و مرتضی الحدیثي و بەندە و احمد العبیدی چوینە شوێنی قسەکردن، لە سەرەتادا مرتضی الحدیثي هاتە قسە و گوتی (گرنگیی بەیاننامەی ١١ی ئازار و چارەسەری کێشەی سەرووی وڵات وای لە دەزگاکانی دەرەوە و کلکەکانی کردووە کەوا دژ بە رێککەوتننامەکە بووەستن، بەڵام دەسەڵاتی نیشتمانی و حزبی بەعسی ئیشتراکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان رێکن و بڕیاریان داوە کە تاکو سەر هاوپەیمانی یەکتر بن بە مەبەستی جێبەجێکردنی خاڵ و بەندەکانی رێککەوتننامەکە و وا پێویست دەکات کە هەموومان پابەندی

ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتیی ئەو دوو حزبە بین و ماوە نەدەین خراپکاران ئەم ئەرکەمان پووچەڵ بکەنەوە.

پاشان یەکسەر کاک سامی عبدالرحمن هاتە قسە دەربارەی گرنگیی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار و چارەسەری کێشەی کورد بە شێوازێکی ئاشتییانە و لە هەمان کاتیشدا جەختی لەسەر بڕوابوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی کردەوە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی خودی ڕێککەوتننامەکە و لە هەمان کاتیشدا جەختی لە گرنگیی شاری کەرکووك لە باری سیاسی و ئابووری کردەوە و ئەوەی دووبارە کردەوە کەوا بیروڕای پارتی دەربارەی کێشەکانی کەرکووك کە ڕووبەڕووی هەردوو حزبەکە دەبنەوە کە ئەویش بە چارەسەرکردنی گونجاوەوە و جەختی لەسەر سەرکەوتنی پڕۆسەی هەڵبژاردنی قوتابییان کرد بەو پێیەی ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی شارستانییە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی قوتابییان بە ئازادی، لە کۆتاییدا کاک سامی ئاوڕێکی لە من دایەوە و گوتی ئێمە کاتێك فەرهادمان هەڵبژارد کەواو لە کەرکووك سەرپەرشتیی پڕۆسەکە بکات مەبەستمان بوو کەوا ئەو دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بەبێ کێشە بکات.

کۆبوونەوەکە کاتژمێرێکی خایاند و لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوو لایەن داوایان لە ئامادەبووان کرد کە شان بە شانی یەکتری کار بکەن و نەیەڵن کێشەکان گەورە بن، لەگەڵ تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لەگەڵ کاک سامی و مرتضى الحديثي و ڕەشید اتروشی و أحمد عبیدی و بەندە بەرەو ژووری بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەندیکا چووین کە تێیدا بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکووك کە ناوی قاسم بوو و پلەکەی (عقیدی پۆلیس) بوو ئەویش دانیشتبوو، کاك سامی لەتەنیشتمەوە بە دەق پێی ڕاگەیاندم (کەوا ڕاشکاوانە قسە بکەم دەربارەی ئەو زانیاریانەی کە کۆمکردۆتەوە دەربارەی لادان و پێشێلکارییەکان لەو ڕۆژەوەی هاتوومەتە کەرکووك). پاش ئەوەی دانیشتین مرتضى الحديثي ڕووی لە کاك سامی کرد و کەوتە قسە و گوتی:

باوكی سەلاح (مەبەستی كاك سامی بوو كە ناوی كوڕە گەورەكەی سەلاح بوو) هیچ كێشەیەكی گەورەمان بەدی نەكرد لەنێوان قوتابییاندا وا دەردەكەوێ كە فەرهاد زێدەڕۆیی لە نیشداندانی واقیعەكە كردووە، هیوادارم كە فەرهاد بگۆڕن بە برادەرێكی دیكە لە سەركردایەتیی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان چونكە بەپێی زانیارییەكانی ئێمە سنووری خۆی تێپەڕاندووە و لە هەموو كارێكی گەورە و گچكە خۆی تێ هەڵدەقورتێنێ تەنانەت لە ئیشوكاری دەوائری دەوڵەتیشدا و لە هەمان كاتیشدا گلەیی لە هەندێ لە كردارەكانی كاك رەشید عارف اتروشی دەكەین كە لێرەو لەوێ هەڕەشە دەكات، پارێزگاری كەركووك ئێمەی ئاگادار كردۆتەوە بەر لە دوو رۆژ بە برووسكەیەك كە لیژنەی ئاشتیی لێ ئاگاداركردۆتەوە دەربارەی چوونیان بۆ قەزای دوبز بە مەبەستی كارتێكردن لەسەر قوتابییانی توركمان و مەسیحی و گرێدانی كۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ قوتابییان لەكاتی دەوامی ئاساییدا لە قوتابخانەكان و هیوادارم كە ئەم جۆرە جموجۆڵییانە راگرن و چی دیكە تێكەڵ بە ئیشوكاری دائیرەی دەوڵەت و ئیدارەی قوتابخانەكان نەبن.

**سامی عبدالرحمن**: دوێنێ ئێوارە لە لیژنەی ئاشتی قسە و گفتوگۆیەكانمان دەربارەی كەركووك بوو و ئێمە پشت بە زانیارییەكانی فەرهاد دەبەستین بە شێوەیەكی رەها و ئێستاش كە هاتووین بۆ كەركووك بەپێی ئەو ریككەوتنەیە كە دەمانەوێ كێشەكان تەشەنە نەكەن و كۆنترۆڵ بكرێ و فەرهاد دەتوانێ ئەو زانیارییانەی كە لایەتی بیخاتە روو.

**بەندە**: ئێمە نەهاتووین بۆ كەركووك بە مەبەستی درووستكردنی كێشە، هاتووین بەپێی بڕیارێك كە لە مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتی قوتابییانەوە دەرچووە كە تێیدا برایانم لە ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت هەریەكێكیان بۆ پارێزگایەك دەستنیشان كراون، بەشی من پارێزگای كەركووكە و من لەو كاتەوەی كە هاتووم دەمەوێ كۆنترۆڵی بارودۆخەكە بكەم چونكە رێكخستنەكانی یەكێتیی نیشتمانی قوتابییانی عیراق و بەڕێوەبەرایەتیی

پەروەردە و دەزگاكانی حكومەت شەو و رۆژ كار لەسەر پەراوێزخستنی رۆڵی یەكێتی قوتابییانی كوردستان دەكەن لە نێوەندی قوتابییاندا و بە هەموو شێوازێكی خوار و ناڕێك و من ئێستاكە لیستێكی دوورودرێژم پێیە دەربارەی ئەو پێشێلكارییانە كە دوا دانەیان گواستنەوەی پێنج كرێكاری كارەبای قەزای دوبزە بۆ دەرەوەی قەزاكە و سڕینەوەی ناو كوڕەكانیان كە قوتابین لە ئامادەیی ئەو قەزایە بە مەبەستی تێكدانی تەرازووی ركابەری (لەو كاتەدا ویستم خاڵەكانی كە تۆمارم كردبوون دەربارەی ئەو پێشێلكارییانە كە روویداوە و بیانخەمە روو)، بەڵام مرتضى الحديثي كاتێك هەستی بە جدییەتی من كرد دەربارەی نیشاندانی ئەو زانیاریانەی كە هەمە قسەكانی پێ بڕیم و گوتی: ئێستا كاتی تەواومان لەبەردەستدا نییە كە گوێمان لەم قسانە بێت، راستەوخۆ دەگەڕێینەوە بەغدا و بە گەیشتنمان لە لیژنەی ئاشتی باسی لێوە دەكەین و ئاكامەكانتان پێ رادەگەیەنین، و (فەرهاد تۆ بەرپرسیاری لە هەر كێشەیەك كە لە كەركووك روودەدات). منیش لە هەمان كاتدا كاتێ قسەكانی تەواو كرد هاتمە قسە و گوتم (من دەسەڵات نیم لە كەركووك دەزگاكانی حكومەت و یەكێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق لە كەركووك ئەوان بەرپرسیارن چونكە دەسەڵاتن).

لە كاتێ بەڕێكردنیان دا كاك سامی هۆشداریی پێدام لە هاتووچونم بەتەنها نەبیت و لە هەمان كاتیشدا گوتی هەندێ رێنمایی تازەت بۆ دەنێرم لەم نزیكانەدا. تەنها پاش سێ رۆژ لە هاتنی ئەوان لە رێگای تەلەفۆنەوە كە یوسف مەولود قەصاب ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەت ئاگاداری كردمەوە كەوا پێویستە بگەڕێمەوە بەغدا لەسەر داوای كاك سامی عبدالرحمن بۆ كارێكی گرنگ. هەمان ئێوارە بە گەیشتنم بۆ بەغدا یەكسەر بەرەو گەڕەكی وەزیرییە چووم كە بارەگای یەكێتیی قوتابییانی كوردستانی لێبوو و لەوێ چاوم بە برایان ئەنوەر عەبدوڵڵا سەرۆكی یەكێتی قوتابییان و هاوڕێیان عبدالقادر حمد أمین و جەلال خۆشناو و یوسف مەولود قەصاب و عادل فازڵ لەیلانی و رەنج نوری شاوەیس ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت كەوت كە لە چاوەڕوانیی مندا

بوون بە گەیشتنم بۆ بەغدا و هەر لەوانم زانی کەوا نیەت هەیە هەڵبژاردن دوابخرێت بە گوێرەی قسەکانی کاك سامی بۆ ئەوان، پاش نیو کاتژمێر لەلایەن کاك سامی–یەوە تەلەفۆنم بۆ کرا دەربارەی گەیشتنم بۆ بەغدا، لەو کاتە هاوکارم ئەنوەر عەبدوللا تەلەفۆنەکەی دایە دەستم کە تێیدا کاك سامی پێی راگەیاندم کەوا (کۆبوونەوەیەکی گرنگ هەیە لە لیژنەی ئاشتی دەربارەی بابەتی هەڵبژاردن و پێویستە تۆ و ئەنوەر عەبدوللا و عبدالقادر حمد أمین بێن لە کاتی دیاریکراودا)، و پێش کاتەکە بە چارەکە سەعاتێك هەرسێکمان بە ئۆتۆمبێلی یەکێتیی قوتابییان کە جۆری ڤۆڵگای مۆدیل ١٩٧٠ بوو کە کاك یوسف قەصاب لێیدەخوڕی بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە چووین و پێنج خولەك زووتر گەیشتینە باڵەخانەی لیژنەی ئاشتی، یوسف بەجێیهێشتین و ئێمە چووینە باڵەخانەکە کە بریتی بوو لە خانوویێك لە یەکێ لە شەقامە لاوەکییەکانی جادەی (أبو نواس) و بە گەیشتنمان عوسمان فایەق کە ئەوکاتە بە ئەرکی ئیدارە و رێکخستنی سکرتاریەتی لیژنەی کاروباری سەروو (کوردستان) هەڵدەستا کە لەلایەکی باخی خانووەکە راوەستابوو و کاتێ ئێمەی دیت داوای لێکردین کە بچینە ژوورەوە کاتێ کە چووینە ژوورەوە برادەران کەریم الملا سەرۆکی مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتیی نیشتمانی قوتابیانی عیراق و محمد دەبدەب سکرتێری هەمان رێکخراو لەوێ بوون و بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێکردین چونکە ماوەیەك بوو پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازار ببووینە برادەر و بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە رێککەوتننامەکە درووستیکردبوو و هیچ یەکێك لە ئێمە نەهاتینە سەر باسی هۆکاری بوونمان لەو شوێنە.

پاش چارەکە سەعاتێك عوسمان فایەك هاتە ئەو ژوورەی کە ئێمەی لێ دانیشتبووین و داوای لێکردین بەرەو ئەو ژوورە بچین کە کۆبوونەوەی تێدا ئەنجام دەدرێ، شوێنەکە بریتی بوو لە ژوورێکی پان و بەرین لەسەر شێوازی پیتی (L) مۆبیلیاتی ژوورەکە بریتی بوو لە دوو جۆرە تاخم کە رەنگیان قاوەیی بوو لەگەڵ میزێکی لاکێشەیی کە لەهەرچوار لای کورسیی دار دانرابوو، و لەدیواری بەرامبەر دا تاکە وێنەیەکی احمد حسن البکری سەرۆك کۆمار

هەڵواسرابوو، پاش سڵاوکردن لە دانیشتوان فەرموویان لێکردین و لەسەرەتادا هەستم کرد کە کەشوهەوای کۆبوونەوەکە ئاسایی نییە لە لایەنی بەرامبەرەوە هەریەك لە مرتضی الحديثي و سعدون غیدان و تەها جەزراوی هەموویان لە یەك ریز بەرامبەر برادەرانی ئێمە دانیشتبوون کە بریتی بوون لە شەهید دارا تۆفیق و سامی عبدالرحمن و خوالێخۆشبوو نوری شاوەیس، و لە لایەکی سەر مێزەکە کۆمەڵێك دۆسییە و ئەوراقی جۆراوجۆری لێبوو و پاش گەیشتنمان بە چەند خولەکێك مرتضی الحديثي رووی لە من کرد و گوتی (هیوامان وابوو کەوا پرۆسەی هەڵبژاردن لە کاتی خۆی لە سەرتاسەری عیراق ئەنجام بدرێت بەبیٚ کێشە و هۆکاری سەرکەوتنی بۆ ئامادەکرابوو، بەڵام بەوپەڕی داخەوە هەندیٚ کێشەی لا بە لا لە کەرکووك و خانەقین روویدا کە نامانەویٚ لۆمەی هیچ لایەنێك بکەین سەرەڕای ئەو زانیارییانەی کە هەمانە کە پێشئەوەی ئێوە بێن باسمان لێوە کردووە و لە کۆتاییدا گەیشتنیە رێککەوتنێك کە بریتییە لە دواخستنی هەڵبژاردن بۆ ماوەی مانگێکی دیکە بۆئەوەی بتوانین گیان و ناووبانگی بەیانی ئازار بپارێزین و بۆئەوەی بەرامبەر میللەتەکەمان شەرمەزار نەبین و ئێمە کاری گەورەترمان لەپێشە کە ئەویش بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەرکی بەرامبەر و لەمەولا لە هیچ کەس نابورین کاتیٚ کە دەیەویٚ کێشە درووست بکات و پێویستە لەسەر ئێوە کە خاوەنی بابەتی هەڵبژاردنەکەن بەتایبەتیش هەردوو مەکتەبی راپەڕاندن و سکرتارییەتی هەردوو لاتان کە هیوادارین بە مەبەستی سەرکەوتنی کاری بۆ بکەن.

**نوری شاوەیس**: پێویستە کێشەکان بدۆزینەوە لەبەرچاوی برایانی هەردوو لا پاشان چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێین بۆئەوەی هەڵە و تەجاوزات روونەدات.

**دارا تۆفیق**: کاتیٚ کە تەماشای برووسکەکانی پارێزگاری کەرکووك و قایمقامی خانەقین دەکەین سەرەڕای ئەو زانیارییانەی کە هەمانە بۆمان بەدیار دەکەویٚ کە راستەوخۆ دەستێوەردان لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە دەکرێن کە ئەمەش کێشەکان گەورەتر دەکات.

**سعدون غیدان**: راستەوخۆ رووی لە من کرد و بێ پێشەکی گوتی کێ تۆی فێری ئەوە کردووە کە کەرکووک کوردییە؟!

**بەندە**: باوکم، کاتێ لاو بووم.. و پارتی دیموکراتی کوردستان کاتێ تێیدا بوومە ئەندام.

**سامی عبدالرحمن**: رووی قسەکانی لە سعدون غیدان بوو و گوتی باوکی سەمرە واپێدەچێ امتحانی فەرهاد بکەیت.

**تەها جەزراوی**: ئەویش رووی قسەکانی لەمن کرد و گوتی لە چ ناوچەیەکی کەرکووک کێشەتان هەیە.

**بەندە**: لە سەرتاسەری پارێزگای کەرکووک بە شێوەیەکی گشتی و لە قەزای دوبز بە شێوەیەکی تایبەتی.

**تەها جەزراوی**: ژمارەی قوتابیانی ئامادەیی دوبز چەندن؟

**بەندە**: ١٦ قوتابی.

**تەها جەزراوی**: لەپێناوی چەند ژمارەیەکی کەمی قوتابی دەتانەوێ پەیوەندیی نێوان ئەم دوو حزبە تێکبدەن؟!

**بەندە**: دەزگاکانی حکومەت ئەوان هەڵدەستن بە کاری نایاسایی کە دیارترینیان گواستنەوەی پێنج کرێکاری دائیرەی کارەبا بوون کە لە هەمان کاتدا ئەمر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە کراوە کە ناوی قوتابییەکان لە تۆماری قوتابخانەکە بسڕێتەوە.

**تەها جەزراوی**: با قومبەلەیەکی پێدا بدەین و لەم کێشەیە رزگارمان بێت.

**بەندە**: مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە و ئێمە نامانەوێ باڵندەیەك لە ئاسمانی کەرکووك ئەزیەت ببینێ باشە چۆن رازی دەبین بە فڕێدانی قومبەلەیەك بەسەر ١٦ قوتابی لە دوبز.

لێرە گفتوگۆیەکان راوەستان و بێدەنگییەك بەسەر شوێنی کۆبوونەوەکە راکشا و لەو کاتەدا دیتم کەوا مورتەزا حەدیسی خەریکی نووسینی چەند دێڕێك بوو لەسەر کاغەزێکی سپی، کاتێ لە نووسینی بوەوە لای خۆیەوە دایە دەستی تەها جەزراوی کە ئەویش خوێندییەوە لەلایەن خۆیەوە دایە دەستی

کاك سامی عبدالرحمن، کاك سامی-ش پاش خوێندنەوەی کاغەزەکەی خستە گیرفانی و هیچ قسەیەکی نەکرد.

مورتەزا حەدیسی پێشنیاری کرد بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پشوو بدەین کە تێیدا چا و قاوە بخورێتەوە و چەند خولەکێك تەرخان بکەن بۆئەوەی هەر لایەنێك بەتەنها گفتوگۆی لەسەر بکەن و لە کاتی دەرچوونمان لە ژوورەکە کاك سامی عبدالرحمن دەستی گرتم و بەرەو باخچەی باڵەخانەکە چووین و لەژێر دار خورمایەك راوەستاین کە لەناوڕاستی باخچەکەدا بوو و هاتمە دەست و لێم پرسی (کاك سامی ئایا ناوەڕۆکی ئەو وەرەقەیە چی بوو کە تەها جەزراوی دایە دەستی تۆ؟!).

**سامی عبدالرحمن**: تۆ لەبەرچی گرنگی بە ناوەڕۆکی ئەم کاغەزە دەدەی.

**بەندە**: چونکە ئەوەی من لێی تێدەگەم نامەکە پەیوەندیی بە منەوە هەیە.

**سامی عبدالرحمن**: کاغەزەکەی دەرهێنا و دایە دەستم کە تێیدا بە رەنگێکی سەوز نووسرابو (بۆ زانیاریتان فەرهاد شیوعییە و دەیەوێ پەیوەندیی نێوانمان تێك بدات و پێشنیار دەکەم نەنێردرێتەوە کەرکووك جارێکی دیکە).

پاش خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕە سەرم سوڕما لە بۆچوون و ئەقڵییەتی مورەتەزا و بێدەنگیی کاك سامی عبدالرحمن کە بەهیچ شێوەیەك رەتکردنەوەی نەبوو لەکاتی کۆبوونەوەکە و هەر ئەوکاتە پێمگوت (کاك سامی بۆ لە کاتی کۆبوونەوەکە کە خۆم لەوێ بووم وەڵامت نەدانەوە؟!).

**سامی عبدالرحمن**: (تۆش وەکو من .........) و من خەریك بووم کە وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام وەڵام نەدانەوەم هەڵبژارد چونکە داکۆکی کردن لە تۆ بە ئامادەبوونت ئاکامەکەی لاواز دەردەچوو و بڕیارم داوە پاش ئەم پشووە کە دەگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەکە بەبێ بوونی تۆ دەزانم چۆنیان وەڵام دەدەمەوە، منیش سەرم سوڕماوە لەم هەڵسوکەوتەی مورتەزا باشە نازانێ کە تۆ سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی و ئەندامێکی پێشکەوتووی لە پارتی، بابەتەکە بۆ من بەجێبهێڵە.

ئێمەی ئەندامانی هەردوو مەکتەبی ڕاپەڕاندن و مەکتەبی سکرتاریەت ئامادەی بەشی دووەمی کۆبوونەوەکە نەبووین لە لیژنەی ئاشتی و لە کاتژمێر ٩دا باڵەخانەی لیژنەی ئاشتیمان بەجێهێشت و برایان ئەنوەر عەبدوڵلا و قادر حمد أمین منیان گەیاندە شوێنی نیشتەجێبوونم کە لە ناوچەی (کمپ سارە) لەتەنیشت یانەی وەرزشیی ئاسوری بووکە تێیدا من و هاوڕێم جەلال خۆشناو دەژیاین، لە ڕێگا برای بەڕێز کاك قادر حمدامین هۆشیاریی دامیٚ کەوا لەمەولا ئاگاداری خۆم بم چونکە وەکو ئەو گوتی بەعس غەدارە، بە گەیشتنم دەقی ڕووداوی کۆبوونەوەکەم بۆ جەلال خۆشناو گێڕایەوە، کە ئەویش پێی گوتم دەبیٚ زۆر ئاگاداری خۆت بیت.

کاتیٚ لەسەر قەرەوێڵەکەم درێژ بووم چاوم بڕییە ئەو وێنەیەی سەرۆك مستەفا بارزانی کە لە دیواری بەرامبەرم هەڵواسرابوو و بەخۆمم گوت: چۆن ترس دەچێتە ناخی مرۆڤێك ئەگەر بڕوای بە دواڕۆژی میللەتەکەی هەبێت و بە ڕەزامەندیی تەواوی خۆیەوە چووبێتە ناو ئەو ئەزموونە گرانە کە بڕوای بە شۆڕشێك هەبێت کە سەرکردەیەکی ئەفسوناوی سەرکردایەتیی دەکات کە تێیدا وتەکانی لەگوێمدا دەزرنگایەوە کاتیٚ لە ماڵە سادە و ساکارەکەی لە گوندی دیلمان لە شەوێکی زستانی سارد دا پێش ١٠ مانگ لەم مێژووە (١٩٧٠/٢/٦) پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئازار کاتیٚ پێی گوتین (هەموو دەزانین کەرکووك موڵکی کوردانە و دڵی کوردستانیشە و بەهیچ شێوەیەك بە نیوە چارەسەر ڕازی نابین و من هیچ کاتێك تەنازول لە یەك بستی خاکی کوردستان ناکەم و ڕۆژی قیامەت بە سەربەرزییەوە بەرامبەر خودای خۆم رادەوەستم).

پاش دواخستنی هەڵبژاردن بۆ ماوەی مانگێك بەهۆکاری ئەو پێشێلکاریانەی کە ڕوویدابوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراق کە بەو شێوە ناجۆرە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی کورد دەکرد و کەوتنە ئەو هەڵانەی کە نەیانتوانی چارەسەری بکەن کە لەکۆتاییدا بووە مایەی پاشگەزبوونەوەی دەسەڵاتی عیراقی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە کۆتایی بەم مەسەلەیە هات کاتیٚ پرۆژەیەکی لاواز بێکەڵکیان پێشنیار کرد کە تێیدا شاری

کەرکووکی تێدا نەبوو کە ئەمەش وای لە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول کرد کە بە تەواو رەتی بکاتەوە کە ئەویش بووە هۆکاری دووبارە بوونەوە شەڕ بەسەر گەلی کوردستان.

گەڕامەوە کەرکووك بە ورەیەکی بەرزتر کە تێیدا لەگەڵ برایانم لە ئەندامانی لقی کەرکووك و لیژنەی ناوچەکەی کە تێیدا قوتابیانی کەرکووکی کوردستانی پشت و هاوکارمان بوون و بە حەماسەتێکی بێ وێنە هەڵبژاردنمان ئەنجام دا لە رۆژێك ساردی ئەوکاتەدا بەڵام سەرکەوتنەکەمان بەهارێکی هێنایە ئاراوە و داستانێکی گەورە تۆمار کرا کاتێ لە زۆربەی قوتابخانەکانی کەرکووك کە زۆرینەی قوتابیانی کوردی تێدابوو سەربەرزانە دەرچووین.

## یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی

## یەکێتی قوتابییانی کوردستان

بەداخەوە پاش لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤ بۆ دوو بەش لەژێر هەمان ناو رێکخراوە جەماوەرییەکانیش کە بریتی بوون لە یەکێتی قوتابییان، لاوان، ئافرەتان، مامۆستایان ی کوردستان ئەوانیش لە سەرەوە تا خوارەوە بەسەر دوو لایەن دابەش بوون، لێرەدا نامەوێ باس لە هۆکار و کاریگەرییەتیە جۆراوجۆرەکان بکەم، چونکە دەیان ساڵە ئەم قەوانە لێدەدرێتەوە ئەو مافە بەخۆم نادەم باسی لێوە بکەم، بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بەبیر نەوەی تازە بهێنمەوە کە ئەم لەتبوونە کە ماوەی ٥٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە (ئێستا کاتی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە ساڵی ٢٠١٤)، بەڵام خودا وەکیلە ئێستاش لای هەندێ لە هەردوو لا دەڵێ تازە لەتبوونەکە روویداوە و بە جۆرێك کاریگەرییەتییەکەی ئێستاکەش پاڵەوانی گۆڕەپانی سیاسەتە لە کوردستان بۆیە لێرەدا منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو قسەیەی کە هەمیشە مامۆستا (عەلی عەبدوللا) دووبارەی دەکاتەوە کە دەڵێ "قسەی خێر بکەن".

یەکێتی قوتابییانی کوردستان زیاتر لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانەکە لەتبوونی پێوە دیار بوو بەتایبەتیش لە ساڵانی (١٩٦٦-١٩٧٠) چونکە ئاشکرایە سروشتی قوتابییان جیاوازیی هەیە لەگەڵ توێژەکانی دیکە و لە لاپەڕەکانی پێشووتریش ئاماژەم بە هەندێ ڕووداو کردووە دەربارەی ناکۆکیی نێوان هەردوو لایەنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، بەڵام دیسان لە یەك دوو ڕووداوی بچووك بچووك نەبێت کە لە نێوانیاندا ڕوویدا کە یەکێکیان لەسەر ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٧ بوو لە کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان دووەمیشیان شەڕی نێوان چەند قوتابییەکی ئەو دوو لایەنە بوون لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەشی کوردی لە کۆلیژی ئاداب کە زوو بە زوو چارەسەر کران، چونکە پەیوەندیی نێوان هەردوو لا لەسەر ئاستی هەردوو مەکتەبی سکرتارییەت (مەبەستم پەیوەندییە شەخسییەکان) بوو کاریگەرییەتی لەسەر ئەرێنی پەیوەندییەکانی هەردوو لا هەبوو.

پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بارودۆخێکی تازە هاتە ئاراوە هەموو لایەك هەستیان بەوە کرد کە ئەم ڕێککەوتننامەیە خزمەتێکی گەورەی دۆزی کوردستان دەکات بەتایبەتیش ئەگەر ریزەکانمان پتەو و یەکگرتوو بێت بەندە هەمیشە لەگەڵ برایانم کە لە باڵەکەی دیکەی یەکێتی قوتابییاندا لە کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان پاشانیش کە کۆلیژەکە فراوانتر بوو لە قۆناغی کۆتایی پۆلی چواردا گۆڕدرا بۆ کۆلیژی ئابووری و کارگێڕی، پەیوەندیی توندوتۆڵ و برایانەم لەگەڵ هەریەك لە شەهید (فازڵی مەلا مەحمود، شەهید شاسوار جەلال (ئارام)، نەریمان مەحموود، سەلاح مەندەلاوی، خوشکە ڕوپاك ئیبراهیم، ...) لەدەرەوەی ئەم کۆلیژەش لەگەل برایان خوالێخۆشبوو دارا شێخ نووری و کاك عەبدولڕەزاق فەیلی و دلێر سدیق و ئەشرەف شێخ شەرف، سەربەست بامەڕنی و چەندین برایانی دیکە، بۆیە کاتێ شەهید فازڵی مەلا مەحمود لە دانیشتنێکی دوو قۆڵیمان دا لە چاپخانەی (البرازيلیە) هەواڵی لێك نزیکبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ ڕاگەیاندم بە جۆرێك پێشوازیم لە هەواڵەکە کرد کە ڕەحمەتی

فازڵی تووشی سەرسوڕمان کرد بۆیە ئەویش پێشنیاری سەردانێکی بۆلای بەڕێز مام جەلال کرد بەندەش یەکسەر خۆشحاڵیی خۆمم دەربڕی و داوام لە کاك فازڵ کرد کە بە زووترین کات ئەم دیدارە بڕەخسێنێ بۆیە هەر پاش دوو رۆژ بەندە و جەلال خۆشناو و فازڵی مەلا مەحمود لەگەڵ یەك دوو لە برادەرانی دیکە کە بەداخەوە ناوەکانیانم نایەتەوە یاد لە کاتێ پێش نیوەڕۆدا لە گەڕەکی (الوزيريه) وابزانم لە ماڵی مامۆستای خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو سەردانی بەڕێز (مام جەلال)ـمان کرد کە بەوپەڕی رێزەوە پێشوازیی لێکردین و چەندین رووداو و نوکتەی خۆشی جۆراوجۆری بۆ باس کردین و بە گەرمی لە هەواڵی باوکمی پرسی و گوتی (ئێستا لەگەڵ شیعر دانان چوونە؟) پاشان هەر خۆی باسی بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستانی کرد و گوتی (لەم نزیکانە دڵی خەڵکی کوردستان خۆش دەکەین، کورد پێویستیی بە یەك ریزی هەیە لەژێر سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، چونکە ئەو پیاوە بەڕاستی سەرکردەیەکی لێهاتووە و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتی مفاوەزات لەگەڵ حکومەت دەکات).

ماوەیەکی زۆری پێنەچوو (دڵخۆشکردنەکەی خەڵکی کوردستان) کە مام جەلال باسی لێوە کرد روویدا ئەوەبوو رۆژی ١٩٧١/٢/١١ رۆژنامەی (التآخي) لە ژمارە (٦٥٩) لە لاپەڕە چواردا لەژێر ناوی (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەچێتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان) کە تێیدا هەردوو دەقی بەیاننامەکانی (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) بڵاوکردەوە کە بووە جێگای خۆشحاڵ بوونی تێکڕای خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی دۆزی رەوای گەلی کوردستان. کۆتایی هێنان بە کێشە و شەڕی برایەکان بوو.

ئەوەی کە پەیوەندیشی بە یەکێتی قوتابییانی کوردستانیشەوە هەبوو بەگوێرەی رێککەوتنەکەی هەردوو لا لە لایەن مەکتەبی سیاسیی پارتی و لەرێگای کاك سامی عەبدوڵڕەحمان پێمان راگەیەندرا کە (١٠) لە برادەرانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی باڵی مەکتەبی سیاسی دێنە ناو لیژنەی

**ڕاپەڕاندن کە ژمارەی دەبێتە (٣١) ئەندام (٤) بۆ مەکتەبی سکرتارییەت و (٦) بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندن و لە هەمان کاتیشدا لە هەر لقەی یەکێتی قوتابییانی کوردستان (٣) ئەندام بۆ لق و (٢) ئەندامیش بۆ ناوچە زیاد دەکرێن، برادەرانی تازە بۆ ناو لیژنەی ڕاپەڕاندن ئەوەی کە بیرم ماوە بریتی بوون لەم قوتابییانە (شەهید فازڵ مەلا مەحمود، شەهید شاسوار جەلال (ئارام)، نجم الدین عەزیز (سالار عەزیز)، بەکر حسێن، فازڵ تەیب، دلێر سدیق، ئازاد نجم الدین، محمد قەرەداغی، خوالێخۆشبوو دارا شێخ نووری، سەربەست بامەڕنی).**

**هاتنی ئەو برادەرانە پێگەی یەکێتی قوتابییانی زیاتر بەهێز کرد و دەتوانم بڵێم ٩٨٪ قوتابییانی کوردستان لەژێر چەتری ئەم ڕێکخراوە کۆببوونەوە بوو بە هۆکاری ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستەنگەکان بە گوڕ و تینێکی زیاتر و هیچ کێشەیەك لە نێواندا ڕووینەدا و وەکو گروپێك کارەکان ئەنجام دەدرا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەست بە هەندێ شت دەکرا بەتایبەتیش لە ڕووی فیکرییەوە کەوا پێوەی پابەند بوون بەتایبەتیش بانگەشە بۆ فیکر و فەلسەفەی ماو تسی تۆنگی سەرکردە و سکرتێری حزبی شیوعیی چینی، بەڵام دیسان مەسەلەکان لای من بە هەند وەرنەدەگیران زۆر بە ئاسایی وەرمدەگرت لەو سەروبەندەدا دیسان ناکۆکییە کۆنەکانی ناوخۆمان زیاتر توندتر دەبوو کاك ئەنوەر عەبدوڵلاش نەیدەتوانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ناڕەزایەتییە بکات لە هەمان کاتیشدا وەکو پێویست ڕۆڵی خۆی نە دەدیت لەگەڵ هەندێ وردەکاریی پەیوەندی نێوان یەکێتی قوتابییانی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراقی کە تێیدا کاك ئەنوەر عەبدوڵلا ببووە جێگری سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق لەگەڵ دوو ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەت کە کاك جەلال خۆشناو و کاك عادل لەیلانی ببوونە ئەندامی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق وەکو نوێنەری یەکێتی قوتابییانی کوردستان، بەڵام پاش پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەری قوتابییانی عیراق کە تێیدا ئێمەی تووشی کێشەیەکی گەورە کرد لەگەڵ لایەنی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق سەر بە حزبی بەعس، بەتایبەتیش لەسەر**

پرۆسەی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووك وەکو لاپەڕەکانی پێشووتر باسم لێوە کردووە کە چۆن بوو بە هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردن لە هەموو عیراق بۆماوەی مانگێك ئەوجا دواکەوتنی کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق تا رادەیەکی زۆریش مەکتەبی سیاسی پارتی و بارەگای بارزانی هەستیان بەو ناڕکییەی ئەو سیاسەتە تاك لایەنەی هەندێ لە برادەرانی مەکتەبی سکرتارییەت کردبوو بۆیە پاش بەکۆتا هاتنی کۆبوونەوەی فراوانی لیژنەی راپەڕاندنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە لە کەرکووك لە بارەگای لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە لە رۆژی ١٩٧١/١٢/٢٤ ئەنجامدرا گەڕاینەوە بەغدا هەمان ئێوارە کاك سامی عبدالرحمن بە تەلەفۆن داوای لێکردم هەر ئەو ئێوارەیە سەردانی بکەم لە نووسینگەی خۆی ئەویش هەر هەمان رۆژ لە کوردستان گەڕابۆوە راستەوخۆ هاتە قسە و گوتی (فەرهاد "دبر أمورك" پێویستە لەم یەك دوو رۆژە مەسەلەی خیلافاتی ناو مەکتەبی سکرتارییەت ئینتیهای پێبێت، کۆبوونەوەی لیژنەی تەنفیزی بکەن لەجیاتی کاك ئەنوەر عەبدوللا برادەرێکی دیکە دابنێن من و تۆ قسەی لەسەر دەکەین، ئەمە قەرارە دەبێت تەنفیز بکرێت)، بەندەش لە وەلامدا گوتم (ئەمڕۆ ئێمە لە کەرکووك کۆبوونەوەی فراوانمان ئەنجامدا هەموومان کۆك بووین کە لەمەولا پێویستە هەڵوێستەکانمان لەگەڵ لایەنی بەرامبەر لە چوارچێوەی مەکتەبی سکرتارییەت دەرنەچێت)، کاك سامی قسەکانی پێ بڕیم و دیسان گوتی (فەرهاد ئەمە قەرارە قەرار، بەلام با برادەرانی جەلالی (باڵی مەکتەبی سیاسی) حازری کۆبوونەوەکە نەبن چونکە ئەوە مەسەلەیەکی داخلی ئێوەیە، ئەوان ئاگایان لەم موشکیلانە نییە بۆخۆشیان باشترە، توکل علی الله).

پاش گەڕانەوەم بۆ بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت کە برایان جەلال خۆشناو و عادل لەیلانی چاوەڕوانیان دەکردم گفتوگۆیەکەی کاك سامی و بەندەم بۆ گێڕانەوە و هاتینەوە سەر ئەو رایە کەوا دوای دوو رۆژی دیکە ١٩٧١/٢/٢٦ کۆبوونەوەی لیژنەی راپەڕاندن تەنها بە ئەندامە کۆنەکانی کە ژمارەیان (٢١) ئەندامە لە ژێرزەمینەکەی بارەگای لقی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە

ئەوکاتە لە شەقامی (أبو نواس) بوو ئەنجام بدەین هەر ئەم شەوە و بۆ بەیانییەکەش بەسەرجەم برادەرانم راگەیاند کەوا رۆژی ٢/٢٦ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی کۆبوونەوەی نائاسایی لیژنەی راپەڕاندن هەیە، برایان عادل موراد و کاك عارف تەیفوریش کە لەپاش کۆنگرەوە بایکۆتی کۆبوونەوەکانی لیژنەی راپەڕاندنیان کردبوو ئاگادار کران، بەڵام چونکە ئاگاداری مەسەلەکە نەبوون رازی نەبوون کەوا ئامادەی کۆبوونەوەکە بن، بەڵام کاتیَ پیَم راگەیاندن کەوا بە ئەمری کاك سامی عەبدولڕەحمانە و بۆ بابەتێکی گرنگە رازی بوون.

پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٧١/٢/٢٥ لە ماڵەوە مامەوە کە ئەو کاتە بەندە و خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو لەگەڵ خێزانێکی (ئاشوری) دەژیاین لە گەڕەکی (تل محمد–السباق القديم) تەنیشت (نادي الآثوري الرياضي) بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتی مەکتەبی سکرتاریەت بۆ کۆبوونەوەی رۆژی دوایی لە هەمان کاتیشدا جەلالم تێگەیاند کە هیچ شتێك نەدرکێنیَ و جەخت لەسەر ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی راپەڕاندن بکات بەتایبەتیش برادەرانی موسڵ کە بریتی بوون لە برایان جەرجیس حەسەن، رەنج نوری شاوەیس، صباح عقراوی.

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لیژنەی راپەڕاندنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بە ئامادەبوونی هەر (٢١) ئەندام لەژێر چاودێری خوالێخۆشبووان سامی عەبدولڕەحمان و عەزیز عەقراوی کۆبوونەوەکە ئەنجامدرا سەرەتا کاك سامی باسی لە ئەهەمییەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کرد و لەو قۆناغەی کە تێیداین سەرەڕای دەوری ئەم یەکێتییە لە رۆژانی پێشوو و ئێستا و داهاتووشدا بۆیە وەکو ئەو گوتی پێویستە قیادەیەکی حەکیمی هەبێت ئەوجا داوای لە بەندە کرد کەوا بەرنامەی کۆبوونەوەکە بەو پێیەی بەندە سکرتێری گشتیم رایبگەیەنم.

بەرنامەی کۆبونەوەکە بریتی بوو لە خوێندنەوەی راپۆرتی مەکتەبی سکرتاریەت کەوا رۆژی پێشووتر ئامادەم کردبوو سەرەڕای ئەو پێشنیارانەی کە تێیدا هاتبوو کە پێویستی دەکرد بڕیاری لەسەر بدرێت، راپۆرتەکە بریتی بوو

له کاروچالاکییەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لەپاش ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازار لەگەڵ نیشاندانی کەموکوڕییەکان و پەیوەندیی ئێمە و یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق کە لە کۆتاییدا گوتم (کاری باش کراوە و دەکرا کاری باشتر و گەورەتر بکرێت، بەڵام مەکتەبی سکرتاریەت بەهۆی ئەو ناکۆکی و لایەن لایەنەی کە تێیدایەتی و نەگەڕانەوەی سەرۆکی یەکێتی قوتابییان لە هەندێ بابەت بوو بڕیاری مەکتەبی سکرتاریەت بووە دەتوانم بڵێم سەداسەد سەرکەوتوو نەبووین و کەموکوڕیمان ماوە بۆیە داوا لە لیژنەی راپەڕاندن دەکەم بەپێی سەڵاحیاتی خۆی کە لە پەیڕەو و پرۆگرامدا هاتووە مەکتەبی سکرتارییەت هەڵبوەشێنێتەوە و جارێکی دیکە مەکتەبی سکرتارییەت هەڵبىژێردرێتەوە و ئەوانیش سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتی هەڵبژێرن.

راپۆرتەکە بەکۆی (١٥) دەنگ رەزامەندیی لەسەر درا، بەڵام (٦) لە ئەندامان رەزامەند نەبوون پاش بڕیاری هەڵوەشاندنەوە کاك ئەنوەر عەبدوڵڵا هەڵوێستی بایکۆتکردنی وەرگرت و (کاك قادر حەمەد ئەمین)یش داوای مۆڵەتی یاسایی کرد تا بەستنی کۆنگرەی حەوتەم پاشان لیژنەی راپەڕاندن مەکتەبی سکرتاریەتی تازەی هەڵبژارد کە بریتی بوون لەو برایانە:

١- عادل موراد
٢- فەرهاد عەونی
٣- رەنج نوری شاوەیس
٤- جەلال خۆشناو
٥- یوسف مەولود قەساب
٦- عادل لەیلانی
٧- جەرجیس حەسەن

دانیشتنی یەکەم تەواو بوو برادەرانی لیژنەی راپەڕاندن هەریەکە بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت کە تێیدا سەرۆك و

جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێن بڕیار درا هەر هەمان ئێوارە لە بارەگای لقی (٥) لەژێر چاودێریی کاك سامی عەبدولڕەحمان ئەنجام بدرێت، کاك سامی داوای لێکردم پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دووەم کە هەمان ئێوارە دەکرێت بچمە لای لە نووسینگەی خۆی لە وەزارەت و کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی بۆ دیاری کردم.

لە کات و ساتی دیاریکراو لای کاك سامی بووم پاش تەواوکردنی ئیشوکارەکانی وەزارەت لەسەر کورسییەکەی خۆی هاتە خوارەوە و داوای لێکردم بچمە بەرامبەری لەسەر مێزی کۆبوونەوەکانی نووسینگەی خۆی و دەستمان بە قسەکرد و لەسەر ڕووداوەکەی ئەم بەیانییە.

**کاك سامی عەبدولڕەحمان هاتە قسە و گوتی**: ڕاپۆرتەکەت باش بوو کەلێنێکی (ثغرة) باشت دۆزییەوە، باش بوو کۆتایی هات، بەڵام کاك عەزیز عەقراوی زۆر ڕازی نەبوو، بەڵام لەبەر منیش قسەی نەکرد کاتێ چووینە دەرەوە ئەم هەڵوێستەی نیشان دا، المهم تۆ ڕات چییە کێ بکەینە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتی.

**بەندە**: هیوادارم ئەم هەنگاوە ببێتە مایەی پێشکەوتنی زیاتر یەکێتی قوتابییانی کوردستان بەتایبەتیش پاش هاتنی برادەرانی جەلالی (باڵی مەکتەبی سیاسی) ئێستا جەنابت کێ بە باش دەزانی بۆ ئەم پۆستانە؟

**کاك سامی**: فەرهاد من دەمێکە چاودێریی ئێوە دەکەم زۆر شتیشم بە بارەگا (بارەگای بارزانی) گوتووە، تۆ گەنجێکی لێهاتوو و بە ئیقتیداری ئیشەکانت مونەزەمن من لام باشە تۆ ببیت بە سەرۆکی یەکێتیی قوتابییان.

**بەندە**: کاك سامی زۆر سوپاست دەکەم جەنابت دەزانی پۆستی سکرتێری گشتی بەپێی پەیڕەو و پۆستێکی گرنگە هەموو کارەکان لە ڕێگای ئەوەوە ڕێکدەخرێت، ناکرێت ئەگەر جەنابت ڕازی بیت من واز لەم پۆستە بهێنم، چونکە وەکو گوتم کاروباری مەکتەبی سکرتارییەت ئەو بەرنامەڕێژی بۆ دەکات و کلیلی ڕێکخستنەکان لەدەستی سکرتێری گشتییە.

**کاك سامی**: باشە تۆ کێ ئیختیار دەکەیت؟

**بەندە**: عادل لەیلانی ئێستا فەرمانبەرە لە وەزارەتی پلاندانان، یوسف مەولود قەساب قوتابییە لە قۆناغی دووەم، جەرجیس حەسەن با لە شوێنەکەی خۆی بمێنێتەوە، چونکە تەمسیلی بادینان دەکات، دەمێنێتەوە عادل موراد و رەنج نوری شاوەیس و جەلال خۆشناو.

**کاک سامی**: رەنج نا، چونکە با نەڵێن کوڕی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییان دانا.

**بەندە**: باشە بە رای تۆ عادل موراد چۆنە، لای من کوڕێکی باشە پێشمەرگەش بووە، لە کۆنگرەش دەنگێکی باشی هێنا بەندە و ئەویش پێکەوە دەگونجێین باوەڕ ناکەم کێشەمان هەبێت، بیریشمان نەچێت عادل موراد کوردێکی فەیلیشە کە ئەمیشیان بە قازانج بۆ ئێمە دەگەرێتەوە.

**کاک سامی**: زۆر باشە عادل.. عادل، لە کۆبوونەوەکە تۆ پێشنیاری عادل بکە وابزانم هەموو موافقن.

پاشان لەگەڵ کاک سامی بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو بەرەو لقی (٥) چووین و برادەران لە چاوەڕوانیمان دابوون و یەکسەر لە یەکێ لە ژوورەکانی لقی پێنج کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەتمان ئەنجامدا و بەکۆی دەنگ عادل موراد بە سەرۆکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان و جەرجیس حەسەن بە جێگری سەرۆك و بەندەش بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردراین. یەکەم دەرکەوتنی کاك عادل مورادیش وەکو سەرۆکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی نشیتمانی قوتابییانی عیراق بوو کە لە هۆڵی زانکۆی (المستنصریە) رۆژی ١٩٧١/٣/٥ بەسترا لەژێر چاودێریی (سەدام حوسێن) ك تێیدا کاك عادل موراد وتاری یەکێتی قوتابییانی کوردستانی خوێندەوە.

پاش هاتنی برایانی باڵی مەکتەبی سیاسی و بوونی کاك عادل موراد بە سەرۆکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان ئەرکی بەندە بە شێوازێکی کاریگەرتر زیادی کرد، چونکە زۆربەی هەرە زۆری برادەرانی کۆن و نوێ بە کاك عادل مورادەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن دابوون لە زانکۆ بۆیە لەسەدا سەد خۆم بۆ کاری یەکێتی قوتابییان تەرخان کرد و رۆژانە لە بەیانییەوە تاکو شەو

دەوام لە بارەگای یەکێتی دەکرد بەتایبەتیش پاش ئەوەی کە چووینە باڵەخانەیەکی سەربەخۆ و لە گەڕەکی ئەلوەزیرییە و لەو ماوەیەدا لە مانگی ئایاری ئەم ساڵەدا بیرمان لە دەرهێنانی گۆڤارێکی ناوەندی کردەوە بە زمانی عەرەبی بەناوی (نضال الطلبة) کە تێیدا بەندە تاکو ژمارە (٤)ی ئەرکی سەرنووسەریم تێدا دەدیت بێ ئەوەی ناوم بنووسرێ و برایان حسین سنجاری و بەکر حسین هاوکارم بوون و ژمارە (١)مان بۆ دانا چونکە پێشووتر تاکو رۆژانی ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت هیچ ژمارەیەکی گۆڤارێك بەناوی (نضال الطلبة)مان نەیدوە کە وەکو برادەرانی مەکتەبی سکرتاریەت پێش ئێمە باسی لێوە دەکەن، بەڵام وەکو دەڵێن یەك دوو ژمارە بەو ناوە دەرچووە، بەهەرحاڵ ئەم گۆڤارە بە بەردەوامی تاکو رۆژانی ئەمڕۆ دەردەچێت سەرەڕای پچڕانی لە هەندێ قۆناغی دوای رێککەوتننامە خیانەتکارەکەی ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥.

لە لایەکی دیکەوە بە بەردەوامی سەردانی لق و ناوچەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستانمان دەکرد هەر لە زاخۆ و سنجار تاکو مەندەلی و خانەقین و بەدرە و زرباتیە، بەزۆریش برایان فازڵی مەلا مەحمود، یوسف مەولود قەساب ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەندامی لقی بەغدا سیروان عبداللە سعید و حسین سنجاری، جلال خۆشناو، جەرجیس حەسەن جار جار هاوڕێ ئەو سەفەرانە بوون). تاکە ئامرازی ئەم هاتن و چوون و سەردانانەش ئۆتۆمبیلێکی جۆری (لادا)ی رەنگ خۆڵەمێشیی مۆدیل ١٩٧٠ کە لە لایەن میریەوە لە رێگای یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق وەرگیرابوو پاشان ئۆتۆمبیلێکی جۆری (تۆیۆتای لاندکروزەر)یشمان پێدرا.

جموجۆڵییەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و لیژنەی راپەڕاندن زۆر لە قەوارەی خۆی زیاتر بوو، دەتوانم بڵێم لە جموجۆڵ و کارە جەماوەرییەکانی لقی (٥)ی پارتی کارامەتر و بەرچاوتر بوو بەتایبەتیش لە رووی سیاسی و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ رێکخراو و یەکێتیی قوتابییەکانی عەرەب و بیانی لە رێکخراوە عەرەبییەکانیش لە فەلەستینییەکان لە هەموویان نزیکتر بوون لە تاقمە فەلەستینییەکانیش لە (الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين) کە (جۆرج

حەبەشی) سەرکردایەتیی دەکرد و (الجبهة الشعبية الديمقراطية لتحرير فلسطين) کە (نايف حواتمە) سکرتێری گشتی بوو کە تێیدا لە هەموو بۆنەکانی ئەم رێکخراوانە ئامادەیی بەرچاومان هەبوو خودی کاك عادل موراديش رۆڵێکی باشی لەم بوارەدا دەگێڕا و کۆمەڵێك لە ئەندامانی یەکێتی قوتابییان لە دەرەوەی لیژنەی راپەڕاندن و مەکتەبی سکرتاریەت کە لە کۆلیژەکانی زانکۆی بەغدا قوتابی بوون و هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا بوون و هەندێکیشیان بەخۆیان و ئۆتۆمبیلەکانیان لە خزمەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستاندا بوون و لە هەموو بۆنەیەکیشدا ئامادەیی بەرچاویان هەبوو، پاشانیش هەندێکیان لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابییان (٣٠/٤–٢/٥/١٩٧٤، سلێمانی) بوونە ئەندام لە لیژنەی راپەڕاندن، ئەو برا چالاکانەش کە ناوی هەندێکیانم لەبیر ماوە کە لە بەغدا دەیانخوێند بریتی بوون لە (خوالێخۆشبوو حمید بڵباس، شەهید عەزیز مەحموود، حسین سنجاری، چیا عەباس، جبار صابر، خەسرەو گوڵ محەمەد، سیروان عەبدوڵڵا سەعید، ئازا خەفاف، ئاراز خەفاف، محمد عبدالكريم سولەیی، محمد باجەلان، سەعدون فەیلی، حسێن فەیلی، موسڵیح نەقشبەندی، زرار مەولود قەساب و خوالێخۆشبوو یاسین ئەنوەر، سەرەڕای دەیان و سەدان ئەندامی چوست و چالاك و کاربەڕێوەبەر لە لق و ناوچەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان).

## ئۆردوگای قوتابییان لە گوند و دێهاتەکانی کوردستان
## (معسكرات الطلبة في الريف الكوردستاني)

یەکێ لە شاکارەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە لە مێژووی ئەم رێکخراوە بە زیندوو دەمێنێتەوە و شایانی شانازی پێوەکردنە وەکو یەکەم ئەزموون لە بواری کرداریدا کە ئەویش بە تێکەڵ بوون لەگەڵ چینی جووتیارانی کوردستان لە سێ ناوچەی هەرە گرنگی کوردستان بوو کە دووچاری سیاسەتی (تەعریب) ببوون لە سەردەمی بەعسی یەکەم (١٩٦٣) و دووەمدا (١٩٦٨–٢٠٠٣) و سەردەمەکانی پێشووتریشدا لەوکاتەی کە

حکومەتی عیراق درووستبۆوە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە کە بریتین لە ناوچەکانی قەزای سنجار و قەزای خانەقین و پارێزگای کەرکووك، مەبەستیش لە داهێنانی ئەم ئەزموونە (ئەزموونی ئۆردوگای قوتابییان لە دێهاتەکانی کوردستان) (تجربة معسكرات الطلبة في الريف الكوردستاني) دەگەڕێتەوە بوو دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان رەتکردنەوەی سیاسەتی تەعریب لەو ناوچانە کە حکومەتی حزبی بەعس پەیڕەوی دەکرد. دووەمیان تێکەڵ کردنی قوتابییانی کوردستان لەگەڵ کێشە بنەڕەتییەکانی جووتیارانی کوردستان و راهێنانیان لەگەڵ کاری جەستەیی دوور لە ژوورەکانی قوتابخانە و ئاگادار بوون لە رەوتی سیاسەتی تەعریب.

لێرەدا بۆئەوەی خوێنەر لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم ئەزموونە مێژووییە بێت بە پێویستی دەزانم ئەم بابەتەم بخوێننەوە کە بە ناوونیشانی (ذكريات عن معسكرات الطلبة في الريف الكوردستاني، التي كانت أول تجربة طلابية كوردستانية..) کە بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (گولآن العربي) ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە، کە دەقەکەی بە کوردی وەکو خۆی لێرەدا بڵاودەکەمەوە:

نێوانی رێگای بەغدا و موسڵ (٥) کاتژمێری دەخایاند بە ئۆتۆمبێلی جۆری ڤۆڵگای رووسی کە ئەوکاتە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان دانەیەکی لەو ئۆتۆمبیلە هەبوو کە مۆدیلی ساڵ ١٩٧٠ بوو کە ئەوکاتە هەر ئەم ئۆتۆمبیلەمان هەبوو کە هاتوچۆی نێوانی بەغدا و پارێزگاکانی موسڵ و کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و خانەقین و بەدرە و زرباتییەمان پێدەکرد بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانی مەکتەبی سکرتاریەت چ لە بەغدا چ لەگەڵ لق و ناوچەکانی یەکێتی قوتابییان سەرەڕای هاتوچۆپێکرنمان لەناو شاری بەغدای پایتەخت، سەردانەکانمان بۆ لق و ناوچەکانی یەکێتی قوتابییان بەپێی ئەو بەرنامەیە دەسوڕا و دەگوزەرا کە لە مەکتەبی سکرتاریەت دەستنیشان دەکرا، ئەو مەکتەبەی کە لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان هەڵبژێردرا کە لە ناوەندی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠

له (ناوپردان) ئەنجامدرا كە تێیدا (٢١) ئەندام وەكو لیژنەی راپەڕاندن و لەنێوان ئەوانیش (٧) ئەندام وەكو مەكتەبی سكرتاریەت هەڵبژێردران كە زۆربەیان قوتابیی قۆناغەكانی كۆتایی بوون لە كۆلیژەكانی زانكۆی بەغدا و موسڵ، تەنیا بەندە نەبێت كە ئەوسا كۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەكانم تەواومكردبوو.

لیژنەی راپەڕاندن كە گەورەترین دەستە و پێكهاتەی یەكێتیی قوتابییانی كوردستان بوو، بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆ كە هەر دوو مانگ جارێك كۆبوونەوەی گشتیی خۆیان لە بەغدا یاخود لە یەكێ لە پارێزگاكانی كوردستان ئەنجام دەدا، كە تێیدا مەبەست لە گرێدانی ئەو كۆبوونەوانە لە پارێزگاكانی كەركووك و سلێمانی و هەولێر و موسڵ بە مەبەستی ئاگادار بوون بوو لە نزیكەوە لە كێشەو كار و چالاكییەكانی لقەكانی یەكێتی قوتابییان بەتایبەتیش لەو پارێزگایانەی كە بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنییانەی حكومەتی بەعس كە تێیدا سیاسەتی بەعەرەبكردنی هەندێ ناوچە بەپێی پلانێكی حكومەتی ناوەندی پیادە دەكرا بەتایبەتیش پاش رووخانی حكومەتی لیوا عبدالكریم قاسم لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ كە تێیدا چەند ناوچەی بەرفراوانی كوردستان كەوتە بەر سیاسەتی بەعەرەبكردن و چۆڵكردنی لە خەڵكانی كورد كە لە زەمانی باوك و باپیرانیانەوە ناوچەی رەسەنی ئەوان بوو كە دیسان حكومەتی بەعس لە قۆناغی دووەمی هاتنە سەر فەرمانڕەوایەتیی عیراق بەوەش نەوەستا بەڵكو كەوتە وێزەی گەلی كوردستان بە شێوازێكی زۆر دڕندانەی ئەوتۆ كە تێیدا بەر لە سیاسەتی بەعەرەبكردن هەڵمەتی ئەنفال و بۆمب باران كردنی چەندین ناوچەی كوردستان بە چەكی كیمیایی و چۆڵكردنی پانتاییەكی گەورە لە كوردستان لە خەڵكی رەسەنی خۆی كە لە ئاكامدا بووە هۆكاری راپەڕینی سەرتاسەریی خەڵكی كوردستان لە دژی حكومەتی بەعسی رەفتار فاشی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ كە تێیدا بە تەواوی رەگ و ریشەی بەعس لە كوردستان دەرهێنا.

له یەکێ لە ڕۆژەکانی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧١ بە ئۆتۆمبێلە ڤۆڵگایەکەی کە هەمانبوو بەرەو موسڵ لەگەڵ برادەران جەلال خۆشناو و یوسف مولود قصاب ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت و سیروان عبداللە سعید ئەندامی لقی بەغدا کەوتینە ڕێ کە تێیدا بەندە وەکو سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان ئەرکی بەسەرکردنەوە و بەدواداچوونم بۆ ئیشوکاری لق و ناوچەکانی یەکێتیی قوتابییان لەئەستۆدابوو بۆیە دەبووایە ناوە ناوە ئەو جۆرە سەردانانە لەگەڵ چەند برادەرێك لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت و لیژنەی ڕاپەڕاندن ڕێکبخەم کە هەموو پانتایی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی دەگرتەوە، هەر لە زاخۆ و سنجارەوە تاکو خانەقین و مەندەلی و بەدرە و زرباتییە کە تێیدا یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بە شێوەیەك گەورە ببوو کە دەتوانم بڵێم بە حزبێکی جەماوەریی بەرفراوان دەچوو.

بە گەیشتنمان بۆ ناوەندی شاری موسڵ یەکسەر چووینە ناوچەی (باب الطوب) کە لە نزیکییەوە ئوتێلی (الجزائر)مان هەڵبژارد بۆ پشوو و مانەوە چونکە ئەم ئوتێلە لە سەنتەری شار بوو و لە هەمان کاتیشدا خاوەنەکەی (کورد) بوو کە هەرجارێك ڕوومان لەم شوێنە بکردایە ئەوا خاونەکەی ژووری پاکوخاوێنی بۆ دابین دەکردین، سەرەڕای ئەوەش لە دەستەچەپی ئوتێلەکەش گازینۆی (النهرین) هەبوو کە هەرجارێك لە ئوتێل بهاتینایە خوار ئەوا (قاوەیەکی تێکەڵ بە شیر)مان تێدا دەخواردەوە.

پاش پشوویەکی نیو کاتژمێری لە ئوتێل (الجزائر) و خواردنەوەی قاوەیەك لە گازینۆی (النهرین) دەوروبەری نیوەڕۆ کاتێ بەرەو بارەگای یەکێتیی قوتابییانی کوردستان–لقی موسڵ چووین، بە گەیشتنمان برایان ڕەنج نوری شاوەیس و سەباح عوبێد ئاکرەیی و هەندێ لە ئەندامانی لقی قوتابییان لە چاوەڕوانیمان بوو کە پێشووتر ئاگاداری سەردانەکەمان کرابوون، بە گەیشتنمان کۆبوونەوەیەکی فراوانمان ئەنجامدا لەگەڵ لێپرسراو و دەستەی لق بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کاروباری لقی موسڵ کە بریتی بوو لە

(ڕێکخستنەکانی زانکۆی موسڵ و قوتابخانە ئامادەییەکانی ناو شار) و سەرەڕای لیژنەی ناوچەکانی سەر بەو لقە کە تێیدا بەرنامەی سەردانەکەمان بەم شێوەیە ڕێکخرابوو:

١- مانەوەی ڕۆژێك لە موسڵ.
٢- سەردانی ناوچەکانی (تلکێف، بەعشیقە) لە ڕۆژی دووەم.
٣- سەردانی لیژنەی ناوچەی سەنتەری دهۆك، ئامێدی، زاخۆ، لە ڕۆژانی سێیەم و چوارەم.
٤- سەردانی لیژنەکانی تەلەعفەر و سنجار لە ڕۆژی پێنجەم.

لێرەدا لەوانەیە خوێنەری بەڕێز پرسیارێکم ئاراستە بکات کە پەیوەندیی نێوانی ئەم پێشەکییە و ئۆردوگای قوتابییان لە دێهاتەکانی کوردستان چییە کە بەندە ئەو چەند لاپەڕەی بۆ نووسیوە، لێرەدا لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: هۆکاری سەرەکیی ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیرۆکەی داهێنانی ئۆردوگای قوتابییان لە لادێیەکانی کوردستان بۆ ئەم سەردانە دەگەڕێتەوە کە دەبێت باسی لێوە بکرێت، چونکە پەیدابوونی هەر بیرۆکەیەك هۆکار و بارودۆخی تایبەتیی خۆی هەیە تاکو (دەگات) ئەوجا چۆنێتیی گۆڕانی لە بیرۆکە بۆ پرۆژە و جێبەجێ کردنی لە دواییدا.

ئەوەی کە لێرەدا پاڵی پێوەنام ئەم بابەتە بنووسم دوو هۆکار بوون، **یەکەمیان**: ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە کەسێك لەسەر ئەم ئەزموونە مێژووییەی نەنووسیوە کە لە هاوینی ساڵی ١٩٧١ ئەنجام درا (کاتی نووسینی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ بە زمانی عەرەبی) تەنها پەرتووکێکی بچووکی (٨٨) لاپەڕەیی نەبێت کە کاتی خۆی مەکتەبی سکرتارییەت ساڵی ١٩٧١ لەژێر ناوی (معسكرات الطلبة في الريف الكوردستاني) بڵاوکردۆتەوە، و ئەوەی لێی ئاگادارم نەوەکانی ئێستای قوتابییان بەلای ئەم ڕووداو و ئەزموونە ناچن بۆیە کاتێ بڵاوی دەکەمەوە بەو ئومێدەی کەوا یەکێتیی قوتابییانی

کوردستان و ڕێکخراوەکانی دیکەی قوتابییان و خوێندکاران سوود لەم ئەزموونەی هەڤاڵانی پێش خۆیان وەربگرن و هەمان ئەزموون دووبارە بکەنەوە کە بێگومان سوودی هەمە لایەنەی تێدایە.

هۆکاری دووەمی نووسینی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و زیندویی ئەم ئەزموونە (ئۆردوگای قوتابییان لە لادێیەکانی کوردستان) چونکە لە راستیدا یەکەم ئەزموونی قوتابییانی کوردستان بوو لەناو جەرگەی ئەو ناوچانەی کوردستان کە سیاسەتی بەعەرەبکردنی تێدا ئەنجام دەدرا کە لام وایە ئەم ئەزموونە چۆتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە، لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ سەردانەکەی پێشوومان بۆ پارێزگای کەرکووك و خانەقین و بەدرە و زرباتییە و مەندەلی کە بەبەردەوامی بەپێی بەرنامە سەردانمان دەکردن کە لە ئاکامدا گەیشتینە ئەو را و بیرۆکەیەی کە دەبێت ئێمەی مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کارێك و پرۆژەیەك ئەنجام بدەین کە تێیدا بتوانین جۆرە هۆشیارییەك رابگەیەنین یاخود بە واتایەکی دیکە (بە میللی کردنی بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتی بەعەرەبکردنی هەندێ ناوچەی کوردستان).

لە کاتی گەڕانەوەمان لە موسڵەوە بۆ بەغدا بە درێژایی ڕێگا لە هەندێ قۆناغدا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمە چی دەتوانین بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتە شۆڤێنییانەی کە حکومەتی بەعس گرتوویەتە بەر بکەین، لە هەمان کاتیشدا چەند ڕووداوێکی دیکەشم هاتەوە یاد کاتێ لەگەڵ هاوڕێم (حسێن حاجی عەلی ئەحمەد) لە گەشتێکی ئەم شێوەیە بۆ بەدرە و زرباتیە ئەنجامامان دابوو لە مانگەکانی پێشووتردا کە تێیدا یەکێ لە قوتابییەکانی ئامادەیی زرباتییە پێی گوتین (بەتەنها بەجێمان مەهێڵن ناوە ناوە سەردانمان بکەن بۆئەوەی نەبینە نێچیرێکی ئاسان و بکەوینە داوی دەستی ئەم شۆڤێنییانە و هاتنی ئێوە بۆ لامان زامنی بەرزبوونەوەی ورەی ئێمەیە)، وەکو گوتم لە ڕێگای گەڕانەوەمان ئەم ڕووداوانەم دەهاتەوە یاد کە لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەدیمکردبوو وەکو (زرباتییە، بەدرە، تەلەعفەر، تلکێف، بەعشیقە، کەرکووك، سنجار)، بۆیە کاتێ لەترسی بەرزبوونەوەی گەرمای مەکینەی

ئۆتۆمبێلەکەمان کە بەهێواشی ڕێیدەکرد تاکو گەیشتینە ناوچەی کازمیەی دەوروبەری بەغدا لەلای ڕۆژئاواوە بیرۆکەیەك بەتەواوی لە هزرم دروستبوو، بەڵام ویستم بزانم هاوڕێیانم جەلال و یوسف و سیروان چی لە مێشکیان دایە، بۆیە کاتێ لێم پرسین (برایان ئاخۆ دەبێت بەرهەمی ئەم گەشتەمان چی بێت کە ئەنجاممان داوە)، لە وەڵامدا هەریەکەیان بە جۆرێك سوودی ئەم جۆرە و ئاکامی گەشتەیان شیدەکردەوە، ئەوجا کاتێ من هاتمە قسە و گوتم (برایان ڕاستە ئەم جۆرە گەشتانە بێگومان سوودی گەورەی هەیە، بەڵام بۆچی هەمووومان بیر لە کارێکی دەستە جەمعی نەکەینەوە کە تێیدا سەرجەم لق و ناوچەکانی یەکێتیی قوتابییان پێی هەڵبستن).

بە گەیشتنمان بۆ بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت لە گەڕەکی وەزیریەی بەغدا بیرۆکەکەم بە تەواوی لای برادەران پەسەند کرا و هەرچوارمان لەسەر ئەوە کۆك بووین کەوا لە یەکەم کۆبوونەوە مەکتەبی سکرتارییەت ئەم باسە بوروژێنین.

لە یەکەم کۆبوونەوەی سکرتارییەتدا ڕاپۆرتی خۆم دەربارەی ئەم گەشتە پێشکەش کرد کە تێیدا بیرۆکەکەی ئەم پڕۆژەیەم بۆ باسکردن کە لەو گەشتە هاتۆتە کایەوە کە تێیدا لە لایەن سەرجەم برادەیانی سکرتارییەت پەسەند کرا و لە هەمان کاتیشدا وا بە باش زانرا کە ئەم بابەتە لەگەڵ کاك سامی عبدالرحمن کە ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیری کاروباری ژوروو و سەرپەرشتیاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بوو.

لە کاتێکی گونجاوی دوای دوو سێ ڕۆژ لە جەژنی نەورۆز ئێوارەیەکیان سەردانی کاك (سامی عبدالرحمن)مان کرد لە نووسینگەی خۆی لە وەزارەت کە تێیدا بەندە و هاوڕێیانم جەلال خۆشناو و یوسف مەولو قەسابم لەگەڵدا بوو کاتێ ڕوو بە ڕووی کاك سامی بووینەوە یەکسەر هاتمە قسە و گوتم (ئاشکرایە لای بەڕێزتان کە ئێمە لە هەفتەی ڕابردوو سەردانی لقی موسڵ و دەڤەری بادینانمان کرد بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لە سکرتارییەتەوە داڕێژراوە، ئەمەیان جاری چوارەمە کە تێکڕای لق و ناوچە و سەرجەم دەڤەرەکانی

کوردستان بەسەردەکەینەوە لەو سەردانەدا گەیشتینە قەناعەتێك و لای ئێمە بوو بە بڕیارێ کە ئەویش بریتییە لەوەی ئێمە لە سەرەتای مانگی تەموزەوە بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ناوچەکانی کەرکووك و خانەقین و سنجار ئۆردوگا بۆ قوتابییانی خۆبەخشی زانکۆکان و ئامادەییەکان ڕێکبخەین، ئێستا بۆ ئەوە هاتووین کە بەڕێزتان پشتیوانیمان لێ بکەن بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیە).

کاتێ لە قسەکانم بوومەوە کاك سامی هاتە قسە و گوتی (ئێوە دیراسەتی خۆبەخشی و ئامادەیی قوتابییانتان کردووە؟!)، لێرەدا جەلال خۆشناو لە وەڵامی ئەم پرسیارەی کاك سامی گوتی (بەپێی لێکدانەوەی ئێمە قوتابییان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەم پڕۆژەیە دەکەن و تەنها دەرکردنی تاکە بەیاننامەیەك لەلایەن مەکتەبی سکرتارییەتەوە دەبێتە هۆکاری پێشبڕکێی قوتابییان بە مەبەستی بەشداریکردن لەو ئۆردوگایانە)، پاشان کاك سامی پرسیارێکی دیکەی لێکردین کە ئایا (ئێمە خەرجیی تێچوونی ئەم ئۆردوگایانەمان هەیە کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییان بەشداری تێدا دەکەن بۆ ماوەی دوو هەفتە؟)، لێرەدا یوسف مەولود کە لێپرسراوی دارایی سکرتارییەت بوو هاتە قسە و گوتی (بەڵێ ئێمە لە بودجەمان (٢٠٠٠) دوو هەزار دینارمان هەیە و پێویستیمان بە دوو هەزار دیناری دیکە هەیە و دەتوانین لە مانگەکانی دیکە پاشەکەوتی بکەین)، ئەوجا من هاتمە قسە و گوتم (هەر ئۆردوگایەك پێویستیی بە هەزار دینار هەیە کە کۆی دەکاتە (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار و (١٠٠٠) هەزار دیناری دیکەش وەکو یارمەتیدەر بۆ کاتی پێویست کە لەبەردەستدا هەبێت، بەڵام زیاتر پێویستیمان بە پاڵپشتیی مەعنەوی هەیە کە دەکرێ ئاگاداری لێپرسراوانی ئیداری ئەو سێ پارێزگایە بکرێت بە مەبەستی پاڵپشتیمان تاکو بابەتەکە شێوازێکی ڕەسمی وەربگرێ بۆئەوەی خۆمان لە هەموو کێشەیەك بپارێزین، بەڕێز کاك سامی کۆتایی بە بابەتەکە هێنا و گوتی (من پێشنیاری ئەوەتان بۆ دەکەم کە لەئێستاوە ئاشکرای نەکەن لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان باسکردنی ئم پڕۆژەیە لە مەکتەبی

سیاسی کە پێویست دەکات بۆ ئەم بابەتە رەزامەندیی ئەوان وەربگیرێت چونکە ئەم پرۆژەیەتان کارێکی ئاسایی نییە و لە ئێستاوە کێشەتان بۆ درووست بکات وا چاترە بکرێتە (موفاجەئە) لە کاتێکی گونجاودا تاکو هیچ کێشەیەك نەیەتە رێتان، لە هەمان کاتیشدا جارێکی دیکە لە هەموو بارێکەوە دیراسەتی بابەتەکە بکەن و هیچ بۆشاییەك مەهێڵنەوە، وابزانم سەرکردایەتی پاڵپشتیی ئەم پرۆژە نیشتمانییەتان دەکات و جارێکی دیکە بۆ جاری دووەم باسی لێوە دەکەین).

لەبەر ئەوەی بەندە لەناو برادەرانی مەکتەبی سکرتارییەت (موتەفەرغ) بووم چونکە ساڵی پێشووتر کۆلیژم تەواوکردبوو زیاتر ئیشوکارەکانم رادەپەڕاند بۆیە کەوتمە پەیوەندی کردن بە سکرتێری لقەکان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لە هەمان کاتیشدا ئێواران کاتێ برادەرانی سکرتاریەت دەهاتنە بارەگا لە ورد و درشتی کارەکانم ئاگادار دەکردنەوە بەتایبەتی هاوڕێم عادل موراد کە ئەوکاتە ئەو سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو (کە ئەوکاتە لە پۆلی چواری کۆلیژی زانست-بەشی کیمیا بوو).

لە ناوەندی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١دا برادەرانی سکرتارییەت و لێژنەی راپەڕاندن زیاتر هاتنە ناو مەسەلەکە چونکە ساڵی خوێندن تەواو ببوو هەر بۆیە کۆبوونەوەکانی ئێمە چڕوپڕتر بوون کە تێیدا باس لە چۆنێتیی ئەنجامدانی ئۆردوگایەکان، دەستەی کارگێڕییان، لێپرسراوانی، ژمارەی بەشداربووانی و تەرخانکردنی پارەی پێویست، لە هەمان کاتیشدا بۆ یەکەم جار مەکتەبی سکرتاریەت بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەم بابەتە کە لە ژمارەی رۆژی ١٩٧١/٦/٢٤ لە رۆژنامەی التاخی بڵاوکرایەوە کە تێیدا هاتووە (لە رۆژی ١٩٧١/٧/١٠ یەکەم هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان دەستپێدەکات کە چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی و تەندرووستی و سیاسی دەگرێتەوە لەو ئۆردوگایانەی کە لە هەندێ ناوچەی کوردستان رێکدەخرێ کە تێیدا ئەندامانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بەتایبەتی قوتابییانی زانکۆکان و بەشێك لە قوتابییانی ئامادەییەکان دەگرتە خۆ، بۆیە یەکێتیی قوتابییان بە ئەندامانی رادەگەیەنێ کەوا بەشداری لەم

هەڵمەتە بکەن بە گیانێکی بەرز و بەرپرسیارێتییەوە کە دەبێتە هۆکاری توندتۆڵیی پەیوەندیی نێوان قوتابییان کە توێژێکی رۆشنبیرن لەگەڵ جەماوەری جوتیارانی کوردستان کە ئەم چینە کۆڵەکەی شۆڕشی گەلی کوردستانن، پڕۆژەی ئۆردوگاکان بریتییە لە:

١- ئۆردوگاکانی قوتابییان لە هەندێ ناوچەی کوردستان رێکدەخرێت کە هەریەك لەو ئۆردوگایانە کۆمەڵێ قوتابی بەخۆیەوە دەگرێت، کە بە رۆژ لە گوندەکان کارەکان ئەنجام دەدەن، و شەوانیش بە موحازەرەی سیاسی و ئاهەنگی هەمە لایەنە بەسەردەبرێ.

٢- یەکێتیی قوتابییانی کوردستان تەواوی خەرجییەکان دابین دەکات و لێژنەی تایبەتی بۆ هەریەك لەو ئۆردوگایانە دەستنیشان دەکرێت.

٣- پێویستە لقەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان تۆماری ناوی بەشداربووان بکەن و لیستی ئامادەکراو بگەیەندرێتە مەکتەبی سکرتاریەت کە دواکاتیش رۆژی ١٩٧١/٧/٥. لە هەمان کاتدا مەکتەبی سکرتارییەت داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات، لایەنە رەسمییەکان، رێکخراوە میللیەکان، بە مەبەستی هاوکاری و ئاسانکاری کردن بۆئەوەی بتوانرێ بە رێکوپێکی پڕۆژەکە بەڕێوە بچێت.

لە سەرەتای مانگی تەموزی ئەم ساڵەدا مەکتەبی سکرتارییەت لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی خۆیدا پاش دیراسەتکردنی هەمەلایەنە بڕیاری کۆتایی دا کەوا ٧/١٠ رۆژی کردەنەوەی ئۆردوگایەکانە و بەرپرسیارەکانیش بریتی بوون لە:

١- رەنج نوری شاوەیس لێپرسراوی ئۆردوگای سنجار

٢- فازڵ تەیب لێپرسراوی ئۆردوگای باوە محمود لە خانەقین

٣- فەرهاد عەونی لێپرسراوی ئۆردوگای خاڵۆ بازیانی لە کەرکووك

له راستیدا من زۆر دڵخۆش بووم کەوا خەونەکەم گەیشتە کردار و بەرپرسیارێتیی ئۆردوگای کەرکووکم پێ راسپێردرا، چونکە من هەر لەسەرەتاوە پێش ڕێککەوتنی ١١ ئازاری ١٩٧٠ و قۆناغەکانی دواتریش سەرپەرشتیی راستەوخۆی ئەم لقەم دەکرد چونکە مانگی دوو جار سەردانی ئەم لقەم دەکرد، ئاگاداری ورد و درشتی کاروباری ئەم لقە بووم کە تێیدا برایان لە بەرپرسیارانی لق کە هەریەکەیان لە قۆناغێك رۆڵی خۆی تێدا دەبینی کە بریتی بوون لە برادەران (عوسمان خۆشناو، شەهید سەعدی خلیل، نوری قارداش، زاهیر رۆژبەیانی).

لە رۆژی ١٩٧١/٧/٦ ئێمەی لێپرسراوی دەستەی سەرپەرشتکاری ئۆردوگای خالۆ بازیانی گەیشتنە کەرکووك کە بریتی بوون لە (بەندە، شەهید فازڵ مەلا محمود، عوسمان خۆشناو، شەهید محمد باجەلان، ئازا محمود خەفاف، سیروان عبداللە سەعید، چیا عەباس) لە گەیشتنمان بۆ کەرکووك برادەران (زاهیر رۆژبەیانی، نوری قارداش، محمد عزیز) لە بارەگای لق ئامادە بوون، یەکسەر کۆبوونەوەیەکم ئەنجامدا کە تێیدا دەستەی سەرپەرشتیکار و لێپرسراو و ئەندامانی لق بە مەبەستی راگەیاندنی دوا ئامادەکارییەکان کە لەسەر هەموویانە ئامادەبوونی بەشداربووان سەرلەبەیانیی رۆژی ١٩٧١/٧/٩ لەگەڵ پێداویستییە شەخسییەکان و رۆژی ٧/٧ سەردانی دیوانی پارێزگای کەرکووکم کرد لەگەڵ شەهید فازڵی مەلا محمود بە مەبەستی گەیاندنی نامەیەکی کاك سامی عبدالرحمن کە ئاراستەی بەڕێز ئەحمەد نەقشبەندی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکووکی کردبوو بە مەبەستی هاوکاری کردنمان لە سنووری دەسەڵاتی خۆی، بەڕێز نەقشبەندیش پێشوازیی گەرمی لێکردین و گوتی (لە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتم یارمەتیدان دەدەم)، داخوازیی ئێمەش بریتی بوو لە تەرخانکردنی ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب لەگەڵ شوفێرێك بۆ ماوەی ئەو دوو هەفتەیەی ئۆردوگای قوتابییان. لە ئاکامدا بەڕێز نەقشبەندی ئۆتۆمبێلێکی جۆری (پیکاپ-شۆفرلێت) و شوفێرەکەی کە ناوی

محمد عوسمان بوو كە ئەویش پێشمەرگەیەكی لەشكری كوردستان بوو، تاكو ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕێككەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠.

ڕۆژی ١٩٧١/٧/٨ سەرجەم پێداویستییەكانمان ئامادەكرد كە لە پێشەوەیان كڕینی چەندین فەردەی ئارد و برنج و شەكر و ڕۆن كە ڕاستەوخۆ بەرەو خاڵۆبازیانیمان نارد، كە تێیدا كاك (شیرزاد صادق أنور تاڵەبانی) كە قوتابییەكی دەرچووی بەشی جوگرافیا بوو لە زانكۆی بەغدا، كە لە ڕاستیدا هاوكار و یاریدەدەرێكی زۆر ڕێكوپێك بوو.

ڕۆژی ٩ی تەموز كۆمەڵانی قوتابییانی بەشداربوو لەبەردەم بارەگای یەكێتیی قوتابییان ئامادەبوون ئەمجا بەو ئۆتۆمبیلانەی كە ڕۆژی پێشووتر ئامادەمان كردبوون بەرەو شوێنی مەبەست بۆ لایەنی سەنتەری ناوچەی قەرەحەسەن و گوندەكانی تەرجیل و تەركەشكان سەرو خوار و تێپەڕبووین تاكو گەیشتینە گوندی خاڵۆبازیانی كە لە باڵەخانەی قوتابخانەیەكی سەرەتایی وەكو بارەگا دەستنیشانمان كردبوو، لە ڕاستیدا گوندی خاڵۆبازیانی گوندێكی بەرفراوان و ئاوێكی زۆری هەبوو، بەتایبەتی كانییەكی بەرچاوی ئاو شیرین و پاك كە پێیان دەگوت (خوڕخوڕ).

بە گەیشتنمان ژمارەیەك لە جوتیارانی ئەم گوندە و گوندە نزیكەكانی لەپێشوازیماندا بوون، دیاربوو كاكە شێرزاد ئەركەكانی خۆیی بە زیادەوە ئەنجام دابوو، تەنانەت مام عەبدوڵڵای چێشت لێنەری بارەگای یەكێ لە بەتالیۆنەكانی هێزی پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە لەنێو ئامادەبوواندا بوو، بە مەبەستی مانەوە لەگەڵمان وەكو خۆبەخش لە ڕۆژانی ئۆردوگا و ئامادەكردنی خواردن بۆ قۆتابییانی بەشداربوو ڕۆژی ١٠ی مانگ سەرجەم قوتابییانی بەشداربوو لە بارەگای ئۆردوگای قوتابییانی لە خاڵۆبازیانی ئامادەبوون، دەمەوئێوارەی هەمان ڕۆژ كۆبوونەوەیەكی گشتیمان ئەنجامدا كە تێیدا سەرەڕای ڕوونكردنەوەی ئەركی بەشداربووان لەم ئۆردوگایە لە هەموو بارێكەوە ئەمجا بەشدابووان دابەشكردان بەسەر (١٥) گرووپ كە هەر گرووپێك (١٥–٢٠) قوتابیی بەشداربووی لەخۆ گرتبوو. و بۆ هەر گرووپێك لێپرسراوێكی

بۆ تەرخان کرابوو لەگەڵ دەستنیشان کردنی پانتایی چەندین گوند بۆ هەریەك لەو گروپانە، بەرنامەی کاری ڕۆژانە بەم شێوەیە دەستپێدەکرد کە لەسەرەتاوە لە کاتژمێر ٥ی بەیانییەوە بەرنامە دەستی پێدەکرد و پاش نانخواردنی بەیانی بە دەستە جەمعی ئەوجا بە چەند ریزێك لە گۆڕەپانی بارەگادا رادەوەستان بۆ چڕینی سروودی (ئەی رەقیب) ئەوجا بەپێ هەریەك لەو گرووپانە بەرەو شوێنی مەبەست دەچوون لەسەرەتاشدا پێیان راگەیەندرابوو بە هیچ شێوەیەك ئەرك لەسەر جووتیاران درووست نەکەن بۆ خواردن، لەگەڵ گەڕانەوەیان کاتژمێر (٦)ی ئێوارە مام عەبدوڵلا خواردنی تەواوی ئامادەکردبوو کە بریتی بوو (برنج و شلە و گۆشت) لەگەڵ نانی گەرمی تەنوور کە یەکێ لە جووتیارانی خاڵۆبازیانی ئەرکی ئامادەکردنی بە خۆوە گرتبوو.

وەکو لە سەرەتاوە باسم لێوە کردووە ڕێنماییەکان زۆر توندوتۆڵ بوون چ دەربارەی کاتی نوستن و لەخەو هەڵسان و شێوازی نانخواردن و بەرنامەی ئێشکگری و پاسەوانی دەستنیشان کردنی ئەو گوندانەی کە ڕۆژانە بەشداربووانی قوتابی بۆی دەچوون کە بریتی بوون لە گوندەکانی (خاڵۆبازیانی، تەرجیل، فرقان، ترکەشکانی سەروو و خواروو، ئۆمەرگدە، ساوش پلاغی سەروو و خواروو، زەنگەنە، شێخ جیری، خدر بەگ، حەسەن ئیسلام، پەنجا عەلی، قەرەوەیس، تێمزاوە، بزلە.. هتد) ڕۆژانە کەشوهەوا گەرم بوو بەڵام بە شەو فێنکی دەکرد، پێش پشوو دان و نانخواردنی ئێوارە کاتژمێر ٨ی شەو لە گۆڕەپانی بارەگای رایەخمان رادەخست و ئاهەنگی شەوانە دەسی پێدەکرد، کە لە سەرەتادا بە ڕاپۆرتی زارەکیی لێپرسراوانی گرووپەکانەوە دەستی پێدەکرد کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە چی کراوە پاشان وانەیەکی ڕۆشنبیری سیاسی لەلایەند یەکێ لە بەرپرسان پێشکەش دەکرا. هەندێ شەویش قوتابی کەمال میراودەلی چەند هۆنراوەیەکی خۆیی بۆ دەخوێندینەوە و کاکە دارا یارەش بە دەنگە خۆشەکەی چەند گۆرانییەکی بۆ دەگوتین بە پشت بەستن بە ژەنینی ئامێری عودەکەی شەهید ئازاد هەوارمی کە ئەوکاتە لاوێکی

تازە پێگەیشتووی هەڵکەوتوو بوو، پرۆگرامی ئاهەنگی شەوانە بە تەماشا کردنی چەند دیمەنێکی کۆمیدیی نواندنی کاکە زیبار نوری کۆتایی دەهات.

لە راستیدا ئەم ئۆردوگایانە جۆرە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان چەند توێژ و چینێکی گەلی کوردستانی زیاتر پێکەوە ناساند چونکە پێشووتر جووتیارانی کوردستان ئەو جۆرە پەیوەندییە گیانییەیان نەدیتبوو لەنێوان خۆیان و قوتابییان و لە هەمان کاتیشدا قوتابیانی کوردستان بێ ئاگا بوون لە ژیان و گوزەران و ماندووبوونی جوتیاران سەرەڕای ئەو بارە قورسەی کە لەسەر شانیان بوو لە ساڵانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٠).

بە پێویستی دەزانم ناوی هەندێ لە هاوکارانی بەشداربوو ئۆردوگای خاڵۆبازیانی لە کەرکووك کە ئەوانەی لەبیرم ماون لەگەڵ داوای لێبوردن لەو هاوڕێ بەشداربووە ئازیزانەی کە ناویان نەهاتووە کە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تاڵان و هەڕاجکردنی ماڵ و حاڵم لە بەغدا کاتێ لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد ئەو بەشداربووانەی قوتابی کە لەبیرم ماون بریتی بوون لە برایان (جەلال ئەحمەد بەرقی ئەندازیار، سەلاح رەشید، فوئاد سیف الدین، جەمال عبدالله، سوار محمد سەڵتە، ئەنوەر جەلال، شەهید ئازاد مەلا محمد، شەهید هیوا عبدالغفور، سەلاح حمد أمین سورە، جەلال محمد أحمد، دلێر رشید علی، د. کاورس محمد فرج، ساماڵ رەشید، دڵشاد عبدالله، ئەنیس شاکر حکیم، عبدالموجود تەها، هیوا جەلال حمدی، محمد فرج ئاغا، ئازاد رەشید، لەگەڵ دەیان قوتابیی چوست و چالاك) کە بۆ ماەی دوو هەفتە هەوێنی بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتی تەعریبی بەد ناو بوون لەم دەڤەرەدا، لە ساڵانی ١٩٧٢، ١٩٧٣ هەمان ئەزموون دووبارە کرانەوە کە بەداخەوە قەڵەمی یەکێ لەم بەشداربووانە چەند دێڕێکیان دەربارەی نەنووسیوە.

(ئەم بابەتە لە گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە (٣٢)ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ بڵاو کراوەتەوە و پاشان لە دووتوێی کتێبی (ذاکرة الایام) بە زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە).

گرنگترین ڕووداوی ئەم ساڵەمان بەڕێکرد کە تێیدا بارودۆخی سیاسی بە گشتی لە عیراق هێمن بوو و شەڕ لە کوردستان ڕاوەستابوو بەهۆی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتەکەی فەریق عبدالرحمن عارف کە خوالێخۆشبوو (د. عبدالرحمن بزاز) سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکرد و ڕەنگدانەوەشی ئەرێنی لەسەر جموجۆڵی سیاسیشی هەبوو کە تێیدا زانکۆی بەغداش (بارۆمەتری) بارودۆخەکە بوو، کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانیش لە کۆلیژە پێشەنگەکانی جموجۆڵی سیاسی بوو بە کاریگەریەتیی بوونی زۆربەی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکانی قوتابییانی عیراقی و کوردستان  کە تێیدا سەرکردەکانی قوتابییانی هەردوو باڵەکەی حزبی شیوعیی عیراق (اللجنة المرکزیة، القیادة المرکزیة، لەگەڵ هەردوو باڵی بەعسییەکان کە ئەوکاتە بە (باڵی چەپ و باڵی ڕاست) دەناسران) کە لەنێوانیاندا (صلاح المختار) وەکو باڵی چەپی ئەم حزبە و (سمیر عبدالوهاب الشخیلي)یش کەسایەتیی دیاری باڵی ڕاست (یمین) خۆیان نیشان دەدا و بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیش (الحرکة الاشتراکیة العربیة) ئەویش بە هەردوو باڵەکەی (فؤاد الرکابي وعبدالإله النصراوي) چەندین کەسایەتی و گرووپی نەتەوەیی و عەرەبی و مارکسی سەرەڕای کەسایەتییەکانی هەردوو لایەنی کوردستانی (مەبەست لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی) کە ڕۆژانە لە یانەی کۆلیژ و لەناو باخەکەی کە لە چوارلاوە دەوری باڵەخانەی کۆلیژی دابوو چەندین ئەڵقەی گەرمی باڵە ناکۆکەکان بەناو کۆمەڵی قوتابییان گوزەری دەکرد و زۆرجاریش گەرمی و تووڕەبوونی پێوە دیاربوو کە دیارترین ڕووداو (تەقەلێکردنەکەی سمیر عبدالوهاب الشیخلي بەعسی باڵی ڕاست بە دەمانچە لە صلاح المختاری کەسایەتیی دیاری باڵی چەپ لە حزبی بەعس لە باخچەی پشتەوەی کۆلیژ لە ڕۆژی ١٩٦٧/٣/٢١ ڕێککەوتی جەژنی نەورۆز بوو).

رووداوێکی دیکەی ئەم ساڵی خوێندنی (١٩٦٦-١٩٦٧) کە تێیدا تووشی هاتم رووداویکی بچووکی ناو پۆل بوو ئەوکاتە دەرسێکمان هەبوو هەفتەی دوو جار دەخوێندرا کە ئەویش (مبادئ علم السياسة) کە مامۆستا (هشام الشاوي) پێی دەگوتین کە ئەویش سەرۆکی رێکخراوێکی نەتەوەیی عەرەبی بوو بەناوی (رابطة القوميين العرب) بوو هەمیشە بە شێوازی زمانی عەرەبی (فصيح) قسەی دەکرد، هەموو هەفتەیەکیش لە دوو موحازەرەی کە دەیگوتەوە موحازەرەیەکی تەرخان دەکرد بۆ شیکردنەوەی رووداوەکانی ئەو کاتە، رۆژێکیان هاتە پۆلەوە و پایپەکەی دەرهێنا و مژێکی بە ساردی لێدا و گوتی (ئەمڕۆ باس لە بابەتێك دەکەین کە کێشە و سەر ئێشەی بۆ عیراق و نەتەوەی عەرەبی دروستکردوە) ئەو بابەتەش "جووڵانەوەی کوردەکانە لەسەر رووی عیراق" هەندێك وەکو کوردەکان خۆیان دەڵێن ئەم بزووتنەوەیە شۆڕشێکە لەپێناو دابینکردنی ماڤ گەلی کورد بەرپا بووە و هەندێك دەڵێن چ لە ناوەندی حکومەتی عیراق و چ لە ناوەندی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عیراق و دەرەوەی عیراق بە "جووڵانەوەیەکی گومانلێکراوی سەر بە ئیستیعمار و زاینزم، بۆ جیاوازبوونەوە لە عیراقی عەرەبی و هاوشێوەی بەناو دەوڵەتی زۆڵی ئیسرائیلە" لێرە دەخوازم گوێم لە را و بۆچوونەکانی هەندێك لە ئێوە بێت، لە سەرەتادا قوتابییەکی عەرەب کە ناوی (عبدالرحيم القدوسى) و سەر بە جەماعەتی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق (الأتحاد الوطني لطلبة العراق) سەر بەعسییە راستڕەوەکان بوو هەڵسا و هاتە قسە و گوتی (ئەم جووڵانەوەیە جووڵانەوەیەکی گومانلێکراوی سەر بە دەزگای سیخوڕیی ئەمەریکا و ئیسڕائیلە، بەرنامەی ئەو دەزگا سیخوڕانە پیادە دەکات بۆ لێکترازانی عیراق و سەرقاڵکردنی سوپای عیراق تاکو شکست بە ئامادەباشیی ئەو سوپایە بهێنێکە دژی ئیسڕائیل دەوەستیٚ سەرەڕای جیاکردنەوەی بەشێکی گرنگی خاکی عیراقە)، رای عبدالرحيم لای قوتابییان تا رادەیەکی زۆر بەهەند هەڵنەگیرا، چونکە زۆربەی قوتابییانی پۆل و کۆلیژەکە رقیان لە بەعس و رەفتارەکانی دەبۆوە، بەتایبەتیش رەفتارە فاشیەکانی پاش کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی

ساڵی ١٩٦٣، پاش ئەو مامۆستا هشام الشاوی ڕێگای بە من دا منیش ڕای خۆم دەربڕم منیش بە زمانی عەرەبی و فەسیح هاتمە قسە و گوتم (شۆڕشی کوردستان بە ڕابەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی شۆڕشێکی جەماوەریی فراوانە کە لە پێناوی دیموکراسییەت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هەوڵ دەدات، بەداخەوە لام سەیرە قوتابی عبدالرحیم باس لە پەیوەندی ژێر بە ژێری شۆڕشی کوردستان بە دەزگای سیخوڕی ئەمەریکا و ئیسڕائیل دەکات، باشە ئەگەر وایە بۆ حزبی بەعسی ئیشتراکی پاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە سەرەتادا کەوتە وتوێژ لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش و دانی بە مافی گەلی کورد نا لەسەر بنچینەی (لا مەرکەزی) پاشی بۆ ماوەی چەند مانگێك هاتوچۆی نێوان سەرکردایەتیی بەعس و شۆڕشی کورد گەرم بوو کە تێیدا بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) سەرۆکایەتیی شاندی شۆڕشی کوردستانی دەکرد و سەردانی هەردوو وڵاتی میسر و جەزائیری کرد و بە ئاشکراش سەرۆکی ئەم دوو دەوڵەتە (جمال عبدالناصر و أحمد بن بلا) هاوسۆزی خۆیان بۆ مافی ڕەوای کورد دەربڕی، بەڵام بەعسییەکان چونکە نیازپاك نەبوون جارێکی شەڕێکی دڕندانەی ئەوتۆ کە تەڕ و وشکی کوردستانیان سووتاند بەسەر کوردستانیان دەسەپاند کە لە ئاکامدا سەریان تێداچوو). لەگەڵ قسەکانم و پاش ئەویش بۆ چەند ساتێك هۆڵەکە تەواو بێدەنگ بوو و عبدالرحیم ویستی جارێکی تر قسە بکات، بەڵام هشام الشاوی ڕێگای پێ نەدا و هەر خۆی هاتە قسە و گوتی وەکو دەقەکە دەیگێڕمەوە:

**مامۆستا هشام**: دەستی بۆ من درێژ کرد و گوتی (سؤال، انت أحق بالرد كونك كوردي و السؤال هو، هل تعتبر البعث وطنيون؟)..

**بەندە**: لا أستطيع نكران وطنيتهم بالرغم من أخطائهم الفظيعة وحربهم القذرة على كوردستان.

**هشام الشاوی**: لو لم نكن بالصف لضربتك بالرصاص جراء عدم تخوينهم (تخوين البعث).

لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی سەرەڕای ئەوەی چەند چرکەیەك مابوو دەرسەکەمان تەواو بێت هەڵسایە سەرپێ و جانتا رەشەکەی هەڵگرت و بە تووڕەیی چووە دەرەوە. بە چوونە دەرەوەی مامۆستا هشام ئێمەش هەڵساین، بەڵام راستەوخۆ شەهید فازڵی مەلا مەحمود کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو یەکسەر باوەشی پێدا کردم و چەند جارێك ماچی کردم و گوتی (خیپش گیان بەڕاستی تۆ کوردێکی پاکی، ئافەرین کە داکۆکیت لە ماف کورد کرد و بەڕێزەوەش ناوی مام جەلالت هێنا وەعد بێت بۆ مام جەلالی بگێڕمەوە)، پاش کەمێك قوتابی عبدالرحيم القدوس هاتە لامان و بە پێکەنینەوە گوتی (أخي ليش رديتني بهالشكل خو ماكان قصدي الإساءة الكم)، شەهید فازڵیش دەستی لێ بەرز کردەوە و بە توڕەییەوە پێی گوت (ماكو داعی لهالكلام امش بدربك) سەرەڕای ئەنجامدانی ئۆردوگای قوتابییان کە ماوەی دوو هەفتەی خایاند بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات سەرەڕای ئەو بارگرژییەی کە لە بارودۆخە سیاسییەکەی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عیراق لە ئارادابوو بەهۆی سیاسیەتی بەعەرەبکردنی قەزای سنجار و حەساسیەتی ئەو ناوچەیەی کە ئێمە چ لە کەرکووك و چ لە سنجار و چ لە خانەقین کە هەرسێ ناوچەکە لە نەخشە گڵاوەکەی حکومەتی بەعس دا پەیڕەوی سیاسەتی تەعریب دەکرا کە بێگومان بوونی سەدان قوتابیی کوردی خوێن گەرم بە هەستی کوردایەتی بە چاوێکی گوماناوی تەماشای سەرجەم ئیشوکارەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان دەکرا بۆیە لە یەکێ لە رۆژەکانی ئەم هەڵمەتە دوو لێپرسراوی بەعس کە لە کەرکووکەوە هاتبوون بەناوی میوانی بە مەبەستی زانیاری وەرگرتن لە چەندوچوونی ئەم ئۆردوگایەی قوتابییانی کوردستان کە یەکێکیان عەقیدی پۆلیس بوو بەناوی (قاسم) کە پێشووتر لە نێوەندی ساڵانی شەستەکان لە کۆیە ئەفسەری پۆلیسی قەزای کۆیە بوو و باوکیشمی بەناو دەناسی، بۆیە لە کاتی رۆیشتنیاندا ئامادەیی بە میوانداریمان دەربڕی کاتێ گەڕاینەوە کەرکووك، بەڵام ئێمە هەرگیز بەلایەوە نەچووین.

ئیشوکار و بەرنامەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوە دەچوو رۆژانە بە درێژایی رۆژ و تا درەنگانێکی شەو لە بارەگا دەماینەوە سەرەڕای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی رۆژانە لەگەڵ لقی بەغدا کە قورساییەکی زۆری لەسەر بوو کە تێیدا مەکتەبی سکرتاریەت لە بەرنامەکانیدا هاوبەش بوو، چونکە لقی بەغدا ناوەندی جموجۆڵی یەکێتی قوتابییان بوو بە حوکمی ئەوەی بەغدا پایتەختە و سەنتەری سەرجەم رێکخراوی قوتابییانی عیراقی و عەرەبی و بیانی بوو سەرەڕای پەیوەندیی دووقۆڵی لەگەڵ یەکێتی نیتمانی قوتابییانی عیراق، کە بەپێی برگەی (٥)ی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ رێکخرابوو تا رادەیەکی باش پەیوەندییەکان پاش ئەو ئاڵوگۆڕییەی لە مەکتەبی سکرتاریەت لە روویدا لەسەر هێڵێکی راست و درووست بەڕێوە دەچوو بە تایبەتیش هەردوو کەسایەتی یەکەم و دووەمی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق کە بریتی بوون لە (کریم الملا)ی سەرۆکی رێکخراو و (محمد دبدب) سکرتێری گشتی کە نەیان دەویست.

کێشە درووستبێت کە ئەو کێشانەی بۆ ئێمەش درووست دەبوون بۆ دوو هۆکار دەگەڕانەوە یەکەمیان ستاف مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق فەرمان و رێنمایی لە سەرو خۆیانەوە بۆ دەهات کە رێنمایی و فەرمانی مەکتەبە حزبییەکان بوون کە ئەندامانی سەرکردایەتیی بەعس لێپرسراوێتییان دەکرد بە گوێرەی پلانی سیاسی ئەم حزبە بەڕێوە دەچوو کە لە بنەڕەتدا سیاسەتێکی شۆڤێنییانەی ئەوتۆیان پەیڕەو دەکرد کە بێگومان هۆکاری سەرەکی و راستەوخۆی کێشەکان بوو، دووەمین هۆکاریش دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆمان یانی (مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییان و لیژنەی راپەڕاندنی) کە ئەویش خۆی لە خوێن گەرمی و هەرزەکاریی تەمەن و تەوژمی کوردایەتیی بێ پێچ و پەنا و بەرژەوەندیی شەخسی دەگەڕایەوە..

لەو ماوەیەدا دوو سەفەری دەرەوەم بۆ رێککەوت یەکەمیان لە ١٩٧١/١/٥ بۆ وڵاتی ئەڵمانیای رۆژئاوای ئەوکات، بەتایبەتیش بۆ ناوەندی شاری (فرانکفۆرت) بە مەبەستی ئامادەبوونی کۆنگرەی فراوانی (خوێندکارانی چەپ

و بەرهەڵستكارانی رژێمی شای ئێران) كە ماوەی پێنج رۆژی خایاند كە تێیدا شاندەكەمان پێكهاتبوو لە دوو ئەندامی یەكێتی گشتی قوتابییانی عیراق كە بریتی بوون لە (غازی فیصل+صلاح السمرمد) و بەندەش وەكو نوێنەری یەكێتی قوتابییانی كوردستان، ئەوەی لەم كۆنگرەیەدا بەدیم كرد تەوژمی (چەپ و جیڤارا و ڤییێتنام) بوو زۆر بە توندیش دژایەتیی رژێمی (شا) دەكرا و داوای سەرنگومیان بۆ دەكرد، لە یەكێ لە لیژنەكانی كۆنگرە كە بەشداریم تێدا كرد بە سەرپەرشتیی كەسایەتییەكی سیاسیی ئێرانی بە رەگەز فارس ئەو كۆنگرەیە كە عەرەبیی دەزانی ناوی (حسن مصالی) بوو لە كاتی گفتوگۆیەكانی نێو لیژنەكە لەگەڵ كچە خوێندكارێكی فارس كە خەریكبوو كێشە بۆ بەشداربوونم درووست بكات بە تۆمەتی پەیوەندیی نێوان شۆڕشی كوردستان بە دەوڵەتی ئێران كە لە رۆژی یەكەمەوە بەهۆی خوێندنەوەی برووسكەی پیرۆزبایی بەناوی یەكێتیی قوتابییانی كوردستانەوە هەڵوێستی لێ وەرگرتبووین، بەڵام كاتێك لە رێگای تەرجومەوە بەرپەرچم دایەوە بەوەی كە چەپەكان جگە لە درووشمی بریقەدار و قسەی گەورە شتێكیان بۆ گەلی كورد نەكردووە و تەنانەت یەك دۆلار و یەك فیشەكیان رەوای كورد نەبینیوە كەچی گلەیی لە شۆڕشی كوردستان دەكەن، بۆچی یارمەتی لە ئێران وەردەگرێ لەكاتێكدا جوگرافیای سیاسیی كوردستان هۆكارە بۆ هەر پەیوەندییەك كە لەگەڵ ئێران دێتە ئاراوە سەرەڕای ئەوەی كە وەرگرتنی كۆمەك بۆ شۆڕشی كوردستان نەك لەسەر حسابی هیچ لایەنێكە و نە دژی هیچ لایەنێكی سیاسی بەكاردێت، چونكە كێشەی كورد لەگەڵ دەوڵەتی عیراقە هەربۆیەش تا ئێستا رێككەوتننامەیەك ئیمزا كراوە كە دەڵەتی عیراق دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان راگەیاندووە و كێشە نەماوە.

گەشتی دووەمیشم بۆ بەیروتی پایتەختی وڵاتی لوبنان بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە رێككەوتی ١٩٧١/١٠/١ بە مەبەستی بەشداریكردن و یارمەتی پێكهێنانی رێكخراوێكی قوتابییانی كورد بەناوی (یەكێتی قوتابییانی كورد لە لوبنان) كە تێیدا (حسێن حاجی عەلی ئەحمەد)ی فەیلی هاوكارم بوو، چونكە ئەو ساڵانی

پێشووتر پاش ئەوەی لە حەپسخانەی (قصر النهاية) ئازاد کرابوو (١٩٦٨-١٩٦٩) رووی لە لوبنان کردبوو لە زانکۆی (الجامعة العربية) دەخوێند، مەکتەبی سکرتاریەت وایان بە باش زانی کە ئەویشم لەگەڵدا بێت و لەو ماوەیەدا توانیمان ئەو ئەرکە بەجێ بهێنین و ئەم یەکێتیەی قوتابییانی کورد دابمەزرێنین و (خالد الملا) کە کوردێکی رەسەنی لوبنانی بوو کرا بە سەرۆکی ئەم رێکخراوە (ئەم بابەتەشم لە گۆڤاری گوڵان بە زمانی عەرەبی لە ژمارە (١٥)ی رۆژی ١٩٩٧/٨/٢٥ بڵاوکردۆتەوە، پاشانیش بابەتێکی ئەو کتێبەیە کە بەناوی (ذاكرة الأيام) ساڵی ٢٠١١ بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە).

لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە بە تەواوی گەڵاڵە و رێکوپێك کرابوو لە کۆنگرەی شەشەم لە نێوەندی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠ بەسترا هەر خولێکی نێوان دوو کۆنگرە بە دوو ساڵ دانرابوو لەو سەروبەندەدا خەریکبوو دوو ساڵەکە بەکۆتا دەهات یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە هەموو بارێکەوە قەوارەی خۆی گرتبوو وەکو رێکخراوێکی بەهێز و بە دیسەپڵین خاوەنی لیژنەی راپەڕاندن و مەکتەبی سکرتاریەتێکی بەتوانا و بە کەسایەتییەکی خاوەن ئەزموون کە دەتوانم بڵێم رۆڵی بەرچاو و دیاری لە سەرجەم بوارەکاندا دەبینی، بەتایبەتیش لە بەغدا و کەرکوو و سلێمانی و دهۆك و موسڵ و هەولێر بە تایبەتیش لە بەغدا کە زێدەڕۆیی نییە کە دەڵێم بە چەندین هەنگاو لە پێشەوەی رۆڵی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، زۆر جاریش ئەم رێکخراوە رۆڵی پارتی دەبینی (بۆ نموونە کاتێ کە قۆناغی یەکەمی تەسفیری فەیلییەکان دەستی پێکرد لەو ساڵەدا یەکێتیی قوتابییانی کوردستان-مەکتەبی سکرتاریەت بەیاننامەیەکی زۆر توند و گەرمی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئەم هەنگاوەی حکومەتی بەعس ریسوا و مەحکوم دەکات سەرەڕای ئیدانەکردنی ئەم هەنگاوە چەپەڵە کە تێیدا لە هەموو کۆلیژەکانی زانکۆی بەغدا و موستەنسریە و ئامادەییەکانی بەغدا بڵاوکرایەوە کە بووە مایەی ئەوەی لە هەندێ شوێن روو بە رووبوونەوە لەگەڵ پیاوانی ئەمنی حکومەتی بەعس کە خەریك بوو بارودۆخەکە بەرەو گرژیی زیاتر بچێت

که تێیدا دیسان یەکێتی قوتابییانی کوردستان تاکە ڕێکخراو بوو کە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە ئیدانەی ئەم کارە چەپەڵەی بەعس بکات)، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کارامەیی و لێهاتویی مەمتەبی سکرتارییەت کە خوالێخۆشبوو شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) لە دوورەوە سەرپەرشتی و چاودێری دەکرد، بەڵام دوور و نزیك تێکەڵاوی بەرنامە و کاری چالاکییەکانی نەدەکرد، بەڵام دیسان حزووری خۆی هەبوو، بەتایبەتیش لە بڕیارە گرنگەکانی بۆیە کاتێك (سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ حزبی بەعس و حکومەتی عیراق ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی (ئەنجوومەنی نیشتمانی–المجلس الوطني) کە ڕۆڵی پەرلەمانی دەبینی) و بۆ چوار ساڵی یەکەم بە دانان (تعيين) بێت بە دەستنیشان کردنی(١٠٠) ئەندام کە تێیدا بەشی کورد (٢٥) ئەندام بێت، شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا پێشنیاری ناوی (بەندە)ی کردبوو کە وەکو نوێنەری یەکێتی قوتابییانی کوردستان ببمە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی، چونکە وەکو بۆی گێڕامەوە گوتبووی (ئەگەر ڕێکخراوێك موستەحەقی ئەوە بێت کە نوێنەری لەم (ئەنجوومەنی نیشتمانییە) هەبێت ئەوا یەکێتی قوتابییانی کوردستان و لە یەکێتی قوتابییانی کوردستانیش (فەرهاد عەونی) شایانی ئەو جێگایەیە)، بۆیە کاتێك لە کوردستانەوە گەڕایەوە بەغدا ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەتی کۆکردەوە و لە بارەگای وەزارەتی کاروباری سەروو (وزارة شؤون الشمال) ئەم بڕیارەی پێ ڕاگەیاندین و ڕەزامەندیی مەکتەبی سکرتارییەتی وەرگرت لەو ئەندامانەی کە لە بەغدا بووین، بۆ ڕەزامەندیی هەردوو ئەندامەکەی دیکەی مەکتەبی سکرتارییەت کە بریتی بوون لە (برایان جەرجیس حەسەن و ڕەنج نووری شاوەیس) کاکە عادل لەیلانی کە ئەویش ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەت بوو ڕایسپارد کە هەر ئەم شەوە سەفەری موسڵ بکات و بە نووسین ڕەزامەندیی ئەوانیش لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆئەوەی لە ڕۆژانی پاشتر دا هەر (٢٥) ناوەکە پێشکەشی مەکتەبی (سەدام حسێن) بکرێت کە ئەوکاتە جێگری (أحمد حسن البكر) بوو، عادل لەیلانی هەر

ئەو شەوە بەرەو موسڵ چوو و بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر ڕەزامەندیی برایانیشی هێنا کە بەکۆی دەنگ (بەندە) دستنیشان کرام بۆ ئەو (ئەنجوومەنی نیشتمانی)یە کە لە دواییدا بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسی کە خۆی لە خیلافاتی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان سەرکردایەتیی بەعس و حکوومەتی ناوەندی دبینییەوە ئەم ئەنجوومەنە رووناکی نەدیت.

بە گشتی قۆناغی ئیشکردنم لە ریزی ئەو ڕێکخراوە ڕەسەن و تێکۆشەرە یەکێکە لە قۆناغە دەوڵەمەندەکانی ژیانم کە لەساڵی ١٩٦٤ تاکو ١٩٧٢/٥/٢ کارم تێدا کردووە هەر لە ئەندامێکی سەرەتاییەوە تاکو بەرزترین پلەی لێپرسراوێتی کە ئەویش هەڵبژاردنم بە سکرتێری گشتی لە کۆنگرەی شەشەم بوو، ئاشکراشە پۆستی سکرتێری گشتی لە رووی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارەکان چەند سەخت بوو بەتایبەتیش پاش قۆناغێکی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە لێپرسراوێتییەکە سەد هەندەی جاران قورستر بوو بەتایبەتیش لەو سەردەمەدا بزووتنەوەی قوتابییان و لاوانی جیهان لە ئاستێکی یەگجار بەرزدا بوو بۆ ئێمەش قۆناغێکی هەستیار بوو، چونکە دەمانەویست پێشبڕکێ لەگەڵ ڕۆژگاردا بکەین.

لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٢ لە کۆبوونەوەی ئاسایی مانگانەی لیژنەی ڕاپەڕاندن کە ژمارەمان (٢١) ئەندام بوو کە تەنها برایان ئەنوەر عەبدوللا و قادر حەمەدەمین، عادل لەیلانی و جەرجیس حەسەنیش ئامادە نەبوون بەهۆی سەفەری خوێندنیانەوە لە دەرەوەی عیراق بابەتی کۆنگرەی حەفتەم خاڵە سەرەکییەکەی کۆبوونەوەکە بوو کە تێیدا بە پێشنیاری بەندە پاش خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرتە گشتییەی کە ئامادەکرابوو وەکو کاری سەرەکی سکرتێری گشتی باس لە بەستنی کۆنگرە کرا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەندێ لە ئەندامان حەزیان بە بەستنی کۆنگرە نەدەکرد لەو ساڵەدا بەتایبەتی برایان ڕەنج نوری شاوەیس و جەلال خۆشناو و شەهید سەعدی خەلیل، هۆکارەکەشیان دەگەڕاندەوە بۆ ئەو تەباییەی کە لەناو لیژنەی ڕاپەڕاندن و مەکتەبی سکرتارییەت هەیە وای کردووە کە یەکێتی قوتابییانی کوردستان

پێگەیەکی پێشەنگی هەبێت چ لەسەر ئاستی قوتابییانی کوردستان چ لە ئاستی کاری ڕێکخراوەیی لەنێوان ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان چ وەکو پێگەی بەرچاوی لەسەر ئاستی عیراقدا و ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە هەیەتی لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوە عەرەبی و بیانییەکان، چونکە وەکو ئەو برادەرانە دەیانگوت لەوانەیە لە کۆنگرەی داهاتوو کە بارودۆخەکە گۆڕاوە ئەم کۆمەڵە گونجاوە لەگەڵ یەك هەڵنەبژێردرێنەوە، بەڵام پێداگری بەندە و هەندێ لە ئەندامانی دیکە وایکرد کە بڕیاری کۆنگرە لە نێوانی ڕۆژانی٣٠/٤-١٩٧٢/٥/٢ لە سلێمانی ببەسترێ، بۆیە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کەوا لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە بە سەرۆکایەتیی بەندە و ئەندامێتی خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو، یوسف مەولود قەساب، ڕەنج نوری شاوەیس و بە هاوکاریی لقی سلێمانیی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بڕیاری لێدرا و هەر زوو دەستکرا بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە کوردستان و زانکۆی بەغدا و موسڵ و موستەنسرییە و بەسرە و ناوەندی شاری کوت و بەدرە و مەندەلی و زرباتییە بە چاودێریی ڕاستەوخۆی لیژنەی سەرپەرشتی و هاوکاریی لق و ناوچەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان و چەند جارێکیش سەردانی سلێمانیمان کرد بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ بەستنی کۆنگرە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم هاوکاریی ماددی و مەعنەویی مامۆستا عەلی عەبدوڵڵای ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و پارێزگاری سلێمانی و خوالێخۆشبوو د. کەمال خەیات جێگری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و شەهید عەبدولی سۆران لێپرسراوی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرز بنرخێنم و ڕۆڵی جوامێرانەیان لەبیر نەکەین بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە هاوکار و یارمەتیدەر بوون.

بابەتێك بە پێویستی دەزانم باسی لێوە بکەم چونکە پەیوەندیی بە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستانەوە هەیە کە ئەویش وەکو خۆی بێ زیاد و کەم دەیگێڕمەوە:

لە یەکێ لە سەرلەئێوارەکانی (وابزانم مانگی چواری ئەم ساڵە بوو ١٩٧٢) شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە نووسینگەی خۆی لە وەزارەتی کاروباری سەروو تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی:

**شەهید سامی**: فەرهاد ئەگەر ئیشت نییە وەرە لام بەتەنها بە ئۆتۆمبیلەکەتەوە (ئەوکات ئۆتۆمبیلێکی جۆری ڤۆڵگای رووسی مۆدیل ١٩٧٠مان هەبوو لە یەکێتی قوتابییان کە زۆربەی کات من بەکارم دەهێنا).

**بەندە**: خێرە کاک سامی؟

**شەهید سامی**: جارێ وەرە ئێرە قاوەیەك بخۆ و سەردانێك هەیە حەز دەکەم لەگەڵم بێیت.

وابزانم کاتژمێر ٧ی ئێوارە بوو ئۆتۆمبیلەکەم لەبەر دەرگای وەزارەت راگرت، چونکە پاسەوانەکانی کاک سامی منیان دەناسی، کاتێ لە کاک سامی چوومە ژوورەوە دیتم جگەرەیەکی بەدەمەوەیە و داڵغەیەکی قووڵی لێداوە منیش زۆر بە ئەسپایی ئێوارە باشم لێکرد و ئەویش کاتێ منی بینی زۆر بە گەرمی وەڵامی دامەوە و یەکسەر گوتی:

**شەهید سامی**: فەرهاد پاش تەلەفۆنەکەم لەگەڵ تۆ یەکسەر رووداوێکی خۆم لەگەڵ مامم (ئەمین عەبدو) هاتەوە بیرم کاتێك لە پەنجاکان بۆ خوێندن سەفەری بەریتانیام دەکرد مامم (کە پاشان کاک سامی خاتوو فەوزییەی کچی مامی خواستبوو و (امين عبدو) ببوو بە خەزووری) پێش سەفەرم پێی گوتم: (محمد (ناوی ئەسڵی کاک سامی بوو) بزانە هەر لە ئەوەڵدا دەمزانی تۆ لە براکانت زیرەکتری الحمدلله ئەوا دەچی بۆ لەندەن هیوادارم تا سەر خوێندنەکەت تەواو بکەیت و بە سەربەرزی بگەڕێیتەوە لامان)..

کاتێك کاک سامی قسەکانی تەواو کرد منیش یەکسەر پێم گوت:

**بەندە**: باشە کاک سامی خێرە بۆ ئەم رووداوەت بەبیر هاتەوە؟

**شەهید سامی**: جارێ قاوەکەت بخۆ، پاشان حەز دەکەم پێکەوە سەردانی (د. حکمت توفيق) سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بکەین، چونکە تازە لە سەفەری

ئەمەریکا گەڕاوەتەوە گە بۆ چارەسەری نەخۆشی دڵ چوبوو، خۆم و خۆت بە ئۆتۆمبیلەکەی تۆ دەچین با کەسمان لەگەڵ نەبێت بابەتێك هەیە حەز دەکەم دوو بە دوو قسەی لێ بکەین.. پاش کەمێك لە باڵەخانەی وەزارەت هاتینە خوارێ بە شوفێر و پاسەوانەکەی گوت ئێوە لەدوامانەوە وەرن من لەگەڵ فەرهاد دەچم.

کاتێ لە ڕێگا بەرەو ماڵی د. حکمت دەچووین کاك سامی هاتە قسە و گوتی: (ئامادەکاریتان چۆنە بۆ کۆنگرە حەز دەکەم زۆر ڕێکوپێك بێت، چونکە من وەکو نوێنەری سەرۆك بارزانی ئامادە دەبم وتاری جەنابیشی دەخوێنمەوە بێگومان داوەتی سەرۆك کۆمار (من باب اللياقه) احمد حسن البکر دەکەین، وابزانم ئێوەش داوەتی یەکێتی و ڕێکخراوەکانی قوتابییانی عیراقی و بیانی دەکەن، ئێستاش بە د. حکمت دەڵێم ئەوەی پێویستە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە بۆتان بکات.

**بەندە**: کاك سامی الحمد لله ئیشەکان باش ڕۆیشتووە شەو و ڕۆژ سەرقاڵی ئیشوکاری کۆنگرەکەین، هەڵبژاردنی نوێنەران تەواو بووە، دوو جاریش لەگەڵ برادەرانی لیژنە سەردانی سلێمانیم کردووە مامۆستا عەلی عەبدوللا و د. کەمال خەیات و کاك عەبدولی سۆرانم دیوە، هۆڵی سەرەکیی زانکۆی سلێمانی کە ئەمڕۆ باشترین هۆڵی ئەم جۆرە بۆنانەیە لە سلێمانی وەرمانگرتووە، شوێنی حەوانەوەی ئەندامانی کۆنگرە بەتەواوی تەئمین کراوە و بڕی پارەی مەسروفاتی ڕۆژانی کۆنگرە بە لیست ئامادە کراوە لقی سلێمانی و لیژنەی زانکۆی سلێمانیی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە ئامادەباشیدان، پێش کۆنگرەش بە چەند ڕۆژێك خۆم و ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی دەچینە سلێمانی بۆ ئامادەباشیی کۆتایی.

**کاك سامی**: بارك الله دەزانم ئیشەکانی تۆ کۆنکرێتییە هەر بۆیە مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕەزامەندیی لەسەر (عادل موراد و تۆ) دەربڕیوە بۆ مانەوەتان وەکو سەرۆك و سکرتێری عام لەم خولەشدا، چونکە ئێوە هەردووکتان ئەسبابی سەرکەوتنی یەکێتی قوتابییانی کوردستانن و لە ڕێگای منیشەوە

مەكتەبی سیاسی (انطباعي فوق العادة)ی باشیان هەیە لەسەر هەدووكتان و بالإجماع موافقن لەسەر مانەوەتان لەم جێگایە.

**بەندە**: زۆر سوپاس بۆ ئەم هەڵسەنگاندنەی ئێوە و مەكتەبی سیاسی دەربارەی رۆڵی یەكێتی قوتابییانی كوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش رۆڵی كاك عادل موراد و بەندە، بەڵام كاك سامی مەسەلەیەك هەیە هیوادارم بە تەبیعی وەریگری.

**كاك سامی**: خێره؟!

**بەندە**: كاك سامی بەندە وەكو جەنابت ئاگاداره من هۆكاری بەستنی كۆنگرەی حەوتەمم خۆشم لە راپۆرتی لیژنەی راپەڕاندن لە كۆبوونەوەی مانگی دووی ئەمساڵ خاڵی سەرەكی راپۆرتەكە بوو، مەرامی سەرەكیی من بەستنی كۆنگرەیە لە كات و ساتی خۆیدا، بەڵام من ناتوانم جارێكی دیكە بۆ قۆناغێكی دووساڵەی دیكە بمێنمەوە، چونكە بەڕاستی ماندوو بووم.

**كاك سامی**: بۆ چەند چركەیەك بێدەنگ بوو و پاش كەمێك رووی تێكردم و گوتی: فەرهاد عەفوم بكە جارێكی دیكەش ئەم قسەم پێگوتووی "خۆت بێ عەقڵ مەكە ئەمە بڕیاری مەكتەبی سیاسیی و بارەگایە (مەبەستی بارەگای بارزانی بوو)" بە هیچ نەوعێك قبوڵ ناكرێ خۆت لەو مەسئولییەتە سەحب بكەیت، دەزانم ماندووی و موعاناتت هەیە، بەڵام مەسڵەحەت وایە تۆ و عادل بمێنین...

**بەندە**: كاك سامی هیوادارم بە هەڵە لە من نەگەی من ناتوانم لەم شوێنە بمێنمەوە، ئەگەر دەتەوێ ئەمەش هۆكارە سەرەكییەكەیەتی (.............................).

**كاك سامی**: فەرهاد ئەمە بڕیاری مەكتەبی سیاسییە با جارێ ئەم مەسەلەیە تەئجیل بكەین بۆ كاتێكی دیكە.

لەو ماوەیەدا زۆر بە جدی سەرقاڵی خۆئامادەكردن بووین بە مەبەستی سەركەوتنی كۆنگرە بە هەموو شێوەیەك كارم لە پێناوی جێ بە جێ كردنی ئەركەكەمان دەكرد، بۆئەوەی كۆنگرەیەكی سەركەوتوو ئەنجام بدەین و منیش

سەركەوتووانە كاروانی یەكێتی قوتابییانی كوردستان بەجێبێڵم، چونكە لەو كاتەوە هاتبوومە ئەو قەناعەتە كە دەبێت مرۆڤ كاتێك لە بوارێكی رێكخراوەیی كار دەكات پێویستە بیر لە خەڵكانی دیكە بكاتەوە و ئەم شوێنە بۆخۆی قۆرخ نەكات، چونكە ئەگەر كار گەیشتە ئەوەی دەوروپشت بیر لە لابردنت یاخود دووركەوتنەوە بكەن بە رای من ئەم مرۆڤە سەركەوتوو نابێت، من دەمزانی وەكو كاك سامی گوتی لەم قۆناغەدا یەكێتی قوتابییانی كوردستان پێویستیی بە كاك عادل موراد و بەندە هەیە و بەرژەوەندی وا دەخوازێ، سەرەڕای بڕیاری مەكتەبی سیاسی، بەڵام من وەكو برادەرانی مەكتەبی سكرتاریەت دەزانن نەچوومە ژێر بار و بڕیاری كۆتایی خۆم دابوو، بەڵام هەمیشە لە كاركردندا بووم چ لە رووی نووسینی راپۆرتی گشتی و چ لە بەردەوام بوون لە سەردانی لقەكان و بەتایبەتیش هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ لقی سلێمانی و ناوچەی سلێمانی و لیژنەی زانكۆی سلێمانی و یەكێتی قوتابییان كە بەڕاستی ئەندامی زیرەك و چوست و چالاك بوون، كە بریتی بوون لە (هیوا جەلال حەمدی، كەمال حەسەن چاومار، دلێر رەشید، سەلام محەمەد، خۆشناو... ، سەلاح رەشید، مازن عوسمان فائق، ئازاد مستەفا، دارا جاف، ئازاد مستەفا، شێخ مەنسور حەفید، ...، ...، ...).

سەرجەم كارەكان لە كات و ساتی خۆیدا ئامادەبوون، هەمیشە لەگەڵ كاك سامی لەسەر خەت بووم و حەفتەیەك پێشووتر پێی راگەیاندم كە ئەو دوو رۆژ پێش كۆنگرە دێتە سلێمانی و یەكتر دەبینین.

ئەندامانی كۆنگرە لەسەرجەم لقەكانی یەكێتی لە كوردستان و شوێنەكانی دیكەی وەكو زانكۆی بەغدا، موستەنسرییە، زانكۆی موسڵ، زانكۆی بەسرە، رێكخراوەكانی ناوچەی خانەقین، كوت، بەدرە، زرباتییە، مەندەلی.. رۆژێك پێشووتر هەندێكیان دوو رۆژ پێشووتر بەرەو سلێمانی هاتن و لە شوێنی حەوانەوەی تایبەتی جێگیر بوون، كاك سامی رۆژی ١٩٧٢/٥/١ لەگەڵ (تایە عبدالكریم) كە ئەوكاتە ئەندامانی سەركردایەتی حزبی بەعس و ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی حكومەتی عیراق و گەیشتنە سلێمانی و لە ماڵی كاك

عەلی عەبدوللا کە ئەوکاتە پارێزگاری سلێمانی بوو پێشوازییان لێکرا و بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك لەگەڵ کاك سامی بەتەنیا دانیشتم بە مەبەستی بڕیاری کۆتایی لەسەر بەرنامەی ڕۆژی یەکەم کە تێیدا وتاری سەرۆك کۆمار (ئەحمەد حەسەن بەکر) لە لایەن تایە عبدالکریم دەخوێندرێتەوە و وتاری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (مستەفا بارزانی) لە لایەن کاك سامی دەخوێندرایەوە، سەرەڕای وتاری یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە لایەن کاك عادل موراد سەرۆکی یەکێتی وتاری ڕێکخراوەکانی قوتابییانی عەرەب لە لایەن (عصام فەلەستینی) کە سەر بە (الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين–جەماعەتی جۆرج حەبەش و چەند وتارێکی دیکەی ڕێکخراوەکانی قوتابییانی بیانی تاووتوێکرا، جارێکی دیکە کاك سامی جەختی لەسەر مانەوەی عادل موراد و بەندە کردەوە و بە ڕستەیەکی عەرەبی گوتی (المصلحة العامة تقتضي بقائكم)، بەڵام دیسان گوتم (کاك سامی ڕەجا دەکەم بڕیارەکەم کۆتاییە و تەواو)، بەڵام ئەو هەر کۆڵی نەدا و گوتی (ئیمشەو ئێمە (مەبەستی هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتارییەت بوو) لای کاك عەلی عەبدوللا داوەتین و قسەی لێ دەکەین)، برادەرانی مەکتەبی سکرتاریەت لە یادیان ماوە کە بەندە شەوەکەی نەچوومە داوەتەکە بۆ ئەوەی تووشی ئیحراجی نەبم، بەڵام ئەو کاتە بە خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناوم گوت ئەگەر شەو باسی لەو مەسەلەیە کرا ئەو (یانی جەلال خۆشناو) بە کاك سامی بڵێ (فەرهاد دەڵێ ئەگەر کاك سامی لەناو هۆڵی کۆنگرە بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی دەربارەی مانەوەم بخوێنێتەوە ئەو کاتەش دیسان ڕەتی دەکەمەوە).

کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی١٩٧٢/٤/٣٠ لە هۆڵی سەرەکیی زانکۆی سلێمانی ڕێوڕەسمی کۆنگرە دەستی پێکرد و بەپێی بەرنامەی داڕێژراو وتاری سەرکۆمار و وتاری بارزانی و وتارەکانی دیکە خوێندرایەوە کە لە ڕاستیدا ڕێوڕەسمی کۆنگرە زۆر بە هەیبەت دەهاتە بەرچاو کە تێیدا ڕێکوپێکی هۆڵەکە و ڕێکخستنی وردەکارییەکانی هۆڵەکە لە مایکرۆفۆن و درووشمی سەرەکیی کۆنگرە و درووشمی بەخێرهێنانی میوانان بە کوردی و بە عەرەبی و

ڕێکوپێکیی دانیشتنی ئەندامان، سەرنجڕاکێش دابوو، ئەوجا پاش خوێندنەوەی وتارەکان و ڕۆیشتنی لیژنەی سەرپەرشتی پێکهێنرا ئەوجا بەندەش راپۆرتی گشتیی یەکێتی قوتابییانی نێوان دوو کۆنگرەم خوێندەوە کە تێیدا بە دوورودرێژی باس لە چالاکییەکان و بەرنامەی کار لەسەر رۆشنایی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی قوتابییان سەرەڕای ئەو لەمپەر و ئاستەنگانەی کە هاتبوونە پێش خوێندرایەوە، پاشان لیژنەکان درووستکران و هەر زوو ئەو رۆژە دەستیان بە کارەکانی خۆیان کرد، رۆژی دووەم و دانیشتنی یەکەمی رۆژی سێیەم بۆ گفتوگۆی کراوە لەسەر کاری لیژنەکان تەرخانکرابوو لە دانیشتنی دووەمی رۆژی سێیەم ڕێککەوتی ١٩٧٢/٤/٢ پرۆسەی هەڵبژاردنی لیژنەی راپەڕاندنی تازەی یەکێتی قوتابییانی کوردستان ئەنجامدرا کە تێیدا بەڕێزان (عادل موراد، جلال سلیم خۆشناو، رەنج نوری شاوەیس، عوسمان ساڵح خۆشناو، یوسف مولود قصاب، أکرم أحمد منتك، جبار صابر أحمد، حسین سنجاری، ئازا محمد خفاف، حسین حاجی أحمد فەیلی، رشید زیدان، ئاغا مراد محمد، جمال محمد نوری، زاهیر رۆژبەیانی، محمد عزیز، دلێر رشید، جلال کریم، عبدالله قرنی، محمد لطیف، محمد طیب، محمد سلیمان) دەرچوون.

پاش بەکۆتا هاتنی کۆنگرە بەندە و برایان عادل موراد و رەنج نوری شاوەیس و خوشکان یاسەمین بەرزنجی و رووناك عیزەت پێکەوە لە ڕێگای دەربەندیخانەوە گەڕاینەوە بەغدا، ماوەی هەفتەیەك رۆژانە دەچوومە بارەگای مەکتەبی سکرتارییەت بە مەبەستی دەوروتەسلیم و ئەو کارانەی کە پێویستیان بە مانەوەی من هەبوو، دوا رۆژی مانەوەشم برایانی مەکتەبی سکرتارییەتی تازە و هەندێ لە برادەرانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی نیشتمانی قوتابییانی عیراق وەکو (محمد دبدب) کە سکرتێری گشتی بوو لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکەیان سەیرانێکی ماڵئاواییان بۆ من ڕێکخست لە باغەکانی (سدة الهندیة) کە تێیدا ئەو رۆژەمان بە گیانێکی هەڤاڵانە و دۆستانە بەڕێکرد، رۆژی دواییش بە بێدەنگی گەڕامەوە شارە خۆشەویستەکەی (کۆیە).

ماوەی چەند رۆژێك لە کۆیە مامەوە و ئێواران لەگەڵ باوکم لەناو چیمەنی ماڵەوەمان دەکەوتینە قسە و باسی ئەو سەردەمە، بەڵام کاتێ بەتەنیا دەبووم بیرم لە رۆژانی رابردوو دەکردەوە کە چۆن لە ماوەی ئەو (٩) ساڵەدا (١٩٦٣-١٩٧٢) لە ریزی یەکێتی قوتابییان و پارتی دیموکراتی کوردستان کارەکانم ئەنجامداوە بێ سڵمینەوە لە هەندێ قۆناغ رادەوەستام کە تێیدا مەترسی هاتۆتە رێم، بەڵام دیسان لای من تەوژمی کوردایەتی زۆر بەهێزتر بوو زۆری پێنەچوو ئێوارەیەك خوالێخۆشبوو (دکتۆر رەئوف کوێخا عەزیزی تەقتەقی) کە برادەر و دۆست و هاورێی قوتابخانەم بوو لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە تەقتەقەوە لە رێگای تەلەفۆنی ماڵەوەمان ئاگاداری کردم کە ئەو (یانی دکتۆ رەئوف) ئەو رۆژە لە بەغدا گەڕاوەتەوە و کاك عادل موراد رایسپاردووە کەوا بەندە بە زووترین کات بگەڕێمەوە بەغدا و کۆتایی بە مۆڵەتەکەم بهێنم لەسەر راسپاردەی کاك سامی عبدالرحمن چونکە کارەکە بەپەلەیە).

سەرەتای رۆژانی مانگی ئایاری ١٩٧٢ بوو تازە حکومەتی عیراقی (نەوتی خۆماڵی کردبوو) لەژێر درووشمی (نەوتی عەرەب بۆ عەرەب) (نەوتی خۆمان بۆ خۆمان) گەلانی عیراقیان پێ سەرقاڵ کردبوو لەو رۆژانەدا لەسەر راسپاردەکەی کاك سامی گەڕامەوە بەغدا و یەکسەر چوومە ئەو ماڵەی کە (جەلال خۆشناو و بەندە لە ساڵی ١٩٧٠ پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازار بەکرێمان گرتبوو کە بریتی بوو لە قاتی سەرەوەی خانووەکە کە قاتی خوارەوەش ماڵی یاریزانی بەناووبانگی تۆپی پێی هەڵبژاردەی عیراق (گلبرت سامی) بوو) کە خێزانێکی ئاشووری بە رەگەز تورکیایی بوون، بەڵام لە زەمانی باپیرییەوە هاتبوونە عیراق و باوکی (سامی) سەربازی لە لەشکری (لیڤی) کردبوو، ئەو ماڵە من و جەلالیان وەکو (کوڕ)ی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین زۆر جاریش شەوان وەکو یەك خێزان مێزمان دەڕازاندەوە، مام (سامی)یش بە قسە خۆشەکانی کە بە شڕە عەرەبییەك قسەی دەکرد شەومان دەربردە سەر، کاتێ ئەو رۆژە گەڕامەوە یەکسەر چوومە هەمان ماڵ، چونکە من و جەلال بە بەردەوامی کرێمان دەدا و لەوێ دەماینەوە، کاتێ کە گەیشتمەوە ماڵەوە (مام سامی) بە پیرمەوە هات و

ماچی کردم و گوتی (جلال انطاني خبر انت ترجع، الحمدلله رجعت) یانی جەلال هەواڵی گەڕانەوەی تۆی پێداوم، سوپاس بۆ خودا هاتیتەوە).

ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەردانی کاك سامی عەبدولڕەحمانم کرد لە نووسینگەکەی خۆی لە وەزارەتی کاروباری سەروو، کاتێ کە چوومە ژوورەوە یەکسەر لەبەرم هەڵسا و گوتی (شنو هالغیبة) یانی ئەو ون بوونەت چییە، بەخێر بێیتەوە، پاش هەواڵ پرسین یەکسەر هاتە ناو بابەتەکە و گوتی (کاکە فەرهاد ئاگاداری کە عیراق نەوتی خۆی خۆماڵی کرد و بەرنامەی (تقشف)ی ڕاگەیاند، دامەزراندن لە دەوائیری دەوڵەت ڕاگیراوە بە پێویستیشی دەزانین تۆ لە بەغدا دوور نەکەویتەوە ئیشمان پێتە، بەیانی یەکسەر سەردانی سکرتارییەتی ئاوەدانکردنەوەی سەروو (سکرتارية هيئة إعمار شؤون الشمال) بکە کە کاك خەسرەو تۆفیق بەڕێوەبەری گشتیی ئەو هەیئەتەیە ئەم هەیئەتەش لای ئێمە زۆر گرنگە چەند مانگێك لەوێ دابمەزرێ پاشان خوا کەریمە، کاتێ کاك سامی لە قسەکانی تەواوبوو ئەوجا منیش هاتمە قسە و گوتم (سوپاستان دەکەم بەو خێراییە بەدوات ناردم وامزانی ئیشێکی گەورەت بۆ دۆزیومەتەوە خۆ ئەم ئیشە لە کۆیەش هەبوو سەرەڕای ئەوەی لەماڵی خۆم دەبم لە کۆیە، لام سەیرە پاداشتی ئەوەندە ساڵە (ئەگەرچی پێویستیم بە پاداشت نییە ئەوە واجبی خۆم بووە بەرامبەر پارتی و میللەتی کورد) ئەوە بێت کە لە فەرمانگەیەك بە (معاون ملاحظ ئەجیر) (ڕۆژانە) دابمەزرێم، ناتوانم ئەم کارە بکەم، چونکە ئەگەر چاوم لە پلە و پایە بووایە خۆ جەنابت ئاشکرایە لات کە چەند هەوڵتدا لە پلەی سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بمێنمەوە، بەڵام نەمامەوە، بۆیە ئێستاش ئەم (وەزیفە گەورەیە)م قبوڵ نییە، کاك سامی کەمێ بێدەنگ بوو و پاشان لێی پرسیم (جگەرەت پێیە. جگەرەکە چ جۆرە؟) منیش یەکسەر پاکەتە ڕۆسمانەکەم دەرهێنا و جگەرەیەکم پێشکەش بە کاك سامی کرد و یەکێکیشم بۆخۆم داگیرساند، پاش چەند چرکەیەك کاك سامی هاتەوە قسە و گوتی (فەرهاد حەز دەکەم بزانی لەو ڕۆژەی کە تۆ لەگەڵ عبدالموجود و جەلال خۆشناو هاتنە لامان لە کۆشکی سپی (القصر الأبيض)

به چەند مانگێك پێش رێككەوتنی ١١ی ئازار تۆم چۆتە دڵ و باشیشت دەناسم هەندێ جار خاوەن رای راست و درووستی خۆتی، بەڵام هەندێ جار عینادی.. ئێمە ئیشی گەورەمان بەتۆیە، بەڵام جارێ سەبر بگرە مەبەستیشمە بۆ ماوەی چەند مانگێك لەم شوێنە و لای كاك خەسرەو تۆفیق بیت، **یەكەم** چونكە شوێنەكە گرنگە لای ئێمە چونكە پەیوەندیی راستەوخۆی بە (ئاوەدانكردنەوەی كوردستان)ـەوە هەیە **دووەم** حەز دەكەم لای كاك خەسرەو بیت بۆئەوەی فێری ئیشی ئیداری و حیسابی بیت چونكە كاك خەسرەو یەكێكە لە باشترین و جدیترین و پاكترین بەڕێوەبەر و حیسابی یەك دەقیقە و یەك دینار دەكات، تۆ برای عەزیزی منی، بەڵام من وەكو لێپرسراوی تۆ ئەمرت پێ دەكەم، بێ ئەوەی گوێ لە من رابگرێ تەلەفۆنەكەی هەڵگرت و گوتی فازڵ.. (مەبەستی فازڵ سنجاریی سكرتێری تەیبەتی بوو) كاك خەسرەو تۆفیقم بۆ حاسڵ بكە (یانی بۆم پەیدا بكە) پاش چەند چركەیەك زەنگی تەلەفۆنەكە لێیدا و كاك سامی یەكسەر هەڵیگرت و پاش چاكوچۆنی بە كاك خەسرەوی گوت (كاك خەسرەو ئەوا كاك فەرهاد عەونیم لایە، بەیانی لاتانە هەر سبەینێ ئەمرەكەی دەربێنە بینێرە بۆ من لە جێگایەكی باشی دابنێ كە زوو فێری ئیش بێت) كە لە ژوورەكەی كاك سامی هاتمە دەرەوە نەختێ لای كاك تەیمور ساحبقڕان بەڕێوەبەری نووسینگەی كاك سامی دانیشتم لەوێشەوە تەلەفۆنی برای ئازیز جەلال خۆشناوم كرد و رێككەوتین كە هەردووكمان پاش نیو كاتژمێرێك لە هۆڵی رێستورانتی ئوتێل (ئاشور) یەك بگرینەوە لە شەقامی (سعدون) لای كاكە (حنا)ی مانگیش كە هەمیشە لەسەر ئەو مێزە دادەنیشتین كە ئەو لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان بۆ دەستنیشان دەكردین.

سەرلە بەیانیی رۆژی دوایی بەرەو سكرتارییەتی هەیئەتی كاروباری ژوورو (سكرتارية هيئة إعمار الشمال) كە ئەویش راستەوخۆ بەتەك باڵەخانەكەی وەزارەتی كاروباری ژوورەوە بوو لەبەردەرگای باڵەخانەی خوارەوە تووشی برای خۆشەویستم خوالێخۆشبوو كاكە (دارای شێخ نووری) بووم كە ئەویش فەرمانبەر بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئینحیساری توتن كە قاتی چوارەم و

پێنجەمی لە هەمان باڵەخانەی سکرتاریەت ئیشغال کردبوو کاتێ بە حیکایەتەکەی منی زانی سەری بادا و گوتی (ئافەرین پارتی شوێنی شیاو بۆ پیاوی شیاو دەدۆزێتەوە، بەشەرەفم موجامەلەت ناکەم دەبووایە ئەم حزبە لە بەڕێوەبەری گشتی کەمترت پێ رەوا نەبینێ ئاخیری خێر بێت) ئەوجا پێکەوە من بۆ قاتی دووەم و ئەویش بۆ قاتی پێنجەم بە (مصعد)ەکە سەرکەوتین.

کاتێ لە قاتی دووەم دابەزیم رووم بە رووی کچێکی باڵابەرزی ناسك بووەوە و سڵاوم لێکرد و ئەویش یەکسەر گوتی (أنت الأخ فرهاد–تۆ کاك فەرهادی) فەرموو کاك خەسرەو چاوەڕوانت دەکات.

لەگەڵ کاك خەسرەو پێشووتریش یەکترمان دەناسی، من زۆر لە دەمێکەوە گوێبیستی ئەم ناوە ببووم کە لە ساڵانی پەنجاکانەوە لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان تا پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی گەیشتووە و پاشانیش بەهۆی ناکۆکیی نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی لەسەر رێبازی چەپ و راستی پارتی لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانی وەکو خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا سالح روشدی بە فەرمانی بارزانی لەژێر رۆشنایی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دوورخراونەتەوە، لەو کاتەوە کاکە خەسرەو تێکۆشەرێکی چەپی رێبازی کوردایەتی بە سەربەخۆ (مستقل) مایەوە و بۆ یەك ساتیش سازش لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی نەکردووە تاکو ماڵئاوایی لە ژیان کرد لە ٢٠٠٤/٨/١١ (شایانی باسە بە پێنج ئەڵقە لەژێر ناوی (خسرو توفیق.. رجل المبادئ والقیم الوطنیة کما لم یعرفه الآخرون) لە ژمارەکانی (٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٥ی گۆڤاری (الصوت الاخر) بابەتێکم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە پاشانیش بوو بە یەکێ لە بابەتەکانی کتێبی (ذاکرة الأیام) کە بە زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠١١ بڵاومکردەوە.

ماوەی چەند مانگێك لە سکرتاریەت مامەوە و لە بەشی (پلان) بە یاریدەدەری چاودێری ئەو کارەم دەکرد لە ژوورێکدا لەگەڵ فەرمانبەرێکی عەرەبی چەپ کە پێشووتر لە سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی شیوعی عیراق کاری

کردووە کە ناوی (محمد سعید) بوو، بەڵام کاتێ کودەتای ٨ی شوباتی خوێناوی ساڵی ١٩٦٣ روویدا ئەویش وەکو هەزاران مرۆڤی دیموکراتخواز و چەپ تووشی زیندان و چەرمەسەری لێدان و کوتان بووە، بۆیە ئەم مرۆڤە تووشی نەخۆشیی دەروونی (نفسی) هاتبوو، بەڵام کاتێ یەکترمان بە باشی ناسی بووینە برادەر و رۆژانە بە ئیش و قسەی خۆش رۆژمان بەڕێ دەکرد، لێپرسراوی بەشەکەمان خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن أمین عبدو) بوو کە هەم ئامۆزای کاك سامی و هەم کاك سامی مێردی (فەوزیە خان)ی خوالێخۆشبوو ئەمین عەبدوو بوو، بەڕاستی ئەویش پیاوێکی نەرم و لەسەرخۆ و ئیشکەر بوو، سەرەڕای چەند فەرمانبەرێکی دیکە کە هەرهەموویان بە دیسەپلینی کاك خەسرەو تۆفیق کاریان دەکرد کە بریتی بوو لە (دەوامی تەواو، دیقەت لە ئیش لە شتی بچوکەوە تا گەورە، بێدەنگی، بەکۆتا هێنانی ئیشی رۆژانە ئەگەر دەوامی زیادەشی لەگەڵبایە سەرەڕای هەوڵدانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان فەرمانبەرەکانی سکرتارییەت) کە بەڕاستی لە ژیانمدا سوودێکی ئێگجار گەورەم لە ئیشوکار و رێڕەو و رەوشتی بەرزی ئەم کەڵە پیاوە بەئەزموونە وەرگرت.

ماوەی چەند مانگێك لەم شوێنە مامەوە، رۆژێکی هاوینیی ئەم ساڵە وابزانم لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٢ بوو کاك خەسرەو بەدوایدا ناردم بە خیلافی عادەتی رۆژانەی بەدەم پێکەنینەوە فەرمووی لێکردم، بەڕاستی منیش سەرم سوڕما، چونکە لەکاتی دەوام و ئیش ئەمە خەسڵەتی کاك خەسرەو نەبوو، هەمیشە جدی بوو و پێکەنینی بە روویدا نەدەهات (زۆر کات لە بۆنە و پێکگەیشتنەکاندا ئەوەی بۆ دووبارە دەکردمەوە کە مامەڵەکردن لەگەڵ ستاف هەتا ئەگەر براشت بێت جۆرێکە و پەیوەندیی دۆستانەش لە دەرەوەی ئیش جۆرێکی دیکەیە)، بۆیە دەڵێم سەرم سوڕما، چونکە ئەو مامەڵەی کاك خەسرەو نەبوو لە دائیرە.. یەکسەر بانگی قاوەیەکیشی بۆ کردم، پاش گفتوگۆیەکی دۆستانە روویتێکردم و گوتی:

**خەسرەو تۆفیق**: ئەمە کاغەزی سپی و تکایە لەسەر فەرمانی کاك سامی بە رەسمی دەستلەکارکێشانەوەت بنووسە، تاکو هەر ئەمڕۆ فەرمانی کارگێڕی پێ دەربچێت.

**بەندە**: بە سەرسوڕمانەوە.. خێرە کاك خەسرەو مەسەلە چییە؟!

**خەسرەو تۆفیق**: کاکە تۆ پارتیت و نەك هەر پارتییەکی بە قسە، تۆ ئەندامێکی لەپێش و مولتەزمی، وابزانم وەکو کاك سامی پێی گوتم ئیشێکی حزبییان بۆ داناوی، نەختێ چاوەڕوان بکە با فەرمانەکەت چاپ بکرێت هەر ئێستا لەگەڵ خۆت بۆ کاك سامی ببە، چونکە لە چاوەڕانیتدایە (لێرەدا بانگی خاتو أطوار عبدالمجید حسن ی کرد کە لێپرسراوی بەشی خۆیەتی (الذاتیة) بوو و فەرمانی پێکرد هەر ئێستا فەرمانی دەستلەکارکێشانەوەکەم تەواو بکات (أطوار)یش بە دەنگێکی لەسەرخۆ گوتی (حرامات کاکە فرهاد یعوفنا) یانی بەداخەوە کاکە فەرهاد جێمان دێڵێ.

**بەندە**: کاك خەسرەو لام سەیرە ئەم مەسەلەیە لای من موفاجەئەیە، ئاگاداری هیچ نیم، باشە کاك سامی نەدەبایە ئەم بابەتە لەگەڵ منی باس بکردایە، بەڕاستی من لێرە و لەم سکرتارییەتە و لەگەڵ تۆ ئاسودەم (مورتاح).

**خەسرەو تۆفیق**: بەهەرحاڵ کاکە وەکو گوتم حزبایەتی وایە نەتزانیوە لەناو حزبایەتی دەڵێن (نفذ ثم ناقش) ئێستا ئێمە فەرمانەکە جێ بە جێ دەکەین پاشانیش تۆ برۆ لەگەڵ کاك سامی ئەم موناقەشەیە بکە.

پاش دوعاخوازی لە کاك خەسرەو تێکڕای فەرمانبەرانی سکرتارییەت بە خۆم و دەستلەکارکێشانەوەکەم چوومە لای کاك سامی، پاش سڵاو فەرمانەکەم دایە دەستی و کاتێ لە خوێندنەوەی بووەوە بە پێکەنینەوە هاتە قسە و گوتی:

**سامی عبدالرحمن**: لە سەرەتادا پێم گوتی ئەم کارەت لە (سکرتارییەتی هەیئەتی کاروباری ژوورو) کاتییە، لە کاك خەسرەوم زانیوە ئیشی ئیداری و حیسابی باش فێربووی، بۆ سیاسەتیش پێویست ناکات چ بڵێم تۆ کوڕی

سیاسەتی ئەوەی لە نزیکەوە ئاگادارم چ لە قۆناغی کارکردنت لە یەکێتی قوتابییانی کوردستان و چ لە سکرتارییەتی هەیئەتی کاروباری ژوورو کادیرێکی هەڵکەوتووی و بیٚ کێشەی، بۆیە ماوەیەکە برادەران لە سەرەوە (مەبەستی مەکتەبی سیاسی بوو) لە ئیدارەی رۆژنامەی (التآخي) رازی نین، أسرار دەچێتە دەرەوە، (التآخي) بە نسبەت ئێمە تەنها هەر رۆژنامە نییە، ئێمە زۆربەی کارەکانمان (کاری مەکتەبی سیاسی) لە باڵەخانەی (التآخي)یە من کەسی شیاوم بۆ ئەم شوێنە لە تۆ باشترم دەست ناکەوێت، ماوەیەکە بیر لەو شوێنە دەکەینەوە ئەم مەسەلەیەشم لەگەڵ (بارەگای بارزانی) باس کردووە و برادەرێکی (م.س) ناوی عارف تەیفوریشی هێنا بۆ ئەم شوێنە، بەڵام من و بارەگا و برادەرانی دیکەش لەگەڵ ئەوە بووین کە تۆ زیاتر شیاوی ئەم جێگایەی، بەڕاستی کاك (دارا تۆفیق)یش زۆری پێخۆشە کە تۆ دەچیت، هەر ئێستا پێش هاتنت تەلەفۆنی بۆ کردم کە کەی تۆ دەچیت، منیش بە دارام گوتووە هەر ئەمڕۆ دێتە لات، کاکە فەرهاد لەم مەسەلەیە موناقەشە نییە و بڕیارەکە کۆتاییە، مووچە و وردەکارییەکانی دیکە بە دڵی تۆ دەبێت، هەر ئێستا بە ئۆتۆمبێلێکی وەزارەت یەکسەر بڕۆ لای دارا و چاوەڕوانت دەکات و (اتمنى لك التوفيق يا صديقي العزيز).

کاك سامی هیچ قسەی پیٚ نەهێشتم و پاش تەوقەیەکی گەرم کاك سامیم بەجێهێشت و ئۆتۆمبیلەکەی وەزارەتیش منی گەیاندە یەکیٚ لە شەقامە تەسکەکانی گەڕەکی (بتاوین) نەختیٚ خوار گۆڕەپانی نەسڕ (ساحة النصر) لەبەردەم یەکیٚ لە خانووە کۆنەکانی ئەو گەڕەکە و کاتیٚ چوومە ژوورەوە (خوالێخۆشبوو محمد ساڵح)ی لێپرسراوی پرسگەکە کە پێشووتریش دەمناسی لەبەرم هەڵسا و پاش بەخێرهاتن زۆر بە گەرمییەوە گوتی (کاك فەرهاد چەند رۆژێکە چاوەڕوانی جەنابتان دەکەین ئێرە جێگەی تۆیە، تکایە لە (س) رزگارمان بکە و پاشان إن شاء الله قسەت بۆ دەکەم، فەرموو کاکە دارا چاوەڕوانت دەکا).



1



٢




٣



٤



٥




٦



٧



٨


ناوپردان،
کۆنگرەی
شەشەمی
یەکێتیی
قوتابیانی
کوردستان
١٩٧٠/٧/١٥
...ل ٥٠

٩


نضال الطلبة
العدد «١» أيار ١٩٧١
مجلة فكرية طلابية عامة تصدرها اللجنة الثقافية المركزية لاتحاد طلبة كردستان العراق
العلم
السلم
الأخوة
اتحاد طلبة كردستان - العراق
KSU
السعر (٥٠) فلس

١٠



١١



١٢



١٣



١٤

من
منشورات
اتحاد
طلبة
كردستان
العراق

# معسكرات الطلبة



# في الريف الكردستاني



١٦



١٧



١٨



١٩



٢٠



٢١



22

# سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەکان

١- پارێزگای حلە-سەیرانگای بابل-بەهاری ساڵی ١٩٦٧، قوتابییانی کوردی کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان، لە راستەوە: نووسەر، عادل لەیلانی، (      )، فازڵ سنجاری، رووپاك ئیبراهیم، ساکار...

٢- بەغدا-کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان ساڵی ١٩٦٩، لە راستەوە: یعقوب ابراهیم، نووسەر، هاوار عبدالکریم.

٣- هەولێر ٢٠١٤/٩/١٥، بەیەك گەیشتنی سێ هاوڕێ و برادەرانی رۆژانی زانکۆ و یەکێتیی قوتابییانی کوردستان پاش (٤٥) ساڵ، لە راستەوە: عبدالموجود تەها، نووسەر، عادل لەیلانی.

٤- بەغدا بەهاری ساڵی ١٩٦٩، لە راستەوە: یعقوب ئیبراهیم، محمود زامدار، نووسەر.

٥- بەغدا نیسانی ساڵی ١٩٧٠، هۆڵی کۆلیژی یاسا و سیاسەت، کۆڕێك دەربارەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، لە راستەوە: (نەناسراو)، کەریم سنجاری، نووسەر، قادر کریم، (نەناسراو)، یعقوب ئیبراهیم.

٦- بەغدا-کۆشکی کۆماری شەوی ١١لەسەر ١٩٧٠/٣/١٢، بەشێك لە ئەندامانی بەشداربووی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە ئاهەنگی سەرۆکایەتیی کۆماری عیراق بەبۆنەی رێککەوتنی ١١ی ئازارەوە، لە راستەوە: (نەناسراو)، گەزەنگ خانەقا، پەروین عبدالله سعید، رمزیە لەیلانی.

٧- بەغدا-هۆڵی (الخلد) ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠، لە راستەوە: سیروان عبدالله سعید، نووسەر، بەشێك لە ئامادەبووان.

٨- ناوپردان-خێوەتگای کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان ناوەڕاستی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠، لە ڕاستەوە: ئازاد بەرواری، أحمد باجەلان، تاڵب کاکەیی، ڕەنج نوری شاوەیس، جەلال خۆشناو، نووسەر، عبدالموجود تەها.

٩- ناوپردان ١٩٧٠/٧/١٥، بەشێك لە ئەندامانی لقی سلێمانیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە کۆنگرەی شەشەم، لە ڕاستەوە: ئازادی کاك مستەفا، محمد حسن، شێخ مەنسوری حەفید، کوردۆ عەلی، سەرکەوت تۆفیق، کەمال حسن چاومار. (لە گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٢٠ وەرگیراوە).

١٠- ژمارەی یەکەم-خولی دووەم-گۆڤاری (نضال الطلبة)، کە لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە دەرچووە لە ئایاری ساڵی ١٩٧١ کە تاکو ژمارە (٤) نووسەر لێی بەرپرسیار بووە.

١١- بەغدا هۆڵی ئوتێلی (امباسادور) سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١، ئاهەنگی ڕێزلێنانی قوتابییە یەکەمەکانی کورد لە ئامادەییەکانی شاری بەغدا، لە ڕاستەوە: دوو قوتابیی کچی کورد، عادل موراد، نووسەر.

١٢- بەغدا-ئوتێلی (امباسادور) ئاهەنگی ڕێزلێنانی قوتابییانی کورد، لە ڕاستەوە: ساڵح أکرم چاوشلی، یوسف مولود قصاب، فازڵ تەیب، عادل موراد، حسێن حاجی علی احمد فەیلی، سیروان عبدالله سعید، نووسەر، عادل لەیلانی، (نەناسراو).

١٣- بەغدا-صدر القناة یەکەم ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێکخستنی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە تێیدا نووسەر وتاری یەکێتیی قوتابییانی کوردستان پێشکەش دەکات.

١٤- پارێزگای حلە-سەیرانگای بابل ڕۆژی هەینی ١٩٧١/١٢/١٠، ئاهەنگی یەکترناسینی قوتابییانی کورد ئەم ساڵە کە تێیدا نووسەر (سکرتێری یەکێتیی قوتابییانی کوردستان) لە گفتوگۆیەکی کراوەدایە لەگەڵ پێشکەشکاری ئاهەنگەکە، (ئەم وێنەیە لەلایەن کاك تاهیر نادر تۆفیق پێشکەش بە نووسەر کراوە.

١٥- پەرتووکی (ئۆردوگای قوتابییان لە دێهاتەکانی کوردستان) کە (٨٨) لاپەڕە لەخۆ دەگرێت، لە ئامادەکردنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان ساڵی ١٩٧١، کە تێیدا چەندین بابەتی لەخۆ گرتووە دەربارەی هەرسێ ئۆردوگایەکەی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە شنگال و کەرکووك و خانەقین.

١٦- پارێزگای کەرکووك-گوندی خاڵۆبازیانی ناوەندی تەموزی ساڵی ١٩٧١، ئێوارە کۆڕی بەشداربووانی ئۆردوگای قوتابییان پاش گەڕانەوەیان لە کاری هەرەوەزی لەگەڵ جوتیارانی ناوچەکە.

١٧- پارێزگای کەرکووك-خاڵۆبازیانی ناوەندی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧١، داگرتنی پێداویستییەکانی رۆژانەی ئۆردوگاکە لەلایەن بەشداربووانەوە.
١٨- پارێزگای کەرکووك-گوندی زەنگنە ناوەندی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧١، کۆمەڵێك لە ئەندامانی بەشداربووی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لەکاتی پشوودانیان.
١٩-بەغدا-ئوتێل (بغداد) مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کاتی پێشوازی میوانان بۆ لای شاندی کوردی کە لەو ئوتێلە نیشتەجێ بوون، لە راستەوە: محمود زامدار، عبدالقادر حمد أمين، نووسەر، ئەنوەر عبدالله.
٢٠- بەغدا-باخچەی کۆلیژی پەروەردە، پایزی ساڵی ١٩٧٠ ئاهەنگی یەکترناسینی قوتابیان، لە راستەوە: جواد شێروانی، کريم الملا، (نەناسراو)، (نەناسراو)، فەرەیدون عوسمان، نووسەر، عیسام المراياتی.
٢١- بەغدا-کۆلیژی پەروەردە، بەهاری ساڵی ١٩٧١، دەستە راست لە راستەوە: يوسف مولود قصاب، عادل موراد، فازڵ مەلا محمود. دەستە چەپ لە راستەوە: كريم الملا، نووسەر.
٢٢- ناوپردان ناوەندی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠، لیژنەی راپەڕاندنی هەڵبژێردراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە کۆنگرەی شەشەم کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بەسترا، راوەستاوان لە راستەوە: وەزیرە پیرداود، جرجيس حسن، حاجی محمد كريت، شێرکۆ رشيد سندی، صباح عقراوی، انور عبدالله، محمد حاجی شێروانی، عبدالقادر حمد أمين، نوری كريم خان، محمد عبدالله، عادل موراد، نووسەر. دانیشتوان لە راستەوە: رەنج نووری شاوەیس، ئەکرەم مەنتك، يوسف مولود قصاب، جلال خۆشناو، جواد شێروانی، سعدی خليل، عارف تەیفور، عادل لەیلانی، عوسمان خۆشناو.

ژووری کاك دارا یاخود نووسینگەی سەرنووسەری (التآخي) لە قاتی دووەمی خانووەکە بوو لای دەستە چەپی ئەو قادرمەیەی کە پێیدا سەردەکەوتی بەرامبەریشی راستەوخۆ ژووری (بەڕێوەبەری کارگێڕی) ئەو دەزگایە بوو.

کە لە کاك دارا چوومە ژوورەوە منی بەدی کرد و هەڵسا فەرمووی لێکردم و لە لە نزیکیشییەوە پیاوێکی بە ویقار و جلوبەرگ رێکوپێك دانیشتبوو و کاتێ ئەویش وەکو دابونەریتی عیراقی لەبەرم هەڵسا، ئەوجا کاك دارا رووی تێکرد و گوتی (الأخ فرهاد عوني مدير الإدارة الجديد اليوم راح يباشر بالدوام) ئەو پیاوەش کە کاك دارا بە ناوی (نجدت فتحي صفوت الصحفي والمترجم القدير) بەمنی ناساند یەکسەر گوتی (يا أهلاً و سهلاً، أتمنى لك النجاح)، زۆری پێ نەچوو کە زانی ساتەکە دەخوازێ بەجێمان بهێڵێ و هەڵسا و خوداحافیزی کرد. ئەوجا کاك دارا کەوتە قسە و گوتی:

**کاك دارا**: کاکە فەرهاد زۆر بەخێر بێیت، دەمێك بوو چاوەڕوانی کادیرێکی وەکو تۆ بووم، کاتێ چەند رۆژێك پێش ئێستا کە پێکەوە لەگەڵ کاك سامی بەرەو کوردستان دەچووین بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ناوی تۆی هێنا بۆ ئەم شوێنە منیش یەکسەر بە کاك سامیم گوت (دەم خۆش بەڕاستی ئیختیارێکی باشە، کاك سامی لێت ناشارمەوە دەبووایە من ئەو پێشنیارە بکەم، چونکە من فەرهاد لەپێش تۆوە دەناسم، کاتێ کاك سامی لێی پرسیم لەکەیەوە فەرهاد ئەناسی، منیش بۆم باس کرد کەوا لە زستانی ساڵی ١٩٦٣ فەرهادم لە گوندی (عیساوێ) کە ئەو کاتە ئەم گوندە بارەگاکانی (م.س)ی پارتی و سەربازی و دادگای بەرز و موخابەرە لە خۆ گرتبوو و منیش بە رێککەوت چەند رۆژێك لای (حاکم عومەر مامی فەرهاد) بووم کە سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش بوو و لەو کاتەوە ناسیومە و لەو کاتەوەش تاکو ئێستا چەندین جار یەکترمان دیوە، بەخوا کاك سامی دەبووایە من پێشنیاری فەرهاد بکەم بۆ ئەم شوێنە، بەڵام نازانم بۆ وای لێهات).. بەهەرحاڵ بەخێربێیت بۆ ئێرە و ئەم شوێنە یەکێکی وەکو تۆی ئەوێ، ئیداری و رەوشت پاك لە هەموو

بارێكەوە سەرەڕای بوونی خەلفییەتێكی سیاسی و رۆشنبیری، چونكە لە راستیدا من (یانی دارا تۆفیق) سەفەری ناو و دەرەوە دەكەم و هەندێ جار سەرقاڵی ئیشوكاری ترم كە وا دەخوازێ ئێرە یەكێكی لێبێت كە من سەدا سەد لێی مورتاح بم و بتوانێ بەبێ من ئیشوكارەكان بەڕێوە ببات، راپەڕاندنی ئیدارە، حسابات، چاودێریی سیاسی بابەتەكان بەتایبەتی سیاسییەكان و سەرەڕای ئاگاداركردنەوەم لە هەر مەسەلەیەك كە پێچەوانەی رێڕەوەكە بێت، لە هەمان كاتیشدا تاكو ئێستاكە ئیعتیمادی زۆریشم لەسەر ئەو برایانەیە وەكو (محەمەدی مەلا كەریم، د. عزالدین مستەفا رەسول، فەلەكەدین كاكەیی، ضیاء المرعب، عبدالغني الملاح، بۆ برایەتیش ئەوە كاك رەمزی قەزا و كاك رەفیق چالاك لێرەن.. تكایە ئاگاداری رێڕەوەكە بە لەم ساتەوە ئیعتیمادم لەسەر تۆیە).

**بەندە**: كاك دارا بەڕاستی من هەر ئەمڕۆ بەم تەكلیفەم زانی، لێت ناشارمەوە لەگەڵ كاك خەسرەو تۆفیق زۆر مورتاح بووم و بە هیچ شێوەیەك گوێم بە كەمیی مووچە و ناوونیشانی وەزیفەكەم نەبوو، چونكە لە بنەڕەتدا نەدەبووایە كاك سامی و برادەران بەندە پاشی ئەو هەموو ماندوبوونە و تاكو سكرتێری گشتی یەكێتی قوتابییانی كوردستان نەدەبا لە شوێنێكی وام دابنێن، بەڵام چونكە لای كاك خەسرەو بوو قبوڵم كرد و بەڕاستیش زۆر شتی چاكی لە ژیانی عەمەلیدا لێ فێربووم و حەزم نەدەكرد سەرەڕای ئەو شتانەی كە باسم لێوە دەكرد بەجێیبهێڵم، بەڵام كاتێ كاك سامی باسی ئێرە و لێپرسراوێتییەكەی كرد موناقەشەم لەگەڵ نەكرد، من ئەو شوێنەم پێ خۆشە و حەزی لێ دەكەم خودا بۆ وەزیفەی حكومیی درووست نەكردووم و لەوەتەی بیردەكەمەوە ئەو ئارەزوو و حەز و خواستمە ئێستاش حەز دەكەم ئەرك و وسنووری لێپرسراوێتیی كارگێڕی و سیاسی و حیسابیم بۆ دیار بكرێت.

**دارا تۆفیق**: كاكە گیان ئەم مەسەلەیە بە یەك دوو قسە كۆتایی نایەت، تۆ لەمڕۆوە هەموو دەسەڵاتێكی منت هەیە لە رووی ئیدارییەوە دەبێت جارێكی دیكە ئێرە رێكبخرێتەوە، خەڵكی گومانلێكراوی ئەگەر هەبێت تێدا نەمێنێ،

کاك عبدالرحيم (عبدالرحيم وەفی موحاسبی دەزگا) ئاگادار دەکەمەوە کە لەمەولا ئیمزای من تۆ بۆ سەرفکردنی چەك پەیڕەو بکات، لە رووی سیاسیشەوە کاك سامی و من بڕوای تەواومان بە توانای تۆ هەیە، دەبێت تۆ وەکیلی من بیت، برادەرانی دیکە کە جێگای رێزی منن سەرقاڵی کارەکانی خۆیانن، دەبێت لەگەڵ هەموویان تەبا بیت و ئیشەلا هاتنی تۆ مایەی رێکوپێکیی هەمە لایەنە دەبێت، فەرموو هەڵسە با جەولەیەك بۆ ژوورەکان و برادەران بکەین و لەوانەیە رۆژنامەنووسە عەرەبەکان هەندێکیان نەتناسن باهەموویان ئاگادار بن لە هاتنت بۆ ئێرە.

لە سەرەتا لەگەڵ کاك دارا دوو بە دوو سەردانی ژووری مودیری ئیدارە (سەردار سەعید)مان کرد (دیاربوو سەردار رۆژی پێشووتر لەلایەن کاك داراوە ئاگاداری ئەم گۆڕانکارییە کرابۆوە)، ئەوکاتە رۆژنامەنووسێکی عەرەب کە ناوی (حليم الاعرجی) بوو لای دانیشتبوو، کاك دارا زۆر بە نەرمی و بە ئەدەبەوە داوای لە (حليم) کرد کەوا بۆ هەندێ کاری پێویست ژوورەکەمان بۆ بەجێبهێڵێت. کاتێ بەتەنیا (کاك دارا و سەردار و بەندە)ماینەوە کاك دارا هەر بە راوەستانەوە منی بە سەردار ناساند و پێیگوت (کاك سەردار تکایە پاش تەواوکردنی سەردانی ژوورەکان خۆت بۆ دەوروتەسلیم ئامادە بکە، من لە دوێنێوە تۆ و کاك عبدالرحيمم ئاگادار کردۆتەوە لەم ئاڵوگۆڕییە کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی کراوە). پاش نزیکەی نیو کاتژمێرێك کە هەر (٨) ژووری بارەگاکەمان بەسەرکردەوە قسەی پێویستی بۆ کرا، گەڕاینەوە ژووری مودیری ئیدارە، ئەوجا چوارقۆڵی (کاك دارا، عبدالرحيم وفی، سەردار سەعید و بەندە) دەوروتەسلیمی ئیدارەمان کرد و کاك عبدالرحيميش مەوجوداتی قاسە (خەزینە) و جۆری خەرجکردنی پاداشتی نووسەران و و خەرجیی دەزگایان بۆ روونکردمەوە. سەردار هەر ئەوکاتە ویستی دەزگا بەجێبهێڵێ، بەڵام کاتێ کاك دارا چووە ژوورەکەی خۆی من بە نامەیەك پێشنیاری (١٠٠) دینار کە مووچەی دوو مانگی سەردار بوو وەکو پاداشت بۆی سەرف بکرێت، کاك داراش لەسەری نووسیبوو (دەست خۆش کاك فەرهاد تکایە بۆ سەرف بکرێت).

لەو ساتەوە دەستبەکار بووم لە جێگایە، زۆربەی کاتم هەر لە کاتژمێر (٩)ی بەیانییەوە تاکو (١٠)ی شەو لەو دەزگایە دەمامەوە، سەراپا گۆڕانکاریم لە هەموو لایەکی دەزگاکە کرد، بەڵام چونکە شوێنی (دار التاخی) کە بەداخەوە گونجاو نەبوو وەکو لەپێشەوە باسم لێوەکردووە لە خانوویێکی کۆنی گەورەی گەڕەکی (بتاوین) بوو، بەڕاستی نە خانووەکە و نە شوێنەکە (گەڕەك) شیاوی (التاخی) و برایەتی نەبوو، بۆیە هەر زوو لە رۆژانی یەکەمی دەستبەکاربوونی ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ کاك دارا باسکرد، ئەویش یەکسەر گوتی (باشە منیش هەست بە نەگونجاویی ئێرە ئەکەم، تکایە لەگەڵ (أبو حارث–البیر الخوری) کە ئەویش کارمەندێکی مەسیحیی خەڵکی موسڵ بوو لە ساڵی ١٩٦٣وە پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردبوو چونکە پێشووتر لە ریزی حزبی شیوعیی عیراقدا بووە، پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ گەڕابۆوە بەغدا لە بەشی پەیوەندی دار التاخی کاری ناو بەغدا لە دەزگا دامەزرابوو) هەوڵ بدەن شوێنێکی گونجاو بدۆزنەوە)، بۆیە لەکاتی پشووی پاش کاتژمێر (١) پاش نیوەڕۆ (بەندە و ئەبو حارث) سەردانی نووسینگە و باڵەخانەکانی شەقامی (السعدون)مان دەکرد، تاکو توانیمان پاش مانگ و نیوێك لە دەستبەکاربوونم باڵەخانەیەکی گونجاو بدۆزینەوە کە بریتی بوو لە (ئەپارتمانی ئەتڵەس) (عماره أطلس) تەنیشت سینەمای (ئەتڵەس) لەسەر شەقامی سەعدون نزیك بە گۆڕەپانی نەسر کە تێیدا باڵەخانەکە بریتی بوو لە دوو نهۆم و (١٦) شوقە بەتەواوی بەکرێمان گرت و لە ماوەی (١٥) رۆژدا بەتەواوی رێکخرا لە مۆبیلیاتی (ئایا+الصباغ) کەلوپەلی پێویستمان بۆ کڕی کە تێیدا سەرەڕای کەلوپەل هەموو ژوورەکانمان بە خەتی تەلەفۆنی بەدالەوە بە ژووری سەرنووسەر و ژووری بەندە بەستەوە.

هاتوچۆکەران و میوانانی (دار التاخی) زۆر بە ئیعجابەوە قسەیان لەسەر رێڕەو و مامەڵە و پێشوازی دەکرد و ژوورەکەی بەندەش کە بریتی بوو لەو چوار ژوورەی ئەو شوقەیەی کە لە پێشەوە ژووری بەندە بوو و ژووری کاك داراش لەتەنیشت ژوورەکەی من بوو، ژووری سێیەمیش بە تاخمە مۆبیلیك و

تەلەفۆن و تەلەفزیۆنەوە لەگەڵ مێز و هەشت کورسی ژووری کۆبوونەوە بوو لەگەڵ رۆژنامەنووسانی (دار التاخی) و میوانی تایبەت، ژووری چوارەمیش ئامێرێکی چاپ (آلة طابعة) لەگەڵ (رۆنیۆ)یەکی ئەڵمانی و ئامێرێکی (استنساخ) و دۆلابێکی دۆسییە و کۆنووسی چاپکراوی دانیشتنی سەرکردایەتیی بەعس و پارتی کە لە لێپرسراوێتیی بەتەنها لە ئەستۆی بەندەدا بوو، ناوە ناوەش کچە ئەندامێکی پارتی لە خێزانێکی دڵسۆزی پارتی کە کوردی فەیلی بوو و لە دەزگا کاری دەکرد کۆنووسەکانم بەو چاپدەکرد چونکە خوالێخۆشیبووان کاتیٚ کاک سامی عبدالرحمن و کاک دارا تۆفیق کۆنووسەکانیان دەهێنا بە دەست نووسرابوو بۆیە هەر زوو چاپ دەکران و دانەیەکی بۆ بارەگای بارزانی و دانەیەکیش بۆ (م.س) دەنێردرا و دانەیەکیش لەو دۆسییە تایبەتییە لەم ژوورە و لە ئەستۆی مندا دەمایەوە. (وا رێککەوت بەندە و کاک محمود ناوێك کە بەداخەوە ناوی باوکیم بیرنەماوە کە پێشووتر پێشمەرگە بوو لە دار التاخی دامەزرابوو پێکەوە بە ئۆتۆمبێلێکی وەزارەتی کاروباری سەروو (شؤون الشمال) ئەو جۆرە کۆنووسانەمان بردە ناوپردان و تەسلیم بە مەکتەبی سیاسی کرا پێش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤).

دەستبەکاربوونم لە (التاخی) قۆناغێکی دیکەی تازە بوو لە ژیانم کە تێیدا چوونە ناو کاری رۆژنامەگەری بەکردار لە رۆژنامەیەکی وەکو (التاخی) کە رۆژانە بە عەرەبی دەردەچوو و برایەتیی دەستەخوشکی کە ئەویش هەفتانە بە زمانی کوردی دەردەچو، گۆڕانکارییەکی تازەی لە ژیانم درووستکرد چونکە کاکە دارا تۆفیق هەمان ئێوارەی رۆژی یەکەمم لە التاخی لە ژوورەکەی خۆی بە حزووری کاک سامی زۆر راشکاوانە ئەرکێکی قورسی پڕ لە لێپرسراوێتیی خستە سەرشانم کاتیٚ ئەم رستەیەی دووبارە کردەوە کە ئەوکو ئەو گوتی (کەسایەتی و رابردووت دەتوانیٚ بەتەواوی ئێرە پڕبکاتەوە)، کاک سامی ئەو شایەدییەم بۆ دەدا کە من بۆ کادرێکی وەکو تۆ دەگەڕام، من نازانم بۆ تۆ نەهاتە فکرم لەوانەیە هەر وا تێگەیشتبم کەوا لە یەکێتیی قوتابییان ماوی چونکە بە

**بەردەوامی دەهاتی بۆ ئێرە چ بۆ لاپەڕەی قوتابییان چ بۆ کاری دیکە، بەڵام کاک سامی پێش من کەوت، بەڕاستی ئێستا مورتاحم بۆیە تۆ ئێستا (فلتەری ئێرەی)، لە غیابی من نابێت تۆ لێرە نەبیت، ئیدارە، حسابات، بەریدی رۆژنامە و دابەشکردنی بابەتەکان، چاودێریی سیاسی لەو بابەتانەی کە پێویستە ئاگاداری بین چونکە بارودۆخەکە هەستیارە، بەتایبەتی لێرەدا چەند نووسەر و رۆژنامەنووسێکی عەرەبمان هەیە کە خۆشبەختانە زۆربەیان چەپ و دیموکراتخوازن، بەڵام هەشمانە وەکو (حليم الاعرجي، عبدالله اللامي...) سەر بە لایەنی نەتەوەیی و لایەنی دیکەن، لە تەئاخی حیساب بۆ هەموو وشە و رستەیەك دەکرێت، تەنانەت دەبێت (ماکێتەکانی هەردوو رۆژنامەش) دەبێت بە دەستی خۆت تەسلیمی رۆژنامەنووس (فاروق سعيد)ی بکەیت کە ئەوکاتە فاروق لێپرسراوی لاپەڕەی یەکەم بوو جگە لە (سەروتارەکان و مانشێتەکان)، هەر زوو لەگەڵ سەرجەم نووسەر و رۆژنامەنووسانی هەردوو رۆژنامە و کادرانی کارگێڕی پەیوەندییەکانم توندوتۆڵ کرد، رۆژانە سەردانی زۆربەی ژوورەکانم دەکرد و پێداویستییەکانم دابین دەکرد سەرەڕای کردنەو و دابەشکردنی بەریدی رۆژنامە (کە بریتی بوو لەو نووسین و وتارانە)ی کە بۆ رۆژنامەکان دەهاتن کە هەندێکیانم زۆر بە وردی دەخوێندەوە و تا رادەیەکیش رۆڵی چاودێری (الرقابە)م دەگێڕا، زۆر جار رستەیەك یاخود بڕگەیەکم لە وتارێك لادەدا یاخود لەجیاتیی وشەیەك وشەیەکی دیکەم بۆ دادەنا، زۆر جاریش بە قەڵەمێکی سوور ئاگاداری کاك دارام دەکردەوە ئەوجا دابەشی ژوور و لێپرسراوی بەشەکان دەکرا، زۆر جاریش خوالێخۆشبوو (رەفیق چالاك) کە دەهاتە لای من بە تەعلیقەوە دەیگوت (ئافەرین بۆ قەڵەمە سوورەکەت، ئاگاداربە ئیشەکەت حەساسە)، هەندێ جاریش کە ئیشمان زووتر تەواو دەبوو پێکەوە (کاك رەفیق چالاك و بەندە) بە قەراغ رووباری دیجلەدا بەپێ بەدەم قسە خۆشەکانی لە یەکێ لە (باڕ)ەکانی (أبو نواس) دادەنیشتین یاخود دەچووینە ماڵی ئەوان لەگەڕەکی (کرادە-داخل) ئەوجا لەگەڵ شریتی گۆرانییەکانی کە زۆر حەزم لێی دەکرد شووشەیەك بیرەی ساردمان دەخواردەوە.**

پەیوەندییەکانی کاك دارا چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی کۆمەڵایەتی زۆر فراوان بوون، سەرەڕای سەردانی رۆژنامەنووسانی بیانی کە ئارەزووی چوونەسەرەوەیان (ناوچەی سەرکردایەتیی پارتی-شۆڕش) دەکرد، یاخود بە مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ خودی سەرنووسەر (مەبەست لە کاك دارایە) لەوانەی کە لەبیرم ماون (رۆژنامەنووسێکی بەتەمەنی گۆڤاری ناشناڵ جیۆگرافیك، ئیرلایك رۆلۆی دیبلۆماتکار و نووسەر و رۆژنامەنووسی فەرەنسی، سەلاح الحافز رۆژنامەنووسی دیاری رۆژنامەی الاهرامی میسری، بریماکۆڤی پەیامنێری ئەوکاتەی رۆژنامەی بەناووبانگی (پراڤدا)ی زمانحاڵی حزبی شیوعیی سۆڤیاتی لە وڵاتی میسر بوو کە بۆ جاری دووەم لە هاوینی ساڵی ١٩٧٣ هاتەوە عیراق کاك دارا رایسپاردم کەوا هەندێ دیاریی چاکی بۆ بکڕم چونکە وەکو کاك دارا گوتی بریماکۆڤ دۆستی بارزانی و کوردە...) منیش بۆ ئەم مەبەستە بە رێککەوت لەگەڵ کاك (لەتیف رەشید) کە دەکاتە برای پرۆفیسۆر د. جمال رشید کە ئەوکاتە سکرتێری شەخسیی کاك دارا بوو، لە شەقامی الرشید بۆینباغێکی حەریری سوور و شووشە عەترێکی جۆری (برود)ی ئەمەریکی لە کۆگای الیاس حسۆ و قەڵەم پەندانێکی (شیڤەرس)ی نووك ئاڵتون لەکۆگای (نعیم نعمو)م بۆ کڕی بۆ ئێوارەکەشی لەگەڵ کاك دارا چووینە لای بریماکۆڤ لە ئوتێل (بەغدا) و تاوێك لای دانیشتین و نانی ئێوارەمان پێکەوە خوارد و دیارییەکانیشمان پێدا، کاتێ سەیری دیارییەکانی کرد بە کاك دارای گوت (دیارییەکانت وەکو خۆت جوان و بەقیمەتن) کاك داراش هەر زوو گوتی (پیرۆزە، بەڵام لە راستیدا هەڵبژاردنەکە و کڕینی کاری فەرهاد بووە (لەسەرەتای دانیشتنەکەدا منی پێشکەش بە بریماکۆڤ کرد))، بریماکۆفیش دیسان لە وەڵامدا گوتی (ئەوەی لەگەڵ تۆ کار بکات و هاوڕێت بێ ئەویش وەکو تۆیە).

سەرەڕای ئەوانەش بە بەردەوامی دبلۆماتکارانی بەشی رۆژنامەنووسی و رۆشنبیریی سەفارەتەکان سەردانی (التاخی)یان دەکرد، کە تێیدا مانگ نەبوو چەند جارێك یان دوو جار ملحق-ی رۆشنبیریی سەفارەتی بولگاریا

سەردانمان نەکات و هەمیشەش پرسیاری زۆر وردی دەکرد منیش کاك دارام لیٚ ئاگادار کردەوە، بەلاٚم کاك دارا مەسەلەکەی زۆر بە هەند وەرنەگرت و تەنها گوتی (کاکە دەبێت تۆ بزانیت دبلۆماتکاران لەلایەن دەزگاکانی موخابەراتی ئەو ولاٚتانەی لێی هاتوون هەڵدەبژێردرێن، ئێمەش لە رۆژنامە هیچ نهێنییەکمان نییە سوودی لیٚ وەرگرن)، ناوە ناوەش شەهید د. عبدالرحمن قاسملۆ رێبەری حزبی دیموکراتی ئێران کە ئەوکاتە فەرمانبەر بوو لە وەزارەتی پلاندانانی عیراقی بە پلەی شارەزا (خبیر) سەردانی دەکردین بەتایبەتی بۆ لای کاك دارا دەهات هەندیٚ جاریش لەگەڵ خەسرەو تۆفیق برای کاك دارا دەهاتن، زۆر جاریش وا رێکدەکەوت ئەگەر کاك دارا لەویٚ نەبووایە ماوەیەك لای من دادەنیشتن، لەو سەروبەندەدا جارێکیان ئاگادار بووم کە شەهید قاسملۆ بە جووتە لەگەڵ کاك دارا پێکەوە سەردانی سەرکردایەتیی پارتییان کرد لە ناوپردان و دیداری تایبەتیشیان لەگەڵ بارزانی نەمر ئەنجامدابوو، لە گەڕانەوەیاندا کە مێژووەکەیم بیر نەماوە کاتژمێر نزیك (٢)ی پاش نیوەڕۆ بوو کاتیٚ زانیم نانی نیوەڕۆیان نەخواردووە لە چێشتخانەی السعدون کە لەخوار مزگەوتی (الاورفلی) کە ئەویش لە شەقامی سعدون بوو نزیك لە بارەگای التاخی بوو نانم بۆ داواکردن کە تێیدا ئاگاداری ئەوەش بووم کە کاك خەسرەویش دێت، لە کاتی نانخواردندا پرسیارێکم لە شەهید قاسملۆ کرد (تا چەند لە چاوپێکەوتنەکەی بارزانی رازی بووە؟) شەهید قاسملۆش بە دەق گوتی (زۆر باش بوو، بارزانی سەرکردەیەکی گەورەیە و ئاگادارە ئەگەر لێمانی تێك نەدەن پەیوەندییەکانمان باش بەڕێوەدەچن)، لە میانی فزولەوە ویستم بزانم کێنە ئەوانەی خەریکی تێکدانی ئەو پەیوەندییەن، د. قاسملۆ گوتی (لە کاك دارا بپرسە ئەو دەیزانیٚ...).

هەفتەی جارێکیش خوالێخۆشبوو کەریم حسامی سەردانی دەکردین ئەویش زۆر بە وردی دەچووە ناو بابەتەکان، بەلاٚم دۆستایەتیی زۆر خۆش و قسە رەوان بوو، ناوە ناوەش (رۆژنامە کوردستان)ی ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ دەهێنام، هەر بۆ بەبیرهێنانەوە ساڵی ١٩٦٧یش

راسپێردرام کەوا بۆ چەند رۆژێك یاوەر و چاوساغیی خوالێخۆشبوو دکتۆر (حسن حسامی) برای کەریم حسامی بم لە شاری بەغدا کە ئەوکاتە بە سەفەر هاتبووە بەغدا و دەیویست بچێتە کوردستان، ئەم چەند رۆژەی کە لە بەغدا مایەوە من بەهرامی پوورزام لە ئوتێل (شهلا) کە خاوەنەی کاك زرار فتح اللە-ی خزممان بوو لە خزمەتی بووین، تاکو دوای چەند رۆژێك بردمانەوەی لای کاك حبیب محمد کریم لە بارەگای رۆژنامەی التاخی لە گەڕەکی (عیواضیة).

کاری رۆتینیی رۆژانەی رۆژنامە زۆر و هەمەجۆر بوون و هەستم بە بۆشایی نەدەکرد، سەرەڕای ئیشوکارەکان و هاتنی برادەر و هەڤاڵان و میوان و بەتایبەتیش ئێوارانی بەتەواوی سەرقاڵی دەکردین و نەمدەتوانی چەند خولەکێك لە شوێنی خۆم دابنیشم سەرەڕای چاودێریی رۆژنامەکانی (الثورة، الجمهوریة، الراصد) کە زمانحاڵی حکومەتی بەعس بوون، بۆئەوەی ئەگەر شتێك پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبووایە هەر زوو خەتی سوورم بەژێریا دەکێشا و بۆ سەرنووسەرم دەنارد، ناوە ناوەش هەندێ رۆژنامە و گۆڤاری عەرەبیشمان بۆ دەهات وەکو (النهار، الانوار، الحیاة، الصیاد، الحوادث) پاش خوێندنەوەی بەسەر لاپەڕە و بەشەکانم دابەش دەکرد، بەتایبەتیش بۆ دوا لاپەڕە کە سەردەمێك رۆژنامەنووسان (ابتسام عبداللە، حسین حیدر، حسن دەروێش، کامەران قەرەداغی، یوسف الصائغ) کارمەندی سەرەکیی ئەو لاپەڕەیە بوون.

ئەوانەی کە کاك دارا تۆفیق متمانەی پێیان بوو و اعتمادی زۆر لەسەر دەکردن بریتی بوون لە د. عزالدین مصطفی رسول، محمدی ملا کریم، سەرەڕای ئەوەی کە چەپ و دۆست و ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بوون، بەڵام لە راستیدا هاوکار و پاڵپشتی التاخی و کاك دارا بوون، فلك الدین کاکەیی، ضیاء المرعب، جعفر یاسین، عبدالغنی الملاح کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی حزبی نیشتمانیی عیراقی بوو کە کەسایەتیی ناوداری نیشتمانیی عیراقی خوالێخۆشبوو کامل الجادرچی سەرۆکایەتیی دەکرد، لەگەڵ ئەمانەش کۆمەڵە رۆژنامەنووسێکی زیرەك و بەتوانای تێیدابوو کە هەریەکەیان لایەنێکی گرنگی رۆژنامەکەی پڕدەکردەوە، کە بریتی بوون لە

(حليم الأعرجي، رجاء الزنبوری، بشير مصطفی، كامەران قەرەداغی، عبدالله اللامی، بولص البازي، يونان هرمز، لەگەڵ دەيان پەيامنێر و ڕۆژنامەنووسی دیکە کە بە پارچە (قطعة) کاریان بۆ التاخی دەکرد).

ڕۆژنامەی التاخی لەسەر ئاستی میللی حکومی چ لە کوردستان و چ لە بەغدا و ناوەڕاست و خوارووی عیراق ناو و ناوبانگێکی بەرزی هەبوو، چونکە لەو کات و سەردەمەدا التاخی درێژەپێدەری رەوتی التاخی-ی ساڵی ١٩٦٧ی سەردەمی خوالێخۆشبوو شەهید ساڵح یوسفی بوو، کە دەتوانم بڵێم لە هەردوو قۆناغدا چ لە قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٧ و چ لە قۆناغی دووەمی (١٩٧٠-١٩٧٤) ببوو بە زمانحاڵی هەموو گەلانی عیراق و ڕۆژانە ٣٠,٠٠٠ دانەی لێ چاپدەکرا و ڕۆژیش هەبوو ژمارەی چاپ دەگەیشتە پەنجار هەزار، کاتێ لەگەڵ حکومەتی بەغدا یاخود لەگەڵ ڕۆژنامەکانی (الثورة واالجمهورية) تووشی شەڕە ڕۆژنامەنووسی دەهاتین کە گرنگترینیان ئەو شەڕە ڕۆژنامەنوسییەی نێوان التاخی و الثورة بوو کە تێیدا ڕۆژنامەی الثورة زنجیرە وتارێکی لەژێر ناوی (لكي يصان السلام وتعزز الوحدة الوطنية)، ڕۆژنامەی التاخی-ش لەژێر ناوی (في سبيل السلم والوحدة الوطنية، في سبيل تطبيق اتفاقية آذار) وەڵامی الثورة-ی دەدایەوە کە لەو بارودۆخەدا بارەگای ڕۆژنامەی التاخی وەکو شانەی هەنگی لێهاتبوو، کاك دارا تۆفیقیش بە هاوکاریی د. عزالدین و محمدی ملا کریم و ضياء المرعب وەڵامەکانی دەدانەوە و هەندێ جاریش خوالێخۆشبوو حبیب محمد کریمیش کە لە بەغدا دەبوو بەشداریی وەڵامدانەوە دەکرد ڕۆژانەش خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن حزوری لە التاخی هەبوو ئەویش هەمیشە تەماشای وتارەکانی دەکرد و هەندێ جاریش دەکەوتە موناقەشاتی جدی لەگەڵ کاك دارا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە کاك سامی زۆر توند بوو سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردەیەکی لێهاتوو و زمانزان و سیاسەتمەدار بوو، بەڵام هەمیشە ڕووبەڕوو (بالمرصاد) لە بەرامبەر دەوەستا بەپێچەوانەی کاك دارا تۆفیق کە ئەو پیاوێکی هێمن و دبلۆماسی و وردبین بوو کە هەردووکیان یەك تێروانینیان بۆ مەسەلەکە هەبوو، بەڵام بە دوو شێوازی

جیاواز بۆ نموونە ئەوەی لە یادم ماوە جارێکیان پاش رووداوی کودەتای وڵاتی شیلی کە تێیدا سلڤاردۆر ئەلندی بەکودەتایەکی سەربازی کە (بینۆشت) سەرکردایەتیی دەکرد کوژرا، رۆژنامەی الثورة وتارێکی لەژێر ناوی (سوء التقدیر کما نفهمه وکما یفهمه الآخرون) بڵاوکردەوە، کە تێیدا کاك سامی دەیگوت ئەمە نووسینی سەدام حسێنە و هەرچی کاك داراش بوو دەیگوت نەخێر ئەمە شێوازی نووسینی تارق عەزیزە، بۆیە لە وەڵامدا کاك سامی و کاك دارا بە جووتە وەڵامێکی پڕبەپێستی وتارەکەی الثورةیان دایەوە چونکە پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردستانەوە هەبوو، بەڵام هەردووکیان رێك نەبوون لەسەر ناوونیشانی وتارەکە کە لە لاپەڕە یەکی التاخی وەکو سەروتار بڵاوکرایەوە، هەرچی کاك سامی بوو ناوونیشانی (سوء التقدیر کما نفهمه نحن و کما یفهمه أعدائنا)ی بۆ دانا، بەڵام کاك دارا بە پێکەنینەوە گوتی (چاوەکەم کاك سامی مەعقول نییە کە ئێمە و بەعس رێککەوتننامەی ١١ی ئازارمان پێکەوە ئیمزا کردووە و پێنج وەزیری ئێمە کە یەکێکیان جەنابتی لە حکومەتدای پێیان بڵێین دوژمن (أعداء) سبەینێ خەڵك چیمان پێدەڵێت، ئێمە و بەعس تاکو ئێستاش دۆستین سەرەڕای ناکۆکییەکانمان ناشێ لە سەروتاری التاخی بە دوژمنیان دابنێین)، کاك سامی کە لە جێگایەکەی من دانیشتیبوو گوتی (فەرهاد تۆ دەڵێی چی و رات چییە هیوادارم نەچیتە ژێر تەئیسری کاك دارا)، من لە وەڵامدا گوتم (کاك سامی لە ئەسڵدا رایەکەی تۆ راستە بەعس دوژمنە، بەڵام رایەکەی کاك دارا لەرووی سیاسی و پەیوەندیی نێوان گونجاوترە)، ئەوجارە رستەی (أعدائنا گۆڕا بۆ أصدقائنا)، قەدەر وایکرد کاك دارا تۆفیق پاش چەند ساڵێك هە لەپاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بگەڕێتەوە عیراق و ئەوەی بە دۆستی (الأصدقاء)ی دەزانی لە رۆژێکی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ ئەو پیاوە جوامێر و رۆشنبیر و هێمن و دبلۆماتکارەیان شوێن بزر کرد و تاکو رۆژانی ئەمڕۆش سەرەداوێك لە شوێن و جۆری کوشتنی ئەو پیاوە بەدیارنەکەوت.

له میانی شەڕە ڕۆژنامەنووسییەکانی التاخی کە هەرهەمووی لەگەڵ حکومەتی بەعس و ڕۆژنامەکانی هەبوو بەڵام ڕۆژگار و بەرژەوەندیی سیاسی وایکرد کە پارتی و التاخی بکەونە شەڕی حزبی شیوعیی عیراقی و ڕۆژنامەی طریق الشعب کە بەداخەوە ئەو حزبەی کە لەسەرتای درووستبوونییەوە هەڵگری ئاڵا و داکۆکیاری نەتەوەی کورد بوو سەرەڕای ڕۆڵی دیاری لە قۆناغی سالآنی نێوان ١٩٦٣-١٩٧٢ لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن دا، لە سەرەتاوە کەوتە وروژانی گلەیی گازاندەی جۆراوجۆر لە سەکردایەتیی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان کە زۆر جار ڕستەی (العناصر اليمينية في القيادة الكردية) تان و تەشەرەی لەو لایەنە دەدا کە ساڵەهای ساڵە برا و هاوپەیمانی یەك سەنگەر بووین تا وای لێهات بە ئاشکرا پاش ڕێککەوتننامەی دۆستایەتیی نێوان یەکێتیی سۆڤییەت و عیراق لایەنی حکومەتی بەغدای دەگرت کە بێگومان ڕەنگدانەوەی سیاسەتی سۆڤیەت بوو لەسەر تێکڕای سیاسەتی حزبی شیوعیی عیراق کە پاشان بەرەی نیشتمانی (الجبهة الوطنية) کۆیکردنەوە لە یەك هەڵوێستدا کە بەداخەوە سەرەڕای هەموو شتە باشەکان (پەڵەیەکی) نەخوازراوی لە جەستەی سیاسیی ئەو حزبەدا کە بێگومان لایەنی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بێگوناه نین لە تێکچوونی ئەم پەیوەندییە مێژوییە بەتایبەتیش کوشتنی (١٢) لاوی شیوعی کە لە سۆڤییەتەوە لە ڕێگای قاچاغی سووریا بۆ کوردستان گەڕابوونەوە چ بەرژەوەندییەکی نەتەوایەتیی بۆ میللەتی کورد و شۆڕشی کوردستان تێدانەبوو بەتایبەتی کوشتنی ئەو چەند لاوە کە لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەندێیکان بهاتنایە ناو شۆڕشی کوردستان، بەڵام چی دەڵێی.. لێرەدا بۆ مێژوو قسەکانی خوالێخۆشبوو ڕووناکبیر و چیرۆکنووسی ناوداری کورد مامۆستا (عبدالمجيد لوتفی)م دێتەوە یاد کاتێ کە زانیم هاتۆتە بارەگای التاخی و لە ژووری ئەرشیف لای (خالد)ی کوڕی کە ئەویش لە خێزانی (التاخی) و لێپرسراوی بەشی ئەرشیف بوو یەکسەر چوومە ژووری ئەرشیف و مامۆستا (عبدالمجيد لوتفی)م پێش خۆم دا و هێنامە ژوورەکەی خۆم، ڕێککەوت ئەو ڕۆژە بوو کە التاخی نامەکەی خوالێخۆشبوو

(خالد بگداش)ی سکرتێری حزبی شیوعیی سووریای له لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکردبۆوه و ئاراستەی (بارزانی نەمر)ی کردبوو دەربارەی راگرتنی شەڕی راگەیاندن و دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو تەنگژەی کە لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیدا هەیە، کاتێ ماموٚستا عبدالمجید لوتفی چاوی بە رۆژنامەکەدا خشاند و گوتی (شەرم و شەرمەزارییە بە فیت و پلانی بەعس کە دوژمنی سەرسەختی هەردوو لایە کە هەردوو لاش دەیزانن بەعس دوژمنیانە بکەونە شەڕ و شەڕە جوێن، من هەموو شتێکم تەسەور دەکرد لە سیاسەتدا رووبدات لە عیراقدا، بەڵام بەخەیاڵمدا نەدەهات بەعس لەگەڵ ئەو هەموو جینایەتانەی کە بەرامبەر شیوعی و دیموکراتخواز کردوویەتی لە هەمان کاتیشدا ئاگری جەهەنەمی بۆ شۆڕشی کورد و بارزانی جۆش دەدا و کوردستانی سووتاند بتوانی (حزبی فەهد و بارزانی) بەشەڕ بێنێ، لەسەرچی؟ خودا دەیزانێ لەسەر هیچە!). لەو کاتەدا خالدی کوڕی ماموٚستا کە ئەویش لەگەڵ باوکی هاتە ژوورەکەی من بە عەرەبی گوتی (بابە مع الاسف الشيوعيين ثخنوها) یانی شیوعییەکان مەسەلەکەیان گەورە زۆر گەورەکرد، ماموٚستا عبدالمجید لوتفیش ئەوجارە ئەویش بە زمانی عەرەبی وەڵامی خالدی دایەوە و گوتی (يرحم والديك اسكت وخليها، ابني الكل ثخنوها الله يستر)، پاشان ئەویش نامەیەکی ئاراستەی هەردوولای پێبوو و تەسلیم بە منی کرد و بۆی بڵاوکرایەوە.

لێرەدا مەبەستم لەو تەنگ و چەڵەمەیەی کە لەو رۆژگارەدا درووست بوو ئێمەی خێزانی التاخی و برایەتیی خستە گێژاوی بەرەنگاربوونەوەی دەیان شاند و رێکخراو لەلایەن حزبی شیوعیی عیراقییەوە رێکخرابوو بە مەبەستی فشار درووستکردن لەسەر پارتی و تەنها دەهاتنە بارەگای التاخی و یاداشتنامەیان تەسلیم بە ئێمە دەکرد، لەو رۆژانەش ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی سەفەری کوردستانیان کردبوو، ئەوەی لە بەغدا مابوو تەنها خاتوو (زکیە اسماعیل حقی) بوو کە رۆژانە بەدوای تەلەفۆنی منەوە دەهاتە ژوورەکەی من و رووبەڕووی شاندەکان دەبۆوە، بەڕاستی خاتوو زەکیە ئافرەتێکی زمانزان

و لێهاتوو بوو زۆر جار ماوەی چارەکە کاتژمێرێك قسەی لەگەڵ شاندێك دەکرد و زۆر کاریگەریی لەسەریان هەبوو، هەندێ جاریش خوالێخۆشبوو فلك الدين کاکەییش قۆڵی لێ هەڵدەماڵی و دەکەوتە قسە، بەهەرحاڵ ڕۆژانی ناخۆش بوو چونکە شەڕێك لەگەڵ دۆستان بەبێ قەناعەت بۆ هەردوو لا دژوار و نا مەعقوڵ بوو لە ڕۆژانی دوای ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ شەڕە ڕۆژنامەنووسییەکە شەڕە تفەنگیشی بەدوای خۆیدا هێنا.

ڕێکخراوی پارتی لەناو (دار التآخي) بریتی بوون لە برایان خوالێخۆشبوو فلك الدين کاکەیی (چونکە ئەوکات کاك فلك الدين لە هێڵی کرێکاران کە لێپرسراوی بوو کاری دەکرد)، سەربەست بامەڕنی و خوالێخۆشبووان یونان هرمز و جەلال میرزا کەریم و بەندەش لێپرسروێتیی ئەو شانەیەی دەکرد کە لە هەمان کاتیشدا بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی ئەم هێڵە بووم ئەندامی لیژنەی سەرەکیی هێڵی فەرمانبەران و ڕۆشنبیرانی بووم لەگەڵ خوالێخۆشبووان (عبدالخالق حویزی، یەکتا عومەر جەلال حەوێزی، شەوکەت عەقراوی، زاهیر بابان، عبدالرحمن أمین عبدو لەگەڵ هەڤاڵێکی دیکە کە د. جەلال دکتۆری بەیتەری بوو، بەڵام داخەکەم ناوی باوکیم لەبیر نەماوە)، ئەو لێژنەیەش کەوتە خۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڵمەتەی حزبی شیوعی کە تێیدا هەریەکەمان لەلای خۆیەوە کەوتینە جموجۆڵی دژ بەم هەڵمەتە چەواشەکارییە کە تێیدا بەندە وەکو لێپرسراوی شانەی (التآخي) لەگەڵ برادەرانی کە ناوم لەسەرەوە هێناون بڕیارمان دا کەوا ئێمەش بەناوی (ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دار التآخي کە هەردوو ڕۆژنامەی التآخي و برایەتی) تێدا دەردەچوو یاداشتێك ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی بکەین بە مەبەستی نیشاندانی هەڵوێست بەرامبەر ئەو هەڵمەتە راگەیاندنەی حزبی شیوعی کە لە هەردوو ڕۆژنامەی (طريق الشعب و الفكر الجديد) بڵاودەکرایەوە، بۆیە یاداشتنامەیەکی ناڕەزاییمان ئامادەکرد سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە کورد و عەرەبەوە ئیمزایان کرد تەنها دوو ڕۆژنامەنووس نەبێت کە بریتی بوون لە برایان (کامەران قەرەداغی و خوالێخۆشبوو یوسف الصائغ)

چونکە هەڵوێستیشیان لەگەڵ سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێك نەدەکەوت زیاتر بەلای حزبی شیوعیی عیراقی گوزەری دەکرد، بەڵام ڕێز لە هەڵوێستەکەیان گیرا، بەوپەڕی داخەوە ئەم هەڵوێست و دژە هەڵوێستەی هەردوو حزبی هاوپەیمانی ساڵانی پێشوو بە بارێکی دیکەدا شکایەوە کە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان نەبوو بەڵکو هەردوو لای تووشی زەرەر و زیانی گەورە کرد.

تازە ساڵێك بەسەر دامەزراندنم لە (دار التآخي) تێپەڕاندبوو کاتێ ڕۆژێك خوالێخۆشبوو کاکە دارا تۆفیق بە تەلەفۆنی ناوخۆی ژوورەکان داوای لێکردم بچمە لای لە نووسینگەکەی خۆی کە لە تەنیشت ژوورەکەی من بوو.. کاتێ چوومە ژوورەوە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی (کاکە فەرهاد داوەتنامەیەك لە ڕۆژنامەی (سکانتیا)ی زمانحاڵی حزبی شیوعیی ڕۆمانی هاتووە بۆ التآخي منیش یەکسەر تۆم هەڵبژاردووە بۆ ئەو گەشتە دوو هەفتەییە بۆ وڵاتی ڕۆمانیا، تۆ لە ئێستاوە خۆت ئامادە بکە چونکە ١٩٧٣/٦/١٧ دەبێت سەفەر بکەیت).

لە ڕاستیدا هەواڵەکەم لا خۆش بوو کە بە داوەتێکی ڕەسمی لە لایەن ئەو ڕۆژنامەیەوە کە تێیدا بەندە وەکو ڕۆژنامەنووسێکی نوێنەری التآخي هەڵبژێردرام و لە لایەن خودی سەرنووسەر (دارا تۆفیق)ـەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وستەیەکم کرد و گوتم (باشە فلان پێی ناخۆش نابێت کە ئەوت هەڵنەبژاردووە؟!) کاك داراش بە دەق ئەو وەڵامەی دامەوە (کاکی خۆم، ئەو برادەرە یەکەم بۆ ئەو گەشت و شوێنانە دەست نادات... دووەم جارێ ناتوانێ (پاسپۆرت) دەربهێنێ، چونکە کێشەی هەیە، دوێنێ ئێوارە لەگەڵ کاك سامیش قسەم کردووە ئەویش لەگەڵ بۆچوونەکەی من بوو. ئێستاش هەندێ پارە لەگەڵ خۆت بێنە دەچینە ڕێستورانتی (ستراند) چونکە (فاضل البراك)ـم داوەت کردووە (کە ئەوکات مولحەقی ڕۆشنبیری بوو لە سەفارەتی عیراق لە مۆسکۆ و لەگەڵ کاك دارا دۆستایەتییان هەبوو) کاك سامیش ئامادە دەبێت).

له ١٩٧٣/٦/١٧ به تەیارەیەکی رووسیی جۆری (الیوشن) بەرەو وڵاتی رۆمانیا بەڕێکەوتم، بەڕێککەوت لەم گەشتە کاك (ئەحمەد فەرهادی) کە ئەو کاتە بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست نەهێنابوو لەناو ئەو تەیارە و لە تەنیشت یەکەوە دانیشتین ئەو یانی (فەرهادی) ئەویش بە داوەت لە ئاکامی سەرکەوتنی لە پێشبڕکێیەکی رۆشنبیری بانگهێشت کرابوو بۆ وڵاتی (بولغاریا) لە (صوفیا) پایتەختی بولغاریا دابەزی و منیش بەرەو (بوخارست).

لەو گەشتەی وڵاتی رۆمانیا کە دوو هەفتەی خایاند رێزێکی تایبەتییان لێنام لەکاتێکدا نوێنەرانی رۆژنامەی (طریق الشعب)ی حزبی شیوعی عیراق و رۆژنامەی (الثورة)ی حزبی بەعسی ئیشتراکی لە ئوتێل (کونتانتیال)یان دابەزاندن، بەڵام منیان بردە کۆشکێکی قەشەنگی گەورە کە لەناو پانتاییەکی پانوبەرینی سەوزی پڕ لە درەخت و گوڵی رەنگاوڕەنگی نایاب رازابۆوە کە پێدەچوو کۆشکی سەردەمی زێڕینی یەکێ لە پاشاکانی پێشووی ئەو وڵاتە بووبێت کە پاشان زانیم بەم کۆشك و تەلارە دەڵێن (ماڵی حزب) کە میوانخانەیەکی زێدە تایبەتی بوو بە ئیدارەیەکی یەکجار رێکوپێك کە ئافرەتێکی تەمەن شەست ساڵ سەرپەرشتیی دەکرد و نازناوی (نەوەی مارکس-حفیدة مارکس)ی هەڵگرتبوو، هەڵگرتنی نازناوەکەش وەکو (جۆرج)ی وەرگێڕ بۆی گێڕامەوە کە (ماریا-ناوی ئافرەتەکە بوو) بە شێوەیەك دیسپلینی کۆمیۆنیستانەی پیادە دەکرد کە هەرگیزاو هەرگیز لادانی نەبوو هەر بۆیە نازناوی (نەوەی مارکس)یان پێ رەوا دیتبوو.

لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا کە لەو میوانخانەیە مامەوە کە تێیدا ئۆتۆمبێلێکی جۆری (ڤۆڵگا)ی مۆدیل ١٩٧٢ بە شوفێرەوە کە زمانی ئینگلیزیی دەزانی لەگەڵ وەرگێڕێك کە ناوی (جۆرج) بوو کە لە ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦٣) دەرچووی زانکۆی بەغدا-کۆلیژی پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی بوو و زمانی عەرەبیی بە باشی دەزانی سەرەڕای زمانی عەرەبی شێوازی عیراقی (اللهجة العراقیة)، چونکە وەکو دەیگێڕایەوە برادەرەکانی قوتابیانی ئەو بەشە بوون بە کورد و عەرەبەوە کە زمانی عەرەبییان دەخوێند، بەڵام باسی لە هەڵسوکەوت و

بۆچوونە سیاسییەکانی کورد و شۆڕشی ئەیلول و بارزانی نەمر و قوتابییانی کورد دەکرد بە باشە و ئەرێنی، کاتێ کە لە ژوورەکەی (ماریا) دانیشتبووین باسی میللەتی کورد و رەوشت پاکیی قوتابییانی کوردی بۆ دەکرد کە لە ماوەی چوار ساڵی ژیانی لە زانکۆی بەغدا چەندین هاوڕێی قوتابیی کوردی هەبووە و ناوی هەندێکیانی دەهێنا، کە بەڕاستی وەکو دەیگوت دۆستی راستەقینە بوون و چەند جارێك بە داوەت سەردانی ماڵی هەندێکیانی کردووە، کاتێ لای (ماریا) دەرکەوتین بەرەو ئەو ژوور و هۆڵە بچووکەی (جناح) کە بۆ من تەرخان کرابوو پێی راگەیاندم کە دەتوانم پشوو بدەم و چەند کاتژمێرێك چاوەڕوانم بکات، بەڵام من یەکسەر پێم گوت (هاوڕێ جۆرج) من هاتووم کات بە نووستن و پشوو بەفیڕۆ نەدەم و شەوان درێژن بۆ ئەم مەبەستە.. هەر ئێستا خۆم دەگۆڕم و دێمەوە لات، کاتێ گەڕامەوە بۆ ئەو هۆڵە گەورەیەی کە دەیگوت (رێستورانتێکی پێنج ئەستێرەیە) جۆرج لەگەڵ بانگکردنی جۆرێك لە دۆندرمە کە بە ئاوی میوەی شلیك ئامادەکرابوو بە زمانی رۆمانی پێیان دەگوت (کەپشون) باسی بەرنامەی گەشتەکەی بۆکردم کە ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێت و ئەم گرووپە رۆژنامەنووسە کە بۆ رۆمانیا بانگ کراون کە بریتییە لە بەرنامەیەکی ساڵانە تێیدا لە (١٢) رۆژنامەنووس پێکدێت سەردانی شوێنی جیاجیا دەکەن و هیوادار بوون کە سوود لەم گەشتە وەربگیرێ لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا بەندە نەك وەکو تەنها رۆژنامەنووسێك بەڵکو وەکو میوانێکی زێدە دۆست مامەڵەم لەگەڵ دەکرا کە تێیدا سەرەڕای چالاکییە رۆژنامەنووسییەکان لە (یانەی رۆژنامەنووسانی رۆمانیا) بە بەشداری نەقیبی رۆژنامەنووسانی رۆمانیا و سەرۆکی یانەی رۆژنامەنووسان و سەرنووسەری رۆژنامەی (سکانتیا)ی ئۆرگانی حزبی شیوعیی رۆمانی لە هەمان کاتیشدا کاکە (دکتۆر یحیا حەمید)ی کەرکووکی کە دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان وەرگرتبوو لە رۆمانیا و هاوسەرەکەشی هەر کچێکی رۆمانی بوو لەو چەند رۆژەدا ئیشوکارە تایبەتییەکانی خۆی جێهێشتبوو و زۆربەی کاتەکان لەگەڵ مندا بوو و زۆر جاریش کاری وەرگێڕانی بۆ دەکردم کە یەکەم هەنگاو

لەنێوانی گەشتە رۆژنامەنوسییەکە لە هۆڵی سەرەکیی یانەی رۆژنامەنووسان لە وڵاتی رۆمانیا بەڕێوەچوو پاش رێوڕەسمی بەخێرهێنان لەلایەن سەرنووسەری (سکانتیا)وە دەستی پێکرد کە تێیدا باس لەو داوەتەی رۆژنامەنووسانی کرد کە مەبەستی سەرەکییان بەدیارخستنی (رۆڵی رۆژنامەیە لە ژیانی سیاسی) و سەرەڕای یەکترناسین و ئاڵوگۆڕی زانیاری، وابزانم بەندە چوارەمین کەس بووم پاش سەرنووسەری سکانتایا و سەرۆکی یانەی رۆژنامەنووسان بانگکرام بۆ ئەوەی وتاری خۆم پێشکەش بکەم کە خۆشبەختانە (رێبەری رۆژنامەگەریی کوردی)ی (مامۆستا جەمال خەزنەدار)م لەگەڵ خۆم بردبوو کە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی ئامادەکرابوو و باسم لە رۆژنامەی (کردستان)ی دایك کرد کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرەی وڵاتی میسر دەرچووە ئەوجا هاتمە ناو خودی ئەو باسەی کە مەبەستم بوو ئەویش (دۆزی کورد) بوو کە بە درێژی باسم لە مێژوو و جوگرافیا و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکە کرد کە پاشان بە گرێدانی داوەتێك بۆ کوردستانم کۆتایی پێ هێنا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی کوردستان بن بۆ رۆژنامەنووسانی ئامادەبوو لەم کۆڕە دیسان لە چەند دانیشتن و گردبوونەوەکانی لەم جۆرە ئەو بابەتەم دووبارە دەکردەوە چ لە شاری (یاش) لە خواری وڵاتی رۆمانیا چ لە هاوینەهەوارەکانی سەر دەریای رەش وەکو (کوستانزا و مامایا) و چ لە ناوچە شاخاوییەکانی (براشوف و سینایا) سەرەڕای باسکردنی رۆڵی رۆژنامەکانی (التآخي و برایەتی) لە هەردوو قۆناغی ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨ و ١٩٧٠...) لێرەدا جێگای باسە سەرەڕای گەشتە ناوخۆییەکانی ناو وڵاتی رۆمانیا و قسەکردن لەسەر دۆزی کورد و رەوشی رۆژنامەگەریی کوردی باس لە دوو رووداوی دیکە لەو گەشتەدا بکەم کە بۆ (بەندە) رێکخرا یەکەمیان سەردانی (دیکالونو) کوڕی سەرۆکی رۆمانیا و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعیی رۆمانیا لە نووسینگەی خۆی لە بوخارست بۆ ماوەی نیو کاتژمێر کاتێ لەگەڵ (فیلاسکی)ی سەرنووسەر چووینە نووسینگەکەی چاوم بەو وێنەیە کەوت لەکاتی خۆی (دیکالونو) کە

هاتە کوردستان بە مەبەستی بەشداریکردنی لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان (٣٠/٤-٢/٥/١٩٧٢) لە سلێمانی کە ئەوکات بەندە سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە مەزنە بووم وێنەکەشی لە هاوینەهەواری سەرچنار گیرابوو و لە ناوەڕاستی دیواری پشت سەری هەڵواسرابوو و یەکسەر بەندەی ناسییەوە چونکە کاتێ گەیشتە بەغدا من و حسێن سنجاری لە ئوتێل (امباسادور) پێشوازیمان لێکرد و پێش ئەوەی سەفەری سلێمانی بکەین بە چەند ڕۆژ.

ڕووداوی دووەم میوانداری کردنی بەندە بوو لە هاوینەهەواری (زناگوف) لە لایەن (فیلاسکی) کە تێدا جۆرجی وەرگێڕیشمان لەگەڵدا بوو لە (زناگوفیش) لە ڕێستورانتی (پیسکەرو) کە مانای (چێشتخانەی کەڵەشێری ڕەش)ە جێگای تایبەتیمان بۆ ڕێکخرابوو کە لە راستیدا شوێنێکە دەتوانم بڵێم یەکێکە لە شوێنە دڵگیرەکانی دەوروبەری بوخارست کە بریتی بوو لە دەریاچەیەکی دەورەدراوی بە دار و درەختی زێدە جوان و ڕێکوپێك و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی نایاب کە تێیدا چەندین ڕێستورانتی قەشەنگی لێ ڕێکخرابوو، بەڵام ڕێستورانتی (پیسکەرو) کە ناوەکەی بە خۆیەوە بوو تەنها خواردنە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە (برژاندنی کەڵەشێری ڕەشی لەسەر قاپی گەورەی خشتی سوورکراودا (فخار) لە کورەی ئاگرینی دار دا کە پاشان برژاندنیشی بە (شەرابی سووری ڕۆمانی)ـی مارکەی (مورتفلار) شەراب ڕشێن دەکرا). پاش بەکۆتا هاتنی ئەم داوەتە نایابە لەگەڵ خۆم لێکم دەدایەوە ئاخۆ دەبێت نهێنی لەم داوەت و ئەم شوێنە دڵڕفێنە تەنها نیشاندانی کەلتووری میوانداریی ڕۆمانییەکانە و لەم جۆرە جێگا و شوێنە دڵڕفێنانەدا؟!.

بەڵام کاتێ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەو سەیرانگایە هەنگاومان دەهاوێشت چاومان بە ژمارەیەك لە خانووی گەشتوگوزار (فیلات سیاحیە) کەوت، (ڤیلاسکی) دەستی منی گرت و بردمیە ناو یەکێ لەم ڤێلانە و دانیشتین و یەکسەر گوتی دەزانی بۆ تۆم هێناوەتە ئێرە، منیش پێش ئەوەی قسەکانی تەواوبکات سوپاسی بێ پایانی خۆمم پێ ڕاگەیاند کە بەهۆی ئەم داوەتەی

ئەوان وڵاتێکی جوان و پان و بەرینم دیت، بەڵام ڤیلاسکی دووبارە هاتمەوە قسە و گوتی (لە کۆتایی گەشتەکەتدا ویستم شوێنێکت نیشان بدەم کە پەیوەندیی بە سەرۆکی کورد (مستەفا بارزانی)یەوە هەیە کە رووداوەکەش بریتییە لەوەی کاتێ شۆڕشی (١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨) لە عیراق روویدا و بارزانی لە (مۆسکۆ)وە بۆ ئێرە (بوخارست) هات لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی بۆ عیراق لە میوانداریی دەوڵەتی رومانیا مایەوە و سەرۆك کۆماری رۆمانیاش پێشوازیی لێکرد. من بۆیە تۆم هێنایە ئێرە تاکو یادگارێکی شیرینت لا بهێڵمەوە) کە لە رۆژانی مانەوەیدا (بارزانی) لێرە و لەم شوێنە و لە یەکێ لەم ڤێلایانە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکرد.

لە نێوانی ئەو رۆژانەدا چەند جارێك (ئوردو)ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی رۆمانی و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەم حزبە سەردانی کردم و هەمیشە جەختی لەسەر پەیوەندیی نێوان هەردوو گەلانی رۆمانیا و کوردستان دەکردەوە کە پیاوێکی تەمەن (٤٥) ساڵەی رۆخۆش و قسەزان بوو کە لە بنەڕەتدا بە رەگەز (جو)ی هەرێمی مۆڵدافیا بوو کە وەکو ئەو دەیگوت بەشێکی مۆڵدافیا خاکی رۆمانیایە، بەڵام رووسەکان داگیریان کردووە و بە چەند رۆژێك پێش ئەوەی رۆمانیا بەجێبهێڵم، خوالێخۆشبوو (حبیب محمد کریم) کە ئەوکاتە سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو سەردانی رۆمانیای کرد و لە هەمان ئەو (میوانخانە) میوانداری کرا.

لە فرۆکەخانەی بوخارست بە مەبەستی بەڕێکردنم (فیلاسکی) بە خۆی و بە (تاقمێك قاپی سیرامیکی رۆمانیی پیرۆزەیی و جانتایەکی چەرم کە تێیدا کۆمەڵێك وێنەی ئەو گەشتەی تێدابوو) تاکو دەرگا لەگەڵم هات سەرەڕای کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی قوتابییانی کورد لە رۆمانیا کە هەموو ساڵێك لە رۆمانیا کۆمەڵێك قوتابیی کوردی سوودیان لەو زەمالانە وەردەگرت بە مەبەستی خوێندن لە زانکۆکانی رۆمانیا، ئەوانەی کە لە بەڕێکردنەکەدا ئامادەبوون برایانی قوتابی (خالید حەیدەری، وریا زەنگەنە، د. یحیی حمید، لاوچاك حەفید، شێخموس، لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە کە بەداخەوە ناوەکانیانم

لەیاد نەماوە)، بەڵام کاتی خۆی ئەو دەفتەرەی کە رۆژانە لەو گەشتەدا بیرەوەرییەکانم تێدا دەنووسی کە سەرجەم ناوی ئەو برادەرانەی رۆژانی رۆمانیا دەهاتنە لام و لەگەڵمدابوون بەوپەڕی داخەوە ئەو دەفتەر و ئەو جانتا چەرمە لەگەڵ وێنەکان و تاخمە سیرامیکییەکەی (فیلاسکی) لەگەڵ تێکڕای ماڵەکەم کەوتە بەردەستی حکومەتی بەعس کاتێ لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد.

پاداشتی ئەو گەشتەم بۆ وڵاتی رۆمانیا بریتی بوو لە نووسینی سێ وتار بە زمانی عەرەبی کە لە یەکێکیاندا لە ژمارە (١٣٨٦)ی رۆژی ١٩٧٣/٧/١٧ لە رۆژنامەی (التآخي) بڵاومکردەوە وتومە "گەلە بچووکەکان و ژێردەستەکان زۆر بە زەحمەت دەتوانن دۆستی راستەقینە بدۆزنەوە و پەیدا بکەن بە هۆکاری تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەتایبەتیش ئەم دیاردەیە زیاتر لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە روویدا کاتێك تەنگ و چەڵەمەکانی نێوان دەوڵەتانی زلهێز سیاسەتی (شەڕی سارد) بەرەو کەمبوون دەچوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینن گەلی رۆمانیا و حزبی شیوعیی رۆمانی گرنگییەکی تەواو بە کێشەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی دەدەن لە روانگەی ئەو بۆچوونەیان کە ئەم بزووتنەوەیە (بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد) بەشێکە لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی جیهان کە تێیدا رۆمانییەکان جەخت لەسەر مافەڕەواکانی گەلی کورد و سەربەخۆیی بڕیاری کورد دەکەن..."

کاتێ سەرۆکی کۆچکردووی رۆمانیا (نیکۆلای شاوشیسکۆ) بە سەردان هاتە بەغدا لە ١٩٧٤/٢/١٩ و لە کۆشکی (الزهور) دابەزی، خوالێخۆشبوو مامۆستا (حبیب محمد کریم) بە راسپاردەی بارزانی نەمر لە کوردستانەوە هاتە بەغدا بە مەبەستی بەخێرهێنان و دیداری سەرۆکی رۆمانیا، ئەوەبوو رۆژی ١٩٧٤/٢/٢١ مامۆستا حەبیب و بەندە لە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ سەردانی کۆشکی (الزهور)مان کرد و شاوشیسکۆ زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین و لەنێوان مامۆستا حەبیب و بەندە دانیشت و کاك حەبیب بەناوی

(بارزانی)یەوە بەخێرهێنانی کرد و سڵاوی گەرمی پێ ڕاگەیاند ئەویش لە سەرەتای قسەکانیدا (شاوشیسکۆ) گوتی (خۆشحاڵم بە دیتنتان و ئاواتەخواز بووم "وڵاتەکەی" ئێوەش ببینم، بەڵام هەندێ هۆکاری تایبەت ئەم ئاواتەم بەجێ ناهێنن، من میوانی فەرمیی دەوڵەتی عیراقم، هیوادارم کێشەکانی نێوانتان بە برایانە و بە ئاشتی کۆتایی بێت). قسەکانی ڕابەری پێشووی ڕۆمانیا و دیتنی (دیاکۆ) کوڕی لە بەغدا و کوردستان و بوخارست و گەشتە دوو هەفتەییەکەم بۆ وڵاتی ڕۆمانیا لە یادگارییەکانم تاکو ڕۆژی ئەمڕۆش بە زیندوویی ماوەتەوە و دەربارەی ئەم گەشتە و چاوپێکەوتنی (نیکۆلای شاوشیسکۆ) بابەتێکم بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوونیشانی (کوردستان لەگەڵ ئێمە بوو لە ڕۆمانیا پێش ٢٤ ساڵ)-(كوردستان كانت حاضرة معنا في رومانيا قبل ٢٤ عاماً) لە گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە (٩) لە ١٩٩٧/٢/٢٥ بڵاومکردۆتەوە.

گەشتی دووەمم بۆ (بەرلین)ی پایتەختی ئەو سەردەمەی (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوو کە بە ئەڵمانیای دیموکراتی) ناوزەد دەکرا کە هەر لە ئاکامی جەنگی جیهانیی دووەم ئەو وڵاتە دابەشکرا لە نێوانی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی.

ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (فیستیڤاڵی دەیەمی قوتابییان و لاوانی جیهانی لە بەرلینی پایتەختدا گرتبووە ئەستۆ) ئەم فیستیڤاڵانە وەکو نەریتێك هەر دوو ساڵ جارێك لە یەکێ لە وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی ئەنجام دەدرا کە لەسەرەتادا فیستیڤاڵی یەکەم ساڵی ١٩٤٧ لە (براغ)ی پایتەختی چیکوسلۆڤاکیا و دووەم لە ساڵی ١٩٤٩ لە بودابست پایتەختی مەجەڕ و سێیەمیش ساڵی ١٩٥١ لە بەرلین و چوارەمیشیان ساڵی ١٩٥٣ لە بوخارست لە فیستیڤاڵی پێنجەمدا کە لە وارشۆ ی پایتەختی پۆڵۆنیا لە ساڵی ١٩٥٥ بەسترا بۆ یەکەم جار قوتابییان و لاوانی کوردستان بە شاندێك بەشدارییان تێدا کرد لەنێوان شاندی عیراقدا، لە فیستیڤاڵی شەشەمیش کە لە ساڵی ١٩٥٧ دیسان جارێکی دیکە لاوان و قوتابییانی کوردستان بەشدارییان لەم فیستیڤاڵە کرد کە

له مۆسکۆ پایتەختی یەکێتیی سۆڤییەت بەسترا، ئەوەی لێرەدا لەبیرمە ئەو ساڵە لە ڕێگای مامۆستا (عبدالخالق علاءالدین) کە خزمایەتیمان هەیە بەو پێیەی خوالێخۆشبوو (نعیمە علاءالدین)ـی خوشکی دەبێتە خێزانی مامم (حاکم عومەر حەبیب) کە هاتوچۆی گەرم لە نێوانیاندا هەبوو، زانیمان کە ئەو فیستیڤاڵە (فیستیڤاڵی حەوتەم لە هاوینی ساڵی ١٩٥٩ لە ڤییەنای پایتەختی وڵاتی نەمسا دەبەسترێ زۆرم حەز دەکرد کە لەو فیستیڤاڵە لەگەڵ مامۆستا عبدالخالق علاءالدین و لاوان و قوتابییانی کورد بەشداری بکەم، باوکیشم ڕەزامەندیی نیشاندا، بەڵام داخی گرانم بەهۆی تەمەن بچووکیمەوە کە ئەوکاتە تەمەنم سانزە ساڵان بوو نەتوانرا پەساپۆرتم بۆ بەدەست بهێنن ئاواتەکەم نەهاتە دی، بەڵام خۆشبەختانە کاتێ بەڕێوەبەری کارگێڕیی (دار التآخي) بووم دەستنیشان کرام لەنێوان ئەو شاندەی کە بریتی بوون لە (٦٥) قوتابی و لاوی کوردستانی لەنێوان شاندێکی عیراقیی هەمەلایەن کە بریتی بوون لە پارتی و شیوعی و بەعس بەسەرپەرشتیی خوالێخۆشبوو عبدالوهاب ئەتروشی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و نعیم حداد لە لایەن حزبی بەعسی ئیشتراکی و فخری کریم زەنگەنە لە لایەن حزبی شیوعیی عیراقی کە لەڕاستیدا شاندی کوردستانی بەشدارییەکی بەرچاویان بە جلی نەتەوەیی لەم فیستیڤاڵەدا هەبوو کە ڕۆژانە لە گۆڕەپانی (الکسندر پالاس) و شوێنەکانی دیکە جمولی هونەری و فۆلکلۆری نمایش دەکرا، لەو گەشتەدا لەگەڵ هاوڕێیانم (جەلال خۆشناو، سیروان عبدالله سعید، زاهیر محمد، تایەر بیتوشی کە ئەوکاتە قوتابیی دکتۆرا بوو لە بەرلین)، سەردانی شاری (پوتسدام)ـمان کرد بە مەبەستی دیتنی ئەو کۆشکەی کە تێیدا هەرسێ سەرکردەی جیهانی (ستالین، روزفلت، چرچڵ) لەم کۆشکەدا نەخشەی سیاسیی ئەم جیهانەیان دادەڕێشت لە ئاکامی ئەو سەرکەوتنەی کە بەسەر وڵاتی ئەڵمانیا و دۆستانی بەدەستیان هێنابوو کە لە ئاکامدا هەر لەم کۆشکە چارەنووس و دابەشکردنی وڵاتی ئەڵمانیا بە فەرمی ڕاگەیەندرا (دەربارەی ئەم فیستیڤاڵە و بەشداریی قوتابییان و لاوانی کوردستان بابەتێکم بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوونیشانی (ذکريات عن مشاركة

أكبر وفد شبابي كوردستاني في المهرجان العالمي العاشر للطلبة والشباب في برلين عام ١٩٧٣) له ژماره ١١ی ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٢٥ له گۆڤاری (گولان العربي) بلاوكردۆتەوە.

گەشتی سێیەمم كه دوا گەشتی ڕۆژانی مانەوەم بوو له (دار التآخي) گەشتی پایتەختی قاهیرەی وڵاتی میسر بوو لەگەڵ هاوڕێی دێرینم كاك عادل موراد كه یەكێكه له گەشته مێژووییەكانی ژیانی من كه تێیدا بەنده و كاك عادل موراد ڕاسپێردراین سەفەری قاهیره بكەین به مەبەستی گەیاندنی نامەیەكی تایبەتیی (بارزانی نەمر) بۆ سەرۆكایەتیی كۆنگرەی وڵاتانی بێلایەن (مؤتمر دول عدم الانحیاز) لەنێوان هەردوو بلۆكی سۆشیالیستی و سەرمایەداری كه خۆی له یەكێتیی سۆڤییەت و وڵاته یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەدیتەوە، كۆنگرەش له جەزائیری پایتەختی وڵاتی جەزائر دەبەسترا بۆیه دەبووایه یەكەم جار بچینه قاهیره و لەوێشەوە ڤیزای جەزائیر وەربگرین به مەبەستی گەیاندنی نامەكەی (بارزانی).

چیرۆكی بردنی نامەكەی (بارزانی) بۆ جەزائیر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی یەكەمی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٣ كاتێ له لایەن هەردوو خوالێخۆشبووان (سامی عبدالرحمن و دارا تۆفیق) له بارەگای دار التآخي ڕۆژی ١٩٧٣/٩/١ ئاگاداریان كردم كه دەبێت به زووترین كات نامەیەكی (بارزانی) ببەینه جەزائیر به مەبەستی گەیاندنی نامەكه بۆ سەرۆكایەتیی كۆنگرەی چوارەمی وڵاتانی بێ لایەن كه له ڕۆژی ١٩٧٣/٩/٥ دەبەسترێ كه تێیدا گەورە سەركردەكانی وڵاتانی بێ لایەن وەكو خوالێخۆشبووان (أنور السادات، جوزیف بروز تیتو، جواهر لال نهرو و نكروما و سیكوتوری..) تێیدا بەشدار دەبن. بۆ ئەم مەبەستەش بەنده و كاك عادل موراد دەستنیشان كراین كەوا بەم ئەركه تایبەتییه هەستین.. ڕۆژانی ٢، ١٩٧٣/٩/٣ هەردووكمان (كاك عادل و بەنده) كەوتینه خۆ ئامادەكردن له هەموو بارێكەوە و سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٩/٣ له بەغداوە به فڕۆكه بەرەو قاهیره چووین و ڕۆژی دواییش هەر زوو سەردانی سەفارەتی جەزائیرمان كرد به مەبەستی وەرگرتنی ڤیزای جەزائیر، بەڵام ئەوەی جێگای داخ بوو

دبلۆماسییەکانی سەفارەتی جەزائیر زۆر ناپیاوانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردین و چەندی هێنامان و بردمان هیچ جۆرە نەرمییەکیان نیشان نەدا لەکاتێکدا بە سەدان رۆژنامەنووسی سەرتاسەری دونیا ئامادەی رووماڵکردنی ئەم کۆنگرە بوون، بەڵام وا پێدەچوو جەزائیرییەکان لە سەرەتاوە هەڵوێستێکی زۆر نەرێنییان بەرامبەر کورد هەبوو، پاشان کە کەمتر لە دوو ساڵ بەسەر بەستنی ئەم کۆنگرەیەی کە (من و کاك عادل)یان بێ بەش کرد لە چوونمان بە مەبەستی گەیاندنی نامەکەی (بارزانی) لەکاتێکدا بە سەدان رۆژنامەنووسی ئەم دونیایە بۆ ئەم مەبەستە ڤیزایان پێدرابوو، مەبەستم لە کەمتر لە دوو ساڵ پاش بەستنی ئەم کۆنگرەیە بە میوانداریێتیی وڵاتی جەزائیر بوو کە هەردوو سەرکردەی گۆڕبەگۆڕی عیراقی سەدام حوسێن و ئێرانی محمد رەزا شای پەهلەوی لە کۆنگرەی (ئۆپیك) کە تێیدا (بومدین)ی گۆڕبەگۆڕی جەزائیر رۆڵی (بەربووك)ی دیت لە بەیەك گەیاندنی هەردوو سەرۆکی عیراق و ئێران بە مەبەستی ئیمزاکردنی خیانەتنامەی (٦)ی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ بە پیرۆزبایی (کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە تێیدا کۆتاییان بە شۆڕشێکی چواردەساڵەی گەلی کوردیان هێنا (لە لاپەڕەکانی دوایی بیرەوەرییەکانم باس لە بابەتێك دەکەم کە چۆن ئەو بابەتەم بە رووی وەزیری گەیاندنی جەزائیر (الهاشمی جیار) دادا).

پاش ئەوەی لە هەڵوێستی جەزائیرییەکان بێ ئومێد بووین یەکسەر سەردانی سەفارەتی یوگسلافیامان کرد لە قاهیرە چونکە یوگسلافیا لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم (بلۆك)ە بێ لایەنەیە سەرەڕای ئەوەی یەکەم کۆنگرەی ئەم بلۆکە لە (بلگراد)ی پایتەختی یوگسلافیا ساڵی ١٩٦١ بەسترا و ئەندامێکی کارای سکرتارییەتی ئەم کۆنگرەیە بوو کاتێ باسی چۆنێتیی مامەڵەی جەزائیرییەکانمان پێ راگەیاندن هاوسۆزیی خۆیان دەربڕی پاش داواکاریی ئێمە بە گەیاندنی نامەکەی بارزانی بۆ سەرۆکایەتیی کۆنگرە داوای نامەکەیان لێکردین و ئێمەش دەقی نامەکەمان پێدان و ئەوانیش دڵنیایان کردین لە گەیاندنی نامەکە لە هەمان رۆژدا بە رێگای تایبەتیی خۆیان، بۆ

ئێوارەکەی هەمان رۆژیش سەردانی رۆژنامەی (الأهرام) کرد کە لە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمیی بەرچاودا لە سەنتەری قاهیرە جێگیر ببوو، مەبەستی سەردانەکەشمان گەیاندنی نامەیەکی کاك دارا تۆفیق بۆ (صلاح حافظ) کە یەکێك بوو لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی ئەو سەردەمەی الأهرام و دۆستایەتیی لەگەڵ کاك دارا هەبوو ئەویش (یانی صلاح حافظ) پێش ماوەیەك سەردانی بەغدای کردبوو و رۆژێك پاش سەردانی باڵەخانەی (دار التآخي) داوەتێکی صلاح الحافظ-ی کرد کە تێیدا بەندەشی لەگەڵدابووم لە رێستورانتێکی کە لەسەر کەناڵی سوپا (قناة الجیش) بوو شەوێکی خۆشمان بردەسەر، بەڵام بەداخەوە (صلاح حافظ)یش ئەو کاتە لە دەرەوەی قاهیرە بوو، بەڵام نووسەر و رۆژنامەنووس (سعدالدین وهبە) وەڵامی تەلەفۆنەکەی دامەوە کاتیٚ ژمارە تەلەفۆنی صلاحم لە (الاهرام) داواکرد کە ئەویش زۆر بە گەرمی خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بە بینینمان لە باڵەخانەی الاهرام، کاتیٚ لە (ئەسانسێر)ەکەی الاهرام سەرکەوتین کارمەندێکی ئیدارە ئێمەی بەرەو ژوورەکەی سعدالدین وهبە برد کە بە دیتنمان خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و دانەیەکمان لە کۆپیی نامەکەی بارزانی پێدا و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی (بابەتێکم دەربارەی ئەم بابەتەش بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوونیشانی (قصە إیصال رسالە موجهە من بارزانی الخالد إلی مؤتمر قمە دول عدم الانحیاز المنعقد في الجزائر عام ١٩٧٣) لە گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە ١٠ی ١٩٩٣/٣/٢٥ بڵاوکردەوە.

باسکردنی ئەو سیٚ گەشتە بۆ دەرەوەی عیراق کە لە پێشەوە باسم لێوە کردوون کە لە کاتی کارکردنم لە التآخي دا ئەنجام دراوە بۆ ئەوە نییە وەکو ئەدەبی گەشت باسی لێوە بکەم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە هەر سیٚ گەشتەکە مەخزای سیاسی و رۆژنامەنووسیی هەبووە و ناکرێت بە شێوەیەکی فراوان باسی نەکرێت، بەڵام چونکە من سەراپای ئەو گەشت و دیدار و چاوپێکەوتن و نووسینانەی لەسەر هەندیٚ لەو کەسایەتییانەی کە لەسەریان نووسراوە کاتی خۆی بە زمانی عەرەبی زۆربەیانم لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی (گولان العربي،

خەبات، الصوت الآخر، زاگرۆس) بڵاوكردۆتەوە، پاشانیش بە مەبەستی کۆکردنەوەیان لەسەر پێشنیاری د. عبدالفتاح بۆتانی، د. سامی خالد و برای بەڕێز و خۆشەویستم رۆژنامەنووسی بە توانا خوالێخۆشبوو (تاریق ئیبراهیم شەریف) کە هەمیشە ئەرکی هەڵەچنی (تصحیح) زمانە عەرەبییەکەی بۆ دەکردم کە لە راستیدا هەرگیزا و هەرگیز لەبیری ناکەم و عەبدوللا زەنگەنە کە ئەویش هەمیشە هاندەرم بووە لەو بوارەدا، سەرەڕای هاندەرێتی بۆ نووسینەوەی بیروڕاکانم کە ئەو لە ئاکامی ئاگاداربوونی لە وردەکاریی ژیانی سەندیکایی و سیاسی و رۆژنامەنووسیم بە بایەخەوە فشاری بۆ دەهێنام کە ئەو ئەرکەش جێ بە جێ بکەم، چونکە وەکو ئەو دەیڵێ و دەیڵێتەوە "بەشێکە لە مێژوو"، پاشانیش هەموویانم لە کتێبێکی (٧١٧ لاپەڕە)دا لەژێر ناوو نیشانی (ذاكرة الأيام) ساڵی ٢٠١١ چاپی یەکەمی بە پێشەکییەکی پوخت و جوانی د. عبدالفتاح بۆتانی بەزمانی عەرەبی بڵاومکردەوە، هیوادارم لە ئایندە دا بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

قۆناغێکی یەکجار گرنگی کارکردنم لە (دار التآخي) لەدایکبوونی یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ١٨٩٨/٤/٢٢ کاتێ (رۆژنامەی کردستان)ی دایك لەم مێژووە لە قاهیرەی وڵاتی میسر دەرچووە لە لایەن بنەماڵەی کوردپەروەری (بەدرخانییەکان) کە تێیدا مقداد بەگ بەدرخان و عبدالرحمن بەگی برای توانییان دوور لە وڵاتی پان و بەرینی کوردستان بە هۆکاری سیاسەتی زاڵمانەی دەوڵەتی عوسمانی ئەم رۆژنامەیە چاپ و بڵاوبکەنەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم پێش ئەوەی بچمە نێو باسە سەرەکییەکە لەو قۆناغە دا کە ئەمیش دەربارەی دەرچوونی برایەتییە بە شێوەیەکی رۆژانە، بە کورتی باسی مێژووی ئەو رۆژنامە دێرینە بکەم کە یەکەم ژمارەی لە رۆژی ١٩٦٧/٥/٦ لە بەغدا دەرچووە، هەفتەیەك باش دەرچوونی رۆژنامەی (التآخي) کە یەکەم ژمارە لە ١٩٦٧/٤/٢٩ دەرچووە و ستافەکەشی بریتی بوو لە خوالێخۆشبووان ساڵح یوسفی، وەکو سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیاز کە تێیدا

هەریەکە لە ئەندازیار شەوکەت عەقراوی، پارێزەر نەجیب بابان، محەمەد سەعید جاف و عەمیدی سەربازی خانەنشین کراو عبداللە سعید ئەندامی ئەم دەستەیە بوون کە هەرهەموویان بێ بەرامبەر بەشدارییان لەو ئەرکە نیشتمانییە دەکرد، بەڵام بە گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ دەسەڵاتی بەغدا لە ١٩٦٨/٧/١٧دا جارێکی دیکە بەپێی ئەو سیاسەتە چەوتەی کە جارێکی دیکە گرتیانەوەبەر کە تێیدا شەڕێکی خوێناوییان بەسەر کوردستاندا هێنا و لە ئاکامی ئەو سیاسەتەیان برایی دواژمارەی لەو خولەدا لە ١٩٦٨/١١/٩ دەرچووە، قۆناغی دووەم کە لەپاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەستپێدەکات جارێکی لە ١٩٧٠/٦/١وە دەستپێدەکات ناوەکەی لە (برایی)ـەوە گۆڕدرا بۆ (برایەتی) لە رۆژنامەوە بوو بە گۆڤار و ١٤ ژمارەی لێ دەرچوو، لەو قۆناغەدا بۆ ماوەیەك رۆژنامەکە گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی پاش ماوەیەکیش گەڕاوەتەوە بەغدا، ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو چ لە بەغدا پاشان لە سلێمانی ئەوجا دیسان لە بەغدا چ وەکو گۆڤار ئەوجا رۆژنامە تاکو قۆناغی زێڕینی کە لە ١٩٧٤/١/١ دەستپێدەکات.

رۆژانی کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ بارودۆخی سیاسیی نێوانی حکومەتی بەعس و سەرکردایەتیی شۆڕش ئاڵۆز بوو، بەعس پاش ئەوەی لایەنی یەکێتیی سۆڤییەت و حزبی شیوعیی عیراقی (تەئمین) کردبوو کەوتبووە دۆزینەوەی (پەڵپ) و خۆدزینەوە لە جێ بە جێ کردنی مادە و بڕگەکانی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، هەفتەی چەند جارێك سکرتێر و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ سەدام حوسێن و ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتیی عیراق دادەنیشتن و لەبەر ئەوەی شوێنی کۆبوونەوەی برادەرانی ئێمە لەو (شوقە)یەی کە لە باڵەخانەی (دار التاخی) کە بۆ ئیشوکاری سەرکردایەتیی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی رێکخرابوو ئیشوکارەکان و پلانی وتووێژ و کۆبوونەوەکانی لەم شوێنە دەکران و لێپرسراوێتیی چاپ و کۆپیی کۆنووسەکانیش بەتەنیا (حصراً) لای من بوو، بۆیە ئاگاداری تێکڕای رووداو و بارودۆخەکە بووم و ئەگەری داسەپاندنی شەڕێکی دیکەی بەسەر گەلی کورد

ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوو، بەڵام دیسان وەکو کاکە دارا دەیگوت (ئەگەری ئاشتی لە شەڕ زیاترە بە پێچەوانەی کاک سامی عبدالرحمن کە لەو ڕۆژانەدا بە تەواوی (ڕەشبین بوو) چەند جارێك ئەو قسەیەی بە عەرەبی دووبارە دەکردەوە "من الآن لملموا اغراضكم والقتال آت عاجلاً أو آجلا").

ڕۆژانی ۲۰، ۱۹۷۳/۱۲/۲۱ کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان بەڕێوەچوو، لەم کۆبوونەوەیە سەرەڕای بڕیارە سیاسی و کارگێڕی و حزبییەکان و پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی بەعس، بڕیاری دەرچوونی برایەتی و کردنی بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڕیاری لێدرابوو، سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر موافەقەتی پێشووی (بارزانی نەمر) بە کڕینی چاپخانەیەکی تایبەت بۆ دار التاخی سەرەڕای بارودۆخە ناهەموارەکە، کاتی سەرلەئێوارەی ڕۆژی ۱۹۷۳/۱۲/۲۲ کاتیٚ کاك دارا تۆفیق لە کوردستان گەڕایەوە یەکسەر هاتە ژوورەکەی من پێی ڕاگەیاندم کە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی (برایەتی) کۆ بکەمەوە، چونکە وەکو ئەو وتی (بڕیاری کردنی برایەتی بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە جیٚ بە جیٚ دەکەین)، ستافی برایەتی لەو کاتەدا کە لەبیرم ماون بریتی بوون لە هاوکاران (سەربەست بامەڕنی کە ڕۆڵی سکرتێری نووسینی برایەتی دەگێڕا پاش کۆچی دوایی خوالێخۆشبووان ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاك لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە خێزانی برایەتییان پێکدەهێنا کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (جەلالی میرزا کەریم، حمید سوری، سەلاح شوان، عبدالوهاب تاڵەبانی، خەلیل دهۆکی، عبدالرحمن نقشبندی...)

کە لەڕاستیدا هەرهەموویان بە گیانێکی زیندو و کوردپەروەرانە کاریان دەکرد و شەو و ڕۆژیان لەسەر یەك دادەنا بۆئەوەی برایەتی بەردەوام بێت لە دەرچوون و لە ماوەی ئەو هەفتەیەی پێش دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ناوم هێناون وەکو شانەی هەنگ سەرقاڵی نووسین و بابەت کۆکردنەوە بوون، ئەوە بوو ڕۆژی ۱۹۷٤/۱/۱ ژمارە (۰)ی برایەتیی ڕۆژانە کەوتە بەر دیدی خوێندەوارانی کورد، پاشان ڕۆژی ۱۹۷٤/۱/۸ ژمارە (۱) دەرچوو و دوا

ژمارەش ژمارە (٢٦) بوو کە لە ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٧ بە فەرمانێکی قەرەقوشیی حکومەتی بەغدا لە ڕێگای وەزیری ڕاگەیاندن (حامد الجبوری) بە تەلەفۆن فەرمانی ڕاگرتنەکەی پێ ڕاگەیاندین بە بیانووی ئەوەی مۆڵەتی ڕۆژنامەی برایەتی بۆ هەفتانەیە نەك ڕۆژانە دەربچێت.

لەو سەروبەندەدا ژیانی هاوسەریم لەگەڵ خاتو (پەروین عبدالله سعید) پێکهێنا کە ئەویش کچی خوالێخۆشبوو (عبدالله سعید)ە کە ئەویش ئەفسەرێکی نیشتمان پەروەری کوردە و تا پلەی (عەمید) ڕۆیشت، بەڵام کاتی بەرزبوونەوەی پلەی سەربازی دەگاتە (لیوا) کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ڕوویدا وە لەجیاتی ئەوەی (تەرفیع)ی پێبکرێت وەکو هەزاران کەسایەتیی کورد و نیشتمان پەروەرانی عیراقی بەرەو زیندانە ڕەشەکانی بەعس بران و چەند مانگێك لە حەپسخانە مایەوە.

بەرە بەرە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچوو و منیش لەسەر ڕاسپاردەکەی کاك سامی (لملمو اغراضکم) ئەو شتانەی کە نهێنی و تایبەت بوون پێچامەوە لە دوو کارتۆنی گەورە ڕێکم خستن و بە ئۆتۆمبیلە تایبەتییەکەی وەزیری کاروباری سەروو (سامی عبدالرحمن) لەگەڵ (محمود...) دا بردمان بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی، ئەوەی مابۆوە تەنها کەلوپەلی ئاسایی و ئامێری کۆپی بوون، ڕۆژانی کۆتایی مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا ١٩٧٤ بەرە بەرە کارمەندانی هەردوو ڕۆژنامەکە (التآخي و برایەتی) و ڕۆژنامەنووسەکان یەك و دوو ڕۆژانە بەغدایان بەجێدەهێشت بەرەو کوردستان و منیش بۆ هەر یەکەیان کە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد بڕێکم پارە بۆ دابین کردن سەرەڕای مووچەی مانگانەکەی، ڕۆژنامەنووسانی برایەتی، چونکە هەمووی هەر کورد بوون و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون زووتر پێش ئەوانی دیکە بەغدایان بەجێهێشت و دوا ژمارەی برایەتی کە بووە هەفتانە (٨٥) بوو کە ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٢٤ دەرچوو، بەڵام بە نسبەت ڕۆژنامەنووسانی (التآخي) کە زۆربەیان (عەرەب)ی نیشتمان پەروەر و چەپ بوون زۆر بە تاسەوە تەماشای بارودۆخە شڵەژاوەکەیان دەکرد و لە ناخیشەوە (التآخي)شیان خۆشدەویست،

لەو رۆژانەدا بە بەردەوامی خوالێخۆشبوو (عبدالغنی الملاح، بشیر مصطفی، ضیاء المرعب، جعفر یاسین، یوسف الصائغ، فاروق سعید، عبدالمنعم الأعسم، عبدالله اللامی، سعید القدوس، عبدالحمید الزیدی، رجاء الزنبوری، و ئەوانی دیکە سەردانی ژوورەکەی منیشان دەکرد و پەرۆشیی خۆیان بۆ لێکترازانی پەیوەندیی نێوان کوردستان و بەغدا دەردەبڕی هەتا جارێکیان ضیاء المرعب کە یەکێکە لە رۆژنامەنووس و نووسەرێکی هەرە دیاری التآخي بوو هات لام و بە دەنگێکی زۆر لەسەرخۆوە پێی گوتم (کاکە فرهاد ثق لولا ضروفي العائلية الخاصة لما ترددت لحظة بالألتحاق بالثورة الكوردية وعن قناعة كاملة لأنني عرفت معدن وأهداف ثورتكم بالدفاع عن الحرية والديمقراطية لجميع العراقيين)!

پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٧٤/٣/١ بەرەو هەولێر بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و نووسینی راپۆرتێکی رۆژنامەنووسی و ئامادەکردنی هەوالێك بۆ التآخي بۆ رۆژنامەی برایەتیش شەهید کاردۆ گەلاڵی پەیامنێری برایەتی راسپێردرابوو بۆ هەمان مەبەست، سەرلەئێوارەی هەمان رۆژ لە شوێنی بەستنی کۆنگرە لە ئوتێل (هەورامان) بوو دابەزیم، هەر ئەو شەوە لە رێگای بەدالەوە توانیم تەلەفۆنی شەهید (فرەنسۆ هەریری) بکەم کە ئەوکات سەرەڕای پێگە و کەسایەتیی تایبەتیی خۆی لەناو شۆڕشدا بە رەسمیش (قایمقامی) گەلاڵە بوو و داوام لێکرد کەوا بە کاکە دارا رابگەیەنێ کەوا (بەندە) لە هەولێرە و پاشان دەگەڕێمەوە بەغدا، ئایا ئامۆژگارییەکانی چین تاکو جێ بەجێیان بکەم، رۆژی دوایی خوالێخۆشبوو (کەریم جەلال)ی دۆستم کە هەم ئەندامی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بوو و هەم ئەندامی کۆنگرەی یەکێتیی لاوانی کوردستان بوو، سەرەڕای پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ شەهید فرەنسۆ هەریری لە رێگای کاك (جەمال خەلیلی)ی مامیەوە و هەمیشە پەیوەندیی بەردەوامیان هەبوو، دیاربوو شەهید فرەنسۆ پەیوەندیی بە خوالێخۆشبوو کەریم جەلالەوە کردبوو کە ئاگاداری منی بکات (کەوا کاك دارا تۆفیق دەخوازێ فەرهاد بە زووترین کات سەردانی ئەو بکەم لە ناوپردان پێشی ئەوەی بگەڕێمەوە بەغدا بۆ کاری بەپەلە و پێویست).

دوا رۆژی کۆنگره (١٩٧٤/٣/٣) کاك ئەنوەر عەبدوڵلا سەرۆکی پێشووی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و ئەندامی سکرتارییەتی لاوان پێی ڕاگەیاندم کەوا (شەهید ساڵح یوسفی پاش نیوەڕۆ سەفەر دەکات بەرەو ناوپردان بە ئۆتۆمبیلە حکومییەکەی کە جۆری مارسیدس بوو. کاتژمێری (١:٣٠)ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ (بەندە و خوالێخۆشبوو کوردستان عەلی عبدالعزیز) جێگری سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانی ئەوکات لەگەڵ شەهید سەیدا ساڵح یوسفی بەرەو ناوپردان بەڕێکەوتین. ڕێگای دوور و درێژی (هاملتۆن) لەو ڕۆژە سارد و باراناوییەدا بێزاری نەکردین و هەستمان بەکات نەدەکرد، چونکە شەهیدی سەرکردە ساڵح یوسفی بە قسە ڕاست و درووستەکان و بەو شێوازە هێمنەی کە پێی ناسرابوو دەربارەی ئەو کات و ساتە هەستیارەدا قسەی بۆ دەکردین، بەڵام تاکو ئەو کاتە لایەنی گەشبینیی زیاتر بوو، کاتیٚ گەیشتینە پێچەکانی چیای سپیلك تووشی کاروانی گوندنشینانی ناوچەکە دەبووین کە لەم ڕۆژە سارد و باراناوییەدا ملی ڕێگەمان گرتبوو بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان ڕێیان دەکرد کە ئەمەیان سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا هەر بۆیە سەیدا ساڵح یوسفی بە شۆفێرەکەی گوت ئۆتۆمبێلەکەی ڕابگریٚ بە مەبەستی پرسیارکردنی ئەو ڕێبوارانە کە بەرەو کویٚ دەچن، لە ئاکامدا تێگەیشتین کەوا (هەستی میللی خەڵك) ئەوە دەگەیەنێت کەوا شەڕ دەبێتەوە) بۆیە ئەو خەڵکە گوند و ناوچەکانی سەر ڕاستەڕێگا جێدەهێڵین و بەرەو ناوچە شاخاوییە دوورەدەستەکانی ئازادکراو دەچن، لەو کاتە سەیدا یوسفی لەگەڵ هەناسە هەڵکێشانەوە هاتە قسە و گوتی (بێگومان ڕۆژانی سەخت لە چاوەڕوانیماندایە، چونکە بەعس پێدەچێت بڕیاری شەڕی دابێتەوە.. بەداخەوە هەموو دەرگاکان بەرووی ئێمەدا داخراوە، یەکێتیی سۆڤییەت پاش ئیمزاکردنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ عیراق بێگومان بەلای ئەواندا دەیشکێنێتەوە، لە چواردەورمان دۆستمان نییە تەنها ئێرانمان بەدەستەوە ماوە ئێرانیش هیچ کاتێك بە دۆست دانانرێن، چونکە ئەو دەزانیٚ کورد چیی لە مێشکدایە، من گەشبین نیم بە دۆستایەتیی ئێران و (چاوەڕوانی ڕۆژێکی ڕەش لە ئاکامی ئەم

پەیوەندییە دەکەم) کاتژمێر (٦)ی ئێوارە گەیشتینە ناوپردان تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو (کاکە دارا تۆفیق)م پاش تێپەڕبوونی دوو کاتژمێر دێتەوە، چونکە سەرقاڵی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بوون پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکە بەرەو خانوویەکی نزیك بە ماڵەکەی (شەکیب عەقراوی) کە نزیك بەو چۆمە بوو کە ئاوەکەی لەو کاتەدا بەخوڕ تێدەپەڕی، پاش پشوودان و نانخواردنی ئێوارە، راپۆرتێکی سەرزارەکیی تەواوم بە کاکە دارا گەیاند دەربارەی بارودۆخی (دار التآخي) لە هەموو روێکەوە، ئەویش هەندێ رێنمایی بە خاڵ بۆی نووسیبووم کە لەپێشەوە هەر بۆ سبەینێ راستەوخۆ بگەڕێمەوە بەغدا و ئەو ئەرکانە جێ بەجێ بکەم.

**یەکەم**: یارمەتیدانی ئەو رۆژنامەنووس و کارمەندانەی کە ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن.

**دووەم**: سەرپشك کردنی رۆژنامەنووسە عەرەبەکان لەنێوانی دەوام و دەوامنەکردنیان و بە هیچ شێوەیەك فشاریان لەسەر نەکەین، پێویستە بارودۆخی ئەوانیش وەکو رۆڵەی نەتەوەیەکی دیکە لەبەرچاو بگرین.

**سێیەم**: رۆژانە داهاتی رۆژنامە و ئیعلانات لە بانکی رافیدەین لقی (حافظ القاضي) دابنرێت پاش ئەوەی مەسروفاتی رۆژانەی لێ سەرف بکرێت.

**چوارەم**: زۆر بە ئاگادارییەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان کورد و بەعس بدوێن ئەگەر پێویست بوو بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو رۆژنامەنووس (ضیاء المرعب و فلك الدين کاکەیی) هاوکاری یەکتر بکەن تۆش (یانی بەندە) بە هێمنی ئاگادار بە، هەر هەمان شەویش پەیوەندیی بە کاك سامییەوەکرد و پێی راگەیاند کەوا (فەرهاد ئەمڕۆ هاتووە لەسەر داوای من (یانی کاك دارا) و بەیانی دەگەڕێتەوە ئەگەر کارتان پێیەتی)، پاش نیو کاتژمێرێك بە هەمان تەلەفۆنی ناوخۆیی کاك سامی ئاگاداری کاك دارای کرد کەوا نامەیەکی (م.س) هەیە دەبێت (فەرهاد) لەگەڵ گەڕانەوەی بیباتە بارەگای مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عیراقی، دەستاودەست تەسلیم بە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی بکرێت.

سەرلەبەیانیی رۆژی ١٩٧٤/٣/٤ پاش نانخواردنی بەیانی لەگەڵ کاك دارا و گەیشتنی نامەکەی مەکتەبی سیاسی لە لایەن کاك سامییەوە بە ئۆتۆمبیلێکی پۆلیسی هەولێر لەگەڵ خوالێخۆشبوو (عبدالوهاب ئەتروش پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر) کە ئەویش لە ناوپردان بوو، گەڕامەوە بۆ هەولێر لە هەولێریشەوە خوالێخۆشبوو هاوڕێم (کەریم جەلال) بە حوکمی ئەوەی گەراجیان هەبوو ئۆتۆمبیلێکی بۆ دابین کردم و تا بەغدا گەیاندمی و یەکسەر چوومە بارەگای (التآخي) کە لە راستیدا چۆڵ و هۆڵ بوو یەکسەر لەگەڵ کاك فلك الدين وضياء المرعب دانیشتم و راسپاردەکانی کاك دارام پێ راگەیاندن، پاشانیش لێپرسراوی خەزینە خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن وەفی)م لە راسپاردەکان ئاگادار کرد و یەکە یەکە ژوورەکانم بەسەرکردەوە کە تاکە تاکە رۆژنامەنووسان کاری خۆیان ئەنجام دەدا، بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکرا تارمایی شەڕ دەستپێکردنەوە بوو، بۆیە کاتێ بەتەنیا لە نووسینگەکەی خۆم دانیشتبووم خەریکی کۆکردنەوەی هەندێ کەلوپەل و بابەت بووم بە مەبەستی رێکخستن و ئامادەکردنیان، رۆژنامەنووسی عەرەب (ضياء المرعب) هاتە لام و یەکسەر هاتە قسە و گوتی (كاكە فرهاد بالله شنو توقعاتك بعد هالسفره وكاكە دارا شنو رأيه) منیش لەگەڵ مژێکی دوورودرێژی جگەرەدا گوتم (لە دەموچاوی کاك دارام خوێندەوە کە قەت بزەی گەشبینیی لێ ئاوا نابێت، ئەم سەفەرە زۆر غەمگینم هاتە بەرچاو، بە قەناعەتی ئەو بەعس بڕیاری شەڕ دراوە).

پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٧٤/٣/٥ سەردانی بارەگای حزبی شیوعیی عیراقی (مەکتەبی سیاسی)م کرد کە ئەوکاتە وابزانم لە گەڕەکی (کرادە) بوو لەپێشەوە برادەرێك کە ناوی (نەوزاد ...) بوو پێشوازیی لێکردم کاتێ لە مەبەستی سەردانەکەم تێگەیشت یەکسەر بۆ ژووری تایبەتیی مامۆستا (کەریم ئەحمەد)ی بردم کاتێ مامۆستا کەریم ئەحمەدم دیت و خۆم پێناساند زۆر بە گەرمی بەخێرهێنانی کردم ئەوجا نامەکەی (م.س) پارتیم تەسلیم بەو کرد، یەکسەر کەوتە خوێندنەوەی، پاش دەمێك روویتێکردم و گوتی (کاك فەرهاد ئێستا عیراق بە بارودۆخێکی زۆر ترسناکدا تێدەپەڕێ، چونکە شەڕ ئەگەر لە

کوردستان روویدات، کارەساتێکی گەورە درووست دەبێت، بەداخەوە هەندێ لە برادەرانی قیادەی پارتی بە هەڵە لە هەڵوێستی حزبی شیوعی گەیشتبوون، ئێمە هەموو زەرەری کورد و شۆڕشی کورد بەزەرەری خۆمانی دەزانین و لە نەتیجەدا هەردوو لامان زەرەرمەند دەبین، لە هەوڵی جدی داین بارودۆخەکە بەرەو هێمنی ببەین، بەڵام دەبێت هەردوولا تەنازول بۆ یەکتری بکەن، (السیاسة فن الممکنات)ـە، مەلا مستەفا پیاوێکی ئاقڵ و دووربینە، ئێمە دەزانین ئەو حەز لە شەڕ ناکات، بەڵام لە چواردەوری پیاوی شەڕخواز هەیە، نامەکە عەرزی برادەرانی مەکتەبی سیاسی دەکەم و وەڵامی پارتی دەدەینەوە).

ڕۆژانی ٥، ٦، ١٩٧٤/٣/٧ زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوتم دەکرد، شەوانەش تا نزیك کاتژمێری (١٠)ی شەو بەدیار ماکێنتی ڕۆژنامە دەمامەوە ئەوجا کە کارەکان تەواودەبوو خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن نەقیب) کە لێپرسراوی هەڵسوڕاندنی کاری ناو چاپخانەی دەکرد، پیاوێکی ئازا و چوست و چالاك بوو، شەوانە بە ئۆتۆمبیلەکەی چاپخانە کاك فلك الدین و بەندەی دەگەیاندە ماڵ هەردوولاشمان (بەندە و کاك فلك الدین) چەند مانگێك پێشووتر لە (بارەگای بارزانی) یەکی (دەمانچەیەکی چواردەخۆر)یان بەدیاری بۆ ناردبووین بە مەبەستی خۆپاراستن، ئێمەش هەمیشە لەوکاتەدا هەڵماندەگرت و شەوانەش من لەژێر سەرینەکەم بە ئامادەییم دادەنا.

ئێستا کاتێ کە لێرەدا ئەو بیرەوەرییانە تۆمار دەکەم بە ڕێککەوت ڕۆژی (٢٠١٥/٣/١٦) کە دەکاتەساڵیادی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەی خۆشەویستە بە چەکی کیمیاوی کە تێیدا قوربانییانی ئەو کارەساتە جەرگ بڕی گەیشتە هەزاران کەس کە تاکو ئێستاکەش تاکو ئەو ساتە بەقەدەر زامەکەی کاری بۆ نەکراوە کە دەکرا ئەم کارەساتە بکرێتە دەروازەی کاری یەگجار گەورەتر لەرووی سیاسییەوە وەکو چۆن میللەتی (جو) ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە (هۆڵۆکۆست) هەموو دونیای پێوە سەرقاڵ کردووە و ساڵانە (سەرانە)ی ئەو (تاوان)ـە لە ئەوروپا دەستێنێ.

وەکو لەسەرەوە باسم لێوە کردووە لە ناوەندی مانگ (مانگی ئازار) کە تێیدا لەرۆژی ١٩٧٤/٣/٧ بۆ دووەم جار بوو لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول دا (١٩٦١-١٩٧٥) پەیوەندی بەم شۆڕشە مەزنەوە بکەم، سەرلەبەیانیی ئەو رۆژە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی بەرەو بارەگای رۆژنامە دەچووم و ئامۆژگارییەکانم بۆ (پەروین)ی هاوسەرم لێك دەدایەوە کە ماوەی مانگێك بوو ژیانی هاوسەرگیریمان پێکهێنابوو کە تێیدا رێککەوتبووین کە پاش رۆیشتنی من بۆ سەرەوە (کوردستان) ئەو (یانی پەروین) ماڵە تازە دانراوەکەمان بە هاوکاریی ماڵی باوکی (عەمیدی خانەنیشن عەبدوللا سەعید) کۆبکاتە و بیانگوازێتەوە بۆ ماڵی باوکی و لە نهۆمی سەرەوەیان رێکی بخات و خۆشی هەر لە ئەمرۆ (١٩٧٤/٣/٧) بچێتە ماڵی باوکی، بەڵام لە هەمان کاتدا ترسم لە وەزعی باوکیشی هەبوو چونکە پیاوێك بوو کاتێ ساڵی ١٩٤٣ لە کۆلیژی (كلية الأركان) وەرگیرابوو کە لە ساڵی یەکەمیدا بە پلەیەکی باش دەرچوبوو بۆ پۆلی سەرەوەتر، بەڵام لە پۆلی دووەمیشدا کە دوا پۆلی (كلية الأركان)ـە لەم کۆلیژە دەردەکرێ چونکە دۆستێکی گیانی بە گیانی ئەو کە خوالێخۆشبوو شەهید (عزت عبدالعزيز) بوو ئەویش لەو سەروبەندەدا پەیوەندیی بە شۆڕشی (بارزان)ـەوە دەکات (١٩٤٣-١٩٤٥) پاشانیش خۆی بە دڵسۆزێکی بێ هاوتای (مەلا مستەفای بارزانی) دادەنا و وەکو خۆی دەیگێڕایەوە (عبدالله سعيد) کاتێ بارزانی نەمر پاش (١٢) ساڵ ئاوارەیی لە یەکێتیی سۆڤییەت گەڕایەوە ئەو بە خۆی و ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەی لە خزمەتی بارزانی دا بووە و لە ئاکامدا خوالێخۆشبوو (عبدالكريم قاسم) کاتێ رێڕەوی خۆی گۆڕی عەبدوللا سەعید کە وەزیفەی (آمر مدفعية)ی فیرقەی ٣ بوو لە وەزارەتی بەرگری عیراقی گواستیەوە بۆناو خودی وەزارەتی بەرگری بە وەزیفەی موفەتیشی سەربازی کە ئەمەشیان جۆرە سزادانێکە بۆ ئەو کە لەو سەروبەندەدا دەبووایە بکرێتە سەرکردەی فیرقەی ٣-سوپای عیراق لە بەعقوبە، پاشانیش پاش کودەتای (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ خرایە کونجی زیندانی بەعسییەکان، ساڵی ١٩٦٧یش کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵی دەرکردنی رۆژنامەی

التآخي و برایەتی بوو عەبدوڵڵا سەعید وەکو یەکێ لە بنەماڵەی التآخي وەکو ئەندامی ئیمتیاز و دەستەی نووسەران دەستنیشان کرا لەپاش ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، زۆر ماڵەکەی لە گەڕەکی (مدينة الظباط) ببوو شەوێنی کۆبوونەوەی (لیژنەی ڕاوێژکاری–اللجنة الاستشارية)ی شۆڕش و پارتی لە بەغدا بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو (سامی عبدالرحمن).

بەدەم خەیاڵەوە گەیشتمە بارەگای التآخي، دەروازەی التآخي کە دەرگایەکی ئاسنی پەنجەرە ئاسایی دوو دەری گەورە بوو، لەلای ڕاستییەوە کافتریای (زبيدة) بوو، لای چەپیش دەرمانخانەیەك کە ناوەکەیم لەیاد نەماوە بۆ یەکەم جار دوو گەنجی عەرەبی پێست ئەسمەر بە جلوبەرگی ئەفەندییەوە لەولا ولای دەروازەکە ڕاوەستابوون  جۆری ڕاوەستان و بوونیان لەم شوێنەدا سەرنجی ڕاکێشام، زۆر بە ئاسایی سڵاوم لێکردن و چەند هەنگاوێك پێم نایە ناو دالانی پێشەوەی باڵەخانەکە، یەکێکیان بەئەدەبەوە لێم نزیك بۆوە و هاتە قسە و گوتی (جنابك مسؤول الجريدة) منیش لە وەڵامدا گوتم (أنا فلان مدير إدارة الجريدة) ئەویش یەکسەر گوتی (أهلاً وسهلاً، استاذ احنا جايين من الصبح لحراسة الجريدة وإذا شفتم شي غريب أو حسيتم بظاهرة غير طبيعية أخبرونا حالاً، أنا وزميلي من الأجهزة الأمنية)، پێش ئەوەی هیچ پرسیارێکی لێ بکەم دیاربوو ئەو هەستی کرد کە دەمەوێ تەئکید لە کەسایەتیی بکەم، بۆیە یەکسەر پێناسەکەی خۆیی دەرهێنا کە دیاربوو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی (مديرية الأمن العامة) دەرچووبوو. منیش زۆر ئاسایی مەسەلەکەم وەرگرت و زانیم و قەناعەتم هات کە مانگی هەنگوینی (شهر العسل)ی نێوانی کورد و حکومەتی بەعسی عیراق لە دوا ڕۆژەکانییەتی، چوومە ژوورەکەی خۆم لە پەنجەرەوە کە بەسەر شەقامی (السعدون)ـەوە بوو بۆ چەند خولەکێك تەماشای ئەملا و ئەولای شەقامەکەم دەکرد کە هیچ شتێکی نائاسایی بەدی نەدەکرا و ژیان ئاسایی دەهاتە بەرچاو بە پێچەوانەی ناخی ئێمە کە دڵتەنگ و غەمگینی دایگرتبوو، چونکە دەمانزانی کە شەڕ چ کارەساتێك درووست دەکات، لەو خەیالانەدا بووم کاتێ کاك سەلاح عیرفان کە ئەویش ڕۆشنبیرێکی

زمانزان و وەرگێڕێكی بەتوانا بوو لە خێزانی (دار التاخی)بوو هاتە لام و بە پێكەنینەوە گوتی (بەعس جدییە لە پاراستنمان!، ئەو دوو سیخوڕەت دیت كە لەبەر دەرگا راوەستابوون؟) منیش یەكسەر بە كاك فلك الدین-م گوت كە لەلای من دانیشتبوو (كاك فەلەك شانۆگەرییەكە كۆتایی هاتووە، وەكو دوێنێ شەو پێم گوتی سبەی لەگەڵ كاك عبدالرحمن نەقیب بە ئۆتۆمبیلەكەی ئەو سەفەر دەكەم بۆ سەرەوە، نازانم دەگەڕێمەوە یان نا، بەڵام بەهەرحاڵ ئاگاداری كاك دارا دەكەم) لەوكاتەی پەروینی هاوسەرم تەلەفۆنی بۆكردم و هەواڵی بردنی باوكی لەلایەن دائیرەی ئەمنی بەغدا بە ئۆتۆمبێلێكی (ڤۆڵگس واگن) و داوای لێكردم نەگەڕێمەوە ماڵەوە چونكە دەترسا منیش بگرن، بۆیە هەر ئەو رۆژە كاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لەگەڵ خوالێخۆشبوو عبدالرحمن نەقیب و (رعد)ی كوڕی بەرەو هەولێر كەوتینە رێ، تەنها لە خاڵی پشكنینی (كەركووك-هەولێر) نەبێت لە هیچ شوێنێكی دیكە داوای ناسنامەیان لێ نەكردین، دەوروبەری (٥)ی ئێوارە گەیشتمە هەولێر، یەكسەر چوومە ماڵی خوالێخۆشبوو (عومەر حەبیب)ی مامم لە گەڕەكی ئازادی كە ئەوكاتە دادوەر و جێگری سەرۆكی دادگای بەرزی هەولێر بوو، زۆر شادمان بوو بە بینینم و هەر زوو گوتی (دڵم لات بوو، چونكە ئەو سەگبابانە (مەبەستی حكومەتی بەعس بوو) جێگەی بڕوا نین و غەدارن)، هەر زوو دەستی دایە تەلەفۆنی ماڵەوەیان  لە رێگای بەدالەوە داوای ژمارە (٤٢)ی كۆیەی كرد (كە ژمارە تەلەفۆنی ماڵی باوكم بوو) پاش چەند خولەكەێك زەنگی تەلەفۆن لێیدا دیار بوو (ساسان)ی برام كە ئەوكاتە منداڵێكی تەمەن چوار پێنج ساڵان بوو، تەلەفۆنەكەی هەڵگرتبوو.. بۆیە مامم چەند جارێك دەیگوت (ساسان.. ساسان بانگی بابە بكە من مامە عومەرم زووبە)، پاش چاك و چۆنی مامم بە باوكمی راگەیاند كەوا (فەرهاد) لە بەغداوە گەیشتووەتە هەولێر، پاشان مامم تەلەفۆنەكەی دایە من و كەوتمە قسە لەگەڵ باوكم:

**فەرهاد**: هەلاو كاكە چۆنی (ئێمە زۆربەمان باوكمان بە كاكە بانگ دەكرد) ئێوە چۆنن، باشن الحمدلله

**باوکم**: باشە کوڕم الحمدلله بەسەلامەتی گەیشتییە هەولێر، چەند ڕۆژێکە بیرم لە ئێوە دەکردەوە، باش بوو بەغدات بەجێهێشت، بەتەما نی سەردانی کۆیە بکەیت؟

**بەندە**: نەخێر، هەر ئیمشەو لە هەولێر لەماڵی مامم دەمێنمەوە و بەیانی زوو بەرەو سەرەوە دەچم.

**باوکم**: باشە، ئیشەڵا باش دەبێت، لە هەر ڕووداوێك مامت ئاگادار بکە، ئەویش ئاگاداری ئێمە دەکات.

**بەندە**: بەسەرچاو دەستی نەنکم و دایکم ماچ دەکەم سڵاوم بۆ هەموو لایەك، خودا حافیز.

پاشان تەلەفۆنی خوالێخۆشبوو (جەلال خۆشناو)م کرد کە ئەو چەند ڕۆژێك بوو گەڕابۆوە هەولێر و پێم ڕاگەیاند کەوا منیش تازە گەیشتووم و داوام لێکرد شەو بێتە ماڵی مامم و ئاگاداری خوالێخۆشبوو (کەریم جەلال)یش بکات، ئەوەبوو شەو مامم دانیشتنێکی سەردەمییانەی بۆ ئامادە کردین، تاکو درەنگانێکی شەو بە قسە و گوێگرتنی هەواڵی ڕادیۆ کاتمان بەسەربرد و بەیانی ١٩٧٤/٣/٨ هەرسێکمان پێکەوە (کەریم و جەلال و بەندە) ڕێکەوتین بەرەو سەرەوە بڕۆین و (کەریم)مان ڕاسپارد کە ئامادەکردنی ئۆتۆمبێل لە ئەستۆی ئەو بێت.

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە گەیشتینە (گەڵاڵە) بۆ بارەگای مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە چەند ڕۆژێك پێشووتر پاش ئەوەی هەستیان بە ئاڵۆزیی بارودۆخەکە کردبوو خانوێکیان بەکرێ گرتبوو و کردبوویانە بارەگا، کە لە سەرەتا گەیشتین جارێکی دیکە لەگەڵ برایانی قۆناغی پێشووترم لە یەکێتی قوتابییانی کوردستان یەکمان گرتەوە کە جگە لە جەلال خۆشناو و کەریم جەلال کە پێکەوە بووین، برایان (عادل موراد، حسێن حاجی عەلی ئەحمەد، ئازا خەفاف، و چەند برایەکی دیکە کە پێکەوە بووین و بەگەرمی باوەشمان بەیەکدا گرت)، پاش پشوودانێکی کورت بە ئۆتۆمبیلەکەی مەکتەبی سکرتارییەت بەرەو ناوپردان چووم، چونکە دەمزانی ئەو دوو ژوورەی

ئەوبەری چۆمەکە نزیك بە بارەگا بچووکەکەی (شەکیب عەقراوی) بۆ کاك دارا تۆفیق و راگەیاندن تەرخان کرابوو، لەگەڵ نزیکبوونەوەم خوالێخۆشبوو کاکە (یۆنان هرمز) رۆژنامەنووس و وەرگێڕی بەتوانام دیت کە بەدەم داڵغە لێدانەوە لەبەردەم پانتایی ئەو دوو ژووره پیاسەی دەکرد، کاتێ منی بەدیکرد یەکسەر بەرەو پیرمەوە هات و گوتی (بەخێر بێن بەخوا دوێنێ ئێوارە لە کاك فلك الدین م ئەحواڵی تۆم پرسی و پێی گوتم کە تۆش هاتووی. هەر ئەو رۆژە دیاربوو خوالێخۆشبووان ئیدریس بارزانی و دارا تۆفیق بۆ دواجار بەرەو بەغدا سەفەریان کردبوو بە مەبەستی دوا هەوڵدان لەگەڵ حکومەتی بەغدا بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێك کە خۆی لە درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی خاڵ و بڕگەکانی رێککەوتننامەی یانزەی ئازاری ساڵی ۱۹۷۰ کە لە رۆژی ۱۹۷٤/۳/۱۱ کۆتایی دەهات، بەڵام وەکو کورد دەڵێ (ئەگەر مانگ هەڵات پێویستی بە ئەنگوست نییە)، حکومەتی بەعس بڕیاری شەڕی دابوو، هۆکارەکانیش ئاشکرابووە و لێرەدا پێویستی بە دووبارەکردنەوەی ناکات.

دوا شاندی کورد بۆ بەغدا گەڕانەوە، شەوی ۱۱ لەسەر ۱۹۷٤/۳/۱۲ رادیۆی بەغدا پڕۆژەی ئۆتۆنۆمیی بۆ ناوچەی کوردستان کە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە ئامادەکرابوو کە بریتی بوو لە پڕۆژەیەکی سەقەت بێ ئەوەی رەچاوی واقیعی جوگرافیای کوردستان بکات کە هەر لە رۆژی دامەزراندنی حکومەتی عیراق ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستییە بەرامبەر بە کورد پەیڕەو کراوە، کە تێیدا هەڵمەتی تەعریب کردنی کوردستان لەوساوە کەم یا زۆر تاکو رۆژی ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت، بەتایبەتیش لە سەردەمی حکومەتی بەعسی یەکەم (۱۹٦۳) و دووەم (۱۹٦۸-۲۰۰۳)، کێشە گەورەکەی نێوان کورد و بەغدا سەرەڕای بڕوانەبوونی بەعس بەتایبەتی و عەرەب بەگشتی بە مافی رەوای گەلی کورد، مەسەلەی کەرکووك و خانەقین و سنجار بوون.. بەتایبەتیش کەرکووك کە بەهیچ شێوەیەك سەرۆك (مستەفا بارزانی) دەستبەرداری نەدەبوو، حکومەتی بەغدا (۱٥) رۆژی ماوە دابوو تاکو سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی پێداچوونەوە لە هەڵوێستی خۆیان بکەنەوە.

رۆژانی دوای ١٩٧٤/٣/١١ ئاپۆرای خەڵکی لە هاتنیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان بەرەو زیادبوون دەچوو و پێویستیی بە رێکخستن دەکرد، بۆیە سەرلەئێوارەی رۆژی ٣/١٢ تاکو درەنگانێکی شەو لەگەڵ کاك دارا لەو دوو ژوورەی کە تەرخان کرابوو بۆ راگەیاندن مامەوە بەمەبەستی چۆنێتی رێکخستنی ئەو برایانەی کە پەیوەندییان بە راگەیاندن هەیە، سەرەڕای رۆشنبیرانی شاعیر و ئەدەب دۆست هونەرمەندان، کە ئەویش پێویستیی بە جێگە و رێگە و پارە هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە کاك دارا دوو ئەرکی بۆ دیاری کردم بە شێوەیەکی کاتی تاکو بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، ئەرکی یەکەم کە پێی راسپێردرام لێپرسراوێتیی وەکو (سکرتێری دەستەی رێکخستن لەگەڵ دەزگاکانی شۆڕش –سکرتير هيئة التنسيق مع أجهزة الثورة) کە وابزانم یەکەم فەرمانی کارگێڕی بە ئیمزای دارا تۆفیق بوو، کارەکەش بریتی بوو لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەو دەزگایانەی ناو سەرکردایەتی شۆڕش بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی راگەیاندن، کە لەو سەرەوبەندەدا تەنها (ئێزگەی دەنگی کوردستان) لە گۆڕەپانەکە وجودی هەبوو و کەوتبووە کار پاش چوار ساڵ لە بێدەنگی (١٩٧٠/٣/١١-١٩٧٤/٣/١١) پاش راگەیاندنی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، بۆ ئەم مەبەستەش خوالێخۆشبوو فلك الدين لەم رۆژانەدا لێپرسراوێتیی ئامادەکردنی هەواڵ و وتاری لە ئەستۆ دابوو تا کاتی رێکخستنی دەزگاکانی تازەی ناو شۆڕش لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە لە رۆژنامەی برایەتی و التآخي کاریان دەکرد و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو لە پێشەوەشیان خوالێخۆشبوو جەلالی میرزا کەریم کە ئەو پێشووتر بە ماوەیەکی کەم پەیوەنییان کردبوو.

ئەرکی دووەمم لێپرسراوێتیی لیژنەی ئیستیعابی راگەیاندن بوو کە تێیدا هەردوو بەڕێزان قادر حمدأمين و ئەنوەر عبدالله ئەندامی هەمان ئەو لیژنەیە بوون کە تاکو ماوەیەك توانرا ناونووسی هەموو ئەو برایانە بکرێت لەگەڵ جۆری ئیش و ئەو مووچەی کە پێشووتر لە دەزگاکانی میری وەریان دەگرت، بۆنموونە کاتێك هونەرمەند و حەیرانبێژی بەناووبانگی کورد خوالێخۆشبوو

(ڕەسوڵ گەردی) پەیوەندیی کرد پاداشتی مانگانەی بە (٤٥ دینار)ی ئەو کاتە خەملێنرا، چونکە وەکو خۆی ڕوونی کردەوە مانگانە (٩٠ دینار)ی دەستکەوتووە پێش ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات، لێرەدا بۆیە ناوی خوالێخۆشبووم هێناوە چونکە پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ کاتێ سەردانی هەولێرم دەکرد زۆرجار کە لەناو بازاڕدا تووشی دەبووم هەمیشە ئەو قسەیەی دووبارە دەکردەوە (خوا لە شۆڕش بەزیادکات و ڕەبی ماڵی توش ئاوەدان بێت کە ئەو ٤٥ دینارەت بۆ دابین کردم و وەکو پاشا پێی دەژیام).

سەرەتا لەو چەند ژوورە و پاشانیش ڕۆژانی خۆش کە هەتاو بەدەرەوە بوو لەبن دارەکانی نزیك ئەو شوێنە کۆدەبووینەوە، پاشان کە ئەمانەتەکان (وەزارەتەکان) دامەزران ئەمانەتی ڕاگەیاندن کە بە ڕەسمی ناوی (ئەمانەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان)ی لێنرا چووینە ئەو خانووانەی کە بەناوی کۆشکی ئاشتی (قصر السلام) ناوزەد دەکرا کە بریتی بوو لە چەند خانوو کە دەیڕوانییە شارۆچکەی چۆمان لەلای ڕۆژئاواوە.

مانگی ئازار بەهێمنی بەڕێکرا کە تێیدا ئەمانەتەکانی شۆڕش دامەزران کە زۆربەیان بە مەبەستی وەرگرتن و دابینکردنی ژیانی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی میری و کادیرانی پارتی و جێکردنەوەیان لەو ئەمانەتانە بوو کە هەندێکیان لە گۆڕەپانەکەدا ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبوو، مانگی چوار (نیسان) بۆردومانی تەیارەکانی حکومەتی بەغدا بوو ناوچەکە (ئەو دۆڵەی کە لە بەرزییەوە دەستپێدەکات تاکو هاوینەهەواری حاجی ئۆمەران) لە زیادبووندابوو زۆر باشم لەبیرە لە هەفتەی یەکەمی مانگی چواردا (خوالێخۆشبوو خەسرەو تۆفیق و بەندە) لەلا پاڵی بەرزاییەکانی (قصر السلام) بەدەم قسەوە پیاسەمان دەکرد کاتێ لەدوورەوە گوێمان لە دەنگی دوو تەیارەی جۆری (سیخۆ) بوو کە لە بەرزاییەوە دووجار بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕانەوە، لێرەدا کاك خەسرەو پێشبینیی ئەوەی کرد کە تەیارەکان نیازیان خراپە و ناوچەکە بۆمب باران دەکات، ئەوەبوو ئەو ڕۆژە زۆر بە شێوازێکی دڕندانە پردی گەلاڵە و دەوروبەری بۆردومان کرد کە تێیدا چەندین هاووڵاتی شەهید و

بریندار بوون، سەرەڕای بۆردومانی ناوچەکە تەیارەکانی حکومەت بە هیچ شێوەیەك دەستیان لە بۆردومان کردنی ناوچە مەدەنییەکانیش نەدەپاراست، بۆ نموونە هەر لەو مانگەدا کە زۆر فاشیانە شارەکانی قەڵادزێ و چوارتا و هەڵەبجە و زاخۆیان بۆردومان کرد و کارەساتی جەرگ بڕی گەورەی لێکەوتەوە، کە رۆژانە لە رێگەی برووسکەکانەوە کە لە بەرەکانی شەڕ و لق و ناوچەکانی پارتییەوە دەهاتن کە وێنەیەکی بۆ راگەیاندن دەهات بە مەبەستی ئامادەکردنی وەکو هەواڵ لە دەنگی کوردستانی عیراق، چڕیی برۆدومان و هاتنی تەیارە بە رۆژ و بەشەو ناچاری کردین ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان بگوازینەوە بۆ ناوچەی (ئازادی) کە شوێنێکی ئارام بوو بە بەراورد لەگەڵ قصر السلام، چونکە ناوچەکە خۆی نزیك سنووری حاجی ئۆمەرانە و سەرەڕای لە قەد لا پالی چیا و شاخە سەرکەشەکانی ئەو ناوە بوو بە دەگمەن نەبێت تەیارە نەیدەتوانی بگاتە ئاسمانی ئازادی، سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکە لە چەند لایەکەوە بنکەی تۆپی دژە ئاسمانی (ضد الجو)ی تێدابوو، لەو شوێنە نزیکەی (٢٠-٢٥) خێوەتی بۆ ئامادەکرا لەگەڵ هەڵکەندنی چاڵ و خێوەتەکانیش بەسەردا قایم دەکرا کە تا رادەیەکی باش دڵنیایی بە کارمەندانی راگەیاندن دابوو، بەرە بەرە کارەکانمان رێکدەخران بەتایبەتیش پاش هاتنی هەندێ لە برادەرانی خاوەن بڕوانامەی کارگێڕی و دارایی لە پێشەوەشیان برا و برادەری ئازیزم (کاکە جەلالی عومەری سام ئاغا) کە ئەرکی بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی کەوت ئەستۆ کە لە راستیدا بە هاتنی ئەو کە پێشووتر بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو لە زانکۆی سلێمانی ئیدارەی ئەمانەتی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان کەوتە بارێکی دیکەوە کە دەتوانم بڵێم ئەم ئەمانەتە لەپێشەوەی هەموو ئەمانەتەکانی دیکەی شۆڕش بوون چ لە رووی کارگێڕی و چ لە رووی ژمێریاری کە دەتوانم بڵێم زۆر بە دەگمەن گەندەڵیی تێدا دیترابێ وەکو کورد دەڵێ (دەیگوت بۆماڵی باوکی دەکا) و ئەوەی لەبیرم مابێت دوو کادیری کارگێڕی و ژمێریاری دیکەی بەتوانا لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەو

کاریان لەگەڵ دەکرد کە ئەوانیش نموونەی کادیری کارامە و لێهاتوو بوون کە ئەوانیش کاك (ناسرِ ظاهر و کاك بەختیار جیاووك) بوون.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لەوە بکەم کە لەم رۆژانەی شۆڕشی ئەیلولەوە (ساڵی ١٩٧٤) کاك جەلال و بەندە پەیوەندیی برایەتی و دۆستایەتیمان توندوتۆڵە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ لە بەردەوامی دایە، کاتێکیش بەهۆی تەمەنەوە و بەوپەڕی سەربەرزییەوە بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی خانەنیشن کرا، بابەتێکم لە ژمارە (٦٩)ی گۆڤاری الصحفی کە بە عەرەبی لەلایەن سەندیکای رۆنامەنووسانی کوردستان لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٠ دەردەچوو لەژێر ناوی (الحرص على المال العام من ساسون حسقيل إلى جلال عمر سام اغا).

ئیشوکاری رۆژانەمان زۆر بە رێکوپێکی بەڕێوە دەچوو و لەو سەروبەندانەش (د. کەمال مەزهەر) پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و یەکسەر کاك دارا تۆفیق بە جێگری ئەمینداری گشتیی ئەمانەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوانی دانا، بە هاتنی ئەویش هێز و توانایەکی دیکە بەو ئەمانەتە بەخشرا.

لە کۆتایی مانگی چوار هەیکەلی تەواوی ئەمانەتەکەمان تەواو بوو و کاك دارا تۆفیق وەکو ئەمینداری گشتی و د. کەمال مەزهەر وەکو جێگر و ماوەیەك د. کەمال خەیات کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بوو لە ئەمانەتەکەی ئیمە ئەویش وەکو یاریدەدەری ئەمینداری گشتی مایەوە تاکو گوێزرایەوە بۆ ئەمانەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەکانی ئەمانەتەکەمان بریتی بوون لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارگێڕی و دارایی کە تێیدا کاك جەلالی عومەر سام ئاغا بۆ بەڕێوەبەری گشتیی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە جێگیر کرا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی راگەیاندنیش خوالێخۆشبوو کاك فلك الدین کاکەیی بوو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیریش کاك طلعت نادریی بۆ دەستنیشان کرا، بەندەش (فەرهاد عەونی) بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان دامەزرام، لەو چوار بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەش چەند رۆشنبیر و ئەدیب و وەرگێڕ و هونەرمەند و نووسەری بەتوانا و ناسراو کاریان تێدا دەکرد و

(ماکینه)ی ئەم ئەمانەتەیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەڵدەسوڕاند لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕاگەیاندن برایان و مامۆستایانی وەکو شاعیر و زمانزان و ئەدیبی گەورە هەژاری موکریانی و ئەدیب و چیرۆکنووس ڕۆژنامەنووس مستەفا ساڵح کەریم، شاعیری بەتوانا زماننانس خوالێخۆشبوو شێرکۆ بێکەس، شاعیری بەسەلیقە خوالێخۆشبوو جەلالی میرزا کەریم، ڕۆژنامەنووس کامەران قەرەداغی لەگەڵ برایانی بەڕێز سامی شۆڕش، سەلام محمد، محمد موکری، سەڵاح شوان، بارزان مەلا خالید، محمد بەدری، فوئاد حەمە خورشید، حسێن عارف، سەڵاح عیرفان، لەتیف هەڵمەت، حەمە ڕەشید هەرس، کە هەریەکەیان بەتوانایەکی ڕادەبەدەر کارەکانی خۆیان ڕادەپەڕاند سەرەڕای باری ئاڵۆزی و خەتەرناکی ئەم ڕۆژگارە، بەوپەڕی داخەوە تەنها ئەو ناوانەم لەیاد ماون کە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان کاریان دەکرد، بە داوای لێبوردنێکی زۆرەوە لەو جوامێرانەی کە ناویانم لەیاد نەماوە بەهۆی درێژیی ئەو ڕۆژانە و دەردی تەمەن، چونکە ئەمڕۆ کاتێ ئەم لاپەڕانە دەنووسم ڕێککەوتی ٢٠١٥/٤/١٨، (٤١) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە.

بەڕێوەبەرایەتیی دووەمیش کە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری بوو بەڕێوەبەرە گشتییەکەی کاك طلعت نادر بوو، ئەویش ڕۆشنبیرێکی چەپ خوازی دەرچووی یەکێ لە زانکۆکانی یەکێتیی سۆڤییەت بوو و یاریدەدەرەکەشی ئەدیب و چیرۆکنووس کاکە مەم بۆتانی بوو، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە زۆربەی هونەرمەندانی بواری مۆسیقای تیپەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیەی لەخۆ گرتبوو کە تیایدا مۆسیقارە بەناوبانگەکانی ئەوکاتەی وەکو (ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، ڕەنجبەر خۆشناو، سەردار ئەحمەد، وریا ئەحمەد) لەگەڵ دەیان مۆسیقار و گۆرانیبێژ و شانۆکاری دیاری وەکو ئەحمەد سالار و خوالێخۆشبوو عومەر عەلی ئەمین و گەزیزەخانی کچی خوالێخۆشبوو ڕەئوف یحیا و عومەر چاوشین و ئیبراهیم سابیر و سەڵاح محەمە و سەڵاح مەجید و دەیانی دیکە کە دیسان لێرەدا (شەرمەندەم) کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە (ئەگەر خوا کردی و

تەمەن درێژبوو لە چاپی دووەمی ئەم بیرەوەرییانەدا بە قەدر و توانا هەواڵی ناوی ئەو بەڕێزانە پەیدا دەکەم.

بەڕێوەبەرایەتیی سێیەم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان بوو، کە تێیدا بەندە وەکو بەڕێوەبەری گشتی سەرەڕای تەکلیف کردنم بە هەندێ کاری دیکەوە کە پاشان باسی لێوە دەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان کە تێیدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو (دارا شێخ نووری) کە ئەویش داندرا بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی، زۆر بە جدی و برایانە کارەکانمان پێکەوە ئەنجام دەدا و ماوەیەکی باشیش جێی حەوانەوە و نووستنیشمان پێکەوە بوو.

ئەو برایانەی لەگەڵ ئێمەش کاریان دەکرد بریتیبوون لە خوالێخۆشبوو ئەنوەر تۆفی و بەڕێزان عەلی جۆڵا و نوری ئیسماعیل و نوری هونەر لە بەشی هونەری، و برایان جەمیل مەحموود بەگ و جەمال قەرەداغی لە بەشی وەرزشی، یوسف مەولود قەساب لێپرسراوی کارگێڕی، بە میلاکیش خوالێخۆشبووان رەسوڵ گەردی و فوئاد ئەحمەد و نەژادی برام لای ئێمە بوون لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکەی وەکو (سۆران قەفتان و یاسین و حەسەن خۆشناوی تایپەست) و پێشمەرگەکانی بارەگاکەش بریتی بوون لە خوالێخۆشبوو مەلا ناسر حەسەن شەقڵاوەیی بوو کە وەکو باوکێك رێزمان لێ دەنا و محمد ناوێك کە بەداخەوە ناوی باوکیم لەبیر نەماوە، ئیشوکارەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی ئێمە بریتی بوو لە ئامادەکردنی تابلۆی شێوەکاری لەسەر بارودۆخی شۆڕش و ژیانی ئەوکاتەی پێشمەرگایەتی کە هونەرمەندان عەلی جۆڵا و نوری ئیسماعیل و ئەنوەر تۆفی بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشنبیری توانیان لەنێوانی چەند مانگێکدا قەشەنگترین پێشانگای شێوەکاری لەو ناوچەیە (لە ئوتێل دەربەند) ئامادە بکەن کە تێیدا خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن پێشانگاکەی کردەوە و چەندین رۆژنامەنووسی بیانیش لەم رۆژەدا کە لەناوچەکە بوون ئامادەی کردنەوەی پێشانگاکەبوون، ئەوەی لەبیرمە یەکێ لەو رۆژنامەنووسانە کە رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی بوو گوتی (لام سەیرە گەلێك ئەو بەهرە زۆرەی

هەبێت، تازە داوای ئۆتۆنۆمی دەکات)، لە هەمان کاتدا هەر لە هاوینی ئەم ساڵەدا لەو ماڵەی کە بووە بارەگای بەڕێوەبەرایەتییکەمان کە هەڵکەوتووی نێوان دەربەند و شارۆچکەی چۆمان بوو، بە کرێ لە خوالێخۆشبوو جەمال ئاغای کاکەییمان گرتبوو، تاکە خانوو بوو لەو ناوە و ژێرەوەی خانووەکەشمان کە بریتیە لە ژێرخانی خانووەکە بە پارەیەکی کەم کردمانە (یانەی شەترەنج و پینگ پۆنگ)، کە تێیدا رۆژانە بە دەیان گەنج یارییان تێدا دەکرد، یەکێکی دیکە لەو کارانەی کە قەت لەیاد ناچێت (درووستکردنی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان) بوو کە لەسەرەتاوە بەندە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە دەژیام، چونکە کاتێ لە سەرەتای لاوێتیمدا حەزم بە وەرزش دەکرد و لە قۆناغی ناوەندیی قوتابخانەم (١٩٥٩-١٩٦٣) یەکێك بووم لە هەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێ لە سانەویی کۆیە.. باشیشم لەبیرە کە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ تیپی تۆپی پێی شۆڕشی جەزائیر سەردانی عیراق و کوردستانیان کرد و یەکێ لەو شارانەی یارییان تێداکرد شاری کۆیە بوو، کە تێیدا ئەم تیپەی جەزائیر رۆڵی پڕوپاگەندەی بۆ شۆڕشی جەزائیر دەبینی و لە راستیشدا رۆڵێکی گەورەی لەو بوارەدا بینی، ئەم بابەتە لای من بە زیندوویی مایەوە تا ئەو رۆژەی ئەم بابەتەم لەگەڵ بەهەشتی کاك دارا تۆفیق باسکرد و ئەویش پاش کەمێ سڵمینەوە وەکو عادەتی خۆی رەزامەندیی خۆی دەربڕی وتیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستان لەدایکبوو، کاك جەمیل محمود بەگ وەکو لێپرسراوی بەشی وەرزش و کاك جەمال قەرەداغی وەکو راهێنەری تیپ دەستنیشان کران و یەکەم یاری لەنێوان تیپی هەڵبژاردەی کوردستان و تیپی هەڵبژاردەی ئازەربیجانی غەربی بوو کە تیپەکەی ئێمە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کاك دارا و بەندە ئامادەی ئەم یارییە دۆستانەیە بووین کە لە گۆڕەپانی شاری (شنۆ) ئەنجامدرا، ئەندامانی تیپەکەش بریتی بوون لە یاریزانان:

١- مامەند رەمەزان.

٢- هەلین فەتاح.

٣- صباح جلال.

٤- صالح محمد شريف.
٥- مجيد ميرخان.
٦- نجاح درويش.
٧- عادل شاكر.
٨- كانبى محمد.
٩- أسعد على.
١٠- على حسين.
١١- دارا جميل.

شوێنی حەوانەوەمان لەم سەروبەندەدا لە یەکێ لە خانووەکانی ئازادی بوو کە بریتی بووین لە (جەلال عومەر سام ئاغا، د. کەمال خەیات، د. کەمال مەزهەر، سیروان عبداللە سەعید کە ئەویش بەڕێوەبەری چاپخانەی (خەبات) بوو، لەگەڵ بەندە)، خانووەکانیش بریتی بوون لەو خانوانەی کە کاتی خۆی وەزارەتی کاروباری ژوروو وەکو خانووی گەشتوگوزار لەو ناوچەیەی دروستکردبوو کە ژمارەیان ٢٦ خانوو بوو لەگەڵ خێوەتەکانی ئەمانەتەکەی ئێمە لە پانتاییەکی دەستە چەپی خانووەکان رێکخرابوو لە دامێنی گوندی (زینوێ شێخی)، هەندێکیان بۆ خاوەن خێزانەکان تەرخان کرابوو و هەندێکیشیان بۆ لێپرسراوانی کاروباری دەزگاکانی دیکەی شۆڕش تەرخان کرابوو،

وەرزی بەهار تازە لەم ناوچەیە تازە لە گڕ و تینی خۆیدا بوو، دەمەو عەسری رۆژی ١٩٧٤/٥/٤ نامەیەکی کاک دارام بەدەست گەیشت لەگەڵ وێنەی برووسکەیەکی مەکتەبی سیاسی کە وێنەی درابوو بە ئەمانەتەکەی ئێمە، باس لە دەرکردنی چەندین خێزانی کورد دەکا لە بەغدا و ئێستا گەیشتوونەتە ناو خاکی ئێران، برووسکەکە داواکارە کەوا خاوەنی ئەو خێزانانە سەردانی شاری (نەغدە) بکەن بە مەبەستی وەرگرتنەوەیان، کاک داراش لە نامەکەی کە بۆمنی نووسیبوو دەڵێ (کاکە فەرهاد سڵاو، بەپێی ئەو برووسکەیە (پرەوین عبداللە

سعید) خێزانی تۆش لەگەڵ خێزانە دەرکراوەکانە و ماڵی ئێمەشی لەگەڵدایە، تکایە هەر ئەمڕۆ بەرەو ئێران بەڕێکەون و لە حاجی ئۆمەران لە بارەگای ئەحمەد حاجی وەرەقە وەربگرە و بە یەکێ لە ئۆتۆمبیلەکانی ئەمانەتی خۆمان سەفەر بکەن). خێزانەکانیش بریتیبوون لە:

١- خێزانی خوالێخۆشبوو نووری شاوێس.
٢- خێزانی خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی.
٣- خێزانی خوالێخۆشبوو حمدأمین بەگ.
٤- خێزانی (سنور)ی ئەفسەر.
٥- وریا دزەیی و خێزانی.
٦- عومەر دزەیی و خێزانی.
٧- سەعدی دزەیی.
٨- حێزانی شەهید دارا تۆفیق.
٩- خێزانی عبدالرزاق فەیلی.
١٠- خێزانی عادل موراد.
١١- خێزانی فەرهاد عەونی.

ئەم یانزە خێزانە وەجبەی یەکەمی خێزانە دەرکراوەکانی کوردی ناو بەغدا بوون، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و حاڵی هەندێ لەم خێزانانە کە یەکێکیان ماڵی بەندە بوو کە چەند مانگێك پێشووتر بە یارمەتیی تەواوی باوکم ماڵم رێکخستبوو.

سەر لە ئێوارەی رۆژی ١٩٧٤/٥/٥ لەگەڵ خوالێخۆشبوو (ئیسماعیل وەستا ئەحمەد) کە یەکێ لە شۆفێرەکانی ئەمانەتەکەمان بوو بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەمانەتەکەی خۆمان کە جۆری (لاندرۆڤەر مامناوەندی) بوو پاش وەرگرتنی پسوولەی تایبەت لە بارەگای خوالێخۆشوو ئەحمەد حاجی، ئەوجا بەرەو شارۆچکەی (خانە) پاشان بۆ (شنۆ) ئەوجا بۆ (نەغدە)، پاش ماوەیەك لە چاوەڕوانی و گەڕان پێیان راگەیاندین کە هەرهەموویان لە باڵەخانەی (شیرۆ

خورشید)ن، دەوروبەری سەعات (٨)ی شەو چووینە (شێرۆخورشید) بینیم هەموو خێزانەکان لە دوو سێ ژووری ئەم شوێنە لێی پاڵکەوتوون، کاتێ سەرم بە یەکێ لە ژوورەکان کرد دیتم خوالێخۆشبووان کاك نوری شاوەیس و ناهیدە خانی خێزانی دانیشتوون، کاك نوری فەرمووری لێکردم و ناهیدە خانیش بانگی پەروینی هاوسەرمی کرد و بە پێکەنینەوە گوتی (ژنەکەت ئەمانەت بوو لە ملی من، باوکی لە دائیرە ئەمنی عامە لە بەغدا تەسلیم بە منی کردووە کاتێ کۆیانکردبووینەوە بۆ ڕەوانەکردن بەرەو کوردستان، تکایە لێم وەربگرە و چاوت روون)، پاش کەمێك کاك (نوری شاوەیس)یش لەو جانتایەی پێی بوو لیستی ناوەکانی دەرهێنا و (١٠٠) دیناری دا بەمن وەکو هاوکاریی شۆڕش بۆ خێزانە دەرکراوەکان.

هەر ئەم شەوە بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆمان بەرەو (خانە) گەڕاینەوە چونکە ئیسماعیل وەستا ئەحمەدیی شۆفێر ناسیاوێکی هەبوو لە خانە بە ناوی (برایم ئاغا) کاتێ لە کوردستانەوە ئەم ئێوارەیە دەهاتین لە (خانە) توشی ئەم پیاوە رۆح سوك و پیاو و بەخشندەیە هاتین کاتێ بە مەسەلەکەی زانی ویستی لەگەڵمان بێت بۆ یارمەتیدانمان، ئێمە قبوڵمان نەکرد، بەڵام وەعدی ئەوەمان پێدا لە گەڕانەوەمان میوانی ماڵی ئەو بین، کاتێ گەڕاینەوە نزیك کاتژمێر (١٠)ی شەو بوو، لاماندا ماڵی (برایم ئاغا) و زۆر پیاوانە خواردنی ئێوارەیان بۆ ئامادەکردبووین و تا درەنگانی شەو بە چا و جگەرەکێشانەوە کاتمان بەسەربرد.

پەروینی هاوسەرم دەربارەی جۆری دەرکردنەکەیان لە بەغدا بەم شێوەیە بۆی گێڕامەوە: (دەوروبەری کاتژمێر (١٢)ی شەو بە دوو ئۆتۆمبیل هەموو ئەندامانی خێزانی ماڵی باوکم کە بریتی بوون لە باوکم و دایکم لەگەڵ هەرسێ براکانم.. سەردار کە ئەفسەری پلە مولازمی پلە دوو بوو، نزار کە قوتابیی قۆناغی دواناوەندی بوو، کەریم قوتابیی قۆناغی ناوەندی و شیرینی خوشکم کە قوتابیی پۆلی چواری کۆلیژی زانست بەشی فیزیا بوو لەگەڵ ئەو دوو ئافرەتەی کە لەماڵی ئێمە ئیشیان دەکرد، بردیانین بەرەو دائیرەی ئەمنی گشتی

کاتێ گەیشتین یەکێ لە ئەفسەرەکانی دائیرە ئەمن لیستیکی پێبوو، چونکە ئێمە یەکەم خێزان بووین کە گەیشتبووینە ئەوێ ئەو ئەفسەرە لێمان هاتە پێش و گوتی ئێوە خێزانی کێن، باوکیشم گوتی (من عەمید عبدالله سعید)م فەرموو.. کابرای ئەفسەریش گوتی کوا ئەو کچەت کە خێزانی فەرهاد عەونییە، گوتم منم ئەوجا ئەفسەرەکە رووی لە باوکم کرد و بە عەرەبی گوتی (مامە ئێوە خواتان لەگەڵ بگەڕێنەوە ئێمە تەنها خێزانی فەرهاد عەونیمان داوایە)، لەو کاتەدا ناهیدە خانی خێزانی کاك نوری شاوەیس یان هێنا لەگەڵ دوو لە کوڕەکانی و هەر یەکسەر باوکم رووی لە ناهیدە خان کرد و پێی گوت (ناهیدە پەروین پاش خودا تەسلیمی تۆی دەکەم تاوەکو دەگەنە جێگای مەبەست)، ناهیدە خانیش بە دەنگێکی بەرز گوتی (کاك عبدالله موتمەئین بە وەکو چاوی خۆم دەیپارێزم) "هەرواش دەرچوو تاکو لە نەغدە تەسلیمی منی کرد"، ئەوجا بەرەبەرە تاکو هەر (١١) خێزان گەیشتین ئەوجا سواری ئۆتۆمبێلێکی پاسی گەورەیان کردین، دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیسیش بەدوامانەوە بوو تاکو هەولێر لە هەولێریش بۆ شەقلاوە و لەوێش لە یەکێ لە چایخانەکانی پێشەوە دایانبەزاندین بۆ پشوو و نانخواردن، ئەوجا دەمەو عەسرەکەی بۆ هەریر پاشان لە چیای سپیلك کە مەعەسکەرێکی گەورە و قەرەباڵغی لێبوو، ئێمەیان دابەزاند و هەموویان بردینە جەمەلۆنێك، ئێوارە نانیان پێداین.. شەو زۆر دەترساین چونکە دەنگی گوللە و تۆپ ئەوناوەی پڕکردبوو، بەیانییەکەی پاش نانخواردن ئەفسەرێك کە گوتیان (طه الشكرجي)یە هاتە لامان و دەستی بە قسە کرد و گوتی پیاو و کوڕەکانی ئێوە بەرەی دوژمنانی عیراقیان هەڵبژاردووە و لەگەڵ یاخییەکانن، مادام ئەوان ئێمەیان ناوێت ئێمەش ئەوانمان ناوێت و کەسوکاری ئەوانیش رەوانەی لای ئەوان دەکەین کاتێ لە قسەکانی تەواو بوو بە زیلی سەربازی ئێمەیان تاکو دەروازەی گەلی عەلی بەگ برد و ئێمەیان هێنایە خوارەوە و گوتیان ئەم رێگایە بەرەو جەماعەتی خۆتان دەبات، کاتێ لە پردی یەکەم پەڕینەوە دیتمان پردی دووەم تێکدراوە، ماوەیەك راوەستاین دەستمان کرد بە هاوارکردن، چونکە دەترساین ئێمەیان بۆیە هێناوەتە ئێرە تاکو پێشمەرگە بەبێ ئەوەی بزانن

تەقەمان لێ بکەن ئەوجا بە پێ گەڕاینەوە خەلیفان، پاشان بە زیلی سەربازی بۆ سپیلك گەڕاینەوە ئەوجا پاش ماوەیەك بە هەمان زیلی سەربازی بۆ شەقلاوە لەوێشەوە تاکو (ئاقوبانی)یان بردین لە ئاقوبانەوە لە زیلەکانیان دابەزاندین و پێیان گوتین ئەمە ڕێگای (هیران)ە بڕۆن جەماعەتی ئێوەی یاخی لەوێن، ئەوجا ئێمەش چونکە زۆربەمان ژن و منداڵ بووین بە (٦) کاتژمێر گەیشتینە هیران کە ئێوارە درەنگانێك بوو لە هیران لیژنەی ناوچەی پارتی و پێشمەرگەکان پێشوازییان لێکردین و ئێمەیان بردە مزگەوتەکەی هیران و نان و پێخەفیان بۆ دابین کردین، لەبەر ماندووبوونی ڕێگا ئەو ڕۆژە هەر زوو خەومان لێکەوت ئەوجا بەیانی بە چەند شڕە جێب و تراکتۆر بەرەو رانیە لەوێشەوە بۆ قەلادزێ و شەوێکیش لەوێ ماینەوە بۆ بەیانیی ڕۆژی سێیەم بە ڕێگایەکی یەگجار سەخت (کیلی) بەرەو سەردەشت چووین و لەوێش ماینەوە ئەمڕۆش تاکو نەغدە بەبێ راوەستان هاتووین).

بە سوپاسگوزارییەوە پاش نانخواردنی بەیانیی ڕۆژی دواتر خواحافیزیمان لە خانەوادەی (برایم ئاغا) کرد و چووینە بازاڕ و هەندێ جلوبەرگی ژنانە و کەلوپەلی پێویستمان کڕی و وەرەقەی دائیرە سازمانی ئەمنییەتمان وەرگرت بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئێوارە گەیشتینەوە ئازادی، ئەو شەوە لە یەکێ لەو ژوورانەی ئەو خانووەی کە منیش تێیدابووم لەگەڵ برادەران ماینەوە و بۆ بەیانی خێوەتێکم پەیدا کرد و بەرامبەر ئازادی لە دامێنی گوندی زینویی خێوەتەکەم قایم کرد و بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژێك لەو خێوەتە ماینەوە کاتی بەیانیانیش پەروینم بەجێ دەهێشت کلاشینکۆفەکەم لای ئەو بەجێدەهێشت بۆ خۆپاراستن و لە یەکەم ڕۆژەوە فێری بەکارهێنانی کلاشینکۆفم کردووە. پاشان یەکێ لە خانووەکان چۆڵ بوو و درایە ئێمە، بەڵام زۆری نەخایاند چونك پاش مانگێك ماڵی خەزوریشم (عەمیدی خانەنشین عبداللە سعید) لەبەرئەوەی سیروانی کوڕیان لەناو شۆڕش بوو ئەوانیشیان لە وەجبەی دووەم تەسفیر کرد و ماڵی ئەوان و ماڵەکەی من بە تەواوی حجز و هەڕاج کران، ئەمەیان جاری دووەم بوو تامی ئەم دەردە و لەدەستچوونی ماڵ و ئەرشیف و کتێبخانە و

وێنەکانم بچێژم، بەڵام ماڵی خەزوورم تووشی کێشەیەکی قورس هاتبوون کاتێ لە شەقڵاوە (سەردار)ی کوڕیان لەلایەن تەها شەکرچییەوە گلدرایەوە وەکو گوتبووی (چۆن دەبێت ئەفسەر تەسفیر بکرێت) سەرداری رەحمەتییان گێڕایەوە بەرەو بەغدا و یەکسەر خستیانە (حەپسخانەی ژمارە (١) سەربازگەی رەشید تاکو ١٩٧٥/٤/٢٧ ئازاد نەکرا، پاش ئازادکردنیشی لە پلەی ئەفسەری خانەنشینیانکرد بەبێ مووچە (لە لاپەڕەکانی دیکە باس لە شەهیدبوونی دەکەم).

کاتێ ماڵی خەزورم گەیشتن لەو ئۆردوگایەی نزیك بەشنۆ جێگیرکران، دەرکردنی ئەوانیش بەهۆی (سیروان)ی کوڕە گەورەیانەوە بوو کە دەرچووی کۆلیژی هەندەسی میکانیکی بەشی میکانیك و ئەندامێکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بوو کە لە ساڵانی ناوەندی شەستەکانەوە لە دواکۆنگرەی (کۆنگرەی حەوتەم)ی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردرا، ئەویش رۆژی ١٩٧٤/٣/١٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و بە پێشنیاری من بۆ کاك درارا تۆفیق کردی بە بەڕێوەبەری چاپخانەی خەبات کاتێ خوالێخۆشبوو (فائق ئاکرەیی) بۆ شوێنێکی دیکە گوێزرایەوە.. پاش دوو رۆژ زانیمان کە ئەوانیش (یانی ماڵی خەزورم) تەسفیر کراون و ئێمەش (بەندە و پەروین و سیروان) چوینە (شنۆ) و لە خێوەتگایەکی ئەم ناوچەیە بەیەك گەیشتین، بەڵام خێوەتگایەکە زێدە قەرەباڵغ و ناڕێك بوو سەرەڕای نەبوونی پێداویستیی ژیان ناچار بووین من و سیروان بچینە شنۆ و پاش گەڕان و سوڕأن خانوێکی گوندنشینمان لەناو باخەکانی (گێلاس)ی دەرەوەی شنۆ دۆزییەوە و هەندێ کەلوپەلی پێویستمان کڕی و پەروینیش لای ماڵی باوکی مایەوە، بەڵام من و سیروانیش بەرەو کوردستان گەڕاینەوە.

لە سەرەتای هاویندا یانی لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران لە ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان بیر لە پەرەپێدان و دەرکردنی هەندێ بڵاوکراوە کرا وەکو بڵاوکراوەی دەنگی کوردستان و دەرچوونەوەی رۆژنامەی (خەبات) و ئێمەش لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان لەگەڵ خوالێخۆشبوو دارا

شێخ نوری بیرمان له بڵاوکراوەیەك بە شێوەی (گۆڤار) کرد و دەستبەکار بووین، ئەوەبوو بەندە ناوی (دیاریی لاوان)م بۆ هەڵژارد و ناوی خوامان لێهێنا و تاکە ئامێری چاپیش کە هەمانبوو (تاپێکی بچووکی) جۆری ئەڵمانی بوو و ناوەکەیم لەبیر نەماوە و کاکە (حسن خۆشناو)یش کە پێشووتر لە یەکێ لە دائیرەکانی میری لە هەولێر (تایپێست) بووە، رۆژانە سەرقاڵی تایپی بابەتەکان بوو (بەداخەوە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ کاکە (حسن خۆشناو)م لەدوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ نەدیتەوە)، بابەتەکانیش زۆربەی هەرەزۆری لەلایەن بەندە و کاك دارا شێخ نورییەوە دەنووسرا و هەڵەچنمان دەکرد، پاشان هەرچۆنێك بوو ئامێرێکی نیوداشتی (رۆنیۆ)م لە ورمێ کڕی، بەڵام کڕینی ئەو جۆرە (ئامێرانەی چاپ) رەزامەندیی (سازمانی ئەمنییەت)ی دەویست و دەبووایە سەردانی ئەو فەرمانگەیە بکرێت لەگەڵ (ناوونیشانی کۆگایەکە و جۆری ئامێر و ژمارەی بازرگانییەکەی)، بەڵام چونکە خاوەنی کۆگایەکە پیاوێکی کوردی شکاك بوو تەلەفۆنێکی بۆ لێپرسراوی سازمانی ئەمنییەت کرد و بەناوی (ئاغای مەزهەری) و بە فارسی قسەی لەگەڵداکرد و ئەویش دیاربوو رەزامەندیی نیشان دا بەمەرجێ (کۆپیی پێناسەکەم) و ئەو شوێنەی لەناو شۆڕش کاری تێدا دەکەم، لەبەر ئەوەی بەندە و کاك مەحمود قەرەداغی برابچوکی رۆژنامەنووس و نووسەر کامەران قەرەداغی لیژنەی کڕینی کەلوپەلەکانی چاپ و چاپخانە و پێداویستییەکانی ئەمانەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان بووین و پێناسەی تایبەتیمان هەبوو لە شۆڕشەوە، هەرکاتێك پێویستیی بە سەفەرکردنمان هەبووایە بۆ پەیداکردن و کڕینی ئەو جۆرە کەلوپەلانە دەمانتوانی سەفەری ئێران بکەین، ئەو پێناسەیەش یارمەتیدەری ئاسانکردنی کڕینی ئەو ئامێرەی بۆکردم، بۆیە هەر ئەو رۆژە ئامێرەکەم لەگەڵ وەرەقەی کڕین کە تێیدا ناوونیشانی بەندەی لەسەر تۆمار کرابوو گەیاندمەوە کوردستان و دەستبەکار بووین، ئەو کوڕە گەنجانەی کە لامان بوون (یاسین و سۆران) یارمەتیدەری ئیشپێکردنی (رۆنیۆ)کە بوون، ژمارە (١)ی (دیاریی لاوان) بە (٢٠–٢٥) لاپەڕە دەرچوو کە بابەتی یەکەمی دەربارەی (جوگرافیای

کوردستانی گەورە) بوو کە تێیدا بە داتا ژمارەی دانیشتووان و سنووری جوگرافیای هەرچوار پارچەی تێدا دیارکرابوو و (١٠٠) دانەشمان لێ چاپکرد و بەسەر ئەمانەتە گشتییەکان و مەکتەبی سیاسی و بارەگای بارزانی و لقەکانی پارتی کە بەگوێرەی ئیمکان دەستمان پێیان بگەیشتایە، پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەك نامەیەکی توندم لە مەکتەبی سیاسییەوە پێگەیشت کە تێیدا بەتوندی ڕەخنەی لەو بابەتەی جوگرافیای کوردستانی گەورە گرتبوو و ڕستەی (ئێستا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە نییە)، لە نووسراوەکەدا هاتبوو (بەداخەوە ئەم نووسراوە و دەیان نووسراو فەرمانی کارگێڕیی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان) لەناوچوون پاش بارودۆخی خیانەتنامەی (٦)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥. پاش دوو مانگی دیکە ژمارە (٢)ی دیاریی لاوان مان هەر لە ساڵی ١٩٧٤ بڵاوکردەوە، بەڵام ژمارە (٣)ی (دیاریی لاوان) بەوە ڕانەگەیشت کە چاپ و بڵاوبکرێتەوە، چونکە نسکۆی شۆڕشی بەسەرداهات، لە ژمارە یەکی بڵاوکراوەی (دەنگی کوردستان) وەکو هەواڵ باسی لەو چالاکییەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دەکات بە دەرکردنی گۆڤاری دیاریی لاوان، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەو دوو ژمارەی دیاریی لاوان بە هیچ شێوەیەك ناکەونە بەردەست، کاتی خۆشی کاتێ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (برایەتی)ی ڕۆژانە بووم (١٩٩٣-٢٠٠٠) بابەتێکم بڵاوکردەوە و تێیدا داوام کردووە ئەگەر هەرکەسێك یەکێ لە ژمارەکانی لای دەست دەکەوێت بە هیممەت یان بە قیمەت بۆمانی بنێرێ.

لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕی شۆڕش و حکومەتی بەعس، ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان کارەکانی خۆیی ئازایانە.. بوێرانە.. دڵسۆزانە بەڕێوە دەبرد، بەڕاستی ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان بوونی سەرکردەیەکی بەتوانا و ڕۆشنبیر و دڵسۆزی وەکو (شەهید دارا تۆفیق) کە بەوپەڕی لێهاتووییەوە سەرکردایەتیی ئەو دەزگا کاریگەرەی ڕاگەیاندنی شۆڕشی دەکرد، دووەمیان دڵسۆزیی کارمەندانی سەراپای بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەکان و وێستگەی دەنگی کوردستان و چاپخانەی خەبات بوو.. نووسەر و ئەدیب و وەرگێڕ و

ئامادەکارانی بەرنامەکەمان و کارمەندانی کارگێڕی و شۆفێران (خوالێخۆشبووان حەکیم کاکە رەش، ئیسماعیل وەستا ئەحمەد، کاکە حاجی حاجی تایەر لەگەڵ کاکە فریاد رەسوڵ بایەزید و خوالێخۆشبوو کاکە حەنای مەربین کۆیی و بە ئاین مەسیحی کە هەر لە پەنجاکانەوە ئەندامی پارتی بوو و پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە رۆژنامەی التاخی بە کاتب اعلانات دامەزرا) کە هەرهەموو بە گیانێکی کوردانەی شۆڕشگێڕ کە شەو و رۆژ بێ سڵمینەوە بە بەردەوامی درێژەیان بە کارەکانیان دا، تەنانەت شەوانیش بە (قومبەلەی تەوقیتکراویش) بۆردومانی ناوچەکە دەکرا.

لەومانگەدا کاکە دارا تۆفیق بەندە و سیروان عبداللە سعید ی راسپارد کە سەفەری تاران بکەین بە مەبەستی کڕینی (لەوازمی چاپ) بۆ چاپخانەی خەبات، چونکە تاکە چاپخانەی شۆڕش کە رۆژنامە و ئەوراقی تایبەتیی ئەمانەتە گشتییەکان و سجلاتی ئەمانەتی گشتیی دارایی و مەکتەبی سیاسی چاپ دەکرد بۆیە بە پێویست زانرا پێش وەرزی زستان ئەو کەلوپەلانە دابین بکرێن، وابزانم لە ناوەڕاستی مانگی تەموز بوو کە بەپێی نووسراوێکی فەرمی چووینە ورمێ (رضائیة) لەوێشەوە بە دوو ناوی خوازراوەوە کە لەلایەن ئەمنییەتی فڕۆکەخانەی رەزائیە بۆمان دیاریکرابوو بە فڕۆکە چووینە تارانی پایتەخت، لەپێشەوەش بۆمان دیاریکرابوو کە لە هوتێل (سنترال) لە شەقامی (لالەزاری نو) دابەزین، ئێوارەیەکی درەنگی ئەو رۆژە گەیشتینە تاران و بە تاکسییەك بەرەو شەقامی لالەزاری نو چووین و لە هوتێل (سنترال) لە قاتی یەکەم ژوورێکیان بۆ دیاری کردین کە راستەوخۆ پەنجەرەکەی لەسەر پانتاییەکی گەورەی بە چیمەن چێندراو کە لەولاوەشی باڵەخانەیەکی دیواربەردینی شێواز کلاسیك و ناو چیمەنەکەش لەلای ئەولای بە قوماشی رەنگاوڕەنگ دەورەدرابوو، بەرامبەریشی نزیك (١٢٠-١٥٠) کورسیی نایلۆنی رەنگاوڕەنگی ریزکراو رێکخرابوو، ژوورەکەی ئێمە کە ژمارە (٨) بوو وەکو (لوچ)ی ئەو چیمەن و باڵەخانەی لێهاتبوو کە لەشوێنی خۆمانەوە لەسەر تەختی نووستنەکەوە دەمڕوانییە چیمەنەکە، کاتێ (حسن)ی خزمەتگوزاری

هوتێلەکە کە ئاوی ساردی بۆ هێناین بە زمانی تورکی کە سیروان قسەی لەگەڵ دەکرد زانیمان ئەو چمەنە ریستورانتی هاوینی باڵەخانە بەردینەکەیە کە شەوانە چەندین گۆرانیبێژی پیاو و ژن گۆرانیی تێدا دەچڕن و شەوانەش خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکات وەکو اغای (حسن)ی پێی گوتین شەوانە پێویستیتان بە چوونەدەرەوە نییە چونکە لە کاتژمێر (٩)ی شەو تاکو کاتژمێر (١٢) گۆرانی و مۆسیقای تێدا دەبیسترێ، هوتێلەکە خواردنی هەرسێ ژەمی رۆژانەی تێدا درووست دەکرا، شەوی یەکەممان کە لە کوردستانەوە بۆ رەزائیە و لەوێشەوە بە فڕۆکە بۆ تاران پۆویستیمان بە ئیسراحەت هەبوو، بەڵام کاتژمێر (٩)ی شەو دەنگو سەدای مۆسیقای ئێرانی کە هەندێ جار ئاوازی کوردیشی تێدا دەبیسترا لە پەنجەرەی ژوورەکەمانەوە ئەوجا بەرە بەرە خەڵکی لەسەر کورسییەکان شوێنی خۆیان دەگرت و (مەی و خواردن)یان بۆ دەهات، ئەوجا چەندین گۆرانیبێژ بە دەنگە خۆشەکانیان ئامادەبووانیان دەهێنایە چەپڵەرێزان.

بۆ بەیانیی رۆژی دووەم لە ئیدارەی هوتێلەوە تەلەفۆنێکمان بۆ هات کەوا لە هوتێل چاوەڕوانی کارمەندێکی میری بین بەمەبەستی یارمەتی و ئاسانکاری و دابینکردنی پێداویستییەکان نزیکەی کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی پیاوێکی تەمەن (٤٠-٤٥) ساڵە خۆی بەناوی (ئاغای کیسەچی) بە ئێمە ناساند و بە کوردی قسەی لەگەڵ ئێمە کرد و داوای لێکردین پێداویستییەکانی کە بۆ کڕینی هاتووین بۆی دیاری بکەین، ئێمەش ئەو لیستەیەی کە لە کوردستانەوە بە پێداویستییەکانمان ئامادەمانکردبوو بە کوردی و عەرەبی دامانە دەستی و پاش لێوردبوونەوەیەکی ورد گوتی (فەرمون با بڕۆین) لەدەرەوە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (پەیکان مۆدیل ١٩٧١ رەنگ خۆڵەمێشی) کە لەبەردەم هوتێلەکە راگیرابوو و دیاربوو ئۆتۆمبێلی ئاغای کیسەچی بوو، لەگەڵی سوار بووین و ئێمەی لە شەقامی (شاهرەزاوە) بەرەو شەقامێکی دیکەی بردین ئەوجا لەبەردەم باڵەخانەیەکی دوونهۆمی راوەستا و سەرکەوتین، دیاربوو باڵەخانەکە نووسینگەی کۆمپانیایەکی تایبەت بە لەوازمی چاپ بوو کاتێ چووینە ژورێ

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دیتمان کوڕێکی گەنجی (٣٠) ساڵە لەپشت مێزێکی مۆدێرن دانیشتووە و لەپشت سەریشییەوە وێنەی (ولا حەزرەست محمد رەزای پەهلەوی) هەڵواسرابوو لەولاشەوەی وێنەیەکی خانمی گۆرانیبێژی بەناووبانگی ئێرانی (گوگوش)ی رەنگاوڕەنگ هەڵواسرابوو، لە دیواری بەرامبەری بەڕێوەبەریش نەخشەیەکی جیهانی گەورە بەشێکی دیوارەکەی گرتبوو، کاتیٚ ئاغای کیسەچی بە فارسی کەوتە قسەکردن و لیستەکەی کە ئێمە ئامادەمان کردبوو بۆی خوێندەوە و لە پێناسەی کەسایەتیی ئێمەی خەبەردار کرد، یەکسەر گەنجی بەڕێوەبەر لەشوێنەکەی خۆی هەڵسا و هاتە لای ئەو شوێنەی نەخشەکەی جیهانی تێدا هەڵواسرابوو دەستی خستە سەر نێوەڕاستی (عیراق و تورکیا و ئێران و سوریا) ئەوجا کەوتە قسە و ئێمەش چاوەڕوانی وەرگێڕانی ئاغای کیسەچیمان دەکرد تاکو بزانین ئەو گەنجە بۆ هەڵسا و قسە لەبارەی چییەوە دەکات، ئاغای کیسەچی کاتیٚ قسەکانی لە فارسییەوە بۆ وەردەگێڕاین گوتی: ئاغای فروهەر (کە ناوی بەڕێوەبەرەکە بوو) دەڵیٚ (کوردەکان دەیانەویٚ ئەو شوێنانەی دەستم لەسەریان داناوە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن، مەلا مستەفای بارزانی ئەو ئامانجە ناشارێتەوە، من چوار ساڵ پێش ئێستا کاتیٚ خوێندکاربووم لە وڵاتی ئەڵمانیا خوێندکارە کوردەکان ئەو ئامانجەیان نەدەشاردەوە و هەمیشە پشتیان بە قسەکانی بارزانی دەبەست، ئێوە دیارە کارمەند و ئەندامی ئەم شۆڕشەن لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟)..

لەوەڵامدا بەپێکەنینەوە بە ئاغای کیسەچیم گوت (ئاغا کیسەچی بەو ئاغایە بڵیٚ، ئێمە هاتووین لەوازمی چاپ بکڕین، ئەو ئاغایە چوار ساڵ پێش ئێستا لە ئەڵمانیای رۆژئاوا خوێندکاری کوردی دیوە و باسی دەوڵەتی کوردییان کردووە، کورد مافی خۆیەتی داوای مافی خۆی بکات نە رازی دەبێت کەس مافی لیٚ زەت بکات وەکو حکومەتی عیراق، نە چاوی لە زەوتکردنی خاکی خەڵکی دیکەیە)، ئاغای فروهەر بەوە نەوەستا دیسان دەستی بۆ نەخشەکە درێژکرد و گوتی (ئایا بەشێك لە خاکی ئێران بە خاکی کوردان دادەنێن) پێش ئەوەی ئاغا کیسەچی قسەکانی بۆ ئێمە وەربگێڕیٚ دیاربوو نەختیٚ بەجدیتروە لەگەڵ

بەڕێوەبەرەکە قسەی کرد و دیاربوو قسەی پێ بڕی ئەوەی تێیگەیشتین ئەوەبوو پاش ئەوەی هاتینە دەر پێی گوتین کە بە کابرای بەڕێوەبەری گوتووە (برا ئەمانە میوانی دەوڵەتی ئێرانن هاتوون لەوازمی چاپ بکڕن تۆ ئەو مافەت نییە باسی سیاسیان لەگەڵدا بکەیت). ئەوەی دەمانەویست لای (فروهەر) پەیدا نەبوو، بەڵام ناوونیشانی شوێنێکی دیکەی بۆ وەرگرتین، پاش سوڕان و گەڕان و پرسیار لە باشووری تاران چوینە شوێنێك هەر لە کارخانە دەچوو، بریتیبوو لە باڵەخانەیەکی گەورە ئەوجا بەرەو ئۆفیسی ئەو باڵەخانەیە چوین، کاتێ چوینە ژوورەوە دیتمان پیاوێکی تەمەن (٦٠) ساڵە لەپشت مێزێکی ئاسنین دانیشتبوو و پاش چاك و چۆنی خۆی بەناوی (ئاغای خوش قدم) پێشکەشکرد و پیاوێکی بەژم مامناوەندیی قەڵەو و سەر رووتاوە، چاکەت و پانتۆڵێکی خۆڵەمێشیی لەبەردابوو پیاوێکی رۆح سوك و دەم بە پێکەنین بوون، هەر زوو چای بۆ بانگ کردین، کاتێ زانی ئێمە کوردی عیراقین و مەبەست لەو سەردانەمان چییە هەرزوو بانگی کارمەندێکی خۆیی کرد کە دیابوو لەو بەتەمەنترە، پیاوێکی درێژی رەقەڵە بەناوی (عەبدوللا)ی پێناساندین، ئینجا عەبدوللا بە عەرەبی کەوتە قسە لەگەڵمان و لەسەرەتادا گوتی (من ماوەی ١٠ ساڵ لە بەغدا لە شۆریجە کارم کردووە (١٩٤٨-١٩٥٨) لەگەڵ بازرگانێکی کورد بەناوی (حەزرەتی)، بەڵام هەمیشە قسە و گفتوگۆ و مامەڵەکانمان بە زمانی عەرەبی دەگوزەرا لە شۆریجە بۆخۆشم هەر لەم ناوچەیە دەنوستم بۆیە عەرەبییەکەم باشە، یاخوا بەخێربێن فەرموون بزانین چیتان دەوێ؟)

کاتێ ئێمەش لیستەکەمان بە ئاغای عەبدوللا دا کەوتە قسە لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیا و کارگەکە و چەند جارێکیش (خوش قدم) بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ئەولا و ئەولای دەکرد زۆربەی پێداویستییەکانی بۆ پەیدا کردین، بەڵام دوو هەفتەی دەویست تاکو کۆیان بکەنەوە و ئەوەی لەملاولاش هەیە تاکو دەگات، بەڵام دەبووایە هەر دوو رۆژ جارێك سەرێکی کۆمپانیاکە بدەین، ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بوو کە لای ئەوان دەست نەدەکەوت (پیتی مس-حروف الرصاص) بوو دەبووایە خۆمان لە چەند شوێنێکی تاران بۆی بگەڕێین، دوو

ڕۆژ جارێك سەرێكی كۆمپانیاكەمان دەدا و بە قسە خۆشەكانی خۆش قەدەم و عەبدوللا كاتمان بەسەردەبرد وابزانم لە هەفتەی یەكەمی بوونمان لە تاران باوكی خۆش قەدەم ئەمری خودای كرد و عەبدوللا پێی ڕاگەیاندین كە پرسەكەی لە مزگەوتێكی نزیك ماڵەكەی خۆیانە بۆیە هەر ئەو ڕۆژە پێش نیوەڕۆ لەگەڵ عەبدوللا چووینە مزگەوتی پرسەكە، دیاربوو خۆش قەدەم و برا و خزمەكانی ڕاوەستابوون.. كاتێ ئێمەی دیت ڕیزەكەی بەجێهێشت و دەستی بە (خوش امدید.. خود امدید)كرد، ماوەی نیو كاتژمێرێك دانیشتین و لەو ماوەیەدا زانیمان لە عەبدوللاوە كە نیوەڕۆ لای ئەوان نان دەخۆین، چونكە ئێمە میوانین لێرە بۆیە باسی ئەم ڕووداوە دەكەم كە تێیدا لەكاتی نانخواردن یەكێ لە خاوەن پرسەكە دیاربوو برا بچووكی خۆش قەدەم بوو لە عەبدوللای پرسی بە فارسی ئایا ئێمە عەرەبی دەزانین!، عەبدوللاش لە وەڵامدا گوتی (ئەهلی عیراق بە كوردەوە هەموو عەرەبی دەزانن)، ئینجا كابرا ڕووی لە ئێمە كرد و گوتی (كیف صحە الرجل الحدیدی، هل أن البارزانی بخیر) ئێمەش بە هەمان زمانی عەرەبی گوتمان (نعم بخیر ویقارع الظلم في جبال كوردستان). پاش دەمێك لە چاخواردنەوە هاتە نێوانی من سیروان و دیسان بە عەرەبییەكەی گوتی (أحسن من كل شيء الأعتماد علی انفسكم أتفهمون ما أقول) ئێمەش سەرمان بۆ لەقاند و نەماندەویست درێژە بەم بابەتە بدەین، چونكە ئەوكاتە وا بیردەكرایەوە (كە گوایە شای ئێران هەتا لەناو چۆڵەوانیشدا سازمانی ئەمنییەتی هەیە)، كابرا كە زانی ئێمە نامانەوێ قسە لەسەر ئەم بابەتە بكەین بە فارسی كەوتە قسە لەگەڵ خۆش قەدەمی برای و ئەوەی من لێی تێگەیشتم زانیم كە دەڵێ (ئەو دوو برادەرە دەترسن قسە بكەن).

كاتێ كە ڕۆژەكانی دواتر سەردانی كۆمپانیاكەی خۆش قەدەممان دەكرد لە عەبدوللاوە كە بەتەواوی بڕوای بە ئێمە هەبوو زانیمان كە ئەو برایەی خۆش قەدەم ناوی (فروغ زاد)ە ئەو (كیمیستەری یانی بەشی كیمیا)ی لە یەكێ لە زانكۆكانی فەڕەنسا تەواوكردووە و چەپ خوازە دوو ساڵە خوێندنی تەواو كردووە و (كارگەیەكی بچوكی) هەیە و خۆی سەرپەرشتیی دەكات و هەمیشە

خۆش قەدەم ئامۆژگاریی دەکات کەوا نەچێتە نێو ئەو بابەتانەوە، بەڵام فروغ زاد زۆر بە قسەکانی خۆش قەدەم پابەند نییە و چەند جارێك لە سازمانی ئەمنییەت بانگکراوە، بەڵام بەهۆی کەسایەتیی خۆش قەدەم ئازاد دەکرێت، (پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١) کاتێ دەرفەت رەخسا چەند جارێك چ بە دەعوەت چ بۆ سەردانی نەخۆشی کە دەچووم بۆ ئێران ویستم کۆمپانیاکەی خۆش قەدەم بدۆزمەوە و سۆراخی براکەی خۆش قەدەم (فروغ زاد) بزانم، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووم و هیچم بۆ نەکرا.

مانەوەمان لە تاران ٢٢ رۆژی خایاند، رۆژانە یان خۆمان یاخود بە هاوکاریی خۆش قەدەم کە هەمیشە کاك عەبدوڵڵای لەگەڵ دەناردین خەریکی پەیدا کردنی کەلوپەلەکان بووین، رۆژی بیستەمین هەموو کەلوپەلەکانمان لە کۆگایەکی خۆش قەدەم کۆکردەوە و ئاغای کیسەچی مان ئاگادار کرد کەوا ئۆتۆمبیلمان بۆ پەیدا بکات بە مەبەستی بردنەوەی کەلوپەلەکان، ئەویش دوو رۆژی دیکەی هێشتینەوە، دواتر سێ ئۆتۆمبیلی گەورەی سەربازی (لۆری) بە وەرەقەی رەزامەندیی دەزگای تایبەتەوە، ئەوجا تاکو ئێوارە هەمووی بارکرا و گوتیان ئەوان بەیانی زوو بەڕێ دەکەون بۆ (نەغدە) ئێمەش بۆ بەیانی دیسان بە هاوکاریی کیسەچی لە تارانەوە بە تەیارە بەرەو رەزایە بەڕێکەوتین و لەدوا کاتیشدا پێی گوتین کە (پارەی کرێی هەر سێ لۆرییەکە لەلایەن ئەوانەوە دراوە ئێوە هیچ پارەیەك نەدەن)، دەمەو عەسری هەمان رۆژ ئێمە گەیشتینەوە (شنۆ) چونکە پێش رۆیشتنمان (خانوومان لە شنۆ بەکرێ گرتبوو بۆ ماڵەوەمان)، بەڵام کاتێ چووینە خانووەکە کابرای خاوەن خانووەکە پێی راگەیاندین کەوا ماوەی دوو هەفتەیە جەماعەت سەفەریان کردووە و چوونەتەوە نەغدە و نامەیەکیشی دایە دەستمان کەوا خەزورم (عەمید عبداللە سعید) بۆ من و سیروانی نووسیبوو کە تێیدا دەڵێ (ئێمە گوێزامانەوە بۆ نەغدە و ناوونیشانمان (نەغدە، خیابانی باڵخچی بەرامبەر بەرگدرووی سامان))، ئێمەش چووینە گەراج و بە ئۆتۆمبێلێك لە شنۆوە بەرەو نەغدە بەڕێکەوتین، زۆر بە ئاسانی ماڵەکەمان دۆزییەوە، خانووەکە دوو بەش بوو و لەنێوانیاندا

چیمەنێکی (٢٠م) و هەندێ دارودرەختی لێبوو، خاوەن ماڵەکەش کە خۆیان لەلای خوارەوە بوون ناوی (حاجی سەید عەبدوللاّی کەمالی) بوو.

ئەمڕۆ ڕێککەوتی ٢٠١٤/٣/٢٢ بەڕێککەوت (٥) ڕۆژ پێش ئێستا یانی ٢٠١٤/٣/١٧ (سولیحە خان)ی کچی حاجی سەید عەبدوللاّی کەمالی لەگەڵ مێردەکەی کە ناوی مامۆستا (عەلی)یە لە هەولێر هاتنە لامان، کە چەند ڕۆژێکی پێشووتر لە ئێرانەوە بە سەردان هاتبوونە کوردستان کاتی خۆی کە خێزانی ئێمە لەو ماڵە بوون ئەم (سولیحە خانمە) شووی کرد و ئێمەش لە نیوەڕۆ خوانی بووك گواستنەوەکە ئامادەبووین، لاتان سەیر نەبێت پاش (٤١) ساڵ ئێمە بە دیتنی ئەفرادی ئەو خانەوادەیە شاد دەبین، چونکە بەندە هەمیشە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی زۆر بەدوای ئەو کەسانەوەم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان جۆرە پەیوەندییەکم لەگەڵی هەبووبێت، بۆیە دیتنەوەی تاکەکانی ئەو خێزانە (سولیحە، سەبریە، کامل، هەژار مێردی سەبریە، عەلی مێردی سوڵحیە) لای من بەڕێککەوت بوو کە لێرەدا جێگای باس نییە.

ئەم شەوە لە نەغدەماینەوە ئێوارەکەش حاجی سەید عەبدوللاّی کەمالی خاوەن ماڵ داوەتی نانخواردنی کردین، کاتێ لەسەر سفرەی نانخواردن لە ژوورەوە دانیشتبووین پێش ئەوەی خواردنەکە بێت بۆنی (پلاّوی برنجی سەدری)ی فریشتەخانی خێزانی سەید عەبدوللاّ دەهات (وەکو زانیمان لەو چەند ڕۆژەی پێشووتر تاکو ئێستاکەش فریشتەخان لە ژیان ماوە، بەلاّم چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە (زەهایمەر) بوو، بەلاّم حاجی سەید عەبدوللا (١٥) ساڵێکە ئەمری خوای کردووە.

سەرلەئێوارەی ڕۆژی دووەم ئۆتۆمبیلە سەربازییە بارهەڵگرەکان گەیشتین (شەو جێگەمان لە مسافرخانەی سعادەت) بۆ دابین کردن، بۆ بەیانی لە کاتژمێر (٧) من و سیروان لەگەڵ هەمان بارهەڵگرەکان سوار بووین بەرەو کوردستان، بە ڕێککەوت لەنێوان بەرزاییەکانی (خانە و سنوری کوردستان) تووشی کاك دارا تۆفیق هاتین کە بە جێبەکەی ڕاگەیاندن بەرەو ئێران دەچوو، ئێمە ئۆتۆمبێلەکانمان ڕاگرت و دابەزین، کاتێ کاك دارا تەماشای بارهەڵگرەکانی

کرد باوەڕی نەکرد کە ئەو هەموو کەلوپەل و کاغەزەمان هێناوە و پێشمان ڕاگەیاند کەوا ئۆتۆمبیلەکان ئۆتۆمبیلی دەوڵەتین بەبێ پارە بۆمان دابین کراوە، پاش دەستخۆشی کاك دارا منی جیاکردەوە و گوتی (کاکە فەرهاد بە گەیشتنتان بۆ بارەگای ئەحمەد حاجی ئەم کەلوپەلانە لەوێ دابگرن پاشان مشووری گواستنەوەیان بخۆن بۆ خوارەوە، بەڵام بیرت نەچێت هەر شوفێرێك (٥٠) دیناری وەکو پاداشت پێ بدە، ئەوکاتە (١ دینار ٢٠ تمەن بوو) یانی بۆ هەر شوفێرێك (١٠٠٠) تمەن.

ئیشوکارەکانی ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان بە درێژایی ئەم ماوەیە بە ڕێکوپێکی گوزەری دەکرد، بەڵام دەنگی تۆپ و بۆردومانکردنی شەو و ڕۆژ لە ناوچەی دۆڵی باڵەکایەتی تاکو نزیك ئازادی زیاتربوو، بەرەکانی شەڕ پاشەکشەی لەلایەن پێشمەرگەوە لە هەندێ لە بەرەکانەوە پێوە دیاربوو، لە دەشتی هەولێر، کەرکووك، شاری ڕەواندز، شانێکی شاخی زۆزك تاکو دەهات ژمارەی ئاوارەکان لە ئۆردوگاکانی ئێران زیادی دەکرد، بەڵام دیسان ورەی خەڵکی بەهێز بوو و کەس بیری لە دواڕۆژی خراپ نەدەکردەوە، هەواڵ و پەیامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بە هەر چوار زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی، پاشان تورکیشی هاتە سەر) هێز و تینی بە خەڵکی دەدا، ناوە ناوەش بەپێی ڕێککەوت سەردانی کاك سامی عبدالرحمن-م دەکرد کە ئەو سەرۆکی ئەمانەتەکان بوو زۆریش لەگەڵی هەوڵدام کە بچمە لای ئەو لێپرسراوێتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی کارگێڕی وەربگرم، بەڵام دڵم نەدەهات کاك دارا تۆفیق بەجێبهێڵم، بۆیە کاك سامی خوالێخۆشبوو (کامل عەتار)ی بۆ ئەو شوێنە دەستنیشان ککرد و کاك کامل عەتاریشی زۆر بە ڕێکوپێکی توانی ئەم ئەرکە قورسە بەڕێوە ببات، یەکێ لە سەردانەکانم بۆ لای کاك سامی کە لە یەکێ لە ڕۆژە ساردەکانی زستانی ئەو ساڵە بوو کاتێ چوومە ژوورەکەی کە سۆپایەکی دار گەرمی داهێنابوو وەکو عادەتی خۆی هەندێ جار ئاخافتنەکان بە عەرەبی دەستپێدەکرد و گوتی (ماذا في جعبتك يا صديقي؟)، منیش لە وەڵامدا بە کوردی گوتم (کاك سامی جوعبەی

من بەتاڵە نهێنییەکان لە جوعبەکەی تۆدان)، ئەوەی لەو دانیشتنە لە کاك سامی گەیشتم کە (مەلا مستەفا ورەی زۆر بەرزە و بە هیممەتە، ماوەیەکە هەندێ کەسی راسپاردووە کەوا پرۆژەیەك بۆ فیدراڵییەت ئامادە بکەن، کە یەکێ لەوان کە سەرۆکایەتیی لیژنەکە دەکات خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە، بەڵام نازانین سەفینەکەمان بەرەو کوێ دەڕوا، المهم سیکون النصر حلیفنا في النهایه).

لە دوا رۆژەکانی مانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٧٤ لەپاش رەزامەندیی کاك دارا تۆفیق لەگەڵ لێپرسراوی بەشی وەرزش لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان کاك (جەمیل محمود بەگ) بە مەبەستی سەردانی تیپی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان کە لە بیابانی ئەندیمەشق و دێزفول کە لەسەر رێگای سەرەکییە بۆ پارێزگای (ئەهواز) بوو چووین ئەو رۆژە کە گەشتەکەمان لە کوردستانەوە دەستپێکرد ئێوارە درەنگانێك گەیشتینە نەغدە، خێزانی ئێمە و ئەویش لە نەغدە نیشتەجێ بوون، بۆ بەیانی وابزانم ١٩٧٤/١٢/٢٩ بوو بە خۆمان و هاوسەرەکانمان بەرەو شوێنی مەبەست ناوی خوامان لێهێنا کە زۆر سارد و بەفرێکی زۆریشی لێ باریبوو و لە نەغدە بۆ مەهاباد ئەوجا بۆ سەقز و بۆکان و سنە و ئێوارە درەنگانێك گەیشتینە شاری گەورەی رۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان) و شەو لە ئوتێل (ستارە ئاسیا) دابەزین، بۆ بەیانیش بەرەو (ئەندیمەشق) کە پاشان نیوەڕۆی ئەو رۆژە گەیشتینە ئەوێ، برادەرانی تیپی هەڵبژاردەمان دیتەوە کە لە باڵەخانەیەکی وەرزش و لاوان نیشتەجێ بوو و لە نزیك ئەم شوێنەش گۆڕەپانی یاریی هەمەجۆر هەبوو، لەوانە (گۆڕەپانی تایبەتی یاریی تۆپی پێ) کە تێیدا رۆژانە یاریزانانی کوردستان یاری و جموجوڵی خۆیان تێدا ئەنجام دەدا، بۆ شەو ئێمە چووینە ئوتێل (زیبا) کە لەچاو شوێنەکە پاکوخاوێن بوو، یارمەتیی دوو مانگ (١١، ١٢)ی ئەم ساڵەمان بەسەر برادەران دابەشکرد سەرەڕای بڕێك پارە وەکو (نەسریە) کە بۆمهێنابوون، ئەورۆژە کە رێککەوتی دوا رۆژی ساڵی (١٩٧٤) بوو (١٩٧٥/١٢/٣١) رۆژێکی گەرم بوو، بەڵام کاتێ رۆژی ١٢/٢٩ لە نەغەدە دەرچوون نزیکەی (٣٠سم) بەفر لە ئەرزەکە کەوتبوو و

ڕێگا بەتایبەتی لەنێوان مەهاباد و سەقز و سنە بەفر بەتەواوی ڕێگای گرتبوو و ئەگەر ماشێنی بەفر پاككردنەوە نەبووایە ئەوا ئۆتۆمبێل نەیدەتوانی دەربچێت، ئەو ڕۆژەش ١٢/٣١ تاكو نیوەڕۆ لای برادەرانماینەوە و ویستمان پاش نیوەڕۆ بەرەو كرماشان بگەڕێینەوە، بەڵام یەكێ لە برادەرانی تیپەكەمان پێشنیاری دیتنی ئەهوازی بۆ كردین كەوا سەنتەری پارێزگای ناوچەكەیە وەكو ئەو برادەرە گوتی (كێ دەڵێ جارێكی دیكە ئەو فرسەتەتان بۆ ڕێك دەكەوێ)، (من و كاك جەمیل)یش پێشنیارەكەی ئەو برادەرەمان پەسەندكردبوو و بڕیاری ئەوەماندا كە بەرەو ئەهواز بەڕێكەوین، برادەرانمان بەجێهێشت و بەرەو ئەهواز ناوی خوامان لێهێنا و دەوروبەری كاتژمێر (٥)ی ئێوارە گەیشتینە ئەهواز، شوفێری تاكسییەكەمان كوردی كرماشانی بوو پێشنیاری ئوتێلێكی بۆكردین و ئێمەی گەیاندە شوێنی مەبەست، ئوتێلی حەوانەوەمان ناوی (ئوتێل كارون) بوو كە ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووباری كارون درووستكرابوو، بەڕاستی شوێنێكی دڵگیربوو، بەڵام سەراپای ژوورەكانی بەبۆنەی ئاهەنگی سەری ساڵ (١٩٧٤ لەسەر ١٩٧٥) گیرابوون، بەڵام بەڕێوەبەری ئوتێلەكە چونكە (جولەكە)یەكی بە ڕەسەن خەڵكی بەغدا بوو لە ساڵی ١٩٥٢وە بەهۆی بیروباوەڕی چەپی ئەو كاتەی كە ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بوو پاش ئەوەی زانیویەتی كە لەلایەن حكومەتی عیراقەوە ئەمری حەپسی بۆ دەرچووە هاتووەتە بەسرە و لە ڕێگای هاوڕێیانی شیوعی پەڕیوەتەوە ناو خاكی ئێران ئەوجا بەهۆی هەندێ لە ناسیاوانی جولەكەی ئەهواز هاتۆتە ئەم شارە و هەر بە هیممەتی ئەوان مشووری نیشتەجێبوون و مانەوەی لە ئەهواز بۆ كراوە و وازیشی لە سیاسەت هێناوە، بەڵام وەكو دەیگوت هەمیشە دڵم لای خەڵكی عیراق و برادەرەكانمە، ماڵی ئاوابێ كە بەداخەوە ناوەكەیم لەیاد نەماوە دوو ژووری لە قاتی یەكەم بۆ پەیدا كردین پاش ئەوەی میوانانی ئەو دوو ژوورەی بۆ شوێنێكی دیكە گواستەوە، چونكە وەكو كاكی جولەكەكە گوتی میوانانی ئەم دوو ژوورە لەدوێنێوە هەواڵی ئەوەیان پێداوین كە ئەمڕۆ ئوتێل بەجێدەهێڵین كە ئەمەشیان هۆكارێكی باشە كە بۆ ئێمە ڕەخسا و پێشی ڕاگەیاندین كە ئەمشەو بەبۆنەی

سەری ساڵی تازەی میلادی ئاهەنگێکی خنجیلانە لە ڕێستورانتی ئوتێل سازکراوە، پاش سوپاس گوزارییەکی باش چووینە ژوورەکانی تەرخانکراو کە بەڕاستی پاکوخاوێن و ڕێکوپێك بووون، لەبەر گەرما پانکەی ژوورەکەمان ئیشپێکرد کە لەهەمان کاتدا بیرم لە گەورەیی خاکی ئێران دەکردەوە کە لە یەك ڕۆژدا لە شارەکانی شنۆ و نەغدە و مەهاباد و سەقز (٢٠-٤٠سم) بەفر باریوە و لە ئەهوازیش لەبەر گەرما پانکە ئیشی پێدەکرێ و بەفراو دەخورێتەوە، ئەو شەوە بە ڕێککەوت ٣١ لەسەر ١٩٧٥/١/١ لە ئەهواز لە ئوتێلی (کارون) ماینەوە و شەو نزیك کاتژمێر (١٠) چووینە ڕێستورانتی ئوتێل و بە زەحمەت جێگامان پەیدا کرد، ئامادەبووانی ڕێستورانت لەسەر ئاوازی گۆرانیی فارسی و هیندی و کەم کەمەش یەکێ لە گۆرانییەکانی (ناظم الغزالی و زهور حسین) دەچڕا و بە مەی خواردنەوە چوبوونە دونیایەکی دیکە و لەگەل سەراپای جیهانی پێشکەوتوو و چێژوەرگربوون لە ژیان تەنها گەلانی هەژار و چەوساوەی وەکو ئێمەی کوردی کڵۆڵ و بێ بەش لە هەموو مافێك بە مانای وشە و سەرەڕای ئەو شەڕە نەگریسەی کە حکومەتی بەعس و حکومەتەکانی پێشووی عیراقی هەر لە سەرەتای درووستبوونییەوە لە ساڵی ١٩٢١ تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ لەسەر ئێمەیان سەپاندووە تەنانەت نەیانهێشتووە و نەمانتوانیوە شوێنێك بۆ تیپێکی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستان لە وڵاتی خۆمان دابین بکەین و سەدان کیلۆمەتر ببڕین تاکو بگەینە بیابانی (ئەندیمەشق و دیزفول) بۆئەوەی مووچەی بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکەین، لەگەڵ گۆرانی و دیمەنی سەماکەرانی ڕێستورانتی ئوتێل کارون خەمەکانم زیاد دەبوون و دەکەوتمە دونیایەکی خەیاڵاویی ڕەش کە پێشووتر تووشی ئەو حاڵەتە نەببووم تەنانەت وای لە پەروینی هاوسەرم کرد کە یەك دوو جار هۆشدارم بکات و بڵێ (دەڵێی لێرە نی!).

ڕۆژی یەکەمی ساڵی تازە هەندێ لە شاری ئەهواز گەڕاین کە زۆر خۆشم دەهاتە بەرچاو کەم کەمە گوێمان لە ئاخافتنی عەرەبی سەقەت دەبوو کە لە شێوازی ئاخافتنی عەرەبی باشووری عیراق نزیك بوو، دوان نانخواردنی نیوەڕۆ بە هەمان ڕێگا گەڕاینەوە و شەو درەنگانێك بە کرماشان شاد بووینەوە لە

هەمان ئوتێلی (ستارە ئاسیا) دابەزین و بەیانیش بەرەو سنە چونکە پێشووتر زۆر جار باسی مێژووی شاری سنە و کلتوری ئەم شارەم گوێ لێببو زۆر حەزم لە مانەوەی شەوێکیش بوو لەم شارە دێرینە، بەڵام کاک جەمیل محمود بەگ و بەهاری هاوسەری لێمان جیابوونەوە.. وابزانم دەیانویست سەری دۆست و خزمانیان بدەن لە (پاوە)، ئەم رۆژ و شەوەش لە شاری دێرینی (سنە) ماینەوە و بەپێ زۆربەی بازاڕ و شەقامەکانم دیدەن کرد و رۆژی دواییش رێککەوتی ١٩٧٥/١/٣ لە سنەوە بۆ نەغدە و بۆ رۆژی دواتریش یەکسەر بۆ کوردستان گەڕامەوە و شەو بەدەم چاخواردنەوە و جگەرەکێشان گەشتەکەم بۆ برادەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆمان گێڕایەوە.

شەڕ و پێکدادان بە پێچەوانەی سالأنی شەڕی پێشووتر کە لە وەرزی زستاندا تا رادەیەك کەم دەبوو، بەڵام ئەم ساڵە حکومەتی بەعس بە هەموو شێوەیەك هەوڵی یەگجار گەورەی دەدا دۆڵی سەرکردایەتیی شۆڕش داگیر بکات کە دەروازەکەی شاخی هەندێرنی خۆ راگر لەلای راستەوە و شاخی زۆزکی سەرکەش لەلای چەپەوە بوو، هێرشەکانیش زیاتر بۆ (سەرتیز و گەرووی عومەر ئاغا) چڕببۆوە بەڵکو بتوانێ لەم ئاراستەیەوە جێ پێیەك داگیر بکات، یەکێ لەو رۆژانە بە فەرمانی کاك دارا تۆفیق بۆ کارێکی تایبەت بە جێبە مامناوەندییەکەی راگەیاندن لەگەڵ ئیسماعیل وەستا ئەحمەد کە شوفێری بوو سەردانی بارەگای پێشەوەی هێزی باڵەکم کرد کە ئەوکاتە (لاوازترین و ئازاترین پیاوی دونیا عەبدوللا ئاغا پشدەر)ی وەکو رۆژنامەنووسی بەریتانی (داڤید هێرست) لە رۆژنامەی (گاردیان)ـی بەریتانی وەسفی کردبوو کاتێ لە بەرەکانی شەڕی (گەلی عەلی بەگ) روو بە رووی جەبەرووتی سەربازیی عیراقی شەڕی دەستەویەخەی دەکرد، خوالێخۆشبوو فرەنسۆ هەریریش ئەوکاتە یاریدەدەری بوو وابزانم بارەگاکەیان وەکو لەبیرم مابێت لە (کەڵوەرێکی ناو شاخی نزیك بە پردی (حافز) بوو(، کاك فرەنسۆ لای سەیر بوو کاتێ منی دیت و بە سەرسوڕمانەوە گوتی "فەرهاد چی تۆی گەیاندە ئێرە" منیش یەکسەر راسپاردەکەی کاك دارا تۆفیقم دایە دەستی کە بریتی بوو لە نامەیەکی داخراو،

دەنگی تۆپ دونیای پڕ کردبوو عەبدوللا ئاغا ئەو نیو کاتژمێرەی لایان مامەوە بە بەردەوام بە جیهازی لاسلکی و ئامێرێکی دیکەی قسەکردن سەرقاڵ بوو، ناوە ناوە تووڕە دەبوو، دەست خۆشی دەکرد، ئامۆژگاریی دەکرد، بۆیە زۆر جار لەو ساڵانەی دوایی کە سەردانیم دەکرد دیمەنی ئەو رۆژەم بەبیر دەهێنایەوە کە زیاتر لە دیمەنی فیلمی شەڕی جیهانیی دووەم دەچوو کە لە دەنگی تۆپ و تەقەی تفەنگی هەردوولا نەبێت هیچی دیکەت گوێ لێنەدەبوو، بۆیە چەند جارێك (سەدام حسێن) کاتێ کە لەگەڵ رۆژنامەنووسانی بیانی یان عەرەب دیمانەی رۆژنامەنووسیی ئەنجامدا بە ئاشکرا دەیگوت کە (سوپای ئێران تێکەڵاوی و هاوکاری (الجیب العمیل) دەکات، لە ئایندەدا ئەگەر وا بڕوا ئەم شەڕە دەبێتە شەڕی عیراق و ئێران) و ئەو لێدوانە رۆژنامەنووسییانەش بە مەبەستی ئاگادارکردنی وڵاتە زلهێزەکان بوو کەوا شەڕی ناوچەیی (الحرب الإقلیمیة) لەئارادایە کە بێگومان پەشێوی دەخاتە بازاڕی نەوت بەتایبەتیش لەم ناوچە گرنگە کە لەم کاتەدا ٣٠٪–٤٠٪ نەوتی بازاڕی جیهانی دەردەهێنا.

زۆر جار بە رۆژ سەردانی کاك (خەسرەو تۆفیق)م دەکرد کە جێگری مامۆستا (علی عبدالله) بوو لە ئەمینداریێتیی گشتی دارایی کە دۆستایەتیمان لە چەند ساڵانی پێشووتر لەگەل یەکدا پەیداکردبوو بەتایبەتی کاتێ بۆ ماوەیەکی کاتی (لە سکرتارییەتی ئاوەدانکردنەوەی ژوورو–سکرتاریة هیئة إعمار الشمال) دامەزرابووم کە خەسرەو تۆفیق پیاوێکی بە ئەزموون و خاوەن بیروڕا بوو، ناوە ناوەش شەوانە دەچوومە ماڵەکەی کە لەگەڵ خێزانی دەژیا و ماڵەکەی هەر لە کوردستان بوو نەچوبوونە دیوی ئێران.

شەوانە وەکو دەیگوت تاکو کاتژمێر (١٢)ی شەو بە کارکردن لە تۆمارەکانی (سجلات)ی ئەمانەتی گشتیی دارایی و ئیشوکارەکانی ئەو ئەمانەتە سەرقاڵ بوو، هەمیشە بەدەم ئیشکردنەوەش گوێی لە زۆربەی ئێستگەکانی (فەرەنسا، BBC، ئیسرائیل و دەنگی ئەمەریکا...) دەبوو و هەمیشە رای خۆشی لەسەر رووداوەکان هەبوو، کاك خەسرەو لە رووی ئایندەی شۆڕش زۆر گەشبین نەبوو و لە دواڕۆژی شۆڕش دەترسا، شەوێك لەو شەوانەی مانگی شوباتی ساڵی

١٩٧٥ كه له ماڵی ئەوان بووم له دۆڵی دەربەند بەڕێککەوت کاك دارا تۆفیقی برا بچوکیشی هات.. کاك دارا لەنێوانی قسه و دەنگوباسی سیاسی هەواڵێکی تازەی پێبوو که گوایه سەدام حسێن گوتوویەتی (ئەگەر تەنازولیش بۆ ئێران له بەرژەوەندیی عیراقدا بێت لای ئێمه باشتره لەوەی جارێکی دیکه لەگەڵ مەلا مستەفا دابنیشین)، کاتێ کاك دارا ئەو قسەیەی کرد کاك خەسرەو یەکسەر گوتی (دارا ئەم قسەیەی سەدام حسێن ئەگەر راست بێت که گوتویەتی شکت نەبێ لەگەڵ ئێران پێك دێت، پێکهاتنەکەش لەسەر حیسابی ئێمه دەبێت، چونکه لای ئێران مەسەلەی تەنازولی عیراق ئامانجێکی ستراتیجییه، خۆ پەیمانی (سعد ئاباد)مان بیرنەچووه، کاك داراش بەپێچەوانەی کاك خەسرەو دەیڕوانییه مەسەلەکان، یەکەم خۆی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو، دووەم زوو زوو کاك ئیدریس و کاك مەسعودی دەدیت، بێگومان لەکاتی پێویست بارزانیشی دەدیت بۆیه له وەڵامدا گوتی (خەسرەو ئێران ئێستاکه لەوەیا نییه بۆخاتری رێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ عیراق واز له کورد بهێنێت تەسەور نەکەی ئەمه رووبدات چونکه لەبیرت نەچێت خەڵکی دیکەش لەنێواندا هەیه (مەبەستی ئەمەریکا بوو).

ئێواران و شەوانی ئەو رۆژگاره زیاتر و بەردەوامیی له کۆبوونەوەی بەرامبەر رادیۆکانمان بەسەردەبرد وەکو دەڵێن شەوانه (مەلحەمەی ئەخبار) دەستی پێدەکرد، پاش تەواوبوونی بەرنامەکانی (دەنگی کوردستان) ئەوجا نۆبەی ئێزگەکانی ئیسرائیل و لەندەن و ئەمەریکا و فەرەنسا دەهات و بەدەگمەن بەلای ئێزگەی رادیۆی مۆسکۆ و وڵاته عەرەبییەکاندا دەچووین، بەڵام رۆژانەش گوێمان دەدایه ئێزگەی بەغدا بەهەردوو زمانی عەرەبی کوردی، دەبووایه رادیۆی بەغداش موتابەعه بکەین چونکه شەڕی ئێمه لەگەڵ بەغدا بوو.

له هەفتەی یەکەمی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ دەنگۆی کۆبوونەوەی سەرکردەکانی وڵاتانی (أوپك) له الجزائیر لەناواندا بوو، بەڵام هیچ جۆره هەستێك به خەتەری ئەو کۆبوونەوەیه نەدەکرا لەسەر شۆڕشی کوردستان.

بەڵام کاتی لە ساتەکانی شەوی ٦ لەسەر ١٩٧٥/٣/٧ لە دوا گەڕان بۆ هەواڵی کورد و شۆڕشی کوردستان میلی رادیۆکانمان بەولا و بەولا دەبرد.. لەپڕ دەنگوباسی بەیەکگەیشتنی (شای ئێران و سەدام حسێن) و ڕێککەوتنیان لە پایتەختی جەزائیری وڵاتی جەزائیردا و پاشان راگەیاندنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە (خیانەتنامەکەی ٦ی جەزائیر)، ئێمەی ئامادەبووانی ئەو ئێوارەیە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان تووشی شۆك کرد، بەڵام چ شۆکێك! کە قەت باوەڕ نەدەکرا کە خیانەت لەئێمە کرابێت بەتایبەتیش لەلای منەوە چونکە لەو کات و ساتەدا قسەکانی کاك دارا تۆفیقم لەگوێ دەزرنگایەوە کە چەند شەوێك پێش ئێستاکە لە ماڵی کاك خەسرەو تۆفیق بووین کە گوتی (خەسرەو ئێران لەوەدا نییە بۆ خاتریی ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ عیراق واز لە کورد بهێنێت...)، بەڵام بە پێچەوانەش کاتێ رادیۆکان شرۆڤەی خاڵ و بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەیان دەکرد ئەوەیان نەدەشاردەوە (کە بەردە گەورەکە بەر شۆڕشی کوردستان دەکەوێ) تا درەنگانی شەو بە بێدەنگی رادیۆکانمان ماندوو دەکرد ئەمە خوایە هەواڵێکی دیکە بە پێچەوانەی ئەم هەواڵە ناخۆشانە ببیستین، بەڵام گەڕانەکان بێهودە بوون. کاتەکە زۆر بە قورسی تێدەپەڕی تاکو گەیاندمانە یەکی پاش نیوەشەو کاتێ زانیمان کاك دارا تۆفیق لێمان هاتە ژوورەوە.. دەیویست بە ئاسایی خۆی نیشان بدات، بەڵام خەمی لێ دەباری بەتایبەتی بۆ من ئاشکرا بوو چونکە ماوەی ئەو چەند ساڵە لە بەغدا و لەناو شۆڕش باشی لێ شارەزا ببووم یەکسەر پاش دانیشتنی پرسیاری یەکەممان لێی شیکردنەوەی هەواڵەکە بوو، ئەویش زۆر لەسەرخۆ کە نەیدەویست هەڵوێستی لاواز نیشان بدات داوای لێکردین هێمنیی خۆمان بپارێزین تاکو راستییەکان و ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە دەربکەوێ و کاتێ هەڵسا دەستی منی گرت و پێکەوە لە بارەگاکەمان دەرچووین بەئاراستەی (چۆمان) بێ ئەوەی لە سەرەتادا ئاڵوگۆڕی قسە بکەین و دەنگی تۆپ و شەڕە تۆپ لە بەرەکانی زۆزك و هەندرێنەوە دەکەوتە بەرگوێ، زیاتر لەوە خۆم پێ رانەگیرا و ولێم پرسی (چۆن لەو ڕێککەوتنە دەگەی؟ وەزعەکە چیی بەسەر دێت؟!) پاش

کەمێ هاتە قسە و گوتی (پێش ماوەیەك لای بارزانی بووم و پرسیاری چارەنووسی ئەو پرۆژەیەی لێکردم کە ئەو چەند کەسایەتییەکی راسپاردووە کە دەربارەی (فیدراڵییەت) وەکو چارەسەرێکی گونجاو بۆ کوردستان ئامادە بکەین بۆئەوەی ببێتە بابەتێکی بنەڕەتی لە وتوێژی داهاتوو لەگەڵ حکومەتی عیراقدا و کاتێ (یانی دارا) پرسیاری لە بارزانی کردووە کە تا چەند گەشبینە لەو بارودۆخە و ئایندەمان، وەڵامی بارزانی ئەوە بوو (ئێمە لەپێناوی گەلی خۆمان لە تێکۆشان ناوەستین، ئەوەی ئەمڕۆ پێی رازی دەبین لە ئایندەدا پێی رازی نابین).

لەو ساتەدا کە کاکە دارا ئەو قسانەی دەگێڕایەوە هەستم کرد بە ورە بەرزییەوە قسە دەکات، پاشان پێی گوتم (لە ئامادەباشی داین بۆ هەموو رووداوێك، ئێمە بە ئارەزوو و بە قەناعەتی ئەوە هاتووینەتە ناو شۆڕش، گەلی کورد مادامەکی سەرکردەیەکی وەکو بارزانی هەیە دەتوانێ بمێنێ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەبێت تەنها لە رێگای سەرکردایەتییەکەیەوە بێت)، لەو کات و ساتەدا کە کاکە دارا وەڵامی پرسیارەکانی منی بە قورسی دایەوە کە پێم وابوو قەناعەتی سەدا سەدی بەوە نەبوو کەوا بارودۆخەکە بە قازانجی شۆڕش دەشکێتەوە، بەڵام ئەویش ئەندامێکی سەرکردایەتی و جێگای متمانەی بارزانی و کەسایەتی راگەیاندن و دبلۆماسی پارتی بوو دەبووایە هەر بەم شێوە خۆڕاگرییە قسە بکات، رووداوێکی دیکەم هاتەوە یاد کە پەیوەندیی بە خودی کاك دارا و چارەنووسی سیاسیی کاك داراوە هەبوو رووداوەکەش کە لێرەدا مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر کەتەنها لای چەند کەسێك زانراوە کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات رووداوەکەش ئەوەیە (کاتێ لەگەڵ کاك دارا بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو لە ناوپردانەوە بەرەو رەواندز دەچووین لە یەکێ لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ بە فیعلی دەستی پێنەکردبۆوە، چوونەکەشمان بۆ رەواندز بۆئەوەبوو کە (ئوتێلە سیاحییەکە)ی رەواندز بەسەربکەینەوە کە لەسەر بەرزاییەکی دەوروبەری رەواندز دروستکرابوو کە تێیدا لەوکاتەدا بۆ ئەمانەتی راگەیاندن رۆشنبیری و لاوان

تەرخانكرابوو بۆئەوەی ببێتە جێگای حەوانەوەی ئەو رۆژنامە بیانییانەی كە دێنە ناوچەكە لە رێگادا كە ئەو ئۆتۆمبیلەكەی لێدەخوڕی باسی ئەو رووداوە نهێنییەی بۆكردم كە كاتێ لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی رۆژی ١٩٧٤/٣/٨ بە جووتە چوونەتە بەغدا بۆ دواجار بەمەبەستی درێژكردنەوەی ساڵێكی دیكەی وتووێژ و گفتوگۆ تاكو ١٩٧٥/٣/١١ لەگەڵ سەدام حسێن بۆئەوەی رێككەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بپارێزرێ و شەڕ روونەداتەوە، كاك دارا پێش باسكردنی بابەتەكە داوای لێكردم كە بەهیچ جۆرێ باسی لێوە نەكەم. چیرۆكی بابەتەكە كە كاك دارا كەوتە گێڕانەوەی بەم جۆرە بوو: كاتێ كاك ئیدریس و من (یانی كاك دارا) چاوەڕوانی ئاكامی گفتوگۆیەكانمان دەكرد لەگەڵ سەدام حسێن كە بۆ دواجار رۆژی ١٩٧٤/٣/٨ چوبووینە بەغدا، كاتژمێر (٨)ی شەو (غانم عبدالجلیل) كە ئەوكاتە ئەندامی سەركردایەتیی حزبی بەعس و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەدام حسێن بوو لە شوێنی حەوانەوەمان تەلەفۆنێكی بۆكردم كە دەیەویست بەتەنها پێكەوە دابنیشین، منیش وامزانی پێشنیارێكیان هەیە دەیانەوێ لەگەڵ من باسی بكەن پێش ئەوەی لەگەڵ كاك ئیدریس باسی لێوە بكەن، بەڵام كاتێ من و غانم عبدالجلیل پێكەوە دانیشتین گفتوگۆی من لەگەڵ غانم ئەو ئاراستەی بەخۆیەوە بینی:

**غانم عبدالجلیل**: ئێمە جەخت لە راگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی دەكەینەوە كە پێشووتر پەیمانمان بە گەلی عیراق دابوو و لە كاتی خۆی یانی شەوی ١١ لەسەر ١٩٧٤/٣/١٢ پێویستە ئێوەش (یانی كورد) هاوكار و یارمەتیدەری راگەیاندنی پرۆژەكە بكەن.

**دارا تۆفیق**: هۆكاری سەرەكیی هاتنی كاك ئیدریس و من بە مەبەستی پاراستنی پەیوەندییەكانی ئێوە و ئێمەیە كە لە رۆژی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە پێكەوەی گرێداوین و چارەسەرێك بدۆزینەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی كە هاتۆتە پێش و چەند پێشنیارێكمان خستۆتە بەردەمی ئێوە و چاوەڕوانی ئاكامی دانیشتنەكەمان دەكەین لەگەڵ ئێوە.

**غانم عبدالجليل**: دارا واز لەم بابەتە بهێنە من تۆم بانگهێشت کردووە بۆ مەبەستێکی تر کە گرنگیی لە بابەتەکانی دیکە کەمتر نییە.

**دارا تۆفیق**: فەرموو با بزانم چیت پێیە؟!

**غانم عبدالجلیل**: لە گەورەترین ئاستی دەسەڵاتدا داوام لێکراوە کە پێتان رابگەیەنم پۆستی جێگری سەرکۆمار لە یاسای تازەدا جێگای دەکرێتەوە، سەرکردایەتیمان (حکومەتی بەعس) بەڕێزتانی هەڵبژاردووە بۆ ئەم پۆستە، هیوادارم کەوا رەزامەندیی لەسەر دەربڕی و ئەم فرسەتە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە.

**دارا تۆفیق**: بەندە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانم کە مستەفا بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات، پێگەم لە پارتی و متمانەی بارزانی وای لێکردووەم کەوا لەگەڵ ئیدریس بارزانی بێینە بەغدا و بەمەبەستی وتووێژی زیاتر بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە تێپەڕێنین، پێشنیارەکەتان بە هەڵبژاردنم بۆ پۆستی جێگری سەرکۆمار دوور لە شۆڕشی کوردستان شتێك لە پێگەی من زیاد ناکات، ئەگەر هاتو ئەم پێشنیارەی ئێوەم قبوڵ کرد ئەوا بێگومان دەبێتە هۆکاری زیان گەیاندن بە کەسایەتیی سیاسیم لەلایەن سەرکردایەتی و گەلی کوردستان، چونکە من لە ئاکامی خەبات و قوربانیی گەلەکەم ئەو کەسایەتییەم پەیداکردووە، لێرەدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو رایە دەکەمەوە کە بەرژەوەندیی هەردوولا لەوەدایە کە لێك بگەین و بگەینە ئاکامێکی باش و کێشەکان چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە کە بێگومان باشترە لەو سیاسەتەی کە دەتانەوێ ویژدانی خەڵك بکڕن.

**غانم عبدالجلیل**: (بە تووڕەییەوە) من ئەرکی خۆم بەجێ هێنا بێگومان زەرەر دەکەی.

کاتژمێر دووی دوای نیوەشەوی تێپەڕاندبوو کاتێ لەگەڵ کاك دارا گەڕاینەوە بارەگاکەی ئێمە بێئەوەی تۆزقاڵێك خۆشی بە روومانەوە دیاربێت، رۆژانی پاش خیانەتنامەکەی ٦ی ئازار لێرەدا نازانم چۆنی باس بکەم هەر بۆ رۆژی دوایی ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانی ئێران بەبەرچاوی ئێمەوە دەستیان بە

گەڕانەوە بۆناو خاکی ئێران کرد، بارەگایەکەی ئێمە لەسەر شەقامە سەرەکییەکەی (هاملتۆن) بوو بۆیە ڕووداوەکانمان بەچاوی خۆمان دەدیت، بە گەڕانەوەی ئۆتۆمبیلە تۆپ هەڵگرەکانی سوپای ئێران تێگەیشتین کەوا مەسەلەکە لای (ئێرانی شا) تەواو بووە، ئەدی ئێمە دەبێت هەڵوێستمان چی بێت، ئەوەی لێرەدا هاتە پێشەوە وەکو بابەتێکی سەرەکی کە هەموومانی دڵتەنگ کردبوو (غیابی بارزانی بوو لە کوردستان) چونکە لەو ڕۆژانەدا بارزانی بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی لە تاران بوو، جۆرە شڵەژانێك پەیدا ببوو، بەڵام لە هەندێ بەرەکانی شەڕ هێزی پێشمەرگە زەبری قورسی لە سوپای عیراق دابوو، وابزانم سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووەم یاخود سێیەمی پاش ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر کاتێ لە بارەگاکەی خۆمان هاتمە خوارەوە بەمەبەستی دەموچاو شوشتن لە ئاوی ڕووباری دەربەند کاتێ دیتم ئۆتۆمبێلێکی جۆری لۆریی بچووك لەبەردەم بارەگاکەمان ڕاوەستا و پێشمەرگەیەك کە لەپشتەوە لۆرییەکە دانیشتبوو کە منی دیت هاتە خوار، سەرەتا نەمزانی کێیە، بەڵام کاتێ ئەو زیاتر لێم هاتە پێشەوە زانیم (محەمەد سەعید محمود)ە کە پێشمەرگەی ئەو بەتالیۆنە بوو کە شەهید (نوری حەمە عەلی) لێپرسراوێتیی دەکرد کە سەر بە هێزی ڕزگاری بوو کە ئێمە لە ساڵی ١٩٥٨ـەوە ئاشنای ببووین (مەبەست پ.م محمد سەعید محمود بوو) کاتێ مامم (عومەر حەبیب) حاکم بوو لە قەزای پێنجوێن حەمە ئەوکاتە لاوێکی تەمەن (١٢-١٣) ساڵان بوو و خەڵکی یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی شلێر بوو و لە ماڵی مامم وەکو کوڕی ئەو ماڵە ژیانی بەسەر دەبرد و تا بڵێی لاوێکی بەڕەوشت و نەفس بەرز بوو، لەگەڵ مامم لە قەڵادزێ و کۆیە و دهۆك و عەباسیە و عەفك مایەوە تاکو ساڵی ١٩٧٢، بەڵام پاشان بووە پێشمەرگە لە هێزی ڕزگاری. کاتێ زانیم ئەمەی بەرەو ڕووم دێ کێیە یەکسەر لەباوەشم کرد و ئەولا و ئەولای یەکترمان ماچ کرد و داوام لێکرد کەوا خۆی و شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە دابەزن و نانی بەیانیمان لا بخۆن، بەڵام (کاکە حەمەی خومان) ڕازی نەبوو نانمان لا بخوا چونکە گوتی بەپەلەین دەبێ هەر پاش گەیاندنی ئەو چەکانە (لێرەدا دەستی ڕاکێشام بۆلای

لۆرییەکە و چادرەکەی دواوەی هەڵدایەوە و دیتم زیاتر لە (٥٠) چەکی هەمەجۆر کە بریتی بوون لە کلاشینکۆف و رەشاش بە هەموو جۆر کە هەمووی بە (خوێن) بوو لەگەڵ چەند ئامێرێکی لاسلکی) کاتێ لێم پرسی ئەو چەکە بەخوێنانە چین؟! ئەو لە وەڵامدا گوتی دەستکەوتی شەڕی دوێنێ شەوی سەرتیزە لە بەرەی شاخی زۆزك دەیانگەیەنم بۆلای برادەران لە هێزەکەمان کە هەندێ لەوان چەکی باشیان پێ نییە و لە دوا بەرەی شەڕدا (الجبهة الخلفية) کە ئێستاکە لە ناوچەی ئازادی لە چاوەڕوانیدان بۆ هاتنە ناو بەرەی شەڕ و چەکەکان تەسلیم بەوان دەکەم و دەگەڕێمەوە.

دەنگوباسی بەرەنگاربوونەوە (مقاوەمەت) زۆر گەرم بوو، دەستکرا بە کەلوپەل کڕین و خۆ ئامادەکردن لە هەموو لایەکەوە سەرەڕای ناو نووسینی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە کوردستان بێننەوە، لە ئەمانەتی ئێمەی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان کارەکان وەکو رۆژانی پێشووتر بەرێوە دەچوو، بەلأم ئێزگەی دەنگی کوردستان گەرمتر بوو شەو و رۆژ ئۆقرەمان نەبوو لەگەڵ برادەران و ناسیاوان لە هاتوچۆی یەکتردا بووین، لە ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان لیژنەیەك درووستکرا بە مەبەستی خۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلوپەلەکان نەوەك ئەگەری خراپ بێتە پێشەوە، لیژنەکە د. کەمال مەزهەر سەرۆکایەتیی دەکرد و کاك جەلالی عومەری سام ئاغا ئەندامێتیی دەکرد لەگەڵ برادەرێکی دیکە کە لەیادم نەماوە کێ بوو، رۆژی ٣/١٢ بارزانی گەڕایەوە کوردستان و خەڵك لە خۆشیی گەڕانەوەی بارزانی تا رادەیەك رێککەوتننامەکەی عیراق و ئێرانی بیرچووبوو و تا رادەیەکی گەورەش ورە لە بەرزبوونەوەدا بوو چونکە دەنگۆی مقاوەمەت و درێژەپێدانی شۆڕش وەکو ئاگری لەپووش بەردراو بلأوبۆوە.

لەو رۆژانەدا یەك دوو جار کاك دارام دیت دەیەویست ورەمان بەرز راگرێ دواجار وابزانم رۆژی ٣/١٧/ بوو ئەو رۆژە خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناوم لابوو کاتێ کاك دارا بە ئۆتۆمبیل لە دەربەند بەلاماندا تێپەڕی.. کە ئێمەی دیت وەستەیەکی کرد، بەلأم لە ئۆتۆمبیلەکە نەهاتە خوارەوە کاتێ لێی نزیك

بوومەوە دای بەگوێماندا کەوا لەوانەیە لەگەڵ شەهید سەیدا ساڵح یوسفی سەفەری سووریا و لەوێوە بۆ یەکێتیی سۆڤییەت بکات بە مەبەستی زیندووکردنەوەی پەیوەندی و یارمەتیدانی شۆڕش لەو بارودۆخەی کە تێیدا کەوتووین، بەڵام ئەوەی تێیدا بەدیم کرد بە گەشبینم نەهاتە بەرچاو، شەوی ١٧ لەسەر ٣/١٨ برای خۆشەویستم کاك عادل مورادم لا میوان بوو شەو تاکو درەنگانێك قسە و باس و گفتوگۆ و گومان هەر ئەو بابەتە سەرەکییە بوو سەرلەبەیانیی ١٩٧٥/٣/١٨ پاش نانخواردنی بەیانی لێك جیا بووینەوە و هەریەکەمان بۆ کاری خۆی پێش ئەوەی بڕوا نامیلکەیەکی شاعیری ناسراوی عەرەب (نزار القباني، ملاحظات في زمن الحب والحرب) بە دیاری پێشکەش کردم (لام سەیر و سەمەرەیە پاش ئەو هەموو رووداو و هاتوچوونە و گەڕانەوەمان بۆ کوردستان و ماڵ تاڵانکردنم لە شەڕی ناوخۆ لە سەری ساڵی ١٩٩٤/١٩٩٥، ئەم نامیلکەیەم لا ماوە و وەکو شتەکانی دیکە سەری تێدا نەچووە. هەر ئەو رۆژە دوو جار لەگەل برای دێرینم (شێرزاد مەحمود حەسەن) بە دوو کاروان چەندین کەلوپەلی گرنگ (وەکو تابلۆی هونەرمەندانی ناو شۆڕش، هەندێ کاسێتی ئێزگە، گۆڤار و کتێب و رۆژنامەی بەنرخ) بە ئۆتۆمبیلە (جێب)ەکەی راگەیاندن گەیاندمانە کۆگای شۆڕش لە خانە، شەوی ١٨ لەسەر ٣/١٩ سەردانی ماڵەوەم کرد لە نەغدە، وابزانم هەر ئەو ئێوارەیە بوو برا و دۆستی خۆشەویست و برادەری رۆژانی کۆلێژ لە زانکۆی بەغدا (١٩٦٦-١٩٧٠) و هاوڕێی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانم پاش یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧١ شەهید (فازڵ مەلا مەحمود) بە رێککەوت لە یەکێ لە شەقامەکانی (نەغدە) کەوتە بەرچاوم کە نزیکەی چوار ساڵ دەبوو یەکترمان نەدیبوو چونکە ئەوکات وابزانم لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی بەجێهێشت لە ئاکامی زاڵبوونی بیری چەپ و بڕوابوونی بەو رێڕەوەی کە خۆی قەناعەتی پێ هەبوو، پاشان وەکو دەڵێن لە هزری ئیسلامیی میانڕەو نزیك بووەتەوە و دۆستایەتیی لەگەڵ (ئەحمەد بن بیلا) و یەکەم سەرۆکی جەزائیر و بەنی سەدر یەکەم سەرۆکی

کۆماری ئیسلامی ئێران و خەڵکانی دیکە کۆڕبەندێکیان دروستکردووە، سەرەڕای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەم بوارەدا، ئاکامەکەشی وەکو ئاشکرایە رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ (لەگەڵ رێبەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران د. عبدالرحمن قاسملو لەکاتی وتووێژ لەگەل نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە (ڤییەنا)ی پایتەختی وڵاتی (نەمسا) شەهید کران.

شەو لە نەغدە میوانی من بوو تا درەنگانێکی شەو باس و خواسمان رووداوەکانی شۆڕش بوون، ئەوەی لێی تێگەیشتم نامەیەکی بەڕێز مام جەلالی لە بەیروتەوە هێنابوو بۆ (بارزانی)، پاش نانخواردنی بەیانیی رۆژی دوایی نزیك کاتژمێر (٩) شەهید فازڵ و بەندە پێکەوە گەڕاینەوە، ئەو لە حاجی ئۆمەران مایەوە بەمەبەستی گەیاندنی نامەکە بۆ بارەگای بارزانی و منیش بەرەو خوار بۆ بارەگاکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان لە دەربەند، تاکو نیوەڕۆ شتێکی تازە لەئارادا نەبوو.. بیستم لیژنەکەی راگەیاندن کە درووست ببوو بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی پارە و کەلوپەلی ئەمانەتەکەمان بەرەولای ئێمە دێن، ئێمە خۆمان ئامادەکردبوو، مەوجوداتی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان و ئەو پارەیەی کە وەکو (نەسریە) لامان مابۆوە بریتی بوو لە (١٩) دیناری عیراقی لەکۆی (٥٠) دینار کە تاوەکو ئەو رۆژە (٣١) دیناری لێ خەرجکرابوو لەلایەن کاك یوسف مەولود قەساب کە لێپرسراوی کارگێڕیی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بوو و تەنها ئەو (١٩) دینارە مابۆوە. بۆیە کاتێ د. کەمال مەزهەر و کاك جەلالی عومەری سام ئاغا هاتن لیستی مەوجوداتی بارەگا کە بریتی بوو لە (ئامێری چاپی بچوك (تایپ رایتەر و رۆنیۆ کۆنەکە لەگەڵ) چوار تابلۆی هونەرمەندان ئەنوەر تۆفێ و نوری ئیسماعیل، سۆپایەکی داری ئێرانی، چوار قەرەوێڵەی ئاسن، رادیۆ و ریکۆردەرێکی جۆری ناشناڵی یابانی و چەند کاسێتێك، مێزێکی تێنسی سەر مێز (پینگ پۆنگ)، دوو تەختەی شەترەنج، ٢٤ بەتانی، ١٢ دۆشەکی ئیسفەنج، ١٢ سەرین، تەرمۆزێکی ئاو، سەماوەرێکی نەوت و کەلوپەلی چا لێنان لەگەڵ هەندێ وردەواڵەی ناو بارەگا)، کاتێ لیستەکە و (١٩) دینارەکەی نەسرییە کە مابۆوە تەسلیم بەو دوو برا بەڕێزەم کرد، د.

کەمال مەزهەر کاتێ چاوی بە لیستەکە کەوت و چاوێکی پێدا خشاند دایە دەستی کاک جەلالی عومەری سام ئاغائەویش پاش سەیرکردن گوتی (دکتۆر ئەمە فەرهادە دەبێت ئیشەکانی رێکوپێك بێت) و کاتێ (١٩) دینارەکەشمان دایە دەستی د. کەمال مەزهەر نەختێ بە گرژییەوە تەماشای منی کرد و گوتی (کاکە گیان مەعقول نییە ئەم ١٩ دینارەتان لێ وەرگرینەوە ماشەڵا ئەو هەشت نۆ کەسە وا لێرەن قابیلە مەسروفتان نەوێ!).

د. کەمال و کاك جەلال پاش نەختێ ئۆغریان کرد، بەڵام زۆر پێنەچوو خوالێخۆشبوو (مەلا ناسر حەسەنی پێشمەرگەی بارەگا) بە هەڵەوداوان کە لەدەرەوە بوو گەڕایەوە یەکسەر بە ئیشارەت بانگی منی کرد و سەری خستە پەنا گوێم و گوتی (کاکە شۆڕش تەواو بوو) مەلا ناسر قسەی زیاتری بۆ نەدەهات، بەڵام رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، منیش لە سەرەتادا قسەکانیم ئیستیعاب نەکرد، بەڵام کاتێ دەیتم بە قورگی پڕ گریانەوە ئەم رستەیە "ئای ماڵی کاولم، ئای دەستم بشکێ، قوڕ بەسەری کوردان کرا، دایکت... شاه ئەمەشت کرد!" دەگوتەوە لێی هاتمە دەنگ دەستیم گرت و گوتم مەلا ناسر خێرە، ئەو قسانە چییە دەیکەی، دەڵێی تێکچووی.. خێرە چی قەوماوە؟!، مەلا ناسر هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە قورگی گیراوەوە گوتی (کاکە ماڵمان کاول بوو، شۆڕش نەما شۆڕش تێکچوو، ماڵی کوردان خراپ بوو، کاکە شۆڕش راوەستا شۆڕش، ئەی هاوار نەما بەخوای نەما) ئامادەبووانی ناو بارەگاکەمان لە مەلا ناسر کۆبوونەوە و ئەویش هەر ئەو شتانەی دووبارە دەکردەوە. لەو قسانەدا بووین خوالێخۆشبوو برا و برادەری دێرینم جەلال خۆشناو ئەویش بەپەلە بەسەر قادرمەکان کەوت و هاتە پێشەوە.. من لە ژیانم جەلالم بەم شێوەیە نەدیتبوو رەنگ تێکچوو، داماو، فرمێسك لەچاو و قەتیس ماو هاتە پێشەوە، نەمهێشت هیچ قسە بکات، بردمە ژوورەکەی خۆم و یەکسەر گوتم (جەلال خێرە رەنگت گۆڕاوە، چی بووە مەلا ناسر قسەی سەیر دەکات، تۆ ئەخبارت چییە؟!) ئەوجا جەلال گوتی (بارزانی ئیعلانی راوەستانی شۆڕشی کرد، شەڕ نەما، ئێستا من لە چۆمانەوە هاتم پێشمەرگەم دەدیت وەکو

سەرخۆشیان لێهاتووە، تاقم تاقم راوەستاون باس هەر ئەو باسەیە شۆڕش نەما شۆڕش راوەستا).

غەم دایگرتین، کرۆکی قسەکانمان لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتەکە بوو، باوەڕ نەدەکرا شۆڕش رابگیرێ، یەکسەر شیکردنەوەکەی رادیۆی مۆنت کارلۆی فەرەنسام هاتەوە یاد کە هەمان شەوی رێککەوتننامە خیانەتکارەکەی جەزائیر راگەیەندرا کە دەقاودەق گوتی (الخاسران الوحیدان من الاتفاقیة هم أکراد الملا مصطفی البارزاني وثوار ظفار، والرابحان هم شاه إیران وعراق صدام حسین...)، ئەو رۆژە و رۆژانی دواتریش ٢١-١٩٧٥/٣/٢٢ لە کوردستان کاتمان وەکو سەرخۆش بەڕێ دەکرد، بە زەڕەبینیش قسەی خۆشت دەست نەدەکەوت، بە درێژایی ئەو رۆژانەش رادیۆی بەغدا راپۆرتی دوور و درێژی دەربارەی خۆ تەسلیم کردنەوەی پێشمەرگەی رادەگەیاند و رستەی (العائدون إلی الصف الوطني) دووبارە و سێبارە دەکرایەوە.

بارودۆخەکە بە شانۆگەرییەکی زۆر ناماقوڵ دەهاتە بەرچاو، نەورۆزی ئەو ساڵەمان لێبووە (سندان) پەیتا پەیتاش خەڵك بەپێ بەرەو سنوور دەچوون، ئەم رۆژە ئێمەش لەگەڵ کاك شێرزاد مەحمود حەسەن بە ئۆتۆمبیلەکەی رایەگاندن نەختێ کەلوپەلی چاپخانەمان گوێزایەوە بۆ کۆگایەکەی خانە (پیران شهر)، بە نسبەت من ئەوە دوا رۆژم بوو لە کوردستان، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتمە ماڵەوە و لە نەغدە بەدەست خۆم نەبوو بە گەیشتنەوەم دەستم کرد بە گریان و لەسەر پشت لێی کەوتم، خێزان لێم کۆبوونەوە ئەوانیش لەگەڵ من دەگریان، بەڵام خەزورم (عەمیدی خانەنشین عبدالله سعید) کە پێشووتر بە یارمەتی و هاوکاریی شەخسی (بارزانی نەمر) رەوانەی (لەندەن) کرابوو (لێرەدا دەمەوێ باس لە گەورەیی و خەمخۆریی بارزانی نەمر بکەم لەنێوانی رووداوێکدا کە ئەویش بەم جۆرەیە (خوالێخۆشوو عبدالله سعید خۆی لە بنەڕەتدا چاوی باش نەبوو کاتێ لە ساڵی ١٩٧٠ سەردانی لەندەن دەکات لەوێ نەشتەرگەری بۆ چاوی دەکرێ، بەڵام کاتێ بە خێزانەوە دەرکردان لە نەغدە جێگیر بوو لە سەرەتای مانگی شوباتی ئەم ساڵەدا ١٩٧٥ جارێکی دیکە چاوی

تووشی هەمان کارەسات هاتەوە، لە ئێران چارەسەری نەدەکرا و دەبووایە بچێتەوە لای هەمان دکتۆر لە لەندەن، لەسەر داوای ئەو (عبدالله سعید) و بەناوی ئەوەوە بە دەستخەتی خۆم چونکە ئەو چاوی نەیدەدیت (نامەیەکی بۆ بارزانی نەمر) نووسی، هەر ئەم رۆژە نامەکەمان بە برا و دۆستی دێرینم (د. نجم الدين كريم)دا کە ئەوکاتە دکتۆری عائیلەی بارزانی بوو کە لە نەغدە دادەنیشتن، دکتۆر نجم الدين یش کە هەر لە سالانی حەفتاوە وەکو ئەندامێکی بەتوانا و ئازای یەکێتیی قوتابییانی کوردستان دەمناسی و دەۆستایەتیی نزیکمان هەبوو سەد جار ماڵی ئاوا بێت نامەکەی گەیاندبوو بە بارزانی نەمر، دوو یا سێ رۆژی پێ نەچوو (خوالێخۆشبوو کاك ئیدریس بارزانی لەگەڵ دکتۆر نجم الدين کەریم لە نەغدە سەردانی ماڵی عبدالله سعید دەکات و سلاو و رێزی بارزانی نەمری پێ رادەگەیەنێ و دەڵێ بەداخەوە خۆی لەبەر سەرقاڵی نەیتوانیوە سەردانت بکات و ئەمری بە من کردووە (یانی کاك ئیدریس) چیت لازمە بۆتی جێ بە جێ بکەم، خەبەر بە مەکتەبی تاران دراوە پەساپۆرتت بۆ ئامادە بکەن  ئوتێلت بۆ بگرن، وام کردووە سبەینێ بە تەیارە لە رەزایەوە سەفەری تاران بکەیت و پاشانیش کە پەساپۆرت و ڤیزای ئینگلتەرا تەواوبوو یەکسەر سەفەری لەندەن بکە و مەبلەغی (٣,٠٠٠) سێ هەزار دیناریشی بۆ ناردووی و ئەگەر لەوێش پارەت لێ بڕا ئاگاداری کاك (... ...) بکە تاکو بۆتی جێ بە جێ بکات). رۆژی دوایی خەزورم سەفەری کرد و تاکو ئەو رۆژە کە ئێمە بە یەکجارەکی کوردستانمان بەرەو نەغدە بەجێهێشت (١٩٧٥/٣/٢١) ئەو ئێشتا نەگەڕابۆوە و وابزانم ١٩٧٥/٣/٢٣ گەڕایەوە.

لە ئێرانیش ئۆقرەمان نەبوو، رۆژانە لە بەیانیان کە دەهاتینە دەرەوە لە ماڵەوە تاکو درەنگانی شەو لەو چایخانە و لەو ماڵ و ئەوماڵ بەدوای هەواڵێك دەگەڕاین و لێپرسراوێکی بالا ببینین و قسەیەکی ئەوتۆمان گوێ لێبێت کە کەمێ دڵمان بداتەوە، بەڵام هەمووی بێهودە بوو، لێپرسراوە بالاکان بەتایبەتی هەندێ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بۆچوونەکانیان رووخانی پێوە دیاربوو.. خەڵکیان بەو ئاراستەیەدا دەبرد کە گەڕانەوە بۆ عیراق

باشترە لەوەی لە ئێران بمێننەوە، ئەندامێکی (م.س) لە گردبوونەوەیەکی فراواندا بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەم بابەتە گوتی (ئێران کە دۆست و پاڵپشتی شۆڕش بوو تەوەقوعمان نەدەکرد بمانفرۆشێ و خەنجەرمان لە پشتەوە لێبدات بۆیە مانەوە لێرە زۆر ئەستەمە و پیاو تەحەمولی ناکات، بەڵام هەرچی عیراقە ئێمە دوژمنایەتیمان کردووە و شەڕمان لەگەڵی کردووە، ئەو بە مافی خۆیی دەزانێ هەموو رێگایەك بگرێتە بەر بۆ لەناوبردنی ئێمە، ئەوەی کردی لەگەڵ ئێران کارێکی زۆر خراپی کرد دەبووایە لەگەڵ ئێمە رێکبکەوێت نەك تەنازول بۆ ئێران بکات، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوەی روویدا تازە روویداوە، گەڕانەوە بۆ عیراق لە مانەوە لە ئێران باشترە، چونکە هەرچی عیراقە وڵاتی خۆمانە و لێبوردنی گشتیی داوە، خەڵکیش پەیتا پەیتا دەگەڕێتەوە، ئێواران تەلەفزیۆنی کەرکوك و بەغدا نیشانی دەدەن تاکو ئێستا کەسیان ئەزیەت نەداوە). بەندە و جەلال خۆشناو و سیروان عبداللە سعید بڕیاری مانەوەمان دا لە ئێران بە چاوەڕوانی کرانەوەی دەرگایەك بەڵکو بکرێتەوە.

پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٧٥/٣/٢٩ کاتێ بەندە و خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو لە نزیك چوارڕیانەکەی شەقامی باڵقچی بەدەم رۆیشتنەوە قسەمان دەکرد لەپڕ ئۆتۆمبیلە جێبە_مامناوەندییە لاندرۆڤەرەکەی راگەیاندن لەلامانەوە راوەستا کە خوالێخۆشبووان دارا تۆفیق و فوئاد عارفی تێدابوو، کاکە دارا یەکسەر ئۆتۆمبیلەکەی راگرت و دابەزی.. پاش چاك و چۆنی و ئەحواڵ پرسین کەوتینە گفتوگۆ کە بەم شێوازەی خوارەوە گوزەرا:

**دارا تۆفیق**: لێرە ماون؟! وامدەزانی ئێوەش لەگەڵ ئەو خەڵکە زۆرەی کە گەڕاونەتەوە ئێوەش رۆیشتوون، چاوەڕوانی چی دەکەن؟

**بەندە (فەرهاد عەونی)**: بڕیارمان داوە ئێمە لە ئێران بمێنینەوە.

**دارا تۆفیق**: لەبەر چی مانەوە لە ئێران؟ بەسمان نییە ئەوەی شا پێیکردین و لە ئایندەدا چیمان لێدەکات.

**جەلال خۆشناو**: مانەوە لە ئێران بە مەبەستی پاراستنی خۆمان، باشترە لەکاتێکدا گەڕانەوە بۆ عیراق یانی پاشەڕۆژێکی نادیار و ڕەش چاوەڕێمان دەکات.

**دارا تۆفیق**: ڕاستە ئەگەر گەڕانەوەی چەند کەسێك یاخود چەند کۆمەڵەیەکی بچوك کارێکی خەتەرناکە، بەڵام کاتێك دەبینی کە بە سەدان و هەزاران کەس دەگەڕێنەوە مەسەلەکە بە شێوەیەکی دیکە دەگۆڕدرێ، ئەمڕۆ هەندێ زانیاریم دەستکەوت دەربارەی ئەوانەی لەو چەند ڕۆژەی رابردوودا گەڕاونەتەوە مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کراوە و هیچ کاردانەوەیەکی یاساییان بەرامبەر نەکراوە، قەناعەتم بە گەڕانەوە هاتووە لە ئاکامی ئەو زانیارییانەیە کە دەستم کەوتوون، کاکی خۆم گەڕانەوە بۆ کوردستان سەد جار باشترە لەوەی لێرە بمێنیتەوە، خۆتان دەزانن کوردستان چۆل بووە و پێویستیی بە خەڵکی خۆیەتی، با ئێمە ئەزموونی فەلەستینییەکان دووبارە نەکەینەوە، من لەگەڵ گەڕانەوەی سەراپای خەڵك نیم، دەبیت خەڵکانێك کە پێویستیی بە مانەوەیان هەیە بمێننەوە، سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕش گلەیی لە کەس ناکات ئەگەر بگەڕێتەوە کە خیانەتی لێ نەکەن، من خۆم بڕیاری گەڕانەوەم داوە، بەڵام بە نسبەت من لە ڕێگای بەیروتەوە دەگەڕێمەوە چونکە هەندێ ئیشم هەیە لە بەیروت و پێویست دەکات بچم بۆ ئەوێ.

گفتوگۆکانمان نزیکەی نیو کاتژمێری پێچوو، بەڵام نەگەیشتینە ئاکام، بەلام نەیدەویست سەرگەردان جێمانبهێڵێ بۆیە داوای لێکردین بۆ ڕۆژیی دوایی لەماڵی خۆی کە ئەوکات لە ڕەزایە بوو سەردانی بکەین.

چونکە بێ هیوا ببووین و ئەوەندە ڕۆژە لە گەڕان و سووڕان دابووین کە بەدوای ڕاستییەك دەگەڕاین بۆیە ڕۆژی دوایی هەرسێکمان لە نەغدە بەرەو ڕەزایە بەڕێکەوتین، ڕەزایە شارێکی زێدە خۆشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هەر چوارلای باغ و باغاتە لەلایەك شاخ و لایەك دەریاچەی سوێر و لەلای ڕۆژئاواشی هاوینەهەواری (بەندی) کە هەمیشە ئێوارانی بەهار و هاوینی دەبێتە سەیرانگای بێ نەزیری ئەو دەڤەرە.

تاكو نانخواردنی نیوەڕۆ كاكە دارا تۆفیق توانی قەناعەتمان بۆ گەڕانەوە بۆ عیراق پێ بێنێ بۆ زیاتر بڕواهێنانمان بە گەڕانەوە كاك دارا پێی ڕاگەیاندین كەوا (گەلاوێژ)ی خێزانیشی گەڕاوەتەوە و ئێستا لە بەغدایە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا جەختی لەسەر دوو خاڵی گرنگ كردووە كە بریتی بوون لە پتەوكردنی ریزەكانی ئەو كۆمەڵانەی كە لە یەك ڕێڕەودا یەكتریان ناسیوە لە رووی كۆمەڵایەتییەوە و ئاگاداری یەكتری بن، دووەمیان پاراستنی نهێنییەكان و دووركەوتنەوە لە خۆ دەرخستن و ئاشكراكردنی كەسایەتی بۆ هەر مەبەستێك بێت.

تەوژمی گەڕانەوە روو لە زیادبوون بوو ماڵی خەزوریشم لە كۆتایی مانگی ئازاردا گەڕانەوە، پاش ئەوەی زانیارییان دەربارەی گەڕانەوە بەدەست هێنا بەهۆی ئەو ژنە ئیشكەرەی كە كاتی خۆی لایان بوو لە بەغدا كە لەو رۆژانەدا خۆی گەیاندە لایان و پێی ڕاگەیاندین كەوا ماڵەكەیان لەلایەن (غازی العبیدي) كە ئەوكات لێپرسراوی لقی كوردستانی حزبی بەعس بوو داگیر كراوە، بەڵام ماڵەكەی لە بەغدا و لە ماڵەكەی خەزورم دایكوتابوو و تەواوی كەلوپەل و كتێبخانە و ئەلبوومەكانی وێنە و ماڵی ئەوان و ماڵی منیان لە رۆژێكی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤ هەڕاج و هەرزان فرۆشیان كردبوو (سەرداری كوڕیشیان) كە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٤ لە حەپسخانەی ژمارە (١)ی سەربازگەی (الرشید) حەپس بوو و پێیان ڕاگەیاندبوو كە تاكو ماڵی باوكی نەگەڕێنەوە بۆ عیراق ئەوا ئەو (سەردار) ئازاد ناكرێت.

بەهەرحاڵ بڕیاری گەڕانەوەمان دا، بەڵام بە دوودڵی چونكە گەڕانەوە بە شكاوی بوو بۆ ولاتێك كە حكومەتێكی دڕندە فەرمانڕەوایەتیی بكات و وشك و تەڕی ئەم كوردستانەی سووتاندبێت و تەنانەت تەنازولی لە نیوەی (شط العرب) و چەند ناوچەیەكی دیكەی خاكی عیراق كردبێت بۆ ئێران دوژمنی دەیان ساڵەی ئەو تەنها لەبەر ئەوەی شۆڕشی كوردستان لەناوببات دەبێت لەو بارودۆخە سیاسییە گەڕانەوە چ مانایەك ببەخشێ، بەڵام ئەوەی شەفاعەتی بۆ دەكردین ئەوەبوو كە كورد دۆستی نییە، گەلی بێ دۆست وەكو تۆپی فتبۆڵ

یاریی پێ دەکرێت وەکو دەڵێن (سیاسەت و ئەخلاق کوجا مەرحەبا)، ئەوەنییە پاش ڕووداوی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کاتێ کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاری درووستکردنی لیژنەیەکی دا بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە بە نهێنی لە بارودۆخێکدا یارمەتی دراون بە سەرۆکایەتیی (لوتس بایك) کە تێیدا کیسنجەر دان بەوەدا دەنێ (کەوا سیاسەتی ئەمەریکا سیاسەتێکی بێ ئەخلاقانە بوو نە بەو شێوەیە یارمەتیمان دان تاکو بگەنە ئامانجی خۆیان و نە هێشتمان لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکبکەون)، بەلام وەکو (خنساء)ی ژنە شاعیری بەناووبانگی عەرەب لەو قەسیدەیەی کە بۆ مردنی (صخر)ی براگەورەی هۆنیبوویەوە کە تێیدا دەڵێ:

***ولولا كثرة الباكين على اخوانهم***

***حولي لقتلت نفسي***

یانی: (ئەگەر ژمارەی زۆری برا کوژراوی وەکو من لەچواردەورمدا نەبن، خۆم دەکوشت)

بەڕاستی ژمارەی زۆری گەڕاوەکان دڵنەواییان دەکردین ئەوە سێ برادەرە (بەندە و سیروان و جەلال خۆشناو) پاش مشتومڕ و لێکدانەوەیەکی پانوبەرینی ئەو ڕۆژانە ناوی خوامان لێهێنا و لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی چواری ساڵی ١٩٧٥ پاش ئەوەی کەلوپەلی ماڵەوەم لە نەغدە هەڕاج کرد چونکە نەدەکرا ئەو کەلوپەلانە ببەینەوە عیراق سەرەڕای ئەوەی دەمانزانی لە بەغدا کەلوپەلەکانی ماڵەوەمان (هەڕاج) کراوە، گەشتی گەڕانەوەمان پاش ماڵئاوایی لە هەندێ دۆست و برادەران لە نەغدە و بەرەو مەهابادی بریندار ئەوجا سەقز، ئێوارە گەیشتینە شاری ئاوەدانی (سنە) و بڕیاری مانەوەمان ئەو شەوە لە (سنە) دا چونکە لەناخەوە نەماندەویست زوو بگەڕێینەوە و بەدوای سەعاتێك دواکەوتن دەگەڕاین، شەوێ وەکو مرۆڤی (وێڵ) لە شەقامەکانی ئەو شارە ڕەسەنە دەسوڕاینەوە هەستمان نەدەکرد خەڵکانی وەکو ئێمە دڵشکاو هەبێت و

به شکستی بگەڕێتەوە بەردەمی بکوژی شۆڕشە تەمەن چواردە ساڵەکەی، بەیانی لە سنەوە بەرەو مەریوان لە مەریوانیش خەڵکانێکی زۆرمان دەدیت کە خەریکی گەڕانەوەبوون سەرەڕای هاتنی خەڵکانێك کە لە دیوی کوردستانی سەر بە عیراقەوە هاتبوون بۆ سۆراغ و گەیاندنی دەنگوباسی ئاسایی وڵات (کوردستان) بەباشمان زانی ئەم شەوەش لە (مەریوان) لە یەکێ لە (مسافرخانەکانی ئەو شارە دڵگیرە بمێنینەوە) بەڵکو ئەوە قەدرە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووبدات چوونەوەمان دوابخات، بەڵام لە مەریوانیش هیچی تازە رووینەدا، دەوروبەری رۆژی ١٩٧٥/٤/١٠ بە دڵشکاوییەکی دڵشکاو بە ئۆتۆمبیلێکی (کیهان) کە شوفێرەکەی کوردی مەریوان بوو ئێمەی گەیاندە سنوور لەگەڵ دابەزێنمان کاکی شوفێر پێش ئەوەی خوداحافیزیمان لێ بکات زۆر بە هێمنی رووی تێکردین و گوتی (خوداتان لەگەڵدابێت خودا ئاگادارتان بێت، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ "دوژمن ئەگەر بوو بە پرد بەسەریدا تێمەپەڕە و پشت بە پیاوی نامەردیش مەبەستە"، یەکسەر سواری ماشینەکەی خۆی بوو و گەڕایەوە و لەچاوان ون بوو).

لەسەر سنوور چەند تراکتۆرێك راوەستابوون بە مەبەستی خەڵك گواستنەوە بۆ پێنجوێن یەکێ لە تراکتۆرەکان هەرسێکمانی بە (٦) دینار کە ئەوکاتە (١ دینار بەرامبەر بە ١٦ تمەن) بوو چونکە کاتێ گەیشتینەوە مەریوان هەریەکە ئەو چەند تومەنەی پێمانبوو هەر (١٦) تمەن بەدینارێك گۆڕیمانەوە. تراکتۆر ئێمەی تاکو ناوەڕاستی شاری چۆڵ و هۆڵی پێنجوێن بردین لە شوێنێك راوەستاین کە دوو چەکدار (جاش) راوەستابوون، لەو سەروبەندەدا شاری دڵرفێنی پێنجوێنی ساڵی ١٩٥٨م بیرکەوتەوە کاتێ مامم (عومەر حەبیب) حاکمی دادگای ئەو شارە بوو بە رێککەوت باوکم و کاکە عەبدەم و بەندە و بەهرام و خەسرەوی برام لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٥٧ بە مەبەستی سەردانی ماڵی مامم چاومان بە دیتنی ئەو شوێنە دڵرفێنە شاد بوو و ماوەی هەفتەیەك لە پێنجوێن ماینەوە، رۆژانە لەگەڵ (حەمە سەعید محمود) کە لە ماڵی مامم بوو سەردانی چوارباخ و قوڕە رەشە و پلیکانمان دەکرد ناوەناوەش سەردانی

دووكانە پڕ لە كەلوپەلەكەی (حاجی میرزا غولام)مان دەكرد كە هەمیشە لەگەڵ چوونمان چوكلێتی گەزۆی ئێرانیی دەداینێ، لەو سەردەمە پێنجوێن پڕۆژەی دابەشكردنی ئاوی خواردنەوەی نەبوو بەڵكو لەنێوانی چەند مەترێك كانیاوی سارد و سازگار و ئاوی لێ دەهاتە خوارەوە و خەڵكی سوودیان لێ وەردەگرت، ئەوەی لەبیرم ماوە رۆژی هەینی كە پشوو بوو مامم لەگەڵ هەندێ لە كاربەدەستەكانی پێنجوێن كە هەموویان كورد بوون سەیرانێكیان بۆ (قزلجە) رێكخست، باشم لەبیرە كە لەو ناوچەیە ئاوێكی زۆری هەبوو و وەكو گۆم راوەماسیی تێدا دەكرا، ئەو دیمەنانەی پێنجوێنم وەكو فیلمێكی سینەمایی دەهاتەوە بەرچاوم كە تا بڵێی رۆمانسییانە بوو، بەڵام سەد حەیف و مخابنە ئەو رۆژە (نیسانی ١٩٧٥) پاش (١٨) ساڵ پێنجوێنم وەكو شارێكی بێكەس و وشكوبرنگ و بێ ئاو دەهاتە بەرچاو لەنێوانی بەراوردی ئەو دوو دیمەنە دەنگی لێدانی جانتاكەم بە (گۆچانی) یەكێ لەو دوو جاشە منی هێنایەوە دۆخێكی رقاوی دیكەوە چونكە جاشی خاوەن گۆچان كە كڵاشینكۆفێكی رووسی بەشانییەوە بوو بە لێدانی جانتایەكەم دەیپرسی (ئێوەش لەگەڵ موتەمەردەكان بوون؟)، جەلال و سیروان روویان كردە من و بەچاو داوایان لێكردم كە لەسەرخۆ بم، بەڵام من بە نیوە تووڕەبوونێكەوە گوتم (ئا ئێمەش پێشمەرگە بووین) كابرای جاش ویستی زیادەڕۆیی بكات، بەڵام جاشەكەی دیكە هاتە قسە و بە دەنگێكی بەرز گوتی (مردوت مرێ، وەرە بەملاوە چیت داوە لەم ئەفەندییانە، ئەمە ئیشی تۆ نییە تەحقیق لەگەڵ خەڵك بكەیت).

لە پێنجوێنەوە بۆ (سەید سادق) دەبووایە لەوێ رابووەستین چونكە شوفێری ئۆتۆمبیلەكەمان كە ئێمەی لە پێنجوێنەوە هێنابوو ئاگاداری كردینەوە كە پێویستە سەردانی ئەم خاڵەی پشكنین بكەین كە چەند مەترێك لە جادەی سەرەكی دوور بوو، كاتێ گەیشتینە لای خێوەتی پشكنین لافیتەیەك بە خەتێكی دەست و بە رەنگی رەش نووسرابوو (أهلاً بالعائدون للصف الوطني) و سەربازێك لەبەردەم خێوەتەكەوە وەستابوو فەرمووی لە ئێمە كرد و چووینە ناو خێوەتەكە كە پانتایی ناوەوەی (٢٠م دووجا) دەبوو و لە ناوەندی

خێوەتەکە ئەفسەرێك بە پلەی نەقیب لە ناوەندی خێوەتەکە لەسەر کورسییەکی نایلۆن دانیشتبوو و مێزێکی ئاسنیشی لەبەردەم بوو کە تەلەفۆنێکی سەربازی و هەندێ ئەوراقی لەسەربوو، کاتێ سڵاومان لێکرد ئەفسەرەکە زۆر بە ڕێزەوە سڵاوی لێ وەرگرتینەوە و لەبەرمان هەڵسا و فەرمووی لێکردین ئێمەش لەسەر کورسییە نایلۆنەکانی دەوروپشتی دانیشتین، یەك دوو جار زۆر بە هێمنی رستەی "أهلاً بالاخوان"ی دووبارەکردەوە، پاشان ناو و پیشیە لێپرسین کەوا دوانمان ئەندازیار و بەندەش بەکالۆریۆس لە ئیقتیصادی سیاسی و ئیشوکاری ناو شۆڕشیشمان کاتێ لێمانی پرسی هەریەکەمان وەکو خۆی بۆ باس کرد، ئەوجا کابرای ئەفسەر کەوتە قسە و گوتی (بەداخەوە ئەوەی روویدا، کورد و عەرەب برای ئاین و وڵاتین و ئیستیعمار لێناگەڕێ بە ئیسراحەت دانیشین، بەخێربێنەوە ئیشەڵا بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆتان، بەڵام راوەستن با هەریەکە وەرەقەی (عدم التعرض)ی تایبەتتان بۆ بکەم)، ئەوجا هەریەکە پاش ئەوەی ناوەکانی ئێمەی تۆمارکرد وەرەقەیەکی ئامادەکراوی بۆ هەریەکەمان پڕکردەوە و دایە دەستمان و ئێمەش خواحافیزیمان لێکرد کاتێ سواری ئۆتۆمبیلەکەمان بووینەوە وەرەقەکەم خوێندەوە کە تێیدا نووسرابوو: (جری اسنتطاق العائد إلى الصف الوطني فرهاد عوني ويسمح له بالرجوع إلى بلدته قضاء كويسنجق)، بەڵام ناوی ئەفسەرەکە و وحدە سەربازییەکەم لەبیر نەماوە کە لەژێرەوەی وەرەقەکە نووسرابوو.

دەمەوعەسر گەیشتینە سلێمانی لە هیچ شوێنێك لامان نەدا و یەکسەر چووینە ماڵی وەلاش زاوایەکم (قادری حاجی مەلال خالید) کە لە گەڕەکی عەقاری پشت دائیرەی ئەمنی ئەوکاتە بوو، پاش هەندێ پشوو و چاخواردنەوە خۆمان پێ رانەگیرا و بە پیاسە بۆلای بەردەرکی سەرا رۆیشتین لە شەقامی مەولەوی لەو شوێنەی کە ئێستا کتێبخانەیەکی لێیە کە بەرامبەر ئەو باڵەخانەیە کە کتێبخانەی ئەندێشەی لە نهۆمی چوارەمدا لێیە تووشی برادەرێکی خۆمان بووین کە کاتی خۆی لە بەغدا دەمانناسی و ماوەیەك لە

یەکێتیی قوتابییانی کوردستان ئیشی لەگەڵ دەکردین، کاتێ ئێمەی دیت یەکسەر وەکو هەنگی بەدارەوە دەبێتەوە گوتی (نەمان دەگوت ئەمە شۆڕش نییە حەرەکەتێکی سەر بە شای ئێرانییە، باشبوو رووخا دەنا سەدان و هەزارانی وەکو ئێوەی بە چەواشەکاری دەهێشتەوە)، بەڕاستی کاتێ ئەو قسانەی لەدەم دەهاتە دەرەوە قێزم لە رەوشت و بۆچوونی کرد.. دەنا چۆن مرۆڤێك ئەگەر رێز لەخۆی بگرێت لەم ئانوساتەدا بەم شێوەیە دەڕشێتەوە، منیش یەکسەر بە ئیحتیقارەوە تەنها ئەوەندەم گوت (ئافەرین بۆتۆ باشی لێ تێگەیشتووی) یەکسەر بەجێمانهێشت، بەڵام پاشی چی کە بەم شێوەیە دڵی گرتین.

ئەم شەوە لە سلێمانیماینەوە و شەو لە تەلەفزیۆنی بەغداوە سەیری ئەو دیمەنە جەرگ بڕاوانەمان دەکرد کە چۆن سوپای عیراق بەو ناوچانە بڵاوبوونەتەوە کە چەند رۆژێك پێش ئێستا (لانەی شێران) بو، بەهەرحاڵ ئەو شەوەمان بە داخ و کەسەرەوە رابوارد گەرچی کاك قادری ئاوەڵ زاوام دەیەویست دڵمان بداتەوە، رۆژی دوایی خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو گەڕایەوە بۆ هەولێر، بەڵام من ئەو رۆژەش مامەوە بەمەبەستی دیتنی ئەو برا و هاوڕێیانەی کە دەرویشی رێگای کوردایەتی بوون کە زۆربەشیان فەرمانبەری کارگەی جگەرەی سلێمانی و کارگەی پوختەکردنی تووتن بوون کە بریتی بوون لە (عبدالموجود تەها، ثامر مصطفی، هیوا جەلال حەمدی، ئازاد رشید، حەمەی فەرەج ئاغا، جەلالی حەمە عەلی، دارا شێخ نوری، کەمال محی الدین، ئازاد عبدالله یحیی، و سەرەڕای دەیان برا و برادەرانی دیکەم کە ئەوکاتە برادەرانی سلێمانیم پشکی شێریان هەبوو لە ناسین و دۆستایەتیمدا)، هەمان ئێوارەش لەگەڵ عبدالموجود تەها بەرێککەوت سەردانی ئەو ماڵەی خوالێخۆشبوو د. کەمال خۆشناوی لێ دەژیا کە وابزانم خانووی زانکۆ یان حکومەت بوو، کاتێ کە چووین خوالێخۆشبوو شەهید شەهابی شێخ نوری کە لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەهۆی خوالێخۆشبوو خەسرەو تۆفیق دۆستایەتیمان پەیداکردبوو پاشانیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ کاتێ لە سکرتارییەتی

دەستەی ئاوەدانکردنەوەی ژوورو (سكرتارية هيئة إعمار الشمال) بووم کە لە هەمان باڵەخانەی دائیرەی ئینحیساری تووتن دا نهۆمێکی داگیرکردبوو لەو سەردەمەدا پاش تێکەڵبوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان شانەیەکی پارتی کۆیکردینەوە کە لەو شوێنە فەرمانبەر بووین کە بریتی بوون لە (شەهید شەهاب شێخ نوری، خوالێخۆشبوو دارا شێخ نوری، عبدالرزاق فەیلی و بەندە) کاتێ دانیشتین چەند برادەرێکی شەهید شەهاب هاتن کە من پێشووتر نەمدەناسین و هەرهەموویان لە دڵ سووتاوییەوە باسی نسکۆی شۆڕشیان دەکرد و هیوا بڕ نەبوون لەوەی کە ئەگەر حکومەتی عیراق ئاقڵانە و هێمنانە لەگەڵ کود مامەڵە نەکات بێگومان ئەم کێشەیە بە ئاسانی سەرهەڵدەداتەوە.

وابزانم پانزەی مانگی نیسان بوو (١٩٧٥/٤/١٥) کاتێ گەیشتمەوە کۆیە و دەوروبەری کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بوو کاتێ خۆمکرد بە ماڵی باوکم، لەپێشەوە دایکم دەرگای کردەوە و یەکسەر بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشی پێداکردم و ماچی کردم و چەند جارێك دەیگوت و دەیگوتەوە (یاخوا بەخێربێیتەوە کوڕم، یاڕەبی زۆر شوکر ئەوجارەش بە ساغ و سەلامەتی گەڕانەوە، چاوی دوژمنتان کوێر بێت)، چەند ڕۆژە کاکت (یانی باوکم) چاوی لە ڕێگایە، نەژاد (نەژادی برام) دە پانزە ڕۆژە گەڕاوەتەوە دەیگوت فەرهاد ناگەڕێتەوە)، پاشان باوکم کە لە ژووری خۆی راکشابوو کە گوێی لە دەنگی دایکم بوو هاتە دەرەوە و چاوی بە من کەوت بۆ یەکتری چووین، لە راستیدا یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا دەستی باوکم ماچ بکەم ئەویش سەری ماچ کردم (کە دەڵێم یەکەم جاربوو چونکە باوکم هەر لە منداڵییەوە فێریکردبووین کە دەستی کەس تەنانەت دەستی ئەویش ماچ نەکەین)، ئەوجا باوکم دەستی برد بۆ تەلەفۆن و بە ڕێگای بەدالەوە داوای هەولێر و ماڵی مامە عومەرمی کرد کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی دادگای بەرزی هەولێر (المحكمة الكبرى) بوو کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا باوکم یەکسەر وەڵامی دایەوە و کەوتە قسە لەگەڵ مامم و یەکسەر پێیگوت (عومەر، فەرهاد ئێستا گەیشت) دیاربوو مامە عومەریشم بە

باوکمی گوتبوو (منیش دەمەو ئێوارە دەگەمە کۆیە). بە گەیشتنی مامم و هاتنی کاکە عەبدە و بارام هەموومان لە تارمەکەی پێشەوەی ماڵی باوکم کۆڕی خێزانیمان سازکرد، قسەوباسەکان هێندە زۆرن ناگێڕدرێنەوە. ئەوەی سارنجم لێدەدا باوکم ناوە ناوە داڵغەی لێدەدا و سیمای دەموچاوی غەمی لێ دەباری و چەند جارێکیش ئەو رستەیەی دووبارە دەکردەوە "نەدەبوو پشت بەم شایە زۆڵە ببەسترێ" و پاشانیش ئەم وشەیەی (ئەم شایە زۆڵە)ی لە یەکێ لە شیعرەکانی ساڵانی پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گوتویەتی و تەوزیفی کردووە کە ناوی شیعرەکەی (سرودێکی تازە)یە و دەڵێ:

*گەر نەمرم بەم بریـــــــــــنە موشەکێکی تانـــك شکێن بێ*
*ئەمجا ئاکـــــــــــــارم ببینە مێزێکـــــــی دوژمن بەزێن بێ*
*بەکـــــــــــاردێنم بیروهـــەستم مێك بێ، میراج بێ، فانتۆم بێ*
*سرودێك وا هەڵـــــــــدەبەستم هەڵگری بۆمبای ئەتـــــۆم بێ*
*قارەمانی ناو سەنـــــــــــگەر بێ سرودێك ناوی تـــــــۆڵە بێ*
*پێشمەرگەی دەست بە خەنجەر بێ دژی ئەم (شایە) زۆڵـــــــە بێ*

بە گەڕانەوەم بۆ کۆیە قۆناغێکی دیکە لە ژیانم دەستپێدەکات کە لە سەرەتادا تا بڵێی سەخت بوو پاش گەڕانەوەم ماوەی ٢٠-٢٥ رۆژیش نەدەهاتمە دەرەوە لە ماڵی باوکم، بە خوێندنەوە و گوێگرتن لە هەواڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن کاتم بەڕێدەکرد و ناوە ناوەش برادەرێك لە هەولێر یان لە سلێمانی بە یاد و سۆزی جاران سەریان دەدام، هەندێ جاریش لەکۆیەش برادەرە نزیکەکان دەهاتنە لام لە گەڕەکی خۆشمان (چوارباخ) لەو شەقامە سەرەکییەی کە بۆ (حەمامۆك) دەچێت ئەو شەقامە لاوەکییەی تەنیشت ماڵی باوکم ماڵی خزمەکانی خۆمان بوون کە بێگانەی تێدا نەبوو.. تەنها دوو ماڵ نەبێت کە ئەوانیش خودا وەکیلە لە خزمان نزیکتر و دڵسۆزتر بوون بۆ ئێمە، یەکەمیان ماڵی مامۆستای خوالێخۆشبوو شەهید کەمال رەشید حەوێزی بوو کە ساڵی ١٩٦٣ لە کۆیە بەدەستی فاشستەکانی بەعس گوللەباران کرا و خێزانی (جەمیلە خانی کچی جەلال ئاغا غەفوری هەردوو کوڕەکەی و ئاوات و

ئاهەنگ لەگەڵ دوو کچەکەی ئاواز و ئاورنگ لەو خانووەی دراوسێی ئێمە دەژیان) دووەمین ماڵ ماڵی خوالێخۆشبوو (سەید ئەحمەد حەمەد ئەمین) کە لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی (سماقولی سەروچاو) بوو لە پاشساڵی ١٩٦٣وە هاتبوونە کۆیە، ئەوانیش دراوسێمان بوون، دەنا ماڵەکانی دیکە بریتی بوون لە ماڵی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەجید ئاسنگەر کە هەم خزم و هەم برادەر، ماڵی مامۆستا مەجید فەقێ کە تا رادەیەکی ئێگجار گەورە نزیکبوونی ماڵەکانمان لەگەڵ ئەو دۆست و خزمانە هۆکارێکی گەورەی سەلوا بەخشینی دەروونیمان بوو چونکە دەتوانم بڵێم شەو و رۆژ لەگەڵ یەکتری دابووین و هەواڵ و بیروڕا و بۆچوونەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، بەتایبەتیش (مەجید ئاسنگەر و مەجید فەقێ) کە هەرسێکیشمان (العائدون) بووین و زۆرجار یادگاریی رۆژ و شەوانی زێڕینی شۆڕشی ئەیلول مان (دەور) دەکردەوە، بەڵام هیچ کاتێك بەقەد تۆزقاڵێکیش بەخەیاڵمان دا نەدەهات گلەیی لە شۆڕش بکەین و هەمیشە بە گیانێکی دڵسۆزانە باسمان لە نسکۆی ئەم شۆڕشە مەزنە دەکرد و بە رادەیەکی زیاتریش خۆشەویستیمان بۆ (بارزانی نەمر) رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندا بوو چونکە بەپێی لێکدانەوەکان دەمانزانی چ غەدرێك لە سونبولی ئەم شۆڕشە کراوە بە رێککەوتننامەیەکی خیانەتکاریی ئەوتۆ کە دوور بوو لە نیشتمان پەروەری، وڵات خۆشویستن، وەفا، بەڵێن، شەرەف سیاسی، ئاشکراشە کە ئینتیقامی (رب العالمین) بەرامبەر بەم غەدرە چیی بەسەر شای گۆڕبەگۆڕ و سەدامی خوێن مژ و هەواری بومدینی (بەربوك) هێنا.

دراوسێی پێنجەمیشمان لە هەمان شەقامە لاوەکییەکە ماڵی کاکە عەبدە (وەستا عبدالله ئاسنگەر) بوو کە هەم ئامۆزای باوکم بوو و هەم مێردی پورم بوو کە تێیدا (بارام) کوڕەگەورەی پورزام گە هەمیشە دوور لە سیاسەت بوو، بەڵام خوا هەڵناگریٚ کوڕی رۆژی تەنگانە بوو زۆر کەس تاکو ئەمڕۆش هەر بە برامان دەزانیٚ چونکە لە زەمانی باپیرەمەوە تاکو ساڵی ١٩٦٤ هەر لە یەك خانوو دەژیاین، کۆکردنەوەمان لە یەك شەقامی لاوەکی و بەسەریەکەوە نەیدەهێشت پاش نسکۆ (بێکەسی)مان پێوە دیار بێت، بەندە ئەو کاتە

فەرمانبەری دەوڵەت نەبووم چونکە پێشووتر وەکو کادرێکی (متفرغ) لەپاش دەرچوونم لە زانکۆ لەساڵی ١٩٧٠ دوو ساڵ پاشی ئەو یانی تاکو ١٩٧٢/٥/٢ سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و چەند مانگێکیش بە (مووچەی کاتی) لە سکرتارییەتی ئاوەدانکردنەوەی ژوورو و پاشانیش تاکو ١٩٧٤/٣/١١ بەڕێوەبەری دەزگای (التآخي) ئاشکراشە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥یش لە شۆڕش بووم بۆیە هیچ فشارێکم لەسەر نەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ وەزیفە تەنها (نەژاد)ی برام کە دەچووی (ئامادەیی پۆلیسی بەغدا) بوو کە بە مفەوەزی پۆلیس لە کۆیە دامەزرابوو لە ساڵی ١٩٧٢وە پاشان لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ داروودەستەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کۆیە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد پاش گەڕانەوەمان ئەو چونکە لەو (سلك)ـە بوو گوێزرایەوە بۆ پارێزگای (سماوە) و چوار ساڵی بەوەزیفەی مەدەنی تێدا بەسەربرد پاش راپەڕینیش بە هەمان دەرەجەی خۆی مایەوە وابزانم تاکە مفەوەزی دەرچووی ئامادەیی پۆلیسی عیراق بوو کە پلەکەی وەکو خۆی مایەوە (مفەوەز)، بەڵام برادەرەکانی ئەو کە هەندێکیان دەرچووی ئامادەیی پۆلیسیش نەبوون تاکو پلەی (عەقید، عەمید...) بەرز کرانەوە، بۆیە ئەویش بە ناچاری پاش ماوەیەك خۆی خانەنشین کرد چونکە برادەران لە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم هیچیان بۆ نەکرد لە کاتێکدا بە دەیان و سەدان خەڵکانی وەکو ئەویان بۆ پلەی گەورە بەرزکردەوە و پاشانیش بە هەمان پلە خانەنیشن بوون، هەندێکیشیان بە وەزیفە و پلە گەورەتر بوون.

مانگێك بەسەر مانەوەم لە کۆیە تێپەڕی، دەبووایە سەفەری بەغدا بکەم چونکە (پەروین) لەبەغدا لەماڵی باوکی بوو، کاتێ کە چوومە بەغدا هێشتا خانووەکەیان وەرنەگرتبۆوە و هەریەکەیان لەماڵی خزمەکانیان بوون لە بەغدا (پەروین) بەر ماڵی کچی پوری (مەلیحە خان) کە خێزانی خوالێخۆشبوو (صالح عبدالرحمن)ـی ئەندازیار بوو کە تا بڵێی پیاوێکی سەخی و ساخڵەم بوو سەرەڕای ئەوەی کە کوردپەروەرێکی باشی خەڵکی هەڵەبجە بوو، بەداخەوە لە ئاکامی تۆمەتێکی ناڕەوا و بێ بنەما خرایە حەپسخانەی (ابو غریب) و چەند

ساڵێك مایەوە كە لەداخا تووشی نەخۆشیی (شێرپەنجە) بوو كۆچی دوایی كرد.

(غازی العبیدی) كە داگیركەری ماڵی خەزورم بوو لە بەغدا سەرەڕای تاڵان و هەڕاجكردنی ناوماڵی ئەوان و ماڵی من نەیدەویست لە خانووەكە بچێتە دەرەوە بۆیە خەزوریشم بە ناچاری لە ڕێگای ئیستعلاماتی (قەسری جمهورییەوە) بە بروسكەیەك كە بۆ سەرۆك كۆمار (احمد حسن البكر) نووسی و كە تێیدا نووسیبووی (منێك كە نزیك بە ٣٥ساڵ وەكو ئەفسەر خزمەتی سەربازیم هەیە، ئەفسەری ئازاد (ظباط الأحرار) بووم بە ئەمری ئێوە لە ماڵ و حاڵی خۆم دەركرام، سەرداری كوڕم كە ئەویش ئەفسەری سوپا بوو بە پلەی (ملازم) بە ڕێككەوت ئەو شەوەی كە دەركراین (مجاز) بوو لە ڕێگای شەقڵاوە گرتیان و گێڕایانەوە، ساڵێكە لە (رقم ١)ـە لە سەربازگەی رشید، پاش لێبوردنی گشتی خۆم و خێزانم گەڕاینەوە، دوو مانگ دەبێت غازی العبیدی لە خانووەكەم ناچێتە دەرەوە لەكاتێكدا لە لێبوردنە گشتییەكەی كە راتانگەیاندووە دەڵێ هەموو كەس بۆ ماڵ و حاڵ و وەزیفەی خۆی دەگەڕێتەوە، هیوادارم ناوەڕۆكی لێبوردنە گشتییەكە جێ بە جێ بكرێت.

**داواكار عبدالله سعید حسن**

**عەمیدی خانەنشین خاوەن خانوی ٤٦ حی الظباط، زیونە**

**ژمارەی تەلەفۆنەكەشم كە لە خانووەكەدایە**

**٧٧٤٤٧٧١١**

پاش ناردنی ئەم نامەیە بە سێ ڕۆژ بە ئەمرێكی فەوری غازی العبیدی خانووەكەی بەجێهێشت، ئینجا بە هەندێ دەستكاریی خانووەكە خێزان گەڕانەوە ماڵی خۆیان، ماوەیەك لە بەغدا خەریكی سەردانی برایانی خۆشەویستم (جەلال عومەر سام ئاغا) كە لە سلێمانییەوە فەرمانبەری زانكۆ بوو دوورخرابوویەوە بۆ وەزیفەیەكی حیسابی بۆ یەكێ لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی وەزارەتی بازرگانی و د. كەمال مەزهەر و خوالێخۆشبووان خەسرەو تۆفیق و كاكە دارا تۆفیق كە تا ئەوكاتەش كڵپەی

نسكۆی شۆڕش خەیاڵاتی ئێمەی داگیر کردبوو، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئامۆژگارییەکی ئەو پیاوە بلیمەت و نیشتمانپەروەرە بە بیر بهێنمەوە کاتێ چوار قۆڵی (کاکە دارا، کاکە خەسرەو، سیروان عبداللە سعید، و بەندە) لە شەوێکی پڕ ئازاردا لەم سەفەرەی یەکەمم بۆ بەغدا هەرچوارمان سەرمان پێکەوەنابوو باس هەر باسی ڕووداوەکانی ڕۆژانی شۆڕش و دوای نسکۆ بوو، کاك خەسرەو کە بیرمەندێکی کوردی چەپخواز بوو ئامۆژگارییەکی ڕاستەوخۆی من و سیروانی کرد، ئامۆژگارییەکەش بریتی بوو لە (خۆ بە دوورگرتن لە تێکەڵاوبوونەوەی حزبی چونکە ئێمە ناسراوین کە پێشووتر ئەندامی پارتی بووین، بەعس غرورە وەکو سەگی هاری لێهاتووە، چاودێریی توندە، جاریێ هیچی لێ ناشاردرێتەوە، بەم شێوەیە ئەگەر پەیوەندی ڕێکخستن نەبێت دەتوانی بەدڵی خۆت قسە بکەیت بێئەوەی تووشی ئەزیەت ببیت چونکە بەعس بەدوای هێڵی ڕێکخستنەکانە بۆیە ئەوەی مەبەستە بیڵێین بەبێ ترس دەتوانی بیڵێی، بەڵام بۆ خەڵکانی وەکو ئێمە جاریێ چوونە تاو ڕێکخستن تازە زوو بەدیار دەکەوین، بۆیە جاریێ خۆتان بەدوور بگرن بەتایبەتی تۆ فەرهاد کە لە کوردستان دەژیت، چاوەڕوان دەبین، بارودۆخەکە لە گۆڕاندایە).

بەپێی بڕیاری لێبوردنی گشتی (پەروین) گەڕایەوە وەزیفە خۆی کە لە (مديرية انحصار التبغ) فەرمانبەر بوو پێش دەرکردنی لە بەغدا، بەڵام چونکە بەعس تێنووی لەناوبردنی توتن بوو وەکو سەرمایەیەکی کورد کە زۆربەی هەرە زۆری جوتیارانی کورد سەرقاڵی چاندن و بەخودانکردنی ئەم بەرهەمە کشتوکاڵییە بوون و پیشەسازیی جگەرەی عیراق ئیعتیمادی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر تووتنی کوردستان دەکرد، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تووتنیش سەر بە وەزارەتی کاروباری ژووروو بوو، حکومەتی بەعس هەر زوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی تووتنی هەڵوەشاندەوە و بە وەزارەتی بازرگانیی لکاند (پەروین)یش گوێزرایەوە بۆ (معمل طابوق بني سعد) لە دەرەوەی بەغدا کە ڕۆژانە دەبووایە دوو کاتژمێر بە چوون و هاتنی ڕێگاوە کات بەسەرببات کە زۆر زەحمەت بوو بەتایبەتیش بۆ ئافرەتێك، بەڵام چی بکەین دەسەڵات نەبوو.

ماوەیەك لەبەر پەرەوین لە بەغدا مامەوە بە مەبەستی دیتنەوەی ڕێگایەك بەڵکو بتواندرێ لەو زەحمەتە رزگاری ببێت، رۆژێك بە ڕێککەوت لە ماڵی خەزورم لە حي الضباط بە پێ بەرەو شەقامی سەرەکیی گۆڕەپانی (الأندلس) و هەنگاوم دەنا لە چاوەڕوانی پاسی ژمارە (٣٦) کە هێڵی نێوان حی الضباط و باب الشرقي بوو، ماوەی ١٠ خولەکێك راوەستام لەپڕ ئۆتۆمبیلێکی قەمارەی مارسیدس ژمارە (١)ی وەزارەتی لاوان لەبەردەمم راوەستا، لە سەرەتادا راوەستانی ئۆتۆمبێلەکە و هاتنەخوارەوەی ئەو پۆلیسەی کە لە پێشەوە سوار ببوو کە دیاربوو حیمایەی لێپرسراوی ناو ئۆتۆمبێلەکە بوو ترساندمی، بەڵام نەمزانی چی بکەم، لەپڕ دەرگای پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکە کرایەوە و ئەفەندییەك دابەزی.. یەکەم جار نەمناسی، بەڵام کاتێ روو بە رووی یەك هاتین زانیم (کریم الملا)ی سەرۆکی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق بوو کە لەپاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە لە نێوانی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەعس یەکترمان ناسی و بووینە برادەر و پەیوەندییەکانمان زۆر ئەرێنی بوو، لە سەرەتادا بارەگای ئێمە (یەکێتیی قوتابییانی کوردستان) و ئەوان (یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق) لە یەك باڵەخانە بوو، ئەوان لە نهۆمی سەرەوە و ئێمەش لە نهۆمی خوارەوە لە گەڕەکی (الوزیریە) بوو سێ ئەندامی ئێمەی مەکتەبی سکرتارییەت بەپێی بڕگەی (٥)ی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئازار بوونە ئەندام لە مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق، سەرۆکی قوتابییانی کوردستانیش بەپێی هەمان بڕگەی ڕێککەوتنەکە کرا بە جێگری سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق کە ئەوکاتە (کریم الملا) بوو، لای ئێمەش لە سەرەتادا کاك ئەنوەر عبداللە لە قۆناغی دواتردا عادل موراد بوونە جێگری سەرۆك، ئەندامەکانی ئێمەش لە مەکتەبی راپەڕاندنی عیراقی خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو و عادل لەیلانی بوون و پاش سەفەری عادل لەیلانی بۆ بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای رۆژهەڵات بە مەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە (إحصاء) بەندە جێگەی ئەوم گرتەوە، لەو ماوەیەدا کە دوو ساڵ و چەند مانگێکی خایاند پەیوەندیمان

لەگەڵ (كريم الملا) و (محمد دبدب) کە ئەویش وەکو من سکرتێری گشتیی یەکێتییەکەی خۆیان بوو و زۆر دۆستانە و زۆر برایانە بوو، کريم الملا کەسایەتییەکی خاوەن بیروڕای بەعسی بوو، بەڵام نەك بەعسییەکی تازە و موراهیق بەڵکو زۆر وردبین و زۆر هێمن بوو و چەند جارێك بە مەبەستی شۆڕبوونەوەی پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕێکخراوی قوتابییانی کوردستانی و عیراقی لە بەغدا کۆڕی هاوبەشمان دەگێڕا و زیاتر بەندە بەو کارانەوە سەرقاڵ دەبووم چونکە کاك ئەنوەر عبدالله ئەو جۆرە چالاکییانەی بۆ من بەجێهێشتبوو و چەند جارێکیش سەفەری زانکۆی سلێمانی و کەرکووکمان پێکەوە بۆ هەمان مەبەست کرد تا جارێکیان لە ڕێگای سلێمانی–دوکان سەردانی کۆیەشمان کرد و شەوێك لە ماڵی ئێمە مایەوە تا درەنگانی شەو لەگەڵ باوکم و مامم لەسەر مێزی خواردن و خواردنەوە موناقەشاتی هێمنانە لەئارادابوو، کاتێ بە سەیارەکەی کە جۆری (ڤۆڵگا)ی مۆدیل ١٩٧٠ بوو لە ڕێگای کۆیە–تەقتەق بۆ کەرکووك گەڕاینەوە لە ڕێگا بە سەرسامییەوە باسی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسیی باوکم و مامی دەکرد.. ئێستاش قسەیەکی ئەوم لەبیر ماوە کاتێ گوتی (مادام ملا مصطفى عنده هيچ ناس مؤيدين ماراح يخسر المعركة)، محمد دبدبیش کەسایەتیی دووەمی ڕێکخراوی قوتابییانی عیراق بوو و گەنجێکی سەرڕاستی مەبدەئی بوو زوو دەکرایەوە ڕەوشتێکی مەدەنیانە و عەشایەرانەی بەرزی هەبوو کەسایەتیی زۆر خۆش، کوردی خۆشدەویست، لە سەفەرێکی هاوبەشمان بۆ خانەقین لە زستانی ساڵی ١٩٧١ بەهۆی کێشەیەکی نێوان ئەندام و لایەنگرانی هەردوو لا کە چووینە خانەقین ئەوکاتە کاك (جلیل فەیلی) لێپرسراوی ناوچەی پارتی بوو، لەنێوان قسەکانمدا جۆرە لێك تێنەگەیشتنێك لەنێوانماندا روویدا کە منی هەندێ توڕەکرد و بە (محمد دبدب)م گوت مادام تۆ بەم جۆرە لە مەسەلەکە دەگەی ئەوا من و تۆ لێکتێناگەین بۆیە من ناتوانم لەگەڵ تۆ سەفەری گەڕانەوەمان بۆ بەغدا بکەم، بەلام ئەو لە وەڵامدا لە من هێمنتر بوو یەکسەر وەلامی منی بەم شێوەیە دایەوە (هەڤاڵ فەرهاد پەیوەندیی من و تۆ ڕێککەوتننامەیەکی مێژوویی درووستی کردووە، ئەگەر تۆش واز لە من بێنی

من واز له تۆ ناهێنم)، ئەوجا بەو ڕۆحییەتە کێشەکەمان چارەسەرکرد و بووە سەرەتای پەیوەندیی برایانەی دوور لە هەموو بەرژەوەندییەك کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ پەیوەندیی (کریم الملا و محمد دبدب) لەگەڵ برایان عدنان مفتي و عادل موراد و بەندە بەردەوامە، تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش (٢٠١٥/٣/٣١) و هەر کاتێکیش بەندە سەفەری (ئوردن بکەم) بێگومان ئەوا پەیوەندییان پێوە دەکەم و شەوێك لەو شەوانە بە یادی ڕۆژانی رابردووی سالانی هەنگوینی نێوان شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی بەعس گفتوگۆیەکان بە گیانێکی سەردەمییانە حزووری دەبێت، زۆر جاریش بە تەلەفۆن یەکتر بەسەر دەکەینەوە.

کاتێ من و کریم الملا روو بە رووی یەکتر بووینەوە ئەو کاتە منی (شکاو) و دڵشکاو و سوودمەندی لێبوردنی گشتی، بە پێچەوانەوەش (کریم الملا)ی وەزیری لاوانی حکومەتێکی سەرکەوتوو و براوەی شەڕ.. دەبێت باری دەروونیم چۆن بێت، لەگەڵ دابەزینی لە ئۆتۆمبیلەکەی بە زەردەخەنەیەکەوە باوەشی بۆ کردمەوە (حرفياً وبالنص) گوتی (أهلاً بالاخ المناضل کاکە فرهاد، يا رجل وين أنت) ئینجا ئەو دەستی کرد بە ماچکردنی هەردوو لای روومەتم و گوتی فەرموو دەچینە وەزارەت ئەگەر کاری بەپەلەت نییە پاشان بە ئۆتۆمبێلی خۆم دەتنێرمە جێگای مەبەست، کاتێك چووینە نووسینگەی تایبەتیی وەزیر کە خۆی بوو یەکسەر تەلەفۆنی بۆ (محمد دبدب) کرد و گوتی (أبو علي تدري منو گاعد يمی، کاکە فرهاد جاي ويسلم عليك) ئەوجا تەلەفۆنەکەی دایە من و محمد دبدبیش وەکو رەوشتی خۆی هەمیشە بە زنجیرە زیاتر لە (١٠) جاری گوت و دەیگوتەوە (الحمد لله عالسلامة يا مية هلة، أخوية أخوية الأعز کاکە فرهاد، أنت أخ عزيز)، کریم الملا زانی زیاتر لە پێویست موجامەلەم دەکات تەلەفۆنەکەی لە من وەرگرت و بە محمدی گوت (بعدين راح أدزه يمك). نزیکەی سەعاتێك لای کریم الملا مامەوە پێی گوتم (کاکە فەرهاد موجامەلەت ناکەم تۆ لای من فەرهادی جارانی، ئێمە حەزمان لەو ئاکامە نەدەکرد، بەڵام ئەوەی روویدا تازە روویدا، بەڵام لێرە تاکو ئەو کاتەی من لە ژیاندا ماوم هەر کارێکت هەبێت بەسەرچاو بۆتی جێبەجێ دەکەم، گرنگ ئەوەیە تۆش هیچ کێشەیەکت

نەبێت، ئەوجا کەوتە پرسیاری برایان عادل موراد و جەلال خۆشناو و ئەنوەر عەبدوللا و قادر حمدأمین و یوسف قەساب.. ئەوجا پرسیاری ئەوەی لێکردم چۆنە هاتوومەتە بەغدا و لەو شوێنە کە منی تێدا دیت چاوەڕوانی چیم دەکرد، منیش مەسەلەی هاتنەکەم بۆ بەغدا بۆ گێڕایەوە کە ماڵی خەزورم لە بەغدایە و گرفت و کێشەی (پەروین)م بۆ گێڕایەوە یەکسەر گوتی ئەم مەسەلەیە ئاسانە هەر ئەمڕۆ و سبەی بۆتی جێبەجێ دەکەم خەمت نەبێت. هەر ئەمڕۆ کاتێ ویستت بە ئۆتۆمبێلی خۆمان دەتنێرمە لای (محمد دبدب) چونکە لە چاوەڕوانتە، ماوەی کاتژمێرێك لای کریم الملا دانیشتم بە هیچ شێوەیەك باسی سیاسەتی لەگەڵ نەکردم، وای نیشان دەدا کەوا هی شتێکی نەرێنی لەنێواندا نەبووە، زیاتر باسی برادەران و ڕۆژانی رابردوو بوو، بەڕاستی ئەو خۆ دوورخستنەوەیە لە باسی سیاسەت نیشانەی ڕەوشت بەرزیی ئەم پیاوە بوو چونکە دەیزانی و پێشووتر شارەزام ببوو کە چەند حەساسم و بە چ گیانێك هەمیشە لەسەر رای کوردایەتی و مەسەلەی کەرکووك پێداگرم، هەتا جارێکیان پێکەوە لە سەردانێکدا کە وابزانم مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٠ بوو کە چوارقۆڵی (کریم الملا و ئەنوەر عەبدوللا و قادر حمدأمین و بەندە) بووین بۆ کەرکووك شەو لە (فندق الشرق الأوسط) دابەزیبووین و بەدەم دانیشتنی شەوەوە کەوتینە گێژاوی سیاسەت و خیلافاتی نێوان کورد و حکومەتی بەعس بەتایبەتیش لەسەر کەرکووك و سنجار و خانەقین و ئەو ناوچانەی کە گیرۆدەی سیاسەتی بەعەرەبکردن هاتوون، ئەنوەر عەبدوللا کەمتر قسەی دەکرد، بەڵام بەندە بە پلەی یەك و پاشان قادر حمد ئەمین، باسمان لە ناڕەوایی سیاسەتی تەعریب دەکرد (أحمد العبیدی) کە لێپرسراوی لقی کەرکووکی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراقی بوو کە لەو دانیشتنەدا لەگەڵمان بوو ئەگەرچی قوتابیش نەبوو دیاربوو سەر بە دەزگایەکی ئاسایشی کەرکووك بوو دەمانچەیەکیشی بەقەدەوە بوو لەپڕ لەنێواندا زۆر بە بێ ئسوڵی گوتی (کرکوك مو مال الاکراد) منیش یەکسەر لەدەمیم دایەوە و گوتم (کرکوك مال الاکراد ونص، أنت جنابك ؟؟ ؟؟ ؟؟ ؟؟) لێرەدا کریم الملا هاتە قسە و گوتی کاکە

فەرهاد ئێمە میوان نین لەم وڵاتە، عیراق عیراقی هەموومانە، بۆچی ئێمە حەساسیەتمان نییە بەرامبەر بوونی کورد لە بەغدا بۆچی ئێوە حەساسیەتتان بەرامبەر بوونی عەرەب هەیە لە کەرکووك، لە وەڵامدا گوتم (أبو حاتم، بە کریم الملا مان دەگوت أبو حاتم کە تەقلیدێکی زمانی عەرەبییە) (کورد خەتەر نییە لەسەر بەغدا ئەگەر هەتا ژمارەی کورد زیاتر بێت لە عەرەب، بوونی کورد لە بەغدا لە قازانجی دەوڵەتی عیراق و عەرەبە لە هەموو ڕوویێکەوە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی...، ڕۆژێك لە ڕۆژان گەلێکی ژێردەستە ناتوانێ پایتەختی وڵاتێکی وەکو عیراق کە عەرەب تێیدا زۆرینەیە (تکرید) بکات، کورد هەمیشە ئەرزی خۆی بەخشیوە بە خەڵکانێك لە نەتەوەی دیکە کە لێیان قەوماوە، بەڵام بە پێچەوانەوە سیاسەتی تعریب لەگەڵ درووستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە دەستپێکردووە و لە ساڵانی ١٩٦٣ بەدواوە بە شێوەیەکی فراوان بەرنامەی تعریب بە ئاشکرا درێژەی هەیە، لێرەدا ڕاشکاوانە دەڵێم سیاسەتی حکومەتی بەعس لە کەرکووك وەکو سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیلە بەرامبەر (قودس) کە تێیدا ڕۆژانە جولەکەی زیاتری بۆ دێنن، لێرەدا کریم الملا قسەکەی پێ بڕیم و گوتی (کاکە ئەگەر ئێمە واز لە قودس بێنین ئێوەش واز لە کەرکووك دێنن)، خودا وەکیلە بە ویژدانی هەموو کوردپەروەرێك بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە (شەرم و شورەییە بۆ هەر گەلێك واز لە بستێکی خاکی خۆی بهێنێت، باوەڕ ناکەم عەرەبەکانی فەلەستین واز لە قودس بهێنن، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان وازیان لە (قودس) هێنا ئێمە وەکو کورد پێیان دەڵێین ئابڕوی خۆتان مەبەن نیشتمان نافرۆشرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەقسەیان نەکردین دووبارە پێیان دەڵێین ئێمەی کورد ئامادەباشیمان هەیە سەدان ساڵی دیکە خەبات بکەین لەپێناوی کەرکووك و هەر بستێکی خاکی کوردستان دوو جار کریم الملا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی (کاکە تۆ پیاوێکی زێدە حەساس و بەداخەوە هەندێك توندڕەویشی، ئەم مەسەلەیە و ئەوانی دیکە سەرکردایەتیی هەردوولامان بە حیکمەت و دوور لەو حەساسییەتەی تۆ چارەسەری گونجاوی بۆ دەدۆزنەوە.

کاتێ ویستم خوداحافیزی بکەم یەکسەر لەگەڵم هەڵسا تاکو بەردەرگاکەش لەگەڵم هاتەدەر و فەرمانیشی بە سکرتێرەکەی کرد کەوا بە ئۆتۆمبێلی ئەوان بۆلای (محمد دبدب)م ببەن لەگەڵ دوعاخوازیدا دووبارەی کردەوە کەوا شوێن و ژمارەی تەلەفۆنەکەی لای من ئاشکرایە و لە هیچ شتێك سڵ نەکەمەوە ئەگەر کێشەیەکم هاتە پێش.

لە نێوان وەزارەتی لاوان کە نزیك لە (ملعب الشعب) بوو تاکو لای بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق کە ئەوکاتە (محمد دبدب) سەرۆکی بوو لە گەڕەکی (الوزیریە) نزیکەی (٢٠-٢٥) خولەکی دەویست، لەم نێوانەدا کاتێ بەناو شەقامەکاندا بە ئۆتۆمبێلی وەزارەتی لاوان تێدەپەڕیم رۆژانی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤)م وەکو فیلمی سینەما دەهاتە بەرچاو کە ئەوکاتە پاش راگەیاندنی رێککەوتنی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی بەعسی عیراق لە ١٩٧٤/٣/١١ بە چ جۆرێك و بە چ حەماسێك لە بەغدا هەڵسوکەوتمان دەکرد کە تێیدا هەندێ جاریش زیادەڕۆییمان دەکرد و بە هیچ شێوەیەك بەقەدەر یەك تۆزقاڵیش سازشمان لەسەر هیچ بابەتێك نەدەکرد بە پێچەوانەی هەندێك کە (کلاوی خۆیان گرتبوو با نەیبات) بەراوردم دەکرد لەگەڵ ئەو ساتەی کە لەو کاتە تێیدا دەژیام کە (چ قەدەریك، چ پلانێك) چ بێ بەرنامەییەك لە خوێندنەوەی نێوان دۆست و دوژمن ئێمەی گەلی کوردی خستە پەراوێزی رووداوەکان لەناخەوە دەیگریاندم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو دێڕە شیعرە عەرەبییەم دەهاتەوە یاد کە کاتی خۆی لە پۆلی پێنجەمی وێژەیی ئەزبەرمان کردبوو کە دەڵێ:

*لا تـــيأسن إذا كبوت مرةً*

*فان النجاح حليف كل مثابر*

یانی (قەت بێئومێدی داتنەگرێ کاتێ دەکەوی چونکە سەرکەوتن هاوپەیمان و نسیبی خەڵکی خۆ راگر و بەردەوام بووە). محمد دبدب لە چاوەڕوانیمدا بوو چونکە کریم الملا پێی راگەیاندبوو کە بۆلای ئەوی دەچم،

بەلاّم پێشوازیی محمد دبدب لە پێشوازیی کریم الملا جیاوازتر بوو، محمد دبدب بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە باوەشی پێدا کردم بۆماوەی چەند خولەکێك و دەیان جار (یاهلا بأخوي العزیز، عیني فرهاد، عزیزي فرهاد، وینك أنت یا میة هلة) و نەیدەبڕییەوە تا (غازي فیصل) کە ئەویش ئەندامی مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتیی قوتابییانی نیشتمانیی عیراق بوو و دۆستایەتییەکی توندمان لەنێواندا هەبوو چونکە لە ١٩٧١/١/٥-١٩٧١/١/٢٧ ئەو و بەندە و صلاح السمرمد بە گەشتێکی ٢٢ رۆژی وەکو شاندێکی هاوبەش ئامادەی کۆنگرەی گشتیی خوێندکارانی ئێرانی بووین لە فرانکفۆرت و لەو کاتەوە وەکو دوو هاوڕێ مامەڵەمان لەگەڵ یەکتری دەکرد، کاتێ غازی هاتە ژوورەوە و من و محمد دبدبی بەم گەرموگوڕییەوە دیت یەکسەر رووی لە محمد کرد و گوتی (عیني أبو علي ماتنجاز خلینا احنا هم نبوس کاکە فرهاد الورد)، ئەوجا کەوتینە گفتوگۆ و پرسیار کردنی ئەحواڵی برادەرانی ئێمەی مەکتەبی سکرتارییەت و لیژنەی راپەڕاندنی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، بەلاّم ئەوانیش هیچ قسەیەکی ئەوتۆیان نەدەکرد کە من بریندار بکات یاخود نیگەرانم بکات و چەند جار محمد دبدب دەیگوت و دەیگوتەوە (واللە یا کاکە فرهاد انت معدنك أصیل، کوردي بمعنى الکلمة، مناضل أخویة واللە مناضل قرة عیننا شفناك مرة اخرى یاهلا یا میة هلة) ماوەیەکی باش دانیشتین ئەوجا ئەمجارەیان بەدەم چا و جگەرەکێشانەوە دوور لە شێوازی موجامەلە رووی تێکردم گوتی (کێشەی خێزانت کە خوشکی منە چییە؟ کریم پێی راگەیاندم مەعقول نییە ئێمە مەوجود بین و تۆش کێشەت هەبێت هەر ئەمڕۆ و سبەی بۆتی چارەسەر دەکەین، کاتێ باسی کێشەکەم بۆ کرد کەوا پەروینی خێزانم پاش هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی (انحصار التبغ) نەقڵی کارخانەیەك کراوە لە (بنی سعید) کە کاتژمێرێك لە بەغداوە دوورە بۆ ئەو و بۆ من زۆر زەحمەتە ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە ناچارە وەزیفە بەجێبهێڵێت، بەلاّم (دبدب) نەیهێشت درێژە بە رەشبینییەکەم بدەم و گوتی (چاوەکەم فەرهاد مەعقولە لە سەردەمی حکومڕانی ئێمەدا نەتوانین فەرمانبەرێك نەقل بکەین،

فەرمانبەرەرکەش کێیە؟ ژنی برایەکی خۆشەویستی ئێمەیە، ئەمڕۆ نیوەڕۆ پێکەوە (من و تۆ و غازی فەیسەڵ) نانێك دەخۆین و ئیشەڵا بەیانی و دووبەیانی مەسەلەکە تەواو دەکەم و بە تەلەفۆنی ماڵی خەزورت ئاگادارت دەکەم، بەڵام دەبێت رۆژێك بچینە بەعقوبە گەشتێك بکەین و ماڵی باوکیشم لەوێیە، پێش ئەوەی بەجێیانبهێڵم داواکارییەکەم (عەریزە) زانیاریی تەواوم دەربارەی ناوونیشان و جێگای کارکردن و گواستنەوەی بۆ شوێنی مەبەست (دەربارەی پەروین) بە محمد دبدبم دا.

پاش سێ رۆژ دبدب لە دەوروبەری کاتژمێر (١٠)ی بەیانی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی (أبشرك، صارت الموافقة على النقل والكتاب وصلني اليوم تعال عندي الظهر بشر اختنا بالخبر انتظرك) بە بیستنی هەواڵەکە زۆر دڵخۆش بووم چونکە کێشەیەکی گەورەم لەکۆڵ بووەوە، تا رادیەك لە کۆیە جێگیر دەبین چونکە من نەمدەتوانی لە بەغدا بمێنمەوە، هەربۆیە یەکسەر بەرەو وەزیرییە چووم بۆ بارەگای قوتابییانی عیراقی کە محمد دبدب سەرۆکی بوو، بە گەیشتنم محمد دبدب دیسان بە هەمان شێوەی جاری پێشووتر لە ئامێزی گرتم و گەرموگوڕتر بەخێرهێنانی کردم و هەواڵی گواستنەوەکەی پەروینی بەم شێوەیە بۆ گێڕامەوە و گوتی:

(کاتێ چوومە لای (طه جزراوي) کە وەزیری پیشەسازییە وەکو هەڤاڵێك زۆرم رێز لێدەنێت چونکە دەمێکە ئاشنایەتیمان هەیە و پاش چاك و چۆنی گوتم بۆ کارێك هاتووم ئەمەش کارەکەمە و عەریزەکەم دایە دەستی، کاتێ عەریزەکەی خوێندەوە رووی تێکردم و گوتی (ئەم فەرمانبەرە ئافرەتە کوردە کێیە وا بەگەرمی هەوڵی بۆ دەدەی؟) منیش لە وەڵامدا گوتم أبو فلان ئەمە خێزانی برای خۆشەویستمان (فەرهاد عەونی)یە، کاتێ جەزراوی گوێی لە ناوەکەت بوو هەندێ داما و بە دەق گوتی (هذا فرهاد شگد أذانا بوکته، وين هسة، جاز من الملا مصطفى؟) یانی (ئەو فەرهادە کاتی خۆی چەندی ئەزیەت داین، ئێستا لەکوێیە، وازی لە مەلا مستەفا هێناوە؟!)، منیش گوتم أبو فلان فەرهاد ئێستا هاتۆتەوە و میوانی منە کوڕێکی باشە، هیچ کێشەیەکی نییە ئەو

سەردەمەش بەسەرچوو، من و أبو حاتم (كريم الملا) خۆشماندەویٚ حەز دەكەین موافەقەت بفەرموون لەسەر نەقڵەكەی پەروینی خێزانی).

نزیك نیوەڕۆ ببوو كە ئەمری نەقڵەكەی (پەروین)یان بۆ محمد دبدب هێنابوو و ئەویش دایە دەستم منیش یەكسەر بۆ تەئكید زەرفەكەم هەڵپچڕی و ئەمرەكەم خوێندەوە كە نووسرابوو (تنقل السيدة بروين عبدالله سعيد م. الكيماوي في معمل سعيدة لصناعة الطابوق التابعة للمؤسسة العامة للصناعات الإنشائية إلى معمل تنقيح التبغ في كويسنجق التابعة إلى المديرية العامة للدخان الوطنية في أربيل إحدى منشئات المؤسسة العامة للصناعات الغذائية).

ئەوجا با بچمەوە سەر قسەكەی طه جزراوي كە زۆر جار باسم لێوەكردووە و جارێكیشیان پاش رووخانی حكومەتی سەدام حسین لە عەمانی پایتەختی ئوردن بەبیر محمد دبدبم هێناوە كە چیرۆكی ئەم قسەیە بریتییە لە (پاش كێشەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی قوتابییانی عیراق یەكێتیی قوتابییانی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق لەسەر بەرنامەیەك و یەك لیستی رێككەوتین كەوا پێكەوە هەڵبژاردن ئەنجام بدەین، بەڵام بەنسبەت كەركووك لەسەر چەند بنەمایەك رێككەوتین كەوا هەڵبژاردنی راستەقینە پێوەری لیستی سەركەوتوو بێت، شەهید سامی عبدالرحمن كە سەرپەرشتیاری رێكخراوەكان بوو لە كۆبوونەوەیەكی تایبەت لەگەڵ مەكتەبی سكرتارییەتی یەكێتی قوتابییانی كوردستان (بەندە)ی دەستنیشان كرد كەوا بچمە كەركووك بە مەبەستی وەرگرتنی لێپرسراوێتیی هەڵبژاردن لە كەركووك سەرەڕای هەندیٚ ئامۆژگاری، پێش مانگێك لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن چوومە كەركووك شەو و رۆژ خەریكی خۆ ئامادەكردن بووین، لقی (٣)ی پارتیش بە بڕیاری مەكتەبی سیاسی هاوكاریی باشیان دەكردین لە رێگای خوالێخۆشبوو (رەشید عارف ئەتروشی كە بەداخەوە ١٠ رۆژ پێش ئێستا لە نووسینی ئەم یادەوەرییانە (٢٠١٥/٣/٤) كۆچی دوایی كرد، یارمەتی و پاڵپشتێكی بەهێزی بەندە بوو لە لق و ناوچەی كەركووكی قوتابییانیش برایان خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی، شەهید سەعدی خەلیل، نوری قارداش، محمد ساڵح، سعدیە...، محمد نوری،

محمد قادر (کەمال کەرکووکی)، انیس شاکر حکیم، و هەندێ برادەرانی دیکەی کە خەڵکی کەرکووك بوون لە زانکۆی بەغدا دەرچوبوون (فەرەیدون عوسمان، انیس شاکر حکیم، عادل لەیلانی)، بەڵام بەهۆی سیاسەتی فێڵ و تەعریب دەیانەویست (حکومەت و حزبی بەعس) لە کەرکووك ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکە بگۆڕن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بەڵام ئێمە ڕووبەڕووی ڕاوەستابووین بەناچاری هەڵبژاردن بۆ ماوەی مانگێك دواخرا، کاك سامی و مرتضى الحديثي بۆ ئەم مەبەستە هاتنە کەرکووك کۆبوونەوەیەکی فراوانیان لەگەڵ هەردوو لا کرد و لەکۆتاییدا لەبەردەم کاك سامی مرتضى الحديثي بە منی گوت (هەر کێشەیەك لە کەرکووك ڕووبدات تۆ تەحەمولی لێپرسراوێتیی دەکەی) منیش لە وەڵامدا گوتم (من نە حکومەتم نە ڕۆڵی لێپرسراوێتیم هەیە، ئەم لێپرسراوێتییە لە ئەستۆی ئێوەدایە)، پاش چەند ڕۆژێك بەندە و بەیاوەریی برایان ئەنوەر عەبدوڵڵا و قادر حەمەدئەمین بانگهێشت کراین بۆ (لجنە السلام) کە لە ژمارەیەك ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی و سەرکردایەتیی بەعس پێکهاتبوو لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی قوتابییانی عیراقیش (کریم الملا و محمد دبدب) ئامادەبوون لەو دانیشتنەدا برادەرانی ئێمە خوالێخۆشبووان (سامی عبدالرحمن، نوری شاوەیس، دارا تۆفیق) لە سەرکردایەتیی حزبی بەعسیش (مرتضى الحديثي، طه جزراوي، سعدون غيدان) ئامادەبوون سەرەڕای ئەوەی (عوسمان فائق) وەکو سکرتێری لیژنە ئامادەبوو بە گەیشتنمان بۆ ڕۆژی کۆبوونەوەکە لە سەرەتادا مورتەزا هاتە سەر باسی بەیانی ئازار و هاوپەیمانێتیی بەعس و پارتی کرد، ئینجا هاتە سەر کێشەی هەڵبژاردنی قوتابییان لە کەرکووك کەوا بەهۆی ئەو کێشانەی درووست بوون بۆ مانگێك هەڵبژاردن لە سەرتاسەری عیراق دواخرا ئینجا تەها جەزراوی ڕووی لە من کرد و گوتی (لەکوێی کەرکووك کێشەتان هەیە؟) منیش لە وەڵامدا گوتم (بەگشتی لە هەموو پارێزگای کەرکووك و بەتایبەتیش لە قەزار دووبز (دبس) کە تێیدا ١٦ قوتابیی کورد و عەرەبی تێدایە و کێشەکەش لەوەدا پەیدابووە کە ئێوە (٥) کرێکاری کارەباتان گواستۆتەوە بۆ دەرەوەی ئەم قەزایە لەگەڵ سڕینەوەی

ناوی (ترقین قید)ی ئەو قوتابییانەی کە کوڕی ئەم کرێکارانەن) کاتیٚ من لە قسەکانم بوومەوە، تەها جەزراوی بە دەق گوتی (لەپێناو ١٦ قوتابی دەتانەویٚ پەیوەندیی ئێمە و پارتی تێکبچێت، با قومبەلەیەکی لێبدەین و لەم کێشانە رزگارمان بێت) منیش بە دەق جوابم دایەوە و گوتم (مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە، ئێمە نامانەویٚ باڵندەیەکیش لە ئاسمانی کەرکووك ئەزییەت بخوات چۆن قبولٚ دەکەین بە قومبەلە مامەڵە لەگەڵ (١٦) قوتابی بکەین) لێرەدا بێدەنگییەك باڵی بەسەر کۆبوونەوەکەدا کێشا، پاشان دیتم مورتەزا الحدیثي پارچە کاغەزێکی لەسەر مێزەکە راکێشا و هەندیٚ شتی لەسەر نووسی و دایە دەستی تەها جەزراوی و ئەویش پاش خوێندنەوەی دایە دەستی کاك سامی، کاك سامیش پاش خوێندنەوەی هیچ قسەیەکی نەکرد و کاغەزەکەی خستە گیرفانییەوە پاشان بە مەبەستی چاخواردنەوە و ئیسراحەت و وتوێژ لەناو ئەندامانی سەرکردایەتی چووینە دەرەوە، لەگەڵ چوونەدەرەوە کاك سامی دەستی منی گرت و منیش یەکسەر پرسیاری ئەو کاغەزەم لێکرد کە لە جەزراویی وەرگرت خستییە گیرفانییەوە وای بۆدەچووم کە لەسەر منە، کاك سامی کە زانی مەبەستمە کاغەزەکەی دایە دەستم کەتێیدا بە قەڵەمی سەوز نووسرابوو (بۆ زانیاریتان فەرهاد عەونی شیوعییە و دەیەویٚ پەیوەندیی نێوانمان تێکبدات و پێشنیار دەکەم نەنێردرێتەوە کەرکووك)، بە خوێندنەوەی کاغەزەکە سەیرم بە دوو شت هات، یەکەمیان عەقڵییەت و بۆچوونی مرتضی الحدیثي، و دووەمیان بەدەنگ نەهاتنی کاك سامی وەکو داکۆکی لە من، کاتیٚ ئەم سەرسوڕمانەم بە کاك سامی دەربارەی بێدەنگییەکەی راگەیاند لە وەڵامدا کاك سامی خودا وەکیلە گوتی (تۆش وەکو من "کەری" من دەمەویست ئەوکاتە وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام حەزم نەدەکرد بە وجودی تۆ ستایشت بکەم، ئێستا کاتیٚ کۆدەبینەوە جارێکی دیکە ئێوەش لەویٚ نابن ئەوجا بزانە چۆن وەڵامیان دەدەمەوە، من سەرم لە هەڵسوکەوتی مورتەزا سوڕما ئایا نازانیٚ کە تۆ (بەندە) ئەندامێکی پێشکەوتووی پارتی و سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی، ئەم بابەتە بۆ من جێبێڵە)، (ئەم بابەتەم بەر لە شەهیدبوونی

خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن به زمانی عەرەبی لە گۆڤاری گوڵان العربی ژمارە (٦٦)ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١) بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناوونیشانی (اسرار و خفایا الانتخابات الطلابیة في محافظة کرکوك قبل ٣٣١ عاما). شەو پاش گەڕانەوەمان لە ڕێگادا کاك قادر حمدأمین ئامۆژگاریی کردم کەوا ئاگاداری خۆم بم چونکە وەکو گوتی "بەعس غەدارە" .

خوێنەری خۆشەویست ئەوە چیرۆکی ئەو ڕستەیەی طه جزراوي بوو کاتێ کە لە (محمد دبدب)ی زانیبوو کە ئەو عەریزەیەی پەروین بۆ گواستنەوەی دابوو خێزانی منە، دیارە طه جزراوي ڕووداوی دانیشتنی لیژنەی ئاشتیی بەبیرهاتبۆوە کە لەم چەند دێڕەدا باسم لێوە کردوون.

بە گەڕانەوەمان بۆ کۆیە ئاسوبووم، بەڵام هیچمان نەمابوو، ماڵ تاڵان و هەڕاج کرابوو، بەڵام دایکی پەروین خوالێخۆشبوو (ناهدە سابیر ئەرسەلان) پاش ئەوەی پەروین لە بەغدا تەسفیر دەکەن کارێکی باشی کردبوو کاتێ خشڵەکانی پەروین (خشڵی بووکێنی) لەگەڵ (٣٦٠ دینار) کە پەروین لای دایکی دانابوو لەترسی ئەوەی نەوەك ئەوانیش ڕۆژێك لەڕۆژان تەسفیر بکرێن چونکە ئەوانیش سیروانی کوڕە گەورەیان پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو بۆیە (خشڵ و پارەکەی پەروین) دەباتە ماڵی خوالێخۆشبوو ئەندازیار (ساڵح عبدالرحمن) کە خەڵکی هەڵەبجەیە و مێردی کچی پوری پەروین بوو، ماڵەکەشیان لە گەڕەکی (المنصور) بوو، بۆیە کاتێ کە لە کۆیە گیرساینەوە ئەو پارە و خشڵەیە بەکەڵکمان هات لە سەرەتای کڕین و دانانەوەی کەلوپەلی ماڵ و ماوەی ساڵێکیش لە ماڵی باوکم ماینەوە چونکە یەکەم هیچمان نەمابوو و دووەمیش خانوێکی دیکەی باوکم کە هەر لە تەنیشت خانووی گەورەی خۆی دروستیکردبوو ماڵی کوڕێکی خەڵکی سلێمانی (عوسمان ناوێك) کە فەرمانبەر بوو لە بانکی رافیدەینی کۆیە پاشان ماڵەکە کە زانیان ئێمە نیازی چوونە ناو خانووەکەمان هەیە بۆیان چۆڵکردین کە ئەویشیان هۆکارێکی باش بوو بۆ سەرەتای دروستکردنەوەی ماڵ چونکە (کرێ)ی خانووم لەسەر نەبوو و بەرەبەرە بەو (٣٦٠) دینار و موچەی پەروین ماڵمان پێکەوە نا، باوکم چەند

جارێك باسی یارمەتیدانمی دەكرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەك پاش ئەو تەمەنە قبوڵم نەكرد یەك دیناریشی لێ وەربگرم.

ئەم چەند مانگەی ساڵی (١٩٧٥) كە لە ماڵی باوكم بووین زیاتر سوودم لە كتێبخانەكەی باوكم وەردەگرت كە ئەویش پاش ڕووداوی ئینقیلابی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ جارێكی دیكە كتێبخانەیەكی بچووكی دانابۆوە لەگەڵ هەندێ لە كتێبەكانی من كە لەماڵی باوكم لە ساڵانی زانكۆم لە بەغدا كڕیبووم یارمەتییەكی باشیان دام بەسەرقاڵ بوون بە خوێندنەوە و لە هەمان كاتیشدا لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری وەكو (طریق الشعب، الثورة، ڕۆشنبیریی نوێ، التآخي كە پاشان بوو بە العراق) كە لە ١٩٧٤/٣/١٢ خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی بووە سەرنووسەری و پاشان خوالێخۆشبوو ساڵح حەیدەری، هاشم عەقراوی، سەلاحەدین سەعید، ...) یەك لەدوایەك خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بوون، پاشانیش ڕۆژ و شەو چەندین كاتژمێر سەرقاڵی گوێگرتن بووم لە ڕادیۆ بە مەبەستی ئاگاداربوون لە هەواڵێك، لە دەنگێك كە بۆنی كورد و هەڵسانەوە كوردی تێدابێت، ناوە ناوەش سەردانی برادەرە نزیك و نیشتمانپەروەرەكانم دەكرد لە هەولێر وەكو (عبدالموجود تەها، خوالێخۆشبووان ئەكرەم مەنتك، جەلال خۆشناو، كەریم جەلال خەلیل، دڵشاد شێخ نەجیب (عمید دڵشاد)، ئەندازیار فهمی سەرسپی، خوالێخۆشبوو عیمادی عەلی كەسرە)، ئەگەر شەوانیش لە هەولێر بمامایەتەوە تاكو ماڵی عبدالموجود لە هەولێر بوو لای ئەوان دەمامەوە و شەوانەش تاكو بەرەبەیان بە قسە و گۆڕینەوەی بیر و ڕا و گوێگرتن لە ڕادیۆ بەسەردەبرد و هەمیشە گەشبین بووین و هەمیشە ئەو بەیتە شیعرەی خوالێخۆشبوو (سەبری بۆتانی)مان دەگوتەوە كە لە دیوانی (شین و شادی)دا بڵاوكرایەوە كە دەڵێ:

*چـــاوە نـورم ببـــم زاڤـــا*
*كێ دبێژێ دووشەش نایە*

زۆرجاریش لەگەڵ جەلال و کەریم و عیماد و عبدالموجود و فەهمی و ئەکرەم مەنتك لە یانەی ئەندازیاران (نادی المهندسین) دادەنیشتین و ناوەڕۆکی دانیشتنەکانمان بە گۆڕینەوەی هەواڵەکانی کوردستان دەستی پێدەکرد و بە ئاخ و حەسرەتیش تەواو دەبوو، بەڵام کاتێ بۆ سلێمانی دەچووین لەگەڵ پەروین هەمیشە لەماڵی (نەسرین)ی خوشکی پەروین کە مێردەکەی کاك (قادر حاجی مەلا خالید) دادەبەزین ئەوجا سەرم لە دۆست و برادەرە دڵسۆزەکانم دەدا کە لە قۆناغەکانی زانکۆ و شۆڕش دۆستایەتیمان پەیداکردبوو بە جیاوازیی بیر و رای سیاسی کە پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ هاتبووە ئاراوە، ژمارەی برادەرانم لە سلێمانی بە بەراورد لەگەڵ هەولێر زۆر زیاتربوون و زۆرجاریش لە بۆنە و چالاکیی رۆشنبیری و هونەری و شانۆیی ئامادە دەبووم کە ئەوکاتە رۆشنبیرانی سلێمانی بە حەماسەتێکی بەرچاوەوە ئامادەییان هەبوو کە هەمووی بۆنی کوردایەتی و بەرەنگاربوونی (سلبی) بوو بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی بەعس لەگەڵ کورد، هەتا جارێکیان یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی سلێمانی کۆڕێکی بۆ شاعیری خوالێخۆشبوو (حەمە ساڵح دیلان) رێکخستبوو کە تێیدا شیعرێکی بەناوی (هەوری پەرت) دەخوێندەوە کە تێیدا لە بارەگای لقی سلێمانی هێندە قەرەباڵغ بوو کە جێگای یەك تاکە کەسی تێدا نەمابوو، تەنانەت برای ئازیزم مستەفا ساڵح کەریم ویستی جێگایەکەم بۆ دابین بکات، بەڵام بێ سوود بوو ناچار تا کۆتایی کۆڕەکە بەپێوە راوەستام، سەرەڕای ئەوەی دەنگوباسەکانی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە لایەن هەردوو لایەنی سیاسی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان-سەرکردایەتیی کاتی) کە تا رادەیەك زۆر بە ئاشکرا جیاوازیی لە را و بۆچوونەکان هەبوو، بەڵام لە ناوشار هێمنانە بوو، ناوە ناوە سەردانی کارگەی جگەرەی سلێمانی و پوختەکردنی توتنم دەکرد کە تێیدا کۆمەڵێك برادەری ئازیز و کوردپەروەری لێبوو کە لە لاپەڕەکانی پێشوو ناوی هەندێکیانم هێناوە کە لەیام ماون، هەندێ جاریش سەردانی کێڵگەی مریشکی سلێمانیم دەکرد کە لەخوار سەربازگەی سلام بوو کە تێیدا دۆستایەتیی کۆنی سەردەمی یەکێتی

قوتابییانی کوردستانم لەگەڵ دوو برای بەڕێز (شەهید جەباری حاجی رەشید و دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد) دیدەنی دۆستانەم لەگەڵ دەکردن، هەندێ جاریش کە لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر دەچوون لە کۆیە سەردانی منیان دەکرد و وابزانم دوو جار شەویش لای من مانەوە، جارێکیشیان کاک خەسرەو گوڵ محمد داوەتی منی لە ماڵی خۆیاد کرد کە ئەوکاتە ماڵەکەی لە سەرچنار بوو و شەویش هەر لە ماڵی ئەوان مامەوە لەنێوان قسە و گفتوگۆی دانیشتنەکەمان کاك خەسرەو زۆر بە هێمنی باسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی بۆکردم کە تازە دەنگۆی (شۆڕشی نوێ) بڵاوببۆوە و داوای لێکردم کە لەناو ئەو حزبە تازەیەی کە لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول سەریهەڵداوە و بە سەرۆکایەتیی مام جەلال کار بکەم وەکو درێژەدان بە پەیڕەوی کوردایەتی، لەراستیدا سوپاسیم کرد بۆ ئەو متمانەیەی کە بەمنی هەبوو لە بارودۆخ و رۆژگارێکی زۆر هەستیار و ناسکدا کە بەداخەوە بەسەر کورد هاتبوو و لە هەمان کاتیشدا رەزامەندیم نیشان نەدا کە پەیوەندی بەم حزبە تازەیەوە بکەم چونکە وەکو بۆم روونکردەوە (بەندە بە هەمو قەناعەتەوە لەگەڵ خەتە کۆنەکەی خۆمم کە ئەویش پارتییە و بە مەعقولی نازانم کەوا لە کاتێکدا ئەو حزبە تووشی ئەو نسکۆیە هاتووە داکۆکیی لێ نەکەم و رێبازەکە بەجێبهێڵم سەرەڕای ئەوەی کە ئاگام لە هیچ هێڵێکی تەنزیمی پارتی نەبوو تەنها جارجار سەردانی برای بەڕێزم (شێرزاد محمود حسن)م دەکرد کە هەر لە بەغداوە بەهۆی خزمایەتی لەگەڵ کاك دارا تۆفیق هەبوو لە ساڵی ناو شۆڕشیش (١٩٧٤-١٩٧٥) مأمور مەخزەنی ئەمانەتی راگەیاندن بوو کاتێ کە دەچوومە لای کە ئەوکاتە (تۆمارگای نەورۆز)ی هەبوو لە شەقامی پیرەمێرد (شەقامی سجن) ئەوجا ئەگەر کاسێتێکی تازەی هەبووایە لێم وەردەگرت، جارێکیان وابزانم هاوینی ساڵی ١٩٧٧ بە نهێنی چەند بەیاننامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان-سەرکردایەتیی کاتیی دامێ و گوتی ئاگاداری خۆت بە ببیە بۆ کۆیە، چەند جارێکیش کاتێ کاك دارا تۆفیق پێش ئەوەی لە بەغداوە بچێتە سلێمانی ئاگاداری دەکردمەوە بە تەلەفۆن منیش فرسەتم لێدەهێنا و بۆ سلێمانی دەچووم لە تۆمارگاکەی

(تسجيلات) كاك شێرزاد یەکترمان دەدیت، پاش وەفاتی (بارزانی) نەمریش بە یەك دوو مانگ بە رێککەوت لەگەڵ کاك دارا لەلای کاك شێرزاد یەکمان گرتووە و هەواڵی ئەوەی پێدابن کەوا کاسێتی بەخاسپاردنی (بارزانی) لە شنۆ بۆ هاتووە و یەکسەر یەکی دانەیەکی لەو کاسێتە داینێ، ئەو رۆژە نیوەڕۆ لە ماڵی باوکی کاك دارا کە لە یەکێ لە کۆڵانەکانی نزیك شەقامی (ئۆرزدی) بوو کاسێتەکەمان لێدا و کە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی فرمێسك لە چاوان دەهاتە خوار بەتایبەتیش لەگەل شیعرە نەمرەکەی خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانی (بارزانی تۆ نامری، تۆ لە مردن بەهێزتری).

ساڵی ١٩٧٥ وەکو لەپێشەوە باسم لێوەکردووە زیاتر لە کۆیە و بەرە بەرە شتی ناوماڵمان دەکڕی، وەکو دەڵێن هەر مانگە و شتێك بۆئەوەی دوای ئەو ساڵە کە خانووەکەی بەکرێ درابوو چۆڵ ببێت، ناوە ناوەش سەفەری سلێمانی و هەولێر و بەغدا بۆ ماڵی خەزورم کە تێیدا لەو ساردانانە ئەو کۆمەڵە برادەر و دۆستانەی کە کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بوون بەسەرم دەکردنەوە کە تا رادەیەکی یەگجار گەورە جۆرە ئارامییەکی گەورەی پێ دەبەخشیم، لە ناوەندی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ پەروین بە مەبەستی سەردانی ماڵی باوکی سەفەری بەغدامان کرد و بە پێویستم زانی هەندێ دیاری بۆ ماڵی کاك دارا تۆفیق ی دۆست و محمد دبدب کە چاکەیەکی زۆری لەسەرم هەبوو لەگەڵ خۆمی ببەم، هەندێ پەنیری ژاژی و چەند کیلۆ هەنگوینی باشم کڕی، بۆ ماڵی کاك دارا ئاسایی بوو هەرکاتێ بچوومایەتە بەغدا سەردانی ئەوان و هەندێ کەسایەتیی دیکەم وەکو د. کەمال مەزهەر، خوالێخۆشبوو خەسرەو تۆفیق، جەلالی عومەری سام ئاغا، پاشانیش لەدووای ساڵی ١٩٨٠ـشەوە سەردانی خوالێخۆشبوو مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و زۆرجاریش شەوانە سەردانی (یانەی سیروان)ـم دەکرد کە لەوێش کۆمەڵێك ناسیاو و برادەرانی کۆیە و کوردی دیکەم دەدیت، لەم سەردانەم دا کە ناوەڕاستی مانگی ١٩٧٥/١٢ بوو وەکو گوتم سەردانی (محمد دبدب)ـم کرد، یەکەم وەکو وەفایەك بەرامبەر میهرەبانی و چاکەی لەگەڵ کردووم و دووەمیش وەکو بەردەوامیی دۆستایەتی کە هەتا

ڕۆژانی ئەمڕۆش (ئێستا لە ئوردن دەژی) سەردانی دەکەم. کاتیٚ لەم سەفەرە سەردانیم کرد نیوەڕۆ نەیهێشت بگەڕێمەوە ماڵەوە داوەتی نانخواردنی کردم لە یەکیٚ لە چێشتخانەکانی وەزیرییە بەناوی (کازابلانکا) بوو لەپاش نانخواردن و چا و قاوە خواردنەوە محمد دبدب گوتی کاکە فەرهاد بابەتێك هەیە دەمەویٚ پێتی بڵێم ئەویش ئەوەیە کە بڕیارێك دەرچووە نابێت ئەو کوردانەی کە گەڕاونەتەوە (العائدون إلى الصف الوطني) بیٚ ئیش بمێننەوە چونکە وەکو ئەو گوتی (سەرکردایەتیی ئێمە نایەویٚ هاووڵاتیانی کورد بێکار بن و دەبێت دەوڵەت مووچەیان بۆ دابین بکات تاکو بەملا و بەولادا نەچن بەتایبەتیش کەوادری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان، وابزانم کەم کەس وەکو تۆ ماون، ماوەی چەند مانگێك پێش ئێستا کاکە جەلال خۆشناویش لە هەولێر دامەزرا، ئەوجا بەنسبەت تۆ نەوەك خوانەخواستە کە کەسێکی دیکە نان و پیازی پێوە بەخوا تووشی شوێنێکی دوورت بکەن تۆش ئەزییەت ببینی، هەر ئەمڕۆ داواکارییەك بنووسە منیش راستەوخۆ دەیدەمە مامۆستا (نعیم حداد) کە ئەوکاتە (ئەندامی سەرکردایەتیی بەعس و وەزیری لاوان بوو) بۆئەوەی لەو شوێنەی مەبەستتە دابمەزرێی و دوورکەویتەوە لە قیل وقال چونکە مامۆستا (نعیم حداد) ئێستا بەرپرسی مەلەفی دامەزراندنی خەڵکانی گەڕاوەی وەکو ئێوەیە و سەلاحییاتی تەواوی هەیە و فەرمانەکانی لە هیچ شوێنێك رەت ناکرێتەوە (قەدەر وای کرد لە ساڵانی ناوەندی هەشتاکانەوە نعیم حداد و محمد دبدب لە هەموو بەرپرسیارێتییەکی حزبی و حکومی دوورخرانەوە و هەریەکەیان تاکو رووخانی رژێمی سەدام حسین لە ٢٠٠٣/٤/٩ بە کاری نیمچە بازرگانی بژێوی ژیانیان پەیدا دەکرد) کاتیٚ کە زانیم (محمد دبدب) راستگۆیانە بابەتەکەی بۆ باسکردم و ماوەی ئەوە نەماوە کە خۆمی لیٚ دووربخەمەوە بەناچاری رەزامەندیی خۆمم بۆ دبدب نیشاندا، بەڵام تکام لێکرد کە هاوکارم بێت لەشوێنی دامەزراندنم، ئەویش پەیمانی شەرەڤ پێدام کە ئەوەی بۆی بکرێت بۆمی بکات، هەر ئەو رۆژە داواکارییەکم نووسی بە دامەزراندنم لە کارگەی پوختەکردنی تووتن لە کۆیە بەپێی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئابووری

و كارگێڕی كه له ساڵی ١٩٧٠ له زانكۆی بەغدا بەدەستمهێناوه، بەنده پێشووتر نعیم حدادم له دوو بۆنەدا لەنێوانی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ بەیەك گەیشتبووین، یەكەمیان رۆژی ئیعلانكردنی (بەرەی نیشتمانی)ی عیراقی كه تێیدا حزبی بەعسی ئیشتراكی و حزبی شیوعیی عیراقیی لەخۆ گرتبوو له (ملعب الشعب) كۆبوونەوەیەكی فراوانی جەماوەریی بۆ سازكرابوو، ئەو رۆژه من لەگەڵ كاك دارا تۆفیق ئامادەی ئەو كۆبوونەوه فراوانه بووم كه تێیدا پارتی دیموكراتی كوردستان له رێگای وتارێكەوه كه دارا تۆفیق خوێندییەوه باسی هەڵویستی نەرێنیی پارتی كرد بەرامبەر پێكهێنانی ئەم بەرەیه بەبێ گوێدانه داخوازییەكانی شۆڕش و گەلی كوردستان، لەكاتی پشوودان و ساردخواردنەوه له ژوورێكی ئەم یاریگایه نوێنەری هەرسێ لایەن پارتی و شیوعی و بەعس ئامادەبوون، كاك دارا منی به نعیم حداد ناساند وەكو كادرێكی پێشكەوتووی پارتی و بەڕێوەبەری رۆژنامەی التآخي بۆیه وەكو موجامەله نعیم حداد رووی تێكردم و گوتی (يا الله كاكه استعجلو بالانظمام إلى الجبهة الوطنية) منیش له وەڵامدا گوتم (استاذ أي جبهة تعقدون بدون الكورد ستفشل في النهاية)، هەر زۆر نعیم حداد به نیگەرانییەوه یەكسەر رووی له كاك دارا كرد و گوتی (أيبين الكاكه من الصقور) ئەوجا كاك دارا گوتی (أبو ناوەكەیم بیر نەماوه، ماعدنة صقور وحمائم كلنا رأي واحد). جاری دووەمیش له مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٣ شاندی گەورەی لاوان و قوتابییانی عیراقی كه پێكهاتبوو له (٦٥) ئەندامی كورد و زیاتر لەو ژمارەیەش له شیوعی و بەعس بەشداریی فیستیڤاڵی لاوان و قوتابییانی جیهان كرا كه له بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای رۆژهەڵات رێكخرابوو سەرۆكایەتیی شاندەكه به سەرۆكایەتیی نعیم حداد و عبدالوهاب ئەتروشی و ئەندامیكی مەكتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عیراقی بوو (فخری كریم)، له نێوان ئەو هەفتەیەی فیستیڤاڵەكەدا چەندین جار له ئۆفیسی باڵەخانەی حەوانەوەمان به كۆمەڵ دادەنیشتین و جۆره ناسین و پەیوەندییەك پەیدا ببوو، بۆیه كاتێ محمد دبدب داواكارییەكەی منی دەداتێ به مەبەستی دامەزراندنم كاتێ ناوەكەی من دەبینێ به دبدب دەڵێ (هذا الأسم

مو غريب عليَّ) دبدبیش باسی منی بۆ دەکات، پاش چەند رۆژێك محمد دبدب تەلەفۆنی بۆ کردم کە لە ماڵی خەزورم بووم گوتی (عيني فرهاد لازم هسة تجيني) منیش یەکسەر بەرەو بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق چووم، کاتێ محمد دبدبم بینی یەکسەر ماچی کردم و گوتی (تهانينا تعينت مثل ماردت بكويسنجق) یەکسەر ئەمرەکەی پێدام کە تێیدا بە دەق نووسرابوو:

يعين السيد فرهاد عثمان عوني خريج كلية الإدارة و الاقتصاد لسنة ١٩٧٠ في معمل تنقيح التبغ في كويسنجق التابع للشركة العامة للدخان الوطنية في أربيل.

نعيم حداد

وزير الشباب

عضو مجلس قيادة الثورة

لە خوارەوەی نووسراوە فەرمییەکە بە خەتێکی سەوز نووسرابوو (الأخ محمد دبدب، يرجى تبليغ المومأ إليه) چەندین وێنەشی درابوو بە دەزگا و ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە پەیوەندییان بەم فەرمانەوە هەبوو.

پاش گەڕانەوەمان بۆ کۆیە بۆ رۆژی دوایی سەردانی هەولێرم کرد و چوومە ماڵی مامم (حاکم عومەر) لە گەڕەکی ئازادی کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی دادگای بەرز بوو (المحكمة الكبرى) لە هەولێر، کاتێ کە زانی فەرمانی دامەزراندنەکەم دەرچووە پێکەوە بەرەو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی جگەرەی هەولێر چووین لە دەرگا تووشی جەلال خۆشناو بووین پێکەوە و یەکسەر روومان لە ژوورەکەی خوالێخۆشبوو (ئەنوەر ساڵح ئیبراهیم) کرد کە زۆر بە رێزەوە پێشوازیی لێکردین و جەلالیش مامم و بەندەی بە شێوازێکی جوان بە کاك ئەنوەر ناساند و ئەوجا فەرمانە فەرمییەکەم دایە دەستی، ئەویش بانگی خوالێخۆشبوو (علی قەمبوری) کە لێپرسراوی بەشی خۆیەتی (الذاتية) بوو بە مەبەستی دۆزینەوەی ناوونیشانێك بۆ ئەم وەزیفەیەی کە پێم دەدرێت لە سەرەتادا کاك ئەنوەر پێشنیاری (مأمور مخزن)ی بۆ کردم، بەڵام کاتێ بە (علی قەمبوری)ی گوت ئەم ناوونیشانەی پێ بدە (علی قەمبوری) رازی نەبوو چونکە

ئەو دەیگوت عینوانی مأمور مخزن پاش سێ ساڵ لە دەرچوونی زانکۆ کاتێ مووچەکەی دەبێتە (٣٦)دیناری بنەڕەتی، بەڵام ئێستا وەکو ئەو گوتی راستە کاک فلان دەرچووی ساڵی ١٩٧٠یە، بەڵام یەکەم جارە لە وەزیفەی حکومەت دادەمەزرێ بۆیە مووچەکەی ئەو (٢٨)ی بنەڕەتییە و تەنها یەك دەرەجەمان هەیە کە بۆ فەرهاد بشێ ئەویش (معاون ملاحظ نقل)ـە، لەو کات و ساتەدا فیلمێکی خێرا بە مێشکمدا تێپەڕی کە بەڕاستی نیگەرانی کردم کە چۆن پاش ئەم هەموو بەرپرسیارێتییە کە لە سکرتێری گشتیی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، ئەوجا بەڕێوەبەری رۆژنامەی التآخي و نوێنەری پارتی لە (جمعیة الاقتصاديين العراقيين-المركز العام) ئەوجا دوا کار بەڕێوەبەری گشتیی لاوان لە شۆڕشی ئەیلول تازە بە تازە ناوونیشانی (مأمور مخزن)م پێ رەوا نابینن، بەڵام دیسان دانم بەخۆما گرت و رووم لە کاك ئەنوەر ساڵح ئیبراهیم کرد و گوتم (کاك ئەنوەر خودا وەکیلە ئەگەر بە رەزامەندیی خۆم با بیرم لەو وەزیفەیە نەدەکردەوە، ئێستاش بۆمن هیچ جیاوازییەك لەنێوان معاون ملاحظ و مأمور مخزن نییە، جارێ ئێمە شکاوین، تۆ بڵێی ئەم بارودۆخە هەروا بمێنێ؟!، بێگومان خودا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە)، خوالێخۆشبوو ئەنوەر ساڵح ئیبراهیم لەپێشەوە فەرمانبەرێکی کارگێڕی و ژمێریاری زێدە چاك بوو سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی نیشتمان پەروەر بوو پاشخانی رۆژێ لە رۆژان لە حزبی شیوعیی عیراقی نزیك بووە، کوردپەروەرێکی خاوێن بوو، کاتێ کە ئەم قسانەم کرد بە زەردەخەنەیەکەوە رووی لە مامم کرد و گوتی (حاکم عومەر ئاگاداری ئەم پیاوە بن دڵشکاوە) بە منیشی گوت (کاك فەرهاد پاش موباشەرەت لە کۆیە هەر ئیشێکت هەبوو وەرە لای برای خۆت)، بەڕاستی بە کرداریش ئەگەر پێویستیمان لای هەبووایە یارمەتیی دەداین.

لە سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ لە کارگەی پوختەکردنی تووتن (معمل تنقيح التبغ) لە کۆیە دەوام کرد، کارگەکە جارێ دەستی بە کار نەکردبوو تەنها ئیشوکاری ساڵانی پێشووتری دەکرد کە ئەویش بریتی بوو لە وەرگرتنی تووتن لە جووتیاران لە وەرزی پایزدا کە زۆر ساڵان تاکو وەرزی

بەهاریش بەردەوام دەبوو ئەوجا بەرەبەرە بۆ کارگەی جگەرەی سلێمانی رەوانە دەکرا و هەر لەوێش پوختە دەکرا و بەکاردەهێنرا بۆ درووستکردنی جگەرە لە سلێمانی و هەولێر لەگەڵ سەرجەم بەرهەمی تووتنی کوردستان، کاتێ من دامەزرام لەم کارگەیە برای بەڕێز (حمید اغای زیادئاغای غەفوری) بەڕێوەبەری کارگە بوو سەرەڕای دراوسێیەتیمان و دۆستایەتیی باوکم و باوکی خۆشمان یەکترمان دەناسی و زۆر زوو تێکەڵ بە دۆستایەتیی یەکتر بووین، پیاوێکی چاك و بەڕێز بوو و زۆر حورمەتی من و پەروینی خێزانمی دەگرت و وەك برا وابووین و هاوکاریی زۆریشی دەکردین لە مۆڵەت و پشوودان، بیروباوەڕیشمان زۆر لێك نزیك بوو هەردووکمان بەلای پارتی دیموکراتی کوردستاندا لاماندەدا و داکۆکی کاری هێڵی بارزانی بووین، رۆژانەش دەنگوباسەکانمان دەگۆڕییەوە، سەرەڕای ئەوەش چەند فەرمانبەرێکی کەمی دیکەشی لێبوو کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبوو (محسن ئاغای عزیز ئاغای حەوێزی) بوو من و ئەو پێکەوە لە یەك ژوور دادەنیشتین تاکو بڵێی پیاوێکی کوردپەروەر و فەرمانبەرێکی چاك بوو ئەویش وەکو من عائدون بوو پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕابۆوە و ساڵی ناو شۆڕشیش ١٩٧٤-١٩٧٥ لە ئەمانەتی گشتیی دارایی لەگەڵ مامۆستا مامۆستا علی عبداللە ئەمینداری گشتیی ئەو ئەمانەتە بوو کاری دەکرد، راشکاوانە بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕی تاکو بڵێی خاوێن و دڵسۆز بوو نیشتمانپەروەرێکی بێگەرد بوو، نزیکە (٥) ساڵ لە یەك ژوور وەکو برا هەڵسوکەوتمان دەکرد، ئەویش لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەموو بەیانییەك ئاڵوگۆڕی هەواڵی رادیۆکانمان دەکرد کە زۆر جاریش حمید ئاغاش بەشداریی دەکردین، بەداخەوە ساڵی ١٩٨٢ نەقڵی دائیرەی کارەبای کۆیە بوو وەکو بەڕێوەبەر، فەرمانبەری سێیەمیش محمدی حاجی گەورە بوو کە دەمێك بوو ئاشنایەتیم لەگەڵی هەبوو، ئەو هەوادار و لایەنگری حزبی شیوعیی عیراقی بوو، ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ پێشمەرگەی ئەو حزبە بوو چونکە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو ئەندامی ئەو حزبە بوو هەمیشەش را و بۆچوونی دەربارەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ ئێمە بوو، تاکو رۆژانی بەجێهێشتنم

له ئەم دائیرەیە هەر پێکەوە بووین، پاشان کە محسن ئاغا حەوێزی گوێزرایەوە بۆ دائیرەی کارەبا کاك عبدالرحمن حمدأمین بایز کە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی گۆپتەپە بوو ئەویش دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ بوو، کوڕێکی باش و بێ قسە بوو، لایەنگری حزبی شیوعیی عیراقی بوو، پاش چەند ساڵێکیش کاك خیرالدین محی الدین غەفوری لە دائیرەی کشتوکاڵی کۆیە گوێزرایەوە لای ئێمە کە ئەویش کوڕێکی پاك و کوردپەروەر بوو و لایەنگرێکی بەهێزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو، ئەمانە فەرمانبەرە سەرەکییەکان بوون لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دیکەی نیشتمانپەروەری وەکو خوالێخۆشبوو غەفور محی الدین اسعد، عبدالرحمن تەها، جەمال قادر، وریا حمد امین و٢٠-٢٥ کرێکاری خەڵکی کۆیە کە هەموومان وەکو یەك خێزان کارمان بەڕێ دەکرد و رۆژێك لە رۆژان کێشەیەك تووشی ئەم کارگەیە نەبوو.

ساڵانە تووتنێکی زۆر وەردەگیرا، دوو ساڵ لەسەر یەك بە ئیفاد وەکو مدقق دەبوومە ئەندامی لیژنەی وەرگرتنی تووتن، ساڵی یەکەم بۆ قەڵادزێ و ساڵی دووەم بۆ قەرەداغ کە تێیدا بە هەموو شێوەیەك لایەنگری جووتیارانی خاوەنی تووتن بووم، هەمیشە شەڕی نمرەی بەرزم دەکرد لە بەرژەوەندیی جووتیاران، بۆ ساڵی سێیەم بە مەبەستی رەتکردنەوەی ئیفادی دەرەوەی کۆیە سەردانی کاك ئەنوەر ساڵح ئیبراهیمم کرد لە هەولێر و بۆم روونکردەوە کەوا خێزانم بەتەنیایە و یەك منداڵی ساواشمان هەیە کە چیتر ناتوانم ماڵ بەجێبێڵم، ئەویش (یانی کاك ئەنوەر) جوامێرانە چی دیکە ئیفادی دەرەوەی کۆیەی نەکردم، رۆژانەی کارکردنمان بە شێوەیەکی رۆتینی بەسەردەبرد، بەڵام لە وەرزی وەرگرتنی تووتن دائیرەکە وەکو شانەی مێش هەنگوینی لێدەهات، لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لە مەغدورییەتی جووتیارانی کوردستان بکەم کە ٧٠٪ جووتیارانی کوردستان بە چاندن و پەروەردەکردنی تووتن سەرقاڵ دەبوون، بەڵام هەمیشە حکومەتەکانی عیراق بە چاوێکی ئەرێنی تەماشای ئەو بەروبوومە نەتەوەییەیان نەدەکرد، بۆیە کاتێ لەگەڵ رێککەوتننامەی خیانەتی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦ ئێستا مەرەکەبی ئەو رێککەوتننامەیە وشك نەببوو

حکومەتی بەعس یەکسەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تووتنی هەڵوەشاندەوە و فەرمانگەکە و فەرمانبەرانی دابەشی چەندین وەزارەت و فەرمانگەی دیکە کرد بۆئەوەی تووتن کەسایەتییەکی سەربەخۆی نەبێت، بە پێچەوانەی (خورما) کە سەرەڕای درووستکردنی فەرمانگەی (مصلحة التمور العراقية) بە چەندین جۆر خزمەتی ئەم ئەم بەرهەمە دەکرا کە کارێکی زۆر باش بوو دەبووایە لەگەڵ تووتنیش هەمان سیاسەت پەیڕەو بکرایە. زۆرجار لەنێوان وتووێژەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراق مەسەلەی تووتن دەهاتە ناو گفتوگۆیەکان، بۆیە لەو ڕووانگەوە و بە حوکمی ئەوەی خۆشم کوڕی پیاوێکی بازرگان بووم کە یەکێك بوو لەو پێنج شەش بازرگانانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ تووتن بوو لە کۆیە لە منداڵییەوە لەناو مامەڵەی تووتن گەورە ببووم و دەمزانی موعاناتی جووتیار و بازرگانی تووتن چەند پڕ کێشە بوو لەگەڵ هەندێ لە مەئمورانی ئەم بوارە (بۆ زانینی خوێنەر باوکم وەکو هەڵوێستێکی نەرێنی وازی لەم بازرگانییە هێنا) و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە چونکە لە ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٠) لەبەر هەندێ هەڵوێستی کوردایەتی کە ئەو بە ئاشکرا هەواداری شۆڕشی کوردستان و بارزانی نەمر بوو، تووشی زەرەر و زیانێکی گەورەیان کرد، ئێستاکەش برایان محمدی حاجی گەورە و ئەحمەد محمد ئیسماعیل (ئەحمەدی یاروقیا) کە هەردووکیان کارمەندی دائیرەی تووتن بوون لە کۆیە وردەکاریی ئەم دژایەتییەی کە لەگەڵ باوکم دەکرا باس دەکەن، وازی لە کاری بازرگانی هێنا و ڕۆژانە لەو کاتەوە هەتا ڕۆژی ماڵئاوایی لە ژیان ١٩٩٢/٧/٢٠ لە کونجی (محل)ـەکەی خۆی دادەنیشت و پێشوازیی لە دۆست و برادەر و ناسیاوەکانی خۆی دەکرد و زۆرجاریش سەرقاڵی شیعر نووسین و تەخمیسی شیعری هەندێ لە شاعیرە گەورەکانی کورد کە وەکو لە دیوانەکەی بەرچاودەکەوێ.

لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تاکو ڕۆژی بەجێهێشتنی ئەم دائیرەم کودەتایەك بە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ تووتن ڕوویدا کە تێیدا ئەم کودەتایە بۆ ئەو برادەر و دۆستانەمان دەگەڕێتەوە کە لە کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە داهاتن وەکو

سەرۆکی لیژنەی وەرگرتنی تووتن و جۆری مامەڵەیان لەگەل پێدانی نمرەی باشتر بۆ تووتنی جووتیاران چونکە نمرەکان لە (زۆرباشە)وە دەستیپێدەکرد و بە نمرەی یەك و دوو و سیٚ تێدەپەڕی و بە نمرە چواریش کۆتایی دەهات، هەندیٚ جاریش فەردەی تووتن (رەفز) دەکرایەوە و دەدراوە خاوەنی یاخود دەسووتا. بە هاتنی برادەران لە سلێمانییەوە لە پێشەوەیان جەلالی حەمە عەلی برای شەهید نووری حەمە عەلی کە سەرەتای کودەتایە ئەرێنییەکە لەوەوە دەستییپێکرد کە دەتوانم بڵێم ١٠٠٪ بارودۆخەکە گۆڕدرا، ساڵانی پێشوور تووتنی کۆیە نمرەی زۆرباش نەبوو و نمرە یەکیش زۆر کەم بوو، بەڵام بە هاتنی کاك جەلال کە دۆستێکی نزیکی من بوو بارودۆخەکە گۆڕدرا، دەتوانم بڵێم رێژەی ٧٥٪ی بدەمیٚ، ئەم ساڵە وەرزی وەرگرتنی تووتن (١٩٧٩-١٩٨٠) (٦) مانگی خایاند تەنانەت ئەم ساڵە بە سەدان فەردەی تووتن لە رانیە و قەلآدزێوە دەهاتە کۆیە بۆ وەرگرتن چونکە بە نمرەی باش وەردەگیرا و ئەوەی لەبیرم مابێت رێژەی نمرە (١) ٥٠٪ی تێپەڕاند، پاش کاك جەلالیش برادەرانی دیکەش وەکو بەڕێزان (کامەران عەلی فەرەج، هۆگر محمد موفتی، لازار خۆشو یوسف، حوسێن مەلا حەکیم، عەزیزی میرزا غەفور، عزیز ابراهیم مربین) سەرەڕای فەرمانبەرانی کە ناوم هێناون لەپێشەوە هەندیٚ لە دۆست و برادەرانی دیکەش لە دائیرەکەی ئێمە دامەزرابوون کە بەڕاستی نموونەی پیاوەتی و کوردایەتی بوون، کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (عبدالرحمن ئیسماعیل کە بە (مامە رووتە) ناسرابوو کە کادیرێکی ئازا و لێهاتووی سەرەتایەکانی درووستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و دۆستایەتییەکی توندوتۆڵی لەگەل باوکم و مامم هەبوو، بەڕاستی پیاوی رۆژی تەنگانە بوو، لێرەدا من ناتوانم ماڧ خۆی بە چەند دێڕێك لێرەدا بدەمیٚ، بەلام کاتی خۆی لە سالانی کە سەرنووسەری برایەتی بووم دوو ساڵ بە چڕوپڕی لەم رۆژنامەیە یادی کرایەوە کە رزگاری کوڕەگەورەی پێوە سەرقاڵ ببوو، زۆرجار لەو ماوەیەدا کە ١٠ ساڵ مانەوەم لەم فەرمانگەیەن خایاند (١٩٧٦-١٩٨٦) مامە رووتە زۆر جار ئەدەبییاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی بۆ دەهێنام،

چەند جارێکیش بە ئۆتۆمبێلی بەندە سەفەری رانیە و هەولێرمان کردووە، جارێکیان وابزانم ساڵی ١٩٧٩ بوو کاتیٚ کە یەکیٚ لە رۆژنامەکانی حکومەتی بەعس لە لاپەڕە (١)دا هەواڵی تیرۆرکردنی مام جەلالی بڵاوکردەوە، بەڕاستی بەقەدەر دونیا دڵتەنگ بووم و دەستم کرد بە گریان، بەڵام بەوە نەوەستام و یەکسەر سواری ئۆتۆمبیل بووم و چوومە ماڵی مام رووتەی رەحمەتی و رۆژنامەکەم پیشاندا، بەلام مام رووتە دڵی دامەوە و گوتی (کاکە من بەو عەسرە برادەرانم بینیوە لە هەولێر و هیچ شتێك لە گۆڕیٚ نییە و درۆی هەڵبەستراوی حکومەتە)، کەسایەتیی دووەمی ئەم بوارە خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن محمود ئاغای حەوێزی) کە بە (عبدالرحمن)ـە شێتە ناوی دەهات کە ئەم شێتییەی کاك عبدالرحمن بە پێچەوانەی ئەو نازناوە پیاوێکی ئاقڵ و پیاوانە و دۆستپەروەر و قسەخۆش و دونیادیدە بوو، ئەو زیاتر هەواداری رێڕەوی چەپ بوو کە لەگەڵ کوردایەتی تێکەڵی دەکرد، خەڵکی لە شەرق و غەرب دەناسی و زۆر جار سەفەرمان پێکەوە کردووە و خۆش مەشرەب بوو، دۆستی سێیەم خوالێخۆشبوو (صالح شمس) کە بەداخەوە زوو مرد، کوردپەروەرێکی بیٚ نموونە بوو لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بوو لە چەمیٚ رێزان دۆستی باوکم و مامم بوو، قسەخۆش و بەئاگا بوو، هەواداری رێڕەوی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو، پاش لەت بوونی ئەم پارتە کە تا دوا رۆژی ژیانی لەم رێڕەوە لای نەدا، دۆستی چوارەمم عەزیز ئاغای ساڵح ئاغای غەفوری بوو کە پیاوێکی قسەخۆش و پیاوانە بوو هەمیشە کە بەتەنها دەبووین هەواڵی دەنگوباسی پارتی دیموکراتی کوردستانی لیٚ دەپرسیم چونکە دەیزانی من گویٚ لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دەگرم (سەرەڕای گوێگرتنم لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان) هەموو جارێکیش عەزیز ئاغا دەیگوت (بەخوا من مەلاییم و وازیش لەم مەبدەئە ناهێنم) رەحمەتی خودا لە هەموویان بێت کە لەگەڵ هەموویان یادگار و بیرەوەریی خۆشم هەیە و لەبیر ناچێتەوە.

(١٠) ساڵی تەواو لە کارگەی پوختەکردنی تووتن بەردەوام بووم، لەناو ئەو فەرمانبەر و کەسایەتی و کرێکارانە کە تێیدا حەمید ئاغای کاکە زیاد

بەڕێوەبەرمان بوو هەستمان بە ناخۆشی نەدەکرد، پیاوی خراپمان لەناو نەبوو هەندێ جار لێپرسراوانی بەعس لە کۆیە دەهاتن، بەڵام وەکو زۆر فەرمانگە و شوێنی دیکەی ئەم کوردستانە روو بە رووی بەرەنگاربوونەوەی نەرێنی دەبوون لەنێوان ئەو (١٠) ساڵەدا دوو رووداو هەیە بە پێویستی دەزانم ئیشارەتی بۆ بکەم، یەکەمیان وتووێژی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتییەتی لەگەڵ حکومەتی عیراق کە لەسەرەتادا بە ئاگربەست دەستیپێکرد و ماوەیەکی باشی خایاند، لەو سەروبەندەدا رۆژێك برایان (حسێن سنجاری و سەربەست بامەڕنی) لە کۆیە سەردانیان کردم و شەوێك لە کۆیە لە لام مانەوە تاکو درەنگانێکی شەو خەریکی گۆڕینەوەی بیر و رایەکانمان بووین کە جیاوازیی لەنێواندا هەبوو، ئەو دوو برایە هەردووکیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون و رۆڵی بەرچاویشیان هەبوو، بەندە دەمێك بوو ئەم برادەرانەم دەناسی، بە نسبەت حسێن سنجارییەوە لە سەرەتای خوێندنی ساڵی ١٩٦٧ لە زانکۆی بەغدا لەگەڵ بەندە و عبدالموجودی برای لە یەك شوقە دەژیاین، لێك نزیك بووین بە شێوەیەك کاتێ نەشتەرگەریی (ناسۆری عصعصیم) کرد لە (مدینة الطب) لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧١ حسێن شەوانە بۆ ماوەی هەفتەیەك لەگەڵم مایەوە، دۆستایەتیمان زۆر خۆش بوو، بە نسبەت برای خۆشەویستیشم کاك سەربەست بامەڕنی کە ئەویش لەدوای رێککەوتننامە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە ناسیم دۆستایەتیم لەگەڵیدا بەهێز بوو ئەو لە سەرکردە قوتابییەکانی دیاری لایەنی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو کە بە (جەلالی) ناوزەند دەکران، لە ساڵی ١٩٧٢شەوە هەردووکمان (دار التآخي) کە هەردوو رۆژنامەی التآخي و برایەتیی تێدا دەردەچوو کۆی کردینەوە کە تێیدا ئەو سەرپەرشتیاری برایەتی دەکرد پاش خوالێخۆشبووان (رەمزی قەزاز و رەفیق چالاك) پێش برایەتیش سەرنووسەری رۆژنامەی هاوکاری بوو، ئەم شەوەمان کە سنجاری تێیدا زۆر توند و سەربەست زۆر هێمن و لەسەرخۆ تا درەنگانێکی شەو رامانبوارد، کاتێ بەندە راسپاردەیەکی خێزانی شەهید دارا تۆفیق دەربارەی چارەنووسی کە ١٩٨٠/١١/٦ شوێن بزر

کرابوو لە بەغدا بۆ باسکردن ئەوانیش هاوسۆزیی خۆیان بۆ چارەنووسی کاك دارا دەربڕی و بڕیارماندا پاش سەردانی بەغدا وماڵی شەهید دارا سەردانی بەڕێز مام جەلال و سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بکەین. جاریَ یەکەم رۆژ کە لەبیرم نەماوە بە ئۆتۆمبیلەکەی من لەگەڵ حسێن، سنجاری سەردانی (سورداش)ـمان کرد کە سەرکردایەتیی یەکێتی بارەگای ئاشکرایان لەویَ دانابوو، لەو سەفەرەدا بەڕێز مام جەلال و کاك نەوشیروان مستەفام دیت و راسپاردەکەی خێزانی شەهید دارا تۆفیقم پیَ راگەیاندن، ئەوانیش دڵسۆزانە وەعدی ئەرێنییان دا کە لەگەڵ چوونیان بۆ بەغدا لەگەڵ لایەنی حکومەتی بەعس باسی بکەن، شەوێکی خۆش و بەسوودم لەگەڵ برایانی سەرکردایەتیی یەکێتی بەسەربرد کە تێیدا برایان مولازم عومەر عەبدوللا و فەرەیدون عبدالقادر و سالار عزیز و بەڕێزەکانی دیکە کە لەیادم نەماوە بە قسە و موجادەلە بەسەربرد کە تێیدا سەرەڕای داکۆکیم لە پارتی دیموکراتی کوردستان و رێبازەکەی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مەسعود بارزانی دەردەبڕی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ رێڕەوی وتوویَژ بووم لەگەڵ حکومەت چونکە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول چەندین جار ئاگربەست و گفتوگۆ پەیڕەو کراوە چونکە لە دوا رۆژی شەڕی نێوان هەردوو حکومەتی عیراق و ئێران دەترسام و لەو قەناعەتەدا بووم ئەگەر نیوە مافیش وەربگیریَ لەم بارودۆخە پێم باشتر بوو لە بەردەوامیی شەڕ، بەڵام دیسان بەو برا بەڕێزانەم رادەگەیاند کە پێویستە لە هەوڵی راکێشانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بن چونکە ئەم مەسەلەیە بە هەمە لایەنە ئەنجام بدرێت باشترە نەوەکو کاردانەوەی نەرێنی درووست ببێت، لە نێواندا کاك فەرەیدون عبدالقادر کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە لە رێگای شەهید فازل مەلا محمود ئاشنایەتیمان پەیداکردبوو تاکو ئەمڕۆش بە بەردەوامی ماوەتەوە، لەنێوان گفتوگۆیەکاندا هەڵدایە و گوتی (کاکە فەرهاد بەناوی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ك)ـەوە وەرەقەیەکی سپی بۆ جەنابی کاك مەسعود بارزانی ببە و ئەو چیی فەرموو ئێمە ئامادەی جیَ بەجیَ کردنی دەبین، چونکە ئێمە پێمان باشە لەنێوان بەردە ئاش شەڕی نێوان عیراق و ئێران

خۆمان بپارێزین و لەناو نەچین)، سەفەری دووەمم لەگەڵ برای خۆشەویستم کاك شێردل حەوێزی بوو کە تێیدا بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفام دیت پاش گەڕانەوەیان لە جەولەیەکی وتووێژ لە بەغدا، مەبەست لە چوونەکەشم وەرگرتنی وەڵامێك بوو دەربارەی شەهید دارا تۆفیق کاتێ کاك نەوشیروان مستەفام دیت بەتەنها لە ژوورێکی ئەو خانووانەی سورداش بە دەق پێی گوتم (کەوا ئەم بابەتەمان لەگەڵ عزت الدوری باسکرد و بە گەرمی داوای چارەنووسی ئەو و ئەو بارزانییانەمان کرد کە لە قوشتەپە ئەنفال کرابوون، عزت الدوری دەربارەی دارا گوتی "إذا کان طیب راح یرجع لعائلته"، یانی ئەگەر زیندوو بێت دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی)، لەم دانیشتنە دوو قۆڵییەی کاك نەوشیروان و بەندە پرسیارێکی لێکردم کە ئایا رام بەرامبەر (ی.ن.ك) چۆنە، لە وەڵامدا گوتم (هیچ خیلافێکی ئەوتۆ نابینم لەنێوان ی.ن.ك و پ.د.ك هەردوولا بۆ کورد و کوردستان تێدەکۆشن، بەڵام ی.ن.ك بە بریندارکردنی هەستی هەزارانی وەکو ئێمە کە دەربارەی خوالێخۆشبوو بارزانی دەیکەن، ئێمەتان لە رێڕەوی ی.ن.ك دوورخستۆتەوە خۆزیا ئەوەتان نەکردبا)، جاری سێیەمیش لەگەڵ برایان عبدالموجود تەها و عوسمانی براگەورەی کاك سامی عبدالرحمن سەردانی سورداشمان کرد بە مەبەستی دیتنی مام جەلال بە نیازی ئەوەی کاك عوسمان داخوازیی خەڵکی سنجاری پێشکەش بە مام جەلال بکات، مام جەلالیش پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و سەرەتا دیسان لە هەواڵی باوکم و شیعرەکانی پرسی و دیسان بەرامبەر هەمووان ستایشی هەڵوێستی باوکمی کرد کە لە ساڵانی پێشوو بڕە پارەیەکی وەك هاوکاری بۆ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ناردووە، ئینجا زۆر راشکاوانە باسی لە وتووێژ لەگەڵ حکومەت کرد و کە بە هەموو شێوەیەك لەم بارودۆخەدا لە هەوڵی وەدیهێنانی ماڧی گەلی کوردستانن، (بەڵام بەداخەوە وتووێژ سەری نەگرت و جارێکی دیکە کورد کەوتە بەر شاڵاوی دڕندانەی حکومەتی بەعس کە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و بادینان و شێخ وسان، گۆپتەپە و شوێنەکانی دیکەی بەدوای خۆی دا هێنا. لە بارودۆخی پاش سەرنەکەوتنی وتووێژی ی.ن.ك و حکومەتی

بەعس جارێکی دیکە شەڕێکی کوشندە دەستی پێکردەوە و بەسەدان کادر و هەوادارانی یەکێتی چوونە شاخ کە یەکێك لەوانە برای خۆشەویستم کاك شێردل حەوێزی بوو کە لە دواشەوی مانەوەی لە کۆیە لە ماڵی شەهید کەمال رەشید حەوێزی بوو کە دراوسێی هەرە نزیکی ماڵی ئێمە بوو ئەو دوو شەوە من و کاك شێردل رۆمانسییانە دەمانڕوانییە شۆڕش و گەلی کوردستان.

لەو سەروبەندەدا رۆژێك هاوڕێ و برای خۆشەویستم عبدالموجود تەها کە بەڕێوەبەری پلاندانان بوو لە پارێزگای هەولێر وەڵامێکی بەپەلەی بۆ ناردم کەوا چەند رۆژە خۆی شاردۆتەوە لە ماڵی برادەرێکی هاوبەشمان کە ئەویش کاکە (زاهیری حمدی تەها)ی کۆیی بوو کە بەداخەوە لە یەکێ لە قۆناغەکانی شەڕی عیراق و ئێران کەوتە بەر شاڵاوی بەد ناوی ئەنفال کە تێیدا خۆی و پەخشانی هاوسەری و منداڵەکانیان تێداچوون، ئەوکاتە ماڵی کاك زاهیر لە یەکێ لە خانووەکانی دائیرەی زراعە و بەیتەرە بوو لە رێگای موسڵی کۆن، کاتێك بۆ رۆژی دوایی گەیشتمە شوێنی مەبەست کە ماڵی کاك زاهیر بوو عبدالموجود باسی ئەوەی بۆ کردم کەوا خەتەری حەپسکردنی هەیە و ئەویش بەرگەی زیندانی بەعس ناگرێ بۆیە بڕیاری داوە کەوا پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات و بچێتە لای پارتی دیموکراتی کوردستان، رێککەوتین بۆ رۆژی دوایی کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ بێئەوەی کەس بزانێ و باسی لێوە بکەن لای کۆگای ئاسن و دار (حدید وخشب) هەڵیان بگرم بەرەو کۆیەیان ببەم و رەجام لێکرد هەتا لەگەڵ کەسوکاریش ناوی من نەهێنن چونکە ئاشکرایە بەعس چەند غەدار و زاڵم و بێڕەحم بوو، رۆژی دوایی لە کۆیەوە زوو دەرچووم و کاتژمێر (١٠)ی رێك عبدالموجود و نازداری رەحمەتیی خێزانی و ئازا و ئامان و پاوان و جۆفانم هەڵگرت کە ئەوکاتە ئۆتۆمبێلێکی (داتسۆن)ی سپی مۆدیل ١٩٨٠م هەبوو کاتێ گەیشتینە کۆیە کاتژمێر (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ بوو پەروینی هاوسەرم جارێ لە دائیرە بوو کلیلی ماڵەوەش لای ئەو بوو چونکە ئێمە رۆژانە پێکەوە لە دائیرە دەردەچووین، بە رێککەوت کاك مەجید فەقێ برادە و خزم کە مێردی کچی پورمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە هەر لە رۆژانی قوتابخانەوە لە

قۆناغی ئامادەیی پێکەوە بووین تەنانەت لە ماوەی دوو ساڵدا پێکەوە لەتەنیشت یەك دادەنیشتین لەو کاتە کە گەیشتینە کۆلانی داخراوی خۆمان کە هەموو ماڵەکان خزمانی خۆمان بوون، کاتیٚ لەبەردەرگای ماڵی کاك مجید بۆ چاك و چۆنی راوەستاین کە دیواری هاوبەشی ماڵەومان پێکەوەیە و دۆستایەتییەکی توندوتۆڵیش لەگەل عبدالموجود هەبوو زانیشی لەوکاتەدا من کلیلی ماڵەوەم پیٚ نییە بەزۆر عبدالموجود و خێزانی بۆ ماڵی خۆیان راکێشا کە لە راستیدا من و کاك مجید فەقیٚ ماڵمان بەش نەکردبوو شەو رۆژیش پێکەوە بووین، یان لای من یاخود لای خۆی.

عبدالموجود دوو شەو مانەوە لە ماڵی کاك مجید، ئێوارەی رۆژی دووەم بەزۆر بردمانە ماڵی خۆمان بۆ نانخواردن کە تاکو شەو درەنگانێك پێکەوە ماینەوە، بۆ بەیانی زوو لەترسی بلاّونەبوونەوەی بوونیان لە کۆیە بەرەو سلێمانیم بردن، خێزان و مناڵەکانی لە ماڵی هاوڕێمان کاك (ثامر مصطفی) کە ئەویش خەڵکی سنجارە و دۆستی عبدالموجود بوو دابەزین، منیش لەگەڵ عبدالموجود چووینە ماڵی برای بەڕێزمان کاك (جەمال حەمەعەلی) برای جەلال و کەمال و شەهید نوری حەمەعەلی، ئێوارەکەی کە هەمووومان لە ماڵی جەمال نانمانخوارد و شەویش لەویٚ مامەوە مەسەلەکەم بە کاك جەمال راگەیاند کە هەرچۆنێك بێت بەهۆی کەسایەتی و دۆستایەتیی فراوانی دەبێت عبدالموجود و مناڵەکانی بگەیێننە سنووری ئێران و رەوانەیان بکات، لەو سەردەمەش کاك جەمال بەهۆی ئەوەی (دواجن)ـی هەبوو و پیکاپێکی بۆ ئەنجامدانی کاری دەواجن هەبوو پاش ئەوەی من بۆ رۆژی دوایی گەڕامەوە کۆیە ئەوانیش دوای چەند رۆژێك برایان جەمال و جەلالی حەمەعەلی و بە ئۆتۆمبێلی خۆیان لە رێگای ئەحمەداوا دەیانگەیەننە سنوور بەسەلامەتی، تا ماوەیەکی چەند رۆژەش لە ئاشکرابوونی جۆری بلاّوبوونەوەی رۆیشتنی عبدالموجود دەترسام چونکە هەموو برادەر و دۆستانمان دەیانزانی عبدالموجود و بەندە نزیکترین برادەری یەکن، باش بوو لە دائیرەش پێویستم بە مۆڵەت نەبوو چونکە حمید ئاغا زۆرجار چاوی لەم مۆڵەتانە دەبەخشی پاشان هەر لە رێگای برایان جەمال

و جەلالەوە زانیم عبدالموجود بە سەلامەتی گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست، بەندەش پاش ماوەیەك ترسەکەم ڕەوییەوە.

ڕووداوی دووەم کە ژیانمی تا ڕادەیەك گۆڕی بەردەوامیی شەڕی نێوان عیراق و ئێران بوو کە وەکو ئاش ئادەمیزادی دەهاڕی، مانگ نەبوو خەڵك نەکرێتە جەیش شعبی و بۆ بەرەکانی شەڕیان دەبردن یاخود هەرچەند ناچەند مەوالید بۆ سەربازی مکلف و احتیاط بانگ دەکران ئەوەبوو لە ١٩٨٦/٥/١٦ بانگی موالیدی (١٩٤٦) احتیاط بانگکرا لەگەڵ موالیدی ١٩٦٧، بەندە لە ساڵی ١٩٧٠وە باوکم بۆ من و خەسرەوی برای هەریەکە (١٠٠) دیناری وەکو (البدل النقدی) دا بە دائیرەی تەجنید تاکو خزمەتی سەربازیمان لەکۆڵبێتەوە، بەڵام ئەم شەڕە شوومەی کە عیراق سەپاندی بەدل و مەدلی نەهێشت وەکو چۆن ئاسن گەنم دەهاڕێ ئەم شەڕە نەگریسەش مرۆڤی ئەو دوو وڵاتەی دەهاڕی. لەلایەك زۆر پێم ناخۆش و دڵتەنگ بووم چونکە ئەوکاتە تەمەنم (٤٠ ساڵان) بوو سەرەڕای ماڵ لێ تێکچوون و خەتەری شەڕ، خەتەری لەناوچوونیش تێیدا زۆر بەهێز بوو، بۆ کێ؟ بۆ دکتاتۆرێکی خوێن مژ، زاڵم، کوردکوژ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کەوا ڕزگارمان دەبێت لە فشاری بوون بە جەیش شعبی و ون بوون لەبەرچاواندا، دەبووایە لەنێوان ١٥ ڕۆژدا سەردانی (دائیرەی تەجنید)ی کۆیە بکەین بە مەبەستی ڕەوانەکردنمان، ئێمەش لەگەڵ برادەرانی کە لەدایکبووی ١٩٤٦ بڕیارمان لە ڕۆژێك پێش تەوابوونی مۆڵەتەکە سەردانی (تەجنید) بکەین، لە دائیرەی خۆم لە کارگەی پوختەکردنی تووتن ئەو ڕۆژەی کە مابوو بۆ ڕەوانەکردنم کاروباری خۆمم ڕێکخست، بەڵام هەندێ نامیلکە و بەیاناتی پارتی و یەکێتیم هەبوو دڵم نەدەهات بیانفەوتێنم کە تاکو ماوەیەکی زۆر لە کەلێنێکی سۆپایەکی (ڕافیدەین)ی گەورە کە بە غاز ئیشی دەکرد و بەکارمان نەدەهێنا شاردبوومەوە، بەڵام دڵم تەئمین نەبوو کە بەو شێوەیە بەجێیان بهێڵم، ڕۆژێك لەناو یەك دوو کیسی نایلۆنی ڕەش پێچامەوە و هێنامە دائیرە و لەگەڵ ئەحمەد مەحمود ئیسماعیل کە بە ئەحمەدی (یاروقیا) دەناسرێ کە کرێکارێکی نیشتمانپەروەری چەپخواز بوو کە هەر لە

پەنجاکانەوە لایەنگر و ئەندام و هەواداری حزبی شیوعیی عیراقی بوو، تاکو بڵێی پیاوێکی سەر راست و خاوێن بوو، زۆربەی ئیشی دائیرەی رادەپەڕاند، زۆرم بڕوا پێبوو داوام لێکرد کە لەو کەلێن و کونە زۆرانەی ناو کارگە کە هەمیشە پڕبوون لە تووتن بۆم بشارێتەوە، ئەویش بە نەریتەیەکی مەردانە وای بۆ تەقەت کردم کە کەس نەتوانێ بیدۆزێتەوە و تاکو رۆژانی دوای راپەڕین لەو شوێنە مایەوە ئەوجا بۆی هێنامەوە.

باوکم و دایکم و پەروین زۆر زۆر ناڕەحەت بوون بە چوونم بۆ سەربازی چونکە ئاشی شەڕی دوو وڵاتیش مرۆڤی وەکوی گەنم و جۆ دەهاڕی، رۆژی ١٩٨٦/٥/٢٦ لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمەڵێك برادەری کۆیی سەردانی تەجنیدمان کرد، ئەوانەی لەبیرم ماون بریتی بوون لەو برادەرە بەڕێزانە (یعقوب ئیبراهیم مربین، أشرف شێخ شەرەف، أمیر محمد کبابچی، قاسم عزت، مغدید، ئازاد عبدالله یحی، أمیر شفیق...)

یەکسەر دەبووایە بچینە مەرکەز تەدریبی هەولێر کە ئاشکرایە ئێستاکە هەمووی بۆتە باڵەخانە کە هەر لە شەقامی (٦٠)یەوە دەستی پێدەکرد تاکو عەنکاوە لە لایەك و ئەولای گردەڕەشەی رێگای هەولێر موسڵ، سەربازگەیەکی گەورە و فراوان کە بە دەیان بیری ئیرتوازیی تێدابوو، رۆژانە دەبووایە لە کاتژمێر (٦)ی بەیانی بە جلوبەرگی سەربازی و پۆستاڵەوە لە سەربازگە ئامادەبین بۆ تەدریب کە تاکو کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆی دەخایاند، سەربازەکە پڕاوپڕ لە چەندین موالید کە ئامادە دەکران بۆ ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ، رۆژانە جموجۆڵی رەوانەکردنی سەرباز بەردەوام بوو و وەجبەی ئێمە کە بریتی بوون لە موالیدی ١٩٤٦ نزیکەی (٥٠٠) سەرباز دەبووین و ماوەی ٤٠ رۆژ ماینەوە چونکە دەبووایە سەرباز تەدریبی بنەڕەتی تەواو بکات، پاشان وابزانم رۆژی ١٩٨٦/٧/١٧ بوو رەوانەی (سەربازگەی سنجار) کراین کە ئەویش سەربازگەیەکی یەگجار گەورەی ئەم ناوچەیە بوو، لە سنجار دابەشکراین بۆ سەر چەند گرووپی، ئەوانەی کە دەرچووی کۆلێژ بوون زیاتر (دەورەی موخابەرەی سلکی و لاسلکی) دەیگرتنەوە، ماوەی زیاتر لە (٣٥) رۆژ ماینەوە

و هێزی (الله أكبر)ی لێ پێكهێندرا، شەو و رۆژ بۆ ماوەی ١٢ سەعات تەدریبێكی یەگجار قورسیان پێ دەكردین، چەند جارێكیش (مسيرة التحمل)یان پێدەكردین لەگەڵ لەدایكبووانی ساڵی ١٩٦٧، كە بریتی بوو لە رۆیشتنی سەربازی بە هەموو كەلوپەل و چەكی كلاشینكۆفەوە كە ماوەی چەند سەعاتێكی دەبرد تاكو گوندی (رەمپوس)ی ئێزدی نشین، لەو ماوەیەدا چەند جارێك لەنێوان پشووی رۆژانەدا سەردانی سنجارم دەكرد و بەلای ماڵی هاوڕێم عبدالموجود دا تێدەپەڕیم كە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٠ پاش رێككەوتننامەی ١١ی ئازار ماوەی هەفتەیەك لەو ماڵەماینەوە، زۆربەی ماڵە كوردەكان كە ئەوانەی ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندییان بە شۆڕشەوە كردبوو یاخود هەواداری شۆڕشی كوردستان بوون لە سنجار دەركرابوون بۆ دهۆك و زاخۆ ئەم ناوەش لە شاخی سنجارەوە تاكو پیدەشتەكانی خوارووی سنجار چۆڵ كرابوون، خەڵكەكەیان لە چەندین كۆمەڵگای زۆرەملێ كۆكردبوونەوە، سەرەڕای گۆڕانی ناوچەكە بۆ سەربازگە، رۆژێك بە رێككەوت لە چایخانەیەك لە سنجار بۆ پشوودان دانیشتم و داوای چا و ئاوێكی ساردم كرد، چایچییەكە چایەكە و جامێك ئاوی بۆ هێنام، بەڵام ئاوەكە سارد نەبوو منیش بە چایچییەكەم گوت ئاوەكە گەرمە هەندێ بەفرم بۆ بێنە، لە وڵامدا چایچییەكە گوتی (برا پێش چەند ساڵێك كارگەیەكی دروستكردنی بەفر هەبوو، بەڵام ئێستا خراپ بووە و ئیش ناكات چونكە خاوەنەكەی كورد بوو ناوی (خەلەف كەلو) بوو لە سنجار گوێزرانەوە بۆ دهۆك بۆیە ئێستا سنجار بێ بەفرە) لە راستیدا بە گێڕانەوە ئەم كورتە چیرۆكە سنجاری پاش ساڵی ١٩٧٠م هاتەوە یاد كە ٩٠٪ی ناو شارەكە كە كوردی ئێزدی و موسوڵمان بوون ناوەناوەش ئەفرادی عەرەبی عەشیرەتی (متيوت)ت دەدیت كە ئەوانیش هەندێكیان كوردییان دەزانی، خوالێخۆشبوو خەڵەف كەلو كە ناوەكەی (خەڵەف عبدالكريم) و مێردی خوشكی شەهید سامی عبدالرحمن بوو ئەو چەند رۆژەی لە سنجار بووم ساڵی ١٩٧٠ دوو جار داوەتی گەورەی بۆ كردم تاكو بڵێی پیاوێكی چاو تێری كوردپەروەر بوو باری ئابووریی زۆر باش بوو لەگەڵ دەستپێكردنەوەی شەڕ بە ماڵ و منداڵەوە

پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد لە ئەمانەتی گشتیی دارایی کاری دەکرد پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ئەویش وەکو سەدان خێزانی کورد لە زێدی باوك و باپیرانی دەرکرا و هاتە هەولێر و لێی جێگیر بوو، بە دەرکردنی ئەو سنجار بێبەش بوو لە بەفر، هاوینان دەبووایە خەڵکی ئاوی ئاسایی بخۆنەوە.

ئەو کۆمەڵە برادەرەی کۆیی کە کە بڕوامان بە یەك بوو بڕیارمان دا لەگەڵ تەواوبوونی (دەورە) و گوێزانەوەمان بۆ بەرەکانی شەڕ سوپا بەجێبهێڵین (فیرار) بکەین چونکە بە هیچ شێوەیەك بڕوامان پێ نەبوو بچینە شەڕێك کە دژ بە ئێران بێت چونکە گەلی کورد بە گشتی لە ناخەوە لایەنگر و هاوسۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون، ئەوکاتەش هەموو لایەنە سیاسییەکانی شۆڕشگێڕی کوردستان بنکە و بارەگایان لە ئێران هەبوو بەپێچەوانەی عێراق کە سیاسەتی سووتاندنی تەڕ و وشکی کوردستان گرتبووە بەر و بە ئاگر و ئاسن شەڕی گەلی کوردی دەکرد.

لە دوا ڕۆژی مۆڵەتی مانگانەم ١٩٨٦/٩/١٥ لە ماڵەوە لە کۆیە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بووم بۆ گەڕانەوە بۆ سنجار کاتێ کاك (ئەمیر محمد کەبابچی) تەلەفۆنی بۆ کردم کەوا هێزەکەی ئێمە (هێزی الله أکبر) بڕیاری بۆ دەرچوو کەوا ڕەوانەی (جەبهەی پێشەوە بکرێت) لە ناوچەی (چلات) کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای عمارەی کە لە شارۆچکەی (علی الغربی)یەوە بۆی دەچێت، کاك ئەمیر پێیگوتم کەوا برادەران کە لەپێشەوە ناوم هێناون و ڕێککەوتبووین کەوا لەگەڵ گواستنەوەمان سەربازی بەجێبهێڵین و هەرکەس ئازادە لە بڕیاری چۆنێتیی پاراستنی خۆی. منیش بە کاك ئەمیرم ڕاگەیاند کەوا منیش لەو ساتەوە سەرباز نیم و مشووری خۆم دەخۆم.

لەگەل پەروین بە سەرێکی سارد کەوتینە گفتوگۆ چونکە فیرارکردن لە سەربازی ژیانی حاڵەتە خێزانییەکەمان دەگۆڕێ و ڕێککەوتین ئێوارە کە دوا ئێوارەی مۆڵەتمە لەگەڵ باوکم قسە بکەم بزانم رای ئەو چییە.

ئێوارە پێش ڕۆژئاوا وەکو نەریتێك کاتێ ئیشوکار و میوانی تایبەتیم نەبووایە سەردانی ماڵی باوکمم دەکرد، زۆر جار دوو قۆڵی لە وەرزی هاوین و

**بەهار لەناو چیمەنە دڵڕفێنەکەی ماڵی باوکم و پایزانیش لە تارمەی پشتەوە و زستانیش لە ژوورەوە دەکەوتینە قسە و باس، ئەو (یانی باوکم) تاکو تەندرووستیی مامناوەندی بوو هەمیشە دوای نیوەڕۆیان لە ماڵەوە کاتی بەسەر دەبرد ئەوجا چ خوێندنەوەی دیوانی شیعریی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد یاخود سەری دەنایە سەر ئەو پەرتوك و کتێبانەی کە بە زمانی فارسی چاپکرابوون دەربارەی (خەییام، حافزی شیرازی و کەلیمی هەمەدانی..)، هەمیشەش رادیۆی لەگەڵدا بوو کە بە بەردەوامی موتابەعەی هەواڵ و دەنگوباسەکانی دەکرد بە پێی سەلیقەی ئەو رۆژانەش ئەگەر (تشویش) لێ بگەڕابا گوێبیستی رادیۆی دەنگی کوردستان و گەلی کوردستانی دەگرت و هەمیشە کلەیی لە بەختی کورد دەکرد کە چۆن نەخۆشیی (دەردەکورد) کە بریتییە لە ناکۆکی و دووبەرەکیی ناو بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان، بۆیە کاتێ گوێبیستی لێك نزیکبوونەوەی هەردوو جەمسەری رێبازی کوردایەتی بوو شیعرێکی بەناوی (یەکبوون) لە گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە ( ٨٨)ی رۆژی ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکردەوە کە دەڵێ:**

***ئێستا من پیر بووم و شوێن دڵداریی لاوی ناکەوم***
***رێ سەرەو هەورازە بۆخۆم تێدەگەم سەرناکەوم!***
***دوای هەموو زانست و تاقیکردنەوەی ماوەی ژیان***
***من بە هاندانی ئەم و ئەو تازە هیچ تێناکەوم***
***من بەڵێنم داوە تا ماوم بە سەربەرزی بژیم***
***گەر سەرم بڕوا لە رێ دا قەت لەژێر پێ ناکەوم***
***تەندرووستیم هەر نییە ئیمڕۆ مەترسیی مەرگمە***
***تاکو دوژمن شاد نەبێ بۆیە لەسەر جێ ناکەوم***
***نۆش دارووی دەردی گشت یەکبوونە دەیزانن هەموو***
***گەر هیواداربم بە یەکبوون شوێن ئەم و ئەو ناکەوم***
***ئاشنا گەر نەمکوژێ ترسم نییە نا ئاشنا***
***با هەمیشە گوللەبارانم بکا پێی ناکەوم!!***

*خۆشـــــە نەمرم تاکو ڕۆژێ خۆم بە سەربەستی دەدی*
*بشـــــــمرم باکم نییە ئـــــەوساکە شوێن سویێ ناکەوم*

ئەو ئێوارەیە ١٩٨٦/٩/١٥ کاتێ سەردانم کرد لەناو چیمەنەکە لەسەر جۆلانەکە راکشابوو منیش یەکسەر لە تەنیشتی لەسەر کورسییەك دانیشتم، یەکسەر هەستی کرد کە سەروسیمام وەکو ئەو خوێندییەوە تەواو نەبوو بۆیە کاتێ لێی پرسیم..

**باوکم**: فەرهاد خێرە ئەمڕۆ زوو هاتوویت دەڵێی شتێکت لەمێشکدایە، کەی مۆڵەتەکەت تەواو دەبێت؟

**بەندە**: مۆڵەتەکەم هەر ئەمڕۆ دوا رۆژییەتی دەبێت سەبی بگەڕێمەوە سەربازی، بەڵام ئێستاکە برادەرێکم کە ئەویش وەکو من سەربازە هەمان موالیدین و لە یەك سەربازگەین تەلەفۆنی بۆ کردم کەوا (لیوا)کەی ئێمە بەرەو بەرەکانی شەڕ دەچێت، ئەو (یانی کاك ئەمیری محمد کەبابچی) پێی راگەیاندم کە ئەو برادەرانی سەربازانی کورد ناچن، منیش هەمان بۆچوونم هەیە، تاکو ئێستاکەش خۆم راگرتووە چونکە دوور بووین لە بەرەکانی شەڕ، بەڵام ئێستاکە بەرەو بەرەکانی پێشەوەی شەڕ دەچین بەتایبەتیش من دەورەی بە تەل و بێ تەلم تەواو کردووە ئەم (صنف)ـەش هەمیشە لە ریزی پێشەوە دەبن.

**باوکم**: هەستایەوە و دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند و هاتە قسە و گوتی، نەعلەت لە سەدامی خوێن مژ کە ئەو شەڕە ماڵ کاولکەرەی هەڵگیرساند و لەبەرخۆیەوە ئەو شیعرەی کە بۆ (قابیل)ی جوانەمەرگی پلکەزام هۆنبیبۆوە ساڵی ١٩٨١ کە لە یەکێ لە بەرەکانی جەنگدا لەم شەڕە شوومە کوژرابوو دەڵێ:

*ئەمــــــــــانە گۆڕی لاوی پاك سرووشتن*
*نەمـــــردوون کە زیـــــــندوون و لە گەشتن*
*شەهـــــیدن شـــــاهیدی ناوێ هەمـــیشە*
*کە دەرناچـــن لە فـــــکر و زیهنی گشتن*

*ئەگـــــــــــەرچی دڵتەزێنە کۆچی لاوێ*
*لەناوچـــــن ئەو بەڵایـەی خوێنی رشتن*
*لە مێژووی مەرگی پرسیم پیرێ فەرمووی*
*هەمـــوو گیان بولبولی باخی بەهـــەشتن*

لەبەر خۆیەوە یەك دوو جار دووبارەی کردەوە، ئەوجا دیسان هاتەوە دواندنی من و **گوتی**: فەرهاد دەزانم لە ژیانت ماندوو بوویت و کێشەت هاتۆتە پێش، بەڵام دەشزانم ئینسانێکی بەهێز و بەغیرەتی و دەتووانی ئووری خۆت رێك بخەیت، تۆ و پەروین بڕیاری چیتان داوە؟

**بەندە**: بڕیارمان نەچوونەوەیە بۆ سەربازی، بەڵام ناتوانم لە کۆیە دانیشم، کۆیە بچکۆلەیە و خەڵك زوو ئاشکرا دەبێت، بەتایبەتیش بە هیچ شێوەیەك بیر لە وەرەقە وەرگرتن ناکەوە (مەبەست لە وەرەقە وەرگرتن خۆ تۆمارکردن بوو لە (الأفواج الوطنية الخفيفة) کە هەمان ئەفواجی جاشایەتی بوو کە بە سەدان فەوج لە کوردستان دروست ببوو زۆربەی سەربازی (فیرار و موتەخەلف) خۆیان لەو ئەفواجانە قەید کردبوو بە مەبەستی خۆ پاراستن لە راوەنان و گرتن و مووچەکەشیان ئامر فەوجەکان بۆ خۆیان وەریان دەگرت)، چونکە ئەم مەسەلەیە لای من بڕیاری کۆتاییە و مردنم پێ خۆشترە نەك رۆژێ لە رۆژان ئەم تۆمەتەم بدرێتە پاڵ کە بە وەرەقەی جاشایەتی خۆم پاراستووە (لێرەدا من ناحەقی ئەو گەنجانە ناگرم کەوا بۆ خۆپاراستن لە خەتەری کوژران و لەناوچوون تەنیا بە وەرگرتنی وەرەقەیەك و تۆمارکردنی لەم ئەفواجانە بە تەئشیرکردنی ناویان لە (دەفتەری خدمەی سەربازی). بەڵام بەنسبەت خۆمەوە دیسان بۆ یەك چرکەش بۆ ئەم مەسەلەیە نەچووم.

**باوکم**: منیش دەزانم لە کۆیە زەحمەتە ئێمە وەکو (چاوی گا) دیارین، مەسەلەکەش رۆژ و دوو رۆژ نییە ئێستا بڕۆکەیەکم بۆ هات، چۆنە بچیتە ماڵی (رسول) (مەبەست لە خوالێخۆشبوو کاك رەسوڵ فەقێ حاجی ساڵح بوو کە

مێردی نەسرینی کچی پوورم بوو براگەورەی کاک مجید فەقێ کە ئەویش مێردی (نەرمین)ی کچی پورمە و خوشکی نەسرینە سەرەڕای خزمایەتیمان).

**بەندە**: بیرۆکەیەکی باشە منیش کال رەسوڵم زۆر خۆشدەوێ ئەویش رێزی من زۆر دەگرێ، کاتی خۆشی بە بۆنەی دەزگیرانی کردنی (پەروین)ی هاوسەرم لەناو هەموو خزمەکان ئەو خۆی و نەسرین هاتنە بەغدا، منیش پێم باشە ماوەیەك بچمە ماڵی ئەوان لە رانیە بە مەرجێك کەس نەزانێ.

پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٨٦/٩/١٦ کە دەبووایە ئەم رۆژە بچمەوە سەربازگە، پاش نیوەڕۆیەکەی بە ئۆتۆمبێلەکەی باوکم کە جۆری لادا بوو دیمەنی گریانی (رێکان)ی کوڕم (١٩٧٦/٣/١٤) و نووزانەوەی لانەی کچم (١٩٨٣/٦/٢١) و پەرۆشیی پەروینی هاوسەرم کە لێیان دووردەکەوتمەوە، بیرم ناچێت لە ناخەوە هەستم بە بێزاری دەکرد، دەمەو عەسرێك گەیشتینە رانیە و یەکسەر بۆ ماڵی کاك رەسوڵی رەحمەتی کە تێیدا ئەو و نەسرین بەخێرهێنانی گەرمییان کردین و کاتێ زانی مەبەستی سەردانەکەمان چییە (پێشووتریش ناوە ناوە سەردانی رانیە و ماڵی کاك رەسوڵمان دەکرد) رووی لە باوکم و کرد و گوتی (کاك عەونی ماڵ ماڵی فەرهادە، دە ساڵی دیکەش لێرە بێت خزمەتی دەکەین و کۆمەڵێك کتێبی باشم هەیە، (خوالێخۆشبوو کاك رەسوڵ زۆر حەزی لە خوێندنەوە دەکرد کۆمەڵێك رۆمان و دیوانی شیعریی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەبوو) با خۆی پێوە مەشغوڵ بکات و خوا کەریمە. پاش رۆیشتنی باوکم و دلێر لەناو چیمەنەکە تاوێ دانیشتم و وا رێککەوتین کە کەس لە دەوروبەر و دراوسێ بە هاتنی من نەزانێ و ژوورێکی گەورەی لای خوارەوەی ماڵەکەیان بۆ من تەرخان کرد بارەگەم لێ دانا کە بریتی بوو لە رادیۆ و چەند کتێبێکی عەرەبی و کوردی و دەفتەرێك بۆ نووسینی بیرەوەرییەکان شەوانەش کە دونیا تاریك دەبوو لە ژوورەوە دەهاتمە ناو چیمەنەکە کە لەگەڵ کاك رەسوڵ و منداڵەکانی (رێژنە، ئاری، شاری، دیاری) بە دیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشتین، ئەوجا بۆ نووستنیش دەچووینە سەربان.

بارام (بەهرام عبدالله یحیی)ـی بن ئامۆزا و پورزام کە هەر لە سەرەتاوە یانی لە زەمانی باپیرمانەوە (حبیب عبدالله) کە دەکاتە باپیری من لە باوکمەوە و باپیری بارام لە دایکییەوە لە یەك ماڵ ژیاوین تاکو هاوینی ساڵی ١٩٦٤، بەڵام دیسان هەر لە تەنیشت یەکەوە بووین لە دوو خانوو چونکە ئەوکاتە هەردوو ژمارەمان زیادی کردبوو و گەورەش ببوین و پێویستی بە دوو ماڵ هەبوو، بارام لە زۆر قۆناغدا هەڵگری نهێنییەکانی من بوو و زۆریش یارمەتیی دەدام لە رووی راپەڕاندنی ئیشوکارەکانم، بەلام ئەو هیچ کاتێك ئەو سەر بە هیچ حزبێك نەبووە و حەزی لە سیاسەت نەدەکرد، بە پێچەوانەی من کە هەر لە تەمەنی ١٢ و ١٣ ساڵانەوە تێکەڵی سیاسەت بووم وەکو لە پێشەوە باسم کردووە، بەڵام بارام هەمیشە دەیگوت (بە دەست خۆمان نییە کاتیٚ فەرهاد شیوعی بێت هەمووومان بە شیوعی دەناسرێین و کاتیٚ فەرهاد دەچێتە نێو پارتی ئێمەش لەگەڵی دەگۆڕێین چونکە دەزانین ئەو ئیشی بەجیٚ نەبێت نایکات).

بارام لەو رۆژەوەی چوومە رانیە لە ١٩٨٦/٩/١٦ ناو بەناو بیٚ ئاگاداریی کەس تەنها باوکم نەبیٚ سەری دەدام و بە بەردەوامیش ئەخباری ئەو دونیایەی بۆ دەهێنام، لە کۆتایی ئەم ساڵە (١٩٨٦) هەواڵی (فصل) کردنی لە دائیرە بۆ هێنام، مەسەلەکە لای من ئیعتیادی بوو چونکە ئەوەی لە کاتی شەڕدا سوپا بەجێبهێڵیٚ بێگومان بەپێی یاسا حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەسەپێندریٚ (زۆریش ئیعدام کران).

لە رانیە رۆژانە خۆم لە ژوورێکی لای خوارەوەی ماڵ گۆشەگیر کردبوو، تەنها بۆ نانخواردنی سیٚ ژەمەکە دەهاتمە دەر و لەگەڵ خێزان نانم دەخوارد، دەنا سەراپای رۆژەکە لەم ژوورەم بەسەردەبرد، رۆژانە دوو جار نیو کاتژمێر لەناو ژوورەکە هاتووچۆم دەکرد چونکە تەنها راکشان زەرەری بە تەندرووستیم دەهێنا، پاشان بە بەردەوامی دمخوێندەوە و رادیۆشم هەمیشە لەپاڵ سەرم بوو، کتێبەکانی کاك رەسوڵ بەفریام کەوتن، کاتیٚ مانگی جارێك کە پەروینیش لە کۆیەوە دەهاتە لام هەندیٚ کتێبی کتێبخانەکەی خۆمی بۆ دەهێنام، نەمانهێشت کەس بزانیٚ من لە رانیەم تەنیا کەسە نزیکەکانی خێزان نەبێت،

تەنانەت پورێکم (سوهەیلە) کە خوشکی دایکمە و ماڵی لە رانیە بوو ئاگاداری وجودی من نەبوو لە رانیە، لە برادەرانیش تەنها (حاجی کاك حسێن قەڵادزەیی) کە برا و برادەرێکی دێرین و خۆشەویستمە ناوە ناوە سەری دەدام چونکە ئاشنا و دۆستی کاك رەسوڵ فەقێش بوو، هەندێ جاریش نانی نیوەڕۆی لەگەڵمان دەخوارد، کاك حاجی وەکو فریادرەسی بۆمن لێهاتبوو، پاش ماوەیەك لە مانەوەم لە رانیە رۆژێك لەکاتی بانگی ئێوارەدا دوور لە (١٠) مەترێك لە ماڵی کاك رەسول فەقێ (نائب زابتێك)ی عەرەب کوژرا، تەقە و هەرایەکی گەورە قەوما، منیش لە ترسی ماڵ پشکنین کە ماڵی کاك رەسوڵ نزیکترین ماڵ بوو لە رووداوەکە ئەگەری پشکنینی هەبوو و لە مایکرۆفۆنی مزگەوتیشەوە بانگهێشتی قەدەغەکردنی هاتووچۆ درا، کاك رەسوڵ لەماڵ نەبوو.. نەسرین زۆر لەسەرمن دەترسا بۆیە لە رێگای سەربانەوە بۆ سەربانی دوکانەکانی خۆیان کە هەر لەپاڵ ماڵەکەی خۆیان بوو هاتمە دەر، ئەویش لە کۆڵانەوە یەکسەر بۆ ماڵی دۆستێکی خۆیان کە ماڵی خوالێخۆشوو (عیزەتی حەمە مستەفا)ی خەڵکی کۆیە بوو و دانیشتووی رانیە بوون بردمی بۆ ماڵی ئەوان، ئەوانیش وایان بە باش زانی بە ئۆتۆمبێل بمبەن بۆ لای ماڵی (کاکە ئاکۆی عەباسی مامەند ئاغا)ی سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ کە نەختێ لە شار دوورتر بوو، لە راستیدا من لە پێشەوە کاك ئاکۆ و کاك کوردەم دەناسی لە زەمانی باوکیشمەوە پەیوەندیی لەگەڵ عەباس مامەند ئاغا سەرۆك عەشیرەتی ئاکۆ و ئەو کەسایەتییە کوردە هەبوو بۆیە زۆر ئاسایی بوو کە بچمە ماڵی کاك ئاکۆ، کاتێك گەیشتمەماڵیان دونیا تاریك ببوو، کاك ئاکۆ بە چوونی من بەو ئێوارەیە و لەو کاتەدا بۆ ماڵی ئەوان لای سەیر بوو، بەڵام چونکە بەندە کاك ئاکۆم دەناسی و دەشمزانی لە ناخەوە کوردپەروەر و دڵسۆزە و هەواداری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە راوێژکاری فەجی خەفیفە بوو، بەڵام لە راستیدا پەیوەندیی پتەوی بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبوو، کاتێ کە منی دیت بەخێرهێنانێکی گەرمی لێکردن بە چەند رستەیەکی کورت بارودۆخەکەم بۆ باس کرد، ئەوجا زیاتر رێزی لێ گرتم

و گوتی (ئێره ماڵی خۆته و بێ خەم به) پێشی ڕاگەیاندم کە سبەی بەیانیش (حاجی کاك حسێن) دێت بۆ ڕانیه و ماڵی ئەوان، ئەم شەوەم زۆر بە ئاسایی ڕابوارد بۆ بەیانیش حاجی کاك حسێن پەیدا بوو و کاك ئاکۆ بوونی منی لە دیوەخانی ئەواندا بۆ باس کرد، تاکو نیوەڕۆ ماینەوە کاك حاجی پێشنیاری ئەوەی کرد کە بمبات بۆ بەستەسێن چونکە وەکو کاك حاجی گوتی دیوەخانی کاك ئاکۆ هەموو جۆرە خەڵکێك سەردانی دەکات و بوونی منیش لەوانەیە پرسیارێك درووست بکات، بۆیە پاش نیوەڕۆ بە ئۆتۆمبێلەکەی کاك حاجی چووینە بەستەسێن و بە ڕێکەوت پرسەیەکی خزمی ماڵی کاك حاجی هەبوو بە هۆی وەفاتی پیاوێکی خزمیان سێ ڕۆژ ماینەوە، خەڵکی وایان دەزانی بۆ پرسەکە هاتووم، ڕۆژی چوارەم کە زانیمان لە ڕانیە هیچ کێشە و خەتەرێك نەماوە گەڕاینەوە ڕانیه و ماڵی کاك ڕەسوڵ.

باوکیشم لەگەڵ دایکم و دلێری برام ناوە ناوە بە بێدەنگی سەریان دەدام. لە زستانی ئەو ساڵە ڕۆژێکیان کاتێ باوکمم بەدی کرد لە سیمای خوێندمەوە کە ناڕەحەتە بۆیە کاتێ لێم پرسی خێرە ئەمڕۆ ئاسایی نایەیتە بەرچاو لەسەرخۆ گوتی (سێ ڕۆژە پێشمەرگەی یەکێتی خەسرەوی براتیان لەنێوان ڕێگای کۆیە و هەولێریان بردووە بۆ ناوچەی نازەنین کە بنکەیەکی یەکێتیی لێیە، هۆکاری بردنەکەشی ئەوەیە کە داوای پارە دەکەن بەرامبەر بەردانی، منیش ئێستا ناتوانم لەبەر حکومەت بە ئاشکرا پارەیان بدەمێ، پێشووتر دوو جار بە پیاوچاکێك کە لایەنگری ئەوانە لە کۆیە یارمەتیم بۆ ناردوون بێئەوەی داوای بکەن، بەڵام ئێستا هەتا ئەگەر لەبەر حکومەتیش نەبێت لای من بە مەعقولی نازانم من (ئیبتزاز) بکەن، من هەموو ژیانی خۆم بۆ کورد بووە چۆن قبووڵ دەکرێ بۆ پارە کوڕی کورد بگرن). منیش مەسەلەکەم زۆر بە ئاسایی وەرگرت و گوتم (نامەیەك بۆ مام جەلال بنووسە و هەموو شت چارەسەر دەبێت)، باوکم گوتی ئەم نامەیە چۆن دەگاتە مام جەلال لەم بارودۆخەدا؟!) لە وەڵامدا گوتم ئاسانە با جارێ نامەکە بنووسین، نەمهێشت باوکم نامەکە بە خەتی خۆی بنووسێ چونکە خوانەخواستە ئەگەر نامەکەش گیرا دەتوانێ حاشای لێ بکات

و به دەستی ئەو نەنووسراوە زۆر بە ڕێزەوە نامەکەمان بە دەستخەتی خۆم بۆ مام جەلال نووسی.. دەقەکەم لەبیر نەماوە، بەڵام دوای ڕێز و حورمەت و داوای سەرکەوتنیان گوتمان ئەگەر (شۆڕش بە بڕێك بە پارەی عەونی پێشدەکەوێ ئەوا (من) مەبەست (عەونی)یە خۆشم گیانفیدا دەکەم).

من و بارام دەمانزانی خوالێخۆشبوو (عومەری حاجی موسا) قەڵادزەیی کە مرۆڤێکی هەمیشە نیشتمان پەروەر و بە هەڵوێست بوو و پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبوو سەرەڕای ئەوەی دۆستێکی باوکم بوو، پێشنیاری ئەوەم بۆ باوکم کرد کەوا بارام نامەکە لە ڕێگای خوالێخۆشبوو (مەلا خدر نجم الدین) کە لە بنەڕەتدا کۆییە، بەڵام لە قەڵادزێ دادەنیشێ و دۆستێکی نزیکی کاك ئۆمەری حاجی موسایە بگاتە کاك ئۆمەر ئەوجا ئەویش خۆی دەزانێ چۆنی جێ بە جێ دەکات، وابزانم هەر حەفتەیەکی پێچوو خەسرەو بێ بەرامبەر ئیزن درا، ئەویش بەم شێوەیە بوو (کاتێ خوالێخۆشبوو کاکە ئۆمەری حاجی موسا نامەکەی باوکم وەردەگرێت بە پرسیار برای بەڕێز و دۆستی خۆشەویستم (مولازم عومەر) کاکە عومەری حاجی عبداللە لەوبەری مەرگە دەدۆزێتەوە و نامەکەی تەسلیم بەو دەکات و مەسەلەکەی تێدەگەیەنێ، کاك مولازم عومەریش بە جیهاز جەنابی مام جەلال ئاگادار دەکات، جەنابی مام جەلالیش برووسکەیەك ئاراستەی ئەو شوێنە دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێ (کەوا ئەمڕۆ خەسرەوی کوڕی کاك عەونی ئازاد بکەن و هیچ کاتێکیش ڕازی نابێت کاك عەونی و خێزانی تووشی ئەو جۆرە کێشانە بکرێن).

ماوەی ٣ مانگ و ٢٣ ڕۆژ بەم شێوەیە لە ڕانیە بەسەربرد، لە سەرەتای حەفتەی یەکەمی ساڵی تازە (١٩٨٧) تووشی نەخۆشیی برینداری قۆڵۆن (فطر القولون) بووم و باری تەندرووستیم خراپ بوو، هەندێ جار تووشی خوێن دانان (نزیف) دەبووم، هەواڵم بۆ بارام نارد کەوا بە زووترین کات سەردانم بکات لە ڕێگای کامەرانی برایەوە کە ئەوکاتە پیکاپێکی هەبوو لە نێوان هەولێر و ڕانیە کاری دەکرد، بارام بۆ ڕۆژی دوایی زوو پەیدا بوو، من و کاك ڕەسوڵ

وەزعەکەمان تێگەیاند بارامیش چووە دەرەوە بە مەبەستی پەیداکردنی ئۆتۆمبێلێکی ناسیاو کە متمانەی پێبێت، زۆری پێنەچوو گەڕایەوە گوتی (خۆت ئامادە بکە، ناسیاوێکم دیتەوە کوردی ئێرانە و سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستانە ئەوا خەریکن کۆستەرێکیان پڕ لە ئەندامانی حزبی دیموکرات دەچن بۆ سلێمانی، ئاشکراشە ئەوان لە ڕێگا داوای پێناسەیان لیٚ ناکەن، ئەو دۆستە کوردەی دیموکراتم لە بارودۆخی تۆ ئاگادار کردووە، گوتی هەر بە چاوان تاکو جێگای مەبەست دەیبەین).

زۆری پێنەچوو ئۆتۆمبێلێکی (کۆستەر) هات و من و بارامی لەبەر دەرگای ماڵی کاك ڕەسوڵی سوار کرد و تاکو سلێمانی کەس پرسیاری لیٚ نەکردین، هەر ئەوکاتە دوو بە دوو بەرەو ماڵی دۆست و هەڤاڵی دێرینم (هیوا جەلال حەمدی) کە پێکەوە لە ریزی یەکێتی قوتابییانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندام بووین هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٧ەوە یەکترمان ناسیوە و جیٚ بڕاو و متمانەی ئێمە بوو لە سلێمانی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٠/٣/١١ش ئەڵقەی پەیوەندیی ڕێکخستنی ئێمە بوو لەگەل سلێمانی.

هیوا سەیری پێهات لەو ڕۆژە و لەو ئێوارەیە من دەبینیٚ، منیش بەدەم چاخواردنەوە لە ماڵی ئەوان کە لە گەڕەکی (مەڵکەندی) بوو هەموو شتێکم بۆ باسکرد، ئەوجا سیٚ قۆڵی بەرەو عەیادەکەی (جەمالی میرزا غەفور (سوورە) چووین، کاتیٚ چووینە ژوورەوە و فەحسی کردم یەکسەر گوتی ئەم حاڵەتە (نەشتەرگەریی دەویٚ)، بەڵام کاتیٚ هیوا بارودۆخی منی بۆ باسکرد کە ناتوانم لە خەستەخانە بخەوم، چارەسەری هەمەلایەنەی بۆ نووسیم و ئامۆژگاریی کردم کە لە هەموو بارێکەوە چی بکەم بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە (موزاعەفات)، هەر ئەو شەوە هیوا بە شوێن هاوڕیٚ و هەڤاڵی خۆشەویستمان کاکە (جەلالی حەمە عەلی)دا گەڕا و دۆزییەوە و چوارقۆڵی لە ماڵی هیوا کاتمان بەسەربرد و ئەو شەوە من و بارام لە ماڵی هیواماینەوە، بۆ بەیانیش ماڵی هیوامان بەجێهێشت و چووینە ماڵی قادری حاجی مەلال خالیدی وەلاش (ئاوەڵ) زاوام کە مێردی نەسرینی خوشکەگەورەی پەرووینی هاوسەرمە لە

ڕێککەوتی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٨ چوومە ماڵی ئەوان لە گەڕەکی بەختیاری، ئامۆژگاریی هیوا و جەلالی حەمە عەلیم کرد کە تەنها ئەوان ماڵەکەیان دەزانی بە کەسی دیکە نەڵێن. بارگەم لە ژووری سەرەوەی ماڵی کاک قادر دانا و کەوتمە قۆناغێکی دیکە چونکە ماوەی چەند مانگێك لە یەك ماڵ و نەچیتە دەرەوە ناڕەحەتییەکی دەروونیی بۆ من درووستکردبوو سەرەڕای نەخۆشییەکەشم کە دەبووایە ڕانیە بەجێبهێڵم، لە سلێمانیش لە سەرەتادا کە (٥) مانگی خایاند لە ماڵەوە نەدەهاتمە دەرەوە کاک قادریش هەندێ کتێبی هەبوو دەستم بە خوێندنەوەیان کرد و پەروین و منداڵەکانیش ناوە ناوە دەهاتن، ناوە ناوەش کاك جەلالی حەمە عەلی سەردانی دەکردم، هەندێ جاریش چەند ڕۆژێك لە ماڵی کاك جەلال دەمامەوە، شەوانە لەگەڵ برای بەڕێزم کاکە ئەحمەدی شێخ محمود و هەردوو برای بەڕێز جەمال و کەمالی حەمە عەلی ناوە ناوە دانیشتنمان ڕێکدەخست، هەندێ جار برای بەڕێز کاك (مەهدی حەمە ساڵح) کە خانووەکەی بەرامبەر ماڵی کاك جەلال بوو لە گەڕەکی (دور الامن) سەردانی دەکردم بەهۆی ماڵی کاك مەهدییەوە (د. یوسف حەمە ساڵح)ی برایم ناسی کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش دۆستایەتیمان بەردەوامە کە هەردوو برا نیشتمانپەروەر و بەڕێز بوون، (لوتفیە)خانی هاوسەری جەلال کە بەداخەوە لە ناوەڕاستی نەوەتەکان کۆچی دوایی کرد تا ڕۆژی قیامەت میهرەبانیی ئەمم لەبیر ناچێتەوە کە ڕۆژ و شەوانە لە ماڵیان دەبووم وەکو خوشکێکی دڵسۆز خزمەتی دەکردم و نەیدەهێشت لە ماڵی کاك مەهدی حەمە ساڵح زیاتر کەسێکی دیکە لە دراوسێیەکانی بە وجودی من بزانن لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە کە بەهەشتی بەرینی پێ ببەخشێ، پاش ماوەیەك برای بەڕێز و هاوڕێی ڕۆژانی کۆلێژمان لە زانکۆی بەغدا کاکە (تاج الدین عبدالصاحب) هەورامی کە سەرۆکی کۆمەڵەی ئابووری ناسانی عیراق–لقی سلێمانی بوو پێناسەیەکی کۆمەڵەی ئابووری ناسانی تازەی بۆ درووستکردم بە موالیدی ١٩٤٤ کە سەربازی نەیدەگرتەوە کە تا ڕادەیەك دەرفەتی چوونە دەرەوەی لە ماڵ بۆ دەڕەخساندم کە بە ئۆتۆمبێلەکەی کاك جەلال هاتوچۆمان دەکرد، کاتێ کە دەچوومە دەرەوەش

چاویلکەیەکی پزیشکیم لەچاو دەکرد و چاکەتێکی لە قیاسی خۆم گەورەترم پەیدا کردبوو کە وەکو دەیانگوت بە فەرمانبەرێکی خانەنشین دەچیت، هەندێ جاریش دەچووینە دووکانەکەی کاک کەمالی حەمە عەلی برای کاك جەلال کە لەوکاتەوە تاکو ئێستا دووکانی زێڕینگری هەیە، لە رێگای ئەوانیشەوە خوالێخۆشبوو (حسێن)ی خەیاتم ناسی کە بە (حوسە شاخی) ناسرابوو کە لە دووکانەکەی هەندێ جار چاوم بە خوالێخۆشبوو حەمە سالح دیلان و خوالێخۆشبوو خالید دلێر دەکەوت کە هەمیشە وەکو کۆڕێکی ئەدەبیی لێدەهات، مانەوەم لە سلێمانی تاکو رۆژی ١٩٨٧/٦/١ی خایاند چونکە هەر ئەو رۆژە جارێکی دیکە گەڕامەوە رانیە و ماڵی کاك رەسوڵ، ئەم هاتوچوونەشم بە ناعیلاجی دەکرد هەم بۆ شوێن گۆڕین و هەم بۆ چارەسەری نەخۆشی، جاری دووەم لە رانیە مانگ و نیوێك مامەوە (١٩٨٧/٦/١-١٩٨٧/٧/١٥) لەم ماوەیەدا وەکو جاری پێشوو هەر لە ژوورەوە کاتم بەڕێوە دەبرد، بۆ مێژوو بابەتێك هەیە دەیگێڕمەوە وەکو خۆی:-

رۆژێکیان دایکم و ساسانی برام هاتن بۆلام، پاش ماوەیەك دایکم بە سۆزەوە وەکو دایك و هەستی دایکایەتی کە زۆر پەرۆشی بارودۆخی من بوو کە لەو ماڵ و لەو شار و شوێن بە خۆم ناگرم، رووی تێکردم و لەسەرخۆ گوتی (کوڕی خۆم خودا وەکیلە کە دەتبینم بەم وەزعە هەر رۆژە و لە ماڵێك و ئەو شار و ئەو شار دەکەی جەرگم دێتە ژان، منداڵەکانیشت بێ باوك لەو تەمەنە بێ نازییان پێوە دیارە، گەرچی باوکت نایەڵێ بە هیچ جۆرێك ئەم بێ نازییەیان پێوە دیاربێت و پەروینی خێزانیشت رووی سپی بێت ئیدارەیەکی باشیان دەکات، بەڵام خەمە گەورەکەم تۆیە بۆیە لێم تووڕە مەبە ئەگەر داوایەکت لێ بکەم، کوڕی خۆم هەموو خەڵکانی وەکو تۆ کە فیراری سەربازین لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و بە ئازادی هاتووچۆ دەکەن هەمووشی بەهۆی ئەوەوەیە کە وەرەقەیەکیان لە گیرفانە (وەرەقەی ئەفواجی خەفیفە کە بە ئەفواجی دیفاعی وەتەنی ناسرابوون)، کوڕی خۆم قسەیەکی کوردیی کۆن هەیە دەڵێ "گەورە کچ بە ماچێك حیز نابێ" تۆش بە وەرگرتنی وەرەقەیەك نابیتە جاش و عەیبدار

نابیت وەکو ئەم خەڵکە بە ئیسراحەت و بێ ترس و لەرز لە ماڵی خۆت و لەناو ماڵ و منداڵی خۆت دادەنیشیت، لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ بەقسەی دایکی خۆت بکە).

بە تەواوبوونی قسەکانی دایکم نیگەرانی دایگرتم بە تۆزێ هەڵچوونەوە رووم تێکرد و گوتم (دایە دەتەوێ پاش ئەو هەموو ماندووبوونەم لە سیاسەت و نیشتمانپەروەری و لەم تەمەنە تازە بە وەرەقەی جاشایەتی خۆم بپارێزم، والله ئەگەر ئێستا بزانم پاش سەعاتێك لەو ماڵە دەمگرن و عیدامم دەکەن لام شەریفترە لەوەی بەم وەرەقەیە خۆم بپارێزم، باوەڕیشم نەدەکرد تۆ ئەو تەکلیفە لە من بکەی چونکە دەزانم مەعدەنی تۆ چییە، توخوا جارێکی دیکەی بەلای ئەم مەسەلەیەدا مەچۆ، بەڵام شتیکی دیکە هەیە توخوا کاکم (مەبەست لە باوکمە) ئاگاداری ئەو قسەیەی تۆیە؟!)، دایکم بەم قسەیە شڵەژا و بە پاڕانەوە گوتی (خودات دێنمە گژ ئەگەر ئەم قسەیە لای باوکت بکەیت بە قورئان کەپوو (لووت)م دەبڕێ، خاتری خوا هەر لێرەوە بەس بێت، کوڕی خۆم چیت پێ خۆشە و چیت پێ چاکە وا بکە).

لە قۆناغی دووەمی مانەوەم لە رانیە (١٩٨٧/٦/١-١٩٨٧/٧/١٥) جۆرە بێزارییەك نیگەرانی دەکردم کە ماوەی نزیك ساڵێك دەبوو خۆم شاردبۆوە لەکاتێکدا گوێبیستی ئەوە دەبووم کەوا خەڵکانی وەکو من لە ماڵ و حاڵی خۆیانن و ئازادانە دەسوڕێنەوە بۆیە کەلکەلەی چوون دەرەوەم و بوون بە پێشمەرگە و پەیوەندی بە لایەنە درێرنەکەی پێشووم کە لە ساڵی ١٩٦٣وە شەرەفی ئەندامێتیم تێدا وەرگرتووە کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە و هیچ کاتێك لەو ساتەوە خۆم بە دووری ئەو نەزانیوە سەرەڕای (دووریی ئەو) لەپاش نسکۆی شۆڕش لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ هەمیشەش هەرچۆنێك با چ لە رێگای برادەرانی دڵسۆزەوە چ لە رێگای ئێستگەی دەنگی کوردستانەوە (کە بەڕاستی گوێگرتنی ئەزییەتی گوێ و مێشکمی دەدا بەهۆی ئەو شەپۆلە (تەشویش)ـەی کە حکومەتی بەغدا دەیخستە سەری، بەڵا هەرچۆنێك بووایە ئاگاداری هەندێ لە دەنگوباس و هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی پارتی

دیموکراتی کوردستان دەبووم، بەڵام چەندین لەمپەر و ئاستەنگ دەهاتنە مێشکم کاتێ ئەم بیرۆکەیەم لەگەڵ خۆم تاووتوێ دەکرد کە لە پێشەوەیان هاتنەوەمان بۆ عیراق پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ سەدان هەزار کەسی دیکە کە تێیدا بە ناچاری و بە شکاوی گەڕاینەوە بێئەوەی هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئێمەی تێدابێت و لەو کاتەشدا لە کاتی نسکۆدا کەسێکیش لە سەرکردایەتیی پارتی زاتی ئەوەی نەکرد کە داوا لە خەڵکی بکات نەگەڕێنەوە بۆ عیراق تاکو ئێستاکەش ئەوەم لەبیرە هەندێ لە سەرکردەکانی شۆڕش و پارتی بە ئاشکرا دەیانگوت (ئێران تاریکە و عیراقیش تاریکتر، بەڵام هەرچۆنێك بێت عیراق وڵاتی تۆیە ئەگەر تەنها پاش گەڕانەوە قسەیەکی خێریش بکەیت لە بەرژەوەندیی کورد دایە) لە لایەکی دیکەشەوە زۆر گوێبیستی دەستەواژەی (عەسکەری فیرار) دەبووم کە لەناو ریزەکانی پێشمەرگە باسی لێوە دەکرا یان کاتێ پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکرێت (بە هەموو لایەنەکانەوە) وەکو پێشمەرگەی پلە دوو لای هەندێ تەماشا دەکرا بەتایبەتیش بۆ یەکێ کە رۆژێ لە رۆژان پۆستێکی حزبی یاخود رێکخراوەیی هەبووبێت، بەڵام دیسان ئەم بابەتەم راشکاوانە لەگەڵ باوکم باسکرد لە یەکێ لە سەردانەکانی بۆ لام لە رانیە لەو قۆناغەدا کە ساسانیشی لەگەڵدا بوو، هاتنەکەشیان بەبۆنەی دەرچوونی ساسان بوو بە پلە و نمرەیەکی زۆر باش لە قۆناغی ئامادەییدا کە باوکم دەیزانی پێی دڵخۆش دەبووم سەرەڕای را وەرگرتنم دەربارەی ئەو کۆلیژەی کە ئارەزووی هەیە تێیدا بخوێنێ، باوکم بە خوێندنەوەی دەموچاوم کە زۆربەی جاران راست دەردەچوو چونکە (فەراسەتێکی زۆر باشی لەم رووەوە هەبوو) بۆیە پاش ماوەیەك کە لە هۆڵی ناوەندی ماڵی کاك رەسوڵ دانیشتبووین باوکم رووی تێکردم و گوتی:

**باوکم**: فەرهاد خێرە دەموچاوت باش ناخوێنمەوە، ناڕەحەتم دێیە بەرچاو! بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**بەندە**: نازانم چی بڵێم، بەڵام لە وەزعی خۆم بێزارم و ناشزانم ئەم بارودۆخە کەی تەواو دەبێت، چاوەڕوانی چاکەش لەو حکومەتە ناکرێ، گەمە بە

موقەدەراتی ئەم میللەتە دەکات، تازە بە تازە شەڕ گەرمتر دەبێت، ئێرانیش هەتا دواکەس شەڕی دیفاعی دەکات، منیش گوازە گوازم لەو ماڵ و لەو ماڵ بێزاری کردووم.

**باوکم**: کوڕی خۆم پێم ناخۆشە کە دەڵێی بێزار بووم خەڵکانێك هەن بە دەیان ساڵە لە حەپسخانە لە ناخۆشترین బارودۆخدا ژیان بەسەردەبەن، تۆ لە ماڵێکی وەکو ماڵی خۆت دانیشتووی بە کەمالی سەڵتەنەت، لام سەیرە کە گلەیی لە وەزعی خۆت دەکەیت، تۆ سیاسەتت کردووە نازانی سبەینێ چ دەقەومێ گۆڕانکاری لە دەقەو سەعاتدایە.

**بەندە**: قسەکان هەموو راستە، خۆ ئاشکرایە من مرۆڤێکی بە سەبرم، بەڵام هەرچۆنی تێدەفرکم ئەم شەڕە لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی نایە، هەموومان گوێمان لە قسەکانی چەند رۆژی پێشووتری (ئیمام خومەینی) بوو کە گوتی (تا چۆك بە سەدامی خوێن مژ دانەدەین ئەم شەڕە بەردەوام دەبێت)، بۆیە بەڕاستی بیرم لە چوونە دەرەوە کردووە، نازانم رای تۆ چییە.

**باوکم**: (هەندێ بە جدییەتەوە) کوڕی خۆم تۆ دوو جار لە دوو قۆناغدا چوویتە ریزی شۆڕش هیچ جارێك موعارز نەبووم ئەمە شەرەفێکی گەورەیە، بەلام ئێستاکە بارودۆخەکە گۆڕاوە، گوێت لە باوکی خۆت بێت کە لەتۆ بەتەمەنتر و بە تەجروبەترم، حاڵی حازر پێشمەرگە پێویستیی بە خەڵکی ئەفەندی نییە بچێت شوێن بگرێ خۆیان دەبینی لێقەوماون و کەم و زۆر خەڵکانی وەکو تۆ لە شارەکان دەژین، من بە درێژایی رۆژ خەڵکی باش هاتووچۆم دەکەن لە (محل)ـەکەم لە کۆیە مامەڵەی ئێران وەکو ئەوە نییە کە ئێمە دەمانەویست، خزمێکی کاك عومەر (مەبەست لە خوالێخۆشبوو عومەر عەبدوللای براگەورەی مامۆستا عەلی عبداللە)یە لەو رۆژانەدا لە ئێرانەوە گەڕابۆوە باسی ناگوزەری (بێ دەرامەتی)ی جەماعەت دەکات تۆ شەڕکەر و تفەنگ هەڵگر نیت دەبێت گەر چووی لە بارەگایەك دابنیشیت، خۆ ئەوەی دەیڵێی و دەیکەی دەتوانی لێرەش بیکەیت، چونکە قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئەوان تێدا نییە، قسەیەك، هەڵوێستێك، یارمەتی دانێك لە ناوەوە باشترە لەوەی

بچیت شوێنێك بگریت، له لایەکی دیکەوە کوڕی خۆم خۆت دەزانی تەمەنم له هەڵکشاندایه و حەفتاوپێنج ساڵم تەمەن هەیه خۆشت ئاگات له جەڵتەی دڵ و تەنگەنەفەسییەکەم هەیه که به زەبری حەب و دەرزی خۆم راگرتووه، شەو هەیه سێ بالیف (سەرین) دەخەمه پشت سەرم لەبەر هەناسه تەنگی، پاشی خۆم ئومێدم به تۆ هەیه، کوڕی خۆم بەم تەمەنه و بەم سیحەته بەرگەی حەپسخانه و زوڵمی بەعس ناگرم،بیرت نەچێت تۆ خاوەنی حەوت خوشك و پێنج برایت، ئێمەش له کۆیه دیارین، باکم به موڵك و سەروەت نییه، بەڵام خودا وەکیله رۆژی یەکەم ئەگەر چوویته ناو پێشمەرگه رۆژی دووەم وەکو ئەو خەڵکانەی که کوڕیان پێشمەرگەیه راپێچی حەپسخانەمان دەکەن، بەعس زاڵمه رەحم به کەس ناکات، چۆن خێزانێکی گەورە دەخەیته مەترسییەوە لەکاتێکدا شۆڕش پەکی به چوونی تۆ نەکردووه، من له یارمەتیدانیان درێغیم نەکردووه، تۆش به قسه و هەڵوێست دەتوانی دە جار زیاتر خزمەتیان بکەیت، ئەمه را و بۆچوونی منه، ئەوەی دیکەش کەیفی خۆته، بەڵام یەك نەسیحەتت دەکەم لەمەولا هەر هەنگاوێکت نا دوو شت مولاحەزە بکه، یەکەمیان به لێکدانەوە بزانه شەڕ و خێر لەچی دایه، دووەمیان گۆڕەپانی کوردایەتی سنووردار نییه، مەبەستم له سنوور نەبوونی کوردایەتی ئەوەیه که کوردایەتی به ناوچەیەك و به حزبێك و به هەڵوێستێك نەبەستراوەتەوە و دوا بڕیاریش بۆخۆته، بەڵام تەنها هەر خۆت لەبیر نەبێت).

ئێوارەیەکیان خوالێخۆشبوو کاکه رەسوڵ فەقێ خانەخوێم پێی راگەیاندم که به رێککەوت کاك ئاکۆی عەباسی مامەند ئاغای دیوه و له هەواڵی منی پرسیبوو، کاك رەسوڵیش پێی گوتبوو که چەند رۆژێکه گەڕاوەتەوە رانیه و له ماڵەوەیه، کاك ئاکۆش گوتبووی دێمه لای، کاك رەسوڵیش پێی گوتبوو شەو میوانی ئێمەی.

شەوی پاشتر کاکه ئاکۆ و کاکه کوردۆی برای و حاجی کاك حسێن له ماڵی کاك رەسوڵ چەند کاتێکی خۆشمان رابوارد لەنێوان قسه و باسەکاندا کاك ئاکۆ پرسیاری ئەوەی لێکردم که تا کەی ئەو (خۆ شاردنەوەم) بەردەوام دەبێت

چونکە ئەو لە ڕێگای کاك حاجی کاك حسێن دەیزانی بارودۆخم چۆنە ئەویش یانی کاك ئاکۆ پەرۆشیی خۆی نیشاندا و گوتی (من کەسی وەکو تۆم نەدیوە بەم شێوەیە ڕۆژ بەڕێ بکات) لە وەڵامدا منیش گوتم مرۆڤ هەیە بە ساڵان لە زیندان دایە کە هیچ پێویستییەکی ژیانی تێدا نییە، بەڵام ژیان بەسەر دەبات منیش ماوەیەکە کەلکەلەی چوونەدەرەوەم لە مێشکدا چەکەرەی کردووە، بەڵام هەندێ بەربەست هەیە کە ناتوانم تەجاوزی بکەم (ئەوجا لێرەدا قسەکانی نێوان خۆم و باوکمم بۆ گێڕایەوە کە چ مەترسییەك چاوەڕوانی خێزانی بە ژمارە زۆر و بەو پێگەیەی کە لە کۆیە هەمانە دەکات کە بەڕاستی نابێت مرۆڤ (ئەنانی) بێت، و چۆن من ئاسوودە دەبم ئەگەر لە بەهەشتیش بم بزانم ئەو خێزانە گەورەیە تووشی ئەو چارەنووسە نادیارە دەبن). کاکە ئاکۆ ئەوجارە ڕاشکاوانە هاتە قسە و گوتی: (کاکی خۆم هەر کاتێك ویستت و بڕیارت دا پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەیت ئەوا برای خۆت (مەبەستی لە خۆی بوو ئامادەیە تاکو ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگەت ببەم بێئەوەی تووشی هیچ ئەزیەتێك ببیت). بە هەرحاڵ شانسی چوونە دەرەوەم نەبوو، بەڵام دیسان سەرهەڵدانەوەی نەخۆشیی قۆڵۆن تەنگی پێ هەڵچنیم دیسان لەگەڵ بارام بە شێوەیەکی گونجاو بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە کە ڕێککەوتی ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٥ بوو کە تاکو ١٩٨٧/١٠/١٨ی خایاند کە دیسان وەکو جاری پێشوو لە ماڵی کاك قادری وڵاش زاوام و ماڵی کاك جەلالی حەمە عەلی ڕۆژەکانم بەسەردەبرد، ڕۆژێکیان کاك جەلال گوتی (فەرهاد مەسەلەیەك هەیە دەمەوێ بۆتی باس بکەم، بەڵام وا تێنەگەی ئێمە لە تۆ بێزار بووین ماڵی من ماڵی تۆیە و پێش ئەوەی تۆش وەڵامم بدەیتەوە من بە وەکالەتی تۆ وەڵامی تۆم بەم برادەر ڕاگەیاندووە، بابەتەکەش وەکو جەلال گوتی: کاك ئەحمەد سەلام (کە بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لەو دوو سێ مانگەی پێش ئێستا کە ئەم بیرەوەرییانە دەنووسمەوە ٢٠١٥/٤/١٤ کۆچی دوایی کرد، کاك جەلالی دیتبوو و لە کاك جەلالی زانیبوو کە ماوەیەکە خۆم شاردۆتەوە و لە سەربازی فیرارم کردووە، خوالێخۆشبوو ئەحمەد سەلامیش کە دۆستێکی دێرین و برادەرێکی دڵسۆز و بەڕێزم بوو بە

کاك جەلالی گوتبوو (کاك جەلال خۆت دەزانی من ئەفسەری یەدەگم (ضابط احتیاط) و بە حوکمی ئیشەکەم وەکو ئەفسەر ئیشراق چەند فەوجێکی خەفیفە دەکەم و ئامر فەوجەکانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ڕێزی تایبەتیم دەگرن و لە رووی ئیدارییەوە چونکە من ئیشرافیان دەکەم و بە قسەم دەکەن، حەز دەکەم بە کاك فەرهاد بڵێی کەوا ئەگەر بیەوێ لە هەر فەوجێکی خەفیفە وەرەقەی بۆ وەردەگرم بێئەوەی ئەو هاتوچۆی کەس بکات چونکە پێم ناخۆشە ئەو پیاوە (مەبەستی بەندە بوو) تووشی هیچ ناڕەحەتییەك ببێت)، کاك جەلالیش وەکو بۆی گێڕامەوە بە دەق گوتبووی بە خوالێخۆشبوو کاك ئەحمەد سەلامی گوتبوو (کاکە ئەحمەد ئەگەر فەرهاد بەتەمای وەرەقە وەرگرتن بووایە ئەو ماوەیە خۆی نەدەشاردەوە و ماڵ و منداڵی خۆی بەجێ نەدەهێشت، دەیتوانی هەر لە کۆیە وەرەقە وەربگرێت).

ئەو ماوەیەی لە رانیە و سلێمانی بووم ساڵێك زیاتری پێچوو بەتایبەتیش زۆربەی کاتەکانیش هەر لەماڵەوە بووم، گەرچی ناوە ناوە بەهۆی دۆستان و برایانی بەڕێزم کە لەپێشەوە ناوم هێناون سەریان دەدام و ناوە ناوەش دەچوومە دەرەوە بە پارێزییەوە، بەڵام هەستم دەکرد لە ماڵەوە دوورم، رێکانی تەمەن ١١ ساڵان و لانەی تەمەن چوار ساڵە کە لەگەڵ دایکیان شەوانە لە ماڵی باوکم دەمانەوە دەمزانی ئەوانیش (موعاناتیان) هەیە بۆیە بیرم لەوە کردەوە سلێمانی بەجێبێڵم و قورسایی بوونم لەو ماڵانە کەم بکەمەوە، گەرچی رۆژێك لە رۆژان هەستێکی نەرێنیم لا درووست نەببوو دەربارەی بوونی من لەوێ، بەڵام وەکو کورد دەڵێت "هەموو شت بە خوێ و خوێش بە مانا" بۆیە داوام لە کاك جەلالی حەمە عەلی کرد کە ئەوکاتە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (فیات ١٣٢ی مۆدیل ١٩٨٦) هەبوو بمگەیەنێتە هەولێر لە رێگای کەرکووکەوە چونکە نەمدەویست لە رێگای کۆیەوە بڕۆم، کاك جەلالیش وەکو پیشە هەمیشە مەردانەکەی ئۆتۆمبێلی ئامادەکرد و منیش پێناسەی (کۆمەڵەی ئابووری ناسانی عیراقی- لقی سلێمانی) بە لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ەوە کە خزمەتی سەربازی نایگرێتەوە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆمان هەڵبژارد و ناوی خوامان لێهێنا و

رۆژی ١٩٨٧/١٠/١٨ بەرەو کەرکووك و لەوێشەوە بۆ هەولێر بەڕێکەوتین، جار جار کاك جەلال بە گاڵتەوە دیگوت (دەڵەی چی تەسلیمت بکەم) ئەوجا دەیدا لە قاقای پێکەنین، کاتێ گەیشتینە پردێ چەندین (ژن و کوڕی منداڵ و کچ)ـی خانەوادەی بارزانییە ئەنفالکراوەکانمان دەدیت کە لە پیاوەکانیان لە تەمەن ١٣ ساڵان و بەرەوسەرتر لە لە قوشتەپە و هەر شوێنێکی دیکە کە هاووڵاتیی بارزانیی تێدابا بەر شاڵاوی بەد ناوی ئەنفال کەوتبوو، بە ڕێککەوت لەو ناوە تووشی ژنێکی تەمەن (٥٠) ساڵە و کچە گەنجێکی تەمەن ١٨ ساڵە هاتین کە لە رۆخی شەقامە سەرەکییەکە راوەستابوون چاوەڕوانیی ئۆتۆمبێلی کرێیان دەکرد، ئێمەش راوەستاین فەموومان لێکردن کەوا لەگەل ئێمە سوار بن و بیانگەیەنینە جێگای مەبەست کە ئەویش (قوشتەپە)یە، ئاشکراشە ئەم ژن و مێردمنداڵانە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان لەو ناوە کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی کاری بەشەرەفانەی کرێکارییان دەکرد، لە سەرەتادا ژن (٥٠) ساڵەکە لای گران بوو لەگەڵ دوو پیاو خۆی و کچی سواری ئۆتۆمبێلیان بێن، بەڵام کاتێ هاتمە قسە و پەرۆشیی خۆم بۆ راوەستانی ئەوان بەرامبەر ئەو هەتاوە گەرمە دەربڕی سەرەڕای دڵنیا کردنیان کە ئەوان خوشك و دایکی ئێمەن و وەکو بیلبیلەی چاومان پارێزگارییان لێ دەکەین، کاتێ سواری ئۆتۆمبێلەکەشمان بوون بۆ زیاتر دڵنیاییان هاتمە قسە و گوتم (بەندە و ئەو برادەرە (مەبەست لە کاك جەلال بوو) پێشمەرگەی بارزانی بووین و کاك جەلالیش برای شەهید نووری حەمە عەلییە کە سەرکردەیەکی پێشمەرگەی قارەمان بوو پاش گەڕانەوەمان شەهیدیان کرد، کاتێ لە قسەکان بەردەوام بووم هەستم کرد ژنەکە دەستی کرد بە گریان و ئێمەش کاتێ گوێمان لە گریانی ئەو بوو ئاوڕمان لێدانەوە کە لە پشتەوە دانیشتبوون فرمێسك بە چاومانەوە هاتە خوارێ و ئاخمان بۆ رۆژانی رابردوو دەڕشت کە چۆن نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ هەموومانی (بێ کەس)کرد.

لێرەدا مەسەلەیەك لەنێوانی ئەم سەفەرە دەگێڕمەوە و هیوادارم خوێنەری خۆشەویست بە خۆ رەپێشکردن و (تەمەلوق)ـی نەزانێ چونکە من لەو تەمەنە

(٦٩ ساڵ) پاش ئەو هەموو (بگرە و بەردە)یە پێویستیم بەم شتانە نییە کە خۆمی پیٚ هەڵکێشم ئەوەی کردوومە لێی پەشیمان نیم و بە ئەرکی کوردایەتی و نیشتمانیی خۆمم زانیوە کە ئەوکاتە هەر لە رۆژی بوونم بە پارتی ساڵی ١٩٦٣ خۆم بە دەروێش و مریدی ئەو رێبازە داناوە، کە پاشان لە لاپەڕەکانی پاشتردا باسی لێوە دەکەم، لێرەدا دێمەوە سەر باسەکە کاتیٚ لە رێگا لەگەڵ ئەو ئافرەتە کەوتبووینە گفتوگۆیەکی نێوان دایك و کوڕێك و دەمزانی (١٢٠) دیناری ئەو کاتە (چاپی سویسری)م پێیە، بڕیارم دا بەشێك لەم پارەیە بدەم بەم خاتوونە بەڕێز و لێقەوماوە کە تێیدا (٧٠) دینارم دەرهێنا و ئاوڕم لە ژنەکە دایەوە و گوتم (دایکی من ئەو پارەیەم لیٚ وەربگرە وەکو یارمەتی و بە کوڕی خۆتم حیساب بکە)، ژنە تەمەن پەنجا ساڵەکە کە بە سەروسیما و قسە و هەڵسوکەوت بە (شا ژنێك) دەهاتە بەرچاو گوتی (بە سەری تو پارەمان لازم نییە الحمد لله دژین بە رەنجی شانمان نان پەیدا دەکەین و گەلەك مەمنون)، بەڵام من دەستم نەکێشایەوە و بە زمانێکی جدیتر و بە دەق گوتم (دایکی من ئەو پارەی کە کوڕی خۆت دەتداتیٚ پارەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانییە گوناحە لێم وەرنەگری) کاتێك ناوی مەلا مستەفای بارزانیم هێنا جارێکی دیکە بەگوڕتر فرمێسکەکانی داباراند و پارەکەی لیٚ وەگرتم، کاتیٚ لە جێگای مەبەست کە قوشتەپە بوو دامانبەزاند و خوداحافیزیان لێکردین ئەوجا کاك جەلال کە تاکو ئەوکاتە بێدەنگ بوو هاتە قسە و گوتی (بەڕاستی تۆ پیاو و دڵسۆزی رێبازی بارزانیت رەحمەت لە گۆڕی مردووت).

کە گەیشتینە هەولێر یەکسەر بۆ ماڵی وریای برام چووین لە گەڕەکی شۆڕش بوون لەو خانووەی کە بە موڵك هی خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەری مێردی پەرژینی خوشکم بوو، وریا ئاگاداری چوونەکەم نەبوو لەو ماوەیەشدا سەردانی نەکردبووم، بەڵام من بە ناچاری رووم تێکردن چونکە پێویستیم بە جێگۆڕکیٚ هەبوو لە هەولێریش ماوەیەکی باش مامەوە، لە سەرەتادا بۆ ماوەی دوو مانگ نەمهێشت لە خوالێخۆشبوو برای خۆشەویستم جەلال خۆشناو کەسێکی دیکە بزانیٚ تەنانەت نەمدەهێشت دراوسێیەکانیش بزانن، جەلال

خۆشناو هەفتەی جارێك سەری دەدام و ناوە ناوەش پارچەیەکی لە جگەرەی (سۆمەر–رەش)ی بۆ دەهێنام و تاوێك لام دادەنیشت، پاش ماوەیەکی دیکە لە رێگای جەلال خۆشناو برایانی ئازیزم خوالێخۆشبووان (کەریم جەلال خەلیل و عیمادی مەلی کەسرە و دڵشاد شێخ نەجیب (عەمید دڵشاد) ئێواران بە درەنگەوە سەردانیان دەکرد هەندێ جاریش لەگەڵ خوالێخۆشبوو دڵشادی شێخ نەجیبەوە مامی بەڕێز عیزەتی سلێمان بەگم دەدیت و بە دیتنی کاك عیزەت زۆر شاد دەبووم چونکە هەواڵ و دەنگوباسی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانم دەزانی و هەر لە رێگای ئەویشەوە کتێبەکەی کاك مسعود بارزانی کە لەژێر ناوی (البارزاني والحركة التحررية الكوردية) کە ئەوکاتە بە (رونیو) چاپکرابوو بەدەستم گەیشت لەنێوان چەند رۆژێکدا خوێندمەوە و بۆم گەڕاندەوە، ناوە ناوەش قەبری غەریقی رەحمەت بێت لە ماڵی دڵشاد شێخ نەجیب (بەندە و کەریم جەلال و جەلال خۆشناو و حاجی کاك حسێن)یش ئامادەبوو، لەگەڵ ئەو چەند برادەرە سەرمان گەرم دەکرد، کە تێیدا گۆرانیبێژ و حەیرانبێژی هەولێری خوالێخۆشبوو (کاکە جامیلە) بە دەنگە بەسۆزەکەی حەیران و گۆرانیی بۆ دەگوتین کە خۆشەویستیی کورد و کوردستانی لێ دەتکایەوە، دانیشتنەکانی زیاتر گەرمتر و رۆمانسیانەتر دەکرد.

بەرنامەی رۆژانەم لە کاتژمێر حەوتی بەیانی دەستی پێدەکرد کە تاکو کاتژمێر (٨) بە گوێگرتن لە رادیۆ و گوێبیستی هەواڵ و دەنگوباسەکان دەبووم پاش ئەوەی وریا و خێزانەکەشی دەچوونە دائیرە ئەوسا هەڵدەستام و نانی بەیانیم دەخوارد و بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێکیش خۆم سەرقاڵی رۆیشتن دەکرد لەناو ماڵەکەدا ئەوجا ماوەیەکی باشیش خۆم بە خوێندنەوە سەرقاڵ دەکرد، نزیك کاتژمێر (١٢)ش سەرقاڵی درووستکردنی خواردنی نیوەڕۆ دەبووم چونکە دەمێکە هەر لە قۆناغی قوتابی بوونم لە زانکۆی بەغدا خۆم فێری درووستکردنی هەندێ خواردەمەنی کردبوو کاتێ وریا و خێزانی دەگەڕانەوە ماڵ دەهاتنە سەر سفرەیەکی ئامادەکراو ناوە ناوەش باوکم و پەروین و

منداڵەکانم دەهاتن و یەك دوو ڕۆژ دەمانەوە و لە ڕێگای ئەوانیشەوە ئاگاداری زیاتری بارودۆخەکە دەبووم، چەند جارێکیش لەو ماوەیەدا هەندێ لە گەڕەکەکانی هەولێر تووشی قەدەغەکردنی هاتوچۆ دەهاتن (منع التجول) بە مەبەستی بەدواگەڕان بە شوێن (مخرب و فيرار و متخلف)ـی سەربازی کاتێك هەستم بەوە دەکرد یەکسەر دەچوومە سەربان و دەرگای سەربانیشم پێوەدەدا تاکو قەدەغەکردنەکە تەواو دەبوو، پاش چوار مانگ بە ڕێککەوت د. عبدالرحمن رسول کە ئەویش مێردی بەفرینی خوشکمە (لە ڕۆژی ٢٠١٦/١/٢٦ کۆچی دوایی کرد) سەردانی ماڵی وریای کرد و منی دیت و ئەوکاتە زانی کەوا من لە هەولێرم پاش ئاشکرابوونم لای ئەو ناوە ناوە شەوانە سەردانی ماڵی ئەوانیشم دەکرد چەند شەوێکیش لای ئەوان دەمامەوە. بەم شێوەیە لە ١٩٨٧/١٠/١٨ تاکو ١٩٨٨/٧/٢ لە هەولێر مامەوە و ژیانم بەم جۆرە بەسەردەبرد.

سنەوبەری خوشکم ماڵی لە بەغدا بوو مێردەکەشی (وشيار حمد أمين حاجي أفندي) کوڕە پوری (دایکم)ـە لە بەغدا لە (بەڕێوەبەرایەتیی هەندەسە و ئیشغال) ئەفسەری ئیدارە و اعاشە بوو بە ڕوتبەی نەقیب کە پاشان بوو بە عەقید و ئۆتۆمبێلێکی (مالیبۆ)ی مۆدیل ١٩٨٦ هەبوو ڕۆژێکیان بە مەبەستی سەردانی من هاتنە هەولێر و شەو قەناعەتی پێ هێنام کەوا لەگەڵ خۆیان بمبەن بۆ بەغدا چونکە ئەو (یانی وشیار) گومان لە ماڵی ناکرێ چونکە ئەفسەرە، ئەوەبوو ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٢ لەگەڵ ئەوان چوومە بەغدا ماڵەکەیان کە بریتی بوو لە شوقەیەکی فراوان لە گەڕەکی (كرادە داخل-ابو أقلام) بوو ڕۆژانە لە ژوورەوە کە ناوە ناوە دەچوومە دەرەوە بە مەبەستی کڕینی ڕۆژنامە و گۆڤار کە لە ماڵی ئەوان نزیك بوو کاتم بەسەردەبرد، هەندێ جاریش شەوانە دەچووینە ماڵی خوالێخۆشبوو (کاك کەمال)ـی براگەورەی وشیار کە ئەندازیارێکی کۆن و لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبان سەرۆکی ئەندازیاران و ماڵی لە شەقامی (فەلەستین) بوو و جار جاریش سەردانی ماڵی خەزوورمم دەکرد لە گەڕەکی (مدينة الضباط-زيونة)، بەڵام نەمانهێشت یەك خزم و کەس لە هەردوو لا بزانن، شەوانیش تاکو درەنگانێك لە بالکۆنی ماڵی وشیار کە بەسەر شەقامی

سەرەکیی کرادە-داخلی دەڕوانی بەدەم گوێگرتن لە رادیۆ کاتم بەسەردەبرد، نزیکەی (٥٠) شەوێك بەم شێوەیە لە بەغدا مامەوە کە تێیدا ئاگربەستی نێوان عیراق و ئێران راگەیەندرا و شەڕی ٨ ساڵە کۆتایی هات تاکو رۆژی ١٩٨٨/٨/٢٤ کاتیٚ دلێری برام بە تەلەفۆن خوالێخۆشبوو (عەزیز)ی براگەورەی وشیار کە لە پەنجاکانەوە (ستودیو رتز)ی وێنەگری هەبوو لە کەڕادە ئاگاداری کردبوو کە لە کوردستان بارودۆخ زۆر سەیر گۆڕاوە حکومەت لێبوردنی داوە، بەڵام ئیعلانی نەکردووە و ئەوەی لە ماوەی چەند رۆژێك خۆی ناونووس و تەسلیم نەکات بگیرێت یەکسەر (ئیعدام) دەکرێت ئەوجا دلێر بە خوالێخۆشبوو کاك عەزیزی گوتبوو (فەرهاد با بڕیاری خۆی بدات و هەموو خەڵکانی وەکو ئەو لە کۆیە و لە شارەکانی کوردستان بە هەزاران خۆیان تەسلیم و ناونووس دەکەن).

ئەو رۆژە لە (مدينة الضباط) لە ماڵی خەزوورم (عەمیدی خانەنشین عبدالله سعید) بووم کاتیٚ کاك عەزیز تەلەفۆنی بۆ کردم و مەسەلەکەی لە زاری دلێری برامەوە بۆ شیکردمەوە، لە راستیدا مەسەلەکە منی تووشی دڵەڕاوکیٚ کرد چونکە دەمزانی پاش ١٩٨٨/٨/٨ کە تێیدا عیراق و ئێران شەڕی هەشت ساڵەیان راگرت کە ئەو شەوە من لە بالکۆنی ماڵی سنەوبەری خوشکم تا بەرەبەیان بەدیار کاروانی رێپێوانی هەزاران کەس کە لەو شەقامە سەرەکییەی کەڕادە بە خۆشی و شادییەوە پێشوازییان لەم رووداوەی شەڕ راگرتنە دەکرد، بەڵام لە راستیدا بۆ من جێگای ناڕەحەتی بوو سەرەڕای ئەوەی ئێستگەی BBC هەندیٚ را و بۆچوونی بەڕێز (مام جەلال)ـی لە دیمانەیەکدا بڵاوکردەوە کە دەڵیٚ (خەباتی چەکداریی کورد بەرامبەر حکومەتی رەفتار فاشیی بەغدا بەردەوام دەبێت)، بەڵام دیسان رووداوەکان و رۆژانی دوای رێککەوتننامە خیانەتکارییەکەی جەزائیرم هاتە یاد کە چۆن بە بیٚ پشت و پەنای وڵاتێکی گەورە و دەوروبەر چ ئاستەنگێك بۆ خەباتی چەکداریی کوردستان دروست دەبێت بە هۆکاری جوگرافیای سیاسیی کوردستانەوە، بەهەرحاڵ لەو سات و کاتە لەگەڵ خەزوورم و سیروانی کوڕی کەوتمە راوێژکردن و بڕیارماندا لە

ڕێگای بەغدا–موسڵ بگەڕێمەوە هەولێر بۆ ئەوەی لەوێ (هەولێر) بڕیاری کۆتایی بدەم.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ لەگەڵ سیروان و لە ڕێگای مووسڵەوە بەرەو هەولێر چووین، بەڵام ئەوەی لە ڕێگای بەغدا–موسڵ دیتمان بە سەدان ئۆتۆمبێلی سەربازی و بارهەڵگر و تۆپی نەمساوی بە کاروانی نەپساوەوە بەرەو موسڵ دەچوون کە هەموو نیشانەی هێرشێکی زەبەلاحی سوپای عیراقی بوو بۆ سەر کوردستان پاش ئەوەی دەستی خاڵی بوو لە شەڕی دژ بە ئێران، بە زەحمەت لە هەندێ شوێن ڕێگامان دەبڕی، ئێوارە درەنگانێك گەیشتینە هەولێر و لە ماڵی برای بەڕێز خوالێخۆشبوو (دڵشاد شێخ نەجیب)م هەڵبژارد کە رووی تێبکەین چونکە ئەوان کە خێزانەکەشی (ڕووناك خان) خوشکی برای خوالێخۆشبوو (کەریم جەلال خلیل)ی هاوڕێم بوو، سەرەڕای ئەوە دەمزانی کاك دڵشاد ئەخباری تەواو و ڕاستی پێیە، کاك دڵشاد پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و شەو بەدەم قسەوە زانیم کە لافاوی خەڵکی هەڵاتوو و دواکەوتوو لە خزمەتی سەربازی و لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی پێشمەرگەش خۆیان تەسلیم دەکەنەوە و ژمارەیەکی زۆریشیان وەکو ساڵی دوای نسکۆی ١٩٧٥ بەرەو ئێران چوون و شەڕی توندیش لە دەڤەری بادینان بەتایبەتیش بەگوێرەی هەواڵەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان بەردەوامە، کاك دڵشاد پاش ئەوەی باسی قەرەباڵغیی بەردەم بارەگاکانی حزبی بەعسی بۆ کردم کە ڕێگا بەبەر ڕێدار ناکەوێ و تا ئێوارە درەنگانێك ئەم ناوانە چۆڵ نەبوونە و خەڵکی سەرگەردانە و نازانن چی بکەن، بەڵام هەستی گشتی لای خەڵکانی وەکو بەندە لەگەڵ خۆ بەدەستەوەدانە (تەسلیم بوونە)، ئەو شەوە تا ڕادەیەك قەناعەتم بۆ ئەم مەسەلەیە روون بۆوە، هەر بۆیە شەوەکەم بە نیگەرانییەوە بەسەربرد، بەیانی زوو کاتژمێر (٦) هەولێرمان بەرەو کۆیە بەجێهێشت و کاتژمێر (٧) گەیشتینە کۆیە و یەکسەر بەرەو ماڵی باوکم چووین، کاتێ بەو بەیانییە زووە منیان لەگەڵ سیروان دیت تووشی جۆرە سەرسوڕمانێك هاتن، لە لایەك پاش دوو ساڵ و چواردە ڕۆژ کە ماڵ و حاڵم لە کۆیە بەجێهێشتبوو و گەڕاومەتەوە پاش ئەو ماوەیەی کە لە

رانیە و سلێمانی و هەولێر و بەغدام بەسەربرد دوور لە چاوان هەمووی لە پێناوی ئەوەی تووشی بەدناوی نەبم بەهۆی وەرگرتنی وەرەقەیەکی ئەفواجی خەفیفە پاش فێرارکردنم لە سوپا لە ئاکامی بڕوا نەبوون بە شەڕێك کە تەنها تەعبیری لە خەیاڵی پیاوێکی سادی و نەخۆشی وەکو سەدام حسێن دەکرد کە تێیدا دەیان هەزار گەنج و لاوی عیراقی و ئێرانی بوونە قوربانیی ئەو شەڕە شوومە بێ مانایەی کە بەرۆکی هەردوو گەلانی ئەو دوو وڵاتەی گرتبوو، لە لایەکی دیکەشەوە سەرسوڕمانی ئەوەیان بوو کە چۆن بەم شێوەیە خۆم تەسلیم بکەمەوە، باوکم زۆر نیگەران بوو و حەزی بەم جۆرە تەسلیم بوونە نەدەکرد، بەڵام کە زانی چارم ناچارە وای بە باش زانی کە لە کۆیە خۆم ناو نووس نەکەم بۆیە هەر زوو پاش نانخواردنی بەیانی یەکسەر بەرەو سلێمانی کەوتینە رێ و دەوروبەری نیوەڕۆ گەیشتینە سلێمانی و یەکسەر برای خۆشەویست و دڵسۆزم جەلالی حەمە عەلیم دیتەوە ئینجا بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو بەلای هەندێ بارەگای ناونووسین بە مەبەستی خۆ تەسلیم کردنەوە چووین کە تێیدا لەبەر قەرەباڵغی ماوەی چوونە ژوورەوەمان نەبوو تاکو ئێوارەیەکی درەنگ کە تێیدا یەکێ لەو بارەگایانە کە لە شەقامی سالم بوو خۆم ناو نووس کرد و وەرەقەی چاپکراوی ئەم مەبەستەیان پێدام کە مێژووی ١٩٨٨/٨/٢٦ی پێوەبوو کە دەبوایە لە نێوانی (١٥) رۆژدا خۆم بگەیەنمە وەحدە سەربازییەکەی خۆم کە ئەوەشیان خەمێکی گەورەتر و دژوارتر بوو، هەر ئەو شەوە بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی گەڕامەوە کۆیە و تا درەنگانێکی شەو لەگەڵ باوکم و پەروین و دایکم بەو بابەتەوە مەشغوڵ بووین و بڕیارم دا کە رۆژی دوایی ١٩٨٨/٨/٢٧ بەرەو بەغدا بکەومە رێ بە مەبەستی دیتنەوەی شوێنی وەحدە سەربازییەکەم کە (لیوای یەکی هێزی الله أکبر) بوو، پەروین لەگەڵ ئەوە نەبوو بەم زووە بۆ وەحدە سەربازییەکەم بچم چونك وەکو ئەو گوتی ئەوانەی لە دائیرەی کارەگەی پوختەکردنی تووتن کە وەکو من فەرمانبەرن و هەمان حاڵەتیان هەیە تاکو ئێستا هەر لە کۆیەن و نەگەڕاونەتەوە، بەڵام هۆکاری چوونەوەی خێرای من بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە من بە مانای وشە فێراری سەربازیم و لە هیچ فەوجێکی

خەفیفە ناو نووس نەکراوم و دەترسام ئەگەر دوابکەوم تووشی کێشەیەکی خراپتر بم چونکە ماوەی عەفوەکەی چەند رۆژێك بوو، بەیانی زوو ١٩٨٨/٨/٢٧ بەرەو بەغدا کەوتمە رێ و دەوروبەری نیوەڕۆ گەیشتمە بەغدا و یەکسەر بۆ دائیرە سەبازییەکەی وشیاری زاوام چووم تاکو لە رێگای ئەوەوە شوێنی وحدە سەربازییەکەم بزانم، ئەویش (یانی وشیار) نائب زابتێکی بەگەڵدام بۆ دائیرەی حەرەکات لە وەزارەتی بەرگری کاتێ کە چووین ئەو نائب زابتە ناسیاوێکی وەکو خۆی بە پلەی سەربازی هەبوو هەر زوو (لیوای یەکی هێزی الله أکبر)ی بۆ دیتینەوە کە لەناو خاکی ئێران لە شوێنێکە کە ناوی (چلات) بوو کە لە رێگای عمارة-علي الغربي بۆی دەچیت، ئەو شەوە لە بەغدا بووم لە ماڵی وشیار، بەڵام چ شەوێك کە تێیدا تاکە کاتژمێرێك خەو نەچووە چاوانم چونکە حیسابی ئەوەم دەکرد دەبێت پاشی دوو ساڵ و چواردە رۆژ فیراری چۆن مامەڵەم لەگەڵ بکەن، چیم پێ بڵێن، چۆن رەفتار بکەم، چی بڵێم، چونکە دەمزانی یەکێکی وەکو من وەرەقەی هیچ فەوجێکی خەفیفەم پێ نییە و (دفتر خدمە)کەم شتێکی لەم بارەیەوە تێدا نەنووسراوە کەوا لە فەوجێکی خەفیفە (نشر) کرابم بۆیە جۆرە ترسێکیشم لا درووست ببوو، بەڵام دیسان دڵی خۆمم بەوە دەدایەوە کەوا مرۆڤ هەر جارێك دەمرێت مادامەکی مردنیش شتێکی رەهایە باشتر وایە پیاوانە سەربەرزانە بمریت و رۆژێك لە رۆژان کەسێك زاتی ئەوە نەکات بە خۆم یاخود بە منداڵەکانم بڵێت بە (وەرەقەی جاشان) خۆی پاراستووە.

کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ لەگەڵ نائب زابتێك کە لای وشیار لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی کاری دەکرد و خاوەنی ئۆتۆمبێلێکی تاکسیی فیاتی ئیتاڵی بوو بە (أبو علی) بانگ دەکرا و خەڵکی کوفە بوو، بەڵام تاکو بڵێی پیاوێکی بە رەوشت بوو پێدەچوو لە حکومەت رازی نەبوو و کوردی خۆشدەویست بەدەم ریگاوە لە یەك دوو شوێن بۆ ئیسراحەت و نانخواردن رادەوەستاین، بەڵام ئەوەی هەستی منی دەبزواند ئەو کاسێتە گۆرانییە عەرەبییانە بوو کە یەك لەدوای یەك لێیدەدان کە لە راستیدا تاکو ئێستاکەش خۆشیی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە تەعبیری لە ناخی خەڵکی خوارووی عیراق

**دەكرد و ناوە ناوەش ئەبو عەلی دەیزانی باری دەروونیم ساز نییە دەنگی تەسجیلەكەی نزم دەكردەوە و رووی تێدەكردم و دەیگوت (كاكە لا تفكر لها مدبر، خليها على الله)، بەڵام من لە ناخەوە (دەكوڵام)، دەمەو ئێوارە كە هێشتا دونیا رووناك بوو گەیشتینە دەروازەی فەوجی (٣)ی لیوای (١)ی هێزی الله أكبر، كە خودی وەحدە سەربازییەكەی خۆم بوو، كاتێ دابەزیم ئەبو عەلی لە ئینزیباتی بەر دەروازەی فەوج كە راوەستابوو لێی چووە پێشەوە و یەك دوو قسەی لەگەڵ كرد ئینجا منیش دوابەدوای ئەو دابەزیم و سەلامم لە ئینزیباتەكە كرد، لەو كاتەدا ئینزیباتی دووەم لەولاوە بەدیاركەوت، كە دیم یەكسەر ناسیمەوە كە كاتی خۆی پێش راكردنم لە یەك (سريه) بووین كە ناوی (حازم یونس) بوو بە (أبو عبدالله) بانگمان دەكرد، ئەو لەپێشەوە منی نەناسییەوە، بەڵام كاتێ لێی چوومە پێشەوە گوتم (سلام عليك أبو عبدالله شلونك) نەختێ تێڕاما و ئەوجا بە دەنگێكی بەرز گوتی (أهلاً بالكاكه) و یەكترمان ماچكرد، ئەوجا أبو علی بەجێیهێشتم و ڕۆیی و منیش لەگەڵ أبو عبدالله كەوتمە قسە و لە فلینەكەی ناو خێوەتەكەی ئەولاوە هەندێ ئاوی ساردی بۆهێنام پێی راگەیاندم كە پاش دەمێكی دیكە ئۆتۆمبیلی فەوجی سێ (زيل) دەگەڕێتەوە بۆ بردنی ئازوقە ئەوكات رەوانم دەكات. نیو كاتژمێری خایاند تاكو ئۆتۆمبیلەكەی فەوجی سێ هات، بەڵام لەو ماوەیەدا أبو عبدالله پێی راگەیاندم كەوا هەندێ سەربازی راكردووی كورد دوێنێ و ئەمڕۆ گەڕاونەتەوە، بەڵام بەنسبەت فەوجی سێ من یەكەم سەربازم كە گەڕاومەتەوە.**

**لەگەڵ ئۆتۆمبێلی ئازووقە بەرەو بارەگای فەوجی سێ لە (چلات) بەڕێكەوتم، بە گەیشتنم بۆ بارەگای فەوج رەوانەی (قەڵەمی ئیدارەی فەوج)یان كردم، نیو كاتژمێرێك داینام تاكو ئەوراقی لێكۆڵینەوەیان بۆ ئامادە كردم ئەوجا منیان بردە (موقف) كە بریتی بوو لە ژوورێكی بە بلۆك دروستكراو، رووی ژوورەكەش دەرگا و پەنجەرەیەكی لە ئاسن دروستكراو بە (كەتیبە)وە بوو منیان نارده ژوورەكە و دەرگایان بە قفڵ داخست، لە راستیدا منیش زۆر ماندوو بووم و لەسەر ئەرزە چیمەنتۆیەكە راكشام و ئەو جانتا سەفەرییەی كە**

هەندێ کەلوپەلی کەمی پێویستی تێدابوو خستمە ژێر سەری خۆم و خەوم لێکەوت، وابزانم زیاتر لە دوو کاتژمێری پێچوو کاتێك بەئاگا هاتم کاتژمێر هەشتی شەو بوو کاتێ چاوم کردەوە دیتم سەربازێك لەبەر دەرگا پەنجەرە ئاسنەکەدا بەرامبەرم دانیشتبوو کاتێك هاتمە پێشەوە بە مەبەستی ناسینی دیتم فرمێسکی بەچاوانەوە قەتیس ماوە و بە دەنگێکی بەسۆزەوە و بە کوردییەکی نەختێ ناڕێك گوتی (کاکە، مەعقولە تۆ لێرە ببینم بە حەپس، چیت هەبوو لێرە، بۆ نەچوویت بۆ ئەوروپا، دونیا لەپێشت نەبوو؟!)، لەگەڵ یەکەم قسەی زانیم برادەری دێرینی سەربازی پێش هەڵاتنمە لە خزمەتی سەربازی (فیراری) کە کاتی خۆی لە سەربازگەی سنجارەوە ببووینە هاوڕێ و قسەی دڵی خۆمان بۆ یەکتری دەکرد کاتێ بە باشی یەکترمان ناسی و ناوی (محمد یونس ساقی) بوو بە رەگەز تورکمانی خەڵکی کەرکووك بوو، بەڵام ماوەیەك بوو وەکو خۆی باسی لێوە دەکرد کارگەیەکی بچووکی (مەعجونی جامی پەنجەرە)ی هەیە لە سلێمانی و کوردی خۆشدەویست تەنانەت رۆژێك لەکاتی پشووی پاش نانخواردنی نیوەڕۆ پێش فیراریەکەم کە دوو کاتژمێر بوو خەریکی خوێندنەوەی رۆمانی (برایم زەبوك)ی (عەزیز نەسین) بووم و هەندێ جار لەگەڵ خوێندنەوەیدا پێکەنینم دەهات، دیاربوو سەرنجی سەربازەکانی ناو قاوشەکەی راکێشابوو بۆیە ئێوارە کە بەرەو گۆڕەپانی تەدریب دەچووین محمد یونس ساقی هاتە تەنیشتمەوە بە دەنگێکی نزم و بە کوردییە خۆشەکە گوتی (کاکە، کتێب و شت مەهێنە ئێرە، ئەمڕۆ جەماعەتی استخبارات موراقەبەیان دەکردی و سوئالیان لە (أبو فراس کە ئەویش سەربازێکی یەدەگی بە تەمەن وەکو ئێمە بوو و خەڵکی موسڵ بوو) دەربارەی ئەو کتێبەی کە من دیخوێنمەوە ئەویش ماڵی ئاوا بێت گوتبووی (دیارە کتێبەکە کتێبی گاڵتە و نوکتەیە و لەگەڵ خوێندنەوەی پێدەکەنی).

کاتێ محمدم بەرامبەر خۆم لە دەرەوەی دەرگای حەپسخانەکە دیت و فرمێسك لە چاوانی قەتیس مابوو گوتم (قارداش ئەرەمە) یانی برا گوێ مەدەیە، ئەوجا نەختێ خورمای تازە پێگەیشتووی ئەو وەرزە و دەبەیەکی

بچووك ئاو و نەختێ پسكویتی بۆ هێنابووم و هاتە قسە و گوتی (پێش سەعاتێك خەبەرم وەرگرت كە تۆ هاتوویتەوە بەلامەوە عەجیبە تۆیان هێناوەتە مەوقف و حەپسیان كردووی، ئێستا بە رەئیس عورەفای وحدەم گوت عەفو هەیە، فەرهاد بە عەفوو هاتیتەوە بۆ لە (مەوقفتان داناوە) گوتی رەئیس عورەفاش گوتویەتی ئەمە قەراری ئامر فەوجە)، محمد تاكو سەعات (١٠)ی شەو لام دانیشت چونكە لە كاتژمێر (١٠-١٢) نۆرەی پاسەوانێتیی بوو ئەم ماوەیە قسە و باسی شەڕ و رۆژانی رابردووی بۆكردم و گوتی (واللە عنوانی تۆم نەدەزانی دەنا منیش فێرارم دەكرد چونكە هەر تۆم دەناسی كە پێشووتر سیاسەتی كردبێت و خەڵك بناسێت).

شەو درەنگانێك سەربازێكی كوردی دیكەی گەڕاوەیان هێنا و ناوی (محمد) بوو كە بەداخەوە ناوی باوكیم لەبیر نەماوە و خەڵكی یەكێ لە گوندەكانی قوشتەپە بوو، بەڵام وەكو بۆی باسكردم ئەو (یانی محمد) لە (فەوجی مەلا عوزێر) تۆماركراوە و نەشرە و وەرەقەی ئەوفەجەی هەیە، بەڵام دیسان ئەویشیان بۆلای من هێنا و شەو لەو شوێنەماینەوە. بۆ ئێوارەی رۆژی دوایی سەربازێكی دیكەش گەیشتە لامان كە ناوی (مەغدید عزیز) و خەڵكی كۆیە بوو ئەویش وەرەقەی یەكێ لە فەوجە خەفیفەكانی پێبوو، شەو كاتژمێر (١٠) هەرسێكمان بە یاوەریی ئینزیباتێكی سەربازی و بە ریز بەرەو بارەگای ئامر فەوج (أحمد عبدالرزاق أحمد العبیدی) كە روتبەی عەقید بوو چووین، محمد لە پێشەوە و مەغدید لەدوای ئەو و منیش لەپشت ئەوانەوە لە خێوەتەكەی ئامردا كەوتینە رووبەڕووی كە لەسەر كورسییەك لەپشت مێزێكی فافۆن دانیشتبوو و چاوی سوور هەڵگەڕابوو دیاربوو سەرخۆش بوو چونكە لە سنجارەوە ئەو ببوو ئامر فەوجی (٣)ی قواتی اللە أكبر، كاتێ یەك لەدوایەك كەوتینە بەرامبەری شانۆگەرییەكە بەم شێوەیە دەستپێكرد:

**عەقیدی ئامر فەوج**: رووی كردە سەربازی یەكەم محمد گوتی (ها یابە وین چنت) یانی لەكوێ بووی؟

**محمد (سەربان)**: سیدی من لە فەوجی مەلا عوزێر تۆمارم ئەمەش وەرەقەی فەوجی خەفیفە.

**ئامر فەوج**: وەرەقەکەت بینە، کاتێ تەماشای وەرەقەکەی کرد گوتی (یالله اطلع).

**ئەوجا مەغدید چووە پێشەوە و ئامر فەوجیش لێی پرسی**: ها یابە أنت وین چنت (ها تۆ لەکوێ بووی؟).

**مەغدید**: سیدی منیش لە فەوجی (...) نەشرم و چووە پێشەوە و وەرەقەی لەبەردەم ئامر دانا، ئامر فەوج ئەویشی بەڕێکرد.

ئەوجا ئامر فەوج تەماشایەکی منی کرد و پاش ئەوەی وەرەقەیەکی لەبەردەم کە لەسەر مێزەکەدا بوو خوێندەوە و بە تووڕەییەوە رووی تێکردم و گوتی:

**ئامر فەوج**: ها عونی لیش گلبت و أخذت ویاك سلاح کلاشنکوف (یانی عەونی بۆ هەڵاتی و چەکی کلاشینکۆفت لەگەڵ خۆت برد؟).

**بەندە**: سیدی من کە فیرارم کرد مۆڵەتی ئاسایی خۆم هەبوو لەماڵەوە بووم ئەمەش وەرەقەی دوا مۆڵەتم (دەستم بۆ گیرفانی سەرەوەم برد و وەرەقەکەم دەرهێنا و لەبەردەمی دامنا) و گوتم من لەماڵەوە نەخۆش بووم بۆیە نەمتوانی التحاق بە فەوجەکەی خۆم بکەم من تەمەنم (٤٢) ساڵە کاتی خۆشی بەدەلی نەقدیم داوە و شریانی لای حەوزم تەسك بووەتەوە ناتوانم بەپێوە زۆر راوەستم بۆیە نەمتوانی لە ئەرکی سەربازی بەردەوام بم و هیچ چەکیشم لانەبووە چونکە من لە بنەڕەتدا لە مۆڵەتدا بووم.

**ئامر فەوج**: ئەفەندی تۆ لە کام فەوج نەشر بووی؟ کوا وەرەقەت؟

**بەندە**: سیدی من لە هیچ فەوجێکی خەفیفە وەرەقەم نییە چونکە من نەخۆشم من ئەگەر بمتوانیایە سەربازی بکەم فیرارم نەدەکرد.

**ئامر فەوج**: بۆ لە هیچ فەوجێکی خەفیفە دەوامت نەکردووە؟

**بەندە**: سیدی کاتێ من نەتوانم سەربازی بکەم چۆن دەتوانم ئەرکی سەربازی لە ئەفواجی خەفیفە جێبەجێ بکەم بۆیە لە ماڵی خۆم دانیشتبووم.

**ئامر فەوج**: سەربازی هەلاتووی و لە ئەفواجی خەفیفەش نەشر نەبووی ئەکید چوویتە ناو یاخییەکان (العصاة)، پەیوەندیت بە کام لایەنی یاخییەکانەوە بوو؟

**بەندە**: سیدی من نەخۆشم راچێتەی دکتۆرم پێیە و لە ماڵی خۆم نەچوومەتە دەرێ و پەیوەندیم بە هیچ رێکخراوێکی یاخییەوە نەبووە.

**ئامر فەوج**: لە بەیانییەوە لێکۆڵینەوەت لەگەڵ دەکرێ بۆ دەرەوە ئەو دووانە بۆ شوێنی پێشووی خۆیان تۆش تاکو لێکۆڵینەوەت لەگەڵ تەواو دەبێت لە حانوت بمێنەوە، دەی بۆ دەرەوە، بە هەمان شێوە هاتینە دەرەوە و ئەوان بۆ شوێنی خۆیان و منیش بۆ حانوت.

کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانیی رۆژی ١٩٨٨/٨/٣٠ لە قەڵەمی فەوجی سریەی لیوای (١) بانگیان کردم بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوەی لە سەرەتادا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم سەرباز (نجم الدین عثمان) بوو کە لە قەڵەمی نهێنیی فەوج کاری دەکرد و خەڵکی هەولێر بوو و وابزانم پاش سەرکەوتنی راپەڕین لە یەکێ لە حزبە تورکمانییەکان کاری دەکرد، بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم مامەڵەی لەگەڵ من زۆر هێمنانە و لەسەرخۆ بوو هەمان قسەم دووبارە کردەوە کە شەوی پێشووتر لای ئامر فەوج کردبووم، پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە نجم الدین پێی گوتم (تۆش وەکو ئەو خەڵکە نەت دەتوانی وەرەقەیەك لە فەوجێك بهێنی! خۆت تووشی ئەم موشکلە نەکردبا) ئەم رۆژەشم تاکو ئێوارە بە ئیشوکاری حانووت بەڕێکرد و شەویش لەبەردەم حانوت (یاتاغ)ـی خۆمم لێ رادەخست و شەوم بەسەردەبرد، رۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ بەو ئەوراقەی کە لە قەڵەمی فەوج بۆم ئامادەکرابوو بە یاوەریی ئینزیباتێکی سەربازی بەسواری زیلی سەربازی کە منیان لە (بۆدی) سوارکرد بەرەو مقەڕی لیوای یەکی هێزی الله أکبر برد و لەوێش هەمان (سین و جیم) دوو سەعاتێکی خایاند و پاشان گەڕاینەوە شوێنی خۆمان، بۆ رۆژی ١٩٨٨/٩/٢ بۆ بارەگای فرقەی ٣ی هێزی الله أکبر کە تا ماوەیەکی زۆر سین جیمیان لەگەڵ کردم پێیان راگەیاندم کەوا بۆ رۆژی

١٩٨٨/٩/٦ كاتژمێر (١١) لە بارەگای فەیلەق ئامادەبم کە دوا لیژنەی لێکۆڵینەوەیە لەویٚ بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدرێت، تاکو سات و کاتی ناوبراو کاتم لە حانوت بەسەردەبرد، ئیشە گرانەکەی حانوت بریتی بوو لە دابەزاندنی (٢٥ قاڵبی سەهۆڵ) لە ئۆتۆمبێلێکی زیل بۆ ناو حانوت و ئەوجا دابەشکرنی، بەڵام پشیم بەوە خۆش بوو لەو گەرما و بیابانە ئاوی سارد و خورمای تازە پێگەییوم لیٚ نەدەبڕا.

ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٦ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی دیسان بە ئۆتۆمبێلێکی زیلی سەربازی و لەپشتی بۆدی و لەو ڕۆژە گەرمە بەرەو بارەگای فەیلەق ئەوجا قەڵەمی استخبارات ئەوجا ماوە نیو کاتژمێرێك لەبەر هەتاو رایانگرتم، نزیك کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ بوو سەربازێك بانگی کردم و بەدوایدا ڕۆیشتم، کاتیٚ گەیشتینە بەردەم چاڵێکی هەڵکەندراوی گەورەوە کە بە چەند پلیکانێکەوە بۆ خوارەوە دەچوو لەژێر خێوەتێکی گەورە بە ساردکەرەوەیەکی ئاو (مبردە) فێنك دەکرایەوە. کاتیٚ سەربازەکە منی بردە خوارەوە خۆم بەرامبەر مێز و کورسییەکی ئاسن کە نائب زابتێکی ڕەنگ ئەسمەری قەڵەوی لیٚ دانیشتبوو بە گەیشتنم سلاوێکی سەربازیم بۆکرد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدامەوە، منیش لە بەرامبەری بە حاڵەتی (استعداد) ڕاوەستام چونکە عورفی سەربازی وایە و نابێت بکەویە حاڵەتی (استریح) یان پشوودان تاکو فەرمانت پێدەکرێت، لێرەدا خوێنەری ئازیز گفتوگۆی خۆم و مائب زابتی فەیلەق وەکو خۆی دەگێرمەوە بۆئەوەی بزاندریٚ کە مرۆڤ لە سوپای عیراقی حیسابی مرۆڤی بۆ نەدەکرا.

نائب زابتی استخبارات (بە تووڕەییەوە) تەماشای ئەوراقی بەردەستی دەکرد و ناوە ناوەش سەری هەڵدەبڕی و تەماشای منی دەکرد، لەپڕ هاتە قسە و گوتی، بە (ن.ض.أ) ناوی دەبەم:

**ن.ض.أ:** ئەوەی لە گیرفانتە بیهێنە دەرەوە و لەسەر ئەو مێزەی دابنیٚ (منیش ئەوەی لە گیرفانم بوو بریتی بوو لە ١٠٠ دینار و پێناسەی کارگەی جگەرەی هەولێر-کۆمپانیای نیشتمانیی توتنی عیراق، ئەوجا دەستی بۆ

پێناسەکەم درێژکرد و گوتی پارەکەت هەڵگرە و یەکسەر پرسی (کاتیَ بوویە سەربازی یەدەگ بۆ ئەم پێناسەیەت نەگەڕاندەوە بۆ دائیرە، چۆن دەبێت سەرباز پێناسەی دائیرەی رەسمیی پێبێت، تۆ خەڵکی کوێیت؟

**بەندە:** خەڵکی کۆیسنجاقم.

**ن.ض.أ:** زۆر بە تووڕەییەوە گوتی کۆیسنجاق! ئایا خەڵکی بەشەرەفی تێدا هەیە؟ هەمووتان چەتە و یاخین، تێکدەرن من ساڵی ١٩٨٣ لە کۆیسنجاق بووم بە چاوی خۆم دیتم چۆن رێپێوانی تێکدەرانەتان دەکرد و هوتافتان دژی سەرۆکی فەرماندە سەدام حسێن خوا بیپارێزیَ لێدەدا، دەتانەویست وڵاتەکە تێکبدەن. لە ئەوراقەکانت دیارە پاش راکردنت لە سوپا لە هیچ فەوجێکی خەفیفە (نشر) نەبووی، لەگەڵ کام لایەنی یاخی و تێکدەر بووی، راست بڵیَ دەنا (لەو کاتە دەستی بۆ گۆپاڵێکی تەنیشت خۆی برد و رایکێشا بەردەمی خۆی و بەرزی کردەوە) بەو دارە پشتت دەشکێنم، دەی قسە بکە.

**بەندە:** لە کاتی قسەکانی کەوتمە حاڵەتێکی دیکەوە چونکە هەڕەشە و گوڕەشە و قسە ناشرینەکانی ترساندمی چونکە لەو شوێنە لە خودای گەورە زیاتر هیچ شتێکی دیکەم شك نەدەبرد، کوشتنیش لای ئەوان کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام دیسان خۆم تێکنەدا و کەوتمە قسە و گوتم، گەورەم (سیدی) من فەرمانبەری دەوڵەت بووم کاتیَ کە رێپێوانەکان ساڵی ١٩٨٣ لە کۆیە روویدا، من ئەو رۆژە بەڕێوەبەری دائیرەکەمان لە هەولێر بوو ئەو رۆژە من وەکیلی ئەو بووم، هەندیَ خەڵك کە لام نەناسراوبوون هاتنە دائیرەکەمان و ویستیان ئەو تووتنەی کە تێیدابوو بیسوتێنن، بەڵام من و فەرمانبەران و کرێکارانی دائیرە نەمانهێشت ئەم کارە بکەن (بۆ زانینی خوێنەر لەو رۆژە بەڕێوەبەری کارگەی پوختەکردنی تووتنی کۆیە کاك حەمیدی کاکە زیاداغا بۆ هەولێر چوبوو و بەندەی بەو وەکیلی خۆی دانا و گوتی ئاگات لە دائیرەکە بێت، نزیك کاتژمێر ١٠ی بەیانی نزیکەی (١٠-١٥) کوڕی گەنج کە کرێکارێکی دائیرەی خۆمانیان لەگەڵدابوو هاتنە ژوورەوە گوتیان تووتنی کارگە دەسوتێنین چونکە ماڵی حکومەتە، منیش زۆر بە هێمنی فەرمووم لێکردن و بانگی ناو چیمەنەکەی

پێشەوەم کردن و گوتم (کوڕینە ئەم ٢٠ هەزار فەردە تووتنەی کە لە کۆگای ئەم کارگەیەدا تاکو ئەو ساتەش موڵکی جووتیاری کوردە چونکە نرخی تووتنەکەیان تاکو ئێستا وەرنەگرتووە، ئەگەر هاتو تووتنەکەتان سووتاند ئەوەی کە زەرەرمەند دەبێت جووتیاری کوردە کە ئێوە داوای ماڤ بۆ دەکەن، پاشان ئەگەر تووتنەکە سووتا کارگەی پوختەکردنی تووتنەکەش دەسوتیٚ کە چەندین ساڵە شۆڕشی کوردستان داوای ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەکات سەرەڕای داواکردنی شۆڕش لە یەکیٚ لە داخوازییەکانی گرنگیدانە بە تووتن لە کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ئەم تووتن و ئەم کارگەیەش سووتا (١٢٠) فەرمانبەر و کرێکاری کوردی خەڵکی کۆیە سەرگەردان دەبن، لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەم و لێتان دەپاڕێمەوە واز لەم کارە بهێنن چونکە خزمەتی کورد و کوردستان ناکات، خودا وەکیلە ئەگەر بزانم سووتاندنی ئەم تووتنە و ئەم کارگەیە قازانج بە کورد دەگەیەنیٚ خۆم بەم کارە هەڵدەستم پێش ئەوەی ئێوە دەستی بۆ ببەن)، ئەوەی راستی بێت قسەکانم لەگەڵ هەڵوێستی کرێکار و فەرمانبەرانی دڵسۆزانی دائیرەکەمان بووە هۆکاری پاراستنی کارگە و تووتنەکە ماڵی ئەو چەند گەنجە ئاوا بێت کە گوێیان لە قسەکانمان گرت و قەناعەتیان هێنا و رۆیشتن). لەسەر قسەکانم بەردەوام بووم گوتم هەموو شوێنیك خەڵکی باش و خراپی تێدایە، بەنسبەت ئەوەی لەگەڵ چ لایەنێکی تێکدەر بووم، من لە ماڵی خۆم دانیشتبووم و پەیوەندیم بە هیچ گرووپێکەوە نەبوو چونکە تەمەنم (٤٤) ساڵە و نەخۆشم.

**ن.ض.أ:** دیسان بە تووڕەییەوە شەرمە بۆت، درۆ مەکە راست نەڵێی پشتت دەشکێنم، لەو ساتەشدا یاریی بە دارەکەی بەردەمی دەکرد، بەڵام لێرەدا ئەوەی چاوەڕوان نەبوو روویدا، لەو کاتەدا سەربازێك بە خێرایی لە دەرەوە هاتە ناو خێوەتەکە و گوتی (سیدی أکو بیان علی الاکراد) واتە بەیاننامەیەك دەربارەی کوردەکانەوە هەیە، نائب زابتەکەش رادیۆکەی خۆی کە لە تەنیشت تەلەفۆنە سەربازییەکەی لەسەر مێزەکە لە لای دەستە راستی دانرابوو دەستی بۆ برد و رادیۆکەی کردەوە و لەسەر ئێستگەی بەغدا کە ئەو ساتە مۆسیقای

سەرنجڕاکێشی پەخش دەکرد و پاش یەك خولەکیش بۆ چەند جارێك دووپاتی دەکردەوە کە پاش کەمێکی تر بەیاننامەیەکی گرنگ لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة) بڵاودەکرێتەوە دەربارەی لێبوردنی گشتی بۆ هاووڵاتییانی کورد، لە راستیدا هۆشێکم هاتەوە بەر و تۆزێ گەشبینی کردم، بەڵام لە جێگای خۆم نەجووڵام نائب زابت جگەرەیەکی دەرهێنا و دەستی بە کێشانی کرد و منیش کە دووکەڵی جگەرەکەم بۆ دەهات سوێم دەبۆوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت خۆزگە منیش جگەرەیەکم دەکێشا، ماوەیەکی پێچوو تاکو رادیۆ هاتە قسە و دەقی بەیانەکەی خوێندەوە کە دەقەکەیم لەبیر نەماوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو کە دەڵێ (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری لێبوردنی گشتیی بۆ هەموو کوردێك رادەگەیەنێت و دەیانبەخشێ لە هەموو تۆمەت و تاوانێك کە کردوویانە تەنها خودی جەلال تاڵەبانی نەبێت کە ئەم لێبوردنە نایگرێتەوە).

بە گوێبیستنی ئەم لێبوردنە نایشارمەوە خۆشییەکی گەورە کەوتە گیانمەوە و زانیم کە لەو سەگبابانە رزگارم دەبێت و لە رووی دەروونیشەوە کەوتمە سەر خۆ و ئامادەبووم بە شێوازێکی دیکە قسە بکەم، بەڵام نائب زابتەکە پاش تەواوبوونی دەقی بەیانەکە هاتە قسە و گوتی (گوێت لێبوو سەرۆکی فەرماندە خوا بیپارێزێ چەند بە رەحم و شەفەقەتە، چۆن هەموو هاووڵاتییانی ئەم نیشتمانە بە یەك چاو تەماشا دەکات، باش بوو ئەم لێبوردنە لەم کاتەدا دەرچوو دەنا دەبووایە تۆ دادگایی بکرێیت، دووعا بۆ سەرۆکی فەرماندە سەدام حسێن بکە خودا بیهێڵێت و تەمەنی درێژ بکات. ها تینووت نییە، فەرمانی بە سەربازەکەدا کەوا پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنێ، بەڵام پێش ئەوەی ئاوەکەم بۆ بهێنێ، گوتم:

**بەندە**: گەورەم (سیدی) کۆیسنجاق خەڵکی زۆر باش و بەشەرەفن لەوانەیە وەکو هەر شەوێنێکی دیکە خەڵکی خراپیشی تێدابێت ئەوا لێبوردنی گشتی دەرچوو، گوناحی من تەنها ئەوەیە کە وەرەقەی ئەفواجی خەفیفەم وەرنەگرتووە پاش راکردنم لە سوپا و لە ماڵ دانیشتبووم، بەڵام نائب زابت

نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم و گوتی برام (خویە) سوپاسی خودا و سەرۆکی فەرماندە بکە، رزگارت بوو، ئینجا رووی کردە سەربازە راوەستاوەکەی تەنیشتی و ئەمری پێکرد هەر ئێستا بمگەڕێنێتەوە بۆ بارەگای فەوجی سێ و پیاوەتییەکی دیکەی لەگەڵ کردم کەوا بە سەربازەکەی گوت با لە پێشەوەی زیلەکە سوار بێت چونکە دونیا گەرمە.

دەوروبەری کاتژمێر (٤)ی ئێوارە بوو کاتێ گەیشتمە بارەگای فەوجی سێ و ئەوراقەکانیان بۆ قەڵەم برد و منیش چوومەوە حانوت، بەڵام کاتژمێر (٨)ی شەو پێیان راگەیاندم کەوا خۆم کۆبکەمەوە چونکە ئەمری نەقڵم دەرچووە، لەگەڵ ئۆتۆمبیلی ئازووقە کە ئەویش زیلێکی سەربازی بوو لە بارەگای فەوجی سێ بەڕێکەوتین، پاش کاتژمێرێك رۆیشتین کە ئەوکاتە شەوێکی تاریك و تنۆك بوو ناوە ناوە ئۆتۆمبیلەکە لای (رەبییەیەك) رادەوەستا و بەشە ئازووقەی خۆیی دەدانێ و منیش یارمەتیم دەدان لە دابەزاندنی بەشە ئازووقەکە لە کۆتاییدا و لە دوا رەبییە پێیان راگەیاندم کەوا دابەزم چونکە ئەوە شوێنی نەقڵکردنی من بوو، کاتێ دابەزیم نەمدەزانی لەم دونیایە لەکوێم و بە (نائب عەریف)ـەکەم گوت ئێرە کوێیە و لەگەڵ کێ قسە بکەم، نائب عەریفەکەش یەك دوو جار هاواری کرد (حەرەس.. حەرەس) وەرن بەشە ئازووقەتان وەربگرن ئەوجا لە تاریکاییەوە سەربازێك هات و سڵاوی کرد و من و ئازووقەیان تەسلیم بەو کرد. پاسەوانەکە باشبوو لایتێکی دەستیی پێبوو منی لەسەر یاتاغێك دانا، لە قسەکردندا بە کوردی گوتی تۆش کوردی، بەڕاستی کە گوێم لێبوو بە کوردی قسە دەکات خەریك بوو لە خۆشیا بفڕم، منیش لێم پرسی تۆش کوردی، بەڵام ئەو گوتی نەخێر من تورکمانم ناوم (هاشم زەینەل عوسمان)ـە و بە (أبو هجران) بانگم دەکەن، خەڵکی کەرکووکم و یاریدەدەری دەرهێنەری هونەریم لە TV کەرکووك. ئەوجا کەوتینە قسە و ئاوی بۆ هێنام پاشان گوتی ئەگەر برسیتە نان و خورمامان هەیە.

ئەوەی لە هجران تێگەیشتم ئەو شوێنە بنکەیەکی رەشاشی چوارینە (مدفع رباعی) و هەمیشە چوار کەسی لێیە یەکێکیان ناوی (عیناد)ە و خەڵکی رمادییە

و دووەمیان ناوی (أبو علی)ـە و خەڵکی نەجەفە و سێیەمیان منم (هجران) و چوارەمیش تۆی (بەندە) کە ئەمڕۆ ئەوەی پێش تۆ لێرەبوو نەقڵ بووەتە بارەگای فەوج، رۆژی هەریەکەمان (٦) کاتژمێر واجبمان هەیە ە دوو قۆناغی سیٚ کاتژمێری. هجران داوای لێکردم کەوا یاتاغی خۆم رابخەم و لێی بنووم تاکو بەیانی چونکە ئەم شەوە واجبم بەرناکەویٚ.

لەگەڵ خۆرهەڵاتنی رۆژی ١٩٨٨/٩/٧ لەخەو هەڵسام برادەرەکان تەنها پاسەوانی گۆڕاو نەبێت دووانەکەی دیکە هەڵنەستابوون، بەڵام کاتژمێر (٧)ی بەیانی هەموومان لەناو ئەو خێوەتە گەورەیە کۆببووینەوە کە لەسەر چاڵێکی گەورەی ١٠-١٢م هەڵدرابوو دیاربوو بەیانییان هەرکەسە یاتاغی خۆی دەپێچایەوە و بە رێکی لەناو چاڵەکەدا رادەخرا، لەولاشەوە تانکییەکی (٢٠٠ لتری) ئاو کە رۆژانە دەبووایە بەشی خواردنەوەی هەرچوارمانی بکردایە لەگەڵ خۆ شوشتنی یەکێکمان، رەشاشە چوارینەکەش (المدفع الرباعی) لەپاڵ چادرکە بە دووری (١٠) مەترێك لەسەر بەرزاییەکی دوو مەتری قایم کرابو کە دەبووایە بەرۆژ هەر دوو سەعات جارێك یەکێکمان بە چەکی خۆیەوە لەپاڵ رەشاشەکە ئێشك بگرێت، شتێکی ئاساییە چوار سەربازی یەدەگ لەناو چاڵێکی داپۆشراو بە خیوەتێك دەبنە برادەر گەرچی هەریەکەمان خەڵکی شوێنێك بووین.

یەك دوو رۆژی سەرەتا بەم شێوەیەم گوزەراند ئەو ماوەیە ئاگام لە دونیای ناوخۆی کوردستان نەما لەو رۆژەی خۆم تەسلیم کردوو، بەڵام بەهۆی ئەو رادیۆ بچووکەی جۆری (سۆنی) دەمتوانی ئاگاداری بارودۆخی عێراق و جیهان ببم، ناوە ناوەش خۆمان بە یاریی (دۆمینە)وە خەریك دەکرد، رۆژی سێیەم یان چوارەم کاتێك سەرقاڵی یاریی (دۆمینە) بووین لەگەڵ پوولی دووپێنج (دوو بێش) یارییەکەم وەکو دەڵێن (قەپات)کرد و یارییەکەم بردەوە و لەگەڵ قەپاتکردنەکەدا بیٚ هیچ مەبەستێك گوتم (عاشت الجمهورية العراقية الخالدة) کە ئەم دەستەواژەیە کاتی خۆی خوالێخۆشبوو (عبدالکریم قاسم) لەپاش شۆرشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ دەیگوتەوە و برادەرانی حزبی شیوعیی

عیراقیش بەکاریان دەهێنا، کاتێ ئەو دەستەواژەیەم گوت (عیناد کە بە أبو عمر بانگمان دەکرد) تەماشای کردم و مۆڕەیەکی لێکردم لە راستیدا من مەسەلەکەم بە هەند وەرنەگرت زۆر بە ئاسایی وەرمگرت، بەڵام کاتێ چووومە دەرەوەی چاڵەکە دیتم (أبو عمر)یش بەدوامدا هات و تۆزی لە چاڵەکە بەدەم پیاسەوە دوورکەوتینەوە و کاتێ ئاوڕی لە پشتەوە دایەوە هاتە قسە و گوتی (کاکە جارێکی دیکە ئەم دەستەواژەیە بەکار مەهێنە چونکە ئەم دەستەواژەیە خوالێخۆشبوو عبدالکریم قاسم بەکاری دەهێنا من ماوەی (٦) مانگە لەم شوێنەم ئەوەی دەیزانم (هجران) تورکمانە و دیارە کوڕێکی باشە، ئاگادار بە (أبو علی) کە خەڵکی نەجەفە حزبییە (یانی بەعسییە) باوەڕ ناکەم لەم مەسەلانە تێبگات، بەڵام تۆ جارێکی دیکە ئەم دەستەواژەیە "عاشت الجمهورية العراقية الخالدة" بەکارمەهێنە چونکە تۆ کوردی و لێتان بە بیانوون، با لەسەر قسەیەك تووشی کێشە نەبیت چونکە ئێرە عەسکەرییە عەسکەری)، لە راستیدا زۆر سوپاسی (عناد-أبو عمر)م کرد لەسەر ئەو ئامۆژگارییەی کە کردمی کە زیاتر لێك شارەزا بووین و زانیم بیروباوەڕی چەپە و خەڵکی شاری رومادییە و وەکاڵەتی (تایە) فرۆشتنی هەیە و زۆر جاریش دەمدیت دەخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی دەیخوێندەوە (رۆمانەکانی جورجی زیدان) بوو کە لە (دار الهلال)ی میسری دەرچووبوو بۆیە منیش لەو ماوەیەدا کە لەوێ بووم رۆمانی (أرمانوسة المصرية)ی جورجی زیدانم خوێندەوە.

ئەو ناوچەیە کە پێیان دەگوت چلات لە ئاسمان زیاتر هیچی لێوە دیار نەبوو، خۆشی ناوچەیەکی بەتاڵ بوو لە ئاوەدانی و تەنانەت درەختێکت نەدەدیت تەنها ناوە ناوە دەعبایەکی نزیك لە رێوی کە پێیان دەگوت (حصینی) چی دیکەت تێدا بەدی نەدەکرد لە (٢٤) کاتژمێردا دوو جار ئۆتۆمبیلی ئازووقە دەهات یەکێکیان کاتژمێر ٩ی بەیانی و جاری دووەم ١٠ی شەو و لە ماوەی ئەو ٢٤ کاتژمێرەدا نیو قاڵب سەهۆڵیان پێدەداین و بەرمیلی ئاوەکەشیان بۆ پڕ دەکردین، (٢٢) رۆژی تەواو یانی تاگو ١٩٨٨/٨/٢٩ بەم شێوەیە رامانبوارد، ئێوارەیەکی درەنگ بە تەلەفۆنی سریە ئاگادار کرام کەوا هەر ئەم شەوە خۆم

ئامادە بکەم چونکە نەقڵ بووم، بەڵام نەمزانی بۆ کوێ، لە راستیدا پێم ناخۆش بوو چونکە لەگەڵ ئەو سێ کەسە راهاتبووم، زۆر پێنەچوو مولازمی سریە کە ناوی مولازم ئەمجەد بوو خەڵکی (بەسرە) بوو بە سەیارەیەکی بچووکی سەربازی بە خێرایی لایدا و پێی راگەیاندین کە هەر ئەوکاتە خۆم ئامادە بکەم و بەپێ بۆ سەرجادە قیرتاوەکە برۆم کە دوو کیلۆمەتر لە رەبییەکەی ئێمەوە دوور بوو ئەوجا لەوێش لەوانەیە خۆت و بەخت سەیارەیەك تێدەپەرێ و دەبێت بچیتە بارەگای فەوجی سێ، منیش پێم گوت گەورەم من شارەزای ئەو ناوچەیە نیم بە پێ و یاتاغ و جانتا بۆ کوێ بچم، مولازم ئەمجەدیش لە وەڵامدا گوتی (قابیلە ئۆتۆمبێلی (کادیلاك)ـت بۆ بێنم تۆ سەربازی دەی حەرەکەت بکە)، هەرچۆنێك بێت زوو خۆم کۆکردەووە و سەد جار ماڵی ئاوا بێت و خودا بیپارێزێت (عیناد–ابو عمر) برادەری تازەم گوتی تا سەرجادە قیرەکە من لەگەڵت دێم و سیلاحیش دێنم با لە رێگا (حصینی)یەك پەلامارمان نەدا، تا گەیشتینە سەرجادە سەرەکییەکە سێ چارەکە سەعاتمان پێچوو عیناد گوتی پێویستە من بگەرێمەوە، بەڵام تۆ لەسەر ئەم جادەیە حەرەکەت مەکە تاکو ئۆتۆمبیلێك دێت و بڵێ بۆ بارەگای فەوجی سێ دەچم، عیناد رۆیشت منیش یاتاغەکەم دانا و جانتا سەفەرییەکەم خستە ژێر سەرم و لێی درێژ بوو و کەوتمە گێژاوی خەیاڵ و لۆمەکردنی خۆم کە چۆن بە دەستی خۆم خۆمم تووشی ئەو رۆژە کرد و دەستم کرد بە پارانەوە لە خودای گەورە و کەوتمە دووعاکردن، چەندین جار لەگەڵ خۆم "لا إله إلا الله لا شريك له، له الملك و وله الحمد يحيي ويميت وهو على كل شيء قدير" دەخوێندەوە نزیکەی کاتژمێرێکی پێچوو پاش ئەو کاتە لە دوورەوە لایتی ئۆتۆمبێلێکم دەدیت کە لە رۆژئاواوە دەهات منیش یەکسەر هەڵسام جانتا و یاتاغەکەم لە ناوەندی جادەکە ریزکرد و خۆشم لە دووریی چەند مەترێك لە ناوەراستدا بەپێوە راوەستام، بەرە بەرە ئۆتۆمبیلەکە نزیك دەبۆوە، کە تەواو نزیك بۆوە یەك دوو جار فوول لایتی بۆ پێکردم و هۆرنێکی قایمیشی بۆ لێدام، بەڵام من دەستم بەرزکردەوە و لە شوێنی خۆم نەجووڵام، ئۆتۆمبیلەکە راوەستا و لێی چوومە

پێشەوە، بەڵام شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە سەری دەرهێنا و بە عەرەبی گوتی (یا تایە وین رایح) یانی ونبوو بۆ کوێ دەچیت، منیش لە وەڵامدا گوتم (عیني الله یخلیك رایح لمقر الفوج الثالث) یانی چاوەکەم خوا بتهێڵێ بۆ بارەگای فەوجی سێ دەچم، شۆفێرەکە لە شێوازی قسەکردنم زانی عەرەب نیم و گوتی (تۆ کوردی) کاتێ گوێم لەو رستەیە بوو خەریکبوو لە خۆشیانا باڵ بگرم و یەکسەر گوتم (بەڵێ کوردم) گوتی زووکە سورابە ئەمە دوا ئۆتۆمبیلە کە بۆ بارەگای فەوجی سێ دەچێت منیش لە فەوجی سێم، کاتێ سواری پێشەوەی زیلە سەربازییەکە بووم وامزانی سواری مارسیدس و کادیلاك بووم، برادەری شوفێریش سندووقێکی تەپەدۆری لای دەستە راستی دانابوو و پێی گوتم ئەوە ئاوی ساردە فەرموو بخۆرەوە، پاش چەندین پرسیار و وەڵام زانی کە من لە سەربازی هەڵاتووم و گەڕاومەتەوە بۆیە دەستی کرد بە جنێودان بەخۆی کە چۆن ئەویش راینەکردووە و پێنج ساڵە سەربازە ئەوجا لێی پرسیم ئەگەر هەواڵێکی خۆشم بداتێ چیی پێ دەبەخشم منیش یەکسەر (جزدان چەرمەکەم) لە گیرفان دەرهێنا و گوتم فەرموو چیی تێدایە بە نیوەیی، بەڵام زۆر مەردانە هاتە پێش و گوتی (ئەمرێکی بەپەلە چوار رۆژە گەیشتووەتە فەوج ئێوەی هەڵاتوو هەمووتان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆتان (تسریح) دەبن)، لە خۆشیانا باوەڕم نەدەکرد، بەڵام شۆفێرەکە گوتی کاکە نەقڵ بوونی تۆ بەم شەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانەیە، پێم ناڵێی تۆ خەڵکی کوێیت، لە وەڵامدا گوتم ناوم فەرهادە خەڵکی کۆیەم، کاتێ برای شۆفێر ئەوەی بیست کە خەڵکی کۆیەم یەکسەر گوتی (خەڵکی کۆیە خەڵکێکی زۆر باشن، من شاگرد نانەوا بووم لە کەرکووك لای کوڕێکی کۆیی ناوی (عزیز)ە کە بە (عەزە زەرد) دەناسرا کوڕێکی ریازی بوو و گەمەی (یاری) ئاسنی دەکرد وابزانم ئێستا لە کۆیەیە منیش ناوم (صباح)ە سلاوی لێ بکە، بەم قسانە رێگامان بڕی تاکو چراخانێکی گەورەمان هاتە پێش چاو و لە سەباحم پرسی ئێرە کوێیە، لە وەڵامدا گوتی چۆنی ناناسیتەوە ئێرە بارەگای فەوجی سێیە، کاتێ گەیشتینە بەردەم حانوت و چراخانەکە شوێنەکەم زیاتر دەهاتە بەرچاو و زۆر رووناك بوو چونکە منیش

ئەو ماوەیە گڵۆپ و کارەبا و ئاوەدانیم نەدیتبوو دەتگوت هاتوومەتە ناو شارێکی گەورە، لەگەڵ دابەزینم نزیکە (١٥-٢٠) سەربازم دیت لە گۆڕەپانی فەوج دانیشتبوون و کۆڕێکیان بەستابوو، کاتێ لێیان نزیك بوومەوە سێ چوارێکیان کە منیان بەدی کرد بە دەنگێکی بەرز هەڵسانە سەر پێ و بۆلام هاتن و ماچیان کردم، بەڵام چونکە رووناکیی گڵۆپەکان لەچاومیان دەدا لە سەرەتادا نەمناسینەوە، بەڵام لە دەنگ و قسەکانیان زانیم برادەرانی خۆمن کە هەندێکیان خەڵکی کۆیە و هەولێر و دەوروبەری بوون، بەخێرهێنانەوەی گەرمیان کردم و پرسیاری ئەوەیان لێکردم کە ئەم ماوەیە لەکوێ بووم و چیم بەسەر هاتووە چونکە وەکو ئەوان پێیان راگەیاندم ئەوە رۆژی سێیەمە ئەوان هاتوونەتەوە و لە چاوەڕوانیی مندان تاکو پێکەوە نووسراومان بۆ بکەن بۆ (مەرکەز تەدریبی هەولێر) لەگەڵ دانیشتنم نەختێ خورما و نان و ماستیان خستە بەردەمم، لە راستیدا منیش زۆرم برسی بوو بۆیە دەستم کرد بە نانخواردن، گوێم لێبوو برادەری دێرینم کە یەکێك بوو لە دانیشتووەکان کە خۆی (کریستیانی کۆیە) بوو ناوی یەعقوب ئیبراهیم مەربین بوو بە برادەرەکانی دەگوت (بەخوا فەرهاد لاواز بووە و رەشیش هەڵگەڕاوە دیارە لەژێر هەتاو بووە)، لەگەڵ تەواوبوونم لە نانخواردن چیرۆکی ئەو بیست و دوو رۆژەم بۆ گێڕانەوە کە چیم لێ قەوماوە، بەڵام ئەوان وەکو گوتیان کێشەی تۆ ئەوەبوو کە زوو گەڕاویتەوە، بەڵام وەکو ئەوان گوتیان ئێمە خۆمان لە کۆیە دواخست تا هەموو شتێکمان بۆ روون بۆوە ئەوە سێ رۆژیشە لێرەین و نووسراویشمان بە کۆمەڵ بۆ ئەو ١٢ سەربازە گەڕاوەکان کراوە لە فەوجی سێ تەنها لەسەر تۆ دواکەوتووین نەمان دەزانی تۆ لەکوێی باش بوو بە سەلامەتی تۆمان دیتەوە، ئەگەر رازی بیت هەر ئەمشەو بەپێش بێت دەڕۆین، منیش گوتم (کوڕینە ئەوە کاتژمێر ٩ی شەوە چلات بۆ رێگای سەرەکیی بەسرە-عمارە بە ئۆتۆمبیل نزیکەی کاتژمێرێکە ئەگەر بڕۆین تا بەرەبەیان ناگەینێ و دووەم کێ دەڵێ نووسراومان بەم شەوە پێدەدەن، با ئیمشەو لێرە ئیسراحەت بکەین بەیانیش خوا کەریمە، بەدەم قسەو خۆشی و لەباریی باری دەروونیمان تاکو

درەنگانێکی شەو رامانبوارد پاشان هەر لەو شوێنەدا هەر کەسەو لەسەر یاتاغی خۆی راکشا و خەوتین.

لەگەڵ دەرکەوتنی هەتاو لەخەو هەڵساین و خۆمان ئامادەکرد و نانمان خوارد ئینجا ئەم کۆمەڵەی ئێمەیان ریزکرد بە مەبەستی سەرژمێری و ئامادەکردنی نووسراوی رەسمی، بەڵام کێشەیەکمان هاتە پێش ئەویش کێشەی (یعقوب ابراهیم مربین)ی کۆیی بوو کە بە ئاین دیان (مەسیحی) بوو، زابتی قەڵەم (ملازم ثائر) خودا لەناوی دەمی بدات پێدادەگرت و دەیگوت (یعقوب تۆ مەسیحیت کورد نیت) ئەم فەرمانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة) ناتگرێتەوە، دەبێت تۆ لێرە بمێنیت، یعقوبیش جەختی لەوە دەکردەوە کە بە قەومییەت کوردە و بە ئاین دیانە، بۆ یەعقوبیش یەگجار ناخۆشبوو کە هەموو برادەرەکانی بڕۆن و ئەو بەتەنها بمێنێتەوە دوو هەندەی خزمەتە سەربازییەکەی کە رایکردووە کە دوو ساڵ بوو دەبووایە ئەگەر بمێنێتەوە چوار ساڵ خزمەتی سەربازی بکات منیش کە گوێم لەو بێنە و بگرەیە بوو لە مولازم ثائر چوومە پێشەوە و سلاوێکی سەربازیم بۆ کرد گوتم (سیدی یەعقوب لەگەڵ بەندە خەڵکی یەك شارین و لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی پێکەوە بووین و تاکو کۆلێژیشمان پێکەوە تەواوکردووە یعقوب رۆژێك لە رۆژان خۆی بە غەیرە کورد نەزانیوە و جلوبەرگ و قسە و خوێندنمان هەر وەك یەك بووە، کوردیش موسوڵمانی هەیە، و ئێزدیی هەیە، مەسیحیشی هەیە، بەڵام قەومییەتەکە هەموومان کوردین)، مولازم ثائر تاکو رادەیەك قەناعەتی هات، بەڵام گوتی تاکو (ئامر فەوج) ئیمزای نەکات نووسراوەکەتان کۆتایی نایەت، چاوەڕووان بکەن تاکو ئیمزا دەکریێ.

لە بەیانییەوە تاکو کاتژمێر (٧)ی ئێوارە ئێمە لە نێوان قەڵەم و ژووری ئامر فەوج (کە بەناخێری ئەو رۆژە چووبوو بۆ (تەفتیش)) دەچووین و دەهاتین لەوکاتەشدا هاوڕێ سەربازیم محمد یونس ساقی پێی راگەیاندم کە دەتوانیێ بە بەرتیل مولازم ثائر رازی بکات، منیش گوتم ناوی خوای لێبێنە، ئەوەبوو رەزامەندیی یەعقوبی وەرگرت (بڕێکی پارە) لەناو زەرفێکی کاغەز دانا و بۆ

ملازم ثائري بردە ژووریٚ چونکە وەکو ئەو برادەرە دەیگوت یەکیٚ لە سەربازەکانی قەڵەم پێیگوتووە مولازم ثائر بە پارە قەناعەتی دێت، خوا کردی قەناعەتی هات و وابزانم (٥٠) دیناری یەعقوبی لە تەنکەی گیرفانی نا و یەعقوبیش رزگاری بوو و بە نەتەوە بە کورد نووسرا و بڕیاری لێبوردنی گشتی و تەسریحی کوردان لە سەربازی گرتییەوە.

برادەران زۆر بەپەلە بوون ناحەقیشیان ناگرم چونکە وەکو کاك ئەمیر محمد کبابچی دەیگوت (کورە ئەوانە سەگبابن دوور نییە پاش سەعاتێك پەشیمان ببنەوە هەتا زووە با بڕۆین)، ئەم کۆمەڵە بەناو (لم و زیخ و چەو)ی ئەم ناوچەیە رێگامان گرتەبەر ماوەی نیو کاتژمێرێك بە پیٚ رۆیشتین، بەڵام لەناکاو ئۆتۆمبێلێکی زیلی سەربازی کە لە بارەگای فەوجەوە دەهات لامان راوەستا و سەری لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکە دەرهێنا و بە کوردی هاواری کرد (خێرابن سواربن) لە راستیدا وامانزانی فریشتەیە و لە ئاسمان بۆمان هاتۆتە خواریٚ و کاتێك لێی نزیك بووینەوە دیتم کاك (سەباح)ی برادەری دوێنیٚ شەومە کە لەو بیابانە فریام کەوت، برادەران هەموویان سواری بۆدی ئۆتۆمبیلەکە بوون و سەباح منی لە پێشەوە لەگەڵ خۆی دانا و گوتی ئاگام لە مشتومڕی ئێوەبوو کاتیٚ زانیم ئێوە بە پیٚ رێتان کرد منیش دەبووایە ئیمشەو کاتژمێر ٩ بچمە علی الغربی، بەڵام بە هەنجەتی زوو گەڕانەوە لێپرسراوی حانوتم قەناعەت پێهێنا کە زووتر بڕۆم، باش بوو فریای ئێوە کەوتم، مادام ئێوە تەسریح دەبن وادەزانم من تەسریح بووم. تاکو علی الغربی بردین و لەسەر جادەی گشتی دایبەزاندین وخوا حافیزیمان لێکرد، برادەرانیش یاتاغەکانیان لەسەر ئەو جادە گشتییە فڕێدا بە مەبەستی راگرتنی هەر ئۆتۆمبێلێك کە لە خەتی (بەسرە–عمارە) دێت، چەندین ئۆتۆمبیل رادەوەستان، بەڵام هیچیان شوێنیان نەبوو پاش دەمێك ئۆتۆمبێلێکی گەورە کە (منشأە)یان پێدەگوت راوەستا کە نیوەی کورسییەکانی بەتاڵ بوو شوفێرەکە گوتی (یا الله اصعدو کل واحد یطلع دینارین، بس بالکوت نوگف وببغداد ننزلکم یم باب المعظم) واتە دەی سواربن هەریەکەو دوو دینار دەرکات، تەنها لە کوت راوەستان هەیە، لە بەغداش لە باب

المعظم داتان دەبەزێنم)، خۆمان و جانتا و یاتاغمان بەسەرکەوتین و یەکێك لەو برادەرانە پارەکەی کۆکردەوە و بەڕێکەوتین، لە کوت لای چێشتخانەکانی سەر رێگا دابەزین بۆ نانخواردن، کاتژمێر نزیك دووانزەی شەو گەیشتینە بەغدا لە ناوەڕاستی باب المعظم دایبەزاندین، هەر چوار سەرباز و مأمورێکمان هەبوو، مەئموورەکەی من خوا و راستان کردی (برادەری سەربازیم و پیاوی بەوەفا و تورکمان (محمد یونس ساقی) بوو کە پێشووتر ناوم هێناوە). کە گەیشتین ئەو چوارەمان (ئەمیر شەفیق، یەعقوب، محمد قوشتەپەیی و بەندە پێکەوە بووین) ئەوان گوتیان لەژێر ئەو دارانەی باب المعظم لێی رادەکشێین منیش بە محمد یونس ساقیم گوتی من ماڵی خەزوورم لە بەغدایە دەچم سەریان دەدەم بەیانی سەعات (٥) لێرەم و بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوین، سەد جار ماڵی ئاوا بێت گوتی (فەرهاد ئەگەر فیراریش بکەیت هەر بڕۆ ئیسراحەت بکە چونکە ئەم ماوەیە زۆر موشەقەتت کێشا). کاتژمێر یەکی شەو بوو گەیشتمە ماڵی خەزوورم مدینە الظباط لە زیونە، دیتم رووناکیی نهۆمی خوارەوەی ماڵی خەزوورم هەیە زانیم نەنوستوون کاتێ لە دەرگای حەوشەوە چوومە ژوورەوە لە دەرگای (مدخل)دا دیتم (لانە)ی کچم تەمەنی چوار ساڵ و نیو بوو دەرگای کردەوە، بەڵام بە جلی سەربازی و سمێڵەوە منی نەناسییەوە و بانگی کرد (دایە وەرە پیاوێکە) دیاربوو پەروین و رێکان و لانە دوو رۆژ پێشتر بە مەبەستی زانینی هەواڵی من هاتوونەتە بەغدا، بەڵام هیچیان دەست نەکەوتبوو، زۆر نیگەران ببوون بۆیە پەروین کە منی دیت باوەشی پێداکردم و فرمێسکی لە چاوان هاتە خوار و بانگی رێکان و لانەی کرد و گوتی (وەرن باوکتانە) پاش نانخواردن و خۆشوشتن کە ماوەیەك بوو لە چلات خۆم نەشوشتبوو تەنها یەك جار دەرفەتم بۆ رەخسا بۆ خۆشوشتن ئەم چەند کاتژمێرە کە لایان مامەوە باسی رووداوەکانی رۆژانی رابردووم بۆکردن و تاکو کاتژمێر (٤)ی بەیانی مامەوە و پاشان بە سواری تاکسییەك بەرەو باب المعظم چووم بە گەیشتنم دیتم برادەرەکانم کە ئەوکاتە لێی راکشابوون کاتژمێر (٥:٣٠)ی بەیانی هەر پێنجمان بە سەیارەیەکی تاکسی بەرەو هەولێر کەوتینە رێ لە کەرکووك کاکە (محمد

یونس ساقی)ی مأمورمان داوای لێکردین نەختێ لە ماڵی ئەوان پشوو بدەین و شتێ بخۆین، لە ماڵی ئەوان کاتژمێرێك ماینەوە، نانی بەیانیی بەزۆر دەرخوارد داین ئینجا بەرەو هەولێر، کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ لە هەولێر یەکسەر بە نووسراوی رەسمی بۆ سەربازگەی هەولێر و لەوێ ناو نووسیان کردین کە تێیدا بە هەزاران سەربازی وەکو ئێمەی تێدابو کە هەموو بە لێبوردنە گشتییەکە گەڕابوونەوە کە لەنێوانیاندا بە سەدان پێشمەرگەشی تێدابوو کە پاش ١٩٨٨/٩/٦ گەڕابوونەوە. ئەو رۆژە ماینەوە گوتیان بەیانی تەسفیراتە بۆ چەند شوێنێکی دیاریکراو بە مەبەستی (إعادة تأهیل) و رێکخستنەوەی سەربازی، رۆژی دوایی بەش بەش بەپێی موالید و بەپێی شوێنی لەدایکبوون رێکیان خستین، کۆمەڵی ئێمە و سەدانی دیکەی هاوشێوەمان بەر سەربازگەی (ذیقار) کەوتین کە لە نێوان رێگای گشتیی موسڵ–تەلەعفەر نزیك بە شارۆچکەی تلەعفەر بوو و بەشێکی تریش بەر (فایدە) نزیك دهۆك کەوتن کە هەرهەمووماب بە بڕیاری ٧٣٦ و ٧٣٧ لە ١٩٨٨/٩/٦ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش عەفو کرابووین، سەربازگەی (ذیقار) کە ناوێکی عەرەبییە و ناوی گۆڕاوی پارێزگای (ناصریە)یە لەو ناوچە کوردستانییەیان نابوو کە هەزاران لاوی کوردی تەمەن نێوان (٢١–٤٢) ساڵی تێدابوو کە مولیدیان ساڵانی نێوان (١٩٤٦–١٩٦٧) بوو ئەوجا چ سەربازی دواکەوتوو (متخلف) یاخود راکردوو (هارب) یاخود پێشمەرگەی گەڕاوەی لەخۆ گرتبوو، لە مانگی ٩، ١٠، ١١ی ساڵی ١٩٨٨ لەم شوێنە (معسکر ذیقار)مان بەڕێکرد، لەنێوان تەدریبێکی ٤ کاتژمێری رۆژانەوە پاشان بە دزی و بە ئاشکرا بە خۆدزینەوە بەشێکمان بۆ تەلەعفەر و بەشێکیش بۆ موسڵ دەچوون ئەوەی بێتاقەت و بێ پارەش بوو لە معسکر دەمایەوە، ناوچەیەکی رووتەنی ناخۆش بوو، هاوین گەرم و زستانێکی سارد، بەڵام ماوەکە زۆری نەکێشا بەپێی بڕیاری ٧٣٦ی رۆژی ١٩٨٨/٩/٦ و لەبەر ئەوەی لە نەتەوەی کورد بووین لە سەربازی لە رۆژی ١٩٨٨/١١/١٨ (تسریح) کراین و لە دەفتەر خدمەکانیان تۆمار کردین، بەگەڕانەوەم بۆ کۆیە قۆناغێکی نێوان خۆشی و ناخۆشی لە دەروونمدا دروست ببوو، خۆشییەکەی

ئەوەبوو کە پاش راکردنم لە سەربازی لە ١٩٨٦/٩/٢٢ تاکو گەڕانەوە بە لێبوردنی گشتی و گەڕانەوەم بۆ سەربازی و تسریح بوون لە ١٩٨٨/١١/١٨ کە دوو ساڵ و دوو مانگ و چوار رۆژی پێچوو کە هەرهەمووی رۆژانی ناخۆشی و بەترس و دژوار بوو بۆیە کە تسریح بووم یەکەم لەم ترس و لەرزە و دڵەڕاوکێیە رزگارم بوو و گەڕامەوە ناو ماڵ و منداڵ و کەسوکارم، بەڵام ئەوەی ناخۆشبوو بارودۆخە سیاسییەکەبوو کە دەتوانم هەمان بارودۆخی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ دووبارە بۆوە، گوند و دێهات نەمابوو چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان کاول کرابوو چەندین ناوچەی ئەو کوردستانە لە شوێنە جیا جیاکان کیمیاباران کرابوو کە لەدوا قۆناغدا کارەساتی جەرگبڕی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەشی هات سەر، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەموو لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان کشابوونەوە ناو خاکی ئێران لە سەرەتادا تەنها تاك تاکە مەفرەزەی جۆراوجۆر مابوونەوە، بەڵام وەکو پێشووتر ئەو زەبر و ژمارەیان نەمابوو تاکە (سەلوا)مان رادیۆکانی شۆڕش بوون کە دڵمانی پێ خۆش بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە منیش بێ ئیش بووم چونکە لە رۆژی فیرارکردنم لە سوپا فەسڵ کرابووم تاکو پاش راپەڕین بە ساڵێك زیاتر ئەوجا گەڕامەوە.

ئەو رۆژانەی پاش (تسریح) بوونم لە سوپا زیاتر لە ماڵەوە بووم، کتێبەکانم لەملا و لا کۆکردەوە و لەدار کتێبخانەیەکی خنجیلانەم دروستکرد، چونکە پەروین تاکو کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ لە دائیرە بوو من لەماڵ بەتەنها دەمامەوە خەریکی خوێندنەوە بووم، دەتوانم ماوەی خۆشاردنەوەم کە دوو ساڵ و چواردە رۆژی خایاند لەگەڵ ئەو ماوەیەش کە لە ١٩٨٨/١١/١٨ تاکو ١٩٩٠/٣/٢٠ کە ساڵ و نیوێکی خایاند، باشترین ماوەی خوێندنەوەم بوو بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە تێیدا رۆمانەکانی (١٩٨٤) و باغچەی ئاژەڵانی (جۆرج ئۆریل) و (سیدی الرئیس) بە زمانی عەرەبی باشترین و کاریگەرترین رۆمان بوون کە ئەو دەم خوێندمەوە و زۆر جاریش کە سەفەری بەغدام دەکرد لەگەڵ ماڵەوە بۆ ماڵی باوکیان رۆژێکی تەواوم بۆ هاتوچۆی

کتێبخانەکان تەرخان دەکرد هەر لە باب الشرقی تاکو شەقامی المتنبی بە (سوق السرای)یشەوە سەرەڕای ئەوەش دەستم کراوە بوو کە لەگەڵ باوکم هەندێ جار لەگەڵی بچم بۆ (محل)ـەکەی، زۆرجاریش شەوانە سەردانی ماڵی باکمان دەکرد و من زیاتر لەگەڵ باوکم کاتمان بەڕێدەکرد چونکە تەندرووستیی باش نەبوو لای دەمامەوە، ناوە ناوەش سەفەری هەولێر و سلێمانیم دەکرد و تێیدا برادەرانی دڵسۆزم بەسەردەکردەوە و شەوچەرەی شەوانەشمان دەنگوباس و بارودۆخی سیاسیی کوردستان بوو کە تێیدا کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار و ترسناکدا تێدەپەڕی حکومەتی بەعس هەمیشە بیری لە تێکدان و گۆڕینی ناسنامەی کورد و کوردستان دەکردەوە، لەو بارودۆخەدا دەنگۆی تێکدانی شاری (کۆیە)ش پەیدابوو، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار دواخرا، بەڵام کرا بە گوند و پاشان بە ناحیە، ئەوەبوو بارودۆخی عیراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەری و قەرزاری و شکستی ئابووریی عیراق و داگیرکردنی کوێت وایکرد ئەو بیرۆکە جەهەننەمییەی کە بریتی بوو لە تێکدانی کۆیە و هەندێ شار و شارۆچکەی دیکە دوابخات لەپڕ دەنگۆی ئەوە پەیدابوو کە جارێکی دیکە دەمانگەڕێننەوە بۆ سەربازی چونکە وەکو باسیان دەکرد ئێمە عەفو کراوین، بەڵام بە هەڵە (تسریح) کراوین بەرەبەرە دەنگۆیەکە بووە راستی ئەوەبوو جارێکی دیکە وەکو لە (دەفتەری خدمە)کەم نووسراوە (ل٤٢):

**سيق إلى م.تد.م ذيقار/نينوى بموجب كتابنا ٢٦٣١ في ١٩٩٠/٣/٢٠ لعدم شموله بالتسريح بالقرار ٧٣٦ و ٧٣٧ لسنة ١٩٨٨، يخدم خدمة اقرانه بالجيش.**

**١٩٩٠/٣/٢٣**

**النقيب**

**قاسم مجيد صگيان**

**ض-ت-كويسنجق**

جارێکی دیکە رەوانەی سەربازگەی ذیقار کراینەوە و دیسان هەمان تاس و هەمان حەمام و ماوەی هەفتەیەك ماینەوە و پاشان ئەوەی دەرچووی ئامادەیی و کۆلیژەکان بووین و ناونووس کراین رەوانەی (مدرسة الشؤون الإدارية في معسكر التاجي) کراین کە تێیدا لەوێش بۆ چەند گرووپێك دابەشکراین کە من بەشی ئیداریم بە نسیب بوو نزیکەی دوو مانگێك لە سەربازگەی (التاجی) ماینەوە بە رۆژ لە کاتژمێر (٦:٣٠)ی بەیانی تاکو (١)ی پاش نیوەڕۆ لە دەورە وەکو قوتابی دەوامماں دەکرد و ئەفسەرانی ئیداری رۆژانە چوار دەرسیان پێدەگوتین، پاش نیوەڕۆش دادەبەزین بۆ ناوچەی (کاظمیة) کە نزیکتر شوێن بۆمان لە بەغدا بو تاجی، لە (کاظمیة) لە ئوتێل (الأزهر) ژوورێکمان مانگانە بەکرێگرت کە چوار کەس تێیدا دەخەوتین (ئەمیر شەفیق، ئەمیر بکر حاجی کاکە ئەمین، جەعفەر مستەفا سابیر و بەندە) باشیی ئوتێلەکە ئەوەبوو کە چوار حەمامی تێدابوو بۆ خۆشوشتن، رۆژانە کە دەهاتینەوە لە یەکێ لە چێشتخانەکانی دەوروبەری ئوتێل نانمان دەخوارد و پاشان دەهاتینەوە ئوتێل تاکو کاتژمێر ٦ی ئێوارە ئەوجا جلی مەدەنیمان لەبەردەکرد و دەکەوتینە گەڕان و سووڕان بەناو بازاڕی کاظمیة و شەوانیش لە قەراغ چۆمی دیجلەدا لە یەکێ لە چایخانە هاوینەکان دادەنیشتین و نانی ئێوارەمان بە (ئەسکەنجەبیل)ەوە دەخوارد کە جۆرە شەربەتێکە لە لە چێشتخانەکانی (کاظمیة) پێشکەش دەکرا. بەیانیانیش کاتژمێر (٥) لەخەو هەڵدەستاین و خۆمان ئامادە دەکرد و لەبەردەم ئوتێلیش نانی بەیانیمان دەخوارد کە بریتی بوو لە (کولێرەی تەنور و ماستی ژنە عەرەبەکان و چای سەر خەڵوز) ئەوجا بە سواری کۆستەر بەرەو سەربازگەی تاجی خۆت بگرە هاتین.

ماوەی دوو مانگێك ماینەوە پاش تەواوبوونی خولەکە ئێمەی دەرچووانی کۆلیژ کە لەم خولە بووین ناوونیشان (نائب عريف كاتب)یان پێبەخشین پاشان بە تیروپشك (القرعة) من و چەند سەربازێکی دیکەی کورد و عەرەب بەر (بەڕێوەبەرایەتیی تەجنیدی گشتی-مديريه التجنيد العام) کەوتین لە دائیرەی تەجنیدیشەوە دابەشکراین، شانسم وابوو بەر دائیرەی تەجنیدی (التأميم)

کەوتم بە نووسراوی ڕەسمی ڕۆژی ١٩٩١/٦/٢٠ بەرەو تەجنیدی کەرکووک چووم و لە بەڕێوەبەرایەتیی تەجنیدی ژمارە (٣) دەوامم کرد کە تێیدا لە ڕۆژی یەکەمەوە کوڕێکی کوردی کوردپەروەرم ناسی بەناوی (فتح الله فیض الله) و ماڵیشیان لە گەڕەکی ڕەحیماوە بوو چەند جارێك بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ میوانداریی کردم، کاك فتح فتح الله دەستی وێنەکێشانی هەبوو ڕۆژێك چەند وێنەیەکی ڕەش و سپیی نیشاندام کە تێیدا وێنەیەکی (بارزانی نەمر)ی کێشابوو گەرچی لە قسەکانی دەمزانی هەواداری یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە.

لە دائیرەی تەجنیدی کەرکووك ڕۆژی یەکەم چەند برادەرێکی کوردم ناسی کە ژمارەمان زۆر بوو لەوانە یاسین لە هەولێر و محمد لە دهۆك و تەها و سەربەست لە سلێمانی و چەندانی دیکە کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، زانیم کە هەندێکیان ژووریان بەکرێ گرتووە و هەندێکیشیان لە ئوتێلەکان دابەشبوون، بەندەش لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە ناوم هێناون (ئوتیل المیلاد)م هەڵبژارد کە چووینە ئوتێل ڕوانیم هەمان ئوتێلی (شەهرەزاد)ی کاکە حەمەی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردووە زۆرجار باوکم لە کۆیەوە بە سەفەر بۆ بەغدا دەچوو لە ڕێگای کەرکووکەوە شەو کە لە کەرکووك دەمایەوە دەچووە ئوتێلی شەهرەزاد، هەتا جارێکیان ساڵی ١٩٥٣ کە چاوم تووشی نەخۆشی بوو، باوکم منی بۆ بەغدا برد چونکە ڕێگای کۆیە–تەقتەق–کەرکووك ئەو سەردەمە قیرتاو نەکرابوو ڕێگاکە قوڕ و لیتە بوو ئەوکاتەش خەڵکی تەنها بە (پاسی گەورەی بۆدی دار) هاتوچۆی دەکرد، ڕۆژانی زستان کە ئەوکاتە زستان زستان بوو پاس بە نزیکەی (٦–٧) کاتژمێری پێدەچوو تا دەگەیشتییە کەرکووك بۆیە خەڵکانی وەکو ئێمە ناچار دەبوو شەو لە کەرکووك بمێنێتەوە چونکە ئەوکاتە ڕێگای کەرکووك–بەغداش هەموو قیرتاو نەبوو شەوانە زۆرجار ئۆتۆمۆبیل ڕێگای بزر دەکرد بەتایبەتیش لە ڕێگای نێوانی چیای حەمرین و دیلتاوە (خالص) کە بیابانێکی وشك و برنگ بوو، کاتێ سەرم بە ئوتێلی (المیلاد)دا کرد لە دالانەکەی پێشەوە دوو تەختی کۆن کە حەسیری خۆرمای

لەسەر راخرابوو چەندین عەرەبی عەگاڵ بەسەرم تێدا دیت لەسەر تەختەکان دانیشتبوون ئەو دیمەنە دیمەنی ئەو ئێوارە و شەوی ساڵی ١٩٥٣ بیرکەوتەوە کە ئەم ئوتێلە ناوی شەهرەزاد بوو کاکە حەمەی خەڵکی سلێمانی بەڕێوەی دەبرد شەو لە هۆڵی پێشەوەی ئوتێلەکە چەندین کەسایەتیی کوردانی شارەکانی کوردستانم تێدا دەدیت هەرهەموویان بە ویقار و جلوبەرگی کوردیی خاوێنەوە دانیشتوون و باس باسی ئەم دونیایەی تێدا دەکرا، خەمێکی گەورە دایگرتم کە بەراوردی رۆژانی رابردووی سەردەمی پەنجاکان و پاشانیش سەردەمی قۆناغی دوای رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە تێیدا سەرەڕای ئیشراقی لقی کەرکووکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانم دەکرد و سەرەڕای لێپرسراوێتیی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەو شارە دێرینەی کوردستان، تێگەیشتم کە پڕۆسەی بەدناوی تەعریب گەیشتووەتە ئوتێل شەهرەزادیش کە ناوەکەی کراوەتە (میلاد).

بەڕێوەبەری تەجنیدی کەرکووک (یونس شوکت ابراهیم) کە پلەکەی (عەمید) بوو ئاشکراشە کاتێ ئەفسەرێکی دەرەجەداری پلەی (عەمید) دەکرێتە بەڕێوەبەری تەجنید ئاشکرایە کە لای حکومەتی بەعس لەپێش و خۆشەویست نییە پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ و بێ وەی بوو رۆژی یەکەم کە دەوام کرد نائب زابتی تەجنیدی سێ وەکو عورفی سەربازی منی بردە لای ئەفسەری تەجنیدی ٣ بۆ خۆ ناسین کاتێ سڵاوێکی سەربازیم بۆکرد یەکسەر گوتی (کوڕم فایلەکەتم خوێندووەتەوە تۆ دەرچووی کۆلیژی دەبێت ئیشوکارەکانت بە رێکوپێکی رابپەڕێنی)، ئەفسەری وەحدەکەمان ناوی (رائد حمزه) بوو کە لە شەڕی ئێران و عیراق چاوێکی لە دەست دابوو تا بڵێی پیاوێکی نەوسن و بەرتیلخۆر بوو، ئەفسەری ئیدرای تەجنیدی سێ ناوی (عقید لمعی) بوو کە ئەویش بە رەگەز تورکمان بوو هەفتەی جارێك دەبووایە بچم لە کەبابخانەیەکی سەر شەقامی گشتی نزیك دائیرەی تەجنید (نەفەرێك کەباب)ی لەسەر حیسابی خۆم بهێنم، بەڵام لە راستیدا ئەوەی کە لە تەجنیدی کەرکووك بەهانام هات نائب زابتێکی عەرەبی خەڵکی تکریت بوو بەناوی (بشیر) کە بەداخەوە ناوی باوکی ئەم پیاوە

چاکەم لەبیر نەماوە کە لە سەرەتادا لە تجنید دەوامم دەکرد ئەو وەکو چاودێر وابوو بە هەر سێ دائیرە تەجنیدەکاندا ژوورێکی بەتایبەتیش هەبوو زۆرجار دەمدیت عەمید سامی مدیری تەجنید دەچووە ژوورەکەی و لای دادەنیشت لە دەوامی ئێواراندا ئەفسەری جۆراوجۆر دەهاتنە لای، رۆژێك یەکێ لە نائب زابتەکان کە خەڵکی حەویجە بوو پیکابێکی بچووکی هەبوو هەندێ (شوتی)ـی لە بێستانەکەی خۆی بۆ تەجنید هێنا ژوورەکەی ئێمە من و عەریف (تەها)ی عەرەبی دانیشتووی (دوبز) لەو ژوورەدا کارمان دەکرد کاتێ نائب زابتی حەویجەیی سێ چوار شووتیی بۆ هێنایین گوتی (یالله فرهاد گشر) یانی فەرهاد پاکی بکە، منیش داوام لە تەها کرد چەقۆیەکی گەورەم بۆ پەیدا بکات کاتێ چەقۆ هات کاغەزێکی ئەسمەری گەورەم لەسەر یەکێ لە مێزەکانی بەردەست دانا و جۆری شکاندنی شووتییەکانیشم بەو جۆرە دەستپێکرد، کاتی خۆی کە لە ناوەندی شەستەکاندا لەگەڵ بارام و خوالێخۆشبوو سەعید تەقتەقی سەردانی گوندەکانی (کانی لەلە، ئۆمەر گومبەت، گوندەکانی دەم شەرغە)مان دەکرد چونکە ئەوکاتە لەجیاتیی باوکم ئەو سەردانانەمان دەکرد چونکە ئەو حەپس بوو و دوورخرابۆوە بۆ حەپسخانەی بەغدا و کوت، رۆژێك لە گوندی کانی لەلە بە رێککەوت لە یەکێ لەو سەردانەدا لە ماڵی خوالێخۆشبوو (قادر ئاغا) بووین کە پیاوێکی میواندۆست و خۆش مەعشەر بوو کە ئەویش دەهاتە کۆیە شەو لە ماڵی ئێمە دەمایەوە، ئەو رۆژە هاوین لەخوار (ناعورەوە) کە ئاوێکی سازگاری هەڵدەکێشا قادر ئاغا کەپر و ساباتێکی خۆشی دروستکردبوو کات کاتی شووتی و گندۆرە بوو کە لەناو جۆگای ناعورەکە بە مەبەستی ساردبوونی دایاننابوو، کاتێ قادر ئاغا دەستی بۆ شووتییەکی مامناوەند برد چەقۆیەکی گەورەی هێنا و دەستی کرد بە شکاندنی شووتییەکە، بەڵام جۆر شکاندنی شووتییەکە لام جوان و سەرنجڕاکێش بوو کە ئەویش بریتیە لە پاککردنی شووتییەکە وەکو چۆن ئارو (خەیار) پاك دەکەیت یانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە پەلکی شووتییەکەی دادەماڵی پاشان پەلکی شووتییەکە لەسەر سینییەك ریز دەکرد ئەوجا شووتییە پاککراوەکەی بە

ئەڵقەی خڕ لەسەریەك دادەنا كاتێ بەندەش بەم شێوەیە ئەم چەند شووتییەم بەم شێوەیە پاك و قاش قاشم كرد زۆر بە جوانی وەكو گومبەتی لێهاتبوو و مرۆڤ حەزی دەكرد دەستی بۆ ببات كاتی نائب زابتە حەویجەییەكە ئەم دیمەنەی دیت زۆری لا سەیر بوو گوتی راوەستن كەس دەستی بۆ نەبات تاكو نائب زابت بەشیر تەشریف دێنێت، كاتێ نائب زابت بەشیر هات و بە هەموو قیافەتەوە كە خۆی پیاوێكی كەڵەگەتی قەڵەو و پێست ئەسمەر تەماشای ئەم دیمەنەی كرد گوتی (بشرفي هذا مو شغل العرب، ای من الكاكەوات مسویهه) یانی بەشەرەفم ئەمە ئیشی عەرەب نییە كام لەو كاكانە كردوویەتی، منیش گوتم گەورەم (سیدی) بەندە كردوویەتی، ئەویش یەكسەر گوتی (عاشت ایدیك) یانی دەست خۆش بێت، ئەوجا دەستكرا بە خواردنی، بۆیە دوو مانگ لەم هاوینە هەفتەی جارێك یان دوو جار ئەم بەزمە دووبارە دەبۆوە.

ئێوارەیەك لە دەوامی ئێواران (الدوام المسائی) نائب زابت بشیر بانگی كردم بۆ ژوورەكەی خۆی پاش سڵاوكردم گوتی دانیشە، بەڕاستی كەوتمە گومانەوە دەبێت بۆ بانگی كردبم كەوتە پرسیار كە ئەم شێوازەی گرتە بەر:

**ن.ض.بشیر**: فەرهاد تۆ خەڵەكی كۆیەی (كۆیسنجق)؟

**بەندە**: بەڵی خەڵكی كۆیەم

**ن.ض.بشیر**: ئێمەش لە تەقتەق و كۆیە خزممان هەیە، بەڵام بوونەتە كورد (تكريد) بوون كەسیان دەناسی؟

**بەندە**: لە كۆیە كاك عەبد جاسم كە ژنی لە كۆیە هێناوە و ژنەكەی بە خزمایەتیشەوە دەگاتە ئێمە، كاك ئەكرەمی كوڕی دەناسم كە ئەفسەرێكی پلە گەورەیە و لە تەقتەقیش مام تەلوب (طلوب) دەناسم، غازی و هاشمی كوڕی برادەرمن بەتایبەتیش هاشم لەگەڵ من قوتابی بووە.

**ن.ض.بشیر**: باشە بووینە خزم، تۆ پێشمەرگایەتیت كردووە؟ لەگەڵ كام جەماعەت بووی؟

**بەندە**: بەڵێ ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگە بووم و لە راگەیاندن كارم كردووە و ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان بووم بە سەرۆكایەتیی مەلا

مستەفای بارزانی، پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ گەڕاومەتەوە و ئێستا سەربەخۆم.

**ن.ض.بشیر**: نووسراوێکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی ڕاکێشا و گوتی (قسەکانت موتابقی نووسراوەکەی دائیرەی ئەمنی کۆیەیە) هەر سەربازێك یاخود دەرەجەدارێك دێتە تەجنید نووسراوی ڕەسمی بۆ دائیرەی ئەمنی شوێنی دانیشتنی ئەو کەسە دەکرێت، ئەمەیان وڵامی ئەمنی هەولێرە کە لە ئاکامی وەڵامی ئەمنیی کۆیە نووسیویەتی، ئێستا لە دڵەوە کام لات زیاتر خۆشدەویٚ؟

**بەندە**: وەکو گوتم من پیاوێکی سەربەخۆم و پەیوەندیم بە کەسەوە نییە.

**ن.ض.بشیر**: فەرهاد من لەو ڕۆژەی شووتییەکەم لا خواردن خۆشم ویستی تۆ پیاوێکی عەمەلیی لە شوعبەکەشت لە ئیشوکارەکانت ڕازین و پیاوێکی قورسوگرانیش دێیە بەرچاو، ئیشوکاری خۆت بکە وەکو کردووەتە هێندەشت نەماوە چەند مانگێك نەبێت کە تەمەنت دەگاتە ٤٥ ساڵ و تەسریح دەبیت، ڕۆژانی پێنج شەممە کاتژمێرێك زووتر بڕۆ کاتیٚ دەتەویٚ بگەڕێیتەوە ماڵ و ڕۆژانی شەممانیش کاتژمێر (١٠) لێرەبە.

**بەندە**: سوپاسی لوتفت دەکەم، بەڵام دەترسم ڕائد حمزە موحاسەبەم بکات.

**ن.ض.بشیر**: ئەو عەرەبانچییە ناتوانیٚ موحاسەبەت بکات، داوایەکم هەیە لێت ئەو ناوچانەی سەروو (شمال) بەناووبانگە بە توووتنی چاك و بۆندار ئەگەر ئەمجارە چوویتەوە دوو کیلۆ توووتنی باشم بۆ بکڕە و من پارەکەت ئەدەمەوە.

**بەندە**: بەسەرچاو.

لە یەکەم چوونەوەم بۆ کۆیە سەردانی (حاجی مەلا زاهیری توووتنچی)ـم کرد و داوای سیٚ کیلۆ توووتنی بۆنداری چاکم لێکرد، خۆشم بە حوکمی ئەوەی یەك کوڕی پیاوێکی بازرگانی توووتن و لۆکە بووم سەرەڕای لە ئاکامی جگەرەکێشانم و فەرمانبەری کارگەی جگەرەی توووتن بووم لە کۆیە لە توووتنم دەزانی، کاتیٚ توووتنەکەم لەناو کیسەیەکی نایلۆنی سپی و کە ئەویش لەناو توورەگەیەکی خامی سپیم هاویشتبوو بۆ بەشیرم برد، یەگجار مەمنوون بوو گوتی (ئێستا

مامەکانم دڵخۆش دەبن، پارەکەی چەندە؟) منیش گوتم گەورم (سیدی) دونیا لە دۆستایەتی و پیاوەتی جاریٚ خاڵی نەبووە، ئەم پارەیە شتێك نییە گرنگ ئەوەیە مامەکانت رازی بن.

رۆژی ١٩٩٠/٨/٢ من لە ماڵەوە لە کۆیە بووم کاتیٚ ئێزگەی بەغدا ئیعلانی چوونی سوپای عیراقی بۆناو (کوێت)ی راگەیاند کە تێیدا گوتی (قام فتیة.......

و دواجار بەناوی سەرکردایەتیی هێزی سەربازی عیراق داوای لە هەموو سەرباز و دەرەجەدار و ئەفسەرانی سوپا کرد ئەوانەی کە مۆڵەتیان هەیە لەنێوان ٢٤ کاتژمێر بگەڕێنەوە وەحدە سەربازییەکانی خۆیان، بە بیستی هەواڵەکە یەکجار کەیف خۆش بووم زانیم (بزن نانی شوانی خوارد) لەماڵەوە لەگەڵ پەروین و رێکان بیروڕامان گۆڕییەوە، بڕیارم دا عەسرەکەی ئەم رۆژە بگەڕێمەوە کەرکووك چونکە بڕیارە، هەر ئەوکاتەش چوومە بازاڕ چەند قوتوی بستەی ئێرانی (فستق) لەگەڵ دوو پارچە قوماشی ئەنگۆرەی ئێرانیم کڕی کە بۆ ن.ض.بشیری بەرم کاتیٚ کاتژمێری شەشی ئێوارە گەیشتمە کەرکووك یەکسەر چوومە تەجنید دیتم (بشیر) بەتەنها لەبەردەرگای تجنید کە گۆڕەپانێکی نەختیٚ فراوان بوو پیاسەی دەکرد، کاتیٚ سڵاوی سەربازیم لێکرد یەکسەر گوتی (أهلاً بالکاکە الملتزم، گلی شنو الاخبار یمکم) یانی ئەهلەن بە کاکی پابەند، پێم بڵیٚ لای ئێوە چ باسە؟ منیش لە وەڵامدا گوتم دەنگوباسەکان بەلاغەکانی رادیۆیە کە باسی لە وردەکاریی ئازادکردنی کوێت دەکات، بەڵام ن.ض.بشیر لە دەموچاوی دیاربوو کەیف خۆش نەبوو گوتی (بیناتنا اکلناها) یانی نێوانی خۆمان بێت تێکەوتین. منیش ویستم بابەتەکە بگۆڕم گوتم (گەورەم (سیدی) هەندیٚ دیاریی ئێرانیم بۆ هێناوی، بەڵام نەمزانی لێرەی لە ئوتێل دامناوە، بچم ئێستا بۆتی بهێنم؟)، لێرە (ن.ض بشیر) بانگی سەربازە پاسەوانەکەی کرد و گوتی کەمێکی دیکە دێمەوە، بڕۆ بانگی عەریفی ئێشگر (خفر) بکە با سەعات و رۆژی ئیلتحاقی فەرهاد بنووسیٚ، ئەوجا بە ئۆتۆمبیلەکەی کە جۆری (کرۆنا)ی مۆدیل ١٩٨٤ بوو بەرەو ئوتێل میلاد

چووین و دیارییەکانم دایە دەستی و یەگجار ممنون بوو، بە خواحافیزی لەو یەکسەر بەسواری تاکسییەك بووم و چوومە ماڵی هاوڕێی خۆشەویستم (لازار خۆشۆ یوسف) لە گەڕەکی (غرناطة) کە خانووەکانی کۆمپانیای نەوتی شیمال بۆ فەرمانبەرانی خۆیی دروستکردبوو خێزانەکەی کاك (لازاریش) فەرمانبەری نەوتی شمال بوو ئەم شەوە تاکو درەنگانێك بەدیار تەلەفزیۆن لەسەر مێزی خواردن و خواردنەوە کاتمان بەسەربرد شەو درەنگانێك کاك لازار بە ئۆتۆمبێلەکەی کە جۆری (لادا) ڕەنگ سپی بوو منی گەیاندەوە ئوتێل میلاد، ناوە ناوەش سەردانی هاوڕێی دێرینم عبدالموجود نورالدینم دەکرد لە دوکانەکەی کە لە بازاڕی ناوچەی (جۆت قاوە) بوو کە ئەویش هەوادارێکی دڵسۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو چەند جارێکیش سەردانی ماڵی کاك شێرزاد کوڕی مامۆستا ملا حمد أمین رۆژبەیانی برای گەورەی شەهید مەلا جەمیلی رۆژبەیانیم دەکرد کە سەرەڕای ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو خانەوادەیە مامۆستا شێرزادی کوڕی مەلا حمدأمین کچێکی پووری من (ئەختەر) هاوسەری بوو کە باوکی ئەختەریش مەلا فتاحی رۆژبەیانیی خزمی ئەوان بوو، یەك دوو جاریش شەو لە ماڵیان دەمامەوە و هەمیشە چێژم لە قسەکانی مامۆستا ملا حمد أمین رۆژبەیانی و شێوازی ئامادەکردن و لێنانی قاوەی تاڵ بوو کە بو جۆرێك ئامادەی دەکرد مرۆڤ حەزی دەکرد بەدیارییەوە دابنیشێ و قاوە لە دەستی ئەو بخواتەوە.

لەگەڵ گەورەبوونی کێشەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن رای گشتی بە حکومەتەکانیانەوە لە پێشەوەشیان ئەمەریکا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە عەرەبییەکان کە هەرهەوویان لە یەك بەرە دژی عیراق هەڵوێستیان وەرگرت، لەم سەروبەندەدا ناوە ناوە فشار لەسەر کارمەندانی دائیرەی تەجنید درووست دەبوو لە دوو لاوە یەکەمیان سەرەڕای دەوامی بەیانیان تاکو کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ ئێوارانیش لە پێنجەوە تاکو کاتژمێر هەشتی شەو دەوامماندەکرد چونکە رۆژانە بەهۆی ئامادەکردن بۆ شەڕ سەرباز ناونووس دەکران و رێك دەخران، دووەمیان ناوە ناوە ئەفسەری تەوجیهی سیاسی تاك

تاك و به كۆمەڵ داوای بەحزبی بوونی كارمەندانی دەكرد، بەڵام بۆ خودا دەیڵێم لەو ماوەیە (٧٩) سەربازی كورد بە جیاوازیی پلە سەربازییەكانیانەوە لە سەرباز تاكو عەریف هەرهەموویان نەچوونە ژێر باری بە بەعس بوون و هەریەكە بۆخۆی حوجەیەكی دەدیتەوە كە خۆی پێ دەرباز بكات و ناوە ناوەش (ن.ض بەشیر) داوای كەلوپەلی ئێرانی لە قوماش و بستە و سەماوەری نەوت و شتی تری دەكرد و منیش ئەوەی هەبووایە بۆم دەهێنا، بەڵام لە سەرەتای مانگی ١٢یساڵی ١٩٩٠ رۆژێك ئەفسەری هەواڵگری (ضابط استخبارات) بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەجنید كە لە بەغداوە هاتبوو و پلەكەی (نەقیب) هەمووی كۆكردینەوە و راستەوخۆ گوتی (دەبێت هەمووتان ببن بە حزبی (یانی بەعسی) و ئەوەی نابێتە حزبی خۆی ئامادە بكات بۆ كوێت نەقڵ دەكرێ) كاتێ لە قسەكانی بووەوە كە سووكە موحازەرەیەك بوو گوتی (كێ لە ئێوە رازییە بچێتە حزبی سەركردەوە؟) لەو ٧٩ سەربازە كەسێك ورتەی لێوە نەهات، پاشان گوتی (دیارە هەمووتان رەزامەندیتان لەسەرە بێنە ریزەوە، بەڵام كێ رازی نییە كە ئەو شەرەفە وەرگرێ) لە وەڵامدا من بە ترسەوە گوتم (گەورەم من ناتوانم ببم بە حزبی) ئەویش زۆر بە تووڕەییەوە گوتی (ملت بشكێ بۆ ناتەوێ ئەو شەرەفە وەربگری؟) منیش گوتم گەورەم یەكەم تەمەنم لەو رۆژانە دەبێتە ٤٥ ساڵ و تەسریح دەبم و دووەمیان سەرۆكی فەرماندە دەڵێ (هاووڵاتیی چاك بەعسیی چاكە) لێرەدا نەیهێشت قسەكانم تەواو بكەم و گوتی (خۆت ئامادە بكە بۆ كوێت لەنێوان دوو رۆژدا ئەمرت دەردەچێ)، منیش تەنها ئەوەندەم گوت (گەورەم من سەربازم جیاوازیی ئێرە و كوێت نییە بەلای منەوە). كاتێ ناوی نووسیم بەڕاستی نیگەرانی دایگرتم، بەڵام دڵی خۆم بەوە دایەوە كە ئێستاكە (سەدان و هەزاران كەس لە حەپسخانەكانی رژێم بە بڕیاری چەند ساڵ زیندانی و یاخود حوكمی هەتا هەتایی یان فەرمانی ئیعدامیان بۆ دەرچووە، بەڵام چونكە بڕوایان بە كێشەی میللەتی خۆیان هەیە و دڵسۆزی بیروباوەڕی خۆیانن خۆیان راگرتووە و سەرەڕای ئەوەش سوپایەكی بێشوماری عیراق لە كوێت جێگیر بووە ئەگەر منیش نەقڵی كوێتم بكەن چیم لێ دێ خۆ من لەو هەموو

خەڵکە زیاتر نیم، حەیفە مرۆڤ بە سەربەرزی نەژی). سەربازە کوردەکانی برادەرم سەرزەنشتیان کردم و دەیان گوت خۆ بەعس بوونەکە تەنها ناو نووسینە و کاتیَ کە تسریحیش دەبین هەموو شت تەواو دەبێت. لە وەڵامدا گوتم هەرکەس بە قەناعەتی خۆی بەڕێوە دەچێت (کویێت)ەکە بۆ من چاترە. بۆ رۆژی دوایی (ن.ض.بشیر) هاتە ژوورەکەی ئێمە و لێی پرسیم (فەرهاد تۆ بۆ نابیت بە حزبی) منیش قسەکەیم زۆر لا ناخۆش بوو چونکە بە پشت و پەنای خۆمم دادەنا بۆیە لە وەڵامدا هەمان قسەکانی کە لە کاتی کۆبوونەوەکەی رۆژی پێشووتر کردم بەرامبەر ئەفسەری هەواڵگری دووبارەم کردەوە. دەترسام بەشیر پێداگری بکات، بەڵام ئەو جارە ئیشارەتی بۆ کردم کەوا دابنیشم چونکە کە ئەوهات لەبەری راستبوومەوە وەکو عورفی سەربازی، کاتیَ من دانیشنم ئەویش لەولاوە لە نێوان مێزەکەی من و عەریف تەها دانیشت و بەدەق گوتی (فەرهاد تۆ لە شوێنی خۆت دەمێنیتەوە، دوێنیَ شەو کاتیَ ئێمە کۆبوونەوەمان لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد بە ئەفسەری هەواڵگریم (گوت فەرهاد سەربازێکی چاکە چەند رۆژێکی ماوە تسریح دەبێت دیارە بارودۆخی تایبەتیی هەیە و خەڵکی ناوچەی (کۆیە)یە کە هەمیشە (تێکدەر–مخرب) مەبەستی پێشمەرگە بوو لەو ناوچانە هەن و نایەویَ تووشی کێشە بێت و قەناعەتم بە ئەفسەری هەواڵگری هێنا کە لێرە بمێنیتەوە، ئەمڕۆ نیوەڕۆش خواردنی ٧ ئەفسەر لەسەر تۆیە کە بو کاتژمێر (٢) برۆ حەوت نەفەر کەبابمان بۆ بهێنە). بەڕاستی ئاهێکم هاتەوە بەر بەقەدەر دونیایەك سوپاسیم کرد، ئێستاکەش ئارەزوومەندم لە هەر بارودۆخێکدا بێت ئەگەر بیدۆزمەوە چاکەی ئەو پیاوە خاوەن ئەو پیاوەتییە بدەمەوە. برادەرێکی هەولێرم کە ئەو کاتە لەگەڵم سەرباز بوو لە تەجنیدی کەرکووك و پێکەوەش لەگەڵ دوو برادەری دهۆکی کە هەر چوارمان ژوورێکی گەورەی ئوتێل میلادمان بەکریَ گرتبوو پاش راپەڕین کاتیَ سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی بووم بە سەردان هاتە لام و پاش ماوەیەك گوتی (کاك فەرهاد تێگەیشتم کاتی خۆی بۆ نەبوویتە بەعس لەنێوان ئەو هەموو سەربازە کوردە لە کەرکووك بۆم بەدیارکەوت ئەوکاتە بیرت لەو رۆژەی ئێستا دەکردەوە و بڕوات

به خۆت و بیروباوەڕەکەت هەبوو) ئەو برادەرەمان وەکو گوتم هاوڕێ ئەو چەند مانگەی سەربازیم بوو لە تەجنیدی کەرکووك و کوڕێکی باش و بە رەوشت بوو لە سایەی خودا و راپەڕینیشەوە ئێستاکە راوێژکارە لە یەکێ لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە سەرەتای مانگی ١ی ساڵی ١٩٩١ پێم راگەیەندرا کە ناوم لە جەدوەلی (تسریح)دا هەیە چونکە من تەمەنم گەیشتووەتە (٤٥) ساڵ (١٩٤٦-١٩٩١) بەپێی یاسای ژمارە ٦٥ی ساڵی ١٩٦٩ کە تەمەن بۆ سەرباز دەگەیشتە ٤٥ ساڵ تسریح دەبوو.

رۆژی ١٩٩١/١/٥ بە فەرمی تسریح کرام و ئەو رۆژە بە تەواوی ئیشوکارەکانی خۆمم تەواکرد و چوار رۆژیان مۆڵەت دامێ تاکو مامەڵەی تسریحەکەم لە ئەوامری بەشی دووەم (اوامر القسم الثاني) بڵاو دەکرێتەوە و پێیان راگەیاندم کەوا رۆژی ١٩٩١/١/١٠ سەردانی کەرکووك بکەمەوە بۆ ئەوەی (دفتر خدمە)کەم وەربگرمەوە.

لەنێوانی ١/٥-١٩٩١/١/١٠ هێرشی راگەیاندن لە زیادبووندا بوو لە ماوەی ئەو پێنج رۆژە لە کۆیە بە قەلەقی دەژیام چونکە دەفتەری خدمەکەم لە دائیرەی تەجنیدی کەرکووك بوو بۆیە پاش نیوەڕۆی ١٩٩١/١/٩ بەرەو کەرکووك بەڕێکەوتم شەو لای برادەرانی دێرینی خۆم بووم لە ئوتێل میلاد بۆ بەیانی لەگەڵ برادەران بەرەو تەجنید شۆڕبووینەوە، بەڵام من بە جلوبەرگی مەدەنی تەواو رێك و پێك لەگەڵ جانتایەکی قەبارە مام ناوەندی کە لە سەرداری برای پەروینی خێزانم بە دیاری بۆی ناردبووم کە ئەو کاتە وەکیلی کۆمپانیای (باتا) بوو لە بەغدا، کاتێ چوومە لای بەڕێوەبەر (عەمید یونس شوکت ابراهیم) لە سەرەتا منی نەناسییەوە، بەڵام زوومن خۆم بە سەلامێکی مەدەنیانە پێشکەش کرد، گوتی کوڕم دابنیشە چایەك لای من بخۆرەوە. ئەمەش دەفتەر خدمەکەت پیرۆزە، بەڵام پێم بڵێ تۆ ئەم جانتا ناسکەت لەکوێ دەستکەوتووە منیش گوتم (گەورەم ژن برایەکم وەکیلی باتایە لە بەغدا ئەوەی بۆی ناردووم، ئەمر بکە کیسەیەکی نایلۆنم بۆ بهێنن تاکو ئەو کەلوپەلەی خۆمی تێبکەم و جانتایەکەش

به دیاری وەکو یادگار بۆ جەنابتی بەجێبهێڵم. چونکە من دەستم دەکەوێتەوە. جەنابی مودیریش یەکسەر قبوڵی کرد و گوتی (بارك الله یا ابنی و هاك دفتر الخدمە مالك و دیر بالك عیلهە. (لەو رۆژەوە تاکو رۆژانی کە ئەم بیرەوەرییانە دەنووسم (٢٠١٥/٤/٢٤) ئەو دەفتەر خدمەیەم پاراستووە وەکو خۆی لەگەڵ یەکەم پاسپۆرتم کە هەمیشە لە رۆژە ناخۆشەکانی شەڕی ناوخۆش لە گیرفانمدا بوو لە زیاد هەموو شتێکی دیکەی بە نرخ پاراستبووم چونکە شاهیدی رۆژانێکن کە پڕن لە خۆشی و ناخۆشی و خۆڕاگرتن).

رۆژی ١٩٩١/١/١٠ کە رۆژێکی سارد بوو و کزە بایەکی ساردیش دەهات کاتێ دائیرەی تەجنید لە کەرکووك هاتمەدەرەوە، بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو ئەو پیاوەی کە فریادرەسم بوو لە تەجنیدی کەرکووك (ن.ض.بشیر) لە ئیجازە بوو، بۆیە منیش پێش دەرچوونم بە نامەیەکی پڕ لە وەفاداری و بەوپەڕی رێزەوە بۆم نووسی کە تێیدا خوداحافیزیم لێکرد سەرەڕای سوپاسێکی بێپایان و ناوونیشانی خۆشم بۆ نووسی ئەگەر هات و رۆژێك لە رۆژان ئیشێکی بە من بکەوێت. لە کەرکووکەوە بەرەو بەغدا کەوتمە رێ چونکە پێویستیم بە دکتۆر و سەردانی کتێبخانەکانی بەغدا هەبوو تاکو ١٩٩١/١/١٥ لە بەغدا مامەوە ئەوجا کۆیەی خۆشەویست خۆت بگرە هاتمەوە، بەڵام لە چ بارودۆخێك کە پیاوانی رژێم و چڵکاوخۆرەکانی هار ببوون بەهۆی ئەو راگەیاندنە توندوتیژەی کە ئاراستەی عیراق دەکرا کە ئەویش گورزی توندی بەدوادا دێت، ئەوەبوو شەوی ١٩٩١/١/١٧ هاوپەیمانان یەکەم گورزی ئاسمانیان لە بەغداوە وەشاند و بارودۆخەکە گۆڕدرا لێرەدا چونکە بە بەردەوامی گوێم لە رادیۆکانی شۆڕشی کوردستان دەگرت هەستم بە گۆڕانی شێوازی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بەتایبەتی لە دەنگی کوردستانی عیراق پاش ماوەیەك کە جۆرە پلانێکی هێرشکردنە سەر عیراقی پێوە دیار بوو کە پێشووتر خۆی لێ دەپاراست و بەم شێوە راستەوخۆیە هەڵوێستی وەرنەگرتبوو کە ئەویش لە ئاکامی ئەو سیاسەتەوە هاتبوو کە کورد بەوە تۆمەتبار نەکرێت کە دوژمنی خاك و گەلی عیراقە نەك رژێمی بەعسی خوێنمژ.

**رۆژی ١٩٩١/١/١٨ سەرداری ژنبرام خۆی و کوڕە گەورەکەی کە تەمەن دە ساڵان بوو (جوتیار) لە بەغداوە گەیشتنە هەولێر لەترسی بۆردومان کردنی بەغدا لەلایەن هاوپەیمانانەوە تاکو رۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ لای ئێمە مانەوە شەوانە بەهۆی نەبوونی کارەبا لەبەر رووناکیی چرای (لۆکس) و بەدیار رادیۆوە شەومان بەسەردەبرد بارودۆخی ژیان بەرەو سەختی دەچوو بەنزین لە بازاڕ نەما نەوت کەمتر، نرخی شەکر و ئارد و گۆشت و رۆن بەرە بەرە نرخی رادەکشا، رۆژانەش ناوە ناوە سەردانی بازاڕمان دەکرد و لە (محل)ەکەی باوکم یاخود دووکانی دلێری برام لەگەڵ دۆست و برادەران دەنگوباسەکانمان شی دەکردەوە پاش نیوەڕۆیانیش سەردانی ماڵی باوکممان دەکرد کە ئەویش زۆر بە وردی گۆیی لە رادیۆ دەگرت و هەواڵەکانی رۆژی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە، ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر بەبێ کێشە دەبیسترا و کاریگەرییەکی زۆر لەسەر گوێگر دەکرد بە جۆرێك بەرنامەکانی لە رووی سیاسەت و بەرەنگاربوونەوە بەجۆرێك پەخش دەکرد کە بڕوای تەواوی بە گوێگر دەدا کەوا سەرکەوتن بەسەر رژێمی بەعس یەگجار نزیکە.**

**رۆژانی مانگی یەك و دوو ی ئەم ساڵەمان (١٩٩١) بەم شێوەیە رابوارد و رۆژانەش بارودۆخەکە هەستیارتر دەبوو بەتایبەتیش پاش تەفروتونا کردنی سوپای عیراق لە کوێت راگەیاندنی کشانەوەی (انسحاب) سوپا و بەرپابوونی راپەڕینی خەڵکی باشووری عیراق کە زۆربەی شیعە نیشینە، ئێزگەکانی عەرەبی و غەیرە عەرەبی لە دەرەوەی عیراق هەواڵەکانیان بە شێوەیەك رووماڵ دەکرد کە عیراق لە لێواری رووخانی رژێمەکەی بەعسە، راپەڕین لە پارێزگای بەسرەوە گەیشتە نزیك بەغدا، ئێزگەی بەغدا بە زەحمەت وەردەگیرا، کوردستان دەکولا، هەردوو ئێزگەی دەنگی کوردستان و گەلی کوردستان بە تەواوی کەوتبوونە وێزەی رژێم و رەحمیان پێنەدەکرد و بە ئاشکرا داوای راپەڕینیان دەکرد.**

**التآخي**

جريدة [illegible]

[illegible]

شارع الرشيد - [illegible]

بغداد

العدد / الادارة / [illegible]

التاريخ ٢٦/٦/ ١٩٧٦

الهواتف

صاحب الامتياز ٨٦٤٢٩

رئيس التحرير ٨٦٤٣٠

الاعلان والاشتراك ٨٨٥٠٤

الاعلان في المطبعة ٨٨٧٣٦

المحررون والمحاسبة والادارة

صالة [illegible] ٨٦١٨١ ٨٦١٨٢

**أمـــر اداري**

تقرر تعيين السيد فرهاد عثمان جوني مديراً لادارة جريدة التآخي براتب شهري قدره (٢٠) عشرون ديناراً اعتباراً من ٦/١ /١٩٧٦ .

دارا توفيق

رئيس التحرير

صورة منه الى

الذاتيـــة

المحاسبـــة

الاضبارة الشخصية

الجهات [illegible]

١

التآخي
جريدة يومية سياسية
تصدر باللغتين العربية والكردية

شارع الرشيد ـ سنك
بغـــداد

الهواتف

| | |
|---|---|
| صاحب الامتياز | ٨٦٤٢٤ |
| رئيس التحرير | ٨٦٤٣٠ |
| الاعلان والاشتراك | ٨١١٠٢ |
| الاعلان في المطبعة | ٨٨١٣١ |
| المحررون والمحاسبة والادارة | |
| بدالة ذات خطين | ٨٦١٨١ / ٨٦١٨٢ |

العدد / الادارة / ٦٦٤

التاريخ / ٣٠/٥/١٩٧٣

الى / مديرية السفر والجنسية العامة

تحية طيبة :

بناء على الدعوة الموجهة الى جريدتنا من قبل جريدة سكنتيا الرومانية لسان حال الحزب الشيوعي الروماني فقد نسبنا ايفاد السيد فرهاد عثمان عوني حبيب مدير ادارة هذه الجريدة لتمثيل جريدتنا بناء على تلك الدعوة .

نرجو التفضل بتسهيل مهمة سفره وترفق لكم نسخة من الدعــــــوة وجواز سفره لهذه الغاية .

مع مزيـــد الشـــكر

دارا توفيق
رئيس التحرير

نسخة منه الى /
الادارة والذاتية
الاضبارة الشخصية
الموما اليه

٢



٣



خاوەن ئیمتیاز
حبیب محمد کریم

سەرنووسەر
دارا توفیق

# برایەتی

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

لەم ژمارەیەدا

* پورتوگالی فاشست... ل٢
* بازاری چاپەمەنی کوردی ل٢
* ئەرکی ئەمڕوی ئەدیباتمان ل٦

ژمارە ( ٠ ) سێ شەممە ١-١-١٩٧٤ — ت : ٨٦١٨١ — (١٠) لاپەڕە — نرخی ( ٣٠ ) فلسە

## پێشەوا بارزانی:

## با هەوڵ و تەقەلامان یەك بخەین بۆ چەسپاندنی ئاشتی و دیموکراتی و یەکێتی نیشتمانی و شادبوونی کوردستان بە ئۆتۆنۆمی

بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژانەی رۆژنامەی ( برایەتی )دا پێشەوای دلیرمان تێکۆشەر مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم نامە پیرۆزبایییەی پێشکەش بە برایەتی کرد :

سلاوی پێشەوا بارزانی بۆ رۆژنامەی برایەتی :

بەبۆنەی دەرچوونی رۆژنامەی برایەتی بە کوردی و بەشێوەیەکی رۆژانە پیرۆزبایی لە خۆمان و پارتی و میللەتەکەمان ئەکەین وە هەروەها چالاکی و هەوڵ و تەقەللای هەموو ئەو برایانەی کە لەم هەنگاوەدا بەشدار بوون ...

میللەتەکامان ئارادەیێك ماوەی دراوەتی بە مافەکانی کەلتوری خۆی شادبێت پاش بەیانی ١١/ئاذاری مێژوویی و هەنگاوی ناوە لەم رووەوە ، وە دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە جگە لەوەی کە لە رووی سیاسییەوە هەنگاوێکی گرنگی هەرە سوودبەخشە و هۆیەکە بۆ خزمەتکردنی زمان و کەلتوور و ...

هەموو رۆلەکانی میللەتەکەمان ئەکەم کە زیاتر لە هەموو کاتێك یەك بگرن بۆ ئەوەی هەموو هەوڵ و تەقەللامان یەك بخەین وە بە هاوکاری لەگەل حکومەت و هەموو هێزە نیشتمانیەکان ، خەبات بکەین بۆ چەسپاندنی ئاشتی و دیموکراسی و یەکێتی نیشتمانی لە ولاتدا و شادبوونی کوردستان بە ...

٤



٥



٦



٧



٨



٩



١٠

# لقاء مع رئيس جمعية الطلبة الاكراد في

اثناء انعقاد مهرجان الشبيبة العالمي في برلين الديمقراطية التقى الاخ فرهاد عوني – الناخي – مع الاخ طارق عقراوي رئيس جمعية الطلبة الاكراد في اوربا ، وقد وجه الاخ فرهاد بضعة اسئلة ، اجاب عنها رئيس الجمعية مشكورا .

سؤال – ماهو تقييمكم لدور الجمعية خلال المؤتمرين – مؤتمر بطارست ١٩٧٦ – مؤتمر برلين ١٩٧٧ – على الصعيدين القومي والعالمي

جواب – جاءت الهيئة الادارية العامة الجديدة المنتخبة في مؤتمر بطارست ١٩٧٦ لتعمل على مواجهة مهمة توجيه الجمعية بشكل ينسجم مع مجمل مسار الحركة التحررية الشعبية وفي وقت يناضل شعبنا في كردستان العراق من اجل تنفيذ بنود اتفاقية اذار وتحقيق الحكم الذاتي لكردستان ، وفي وقت تستمر السياسة العنصرية والشوفينية ضد ابناء شعبنا في باقي الاجزاء وهنا ، وبالرغم من ان اعضاء الهيئة العالية جدد ، الا انها جاءت اعمالها قريبا من الصفر ولكننا نقول انها استطاعت الى حد كبير الحفاظ على الجهود التي ساد نشاطات الجمعية مؤخرا لاابانها مانل :

أ – الاتصالات بين الهيئة الادارية والفروع – ان هذه المسالة مهمة بالنسبة لنشاطات اية منظمة فبانتظامها تكون الحيوية والنشاط وعكس ذلك يسود الفتور والبلبلة وقد تمكنا وبالرغم من انتشار اعضاء الهيئة الادارية العامة في بلدان مختلفة من تحسين الاتصالات مع الفروع وتوجيهها وحل مشاكلها بقدر المستطاع .

ب – العلاقات الخارجية : لاحظنا في السنين الاخيرة نوعا من الفتور النسبي في العلاقات مع الجمعيات والمنظمات الطلابية الاوروبية ، لهذا فقد تحملت هيئتنا بقدر المستطاع ورغم قصر الوقت باعادة تنظيم العلاقات السابقة وتكوين علاقات جديدة مع منظمات اوروبية مختلفة .

لقد رأينا بحضور الندوات الطلابية العالمية المختلفة وبقدر سماح الوقت والامكانيات ارسلنا مندوبنا الى بعض هذه الندوات وبالاخص السمنارات التي نظمها رابطة الطلبة اليوغسلاف الا ان هذه السمنارات تمتاز بجوها الديمقراطي ومستواها العلمي ففي هذه الندوات وبالاخص السمنارات مختلفة ... ونحن نفخر بان القضية الشعبية العادلة ونحن جمعيتنا تحتل الصدارة في هذه الندوات وذلك بفضل الموقف النضالي من منظمات مختلفة والدعم الكامل من منظمي هذه السمنارات اي رابطة الطلبة الشبيبة اليوغسلافية . في نهاية كل سمنار تتخذ قرارات مختلفة وفي كل سمنار قرار خاص حول قضية الشعب الكردي

[illegible]



ممثل – الناخي – الاخ فرهاد عوني مع الاخ طارق عقراوي رئيس جمعية الطلبة الاكراد في اوروبا .

١١



١٢



١٣




١٤



١٥



١٦



١٧



۱۸




١٩



٢٠



٢١



٢٢



٢٣



٢٤

## سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەكان

١. بەغدا، فەرمانی كارگێڕی بە دامەزراندنی نووسەر بە بەڕێوەبەری كارگێڕیی ڕۆژنامەی (التاخي) لە ١٩٧٢/٦/١٢ بە ئیمزای شەهید دارا تۆفیق.

٢. بەغدا، نووسراوی ڕۆژنامەی (التاخي) ژمارە (٢٦٤) لە ١٩٧٣/٥/٣ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی (السفر والجنسية)، بە مەبەستی ئاسانكاری سەفەری نووسەر بۆ وڵاتی ڕۆمانیا بە نوێنەرایەتیی ڕۆژنامەی (التاخي).

٣. بەغدا، وێنەی نووسەر لە ژووری تایبەتی خۆی لە (التاخي)، پایزی ساڵی ١٩٧٢.

٤. ژمارە (٠)ی ڕۆژنامەی برایەتی كە لە ١٩٧٤/١/١ دەرچووە، كە یەكەم جار بوو ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەی كوردی دەربچێت.

٥. بەغدا ١٩٧٣/٤/١٨ ماڵی عەمیدی خانەنشین (عبدالله سعید)، لە ڕاستەوە: ناهدە صابر أرسلان-دایكی پەروین، پەروین عبدالله سعید، زەكیە مەلا ڕەئوف مەلا ڕەسول بیتوشی- دایكی نووسەر.

٦. بەغدا ١٩٧٣/٤/١٨ ماڵی عەمیدی خانەنشین (عبدالله سعید)، ڕۆژی مارەبڕینی نووسەر لەگەڵ خاتو پەروین عبدالله سعید، لە ڕاستەوە: عەونیی شاعیر، نووسەری دادگا، عبدالحمید أتروشی قازی بەغدای یەكەم، نووسەر، عبدالرحمن مەجید بەگ.

٧. بەغدا ١٩٧٣/٤/٢٠، ستۆدیۆ عبدالعزیز (ستودیو رتز)، وێنەی دەسیگراندایی نووسەر لەگەڵ خاتو پەروین عبدالله سعید.

٨. وێنەی عەمیدی خانەنشین (عبدالله سعید) ١٩١٣-٢٠٠١/٧/٢٤.

٩. شاندی یەكێتیی قوتابییان و لاوانی كوردستان كە لە بەغداوە بە تەیارە بەرەو بەرلین دەچوون، ڕۆژی ١٩٧٣/٧/٢٥، ڕیزی یەكەم لە ڕاستەوە: (نەناسراو)، خەسرەو گوڵ محمد، جەلال خۆشناو. ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: جەبار صابر، نووسەر بە جلی كوردییەوە، سیروان عبدالله سعید.

١٠. ئەڵمانیا-پۆتسدام تەمووزی ساڵی ١٩٧٣، لە ڕاستەوە: زاهیر محمد، سیروان عبدالله سعید، نووسەر، غەفور نجیب وێنەگری ڕۆژنامەی (التاخي). ئەم وێنەیە لە ئەلبومی كاك زاهیر محمد وەرگیراوە.

١١. دیمانەیەكی ڕۆژنامەنووسی نووسەر لەگەڵ (تاریق ئاكرەیی) سەرۆكی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپا، تەممووزی ساڵی ١٩٧٣.

١٢. بەرلین تەممووزی ساڵی ١٩٧٣، گۆڕەپانی (ئەلیكساندەر پالاس) سەنتەری ئاهەنگ گێڕانی فیستیڤاڵی دەیەمی قوتابییان و لاوانی جیهان.

١٣. بەرلین، نووسەر لەکاتی واژۆکردنی کارتی یادەوەری لەگەڵ دوو لاوی ئەڵمانی.

١٤. ڕۆژهەڵاتی کوردستان-شنۆ، لە ڕاستەوە: شەهید دارا تۆفیق، نووسەر. لە کاتی ئامادەبوونیان یاریی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستان بەرامبەر تیپی ئازەربایجانی غەربی. هاوینی ساڵی ١٩٧٤.

١٥. ناوچەی دەربەند ڕایات لە قەزای چۆمان، زستانی ساڵی ١٩٧٤، لە ڕاستەوە: مەجید ئاسنگەر، نووسەر، جەمال قادر (خاوەنی ستۆدیۆی سۆران لە سلێمانی)، نەژاد عەونی.

١٦. ناوچەی دەربەند ڕایات-بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوان لە ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان، لە ڕاستەوە: جەمیل محمود بەگ، یوسف مەولود قەصاب، سیروان عبداللە سعید، مەجید ئاسنگەر، زرار مەولود قصاب، نەژاد عەونی.

١٧. ڕۆژهەڵاتی کوردستان-بەنداوی مهاباد، بەهاری ساڵی ١٩٧٥، نووسەر لەگەڵ پەروین عبداللە سعید-ی هاوسەری.

١٨. (ڕەزایە)-ورمێ، لە ڕاستەوە: نووسەر، سیروان عبداللە سعید، جەمیل محمود بەگ، هونەر نوری هونەر. زستانی ساڵی ١٩٧٥، وێنەکە بە کامێرای (نوری هونەر) گیراوە.

١٩. گۆڕەپانی شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تیپی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان، ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: مامەند ڕەمەزان، هەڵێن فەتاح، صباح میرانی، صالح محمد شریف، نجاح دەروێش، مەجید میرخان، ڕاهێنەر جەمال قەرەداغی. دانیشتووان لە ڕاستەوە: عادل شاکر، کانبی محمد، أسعد علی، علی حسن، دارا جمیل. ئەم وێنەیە لە ڕۆژی ١٩٧٤/٩/٢٣ گیراوە لە ئەنجامی یارییەکە تیپی هەڵبژاردەی کوردستان (٣-٠) لە تیپی ئازەربایجانی غەربی بردەوە.

٢٠. کرماشان، ١٩٧٤/١٢/٣٠-سەیرانگای (تاق بوستان) لە کێوی بێستون، لە ڕاستەوە: پەروین عبداللە سەعید، نووسەر، بەهار عبدالرحمن اغا، جەمیل محمود بەگ. لە گەشتێکدا کە بەرەو ئەندیمەشق لە پارێزگای الاهواز دەچووین.

٢١. پاشماوەی بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لاوانی ئەمانەتی گشتیی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان، ئەم وێنەیە پاش (٢٠) ساڵ لە زستانی ساڵی ١٩٩٥ گیرا.

٢٢. بەغدا، ١٩٨٨/٧/٢٥، ساسان عەونی، ڕێکان فەرهاد.

٢٣. وێنەی هەردوو کوڕ و کچی نووسەر (ڕێکان و لانە فەرهاد)، ساڵی ١٩٨٦.

٢٤. بەغدا-سەربازگەی التاجی، ١٩٩٠/٦/١، نووسەر لە خولی ڕاهێنانی کارگێڕی بۆ ئەو سەربازانەی کە بە بڕیاری ٧٣٦-٧٣٧ عەفو کراون، نووسەر چوارەم کەس لە ڕاوەستاوان.

له ڕۆژانی یەکەمی مانگی ئازارەوە کوردستان بە تەواوی لە ئامادەباشیدا بوو لە ناوچەی ڕۆژئاوای هەولێر تاکو خەبات و ئاسکی کەڵەك چەند کۆمەڵگایەکی بە زۆرە ملێ گوێزراوانی ناوچەی پشدەر و شوێنەکانی دیکەی تێدابوو پریشکی ڕاپەڕینی تێدا ڕوویدا، بەڵام دامودەزگاکانی ڕژێم بە توندی لێیان هاتنە کاردانەوە، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ ڕاپەڕین و سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان پێینایە قۆناغێکی تازەوە کە تێیدا جەماوەری شاری ڕانیە (دەروازەی ڕاپەڕین) موژدەی ڕامالینی دامودەزگامانی بەعسیان بە گەلی کوردستان دا ئەو ڕۆژە بە ئاشکرا لە یەك دوو دووکانی ناو بازاڕی کۆیە بە توندی دەنگی ئێزگەی گەلی کوردستان دەبیسترا کە موژدانەی ڕاپەڕینی پەخش دەکرد کە بەڕاستی ڕۆژێکی هەمیشە لەبیر نەچووی گەلی کوردستان بوو، کاتێ چوومە (محل)ـەکەی باوکم دەوروبەری نیوەڕۆ بوو باوکم و مامۆستایان خوالێخۆشبوو عبدالمجید نورالدین و تایەر ئەحمەد حەوێزی و وەستا ئەبراهای خەیات دانیشتبوون و باس و خواسی ئەوانیش ڕاپەڕینی خەڵکی ئازا و قارەمانی ڕانیە بوو زۆر شاد و کەیف خۆش بوون منیش ئەوەی گوێبیستی ببووم بۆم گێڕانەوە. ئەو ڕۆژە و دواتریش کە ئازادکردنی شاری سلێمانیی قارەمان بوو هێندە ناوچە و شارو شارۆچکەی دیکەوە بەدواهات، لە چاوەڕوانیی ئازادکردنی کۆیە بووین ئەو ڕۆژە ١٩٩١/٣/٨ و ئێوارەکەی تاکو درەنگانێك برووسکەکانی شیفرە ئاسای دەنگی گەلی کوردستان ئازادکردنی کۆیەی بە ئاشکرا تێیدا بەدی کرا، من و سەردار و کامەرانی کاکە عەبدە و پەروین و ڕێکانیش تاکو درەنگانی شەو بەدیار ڕادیۆکانمان بەسەر دەبرد، شەو چەند تەقەیەك لەو بارەگایەی (مەنزومەی هەواڵگری)ـی سوپا لە کۆیە کە لەو گردەی بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو کە چەند ساڵێك بوو لێیان داکوتابا و نزیکەی (١٠٠م) لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو، بەڵام شوێنەکەی ئەوان بەرزتر بوو بۆیە شوێنی دانیشتنەکەمان لە هۆڵی ماڵەوە کە بەرامبەر بارەگای مەنزومەکە بوو گوێزامانەوە بۆ ژووری دیکەی ئەولاتر کە گوللەی ئەوان نەیدەخوێندەوە. تاکو کاتژمێر دووی شەو دانیشتین، سەرلەبەیانی کاتژمێر (٦) لە دەنگی

تەقەی کلاشینکۆف و ئار بی جی بەخەبەر هاتین بە پارێزەوە هاتمە تارمەی ماڵەوە کە ئەویش بەرامبەر بارەگای مەنزومە بوو دیتم لە چەند لایەکەوە تەقەی لێ دەکرێ و ئەوانیش لە بەرامبەردا دەقات زیاتر تەقەیان بۆ بەرامبەر دەکرد، دیاربوو لەناو شاریش دەنگە دەنگ و دەنگی تەقە زۆر دەهات بەپەلە نانی بەیانیمان ئامادە کرد، بەڵام کاتێ رێکانی کوڕم کە تەمەنی چواردە ساڵان و جووتیاری کوڕی سەردار ١٢ ساڵان لە پەنجەرەوە تەماشای بارەگای منزومەیان دەکرد سەرەڕای ئەوەی بەتوندی داوای دوورکەوتنەوەم لێکردن بەرامبەر پەنجەرەکان، بەڵام چونکە نەیاندەزانی خەتەر لەکوێوە دێت بەردەوام بوون و سەیریان بە بارودۆخەکە دەهات لەپڕ دەست رێژێکی قایمی گوللە روو بە رووی ماڵەکەمان بۆوە و جامی ژووری نوستن و مەتبەخی شکاند و چەند گوللەیەکیش بەر تانکیی ئاوی سەربان و بۆریی گیزەرەکە کەوت و بێ ئاو ماینەوە، بەڵام خودا پاراستنی دەنا هەردووکیان (رێکان و جوتیار) تێدەچوون، لە هەمان کاتیش خەمی ماڵی باوکم و ماڵە خزمان بووین کە ماڵی هەرهەمموومان لەو شەقامە لاوەکییەی بەرامبەر بارەگای مەنزومەی هەواڵگری بوو، بەڵام بە لێکدانەوە دەمانزانی هێزی پێشمەرگە سەرکەوتووە، پاشان زانیم هەر ئەو رۆژە ١٩٩١/٣/٩ کاتژمێر (٦)ی بەیانی برای بەڕێز و پێشمەرگەی دەیان ساڵەی ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کاك (رەهبەری سەید ئیبراهیم) لە دەرگای ماڵی باوکم دەدا و داوای چوونە سەربان دەکات بە خۆی و پێشمەرگەکانی چونکە ماڵی باوکیشم لە ماڵەکانی ئێمە و خزمان بڵندتر بوو ئەویش دەیڕوانییە بارەگای مەنزومە، پێش ئەوەی بچێتە سەربان دایکم فەرمووی نانخواردنی بەیانیان بۆ دەکات و دەیانباتە ژووری نووستنی باوکم کە ئەوکاتە نەخۆش و بێتاقەت بوو لەناو جێگا کەوتبوو، کاتێ کاك رەهبەر سڵاوی لێدەکات و داوای لێدەکات کە رێگایان بدات بچنە سەربان بۆ مەبەستی دیارکراو باوکیشم وەکو (تایەری مام سابیر) بۆ گێڕامەوە کە یاوەریی ئەو پۆلە پێشمەرگەی کە کاك رەهبەر لێپرسراوێتیی دەکردن بەدەق گوتی (باوکت لە خۆشیاندا چاوی پڕ لە فرمێسك ببوو پاش بەخێرهێنانی ئێمە بە کاك رەهبەری

گوت (ماڵ ماڵی پێشمەرگەی کوردستانە خۆزیا تەندرووستیم باش با خۆم پێشتان دەکەوتم) ئازادکردنی کۆیە ئەو رۆژە نەتوانرا بە تەواوی ئازاد بکرێت. چونکە شوێنەکانی ئەوان (یانی حکومەت) قایم و بەرزتر بوو وەکو قشلە، بارەگای هەواڵگری، مەنزومەی استخبارات، سەرەڕای رۆڵی قاسمی فارس ئاغا موستەشاری یەکێ لە فەوجە جاشەکان کە بەوپەڕی دڵۆزییەوە لە داکۆکی کردن لە حکومەتی بەعس بەردەوام بوو تاکو درەنگانی ئێوارە ئەوجا شەو هەموویان بۆی دەرچوون.

رۆژانی دوایی خەڵکی بەنێو بارەگا و دامودەزگاکانی حکومەت کە تاکو رۆژانی پێشووتریش خەڵکی بە ترسەوە تەماشای دەکردن، ئەم رۆژە بە تەواوی و بە کاملی سەڵتەنەت بەنێوانیاندا دەسوڕانەوە، ئەوراق و فایلاتی دائیرەی ئەمن و استخبارات کەوتە دەست خەڵکی، بەڵام ئەوەی باش بوو فەرمانگەی حکومییە مەدەنییەکانی کۆیە پاراسترا و وەکو خۆی مایەوە، هەر ئەو رۆژە بۆ دەوروبەری نیوەڕۆ برایانی بەڕێز (د. حسێن سورە و محمود محمد (محمودە سوور)) یەکەمین دەستەی میوانی من بوون لە ماڵەوە دیابوو وەکو د. حسێن گوتی (لە رێگای باسکردنی حاجی کاك حسێنەوە تۆمان ناسییەوە) ماوەیەکی باش دانیشتن و بەندەش چەندین پرسیارم دەربارەی پارتی و رێکخستنەکانی پارتی و بەرنامەیان لێکردن، پاش نیوەڕۆیەکەش سەردانی برادەری دێرینم کاك (شێردل حەوێزی)م کرد کە ئەویش ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراق بوو تاکو پەیوەندی کردنی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد لە ساڵی ١٩٧٤ پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لە سوپا دەرکرا و کردیان بە فەرمانبەر لە باشووری عێراق و پاشان گەڕاندیانەوە کۆیە بۆ دائیرەی کارەبا و لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە ریزەکانی شۆڕشەوە کرد لە ریزی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا سەردانەکەم دۆستانە و بەخێرهاتنەوە و پیرۆزبایی بوو سەرەڕای ئاگاداری لە بەرنامەی رۆژانی داهاتووم لێکرد و گوتی لەو یەك دوو رۆژەدا هەولێریش ئازاد دەکرێت پاشان کە لەسەر ئازادکردنی کەرکووك پرسیارم لێکرد، پێی راگەیاندن لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بەرنامەڕێژی بۆ هەموو کوردستان

کراوە و نامە بۆ هەموو لایەنەکان لەلایەن بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود بۆ سەرجەم موستەشارەکان ڕەوانە کراوە و زۆربەیان هەماهەنگن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئازادکردنی کوردستان چونکە بەرەی کوردستانی بڕیار و سیاسەتی لێبوردنی گشتی پەیڕەو دەکات کە ئەمەیش لە بەرژەوەندیی کورد و کوردستان دایە.

تاکو ١٩٩١/٣/٢١ ئاهەنگی ئازادکردنی شارەکانی کوردستان بە ئازادکردنی کەرکووکی کوردستانی کۆتایی هات، ئای کە چەند ڕۆژێکی خۆش بوو، خەڵکی باوەڕی نەدەکرد کوردستان بە کەرکووکەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئازاد بکرێت تەخت و تاجی حکومەتی بەعس لە کوردستان نەمێنێت.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٩ خوالێخۆشبووان جەلال خۆشناو و ئەکرەم مەنتك لەپڕ هاتنە لام لە کۆیە، پێیان ڕاگەیاندم کە ئەمڕۆ کاك مسعود بارزانی سەردانی کۆیە دەکات و داوایان لێکردم کە پێکەوە پێشوازیی لێ بکەین، بەڵام نەمان دەزانی بەرنامەی لە کۆیە چییە، سەردانی بارەگای ناوچەمان کرد ئەوان لە هاتنەکەی ئاگادار بوون، بەڵام ئاگاداری بەرنامەکەی نەبوون لە کۆیە، بۆیە بە باشمان زانی لە ماڵی ئێمە چاوەڕوان بکەین تاکو کاتی گەیشتنی و برادەرمان تێگەیاند کەوا لە هاتنی ئاگادارمان بکەنەوە، کە گەڕاینەوە ماڵی ئێمە دیتم لە ماڵی باوکم هەندێ کەلوپەلی دروستکردنی خواردن وەکو مەنجەڵ و سینیی گەورە و قاپ و قاچاغ دەبرێتە ماڵی کاك هیمداد و موشیری کوڕانی خوالێخۆشبوو (شێخەی حاجی ڕەسول) کە خۆی لە ئێران شەهیدکرا وە کوڕەکانیشی لەسەر هەمان ڕێباز کە ڕێبازی بارزانییە بەردەوام بوون و دڵسۆزی زۆریان لەم پێناوەدا نواند، کاتێ پرسیاری ئەو قەرەباڵغییەم لێکردن گوتیان کاك مسعود بارزانی و شاندی یاوەری لە ماڵی ئەوان نانی نیوەڕۆ دەخۆن، لەو سەردانەیدا کارێکی زێدە باشی کرد ئەویش بە سەردانی ماڵی باوکی شەهید دکتۆر خالید سەعید کە لە ساڵی ١٩٧٩ بەداخەوە لە شەڕی (هەکاری) شەهید بوو سەرەڕای ماڵی کادری دێرینی پارتی خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن رووتە) بوو کە ئەویش جێگای خۆی بوو چونکە

مام رووتە بەڕاستی پیاوێکی دڵسۆز و کوردپەروەر بوو ئەو ڕۆژە کاك مەسعود بارزانی بە گەیشتنی بۆ کۆیە لە تارمەی باڵەخانەیەکی نزیك فلکەی حاجی قادری کۆیی وتارێکی گرنگی لەو شارە پێشکەش کرد کە تێیدا داوای یەکڕیزی و هەڵبژاردنی ئازادی کرد لە کوردستان من و ئەکرەم مەنتك و جەلال خۆشناو لەبەردەم ماڵی باوکم کە لە بەرامبەردا ماڵی خوالێخۆشبوو شێخەی حاجی ڕەسول بوو چاوەڕوانی هاتنی کاك مسعود و شاندی یاوەریمان دەکرد لە دەوروبەری کاتژمێر (١) و لەبەردەم ماڵی کوڕانی شێخە ڕاوەستاین، لە دووریی ٢٠ مەترێکەوە بووین لەگەڵ ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکان یەکەم کەس کە دابەزی خوالێخۆشبوو فەرەنسۆ هەریری بوو هەر کە منی بەدی کرد بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد (فەرهاد عەونی لەکوێی) منیش بەرەو پیریانەوە چووم و یەکسەر منی ماچکرد و تەقدیمی کاك مەسعودی کردم، کاك مسعود منی دەناسی و چاکوخۆشییەکی گەرمی لەگەڵ کردم و لەگەڵ ئەو چووینە ژوورەوە و بانگی کردم کە لە تەنیشت ئەوەوە دابنیشم و لەولاشییەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانییەی لەگەڵدابوو کە کاتی خۆی لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا فیلمێکی بەناوی (ڕەشەبای مەرگ–ریاح الموت) ئامادەکردبوو من کاتی خۆی لە ڕادیۆ BBCی عەرەبی کورتەیەکم دەربارەی ئەم بابەتە گوێ لێببوو کاتێ کە جەنابی کاك مسعود ئەم ڕۆژنامەنووسەی پێناساندم منیش بۆم باسکرد کە بەندە ئاشنای ئەو ناوەم چونکە پێشووتر باسی ئەم بابەتە و فیلمەکەم لە ڕادیۆی BBC گوێ لێبووە، ڕۆژنامەنووسەکە زۆری پێ خۆش بوو کاتێ زانی خەڵك لە ناوەوەی کوردستان بە تەواوی ئاگاداری ئەو بابەتەی ئەو بوون، کاك مسعود پاش نانخواردن هەندێ پرسیاری لەسەر چەند بابەتێك لێکردم ئەوەی لام ڕوون بوو وەڵامیم دایەوە، چونکە ئەوان دەیانەویست بگەڕێنەوە پێی گوتم ئەگەر بتوانم سبەی لە مەسیف سەلاحەدین سەردانی بکەم.

ڕۆژی دوایی چوومە هەولێر و لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو یەکمان گرت و بە ئۆتۆمبیلی ئەو کە جۆری بەڕازیلی بوو بەرەو مەسیف

سەلاحەدین بەرێکەوتین، ئەو کاتە کاک مسعود بارزانی لە مەسیف بارەگایەکی کاتیی هەبوو کە چووین خەڵکێکی زۆری لێبوو کە لە هۆڵی بارەگایەکە دانیشتبوون لە ئەحواڵی کاک مسعودمان پرسی گوتیان مامۆستا (کریم أحمد) ئەندامی مەکتەبی سیایی حزبی شیوعیی عیراقی لایە، پاش ماوەیەك مامۆستا کەریم ئەحمەد هاتە دەرەوە لەگەڵ بەندە چاکوخۆشییەکی گەرمی لەگەڵ کردم و لە ئەحواڵی باوکمی پرسی، دیاربوو بەپەلە بوو چونکە وا پێدەچوو بە کارێکی گرنگ راسپێردرابوو، ماوەی نیو کاتژمێرێك لەگەڵ کاك مسعود دانیشتین بەتەنها کە تێیدا لەسەر بارودۆخی پارتی و راپەڕین و بەرەی کوردستانی دواین، کاك مسعود زۆر راشکاوانە قسەی بۆ کردین و گرنگترین بابەت کە جەختی لەسەر دەکردەوە کە نابێت جارێکی دیکە خاکی کوردستان بەجێبهێڵین تەنانەت گوتی ئەگەر ١٠٠٪ بزانم لەناو کوردستان شەهید دەبم کوردستان بەجێناهێڵم.

هەر لەو دانیشتنەدا ئامۆژگاریی کردم کەوا ئاگام لە لیژنەی ناوچەی کۆیە هەبێت و رێنماییان بکەم، پاش نیوەڕۆ لەگەڵ جەلال گەڕاینەوە و ئەو شەوە لە هەولێر لە ماڵی ئەوان مامەوە. تاکو رووداني كۆڕەوەکە زیاتر لە ماڵەوە کاتم بەسەر دەبرد میوانم زۆر بوون برادەران بە جیاوازیی بیروڕای سیاسی سەردانیان دەکردم منیش بە هەموو قەناعەتەوە جەختم لەسەر یەکڕیزی کورد دەکردەوە، پاش ١٩٩١/٣/٢٥ سەرەداوی کۆڕەوەکە دەستی پێکرد کە لە سەرەتادا بە خەڵکی شاری کەرکووك و دەوروبەری دەستی پێکرد کە لە سەرەتادا ژمارەیان کەم بوو، بەڵام روو لە زیادبووندا بوو، هەندێك لە کۆیە دەگیرسانەوە ئەوجا لە رێگای چیای (هەیبەت سوڵتان)ـەوە بەرەو رانیە ئەوجا هێرشی سوپای عیراق دەستی پێکرد لە میحوەری کفری و کەرکووك ئەوجا هەولێر و سلێمانی و دهۆك و زاخۆ ئەوجا بەشێکی زۆریش لە خەڵکی تەق تەق و کۆیەش بەرەو رانیە و کەم کەمەش بەرەو چیای باواجی و گوندەکانی ئەودیوی باواجی دەچوون لە ترسی سوپا و زوڵم و زۆرداریی حکومەتی بەعس چونکە گەلی کوردستان لە ئاکامی دەیان ساڵەی بەعسی دەیزانی چ رەفتار

فاشییەکن، دیمەنی ئەو تراجیدیایە شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو، پێشووتریش لە دوو قۆناغی دیکەدا بەشێك لە خەڵکی کوردستان تووشی ئەم ڕووداوانە ببوون بەتایبەتیش لە گوند و دێهاتەکان و بەشێك لە شار و شارۆچکەکان کە پەنایان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان دەبرد وەکو چۆن لە ساڵانی ١٩٦٣ و ساڵی ١٩٧٤ کە ئەوجارە دیسان خەڵکی بە لێشاو بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان و پاشانیش بەرەو ئێران کە تێیدا چەندین ئۆردوگای پەنابەریان بۆ ئەو خەڵکە سازکرد و ژمارەیەکی زۆریش لە گوند و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوبوونەوە تاکو ڕۆژانی ئەوڕۆش بە سەدان خێزان لە ئێران ماونەتەوە و بژێوی ژیانیان لێ دابین دەکەن.

لە (محل)ـەکەی باوکم لەگەڵ برادەران سەیری ئەو دیمەنانەمان دەکرد کە بەتەواوی ورەی خەڵکی دەهێنایە خوارێ، خەڵکی لە سەرەتادا دوودڵ بوو نەیدەزانی چی بکات، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٩ لەگەڵ باوکم دانیشتم بە مەبەستی بڕیاری کۆتاییمان، بڕۆین یاخود بڕیارێکی دیکەی لێ بدەین، کاتێ ڕووداوەکانم بۆ باوکم باس کرد لە سەرەتادا هەمان ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە (کۆیە قەبری منە و لێی ناچمە دەرەوە)، پاشان هەردووکمان هاتینە سەر ئەو ڕایە کە چاوەڕوان بین و بزانین بارودۆخەکە چیی بەسەر دێت، بەڵام کاتێ گەڕامەوە ماڵی خۆم لە ڕێگا تووشی خێزانێك بووم کە پێکهاتبوون بە دوو کوڕی گەنج و ژنێکی بەتەمەن و ژنێکی گەنج و منداڵێکی پێنج شەش ساڵان ڕوویان لەو شەقامە لاوەکییەی ماڵانی ئێمە کردبوو، کاتێ لێیان نزیك بوومەوە و سڵاوم لێکردن و پرسیارم لێکردن بۆ کوێ دەچن چونکە ئەو شەقامە لاوەکییە داخراوە و کەسی لە ئێمە و خزمانی ئێمە زیاتر لێ نییە، لەجیاتیی هەمووان ژنە بەتەمەنەکە هاتە قسە و گوتی (کاکی برا قوربانت بم دوو ڕۆژە ئێمە بە ڕێگاوەین لە ناوچەی ڕێدارەوە (شوان) هاتووین دەمێ بە پێ و دەمێ بە لۆریی پیاوێکی خێرخواز کە لە تەقتەقەوە ئێمەی هێنایە کۆیە و ئێستاش دەمێکە بەو شەقام و کۆڵانانە دەسوڕێینەوە بەڵکو ئیمشەو شوێنێکی حەوانەوەمان دەستکەوێ زۆر هیلاکین ئەم منداڵەش لە گریان ناکەوێ و دەڵێ

برسیمە دەڵێ ماندوومە ناتوانم بڕۆم) قسەکانی ئەو ژنە بەتەمەنە کە وەکو دایکم ئاسا دەهاتە بەرچاوم کە چۆن بە بێ شڵەژان و لەسەرخۆ قسەکانی دەکرد منیش بێ سێ و دوو فەرمووم لێکردن و بردمنە ماڵی خۆم، ئەوەی بۆمان کرا لە خواردن و حەوانەوە و نووستن بۆمان دابین کردن هەر زوو خەویان لێکەوت چونکە دیاربوو زۆر ماندوو ببوون، بۆ بەیانی پاش نانخواردن ژنە بەتەمەنەکە بە بەردەوامی دووعای خێری بۆ دەکردین و گوتی دەڕۆین، گوتم بۆ کوێ، گوتی بۆ رانیە چونکە خەڵکانی ئاواییەکەی ئێمە بەرەو رانیە چوون، پەروینی هاوسەرم نەختێ نانی تیریی بۆ رشاندن لەگەڵ چەند هێلکەیەکی کوڵاو و بۆی پێچانەوە و خواحافیزییان لێکردین و رۆیشتن، بە رۆیشتنی ئەوان غەم و پەژارەیەکی تەواو دایگرتم کە چۆن ئەو خەڵکە بێ دەرتانە تووشی ئەم کارەساتە هاتوون لە هەمان کاتیشدا بەراوردی حاڵی خێزانی خۆمانم کرد کە ئەگەر هاتو بڕیاری رۆیشتنمان دا. لەگەڵ پەروین کەوتینە قسە ئایا چی بکەین لە هەموو لایەکەوە مەسەلەکەمان هەڵسەنگاند ئەوکاتە ئێمە و ماڵی باوکم و ماڵی خەسرەوی برام بەتەنها (٢١) کەس دەبووین ئەوەی کە ئەوکاتە هەمانبوو ئۆتۆمبێلێکی جۆری (لادا مۆدیل ١٩٨٠)ی باوکم بوو چونکە من ئەوکاتە ئۆتۆمبێلم نەبوو چونکە ساڵی ١٩٨٦ کاتێ ریزی سوپای عیراقم بەجێهێشت ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشت لەترسی (حجز کردنی) کە جۆری (داتسۆن مۆدیل ١٩٨٢) بوو، ئەو رۆژانەش بەنزین بە هیچ شێوەیەك دەست نەدەکەوت سەرەڕای ئەوەش باوکم نەخۆش و بێتاقەت بوو تەنانەت نەیدەتوانی (١٠) هەنگاو بە رێگادا بڕوات زۆر جار من و دلێری برام بە کورسی دەمانبردە سەربان، سەرەڕای ئەوەش چەند خێزانێکی دیکەی خزمانی نزیکمان وەکو ماڵی بارامی کاکە عەبدە و خوالێخۆشبوو رەسوڵی کاك فەقێ و کاك مجید فەقێ بە ئێمەوە پابەند بوون، من بەتەنها نەمدەتوانی بڕۆم و باوك و دایك و خوشك و براکانم بەجێبهێڵم سەرەڕای ئەوە دەمزانی باوکم بە هیچ جۆرێك ناتوانێ یەك هەنگاو لە دەرەوە بڕوا و ئۆتۆمبێلێکیش ناتوانێ ئەو هەموو نەفەرە هەڵگرێ سەرەڕای بێ بەنزینیش بۆیە کاتێ لەگەڵ باوکم و خزمانی جیران کۆبووینەوە و لە هەموو

لایەکەوە بارودۆخەکەمان هەڵسەنگاند هاتینە ئەو بڕیارە کەوا خۆمان بدەینە دەست خوای گەورە و قەدەر بەتایبەتیش دیمەنی ئەو خێزانەشم لەبەر چاو بوو کە شەوی پێشووتر لە ماڵی ئێمەدا مانەوە.

سەرلەئێوارەکەی کۆیە چۆڵ دەهاتە بەرچاو ٨٥٪ی خەڵکەکە چ بە پێ چ بە ئۆتۆمبێل یان هەر شتێکی دیکە بەرەو بناری چیای هەیبەت سوڵتان و باواجی ملی نابوو، منیش لەگەڵ باوکم لە تارمەی پشتەوە ماڵی باوکم دانیشتبووین کاتێ دوو تەیارەی حەربی و (هەلیکۆپتەر)ێك هاتنە ئاسمانی کۆیە و چەندین جار چوون و هاتن پاشان دەستڕێژیی ئەو بارەگایەیان کرد کە کاتی خۆی شوێنی هەواڵگریی سەربازیی عیراقی بوو کە پاش ئازادکردنی کۆیە لە ١٩٩١/٣/٩ەوە بوو بە بارەگای پێشمەرگە، پێشمەرگەکانیش بە کلاشینکۆف و چەکی سووك وەلامی هەلیکۆپتەرەکەیان دەدایەوە، بەلام پاشان ناچار بوون بۆی دەرچوون، زۆری پێنەچوو لەگەڵ دونیا تاریك بوون کە ئەم ئێوارەیە نم نم بارانیش دەباری دەنگی گەیشتنی چەند دەبابەیەك دەهاتە بەرگوێ کە دوو دانەیان بەلای شەقامە سەرەکییەکەی ماڵی باوکم بۆلای سەرچاوەی (حەمامۆك) دەچوون، لە راستیدا ترسێکی زۆر دایگرتم لەو بڕیارە پەشیمان بوومەوە کە دابوومان بە مانەوە هەموومان لە هۆڵی ماڵی باوکم گردبووینەوە و ماڵی (مام کاکلی عبداللە قەوان)یش کە جیرانمان بوون ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە بوون چونکە ئێمە لە ماڵی باوکم (ژێرزەمین–سارداو)مان هەبوو، بەلام چونکە تەقە و شەڕ لە ئارادا نەبوو هەموومان لەو هۆڵەدا دانیشتبوین، شەوێکی تاریك و باراناوی و هاتنی سوپا و دەنگی تێپەڕینی دەبابە و زیلی عەسکەری، سیمفۆنییەکی زێدە بەترس دەهاتە بەرچاو، بەلام تازە چی بکەین و ئەوەی سەلوای پێ دەبەخشین هەردوو ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و دەنگی کوردستان بوو سەرەڕای راپۆرتی ئێزگە عەرەبییەکانی ئەمەریکا و لەندەن و مۆنت کارلۆ و ئیسرائیل، تاکو درەنگانی شەو چاوەڕوانی قەدەر بووین خەو نەدەهاتە چاو ناوە ناوە باوکم شیعرێك یاخود چەند بەیتە شیعرێکی بەرەنگاربوونەوە و خۆ راگریی بۆ دەگوتین کەوای لە مام کاکل کرد روو بکاتە

باوکم و بڵێ (یاڕەبی خودایە لەبەر خاتری ئەم شیعرانە بمانپارێزی). هەرچۆنێك بوو شەومان بەڕێکرد بەیانی زوو لەخەو هەڵساین من چوومە سەربان بە مەبەستی وریابوون لە هەر جموجۆڵێك ئەگەر لە دەوروپشتدا هەبێت دونیا بێدەنگ و خامۆش بوو، هیچ جموجۆڵێکی سەربازی نەدەهاتە بەر گوێ تاکو کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ کاتێ لە دەرگای ماڵی باوکمیان دا، دایکم بە هەڵەوداوان چوو دەرگای کردەوە منیش لە تارمەی پێشەوە راوەستابووم گوێم لێبوو دەنگی بە عەرەبی لە دایکمی پرسی ئەمە ماڵی کێیە؟ منیش بێ ئەوەی خۆم تێك بدەم گوتم فەرمووم ماڵی ئێمەیە و لە تارمەکەی ماڵەوە هاتمە خوار و بەخێرهاتنم کردن، دیتم چەند سەربازێکی شڕ و دڕ لە پشتی (ن.ض)ێکەوە راوەستابوون، بەڵام سیمای دەموچاویان رق و قینی توڕەییان پێوە دیار نەبوو، فەرمووم لێکردن ئەوجا نائب زابتەکە کەوتە قسە و بەم شێوەیە:

**ن.ض**: برا ئێمە هاتووین بۆ پاراستنی ئەم شارە نازانم ئەم خەڵکە بۆ دەترسێ، خۆتان دەزانن تێکدەران لە خوار و سەرووی عیراق چ ئاژاوەیەکیان نایەوە، تۆ چیت؟!

**بەندە**: من فەرمانبەری دەوڵەتم چەند رۆژێکە لە عەسکەری تسریح بووم.

**ن.ض**: لە کام وەحدە بوویت؟

**بەندە**: لە بەڕێوەبەرایەتیی تەجنیدی کەرکووك.

**ن.ض**: دەمەوێ دەفتەر خدمەکەت ببینم.

منیش لەو چەند رۆژەی دواییدا پاسپۆرت و دەفتەر خدمە و ناسنامەی باری شارستانیی خۆم و پەروین و منداڵەکانم لەناو جانتاریەکی بچووك دانابوو هەمیشە لەگەڵمدا بوون بۆیە یەکسەر بۆم هێنا و لەو لاپەڕەیەی کە تەسریحەکەی تێدا نووسراوە پێشانم دا، ئەوجا گوتی کارێکی ئوسوڵییە دەبێت ماڵەکەتان تەفتیش بکەین، ئێمە تەنها لە چەك دەگەڕێین، ئەوجا هەر خۆی بەتەنها بەسەرکەوت و بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ماڵ و حاڵ و کەلوپەلەکانی دەکرد کاتێ کە چووینە ژووری پێشوازی باوکم کە بە رۆبەوە دانیشتبوو گوێی لە رادیۆ دەگرت، نائب زابتەکە پرسی ئەمە کێیە گوتم باوکمە،

هات سڵاوی له باوکم کرد و باوکیشم زۆر به ئاسایی وەڵامی دایەوە و نائب زابتەکە پرسی دیارە باوکت نەخۆشە، گوتم بەڵێ بێ تاقەتە، کاتێ چووینە ژووری نانخواردن له جامخانەی ژوورەکە چەند شووشە مەشروباتێکی جۆری ویسکی و عەرەقی تێدابوو، نائب زابتەکە گوتی کێ له ئێوە مەشروب دەخواتەوە، گوتم من جاربەجار ئەگەر میوانم هات، پاشان زۆر به هێواشی و به شەرمەوە گوتی (أگدر اخذ بطل عرگ) یانی دەتوانم شووشەیەك عەرەق بەرم، منیش له راستیدا له کانگای دڵمەوە حەزم بەو داواکردنەی شووشە عەرەقە کرد بۆیە هەر زوو شووشە عەرەقێکی جۆری (المسیح)م بۆ خستە ناو زەرفێکی کاغەز و دامە دەستی، کاتێ که لێی وەرگرتم گوتی (زۆر سوپاست دەکەم، له راستیدا من مەشروب خۆرم، بەڵام ئەوە ماوەی (١٥) رۆژە دانەبەزیوم چونکە ئیجازە نییە بۆ دابەزین و نەمخواردۆتەوە بۆیە ئەم داوایەم لێکردی، دیارە ئێوە ماڵێکی خانەدانن و هیچ کێشەیەکتان نییە بۆیە ئەمە یەکەم و دوا جارە سەرباز بێتە ئەم ماڵە و ئەگەر کەسانێك هاتن و هەر جۆررە روتبەیەکیان هەبوو بڵێ نائب زابت (أحمد الجبوری) هاتووە و ئەو ماڵەی تەفتیش کردووە و نهێنییەك هەیە پێتی دەڵێم که ئەمڕۆ لێبوردنی گشتی له سەرۆکی فەرماندەوە دەرچووە و ئێوارە بڵاودەکرێتەوە و ئەگەر خزم و کەس رۆیشتوون با بگەڕێنەوە کەس ئەزیەت ناخوات)، لەبەر دەرگا خوداحافیزی کرد و پێش ئەوەی بڕوات گوتم ئەم گەڕەکە هەموو پیاوی باشن و هیچ کێشەیەك لەو ناوە رووی نەداوە و زۆربەیان خزم و ناسیاوی ئێمەن، کاتێ رۆیشت دایکم له پشتی دەرگاوە چاودێریی منی دەکرد و لێی پرسیم چی بوو، منی به دڵخۆشییەوە گوتم (دایە به شووشەیەك عەرەق خۆمان و ماڵی خزمان و دەوروبەرم پاراست) ئەوجا دایکم هاتە قسە و گوتی (رەبی به رەشاویان بێت).

بۆ پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ دیتم ئۆتۆمبێلێکی (جیب قیادە)ی سەربازی لەبەردەم ماڵی ئێمە راوەستا دەرگای دەرەوەی ئێمە کراوە بوو من له تارمەی پشتەوەی ماڵی خۆمان دانیشتبووم که بەرامبەر دەرگای ماڵەوەیە کاتێ ئۆتۆمبێلە سەربازییەکەم دیت که ئەفسەرێك و دوو سەربازی لێ دابەزی،

بەڕاستی زۆر ترسام، بۆیە یەکسەر چوومە ژوورەوە بەرەو سەربان لەو کاتەش پەروین لە ماڵی باوکم بوو لە منداڵانی خزمان دەپرسن ئێرە ماڵی فەرهادە ئەوانیش کە دەبینن بە کوردی ئەفسەرەکە قسە دەکات دەڵێن بەڵێ ئەویش دەڵێ بڕۆن بانگی بکەن، کاتێ کە زانیم مەسەلەکە ئاساییە هاتمە خوارەوە دیتم ئەفسەری راوەستاو کاکە (چالاکی کەمالی حاجی مجید)ی برا و برادەری دێرینمە کە دەمێکە هاوپۆل و دۆست و برادەرین بە هەمان نەفەس تاکو رۆژانی ئەمڕۆ سەرەڕای خزمایەتیمان لە لایەن دایکم و دایکییەوە، کاک چالاک روتبەی (عمید) بو بە رێککەوت ئەو لەگەڵ شڕە لیوا سەربازییەی هاتبووە کۆیە کە ئەو رۆژە ئەو ئامرەکەی بوو، کاتێ چاومان بە یەك کەوت من شاگەشە بووم هەم بە دیتنی چالاك و هەم بە دیتنی ئەفسەرێکی کوردی پایە بەرزی سەربازی، پاش چاك و خۆشییەکی گەرم گوتی (ناتوانم زیاتر بمێنمەوە چونکە کارمان زۆرە حەزم کرد بتانبینم باش بوو تۆم دیت چاکتان کرد نەڕۆیشتوون خەڵکی زۆر لە بارێکی ئەزیەت و ناڕەحەت دان، من جارێ لێرەم، لە کۆیە بارودۆخەکە ئاساییە ئەمڕۆ لێبوردنیش دەرچووە بە هیچ شێوەیەك ترستان نەبێت، من لێتانەوە نزیکم، تازە پێش ئەوەی بۆلای تۆ بێم بە جادەی سەر رەزان تێپەڕیم و بەرامبەر کۆشکی ماڵی خۆمان راوەستام و یادگاریی رۆژانی رابردووم بیرکەوتەوە).

بە دیتنی عەمید چالاك و بە دەرچوونی لێبوردنی گشتی و بە بەخشینی شووشە عەرەقی (المُسَیَّح) بە نائب زابتی ماڵ پشکنەر ئارام و هێمن بووینەوە و رۆژ لەدوای رۆژیش خەڵکی کەم و زۆر دەگەڕانەوە، پاش چەند رۆژێك (محل)ـەکەی باوکمان کردەوە و برادەران قەرەباڵغیان دەکرد و ئێوارانیش لای باوکم دادەنیشتین گوێمان لە هەواڵی رادیۆکانی کوردستان و دەرەوە دەگرت، بەرە بەرە خەڵکی دەگەڕانەوە، بازاڕ هیچی تێدا نەبوو هەموو شت گران ببوو بەتایبەتی ئارد و شەکر و رۆن و چا و نەوت و بەنزین تەنها فەردە ئاردێکی ئێرانی بە (١٠٠٠) دیناری سویسری بوو ئەوجا بزانە خەڵکی بێ دەرامەت چۆن دەژیان، باوکم نەختێ پارەی لە ماڵەوە هەبوو مانگانەش کرێ دووکان و شوقەکانی دەگەیشتە (٨٢٠) دینار سەرەڕای پارەی موڵکی ئەو باڵەخانەیەی

**که بانقی کۆیه له سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوه له ئێمەیان بەکرێ گرتبوو ساڵی به (١٥٠٠) دینار، پەروین مووچەی خۆی وەردەکرت چونکه کۆمپانیای جگەرەی هەولێر که کارگەی پوختەکردنی تووتن له کۆیه سەر بەو کۆمپانیایه بوو سەرمایەی خۆیی هەبوو، بەڵام من تاکو ساڵێکیش دوای راپەڕین نەگەڕامەوه وەزیفه چونکه فەسڵ کرابووم یانی له ساڵی ١٩٨٦-١٩٩٢، بارودۆخەکه ئاسایی دەڕۆیشت دامودەزگا حکومییەکان ئاسایی کاری خۆیان بەڕێوه دەبرد، زۆربەی هەره زۆریان کورد و خەڵکی کۆیه بوون، بەڵام سێ رییانی رێگای کۆیه-هەولێر-کۆیه-تەقتەق فەوجێکی سەربازیی لێبوو، بەڵام نزیك خەڵکی نەدەکەوتن، بەڵام لەپڕ رۆژی هەندێ له پێشمەرگه ویستیان نزیك ببنەوه لەم هێزه سەربازییه به مەبەستی چەك کردنیان، هێزه سەربازییەکه که به (ئامریه) ناوزەد دەکرا شوێنەکەی له خوارووی کۆیه لەو شوێنەی ئێستا برایانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێیه، کەوته تەقه و بۆردومانی شاری کۆیه به تۆپ (شەلم_کوێرم ناپارێزم) لەو دەمەدا باوکم له تارمەی پشتەوەی ماڵەوه دانیشتبوو کاتێ گولله تۆپێك بەر باغچەی ماڵی باوکم کەوت له نزیك باوکمەوه و چەند ساچمەیەکی بەر قاچەکانی کەوت که تاکو رۆژی کۆچی دوایی سەرەڕای هەوڵ و کۆششی زێده به پەرۆشی برا و هاوڕێ و دۆستی دێرین و خۆشەویستم زانای نەشتەرگەری شەهید (د. محمد باجەلان) ئەو ساچمانه له قووڵایی جەستەی باوکم مانەوه و زیاتری بێ تاقەت کرد چونکه خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیی، بەڵام باوکم زۆر به هیممەت و به وره بوو تەنانەت له کاتی سارێژ کردنی برینەکانی شیعری (سروودێکی تازە)ی دەخوێندەوه، بۆ رۆژی دوایی د. فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ك) سەردانی کرد و ئامادەیی خۆی و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەربڕی بۆ چارەسەری باوکم، ماوەیەکی باش به میوانانی باوکمەوه سەرقاڵ بووین که تێیدا لایەنه سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی کۆیه کەمتەرخەم نەبوون. لەو ماوەیەدا ناوه ناوه سەردانی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستانم دەکرد و برای ئازیزم کاك (شڤان کوفلی) لێپرسراوی بوو و هەمیشه**

بۆ کاری پێویست راوێژی پێ دەکردم چونکە لە لایەن شەهید فرەنسۆ هەریرییەوە راسپێردرابوو سەرەڕای سەردانی دۆستانەم بۆ لای بارەگای یەکێتی نیشتمانی و حزبی شیوعی و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لەو سەروبەندە دا بوومە ئەندامی رێکخراوی ماف مرۆڤ لە کوردستان لە کۆیە کە پاشان لە سالانی دواتر لە کۆنگرەی دووەمدا کە لە ١٩٩٣ لە سلێمانی بەسترا بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی بالای رێکخراوی ماف مرۆڤ لە کوردستان.

لە رۆژێکی هاوینیی ئەم ساڵەدا بەندە و حاجی کاك حسێن و ثامر مستەفا سنجاری کە ئەویش دۆست و برادەرمان بوو رێککەوتین سەردانی عبدالموجود تەها بکەین لە شاری ورمێ (رەزایە) لە ئێران ئەوەبوو لە رێگای قەلادزێ–کیلی–سەردەشت بە ئۆتۆمبێلێکی لاند رۆڤەر بەڕێکەوتین تاکو سەردەشت رانەوەستاین، سەردەشت مشارێکی دڵگیری خنجیلانە دەهاتە بەرچاو زیاتر ئەوەی سەرنجی راکێشام دارودرەختی ناوشار بوو وەکو هەموو شارەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان گرنگیی بە باخ و دارودرەخت و سەوزایی دەدەن لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول دا چەندین شار و شارۆچکەیەکی رۆژهەلاتی کوردستان و تارانم دیبوو، بەلام رێگەم نەکەوتبووە لای سەردەشت کە دەمێك بوو ناوی ئەم شارەم لە باوکمەوە بیستبوو لە سەردەمی منداڵیمدا کە چۆن باسی بازرگانیی نێوان ئێران و کوردستانی دەکرد کە شاری سەردەشت قۆناغێکی بەرهەمهێنەری ئەو بازرگانییە بوو، ئەم شەوە لە ماڵی برادەرێکی سەردەشتی کوردپەروەرماینەوە و میواندارییەکی باشی کردین کە تێیدا بۆ خوانی ئێوارە برنجی (سەدری)یەکی بە گۆشتی بەرخەوە لەگەڵ خورمەسەبزی ئامادەکرابوو، بەیانی لەگەڵ گزنگ دا بە رێگایەکی دوور و درێژ بەرەو رەزایە بەڕێکەوتین، ئێوارە دەرنگانێك گەیشتینە رەزایە و ماڵی عبدالموجود مان دیتەوە کە لە باڵەخانەیەك دەژیان کە نهۆمی خوارەوەی ئەوان بەکرێیان گرتبوو، پێنج ساڵ بوو عبدالموجودم نەدیتبوو و هەروەها کاك ثامر مستەفای برادەرمان، بەلام چونکە کاك حاجی ساڵی ١٩٨٨ قەلادزێی بەجێهێشت و بەماڵ و خێزانێکی زۆرەوە روویان لە رۆژهەلاتی کوردستان کردبوو بەهۆی منیشەوە

پێشووتر له کوردستان یەکتریيان ناسیبوو، یەکتریان له ئێران دۆزیبۆوە، ئەم شەوە تاکو درەنگانێك بەدەم قسه و یادگارەکاندا کاتمان بەسەربرد، بەڵام من عبدالموجودم له رۆژانی زانکۆی بەغدا که له یەك شوقه و پاشان له یەك ئوتێل ژوورمان هەبوو پاشانیش له سلێمانی و هەولێر که سەردانم دەکرد شەوانه زۆر جار تاکو بەرەبەیان بەدەم قسه و شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کاتمان بەسەردەبرد، رۆژی دوایی به ئەرك و واجبمان زانی سەردانی گۆڕی (بارزانی نەمر) بکەین پاشان بەرەو راژان بۆ دیداری مامۆستا عەلی عبدالله که تاکو ئەوکاته ئەو له راژان له بارەگای مەکتەبی سیاسیی پ.د.ك مابۆوە.

مامۆستا عەلی عبدالله هەمیشه وەکو رۆژانی سەردەمی پێشووتر زۆر رێکوپێك و خاوێنی به جلی کوردییەوە دەبیندرا ماوەی ئەو دوو کاتژمێرەی لای بوون زیاتر خەریکی خوێندنەوەی راپۆرتی حزبی و برووسکەکان بوو که بۆ (م.س) هاتبوو ناوە ناوەش رووی له ئێمه دەکرد و دەیگوت (ئیٚ کاکه له کوردستان چ دەگوزەریٚ، میللەت له بەرەی کوردستانی رازییه، پارتی و یەکێتی پەیوەندییان چۆنه یاخوا هەر باش بن) لەو گەشتەدا رۆژێکیش سەردانی مەهابادی پایتەختی کۆماری کوردستانی سەردەمی شەهید (قازی محمد)مان و سەردانی مەیدانی (چوارچرا)مان کرد و ئەوجا بۆ رۆژی سێیەم له رەزایه بەنێو بازاڕی پڕ له کاڵا و میوە و سەوزەی جۆربەجۆرمان کرد، له رەزایه به پرسیار بازاڕی فرۆشتنی دانەوێڵەم دۆزییەوە چونکه لەگەڵ هاتنم بۆ ئێران باوکم داوای برنجی سەدری لێکردم، بەخت یاوەر بوو برنجی سەدریم دۆزییەوە، دوو گونیەی (٥٠) کیلۆییم کڕی، یەك بۆ ماڵی باوکم و یەك بۆ ماڵی خۆم، باش بوو حاجی کاك حسێن به دۆستێکی خۆی بۆی رەوانکردمەوە تاکو رانیه لەوێشەوە بۆ کۆیه.

لەو نێوانەدا چەند جارێك سەردانی بەڕێز مسعود بارزانیم کرد له هاوینەهەواری سەلاحەدین و هەر جارە بۆ مەبەستێك که هەرهەموو سەردانەکان بۆ خزمەتی پارتی بوون، بەندە هەمیشه به چاوتێڕوانینێکی رەخنەگرانه له هەڵوێست و سیاسەتی پارتیم دەڕوانی چونکه لەپاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ەوە

گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە ئەگەر بە بۆچوون و لێکدانەوەی رەخنەئامێز سیاسەت نەکرێت وەکو (داشی دامە) تەماشا دەکرێیت و سوودت نابێت تەنها (جێگری نانخۆر) دەبیت تا جارێکیان بەڕێزی داوای لێکردم راپۆرتێك دەربارەی هۆکارەکانی پێشکەوتنی پارتی بۆ بنووسم سەرەڕای دەربڕینی را و بۆچوونم لەسەر سیاسەتی رۆژانەی ئەو سەردەمەی پارتی لە هەمان کاتیشدا داوای لێکردم کەوا ناوی هەندێ لەو هەڤالانە بنووسم کە بە رای من شایانی ئەندامێتی سەرکریەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانن بۆ داهاتوو، لە راستیدا یەك هەفتە مۆڵەت بوو بۆ راپۆرتێکی چەند لاپەڕەیی ئامادەکراو کە تێیدا پێشنیاری ئەوەم تێداکردبوو کە هەندێ لەو برادەرانەی کە دەیانناسم و رۆژێك لە رۆژان پێکەوە کارمان کردووە لەوانە ناوی دوو هەڤاڵم لەبیر ماوە، یەکەمیان (حەمید ئاکرەیی) کە پاشان بووە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، دووەمیشیان (عارف تەیفور) بوو کە ئەویش لە کۆنگرە یانزە دا بوو بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و پاشانیش داوای کار پێسپاردنی لێکردم کە بەوپەڕی سوپاسەوە وەرمگرت، بەڵام گوتم (جەنابی کاك مەسعود ناتوانم بە هیچ شێوەیەك کۆیە بەجێبێڵم چونکە باوکم چۆتە تەمەنەوە و نەساغە) بەڕێزیشی گوتی (خزمەتی باوك ئەرکێکی ئەخلاقیی گەورەیە)، ناوە ناوەش لە هەر بۆنەیەکی سیاسی کە بانگ دەکرام سەردانی هەولێرم دەکرد زیاتر لەگەڵ دۆستانی ئازیزم عبدالموجود تەها پاش گەڕانەوەیان لە ئێران، خوالێخۆشبووان جەلال خۆشناو، ئەکرەم مەنتك، دڵشادی شێخ نەجیب، کەریم جەلال یەکمان دەگرتەوە و هەریەکە بە کارێکەوە سەرقاڵ بوو تەنها من نەبێت کە هیچ وەزیفەیەکی حکومی و لێپرسراوێتییەکی حزبیم نەبوو، چەند جارێك لە خەبات وتارم بە زوبانی عەرەبی دەنووسی و بۆیان بڵاودەکردمەوە، رۆژێکیان وابزانم پایزی هەر ئەو ساڵە بوو شەهید ئەکرەم مەنتك ئاگاداری کردمەوە کە وا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی داوای دیتنی هەندێ لە رۆشنبیران و کەسایەتیی سیاسیی نزیك لە پارتی کردووە کە بچنە رەواندز (ئەوکاتە بارەگایەکی پارتی لە رەواندز بوو) بە رێککەوت بەندە و بەختیار حەیدەر و خوالێخۆشبووان ئەکرەم مەنتك و جەلال

خۆشناو بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەکرەم بەرەو رەواندز چووین، دەمەو عەسرەکەی لەناو چیمەنی بارەگایەکەی پارتی کاك نێچیرڤان بە جلی کوردییەوە پێشوازییەکی گەرم لێکردین و دوای گفتوگۆیەکی گەرم لەنێوان ئامادەبووان هاتە ئاراوە ئەو ئەوکاتە بەندە لە نزیکەوە دانیشتبووم یەکەم کەس هاتمە قسە و باسم لە رەوشی پارتی کرد کە پێویستە بە بۆچوون و هەڵسوکەوتی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ رووداو و بارودۆخ و پێشهاتەکان بکات چونکە وەکو ئیشارەتم بۆکرد لەو سەردەم و رۆژگارە پارتی تاکە حزبی گۆڕەپانە سیاسییەکە نییە وەکو سەردەمی شەستەکان و حەفتاکان کە ئەم دیاردەش خۆ گۆڕین و سیاسەتێکی سەردەمییانەی دەوێ بە پشت بەستن بە کەرەستەیەکی باش، برادەرانی دیکەش هەریەکەو لە دیدی سیاسی و رۆشنبیریی خۆیەوە را و بۆچوونی خۆیان دەربڕی دیاربوو را و بۆچوونەکانی بەندە سەرنجی کاك نێچیرڤان بارزانی راکێشابوو بۆیە موجامەلەیەکی زیاتری کردم، پاشان وەکو خوالێخۆشبوو ئەکرەم مەنتك بۆی گێرامەوە کاك نێچیرڤان لەبارەی منەوە هەندێ زانیاریی لێ وەرگرتبوو لە هەمان کاتیشدا پێی گوتبوو (ئاگاداری بن لەدەست نەچێت) ئەکرەمیش لە وەڵامدا پێی گوتبوو (قوربان فەرهاد دەروێشە و مامۆستای ئێمە بووە).

پاش ئەم سەردانەی رەواندز چەند جارێکی دیکە دیدارم لەگەڵ کاك نێچیرڤان هەبوو، شەهید فرەنسۆ هەریریش رۆڵێکی زیاتری لەو نزیکبوونەوە و متمانە پێکردنە هەبوو چونکە ئاشنایەتیی شەهید فرەنسۆ و بەندە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٥٩ کاتێ تیپەکانی وەرزشی هەولێر سەردانی (کۆیە)یان کرد کە ئەوکاتە منیش لە گۆڕەپانی وەرزشدا جموجۆڵم هەبوو، کە تێیدا لەو سەردانەدا کاك فرەنسۆم ناسی کە ئەوکاتە هەردووکمان لە حزبی شیوعی نزیك بووین سەرەڕای جیاوازیی تەمەن، بۆ خۆ هەڵکێشان نییە ئەگەر بڵێم کاك نێچیرڤان تا رادەیەك منی چوبووە دڵییەوە، بیروبۆچوونەکانمی پێ قبوڵ بوو ناوە ناوە بێ مەوعیدی پێش وەخت سەردانیم دەکرد بۆ مەبەستی جیاواز کە لە لاپەڕەکانی دیکەدا باسی لێوە دەکەم.

وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە ئەم ماوەیەی پاش راپەڕین لە نێوان کۆیە و هەولێر و ناوە ناوەش بۆ سلێمانی کاتم بەڕێدەکرد، لە کۆیە لە بۆنەکانی لایەنە سیاسییەکان بەشداریم دەکرد زۆر جار باسی ئەوەم لەگەڵ دەکرا کەوا لە نزیکەوە ئاگاداری لیژنەی ناوچەی کۆیە بم و هاوکارییان بکەم، برادەرانی لێپرسراوە یەك لەدوایەکەکانی پارتی، هەڤاڵان سەردار و شڤان گوفلی، عبدالرزاق بیتوشی، ئیبراهیم عەلی ئاگادارن کە چۆن هاوکار و یارمەتیدەریان بووم و زۆر جاریش لەگەڵیان سەفەری مەسیف سەلاحەدینم دەکرد بە مەبەستی سەردانی مەکتەبی سیاسی کە هەندێ جار یارمەتیی داراییم بۆ دابین دەکردن کە لەو مەسەلەیەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و شەهید فرەنسۆ هەریری پاڵپشتیی تەواویان دەکردم و پێداویستییەکانی ناوچەی کۆیەیان دابین دەکرد، سەرەڕای ئەو سەفەر و خۆ مەشغوڵکردنە هەمیشە بەدووای کتێب و چاپەمەنیی تازەدا دەگەڕام رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی هەموو لایەنەکانم پێ دەگەیشت، رۆژێکیان بە رێککەوت وابزانم لە هەفتەی کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩١ بوو لە بارەگای حزبی شیوعیی عیراق–ناوچەی کۆیە ژمارەیەکی گۆڤاری (الثقافة الجدیدة)م دەستکەوت کە تێیدا بابەتێك لەسەر (رۆڵی وڵاتی سعودیە لە یارمەتی و درووستکردنی دەزگای راگەیاندنی وەکو TV و رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ) تێدابوو کە بەڕاستی کاتێ لێی وردبوومەوە بە گرنگییەکەوە وەرمگرت بۆیە کاتێ لەپاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٩١/١٢/٣١ بە پێی مەوعیدێکی پێشوەخت سەردانی بەڕێز مسعود بارزانیم کرد لە مەسیف سەلاحەدین ئەوکاتە نووسینگەکەی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە دوا ژووری بارەگایەکە و بەرامبەریشی ژوورەکەی کاك ئازاد بەرواری بوو کە ئەوکاتە لێپرسراوی نووسینگەی بەڕێز کاك مەسعود بوو لەم دیدارە سێ بابەتی سەرەکی حزووری هەبوو کە زۆر راشکاوانە قسەی لەسەر کرا. بابەتەکان ئەمانەبوون:

١– رۆڵ و پێگەی وڵاتی سعودیە لە هەندێ کەناڵەکانی راگەیاندنی عەرەبیدا.

٢- بوون و گرنگیی راوێژکار له چواردەورەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣- هەوڵدان به مەبەستی گەڕانەوەی شەهید سامی عبدالرحمن بۆ ناو ریزەکانی پارتی که ئەوکاته سکرتێری گشتیی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بوو.

مەبەستم له گێڕانەوەی هەندێ بابەت لەنێو بیرەوەرییەکاندا نه خۆهەڵکێشان و خۆدەرخستنه چونکه تازه ئەم مەسەلەیه بەکەڵکی من نەماوە، نەدرکاندنی بابەتی نهێنییه، بەڵام به مافی خۆمی دەزانم کەوا ئەوەی دیومه و کردوومه بزر نەبێت چونکه کاتێ مرۆڤێك له بەر هەر هۆیەك بێت له حزبێك دووردەکەویتەوە یان لەبەر هەر هۆکارێك بێت به باشی دەزانی له ماڵی خۆی به بێدەنگی دابنیشێ لەوانەیه لای هەندێك لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، به گوناهیشی دەزانم راستییەکان له خەڵکی و له جەماوەری (حزبەکەی) خۆت بزر بێت یاخود وەکو هەندێك به دەستی ئەنقەست دەیانەوێ هەندێ لەو راستییانه بشارنەوە (لغرض في نفس یعقوب) من لێرەدا نایشارمەوە که هیچ کاتێك پله و پایەی پارتایەتیم له ئەندامی ناوچه زیاتر نەبووە تاکو پاش راپەڕین (ئەندامێتیی ناوچەکەشم بەپێی هەڵبژاردن هاته کایەوە کاتێ له پایزی ساڵی ١٩٧٤ لەنێو راگەیاندنی شۆڕش کارم دەکرد ناوچەی ئازادی بەپێویستی زانی هەڵبژاردنی ناوچەی ئازادی بکات که تێیدا دەزگاکانی راگەیاندنی شۆڕش و هەندێ شوێنی دیکەی دەگرته خۆ لەو هەڵبژاردنەدا ئەویش لەسەر داوای برادەران خۆم پاڵاوت که له ئاکامدا بەنده و خوالێخۆشبوو فلك الدین کاکەیی، شێخ کەریم هیرانی و کامەران قەرەداغی که زۆر نەبوو ببوون به پارتی و هاتبوونه ناو شۆڕش پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ له بەهاری ساڵی ١٩٧٤) هەڵبژێردراین. پاش راپەڕینیش شەرەفی ئەندامێتیی دوو مەکتەبی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانم پێ بڕا که ئەو دوو مەکتەبەیش بریتی بوون له مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن و مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و توێژینەوە،

بەڵام وەکو جارێك خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن گوتی لەنێوانی هەڵسەنگاندنی بەندەدا لە مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن گوتی (هەندێ کەس ئەگەر پلە و پایەی گەورەی حزبیشی نەبێت پایە ئیعتیبارییەکەی کە لە ئاکامی دڵسۆزی و بەردەوامی و کارکردنی لە مەجالاتی دیکەی رێکخراوەیی پەیدای کردووە مەکانەیەکی گەورەی لە ژیانی سیاسی پێ دەبەخشی).

کاتێ لەگەڵ جەنابی کاك مەسعود دانیشتم پێش ئەوەی بێمە ناو بابەتەکانەوە و گۆڤارەکەی (الثقافة الجديدة)م دایە دەستی و تکام لێکرد ئەو بابەتە بیخوێنێتەوە کە باسی رۆڵ و تەمویل و کاریگەریی وڵاتی سعودیە دەکات لە راگەیاندنی عەرەبیدا، ماڵی ئاوا بێت بۆ ماوەی (١٠) خولەك بابەتەکەی خوێندەوە، پاش خوێندنەوەی هاتە قسە و گوتی:

**مسعود بارزانی**: مەبەستت لە مەوزوعە چییە کەوا پێوەی موهتەمی؟

**بەندە**: لەو وتارە بەدەردەکەوێ وڵاتی سعودیە چ رۆڵێك دەبینێ لە تەمویلی ئەو رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە تیڤییانەی کە بە زمانی عەرەبی پەخش و بڵاودەکرێتەوە، ئاشکراشە لای جەنابت کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی یەکەم وڵاتی سعودیە، تورکیا و ئیسرائیل بە دۆستی ئەمەریکا دادەنرێن، ئیسرائیل جارێ بۆ ئێمە (بقەیە) ناتوانین بە ئاشکرا لێی نزیك ببینەوە، تورکیا بە حوکمی دراوسێتیمان و بەرژەوەندییان پەیوەندی دروستبووە، دەمێنیتەوە وڵاتی سعودیە کە تاکو ئێستاکە سەرەڕای ئەو رۆڵ پێگەیەی کە هەیەتی هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان نییە، مەعلوومی جەنابتە ئەمەریکا بۆ داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەی خۆی را و بۆچوونی سعودیە لەگەڵ تورکیا و ئیسرائیل بە هەند و بە گرنگ وەردەگرێ، بۆ ئێمەی کورد وا باش نییە کە پردێکی پەیوەندی دروستبکەین؟

**مەسعود بارزانی**: قسەکانت راستە، بەڵام ئاگات لەوە هەبێت کە سعودیە لەگەڵ رێژم بۆی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی زۆر رەجعییە (کۆنەپەرست).

**بەندە**: کاك مەسعود شۆڕش (مەبەست شۆڕشی ئەیلولە) پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکان و وڵاتانی زۆر رەجعیتر کردووە کە ناشاردرێتەوە کە لە قۆناغی جیاجیا

سوودی هەبووە (وللضرورة أحكام) کاك مەسعود نەختێ داما و لەم مەسەلەیە چی دیکە قسەی لەسەر نەکرد.
بابەتی دووەمم کە لەگەڵ بەڕێزیان باس کرد مەسەلەی راوێژ و راوێژکاران بوو، لە راستیدا من دەستم بە قسە کرد و گوتم:
**بەندە**: کاك مسعود ئاشکرایە کە زۆربەی سەرۆکەکان راوێژکاری تایبەتییان هەیە کە یاریدەدەری سەرۆك دەدەن لە درووستکردنی بڕیار، جەنابت سەرقاڵی کێشەی کورد و بارودۆخی کوردستانی، پەیوەندییەکانت لەگەڵ دونیای دەرەوە بەرەو فراوانتر دەچێت، پارتی لە گەشەکردندایە جەنابت وەکو هەر مرۆڤێك لەم سەرزەمینە وزە و بینینی سنووردارە، بەندە وای بە باش دەزانم کە جەنابیشت ژمارەیەك راوێژکارت هەبێت، کە یارمەتیدەرت بن و چاوساغیت بۆ بکەن، بۆ نموونە کاتێك سەرۆکی ئەمەریکای کۆچکردوو (جۆن کەنەدی) نامەیەکی بۆ سەرۆکی وڵاتێك دەنووسیێ چەند کەسایەتییەکی راوێژکار تەنانەت (قەشەیەك)یش تەماشای نامەکەیان دەکرد چونکە ئەو جۆرە نامەیە بینای سیاسەتی لەسەر دەکریێ.
**مسعود بارزانی**: بەڵام خۆ من سەرۆکی حکومەتی وڵاتێکی دانپێدانراو نیم.
**بەندە**: بەڵام سەرۆکی پارتێکی گەورەی و قەدری میللەتێك لە دەستی تۆ و مام جەلال دایە و دونیاش لە گۆڕانە.

بابەتی سێیەمم کە لەو دیدارەدا کە قسەی جدیم لەسەر کرد بابەتی گەڕانەوەی کاك سامی عبدالرحمن بوو بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەم شێوەیە دەستم پێکرد:
**بەندە**: بەڕێز کاك مسعود رێگام دەدەی را و بۆچوونی خۆم دەربارەی کاك سامی عبدالرحمن دەربڕم.
**مسعود بارزانی**: فەرموو چیت هەیە بیڵێ.
**بەندە**: مەعلومی جەنابتە کاك سامیم لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩وە ناسیوە کاتێك لەنێوان شاندی شۆڕش هاتنە بەغدا پاشان ماوەی چوار ساڵی رەبەق (١٩٧٠-

١٩٧٤) چ وەکو لێپرسراوی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی (یەکێتییەکانی قوتابییان، لاوان، ئافرەتان، مامۆستایان) یان وەکو دیداری ڕۆژنامەمان لە بارەگای ڕۆژنامەی (التاخی) لەو ساڵەی شۆڕشیش ١٩٧٤-١٩٧٥ دیسان پەیوەندیی بەهێزم لەگەڵی هەبوو، لێت ناشارمەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش بە حوکمی تێکەڵاوی و پەیوەندیم لەگەڵ برادەران لە هەولێر-دهۆك-سلێمانی جۆرە سۆزێك بۆ کاك سامی هەیە و لەم کات و ساتەدا بوونی کاك سامی لەناو پارتی زەروورەتە و جەنابیشت لە هەموو کەس باشتری دەناسی ناوە ناوەش لە هەولێر سەردانی کاك سامی دەکەم زیاتر لەگەڵ عبدالموجود تەها، عبدالموجودیش دڵسۆزانە حەز لە گەڕانەوەی کاك سامی دەکات بۆناو پارتی تەنانەت عبدالموجود دەڵێت (کاك سامی بە پارتییەوە جوانە) بەندە و عبدالموجود زۆر جار کە لەگەڵ کاك سامی دادەنیشین هەمیشە ئەو بابەتەی لەگەڵ باس دەکەین، لام باشە ئەگەر جەنابت رای خۆتمان پیێ بڵێی.

**مسعود بارزانی**: تۆزیێ بە گرژییەوە تۆ (البدیل الثوري)ـت خوێندۆتەوە؟

**بەندە**: نەخێر

**مسعود بارزانی**: بڕۆ بیخوێنەوە ئەوجا باسی ئەم بابەتەم لەگەڵ بکە... باشە تۆ بیرناکەیتەوە ئیشێك وەرگریت، خۆ هەر وا بیێ ئیش دانانیشی!

**بەندە**: کاك مسعود من باوکم نەخۆشە، بە هیچ شێوەیەك ئێستاکە ناتوانم کۆیە بەجێبێڵم چونکە لای جەنابت مەعلومە کە باوك چەند گەورەیە و خزمەتکردنیشی لە پێش هەموو ئەرکەکانی دیکەیە.

**مسعود بارزانی**: تەمەنای سیحەت باشیی بۆ دەکەم.

عەسرێکی درەنگ گەڕامەوە هەولێر، شەو لای عبدالموجود لە ماڵی ئەوان مامەوە، بە دوور و درێژی باسی ئەو بابەتانەم بۆ گێڕایەوە کە لەگەڵ جەنابی کاك مسعود باسمکردبوو، عبدالموجود و بەندە هاوڕا بووین لەسەر بابەتەکان، بەڵام دەربارەی (البدیل الثوري) عبدالموجود گوتی (الزمن کفیل بحل هذه المشکلات) من البدیلت بۆ پەیدا دەکەم، ئەو شەوە تاکو درەنگانێك بەدەم قسە

و شیکردنەوەی بابەتەکان پێشوازیمان لە ساڵی تازە (١٩٩٢) کرد و بڕیارمان دا لە هەوڵەکان سارد نەبینەوە، لەو ماوەیەدا (البديل الثوري و بديل البديل الثوري)م خوێندەوە، لێرەدا زانیم کاك مسعود ناهەقی نەبوو کە باسی ئەم بابەتەم لەگەڵ کرد بە گرژییەوە پێم بڵێ (البديل) بخوێنەوە.

پاش هەفتەیەك یان بە ڕێککەوت بوو یاخود بۆ کارێك سەردانی کاك نێچیرڤان بارزانیم کرد کە ئەویش ئەو کاتە نووسینگەکەی لەناو بارەگای مەکتەبی سیاسی بوو لە ژوورەکەی ئەو جگەرە نەدەکێشرا و تەپڵەکی جگەرەشی لێنەبوو، بەڵام کاك نێچیرڤان دەیزانی ئەوکاتە من جگەرە کێشێکی بێ هاوتام بۆیە لەگەڵ دانیشتنم ئەمری کرد تەپڵەکێکی جگەرە بێنن و ڕووی لە من کرد و گوتی جگەرەیك داگیرسێنە ئەوجا قسە بکە. لێرەدا نایشارمەوە کاتێ جگەرەم دەکێشا کە ڕۆژانە زیاتر لە دوو پاکەتم تەواو دەکرد نەمدەتوانی چ لەسەر نووسین یاخود خوێندنەوە یان قسەکردن بەتەواوی بەردەوام بم ئەگەر جگەرەم نەکێشایە، کاتێ کە جگەرەیەکم دەرهێنا و دەستم بە کێشانی کرد کاك نێچیرڤان ڕووی تێکردم و ئەو پرسیارەی لێکردم:

**نێچیرڤان بارزانی**: پێم بڵێ ئەو ڕۆژەی کە (مامم)ت بینی چ بابەتێکت لەگەڵی باس کرد.

**بەندە**: سێ بابەتێکم لەگەڵی باسکرد کە بریتی بوون لە ڕۆڵی سعودیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەمویلی بۆ ڕاگەیاندنی عەرەبی، مەسەلەی پێویستیی ڕاوێژکاران بۆ جەنابی و بابەتی سێیەمیش دەربارەی کاك سامی و پارتی بوو.

**نێچیرڤان بارزانی**: چیت دەربارەی سعودیە بۆ مامم باسکرد؟

**بەندە**: بابەتەکەم وەکو خۆی کە لەگەڵ جەنابی کاك مسعود دەربارەی گرنگیی ڕۆڵی (سعودیە)م باس کردبوو بۆ کاك نێچیرڤانم گێڕایەوە، گوتم باشە بۆ ئەو پرسیارەت لێکردم؟

**نێچیرڤان بارزانی**: لێت ناشارمەوە مامم ڕا و بۆچوونی دەربارەی سعودیە سلبی بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە کە تۆ کاك مسعودت بەجێهێشت مەوعیدی لەگەڵ مام جەلال هەبوو کاتێ مام جەلال گەیشت منیش لەگەڵی چووم لای مامم

دانیشتین، مامم کە پێشووتر رای سلبی بوو بەرامبەر سعودیە دیتم لەو کاتەدا ئەو (کاك مسعود) داوای لە مام جەلال دەکرد کە دەرگایەك بکەنەوە بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵ سعودیە درووست بکرێت، باوەڕم پێ بکە ئەو لەو بابەتە زۆر مکوڕتر بوو لە مام جەلال، لەراستیدا پێم سەیر بوو کە مامم رای بەرامبەر سعودیە بەم شێوەیە گۆڕاوە، بیرم لەو گۆڕانکارییەی مامم کردەوە، لە دڵی خۆم گوتم مامم ئەمڕۆ بەو پاش نیوەڕۆیە تەنها فەرهادی دیوە، بۆیە ئەو پرسیارەم لێکردی، دەست خۆش باشە ئەی دەربارەی کاك سامی رای چۆن بوو؟

**بەندە**: رای دیسان سلبی بوو و داوای لێکردم (البدیل الثوري) بخوێنەوە و منیش پەیدام کرد و خوێندمەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**: باشە ئێستا رات لەسەر کاك سامی چییە؟

**بەندە**: ئێستا پاش خوێندنەوەی لە هەموو کاتێك مکوڕترم لەسەر هێنانەوەی کاك سامی بۆناو پارتی.

**نێچیرڤان بارزانی**: بۆچی؟!

**بەندە**: چ لەوە خۆشتر هەیە تۆ بتوانی نەیارێکی خۆت کە لێت جیابووبێتەوە جارێکی دیکە بیهێنیتەوە ناو چوارچێوەی حزب و سیاسەتی خۆت.

**نێچیرڤان بارزانی**: ئێستاکە من ناتوانم بێ رای مامم کارێك بکەم، بەڵام تۆ بە شێنەیی هاتوچۆی خۆت بکە بۆ لای کاك سامی با بزانین چیی لێ دێت.

**بەندە**: من بێئەوەی رای ئێوە بزانم چەند جارێك کە سەردانی کاك سامیم کردبێت دوور و نزیك ئەم بابەتەم بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵی باس کردووە، تەنانەت جارێك عبدالموجود تەهای هاندابوو کە پێکەوە بچینە رەواندز (ئەوکاتە کاك سامی بارەگایەکی لە رەواندز هەبوو) کاتێ چووینە رەواندز نیوەڕۆیەکەی کاك سامی و عبدالموجود و بەندە هەرسێکمان نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد، لەو ژوورەی کە نانمان لێ خوارد قاسەیەکی (قاصة) گەورە لە ژوورەکەدا هەبوو لەگەڵ نانخواردن کاك سامی رووی لە عبدالموجود کرد و گوتی چیت لەگەڵ فەرهاد کرد؟ عبدالموجودیش لە وەڵامدا گوتی ئەوەتا فەرهاد خۆی بەرامبەرتە، ئەوجا عبدالموجود قسەکانی ئاراستەی من کرد و

گوتی (کاک سامی دەڵێ من لەوەتەی فەرهادم ناسیوە خۆشمویستووە زەلامێکی جدی و راستگۆیە لە ئیشکردنا ماندوو نابێت و حەز دەکات ئیشی لەگەڵ بکەیت لە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان)، لەو کاتەدا کاک سامی ئیشارەتی بۆ قاسەکە کرد و گوتی (ئەم خەزنەشت تەسلیم دەکەم) منیش لە درێژە قسەکانمدا گوتم (کاک سامی خودا وەکیلە تۆ لەناو پارتیدا رۆڵێکی بەرچاوت هەبوو لە پێشکەوتنی شۆڕش و پارتی بەندە ئاگاداری رۆڵی تۆ بووم لە بەغدا لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ کە بە چ توانا و دڵسۆزییەکەوە کارت دەکرد، گوناحە تۆ لە پارتی دوور بیت، پارتیش بێ تۆ دیسان خودا وەکیلە (کەلێنێکی) گەورەی تێکەوتووە، پارتی و جەنابت پێویستتان بە یەکتری هەیە، زۆر حەز دەکەم رۆڵی سیاسیت لە پارتی چڕ بکەیتەوە چونکە پیاوێکی وەکو تۆ کە من شاهێدی هەندێ لایەنیم دەمزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ بەعس دەکەی، تاکو ئێستاکەش دەمەتەقەکەی تۆ و شەهید دارا تۆفیقم لەبیرە کە جەنابت مکوڕ بوویت لەسەر ئەو رستەیەی کە بۆ سەرووتاری (التاخی) هەڵبژێردرابوو کە تێیدا حکومەتی حزبی بەعست بە دوژمن دادەنا لە کاتێکدا تۆ وەزیرێکی دەست رۆیشتووی حکومەتی بەغدا بووی پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠.

**کاک سامی**: رستەکە (ناوونیشانی وتارەکە) چی بوو وا لە فکرت ماوە؟

**بەندە**: جەنابت نووسیبوت (سوء التقدیر کما نفهمه نحن وکما یفهمه بعض من أعدائنا) لە کاتێکدا کاک دارا تۆفیق لەجیاتی (أعدائنا) (أصدقائنا)ی دانا و تۆ بە کاک دارات گوت (دارا موستەقبەل ئیسپاتی دەکات ئەمانە دوژمنن نەک دۆست).

**کاک سامی**: منیش ئەم مەوزوعەم لەبیرە بۆیەش ئیسرارم لەسەر (أعدائنا) دەکردەوە چونکە دەمزانی ئەم وتارەی کە لە رۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی بەعس نووسرابوو لەسەر (ئینقیلابی شیلی) شەخسی سەدام نوسیبووی و دەیەویست تانەی ئەوەمان لێبدات کەوا ئێمە تووشی حاڵەتی (سوء التقدیر) بووین، بەوپەڕی داخەوە برادەری هاوبەشمان کاک دارا نەماوە تاکو ئەو

مەسەلەیەی لەگەڵ باس بکەین، ئینجا رووی لە عبدالموجود کرد و گوتی وامدەزانی فەرهادت بە قەناعەتەوە بۆ هێناوم تاکو ئیشمان لەگەڵ بکات، دەبینم لە بارەگای خۆم داوای گەڕانەوەم بۆناو پارتی لێ دەکات.

**بەندە:** کاك سامی جەنابت من لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەناسم، باشیش دەزانی کە من خۆم بە دەروێشی رێبازی بارزانی دەزانم، تاکو ئێستاکەش رێگا و رێبازێکی باشترم نەدیوە تاکو واز لە رێبازە کۆنەکەی خۆم بهێنم.

کاتێ کاك نێچیرڤان گوێی لەم قسانە بوو گوتی: وابزانم ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیش هەر ئەوەندەی تۆ بە پارتییەوە ماندوو دەبێت!، لە ژوورەکەی (نووسینگە) کاك نێچیرڤان کاتێ ئەو قسانەمان دەکرد ناوە ناوە چاوم لەو وێنەیە دەکرد کە لە دیواری بەرامبەرمان هەڵواسرابوو وێنەکەش بریتیبوو لە (وێنەیەکی رەنگاوڕەنگی بارزانی نەمر کە لەسەر بەردی شاخێکی سەرکەش دانیشتووە و قاپووتەکە خۆیی کردۆتە دۆشەکی دانیشتن و خوالێخۆشبوو (عەلی خەلیل)ی قارەمانی لە پشتەوە بە تفەنگی بڕنۆوە راوەستاوە، دیارە وێنەکەش لە رۆژێکی وەرزی زستان گیراوە) کاك نێچیرڤان سەرنجی تەماشاکردنەکەی منی لا راکێشابوو و پرسیاری لێکردم بۆچی چاوت بڕیوەتە ئەم وێنەیە لە وەڵامدا گوتم (وێنەیەکی دەگمەنە گەورەیی ئەم پیاوە مەزنە سادەیە دەردەخات)، لێرەدا وابزانم بانگی (صلاح) ناوێکی کرد و گوتی ئەم وێنەیە داگرە و بیپێچەرەوە ئەوجا پێشکەشی منی کرد و گوتی (ئەم وێنەیە وێنەیەکی رەسەنە و خودی وێنەگرەکە بۆی هێناوم پێشکەش بە تۆی دەکەم).

لەو سەروبەندەدا سەردانی هەولێرم دەکرد و ئێواران کە لە هەولێر دەمامەوە لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناوی برادەری دێرینم سەردانی بارەگایەکەی عبدالمهیمن بارزانیمان دەکرد کە ئەوکاتە وەکو لێپرسراو و نوێنەری بەڕێز مسعود بارزانی هەڵسوکەوتی دەکرد و هەمیشە چەند برادەرێکی دیکە لەو بارەگایە حزوریان هەبوو لەوانە برایانی بەڕێز حەسەن ناسر و سەروی نامقی خدری پاشا و جەلالیش لەگەڵیان بوو کە چ وەکو شارەزا

و چ وەکو چاوساغی کاك عبدالمهيمن لە هەولێر، لە سەرەتای هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتی ١٩٩٢ ئێوارەکەی رۆژی ١٩٩٢/٢/٥ بوو کاتێ لەگەڵ جەلال چووینە بارەگای ناوبراو ئەو رۆژە عبدالمهيمن زیاتر بەخێرهێنانی کردم و گوتی باش بوو ئەمڕۆ هاتی ئێستا کاتێ لامان چۆڵ دەبێت بابەتێك هەیە پێتی رادەگەیەنم، پاش چۆڵ بوونی بارەگا بەتەنها عبدالمهيمن و جەلال و بەندە ماینەوە، عبدالمهيمن کەوتە قسە و گوتی (ئەمساڵ لە ساڵیادی بیرەوەریی ١٣هەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانی نەمر و پێنجەمین ساڵڕۆژی ئیدریس بارزانی لەسەر فەرمان رەزامەندیی مەکتەبی سیاسی لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەم یادە بە شکۆداری دەکرێتەوە لە هەولێریش لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم یادە درووست دەکرێت و لەسەر راسپاردەی کاك نێچیرڤان بارزانی تۆش ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی دەبیت، بۆیە تۆ و کاك فلك الدين لایەنە رۆشنبیرییەکەتان پێ رادەسپێردرێ، پێویستە لە ١٩٩٢/٢/١٥ لە کۆبوونەوەکە بەشدار بیت و بێیتە هەولێر. تاکو رۆژی بیرەوەرییەکە کە رێککەوتی ١٩٩٢/٣/١ چەندین جار سەردانی هەولێرم کرد و شەوانەش دەمامەوە و پلانی تەواوی ئاهەنگی بیرەوەرییەکان ئامادە دەکران کاك فلك الدين و بەندە هەریەکە و وتارێکمان ئامادەکرد و بەم بۆنەوە سەرلەبەیانیی رۆژی ٣/١ لەگەڵ کاك مجيد فەقێ و رێکانی کوڕم کاتژمێر شەشی بەیانی بەڕێکەوتین و یەسکەر چووینە ماڵی عبدالموجود و پاشان هەموومان پێکەوە بۆ یاریگای هەولێر کە تا رادەیەك قەرەباڵغ بوو کە تێیدا بە سەدان هەزار کەسی بۆ یادی ئەو دوو سەرکردە گەورەیە بە جیاوازیی بیر و رای سیاسی رژابوونە ئەم شوێنە و لە کەرنەڤاڵێکی کەم وێنەدا بەڕێزان مام جەلال و کەریم ئەحمەد و سامی عبدالرحمن ئەمینداری گشتیی پارتی گەلی ئەوکاتە و رەسوڵ مامەند سکرتێری حزبی سۆشیالیست، کاك بەڵێن لەجیاتیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و کاك عبدالله ئاگرین وتاری پاسۆك و کاك نێچیرڤان بارزانی وتاری پارتیی خوێندرانەوە. لە راستیدا سەرەڕای یادکردنەوەی ئەو دوو سەرکردە مەزنە لەو ئاهەنگە شکۆدارەدا، بەڵام دیسان ئەوەی ئەو فیستیڤاڵەی زیاتر بەرز

نرخاند یەکڕیزی و تەبایی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بوون کە هەرهەموویان بە قەناعەتەوە هەڵسەنگاندنی شیاو و بەنرخیان بۆ سەرکردەی قارەمانی کوردستان بارزانی نەمر هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەستیاری و لێوەشاوەیی کاك ئیدریس بارزانی لە بزاڤی شۆڕشگێڕ و کوردایەتیدا نیشاندا. پاش تەواوبوونی فیستیڤاڵە جەماوەرییەکە دەستمان بە کۆکردنەوەی وتار و برووسکەکان کرد، ئینجا پاش دوو ڕۆژ سەرقاڵی ڕێکخستنی وتارەکان و پەیداکردنی وێنە لەگەڵ نووسینی پێشەکی و ژیانی هەردوو نەمر (بارزانی و کاك ئیدریس) ئەو دوو وتارە کە ئامادەمان کردبوو بە ڕێکوپێکی بردمانە لای خوالێخۆشبوو د. فازڵ قەفتان کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین بوو، ئەویش بە ڕوویەکی خۆشەوە ئامادەیی چاپکردنی لەسەر ئەرکی چاپخانە لە ئەستۆگرت وابزانم (٢٠٠٠) دانەی لەژێر ناوی (بیرەوەریی بارزانی نەمر) لە نامیلکەیەکی قەشەنگدا بڵاوکرایەوە، دیاری ئەم بەشدارییەم لە لیژنەی فیستیڤاڵ و ئامادەکردنی نامیلکەکە بەشداری و هاوبەشی کاك فلك الدین کاکەیی پاداشتی من لە لایەن کاك عبدالمهیمن بارزانییەوە (چوار زنجیرە کتێبەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی کە لەژێر ناوی (البارزانی والحرکە التحرریە الکوردیە) کە پێش ڕاپەڕین چاپکرابوو.

پەیوەندییەکانم لەگەڵ برایانی پارتی چ لە کۆیە و چ لە مەسیف سەلاحەدین لە بەردەوامیدا بوو بێ ئەوەی لێپرسراوێتییەکی حزبی وەربگرم، بەلام بەهۆی کەسایەتیی خۆم و خۆڕاگریی ڕۆژانی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و بەردەوامبوونم لەگەڵ دۆست و برایانی هەموو لایەنە سیاسییەکان و مێژووی دێرینی خۆم هۆکار بوون کە ڕێزی تایبەتیم لێ بگیرێ و زۆریش لە برایانی ئەم لایەنانە لە ماڵەوە لە کۆیە سەردانیان دەکردم، بەلام دیسان مانەوەم لە کۆیە و نزیك لە باوکم هیچ تەکلیفێکم پێ قبوڵ نەدەکرا و هەمیشە لێی نزیك بووم و لە هەواڵ و گۆڕانکارییەکان ئاگادارم دەکرد و یارمەتیدەری دەبووم لە چاوپێکەوتنە کۆمەلایەتییەکان و ڕۆژنامەکان کە تێیدا یەکەم چاوپێکەوتنی

رۆژنامەنووسی پاش راپەڕین لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو کە دەقەکەشی لە لاپەڕە (٦)ی ژمارە ١٠٩ی رۆژی ١٩٩٢/٦/٤ بڵاوکراوەتەوە، یەکەم سەرکردەی کوردیش کە لەپاش راپەڕین سەردانی باوکمی کرد لە کۆیە، جەنابی مام جەلال بوو کە لە دوانیوەڕۆی رۆژێکی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٢ کە بێگومان چەند رۆژێك پێش نەورۆز بوو کاتێ برای بەڕێز و دۆستی دێرینی باوکم و مامم و دۆستی چەند ساڵەی زیاتری رۆژانی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلولم ١٩٧٥ مامەڕووتە (خوالێخۆشبوو عبدالرحمن اسماعیل) پێی راگەیاندم کە بەڕێز مام جەلال ئەو رۆژە لەماڵی حەمید ئاغای کاکە زیاداغا بۆ نانی نیوەڕۆ داوەت کراوە و پاشان لە بەرنامەیەتی سەردانی کاك (عەونی) بکات، کاتێ هەواڵەکەم بە باوکم و ماڵەوە گوت کەوتنە خۆ ئامادەکردن، بەڵام باوکم بێ تاقەت بوو، بەڵام دیسان بە هیممەت بوو، کاتێ مام جەلال گەیشت باوکم و من و برایانم دلێر و ساسان لە پێشوازیی مام جەلال و برادەرانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون کە بریتی بوون لە بەڕێزان (کاك کۆسرەت، د. بەرهەم، شێردل حەوێزی، چەتۆ حەوێزی) کە بەداخەوە ناوەکانی برادەرانی دیکەم لەبیر نەماوە کە لەگەڵ مام جەلال دا تەشریفیان هێنابوو لەگەڵ داوای لێبوردنم لەو بەڕێزانەی کە ناویانم لەبیر نەماوە، باوکم لە تارمەی پێشەوە پێشوازییەکی گەرمی لە مام جەلال کرد و ما جەلالیش زۆر بە رێزەوە ئەملا و ئەولای روومەتی باوکمی ماچ کرد و ئەوجا زۆر بە گەرمییەوە لە تەندروستی باوکمی پرسی و گوتی (چیمان پێ بکرێ ئامادەین بۆ چارەسەری نەخۆشیت بۆتی بکەین) باوکیشم سۆپاسێکی گەرمی کرد ئەوجا مام جەلال کەوتە پرسیار لە باوکم دەربارەی شیعرەکانی بەتایبەتیش ئەو شعرەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ لە کاتێ راپەڕینی گەلانی عیراق (وثبة کانون) کە لەناو جەماوەری راپەڕیوی کۆیە لە مزگەوتی گەورە و لە (کەنشتی) جوولەکەکان باوکم خوێندبوویەوە، شعرەکە بریتییە لە (٤٥ دێڕ) و بەناوی (ئەی شەهیدان) لە دیوانەکەی بڵاوکراوەتەوە سەرەڕای پرسینی مام جەلال لە (منداڵەکانی خوالێخۆشبوو حاکم عومەر)ی مامم کە ئەویش

دۆستێکی دێرینی مام جەلال بوو لەپاش درووستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ساڵی ١٩٤٦ مامم یانی حاکم عومەر ئەویش یەکێك بوو لەو لاوە رۆشنبیر و فیداکارانەی پارتی دیموکراتی کوردستان تاکو ماوەیەکیش ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاش گەرم بوونی گفتوگۆیە دۆستایەتییەکان مام جەلال رووی لە ئامادەبووان کرد و گوتی (کوڕینە شتێکتان بۆ مێژوو پێ دەڵێم ئەویش ئەوەیە ساڵی ١٩٤٦ کە پارتی دیموکراتی کوردستان درووستبوو کاك عەونی و هەندێ لە برادەرانی کۆیە ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی پارتی بوون لە کۆیە و لە سەرەتاشدا منیش پاڵێوراوی (مرشح) پارتی بووم چونکە ئەوکاتە دەبووایە لە پاڵێوراوییەوە دەست پێبکەیت پاشان دەبووی بە ئەندام، پاش تێپەڕ بوونی شەش مانگ بەسەر پاڵێوراوێتیم دەبووایە ببم بە ئەندام ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٧ بووم بە ئەندام، بەڵام گۆڕینی پلە لە پاڵێوراوەوە بۆ ئەندام دەبووایە دوو ئەندامی ناوچە (تزکیە)ی بکەن یەکێ لەو دوو ئەندامەی ئیمزای لەسەر تەزکییەکەم کرد جەنابی کاك عەونی بوو بۆ مێژوو لەبیرتان نەچێت). ماوەی سێ چارەکە سەعات مایەوە و لە رۆیشتنندا بە باوکمی گوت (ئامادەین بۆ هەر شتێك دەفەرمووی باوکیشم لەگەڵ سوپاس و پێزانینی گەرم گوتی: مام جەلال تەنیا تاکە داخوازیم ئەم شیعرەی شوکری فەزڵییە کە دەفەرمێ:

***سەرەتای ئیش هەمووی یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا***

***هــــەر برینێکی کە لە دڵدا هەیە ســــارێژی نەکەی***

مام جەلالیش لەگەڵ تەواو بوونی باوکم لە خوێندنەوەی شیعرەکە بە گەرمییەوە بە باوکمی گوت: کاك عەونی موتمەئن بە لەگەڵ کاك مەسعود بارزانی زۆر رێکین و بە کەیفی ئێوەیە).

باوکم بە زیارەتی مام جەلال دڵخۆش بوو و گوتی (لە سەرەتای لاوییەوە چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی گەورەی لێ دەکرا، ئافەرین).

بەهاری ساڵی ١٩٩٢ تەندروستیی باوکم جێگر نەبوو سەرەڕای ئەو برینەی کە لەکاتی بۆردومانەکەی سوپای عیراق لە هاوینی رابردوو کە تێیدا باوکم چەند ساچمەیەکی بەرکەوتبوو رۆژ بە رۆژ بێتاقەت تر دەبوو زۆر جار بە ئۆتۆمبیل دەمانهێنایە هەولێر بۆلای دکتۆر، من لە ساڵانی پێشووترەوە خۆم فێری دەرزی لێدان کردبوو لەبەر خاتریی ئەو چونکە زۆر جار باوکم بەدەم دەرزی لێدان ئارام دەبوو لە مانگی ٦ی ئەم ساڵە (١٩٩٢) زۆر جار لەگەڵ دلێر یان لەگەڵ دایکم یان یەکێ لە خوشکەکانم لەبەر بێتاقەتی بە دانیشتنەوە لەسەر کورسی دەمانبردە سەربان چونکە زۆر حەزی لە خەوتنی سەربان دەکرد و ئێوارانیش تاکو درەنگانێکی شەو لەناو جۆلانەکەی چیمەنی ماڵەوە بە گوێگرتن لە رادیۆ کاتی بەسەر دەبرد.

لە سەرەتای مانگی ٧ی ١٩٩٢ پەروینی هاوسەرم لەگەڵ رێکان و لانە بۆ سەردانی ماڵی باوکی کە لە بەغدا بوون سەفەریان کردبوو منیش کە بەتەنیا مابوومەوە ئێواران دەچوومە لای باوکم و شەوانیش لەسەربان لەنزیك ئەوەوە دەنووستم، رۆژی ١٩٩٢/٧/١٨ داوای لێکردم بە ئۆتۆمبیل پیاسەیەك بکەین بۆلای شاخی هەیبەت سوڵتان، کاتێ کە بە هەیبەت سوڵتان هەڵدەگەڕاین ویستم بۆ چنارۆکی ببەم، بەڵام ئەو گوتی با بگەڕێینەوە لە بەرزانیی هەیبەت سوڵتاندا کە دەڕوانێتە شاری کۆیە چەند خولەکێك لەسەر داوای ئەو راوەستاین زۆر بە سەرنجەوە تەماشای دیمەنی کۆیە دەکرد، لە گەڕانەوەشدا شووشەیەك ساردیی جۆری (مشن)م بۆ کڕی کە حەزی لێدەکرد.

ئێوارەی رۆژی ٧/١٩یش کە دوا ئێوارەی بوو لە ژیانی لە چیمەنی پشتەوەی ماڵەوە تاکو درەنگانی شەو باوکم لەناو جۆلانە و منیش لەسەر کورسییەك دانیشتبووم لێی پرسیم (کەی منداڵەکانت دێنییەوە لە بەغدا) منیش گوتم خێرە دەپرسی، گوتی بیریان دەکەم منیش گوتم هەفتەی داهاتوو دەگەڕێنەوە. شەو درەنگانێك وابزانم لەگەڵ دایکم بوو بە کورسی هەڵمانگرت و چووینە سەربان، کاتێ لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشا کە رووی بەرامبەر شاخی باواجی بوو پاش چەند خولەکێك راستبۆوە و پێی گوتم (فەرهاد جگەرەیەکم بۆ

**پێکە) ئاشکرایە باوکم یەکێ لە جگەرەکێشەکانی ناسراوی کۆیە بوو زۆر جار دەیگوت رۆژی وا هەبووە لە بەیانییەوە تاکو نیوەڕۆ یەك دەنکە شقارتەی بەکارهێناوە و جگەرەی بە جگەرە پێکردووە و هەمیشە تووتنی کوردی دەکێشا کە هەمیشە دایکم و پوورە عاسمەم رۆژانە خەریکی ئامادەکردنی جگەرە تێکردنی باوکم بوون، بەڵام کاتێ لە ماڵ دوور دەکەوتەوە یاخود حەپس دەکرا ناچار دەبوو جگەرەی پاکەت بکێشێ، ناوە ناوەش بۆ ساڵێك یان دوو ساڵ تەرکی دەکرد، بەڵام پاشان دەگەڕایەوە سەری و جگەرە کێشانەکەی هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی باری تەندرووستیی بوو کە تا رادەیەکی زۆر سییەکانی ماندوو کردبوو و تووشی تەنگە نەفەسی کردبوو، پاش ئەوەی جگەرەکەم بۆ داگیرساند و دوو قومی لێدا هاتە قسە و گوتی (فەرهاد تۆش جگەرەیەك بکێشە) چونکە ئەو وەکو باوك دەیزانی جگەرە دەکێشم، بەڵام قەت رۆژێ لە رۆژان بەرامبەر ئەو جگەرەم نەکێشاوە، منیش لە وەڵامدا گوتم ناکێشم، دوو جار داوای لێکردم کە جگەرەیەك بکێشم، بەڵام من نەمکێشا (ئێستا زۆر جار کە ئەو دیمەنەم بەبیر دێتەوە پەشیمانی دام دەگرێ کە چۆن بۆ دوا سات لە ژیانیا بەقسەم نەکرد و جگەرەیەکم لەسەر داوای ئەو نەکێشا، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەی دڵی خۆمی پێ دەدەمەوە ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك نەمدەویست تەجاوزی پیرۆزیی پەیوەندیی باوك و کوڕ بکەم چونکە جگەرەکێشان بەرامبەر بە باوك بە رەوشتێکی باش نازانم تاکو رۆژانی ئەمڕۆش خەڵکانی وا ماون بەرامبەر گەورەی خۆی جگەرە ناکێشی. پاش کێشانی جگەرەکەی دوو جار زۆر بە نزمی لەبەر خۆیەوە ئەو دوو شیعرەی بەهەشتی حاجی قادری کۆیی دەگوتەوە:**

***مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە***

***ئەوەی بـــــاقی بمێنێ هــــەر ناوە***

**کاتژمێری (١٢)ی شەو باوکم خەوی لێکەوت و منیش چوومە سەر جێگای خۆم کە لە تەنیشت جێگای باوکم بوو کاتژمێر (٦)ی بەیانیی رۆژی ١٩٩٢/٧/٢٠ دایکم لە خەو هەڵیستاندم و چوومە لای قەرەوێڵەکەی باوکم دیتم**

باوکم هەڵنەستاوە و لەسەر پشت ڕاکشاوە، بەڵام سیمای دەموچاوی شتێکی دیکە بوو یەك جار دەستم لە دەموچاوی خشاند لەگەڵ بانگکردنی (کاکە.. کاکە) بێ وەڵام بوو زانیم باوکم پاش تەمەنێکی نزیك (٨٠) ساڵی دونیای پڕ لە مەینەت و چەرمەسەری و ماندووکەری بەجێهێشتووە، دایکم و پوورە عاسمەشم بەرامبەرم لەدیار قەرەوێڵەکەی باوکم ڕاوەستابوون و زانیان باوکم گیانی چۆتە دوینای جاویدانی، یەکسەر بە دایکم و پوورم گوت (باوکم تەواو ئەمری خودای کردووە و ناگەڕێتەوە، گرنگ ئەوەیە خۆتان تێك مەدەن و نەیکەنە شین و گریان با جارێ بە هەرسێکمان بە شێنەیی جەستەی پیرۆزی ببەینە خوارەوە و ماڵەکە ئامادە بکەن، ئەوجا ئەوەی پێویستە بیکەن و کاتی گریان و لەخۆدان زۆری ماوە.

باوکمان بە هەڵگرتن بردە خوارەوە، دایکم و پورم و خوشکەکانم ماڵەوەیان ئامادەکرد ئینجا خزمانی نزیك و دراوسێکانمان لێ کۆبوونەوە. پاش ڕێوڕەسمی پێویست جەنازەکەمان بردە مزگەوتی (حاجی سدیق)ی نزیك ماڵی خۆمان و ماوەیەك لە چاوەڕوانیی ساسان و هەندێ لە خوشکەکانم بووین کە ئەوکاتە لە هەولێر بوون، نزیك کاتژمێر (١٠:٣٠)ی ئەو ڕۆژە لە قەبرستانی (باسکی عەرەبیان) لە تەنیشت باوك و دایك و خوشك و برا و ئامۆزا بەخاك سپێردرا و پرسەکەمان لە مزگەوتی (حاجی سدیق) دانا، لەکاتی گەڕانەوەماندا لە گۆڕستانەوە بەرەو ماڵەوە برووسکەیەکیان دایە دەستم کە لە ڕێگای ناوچەی پارتییەوە هاتبوو کە تێیدا دەڵێ:

لە (ن.ب) مەبەست (نێچیرڤان بارزانییە)

بۆ/ فەرهاد عەونی

تکایە بەپەلە سەردانی مەکتەبی سیاسی بکە

هەر ئەو ڕۆژە وەڵامی برووسکەکەی کاك نێچیرڤان بارزانیم دایەوە کە (بەداخەوە بەهۆی کۆچی دوایی باوکم ناتوانم ئەمڕۆ سەردانتان بکەم)، پرسەکەی باوکم زۆر گەرموگوڕ بوو هەر لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تاکو ڕۆژانی

پرسەکە کە ئەوکاتە بە رەسمی دانیشتن لە مزگەوت سێ رۆژ بوو، یەکەم برووسکەی ماتەمینیشم لە بەڕێز مام جەلالەوە پێگەیشت کە برادەری دێرینم (حسێن سنجاری) هێنابوو کە تێیدا وەکو لە دەقەکەدا هاتووە دەڵێ:

**برا گیان کاک فەرهادی بەڕێز**

**سڵاوێکی گەرم**

کۆچی دوایی کوردپەروەری دڵسۆز و تێکۆشەری رێگای رزگاری و دیموکراسی و شاعیر و نیشتمانپەروەری دێرین زیانێکی گەورەیە لە گەلەکەمان کەوت، کۆستی ئێمەمانانی قوتابی و هەڤاڵ و ناسیاوی ئەویش پێ کەوت.. سەرەخۆشیی لە خۆم و لە خۆت و هەموو کوردەواری دەکەم بەتایبەتی کەسوکاری شاعیری نەمر و خەڵکی کۆیەی نەبەز، خۆتان خۆش بن، پڕ بەدڵ هاوبەشی خەمی خەڵکی کۆیە و ئێوەم، هیوادارم تەمەنی درێژتان هەبێت بۆ سەر رێبازەکەی کاکە عەونیی نەمر، رێبازی کوردایەتی و دیموکراسی، هەر برژی بۆ برای دڵسۆزتان..

**مام جەلال**

**١٩٩٢/٧/٢١**

بەدەمیش بە کاک حسێن سنجاریی گوتبوو کە لەبەر سەفەری دیاریکراویان لەم رۆژە لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی بۆ ئەمەریکا ناتوانێ خۆی ئامادە بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا برووسکەی بۆ تی ڤی و رادیۆ و رۆژنامەی کوردستانی نوێ کردبوو کەوا بە گرنگییەوە باسی وەفاتی (عەونی) بکرێت، ئەوەبوو رۆژی ١٩٩٧/٧/٢٢ کوردستانی نوێ لە ژمارە ١٤٨ی رۆژی ١٩٩٢/٧/٢٦ لە لاپەڕە (١)دا دەقی برووسکەکەی مام جەلالی بۆ بەندە بڵاوکردۆتەوە سەرەڕای برووسکەی مام جەلال مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی لایەنە

سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان و سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندنی لایەنە سیاسییەکان بە ئەهەمییەتەوە هەواڵی کۆچ کردنەکەیان بڵاوکردەوە و سەردانیان کردین و لە خەم و پەژارەیان کەم کردینەوە کە لێرەدا نامەوێ ناوەکانیان بڵاوبکەمەوە نەوەك خوانەخواستە هەندێکیانم لەبیر بچێت.

رۆژی دووەمی پرسەکە سەرلەئێوارەکەی شەهید فرەنسۆ هەریری ئامادەی پرسەکەمان بوو و پێش بەجێهێشتنمان بەتەنیا جیای کردمەوە پێی گوتم (کاك نێچیرڤان سڵاو و رێزی هەیە، دوێنێ رۆژی ٢/٢٠ کاك نێچیرڤان برووسکەیەکی بۆ کردبووی مەبەستیشی ئەوەیە کە ئەمڕۆ منی راسپاردووە کە راتان وەربگرم دەربارەی ئەوەی ئایا رازیت پۆستی بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری وەربگریت)، منیش لە وەڵامدا گوتم (سوپاسی ئەو هەڵوێستەیان دەکەم إن شاء الله پاش دە رۆژێکی دیکە سەردانیان دەکەم و رای خۆمی پێ دەڵێم، بەڵام حاڵی حازر ناتوانم رای تەواوی خۆم بدەم، بەڵام من هەمیشە سەربازی پارتیم ئەوان چی بڵێن من رازیم). پاش ماوەیەك کاتێ سەردانی کاك نێچیرڤان بارزانیم کرد لە مەسیف سەلاحەدین بە نیگەرانییەوە بە دەق پێی گوتم (بەندە زۆرم حەز دەکرد پۆستی جێگری وەزیری رۆشنبیری وەربگری کە کاك شێرکۆ بێکەس وەکو پۆستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستنیشان کراوە بۆ وەزیری رۆشنبیری، بەڵام بەداخەوە کاتێ ناوی تۆم بۆ ئەو پۆستەی پارتی لای برادەرانی مەکتەبی سیاسی باسکرد کاك جەوهەر نامق ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێی باش نەبوو ئەو پۆستە بدرێتە تۆ بە حوجەتی ئەوەی لەوانەیە تۆ نەتوانی لەگەڵ کاك شێرکۆ بێکەس ئیدارە بکەیت و لەباتی تۆ پێشنیاری کاك ئەحمەد سالاریان کرد حوجەتەکەشیان ئەوەبوو کەوا کاك شێرکۆ بێکەس و کاك ئەحمەد سالار هەردووکیان خەڵکی سلێمانین و ئەگەری لێك حاڵیبوونیان زیاترە لە برادەرێکی دیکە)، منیش لە وەڵامدا بە کاك نێچیرڤانم گوت (جەنابت خۆت رۆژی ٧/٢٠ برووسکەت بۆکردم، پاشان هەر جەنابت کاك فرەنسۆ هەریریت راسپاردبوو، باشە نەدەکرا جەنابت دواجار ئەم پرسیارە لە خۆم

بکەیت کە ئایا دەتوانم لەگەڵ کاك شێرکۆ ئیدارە بکەم، ئێمە چ بەندە چ کاك ئەحمەد سالار هەردووکمان پارتین یەك سیاسەتیش پیادە دەکەین، نازانم کاك جەوهەر نامق بۆ ئەو رایەی لا درووست بووە کەوا من ناتوانم ئیش لەگەڵ کاك شێرکۆ بکەم لە کاتێکدا من دەمێکە کاك شێرکۆ دەناسم و ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ لەناو شۆڕشی ئەیلول پێکەوە لە یەك ئەمانەتی شۆڕش کە راگەیاندن بوو کارمان پێکەوە کردووە و رێزی لای من هەیە)، پاشان کاك نێچیرڤان بارزانی کە هەستی کرد نیگەرانم بەو بڕیارە کە بە (گاڵتەپێکردن) ناوم برد داوای لێکرم هەر ئەو رۆژە سەردانی کاك حەوهەر نامق بکەم لە هەولێر، بەڵام من لە سەرەتادا رازی نەبووم ئەو سەردانە بکەم، بەڵام کاك نێچیرڤان گوتی تەلەفۆنم بۆ کاك جەوهەر کردووە کەوا هەر ئەمڕۆ لەماڵی خۆیان لە هەولێر بانگی کاك فرسەت ئەحمەد بکات کە ئەوکاتە سکرتێری پەرلەمان و یاساناسێکی بەتوانا بوو بە مەبەستی لێکحاڵی بوونێك لەگەڵ کاك جەوهەر بۆ پۆستێکی دیکە کە ئەویش (پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارای) بوو کە بە وتەی کاك نێچیرڤان پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری لە پۆستی بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری گرنگترە.

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو بە نابەدڵی سەردانی ماڵی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق مان کرد لە خانووەکانی پەرلەمان کە ماڵەکەیان ئەوکاتە لە دواخانووەکانی ریزی پێشەوە بوو، کاك جەوهەر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین و هەستی کرد کە من لێی دڵشکاوم لەسەر پۆستی جێگری وەزیری رۆشنبیری، ویستی پاساوم بۆ بهێنێتەوە، بەڵام خودا وەکیلە من زۆر سارد بووم کاتیٚ کاك فرسەت ئەحمەد گەیشت خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر داوای لێکرد کەوا پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری (دیوان الرقابە المالیە) ئامادە بکات و بە دەق گوتی (کاك فرسەت ئاگادار بە پرۆژەکە لەسەر قیاساتی فەرهاد تفصال بکە چونکە ئەو پاڵێوراوی ئێمەیە و ئەم پۆستەش بەر پارتی کەوتووە) منیش لەنێوان قسەکاندا گوتم هیوادارم ئەم (جلك دروێنە پڕاوەی نەویٚ). دیسان ئەم پۆستە و چەندین پۆستی دیکە کە لە خودی

**لوتکەی پارتییەوە پێشنیارم بۆ دەکرا هیچیان جێ بەجێ نەکران کە پاشان لە شوێنی خۆیدا راشکاوانە یەکە یەکە باسی لێوە دەکەم.**

**پرسەی باوکم لەماڵەوە زۆری کێشا تاکو نزیکی مانگێکیش بەسەر وەفاتی تێپەڕ ببوو دۆست و برادەران دەهاتن بۆ لام لە ماڵەوە، لە هەفتەی دووەمی پرسەکەدا برای بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا لە ماڵەوە سەردانی کردم و ماوەی نیو سەعاتێك لامان مایەوە کە تێیدا سەرەڕای راگەیاندنی هاوخەمیی خۆی کەوتینە باس و خواسی سیاسەتی ئەو رۆژگارە.**

**مردنی باوك لە هەر تەمەنێکدا بێت بۆ کەسوکاری زۆر ناخۆشە بە نسبەت منەوە سەرەڕای تەمەن و تەندروستیی خراپی باوکم بە کۆچکردنی هەستم بە بێکەسی کرد چونکە کاتێ ئەو لە ژیان مابوو کە ئاوڕم دەدایەوە ئەوم لە پشتەوەی خۆمەوە دەدیت، بەڵام ئێستا کەس نابینم ئەو بۆشاییەم بۆ پڕ بکاتەوە، باوکم ژیانێکی پڕ لە ئاستەنگ و ماندوو بوونێکی بەردەوام بردەسەر لە تەمەنی سەرەتای لاوێتییەوە چووەتە ریزی کوردایەتی و شیعری بۆ کورد و کوردستان گوتووە و یەکەم شیعریش لە رۆژنامەی (هاوار) کە لە شام دەردەچوو لە لایەن جەلادەت بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٣ و لە تەمەنی نزیك (٢٠) ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە و لەو ساڵەدا (١٩٣٣) تاکو هاوینی ساڵی (١٩٨٦) کە شیعرێکی بە ناوی (یەکبوون) لە گۆڤاری کاروان بڵاوکردۆتەوە کە دوا شعری بڵاوکراوەیەتی کە تێیدا لە ماوەی ئەو (٥٣) ساڵەدا بێ کۆڵدان سەرەڕای حەپس و دوورخستنەوە و پەنا بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦٣) و ماڵ تاڵانکردنی لە گیانی بەرەنگار بوونەوە نەوەستا هەمیشە ئەو بەیتە شیعرەی سەرویری زمانی بوو کە دەڵێ:**

***دوژمنی بەدکاری من هەرچی بـــــــــکەی لێت ناگرم***
***پێت دەڵێم من تاکو ئێستا مـــــــــــاوم و قەت نامرم***
***هەرچـی پێت دەکرێ لەگەڵ من بیکە هیچ سوودی نییە***
***ئەو پڕۆژەی خۆم مەبەستمە دەستی لـــــــێ هەڵناگرم***

سەرەڕای بەخێوکردنی خێزانێکی گەورە و بە حەڵاڵی و بە ئارەقی نێوچەوانی و باوەڕ ناکەم وەکو باوکم ناسیبیٚ تاکە فلسێکی حەرامی نەچووبێتە گیرفانەوە، بەڵام زۆر جاریش غەدری لیٚ دەکرا لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی و شەڕی لایەن بازی لەگەڵ دەکرا گەرچی ئەو دەمێك بوو هەر لە ساڵی ١٩٥٦ەوە وازی لە کاری حزبی (لە پارتی دیموکراتی کوردستان) هێنابوو کە تێیدا لەگەڵ بەرپرسێکی گەورەی پارتی کەوتبووە کێشەوە لەسەر بۆچوونێك کە باوکم خۆی بە ڕاست دەزانی و فشاری ئەو لێپرسراوەی قبوڵ نەکردبوو بووە هۆی دوورکەوتنەوە بە خودی بڕیاری خۆی، بەڵام بۆ یەك تۆزقاڵیش لە ڕێبازی کوردایەتی سەربەخۆ و خۆشەویستی بۆ ڕێبەر و قارەمانی کورد جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی دوورنەکەوتۆتەوە و دەتوانم بڵێم لە ریزی یەکەمی ئەو چەند شاعیرە دەگمەنە بوو کە بۆ گەڕانەوەی (شێرانی بارزان) نامە شعرێکی بە ناوی (نامەیەك بۆ بارزان) کە شیعرێکی (٥٤) بەیتە پاش گەڕانەوەیان (گەڕانەوەی بارزانی نەمر) لە ١٩٥٨/١٠/٦ ئەو (عەونی) لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە (٣٥ی ڕۆژی ١٩٥٨/١١/٢٢) ئەو نامە شیعرەی بڵاوکردۆتەوە، کە دەڵێم زۆر جار شەڕ و لایەن بازیی لەگەڵ دەکرا لێرەدا ڕۆژانی (فەحسی تووتن)م لە کۆیە لە ساڵی ١٩٦٩ بەبیر دێتەوە کە چۆن لێپرسراوانی لیژنەی فەحسی تووتن بە تۆمەتی ئەوەی کە گوایە (عەونی) تووتنی خوالێخۆشبوو شەهید (عەلی شەعبان) کە سەرکردەیەکی سەربازیی شۆڕشی ئەیلول بوو ماوەیەك لە ناوچەی لێپرسراو بوو و بۆی فەحس دەکات سەرەڕای ڕەتکردنەوەی ئیمزاکردن لەسەر برووسکەی دژ بە سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول مستەفا بارزانی کە ئەمانە بۆ مایەی زەرەر و زیانێکی گەورە کە لە بەرژەوەندیی باوکم درا ئێستاکەش هەردوو کارمەندی دائیرەی ئینحیساری کۆیە برایان محمد حاجی گەورە و ئەحمەدی یا روقیا کە شاهێدحاڵی ئەو ڕۆژانەبوون باسی لێوە دەکەن کە چۆن بە بێویژدانانە بەربەرەکانێی بەرژەوەندیی باوکم دەکرا، بەڵام وەکو محمدی حاجییە گەورە

دەیگوت (عیزەت نەفسی کاك عەونی هەندە گەورەبوو بە پێکەنینەوە تەماشای ئەو هەڵسوکەوتە نا جوامێر و نا کوردانەی دەکرد).

پاش وەفاتی باوکم ڕۆژانە لەگەڵ دلێری برام سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی کاروباری خێزان بووین، ئەو دووکان و شوقانەی هەمانبوون جارێکی دیکە گرێبەستی تازەمان ڕێکخست و سەردانی برایانی بەڕێز خوالێخۆشبوو دارا شێخ نووری کە وەزیری دارایی بوو و کاك سەلاح دەلۆ کە بریکای هەمان وەزارەت بوو بە مەبەستی زیادکردنی کرێی بانقی کۆیە کە باڵەخانەکە موڵکی ئێمە بوو لە (١٥٠٠) دیناری ساڵانە کە لە ساڵی ١٩٧٠دا گرێبەستەکە ئیمزاکرابوو کردیانە (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دیناری ساڵانە، سەرەڕای مەشغوڵیمان لەگەڵ دلێر بە کاروباری خێزانەوە، بەڵام پەیوەندی و هاتوچۆی بەردەوامم بۆ هەولێر، کەمتربوو لە جاران، پاش دوو هەفتە لە وەفاتی باوکم ڕۆژانەی پێش نیوەڕۆ لە (محل)ی باوکم دادەنیشتم و ڕۆژانە چەندین برادەر و ناسیاو و دۆستمان سەردانیان دەکردین و بەیادی ڕۆژانی وجودی ئەو لە (محل) ڕۆژم بەسەر دەبرد و هەندێ جاریش برادەرانی لایەنە سیاسییەکان بۆ ڕاوێژ و گوڕینەوەی بیر و ڕا دەهاتنە لام تاکو بمتوانیایە قسەی خێرم لەنێواندا دەکردن و ناوە ناوەش پاش نیوەڕۆیان سەردانی کتێبخانەی گشتیی کۆیەم دەکرد کە تێیدا ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ژوورێکیان لە کتێبخانەکە وەرگرتبوو کە تێیدا منیش ئەندامی ڕێکخراوەکە بووم لەگەڵ د. نەبەز مجید کە ئەو لێپرسراوی لیژنەی کۆیە بوو را و بۆچوونمان دەگۆڕییەوە تاکو کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوەکە کە لە سلێمانی لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە ڕۆژانی ١٥-١٩٩٣/٧/١٧ بەسترا کەتێیدا بە ئەندامی دەستەی باڵا و پاشان بە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ بەڕێزان جەمال عبدول و د. دارا جاف هەڵبژێردرام.

لەو سەروبەندەدا خوالێخۆشبوو شێخ ئاخر شێخ جەمال هاودیانی بە قایمقامی کۆیە لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان دانرا، من پێشووتر شێخ ئاخرم نەدەناسی، بەڵام شەهید فرەنسۆ هەریری ڕایسپاردبوو کە بە

گەیشتنی بۆ کۆیە پەیوەندیم پێوە بکات و هەمیشە کارو و چالاکییە سیاسییەکانی بەراویژ کردن لەگەڵ بەندە ئەنجام بدات سەرەڕای ئەوەی بەندە دۆستایەتیی دێرینم لەگەڵ برای خۆشەویستم (شێخ مەهدی کاکی هیران) هەبوو، ئەو رۆژەی شێخ ئاخر لە کۆیە دەست بەکار دەبێت شێخ مەهدی کاکی هیران بەهۆی دۆستایەتی و خزمایەتییان لەگەڵی هاتبووە کۆیە و لە عبدالرحمن محمود ئاغای حەوێزی (ئاوڕەحمان شێتە) لە بەندەی پرسی بوو، بەڵام من ئەو رۆژە لە کۆیە نەبووم رۆژی دوایی خوالێخۆشبوو (شێتە) لە (محل)ـەکەی باوکم هاتە لام و هەواڵی دەستبەکار بوونی ئێخ ئاخری پێگوتم، بۆیە یەکسەر لەگەڵ ئەو سەردانی قایمقامیەتمان کرد و لەگەڵ شێخ ئاخر یەکترمان ناسی، لەو رۆژەوە تاکو رۆژی وەفاتی (کە بەداخەوە ئەوکاتە بۆ نەشتەرگەریی چۆکم لە عەمانی پایتەختی ئوردن بووم نەمتوانی ئامادەی پرسەکە بم بە تەلەفۆن هەر زوو رێکانی کوڕمم راسپارد کە لەجیاتیی من ئامادەی پرسەکەی بێت لە هاودیان).

دۆستایەتی و برادەرایەتیمان زۆر توندوتۆڵ بوو رۆژانە یان یەکترمان دەدیت یاخود بە تەلەفۆن ئاگاداری یەکتر دەبووین و پەیوەندیی خێزانیشمان لەنێواندا هەبوو، شێخ ئاخر کادرێکی چوست و چالاك و بەوەفای پارتی بوو، لە ماڵی خۆی زۆر پیاو و سەخی رەوشت بوو، زۆر جار ئێمەی لەگەڵ خۆی دەبردە هاودیان، شەوانەی هاودیانمان بە قسەی خۆش لەگەڵ میوانانی دیوەخانەکەی کاتی بەڕێدەکرد و کە تێیدا فاخری براگەورەشی حزووری تەواو لەو میواندارییەمان هەبوو، زۆریش حەزی بە گەڕان و سووڕان دەکرد، جارێکیان باسی ناوچەی سیدەکان و حەسەن بەگم لەگەڵ کرد کە نەمدیوە یەکسەر گوتی ئامادەبە لەگەڵ رێکانی کوڕت گەشتێك بۆ ئەو ناوە دەکەین، ئەوەبوو رۆژی ١٩٩٣/٧/٢ بە ئۆتۆمبێلی ئەو لەگەڵ خوالێخۆشبوو عبدالرحمن–ـە شێتە و بەندە و رێکانی کوڕم و کاروانی کوڕی شێخ ئاخر و دوو لە پێشمەرگەکان بەرەو هاودیان چووین شەوێك لەگەڵ قسە خۆشەکانی شێتە کاتمان بەڕێکرد، بۆ بەیانی لەگەڵ فاخری برای و هەڵمەتی پێشمەرگەی

خزمی بەرەو سیدەکان چووین، لە سیدەکان لەژێر کەپرەکەی خوالێخۆشبوو (کەریم خان)ی خەلیفە سەمەد سەرۆکی هۆزی برادۆست پشوومان دا و ماوەیەك بە قسەی خۆش و چاخواردنەوە و پاشان بەرەو ڕێگای کێڵەشین تاکو (بێرکەم) ڕانەوەستاین، کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ بوو کاتێ گەیشتینە (بێرکەم)، ئاشکرایە مانگی تەموز لە باشووری کوردستان چەند گەرمە، بەڵام کاتێ گەیشتینە (بێرکەم) دیمەنێکم دیت لە سەرەتادا باوەڕم نەکرد ئەویش دیمەنی (گۆم)ـە بچکۆلەکەی ئەوناوە بوو لەسەر بەرزایی ئەو شاخە بڵندە کە لەو ڕۆژەدا تاکو ئەو کاتەش بەفر بە چواردەوری ئەو گۆمە بەفری زستانی لێمابوو و لە دامێنیشی دیمەنی جوانی (گوڵ روون)ـە ڕەنگ زەردەکەی کە تەنها لەو ناوچەیە دیومە مرۆڤی تووشی سەرسوڕمان دەکرد و تازە بە تازەش رووەکی (کەنگر) سەری دەرهێنابوو، بە گەیشتنمان (شێخ جەلال برادۆست) کە شێخ ئاخر لەبەر دۆستایەتی و ناسیاوەتیان بە (جەلو)یان بانگ دەکرد یەکسەر مەڕێکی بۆ سەربڕین و لە دەوروبەری ئەو گۆمە ئاوەوە لەو دیمەنە ئەفسوناوییەدا تاکو ئێوارە کاتێکی خۆشمان بردەسەر.

لە ڕۆژگاری پاش کۆچی دوایی باوکم ماوەیەك بەهۆی باری خێزانییەوە کە تێیدا ساسان قوتابیی زانکۆ و نەژاد لە حەپسخانە و خەسرەوی بەناو براگەورە دوور لە هەموو ئیلتیزامێکی خێزانی مایەوە، بەندە و دلێر کە زۆر وردەکارییەکانم بۆ ئەو بەجێدەهێشت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانم زیاتر پەرەی دەستاند لەو ماوەیەدا تاکو ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٦ کە لە لایەن مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە شەرەفی سەرنووسەریی ڕۆژنامەی (برایەتی)م پێ بەخشرا کە پاشان بە درێژی باسی ئەو قۆناغە دەکەم، سێ ڕووداوی گرنگ لە ڕێڕەوی ڕۆژانی ئەم سەردەمەم ڕوویدا، بەڵام بەوپەڕی داخەوە مێژوو و مانگی هەندێکیانم لەبیر نەماوە کە تێیدا وەکو پیشەی دێرینم ڕۆژانە ئەو ڕووداوانەم تۆمار دەکرد لەو دەفتەر و ساڵنامەکاندا، بەڵام ڕووی شەڕی براکوژی ڕەش بێت کە هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ ماڵ تاڵانکردنەکەم لە هەولێر لە سەروبەندی کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ و

سەرەتای ساڵی شوومی ١٩٩٥ راماڵی بە دەگمەن نەبێت وێنەیەك لێرە و کاغەزێکی دڕاو لێرە هیچمان بۆ نەمایەوە.

رووداوی یەکەم ئەوەبوو دیسان لە لایەن نێچیرڤان بارزانیەوە برووسکەیەکم لە رێگای لیژنەی ناوچەی کۆیەوە پێگەیشت کە سەردانی بکەم، ئەوەبوو رۆژی دوایی لەگەڵ شێخ ئاخر کە ئەویش بە رێککەوت کاری لە مەسیف هەبوو پێکەوە بەرەو مەسیف چووین، کاتێ گەیشتمە بارەگای مەکتەبی سیاسی بەرەو نووسینگەکەی کاك نێچیرڤان چووم لەو ماوەیەدا تووشی شەهید فرەنسۆ هەریری بووم و گوتی (یاللە خێرە بەو بەیانییە هاتووی خۆی هیچ نەبووە، بەسەری فەرهاد دوو جار گلەییم لە کاك نێچیرڤان بارزانی کردووە لەسەر پۆستی بریکاری وەزیری رۆشنبیری کە تۆیان پشتگوێ خست چونکە من لە نێواندا بووم، بەهەرحاڵ بۆلای کێ هاتووی) منیش تێمگەیاند کە بۆلای کاك نێچیرڤان هاتووم، تا دەرگای ژووری کاك نێچیرڤان لەگەڵم هات و دەرگای ژوورەکەی کردەوە و بە کاك نێچیرڤانی گوت (میوانەکەت گەیشت)، لەگەڵ چوونە ژوورەکەی کاك نێچیرڤان کە لە یەکێ لە ژوورەکانی دەستە راستی ئەو کۆڵانە (ممر) بوو کە ئەوکاتە نووسینگەی جەنابی کاك مەسعودیش لە دوا ژووری دەستە چەپ بوو، کاك نێچیرڤان بەخێرهێنانێکی گەرمی کردم و کەوتینە قسەکە پوختەکەی بەم شێوەیە بوو:

**نێچیرڤان بارزانی**: تۆ دەمێکە بە مەسەلەی کاك سامی سەرقاڵی ئەو جارە پێش ماوەیەك لەگەڵ جەنابی مامم باست لێوە کردبوو لەگەڵ بەندەش لەسەر ئەم مەسەلەیە دوای.. ئێستا شتێك هاتۆتە پێشەوە کە بۆتی باس دەکەم، پێرێ کاك عوسمانی براگەورەی کاك سامی هاتە لام، رێزی زۆری بۆ پارتی و کاك مسعود هەبوو، نیگەرانیی خۆیشی دەربڕی لە وجودی کاك سامی لە دەرەوەی پارتیدا ئومێدی زۆریشی بەوە بوو کە رۆژێك لە رۆژان کاك سامی جێگای ئاسایی خۆی لەناو پارتی و رێبازی مەلا مستەفا ببینێتەوە، ئێستا بۆیە تۆم داواکردووە چونکە پێشینەت هەیە لەم مەسەلەیەدا، دیارە کاك سامی بڕوای پێتە، بەنسبەت ئێمەش (مامم (کاك مسعود) و من) بە یەکێك لە خۆمانت

دەزانین، ئەمڕۆ سەردانی کاك سامی بکە و بەتەنها بیبینە و بزانە چی لە خەیاڵیدا هەیە.

**بەندە:** باشە باسی ئەوە بکەم کە لە لایەن بەڕێزتانەوە تەکلیف کراوم، یان بە شێوازێکی دیکە قسە بکەم.

**نێچیرڤان بارزانی:** وەکو گوتم پێریٚ براگەورەی کاك سامی لێرەبوو مەعقولە کاك سامی ئاگای لە هاتنی عوسمانی برای نەبووبیٚ! بە سەراحەت قسەی لەگەڵ بکە و سبەی ئەو کاتە وەرەوە لام چاوەڕوانت دەکەم.

لە گەڕانەوەمدا بۆ هەولێر یەکسەر سەردانی ماڵی عبدالموجودم کرد کە ئەویش لە سەرەتادا لەگەڵ بەندە هاوڕا بوو، راستە ئەو ئەوکاتە لەگەڵ کاك سامی بوو، بەڵام لە کانگای دڵییەوە ئارەزووی گەڕانەوەی کاك سامیی دەکرد بۆناو پارتی، لەگەڵ عبدالموجود تەها تاکو عەسرانێکی درەنگ لە ماڵی ئەوان ماینەوە بە تەلەفۆن ئاگاداری کاك سامیی کرد کەوا لەگەڵ بەندە دەچینە لای ئەویش هەر زوو بە عبدالموجودی گوتبوو (حەز دەکەم ئێوارە پاش چۆڵ بوونی دیوەخانی بارەگایەکەی (کە لە یەکیٚ لە خانووە گەورەکانی پەرلەمان بوو) تەشریف بێنن).

دەوروبەری کاتژمێر (٧)ی ئێوارە عبدالموجود و بەندە لای کاك سامی خۆمان دیتەوە، بەڵام دیسان کۆمەڵێك سەرکردەی حزبی یەکگرتن کە لە یەکگرتنەوەی هەر سیٚ حزبی (پارتی گەل، سۆسیالیست، پاسۆك) پێك هاتبوو لە مەجلیسەکەدا دانیشتبوون ئەوەی لە یادم ماوە کە لەویٚ بوون بەڕێزان کاك قادر جەباری و سەید کاکە خوالێخۆشبوو سعد عبدالله بوون، بەڵام ئەمانیش پاش نیو کاتژمێرێك دیوەخانەکەیان بەجێهێشت، بە رۆیشتنی ئەوان کاك سامی دەستی منی راکێشا و بەرەو ژووری نووستنی خۆی لەگەڵ عبدالموجودی بردین لە ژوورەکەدا سەرەڕای شوێنی نووستن دوو کورسی و مێزێکی مامناوەندی لە ژوورەکەدا هەبوو کە لە نزیك کانتۆری جلەکانییەوە بوو کاك سامی لەگەڵ بەخێرهێنانی (أهلاً بصدیقنا الوفي و العزیز) یەکیٚ لە دەرگاکانی کەنتۆرەکەی بە کلیل کردەوە و شووشەیەك ویسکیی (بلاك لەیبڵ)ـی

دەرهێنا لەگەڵ کیسەیەك فستقی ئێرانی ئەوجا لە یەکێ لە پاسەوانەکانی کە جێگای متمانەی بوو داوای سێ پەرداخ و ئاوی کرد کاتێ کە هێنایان بە پاسەوانەکەی گوت (نەهێڵی کەس بێتە لامان) لەگەڵ تێکردنی ویسکی بۆ ناو سێ پەرداخەکە چەند جارێك کاك سامی دەیگوت (أهلاً بکاکە فرهاد أهلاً بصدیقنا المشترك یامیە هلە) لەگەڵ خواردنەوەی قومی یەکەمی ویسکییەکە کە بە سیحەتی هەموومان نۆش کرا و ئەوجا بەندە کەوتمە قسە و گوتم:

**بەندە**: کاك سامی (کێرنایە) بە شێوازی ئاخاوتنی شیوەزاری سنجارییان یانی نابێت چی دیکە لە دووری پارتی بیت خەریکە (استقتاب)ێك لە کوردستان روو دەدات جەنابت لە ساڵی ١٩٦٣-١٩٧٥ یانی ١٢ ساڵ لە ریزی پارتی و لەژێر سەرکردایەتیی بارزانی دا بووی، هەموو مەجدی جەنابت لەناو پارتییە، لە رۆژانێك کە لە پارتی جیابوویتەوە لە ساڵی ١٩٧٩ پاش کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لەوانەیە جۆرە (موبەڕیڕێك) هەبووبێت، بەڵام ئێستا خاڵی ناکۆکی (نقاط الخلاف)ت لەگەڵ پارتی نەماوە.. دەەمەوێ شتێکی دیکە بە جەنابت بڵێم تاکو ئێستاکەش هەڤاڵ و کادرانی پارتی بە رێز و خۆشەویستییەوە باسی لە رۆڵی جەنابت دەکەن لە سالانی شۆڕشی ئەیلول.

**خوالێخۆشبوو کاك سامی**: (فرهاد ادخل الی اصل الموضوع قل ما عندك).

جار جار کاك سامی رستە و وشەی عەرەبی بەکاردەهێنا چونکە باشتر دەیتوانی تەعبیری پێ بکات سەرەڕای شێوازێکی سۆرانی کە باش قسەی پێدەکرد.

**بەندە**: کاك سامی دوێنێ لای کاك نێچیرڤان بووم، چوونی کاك عوسمانی برا گەورەت بۆ لای ئەو بۆ باسکردم، خۆت دەزانی من دەمێکە لەو بابەتەی گەڕانەوەی تۆ بۆناو پارتی دواوم، کاك نێچیرڤان دەقاودەق منی راسپاردووە کە سەردانی جەنابت بکەم لە نزیکەوە راشکاوانە بزانم جەنابت (من حیث المبدأ) رات چییە؟ دەربارەی گەڕانەوەت بۆ ناو پارتی.

**کاك سامی**: رەجا دەکەم تەسحیحی عبارەتەکە بکە فەرقی گەڕانەوە بۆناو پارتی و یەکگرتن لەگەڵ پارتی (بینهم وادی) یانی نێوانیان دۆڵێکە.

**بەندە**: لەگەڵ داوای لێبوردن کاك سامی سواء هذا أو ذاك النتیجة واحد، أنا لست بصدد التفاصیل.

**کاك سامی**: فەرق هەیە، ئێمە زۆر جار لەگەڵ بەعس لە ساڵانی نێوان ١٩٧٠-١٩٧٤ لەسەر یەك کەلیمە یان یەك تەعبیر رۆژێك موناقەشەمان دەکرد.

**بەندە**: کاك سامی تەفاسیل بۆ دوا رۆژ بەجێ بهێڵە برادەران دەیانەوێ بزانن جەنابت چیت لە مێشکدا هەیە وەکو دڵێن (بصریح العبارە) دەمەوێ پێشت بڵێم برادەران حەز بە وجودت دەکەن لەناو پارتی.

کاك سامی لێرەدا کەمێك راما و کەوتە بیرکردنەوە کە ئەمەیان وەکو من لێی شارەزا بووم لە ساڵانی پێشووتر کاك سامی کاتێ دەیەویست بڕیارێکی گونجاو بدات، پێش گوتنی ئەسڵی مەبەستەکە بیری لێ دەکردەوە و هێمنانە دەدوا، بۆ پاش کەمێك هاتە قسە و گوتی:

**کاك سامی**: فرهاد بڕوا بکە من دائماً لەگەڵ وەحدەی کوردیم، پارتیش نیو قەرنە خەبات دەکات من شەرەفمەندم کە لەژێر قیادەی بارزانی نەمر پێشمەرگەبووم، پارتی بەشێکی هەرە زۆری تەئریخی منە، من حیث المبدأ من لەگەڵ یەکگرتنەوەم لەگەڵ پارتی، خۆشت دەزانی زۆربەی برادەرانی حزبی تازەمان (یەکگرتن) لەگەڵ سێ حزبی کوردستانی پێکهاتووە و هاوڕان لەگەڵ یەکڕیزیی بزووتنەوەی کوردستان، دەبێت پارتی بەتایبەتی کاك مسعود (موبادر) بێت.

**بەندە**: کاك سامی ئەوە سەرەتای موبادەرەی پارتی لێرە دەستپێدەکات، من پەیوەندیم بە تەفاسیلەوە نییە ئێستا تەنها من هاتووم کە راسپێردراوم بزانم جەنابت چیت لە خەیاڵە.

**کاك سامی**: بە هەموو قەناعەتەوە دەزانم یەکگرتنەوەمان لەگەڵ پارتی لە مەسڵەحەتی کورد و کوردستانە.

تاکو درەنگ وەختێك بەدەم گفتوگۆکردن و خواردنەوەی ویسکیی (بلاك لەیبڵ) کاتمان بەسەربرد و بەهیوا و دڵێکی خۆشەوە خواحافیزیمان لە کاك سامی کرد و بە یەکێ لە ئۆتۆمبێلەکانی خۆی ئێمەی ناردەوە ماڵی

عبدالموجود، بەندە و عبدالموجودیش وەکو عادەتی پێشوومان تاکو درەنگانێکی شەو بەدەم شیکردنەوەی قسەکانمان لەگەڵ کاك سامی کاتمان بردەسەر.

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووایی یەکسەر چوومە لای کاك نێچیرڤان بارزانی و بە گەرمی بەخێرهێنانی کردم و هەواڵی سەردانەکەی کاك سامیی لێ پرسیم کە چۆن گوزەرا و ئاکامەکەی چیبوو منیش لەگەڵ داگیرساندنی جگەرەیەکی ڕۆشمان هاتمە قسە و گوتم (کاك سامی بە هەموو قەناعەتەوە دەگەڕێتەوە ناو پارتی بەخۆی و حزبی یەکگرتنەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەم کاك سامی دەیەوێ بە پێگەیەکی بەرچاو و دیار قسە لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتیی یەکگرتن بکات سەرەڕای ئەوە خودی کاك سامی هیوادارە کە بۆ خۆشی حیسابێکی زیاتری بۆ بکرێت، گرنگ ئەوەیە بە راشکاوی لە کاك سامی گەیشتم لە ناخەوە بڕیاری داوە کە کۆتایی ژیانی سیاسیی خۆی لەناو پارتی دا بێت.

**نێچیرڤان بارزانی**: دەست خۆش، بەڕاستی سەرکەوتوو بوویت، ئیدارەیەکی باشی بابەتەکەت کرد، هیوادارم خەڵکانی وەکو تۆ لە ئایندەدا لە سەرکردایەتیی پارتی ببینم، دەمەوێ ئەوەشت پێ بڵێم حەز دەکەم لە کۆنگرەی ١١ دا خۆت بپاڵێوی بۆ کۆمیتەی ناوەندی و من یارمەتیی تەواوت دەدەم، لە ئێستاوە خۆت ئامادە بکە کە لە کۆیە لە کۆنفرانسی هەڵبژاردن ببیتە ئەندامی کۆنگرە.. زۆر حەز دەکەم.

**بەندە**: سوپاسی هەستت دەکەم، مەسەلەی دەرچوونم بۆ ئەندامی کۆنگرەی ١١ ئاسانە، باوەڕ ناکەم لە هەڤاڵانی کۆیە کەس مونافەسەم بکات، بەڵام خودا وەکیلە تموحی ئەندامێتیی سەرکردایەتیم نییە، لای من گرنگ ئەوەیە کە بتوانم خزمەتی ڕێبازی بارزانی بکەم، ئەوجا چ لە خوارەوەبیت یاخود لەسەرەوە لای من یەك شتە.

بۆ نیوەڕۆیەکەی نەیهێشت بڕۆم گوتی (ئەمڕۆ نیوەڕۆ پێکەوە لەگەڵ جەنابی کاك مسعود نان دەخۆین)، تا کاتی وادەی نانخواردن بە قسە و بابەتی

هەمەلایەن کاتمان بەڕێکرد پاشان کە کاتی نانخواردن هات چووینە ژوورێکی دەستە چەپی ناو مەمەڕەکە کە تۆزێ بچووك بوو، جەنابی کاك مسعود و کاك نێچیرڤان و بەندە بەتەنها بەدەوری مێزی نانخواردن دانیشتین (خواردنەکە بریتی بوو لە برنج و شلەیەکی ئاسایی بە گۆشتەوە) بەدەم نانخواردنەوە کاك نێچیرڤان باسەکەی کاك سامیی بۆ مامی گێڕایەوە، کاك مسعودیش قسەیەکی ئەوتۆی نەکرد تەنها یەك دوو جار گوتی.. باشە.. زۆر باشە، سەرەڕای ئەو بابەتەش کاك مسعود هەواڵی (خەزورمی پرسی، عەمیدی خانەنیشن عبدالله سعید) کە دۆستی بارزانی بوو کە لە ساڵانی پاش گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتیی سۆڤییەت پەیوەندیی لەگەڵ بارزانی کردووە (ئەم بابەتەم دەربارەی خوالێخۆشبوو عەمید عبدالله سعید، لە کتێبی (ذاکرة الأيام) و رۆڵی لە بزووتنەوەی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ و ئەندامێتیی لە حزبی هیوا و پاشان ئەندامێتیی لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی التاخی ساڵی ١٩٦٧ و پەیوەندیی لەگەڵ بارزانی، بەزمانی عەرەبی لەژێر ناوونیشانی (جوانب مجهولة من حياة العميد المتقاعد عبدالله سعيد و أسرار تنشر لأول مرة) بڵاوکردۆتەوە لە هەردوو ژمارە (٧٤، ٧٥)ی تەمموز و ئابی ساڵی ٢٠٠٢ی گۆڤاری (گوڵان العربي).

پاش مانەوەیەکی دوو کاتژمێری ئەوجا خواحافیزیم لێکردن، بەڵام کاتێ چووینە دەرەوەی ژووری نانخواردنەکە کاك نێچیرڤان بردمیە ژوورەکەی خۆی (لە کارتۆنێکی سەر مۆر دەمانچەیەکی چواردەخۆری وەکو دیاری پێدام) کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆش لام پارێزراوە و تەقەی پێ نەکراوە.

لێرەدا لەم مەسەلەیە (بابەتی گەڕانەوەی کاك سامی بۆ ناو پارتی) رۆڵی من تەواو بوو پاشان لە خوالێخۆشبوو کاك (جەوهەر نامق)ـەوە گوێم لە درێژەی دانیشتنەکانی نێوان هەردوو لا بوو کە لە کۆتاییدا لە کۆنگرەی ١١دا کە لەنێوانی ١٦-١٩٩٣/٨/٢٦ لە هەولێر لەژێر ناوی (ئاشتی، ئازادی، دیموکراتی) کە لە هەولێری پایتەختی هەرێم بەسترا کە تێیدا کاك سامی و ژمارەیەکی بەرچاوی لە سەرکردایەتیی حزبی یەکگرتن بوونە ئەندامی

سەرکردایەتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لە کاك سامی خۆی و خوالێخۆشبووان سعد عبدالله و مولازم کەریم و بەڕێزان عبدالله ئاگرین و محەمەدی حاجی محمود و قادری جەباری و نیزام الدین گلی و بروسك نوری شاوەیس و عومەر بۆتانی و سید کاکە و ملازم شوان.. هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەی ناوەندی و پاشان کاك سامی و ملازم کەریم و حەمەی حاجی محمود بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

ماوەیەك پێش کۆنگرە کاتێ کە لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە کە لە سنووری ناوچەی کۆیە ئەنجامدرا کە بەندەش لەسەر وەعدەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی کە بەمنی دابوو بێ ئەوەی خۆم داواکاری بم و بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو کە ئامادەباشی بۆ ئەندامێتیی سەرکردایەتیی پارتی بکەم، بەڵام کاتێ کە وەکو لە پێشەوە باسم لێوەکرد لەسەر ئەم وەعدەی کاك نێچیرڤان خۆم لە کۆیە پاڵاوت ئەوەبوو من و بەڕێزان ئیبراهیم عەلی و مولازم رزگار و پورزا، بە دەنگێکی زۆرەوە دەرچووین و بووینە ئەندامی کۆنگرەی ١١، پێشووتریش لە کۆنگرەی ٨ کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار بەسترا بێ هەڵبژاردن بوومە ئەندامی کۆنگرە لەگەڵ برایان عبدالقادر حمد أمین و ئەنوەر عبدالله و جەلال خۆشناو لەسەر بنەمای ئەندامێتیمان لە مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندیی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە لە ١٩٧٠/٧/١ لەژێر درووشمی (کۆنگرەی ئاشتی و برایەتی) بەسترا، بەڵام خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو ئامادەی کۆنگرەکە نەبوو چونکە لەم ئان و ساتەدا جەلال خۆشناو خولی هاوینەی ڕاهێنانی هەبوو بە کۆلیژی ئەندازیاریی تەکنەلۆژی (كلية الهندسة التكنلوجية) لە بەغدا.

پاش ئەوەی کۆنفرانسی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی ١١ لە کۆیە تەواو بوو بە ڕێککەوت لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق سالم ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی ئاهەنگێکی ئامادەباشی بووین کە لە هۆڵی گەل لە هەولێر سازکرابوو چاوم بە هەندێ لە برادەرانی ئەندامانی لقی دووی پارتی و دەرەوەی لقی دوو کەوت لەوانە بەڕێز

(سەرباز هەورامی) کە بە روێکی خۆشەوە چاك و خۆشیی لەگەڵ کردم و پێی ڕاگەیاندم کە لەو ڕۆژانە پەیوەندیی بە کاك نێچیرڤان بارزانییەوە کردووە (وابزانم پەیوەندییەکانیان ڕۆژانە بوو) کە ئەوکاتە کاك نێچیرڤان لە ئەمەریکا بوو کە هەواڵی ڕۆژانەی پێ ڕادەگەیاند کاك سەرباز گوتی کاك نێچیرڤان بە دەرچوونت بۆ ئەندامێتیی کۆنگرە خۆشحاڵە و پیرۆزباییت لێ دەکات، لە ڕاستیدا خوێندنەوەی من بۆ ئەو ئاگادارییەی کاك نێچیرڤان لە دەرچوونی من بۆ ئەندامێتیی کۆنگرە و پیرۆزبایی لێکردنم لە ئەمەریکاوە لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بەهۆی کاك سەرباز هەورامی ئەوەی ڕادەگەیاند کە کاك نێچیرڤان تاکو ئەوکاتەش منی لەبیر نەچوبوو و لەسەر هەمان پەیمان ماوەتەوە کە پشتگیریی تەواوم بکات بە مەبەستی سەرکەوتنم بۆ پلەی ئەندامێتیم لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، بەڵام نە لە کاتی پێش کۆنگرە و نە لە ڕۆژانی کۆنگرە چاوم بە کاك نێچیرڤان بارزانی نەکەوت، لە ڕاستیدا ڕەوشتی خۆشم ئەوەی لێ قبوڵ نەکردم کە بە بێ هۆ بچم لە دەرگای کاك نێچیرڤان بدەم چونکە دەمزانی ئەگەر ئەوان شتێکیان مەبەست بێت ئەوا پێویست بە دەرگا لێدانی ئەم و ئەو ناکات، چەند جارێك بە مەبەستی دانیشتن بۆ تاوتوێکردنی (پەیڕەوی ناوخۆ) و گۆڕینی مادە و بڕگەکان دەهاتمە هەولێر چونکە منیش لەگەڵ د. ناسح غەفور و هەندێ لە هەڤاڵانی دیکە ئەندامی لیژنەی (پەیڕەوی ناوخۆ) بووین کە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق سەرپەرشتیی دەکرد، لەو کات و ساتانەدا دوو جاریش د. ڕۆژ نوری شاوەیس کە ئەویش لێپراوی پڕۆگرامی (المنهاج) بوو بۆ ماڵی خۆیانی بانگ کردم بە مەبەستی بەشداریکردن لەو دۆسییەیە.

کۆنگرەی ١١ کە (١٠) ڕۆژی خایاند کە بە کەرنەڤاڵێکی مێژوویی کۆتایی هات کە تێیدا حزبی یەکگرتن بە ئەمینداریێتیی کاك سامی عبدالرحمن کە لە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٥ لە کۆنگرەی دووەمی خۆیان بڕیاریان دابوو بەشدارییان لە کۆنگرەی ١١ کرد و لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی ژمارەیەکی بەرچاویان تێدا بوونە ئەندام، بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێت بۆ تاکە جارێکیش ئەم

مەسەلەیەم (وەعدەکەی کاك نێچیرڤان بۆ من دەربارەی خۆ پاڵاوتنم لە کۆنگرەی (١١)دا) بە هیچ شێوەیەك هەوڵی دیتنیم نەکرد و ئەویش لە مەسەلەکەی نەپرسییەوە، منیش ژمارە دووم بۆ ئەم (پەیمان شکێنییە) دانا.

بەپێی بریاری کۆنگرەی ١١ کە تێیدا باسی لە هێنانەوەی تەمری نەمران (بارزانی نەمر و کاك ئیدریس) بۆ زێدی باب و باپیرانیان لە بارزان، چەند رۆژێك پێشووتر لە بارەگای عبدالمهیمن بارزانی، دانیشتنێکی داخراو لەنێوان بەڕێزان عبدالمهمین بارزانی و حسن ناسر و جەلال خۆشناو و بەندە باس لە رێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی نەمران کرا کە تێیدا بەڕێز عبدالمهیمن بارزانی سەرۆکایەتیی ئەو لیژنەیەی دەکرد کە تێیدا باسی خۆ ئامادەکردنی مەکتەبی سیاسیی پارتی و سەرۆکی پەرلەمان کرا کە چۆن رێوڕەسمەکە جێ بە جێ بکرێت چ لە دیوی رۆژهەلاتی کوردستان چ لە باشووری کوردستان بۆ ئەم مەبەستەش عبدالمهیمن راسپێردرابوو کە رێوڕەسمەکە لە شاری شنۆ دەستپێدەکات تاکو بارزانی سەرکەش.

ئەوەی بە بەندە سپێردرا هاوکاری کردنی بەندە بوو لەگەڵ برای بەڕێزم شێردل حەوێزی کە لە دەروازەی کۆیە لە گەڕەکی ئازادی پێشوازی لە تەرمی نەمران بکەین تاکو لە سنووری کۆیە کە ئێستاکە بازگەی کۆیە–هەولێرە بەڕێدەکەوێ دوو رۆژ پێشووتر لەگەڵ کاك شێردل لە بارەگای قایمقامیەتی کۆیە دانیشتنێکی بچووکمان ئەنجامدا دوور لە دەستێوەردانی حزبی چونکە وەکو ئاشکرایە بارزانی نەمر موڵکی هەموو گەلی کوردە پێویستە تەنیا لە رێگای لیژنە هاوبەشەکانەوە ئەرکە سەرەکییەکان بەڕێوەبچن، ئەوەی دیکە لە جۆری ئامادەبوونی خەڵك و جۆری پێشوازی بۆ خودی خەڵکی و هاوکاری رێکخستنەکانی هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی بەجێهێڵدرا لە کاتێکدا بەڕێز مام جەلال ئەرکی سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتی پێشوازیی لەخۆوە گرتبوو، ئێوارەی رۆژی ١٩٩٢/١٠/٦ لەماڵی شێخ ئاخر لە کۆیە کۆبوونەوەیەکی فراوانتر کە تێیدا برایانی ئاسایش و پۆلیس و لێپرسراوانی حزبی ئامادەبوون کە بێگومان کاك شێردل و بەندەش لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ ئاخر قایمقامی

کۆیە ڕۆڵی بەرپرسیاریێتیمان دەگێڕا، ڕۆژی ١٠/٧ هەر زوو لەگەڵ کاك شێردل چووینە قایمقامییەت و لە ڕێگای تەلەفۆن و جیهازی شێخ ئاخر دوایین هەواڵمان وەرگرت، شەوی ٦ لەسەر ١٠/٧ تەرمی نەمران لە سلێمانی لە مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ بە ئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال مایەوە.

ڕۆژی ١٠/٧ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ تەرمی نەمران گەیشتە کۆیە و بەندە ئەو تاجە گوڵینەم لەسەر بۆنیتی ئەم ئۆتۆمبیلە دانا کە تەرمی نەمرانی لەسەر بوو، عبدالمهیمن بارزانیش لە پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبوو، پاش بەڕێکردنی لە سنووری کۆیە لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ ئاخر شێخ جەمال بەدوای ئۆتۆمبیلەکانەوە تاکو گۆڕەپانی باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان ڕانەوەستاین، پاش تەواو بوونی ڕێوڕەسمی پەرلەمان کە بەڕاستی ئاهەنگێکی شکۆدار بوو لەسەر داوای شێخ ئاخر بەرەو گوندی هاودیان بەڕێکەوتین ئەم شەوە لە ماڵی شێخ ماینەوە و بۆ بەیانی ١٠/٨ لەگەڵ کەژاوەی تەرمی نەمران بەرەو بارزان بەڕێکەوتین، ئەوجا پاش تەواوبوونی مەراسیمە شکۆدارەکە کە تێیدا بەڕێزان کاك مسعود و مام جەلال لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکان گەڕانەوە، من و شێخ ئاخریش جارێکی دیکە گەڕاینەوە هاودیان و ئەو شەوەش بە قسەی خۆش و بە ویژدانێکی ئارام و زیندوو لە کەشوهەوای دڵڕفێنی باخ و باخچەکەی ماڵی شێخ ئاخر کاتمان بەسەربرد و بەیانیی ڕۆژی ١٠/٩ گەڕاینەوە کۆیە.

نێوانی کۆنگرەی ١١ی پارتی کە لە ١٩٩٣/٨/٢٦ کۆتایی هات تاکو ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٠ کە نزیکەی دوو مانگی خایاند چەند جارێکی دیکە بۆ ئیشوکاری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان سەردانی هەولێرم کرد چونکە لە کۆنگرەی دووەمی ئەم ڕێکخراوە سەربەخۆیە کە لە نێوانی ١٥-١٩٩٣/٧/١٧ لە سلێمانی و لە هۆڵی ڕۆشنبیری بەسترا کە تێیدا ئەم بەڕێزانە:

١- جەمال عەبدول

٢- د. جەمال ساڵح

٣- حاکم ڕەئوف ڕەشید

٤- د. دارا جاف

٥- فەرهاد عەونی

٦- نەبەز مەجید ئەمین

٧- ئەحمەد کۆیی

٨- محمد عزیز ئیسماعیل

٩- فەلاح حسن

١٠- کەژاڵ عبدالقادر

١١- عەونی عەقراوی

١٢- ستار سۆڤ حامد

١٣- رشاد باڵتا

بە ئەندمێتیی ئەنجوومەنی باڵای رێکخراوی ماڤ مرۆڤ هەڵبژێردراین و لەناو ئەو بەڕێزانەش (٣) لەو دەرچووانە بۆ پاراستی یەکرِیزیی رێکخراوەکە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی یاخود دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:

| | |
|---|---|
| ١- جەمال عەبدول | سەرۆکی رێکخراو |
| ٢- د. دارا جاف | جێگری سەرۆك |
| ٣- فەرهاد عەونی | بەرپرسی دارایی |

کە دەبووایە چالاکانە و سەربەخۆیانە کاری تێدا بکرێت کە هەموو ئیشوکارەکانیش خۆبەخشانە بوون.

پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٠ کاك ئیبراهیم عەلی لێپرسراوی ناوچەی پارتی لە کۆیە بە تەلەفۆن ئاگاداری کردم کەوا برووسکەیەك لە لایەن کاك سامی عبدالرحمنەوە ئاراستەی بەندە کراوە لە رێگای لیژنەی ناوچەوە (پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یانزەمینی پارتی شەهید سامی عبدالرحمن وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دەستنیشان کرابوو) برووسکەیەکم بۆ هاتووە کەوا چەند

زووتره سەردانی کاك سامی بکەم لە هەولێر، دەربارەی ڕاگەیاندنی پارتی تاکو ئەو ڕۆژانەی دوای کۆنگرە هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵی نەبوو تەنها چەند جارێك بە عەرەبی وتارم لە کۆیە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەنووسی کە بریتی بوون لە (حول مفهوم الکادر، لیکن المؤتمر الحادي عشر للبارتي مؤتمراً للعمل والأمل کە لە ژمارە ٦٧١ی ڕۆژی ١٩٩٣/٤/١٤ لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبۆتەوە، بابەتی (اللقاء کان في دیلمان) کە لە ژمارە ٦٨٢ی ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٧ لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبۆتەوە) کە ئەویش لە ڕێگای خوالێخۆشبوو مامۆستا حەبیب محمد کریم و برای بەڕێز کاك سعید یحیی دەمنارد و بڵاودەکرایەوە، بەڵام تاکو ئەو ڕۆژەش شتێك بە خەیاڵی مندا نەدەهات کەوا پۆستێك لە ڕاگەیاندنی پارتی وەربگرم، بەڵام کاتێ ئێوارەی هەمان ڕۆژ ١٩٩٣/١٠/٢٠ لەگەڵ برای بەڕێز عبدالموجود تەها سەردانی کاك (سامی) مان کرد لە ماڵەکەی خۆی لە خانووەکانی پەرلەمان لە هەولێر، بە دیتنمان کاك سامی بە دەموچاوێکی پڕ لە پێکەنینەوە پێشوازیی لێکردین و ڕاستەوخۆ بەو ڕستەیە (أهلاً بصدیقنا الوفي وبالصدیق الوفي لکاکە دارا توفیق وعضو البارتي المخضرم، گەلەك بەخێرهاتی). دانیشتنەکەمان دوو قۆڵی لەگەڵ کاك سامی زۆر دۆستانە بوو باسی لە بارودۆخی پارتی دەکرد کە چۆن ڕاپەڕین و کەشوهەوای دوای ڕاپەڕین ئەرکی پارتی زیاد دەکات بۆیە وەکو ئەو دەیگوت پێویستە لە هێنانە خەڵکی شیاو بیری لێ بکرێتەوە و باسی لە پاڵاوتنی بەندە کرد بۆ ئەو شوێنەی مامۆستا حەبیب محمد کریم کە بریتی بوو لە سەرنووسەریی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی برایەتی و بەرپرسی کارگێڕی و دارایی هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات و برایەتی) چونکە وەکو کاك سامی گوتی کاك حەبیب محمد کریم لە کۆنگرەی ١١دا بووەتە ئەندامی (هیئة المراقبة والتفتیش) کاك سامی ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم (پاش پاڵاوتنت لە لایەن سەرۆك بارزانییەوە تێکڕای برادەران ڕەزامەندییان نیشاندا، لە ڕاستیدا منیش (یانی کاك سامی) بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بڕیارەکەم پێ پەسەند بوو چونکە من تۆ دەناسم و کاتی خۆشی کە چوویتە (دار التاخی) لە ساڵانی حەفتاکاندا بارودۆخی دار التاخی ١٠٠٪

گۆڕدرا و توانیت بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەو دەزگایە بکەیت و تەنانەت ئێمەش وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە بەغدا کۆبوونەوەکانمان لای ئێوە دەکرد لە دار التاخی ئێستاش ئەوەی راستی بێت برادەران زۆر لە برایەتی رازی نین، کۆمەڵێك رۆژنامەنووس و کوڕی باشی تێدایە، بەڵام چونکە کاك حەبیب محمد کریم کوردییەکەی باش نییە و کەم قسەی پیٚ دەکات بۆیە نەتوانراوە (برایەتی) وەکو پێویست بەڕێوەبچێت، بۆیە ئومێد دەکەم کە تۆ بتوانی لە هەموو لایەکەوە کۆنترۆڵی بکەیت و ئاگاداری هێنان و کڕینی کاغەز و پێداویستییەکانی چاپ و دابەشکردنی هەردوو رۆژنامەکە بکە و کۆبوونەوەی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی ئایندە بە وجودی تۆ دەبێت چونکە بڕیاری بوونە ئەندامت لەو مەکتەبە ئەمڕۆ و سبەی دەردەچێت).

پاش هەندیٚ پرسیار و وەڵام دەربارەی هەندیٚ وردەکاریی ناو خودی هەردوو رۆژنامەکەی (خەبات و برایەتی) کاك سامی لەسەرخۆ و بە هێمنی گوتی (تۆ دەوام بکە یەکەم جار ئەوجا هەنگاو بە هەنگاو دیراسەتی دەکەین).

پاش سیٚ رۆژ یانی رۆژی شەممە رێککەوتی ١٩٩٣/١٠/٢٣ لە کۆیەوە هاتم بۆ هەولێر و یەکسەر چوومە بارەگای (برایەتی و خەبات) کە لەسەر شەقامی (٦٠ مەتری) بوو لەناو باڵەخانەیەك کە پێکهاتبوو لە چەند شوقەیەك، پێشووتریش چەند جارێك بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی چەند وتارێك سەردانی ئەم شوێنەم کردبوو لە رێگای خوالێخۆشبوو حەبیب محمد کریم و برای بەڕێز سعید یحیی کە بە عەمەلی سکرتێری نووسین و زۆربەی کارەکانی (خەبات)ی رادەپەڕاند، کاتیٚ کە ئەو رۆژە ١٠/٢٣ چوومە لای کاك حەبیب یەکسەر جوامێرانە لەبەرم هەڵسا و گوتی (أهلاً وسهلاً بكاكه فرهاد ابن صديقي كاكه عوني، تعال، تفضل خذ مكاني لأنه منذ هذه اللحظة أصبح مكانك). بەندە کاك حبیب محمد کریمم لە ساڵی ١٩٦٣وە دەناسی کاتیٚ من پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد و لە ماوەت بوومە نووسەر لە دادگای بەرزی شۆڕش بە رێککەوت کاك (حەبیب)یش لەویٚ بوو کاتیٚ بەهۆی مامەوە (حاکم عومەر) منی ناسی گوتی (أبوك صديقي كنا گـضينا شهور في سجن الكوت عام ١٩٦٢

قبل انتقاله إلى سجن نقرة السلمان) ئەوکاتە کاك حەبیب جلێکی خاکیی بیّ پشتێنی لەبەردابوو بۆیە داوام لێکرد کە نیوەی پشتێنەکەم لیّ قبولّ بکات ئەویش یەکسەر بە پێکەنینەوە گوتی (لا یرد الکریم إلا اللئیم) منیش یەکسەر پشتێنەکەم کردە دوو پارچە و یەکێکیانم دایە کاك حەبیب و ئەوەی دیکەشم لە پشتی خۆم بەست و لەوکاتەوە کاك حەبیبم ناسی و تاکو دوا رۆژانی ژیانیشی رێز و حورمەتی تایبەتیی لای من هەبوو.

لە وەڵامی (تفضل خذ مکانك منذ هذه اللحظة) گوتم (کاك حەبیب جەنابت هەمیشە بە مامۆستای خۆم دەزانم ئەو شوێنە گەرچی تۆ بەجێی دەهێڵی، بەڵام تا من لێرەبم ئەوە شوێنی تۆیە، پاش دوو سیّ رۆژێکی دیکە دێم و دەوام دەکەم چونکە لەو ماوەیەدا هەندیّ ئیشوکاری تایبەتیم هەیە لە کۆیە دەبێت رێکیان بخەم ئەوجا دێم دەوامی خۆم دەکەم).

پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێککەوتی ١٩٩٣/١٠/٢٦ بە وجودی کاك حەبیب دەوامی خۆم دەستپێکرد لە سەرەتادا کاك حەبیب برایانی بەڕێز خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەری برایەتی و ئەسعەد عەدۆ بەڕێوەبەری نووسینی برایەتی و سەعید یحیی سکرتێری نووسینی خەبات بانگی ژوورەکەی خۆی کرد و هەواڵی ئاڵوگۆڕییەکەی نێوان خۆی و بەندەی پیّ راگەیاندن بە پێکەنینەوە گوتی (کاك فرهاد یاخذ مکاني وهو أهل له وتعاونو معه علی البر والتقوی، من الآن فصاعداً فهو الکل بالکل) پاشان هەندیّ قسەی بۆ کردین کەوا گۆڕانکاری سوننەتی ژیانە و هیوادارە کە هەمووەمان وەکو برا هاوکاریی یەکتری بکەین، ئەوجا بە کورتی باسی ئەرکی رۆژانە و وجۆری مەسروفات بۆ کردم پاشان (شیفرەی) لاسلکیی بارەگای رۆژنامەی دا بەمن و گوتی (کاکە فرهاد خذ هذه الشفرة ویومیاً راح تتبدل ودیر بالك علیها) کە قسەکانی تەواوکرد و هەڵسایە سەرپیّ و گوتی (کاکە فرهاد عملي انتهی وجودي هنا لا لزوم له تفضل مکانك، في أمان الله) منیش پێشم لێگرت و گوتم (مامۆستا تۆ وەعدت دامیّ چەند رۆژێکی زیاتر لەگەڵم بمێنیتەوە تاکو بەتەواوی بتوانم کۆنترۆڵی تەواوی بارودۆخەکە بکەم)، بەڵام ئەو زوو هاتە وەڵام

و گوتی (كاكه خذ المفاتيح وتوكل على الله وفي أمانيه). ئەوەبوو پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٦ دەستبەکار بووم، لەو زنجیرە بابەتانەی کە لەکاتی خۆی لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی و ڕۆژنامەنووس لەژێر ناوی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم کە پاشان لە دوو توێی کتێبێکی (٣٩٢) لاپەڕەیی دا و لە ساڵی (٢٠١١) لەژێر هەمان ناو بڵاومکردۆتەوە و پاشان مامۆستا (کەریم شێخانی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لەژێر ناوی (تجربتي الصحفية) کە ساڵی ٢٠١٥ چاپکراوەتەوە کە تێیدا بەشێکی گرنگم لە ڕۆژانی کارکردنم لە ڕۆژنامەی برایەتی لەنێوان ساڵانی (١٩٩٣–٢٠٠٠) وەکو سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە و بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسی و برایەتی خەبات تێیدا باسکردووە بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم هەندێ لەو وردەکارییانە باسی لێوە بکەم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە پێویستی دەزانم هەندێ شت دووبارە بکەمەوە چونکە ئەم پەرتووکە بریتییە لە تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی رابردووم کە ناکرێ لێرەدا چاوپۆشیی لێ بکرێ لە هەمان کاتیشدا هەندێ بابەتی جۆراوجۆر و لەو سەردەمەدا ڕووبەڕووم بۆتەوە کە تێیدا لە کۆتاییدا وای لێکردم بە بڕیارێکی نەگونجاو ڕۆژی ٢٠٠٠/٢/٢٠ ئەو ڕۆژنامە و ئەو دەزگایە بەجێبهێڵم.

سەرەتای دەستبەکاربوونم لە ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٦ بە هیچ شێوەیەك ڕاستەوخۆ نەکەوتمە گۆڕین و ئاڵوگۆڕکاری بەڵکو لە سەرەتاوە وەکو چاودێرێك تەماشای ئیشی ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانم دەکرد، برایان ئەسعەد عەدۆ و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی لە ڕووی کارگێڕی و کاری ڕۆژنامەنووسی تا ڕادەیەك جڵەوی کارەکانیان لەئەستۆدا گرتبوو سەرەڕای بوونی برایان کە لێپرسراوی جومگە سەرەکییەکانی برایەتی بووم وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران کە بریتیبوون لە برایان سەرۆ قادر، ئاسۆ کەریم، شەماڵ حەوێزی، زادۆق ئادەم، لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی بەتوانا وەکو ڕۆژنامەنووسان عبدالرحمن کاکل، شیرزاد عبدالرحمن، حەیدەر عبدالرحمن، یاوەر نامق سالم، خوالێخۆشبوو سدیق گچکە، محمد زادە، خالد سلێمان، شکار عفان، مەسعود پەرێشان، خوالێخۆشبوو محمد مەلا ئەسعەد، بۆتان

جەلال، خوالێخۆشبوو محی الدین قادر، فەیسەڵ دێهاتی، محمد خدر مەولود، عەزیز هەریری، محمد حسن رۆژبەیانی، و چەندانی دیکە کە بەداخەوە ناوەکانیانم نایەتەوە یاد، لە رۆژنامەی خەباتیش برایان سعید یحیی کە لە سالآنی حەفتاکانەوە دەمناسی و خوالێخۆشبوو طارق ابراهیم شریف کە سەرەتای ئاشنایەتیمان لەوکاتەوە دەستی پێکرد و دۆستایەتیمان بەرەبەرە توندوتۆڵتر دەبوو کە تا دوا رۆژانی ژیانی کە بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد وەکو خۆی مایەوە و تەنانەت چەند گەشتی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانمان پێکەوە کرد کە پاشان دێمەوە سەری.

برایەتی رۆژنامەیەکی رۆژانەی (٨) لاپەڕەیی هەژارنە بوو، زیاتر ئیعتیمادیان لەسەر ئەو ئیمکاناتە کەم و لاوازە بوو کە بۆیان دابین دەکرا و خودی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەبیب محمد کەریمیش لەوانە بوو ئەگەر بارودۆخی تایبەتی و کەسایەتیی خۆی نەبووایە کە لە ئاکامی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ هاتە ئاراوە ئەم کارەی نەکردبا چونکە مرۆڤێك رۆژێ لە رۆژان لە ئاکامی خەباتێکی دوور و درێژی چەندین ساڵەی لە ریزی کوردایەتی و لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا خەباتی کردبێت و لەو رێگەدا تووشی گرتن و حەپسخانە و خۆشاردنەوە بووبێت و لە ساڵی ١٩٦٣وە بە درێژایی سالآنی شۆڕشی ئەیلولی لەژێر سەرکردایەتیی بارزانی نەمر کاری کردبێت تاکو کۆنگرەی (شەشەم) بۆ ببێتە سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا پاش ئەوەندە ساڵە زەحمەتە کارێکی دیکەی پێ قبوڵ بکرێت، بەڵام وەکو گوتم ئەو دەیەویست بە هەرچۆنێك بێت ئیعادەی ئیعتیباری بۆ بکرێتەوە، بۆیە ئەوەی لێم بەدی کرد زۆر بە بێتاقەتی ئەو ئەرکەی جێ بە جێ دەکرد و ئیشوکارەکانی زیاتری بە خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی و کاك ئەسعەد عەدۆ سپاردبوو لە خەباتیش سەرەڕای هەبوونی سەرنووسەر، بەڵام لەوێش پشتی بە کاك سعید یحیی بەهێز بوو.

بەهەرحاڵ ئەوەی لە برایەتیم بەدیکرد سەرەڕای ئەوەی برایەتی لە ١٩٦٧/٥/٦ەوە چ وەکو رۆژنامە چ وەکو گۆڤار و چ لە بەغدا و چ لە سلێمانی لە قۆناغی جیا جیادا پێشینەیەکی باش و سومعەیەکی پڕشنگداری هەبوو لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەتیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ەوە کە سەرەڕای بارودۆخی هەڵاوساوی کێشە و گیروگرفت لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئەوجا وەکو یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی چووە ناو لاپەڕەکانی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی کە تێیدا (٢٧) ژمارەی بەردەوامی لێ دەرچوو تا ئەو رۆژەی بە بڕیارێکی قەرەقۆشی حکومەتی بەعس راگیرا کە ئەویش نیشانەی دووبارەبوونەوەی شەڕی داسەپاوی بەعس بوو لە کوردستان لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤.

رۆژنامەی برایەتیم بەهێز نەدەهاتە بەرچاو و بەراورد نەدەکرا لەگەڵ بەهێزیی قۆناغەکانی پێشووتری، هۆکارەکەش وەکو لەپێشەوە باسم لێوە کردووە لەناو پارتی بەتایبەتیش کە ئەوکاتەی تاکو کۆنگرەی (١١) پارتی مەکتەبێکی رێکوپێکی بەهێز و بە ئیمکانیاتی راگەیاندن نەدەچوو رێ بێئەوەی سەرچاوەی بڕیاری کەناڵێکی پڕ لە زانیاریی بۆ دابین کردێبێت تەنها بۆ قەدەر بەجێیان هێشتبوو تەنانەت خودی بارەگایەکەش لە شوێنێکی نالەبار بوو کە بریتی بوو لە چەند شوقەیەکی خواروخێچی ئەوکاتە، بۆیە هەر پاش چەند رۆژێك کە دەوامم کرد داوای دیدارێکی سەرۆك بارزانیم کرد پاش ٤٨ کاتژمێر دیدارەکەم بۆ رەخسا وابزانم لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٣ بوو لەو دیدارەدا چەند فایلێکم خستە بەردەستی کە بریتیبوون لە:

**یەکەم:** چارەسەری نەبوونی کەناڵێکی زانیاری لەنێوان برایەتی و خەبات و سەرکردایەتیدا وەکو بۆ بەڕێزیانم باس کرد هیچ رۆژنامەیەك بەبێ وجودی کەناڵێکی زانیاری ناتوانێ سەرکەوتوو بێت و پێشبکەوێ و نموونەی پەیوەندیی رۆژنامەنووسی و نووسەری بەتوانای وڵاتی میسر (محمد حسنین هیکل) و خوالێخۆشبوو (جەمال عبدالناصر)م بە نموونە هێنایەوە کە چۆن ئەم پەیوەندییە ئەو کاردانەوە بەرچاوەی درووستکردووە کە هەفتانە خەڵکی و

سیاسەتمەداران لەناوەوە و دەرەوە چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆژنامەی (الاهرام) دەکەن کە تێیدا (هیکل) وتارە هەفتانەکەی لەژێر ناوی (بصراحە) دەنووسی.

**دووەم:** بابەتی دووەمی ئەو دیدارە لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی مەسەلەی کڕین و پەیداکردنی کاغەز و کەلوپەلی چاپی هەردوو ڕۆژنامەکە بوو کە دەمێك بوو لەلایەن بازرگانێك دەکرا و دەدرایە چاپخانە بەبێ ئەوەی لێپرسراوی یەکەمی ئەو دەزگایە ئاگاداری وردەکارییەکان بێت یاخود هەندێ جار لە ڕێگای مەکتەبی عیلاقاتی پارەتییەوە لە ئێران بۆمان دەهات کە هەندێ جار گیروگرفتی تێدەکەوت و کاغەز وەکو پێویست نەدەهات و دەبووە هۆکاری کەمکردنەوەی ژمارەی چاپی ڕۆژنامەکانمان.

**سێیەم:** بابەتی سەرەکیی سێیەم جێگە و شوێنی نەشیاوی بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات بوو کە لە چەند شوقەیەکی سەرەوەی ریزە دوکانێکی ماسی فرۆش و دەلاکی ژنانە دابوو کە بەڕاستی مرۆڤ شەرمی دەکرد کاتێ بەسەر قادرمەکانەوە هەڵدەگەڕا و دەچوویە بارەگای ڕۆژنامە، پێشنیاری ئەوەم بۆ بەڕێز کاك مسعود کرد کەوا جێگەیەکی زێدە شیاو هەیە کە بریتییە لە بارەگای پێشووی سەرکردایەتیی حزبی (یەککگرتن) ئاشکراشە حزبی یەککگرتن لەگەڵ پارتی یەکی گرتەوە کە لەئاکامدا ئیشیان بەم شوێنە نەماوە، داوام لە سەرۆك کرد کەوا تەکلیف لە کاك سامی عبدالرحمن بکات کە ئێستاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندنی پارتییە کە ئەو شوێنە بە ئێمە ببەخشێ کە لەسەر شەقامی گشتیی هەولێر–کەرکووك تەنیشت سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین بوو.

کاتێ من قسەکانم دەکرد سەرۆك مسعود بارزانی لە کاغەزێکی بەردەمی چەند سەرەقەڵەمێکی دەنووسی، کاتێ من تەواو بووم بە زەردەخەنەیەك و ڕوویێکی خۆشەوە گوتی:

دەربارەی هەبوونی کەناڵێکی زانیاری لەنێوان مەکتەبی سیاسی و ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات ئەوا بە هاتنی کاك سامی کە ئێستاکە ئەندامی (م.س) و لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن ئەم مەسەلەیە چارەسەر

دەکرێت کە راستەوخۆ ئێوە و لێپرسراوانی دیکەی دەزگاکانی راگەیاندن ئەندامی ئەم مەکتەبەن، کاك سامیش تێدەگەیەندرێ کەوا هەواڵ و زانیاری کە قابیلی بڵاوکردنەوە بێت رۆژانە پێتانی رابگەیەنێت پێشت ناخۆش نەبێت (بەخوا نە من جێگای جمال عبدالناصر دەگرمەوە و نە تۆش دەبیتە محمد حسنین هیکل) ئەمما دەربارەی کاغەز و پێداویستیی و کەلوپەلی چاپ راستەوخۆ تۆ (یانی بەندە) سەرپەرشتیی بکە، لێرەدا بەداوای لێبوردنەوە بە سەرۆك بارزانیم راگەیاند (کە من بە هیچ شێوەیەك ناتوانم ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرم چونکە پەیداکردن و کڕینی کاغەز و کەلوپەل هەموو کاتەکەی من دەبات، ئەم ئیشەش کاری مرۆڤێکە کە سەری لە کاری بازرگانی دەربچێت گەرچی بەندە دەرچووی کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانم کە تێیدا کارگێڕی بەشێکی گرنگی خوێندنی ئێمە بووە، بەڵام من بۆ کاری بازرگانی درووست نەبووم سەرەڕای ئەوەی باوکیشم بازرگان بووە)، (لێرەدا سەرۆك بارزانی دەستی بۆ تەلەفۆنە نۆرماڵەکەی بەردەمی درێژکرد و داوای خوالێخۆشبوو شەوکەت شێخ یەزدینی کرد و کاتێ کاك شەوکەت هاتە سەرخەت سەرۆك پێی گوت پاش کەمێکی دیکە فەرهاد دێتە لات چیی دەوێ بۆی بکە).

بەنسبەت خاڵی سێیەم کە تایبەت بوو بە بارەگای هەردوو رۆژنامەکە سەرۆك بارزانی گوتی (فەرهاد تۆ پەیوەندیت لەگەڵ کاك سامی باشە.. خۆت پێی بڵێ با ئەو شوێنەتان بداتێ، منیش لام باشە کە بارەگای برایەتی و خەبات لە شوێنێکی مەعقولدا بێت). منیش لە وەڵامدا گوتم (جەنابی کاك مسعود ئەو تەکلیفە لەلای منەوە بۆ کاك سامی قورسە، بەڵام بەنسبەت جەنابتەوە دەبێتە ئەمر، تاکو لەدەستمان نەچووە هیوادارم بەڕێزتان رەزامەندی بفەرموون لەگەڵ کاك سامی قسە بکەن). بۆ جاری دووەم جەنابی سەرۆك دەستی بۆ تەلەفۆنە نۆرماڵەکە برد و داوای کاك سامی عبدالرحمن ی کرد، کاتێ کە زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا کاك مسعود تەلەفۆنەکەی هەڵگرت دیاربوو کاك سامی لەولاوە لەسەر خەت بوو، پاش چاك و چۆنی سەرۆك بە کاك سامیی گوت (کاك سامی فەرهاد عەونی لای منە شکایەتی لە خراپیی شوێنی برایەتی و خەبات دەکات،

تەماحی لە کۆنە بارەگایەکەی ئێوەیە (یەکگرتن) ئەگەر دەکرێ ئیشتان پێ نییە حەز دەکەم پێیان بدەن)، دیاربوو کاك سامیش لە وەلامدا رەزامەندیی نیشان دابوو و بە سەرۆکی گوتبوو (هەر ئێستا بە کاك عبداللە ئاگرین دەڵێم بۆیان چۆڵ بکات یا فەرهاد بچێتە لای بۆ جێبەجێ کردنی).

زۆر بە گەرمی سوپاسی سەرۆك بارزانیم کرد و هیوای لەش ساغی و سەرکەوتنم بۆ کرد خواحافیزیم لێکرد و یەکسەر لە سەری رەش هاتمە خوار و چوومە بارەگای مەکتەبی سیاسی کە خوالێخۆشبوو شەهیدی نەمر کاك شەوکەت شێخ یەزدین لە ژوورێکی بەشی دارایی بوو، کاتێ چوومە لای و بەخێرهێنانی گەرم بەو زەردەخەنەیەی کە لە دەموچاوی دەوەشایەوە رووی تێکردم و گوتی (کاك فەرهاد خەڵکی واستە دەکات لە (گومرگ) دابمەزرێ سەیرە تۆ دەچیتە لای سەرۆك و داوای خۆ بەدوور گرتن دەکەی لەم مەسەلەیە (مەسەلەی کڕینی کاغەز و کەلوپەل و پێداویستییەکانی هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات)، کاکە ئێمە (سەرۆك و کاك نێچیرڤان و بەندە) بڕوا و متمانەی تەواومان بە تۆ هەیە پێویست بەو دڵەڕاوکێیە ناکات، ئیشی خۆت مەدە دەست خەڵکی دیکە ماشەلا گەنج و بەهێزی دەتوانی ئەو کارە و کارەکانی دیکەشت بکەیت). منیش لەسەرخۆ گوتم (کاك شەوکەت خودا وەکیلە تۆ ئیش وەکو سیاسەت و راگەیاندن لە لایەك و کاغەز و کەلوپەل کڕین لە لایەکی دیکەوە ناکرێت، جەنابت دەزانی کاری رۆژنامەیەکی رۆژانە و لێپرسراوێتیی کارگێڕیی دەزگایەك هەموو کاتت دەبات کە ناکرێ لێی کەمتەرخەم بین بەتایبەتیش لەو بارودۆخەی ئێستا کە ئاگاداری چ جۆرە ململانێیەك لە گۆڕەپانی سیاسەتدا هەیە لە کوردستان، هیوادارم لەم مەسەلەیە بمبوورن خۆتان بەم ئەرکە هەڵسن). کاتێ کاك شەوکەت زانی ناتوانێ قەناعەتم پێ بکات ئەوجا گوتی (مادام وایە برادەرێکمان هەیە بازرگانە کوڕێکی زۆر باشە ئێمە متمانەی تەواومان پێی هەیە و جێی رەزامەندیی ئێمەیە، ئەو رادەسپێرین کە ئەم کارەتان بۆ جێبەجێ بکات، لەم رۆژانە دەینێرمە لاتان ئێوە چیتان دەوێ بە (مواسەفات) بۆی بنووسن تاکو ئەو لە تورکیا یاخود لە شوێنی

دیکە بۆتانی پەیدا بکات، با هەر جارێك بایی ساڵێك کاغەز و کەلوپەلی چاپتان بۆ بکڕێت، ئێمە کۆگای (مخزن) گەورەمان هەیە لە دهۆك، لەوێ خەزنی بکات ئێوەش ناوە ناوە بە وەجبە لە دهۆکەوە بیهێنن، ئەو برادەرەشمان ناوی کاك (خالد خۆشناو)ە.

پاش جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەش ئینجا بەرەو ژووری خوالێخۆشبوو کاك سامی چووم، کاتێ کە چووم بەتەنها دانیشتبوو زۆر بە گەرمییەوە فەرمووی لێکردم، یەکسەر پێی راگەیاندم کەوا پەیوەندیی بە کاك (عبدالله ئاگرین)ـەوە کردووە، نەختێ کەلوپەلی ئێمەی تێدایە ئەمڕۆ و بەیانی نەقڵی دەکەن و وابزانم (٥٠) بەند کاغەزی سپیی لێیە ئێوە سوودی لێ وەردەگرن، تەنها ژوورەکەی من دەمێنێ چەند رۆژێك راوەستە تاکو چۆڵی دەکەین.

سەردانەکەم کە لە دەستپێکی دەستبەکاربوونم وەکو سەرنووسەری رۆژنامەی برایەی و لێپرسراوی کارگێڕیی هەردوو رۆژنامە زۆر بەسوود بوو، سەرۆك بارزانی کارەکانمی بۆ ئاسان کرد، بە گەڕانەوەم دەستم بە پلانی خۆ ئامادەکردن بۆ گوێزانەوە بۆ شوێنی تازە برادەرانی برایەتی و خەباتم لێ ئاگادارکرد لەگەڵ برای بەڕێزم ئەسعەد عەدۆ سەردانی شوێنەکەمان کرد و پەیوەندیمان لەگەڵ کاك عبدالله ئاگرین کرد بە مەبەستی چۆڵکردنی بارەگایەکە، پاش چەند رۆژێك بارەگایەکەم وەرگرت کە تێیدا چەند بەندێکی کاغەزی سپی و نزیکەی (٧٠) فایلی رێکخستنی حزبی بەعس-زانکۆی سەلاحەدینی تێدابوو کە لە ژوورەکەی کاك سامی پارێزرابوو، چونکە کاتی خۆی تاکو راپەڕین ئەم شوێنە رێکخراوی زانکۆی سەلاحەدینی حزبی بەعس لە هەولێر داگیری کردبوو ئەم (فایلانەش) لە ژوورەکەی کاك سامی پارێزراو بوو، بۆ ماوەی چەند رۆژێك لام مایەوە پاشان لە رێگای شەهید فرەنسۆ هەریری تەسلیم بە شوێنی مەبەست کرا.

لە ماوەی دوو هەفتەدا توانیمان لە سەرەتادا کەموکوڕیی باڵەخانەکە چارەسەر بکەین، بەڵام تاکو رۆژی بەجێهێشتنی هەولێر لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی شەڕی ناوخۆوە هەمیشە دەستمان تێدابوو چونکە باڵەخانەیەکی کۆن

بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا توانیمان تەنها لەسەر ئەو بودجە کەمەی کە بۆ ڕۆژنامەکەمان تەرخان کرابوو بەتەواوی ڕێکی بخەین و ببێتە شتێکی بەرچاو. جۆری مامەڵەکردنم لەگەڵ دەوروبەر هەر لە جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و دەستەی نووسەران و لێپرسراوی لاپەڕەکان و پەیامنێرانی ناوەوە و دەرەوەی هەولێر کە لە سەرەتا ڕێکوپێکیی پێوە دیار نەبوو و توانیم لەو ماوەیەدا گیانی پەیوەندیی خێزانی و گیانی هاوکاریی (تیپ)ی تا ڕادەیەك قووڵ بکەمەوە، لەنێوان سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی کارگێڕی لە هەمان کاتیشدا هەوڵی جدیم دا بە مەبەستی دوورکەوتنەوەی ڕۆژنامەنووسان لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ نووسەران و ئەدەبییان دوور لە میزاجی شەخسی چونکە هەمیشە بۆم دووبارە دەکردنەوە ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە گۆڕەپانی سیاسیدا چ ڕۆڵێك دەگێڕێ، بۆیە ناکرێ ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی ئەم دەزگایە بە میزاجی شەخسی بچووکی بکەینەوە، بۆیە ئەوەی لاپەڕەکانی ئەو قۆناغەی برایەتی هەڵبداتەوە ڕاشکاوانە ئەم دیاردەیە بەدی دەکات چونکە لەو قۆناغەدا باڵانسی بارودۆخی سیاسی بەپێی سیاسەتی ففتی–ففتی لە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بۆیە پێویستی دەکرد کە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەین، چونکە بەنسبەت من کە لەدوای ڕاپەڕینەوە تاکو ڕۆژی ٢٦/١٠/١٩٩٣ وەکو چاودێرێك تەماشای بارودۆخەکەم دەکرد سەرەڕای دۆستایەتی و برایەتیم لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی و حزبی شیوعی و پارتی کار کە تا ڕادەیەکی زۆر بە قەناعەتەوە بە تەنگ تەبایی و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان بووم گەرچی هەندێ لە برایانی ڕۆژنامەنووس وەکو ڕەنگدانەوەی بارودۆخەکە و وەڵام و وەڵامکاری ناچار دەبوون بکەونە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ڕۆژانەی ڕاگەیاندنی ئەو ڕۆژگارە، بەڵام بەندە هەمیشە دەمگوت وەڵام و ڕەتدانەوەکانتان هێمن و شیرین بێت. لەگەڵ هاتنم بۆ برایەتی سیستەمی دەوام و جۆری لێپرسراوێتیم یەکلا کردەوە چونکە لە هەفتەی یەکەمی دەوامکردنم دەمدیت کاتژمێر (٨)ی شەو بارەگای

ڕۆژنامەکە کەسی تێدا نەدەما بۆیە لاپەڕە (١) زۆر بە کرچوکاڵی دەهاتە بەرچاو و تاکە یەك ڕۆژنامەنووس کاری تێدا دەکرد، بۆیە لە هەفتەی سێیەمی دەستبەکاربوونم سەردانی خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن-م کرد و بارودۆخەکەم تێگەیاند و هۆکاری چوونەکەشم ڕوونکردنەوەی هەڵوێست بوو بەرامبەر ئەو کەمتەرخەمی و گوێنەدانە کە بە شێوەیەکی گشتی سیمای کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەی برایەتی بوو، حیسابی ئەوەشم دەکرد کە دەبێت ئەو سیستەمە بگۆڕم چونکە سیاسەتی پێشوو بە هیچ شێوەیەك خزمەتی پێشکەوتنی ڕۆژنامەکەی نەدەکرد دەبووایە ئاڵوگۆڕی لە بەرپرسیارێتی و جۆری دەوام بکرێت، بۆیە کاتێ ئەم مەسەلەیەم بۆ کاك سامی ڕوونکردەوە کاك سامی یەکسەر گوتی (کاکە فەرهاد لە بەغدا لە التاخي چۆن کارت دەکرد الآنیش بە هەمان سیاسەت کار بکە، بەتایبەتی ئێستا تۆ هەم سەرنووسەری و هەم بەرپرسی کارگێڕیی هەردوو ڕۆژنامەی من متأکدم لە دڵسۆزیی تۆ، بارکك الله).

جارێ لە پێشەوە دەوامی ڕۆژانەم کردە سێ بەش، بەیانیان لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی تاکو (١:٣٠)ی پاش نیوەڕۆ، دەوامی دووای نیوەڕۆ لە (٤:٠٠)ی پاش نیوەڕۆ تاکو (٨:٠٠)ی شەو، بەڵام بەنسبەت لاپەڕە (١)ەوە خۆم لەگەڵیان دەمامەوە تاکو درەنگانی شەو و زۆرجار لەپێناوی بڵاوکردنەوەی هەواڵێك تاکو ١٢ی شەو هەندێ جاریش تا (١)ی دووای نیوەشەو دەمانەوە.

ستاڤی تەواوی لاپەڕەکانیشم لەسەرەتادا بە لاپەڕە (١) دەستپێکرد و ڕێکخستەوە لە ماوەی (٦) مانگێك توانیم برایەتی بخەمە سەر هێڵی تەواوی کاری ڕۆژنامەگەری بەمەش تا رادەیەك کاریگەریی بەرچاوی لە ژمارەی فرۆشتنی هەبوو. تا ڕادەیەکی باشیش کاك سامی چ بە تەلەفون چ لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن زانیاری و هەواڵی پێ دەداین هەندێ جاریش لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی (الحياة و الشرق الأوسط)یشی بۆ دەناردم بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە هەواڵێك یاخود بابەتێك کە سوودی سیاسیی بۆ ئێمەی کورد تێدابێت.

به نسبەت نووسینی ناوم وەکو سەرنووسەر دەبووایە بەپێی بڕیار و لێپرسراوێتی لە یەکەم ڕۆژەوە یانی ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٧ بکەوێتە سەر ڕۆژنامەکە، بەڵام بەندە ئەم مەسەلەیەم بە هەند وەرنەگرت چەند جارێکیش برایان سەرۆ قادر و ئەسعەد عەدۆ و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی بە گوێیان هەڵدام کەوا ناوم لە جێگای ناوی کاك حبیب محمد کریم دابنرێ چونکە وەکو کاك سەرۆ قادر گوتی (برا ئێستا تۆ سەرنووسەری و هەموو لێپرسراوێتییەکی یاسایی دەتگرێتەوە باشە بۆ ناوی تۆ نەنووسرێ؟!)، بەڵام من زۆر بایەخم بەم مەسەلەیە نەدا چونکە جۆرە شەرمێکم دەکرد کە خۆم بە دەستی خۆم ئەوە بکەم  ناوی کاك حەبیبیش لە ژمارە (١٧٨٠)ەوە کە بە کردە برایەتیی بەجێهێشت تاکو ژمارە (١٩٠١) کە لە ڕۆژی ١٩٩٤/٢/٨ لەسەر ڕۆژنامەکە مایەوە ئەوجا پاش ئەوەی لە لایەن مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوی ڕەسمی ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرا پاش ڕەزامەندیی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ژمارە (١٩٠٢)وە ناوی بەندە کەوتە سەر لاپەڕەی برایەتی لەتەك ناوی خاوەن ئیمتیاز کە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق سالم بوو.

لە قۆناغی یەکەمی دەستبەکار بوونم لەپاش گواستنەوەمان بۆ بارەگای تازە دوو جار سەرۆك مسعود بارزانی سەردانی کردین و هەموو بەشەکانی ڕۆژنامەی برایەتیی بەسەرکردەوە و جەختی لەسەر ڕێڕەوی برایەتی و تەبایی ریزەکانی گەلی کوردستان کردەوە، تا جارێکیان کە دوای شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی ڕوویدا لە ئاکامی پرسیارێکی بەندە (ئە ئاخۆ بەڕێزیان ترسی ئەوەی نییە کە شەڕ ڕۆژێك لە ڕۆژان لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕووبداتەوە، چونکە جۆرە ناحاڵی بوونێك لەنێواندا درووست ببوو). کاك مسعود لە وەڵامدا زۆر ڕاشکاوانە گوتی (من هەرگیزا و هەرگیز بیر لەو کارە ناپەسەندە ناکەمەوە کە نێو ماڵی کورد تێك دەدات و لە ئامانجی بونیاتنانەوەی ژێرخانی کوردستان و درووستبوونی بڕیاری سیاسی کورد دوورمان بخاتەوە، پێشووتر بە تەجروبەیەکی زۆر ناخۆش و تاڵ ڕۆیشتووین،

ناکرێت کەس بیر لە دووبارەبوونەوەی شەڕ بکات، شەڕی نێوانی بزووتنەوە و یەکێتی زۆر نیگەرانی کردم ئەم نیگەرانییەشم بە هەردوو لا راگەیاند، هیوادارم جارێکی دیکە کەسمان بیر لەو دێوەزمە نەکەینەوە، وەعد بێت ئەگەر بە هەڵاتن بۆم حیساب نەکرێت لە گۆڕەپانی سیاسی لە کاتی روودانەوەی شەڕی ناوخۆ ئینجا لە لایەن هەر لایەن و کەسێك بێت کوردستان بەجێدەهێڵم، بەڵام دیسان چی بە مێژوو دەڵێیت لە کاتێکی وادا کوردستان بەجێبهێڵی شەڕ و شەڕخوازان تەراتێنی لە کوردستان بکەن، کە دەڵێم جێهێشتن بەو مانایەیە کە بەقەدەر هەموو دونیا رقم لە شەڕە بەتایبەتیش شەڕی ناوخۆ، باشە دەبێت ئێمە لەسەر چی شەڕ بکەین! ئێمە و قەدەری ئێمە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی ئەوەیە کە کوردستان بەرەو کەنارێکی ئارامی ببەین و کورد بگاتە مافی تەواوی خۆی، ئەم شتەش قەتاوقەت تەحقیق نابێت ئەگەر کێشە و شەڕ و ناخۆشی لەلای خۆمان رووبدات و ئیشەڵا ئەمە قەت روو ناداتەوە، هەموو لایەکمان ئەوەندە تەجروبەی ناخۆشمان لەو مەسەلەیە هەیە کە وامان لێدەکات بە هەموو جۆرێك لێی دوور بکەوینەوە، من تەنانەت ئێستا لەگەڵ بەغداش پێم ناخۆشە شەڕ و ئاژاوە درووست ببێت چونکە لە بەرژەوەندیی میللەتی کورددا نییە، کەسیش لە خاوەن بڕیارەکانی دونیا لەگەڵ شەڕ نین، ئێستا زەمانی دیالۆگ و لێکحاڵیبوونە).

برادەرانی مەکتەبی سیاسی لە پێشەوەیان کاك نێچیرڤان بارزانیش لەم قۆناغە دواجار سەردانی کردین و کاك شەوکەت شێخ یەزدینی بەهەشتیی راسپارد کەوا هەندێ کەموکوڕیمان چارەسەر بکات، خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامقیش بە حوکمی ئەوەی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە بوو زوو زوو سەردانی دەکردین، تەنانەت کۆبوونەوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و لێکۆڵینەوەی لە یەکێ لە ژوورەکانی سەرەوەی نهۆمی دووەم بارەگای رۆژنامەی برایەتی و خەبات دەکرد کە بەندە تێیدا لەگەڵ بەڕێزان د. عبدالفتاح بۆتانی، د. سعدی بەرزنجی، د. شێرزاد نەجار، د. ئازاد نەقشبەندی، ئەحمەد سالار، ماوەیەکیش د. سەڵاح عوسمان، یاوەر نامق سالم، زاهیر رۆژبەیانی،

خەسرەو گۆران کە ئەندامی ئەم مەکتەبە بوون کە لە قۆناغی پاش ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦یش خوالێخۆشبوو لیوای خانەنشین کافی محمد نەبەوی بوو بە ئەندامی ئەم مەکتەبە کە لەکاتی خۆی زیاتر باسی لێوە دەکەم.

برایەتی لەو سەروبەندەدا یانی قۆناغی یەکەم کە تاکو کۆتایی ساڵی ۱۹۹٤ی خایاند رۆڵێکی بەرچاوی دەبینی، دەتوانم بڵێم لە پێشەوەی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە سیاسەتێکی هێمنانە و بابەتییانە مامەڵەی لەگەڵ هەواڵ و رووداوەکان دەکرد بەپێی پرۆتۆکۆڵ هەواڵ و وێنەی لێپرسراوانی پەرلەمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڵاودەکردەوە، بەڵام هەندێ جار تووشی کێشەی لا بە لا دەبووین لەگەڵ لێپرسراوانی پارتی کە لە گلەیی و گازاندە نەدەکەوتن لەسەر گرنگی نەدان بە جۆری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنەکانیان، تا جارێکیان ئەم نا رەزابوونەم لای بەرێز سەرۆکی پارتی نیشاندا کە دواتر بە برووسکەیەك هۆشداریی دا بە لێپرسراوان کەوا بە میزاج مامەڵە لەگەڵ برایەتی نەکەن.

## برایەتی و شەڕی ناوەخۆ

بارودۆخی سیاسی تاکو کۆتایی ساڵی ۱۹۹۳ بە ئارامی بەڕێوەچوو سەرەڕای ئەو ململانێ حزبیە سەقەتەی کە بەرۆکی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستانی بەرنەدەدا لێرەدا کە دەستەواژەی (حیزبایەتی سەقەت) بەکار دەهێنم مەبەستم لە جۆری ململانێیەکەیە کە لە کوردستان کە لە جیاتی لە ڕوانگەی پەیڕەو پڕۆگرامی ناوەخۆی حیزبەکانیان هەڵسوکەوت و ململانێی شارەستانی بکەن کە هەر هەموویان جەخت لەسەر برایەتی و تەبایی و بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان دەکەن دەمان دی کە تاکو ئێستاکەش بە شێوازی جۆراوجۆر هەر بەردەوامن لە ململانێکی ناکوردانەی ناشارستانیانە کە بە هیچ پێوەرێك لەگەڵ ژیانی حیزبایەتی سەردەم و شارستانیەت یەك ناگرنەوە چونکە هیچ کاتێك پەنا بۆ دیالۆگێکی شارستانی نەبراوە بەڵکو تا

پێیان کرابێ (تەخوین)ی یەکتریان کردووەو ناوە ناوەش ئەم ململانێیە بەشەڕە قسەو پاشان بە شەڕی کردە کۆتایی هاتووە ئەوجا لە کۆتاییدا لەژێر فشاری لایەنی دەرەکی و دەوروبەر بە پێکهاتنێکی لەرزۆکی سەر کاغەز کۆتایی هاتووە کە ئەم دیاردەیەش ڕاستەوخۆ گەورەترین زەرەو زیانی بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان و ئامانجە ستراتیجیەکانی داوە.

برادەرانی ڕۆژنامەنووس بە تایبەتیش ئەندامانی دەستەی نووسەران لەو قۆناغەدا کە کارمان پێکەوە دەکرد کە بریتی بوون لە برایان (خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر، ئەسعەد عەدۆ بەڕێوەبەری نووسین، سەرۆ قادر، ئاسۆ کریم، زادۆق ئادەم، شەماڵ حەویزی ئەندامانی دەستەی نووسەران و شێرزاد عبدالرحمن کە ئەوکاتە بەرپرسی دوو لاپەڕە بوو، مسعود پەرێشان بەرپرسی لاپەڕە و محمد خدر مەولود بەرپرسی لاپەڕە هەر هەموویان ئاگادارن کە چۆن بە پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی مەرکەزی مامەڵەمان لەگەڵ هەواڵ و ڕووداوەکان دەکرد، زۆرجاریش لە خودی نێوەندەکانی پارتی دەگوترا کە ڕۆژنامەی برایەتی تەعبیر لە خودی سیاسەتی هیمنانەی سەرۆك مەسعود بارزانی دەکات، بەندە هەمیشە هەنگاوی بە پەلەو نادروستم نەدەهاویشت بەڵکو زۆر بە وردی لەڕێگای خوێندنەوەیەکی بابەتیانە و بۆچوونی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی مامەڵەم لەگەڵ واقیعەکەدا دەکرد زۆرجار ئەم پابەندبوونەم لەلایەن هەندێ لە برادەرانی دەستەی نووسەران بە ناوەندی بڕیار (مرکز القرار) بە هەڵسوکەوتوو پابەندی جۆری مامەڵەی تێکۆشەری دێرینی حیزبی شیوعی عێراق عومەر عەلی شێخ (ابو فاروق)یان دەشوبهاند چونکە ئەوەی لە بەڕێز عومەر عەلی شێخ زاندراوە کە پیاوێکە بە مانای وشە لە دەسپلینی و بڕیاری ناوەندی حیزب (حیزبی شیوعی عیراق) دەرناچی، بەڵام ئەمە بە نیسبەت من لە سیاسەتی ناوەخۆ و یەکڕیزی و تەبایی لایەنە ساسیەکانەوە پەیڕەو دەکرا بەڵام لە بابەتی کرانەوەو ئازادی ڕادەربڕینی هێمنانەو دوور لە ناو زڕاندن ئەو پەڕی کراوەبووم هەر بۆیەش بە مەبەستی پیادەکردنی ئەو ڕێڕەوە پێشنیارم بۆ برای رۆژنامەنووسی ئەندامی دەستەی نووسەران کاك سەرۆ قادر کرد کە

گۆشەکەی لاپەڕە (٨)ی کە ناوی (دەریچە) بوو بگۆڕدرێ بۆ دەنگی چوارەم مەبەستیش لە دەنگی چوارەم ئەو دەنگەیە کە دوورە دەستی سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین بێت بێئەوەی هیچ جۆرە دەستکاریەکی بکرێت،

بارودۆخی بە ڕواڵەت هێمنی نێوان پارتی و یەکیەتی تا سەر نەبوو کە بەو پەڕی داخەوە هەندێ خەڵکی نا مەسئول جا لەبەر هەر هۆیەك بووبێت هەمیشە خەریکی نانەوەی ئاژاوەو دروستکردنی کێشەی لابەلا بوون کە گەورەکانیشیان تێوە دەگلاند لێرەدا قەد بەدووری نازانم کە دەستی وڵاتانی دەوروبەر لەم مەسەلانەدا بوونی نەبووبێ،

ئێوارەی رۆژی ١٣ لەسەر ١٩٩٣/١٢/١٤ ڕونکردنەوەیەکمان لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەریمی کوردستانەوە بۆهات کە ئەو کاتە بەڕێز (کۆسرەت ڕەسول عەلی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو دەربارەی رووداوی رۆژی ١٩٩٣/١٢/١٠ کە ئەمە دەقەکەیەتی

**روونکردنەوەیەك لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە**

ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١٠ تاقمێکی گێرە شێوێنی دژ بە یاسا هێرشیان بردۆتە سەر بارەگای لیوای (٢٤) و فەوجی دووی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان لەناوچەی سلیمانی و دەستیان گرتووە بەسەر کەل و پەل و چەك و تەقەمەنی و دەستگیرکردنی چەند پێشمەرگەیەکی بارەگاکان.

بە پێویستی دەزانین بەرپەرچی ئەم دەست درێژیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێتەوە سنورێکی بۆ دابندرێت و تاوانباران بدرێنە یاسا.

داوا لە جەماوەری بەشەرەفی کوردستان دەکەین وەك هەمیشە پاڵپشتی هێزەکانی پێشمەرگەو حکومەتی هەرێمی کوردستان بن

**ئەنجوومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستانی عیراق**

**هەولێر ١٩٩٣/١٠/١٣**

بە گەیشتنی ئەم ڕوونکردنەوەیە هەر زوو دەستم کرد بە نووسینی سەروتار (پەیامی) برایەتی ئەو ڕۆژە کە تێیدا مانشیتی ئەو ڕۆژە (لەبەر رۆشنایی و رونکردنەوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان) کە ناونیشانی پەیامەکەی برایەتی بوو باس لە ڕووداوەکە دەکەم و لە کۆتاییدا راشکاوانە دەڵێم (ئێمە بەو پەڕی دڵسۆزیەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانین کە دەڵێ ((بە پێویستی دەزانین بەرپەرچی ئەم دەست درێژیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێتەوەو سنورێکی بۆ دابندرێت و تاوانباران بدرێنە یاسا)).

زوو هاتنە دەستی ئێمە لە برایەتی بۆ دوو هۆکاری سەرەکی بوو، یەکەمیان رەتکردنەوەی هەموو دەست درێژیەك لەسەر جێگەو پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوجا لەهەر لایەنێکەوە بێت دووەمیان بێ گوێدانە ئینیتمای سیاسی یەکسەر خۆمان خستە لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز (کۆسرەت رەسول عەلی) سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵام مەسەلەکە هەر بەو شێوەیە نەوەستا بەڵکو رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە رۆژانی ١٤-١٩٩٣/١٢/١٥ بە نووسینی چەند هەواڵ و راپۆرت وایکرد (بریاردەری سیاسی پارتی) کە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە (١٨٢٢) رۆژی ١٩٩٣/١٢/١٦ برایەتی بۆ ئەم مەبەستە (وەڵام دانەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) لەژێر ناوی (مانشیتی ((تاوانی ئاشکرا هەرگیز داناپۆشرێت) تەرخان بکرێت بە مەبەستی روونکردنەوە کە تێیدا سەرجەم بروسکەکانی بەڕێز مام جەلال بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و بروسکەی بەڕێز سەرۆك وەزیران و بەڕێز خوالێخۆشبوو جەبار فەرمان کە هەر هەمووی جەخت لە یەکڕیزی و پابەند بە یاساو ریزی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەوەی سەرەوە کە باسم لێوە کردووە جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و برایەتی) بوو دەربارەی روداوی ١٩٩٣/١٢/١٠ کە بە داخەوە ئەو ڕووداوەو ڕووداوی رۆژی ١٩٩٣/١٢/٩ لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێری نێو گەرمەی ئاهەنگی یەکتر ناسینی قوتابیانی پەیمانگای ناوبراو جۆرە دڵەڕاوکێیەکی لای خەڵکی دروست کرد

دەتوانم بڵێم سەرەتای ئەو تراجیدابیە خوێناویە بوو کە بەو پەڕی داخەوە چەند ساڵێکی خایاندو بووە هۆکاری زیندووکردنەوەی شەڕێك کە تێیدا خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەسعود محمد) بە (بسم الله کردن لە سفرەی بەتاڵ) ناوی دەبرد.

لاپەڕەکانی (١) و (٣)ی ژمارە (٨٢٣) ڕۆژی ١٩٣٣/١٢/١٧ کە تێیدا لەژێر ناونیشانی (لە خۆپیشاندانێکی گەورەی هەولێردا ((گەل... داوای چەسپاندنی یاسا دەکات) کە تێیدا لە لاپەڕە (١)دا وتاری بەڕێز خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وتاری بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاویس جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڵاوکرایەوە کە هەموو بە مەبەستی چارەسەری کێشەکەو تەبایی و یەکڕیزی بوو لە ژمارە (١٨٢٤)ی ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١٨ لەژێر ناونیشانی هێژا مەسعود بارزانی سوپاسی جەماوەری خۆپیشاندەر دەکات ( نیشانتان دا کە جەماوەرێکی بە وەفاو نەترس و یاسا خوازن) کۆتایی بە دەنگۆی ئەم ڕووداوە ناخۆشە هات کە ئاواتەخواز بووین جارێکی دیکە ڕوو نەداتەوە، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ناسکی بارودۆخەکەو بەرژەوەندی باڵای کوردستان چاوەڕوانی هەنگاوێکی جیدی بەرژەوەندی خوازبووین کە هیوای کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بێتەدی و چی دیکە کاری ئاژاوەگێری و بارودۆخی سیاسی کوردستان تێك نەدات. بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەر بوو کە لای بەندە نهێنی نەبوو زنجیرە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بارزانی کە لە ئاکامدا لە بارودۆخێکی هەستیارو پێویست دا ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/١٨ هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش کە تێیدا (هەردوولا پارتی و یەکیەتی هاوپەیمانی چارەنووس و ستراتیژی خۆیان دووپات کردەوە کە خۆی لەچەند خاڵێکی وەکو (یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی و عەمەلی لەسەر بنچینەی ڕاوێژو بیروڕا گۆڕینەوەو چارەسەرکردنی ناکۆکی و گیروگرفت

بەڕێگەی سیاسی و برایانەو حەرام کردنی چارەسەری چەکدارانەو پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی هاوبەش بە بەشداری پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و هەردوو هەڤاڵ کاك مەسعود و مام جەلال کۆبکاتەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی جولانەوەی گەلەکەمان لە کوردستان)، بۆیە کاتی سەر لە ئێوارەی رۆژی ١٩٩٣/١٢/١٨ رێککەوتنەکەمان لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێ گەیشت برایانی دەستەی نووسەرانم بانگهێشتی ژوورەکەی خۆم کرد و ئەم هەواڵە خۆشەم پێ ڕاگەیاندن و بڕیارمان دا بە مانشێتێکی گەورەی سەرەکی و لەژێرناوی (رێککەوتنێکی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکیەتی) لە ژمارە ١٨٢٥ رۆژی ١٩٩٣/١٢/١٩ بڵاوکردەوە لە هەمان کاتیشدا لە ژمارەی ١٨٢٦ی رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٠ پەیامی برایەتیم تەرخان کرد بۆ ئەو هەنگاوە مێژووییەو لەژێر ناونیشانی (هاوپەیمانی پارتی و یەکیەتی هەنگاوێکی ترە بۆ پێشەوە کە لە بڕگەیەکدا دەڵێن (راگەیاندنی ئەم رێککەوتنە ستراتیژیە لە ڕاستیدا هەموو ئەو تەم و خەمەی رامالی کە وەك بەلایەکی گەورە و پەڵە هەورێکی هاوینە چوکی بەسەر کوردستاندا داداو لە ساتەوەختێکدا ترس و نیگەرانی و هەناسە ساردی راوناو، لەجیّ ی ئەوانەدا بنەمای قۆناغێکی نویّ و تۆوی هیوایەکی گەشترو پاشەڕۆژێکی پڕشنگدارتری لەدڵی خەڵکی ئازارچەشتەی کوردستاندا ڕواند).

لە نێوانی ئەم رۆژانەو تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ هەندێ ڕووداوی ترسناك و ناخۆش هاتنە ئاراوە کە دیسان کوردستانی توشی شڵەژان کردو ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر بارودۆخەکەدا دروست کرد، ئێمەی سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی رۆژنامە بە نیگەرانیەوە تەماشای رووداوەکانمان دەکرد بیّ ئەوەی هەستی لایەنگیری لایەنێکی شەڕی نێوان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان کە رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢١ رویدا ئێمە بە حوکمی ئەوەی هاوپەیمانیەتیمان لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان هەبوو سەرەڕای ئەوەی کە دوو حیزبی نەتەوەیی عیلمانین و ئامانجەکانمان یەکە دەبوایە تەرف گیری یەکیەتیمان بکردایە سەرەڕای ئەوەی کە چەند رۆژێك

پێشتر ڕێککەوتنێکی مێژوویی لە نێوانیاندا ئیمزاکرابوو بەڵام هەر ئەم ڕۆژە لە خودی خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن وە پێم ڕاگەیاندرا کە بە هیچ شێوەیەك تەرفگیری لایەنێك لەسەر ڕوپەری برایەتی ڕەنگ نەداتەوە چونکە وەك ئەو گوتی بارودۆخەکە حەساسە، دەبێت مەحاوەلەی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەش بکەین.) هەر بۆیە مانشێتی ژمارە (١٨٢٨)ی ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٣ بریتی بوو لە (با چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە وتووێژی سیاسی و ئاشتیانە بێت نەوەك بە چەك، لە هەمانکاتیشدا پەیامی برایەتی ئەو ڕۆژەش لەژێر ناوی (پایەداربێت تەبایی و برایەتی و یەکیەتی ریزەکانی گەل) کە تێیدا لە کۆتایەکەیدا هاتووە (بەردەوامی و پەرەسەندنی ئەو حاڵەتە نا ئاساییە نە لە بەرژەوەندی گەلەکەمانەو نە لەبەرژەوەندی هیچ لایەنێکیشدایەو دەبی بەزوترین کات سنوورێکی بنبڕو چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ دابندرێت).

ڕۆژانی دواتریش بەهەمان پەیڕەو مامەڵەمان لەگەڵ بارودۆخەکەدا کردو ڕۆژانەش لەسەر هەمان هەڵوێست پەیامی برایەتیمان ئاراستە دەکرد و لەژمارەی ١٨٣٢ ڕۆژی ١٢/٢٧ بە مانشێتێکی گەورەی ڕەش کە بریتی بوو لە (ئەم شەڕە شێت و شومە بوەستێنن) و پەیامی برایەتی بۆ ئەو ڕۆژەش بۆ هەمان مەبەست تەرخان کرابوو کە لە کۆتاییەکەیدا هاتووە (جا بۆ قورتارکردنی گیانی هاوڵاتیان و لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانە بریندارو لەهەموولا ئابلوقە دراوەکەمان هەروەها بۆ پتەوکردنی یەکیەتی ریزەکانی گەل و پاراستنی هاودەردی هاوکاری رای گشتی دنیاو ساردکردنەوەی هەلپەرکی دوژمن، پێویستە دەست بەجێ ئەم شەڕە شێتگیریە بوەستێندرێ و گوێڕایەلی دەستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بێ.) بەڵام دیسان سەرەڕای ئەو هەوڵ و کۆششانە شەڕەکەی نێوان یەکیەتی و بزوتنەوەی ئیسلامی نەوەستا هەربۆیە سەرۆك مەسعود بارزانی لە پەیامێکی ڕاشکاوانە و جدیەوە ئێوارەی ڕۆژی ٢٧ لەسەر ١٩٩٣/١٢/٢٨ ڕاگەیاند کە بڕگەیەکی بوو بە مانشێتی گەورەی برایەتی ژمارە (١٨٣٣)ی ڕۆژی ١٢/٢٨ کە بریتی بوو لە (دەبێ بەڕاستی یاسا حاکم بێت یان چیتر تەحەمولی ئەم وەزعە ناکەین)، کە لە

لاپەڕە (١)ی برایەتی بڵاوکرایەوە کە تێیدا باسی لە چۆنێتیی شەڕەکە و پەرەسەندنی لە کفرییەوە بۆ رانیە و بڕیاری وەستاندنی لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام شەڕەکە هەر بەردەوام بوو بۆیە لە کۆتاییدا بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆتایی پەیامەکەیدا دەڵێ "بۆیە من زۆر بە جدی خەریکی پێداچوونەوەی وەزعەکەم و دیراسەتی هەنگاوەکانی داهاتوو دەکەین، بۆئەوەی یان بەڕاستی یاسا حاکم بێت یان چیتر تەحەمولی ئەم وەزعە ناکەین"، بەوپەڕی داخەوە نە پەیامەکەی سەرۆك بارزانی و نە پەیامەکانی بەڕێز مام جەلال و نە رێککەوتنە ستراتیژییەکەی ئەو کاتانە و نە درووستکردنی هەیئەتی رئاسەتی هەرێمی کوردستان نە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان هیچی نەیخوارد و شەڕ و بەڵای گەورەتر و ترسناکتر هاتە ئاراوە کە خەریك بوو (شەڕی نیوان برایان) تەڕ و وشکی ئەم کوردستانە بسووتێنێ و بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان زیندەبەچاڵ بکرێت، لە راستیشدا ترسێکی سەرەتای درووستبوونی خەمێکی دیکەی بۆ من و سەدان هەزار خەڵکی کوردستانی درووستکرد بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵانی ١٩٦٤ بەدواوە لەناو گێژاوی کارەساتی لەتبوونی حزبی دایك و شەڕی برایان دەژیان چونکە زۆرجار وەکو بیستوومە و یاخود خوێندوومەتەوە یا وەکو بە چاوی خۆمان دیتمان (شەڕی برایان) زۆر قورستر و داخ لە دڵانەتر و زۆر بێ رەحمانەترە جارێك لە وەڵامی پرسیارێکی بەندەدا لە مامۆستای خوالێخۆشبوو و زانای گەورە (مسعود محمد)م پرسی لە دانیشتنێکی بەڕێزی و بەندە لەماڵی خوالێخۆشبوو مامۆستای دۆستی باوکم خوالێخۆشبوو (عبدالمجید نورالدین جلی زادە) لە ١٩٩١/٢/٥ و بە حزووری ئەو، پرسیارەکەش بریتی بوو (دەبێت هۆکاری چی بێت شەڕی نێوان برایان بێ رەحمانەترە لە شەڕی دوژمن؟!) لە وەڵامدا مامۆستا مسعود محمد گوتی (شەڕی برایان یانی شەڕی برایانی یەك نەتەوە کە لە ورد و درشتی گەورە و بچووکی یەکتری شارەزان و خاڵی لاواز و بەهێزی یەکتری باش دەزانن، بۆیە کاتێ کە روودەدات ئەوجا بە هەر هۆکارێکی شەخسی، یاخود ئایدیالۆجی، یاخود فیتنەیی وڵاتانی دەوروبەر، چونکە بە

تەواوی شارەزای یەکترین بە رادەیەکی لە سەدا سەد بێ بەزەییانە دەکەونە وێزەی یەکتری بە هەموو قورساییەکەوە، بە پێچەوانەشەوە چونکە ئەو جۆرە زانیاری و شارەزاییە لەگەڵ دوژمن نییە ئەوا ململانێ و شەڕکردن هێزی شەڕی برایانی نابێت)؟

پێش بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ هاوکارم برای ڕۆژنامەنووس سەرۆ قادر کە ئەوکاتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی برایەتی بوو ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێککەوتی ١٩٩٣/٢/١٦ دیمانەیەکی دوو قۆڵی دوور و درێژمان لەگەڵ مامۆستای گەورە و تێکۆشەری دێرینی حزبی شیوعیی عیراقی کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی پێشوودا (یانی ساڵی ١٩٦٣) بەتایبەتی پاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ڕۆڵی کەسایەتیی یەکەم و سکرتێری حزبی شیوعیی عیراقی دەدیت و لە کۆنگرەی پێنجەمی ئەو حزبەش کە ساڵی ١٩٩٣ لە شەقڵاوە بەسترا مامۆستا عەزیز محمد بە پێچەوانەی مۆدە ئەو سەردەمە جووڵایەوە لە دوا کۆنگرەی حزبی شیوعیی عیراقی وازی لە پۆستی سکرتێری یەکەمی ئەو حزبە هێنا، لە ڕۆژنامەی برایەتی ئەم پرسیارەمان خستە بەردەمی خودی مامۆستا و لەسەر گرێ ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆی کوردستان لەگەڵی کەوتینە گفتوگۆیەکی ئازادانە و دەقی ئەم چاوپێکەوتنە بە سێ ئەڵقە لە ژمارەکانی برایەتی (١٨٢٦، ١٨٢٧، ١٨٢٨) بڵاوکرایەوە.

بەندە ساڵی ١٩٦٣ مامۆستا عەزیز محمدم ناسیوە کاتێ بە ڕێککەوت لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی خوالێخۆشبوو ( حسینی حاجی محمود) لە قەڵادزێ ئەوکاتەی ئێمە بە خاو و خێزانەوە پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەلایەن بەعسییە خوێنخۆرەکانەوە بۆ سەر کوردستان لە مانگی ١٩٦٣/٦ بەرەو قەڵادزێ و پاش چەند ڕۆژێك خێزان لە گوندی (هەڵشۆ)ی سەر سنووری ئێران گیرسایەوە و منیش لەگەڵ مامی خوالێخۆشبووم (حاکم عومەر) بەرەو ماوەت چووین کە ئەوکاتە بە سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش دەستنیشان کرابوو، مامۆستا عەزیز محمدیش لە ئاکامی ئەو برینە گەورەیەی لە جەستەی حزبی شیوعیی عیراقیدا بەهۆی کودەتای شوومی ٨ی شوبات درووست ببوو

مامۆستا عەزیز شەو و رۆژ سەرقاڵی ساڕێژکردنی ئەو برینە بوو بە هەموو توانا و وزەیەکەوە تاکو رۆژی ماڵئاوایی لەم حزبە تێکۆشەرە؟

ئێمەی خێزانی برایەتی لە ماڵئاوایی ساڵی ١٩٩٣ی پڕ کێشە لە پێشوازیی ساڵی تازەی ١٩٩٤دا بە هیوای ساڵێکی ئارام و بێ کێشە لە چوارچێوەی باڵەخانەی دەزگای برایەتی و خەباتدا سەرقاڵی ئامادەکردنی ژمارە ١٨٣٦ی رۆژی ١٩٩٤/١/١ بووین پاش نووسینی پەیامی برایەتی ئەو ژمارەیە کە تێیدا هاتووە (ئێمە لە کاتێکدا بە پەژارە و نیگەرانییەکی زۆرەوە رۆژە پڕ لە نەهامەتییەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٩٣مان بەڕێکرد، لە هەمان کاتیشدا بە دڵێکی پڕ لە هیواوە باوەش بۆ ساڵی ١٩٩٤ دەگرینەوە، بە چاوێکی گەشبینەوە دەڕوانینە پێشهاتەکانی ئەم ساڵە و لە ئاسۆی نزیکدا دەستکەوتی مەزنتر و هەنگاوی گەورەتر بۆ داهاتوو و پاشەڕۆژی گەلەکەمان بەدی دەکەین).

پاش بەکۆتاهاتنی ئامادەکردنی هەر (٨) لاپەڕەی برایەتی ئێمەی دەستەی نووسەران تاکو درەنگانێکی شەو لە ژوورەکەی من بەدیار TV و بەدەم قسە خۆشەکانی برای خوالێخۆشبوو کاکە زاهیر رۆژبەیانی و تەعلیقەکانی ئەسعەد عەدۆی برا و هاوکار کاتمان بەڕێکرد نۆشی ئەو شەوەمان هیوای رۆژانێکی پڕ لە کامەرانی بوو.

لە رۆژی دووەمی ساڵی تازە هەواڵی دڵتەزێنی برادەری خۆشەویست و نزیکم کاکە (فریاد محی الدین ئەسعەد غەفوری) بوو کە بەوپەڕی داخەوە لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی شاری (بەرلین) کۆچی دوایی کردبوو، کاکە فریاد و من هەر لە سەرەتای لاوێتیمانەوە لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ یەکترمان ناسی و بووینە برادەری یەکتری. بە درێژایی ئەم ماوەیە تاکو رۆژی کۆچکردنی لەسەر هەمان رێڕەوی برایەتی و دۆستایەتی ماینەوە، هەواڵی کۆچکردنەکەی لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (١٨٣٧)ی رۆژنامەی برایەتیی رۆژی ١٩٩٤/١/٣ بڵاوکرایەوە لەگەڵ وێنەیەکی سەرەڕای بڵاوکردنەوەی یادێکی زیندووی کاکە فریاد لە چلەکەیدا کە ئەویش لە ژمارە (١٨٥٦)ی رۆژی ١٩٩٤/١/٢٩ کە لە لایەن بنەماڵەی خوالێخۆشبوو ئامادەکرابوو و بڵاوکرایەوە،

داخی گرانم بۆ کۆچی ناوادەی کاکە فریاد کە تەنها ٤٨ساڵ ژیا کە لەو ماوەی برادەرایەتیمان دا گەلێك یادەوەریی خۆشی ئەم سالانە وەکو فلمێکی سینەمایی لە مێشکمدا ماوەتەوە یادی بەخێر.

کاری رۆژانەی رۆژنامەم لە برایەتی بواری هیچی بۆ نەهێشتبوومەوە، هەموو کاتم بۆ ئەم رۆژنامەیە تەرخانکردبوو، بارودۆخەکە هەستیار بوو کاری رۆژنامەیەکی رۆژانە قورسە ئەگەر سەرنووسەری لە خەمی پێشکەوتنی دابێت، وابزانم لە ناوەندی هەفتەی مانگی شوباتدا نووسراوێکی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك)هات بە ئیمزای مامۆستا عەلی عبدالله کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی پارتی بوو کە ئارستەی وەزارەتی رۆشنبیری کرابوو دەربارەی گۆڕینی ناوی سەرنووسەر لە مامۆستا حەبیب محمد کەریمەوە بۆ فەرهاد عەونی و لە هەمان کاتیشدا پیرۆزبایی لە بەندە کرابوو بەم بۆنەیەوە، لە راستیدا ماوەی سێ مانگ و یانزە رۆژ بوو کە بە نووسراوی م.س و لە لایەن کاك سامی عبدالرحمن لە رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٦ بەندە دەستبەکار دەبێت چ وەکو نووسەر چ وەکو بەرپرسی دەزگا، بەڵام لەبەر رێزی تایبەتیم بۆ مامۆستا حەبیب محمد کریم ناوەکەی خۆمم نەخستە سەر رۆژنامەکە، چەند جارێکیش لە لایەن بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم بەوپێیەی کەوا خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە بوو داوام لێکرا کە ناوی خۆم لەجیاتیی ناوی کاك حبیب بنووسم، بەڵام بەندە دیسان تاکو نووسراوەکەی مەکتەبی سیاسی نەهات ناوی خۆمم لەشوێنی ناوی کاك حەبیب دانەنا ئەوەبوو بۆ یەکەم جار پاش ئەو ماوەی لە ژمارە ١٨٨٢ی رۆژی ١٩٩٤/٢/٧ بۆ یەکەم جار وەکو سەرنووسەر ناوم لە تایتڵی دواوە هاتە خوارەوە.

لەو ماوەیەدا یانی لە مانگی شوباتی ١٩٩٤ دوو یادەوەری هەبوو کە بەلامەوە دەبووایە گرنگیی پێ بدرێت:

یەکەمیان یادی دامەزراندنی (٤١) ساڵەی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو کە بۆخۆم ماوەی (٨) ساڵی رەبەق (١٩٦٤-١٩٧٢/٥/٢) کە دوا بەرپرسیارێتیم لەم رێکخراوە تێکۆشەرەدا کە لە کۆنگرەی شەشەمی دا کە لە

ناوپردان له ناوەڕاستی مانگی ١٩٧٠/٧ بەسترا سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوە بووم. بۆ ئەم مەبەستە (یانی یادی ٤١ ساڵە) پەیوەندیم بە سکرتاریەت و ساسانی برام کرد کە ئەویش لەو کاتەدا سکرتێری هەمان ڕێکخراو بوو کە ئامادەباش بوو ئەم یادە لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا بکەن، خۆشم کەوتمە ئامادەکردنی بابەتێك بەم بۆنەیەوە، ژمارە ١٨٧٦ی ڕۆژی ١٩٩٤/٢/١٨ لە یادی (٤١) ساڵەدا تایبەت بوو کە تێیدا لاپەڕەکانی برایەتی بۆ ئەم یادە تەرخان کرابوو، بابەتەکەی من کە هەردوو لاپەڕە (٢، ٣)ی داگیر کردبوو لەگەڵ چەندین وێنەی قۆناغی ئەندامێتیم تێدا باسکردووە تاکو کۆنگرەی (٧) (٣٠/٤-٢/٥/١٩٧٢) کە تێیدا بە قەناعەتی تەواوەوە ماڵئاواییم لەم ڕێکخراوە تێکۆشەرە کرد کە تاکو ئەمڕۆش بە قوتابخانەی یەکەمی تێکۆشانی کوردایەتیی دادەنێم، لە هەمان ژمارەشدا برایانی خوالێخۆشبو جەلال خۆشناو سکرتێری گشتیی دواتری پاش بەندە و زاهیر ڕۆژبەیانی ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕاندن بابەت و یادگاریی بەپێزیان بڵاوکردۆتەوە.

دووەمین بابەت کە گرنگییەکی باشم پێدا یادی کەڵە نووسەر و وەرگێڕ شاعیر (هەژاری موکریانی) بوو کە دەبووایە برایەتی لە ساڵڕۆژی سێیەمی کۆچی دوایی گرنگییەکی فوق العادەی پێ بدرێت، ئەوەبوو لە ژمارە (١٤١٤)ی ڕۆژی ١٩٩٤/٢/١٠ لە دوا لاپەڕەدا بانگەوازێکمان بۆ نووسەرانی کورد بڵاوکردەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی بابەتەکانیان بۆ ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٤/٢/٢١ چونکە لە ڕوانگەی زۆربەی نووسەران هەژاری موکریانی دیاردەکە کە دووبارە نابێتەوە، ڕۆژی ١٩٩٤/٢/٢١ ژمارە (١٨٧٩)ی برایەتی تایبەت بوو بە یادی (پاسەوانی زمان و گەورە ڕۆشنبیری کورد هەژاری موکریانی) کە بۆ یەکەم جار بوو ژمارەیەکی تایبەتی برایەتی بە (١٦) لاپەڕە دەربچێت کە تێیدا نووسەران و ڕۆشنبیران (زاهیر سەوز، ڕەئوف ئەحمەد ئالانی، خوالێخۆشبوو ئەحمەد سەلام، بیرەوەری هاوسەری مامۆستا هەژار (مەعسوم خان)، مستەفا ساڵح کەریم، عومەر محمد ساڵح، مومتاز حەیدەری، سیڤەر.ر، خوالێخۆشبوو کەریم شارەزا، نووسینێکی مام هەژار بەناوی (کتێبمان چۆن چاك دەبێ؟) کە

خوالێخۆشبوو مەحمود زامدار ئامادەی کردبوو، محمد سالَح سەعید، ناجی ئەرگوشی، محمد خدر مەولو، سەرۆ قادر)، لەگەڵ چەند وێنە و شیعرە بەناووبانگەکەی کە بە ناوی (بارزانی نامریٚ)، بڵاوکراوەتەوە، ئەو ژمارەیە (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دانەی لیٚ بڵاوکرایەوە و رەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو تاکو ئێوارە چەندین پەیوەندیی تەلەفۆنیمان پێوە کرا دەستخۆشیی ئەم ژمارە تایبەتییەیان لیٚ دەکردین، بەداخەوە رۆژەکەم بیر نەماوە کە بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی سەردانی کردین کە تێیدا خوالێخۆشبوو فرەنسۆ هەریری یاوەری بوو، پاش کەمیٚ گفتوگۆ دەربارەی برایەتی ئەوجا بەتایبەتی دەستخۆشی ئەم ژمارە تایبەتییەی لێکردین و گوتی: (هەژار حەقی بەسەر هەموومانەوە هەیە و شایانی یادکردنەوەیە، ئێوەش کارێکی باشتان کرد کە ئەم ژمارە تایبەتییەتان دەرکرد، بەداخەوە راپەڕینی خەڵکی کوردستانی نەدیت کە نزیك بە مانگێك پێش راپەڕین کۆچی دوایی کرد).

لە کۆتایی مانگی شوباتدا چەند جارێك لە ژمارەکانی ١٨٨١ی رۆژی ١٩٩٤/٢/٢٤ و ژمارە ١٨٨٣ی رۆژی ١٩٩٤/٢/٢٦ بە ناچاری وەڵامی هەندیٚ بۆچوونی برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رۆژنامەی کوردستانی نویٚ بڵاوکرایەوە کە بەداخەوە سەرەڕای هەندیٚ راستی لە وەڵامدانەوەدا، بەڵام ئەو راستییەشی دەردەخست کە دووکەڵ بیٚ ئاگر نابێت، ئاشکراشە کە ئەم ئاگرە تاکو رۆژانی (ئایاری ٢٠١٥) ئەمڕۆش هەر بە تەواوی نەکوژاوەتەوە، ناوە ناوە ئەوجا ئەگەر بە تۆمەتبارکردنی بە (نەزاکەتانە)ش بێت یاخود بە دژە هەڵوێستی لەسەرخۆ بیٚ ناو هێنانی یەکتری بێت یاخود لە دەزگاکانی راگەیاندنی سێبەری هەردوو لا بابەتێك دێتە ئاراوە کە لایەنەکەی دیکە (ئیستفزاز) دەکات و ناچار دەمە راستەکانی تێوە دەگلێن ئەوجا وەکو کورد دەڵێت (چ باران بێت یاخۆ با ئاکامەکەی بەفر دەتوێتەوە) ئێمەش کوردیش بەداخەوە ئەوجا راستەوخۆ یاخود نا راستەوخۆ بە هەر ناوێکەوە بێت لە ئاکامدا هیوا و ئامانجی ئەم گەلە ستەمدیدە پێشێل دەکرێت، زۆر جار بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە کە دەتوانم بڵێم بەنسبەت کورد بۆتە دیاردە، بۆچی دەبێت

به هەمیشەیی عەقڵ میوانی هەندێ لە سیاسەتمەدارانی ئەم وڵاتە نەبێت؟! بۆ دەبێ بەرژەوەندیی تاك ببێتە هۆكاری لەتبوون و دووركەوتنەوەی سەركردەكانی حزبێك كە ساڵەهای ساڵ لەژێر یەك ناو و یەك درووشم یەك سیاسەت و یەك ئامانج و یەك ڕێڕەو كۆبوونەتەوە موویان بە نێوانەوە نەچووە، بەڵام كاتێ (بەرژەوەندی)یەكان لێك دەترازێن ئەو هاوبەندی و برایەتی و هەڤاڵەتییە دەگۆڕدرێ بۆ حاڵەتی دوژمنی باوەكوشتە، هەندێك بە دەردە كورد ناوی دەنێن، باشە بۆ دەبێت ئەم دیاردەیە بۆ كورد هەتا سەر بێت؟، ئای بۆ ئەو ڕۆژەی تاكی كورد بگەیشتباینە ئاكامێك بەرژەوەندیی باڵای گەلی كوردستان كە سەدان ساڵە لە قوربانیدان درێغی نەكردووە لەپێش هەموو بەرژەوەندییەكانی تاك و پلانە دەرەكییەكانەوە دایبنێن گەرچی زەحمەتە دەستی دەرەكی و بەرژەوەندیی حزبایەتی سەقەت وازمان لێ بهێنێت.

لەو سەروبەندە لەپاش هاتنم بۆ هەولێر و ئەركی سەرنووسەری برایەتیم پێ ڕاسپێردرا چونكە بەهۆی مانەوەی پەروین و ڕێكان و لانە لەكۆیە كە ئێشتا دەوامی قوتابخانەیان مابوو ناچار بووم لەدیوی ئەولای بارەگای ڕۆژنامە ژوورێك بۆخۆم داببن بكەم كە پاشتر بووە جێگای نیشتەجێ بوونمان كە ئەویش خانووێكی سەربەخۆ بوو و لەلایەن منەوە نۆژەن كرایەوە، ئەوكاتە زۆربەی كاتم بە شەو و ڕۆژ هەر لە ڕۆژنامە بوو ناوە ناوەش لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو و عبدالموجود سەردانی (یانەی ئەندازیاران)مان دەكرد.

ڕۆژی (١)ی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ خوالێخۆشبووان (جەوهەر نامق سالم كە سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان و جەلال خۆشناو بە پیاسەیەكی سێ قۆڵی بە ئۆتۆمبێلەكەی كاك جەوهەر بەرەو كەسنەزان–دەربەند و تاكو بناری سەفین بەدەم قسەی خۆش و یادگاریی ڕۆژانی ڕابردوو كاتمان بەسەربرد و پاش نیوەڕۆی ئەم ڕۆژەمان بە قسەی خۆش گوزەراند، ئێمە ئاگامان لە هیچ نەبوو كاتێ كە گەڕاینەوە هەولێر و لەسەر داوای كاك جەوهەر بۆ پشوودانێكی كورت و چا خواردنەوەیەك چووینە ماڵی كاك جەوهەر كاتێ ئێمە لە ماڵیان

چووینە ژوورەوە پاسەوانەکان بە پەشۆکاوییەوە پێشوازییان لێکردین چونکە پاسەوانەکانی کاک جەوهەر نەیاندەزانی لەکوێیە، کاتێ ئێمە بە پیاسە بەرەو کەسنەزان و دەربەند چووین کاک جەوهەر هیچ جۆرە ئامێرێکی پەیوەندیی پێ نەبوو بۆیە نەدەزاندرا ئەو لەکوێیە، کاتێ لێیانی پرسی خێرە چی بووە بۆ وا پەشۆکاون، لە وەڵامدا گوتیان (شەڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی لە قەڵادزێ روویداوە و کوژرا و برینداریش هەیە).

کاک جەوهەر بە گەیشتنمان دەستیکرد بە پەیوەندیکردن بۆئەوەی دەربارەی رووداوەکە زیانیاریی دەستبکەوێت، پاش نیو کاتژمێرێك روون بۆوە کەوا (شەڕی برایان) جارێکی دیکە و لە قۆناغێکی زۆر هەستیار دەستی پێکردووە، لە سەرەتادا بە شەهید بوونی دوو جوامێری کورد و دڵسۆزی کوردستان دەستی پێکرد کە یەکەمیان شەعید (شەهید عەلی حسۆ میرخان)ی رۆشنبیر کە لە باوك و باپیر و خانەوادەوە پێشمەرگایەتییان بۆ ماوەتەوە لە سەرەتای لێك تێنەگەیشتنەوە بووە بە قوربانی، و دووەمیشیان شەهید (عەلی نەبی) سەرکردەیەك لە پاڵەوانەکانی راپەڕینی دەروازەی راپەڕین بوو کە لە داستانێکی کەم وێنەدا ئاگری لە خەرمانی سوپای عیراق دا لە شاری رانیە کە ئەویش قوربانیی ئەم شەڕە نەگریسەی (برایان) بوو کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆش سەرەڕای رێککەوتنی ستراتیجی و دەیان رێککەوتننامەی دیکە و سەدان کۆبوونەوەی هاوبەش کە تێیدا پەرلەمان و حکومەتی هاوبەش تێدا درووستکرا، بەڵام ژیلەمۆی ئەو ئاگرە سەرەڕای دامرکانەوەی تاکو رۆژانی ئەمڕۆش بنبڕ نەبووە و ناوە ناوەش بەشێوازی شەڕی سارد لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندنی هەردوو لا سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام سەرەڕای سەرهەڵدانی جەولەیەکی دیکەی (شەڕی برایان) ئێمە لە برایەتی بە هیچ شێوەیەك لەم رووداوە بە نووسین نزیك نەبووینەوە، بەڵام لە ژمارە (١٩٣٧)ی رۆژی ١٩٩٤/٥/٥ بەڕێز مسعود بارزانی و سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی و راگەیاندنی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی و بڕیارنامەی لیژنەی هاوبەشی ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگای هەولێر

سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بانگەوازی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بڵاوکرایەوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو و تا ڕادەیەکی باش دانیان بە خۆداگرت و ئاگرەکەیان خۆش نەدەکرد کە ئەم ڕاستیەش هاندەری نووسینی بیروبۆچوونی خۆم بوو دەربارەی ڕارودۆخەکە و بەتایبەتیش ڕۆڵی ئەرێنیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە ئەوکاتە لە پەنجەی دەست تێپەڕیان نەدەکرد، نووسینەکەشم سەرەڕای ئەوەی بۆچوونی خۆم بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەربڕی سیاسەتی هێمنانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو چونکە بەندە لەم سەروبەندەدا دوو جار سەرۆك بارزانیم دیت کە جارێکیان لەگەڵ خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن بوو و جاری دووەمیش لەمیانی کۆبوونەوەی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن بوو کە تێیدا هەردووجار نیگەرانیی سەرۆك بارزانیم بە ئاشکرا بەدیکرد دەربارەی ئەو تەنگژە و ئاشوبییەی کە لە ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١ لە قەڵادزێ ڕوویدا زۆر بە ڕوونی بۆ ئێمەی شیکردەوە کەوا هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بەتایبەتیش لەم قۆناغە چ زەرەر و زیانێك بە ناووبانگی کورد و کێشەکەی دەگەیەنێ و لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی مام جەلال لە هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بە بەرز نرخاند بەتایبەتیش بانگەوازەکەی ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١٠ کە زۆر بەتوندی ئیدانەی شەڕی براکوژییەکەی کرد کە ئەمانە هەموویان هەوێنی (پەیامی برایەتی) بوو لە ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١٤ کە تێیدا دەڵێن (تاکە ڕێگاش لەبەردەمماندا هەبێت و هەڵیبژێرین هەر پاراستن و پەرەپێدانی ئەزموونەکەمانە) ئەم هەڵوێستە بە بەردەوامی لە برایەتی پەیڕەو دەکرا، سەرەڕای ئەمانەش وا پێدەچوو ئیرادەی شەڕ بەهێزتر بێت چونکە سەرەڕای ڕۆڵی هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاك مسعود و بەیاننامەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی دەربارەی شەڕ ڕاگرتن و ئیدانەکردنی، بەڵام دیسان لێرە و لەوێ شتێك هەر درووست دەبوو وەکو بڵێی هێزێکی گەورەی دەرەوەی ئەم دوو حزبە لە هەوڵ و کۆششی بەردەوام دا بێت بە مەبەستی درووستنەبوونی یەك بڕیاری سیاسی کوردستانی کە لە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستاندا

بێت، خودا وەکیله لەم قۆناغەدا کە شەڕەکە روویدا و بڕایەوە، بەڵام هەڵبژاردنی مانشێت و بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکانی هەردوو سەرۆك و هەردوو لا بە هەموو شێوەیەك بە ئاراستەی کپکردنی دەنگی تفەنگەکان بوون بە هیچ شێوەیەك نەماندەویست کەلێنی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان فراوان ببێت و لێك دوور بکەونەوە، بەڵام وەکو عەرەب دەڵێ (الرياح لا تجري بما تشتهي السفن)، ئەگەرچی هەندێك لێرە و لەوێ بەوپەڕی داخەوە بە ئاراستەی (شەلم کوێرم نایپارێزم) باسی لە قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ دەکات و ئێمەشی تێوەگلاندەوە، بەڵام ئەم برادەرە راستییەکی حاشاهەڵگری لێ دیار نییە کاتێ باسی لە قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ دەکات، بەندە نایشارێتەوە کە لەنێوان راگەیاندکارانی هەردوو لا هەبوون کە حەزیان لە شەڕە جنێو و گەورەکردنی رووداوەکان دەکرد و ئاگری شەڕەکەیان بە هەموو شێوەیەك خۆش دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەو راستییە بزاندرێت کە هۆکاری شەڕەکە چی بوو؟ بۆچی دامەزرا؟ چۆن پەرەری سەند سەرەڕای نەبوونی ئیرادەی شەڕ لە کوردستان، بەڵام کاتێ کە شەڕەکە روویدا لە ئاکامدا لایەنگران و هەواداران و ئەندامان و سەرکردەکانی هەردوو لای تێوە دەگلێن بە حوکمی پابەندبوونیان بەملا و ئەولا ئەوجا کاتێك نووسەرێك یاخود رۆژنامەنووسێك بابەتێك لە روانگەی سیاسەتی لایەنەکەی خۆی دەنووسێ وەکو داکۆکی کردن لە سیاسەتی حزبەکەی ناکرێ ناوی بە قەڵەمی شەڕخواز دابنرێ چونکە شەڕەکە و هەڵگیرسەرانی لێ بەرپرسیارن ئەوەی دی کە روودەدا ئاکامە نەك هۆکار. بەهەرحاڵ لە قۆناغێکی دیکەی ناخۆش و ناهەموار لە ژیانمدا هاتنە ئاراوە نە ئارەزووی بووم نە بیریشم لێکردبۆوە، بەڵام لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تێیدا ژیاوم لە نزیکەوە دەمدیت کە خەریك بوو برایان نەك برایان گۆشتی یەك بخۆن بەڵکو بە هەموو تواناوە دەیانەویست (ئێسقانی یەکتریش ورد و خاش بکەن)، بەهەرحاڵ بارودۆخی کوردستان لە هەڵکشان و داکشان دابوو لە رووی سیاسی و شەڕی برایاندا بەتایبەتیش لە ئایاری ساڵی ١٩٩٥دا کە لەپێشەوە باسم لێوەکردووە، بەڵام

مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵەش وەکو مانگی پێشوو دەگوزەرا، شەو و رۆژ ئیسراحەتمان نەبوو بەهۆی سەرقاڵیمان بە رەنگدانەوەی ئەم شەڕە نەگریسەوە و کۆنترۆڵ کردنی رۆژنامەی برایەتی کە تاکو شەوانی درەنگ لە رۆژنامە دەمامەوە تاکو وشەیەکی زیاد و کەم بەسەرمدا تێنەپەڕی لە لایەکی دیکەشەوە لە خەمی ماڵی خۆمان و ماڵی دایکم بووم کە لە کۆیە مابوونەوە، ماڵی خۆم بریتی بوو لە پەروینی هاوسەرم لەگەڵ ریکانی تەمەن (١٨) ساڵەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەشی (زانستی) و لانەی تەمەن (١١) ساڵی پۆلی (٥)ی سەرەتایی و ماڵی دایکیشم بریتی بوون لە دایکم و پورم و جوانی خوشکم کە مامۆستای سەرەتایی بوو لە کۆیە، چونکە ئاشکرابوو خانەوادەی (عەونی) بەوە ناسرابوون کە لایەنگر و هەواداری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون بەنسبەت خۆمەوە سەرنووسەری برایەتی بووم کە ئاشکرایە سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی پارتێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان چ حیسابێکی بۆ دەکرێ لە رووی کەسایەتیی سیاسی و رۆژنامەییەوە، (ساسان)ی برا بچوکیشم سکرتێری یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو، دلێری براشم ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی بوو، ئەمە و چەند مانگێك بوو خوالێخۆشبوو (جەوهەر نامق سالم) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ببوو بە زاوامان کە تا رادەیەکی زۆر سەرەڕای دۆستایەتیم لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەرەڕای رێز و حورمەتی زۆرم بۆ جەنابی مام جەلال کە جۆری ناسین و پەیوندیم لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسکردووە بارودۆخی خێزانیمان لە کۆیە ناجێگیر و بەترس بوو چونکە (عەونی) باوك کۆچی دوایی کردبوو کە چەتری خێزانەکەمان بوو لە کۆیە لە هەموو لایەنەکانەوە بەرێزەوە تەماشا دەکرا چونکە لە ساڵانی ناوەندی پەنجاکانی سەدەی رابردوو لە ژیانی پارتایەتی دوورکەوتبۆوە بەهۆی لێك ناحاڵی بوونێك لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەوکاتەدا، بەڵام تاکو دوا ساتی ژیانی بۆ کورد و کوردستان و کوردایەتی دەژیا و رێزی تایبەتیشی لای زۆربەی سەرکردەکانی

لایەنە سیاسی کوردستانەوە هەبوو، بۆیە پاش خوێندنەوەی بارودۆخەکە زۆر پەرۆشی دواڕۆژی ڕێکان بووم، کە دوا پۆلی ئامادەیی دەخوێند قوتابییەکی ئێگجار زیرەکیش بوو لە سەرەتای خوێندنییەوە هەر بە یەکەمی پۆل پۆلی دەبڕی بۆیە بە ناچاری پێش تاقیکردنەوەکان (پورە عاسمە)م قەبری غەریقی ڕەحمەت بێت هێنایە هەولێر لە ڕێگای برای ئازیز و بەڕێزم کاك (جەمال عەبدول) کە ئەوکاتە وەزیری پەروەردە بوو سەرەڕای سەرۆکایەتی کردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە تێیدا بەندەش ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی هەمان ڕێکخراو بووم، کارئاسانی بۆ گواستنەوەی ڕێکان کرد و لە هەولێر ئیمتحانی دا، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئاشکرابوونی پرسیارەکان ئەزموونی ئەم ساڵە هەڵوەشایەوە بۆ مانگی (٨)ی هەمان ساڵ، وەکو گوتم ئیرادەی شەڕ لە سەرووی هەردوو سەرکردەی پارتی و یەکێتی بوو بۆیە ناوە ناوە لێرە و لەوێ شەڕ و ئاشوبەیەك بەرپا دەبوو، لێرەدا بەهیچ شێوەیەك ناچمە ناو بلاوکردنەوەی.

بیلۆگرافیای رۆژانی شەڕی ناوخۆ چونکە (برین کولانەوەی شەڕی ناوخۆ) دیسان بە کارێکی باش نازانم و بڕوام پێ نییە بەتایبەتیش هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی (شەڕی برایان) کە تامی شەڕ دەدات و لە هەمان کاتیشدا ئێستاکە بەهۆی دووری چەند ساڵەم لە ژیانی پارتایەتی و دوور لە ئایدۆلۆجیای تاك لایەنی بە جۆرێکی دیکە تەماشای دەکەم و ڕووداوەکان و لاپەڕەکانی مێژوو بەتایبەتی مێژووی لاپەڕەکانی شەڕی برایان دەخوێنمەوە، منیش سەدا سەد دێمە ئەو قەناعەتەی کە وەکو مامۆستای خوالێخۆشبوو مسعود محمد باسی لێوە دەکردووە و دەیگوت بەداخەوە کورد لە سەد و پەنجا ساڵی رابردوەوە دا (بسم الله) لە سفرەی بەتاڵ دەکات.

پاش تەواوبوونی ئەزموونەکانی قوتابییان وەکو لەگەڵ پەرویني هاوسەرم ڕێککەوتبووین کە لە مانگی ١٠ی ١٩٩٣وە خۆم کە هاتبوومە هەولێر بە یەکجارەکی ماڵەوەم هێنایە هەولێر چونکە پێشووتر نەمدەویست ئاڵوگۆڕ لە جێگای خوێندنی (ڕێکان و لانە بکەم) بۆیە پاش تەواوبوونی ساڵی خوێندنی

١٩٩٣-١٩٩٤ بە یەکجاری ماڵم هێنایە هەولێر لەو خانووەی کە لە پشتی باڵەخانەی برایەتی و خەبات بوو کە فەرمانبەرێکی سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تێیدا بوو پاش رەزامەندیی زانکۆ و رازی کردنی ئەو فەرمانبەرە کە (زگورتی) بوو خانووەکەم بە یارمەتیی کاك نێچیرڤان بارزانی نۆژەن کردەوە و هاتینە ناوی، بەنسبەت منەوە شوێنەکە زۆر باش بوو چونکە شەوانە تاکو درەنگانێك لە رۆژنامە دەمامەوە پاشان هەر بە پێ بە بێ پاسەوان دەگەڕامەوە ماڵەوە لە قۆناغی دەستپێکردنەوەی شەڕی برایان هەر لەم ساڵەدا باڵەخانەی رۆژنامەم لەگەڵ ئەو خانووەی کە تێیدا دەژیاین بە رێڕەوێکی دوو مەتری لەسەربانەوە لە ئاسن درووستکراو پێکەوەم گرێدان بۆئەوەی هاتوچۆی شەوانەم لەم رێگایەوە بێت کە کارئاسانیی بۆ دەکردم.

لە مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵە ١٩٩٤ چەند رووداوێك و کێشەی جۆراوجۆر هاتە ئاراوە کە بووە هۆکاری بەردەوام بوونی دڵەڕاوکێ لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە کە وەکو لەپێشەوە باسم لێوە کردووە هەر رۆژە و کێشەیەك درووست دەبوو، شەڕێك دەقەوما ئەوجا بە رادەیەکی گەورەتر گەورە دەکرا کە لە ئاکامدا زەردەخەنەی لەسەر لێوان وشك دەکرد، هەموو ئێوارانی ئەم رۆژانە یانی لە سەرەتای ساڵەوە خۆم و دەستەی نووسەران و هەندێ لە لێپرسراوانی لاپەڕەکان لە ژوورەکەی من کۆدەبووینەوە، بابەتەکانمان تاوتوێ دەکرد ئەوجا بە دیقەتەوە تەماشای کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی پارتی و یەکێتیمان دەکرد، ناوە ناوەش لە رێگای (بێ تەل)ی تایبەتی رۆژنامەکە (شیفرە)کەی لای خۆم بوو برووسکە و هەوڵەکانی مەکتەبی سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی کە ئاراستەی لق و ناوچەکان دەکرا و وێنەیەکیش دەدرایە برایەتی، سەرەڕای پەیوەندی چەندجاری رۆژانەی خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن بە مەبەستی هۆشداری دان بە بابەتە گەرمەکان، پاشانیش تاکو درەنگانێکی شەو برایان ئەسعەد عەدۆ و خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی لەگەڵم دەمانەوە و بە قسە و ئاڵوگۆڕی را و بۆچوونەکان کاتمان بەڕێ دەکرد، بەڵام سەرەڕای قسە خۆشەکانی کاك زاهیر و (تعلیق)ـەکانی کاك ئەسعەد عەدۆ

و نیگەرانی بەرۆکی بەرنەدەداین بەتایبەتی دەمزانی (شەڕی برایان) دەبێتە (فەرز نەك سونەت).

دەمەوعەسری رۆژی ١٣/٦/١٩٩٤ ستاڤ نووسینگەی برایەتی لە سلێمانی کە بریتی بوون لە رۆژنامەنووسان (ساسان دەروێش، وشیار جاف، هاوژین حەمە رەشید) بە هەڵەوداوان هاتنە ژوورەکەی من، ماندوو و پەشۆکاو بوون هەر ئەو ساتە لە سلێمانییەوە هاتبوون و کاك زاهیر ئەحمەد سەوز و خوالێخۆشبوو ئەحمەد سەلام لە نووسینگەی سلێمانیی برایەتی و خەبات کارئاسانییان بۆ کردبوون کە چەند زووترە بگەنە هەولێر، بە دوور و درێژی باسی رووداوە خوێناوییەکەی (شار)یان بۆ کردین کە چۆن هەر ئەو رۆژە لە رێوڕەسمی ناشتنی شەهید (عوسمانی قادر منەوەر) کە بەهەزاران کەس ئامادەی بەڕێوەبردنی ناشتن بوون کە لە ئاکامدا رێوڕەسمەکە بۆتە رێپێوانێکی زێدە گەورە و لایەنی بەرامبەریش کە هێزە ئەمنییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان تەقەیان لێکردوون، لە ئاکامدا شەهید و برینداری لێکەوتۆتەوە و راپۆرتێکی تێروتەسەلی نووسینگەی برایەتییان لە سلێمانی هێنابوو لەگەڵ (فلمێك)ی رەنگاوڕەنگ رووداوەکە کە چەندین وێنەی رێوڕەسم و شەهید و بریندارەکانی لەخۆ گرتبوو، بۆیە هەر زوو مەکتەبی سیاسیم لە رێگای تەلەفۆنەوە ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەوان پێش ئێمە لە رێگای لقی چواری (پ.د.ك)ەوە ئاگادار کرابوون، پاش نەختێك لە مەکتەبی سەرۆکەوە تەلەفۆنێکم بۆ کرا کەوا هەر زوو وێنەکانیان بۆ بنێرم، ئەو ئێوارەیە داوام لە برایانی دەستەی نووسەران و لێپرسراوی لاپەڕەکان کرد کە لە بارەگای رۆژنامە بمێننەوە چونکە رووداوەکەی سلێمانی پێویستیی بە مانەوە دەکرد، کاتژمێر (٩)ی شەو وێنەکانمان بۆ گەڕێندرایەوە و پێم راگەیەندرا کە بە گرنگییەوە رووداوەکە لەگەڵ وێنەکان رووماڵ بکەم، ئەوەبوو لەژێر ناوی (جارێکی دیکە سلێمانی خەڵتانی خوێن دەکرێت، لە رێوڕەسمی ناشتنی عوسمان قادر منەوەری شەهید دەیان شەهید و بریندار بوونە قۆچی قوربانی) کە ٨٠٪ی لاپەڕە (١)ی داگیر کردبوو لەگەڵ چەند وێنەی رووداوەکە سەرەڕای تەرخان

کردنی لاپەڕە (٣) بۆ (خاڵە عەفان) و لاپەڕە (٨)یشدا بابەتێك لەژێر ناوی (عوسمان منەوەری دوو جار شەهید..) بڵاوکرایەوە، لێرەدا ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەر ئەم ڕۆژە (کۆبوونەوەیەکی گرنگ هەردوو سەرکردە مسعود بارزانی و مام جەلال) لە سلۆپی-تورکیا گرێدرابوو کە نزیکەی (٤) سەعاتی خایاندبوو کە تێیدا هەردوو لا خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بە ئاگربەست و لێك دوورخستنەوەی هێزەکان و سەرەڕای تەئکید کردنەوەیان لەسەر ئەوە کە پێویستە هەموو لایەك هەوڵ بدەن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان، ڕووداوەکان خێرا گوزەریان دەکرد، داگیرکردنی باڵەخانەی پەرلەمان لە لایەن چەکداری (ی.ن.ك) ئەویش کاردانەوەیەکی نەرێنیی درووستکردبوو چونکە دەزگایەکی شەرعی وەکو پەرلەمانی کوردستان کە داگیر بکرێت ئەوجا بە هەر بڕوبیانوویەك بێت بارودۆخەکە بە شوێوەیەك بەرەو خراپتر دەچێت کە کۆنترۆڵ کردنی زەحمەتتر دەبێت، لەو سەروبەندەدا لەسەر داوای کاك جەوهەر نامق سەرۆکی پەرلەمان هۆڵێکی ڕۆژنامەی برایەتیمان ئامادە کرد بۆ کۆبوونەوەی فراکسیۆنی زەرد کە تێیدا ڕۆژانە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر دەوامی تێدا دەکرد. بە تێکەڵاوی لەگەڵ ڕووداوەکان مەسەلەی داهاتی (ئیبراهیم خەلیل) هاتە ئاراوە کە ئەویش بارودۆخەکەی زیاتر (لێڵ) کرد و پەیوەندییە دوو قۆڵییەکەی نێوان پارتی و یەکێتی بەرەو جۆرە لێك ترازانێك برد، بەڵام لە دوا ڕۆژی مانگی حوزەیرانی هەردەم شومدا جۆرە لێك حاڵیبوونێك هاتە ئاراوە کە ئەویش خۆی لە چۆڵ کردنی باڵەخانەی پەرلەمان لە لایەن ئەو هێزەی (ی.ن.ك) کە پێشووتر چوبوونەتە ناوی و ئەوجا گرێدانی دانیشتنی پەرلەمان بە ئامادەبوونی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی و حسن النقیب کە دوو وتاری ئاشتی ئامێزیان پێشکەش کرد کە بووە مایەی جۆرە دڵنەواییەك بۆ خەڵکی کوردستان کە چەند مانگێك دەستیان لەسەر دڵیان بوو، لە ڕووی خێزانییەوە بە هاتنی پەروین و ڕێکان و لانە و ڕێکخستنی هەواری تازەمان لە تەنیشت باڵەخانەی دەزگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات جۆرە سەقامگیرییەکی پێ بەخشیم کە تا ڕادەیەکی باش

کاریگەریی لەسەر ئەدای ئیشوکارەکانم هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بیرم لە ماڵی دایکم دەکردەوە کە تەنها سێ ئافرەت مابوونەوە، بەڵام دڵم بەوە خۆشبوو کە دلێری برام لە کۆیە مابۆوە و سەرپەرشتیی دەکردن گەرچی ماڵی جیاواز بوو، لەو سەروبەندەدا دەنگۆی ئاشکرابوونی پرسیارەکانی پۆلی شەشی ئامادەیی بە هەردوو بەشییەوە (زانستی و وێژەیی) کە تێیدا رێکانی کوڕمی زەرەرمەند کرد لەگەڵ تێکڕای قوتابییە زیرەکەکانی کوردستان کە لە کۆتاییدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونەکان کۆتایی هات و دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکان بۆ مانگی (٩)ی ئەو ساڵە دواخرا، بارودۆخی سیاسی لە مانگی تەموزی ئەم ساڵەدا چەندین کۆبوونەوەی گرنگی بەدووای خۆیدا هێنا کە تا رادەیەکی باش کەشوهەوای سیاسی بەرەو ئارامی دەچوو سەرەڕای هەندێ قسە و قسەڵۆکی ناو خەڵکی کە گوایە هەردوو لا بۆ شەڕی قورستر خۆیان ئامادە دەکەن، ئێمە لە برایەتی هەمیشە نووسین و مانشێتەکانمان بەو ئاقارەدا دەبرد کە کوردستان بەرەو ئارامی دەڕوات، رۆژی ١٩٩٤/٧/٨ کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی و رۆژی ١٩٩٤/٧/١١ کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بە ئامادەبوونی هەردوو سەرکردە بارزانی و تاڵەبانی و هەروەها کۆبوونەوەی دوو قۆڵیی نێوان تاڵەبانی و بارزانی رۆژی ٧/١٥ کە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند، هەر لەو رۆژگارانەدا بابەتێکم بۆ برایانی دەستەی نووسەران پێشنیار کرد کەوا ورژاندنی خزمەتی بارودۆخی کوردستان دەکات بەتایبەتیش پاش ئەو شەڕ و ئاشوبییەی کە لە مانگی ئایارەوە بەرۆک کوردستانی گرتبوو بابەتەکەش بریتی بوو لە (تەوەری: مەنتیقی چەك یا مەنتیقی دیالۆگ؟!) کە بە پێویستم زانی لەسەر لاپەڕەکانی برایەتی بیوروژێنین چونکە تاکو ئەو کاتەش بەداخەوە ئەم بابەتە لە دەزگاکانی راگەیاندن نەوروژابوو، ئەوەبوو چەند یاساناس و چەند سیاسەتمەدارێکمان دەستنیشان کرد بە مەبەستی را وەرگرتنیان دەربارەی ئەم بابەتە گرنگە کە کوردستان پێویستی پێیەتی لە پێشەوەیان بەڕێزان خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم و کاك کۆسرەت رەسوڵ عەلی دەستنیشان کران، ئەوەی لەیادم ماوە

دیمانەکەی کاك جەوهەر رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم ئەندامی دەستەی نووسەران پێی هەڵسا کە دەقی پرسیار و وەڵامەکانی لە ژمارە ١٩٩٧ی رۆژی ١٩٩٤/٧/٢١ بڵاوکرایەوە، دیداری برای بەڕێز کاك کۆسرەت رەسوڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆم بەم کارە هەڵسام و سەردانی بەڕێزیانم کرد لە باڵەخانەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران کە تێیدا کاك کۆسرەت پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و زۆر بە دڵ فراوانییەوە بابەتەکەی هەڵسەنگاند و پرسیار و وەڵامەکانیش لە ژمارە (٢٠٠١)ی رۆژی ١٩٩٤/٧/٢٥ بڵاوکرایەوە.

را وەرگرتنی ئەم دوو سیاسەتمەدارە کە یەکێکیان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو ئەوی دیکەیان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە هەریەکەشیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبی بەشەڕهاتوو بوون، بێگومان کاریگەرێتیی باشی هەبوو چونکە وەکو دەڵێن سەردەمی خەباتی شاخ چەك و چەکدار حاکمە، بەڵام لە سەردەمی گرتنە دەسەڵاتدا دەبێت ئەم دیاردەیە بگۆڕدرێت بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ کە بەداخەوە ئێمەی کورد تاکو ئێستا لەم (مەنتیقە) دوورین، بەڵام دیسان سەرەتایەکی باش بوو هەروەك دەڵێن (کاروانی هەزار میل بە هەنگاوێك دەستپێدەکات) گەرچی تاکو ئێستاکە ئێمە هەر لە سنووری هەنگاوی یەکەم دەخولێینەوە.

بارودۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی ئەو چەند مانگەی پێش جەولەی دووەمی شەڕ تا رادەیەك هیوای سەقامگیریی ئاشتی لە کوردستان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدا، لەو سەروبەندەدا هاتووچۆی هەردوو لایەنی شەڕ کە گەرم بوو پەیوەندیی نێوان قەڵاچۆلان و سەری رەش بەرەو ئاسایی بوون دەچوو، لەو ماوەیەدا دوو جار لەگەڵ شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی سلێمانیمان کرد، جاری یەکەم یەکسەر بۆ قەڵاچۆلان بۆ بارەگای تایبەتیی مام جەلال کە زۆر بە گورموگوڕی پێشوازیی لە شاندەکە کرد و لە هەمووشیان زیاتر موجامەلەی بەندەی کرد و ئیشارەتی بە شیعرە نیشتمانییەکانی (عەونی)ی باوکم دا کە چۆن لە سەردەمی چلەکانی سەدەی

رابردوو دەنگێکی رەسەنی نیشتمانپەروەران بوو لەگەڵ هەندێ لە شاعیرانی دیکەی وەکو دڵدار و دڵزار، لەم دیدارەی نێوان هەردوو لا مام جەلالم زۆر بە روو خۆشییەوە دەدیت و مامەڵەی لەگەڵ شاندەکەی پارتی دەکرد و تەنانەت یەك بە یەك ژووری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پیشانی ئێمە دەدا لەگەل چوونەژوورەوەی هەریەك لەو ژوورانە تەعلیقێکی نوکتە ئامێزی دەگوت، بە راستی ئەم خەسڵەتە میللی و دەم بە پێکەنینەی مام جەلال زۆر سەنجڕاکێش بوو و هەمیشە حازر بەدەستی نوکتە و گێڕانەوەی سەربوردەی لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە حزوریان دەبوو، لەم دانیشتنەدا لە نێوانی پشوو و نانخواردندا باسی لە خەڵکی کۆیە کرد کە چەندین پیاوی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و مەقام بێژ و مەولودخوێن و شاعیرانی نیشتمانپەروەر و ململانێنی نێوان شیوعییەکان و پارتییەکانی ئەو سەردەمە لەسەر ئەوەی ئایا کورد ئومەتە یان نا کە تێیدا لایەنگرانی حزبی شیوعیی عیراقی ئەو سەردەمە نکوڵیان لە (ئومەت)بوونی کورد دەکرد، بۆ نموونە شەڕێکی نێوان ئەندامێکی پارتی کە ئەوکاتە (عومەر حەبیب) کە مامی بەندەیە لەگەڵ کاك جەلال بیتوشی کە ئەو ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بوو لەسەر ئەوەی (عومەر حەبیب) بە جەلال بیتوشی دەڵێ (عەیبە بۆ حزبی شیوعی کە ئینکاریی ئەوە دەکات کە کورد (ئومەت) نییە)، جەلال بیتوشی (کە ئەویش ئامۆزای دایکمە) دەڵێ (کاك عومەر خۆ تۆ لە هاوڕێ ستالین ئاقڵتر نیت!!)، عومەر حەبیبیش دەڵێ (خۆ ستالین خودا نییە هەتا قسەکانی رەت نەکرێتەوە) لە ئاکامدا قسەیەك لەو و قسەیەك لەم شەڕ لە نێوانیاندا روودەدات. لە درێژەی قسەکانی مام جەلال گوتی (ئێمەی پارتیش ستالینمان زۆر خۆشدەویست) و بە رێبەری هەموو گەلانی دونیامان دەزانی، جاری دووەمیش هەر لەگەڵ شاندێکی مەکتەبی سیاسی چوومە سلێمانی کە دیسان نیوەڕۆیەکەی مام جەلال لە (چێشتخانەی شکار) داوەتێکی تایبەتی کردین وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە خسڵەتێکی دیکەی مام جەلال گرنگی دانە بە میوانانی و زێدە لە لازم موجامەلەیان دەکات، لەبیرمە کاتێ لە چێشتخانەی شکار خەریکی نانخواردن بووین مام جەلال لەنێو

هەمووواندا (شیشێك گۆشتی قەلی برژاوی بۆ من هێنا كە ئەو لەوسەری مێزەكە دانیشتبوو منیش لەوسەر كاتیٚ كە هەڵسا لەپشت میوانەكانەوە بۆلای من هات گوتی فەرموو دەزانم تۆش حەز لە گۆشتی قەل دەكەی)، منیش یەكسەر لەبەری هەڵسام چەند جارێك دووبارەی سوپاس گوزاریم بۆ بەڕێزیان كرد، لەو كاتەدا یەكێك لە ئەندامانی شاندی پارتی بە تەعلیقەوە گوتی (مام جەلال دیارە تۆش كۆییاتی و خۆیاتی دەكەی، باشە بۆ ئێمە حەزمان لە قەلی برژاو نییە؟!)، مام جەلالیش لە وەڵامدا گوتی (كاكی خۆم تەماشا دەكەم فەرهاد لەنێوان ئەو هەموو ئەندام مەكتەبە سیاسیانەی پارتی و یەكێتی دانیشتووە نان بە شەرمەوە دەخوات، دەشزانم وەكو رۆژنامەنووسێك ئەم دیمەنەی لە یادگاری دەمێنێتەوە بۆ منی خاوەن داوەتیش دەبێت چاوم هەموو لایەك ببینیٚ، لێرەدا هەستم كرد فەرهاد مەغدورە بە شەرمەوە دەست درێژ دەكات، باشتر وا نییە شەرمی بشكێنم دیسان لەبیرتان نەچێت هاوشاری خۆمە).

ئەو جۆرە هاتوچۆكردنەی نێوان كارێكی ئەرێنی باش بوو خۆزیا بە بەردەوامی ئەو پەیوەندییە برایانە و دۆست ئامێزە تاكو سەر لەنێواندا هەبوایە و بەدیلی تفەنگ و تەقە و كوڕی كورد بە كوشتندان بووایە، بەڵام وەكو دەڵێن مەرج نییە ئیرادەی خێرخوازی هەمیشە حزووری لەنێو ململانێیەكاندا هەبێت چونكە وەكو دەڵێن بەرژەوەندییە تایبەتییەكان زۆر گەورەتر و لەپێشەوەترن لە بەرژەوەندیی باڵای گەلێك كە تاكو رۆژانی ئەمڕۆ ئەوجا بە هەر هۆكارێك بووبێت كە بێگومان ئەم (هۆكارە ناوخۆییە) بەشی شێری هەیە لەوەی كە كورد بە وڵاتێكی دابەشكراوی بیٚ قەوارەی دەوڵەتێكی سەربەخۆ ماوەتەوە.

لە دوا هەفتەی مانگی ١٠ی ١٩٩٤ سەرۆك مسعود بارزانی سەردانی ئێرانی كرد بە مەبەستی لێك حاڵیبوون و تێگەیشتنی هاوبەش دەربارەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی كوردستان و كۆماری ئیسلامیی ئێران بەگشتی و پەیوەندیی ئێران و پارتی دیموكراتی كوردستان بە تایبەتی پاش گەڕانەوەی بەڕێزیان بە سیٚ قۆڵی (بەندە و خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی و ئاسۆ كەریم) لەگەڵ وێنەگری برایەتی محی الدین عەزیز بە مەبەستی ئەنجامدانی دیدارێكی

رۆژنامەنووسی لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام بدەین و پاشان دەقی چاوپێکەوتنەکە لە ژمارە (٢٠٧٧)ی رۆژی ١٩٩٤/١١/١ لە لاپەڕەی (١، ٣) بڵاوکرایەوە کە تێیدا راشکاوانە لەسەر پەیوەندیی تێوان کورد و ئێران و شەڕی ناوخۆ، پەیوەندی لەگەڵ یەکەکە و تا رادەیەکی گەورە دیمانەکە و وەڵامی سەرۆك مسعود بارزانی دڵخۆشکەر بوون، لەو ماوەیەدا چەندین جار هەردوو سەرکردە کاك مسعود و مام جەلال یەکتریان دەدیت سەرەڕای کۆبوونەوە بەردەوامەکانی (لیژنەی ئاساییکردنەوە) بە مەبەستی جێ بە جێکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە بەرژەوەندیی سەقامگیریی ئاشتیدا دەدرا، بەڵام سەرەڕای ئەو پەیوەندی هاتوچووەی نێوان، بەڵام دیسان وەکو شاعیری ناسراوی گەورەی عیراقی شوکری فەزلی دەڵێ:

***سەرەتای ئیش هەمووی یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا***

***هەر برینێکی کە لە دڵ دا هەیە ســـــــاڕێژی نەکەی***

بەوپەڕی داخەوە دوژمنانی ئاشتی و پیلانگێڕانی دژ بە داخوازی و ئاواتەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ بازرگانانی شەڕ لە تەماسی دابوون بە مەبەستێ کە ئاشکرایە مەبەستەکە چی بوو، مەبەستەکە بریتی بوو کە (برایان بەشەڕ بهێنن و کورد نەبێتە خاوەن یەك بڕیاری سەربەخۆ) لەو بارودۆخەی ئەو رۆژگارەدا هەمیشە ترسم لە دڵ بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە رواڵەت وام نیشان دەدا کە گەشبینم، لە راستیدا سەرەڕای ئەو دڵەڕاوکێیە، بەڵام دیسان گەشبین بووم، بەڵام دەرکەوت گەشبینییەکەم لەجێی خۆیدا نەبووە... ئەوجارە لەو قۆناغە لە هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی دووەمەوە بابەتی داهاتی (ئیبراهیم خەلیل) هاتە گۆڕەپانی ململانێی هەردوو لا، سەرەتا رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ژمارە (٨٢٩)ی رۆژی ١٩٩٤/١١/٦ بابەتێکی لەژێ ناوی (پاش نەگەیشتنی داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل...) بڵاوکردەوە کە تێیدا کرۆکی مەسەلەکە و وروژاندنی پرسیارێکی دیکە (کە بۆچی داهاتی ئیبراهیم خەلیل ناگاتە شوێنی خۆی؟!) ئێمە لە برایەتی ئەو مافەمان بەخۆ نەدا کە

راستەوخۆ بە ناوی برایەتییەوە وەڵامی ئەم بابەتە بدەینەوە، بەڵام پاش چەند ڕۆژێك خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن لە ڕێگای تەلەفۆنەوە تەنها بە مەبەستی ڕوونکردنەوە چەند سەرە قەڵەمێکی پێدام کە ببێتە بابەتی ڕوونکردنەوەکە، لەپێشەوە ڕوونکردنەوەکەی برایەتی لە ژمارە (٢٠٨٤)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/١٢ بڵاوکرایەوە و بە (ئازین) ناوی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێمان هێنا و لە دوابڕگەی وتارەکەشدا نووسیومانە (لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە دەبێ لە نزیکترین هەلدا چارەسەری زانستی و یاسایی بۆ بکرێت چونکە بژێوی خەڵك و بەردەوامیی حکومەتی هەرێمی لەسەر دەوەستێت).

بە پێچەوانەی هەندێ بابەت و نووسین و دیمانەی تەلەفزیۆنی بۆ یەکەم جار ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی کە ناونرابوو (ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانییەتی) لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیوکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٢١ لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین ئیمزاکرا کە تێیدا چەندین (بەندی گرنگی لەسەر ڕاماڵینی کۆسپەکانی ئاساییکردنەوەی گشتی و سەرتاسەریی کوردستانی گرتبووە خۆ) کە ئەمەشیان هەنگاوێکی گرنگی ئەو ڕۆژانەبوو برایەتیش لە ژمارەی (٢٠٩٣)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٢٢ بە گرنگییەوە بابەتەکەی بڵاوکردەوە بۆ ڕۆژی ١١/٢٣ لە ژمارە (٢٠٩٤) لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕێککەوتنە هاوپەیمانێتییە پەیامی برایەتیم تەرخان کردبوو بۆ پاڵپشتی ئەو ڕووداوە و لەژێر ناوی (پتەوکردنی هاوپەیمانێتیی پارتی و یەکێتی سەرکەوتنی گەلی کوردستان و کێشە ڕەواکەیەتی).

لەنێوان ڕۆژانی ١١/٢٤ تاکو ڕۆژی ١١/٢٦ دوو ڕووداوی گرنگ بە مەبەستی بنبڕکردنی شەڕی برایان کە ئەویش خۆی لە ئامادەبوونی بەڕێزان مام جەلال و کاك مسعود بارزانی لە هۆڵی پەرلەمان بە مەبەستی پیرۆزکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان بە حزوری بەڕێزان محمد بحر العلوم د. أحمد الچلبی و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و سیاسەتمەداری کورد مامۆستا عەزیز محمد و وەزیرەکانی کابینەی دووەم، لە هەمان کاتیشدا

رۆژی ١١/٢٦ پەرلەمانی کوردستان هەردوو بەڕێزان کاك کۆسرەت و دکتۆر رۆژ نوری شاوەیسی راسپارد بە مەبەستی پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لێرەدا دوور لە باس و خواسی شەڕی برایان و ئەو تەنگژانەی کە لە ئاکامی ئەو شەڕە چەپە لێ درووست ببوو، بەڵام بە هیمەتی پیاو و نیەت چاکان ئاگری ئەو فیتنەیە بۆ ماوەیەکی کورت کوژایەوە پاش ئەو رێککەوتنە تا رادەیەك هێمنی باڵی بەسەر کوردستان راکشا.. لێرەدا دەچمە سەر باسی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تا رادەیەك کاك سامی عبدالرحمن دەیەویست کۆنترۆڵی بکات و سیاسەتی رەسمیی پارتی تێیدا بچەسپێنێ، دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی بریتی بوون لە دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ئێزگەی دەنگی کوردستان، کوردستان TV، پاشان لە میانی ئەم ساڵەدا دەزگای رۆشنبیریی (گوڵان)یش دامەزرا کە تێیدا کاك سەرۆ قادر ئەندامی دەستەی نووسەرانی برایەتی بێ ئەوەی پێشوەخت لە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن ئاگاداری هیچ بێن کرا بە لێپرسراوی دەزگای رۆشنبیریی گوڵان کە لە سەرەتادا تەنها رۆژنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی (گوڵان)ـەوە دەردەکرد کە ناوەکەی لە پیرۆزیی ناوی (شۆڕشی گوڵان)ـەوە وەرگرتبوو کە لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئاکامی رێککەوتننامەی ٦ی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ قۆناغی دووەمی شۆڕشی ئەیلول بەناوی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتووخواز ناوزەد دەکرا، بەڵام ئەوەی لای من سەیروسەمەر بوو هەر لە رۆژی یەکەمی درووستبوونی ئەم دەزگایە گرنگییەکی تایبەتی و دوور لە مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن لە لایەن کاك نێچیرڤان بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و لێپرسراوی رێکخراوە جەماوەرییەکان پێ دەدرا هەر بۆ نموونە ئەو دەزگا گەورەیەی برایەتی و خەبات کە هەردوو رۆژنامەکە چ برایەتی رۆژانەی کوردی و چ هەفتەنامەی خەبات عەرەبی ئیمکاناتی مادی نیوەی دەزگای گوڵانی نەبوو سەرەڕای ئەوەش (بودجەی برایەتی و خەبات) کە بەندە لێپرسراوی بووم دوو جار وردبینی (تدقیق) دەکرا ئەوجا زۆر جار

مامۆستا عەلی عبدالله جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوە ناوە وردە گلەیی و سەرنجی بوو (مەسروفاتی زیادە) رادەکێشاین، بەڵام هەرچی (گوڵان) بوو لە دەزگایەکی دیکەی پارتی بودجەی بە زیادەوە بۆ دابین دەکرا بۆیە ناوە ناوە کادری لای ئێمە رووی لە گوڵان دەکرد بەبێ رەزامەندیی ئێمە، لێرەدا نامەوێ وا لێکبدرێتەوە کەوا من ئیرەیی بە برا و هاوکارم کاک سەرۆ قادر دەبەم کە هەمیشە لەو رۆژەی یەکترمان ناسیوە لە برایەتی تاکو رۆژانی ئەمڕۆ رێزی تایبەتیمان بۆ یەکتری هەیە و لە زۆر بابەتیش هاوڕا بووین، بەڵام کەموکوڕییەکە دەگەڕێتەوە بۆ خودی سیاسەتی مەکتەبی سیاسیی پارتی کە سیاسەتی (بانێك و دوو هەوا)ی پیادە دەکرد، چەند جارێك دەربارەی ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ خوالێخۆشبووان سامی عبدالرحمن کە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن بوو کاك جەوهەر نامق سالم کە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی برایەتی بوو دەربارەی ئەو (ئیزدیواجەتە) باسم لێوە دەکرد هەرچی کاك سامی بوو یان بێدەنگیی هەڵدەبژارد یاخود بە زەردەخەنەیەکەوە دەیگوت (فەرهاد تۆ پارتی لە من باشتر دەناسی.. خۆت محاوەلەی جدیتر بکە)، بەڵام هەرچی کاك جەوهەر بوو دوور و نزیك تێکەڵی ئیشوکارمان نەدەبوو ئەگەر شتێکی تایبەتیش هەبووایە ئەوا لە رێگای خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی کە جێگری سەرنووسەر بوو کارەکەی مەیسەر دەبوو، جا وەرە فەرهاد قوڕی کوێ بەسەری خۆت دا بکەیت، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی بۆ هەفتەنامەی گوڵان لە رووی ئازادیی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆر رەخسابوو بۆ ئێمە نەدەشیا، زۆر جار ئەم دیاردە و ئەم فەرق و جیاوازییە تووڕەی دەکردم بەڵام بارودۆخەکە هەندە ناسك بوو لێنەدەگەڕا مەسەلەکە زیاتر بوروژێنم، تاکو رۆژێك لە کۆتایی مانگی ١١ی ١٩٩٤دا هەواڵێکی سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیمان پێگەیشت کە لە رۆژی ١٩٩٤/١١/٢٧ سەردانی کۆمەڵگای (گوڵان)ـی کردووە کە دوو سەعاتی خایاندبوو کە لەو سەردانەیدا (زۆر بە وردی لەسەر چۆنێتیی بەرەوپێشچوونی ئەم کۆمەڵگایە لەگەڵ ئامادەبووانی دیدارەکە باسی لێوەکرا)، ئێمەش لە برایەتی بەپێی گرنگی هەواڵەکە و کەسایەتیی کاك

نێچیرڤان بارزانی لە لاپەڕە (١)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٢٨ی ژمارە (٢٠٩٦)ی برایەتی بڵاوکرایەوە، لە لایەك هەواڵەکە زۆر دڵخۆشکەر بوو کەوا کەسایەتیی دووەمی پارتی سەردانی دەزگایەکی ڕاگەیاندن بکات و باسی لە پێداویستییەکانی بکرێت لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی بکەوێتە گفتوگۆ و لە لایەکی دیکەشەوە هەواڵەکە غەمباری کردم باشە لەم بارودۆخ و کاتە ناسکەدا بۆ کاك نێچیرڤان بارزانی سەردانی ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندن پارتی ناکات کە بریتی بوون لە برایەتی و خەبات، KTV، دەنگی کوردستان..

ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەدەم داڵغەوە بیرم لەو جیاوازییە دەکردەوە کاتێ برای ڕۆژنامەنووس ئەسعەد عەدۆ کە بەڕێوەبەری نووسینی برایەتی بوو لێم بەژوورکەوت دیاربوو هەواڵەکە و داڵغەلێدانەکەی منی خوێندبۆوە بۆیە یەکسەر هاتە قسە و گوتی (قوربانت بم دەست لە ئەژنۆ مەگرە.. پاپۆڕمان نقوم نەبووە، ئەها هەر ئێستا بووسکەی گلەیی ئامێز بۆ کاك نێچیرڤان بنێرە بەو قورئانەی بڕوامان پێی هەیە نەتیجەی دەبێت، لە منت نەکەوی عاجز مەبە، کوڕی کێت پێ دەڵێن).

لەسەر بۆچوونەکەی کاك ئەسعەد هەر هەمان ئێوارە کە هەواڵەکە لە کوردستان TV بڵاوکرایەوە برووسکەیەکم بۆ کاك نێچیرڤان بارزانی نارد، تێیدا گوتم برایەتی و خەباتیش مافی خۆیانە بەسەربکرێنەوە، چونکە ئەوان زیاتر پێویستیان بە پاڵپشتی کردن هەیە. کاتێ برووسکەکەم ڕەوان کرد. ئەوەبوو هەر هەمان شەو وەڵامی برووسکەکەی دامەوە کە دەڵێ (لە نزیکترین فرسەت سەردانتان دەکەم) ڕۆژی دوایی ١٩٩٤/١١/٢٨ کاتژمێر (٤:٣٠) سەردانی کردین کە تێیدا گلەیی خۆمان خستە ڕوو ئەویش بە دڵ فراوانییەوە لێی وەرگرتین و پەیمانی هاوکاریی ئێمەشی دا کەوا مەکتەبی سیاسی بۆمان دابین بکات، بەڵام دیسان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە دەزگای برایەتی و خەبات ڕووی نەدا، چ لە ڕووی مادی چ لە ڕووی پێدانی هەواڵی تازەی نەبیستراو، بۆ مێژوو دەیڵێم کەوا سەرەڕای ئەم گلەیی و کەموکوڕیانەش کاك نێچیرڤان بارزانی تاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کە ڕەخنە و قسەکانی لێ وەردەگرتین و هەندێ

جاریش یارمەتیی کەم کەمی دەکردین، بەڵام زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە تەنها کاك سامی و کاك جەوهەری لێ بچێتە دەر دەتوانم بڵێم بۆ جارێکیش سەردانیان نەکردین، بەڵام کاتێ بە بۆچوونی خۆیان کە دوور بوو لە ئەتەکێتی رۆژنامەنووسی هەواڵێك یان وێنەیەکیان لە شوێنێکی نادیار (بە بۆچوونی خۆیان) بڵاودەکرایەوە دەکەوتنە شەڕی برایەتی و شکات و شکاتکاری و هاندانی ئەم و ئەو بە مەبەستی ناشیرین کردنی برایەتی، بەڵام کارمەندان و رۆژنامەنووسانی برایەتی شاهێدی ئەوەم بۆ دەدەن کە هیچ کاتێك فشار رێڕەوی راستەقینەی منی نەگۆڕیوە و زۆر جاریش گوتومە چ لە برایەتی وەکو سەرنووسەر چ وەکو لێپرسراوی دەزگای برایەتی و خەبات چ دواتر وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەندە هەمیشە بۆچوونێکی خوالێخۆشبوو طه حسین ی گەورە زانای (میسری)م لەبیرە و بڕوام پێیەتی ئەویش کاتێ لە وەزارەتی حزبی وەفدی میسری پۆستێکی وەزارەتی میسریی وەرگرت، هەندێ لە دۆستانی گلەیی ئەوەیان لێکرد کە چۆن دەتوانێ موسایەرەی داخوازییەکانی حزبی وەفدی میسری بکات، (طه حسین)یش لە وەڵامدا دەیگوت (من هەمیشە داوای دەست لەکار کێشانەوەکەم (استقاله) لەگیرفانە هەر کاتێك زانیم کارەکان بە پێچەوانەی هەڵوێستی من گوزەر دەکات ئەوا دەست لە کار کێشانەوەکەم پێشکەش بە سەرۆکی وەزیران دەکەم و دەچمەوەماڵی خۆم). ئەوجا بۆ تیشك خستنە سەر ئەو بابەت و بابەتی دیکە و پەیوەندییەکان لەکاتی خۆی باسی لێوە دەکەم. لە هەمان سەردانی کاك نێچیرڤان بارزانی (شێرکۆ و شلێر)ی کوڕ و کچی خوالێخۆشبوو (د. حسێن بارزانی) کە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٨٣ ئەویش چونکە بارزانی بوو (د. حسین) بەر شەپۆلی دڕندانەی ئەنفال کەوت و ژنە رووسەکەی و کوڕ و کچەکەی لە بەغدا مانەوە، بەڵام چۆنێتیی هاتنیان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ برای بەڕێزم کاك (تەلعەت نادر) کە ئەویش بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیریی کوردی بوو لە بەغدا و لە نێوان ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلول کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیری لە ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان بۆیە هەر لە

بەغدای سالآنی پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دۆستایەتیمان پەیداکردبوو، ڕۆژێك كاك تەلعەت هاتە لام لە برایەتی باسی ئارەزووی هاتنی (شێرکۆ و شلێر)ی بۆ کوردستان بۆ کردم منیش دەمێك بوو (د. حسێن بارزانی)م دەناسی کە ئەویش ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە یەکێتی سۆڤییەت، كاك تەلعەت داوای لێکردم کەوا پەیوەندی بە مەکتەبی سەرۆك مسعود بارزانییەوە بکەم بە مەبەستی ڕەزامەندی وەرگرتنیان دەربارەی ئەم مەسەلەیە، بە ڕێککەوت ڕۆژێك جەنابی كاك مسعود بارزانیم دیت و مەسەلەکەم بۆ باسکرد ئەویش گوتی (باشە با بێن) منیش یەکسەر ڕەزامەندیی كاك مسعودم بە كاك تەلعەت ڕاگەیاند، ئەوەبوو پاش هەفتەیەك (شێرکۆ و شلێر)ی لاو گەیشتنە هەولێر منیش یەکسەر لە بەشێکی نهۆمی سەرەوەی ئەو ماڵەی کە ئێمەی (خێزان)ی تێدا بووین و لەگەڵ باڵەخانەی برایەتی بەسترابوونەوە بەیەکەوە، شوێنی حەوانەوەیەکی باشم بۆ ڕێکخستن کە زۆرترین کات لە ماڵی ئێمە بوون بەتایبەتی شلێر لەگەڵ پەروینی هاوسەرم ببوونە برادەر شێرکۆش ڕۆژانە یان لە ژوورەکەی من یا لە شوێنەکەی خۆیان کە تەلەفزیۆن و سەلاجە و پێداویستییەکانی ژیانم بۆ دابین کردبوون کاتی بەسەردەبرد، ئەو ڕۆژە (١٩٩٤/١١/٢٨) کە كاك نێچیرڤان بارزانی سەردانی (برایەتی)ی کرد بەشیاوم زانی شلێر و شێرکۆی پێ بناسێنم پاشان داوای لە من کرد کە بیانبەمە لای سەرۆك و گوتی (من خەبەرت بۆ دەنێرم) پاش سێ ڕۆژ وابزانم لە سەرەتای مانگی ١٢ی ١٩٩٤ بوو چووینە لای سەرۆك، ئەوکاتە نووسینگەیەکی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بوو، پاش بەخێرهێنانیان پرسیاری لە بارەی چۆنێتیی گرتن و ئەنفالکردنی باوکیانی لێ پرسین ئەوانیش هەر ئەوەندەیان دەزانی کە باوکیان ڕۆژێك لە دائیرە نەگەڕاوەتەوە (کە ئەوکاتە لە وەزارەتی پەروەردە فەرمانبەر بوو) بێ سەروشوێن کراوە، دانیشتنەکە نیو کاتژمێری پێچوو پاشان سەرۆك داوای لێکردم کە لای خۆمیان بهێڵمەوە تاکو دایکیشیان لە بەغداوە دەگات، چونکە دایکی شێرکۆ و شلێر لە بەغدا مابۆوە بە مەبەستی سەردانی باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤییەت لە بەغدا

چونکە رووسی بوو سەرەڕای سەرقاڵیی بە فرۆشتنی خانوو و کەلوپەلی ماڵ، پاش بەکۆتا هاتنی سەردانەکەمان سەرۆك بارزانی هەر ئەوکاتە لە ڕێگای کاك ئازاد بەرواری کە لێپرسراوی مەکتەبی سەرۆك بوو ئەوکاتە (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دیناری دا بە من تاکو منیش بیدەم بە ئەوان ئەوەبوو هەر لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بڕە پارەکەم پێدان.

زۆربەمان ئێستا و پێشان گوێمان لە ناوی (وەفیق سامەڕائی) بووە، ڕۆژێکیان دیسان لە سەرەتای مانگی ١٢ بوو کاتێ خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن تەلەفۆنی بۆکردم و داوای لێکردم کە (خۆم بە شەخسی هەر ئەو ڕۆژە بۆ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ئامادە بم چونکە کەسایەتییەکی گرنگی عیراق ئێستا لە کوردستانە و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی دەبەستێ)، کاتێ لێم پرسی کێە گوتی (کە هاتی دەیبینی).

پێش مەوعدەکە بە چارەکە سەعاتێك لای کاك سامی بووم من و نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی کاتێ تەلەفۆنێك بۆ کاك سامی کرا ئەویش پێی ڕاگەیاندین کەوا بەرەو هۆڵی دەرەوەی مەکتەبی سیاسی بچێن کاتێ کە چووین دیتمان وەفیق سامەڕائی لەگەڵ کاك کەریم سنجاری بەژوور کەوتن، لەگەڵ هاتنیان کاك کەریم سنجاری وەفیقی بە بەندە ناساند، ئەوجا پێی ڕاگەیاندم کەوا پرسیارەکان (ئیحراجی)ی تێدا نەبێت ئاشکراشە کە وەفیق سامەڕائی بەڕێوەبەر یاخود بەڕێوەبەری دائیرەی هەواڵگریی سوپای عیراق بوو تاکو ڕۆژی ١٩٩١/٥/١٧ لەو کاتەوە تاکو ١٩٩٤/١٢/١ کە دامودەزگاکانی ڕژێمی عیراقی جێهێشت بەڕێوەبەری گشتیی سەرۆکایەتیی دیوانی کۆماری بووە لە بەغدا، لە سەرەتادا وەکو پێشەکییەك و ناساندنی کاك کەریم سنجاری باسی لە کەسایەتیی سەربازی و هەواڵگریی السامرائی کرد، ئەوجا ئەوەی خستە روو کە ئێستاکە بە قەناعەتەوە ڕژێمی جێهێشتووە و هاتۆتە کوردستان و میوانی گەلی کوردە، یەکەم پرسیار و دوا پرسیاریش بەندە ئاراستەی کرد، لە یەکەم پرسیاردا داوام لێکرد کەوا هۆکاری هاتنی لەم کاتەدا بۆ کوردستان چییە؟، دوا پرسیاریش کە وەڵامی نەدامەوە و ڕووی لە کاك کەریم سنجاری کرد و پێی

گوت ئەو وا بڕیارە هەندێ پرسیاری لێ نەکرێ چونکە ناتوانێ وەلاٚمیان بداتەوە، پرسیارەکەشم بریتی بوو لە وەفیق سامەرائی ئەوەبوو (بەڕێزتان لە پلەی حەساسی هەواڵگریی حکومەتی عیراقدا دەبوون و ئاگاداری زۆربەی نهێنییەکانی ئەو سەردەمەن ئایا چارەنووسی ئەنفالکراوانی کورد کە ١٨٠,٠٠٠ مرۆڤی کوردن چییە؟!)، بەلاٚم بێئەوەی جوابم بداتەوە یاخود ئاوڕم لێ بداتەوە وەکو گوتم کەوتە قسە لەگەڵ کاك کەریم سنجاری پاشانیش کاك کەریم گوتی (ئەو (یانی وەفیق) ناتوانێ وەلاٚمی ئەو پرسیارە لەو کۆنگرە رۆژنامەنووسییە بداتەوە بەڵکو لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد باسی لێوە دەکات کە نەیکرد!!)، بەلاٚم لەسەر داوای کاك سامی دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٢١٠١)ی رۆژی ١٩٩٤/١٢/٥ بلاٚوکردەوە و لە تەلەفزیۆنی کوردستانیش بلاٚوکرایەوە، جارێکی دیکە لە ناوەڕاستی مانگی (١٢)دا سەرەتای شەڕی برایان هەندێ رووداوی جۆراوجۆر دەستی پێکردەوە کە خۆی لە پێشوازیکردنی چەکدارانی یەکتری خۆی دەدیتەوە (گۆڕینی سەنگەر) کە ئەمەشیان پێچەوانەی رێککەوتننامەی ١٩٩٤/١١/٢١ کە لەلایەن هەردوو سەرکردەوە ئیمزاکرابوو، بەلاٚم ئێمە لە برایەتی لە روانگەی سیاسەتی دان بەخۆداگرتن هیچمان دەربارەی ئەو رووداوانە نەنووسی تاکو رۆژی ١٢/١٩ لە ژمارە (٢١١١)ی برایەتی لە ستوونی لای راستی برایەتی کە بە پەیامی برایەتی (الافتتاحیە) حیساب ناکرێ بابەتێکمان لەژێر ناوی (ئاوا ئیلتیزام بە رێککەوتننامەی هاوپەیمانەتییەوە دەکرێ) کە بریتی بوو لە دەربڕینی رەخنەیەکی بابەتی لە سیاسەتی پێشوازیکردن لە چەکدارێکی پارتی بەناوی (شوان مامە رەشە) لە لایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە پێچەوانەی رێککەوتننامەی ١٢/٢١ بوو، بەلاٚم خۆزیا مەسەلەکە هەر لەم بازنەیەدا دەسوڕایەوە و چارەسەر دەکرا، بەلاٚم بە پێچەوانەی ئارەزووی ئاشتیخوازان و دڵسۆزانی ئەزموونی گەلی کوردستان کەشوهەوا سیاسییەکە بەرەو ئاقارێکی نالەبار دەڕۆیشت، سەرەڕای سەردانی (مەکۆکی) وەفدی بالاٚی

ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە کە سەردانی شوێن و ناوچە گرژییەکانیان دەکرد کە رووداوی جۆر بە جۆری نائاسایی تێدا درووست دەبوو.

لە ژمارە (٢٠١١٤)ی رۆژی ١٢/٢٤ بە مانشێتێکی گەورە کە بریتی بوو لە (بەرژەوەندیی گەلی کوردستان لە راگرتنی ئەم شەڕە شوومە دایە) سەرەڕای نووسینێکی دیکە کە دیسان لە ستوونی دەستە چەپی لاپەڕە (١)ی دا لەژێر ناوونیشانی (هەڵایسانەوەی شەڕ لە قازانجی دوژمنانی کوردستان دایە) کە تێیدا هاتووە (بە یەك ئیرادە و بڕیاری هاوبەشەوە رادەی کەمی بەرژەوەندییەکانی گەل لەبەرچاو بگرن و بۆ هەمیشە و بە عەمەلی نەفرەت لە ئاژاوە و شەڕی خۆکوژی بکەن و بەیەکەوە سێیەم کابینەی حکومەت رابگەیەنن و تەبایی و ئاشتی حوکمی قانون بەرقەرار بکەن، بەڵام بەداخەوە تاکو دەهات بارودۆخەکە روو لە خراپی دابوو، رۆژی ١٢/٢٤ هەولێر تارای شەڕی پۆشیبوو لە زۆر جێگا بازگەی چەکداری دانرابوو، بە زەحمەت دەتوانی بەتایبەتی بۆ پارتییەکان و هەوادارانی ئەملا و ئەولا بکەن، تەنانەت هەندێ کارمەند و رۆژنامەنووسانی ئێمە نەیانتوانی ئەم رۆژە دەوامی رۆژنامە بکەن، ئەو ئێوارەیە (یانی ئێوارەی ١٢/٢٤) چەند ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب بە چەکدارەوە بەبەردەم بارەگای رۆژنامەی برایەتی هاتووچۆیان دەکرد و سەرەڕای ئەوەی ئێزگەی مەڵبەندی (٣)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندن بە مارش و سروودی نیشتمانی و تەعلیقاتی ئەوتۆ کە بۆنی شەڕی لێدەهات و خەڵکی پایتەختی کوردستانیان هێنابوویە دڵەڕاوکێ، لە لایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنە جیاجیاکانەوە لە رۆژی ١٢/٢٣وە پەناگیریی خۆیان لە باڵەخانەی پەرلەمان راگەیاندبوو بە مەبەستی درووستکردنی فشارێکی مەدەنی پەرلەمانی لەسەر سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی بۆئەوەی دوورکەونەوە لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ هەر لە هەمان رۆژ ١٢/٢٣ ئێمەی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە کۆبوونەوەی نائاسایی دا بووین لە بارەگای رێکخراو کە لە تەنیشت سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین بوو، بڕیارمان دا بانگەوازێك

ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکەین چ بۆ پشتگیری لە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەیان بەرامبەر شەڕی ناوخۆ چ وەکو داوایەکی بەپەلە بۆ هەردوو لایەنی شەڕکەر کە لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەرنەچن و نەیەڵن ئەم شەڕە بەردەوام بێت لە هەمان کاتیشدا شاندێکی ئەو ڕێکخراوە کە بریتی بوون لە بەڕێزان (جەمال عبدول، د. دارا جاف، حاکم ڕەئوف ڕەشید، سەفوەت ڕەشید، د. کاووس عزیز فەرەج، فەرهاد عەونی)، پاش بەکۆتا هاتنی کۆبوونەوەکەمان یەکسەر ڕوومان کردە تەلاری پەرلەمان و لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دانیشتین و پشتگیریی خۆمان بۆ ڕۆڵی پەرلەمان و پەناگیریی پەرلەمانتاران دووپات کردەوە و تاوێکیش لە هۆڵی پەناگیریی لەگەڵ پەرلەمانتارانی پەناگرتوو دانیشتین، ئێوارە برادەرانی دەستەی نووسەرانم لە ژوورەکەی خۆم کۆکردەوە بە مەبەستی ئاگاداربوون و گۆڕینەوەی هەواڵ و ڕا و بۆچوونەکان سەرەڕای ڕێکخستنی ژمارەی ڕۆژی دوواییی کە لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (٢١١٥)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ بە تەواوی تەرخان کرا بۆ ڕووداو و هەواڵ و بارودۆخی هەولێری پایتەخت، مانشێتی سەرەوەی تایتڵی برایەتی بوو لە (پەرلەمانتاران درێژە بە (ئیعتیسام)ی خۆیان دەدەن) و مانشێتی سەرەوەش بریتی لە (دوێنێ پایتەختی هەرێم تەواو نائارام بوو)، ستوونی سەرەکیی دەستەچەپی بریتی بوو لە نووسینێك بە ناوونیشانی (لەم شەڕەدا ئاشتیخواز و دیموکراتەکان دەبەنەوە)، لە دامێنی لاپەڕەکەدا بابەتێك ئامادەکرا بەناوی (دوێنی هەولێر... دوێنێ خامۆش و نیگەرانی) لە لای سەرەوەی لاپەڕەکەشدا بابەتی (پەرلەمانتارانی پەناگیر دووەمین ئاگاداریی خۆیان ڕادەگەیەنن) سەرەڕای چەندین هەواڵی پەیوەندیدار بەم ڕۆژە خامۆش خەم ناکەی هەولێر و کوردستان.

خوێنەوەری خۆشەویست و بەڕێزم کاتێ ئەو بیروباوەڕیانە دەنووسم (٢١) ساڵ بەسەر تراجیدیای شەڕی برایان تێپەڕیوە (ڕۆژی نووسینی ئەم لاپەڕانە ڕێککەوتی ٢٠١٥/٦/٧یە)، بەڵام تاکو ئێستاکە ئاسەواری دەروونی لای من هەرماوە چونکە وەکو لەمەولا باسی لێوە دەکەم بارودۆخێکی نالەباری بەسەر

بەندە و خێزانی بچوك و گەورەی دا هێنا کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆش لەگەڵی دەژیم، لێرەشدا مەبەستم کولانەوەی برینەکان نییە بۆ هیچ مەبەستی بەڵکو گێڕانەوەی ئەو رۆژە خامۆشانەیە کە ئاسمانی کوردستانی لێڵ و تەماوی کردبوو و دیسان رووداوەکان وەکو خۆی روویدا باسی لێوە دەکەم، گوناحی ئەم شەڕەی (برایان) ناخەمە لایەنێك و لایەنێکی دیکەی بێ گوناح بکەم، پڕ بە زار و بە قەناعەتی تەواوەوە دەیڵێم بەتایبەتیش سالانێکە وەکو مرۆڤێکی سەربەخۆ دوور لە هەموو ئایدۆلۆجییەکی سیاسی تەنها کوردایەتی نەبێت بیردەکەمەوە و را دەردەبڕم، دەبێت خەڵکی وەکو ئێمە لەو تەمەنە زیاتر لە خەڵکانی بێ ئەزموون بوێرانە، راستگۆیانە، راشکاوانە، چیرۆکەکان بگێڕینەوە ئەوجا گرنگ نییە کێ لێم تووڕە دەبێت و کێ قسەم پێ دەڵێ، چونکە تازە وەکو (خروشۆف)ی سکرتێری حزبی شیوعیی سۆڤیاتی و سەرۆکی ئەو ولاتە کاتێ خانەنشین کرا و پاش ماوەیەك لە پێشەنگایەکی هونەری ئامادەبوو وەکو تاکێکی خانەنشین کرا و ناوە ناوە هاتوچۆی دەرەوەی ماڵەوەی دەکرد بە رێککەوت رۆژێ سەردانی پێشانگایەکی هونەری دەکات لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێکی ئەوروپی کە لێی پرسیبوو (ئێستا خەریکی چیی؟) خرۆشۆفیش دەڵێ (کوڕی خۆم من ئێستا لە بازاڕ دێمەوە)، بەو مانایەی کە لەو تەمەنە و ئەو بارودۆخەی ئەو تێیدا دەژی (کات و دەرفەتی چوونە بازاڕی نییە-یانی کاری بە بازاڕی سیاسەتبازی نەماوە) و بەندەش هەر بەم شێوەیە بیردەکەمەوە من تازە لە بازاڕ دێمەوە بەو مانایەی لە قۆناغی هەڵچوون و تەرەفگیریمان تێپەڕاندووە بۆیە برەوەرییەکان بە گوێرەی لاپەڕەکانی رووداوەکان دەگێڕمەوە.

رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ رۆژێکی یەگجار ناخۆش بوو لە ژیانی کاری رۆژنامەنووسیمدا ئەو رۆژە ژمارە (٢١١٥) وەکو لەپێشەوە باسم لێوە کردووە لەپێشەوە بەو بابەتانەی کە نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکا کەوتە بازاڕ، ئەو سەردەمە لە دەزگای رۆژنامەنوسیی برایەتی و خەبات ئۆتۆمبێلێکی جۆری (ڤان)مان هەبوو کە شوفێرەکەی ناوی (نوری صابر) بوو کە تەرخانکرابوو بۆ

دابەشکردنی رۆژنامە لە هەولێر بۆ سەر کتێبخانە و شوێنە سەرەکییەکان کە تێیدا کتێبخانەی (سۆلاڤ)ی کاك ئەحمەد جەمیل و خالدی برای بەشی دابەشکردنی رۆژنامەیان لە ئەستۆ بوو، کاتێ سەرلەبەیانیی رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ لەگەڵ برای خۆشەویستم کاك ئەسعەد عەدۆ بەڕێوەبەری نووسین لە ژوورەکەی بەندە باس و خواسی رۆژی پێشووترمان دەکرد لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەپڕ شوفێری ئۆتۆمبێلەکەی دابەشکردنی رۆژنامەی برایەتی هاتە ژوورەوە یەکسەر گوتی (مامۆستا جەماعەتی یەکێتی کە بریتی بوون لە مەفرەزەیەکی چەکدار لەسەر شەقامی گشتی نزیك مزگەوتی شێخی چۆلی بازگەیەکیان دانابوو، کاتێ زانیان ئۆتۆمبێلەکە عایدی دابەشکردنی رۆژنامەی برایەتییە، منیان هێنایە خوارەوە لەبەر چاوی ئەم خەڵکە تەواوی بەشەکەی هەولێری رۆژنامەی (برایەتی)یان هێنایە خوار و لە ناوەندی شەقام ئاگریان تێبەردا، و ئۆتۆمبێلەکەشیان برد و منیشیان بۆ ماوەیەك لای خۆیان هێشتەوە پاشان بە هەندێ قسەی ناشرین و جنێو بەرەڵایان کردم، کاك ئەسعەد پێت ناخۆش نەبێت جنێویان بەتۆش دا)، لە ساتە سەرەتاییەکانی ئەو کاتە تووشی جۆرە تاسانێك بووم بەڕاستیش بڵێم باوەڕم نەکرد، بۆ دەبێت رۆژنامە بسووتێت، ئەگەر گوناحکار هەبێت ئێمەین، رۆژنامەکە گوناحی نییە، سەرەڕای ئەوەی نە لەو ژمارەیە و نە لە ژمارەکانی رۆژی پێشووتردا برایەتی بەلای بریندارکردن و هێرشکردنە سەر هیچ کەسێك و لایەنێکی نەکردووە، رێڕەوی برایەتی لە خودی ناوی برایەتییەوە مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکان دەکرد، ئێمە ئامرازی لێك نزیککەرەوە بووین نەفرەتمان لە شەڕ و شەڕخوازان دەکرد، نەفرەتمان لە شەڕی برایان دەکرد، مانشێت و نووسینەکانی بە ئاراستەیەك دا دەڕۆیشت کە هەندێ کەس لە خودی لای خۆمان تۆمەتباریان دەکردین بەوەی کە ئێمە زۆر نەرمین و وەڵامەکانمان بۆ لایەنی بەرامبەر زۆر لاوازە و چەندین قسە و بۆچوونی دیکە، بەڵام ئێمە بەتایبەتیش بەندە وەکو سەرنووسەر وەکو کوردێکی ئاشقی رێبازی کوردایەتی و پارتایەتیی رەسەن دوور لە موزایەدە و بەکارهێنانی زمانی زبر و شەڕ مامەڵەم لەگەڵ رووداوەکان دەکرد، هەمیشە

ئامۆژگارییەکانی باوکم لای من حزووری هەبوو  کە بە بەردەوامی دەیگوت (کوڕم کورد بن، ڕێز لە هەموو لایەك بگرن، خۆتان لە شەڕی سیاسەت بپارێزن) بە مەبەستی لەعنەت لە (شەڕی برایان) زۆر جار شیعرەکەی (یەکبوون)م دەهاتەوە بیر کاتێ خۆی لە گۆڤاری (کاروان) لە ئیلهامی درووستبوونی بەرەی کوردستانی هۆنییەوە، زۆر جاریش دیمەنی لەباوەش گرتنی (مام جەلال)م دەهاتە بەرچاو کاتێ لە ڕۆژێکی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٢ سەردانی باوکمی لە ماڵەوە کرد و باوکم یەکەم قسەی خوێندنەوەی ئەو دوو بەیتە شیعرەی (شوکری فەزلی) بوو کە دەڵێ:

***سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هـــەتا***

***هــــــەر برینێکی کە لە دڵدا هـــەیە سارێژی نەکەی***

وەڵامەکەی بەڕێز مام جەلالیشم لەبیرە کە لە وەڵامدا بە باوکمی گوت (کاك عەونی دڵنیابە لەگەڵ کاك مەسعود زۆر ڕێکین)، کاتێ نوری شوفێرم دیت تەنانەت پشتێنەکەشیان لێ سەندبوو و قسەکانی ئەوانی دووبارە دەکردەوە کە چۆن بە جنێودانەوە برایەتییان سووتاندووە، کاتێ لێم پرسی نوری تۆ هیچ موخالەفەیەکت نەکردووە، یاخود استفزازی ئەوانت نەکردووە، نوری گوتی (مامۆستا هەر لە دوورەوە چەکیان لێ راکێشام منیش ئۆتۆمبێلەکەم راگرت و گوتم فەرموون، بەڵام ئەوان گوتیان وەرە خوارێ هەی سەگی سەگباب، ئەوجا بەبەر چاوی من و دەیان کەس برایەتییان سووتاند).

لە راستیدا دوو جار ئەم هەواڵ و رووداوە برینداری کردم، یەکەمیان بەهۆی هەڵکشانی ئاستی رق و کینە لە دوو لایەنی نەتەوەیی و علمانی کە لە دەستپێکی دامەزراندنیانەوە درووشمی ئازادیی کورد و کوردستانیان هەڵگرتووە و پێشبڕکێ لەسەر پێشەنگیی ئەم ڕێڕەو و ڕێبازە دەکەن، بەڵام دەسەڵات و پارە و پاوان خوازی کوردستان وایان لێ بکات ئاگر لە کوردستان بەردەن، بە شێوەیەك حیساب تەنانەت بۆ را و بۆچوونی سیاسییانەی یەکتر نەکەن و پەیوەندییەکان بگاتە ئەو رادەیەی چەکدارانیان (سڵ) لە سووتاندنی

ڕۆژنامە نەکەنەوە، دووەم سووتاندنی خودی ڕۆژنامەی برایەتی کە خۆی لە خۆیدا سووتاندنی کتێب و ڕۆژنامە تاوانێکی گەورەیە ئەوجا هەرکەسێك بیکات ئەوجا کار بگاتە سووتاندنی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا بەڕاستی تووشی شۆکی کردم چونکە نەدەبووایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە حزبێکی کوردپەروەری مۆدێرنە ڕێگا بە خەڵکانێك بدات ئەم کارە قێزەونە بکەن، گریمان لێپرسراوانی یەکێتی ئاگاداری ئەم کارە نەبوون، دەبووایە پاش زانینی ڕەنگدانەوەی ئەرێنییان هەبووایە بەرامبەر بە دەستەی نووسەرانی برایەتی و هەر هیچ نەبێت پۆزشیان بهێنایەتەوە و ئۆتۆمبێلەکەی دابەشکردنی ڕۆژنامەمان بۆ بگەڕێننەوە، بەڵام دیسان سەد حەیف و مەخابن نەئەوە و نە ئەوەی تریان نەکرد.

بەهەرحاڵ هەر زوو دەستەی نووسەران و لێپرسراوانی لاپەڕەکانم کۆکردەوە و هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاندن و داوام لێکردن ئەوەی پێویستە بیکەین تاکو چاپی دووەمی برایەتی ئەو ڕۆژە دەربکەین، هەر زوو بەدوای کاك (سەباح نوری) لێپرسراوی چاپی (ڕۆڵ) چاپخانەی پەروەردەم نارد کە بە زووترین کات لە پێشەوە بەشی ناوشاری هەولێر چاپ بکات ئەوەبوو پاش چوار کاتژمێر بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی چاپی دووەمی برایەتی کرایەوە، هەر زوو برای ڕۆژنامەنووس شێرزاد عبدالرحمن بە ئۆتۆمبێلی خۆی بە کوچە و کۆڵانان بەشی پەرلەمانی کوردستان بۆ پەرلەمانتارانی پەناگیر برد و وێنەگری برایەتیش (محی الدین عزیز) بەشی دابەشکردنی هەولێری بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی بردە کتێبخانەی سۆلاڤ، کاتژمێر لە دوای کاتژمێر بارودۆخەکە ناخۆشتر و توندتر دەبوو، هەولێر سیمای شارێکی نائارام و شەڕی پێوە دیار بوو، چەکداران لە زۆربەی شەقام و گۆڕەپانەکان هاتووچۆیان دەکرد، خەڵك دەگیرا و خەڵك بەردەدرا، زۆربەی ڕۆژنامەنووسانمان نەیاندەتوانی لەم چەند ڕۆژە دەوامی ئاسایی بکەن تەنها چەند ڕۆژنامەنووسێکی کەم مابوونەوە، (بە درێژی لە کتێبی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم باسم لێوە کردووە).

ژمارەی رۆژی دووشەممە (٢١١٦)ی رێککەوتی ١٩٩٤/١١/٢٦ لە پەیامی برایەتی وتارێکمان لەژێر ناوی (لە براکوژییەوە.. بۆ وشەکوژی) بڵاوکردەوە کە تێیدا ئیدانەی ئەم کارە ناشرینەم ریسوا و مەحکوم کردووە و لە هەمان ژمارەشدا داوای گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی برایەتیمان دووبارەکردەوە.

رۆژنامەی کوردستانی نویٚ لە ژمارە (٧٨٢)ی رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٦ ئیدانەی ئەو کارە قێزەونەی کرد کە بەرامبەر رۆژنامەی برایەتی کرا، ئێمەش لە بۆکسی سەرەوەی برایەتی ژمارە (٢١١٧)ی رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٧ لەژێر ناوی (سوپاس و پێزانین بۆ هەڵوێستی "کوردستانی نویٚ" برایانمان لە کوردستانی نویٚ دەستە خوشکی برایەتی) ئەم چەند دێڕەمان بڵاوکردەوە:

(بە هەستێکی پڕ لە مەسئولییەتەوە ناڕەزایی خۆیان لە دژی ئەو رەفتارە دزێوە نیشان دا کە رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ لە لایەن هەندیٚ لە چەکداری یەکێتی نیشتمانی لە هەولێر بەرامبەر بە ژمارە (٢١١٥)ی رۆژنامەی برایەتی کراوە. سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەی "کوردستانی نویٚ" دەکەین بۆ ئەو هاوخەمییەی کە لە بارەی پێویستیی رێزگرتنی سەربەستیی رۆژنامەگەرییەوە دەریانبڕیوە، هیوادارین (م.س)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە زووترین کات بەڵێنەکەیان لەبارەی لێکۆڵینەوە لەو رووداوە بەدی بێنن.. و سەیارەکەشمان ئازاد بکەن)، بەڵام دیسان بەداخەوە نەك هەر ئۆتۆمبێلەکە بەڵکو تێکڕای کەلوپەلی باڵەخانەی دەزگای برایەتی و خەبات و ماڵ و ئۆتۆمبێلی بەندەش سەری تێداچوو وەکو لەو چەند لاپەڕەیەدا باسی لێوە دەکەم کە ئەو بەشەیان کاتی خۆی لە کتێبی (ئەزموونی رۆژنامەوانیم) بڵاوکردۆتەوە، بەڵام چونکە بادەوەری و بیرەوەرییەکانی ئەم رۆژانە گرنگ و هەستیارن لێرەدا دەمەویٚ وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە چونکە بەشێکی بەرچاوی رۆژە هەرە ناخۆشەکانە کە هەمیشە لەبیر و هزردا ناچێتە دەرەوە:

پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٨ هەواڵی دەست بەسەرا گرتنی چاپخانەی پەروەردەیان پیٚ راگەیاندنیین لەلایەن مەفرەزەیەکی (پ.م) یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە، ئەو چاپخانەی کە ئێمە رۆژنامەی برایەتی-مان تێدا

چاپ دەکرد. هەواڵەکە زۆری نیگەران کردم، بەڵام دیسان ئەو چەند ڕۆژنامەنووس و کارمەندانەی مابوونەوە دەستەوەستان ڕانەوەستاین، من تاڕادەیەکی زۆر گەشبین بووم وامدەزانی کار ناگاتە ئەوەی ڕۆژنامەی برایەتی دەرنەچێ. پێشووتریش بەیەك دوو ڕۆژ چاپخانەی ڕۆشنبیریش دیسان لەلایەن برادەرانی (ی.ن.ك) کۆنترۆڵ کرابوو کە کوردستانی نوێ و گوڵانی تێدا چاپ دەکرا، کاك سەرۆ قادر داوای لێ کردم ئەو ژمارەیەی گوڵان کە لەبەر دەست بوو لە چاپخانەی پەروەردە چاپ بکەین بەهۆی بارودۆخی چاپخانەی ڕۆشبیری. پێش داگیرکردنی چایخانەی پەروەردە گوڵان کە ئەو کاتە لەبەر دەستدابوو دوا ژمارەی لێ چاپ کرا. ئەو شەوە تاوەکو درەنگانێك لە بارەگای ڕۆژنامە ماینەوە، کاك ئەسعەد عەدۆ هەر ئەم شەوە دەست گیر کرا و کاك ئاسۆ کەریمیش دیاربوو شتێکی زانیبوو ئەویش بەرەو مەسیف سەلاحەدین ڕۆیشتبوو لە ئەندامانی دەستەی نووسەران کاك زاهیر ڕۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر و کاك شەماڵ حەویزی لەگەڵم مابوونەوەو کاك زادۆق ئادەمیش نەیدەتوانی لە عەنکاوەوە بێت و شەوانە درەنگ بگەڕێتەوە، لە ڕۆژنامەنووسانیش کاك شێرزاد عەبدولڕەحمان کاك شکار عەفان، کاك کاروان محەمەد سینۆ و کاك خالد گەردی و کاك محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی و کاك عەزیز هەریری و کارمەندی ئیدارە شێخ محێدین عەزیز (بابەکە) مابوونەوە، لێرەدا بەهیچ شێوەیەك گلەیی لەو براو خوشکە ڕۆژنامەنووسانە و کارمەندانە ناکرێت کە لەم چەند ڕۆژەی دوای ١٩٩٤/١٢/٢٥ دیار نەبوون و دەوامیان نەدەکرد، چونکە بارودۆخەکە تابڵێی ناخۆش و ترسناك بوو، تەقە و چەکداری هەردوولا لە زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی هەولێر هەبوون ڕەحمیان بەیەکتری نەدەکردو تەنانەت شەڕو پێکدادانیش کەوتە ناو خەستەخانەکانی پایتەختیش ڕۆژی سووتاندنی ژمارە (٢١١٥) برایەتی و چاپ کردنەوەی چاپی دووەمی زۆر بە زەحمەت گەیەندرایە باڵەخانەی پەرلەمان و بەشی دابەشکردنی ناو شاری هەولێریش بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی گەیاندرایە لای کتێبخانەی سۆلاف کە

پێشووتر كاك ئەحمەد جەمیل خاوەنی كتێبخانەی (سۆلاڤ)م بە تەلەفۆن لێ ئاگادار كردبوو.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢/٢٧ لەگەڵ كاك ئەسعەد عەدۆ كە بەڕێوەبەری نووسین بوو بە كۆڵانەكانی پشتەوە باڵەخانەی برایەتی سەردانی لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستانمان كرد و چوینە لای شەهید سەعد عەبدوڵلا كە ئەوكاتە لێپرسراوی لق بوو، مەبەستیش لە سەردانەكەمان داواكردنی چەند پێشمەرگەیەك بوو بۆ پاراستنی باڵەخانەی برایەتی، چونكە پاسەوانەكانی برایەتی لە كۆی (١٤)پاسەوان (٣)پاسەوانی پێشمەرگە مابوونەوە، كە بریتی بوون لە:

-١پ.م عەبدوڵلا كە بەداخەوە پاش چەند مانگێك لە (كانی قرژاڵە) شەهید بوو.

-٢پ.م عەریف ئەحمەد.

-٣كوڕی عەریف ئەحمەد.

بەداخەوە بەهۆی بارودۆخە خەتەرناكەكە، لقی دوو نەیتوانی پێشمەرگەمان بۆ دابین بكات و لەرێگای گەڕانەوەمان كاك ئەسعەد گوتی: (............. ئەوەیە گورزێ بكوتێ) خۆمان حراسەتی خۆمان دەكەین" بۆ ئێوارەی ئەم ڕۆژەی دوایی كاك ئەسعەدیش لەماڵی خۆی گیراو نەمان دیتەوە تاكو دوایی چەند ڕۆژێك كە گەیشتە سەلاحەدین.

ڕۆژی ١٢/٢٩ فاكس و تەلەفۆنەكانیش لەكار كەوتن تاكە ئامێری پەیوەندیمان كە مابۆوە (ئامێری بێ تەلی) ڕۆژنامەبوو كە (شیفرەكە)ی لای خۆم بوو، پێشمەرگەی بێ تەلەكەش كە ناوی (محمود) بوو، كە تا دوا سات لە برایەتی لەگەڵم بوو.

بە حوكمی ئەوەی ماڵی من لە تەنیشت باڵەخانەی برایەتی و خەبات بوو شەوانە تاكو درەنگانێك دەمامەوەو ئەو چەند شەوەی دواییش كاك زاهیر ڕۆژبەیانی و كاك شەماڵ حەوێزیش لەگەڵم دەمانەوە، لەنێوان ماڵەكەم و باڵەخانەی ڕۆژنامە لە سەربانەوە پردۆكەیەكی لە ئاسن دروست كراو پێكی

دەبەستنەوە کە مانگێکی پێشووتر بۆ ئاسانی هاتووچۆی شەوانە دروستم کردبوو کە زیاتر بەهۆی بارودۆخی شەقامی سەرەکی(شەقامی ڕێگای هەولێر–کەرکووك)، کە هەمیشە تەقەی لەسەر بوو بەم ڕێگایە هاتووچۆمان دەکرد و شەو لەماڵی ئێمە دەماینەوە.

شەوی ٢٩–٣٠/ ١٢/١٩٩٤ لەگەڵ کاك زاهیر و کاك شەماڵ، تاوەکو سەعات (١)ی دوای نیوەشەو، لە ژوورەکەی من دانیشتبووین و تەماشای تەلەفزیۆنی هەردوولای شەڕکەرمان دەکرد، بەوهیوایەی گوێبیستی هەواڵێك ببین کە کۆتایی بەو تراژیدیایە بێنێت کە بەرۆکی گەلی کوردستانی گرتبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو هەواڵە ڕانەگەیەندراو ئێمەش بە ناچاری بەرەو ماڵ گەڕاینەوە و تاوەکو درەنگانێکی شەو بەدەم قسەو شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کاتمان بەسەردەبرد.

سەرلەبەیانییەکەی ڕۆژی ١٢/٣٠ لە هەر چوارلاوە دەنگی تەقەی کلاشینکۆف و ئاربیجی دەهات، ناوەناوە دەنگی تۆپیشی لەگەڵدابوو، بێ ئەوەی بزانین چی ڕوویداوە، لەنێواندا (پەروینی هاوسەرم) بە ئاگای هێنام و بە لێکدانەوەو پێشبینی خۆم زانیم کارلەکار ترازاوە بۆیە ئەویش (ڕێکان و لانە و ساسان)ی بە ئاگاهێناو پاش نان خواردنێکی خێرا ئێمە هەرسێکمان "نووسەری ئەم بابەتەو کاك زاهیر و کاك شەماڵ" لە ڕێگا "پردۆکە ئاسنینەکە" چوینە بارەگای ڕۆژنامەو لە گۆڕەپانی باڵەخانەی ڕۆژنامە چەند پێشمەرگەیەکمان دیت کە لە گۆڕەپانەکە هاتووچۆیان دەکرد و کاتێ ئێمەیان بینی ئامۆژگاری ئەوەیان کردین کە بارەگاکە چۆڵ بکەین و بڕۆین بەلایەکدا بەهەرحاڵ چارنەماو ناوە ناوەش گولەی قەناس بەولاو بەولامان دەهاویشترا بەتایبەتیش ماڵی پارێزگاری (خانووی پارێزگاری هەولێر کە ئێستا قونسڵخانەی ئەڵمانیایە) بەرامبەریشمان کەسی تێدا نەمابوو زووتر کاك شەماڵ حەوێزی و شکار عەفان و کاروان محەمەد سینۆم بەڕێ کرد، ماینەوە من و کاك زاهیر ڕۆژبەیانی و بابەکە، کاك زاهیریش پەلەی ئەوەی دەکرد زووتر بارەگای ڕۆژنامە بەجێبهێڵین، چونکە مانەوەمان بەبێ پاسەوان وەکو قەڵایەکی

ئابڵوقەدراودا وایە لەم شوێنە ئەگەری سەلامەتیمان وەکو کاک زاهیر دەیگوت ئەگەری گیران یاخود تێداچوونمان مسۆگەرە، بەڵام دیسان تاکو سەعات (١١) نیوەڕۆ خۆمان راگرت و پاشان بە ئۆتۆمبیلە بەرازیلییەکەی کاک زاهیر، کە لە ماڵێکی پشتەوەی باڵەخانەی رۆژنامە دایناوبوو، بەرەو دەزگای گوڵان دەرچووین بۆ شیراتۆن و ئۆتۆمبیلەکەی خۆشم کە جۆری بەرازیلی مۆدێلی ٩٨٧و بە ژمارە (١٩٧٤٤هەولێر)بوو لە گۆڕەپانی باڵەخانەی رۆژنامە بەجێما، چونکە ماوەی دەرچوونم بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم نەبوو بەهۆی ئەوەی شەقامی سەرەکی هەولێر کەرکووک لەلایەن پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك)وە لەم سەر و ئەو سەری کۆنترۆڵ کرابوو.

(دایکی رێکان و رێکان و لانەم لەگەڵ ساسانی برام) کە شەوی پێشووتر لە ماڵی ئێمە بوو رەوانەی گەڕەکی ئەندازیاری بۆ ماڵی بەفرینی خوشکم کردن بەپێ و بە کۆڵانان لەکاتێکدا گوللە وەکو باران دەباری، بەهەرحاڵ ئێمەش هەرسێکمان بە بەرازیلییەکەی کاک زاهیر هەرچۆنێك بوو خۆمان گەیاندە ئوتێلی شیراتۆن کە دەزگای راگەیاندن و رۆشنبیری گوڵانی تێدابوو، سەرەڕای ئەوەی بارەگایەکی سەربازی بوو کە بەهۆی شوێنە ستراتیجییەکەی لە ناوەندی شاری هەولێر (گرنگی پێ دەدراو کاک جەمال مورتکەش لێپرسراویەتی دەکرد و برای رۆژنامەنووس کاك سەرۆ قادریش کە بەرپرس دەزگای گوڵان بوو پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و گوتی گرنگ ئەوەیە بەسەلامەتی گەیشتن و لە ئایندەشدا سەلامەت بین).

بە گەیشتنمان بۆ شیراتۆن زانیم زەرەرێکی زۆر گەورەم کردووە، ئەویش لەدەستدان و بەجێهێشتنی دەزگای رۆژنامەنووسی (برایەتی و خەبات) بوو کە ئەویش بەهۆی ئەو بێ چارەییە بوو کە تووشی ئێمەببوو، چونکە من لە راستیدا رۆژێك لەرۆژان هەرگیز بەخەیاڵم دا نەدەهات جارێکی دیکە کورد تووشی شەڕی براکوژی ببێتەوە، پاش ئەو ئەزموونە تاڵەی ساڵانی پێشوو کە تێیدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان تووشی زەرەر و زیانێکی گەورە هاتبوو و ئەگەری بەرپابوونەوەی ئەم شەڕە نەگریسە زۆر لاوازبووو

لەلایەکی دەیکە ئەگەر مرۆڤ ترسی هەڵگیرسانی ئەم جۆرە فیتنەیەشی بکردبایە بە خەیاڵیدا نەدەهات رۆژنامەو رۆژنامەنووسان، لەهەر لایەنێك بن، ببنە سووتەمەنی شەڕی نەویستراو وەکو لەپێشەوە باسم کردووە هەستم دەکرد ئەوەی لەماوەی پێشوودا بنیاتم ناوە ئێستا خەریکە لەناو دەچیٚ وەکو چوو.

لە شیراتۆن بەگەیشتنمان مامۆستا محەمەدی مەلا قادر و کاك مەحمود محەمەد و کاك سەلاح دەلۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (پ.د.ك) و رۆژنامەنووسان ئازاد عەبدولواحد، سالار عوسمان هەندێك لە برایانی (پ.م) لەژێر زەمینی شیراتۆن بوون کە پەخشی TV و رادیۆی گوڵانی تێدا پەخش دەکرا و ئێمەش لەژێر رێنماییەکانی مامۆستا مەلا محەمەد کەوتینە نووسینی وتار و بانگەوازی هەمەجۆر بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ورە و بڵاو کردنەوەی راوبۆچوونی پارتی دەربارەی ئەو رووداوە تاڵانە.

خەم و پەژارەیەکی گەورە دایگرتم، بەتایبەتی کە بیرم لە بەجێهێشتنی بارەگای رۆژنامەی خەبات و برایەتی دەکردەوە، چونکە پێشەکی دەمزانی هەوڵی پێشووی ساڵانی پاش راپەڕین بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگا رۆژنامەنووسییە چەند هەوڵ و پارەی تێدا خەرج کراوە. بە مەبەستی دروست کردنی دەزگایەکی رۆژنامەنووسی دوای راپەڕین تاکو ئێوارە ئەم ستافە بچووکە کە لەژێر زەمینەکەی گوڵان بووین رۆڵێکی گەورەی بینی لە رادیۆی گوڵان کە تاڕادەیەکیش (پ.م شیرکۆ.............)، لەگەڵ برادەرە پێشمەرگەکانی دیکە، بە بەردەوامی لە هەوڵی دابینکردنی کارەباو ئەمنیەتی ناو ژێر زەمینەکەدابوون سەرەڕای رۆڵی حەمکۆی هونەرمەند کە بەڕاستی هەم رۆڵی ئەکتەر و هەم رۆڵی پێشکەشکاری بەرنامەکانی دەکرد بە ورەیەکی بەرزەوە.

لێرەداو دوور لە هەموو خۆپێهەڵدانێکی شەخسی، دەمەوێ باس لە مەسەلەیەك بکەم کە لەوکات و ساتانەدا تووشی هاتم، ئەویش پەیدابوونی خوالێخۆشبوو برای ئازیز شەهید (حەمەی حەلاق) بوو کە بەهۆی برادەرایەتی پێشوومان لە شاری کۆیە و لەسەرەتای هەشتاکاندا پێش ئەوەی ببیٚ بە

پێشمەرگە خۆم و براکانم هاتووچۆی دوکانی ئەومان دەکرد و سەرمان لای ئەو دەتاشی، کە پاش مردنی باوکی خوالێخۆشبووی (حەمەدەمینی حەلاق) ئەو دوکانەکەی ئیدارە دەکرد و ئێمەش لە روانگەی هاوسۆزیمان لەگەڵ لاوێکی پاك و نیشتمانپەروەر کە ئەو وەکو کادیرێکی حزبی شیوعی کاری دەکرد و ئێمەش وەکو دۆست و لایەنگیری پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەرهەمووومان لە بەرەی شۆڕشی گەلی کوردستان و رکەبەرایەتی سەلبیانەی حزبی بەعس و حکومەتی بەعس کۆیکردبووینەوە. زۆرجار لە دوکانەکەی (حەمەدا) گرد دەبووینەوەو هەندێ جاریش ئەویش (ئەدەبیاتی حزبی شیوعی) دەداینێ و دەنگوباسی دەرەوەی بۆ باس دەکردین، زۆرجاریش خوالێخۆشبوو (شێروان عەبدوڵلا کەریم)، بەڕەحمەت بێت، کە بە (شێروانە سوور) بەناوبانگ بوو دەهاتە دوکانەکە و باسی جموجوڵی شەوی پێشووتری پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالست و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بۆ دەکردین.

کاتێ خوالێخۆشبوو (حەمەی حەلاق) لە یەکێ لە دالآنەکانی قاتی یەکەمی شیراتۆن تووشم هات و پاش چاك و خۆشی ئەم گفتوگۆیە لەنێوانماندا هاتە ئاراوە (بۆ زانینی خوێنەری خۆشەویست ئەو کاتە کاکە (حەمە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆ بوو.

حەمەی حەلاق: لام سەیرە لێرەت دەبینم پێش نیوەڕۆ لە بارەگای خۆمانەوە "ئەوکاتە بارەگای پارتی کاری سەربەخۆ دووسەد مەترێك لە خوار بارەگای رۆژنامەی برایەتی و خەبات بوو" بەپەلە بەهەر چۆنێك بوو هاتمە لات لە برایەتی، بەلآم کەسی لێ نەبوو تەنیا پاسەوانێك کە لەسەر باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بوو پێی راگەیاندم کە ئێوە بەر لە چەند دەقیقەیەك ئێرەتان بەجێهێشتووە، وامدەزانی بەرەو مەسیف سەلآحەدین چوون ئێستا لێرەت دەبینم خێرە هاتووی بۆ ئێرە!؟

بەندە: ئەوەی راستی بێت بارەگای برایەتی کەڵکی نەما، منداڵەکانیشم لەگەڵ ساسانی برام ناردە ماڵی خۆشکم، لەگەڵ کاك زاهیر رۆژبەیانی و بابەکە هاتینە ئێرە (شیراتۆن)، چونکە ئێرەش دەزگایەکی راگەیاندنی پارتییە.

حەمەی حەلاق: کاکی خۆم ئێرەش کەڵکی راگەیاندنی نەماوە و بۆتە بارەگایەکی سەربازی ئەوەی من بیزانم بە هەموو جۆرە چەکێك لێرەش دەدرێ دەشگیرێ، چونکە وەکو من بیزانم زۆریان رق لە گولانە، باشترین شت ئەوەیە کە لەگەڵم بێیتە دەرەوەو بە ئوتۆمبێلی (پارتی کار) بۆ شوێنێکی ئەمینت دەبم، ئەویش ماڵی خوشکمەو تۆش برایەکی ئازیزیت و باشیشت دەناسن، گوناحە تۆ وەکو مرۆڤ، وەکو کادیرێکی پێشکەوتووی راگەیاندنی پارتی بکوژرێی! بەڕاستی حەیفە لەکاتێکدا (فلان و فلان) کە دەبا ئێستاکە لێرەبان و شەڕی یەخەگیریان بکردایە پێش هەموو کەسێك خۆیان گەیاندۆتە مەسیف سەلاحەدین و خەڵکی وەکو ئێوەشیان بەم شێوە حەیابەرە لێرە بەجێهێشتووە، بەخوا وازت لێناهێنم تاکو لێرەت نەبەمەدەر.

بەندە: تۆ خۆت من باش دەناسی کە هیچ کاتێك سڵ لە مردن ناکەمەوەو بەهیچ شێوەیەك ترسم لە لەشدانییە، بڕیارمداوە لێرەبم تاکو (ئەمری حزبم) بۆدێ.

کاتێك کاکە حەمەی حەلاق زانی بە قسەی ناکەم بەبێ ئومێدی رۆیشت، بەڵام دیسان دەورووبەری سەعات (٣)ی عەسر لەیەکێ لە خانووەکانی پشتی شیراتۆنەوە کە تەلەفۆنی تێدابوو (ئەم خانووەش عائیدی دەزگای گولان بوو) کە تاکو ئەو رۆژەش گەرمایی تێدامابوو کوڕێکی گەنج بە هەڵەداوان منی دۆزییەوەو گوتی: تەلەفۆن تۆی دەوێ، تـــەقە زۆر گەرم بوو تەنانەت نەتدەتوانی لە شوێنێکی کراوە بەدیارکەوی لەبەر رێژنەی گوللە، بەڵام دیسان بە پارێز بەدوای کوڕە گەنجەکە کەوتم و خۆمان کرد بەو خانووەی کە هەر لەو کۆڵانەی دوای باڵەخانەی شیراتۆن بوو، یەکسەر کوڕە گەنجەکە منی بردە ئەو ژوورەی تەلەفۆنی تێدابوو، منیش دەستم بۆ تەلەفۆنەکە برد و گوتم :

بەندە: بەڵێ، هەلاو، فەرموو :

دەنگی بەرانبەر: کاك فەرهاد تۆی؟ من محەمەدی حەلاقم، لەمەقەڕی خۆمانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم، ئاگام لێیە تەقە لەسەر شیراتۆن زۆر بە قوەتە، کاکە خۆت ئامادە بکە من پاش نیو سەعاتی دیکە دەگەمە لات دەبێ رزگارت

کەم چی دیکە عینادی مەکە (دایکت نیوەڕۆ لەماڵی خوشکم بوو) مەبەستی ماڵی کەلسومی خوشکی بوو کە خێزانی ئەمیری حەمە مستەفای ئەسعەدە سوورە بوو کە ئەمیریش دۆست و برادەری سەردەمی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم بوو (ئەم قسەیەی تەنیا بۆ ئەوەبوو کە تەئسیر لە من بکات) دەی گوت: هەرچۆنێك بێت فەرهادم بۆ نەجات بدە.

بەندە: زۆر سوپاس کاکە گیان من پێش نیوەڕۆ بە جەنابتم گوت من بۆ درێژە دان بە کاری راگەیاندن هاتوومەتە ئێرە، تاکو ئێرەش پێویستی بەمن هەبێت جێیناهێڵم، جارێکی دیکەش سوپاس ئەو پەرۆشیەت دەکەم.

حەمەی حەلاق: بەڕاستی نەم دەزانی ئاوا عینادی ان شاءالله مەحفوز دەبی، ئەو ژمارەی تەلەفۆنە لای خۆت بنووسە بۆ کاتی پێویست.

رۆژی ٣٠مانگ و شەوی ٣٠-٣١و رۆژی ٣١ی مانگمان بەو شێوەیە بەسەربرد، نووسینی وتار و بانگەواز لەنێوخۆشماندا باس لەو کەمو کورتیانە دەکران کە بۆ هۆکاری گەیشتنمان بەو حاڵەی کە تێکەوتبووین، شەوی ١٩٩٤\١٩٩٥/١\١٢/١\٣١، کە دوا شەوی زێدە ناخۆشی ساڵی ١٩٩٤ بوو، لەژێر زەمینەکەی شیراتۆن لەگەڵ ئەو هەڤاڵ و برایانەی کە پێشووتر ناوم هێناون بەدیار تەلەفزیۆنەکەی کە نالی گولآن کە حەمکۆی هونەرمەند بەوپەڕی ئازایەتی و گیانی لەخۆ بردوویییەوە مشوری تەلەفزیۆنەکەی وەکو هونەرمەند، بێژەر، تەکنیکی) رۆڵی دەگێڕاو ناوەناوەش گۆرانییە بەناوبانگەکەی (ئیبراهیم تاتڵیسان)یان (زاڵم زاڵم) لە تەلەفزیۆن لێدەدا، لەکاتێکدا کە سەیری کەناڵە ئاسمانییەکانی وڵاتانی دیکەمان دەکرد دەمان دیت میللەتانی سەرتاسەری جیهان لەم کات و ساتانەدا خەریکی ئاهەنگ گێڕانن بۆ بەڕێکردنی ساڵێکی دیکە لە ژیان و پێشوازی لە ساڵێکی تازە دەکەن، دیمەنەکان تا ڕادەیەکی زۆر نیگەرانی دەکردم بۆ ئەو حاڵەتەی کە گەلی کوردستان و پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی تێدا کەوتووە کە خەریك بوو خەونی چەند ساڵەی ئێمەمانانی زیندەبەچاڵ دەکرد و پاش ئەو هەموو قوربانی و ماڵکاولییەی کە گەلەکەمان تووشی هاتبوو، بەهەرحاڵ ئەو شەوە بە خەموو خەفەتێکی زۆرەوە درەنگانێك

له ژوورێکی سەرەوە لەگەڵ مامۆستا محەمەدی مەلا قادر و برایان کاك مەحمود محمد و کاك سەلاّح دەلۆ و کاك زاهیر رۆژبەیانی و بەندە نووستین، سەرەڕای ئەو هەموو تەقەیەی کە بە چەکی جۆراوجۆر لە باڵەخانەکەدا دەکرا.

رۆژی یەکەمی ساڵی تازە هەر زۆر زوو لە خەو هەڵسایین، بەلاّم تاکو بڵێی تەقە زۆر بوو، ناوەناوە یەکێك خۆی بەباڵەخانەکەدا دەکرد و هەواڵێکی تازەی ناخۆشی بۆ دەهێناین. سەعات ١١ ی رۆژی ١٩٩٥/١/١ شێخ محێدین (بابەکە)م نارد لای بارەگای رۆژنامەو ماڵی ئێمە، لەگەڕانەوەدا هەواڵی پێدام کەوا ماڵەکەی من وەکو لە دراوسێیەکانی زانیبوو شەوی پێشووتر تاکو بەرەبەیان لەلایەن چەکدارانەوە تالاّن کراوەو گەسکیان بۆ لێداوین، ئۆتۆمبێلەکەشم براوەو خۆمان خۆش، بەلاّم بارەگای رۆژنامە جارێ وەکو خۆی مابووەوە، تالاّن کردنی ماڵەکەم ئەو رۆژە، کە رۆژی یەکەمی ساڵی تازە بوو خەمێکی گەورەی بۆ دروست کردم لەکاتێکدا پێشووتریش دووجاری دیکە تووشی ئەم دەردە هاتبووم، (دەردی ماڵ تالاّن کراو) جاری یەکەمیان ساڵی ١٩٦٣ بوو کاتێ لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕی بەعسی فاشی بۆ سەر کوردستان لە حوزەیرانی ئەم ساڵە ئێمەو دەیان خێزانی دیکەی شاری (کۆیە) روومان کردە ناوچە ئازادکراوەکان و خێزانی ئێمە لەگەڵ چەندین خێزانی دیکە لە گوندی (هەڵشۆ)ی سەر بە قەزای قەلاّدزێ لەسەر سنووری ئێرانە گیرسانەوەو منیش بووم بە پێشمەرگەی نووسەر لە دادگای بەرزی شۆڕش لەماوەت، کاتێ سوپاو حەرەس قەومی و جاش دەگەنە کۆیە یەکسەر ئەو ماڵانە تالاّن دەکرێن کە شاریان بەجێهێشتبوو، کە یەکێك لەو ماڵانە ماڵەکەی ئێمە بوو، کە تێیدا چەندین وێنەو جلوبەرگ و کتێبخانەیەکی خنجیلانەی بچووکی شەخسی خۆم کە لە ژوورە تایبەتییەکەم لەگەڵ هەموو کەلوپەلی ناو ئەو ماڵە گەورەیە بە کتێبخانە گەورەکەی باوکیشمەوە کە دەیان دیوانی دەستنووسی شاعیرەکانی کوردی تێدابوو، تالاّن کراو پاشانیش ئاگریان لە پاش ماوەکەی بەر دابوو. تالاّن کردنی جاری دووەمیشم ماڵەکەی بەغدام بوو کە تازە لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ ژنم هێنابوو و ماڵێکی رێکوپێك کتێبخانەیەکی باشم پێکەوە نابوو،

ئەویش كاتی پاش پاشگەزبوونەوەی بەعس لە ڕێككەوتننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠بوو، لە ئاداری ساڵی١٩٧٤ پەیوەندیم بە شۆڕشەوە كرد و چونمان بۆ سەرەوە و بۆناو دەزگاكانی شۆڕش بوو بەهۆكاری ئەوەی بەعس لە بەغدا چەند ماڵێكی حجز كرد و هەڕاجی كرد، یەكێك لەو ماڵانە ماڵەكەی من و ماڵی خەزورم عەمیدی خانە نشین (عبدالله سعيد)بوو، كە ئەوكاتەش سەرەڕای كەلوپەل و شتومەكی ناو ماڵ وێنەو ئەلبووم و ئەرشیف و كتێبخانەی ئەو هەشت نۆ ساڵەی كە لە بەغدابووم بە تالان چوو كە تێدا هەموو ئەو وێنانەی كە لە ژیانی زانكۆو پاشانیش ئەو وێنانەی كە لە دەرەوەی عێراق لەگەڵ ئەو كەسایەتییە كورد و بێگانانە گرتبووم تێدا فەوتا، بەڵام جاری سێیەم كاریگەری دەروونی لە هەردوو جاری پێشوو زیاتر بوو كە سەرەڕای ناو ماڵی ئەو (٢٠) ساڵەی كە لە ساڵانی (١٩٧٥-١/١/١٩٩٥) پێكەوەم نابوو لەگەڵ ئەو كتێبخانە دەوڵەمەندەی كە هەمبوو كە لە پاش نسكۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە لەكۆیە كۆمكردبووەوە زۆرم خۆ پێوە خەریك كردبوو، چونكە پاش نسكۆی شۆڕش یەكێك لە برادەرە هەرە خۆشەویستەكانم بوو، هەمیشە ئەو سەلوایەی پێ دەبەخشیم كەلێی بێ بەش بووبووم لە دوای نسكۆی شۆڕشدا، سەرەڕای وێنەو یادگار و شەهادەی قوتابخانەی (ڕێكان و لانە)كە هەمووی لەشەوی سەری ساڵی ١٩٩٥ تێداچوو كە بەداخەوە تاكو ئێستاشی لەگەڵدابێت، نە هیچ وێنەیەك و نە هیچ بڕوانامەیەكی منداڵەكانم و نە ئۆتۆمبێلە بەرازیلیەكەم دەست نەكەوتەوەو خەریكە بەرە بەرە بەزۆر لەبیر خۆمی دەبەمەوە.

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١/١/١٩٩٥ پێیان ڕاگەیاندین كەوا كادیر و لێپرسراوە مەدەنییەكان، ئەگەر دەتوانن خۆیان دەرباز بكەن (چونكە شیراتۆن كەڵكی خەڵكی وەكو ئێمەی نەماوە)، برادەران یەك و دوو شیراتۆنیان بەجێهێشت. ئێوارە درەنگانێك پاش مشتومڕێكی زۆر برای ڕۆژنامەنووس (سالار عوسمان)، كە ئەوكاتە كارمەندی دەزگای گوڵان بوو قەناعەتی پێ كردم منیش لەگەڵ ئەو و بابەكە ڕوو بكەمە بارەگای حزبی شیوعی كوردستان كە تەنیا شەقامە سەرەكییەكە لە شیراتۆنی جیا دەكاتەوە، باران نمەنمە وەكو بڵێی یاخود من

وام دەهاتە بەرچاو زۆر بە غەمگینی دەباری، دەتگوت فرمێسکی دایکێکی میهرەبانە بۆ رۆڵە بێ سەروشوێنەکەی دەگری، تەقەو تەقەی بەرانبەریش بە شێوەیەك گەرم بوو کە مرۆڤ زاتی نەدەکرد سەر لەکون دەربێنێ، بەڵام پاش هاتووچۆیەکی زۆر بابەکەو سالار لە پێشەوەو منیش لە دواوە بەدوو قۆناغ کە قۆناغی یەکەم گەیشتینە شوێنی خاڵیی پاسەوانی باڵەخانەی پێشەوەی شیراتۆن (نقطة الحراسة) لەسەر شۆستەی بەردەم شیراتۆن درووستکرابوو کە بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك تێدا چاوەڕوانیم کرد، قۆناغی دووەمیش راکردنێکی هەرە خێرای کە تاکو چەند تاقەتم هەبوو لەوێوە بۆسەر دیواری دەرەوەی بارەگای حزبی شیوعی کوردستان بۆ کاتێ ناسیمیان دەرگایان بۆ کردینەوە، دوو شەویش بەڕێزێکی تایبەتی گلیان داینەوەو میوانداریيەکی شیوعیانەو مرۆڤ دۆستانەیان کردین کە هەرگیز لەبیرم ناچێ، بۆ بەیانی بە رێکەوت کاك حەیدەر فەیلی منی لە بارەگایەکە بەدیکرد، کاتێ منی بینی و هاواری کرد (کاکە لەڕای خوا تۆ لەکوێی کاك جەوهەر نامق دوو رۆژە خەریکی پەیداکردنی هەواڵی تۆیە، هەر ئێستا ئەچم خەبەری ئەدەمێ، الحمد لله سەلامەتی. پاش کاتژمێرێك گەڕایەوە و گوتی کاك جەوهەر منی تەکلیف کردووە لەگەڵ برادەران بتبەین بۆ پەرلەمان، ئیتر ئەوەبوو بە یاوەری بەڕێزان (حەیدەر فەیلی ئەندامی م.س حزبی شیوعی کوردستان و سەید حەسەن بەرزنجی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەر بە لیستی سەوزو مامۆستا مەلا محمد تاهیر زین العابدین ئەندامی پەرلەمان و سەر بە لیستی زەرد بە ئۆتۆمبێلێکی شەخسی کاك حەیدەر فەیلی لەسەر راسپاردەی کاك جەوهەر نامق، یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، منیان گەیاندە تەلاری پەرلەمانی کوردستان و بۆ ئێوارەش لەگەڵ مامۆستا مەلا محەمەدی مەلاقادر و بەڕێزان مەحمود محمد و مەئمون بریفکانی و کەریم فندی) لەگەڵ کاروانی (I.N.C)ی سەر بە بەڕێز ئەحمەد چەلەبی گەیشتینە مەسیف سەلاحەدین.

ئەو شەوی پێشووتر کە لە بارەگای حزبی شیوعی ماینەوە (بەندە و خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی و بابەکە و سالار عوسمان) لە ژێرزەمینەکەی

ئەو بارەگایە لەسەر چوار کورسی رەق و رووت کاتمان بەڕێدەکرد و لەو جێگایە تەلەفۆنێکی ئەرزیی لێبوو یەك دوو تەلەفۆنی برادەرانم کرد پاشان تەلەفۆنی ماڵی بەفرینی خوشکمم کرد کە پەروین و رێکان و لانەش لەوێ بوون، بە تەلەفۆنەکەم زۆر شاد و کەیف خۆش بوون چونکە ئەو دوو سێ رۆژ و شەوە هیچ هەواڵێکی منیان نەدەزانی و گوێیان لە هەندێ هەواڵی ناخۆش ببوو کە هەندێکیان باسی کوژران و هەندێکشیان باسی گرتنم لە لایەن یەکێتی نیشتمانییەوە کرابوو، بەڵام کاتێ تەلەفۆنەکەم کرد بە حەپەساوییەوە قسەیان لەگەڵ دەکردم و منیش دڵم دانەوە و گوتم شوێنم باشە و هیچ ترسێك لە ئارادا نییە دەمەویست باسی تالانکردنی ماڵەکەمان نەکەم، بەڵام پەروین وەکو ژنێکی خۆ راگر و بەغیرەت ئەو باسی کرد و گوتی (گرنگ سەلامەتیی تۆیە ماڵی دونیا بەقوربانی تۆ بێت المهم تۆ و ئێمە و منداڵەکان سەلامەتن خۆ ماڵی ئەوجارەمان لە ماڵی ١٩٧٤ زیاتر نییە کە حکومەتی بەعس لە بەغدا دەستی بەسەرداگرت و هەڕاجی کرد ماڵ دەبێتەوە، بەڵام لە هەموو گرنگتر (شێرکۆ و شلێر)ی د. حسێن بارزانی بە سەلامەتی چوونە ماڵی کاك تەلعەت نادر، دوێنێ کە بە رێککەوت تەماشای ئاسەواری ماڵ تالانچووەکەمانم بەسەرکردەوە کە هیچی باشی تێدا نەمابوو ئەوەی دیکەش کە پێیان نەچووە شکاندبوویان و فڕێدرابوون، لەو کاتە کە تەماشای ئەو دیمەنە تراجیدییانەم دەکرد (خەرمان خانی فوئاد مەستی کە خێزانی کاك تەلعەت نادرە) سۆراغی پەساپۆرتی شێرکۆ و شلێری دەکرد کە لەماڵەوە لای ئێمەیان دانابوو، باش بوو پاش گەڕان و سووڕان بەناو ماڵە تالانکراوەکەدا لەنێوان کتێبە دڕاوەکان و شووشە شکاوەکاندا دەگەڕاین لە لایەکەوە هەردوو پاسپۆرتەکەمان بەدیکرد کە لەناو کیسەیەکی نایلۆن فڕێدرابوو، الحمد لله بە سەلامەتی دامەوە دەستی خەرمان خان).

ئەوجا لە تەلەفۆنەکە نۆبە هاتە سەر لانە، لانەی کچم کە تەمەنی ١٢ ساڵان بوو پۆلی شەشی سەرەتایی بوو و زۆر بە منەوە هۆگر بوو دیاربوو لەکاتی قسەکردنی دایکی لەگەڵ من هەوڵی ئەوەی دەدا کە زووتر تەلەفۆنەکەی لە

دایکی وەربگرێت و قسە لەگەڵ من بکات، کاتێ تەلەفۆنەکەی کەوتە دەست یەکسەر گوتی (بابە ئەوە بۆ وامان بەسەرهات، لەگەڵ قسەکردن قوڕگی پڕ گریان دەبوو، بەڵام من هەر دڵم دەدایەوە، لەپڕ گوتی بابە بۆ دەبێ ماڵی پاسەوانانی کوردستان بدزرێ و تالآن بکرێت، ئێمە شایانی ئەوە بووین)، لێرەدا دێمە سەر باسی بۆ (رستەی پاسەوانانی کوردستان) لەو کاتە بەکاریهێنا، کاتی خۆی کە رێکان و لانە لە دوو قۆناغی جیاوازدا چوونە قوتابخانە، لە سەرەتادا فێری ئەزبەرکردنی شیعری کوردی بێکەس و دڵدار و عەونی و دڵزارم دەکردن کە هەمووی پێداگوتن بوو بە کوردستان لە سەردەمی پێش راپەڕین بۆ ئەوەی ببێتە قەڵغانێك هەتا لە فکر و بۆچوونی حزبی بەعس بیانپارێزم چونکە ئاشکرایە کاتی خۆی سەدام حسێن سەرۆکی عیراق وتە و بۆچوونێکی هەبوو کە دەیگوت (لەسەر ئێمە ئەرکە کەوا لە رێگای منداڵەکان گەورەکان گەمارۆ بدەین). یەکێ لەو شعرانەی کە فێرم کردبوون شعرێکی (عەونی)ی باوکم بوو کە دەڵێ:

*ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم*

*قەتلوعامی تورکەکان و غـــــــارەتی ئێران دەکـــەم*

منیش لە وەڵامی (لانە)دا کە پرسی (پاسەوانانی کوردستان بۆ دەبێ ماڵیان بدزرێ و تالآن بکرێت)، گوتم کچی خۆم لانە دەبێ بزانی پاسەوانانی راستەقینەی کوردستان ئەوان تووشی ناخۆشی و چارەنووسی نادیار دەبن، بەڵام ئەوەی جێگای داخە کە نابێت کورد لەسەر دەستی کورد ماڵ و ژیانی لێ تێکبچێت، بەڵکو ئەمە کار و فعلی دوژمنانی کورد و کوردستانە کە نابێت کورد بیکات، بەڵام بەداخەوە ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو رۆژێك دێت مێژوو موحاسەبەیان بکات، ئەوجا پرسیاری کتێك ئەلبوومەکانی لێ کردم چونکە ئەو و رێکان لە دایکیان زانیبوویان کە ماڵمان تالآن کراوە، گوتم کچی خۆم وێنەی جوانتر دەگرین و بە ئومێدی خوا شەهادەکانی مەکتەبیشتان بۆ پەیدا دەکەمەوە (چونکە یەکێ لەو کارانەی هەمیشە پەیڕەوم دەکردن هەڵگرتنی

شەهادەکانی قوتابخانەیان بوو کە هەموو ساڵێك لەگەڵ وێنەیەکی تازەی خۆیان لە دەفتەرێکی قەشەنگ بۆم هەڵدەگرتن، سەرەڕای چەندین قسە و بابەتی دیکە کە لەو چوارچێوە نەچوونە دەرەوە.

دەربارەی ئەم چیرۆکەش بابەتێکم بە عەرەبی لە کتێبی (ذاكرة الأيام) کە ساڵی ۲۰۱۱ بڵاومکردۆتەوە لەژێر ناوونیشانی (مرثية لمحطات ثلاث تعرضت فيها ممتلكاتي ومكتبتي و أوراقي وشهادات أولادي للنهب والضياع).

ئێوارە دونیار تاریك ببوو کاتیێ گەیشتینە هاوینەهەواری سەلاحەدین، دونیایەکی کشومات، برادەرانی سەرکردە کە هەموومان کاك جەوهەر نامقی رەحمەتی مشووری پێشوازی و رەوانەکردنی بۆ سەلاحەدین رێکخستبووین، کاتیێ گەیشتینە هاوینەهەواری سەلاحەدین هەریەکە بە لایەکدا رۆیشت، کەس برای کەس نەبوو، کاتێك چووەمە بارەگای (م.س) تەنها شەهید فرەنسۆ هەریری–م دیت کە لە ژوورەکەی خۆی بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشتبوو و کە ژوورەکەی لایەکی بۆ خەوتن تەرخان کردبوو و لایەکیشی بۆ دانیشتن و پێشوازی رێکخستبوو، کاتیێ سڵاوم لێکرد زۆر بە گەرمی لەبەرم هەڵسا و خۆشحاڵیی خۆی بەرامبەر سەلامەتبوونمان دەربڕی و گوتی لەگەڵ کاك جەوهەر لە پەیوەندیی بەردەوام دام و هەواڵی ساغوسەلامەتیی ئێوە و ماڵ تالانکردنەکەتم لە ئەوەوە زانی، گرنگ ئەوەیە سەلامەتن باش بوو هاتی یەکێتی لە خەڵکانی وەکو تۆ دەست ناپارێزیێ، چونکە دوو جار رقیان لە ئێوەیە هەم پارتین و هەم کۆیین، چونکە ئەو برادەرانە کۆیە بە ماڵی خۆیان دەزانن). هاتینە سەر قسە و باس و وردەکاریی ئەو بەجێهێشتنەی پارتی لە هەولێر کە بە قسەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ (بێئاگایی پارتی لە پلان و پیلانی یەکێتی و برادەرانمان لە هەولێر زۆر بێخەم بوون و راپۆرتی راستیان بە کاك مسعود نەدەدا و باش لە وەزعەکەیان حاڵی نەدەکرد، لام سەیرە تەنها ئەگەر بە حیمایەکانیان شەڕیان بکرایە کە بە مەزەندەی من (۱۰۰۰) چەکدار زیاتر نەبن کەمتر نین، بەڵام بەداخەوە هەمووی راکە راکەیان بوو، من لەجیاتیی کاك مسعود بم جاریێ نا کاتەکەی ناسکە، بەڵام لە دواڕۆژ پێویستە موحاسەبە

بکرێن بۆ ئەم شەرمەزارییەی بەسەر پارتییان هێنا)، تاکو کاتژمێر (١٠)ی شەو لای مامەوە لە ژوورەکەی ئەو تەلەفۆنم بۆ (د. حمید ئاکرەیی) کرد کە دۆست و هەڤاڵێکی دێرینی منە و لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو کاتیَ قوتابیی زانکۆی بەغدا بووین ئەو (د. حمید) لێپرسراوی کۆلیژی ئەندازیاری بوو لە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە بەڕاستی نموونەی قوتابییەکی زیرەك و کادرێکی بەتوانای یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو و راستەوخۆش پەیوەندیی رێکخستنی لەگەڵ بەندەدا بوو کاتیَ تەلەفۆنەکەی هەڵگرت گوتی (ئەمرکە کاك فەرەنسۆ چیی تازە هەیە) منیش لە وەڵامدا گوتم کاك فەرەنسۆ نیم، فەرهاد عەونیم بۆیە یەکسەر بە دەنگێکی بەرزتر هاواری کرد (کورە فەرهاد ئەوە لەکوێی، لە مەسیفی یاخوا بەخێر بێی)، منیش لە وەڵامدا گوتم (بەڵیَ لە مەسیفم، بەگاڵتەوە گوتم لە لێقەوماوەکانم شوێنم نییە بۆ حەوانەوە فکری تۆم کرد)، سەد جار ماڵی ئاوا بێت هەروەکو خەسڵەتی بەخشندەیی و پیاوەتیی خۆی ئەوجارە بە دەنگێکی بەرزتر گوتی (مادام لای کاك فرەنسۆی هەر ئێستا دێم بەشوێنت، جێگا و رێگای باشم هەیە، ئەوا هاتم)، دە دەقیقەی پێنەچوو د. حەمید ئاکرەیی هات و پاش دانیشتنی چەند خولەکێك خواحافیزیمان لە کاك فرەنسۆ کرد، د. حەمید ئاکرەیی خەسڵەتێکی دیکەی جوانی هەیە هەمیشە دەم بە پێکەنینەوە و زۆر بە سادە و گاڵتەوە مامەڵە دەکات، ئینجا لەناو ئۆتۆمبێلەکەی رووی تێکردم دیسان بە گاڵتەوە گوتی (کورە فەرهاد بۆ شەڕت نەکرد، سیلاحەکەت باش نەبوو.. فیشەکت لیَ بڕا) منیش یەکسەر لەسەرخۆ گوتم (برای دەدلال وەختی فشە و گاڵتە نییە با بگەینە جێگای حەوانەوەت قسەت بۆ دەکەم)، کاتیَ گەیشتین دیتم شوێنەکەی ئەو بریتییە لە کابینەیەکی دوو ژوور و مەتبەخ و توالێت، چەند کابینەیەکی دیکە لەم لا ئەو لای هەبوو، د. حەمید ئاکرەیی لێپرسراوی تەکنیکیی ئامێری بیَ تەل و پەیوەندییەکان و پەخشی تەکنیکی تەلەفزیۆنی کوردستان و ئێزگە بوو، هەر زوو چایەکی بۆ لێنام و گوتی (من ئەمشەو بەجێت دەهێڵم ئەو شوێنە بۆ تۆیە تاکو بێزار دەبیت، سەلاجەکەم خواردن و نانی تێدایە ماڵ ماڵی خۆتە (ئەوجا بە گاڵتەوە)

زۆر فکری لێ مەکە کاك مەسعود خۆش بێت هەموو شت چاك دەبێت)، چەند شەوێك لەو شوێنەی د. حەمید مامەوە پاشان کە رۆژانە سەردانی کاك فرەنسۆم دەکرد ئاگاداری بارودۆخەکە دەبووم و ئەویش لە پەیوەندیی تەواو دابوو لەگەڵ کاك جەوهەر، پاشی سێ چوار رۆژ چوومە لای کاك فرەنسۆ پێی گوتم (کاك جەوهەر دەڵێ با فەرهاد هەر ئەمڕۆ بچێتە میوانخانە تایبەتییەکەی مەسیف (دار الضیافة)، منیش بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە د. حەمیدم بەجێهێشت و چوومە میوانخانە کە شوێنێکی خۆش و دڵڕفێن و پاك و خاوێن و بێدەنگ بوو.

تەها ئاکرەیی ئەوکاتە لێپرسراوی ئیدارەی میوانخانەکە بوو، ژوورێکی بۆ تەرخان کردم و خزمەتگوزارییەکانی تێگەیاند کەوا بەندە (موانێکی ئازیزە)، میوانخانەکە لە سەرووی پشتەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی بوو لە شوێنێك کە لە هەولێری دەڕوانی شوێنێکی خۆش و رێکوپێك بوو کاتێ میوانانی دەرەوە دەهاتن لەو شوێنە دەحەوانەوە و یاخود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کاتێ ئەوانەیماڵیان لە دەرەوەی مەسیف سەلاحەدین بوو شەوانە لەوێ دەمانەوە کە هەندێکیان ژووی تایبەتییان هەبوو، من لە ژوورەکەی کاك جەوهەر نامق جێگیر بووم چونکە ئەو لەو ماوەیەدا سەرەڕای سەرۆکایەتیی پەرلەمان پەناگیری پەرلەمانتارانی پەناگیری کوردستانی دەکرد، سەرەڕای مەشغەڵەتی بە کاروباری هەمەجۆر کە دەتوانم بڵێم (لەولەب)ی ئیشوکارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان I.N.C و ئەحمەد چەلەبیش بوو.

پاش گەیشتنی برادەران ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن کە بریتی بووین لە (بارزان مەلا خالید، رێبوار یەڵدا، زاهیر رۆژبەیانی، ئاسۆ کەریم، سەرۆ قادر، کاروان ئاکرەیی، نەژاد عەزیز سورمێ و بەندە)، پاشانیش کاك ئاریان فەرەجیش لەو قۆناغەدا بووە ئەندام لە هەمان مەکتەب کە هەندێکمان لێپرسراوی دەزگایەکی راگەیاندن بووین، رۆژانە بۆ ماوەی چەند کاتێك لە ژوورەکەی کاك سامی عبدالرحمن کۆدەبووینەوە باسی لە هێڵە

گشتییەکانی ڕاگەیاندنی ئەو ڕۆژە دەکرا کە ئەوکاتە ئەوەی لە گۆڕێ مابوو (کوردستان تی ڤی، ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو، پاش ماوەیەکیش ئێزگە و تەلەفزیۆنی گولانیش کەوتە کار)، تاکە دەزگا کە پەکی کەوتبوو دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات بوو کە لە هەولێر بارەگایەکەی تالان و داگیر کرا بە هەموو کەلوپەلەکانییە لەو بارودۆخە هەستیارەدا چەندین خەم و کێشە بەرۆکی گرتبووم. خەمی ماڵ و ئەرشیف و کتێبخانە و شەهاداتی ڕێکان و لانە، خەمی ماڵی باوکم (دایکم و پورە عاسمە و جوانی خوشکم)، خەمی دلێری برام کە لە کۆیە مابۆوە و خەمی لەدەستچوونی ساڵی خوێندنی ڕێکان و لانە (ڕێکان بە نمرەیەکی ۷. ۹۳ کە ئەوساڵە بەرزترین نمرە لە ۹٥ تێپەڕی نەکردبوو بە پێچەوانەی ئارەزووی من کە حەزم دەکرد بچێتە کۆلێژی پزیشکی و ببێتە دکتۆر، بەڵام لەو ساڵەدا حەزی لە کۆلێژی ئەندازیاری تەلارسازی دەکرد و ناوی لەو (١٠) قوتابییە وەرگیراوەکانی پێشەوەی ئەم کۆلیژە بوو، بەڵام ناچار بوو ئەویش خوێندن بەجێ بهێڵێت لەگەڵ ئێمە لە سەلاحەدین بژی چونکە ئەوساڵە کۆلیژی ئەندازیاری تەلارسازی لە زانکۆی دهۆك نەبوو، لانەش لە ئاکامی ئەو ڕۆژە ڕەش و نالەبارەدا کە وەکو منالێکی ١٢ ساڵە ئەم بەزمە تاڵەی پێ تەحەمول نەدەکرا و ئەو ساڵە نەیخوێند کە بۆ من لەکیس چوونی ساڵی خوێندنی منداڵەکانم زۆر قورس بوو، گەرچی منیش ساڵی خوێندنی ١٩٦٣-١٩٦٤م لەکیس چوو بوو کاتێ با خاو و خێزانەوە لەپاش کودەتا ڕەشەی (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣وە و لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ پێش ئەوەی سوپای عیراقی بگاتە کۆیە ئێمە بەرەو ناچوەی قەڵادزێ و گوندی هەڵشۆی سەرسنوور چووین و مامە عومەر و بەندەش بەرەو ماوەت کە بارەگای دادگای بەرزی شۆڕشی لێبوو، هەروەها خەمی داگیرکردنی هەولێر کە پایتەختی باشووری کوردستان بوو کە ئاوات و هیوا و چاوی هەموو نەتەوەی کورد بوو کە لە ئاکامی ململانێیەکی (جاهیلانەی سەقەت) ملاملانێیەکی سەردەمی قۆناغی جاهلیەتی عەرەب کە شەڕی نێوان دوو هۆزی عەرەب (داحس، غەبرا) لەسەر هیچ چل ساڵی خایاند، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد چل

ساڵەکەشمان تێپەڕاند، بەڵام هەر ئاقڵ نەبووین و بەداخەوە وەکو دەبینم (ئێستاش ٢٠١٥/٦/١١ ئاقڵ نەبووین)، هەر رۆژە فلمێکی تازەی ململانێی سارد نمایش دەکرێ لە رۆژگارێکدا داعشی خوێن مژ جیرانمانە لەگەڵ بەغدا پەیوەندییەکانمان وەکو دەڵێن لەسەر پشتی (گا)یە و (گا)یەکەش لەناو شرە بەلەمێکی ناو ئۆقیانووسە بە کەمترین جووڵەی ئاوەکە یاخود گایەکە هەموو نقوم دەبێت ئەوجا خەمی لەگۆڕ نانی بە زیندوویی هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات و تالان و دزینی سەراپای کەلوپەل و ئەرشیفەکانیان لە هەموو خەفەتەکان گەورەتر گوێ نەدانی لێپرسراوانی پارتی بوو کە هەرگیز بیریان لەو دوو رۆژنامەیە نەدەکردەوە، ناوە ناوە پەنام بۆ کاک سامی دەبرد و ئەویش هەر جارە بە شێوەیەك وەڵامی دەدامەوە، کە کرۆکی قسەکانی بریتی بوو لە (کاکە فەرهاد جارێ لێی بگەڕێ وەزعەکە موعەقەدە، پارە کەمە، با ئێمە ئەهەمییەت بە تەلەفزیۆنی مەرکەزی بدەین، رۆژنامە ناگاتە دەستی هەموو کەس لەم وەختە، بەڵام ئێزگە و TV کادری حازرن لە هەمووماڵێك لە کوردستان جارێ بوەستە، لم يأت أوانها)، دەمزانی کاك سامی ناحەق نییە، ئەویش ئەو کاتە ئەو پارەی لەژێردەست نەبوو، یەك دوو شوێنی دیکەم بەسەرکردەوە بەڵکو دڵیان نەرم ببێت نەختێ پارەم بۆ پەیدا بکەن، لەوانەیە یەکێك پرسیارێك بکات باشە دەزگای برایەتی و خەبات خۆی هیچ پاشەکەوتێکی نەبوو.. بۆ وا زوو کەوتە سەر ساجی عەلی، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەجێیە دەڵێم بەداخەوە هەندێ جار مامەڵەی سەرکردایەتی لە رووی دارایی و غەیری داراییەوە بە شێوازێکی زۆر هەڵە و نالەبار دا دەچێتە رێوە وەکو دووکاندارێکی چاوبرسی مامەڵە لەگەڵ کڕیار دەکات، سیستەمی مامەڵەکردن لە رووی داراییەوە کاتێ من بەرپرسیارێتیی دەزگایەکەم وەرگرت سەری هەموو مانگێك دەبووایە چاوەڕوانی رەحمەتی مەکتەبی ناوەندیی دارایی بکەیت، ئەوجا لای ئەوان گرنگ نەبوو دوو رۆژیش پێش دەکەوێ یاخود حەفتەیەك دواکەوێ، رۆژنامە و کارمەندەکان بەم شێوازی مامەڵەکردنە راهاتبوون، کاتێ پرسیاری کاك ئەسعەدم کرد لەم بارەیەوە چونکە چاودێری بەشی داراییشی دەکرد لە وەڵامدا

گوتی (کاکی خۆم مەکتەبی دارایی بە کەیفی گونی خۆیانە دەیدەن یان نایدەن، کەیفی خۆیانە من ئەو قووەتەم نییە لەسەریان کەوا ئەو مامەڵەیە بگۆڕن)، دوو سێ مانگ تەحەمولی ئەو بارە نالەبارەم کرد، وابزانم کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ بوو کاتێ بودجەی برایەتی و خەبات دواکەوت، منیش بە هێمنی سەردانی خوالێخۆشبوو کاک سامیم کرد لە نووسینگەی خۆی لە سەلاحەدین، پاش بەخێرهێنانم ئەو گفتوگۆیە لەنێواندا روویدا:

**کاک سامی**: خێرە بە بێدەنگی هاتووی و کەست لە برادەران لەگەڵ نییە؟!

**بەندە**: بەڕاستی کاک سامی بۆ مەسەلەیەك هاتووم ئەگەر چارەسەری بنبڕم بۆ نەدۆزییەوە ناتوانم لە ئیشوکارەکانم بەردەوام بم.

**کاک سامی**: دیسان مەسەلەکەی (طه حسین)ـە (کاک سامی پێشووتر هەر لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ بە حوکمی لێپرسراوێتیی کە باسم لێوە کردووە منی باش دەناسی کە چەند لە ئیشوکاردا جدیم و ئەملا و ئەولام نییە، چەندین جاریش بابەتەکەی (طه حسین)م لەگەڵی باسکردووە، کە ئەویش بریتییە لەوە کە طه حسین کە وەزیر بوو لە حزبی وەفدی میسری هەمیشە بە دۆست و نەیارانی دەگوت (من هەمیشە نامەی دەستلەکارکێشانەوەم (استقالە) لە گیرفانم دایە ئەگەر زانیم کارەکە بە بۆچوون و دڵی من ناڕوات ئەوا نامەی وازهێنانەکەم پێشکەش بە سەرۆك وەزیران دەکەم)

**بەندە**: کاك سامی بەندە ئەو جۆرە مامەڵەیەم لا پەسەند نییە مەکتەبی ناوەندی دارایی بە میزاج مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، نازانم مامۆستا (حبیب محمد کریم) چۆن رازی بووە، ئەگەر بۆمی چارەسەر دەکەیت ئەوا (خیر علی خیر) ئەگەر جەنابیشت پێت چارەسەر ناکرێت ئەوە کلیلی ژوورەکەم و هەر ئێستا نامەیەکی طه حسێن ئاسات پێشکەش دەکەم، دوو رۆژنامە زیاتر لە ١٠٠ کارمەندی تێدایە بەم شێوە دواکەوتووە مامەڵە دەکرێت، خۆ من سواڵ ناکەم هەموو مانگێك دە جار تەلەفۆنیان بۆ دەکەم ئەوجا نییە و ئیشەڵا سبەی و دوو سبەی، جاریێ راوەستن، وەلامم دەدەنەوە.

**کاک سامی**: فەرهاد لێت ناگرم من لای برادەرانیش جدییەت و ڕێکوپێکیی سەردەمی یەکێتیی قوتابییان و ئیدرەی ڕۆژنامەی (التاخی)م بۆ باسکردوون، هەندێك لە برادەران شارەزای ئەو خەسڵەتەی تۆ نینە، بەهەرحاڵ من قسە لەگەڵ برادەرانی دارایی دەکەم، نووسراوێکیشیان بۆ دەنێرم کەوا ئەو مەسەلەیە عیلاج بکەم.

**بەندە**: کاک سامی ڕەجات لێ دەکەم بە عوموميات ئەم مەسەلەیە چارەسەر ناکرێت، ئەگەر برایەتی و خەبات ڕۆژێك لە دەرچوون دوابکەوێ جەنابت و مەکتەبی سیاسی قەبوڵی دەکات!

**کاک سامی**: پێم ناڵێی تۆ چۆن و چیت دەوێ؟

**بەندە**: کاک سامی ئەوەی من داوای دەکەم هەموو (٢٠)ی مانگێك میزانییەی دەزگای برایەتی و خەبات تەسلیم بە بەڕێوەبەری ژمێریاریی دەزگا بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش هەموو (٢٥)ی مانگێك مووچەی کارمەندان و ڕۆژنامەنووسان بدەین سەرەڕای پێداویستییەکانی مانگانەی دەزگا، دوو جۆری تەسویەی حسابات لەگەڵ ئێمە زۆر بە ناڕێکی بەڕێوەدەچێت، بۆ نموونە ئەگەر موحتاجی ١٠٠ دینار بین (ئەو کاتە دینار چاپی سویسری بوو) بۆ کاری پێویست ڕۆحمان دەردەچێت ناماندەنێ تاکو تەسویەی حساباتی مانگی پێشووتر نەکرێت، ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ ڕۆژنامە ناکرێت. سێیەم: جۆری تەسویەکردنەکەش هەموو جار ٧-١٠ ڕۆژی دەوێ، لە پێشەوە ئێمە دەینێرینە مەکتەبی ناوەندی دارایی، ئینجا پوختەی تەسویەکە دەچێتە لای مامۆستا (علی عبدالله)ی جێگری سەرۆکی پارتی، مامۆستا علی عبدالله-ش خۆت دەزانی چەند وردەکار و وردبینە هەموو مانگێك یەك لیستە سەرنج و ئامۆژگاریمان بۆ دەنووسێ کە ناتوانین لێی دەرچین، بەڵام کاك سامی سەرنج و تێبینییەکانی مامۆستا عەلی بەسەر سەر و سەرچاو، بەڵام ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ جۆری کاری ڕۆژنامەنووس پیادە ناکرێت، دەبێت جۆرە مرونەتێك لە مامەڵەکردندا لەگەڵ دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات پەیڕەو بکرێت چونکە جۆری مامەڵەی دارایی لەنێوان سەرکردایەتی لەگەڵ لق و ناوچەیەکی

پارتی جیاوازیی دەبێت هەبێ لەگەڵ دەزگایەکی رۆژنامەنووسی خۆ جەنابت (خير العارفين)ـی

**کاک سامی**: کاک فرهاد (رأيك صائب وقابل للحل)، ئیشەڵا حەلی دەکەم.

ئەم چیرۆکە درێژدادڕە روونکردنەوەیەکی پێویست بوو بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لەوانەیە بووروژێ دەربارەی پاشەکەوتی مانگانەی دەزگای برایەتی و خەبات کە مانگە و مانگێك ئەگەر تا دوا دینار تسویە نەکرابا یەك دینارت وەرنەدەگرت، بەهەرحاڵ ئێمە لەو رۆژەوە هاتنی بودجە هەموو مانگێك ٢٠ی مانگ وەرماندەگرت، ئێمەش لە بەشی دارایی هەموو مانگێك ٢٥ی مانگ مووچە دابەش دەکرا تاکو ئەوەی رۆژی کە دەزگام بەجێهێشت ئەو سیستەمە بەڕێوەدەچوو، کارمەندان و رۆژنامەنووسانی دەزگا ئێستاش زۆر باسی رێکوپێکیی مووچە و دەرماڵەی ئەو سەردەمە دەکەن کوا چۆن بەندە ئەم مەسەلەیەم رێکخستبوو کە یاریی لەگەڵ نەدەکرا.

ئەوجا کاتێ شەڕی برایان لە دوا مانگی ساڵی ١٩٩٤ روویدا وابزانم رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٢ مووچەمان دابەشکرد و نەمهێشت یەك تاکە کەس مووچەی بفەوتێ.

هەوڵەکانم لە کاك سامی کە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن بوو بێ ئامانج بوو دەربارەی دەرچوونەوەی رۆژنامەی برایەتی و خەبات چونکە ئەویش هەر هێندەی پێدەکرا لە کاتێکدا ئێزگە و TV گوڵان کەوتنە خۆ و دەستیان بە پەخش کرد چونکە جۆر و بڕی سەرچاوەی بودجە و دارایی ئەوان جیاواز بوو لەگەڵ ئێمە بە بڕ و جیاوازییەکی زۆر سەرەڕای ئەوەی برایەتی و خەبات ئۆرگانی راستەوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بەڵام هەمیشە تاکو ئێستاکەش لەو جیاوازییە بەدی دەکرێت کاتێ کە بەراوردی (رووداو TV و کوردستان TV) دەکەیت هەمان جیاوازیی نێوان دەزگای گوڵانی ئەو سەردەمە و دەزگای برایەتی و خەباتی (١٩٩٤) بەدوواوە بەدی دەکەی ئەوجا نازانم ئەوە چ جۆرە سیاسەتێکە کە پەیڕەو دەکریت کە تێیدا ئۆرگانەکان برسی و دەزگاکانی دەرەوەی ئۆرگانەکان تێر و تەسەل، هیوادارم

بەرپرسانی پێشووی گوڵان و رووداوی ئێستا وا لێك نەدەنەوە كەوا ئیرەییان پێ دەبرێت، چونكە ئەو بابەتە شەخسی نییە و سووچ و گوناهی لێپرسراوانی دەزگا راگەیاندنەكانی غەیرە ئۆرگانەكان نییە بەڵكو راستەوخۆ و نا راستەوخۆ گوناحی ئەو سیاسەت و ئەو بۆچوونە زێدە سەقەت و هەڵەیەیە كە پەیڕەوی (بانێكە و دوو هەوایە) دەكرێ كە تێیدا دەبیندرێ لەگەڵ رێزم بۆ لێپرسراوانی دەزگاكانی راگەیاندن (ئۆرگانەكان) كە چۆن خوێنەر و بینەری ئەو دەزگا ئۆرگانانە لە كەمی دەدەن بە رادەیەك كە باوەڕ ناكرێ لە كاتێكدا جەماوەری دەزگا غەیرە ئۆرگانەكان لە زیادی و پێشڕەوی دان، نەشم زانیوە رۆژێك لە رۆژان نە كۆن و نە ئێستا لێپرسراوەكانی مەكتەبی ناوەندیی راگەیاندن ئەم بابەتەیان لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی پارتی یاخود مەكتەبی سیاسی باسی كردبێت بە پێچەوانەوە بە بەڵگە لە بەشەكانی داهاتووی ئەم بیرەوەرییانە كە چۆن هەندێ لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی بە ئاشكرا دژایەتیی رۆژنامەی برایەتییان دەكرد و هۆكاری درووستكردنی بڕیاری هەڵە و نادرووستیش بوون لە ناوەندی بڕیار بەرامبەر بە بەندە و برایەتی كە لە شوێنی خۆی باسی لێوە دەكەم.

دەرنەچوونی برایەتی و و خەبات بێتاقەتی كردم، رۆژانە بەبێ كار دەبووایە سەردانی نووسینگەی كاك سامی بكەین پاشان هەركەسەو بە لایەك كاتی بەسەردەبرد.

لە سەرەتای مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا بە رێككەوت خوالێخۆشبوو كاك (جەوهەر نامق)ی سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامی مەكتەبی سیاسی و خاون ئیمتیازی رۆژنامەی برایەتی بە سەردان بۆ ئیشوكاری تایبەتی سەردانی هاوینەهەواری سەلاحەدینی دەكرد چونكە ئەوكاتە ئەو بە بەردەوامی لە باڵەخانەی پەلەمانی كوردستان بوو لە هەولێر لەگەڵ پەرلەمانتارانی پاناگیر، بەڵام كە بۆ شەو و رۆژێك دەهاتەوە یەكترمان دەدیت، دواجار لە سەرەتای مانگی شوباتی ئەم ساڵە سەردانی سەلاحەدینی كرد و باسی (هموم)ی خۆمم بۆ كرد و دەربارەی دەرنەچوونی برایەتی و خەبات قسەیەكم بۆ كرد كە تا

رادەیەکی زۆر کاری تێکرد، قسەکەشم گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆژانی بەجێهێشتنی شێخ نەمر شێخ مەحمودی حەفید بوو کاتێ ئینگلیزەکان سلێمانییان بۆردومان کرد و تەنگیان پێ هەڵچنی و ناچار بوو سلێمانی بەجێبهێڵێ بەرەو دامێنی زنجیرە چیای سورداش و لە ئەشکەوتی (جاسەنە) بگیرسێتەوە و لەم ماوەیەدا لەگەڵ ئەو ڕۆژە سەختانە و نەبوونی ئامێر و دەزگای چاپ لەناو ئەو دار و بەردە ڕووت و دوور لە شارستانییەت توانی ڕۆژنامەی بانگی حەق لە ساڵی ١٩٢٣ لەو شوێنە و لەو بارودۆخە دەربکات، ئێستا ئێمە پاش (٧٢) ساڵ (ساڵی ١٩٩٥) لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بەو ئیمکاناتە گەورەیەی پارتی و هاتنی کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس لە هەولێرەوە بۆ ئێرە ئەوجا ناتوانین ڕۆژنامە دەربکەین!، لە وەڵامدا کاك جەوهەر گوتی (برای خۆم خۆت دەزانی من لە هەولێرم تۆ ڕاستەوخۆ پەیوەندیت بە کاك سامییەوە هەیە، تۆ لەناو مەسەلەکەی، من چی دەتوانم بیکەم بۆتان، هەر ئێستا بیرۆکەیەکم بۆ هات، وەرە با پێکەوە سەردانی (ئەحمەد چەلەبی) سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقی I.N.C بکەین ئەو دەتوانێ یارمەتیت بدات لە ڕووی هونەرییەوە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ کاك جەوهەر و بەندە بەرەو ماڵی ئەحمەد چەلەبی چووین کە لە یەکێ لە خانووەکانی گەڕەکی خوارەوە بوو لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، چەلەبی دۆستایەتیی لەگەڵ کاك جەوهەر خۆش بوو و چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و کادیرانی پارتی کە لە هەولێر مابوونەوە بە تەکلیفی کاك جەوهەر و ڕەزامەندیی چەلەبی بە ئۆتۆمبێلەکانی I.N.C کە چەلەبی سەرۆکایەتیی دەکرد لە هەولێرەوە گەیاندرایە سەلاحەدین، ئەو ئێوارەیە کاك جەوهەر و چەلەبی باسی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەیان دەکرد کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ یاخەی کوردستانی گرتبوو، پاش ماوەیەك کاك جەوهەر منی بەتەواوی بە چەلەبی ناساند و گوتی (فەرهاد وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی و لێپرسراوی دەزگای (برایەتی و خەبات)ـە خۆت دەزانی هەولێر چیی بەسەرهاتووە لەو ڕۆژەی یەکێتیی نیشتمانی داگیری کردووە هیچی لەسەر هیچ

نەماوە ئێستا جەماعەتی رۆژنامەش دەستەوەستان دانیشتوون، فەرهاد زانیویەتی کە ئێوە ئامێرێکی چاپکردنی رۆژنامەتان هەیە، دەکرێ ئەو داخوازییەتان لێ بکەین کەوا تاکو دەرفەتێك دەڕەخسێ بۆیان سوود لە ئامێرەکەی ئێوە وەربگرت).

کاتێ کاك جەوهەر لە قسەکانی تەواو بوو، چەلەبی هەر یەکسەر گوتی بەسەرچاو (بعیونی تتدلل، استاذ جوهر) و دەستی بۆ تەلەفۆنە ئەرزییەکەی تەنیشتی برد و کەوتە قسە و گوتی (چاوەکەم باوکی... کاك فەرهاد عەونی دێتە لاتان بە مەبەستی چاپکردنی رۆژنامەی برایەتی بە ئامێری (رێزۆگراف)ـی ئێمە، هەموو ئاسانکارییەکی بۆ بکەن، پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات).

(بۆ زانیاریی خوێنەر ئەو ئامێرەی چاپ بریتی بوو لە ئامێرێکی تازەی وڵاتێکی ئەوروپی کە بە وەرەقە ستێنسڵ لە شێوازی رۆنیۆ کاری دەکرد، بەڵام زۆر پێشکەوتووتر کە بە هیچ شێوەیەك ئاسەواری مرەکەبی بەجێ نەدەهێشت، لە یەك کاتژمێردا (١٠٠٠–١٥٠٠) دانە کاغەزی جۆری (A٣)ی چاپ دەکرد).

ماڵی چەلەبی ئاوەدان بێت کە قەت ئەو چاکەیەی ئەوم لەبیر ناچێتەوە چونکە بەڕاستی لە کێشەیەکی گەورە رزگاری کردم (ماڵی ئاوابێت)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێی راگەیاندم کە ئەو بە هیچ شێوەیەك رازی نابێت کەوا (هەفتەنامە)ی (گوڵان)ی لێ چاپ بکرێت (چونکە ژمارەیەکی پێش ئەوکاتە گوڵان کاریکاتێرێکی ناشرینی رەخنە ئامێزی لەسەر چەلەبی بڵاوکردبۆوە).

بۆ ئەوەی مەسەلەکە لای من بە تەواوی یەکلا بێتەوە و بنبڕ بکرێت چونکە زۆر جار (گەورە) بڕیار دەدات، بەڵام لە خوارەوە یاخود (حاشیە) جێبەجێ ناکات، هەر رۆژی دوایی کارمەندی کارگێڕی لەشسوکی دەزگاکەمان (کاروان محمد سینۆ)م لەگەڵ خۆم بردە لای بارەگایەکەی چەلەبی ئەو بەشەی کە ئامێری چاپەکەی لێبوو کە لەخوار باڵەخانەی ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو بە مەبەستی ناسینی ئەو برادەرەی کە لێپرسراوی بەشی دەزگای ئامێرەکانی پەخش و چاپی I.N.C بوو و لەگەڵی رێککەوتین لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی چاپکردنەکە، ئەوجا مایەوە سەر پەیداکردنی (پێداویستییەکانی چاپ) کە

ئەویش پارەی گەرەکە، لە هاوینەهەواری سەلاحەدین کە بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندن و مەکتەبی سیاسی و... لێبوو پارەم پێ پەیدا نەکرا ناچار بیرم لە دهۆك کردەوە بەڵکو لەوێ بتوانم شتێك پەیدا بکەم چونکە ئەو دەڤەرە دەستی شەڕی ناوخۆی پێ نەگەیشتبوو، بیرم لە برادەرێکی خۆشەویست کردەوە کە ئەوکاتە ئەویش هەولێری بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بەجێهێشتبوو و لە دهۆك دەژیا، کە ئوتێل (قصر دهۆك)ی کردبووە جێی حەوانەوەی کە ئەویش کاك (سەرۆ نامق دزەیی) بوو، شەو بەدەم دانیشتنەوە لە بالکۆنی ژوورەکەی ئەو چیرۆکی ڕۆژنامەم بۆ گێڕایەوە لە سەرەتاوە تاکو ئێرە کە چۆن بێ پارەیی ڕێگای لە دەرچوونی ڕۆژنامەی گرتووە، کاتێ لە قسەکانم تەواو بووم یەکسەر ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستم بوو کە بریتی بوو لە (٣٥,٠٠٠) سی و پێنج هەزار دیناری چاپی سویسری بە (قەرزی حەسەنە) و بەبێ بەرامبەر لەبەردەستی دانام و گوتی (ئەوە بۆتۆیە، چونکە من تۆم خۆشدەوێ و دەزانم چەند خەمخۆری ڕۆژنامە و دەرچوونی ڕۆژنامەی، تاکو دەتبێت ئەوساکە من مەمنون بۆمی بگێڕەوە)، ئەو پارەیەم هێنایەوە سەلاحەدین بە ئاگاداریی کاك سەعید یحیا خەتات کە ئەو سەردەمە گەرچی سکرتێری نووسینی هەفتەنامەی خەبات بوو، بەلام بە کردە ئەو ئیشوکاری نووسینی لەبری سەرنووسەر خوالێخۆشبوو (فلك الدين كاكەیی) بوو کە بە هیچ جۆرێك بەلامانەوە نەدەهات و بە هیچ شێوەیەکیش لە خەمی دەرچوونی (خەبات)یش دا نەبوو، تەنانەت ڕۆژێك لە ڕۆژان داوەتی چایەکیشی نەکردین لە نووسینگە و ماڵی خۆی بۆ ئێمەی بێ ماڵ و سەرگەردان و هەلاتوو، لە هەمان کاتیشدا ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگای برایەتی و خەبات بەرە بەرە روویان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین دەکرد. هەریەکە و رووی لە شوێنێك دەکرد، ناچار سەردانی کاك سەباح بیت الله-م کرد کە بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو، ئەویش زۆر بە گیانێکی دۆستانە و هەڤالانە هاتە پێش و گوتی (لە لایەکی باڵەخانەی ئێزگەکە کە رووی لە شەقامە و چەند ژوورێك و دالانێکی گەورەی تێدایە بە شێوەیەکی کاتی بەشی ئێوە دەکات، کاتێ بە مەبەستی تەماشای شوێنەکەمان

کرد جێگایەکە زۆر ناڕێك و پشتگوێ خرابوو، بەڵام هەرچۆنێك بوو سوپاسی کاك سەباح بیت الله–م کرد و لەگەڵ کاك سەعید یحیا مشووری پاککردنەوە و ڕێکخستنمان خستە ئەستۆی خۆمان.

لە نێوانی دوو ڕۆژدا بە قەرزی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دیناریش لە کاك سەرۆ قادر توانیمان تەنها ئەرزەکەی بە کومبار رابخەین و پێخەڤ (١٠) کەس دابین بکەین لەگەڵ ڕێکخستنی شوێن خۆشوشتنەکە (حمام) بۆ شوێنی ئامادەکردن و چێشت لێنان و چەند جارێك بە دیتۆل پاکمان کردەوە، شوێنەکە پێنج ژووری تێدابوو، ژوورێکیان بۆ هەفتەنامەی خەبات و کاك سەعید یحیا دانا و ژوورێکی گەورەتر بۆ دانیشتن و کارکردنی ڕۆژنامەنووسانی برایەتی و ژوورێکیش بۆ تایپێستەکانی هەردوو ڕۆژنامە، ژوورێکیش بۆ نووستنی ئەو ڕۆژنامەنووس و کارمەندانەی شوێنی حەوانەوەیان نییە و ژووری پێنجەمیش بۆ هەردوو کارمەندی تایپێستی ئافرەت (پەیمان فەرهاد و زەینەب جوبرائیل) کە بەڕاستی دوو ڕۆڵەی بێ کێشە و پاك و لێهاتو بوون، لە هەمان کاتیشدا کوڕێکی باشی چێشتلێنەری پاکوخاوێن و دڵسۆز (کاکە سەبری) کە مەسیحیی خەڵکی شەقڵاوە بوو و هەواداری حزبی شیوعی بوو، زۆر دڵسۆزانە خزمەتی ئەو (١٠–١٥) ڕۆژنامەنووس و کارمەندەی برایەتی و خەباتی دەکرد، لێرەدا جارێکی دیکە د. حەمید ئاکرەیی بە هانامانەوە هات ئەویش بە دابینکردنی سێ ئامێری کۆمپیوتەری جۆری (ماکنتۆش) لە مەکتەب سەرۆك، چونکە لە پێشەوە نیشانم داوە کە د. حەمید ئاکرەیی لە لایەن مەکتەبی سەرۆکەوە لێپرسراوی هەموو ئامێر و ڕێکخستنی ئامێری پەیوەندییەکان (شبکە الاتصالات)، کاتێ باسی ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ کرد هەر زوو گوتی نامەیەك بنووسە بۆ مەکتەب سەرۆك ڕەزامەندیت بۆ وەردەگرم و بۆتانی دابین دەکەم و کارەباش لە ئێزگەی دەنگی کوردستان بۆ رادەکێشم، لە ماوەی چەند ڕۆژێك بارەگای تازەی دەزگای برایەتی و خەباتمان ڕێکخست و (٣) ئامێری کۆمپیۆتەرمان بۆ هات و دانرا و تەزووی کارەبامان راکێشا، ئەوجا فەرمووم لە برادەران کرد بۆ ماوەی ساڵێك ئێمە لەو شوێنە ماینەوە، بەو سێ

کۆمپیوتەرەش بابەتەکانی (برایەتی و خەبات و گوڵان) تایپ دەکرا و بە ئامێرەکەی (ڕێزۆگراف) ئەحمەد چەلەبی هەرسێ ڕۆژنامەمان چاپ دەکرد، بەڵام چونکە وەعدمان بە ئەحمەد چەلەبی دابوو کە هەفتەنامەی گوڵان لای ئەوان چاپ نەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا چونکە هیچ بەدیلێکی دیکە نەبوو بۆ گوڵان ناچار دەبووین (من و کاروان محمد سینۆ) (گوڵان)ـمان دەخستە نێوانی ماکێتەکانی برایەتی و بەدزییەوە ئەویشمان چاپ دەکرد، (٣٥,٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینارەکەی کاك سەرۆ نامق دزەیی کە پاش (٦) مانگ بە سوپاسەوە بۆم گەڕاندەوە کە چەند ژمارەیەکی برایەتی و خەباتی پێ دەرچوو و (١٠,٠٠٠) هەزار دینارەکەی کاك سەرۆ قادر کە پاش دوو مانگ ئەویش بە سوپاسەوە بۆم گەڕاندەوە کە (قەلەندەرخانەکەی برایەتی و خەبات)ـم پێ ڕێکخست لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین، ئەوجا کەوتینە مشووری ئامادەکردنی چاپی ژمارە (٢١١٩)ی برایەتی کە یەکەم ژمارەی پاش بەجێهێشتنی هەولێر و داگیرکردنی بارەگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات لە ١٩٩٥/١/٣١، ئامادەکردنی ئەو ژمارەیەی برایەتی کارێکی سەخت و ناخۆش بوو بۆ من چونکە چەند ڕۆژنامەنووسێکی کەم لە هەولێرەوە لە سەرەتادا دەرچووبوون یانی ستافی پێویست لەبەردەستدا نەبوو، دەستەی نووسەران وەکو ڕۆژانی هەولێر لە دەوری برایەتی کۆ نەببوونەوە، هەریەکەو بەلایەك دا چووبوون، پارە نەبوو وەکو لە پێشەوە نیشانم داوە جێگەی نیشتەجێبوون نەبوو لە خۆم زیاتر بە حوکمی لێپرسراوێتی، کەس برایەتیی لەبیر نەبوو، لێپرسراوان هەریەکە لە عالەمی خۆی دەژیا، کاك سامی عبدالرحمن پەرۆشی بەهێزکردنی ئێزگە و TV بوو کەمتر بیری لە ڕۆژنامە دەکردەوە، کاك جەوهەر نامق لە هەولێر پەناگیر بوو کەم کەم دەهاتەوە سەڵاحەدین، بەڵام ئەوەی کارەکەمی ئاسان کرد لەو ژمارەیەدا (٢١١٩) زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان لە مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنەوە هاتبوون تەنها پەیامی برایەتی نەبێت کە خۆم نوسیبووم لەگەڵ کورتە چیرۆکێکی خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی بەناوی (بەڵێ..ماڵی من لە ماڵی ئەوان زیاترە) کە بە ناوێکی خوازراوەوە (کوزاد) نوسیبووی، ئەو

ژمارەیەمان بە (١٠) لاپەڕە دەرچوو و (١٠٠٠) هەزار دانەشی لێ چاپکرا (وردەکاریی ئەم بابەتەم لە پەرتووکی "ئەزموونی رۆژنامەوانیم" کە ساڵی ٢٠١١ دەرچووە و پاشان ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن مامۆستا (عبدالکریم شێخانی) کرایە عەرەبی وردەکاریی ئەو بابەتە و ناوی رۆژنامەنووسان و کارمەندانی ئەم قۆناغەم نووسیوە بۆیە بە پێویستم نەزانی لێردا دووبارەی بکەمەوە).

پێش دەرچوونی ژمارە (٢١١٩) لە ١٩٩٥/١/١٣ رێکانی کوڕم کە بە ئارەزووی خۆی لە کۆلێژی (ئەندازیاریی تەلارسازی) (الهندسه المعماریه) دەوامی دەکرد لە ترسی ئەزیەت دان و گرتنی لەبەر ئەوەی کوڕی بەندەیە نەیتوانی لە هەولێر بمێنێتەوە و ناچار لەگەڵ رزگاری کوڕی کاك واحیدی مام حاجی پیرە بە پێناسەی کوڕی دۆستێکمان بە یاوەریی پورە دڵسۆز و خەمخۆرەکەمان (عاسمە حەبیب) خوشکی باوکم گەیشتە لام، بە هاتنی ئەو زۆر دڵخۆش بووم و تا رادەیەکی زۆر ئارامیی دەروونیی بۆ پەیدا کردم، رێکان سەرەڕای ئەوەی قوتابییەکی زێدە زیرەك و خوێندەوار بوو چونکە هەر لە سەرەتای قوتابخانەی دایکی و من خۆمان زۆر لەگەڵی ماندوو دەکرد و فێری خوێندنەوە و بەدواداچوونمان بۆ دەکرد، لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە فێری زمانی عەرەبی بوو پاشان زمانی ئینگلیزی کە لە ئەزموونی بەکالۆریۆسی پۆلی شەشی ئامادەیی بەشی زانستی نمرە (١٠٠٪)ی لەو زمانە هێنا، بەڵام وەکو لە پێشەوە ئیشارەتم بۆ کردووە بە پێچەوانەی ئارەزووی دایکی و من خۆی ئارەزووی ئەندازیاریی تەلارسازی هەبوو بۆیە ئەو ساڵەی لەکیس چوو، بەڵام بۆ ساڵی دوایی چونکە نمرەکەی رێگای پێدەدا کەوا لە کۆلێژی پزیشکیی دهۆك وەربگیرێ و سەرەڕای ئەوەی تەلارسازی لە زانکۆی دهۆك نەبوو بۆیە ناچار بوو بچێتە کۆلێژی پزیشکیی دهۆك و لە پۆلی یەکەم ئەو ساڵە دەوامی کرد و سەرکەوتوو بوو.

پاش دەرچوونی ژمارە (٢١١٨) و ئاشکرابوونی دەرچوونی برایەتی و فشاری سیاسی ناوی شاری هەولێر دژی خەڵکانی دیاری ناو پارتی و خێزانەکانیان پەروینیش کە لەگەڵ لانە مابوونەوە ئەوانیش بە شێوازی هاتنی

ڕێکان پاش ئەوەی چەند ڕۆژێك لە ماڵی خوالێخۆشبوو (سەعدیە فەقێ ساڵح) خوشکی (کاك مەجید فەقێ)ی هاوڕێی دێرینم و مێردی نەرمینی کچی پوورم مابوونەوە هەولێریان بەجێهێشت و ئەوانیش بە سەلامەتی گەیشتنە هاوینەهەواری سەلاحەدین و بە هاتنی ئەوان خانوویێکمان کە موڵکی (عەمید نەوزاد خۆشناو) بوو بەکرێ گرت کە هەندێ کەلوپەلی ناوماڵی پێویستی تێدابوو کە بۆ ئێمە زۆر باش بوو چونکە ئێمە هیچمان نەمابوو و ماڵوحاڵ لە هەولێر تالان کرابوو، هاتنی ماڵ و منداڵیش بۆ من ئارامبەخش بوو تا ڕادەیەکی باش خزمەتی ڕەوتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژنامەی کردم.

بارودۆخی ئەم چەند مانگەی سەرەتا لە سەلاحەدین زۆر ناخۆش بوو، جێگا و ڕێگای هەردوو ڕۆژنامەکەی خەبات و برایەتی ناهەموار و بێ پارە بووین، بارودۆخی شەڕی برایان کارەساتێکی پڕ لە ئەستەمی بۆ ئەم خەڵکە دروستکردبوو، مووچەی مانگانەمان نەبوو ڕۆژانە زۆر بە دەستگرتنەوە لەو بڕە پارەیەی کە لەبەردەست بوو پێداویستیی خواردنی سێ ژەمەم پێ دابین دەکرا، هەندێ ڕۆژانیش ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ڕۆژنامەم دەناردە چێشتخانەکەی مەکتەبی سیاسی بۆئەوەی ئەوانیش لەو برنج و شلە بێ گۆشتەی کە دابەش دەکرا بێبەش نەبن، هەرچۆنێك بێت توانیم ئەو قۆناغە تێپەڕ بکەم، لێرەدا نابێت دەستپێشخەریی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم-ی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانم لەبیر بچێت کەوا (٥٠٠٠) پێنج هەزار دیناری بۆ دابین کردین و هەروەها برای بەڕێز کاك (نوری حەمە عەلی) ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی، کاتێ ڕۆژێکیان لەو کاتەی لەو ناوچەیە بوو سەردانی کردین، بە هاتن و دیتنی شوێنەکە زۆر ناڕەحەت بوو، بۆیە ئەویش (٥٠٠٠) پێنج هەزار دیناری پێشکەش کردین، بەو بڕە پارەیەی ئەو و کاك جەوهەر هەندێ پێداویستیی ژیانی کارمەندان و ڕۆژنامەنووسانم دابینکرد و یەکی بەتانییەکی دیکە و دۆشەکێکی ئیسفەنجم بۆ کڕین، لەگەڵ دابینکردنی دووجار کڕینی گۆشت لە هەفتەیەکدا، لەوانەیە خوێنەری دەرەوەی ئەم بازنەیە سەیریان پێ بێت کاتێ ڕاشکاوانە باسی بارودۆخی ئەو ڕۆژانە دەکەم، بەڵام

دیسان کەموکوڕییەکان دەگەڕێنمەوە بۆ مەسروفاتی دابینکردنی شەڕ و مەسروفاتی خەڵکانی دەربەدەر و خێزانەکانیان کە لە هەموو کوردستانەوە دەهاتنە سەلاحەدین و کەمیی پارە و پول کە تەنیا سەرچاوەکەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بوو، بەلام دیسان نەبوونی ئیدارەیەکی ڕێکوپێك و کەمی خەمخۆرانی چارەسەرکردنی دۆخەکە ئەو بێ پارەیی و شپرزەییەی درووستکردبوو، کە لێرەدا دەڵێم نەبوونی ئیدارەیەکی پتەو و کەمیی خەمخۆران بەو مانایە دێت خەڵکانێك هەبوون لە لێپرسراوان وەکو سوڵتان محمود دەژیان، هەندێ لە هاوڕێیانی خۆم کە نە لێپرساوێتی و نە پلەی حزبییان لە من گەورەتر نەبوو گەمەی بە پارە دەکرد و مەسروفاتی قەبەی دەکرد بێ ئەوەی کەس حیسابی لەگەڵ بکات، لەو سەروبەندەدا لەسەر داوای کاك سامی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنییان بۆ ڕێکخستم لە K.TV کە تێیدا بە شێوازێکی زۆر ڕۆمانسییانە باسی ئەو شەڕە نەگریسە و تالانکردنی ماڵەکەی من لە هەولێر دەکەم کە تێیدا وەکو باسم لێوە کرد ئەلبووم و وێنەی خۆم و منداڵەکانم و شەهادەی قوتابخانەیان و سەرەڕای ئەرشیف و کتێبخانەکەم کە وابزانم لەسەر داوای بینەران ئەم شەوە دوو جاریان پەخش کردەوە، بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی کە نێچیرڤان بارزانی بەدوای ناردم کاتێ چوومە نووسینگەکەی کە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بوو ئەم گفتوگۆیە لەنێواندا روویدا:

**نێچیرڤان بارزانی**: بەخێربێیت، دوێنێ شەو دیمانە تەلەفزیۆنییەکەتم دیت، یەکەم زۆرم بەدڵ بوو، دووەم نیگەرانی کردم کە تێیدا بە شێوازێکی ڕێکوپێك باست لە لەدەستچوونی کەلوپەل و وێنە و شەهادەی منداڵەکانت کرد، ڕاستە ماڵ شیرینە، ماڵ دەبێتەوە، بەلام وێنە و ئەرشیف و شەهاداتی منداڵ زەحمەتە پەیدا بکرێتەوە، من بۆیە بانگم کردووی ئەمە قەڵەم ئەمەش کاغەز هەر ئێستا بۆم بنووسە بزانم بایی چەندت زەرەر لێکەوتووە تاکو هەر ئێستاکە بۆتی دابین بکەن، فەرموو ئەوە قەڵەم و کاغەز.

**بەندە:** لە پێشەوە سوپاست دەکەم بۆ ئەو دەستپێشخەرییە چونکە وامدەزانی سەرکردایەتیی پارتی بەهۆی ئەم شەڕە نەگریسە ئاگاداری ڕەوشی ئێمەمانان نین، بەڵام کاتێ باسی دیتنی دیمانەکەی من دەکەی کە دیوتە و لەدووم دەنێری زۆر مورتاحی کردم، دیسان سوپاس، بەڵام بۆ مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی من لەو کاتە ناسکەدا من بە زەرووری نازانم، یەکەم خەڵکانی وەکو من زۆرن کە ماڵوحاڵیان لێ تێکچووە و سەرگەردان بوون، دووەم پارتی ئێستاکە لە شەڕێکی قورس دایە، ئێستا و دواڕۆژی پابەندە بە ئاکامی ئەم شەڕە، ئەم شەڕەش پێویستیی بە مەسروفاتێکی زۆرە کە پارەی پێویستە بۆیە تەرخانکردنی ئەو پارەیەی کە دەیدەی بە من باشترە وایە بۆ دواڕۆژی پارتی کە من و هەزارانی وەکو منی پێوە پابەندە، ئەو پارەیە بدرێت بە مەسروفاتی شەڕ چونکە زۆر پێویستتر و لەپێشترە، من جارێکی دیکە سوپاسی بێ پایانت دەکەم و جارێ ئەو قەرەبووکردنەوەم ناوێت، بەڵام کەی ئەو شەڕە کۆتایی هات و بارودۆخەکە ئاسایی بوویەوە خۆم داوات لێ دەکەم.

**نێچیرڤان بارزانی:** سوپاسی ئەو هەڵویستەت دەکەم لای من تۆ یەکەم کەسی کەوا یارمەتیی پارە ڕەت دەکەیتەوە، من دەمێکە تۆم خوێندۆتەوە کە چەند دڵسۆز و کابانی، وەعد بێت هەر کاتێك داوات لێکردم ئەوا بێ قەید و شەرت بۆتی جێ بە جێ بکەم، منیش لای خۆمەوە سوپاست دەکەم بۆ ئەم هەڵویستە جوامێرانەیەت.

وەکو لە پێشەوە ئیشارەتم بۆکردووە کارەکانی ڕۆژانەمان بە قورسی بەڕێدەکرد و لەو ماوەیەدا کە تۆزێ کەوتینە سەر نیمچە هێڵێك پاش ئەوەی لە سەری ساڵی تازەوە تاکو ئەو ڕۆژەی ژمارەی تازەمان لە برایەتی (٢١١٨) دەرکرد کە ماوەی نزیکەی زیاتر لە مانگێکی پێچوو کە تێیدا توانیمان بە هەوڵ و کۆششێکی بەردەوام جێگە و پێگەیەکی نیچمە ئاسایی یاخود (الحد الادنی) پەیدا بکەین بێ ئەوەی بەرپرسێك یاخود خوداپێداوێك یارمەتیمان بدات، تەنانەت خوالێخۆشبوو کاك فلك الدين کاکەییش خۆی لە مەسەلەکە نەکردە خاوەن وەکو بڵێی ئەو سەرنووسەری خەبات نەبێت و ئەوەی لە خەبات دەهاتە

بەرهەم جگە لە سەرووتار نەبێت کە کاك فلك دەینووسی، دەنا بابەتەکان و ئامادەکردنیان زیاتر لە ئەستۆی رۆژنامەنووس کاك سعید یحیا خەتات و دوو سێ رۆژنامەنووس کە هاوکاریی کاك سەعیدیان دەکرد وەکو (موخلص خۆشناو، شەماڵ ئاکرەیی).

خەریك بوو بارودۆخەکەی پاش بەجێهێشتنی هەولێر رادەهاتین، رۆژانە گوێمان ئاشنای شەڕ و نیوە شەڕ ببوو، هەواڵەکانمان کۆدەکردەوە و بە کۆمپیوتەر تایپ دەکران و تاکو ئەو رۆژەی کە رووداوی خوێناوی زاخۆی رۆژی ١٩٩٥/٢/٢٧ لێکەوتەوە کە تێیدا بە دەیان کوژراو و بریندار لێکەوتەوە، هەر ئەو رۆژە بۆ دەوروبەری نیوەڕۆ بەندە و کاك سەعید یحیا بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو کە جۆری (بەڕازیلی)یەکی سوور بوو بەرەو زاخۆ کەوتینە رێ بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر رووداوەکە بە هاوکاریی پەیامنێری برایەتی لە شاری زاخۆ (رەشید عبدالعزیز) کە رۆژنامەنووسێکی لێهاتوو و بەتوانا بوو، زاخۆ ئەو رۆژە بۆنی خوێنی لێ دەهات و رەشپۆش غەمگین بوو لە ماوەی ئەو ئێوارەیە و شەوەکەی پاش بەسەرکردنەوەی شوێنی تەقینەوەکە و دیتنی هاوولاتیانی دەوروبەر و تۆمارکردنی را و بۆچوونی خەڵکەکە بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێکی هاوبەش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات تاکو درەنگانێکی شەو ماینەوە، بۆ خەوتن گەڕاینەوە دهۆك، لە رێگادا کاتێ کاك سەعید یحیا ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی لەنێوان زاخۆ و دهۆك بیرم لەو کارەساتە و کارەساتە گەورەکەی کوردستانم دەکردەوە کە چۆن شەڕی برایان کوڕی کورد خەڵتانی خوێن دەکات و کوردستان دەسوتێنێ، لێرەدا من لایەنێك لەم لایەنە بێ گوناح ناکەم، بەلام لە هەمان کاتدا ئەم دوو لایەنە وەکو بیرم لێ دەکردەوە دوو لایەنی سەرەکیی علمانی نەتەوەی کوردستانن بە ئایدیۆلۆجیا و ئامانج لە هەموو لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان لێك نزیکترن، بەلام لە هەمان کاتیشدا وەکو دوژمنی باوە کوشتەی یەکتری وان دەبێ هۆکارەکەی چی بێت، ئەوەندی لەم کاتژمێرەدا کە من و کاك سەعید بە

تەواوی بێدەنگ بووین تەنانەت تاکە قسەیەکیشمان لە دەم نەدەهاتە دەرەوە، ئەو بە خەیاڵی خۆی و منیش هۆکاری ئەو ململانێیە نا کوردیە نا نیشتمانییە کە دوژمنان و نەیارانی کورد و کوردستان خەریك بوون ئەو ئەزموونە ساوایەش کە بە سەدان ساڵە کورد خەونی پێوە دەبینی لەبار بچێت، باشە لێرەدا پرسیارێکی سەرەکیم دەهاتە مێشك و هزرم.. دەبێت ئەم دوو لایەنە لە بەرژەوەندیی کێ ئەم شەڕە خۆکوژییە و ململانێ ناشەریفە بکەن، باشە بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە هیچ لایەنێکیان ناتوانن لایەنەکەی دیکە بخەنە دەرەوەی گۆڕەپانەکە و بەتەنیا کوردستان پاوان بکەن، باوەڕ ناکەمم سەرکردەکانی ئەو دوو لایەنە نە بەم شێوەیە بیریان لە بەرپابوونی ئەم شەڕە کردبێتەوە و ئاکامەکانیشیان لێدابێتەوە، پێم وایە ئەگەر بە شێوەیەکی ئاقڵ و هێمنانە بابەتی ململانێیەکانیان لێکدابایەوە کە لە ساڵی ١٩٦٤ دەستی پێکردووە و بوو بە هۆکاری لێکترازانی پارتی دایك تاکو رۆژانی کارەساتی زاخۆ لە ١٩٩٥/٧/٢٧ و دواتریش نەدەگەیشتنە ئەم بارودۆخە، بەداخەوە هەندێك پاساو بۆ دیاردەی ململانێ دەهێننەوە کە گوایە لە سەردەمی قابیل و هابیل-ەوە هەبووە زۆربەی گەلانی ئەم سەرزەمینە بەم قۆناغەدا رۆیشتوون، ئاساییە (وەکو دەڵێن) کوردیش پێیدا بڕوات، بەڕاستی ئەم لێکدانەوەیە لای من لێکدانەوەیەکی هەرزەکارانەیە چونکە ئەگەر هاتو ئەم ململانێیە کەوا مێژوو چەسپاندوویەتی کە کارێکی زێدە زیانبەخش و پڕ مەترسییە و ڕێڕەوی گەلان بە ئاراستەیەکی خراپدا دەگۆڕێ بۆ دەبێت ئێمەش چاو لە ئەزموونێکی زیانبەخش خۆکوژ بکەینەوە کە بێگومان تراژیدیایەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە بەتایبەتیش بۆ گەلێکی وەکو گەلی کوردستان کە لە هەرچوار لاوە بە نەیار و دوژمن و داگیرکەر دەورە دراوە، باشە ئەگەر بەرژەوەندیی سەرکردەکانمان لەو شەڕەدا هەبێت بۆ دەبێت ئێمەی تاکی ئەم گەلە ماڵی یەکتر تاڵان و کاول بکەین و تەنانەت برا لە برا بکات. پرسیارێکە کە تاکو رۆژانی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە (٢٠١٥/٦) لای من دەوروژێ و بێ وەڵام ماوەتەوە!

مانگی چوار و پێنجی ئەم ساڵە (١٩٩٥) بارودۆخی ئێمە رۆژنامەنووسانی برایەتی و خەبات تا رادەیەك چاك ببوون و بەرەو پێشەوەچوونی بەخۆیەوە بینی و رێکخرا هەموو سەرەمانگێك سەردانی خوالێخۆشبوو (شەوکەت شێخ یەزدین)مان کرد لە دهۆك بە مەبەستی وەرگرتنی مووچە و خەرجیی هەردوو رۆژنامەکە کە تا رادەیەکی باش جۆرە جێگیر بوونێکی لە لایەنی داراییەوە بەخۆیەوە بینی و توانیمان لاپەڕەکانی برایەتی زیاد بکەین و لە هەمان کاتیشدا بیرم لە شوێنێکی دیکە وەکو بارەگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات کردەوە کە دواجار توانیمان خانوێکی گەورە بدۆزینەوە وەکو بارەگا و لە بەرامبەریشدا خانووێکی دیکە بۆ حەوانەوەی ئەو کارمەند و رۆژنامەنووسانەی کە زگورتی بوون لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەیان کە تا رادەیەکی گەورە کەوتینە سەر هێڵێی ئاسایی، پاش چەند مانگێك لەو قاتوقڕەی کە تووشی هاتبووین، بە نسبەت کاری رۆژنامەنووسیشمان سەرەڕای تۆمارکردنی سەرجەم ئەو هەواڵ و پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر پارتی و هەوادارانی دەکرا و تا رادەیەك برایەتی توانی ببێتە سەرچاوەی هەواڵ و دەربڕینی را و بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا توانیمان بە دەستپێشخەری و توانای رۆژنامەنووسیی شێرکۆ حەبیب لە لەندەن ژمارە (٠)ی چاپی دەرەوە دەربچێت کە تا رادەیەك بابەتەکانی لە برایەتیی چاپی کوردستان سەرچاوەی وەرگرتبوو، سەرەڕای جیاوازی لە هەندێ بابەت و هەواڵدا، بۆ مێژوو دەیڵێم رۆژنامەنووس (شێرکۆ حەبیب) کە ئامۆزای منە رۆڵێکی بەرچاو و رێکوپێکی لە راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە دەرەوەی کوردستان دەدیت، تاکو رۆژانی نووسینی ئەو بیرەوەرییانەم ئەو درێژە بە خەباتی کوردایەتی لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات، بەڵام بە بۆچوونی من مافی خۆیی لەم بوارەدا (بواری سیاسی) وەرنەگرتووە (پاشان لە لاپەڕەکانی تایبەت بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان باسی ئەو (گەلەکۆمەکییە) دەکەم کە بەرامبەری کرا).

ڕووداوی گرنگی ئەم ماوەیە گرێدانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بوو لە گوندی دارەبەن پاش ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٨ باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستانی لە هەولێر داگیر کرد و پاش ئەو (١٠١) ڕۆژە کە بەشێك لە پەرلەمانتارانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پەناگیرییان ڕاگەیاندبوو، بۆیە دەبووایە هەرچۆنێك بێت سەرەڕای ئەو بارە ناهەموارە پەرلەمان لە دەرەوەی باڵەخانەی داگیرکراوای خۆی لە دەرەوەی هەولێر کۆببێتەوە، ئەوەبوو پاش هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانەی خێرخوازان و کاریگەریی حەفدە حزبەکانی کوردستان بڕیار درا ڕۆژی ١٩٩٥/٥/٢٧ لە گوندی دارەبەن کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی درێژکردنەوەی خولی ئەو ساڵەی پەرلەمانی کوردستان.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٥/٢٧ بە ئۆتۆمبیلی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم سەرۆکی پەرلەمان و بەندە و یونادم یوسف کەنا بەرەو گوندی دارەبەن بەڕێکەوتین کە گوایە دەکەوێتە ناوچەی نێوانی هەردوو لایەنی شەڕکەر کە بەدرێژایی ١٥کلم لە هەولێر دوورە لە هەمان کاتیشدا ڕۆژنامەنووس شێرزاد عبدالرحمن و وێنەگری دەزگای ڕۆژنامەنووسی محی الدین عەزیز بە ئۆتۆمبێلێکی دیکە کە خوالێخۆشبوو فەرەنسۆ هەریری سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد بۆ دابین کردبووین نارده دارەبەن.

دیمەنێکی سەیر و سەمەرەم دەهاتە بەرچاو تابلۆیەکی سوریالی ئەوتۆم دەهاتە بەرچاو کە خەڵکی ئاسایی تێی نەدەگەیشتن هەردوو فراکسیۆنی لایەنی شەڕکەر بە تێکەڵاوی لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیستەکانی دیکە پاش دابڕانێك بەهۆی داگیرکردنی ماڵی گەل و پەرلەمانتاران لە لایەن هێزێکی لایەنی گرنگی پەرلەمانی بەشەڕهاتوو لەگەڵ لایەنی دووەمی گرنگی پەرلەمان دەبینن پەرلەمانتارانیان بە گەرموگوڕییەکی بێ وێنە و بە ماچوموچێکی برایانە پێشوازی لە یەکتری دەکەن لەکوێ لە گوندی دارەبەن چونکە لەو کوردستانە پان و بەرینەدا (دارەبەن) لەبری باڵەخانەی پەرلەمان لە هەولێری پایتەختی کوردستان تاکە شوێنە کە بتوانن ئازادانە یەکتری بەخێرهاتن بکەن، ئای لەم

سیاسەتە سەیرەی کە ئەو کۆبوونەوەیەی بۆ تەرخان کراوە بە مەبەستی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان کە هەر خۆیان بەم شەڕە (فەرمانی خنکاندنیان) داوە، بەهەرحاڵ شانۆکاریی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی بۆ ساڵێکی دیکە درێژکرایەوە واتە بۆ ١٩٩٦/٦/٤ بەم کۆبوونەوەیە ئەو پەتەی لە ملی پەرلەمانی کوردستان کرابوو پەتەکە لێکرایەوە و ئەوجارەش پەرلەمانی کوردستان رزگاری بوو.

رووداوەکانی دیکەی سەرەتای هاوینی ئەم ساڵە ١٩٩٥ دوور لە سیاسەت فیستیڤاڵی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی بوو کە لە دهۆك و زاخۆ سازدەکرا کە تێیدا لیژنەیەکی ئامادەکاریی بۆ تەرخان کرابوو کە تێیدا شەهید فرەنسۆ هەریری رۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینی و کاك بارزانی مەلا خالدیش کە بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری بوو ئەویش بە حوکمی لێپرسراوێتی سەرقاڵی ئامادەکردنی پێداویستییەکان بوو لە هەمان کاتیشدا بەندە و رۆژنامەنووس سەرۆ قادر و هەندێ لە برایانی دیکەی دهۆك و زاخۆ و هەولێریش تێیدا ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردن بوون کە بڕیار بوو لە ناوچەی نێوان هاوینەهەواری سەلاحەدین و هەولێر لە مەلائۆمەر پێشوازی لە میوانانی فیستیڤاڵ بکرێت کە لە سلێمانی و هەولێرەوە دەهاتن، رۆژی ٦/١٩/ بە گەیشتنی میوانەکان کە لە کۆمەڵێك بەڕێزی ئەدیب و نووسەر و شاعیر کە ناتوانم ناوەکانیان بنووسم چونکە هەموویانم لەبیر نەماوە بۆیە داوای لێبوردنیان لێ دەکەم، بە گەیشتنیان لە کەبابخانەی سلێمانی پێکەوە هەموومان برایانە نانی نیوەڕۆمان خوارد و بە چاو و دڵیش گلەییمان لە بارودۆخەکە دەکرد کە ئێمەی گوایە خوێندەواری لێك ترازاندووە، بەهەرحاڵ بەرەو دهۆك، لێرەدا بەندە و کاك سەعید یحیا لە هاوینەهەواری (زاویتە) کە چەند کیلۆمەترێکی کەم لە دهۆکەوە دوورە بارەگەی خۆمان لێ دانا، ئەویش لەسەر پێشنیاری من بوو، چونکە لەو کاتەی کە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین دەژیاین مانگی جارێك یا دوو جار بۆ کاروباری پەیداکردنی پێداویستییەکانی هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات لە رێگای ئاکرێ–قەسرۆك–گەلی بلانێ–

ئەتروش–بابلۆ–زاویتە، دەچووینە دهۆك لەوێشەوە لەو چێشتخانە و گازینۆیەی زاویتە لامادەدا کە هەرچوار لا و ناوچەکە بە درەختی (کاژ) دەورە درابوو، کە بەڕاستی شوێنێکی دڵڕفێن و زێدە جوانە، سەرەڕای ئەوەی ئەم شوێنە ئاسەوارێکی مێژوویيشی تێدا کە بریتیە لەو کۆشکە سادەیەی (شوێنی گازینۆ)کە کاتیێ یەکەم پادشای دەوڵەتی عیراقی تازە دروستبوو لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی پێشوو بە سواری سەردانی ئەم ناوچەیەی کردووەە، زاویتەی زۆر هاتۆتە بەردڵ و لەویێ ئەم کۆشکە سادەیەی لیێ درووستکردبوو، باوەڕ ناکەم خۆی لە دوو سیێ جار زیاتر هاتبێتە ناوی، بەڵام بنەماڵەی پاشای عیراق (العائلة المالكة) لە زمانی مەلیك غازی و مەلیك فەیسەڵی دووەم هەر کاتێك هاتبنە ئەو ناوە چەند رۆژێك لە زاویتە و سوارەتوکا و هاوینەهەواری سەرسەنگ و سۆلاڤ دەمانەوە، بۆیە زۆرم لا مەبەست بوو لەگەڵ کاك سەعید یحیا لەجیاتیی ئەوەی بچینە ناو قەرەباڵغیی دهۆك لە زاویتە بمێنینەوە و شەوانە (٣ شەو) لەو چیمەنە تەڕ و نێوانی ئەو دار (کاژ)انە بەدەوری دەنگی ئاوی بۆریی حەوزەکەی ناوەند کاتمان بەڕێدەکرد و بەیانیانیش لەگەڵ دونیا رووناکبوونەوە خۆم بەو ئاوە زێدە ساردەی ناو ئەو باڵەخانەیە خۆم هۆشیار دەکردەوە. رۆژانی فیستیڤاڵ لە زاخۆ و دهۆك لە قەراغی گازینۆیەکی گەلی دهۆکی سەرنج راکێش و باخچەی یەکێتیی نووسەران هەواڵ و دەنگۆی (شەڕی برایان)ـمان لەبیر خۆمان دەبردەوە و ئەم چەند رۆژە لە دونیایەکی دیکە دەژیاین و هەموومان لەگەڵ خانی دەمانگوت:

***گـــــــەردیێ هەبوا مە ئیتفاقەك***
***ڤێکرا بکرامە انـــــــــقیادەك***
***رۆم و عەرەب و عەجەم تەماحی***
***هــەمیان ژمە رادکر غـــــولامی***

بەڵام سەد حەیف و مخابنە نە لە پێش زەمانی ئەحمەدی خانی نەپاش ئەویش تاکو رۆژانی ئەمڕۆ ئەو (ئیتفاقە) لەنێو کوردان لەدایك نەبوو! پاش

گەڕانەوەمان لە دهۆك بۆ هاوینەهەواری سەلاحەدین مشووری گوێزانەوەی خێزانم خوارد بۆ شەقلاوە، یەکەم لەبەر ئەوەی کرێی ئەو خانووەی بەکرێمان گرتبوو بە کەلوپەلەوە زۆر گران بوو کە ٧٠٪ مووچەکەمی دەخوارد، دووەم بۆ هاوین شەقلاوەم پێ باشتر بوو چونکە بەهۆی بڕانی کارەبا بەم هاوینە ژیانمان نەختێ سەخت بوو، سێیەم من لە ساڵی ١٩٥٨ەوە کە یەکەم جار شەقلاوەم بینی بەهۆی تیپی دێدەوانی (الفرق الجوالة) کە لای ئێمە بە (کەشافە) ناسرابوو کە ئەوکاتە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم و لەلایەن مامۆستای وەرزشمان لەگەڵ سێ قوتابیی دیکە لە هەمان قۆناغ کە بریتی بوون لە (وریا شێخ فاتح، سلێمان کریم، محمد شەوقی و بەندە) لە قوتابخانەی یەکەمی کۆیەی کوڕان و جەمال سلێمان و ئیسماعیل مەجید و خیرالدین محی الدین و فخری هەولێری لە قوتابخانەی دووەمی کۆیەی کوڕان هەڵبژێردرابووین بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ لەو خێوەتگایەی کە لە (سەرمەیدان)ی شەقلاوە بە شێوازێکی ئەوروپی لە هەموو بارێکەوە ڕێکخرابوو لە هەمان مانگی تەموزدا کە تاکوئێستاکەش تاموچێژی شەقلاوە و دیمەنی دڵڕفێن و سازگاری ئاووهەوای لە هزر و یادەوەریم هەر ماوە و هەمیشە حەز بە سەردانی دەکەم، بۆیە ناوی خوامان لێ هێنا و لە گەڕەکی (سەرگرد) خانووەکەی مامۆستا (حسن مستەفا)م بەکرێ گرت کە پێشووتریش ناسیاو و ئاشنای سەردەمی نێوان ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥) شۆڕشی ئەیلول بوو کە ئەویش یەکێ لە بێژەرەکانی ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو، کاتێ چووینە شەقلاوە هەواڵی گرتنی دلێری برام پێگەیشت کە لە ١٩٩٥/٧/١ لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستگیر کرابوو بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ لە سلێمانی زیندانی کرابوو چونکە ڕۆژانی پێش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە کۆیە کە لەوکاتەی سەرقاڵی بەڕێوەبردنی دووکانەکەی خۆی و ئاگاداری ماڵی باوکم بوو، پاش ئەویش (هەڵمەتی دووەمی پاککردنەوەی کۆیە) لە پارتی دەستپێکرد کە تێیدا خێزانی (عەونی)ی شاعیری کوردپەروەری سەربەخۆی دوور لە دائیرەی حزبایەتی کە بریتی بوون لە (زەکیە خانی مەلا ڕەئوف مەلا

ڕەسولی مەلا قادری بێتوشیی خێزانی عەونی تەمەن ٧٦ ساڵ و عاسمە خانی خوشکی عەونی تەمەن ٦٣ ساڵ و جوانی کچی عەونی کە مامۆستای سەرەتایی بوو لە یەکێ لە قوتابخانەکانی کۆیە لە شەوی ٢١ لەسەر ١٩٩٥/٧/٢٢ لە هەڵمەتێکی کەم وێنەدا کە تێیدا بەرپرسێکی گەورەی سەربازی و ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لە پێشەوەی ئەو (١٥-٢٠) چەکدارانە هەڵیان کوتایە سەر ماڵی ئەو پیاوەی کە دوو ساڵ پێشووتر کۆچی دوایی کردبوو لە هەمان ئەو خانووەی کە بەڕێز و پیاوی بەوەفا (مام جەلال) سەردانی عەونیی کردبوو کە تێیدا لەو دانیشتنە باسی ڕۆڵی کوردایەتی عەونیی کردبوو لە حزبی هیوا و رزگاری و پارتی دیموکراتی کوردستان لە چلەکانی سەدەی بیستەم کە چۆن ئیمزای لەسەر پلەی بەرزبوونەوەی بەڕێز مام جەلال کردووە و لە ساڵی ١٩٤٧دا لە پاڵێوراوەوە بۆ ئەندامی کارا، بەڵام دیسان سەد حەیف و مەخابنە کە سیاسەتی سەقەت و حزبایەتیی تەسکی زێدە بێ مانا و شەڕی خۆکوژیی برایان وای لەبەر چاو و دڵی یەکتری ناشرین کردبووین کە وەکو دوژمنی باوکە کوشتەی یەکتری مامەڵەمان لەگەڵ یەکدا دەکرد، لەو هەڵمەتی (پاک کردنەوە)دا ماڵی عەونیش بەر ئەو هەڵمەتە نیشتمانییە کەوت و کەلوپەل و حاڵوماڵ و کتێبخانەکەی کەوتە بەر دەستی هەڵمەتبەرەکان و ئۆتۆمبێلەکەی عەونیش کە وەکو یادگارێك هێشتبوومانەوە لە لایەن خەڵکانی دۆست و ناسیاو و برادەرەوە بردرا و فرۆشرا، خانووەکەشی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان (ساڵی ١٩٦٣) کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی نیشتمانی کوردستان پێشمەرگە و کوردپەروەر و لە کاتی بەستنی کۆنگرەی (کۆیە)ی حزبی و عەشایەری و میللی بە سەرۆکایەتیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (پێش لێکترازان) بە رابەرایەتیی سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ میوان بوون و ڕۆژێك لە ڕۆژانی دیسان مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٢ کە تێیدا بەڕێز مام جەلال لەم خانووە سەردانی عەونیی کردبوو، بەڵێ سەد جار بەداخەوە ئەم خانووە و خانەوادەکە کەوتنە بەر داگیرکردن و دەرکردن و جێگیر کردنی ماڵە ئاوارەی کە لە لایەنی بەرامبەرەوە

(پارتی) ئەوانیش ماڵ و حاڵیان داگیرکرابوو لە کۆیە گیرسابوونەوە، بە دەرکردنی دایکم و پوورم و خوشکم تووشی ئەوپەڕی دڵتەنگیی کردم، لەوەش زیاتر تاڵانکردنی ماڵ و کتێبخانەکەی عەونی کە بەڕاستی ئەوپەڕی جەهالەت و بێوەفایی بوو بەرامبەر عەونی، پیاوێك بە درێژایی تەمەنی بۆ کورد ژیا و لەپێناویدا بە دەیان جار تووشی حەپس و دەربەدەریی دەستی حکومەتی یەك لەدوا یەکەکانی عیراق بووە تاکو دوا ساتی بە کەرامەت و نەفس بەرزی ژیا و کە سایەتیی خۆی نەدۆڕاند و بۆ یەك تاکە ساتیش سازشی لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی نەکرد، بەڵام خێزانەکەی کە لەو ماڵە مابوونەوە کە تەنها سێ ئافرەتی بێ پشت و پەنا لە سەردەمی حوکمی کوردی دا تووشی ماڵ تاڵان و دەکردن بوون، لەکاتێك دا یەکێك لە پاڵەوانەکانی ئەم (هەڵمەتە نیشتمانییە پڕ لە کوردایەتییە) چەکێکی جۆری کلاشینکۆف بە (٧٥) فیشەکەوە بخاتە سەر سنگی هاوسەری عەونی و زۆر بە بێشەرمانە و ئابڕو بەرانە پێی بڵێت (....... گەر تا سەعاتێکی دیکە لەم ماڵە نەچنە دەرەوە ئەوا ئەو ٧٥ فیشەکەت لێ خەسار دەکەم).

دایکم وەکو هەمیشە خەسڵەتی چاونەترسی و مەردایەتی پێوە دیار بوو سەرەڕای ئەوەی کە لە سێبەری پیاوێکی مەرد دا ژیابوو بەرامبەر بەم هەڕشەیەی ئەم فس فس پاڵەوانە دەڵێ (حەقتانە بێگومان ئەگەر جاش باین تووشی ئەو چارەنووسە نەدەبووین!)، دایکم و جوانی خوشکم و پورە عاسمەم بە دڵشکاوییەوە کۆیەیان بەجێهێشت و هاتنە شەقڵاوە لای من کە ئەوکاتە لە خانوویەکی گەڕەکی (سەرگرد) کە ئێمە چەند رۆژێك بوو چوبووینە ناوی هەردوو لایەنی تاڵانکراوی دەرکراوی بەخۆیەوە گرت و رۆژانە دایکم بە یادی باخ و چیمەنە داگیرکراوەکەی ئەو خانووە کە لە کۆیە لێی دەرکرابوون بەدیار ئەو جۆگە ئاوەی کە لە سەرووی خانووەکەی شەقڵاوەوە دەهاتە خوارێ خەمی خۆی تێکەڵ بە رێڕەوی ئاوەکە دەکرد و قسە و گلەییەکانی بۆ ئەم جۆگەلە ئاوە دەگێڕایەوە کە درەخت و باخ و سەوزاییەکانی دەوروبەری ئەو خانووەی ئاو دەدا، لەکاتێکدا برادەرانی کۆیەی ئەو سەردەمە تەنانەت ئەو بەشە ئاوەی کە

ماوەی رۆژە نا رۆژێك لە سەرچاوەی ئاوی حەمامۆکەوە دەهاتەخواریٚ و نیو کاتژمێری بە تاپۆ و بە ماف بەشی باخ و درەختەکانی باخچەکەی ئێمەی پیٚ ئاودەدرا ئەویشیان قەدەغە کرد و (گوڵشەنی ئەو باخەیان بە دەردی خوڵخەنی دۆزەخ برد).

جێگیربوونمان لە شەقلاوە کە تێیدا رۆژانە سەرلەبەیانی بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەدین دەچووم، تا ئێوارە درەنگانێك لە بارەگای (قەلەندەرخانەی) برایەتی و خەبات بەدیار ئیشوکاری رۆژانەی رۆژنامە و ئیدارەکردنی برادەران دەمامەوە، ئێوارانیش دەگەڕامەوە شەقلاوە کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژانی شەڕی برایان لە (کلاوقاسم و کەپکی حەمەدئاغا) کە هەردوو لا بە (هێڵی ماجینۆ)یان دادەنا و کوڕی کوردیان تێیدا بەکوشتن دەدا.

مانگی ئابی ئەم ساڵە (مانگی ئاب) مانگێکی پڕ لە ئاشووبە و شەڕی لایەنێکی دیکە بوو دژ بە پارتی کە تێیدا لە شەوی ٢٥ لەسەر ١٩٩٥/٨/٢٦ هێزەکانی پەکەکە هێرشیان کردە سەر ناوچە و دامودەزگا حزبییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری بادینان کە ئەمیشیان خەمێکی دیکەی بۆ ئێمەی کورد زیاد کرد و لێرەدا ناچمە ناو قووڵایی هەڵوێستی پەکەکە لە باشووری کوردستان، بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێت پەکەکە نەدەبا شەڕێکی بیٚ مانا لە ناوچەیەکی بەرفراوانی باشووری کوردستان ئەنجام بدایە وە هەندیٚ پرد و خانوو بڕووخێنیٚ و پێشمەرگەی کوردستان بکوژێت بەڵام چی بکەین لەگەڵ ئەو دیاردەیەی کە بەرۆکی کوردی گرتووە و لێی رزگار نابیٚ.

زۆربەی ئێواران شەهید فرەنسۆ هەریری تەلەفۆنی بۆ دەکردم لە هەواڵە جۆربەجۆرەکانی ئاگار دەکردم بە مەبەستی ئەوەی ئامادەباشیی بۆ داڕشتنی هەواڵ یاخود ریپۆرتاژ بۆ رۆژنامەی برایەتی بکرێت، ئەوەی لێرەدا دەمەویٚ بیڵێم ئەم مرۆڤە (شەهید فرەنسۆ) ئاگاداری وردی جموجۆڵی سیاسی و سەربازی هەبوو لە هەموو بارێکەوە دڵسۆزانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد و وێڕای پێدانی تێبینی کە لە لای ئێمە بە هەندەوە وەردەگیرا، ئێواری رۆژی ١٩٩٥/٩/١٤ هەواڵی دڵتەزێنی شەهید بوونی د. محمد قەرەداغیی پیٚ

راگەیاندین کە لە کردەوەیەکی شێتانەدا دراوەتە بەر دسترێژیی گوللە و شەهید کراوە بە بیستنی ئەم هەواڵە جۆرە خەمێکی دیکە دایگرتم کەوا ئێمەی کورد بە کوشتنی کوڕی کورد لە بەرەکانی شەڕی برایان تێرمان نەخواردبوو ئەوجا کەوتینە وێزەی پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ، لێرەدا دەڵێم ئەگەر کوشتنی مامۆستایەکی زانکۆ کارێکی شێتانە نەبێت دەبێت کاری شێتانە چی بێت کە لەم کوردستان بریندارە روودەدات؟!!.

هاوینەکەمان بە خێزانەوە ئێمە و دایکم و جوانی خوشکم لە شەقلاوە بە خۆشی و ناخۆشییەوە بەسەربرد تا رادەیەك سەرەڕای خەمە گەورەکان و بەردەوامیی شەڕی ناوخۆ کات بەڕێوەدەچوو لای من دەرچوونی بەردەومی رۆژنامەی برایەتی لەو کاتەدا لە هەموو شتێك گرنگتر بوو چونکە تاکو رۆژانەی ئەمڕۆش سەرچاوەیەکی گرنگی رووداوە تاڵەکانی ئەو رۆژگارەیە کە برا برای دەکوشت و ماڵی تالان دەکرد لەو دەڤەرەی کە تێیدا باڵادەستە (هەردوو لایەن) دوور لە هەموو دابونەریتێك لە ماڵ و حاڵی دەڤەرەکە دەردەکرا.

لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٥ شەقلاوەمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە هاوینەهەواری سەلاحەدین، خانووەکەی (فاروق مەییە)مان بەکرێی (٦,٠٠٠) شەش هەزار دینار گرت کە بەڕاستی مەبلەغێکی زۆر بوو، بە گەڕانەوەشمان دلێری براشم کەوتە لامان لەو خانووە چونکە پاش ئەوەی لە حەپسخانەی یەکێتی نیشتمانی ئازاد کرا بە هەوڵی خاتو (ئان کلۆید)ی پەرلەمانتار و ئەندامی باڵای پارتی کرێکارانی بەریتانیا کە لە یەکێ لە دیدارەکانی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین رێکخرابوو کە تێیدا کاك حسێن سنجاری یارمەتیی دام و ئان کلۆیدی تێگەیاند کە دلێری برام هیچ گوناحێکی نییە تەنها ئەوەی کە لەسەریەتی (تۆمەتەکەی) برای منە و منیش رۆژنامەنووسێکی تەنها قەڵەم بەدەستم، ئان کلۆید گوتی (بەیانی سەفەری قەلاچۆلان دەکەم و ئەو مەسەلەیە لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی باس دەکەم) لە هەمان کاتیشدا بەهۆی تەکلیفی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق لە بەڕێز (محمد

شاکەلی) کە ئەویش ڕۆڵێکی خێرخوازانەی هەبوو لەم مەسەلەیەدا کە تێیدا دلێر ئازاد کرا.

ڕۆژانی ئەو ڕۆژگارەمان بە ڕۆتینی ڕۆژانە تێدەپەڕاند (مەنزل و مەئوا)مان بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات بوو، حەفتەی جارێکیش لە کاتی ئاسایی کۆبوونەوەیەکی دووروودرێژمان لە ژوورەکەی خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن ئەنجام دەدا بە مەبەستی گۆڕینەوەی را و بۆچوونەکانمان و وەرگرتنی هەواڵەکانی و شیکردنەوەی بارودۆخەکە. لەو ماوەیەدا لە ١٩٩٥/٢/١٣ ژمارەی (٢١١٨) تێیدا دەرچوو کە تاکو ١٩٩٥/١٢/٢٥ (٣١) ژمارەی لێ دەرچوو کە هەندێ ژمارەیان بە (١٢) لاپەڕە و هەندێکیشان بە (٢٠ و ٢٤) لاپەڕە دەرچوون کە دوا ژمارەی ئەم ساڵە پڕ لە ئاشووبە و شەڕی برایان ژمارە (٢١٥٠) بوو. بە درێژایی ئەو ساڵە (١٩٩٥) کە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین گیرساینەوە ساڵێکی بە ترس و ناخۆش و خەتەرناك بوو شەڕی برایان هەر ڕۆژە سیمایەکی تازەی بەخۆیەوە دەبینی، تامی حەسانەوە و هەست بە خۆشی لەو هاوینەهەوارەمان بەدی نەکرد کە ڕۆژانێك پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ خەڵکی بۆ سەیران و پشوودان و مانەوە لە خانووەکانی دائیرەی گەشتوگوزار دەمانەوە، بەڵام بۆ ئێمە کاتەکانمان زۆربەی لە بارەگای ڕۆژنامە بەسەردەبرد و مانگی جارێك یان هەندێ جاریش دوو جار سەردانی دهۆکمان دەکرد بە مەبەستی پەیداکردنی پێداویستییەکانی چاپ و پاشانیش چاپکردنی هەردوو ڕۆژنامە لە چاپخانەی کۆلیژی (شەریعە) لە دهۆك کە تا ڕادەیەکی زۆر لە وردەکاریی ڕێکخستنی لاپەڕەکانی برایەتیی لەکۆڵ کردینەوە چونکە پێشووتر دەبووایە کارمەندان و ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئەرز دابنیشن بە مەبەستی ڕێکخستنی لاپەڕەکان بەدەست کە وابزانم لە سەردەمی خوالێخۆشووان حسێن حوزنی موکریانی و پیرەمێرد بەم شێوەیە نەبوو، بەڵام چی دەکەی و چیت پێ دەکرێت کە خودی سەرکردایەتیی پارتی مشووری ئەم ئەرکە نەخوات و بە هەند وەرینەگرێت لە کاتێکدا هەندێ لە سەرمایەدارانی بچووك توانیویانە چاپخانە و پێداویستییەکانی چاپ پەیدا بکەن لە سلێمانی و

**هەولێر و دهۆك، وابزانم ئەم مەسەلەیە سەرەڕای بوونی چەند چاپخانەیەكی گەورەی پارتی لە هەولێر ئێستاكە (هاوینی ٢٠١٥) ئێستاكەش هەندێ لە چاپەمەنییەكانی ئەو حزبە دەبردرێتە دهۆك بۆ چاپخانە ئەهلییەكان لە كاتێكدا سەدان هەزار دۆلار لە كڕینی ئەم چاپخانانە خەرج كراوە كە پارتی كڕیویەتی و سوودی لێ وەرناگیرێ (ئافەرم).**

**لە كۆتایی هاوین پاش لەكیسچوونی ساڵێكی خوێندنی (ڕێكان)ی كوڕم كە نمرەكەی بە زیادەوە لە كۆلێژی پزیشكیی دهۆك وەردەگیرا دوور لە ئارەزووی خۆی و بەهۆی ناچاری و نەگەڕانەوەی بۆ هەولێر لەبەرئەوەی كوڕی منە و ئاشكراشە منیش تەنها لەبەر ئەوەی سەرنووسەر ڕۆژنامەی برایەتی بووم، لە لاپەڕەكانی پێشوو باسم لێوەكردووە كە برادەرانی یەكێتی چییان بەسەرهێنایین چ لە كۆیە و چ لە هەولێر، بۆیە كە دەڵێم بە ناچاری كە ئەم ساڵەشی لەكیس نەچێ دەوامی لە كۆلیژی پزیشكیی دهۆك دەستپێكرد و لەگەڵ دوو برادەری خۆی كە ئەوانیش هاودەردی ڕێكان بوون كە بریتی بوون لە زەردەشت مەهدی خۆشناو و چەلەنگ سید محمود، شوقەیەكمان بۆ دابینكردن و دەستیان بە خوێندن كرد و سەركەوتوو بوون كە تا ڕادەیەكی زۆر ئەو ناڕەحەتییە ویژدانییەم بەهۆی لەكیسچوونی ساڵێكی خوێندن تا ڕادەیەك ڕەوییەوە لە هەمان كاتیشدا لانەی كچیشم ئەویش لە هاوینەهەواری سەلاحەدین دەستی بە خوێندن كردووە پاش ساڵێك دابڕان.**

**لە ناوەندی وەرزی ئەم ساڵەدا و لە ڕێككەوتی ١٩٩٥/١١/٢ هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستم (حەمەی حەلاق) لەگەڵ (١١) پێشمەرگەدا لە بازگەی كۆیە لەلایەن یەكێتییەوە تیرۆركرا، ئاشكرایە شەهید حەمەی حەلاق لە خێزانێكی شیوعیی گەورە بوو دایكی (ئایشە گوڵ) لەسەر ئەم ڕێبازە ئیعدام كرا لە سەردەمی بەعس، حەمەش پاش ساڵانێك چ وەكو كادر چ وەكو پێشمەرگە لە ڕیزی حزبی شیوعیی عیراقی و دڵسۆزانە خەباتی دەكرد پاش ڕاپەڕین بە ماوەیەك كە لە وڵاتی سوید گەڕابۆوە وازی لە حزبی شیوعی هێناوە و بەلای دروستبوونی (پارتی كاری سەربەخۆی كوردستان) بایدایەوە و بوو بە ئەندامی**

مەکتەبی سیاسیی ئەم حزبە تازەیە کە زۆر چاپوك و دلێرانە تێیدەکۆشا و لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لێوەکردووە کە چۆن دەیەویست لە کاتی داگیرکردنی هەولێر لە شیراتۆن رزگارم بکات، کاتێ لەگەڵ یەك دوو برادەری دیکە پەنامان بۆ شیراتۆن بردبوو، چەند جارێك لە سەلاحەدین و دهۆك ئامۆژگاریم دەکرد کەوا ئاگاداری خۆی بێت و سەردانی ناوچەی ژێردەستی یەکێتی نەکات، بەڵام بەداخەوە بەقسەی نەکردم تاکو سەری تێداچوو.

برایەتی بەهۆی بەردەوامبوون و پابەندبوونی بە هێڵی راستگۆیی و هێمنانە تا رادەیەکی باش متمانەی خۆی بەهێزتر کردبوو چ لەلایەن خوێندەوەرانەوە چ لەلایەن ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی، بۆیە لەو ماوەیەدا هەندێ لە ئەندامانی (م.س) وەکو خوالێخۆشبووان (سامی عبدالرحمن و جەوهەر نامق و کاك وشیار زێباری) وتار و لێکۆڵینەوەیان لە برایەتی بڵاودەکردەوە، سەرەڕای برایان لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی وەکو خوالێخۆشبوو شەوکەت شێخ یەزدین و کاك مەسعود ساڵەیی.

بەهەرحاڵ رۆژانی ئاوارەییمان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بەڕێکرد بە هەموو کێشە و ئاستەنگە و رەنگدانەوەی شەڕی برایان کە بێگومان ساڵێکی ناخۆش بوو، ئەگەر بەراوردێکی سادە لەنێوان ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ بکەم کە لە ناوچەی ئازادکراوی دۆڵی چۆمان-دەربەند-ئازادی کە لە دەزگاکانی راگەیاندنی شۆڕش کارمان دەکرد لام زۆر خۆشتر و ئارامتر بوو سەرەڕای ترسی تەیارە و بێ پارەیی لەو ساڵەی (١٩٩٥) کە دواتر تاکو ١٩٩٦/٨/٣١ بەردەوام بوو چونکە ساڵی ١٩٧٤ ساڵی بەرەنگاربوونەوە و شۆڕش بوو بەرامبەر حکومەتی بەعس و لە ریزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دا، بەڵام ئەم (٢٠) مانگەی ساڵی ١٩٩٥ تاکو ٣١ی ئاب لام دژوارتر و ترسناکتر بوو چونکە (برایان) شتێك نەما پەنای بۆ نەبەن بە مەبەستی (قڕان) کردنی یەکتر، خەریکبوو ئەگەر شەقی زەمانە و بارودۆخی هەرێمی نەبا خەریك بوو ئەزموونی گەلی کوردستان بە دەردی چارەنووسی ئیمارەتە کوردییەکانی پێشووتر بچن کە چۆن (شەڕی برایان) هۆکارێکی سەرەکی لەناوچوونیان بوو.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٥/٢/٢٥ خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ئاگاداری کردم کەوا لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیاری سەفەری وەفدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بانگهێشتی داوەتنامەیەکی ڕەسمی سەرکردایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و حکومەتی سوریا بۆ سوریای پێ ڕاگەیاندم کە شاندەکە وەکو کاک سامی گوتی بە سەرۆکایەتیی خۆی و ئەندامێتیی عزالدین بەرواری ئەندامی م.س و عومەر بۆتانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرهاد عەونی و نژاد عەزیز سورمێ ئەندامانی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.

لە ڕاستیدا ئەم سەفەرەم لەنێوان شاندێکی ڕەسمیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا زۆرم پێخۆش بوو یەکەم پاش (١٤) مانگ لە کەشوهەوای شارۆچکەیەکی وەکو هاوینەهەواری سەڵاحەدین و لەناو جەرگەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە بارودۆخی شەڕی برایان و یەکەم جارە کە ئەم فرسەتە بڕەخسێ بۆ ئێمەی ڕۆژنامەنووسان لەم ڕۆژگارە پڕ لە مەینەتییەدا، لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم بەم شێوەیە پانۆرامای سەفەرەکەمانم یاداشت کردووە..

کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩٦/٢/٢٧ خوالێخۆشبوو کاک سامی و بەندە و نەژاد بە ئۆتۆمبێلی کاک سامی لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین بەڕێکەوتین، دیاربوو کاک عزالدین بەرواریش لە دهۆکەوە چاوەڕوانمان بوو، دەوروبەری کاتژمێر (٥)ی ئێوارە گەیشتینە دهۆك و یەکسەر کاک سامی ئێمەی بەرەو ماڵی کاك عوسمانی برای (باوکی د. نوری) بردین، بەندە دەمێکە کاك عوسمان دەناسم کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاش ڕێککەوتنی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی هاوڕێم عبدالموجود تەهاوە دۆستایەتیمان بەردەوام بوو، کاتێ کە چووینە ماڵیان بەخێرهێنانی گەرمی کردین، کاك عوسمان براگەورەی خوالێخۆشبوو (کاك سامی)یە و هەمیشە کاك سامی بە (أبو صلاح) بانگ دەکرد، ماوەی دوو کاتژمێر لە ماڵی کاك عوسمان ماینەوە پاشان چووینە بارەگای تایبەتییەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی کە لە شوێنێکی

دڵگیری ناو باخ و دارستان دایه و نانی ئێوارەمان لای ئەو خوارد بە حزووری خوالێخۆشبوو شەوکەت شێخ یەزدین، بۆ نووستنیش من نەژادیان بۆ (کۆشکی میوانان) برد و ئەو شەوە لەویٚ ماینەوە.

رۆژی ٢/٢٨ کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ بەرەو زاخۆ بەرێکەوتین و لە چۆمی دیجلە بە بەلەمێکی کۆنی بە ماتۆڕ کارپێکراو لە سنووری نێوان (دوو کوردستان) پەڕینەوە، ئەو دوو کوردستانەی کە کەوتۆتە نێوان دوو وڵاتی عەرەب. لەودیو سنوور لێپرسراوی دەزگای موخابەراتی سنوور پێشوازییەکی گەرم کردین، ئەوجا بەرەو قامشلی، لە سنوورەوە تاکو قامشلی لە خەیاڵی بارودۆخی بزووتنەوەی گەلی کوردستاندا بووم کاتیٚ بیرە نەوتییەکانی رۆژئاوای کوردستانم دەدیت کە تاکو ئەو دەمە بۆمان ببوو بە لەعنەت و سەرەڕای ئەو دابەشکردنە نامرۆڤانەی کە وڵاتێکیان بۆ چوار بەش دابەش کردووە، ئەوجا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمە چۆن بەو عەقڵییەتە، بەو سیاسەتە دەتوانین رۆژێك لە رۆژان ئەم سنوورە دەستکردە وەکو (دیواری بەرلین) تێکوپێك بدەین، گەلی ئەڵمانیا سەرەڕای ئەوەی گەلێکی زیندووە هەستی نەتەوایەتیی بە شێوەیەك بەرزە ئەو ئیرادە پۆڵایینەی کە هەیبوو لەپێناوی یەکخستنەوەی رۆهەڵات و رۆژئاوای ئەڵمانیای پاش جەنگی جیهانیی دووەم بۆ ئەڵمانیای یەکگرتووی جاری جاران، بەڵام ئایا ئێمەی کورد کە تازە بە تازە (کوڕی کورد لەسەر کڵاو قاسم و کەپکی حەمەد ئاغا و گردەنازیٚ) بەکوشتن دەدەین ئەویش هەمووی لە روانگەی (پاوان خوازی کوردستان) بەتەنها بۆ لایەنێك کە بێگومان هەردوو لایەنی شەڕکەر نوێنەری زۆرینەی کورد ناکات، کاك سامی لە ناکاو بە بزەیەکەوە پرسی (دەبینم داڵغەت لێداوە) منیش لە وەڵامدا گوتم (ئێمە لەکوێین و دنیا لەکوێیە، بیر لەو چارەنووسە رەشە دەکەمەوە کە تاکو ئێستاکەش ئیرادەی تەجاوزکردنیمان نییە، ئەگەر ئەو ئامانج و ئەو ئیرادەیەمان هەبووایە شەڕی برایان درووست نەدەبوو)، کاك سامی بە تەعلیقێکی نەرم گوتی (لا تفکر لها مدبر).

**کاتژمێر (٤:٣٠) گەیشتینە قامشلی لە سەرەتادا قامشلیم لە رووی دواکەوتنەوە بە (کۆیە)ی پاش سالآنی هەشتاکان دەهاتە بەرچاو و شارێکی بیٚ خزمەت، ماندوو، دیاربوو کە حکومەتی بەعسی سوریا هەمان سیاسەتی شۆڤینییانەی رەگەز پەرستی عەرەبی هەیە چونکە لە رێگادا دەمانبینی ناوی دەیان شارۆچکە و گوندی کوردنشین کراوەتە عەرەبی و سەرەڕای هێنانی عەشایەری عەرەب بۆ ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جوگرافیای سیاسی و بارودۆخی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان وای لە شۆڕشەکانمان کردووە کە هەر قۆناغێك پشت بە داگیرکەرێکی کوردستان ببەستین، تاویٚ بە ئێران، تاویٚ عیراق، جارجاریش بە سوریا و تورکیا، کە بێگومان هەرهەموویان سەرەڕای گۆڕینی رژێمە سیاسییەکانی ئەم ولآتانە هیچ کاتێك لە پلان و پیلانی دژی کرود سڵیان نەکردۆتەوە، و هەمیشە کۆك بوون لەسەر ئەوەی کورد بە مافی رەوای خۆی نەگات، بەڵام کاتی بە شەقامەکانی قامشلی رەت دەبووین هەندیٚ تابلۆی دووکانەکانم دەکەوتە بەرچاو وەکو (ئازاد، نەسرین، خۆشناو) کە جۆرە سەلوایەکی پیٚ بەخشیم.**

**یەکسەر بۆ ماڵی کاك (محمود گەرگەری) چووین کە بریتی بوو لە خانووێکی دوو نهۆمیی رێکوپێك، بە گەیشتنمان بە شیرینیی پاقلاوەیەکی زۆر باشی پێشوازیی لێکردین و گوتی (لە حەلەب بەتایبەتی بۆم هاتووە)، ئێوارە برادەرانی پارتی سوریا (هەڤگرتنا گەلی کورد ل سوریا) هاتنە لامان، بەڕاستی دڵسۆز و خەمخۆر دەهاتنە بەرچاو و پەرۆشی ئەزموونی گەلی کوردستانی باشوور بوون و لایەنگری سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.**

**کاتژمێر (٩)ی شەو بەپێی بەرنامە سەردانی دائیرەی موخابەراتی قامشلیمان کرد کە لێپرسراوەکەی ناوی (محمد منصورە) بوو، پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و زۆر بە شانوباڵی دا هەڵداین و پاش دانیشتنێکی یەك کاتژمێری (منصورە) لە رێستورانتی (جبریل) داوەتی کردین و تاکو کاتژمێر (١)ی نیوەشەو ماینەوە، قسە و باسەکان زیاتر لەسەر رژێمی بەغدای سەدام بوو کە دوژمنایەتییەکی توندیان بەرامبەر هەبوو (منصورە) ناوبەناو جەختی**

لەسەر پەیوەندیی مێژوویی کورد و عەرەب دەکردەوە، لەمیانی قسەکاندا کاك سامی باسی لە ڕۆڵی زیاتری کورد کرد لە پەیوەندیی لەگەڵ عەرەب، بەڵام وەکو ئەو گوتی (بەداخەوە اخواننا العرب زۆر بایەخ بەو برایەتییە نادەن، ئەگەر بایەخیان پێ بدابا چەکی کیمایی لە کوردستان بەکار نەدەهێنرا و هەڵمەتی ئەنفال ١٨٠,٠٠٠ کوردی بێ سەروشوێن نەدەکرد). شەویش هەر لە هەمانماڵی کاك محمد گەرگەری ماینەوە کە نهۆمی ژێرزەمینەکەی بەتەواوی بۆ ئێمە تەرخان کردبوو.

ڕۆژی ١٩٩٦/٣/٢٩ کاتژمێر (١٠:٣٠) چووینە فڕۆکەخانەی قامشلی کە فڕۆکەخانەیەکی هەژار و سادە بوو، بەڵام دیسان بوونی فڕۆکەخانەیەك لەوپەڕی وڵاتێکی وەکو سوریا کە خۆی وڵاتێکی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە وابزانم لە عیراقدا لەم کاتەدا (ساڵی ١٩٩٦) تەنها لە بەغدا و موسڵ و بەسرە فڕۆکەخانەی لێبوو، نزیکەی کاتژمێر و نیوێك لە چاوەڕوانیدا بووین پاشان تەیارەیەکی بچووکی (٢٨) کورسی گەیشتە قامشلۆ و یەکسەر سواری تەیارەکە بووین، پاش کاتژمێرێك و پێنج خولەك لە کاتژمێری (١٢:٤٥) گەیشتینە دیمەشق و خوالێخۆشبوو عومەر بۆتانی و برادەرانی پارتی-مەکتەبی دیمەشق لە پێشوازیماندا بوون و یەکسەر بەرەو هوتێل (میردیان)یان بردین کە هوتێلێکی گەورە و خۆش و دڵگیر بوو، کاك سامی بەتەنها ژوورێکی بۆ تەرخان کرابوو ئێمەش کاك عزالدین بەرواری و من و نەژاد لە سویتێکی گەورەی سێ ژووری و پاشکۆیەکانی بۆمان تەرخان کرابوو، پاش پشوویەکی کورت کاك عومەر بۆتانی ئێمەی لە چێشتخانەی (السلام) داوەت کرد، چێشتخانەکە چەندین جۆرە خواردن و موقەبیلاتی هەمەجۆری هەبوو کە لەگەڵ باران بارینێکی نەرم کە لە شووشەی چێشتخانەکە دیاربوو کەشی لەباری بۆ خواردنێکی لەسەرخۆ دروستکردبوو، سەرلەئێوارەش چەندین لە برادەرانی کوردی سوریا سەردانیان کردین.

ڕۆژی ١٩٩٦/٤/١ شاندەکەمان لە ڕۆژی دووەمی سەردانەکەیدا سەرلەبەیانی چووینە بارەگای پارتی بە مەبەستی ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ

**برادەرانی کوردی سوریا کە بریتیبوون لە (باوکی جەنگیز و باوکی ئازاد و برادەرانی دیکە) کە تێیدا باسی لە بارودۆخی کوردستان و پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردی سوریا کرا، ئەوەی لێرەدا بەدیم کرد کە ئەو برادەرانە نەرمییان پیشاندا بەرامبەر رێککەوتنی لایەنەکان لەسەر بەرنامەیەکی گونجاودا، دەوروبەری کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ لەسەر ئارەزووی خوالێخۆشبوو کاك سامی چووینە (چێشتخانەکەی کەمال) کە تێیدا سەرەڕای خواردنە خۆشەکانی دیمەنی ئەو ژنانەم زۆر لا سەرنجڕاکێش بوو کە لە لایەکی چێشتخانەکە (نانی تیریی بە ساج)یان دەکرد و هەر کەسێك کە دادەنیشت یەکسەر نانێکی گەرم لەبەردەمی دادەنرا، لێرەدا یەکێ لە چوارینە پەند ئامێزەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیرم هاتەوە یاد کە دەڵێ:**

***خۆزگەم بە جاران کە نان ساجی بوو***
***لە هەزار پیاو یەکێ حـــــاجی بوو***
***ئێســــــتا لە ماڵان حاجی حاجییە***
***لە هەزار نانا یەکێ ســـــــــاجییە***

**کاتژمێر (٥)ی ئێوارە شاندی حزبی (الدعوە) کە پێکهاتبوو لە سێ کەس کە لەنێوانیاندا (أبو یسری المالکی) کە ئێستاکە بە (نووری مالکی) سەرۆك وەزیرانی عیراق دەناسرێ، لە خولی یەکەمی پەرلەمانیش کە بەناوی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی (الجمعیة الوطنیة العراقیة) ناوزەد دەکرا پێکەوە لەم خولەدا ئەندام بووین، ئەو لەسەر لیستی حزبی دەعوە و منیش لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، زۆر جار بە رێککەوت لە کافتریای پەرلمان دانیشتنی تێکەڵاو ئەنجام دەدرا کە زۆر جار ئەو و هەڤاڵانی تێکەڵ بە ئێمە دەبوون، بەڵام رۆژێك لە رۆژان باسی ئەو دیدارەم لەگەڵ نەکرد کە لەنێوان رۆژانی ١-١٩٩٦/٤/٦ لە ئوتێل (میریدیان) لە دیمەشق یەکترمان ناسی، وابزانم ئەویش لەبیری نەمابوو، دانیشتنی نێوان هەردوو لا (کاك سامی، عومەر بۆتانی، نوری المالکی، بەندە) کاتژمێر و نیوێکی خایاند کە زیاتر باسی پەیوەندییەکانی هەدوو لا و**

بەرەنگاربوونەوەی رژێمی بەغدا بوون، بەڵام ئەوەی لێیان تێگەیشتم ئەبو یسری المالکی بەهیچ شێوەیەك لە سیاسەتی حکومەتی ئێران و سوریا رازی نەبوو بەوەی کەوا یارمەتیی حزبی دەعوە نادەن سەرەڕای وەکو ئەو گوتی (جاروبار کێشەشیان بۆ درووست دەکەن).

هەمان ئێوارەش بە پێ لەگەڵ کاك سامی و نەژاد بەدەم قسە و گێرانەوەی هەندێ بابەتی رابردوو بەرەو (فندق الشام) چووین کە یەکێکە لە ئوتێلە هەرە باشەکانی دیمەشق کە بە رێککەوت لەم ئێوارەدا ئاهەنگێکی بووك گواستنەوەی لێ ئەنجام دەدرا لەسەر شێوازی وەکو دەیانگوت (الطريقة الشامية) کە تێیدا بە دەهۆڵ و مۆسیقاوە کە لە پێشەوەی بووك و زاوا و کەسوکاری هەردوولاوە بە ئاوازی سووری لە نهۆمی دووەمەوە دەهاتنە خوارێ تاکو چوونە ناو ئۆتۆمبیلە رازاوەکە.

ئەو شەوە خوالێخۆشبوو کاك سامی زۆر بە کراوەیی باسی لە سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان (القيادة المؤقتة) دەکرد و زۆر بە ئەرێنی رۆڵی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامقی دەنرخاند و راشکاوانەش گوتی (فەرهاد تۆ مرۆڤێکی ئاقڵ و هێمنی، زۆرم پێ خۆشە لە کاك جەوهەر نزیك بیت چونکە دەزانم تۆ هەمیشە مەبەستت چاکەیە و زۆر دووری لە درووستکردنی کێشە). لە وەڵامدا گوتم (کاك سامی بە گۆڕی باوکم هیچ کاتێك ناچمە ژێر باری سیاسەتی لایەنگیریی (خیلافات)، هەست دەکەم لەناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی جۆرە کێشەیەك هەیە کە وابزانم هیچی مەبدەئی نییە، من هەمیشە بە ئەرکی پارتیانەی خۆم هەڵساوم و هیچ کاتێك حەق بە خۆم نادەم لایەنگری کەسێك لەسەر حیسابی کەسێکی دیکە بکەم، بۆ ئیسپاتی ئەو بۆچوون و هەڵوێستە من ساڵی (١٩٨٤) لە کۆیە یەکێ لە برایەکانم شەڕی لەگەڵ برادەرێك کرد، من چونکە زانیم برایەکەی من خەتابارە لە دادگا شاهێدیم لە دژی دا، بەڵام یەك شت هەیە کێشەی نێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە هەرچیی لەسەر بەرژەوەندیی پارتییەوە نییە بەمن و بە غەیری من چارەسە ناکرێت، راستە من یەك دوو جار لە ساڵانی پێشووتر

چوومەتە ناو چارەسەرکردنی کێشەیەك لە نێوان دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی (کە لێرەدا بە پێویستی نازانم ناویان بهێنم)، کە تا رادەیەك گوێیان لیّ رادەگرتم تا رادەیەك توانیم کێشەکە چارەسەر بکەم، بەڵام دیسان خۆتان ئەسڵی مەسەلەکەن وأنا سأبقى عامل خير)، دیسان دەوروبەری کاتژمێر (١٠:٣٠) بەپیّ گەڕاینەوە.

سەرلەبەیانیی رۆژی ١٩٩٦/٣/٢ لەسەر پێشنیازی من بە ئۆتۆمبێلی کاك عبدالغنی کە ئەویش لە مەکتەبی پارتی لە دیمەشق کاری دەکرد و لە هەمان کاتیشدا ولاش زاوای (هاولنگ)ی خوالێخۆشبوو عومەر بۆتانی بۆ سەردانی کتێبخانە دێرینەکەی (محمد حسێن النوري) کە لە ساڵی ١٩٢٢ دامەزراوە تاکو ئێستاکەش خاوەنەکەی (محمد حسێن النوري)مان کرد بەم تەمەنە لەم کتێبخانەی رۆژانە کار دەکات، ماوەیەك لای دانیشتین و من بە پێویستم زانی هەندیّ پرسیاری دەربارەی کتێبخانەکەی لێم پرسی ئەویش پاش ئەوەی بە دڵخۆشییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە، ئەوجا قاوەیەکی لەسەر دەستووری خۆی بۆ ئامادە کردین، منیش کۆمەڵە کتێبێکی باشم لیّ کڕی، پاشان لەگەڵ نەژاد چونکە کاتمان هەبوو لەوێوە سەردانی بازاڕی (سوق الحميدية)مان کرد و لەوێشەوە بۆ مزگەوتی (الأموي) و زیارەتی مەزاری (صلاح الدين الايوبي)مان کرد و تاکو کاتژمێر (٤)ی خایاند).

کاتژمێر (٥)ی ئێوارە بە دوو ئۆتۆمبیل بەپێی بەرنامە بەرەو نووسینگەی (عبدالحليم خوام) چووین، نووسینگەکەی بریتی بوو لە کۆشکێکی ئاسایی و لەسەر شەقامێکی لاوەکی کە تەنها یەك پۆلیس لەبەر دەرگا راوەستابوو ژوور و نووسینگەکەشی سادە و ئاسایی بوو، بەخێرهێنانێکی گەرمی بە رستەی (أهلين بالأخوة الكورد) پێشوازیی لێکردین و گوتی (عندنا قهوه وشاي وزهورات) کامەتان بەدڵە من داوای چای (زهورات)م کرد چونکە یەکەم جار بوو ئەم جۆرە چایە بخۆمەوە، دانیشتنەکەمان نزیکەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند کە تێیدا باسی لە پەیوەندیی دۆستای هەردوولا کرا و جەخت لە بەهێزکردنی کرا لەسەر بنەمای لێك تێگەیشتنی هاوبەش سەرەڕای بارودۆخی کوردستان و

عیراق بە دووروودرێژی کرا، ئەوجا خەدام راشکاوانە لەسەر رژێمی سەدام دوا بەتایبەتیش شێوازی دڕندانەی ئەو رژێمە لەگەڵ حسێن کاملی زاوای سەدام پاش گەڕانەوەی بە لێبوردنێکی تایبەتی لەلایەن شەخسی سەدامەوە، ئینجا وەکو عبدالحلیم خەدام گوتی (بەم شێوە دڕندانەیە مامەڵەی لەگەڵ زاوای خۆی کرد، ئەوجا ئێمە چۆن متمانە بەم کابرا سادییە بکەین) پاشان خەدام لە هەواڵی کاك مسعود بارزانیی پرسی و بە بایەخەوە لە رۆڵی بارزانی دوا بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئەوکاتەدا.

لە کاتژمێر (٨)ی ئێوارەدا بە داوەتی (مهدی العبیدی، صلاح الانصاری و د. أحمد الموسوی) لە چێشتخانە و رێستورانتی (القصر) کە لەسەر رێگای دیمەشق–بەیروتی کۆن بوو کە ئەویش شوێنێکی دڵگیر بوو تاکو کاتژمێر (١)ی دوای نیوەشەو بەدەم شیکردنەوە و هەواڵی سیاسی دەربارەی بارودۆخی عیراق و پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بابەتی ئەو دانیشتنە بوون، لێرەدا ئەوەی من لەم دانیشتنە تێیگەیشتم را و بۆچوونە پۆزەتیڤانەکەی د. أحمد المسوی بوو دەربارەی هەرێمی کوردستان و مافی رەوای گەلی کورد و لەوانی دیکە راشکاوانەتر بوو، لەو شەوەوە دۆستایەتیمان پیەداکرد بەتایبەتی کاتێ زانی لە رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای ئەو رێکخراوەم چونکە ئەویش لە بوواری مافی مرۆڤ کاری دەکرد، جێگەی داخە پاش رووخانی رژێمی سەدان لە ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە عیراق، بەڵام پاش ماوەیەك ئەویش لەسەر دەستووری رژێمی پێشووی عیراقی سەدام حسێن لەلایەن دەستی نادیارەوە شوێن بزر کرا و وەکو هەزارانی دیکەی خەڵکی عیراق بێ چارەنووس مانەوە.

داوەتی چێشتخانەی (القصر) تاکو شەو درەنگانێکی خایاند کە تێیدا خوالێخۆشبوو کاك سامی راشکاوانە باسی لە ئایندەی نێوان کورد و عەرەب کرد لە رێگای گەڕانەوەدا لەسەر قسە راشکاوەکانی کاك سامی دەربارەی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب قسەیەکی زێدە خۆش و پڕ مانای (حاجی میرزا عبدالله کۆیی)م بازرگان و شاعیر کە بە (خادم) دەناسرێ لەمەڕ برایەتیی

کورد و عەرەبم بۆ گێڕایەوە کە کاتی خۆی خوالێخۆشبوو (خادم) لە ساڵی ١٩٥٩ چیی دەرحەق بەم برایەتیی گوتووە (کە لێرەدا جێگای باسکردنی نییە)، کاتێ کاک سامی گوێ لە قسە پەند ئامێزەکەی (خادم)ی لە منەوە گوێ لێبوو پێکەنینێك پێکەنی کە وابزانم کەم جار بەپێی زانیاریی من کاک سامی بەو جۆرە پێکەنیبێ! بۆ رۆژی دواییش لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی لە (میریدیان) کاتێ بەیانی باشم لێکرد هاتە قسە و گوتی (فەرهاد بە زاتی خودا شەو تاکو درەنگانێك پێکەنینم رانەدەوەستا) منیش لەسەر خۆ گوتم (مادام وایە لازمە دیارییەکی باشم لەسەر حیسابی خۆت بۆ بکڕیت)، لە وەڵامدا گوتی (غالي يطلب رخيص، بعيني).

سەرلەبەیانیی رۆژی ٣/٣/ لەگەڵ کاک سامی و نەژاد بە پێ لە دەوروپشتی ئۆتێل میریدیان دەخولاینەوە پاشان چووینە (بوتیکی مارینا) کە بە دیکۆر و کەلوپەلی جوان سەرنج راکێش بوو، بەڵام وەکو کاک سامی گوتی نرخی ئەم کەلوپەلانە لە نرخی بازاڕی هەرە بەناووبانگی بەریتانیا (هارودس) گرانترە، بۆیە نەمانتوانی هیچ بکڕین و گەڕاینەوە ئوتێل.

لە کاتژمێر (١١:٣٠) خولەك لە ئوتێلەوە شاندەکەمان بە دوو ئۆتۆمبێل بەرەو باڵەخانەی (القيادة القومية) بەڕێکەوتین لە کاتژمێر (١٢)دا ئێمە گەیشتینە نووسینگە تایبەتییەکەی (عبدالله الاحمر) یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی ئیشتراکی، ژوورەکەی رەنگی داری قاوەیی پێوە دیاربوو تاخمی دانیشتنەکە کاری داری دەست بوو کە هەمووی بریتی بوو لە کاری هەڵکەندن (حفر) پەردەکانیش حەریری رەنگ قاوەیی کاڵ بوو، بەڵام تا رادەیەك دیمەنی ژوورەکەی مرۆڤی نەفەس تەنگ دەکرد، (الاحمر) لە نزیك دەرگاوە پێشوازیی لێکردین و زۆر بە گەرمی بەخێرهێنانی کردین، لەو دانیشتنەدا کە کاتژمێرێکی تەواوی خایاند باسی لە پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی کرا و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بابەتی سەرەکی بوو، کاک سامی وەکو سەرۆکی شاند کەوتە قسە و وێڕای سوپاس و پێزانینی شاندی پێ راگەیاند

هەندێ داواكاری بەناوی سەركردایەتیی پارتی بە (الاحمر)ی ڕاگەیاند لەوانە ڕەزامەندی لەسەر درووستكردنی پردێكی هاتوچۆ لەسەر زێی دیجلە لەنێوان هەرێمی كوردستان و سوریا لەجیاتیی پەڕینەوە بەم بەلەمە شلۆقەی كە لەگەڵ پتەوبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو لا ناگونجێ لەگەڵ ئاسانكردنی پێدانی ڕەزامەندی خێرا و ژمارەی زیاتر بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیان، چونكە وەكو كاك سامی گوتی (توركیا مامەڵەیەكی ناشارستانییانە و نادۆستانەمان لەگەڵ دەكات) بۆیە پێویستە سوریا ئەو هەلە بقۆزێتەوە بە مەبەستی بەرەوپێش چوونی پەیوەندییەكان لەنێوان سووریا و هەرێمی كوردستان. ئەمانە و هەندێ وردە داواكاریی دیكە، لە وەڵامدا الاحمر بە بایەخەوە قسەكانی كاك سامی وەرگرت و لەوكاتە  گەڕایەوە بۆ لای مێزەكەی خۆی و هەندێ خاڵی تۆمار كرد ئەوجا گەڕایەوە شوێنی دانیشتنی بەرامبەر ئێمە و گوتی (برایان بەندە پشتگیری لە داواكارییەكانتان دەكەم و دەیخەمە بەردەم جەنابی سەرۆك (حافظ الأسد) ئیشەڵا بەدڵی ئێوە دەبێت، ئێمە لە هیچ بارێكەوە درێغیتان لەگەڵ ناكەین). بۆ نانی نیوەڕۆ لەسەر پێشنیاری كاك عزالدین بەرواری جارێكی دیكە چووینەوە چێشتخانەی (كەمال).

كاتژمێر (٦:٣٠)ی هەر ئەو ڕۆژە (بیان جبر) هات بۆ لامان و ماوەی كاتژمێرێك دانیشت و لە قسەكانیدا ئەوەم بۆ دەركەوت ئەوكاتە ئەو (یانی بیان جبر) لە مالكی ڕاستگۆترە و ڕاشكاوانە قسەی دەكرد، كاتژمێر (٨)ی هەمان شەو سەردانی ماڵی (حسن النقیب)مان كرد و زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێكردین و ڕاستەوخۆ گوتی (أنتو أمل كل العراقیین)، كاتژمێر (١٠)ی شەویش لە لایەنێكی یەكێ لە هۆڵەكانی خوارەوەی ئوتێل پێشوازیمان لە پەیامنێری هەردوو ڕۆژنامەی (لوموند)ی فەرەنسی و (الحیاة)ی لەندەنی كرد كە بە زمانی عەرەبی دەردەچێت، پەیامنێرەكەی لومەندیش ڕۆژنامەنووسێكی بە ڕەگەز لوبنانی بوو پاش دیمانەكەی كاك سامی كە لە كاتی ئاخاوتندا زانی بەندەش سەرنووسەری ڕۆژنامەی (برایەتی) پارتی دیموكراتی كوردستانم بەتەنیا نیو

کاتژمێرێك لەگەڵم دانیشت و چوند پرسیارێکی دەربارەی کوردستان و شەڕی ناوخۆی لەگەڵ کردم.

پێش نیوەڕۆی رۆژی ٣/٤ جارێکی دیکە روومان کردە باڵەخانەی (القیادة القومیة) بە مەبەستی دیدار لەگەڵ (متعب شنان) کە ئەویش ئەندامی سەرکردایەتیی نەتەوەیی حزبی بەعس و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەم حزبە بوو، بە گەیشتنمان (د. فاضل الأنصاري و مهدي العبیدي)یش ئامادە بوون، بابەتی کۆبوونەوەکە، یەکەم پەیوەندیی نێوان هەردوو حزب و رۆڵی موعارەزەی عیراقی لە بەرهەڵستکاری و بەرەنگاربوونەوەدا لەگەڵ رژێمی بەغدا کە تێیدا (متعب شنان) ئەو وەکو حکومەتی سووریا خۆی دوورەپەرێز رادەگرت، بەڵام دەیگوت ئێمە یارمەتیی سنووردارتان پێشکەش دەکەین، قسەکانی شنان لە قسەکانی (عبدالله الاحمر) نەدەچوو، وا پێدەچوو ئەو نەی دەتوانی راشکاوانە لە حزووری ئێمە باسی رووخانی رژێمی سەدام بکات.

هەمان ئێوارەی ئەو رۆژە و لەسەر راسپاردەی سەرۆك مەسعود بارزانی کە بە کاك سامی راگەیەندرابوو لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی دیمەشق سەردانی کەسایەتیی کورد و نیشتمان پەروەر و وڵات پارێز بەڕێز (کەنعان عەگید)مان کرد کە ماوەیەك بوو تەندروستیی تێکچوبوو و لە ژوورێکی تایبەتی راکشابوو و یەکێ لە خزمە نزیکەکانی بەدیارەوە دانیشتبوو، بەڵام کاتێ ئێمەی دیت وەکو بڵێی هێزی هاتەوە بەر یەکسەر لەسەر قەرەوێڵەکەی راستبۆوە و یەکە یەکە تەوقەمان لەگەڵ کرد و کاك سامی سلاو و رێزی سەرۆك مەسعود بارزانیی پێ راگەیاند کە بە تایبەتی راسپێردراون کەوا سەردانی بەڕێزیان بکەین، سەرەڕای ئامادەیی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ هەر پێداویستییەك کە بەڕێزیان دەخوازن.

سەرلەبەیانیی رۆژی ٣/٥ لەسەر پێشنیاری کاك سامی چووین بۆ چێشتخانەی (السریع) لە میریدیان کە دوو جۆرە نانی فەرەنسی و ئەمەریکیی هەبوو لە کاتی نانخواردن دا بە گاڵتەوە پرسیارێکم لە کاك سامی کرد دەربارەی (ئایا کام لەو دوو جۆرە نانە فەرەنسی و ئەمەریکییە هەڵدەبژێری)

لەم کاتەدا کاك سامی دەستی بۆ نانە فەرەنسییەکە برد و گوتی (حەز لە نانە فەرەنسیەکە دەکەم، بەڵام بە فعلی نانە ئەمەریکییەکە دەخۆم!)

کاتژمێر (٤:١٠)ی ئەو رۆژە سەردانی بارەگای حزبی شیوعیی سوریامان کرد لە یەکێ لە شەقامە لاوەکییەکانی دیمەشق کە بریتی بوو لە شوقەیەکی ئەرزی کە چوار ژوور و هۆڵێکی مامناوەندی، کەلوپەلەکانیش لەوە نەدەچوو کە حزبی شیوعیی سوریا کە دەیان ساڵە (مرۆڤێکی بە رەگەز کورد و بە کردەوە سووری) رێبەرایەتیی دەکات، جێگای بایەخی بارودۆخی سیاسی وڵاتی سووریا بێت، راستە کەلوپەل و بارەگا ئەو گرنگییەی نییە بە بەراورد لەگەڵ جەماوەری هەر حزبێك لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، بەڵام وەکو دەڵێن (مزگەوتی ئەگەر بشڕووخی منارەکەی دیارە)، دانیشتنێکی دۆستانەمان ئەنجامدا و بابەتە باسکراوەکانیش هەمان بابەتە هەنوکەییەکانی ئەم رۆژگارە بوون، ئەوکاتە (خاتوو وصال) خێزانی خوالێخۆشبوو خالد بگداش سکرتێری گشتیی ئەو حزبە بوو پاش کۆچی دوایی بەکداش دیسان ئەو حزبەش تووشی لێکترازان هاتبوو، کاتێ (یوسف الفیصل) کە ئەویش سەرکردەیەکی پێشووی ئەو حزبە بوو جیابۆوە و حزبێکی دیکەی دامەزراندبوو.

ئێوارە کاتژمێر (٧)ی هەمان رۆژ بۆ جاری دووەم بە مەبەستی وەرگرتنەوەی وەڵامی داخوازییەکانمان کە لە دانیشتنی رۆژی پێشووتر باسکرابوو لەگەڵ (عبدالله الاحمر) روومان کردە باڵەخانەی (القیادە القومیە)، ئەوجارە (الاحمر) بەگوڕتر پێشوازیی لێکردین و سڵاو و رێزی سەرۆکی سوریا (حافظ الأسد)ی بۆ بەڕێز مسعود بارزانی پێ راگەیاندین و یەکە یەکە وەڵامی داخوازییەکانی داینەوە کە هەرهەمووی پۆزەتیڤ بوو، چ درووستکردنی پردێکی ئاسنین لەسەر زێی دیجلە بە مەبەستی ئاسانکردن و فراوانکردنی هاتوچۆ سەرەڕای داواکارییەکانی دیکە، لە کۆتاییشدا (عبدالله الاحمر) راشکاوانە پێی راگەیاندین کەوا سەرۆك حافظ الأسد و سەرکردایەتیی حزبی بەعسی ئیشتراکیی سووریا حەز دەکەن بەڕێز بارزانی سەردانی سووریا بکات و بە رەسمی و بە گەرمیش پێشوازیی لێ دەکرێت.

ئەوجا باسی لە توندوتۆڵ کردنی پەیوەندییەکانی هەردوو لا و چارەسەر کردنی باری ناوخۆی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی کرا، پاش بەکۆتا هاتنی دیدارەکەی (عبدالله الاحمر) کە زۆر ئەرێنی بوو کاك سامی لە هاتنە دەرەوەماندا پێشنیاری (فندق الشام)ی بۆ کردین گوتی من ئیمشەو داوەتی (پاقلاوەی گوێز و فستقی سووریتان دەکەم کە وابزانم لە هەموو سووریا یەکەمە)، منیش بەدەم سوعبەتەوە گوتم (کاك سامی پاقلاوە لەسەر سکی برسی خۆش نییە، خۆشی شیرینیی وەکو پاقلاوە پاش نانخواردن دەخوریَ)، یەکسەر کاك عومەر بۆتانی بە دەگمەوە هات و گوتی (بەخوا کاك سامی قسەکەی کاك فەرهاد راستە، ئەگەر تۆش داوەتەکە ناکەی ئەوا من ئامادەم) کاك سامیش لەسەرخۆ گوتی (کاکە عمر حللتها فەرموون با بڕۆین).

بە گەڕانەوەمان سێ قۆڵی خوالێخۆشبوو عومەر بۆتانی و بەندە و نەژاد تاکو درەنگانی شەو خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتێکی تێروتەسەل بووین بۆ سەرکردایەتیی پارتی لەگەڵ ناردنی راپۆرتێك بۆ برایەتی.

سەرلەبەیانیی رۆژی ٦/٣//١٩٩٦، زۆربەی ئیشوکارەکانمان تەواو بوون تەنها دیدارێکی (علی دوبا) بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای موخابەراتی سووری نەبێت کە لەم رۆژەدا کاك سامی و کاك عزالدین بەرواری دوو قۆڵی سەردانیان کرد و تاکو نزیك کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ مانەوە، لە گەڕانەوەی کاك سامیم پرسی بۆ ئێمەشتان نەبرد بۆ ئەم دیدارە لەگەڵ (علی دوبا) کاك سامی لە وەڵامدا گوتی (لایەنی سووری حەزیان دەکرد تەنها من و کاك عزالدین ئەم دیدارە ئەنجام بدەین). هەر ئەو رۆژە بۆ نانی نیوەڕۆ بە داوەتی (القیادة القومیة) بە ئامادەبوونی صلاح الأنصاري و مهدي الهبیدي لە (چێشتخانەی ڤیرسای) کە چێشتخانەیەکی پێنج ئەستێرەی زێدە خاوێن و رێکوپێك دەهاتە بەرچاو، نانی نیوەڕۆمان خوارد کە نزیکە (٣) کاتژمێری خایاند ئەوانی یانی (الانصاري و العبیدي) خۆشحاڵ بوون بە ئاکامی ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کە لە رۆژانی پێشووتر ئەنجامدرابوو، ئێوارەکەشی لە ماڵی (أبو جنگو) کە لە یەکێ لە گەڕەکەکانی دیمەشق بوو نانێکی کوردانەمان خوارد کە بریتی بوو لە

چێشتی (قەرەخەرمان) و گۆشتی کاوڕ، خواردنی قەرەخەرمان و ساوار لە سووریا زۆر باوە و لەناوچەی جزیرەی کوردنشین بە شێوەیەکی فراوان ئامادە دەکرێ.

لە گەڕانەوەدا ماوەیەك لە هۆڵی ئوتێل لەگەڵ کاك سامی دانیشتین پاش ماوەیەك کاك سامی رووی تێکردم و گوتی (فرهاد یعجبك نكمل السهرة چونکە ئێوە بەیانی دەگەڕێنەوە و منیش سەفەرێکی کورتی بەریتانیام هەیە) لەگەڵ کاك سامی تاکو کاتژمێر (١١)ی شەو بەدەم قسەی خۆش و خواردنەوەی (شەرابی سوور) کاتمان بەڕێکرد.

لەو سەفەرەدا کە کۆمەڵێك لە گەورە بەرپرسانی حکومی و حزبیمان دیت سەرەڕای چەندین کەسایەتیی کورد و لایەنە سیاسییەکانی کوردی رۆژئاوای کوردستان، بواریشمان هەبوو کە سەردانی بازاڕی الحمیدیە و باب توما و شیوێنی دیکە ببینین، بەڵام کاك سامی لە زۆربەی دیدارەکان ئامۆژگاریی دەکردم کەوا کامێرا لەگەڵ خۆم نەهێنم چونکە وەکو ئەو گوتی (تۆ وەکو رۆژنامەنووس نەهاتووی بەڵکو ئەندامێکی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوان خۆیان وێنەگری تایبەتییان هەیە و وێنە دەگرن و پاشان بۆمانی دەنێرن)، بەڵام بەداخەوە نە وێنەم گرت و نە ئەوانیش هیچ (وێنە)یان بۆ نەناردین.

کاتژمێر (٨)ی سەرلەبەیانیی رۆژی ٣/٧ بە ئۆتۆمبیلی عبدالغنی بەرەو فڕۆکەخانەی دیمەشق بە مەبەستی گەڕانەوە من و نەژاد بۆ قامشلی کە دەبووایە کاتژمێر (٩:٣٠) تەیارە بفڕێ، بەڵام تاکو کاتژمێر (١٢) ماینەوە تەیارە لە قامشلۆوە نەهات و پێیان راگەیاندین کەوا بەهۆی باران بارینەوە لەناوچەی جزیرە و شاری قامشلی تەیارە هەڵنەستاوە، بۆیە بە ناچاری گەڕاینەوە ئوتێل، من حەزم دەکرد هەر ئەو کاتە بچینە گەراج و بە ئۆتۆمبێل بگەڕێینەوە، بەڵام نەژاد حەزی نەدەکرد ئەوکاتە بگەڕێتەوە، بەڵام خوالێخۆشبوو عومەر بۆتانی ئێمە بردە ماڵی خۆیان چونکە لە ئوتیل سویتەکەمان لەسەر ناوی ئێمە نەمابوو بۆیە تاکو کاتژمێر (٨) لەوێ ماینەوە

پاشان چووینە (تێرمیناڵی سەرەکیی دیمەشق) و سواری یەکێ لە ئۆتۆمبیلە گەورەکانی هێڵی دیمەشق–قامشلی بووین و ئۆتۆمبێلەکەش کاتژمێر (٩)ی شەو لە ڕێگای دیمەشق–تدمر گەڕاینەوە و کاتژمێر (٦)ی بەیانی گەیشتینە قامشلی، کەشوهەوای قامشلی لەو بەیانییە سارد بوو بە تاکسییەك بەرەو ماڵی کاك ساڵح میرانی بردین و یەکسەر لێی خەوتین چونکە شەوی پێشووتر لە ڕێگا خەومان لێ نەکەوت، کاتژمێر (١)ی نیوەڕۆ خوالێخۆشبوو شاعیر و نووسەری کوردی سوریا (عبدالرحمن ئالوچی و باوکی محمد) هاتن بۆلامان و ئێمەی لە چێشتخانەی (الادارة المحلیة) میوانداری کرد، پاشان بە پیاسە سەردانی سنووری دەستکردی نێوان شاری قامشلی و نصێبین–مان کرد کە تەنها بە دیواری تەل نێوان دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان تورکیا و سووریا جیاکرابۆوە، کاتێ دەماندیت مریشك و جووجەڵەکان لەژێر دیوارە تەلەکە هاتوچۆ دەکەن کاك نەژاد عەزیز سورمێ بە تەعلیقێکی سادە گوتی (دیسان باشە مریشك و جووجەڵەی کورد بەبێ پاسپۆرت و ڤیزا ئازادانە هاتوچۆ دەکەن).

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٣/٩ سەردانی بارەگای پارتیمان کرد لە قامشلی، ماوەیەك لای برادەران ماینەوە، پاشان بە ئۆتۆمبێلەکەی کاك سەڵاح میرانی بەرەو سنوور کە دیاربوو ڕۆژی پێشووتر بارانی باش باریبوو، کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە سەر زێی ئاوی دیجلە و بە بەلەم پەڕینەوە، بە پەڕینەوەمان بۆ دیوی خۆمان ئۆتۆمبێلەکەی کاك عزالدین بەرواری لە چاوەڕوانیمان دابوو، ئێمەیان گەیاندە دهۆك و منیش بە مەبەستی دیتنی (ڕێکان)ـی کوڕم کە لە پۆلی یەکی کۆلیژی پزیشکیی زانکۆی دهۆك دەوامی دەکرد شەو مامەوە، بۆ حەوانەوەش چووینە ئوتێل پەرلەمان کە ئەوکاتە لە شەقامە سەرەکییەکەی شاری دهۆك بوو بەرامبەر چێشتخانەی (باجلور).

ڕۆژی ١٩٩٦/٣/١٠ پاش ١٢ ڕۆژی ئەو گەشتە گەڕاینەوە هاوینەهەواری سەلاحەدین، پاش چەند ڕۆژێك بەپێی ئەو داوەتنامەیەی کە بۆ سەرۆك مەسعود بارزانی کرابوو لەلایەن سەرۆك (حافظ الأسد)ەوە کە لە دوا دانیشتنی

(عبدالله الأحمر) به شاندەکەی ئێمەی ڕاگەیاند کاك مەسعود به داوەتێکی فەرمی ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢٥ بەرەو سووریا بەڕێکەوت و لەلایەن لێپرسراوانەوە له سنووری خاپوردا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢٧ سەرۆکی سووریا (حافظ الأسد) له کۆشکی (الروضة) له دیمەشق پێشوازیی له سەرۆك بارزانی کرد، له ڕۆژەکانی دواییشدا چەندین دیدار و چاوپێکەوتن و سەردانی ناوەند و حزبە کوردییەکانی سووریای کرد و ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٦/٥/٨ گەڕایەوە کوردستان و بەندە و هەندێ له برایانی ڕۆژنامەنووس له پێشوازیدا بووین که به یاوەریی خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن و جێگری سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی له بەری پردی قەندیل له پێشوازیی گەڕانەوەیدا بوون و له ژمارە (٢١٦٨)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٥/١٥ ریپۆرتاژێکی دوو لاپەڕەییمان (ل ٢ و ٣) لەسەر ئەو سەفەرە مێژووییە بڵاوکردەوە که تێیدا هەواڵی ئەو ریفراندۆمە جەماوەرییەی که له قامشلی بۆ بەڕێزیان کرا لەلایەن جەماوەری تینووی کوردایەتی گرنگیی پێدرا.

پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی سووریا له هەندێ لایەنەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، بەڵام له جەوهەردا سووریا سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستیی عەرەبییانە له ڕۆژئاوای کوردستان پەیڕەو دەکرد که له ساڵانی سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکردووە که خۆی له سیاسەتی (الحزام العربي) له ڕۆژئاوای کوردستان دەدیتەوە و سەرەڕای ڕۆڵی دەزگاکانی هەواڵگریی سووریا له درووستکردنی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی سووریا که بەداخەوە ڕۆژانە ڕوو له زیادبوون بوو به ڕادەیەك زۆر جار دەگەیشتە ١٠ و ١٢ و ١٥ لایەن که هیچ هۆکارێکی ئەوتۆش نەبوو که ئەو ناکۆکییە و ئەم هەموو حزبە درووست بێت، کاتێك لەو سەردانەی دواییمان بۆ سووریا له گەڕانەوەماندا که من و نەژاد عەزیز سورمێ پێکەوە گەڕاینەوە شەو و ڕۆژێك خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن ئالوچی)مان لەگەڵدابوو که ئەویش تازە له (الپارتی) جیا بووە، بەڵام لەسەر هەمان ڕێڕەوی (الپارتی) مابۆوە که ئەویش نزیکییان بوو له پارتی دیموکراتی کوردستان و خۆشەویستیی بارزانی بۆیە

کاتێك كە لە چێشتخانەی (الإدارة المحلية) لە قامشلی لێم پرسی هۆکاری ئەو هەموو جیابوونەوە و درووستکردنی حزبێك لە چەند مرۆڤێك کە ژمارەیان ناگاتە ٢٥ یاخود ٣٠ کەس بۆچی دەگەڕێتەوە و ئایا خزمەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەکات لە سووریا؟!، ئالوچی لە وەڵامدانەوەدا زۆر راشکاوانە گوتی (خیلاف ئێمە سەرچاوەکەی خیلافاتە مێژووییەکەی ئێوە بوو (مەبەستی ئینشیقاقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤) کە ئەو نەخۆشییەی تووشی ئێمەش کرد، خیلافاتەکانمان شەخسین وەکو چۆن خیلافاتەکەی ئێوەش شەخسی بوون، بە هیچ جۆرێك لە روانگەی فکر و فەلسەفەی ئایدۆلۆجی نییە و لەسەر باشترکردن و بەرەوپێشەوەی حزبیش نییە و هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ یەك خاڵ کە ئەویش بریتییە لە بەکەسایەتیکردنی حزب لەلایەن یەك سەرکردەوە (شخصنة الحزب) کە ئەمیشیان چارەی نییە چونکە مەسەلەکان شەخسین)، دیسان لێرەدا ئەو رووداوەم بیرکەوتەوە کاتێ لە رۆژی یەکەمی گەیشتنمان بۆ قامشلی لەو سەفەرەماندا چەندین کەسایەتی و شەخسی یەکەم و دووەمی لایەنە سیاسییە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان بە مەبەستی بەخێرهێنانی شاندی پارتی عەسرێکی درەنگ سەردانیان کردین کە خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن سەرۆکی شاند لە رێگای لێپرسراوی مەکتەبی قامشلیی پارتی دیموکراتی کوردستان زانی کە ئەو برادەرانەی بۆ بەخێرهێنانی ئێمە هاتوون نوێنەرایەتیی (٨) لایەنی کوردی دەکەن، بۆیە خوالێخۆشبوو کاك سامی کەوتە قسە و پاش بەخێرهێنانیان هاتە سەر ئەو مەبەستەی کە پێویست بوو بیڵێ لە رووانگەی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە تێدا گوتی (برایێ دەلال حەز دەکەم لێرەدا خاڵێکی گرنگتان بۆ روون بکەمەوە کە ئەویش ئێمە لە کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بە تەجروبەیەکی خراپدا رۆشتین کە زەرەرێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد داوە و تاکو رۆژانی ئەوڕۆش پێوەی دەناڵێنین ئەوجا هۆکارەکەی هەرچییەك بووبێت، بەڵام پاش سەرکەوتنی راپەڕین لە بەهاری ١٩٩١ ئێمە هەندێك لەو لایەنانەی گۆڕەپانی

**کوردستان هەستمان بە زیانی ئەو (الانقسامات والانشطارات)ـە کرد کە لەئارادابوو بۆیە بە هەوڵی دڵسۆزانەی سەرکردەکانی (سۆشیالیست، پاسۆك، گەل) توانیمان ئەو سێ حزبە لە (حزبی یەکگرتن) کۆبکەینەوە، پاشانیش (یەکگرتن و پارتی دیموکراتی کوردستان)مان لەناو (پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو) کۆکردەوە (لێرەدا بۆ مێژوو دەیڵێم خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن دەستی بۆ لای من درێژکرد (نووسەر) و گوتی "ئەم جوامێرەش رۆڵێکی باشی لەم مەسەلەیەدا گێڕا"، بۆیە هیوادارم ئێوەش لەسەر رێ و شوێنی ئێمە بڕۆن و هەشت حزب بکەن بە چوار و چواریش بکەن بە دوو، باشترین کاریش ئەوەیە کە ئەو دووەش بکەن بە یەك).**

**لێرەدا نەختێك لە بابەتەکەی پەیوەندی لەگەڵ سووریا دوورکەوتمەوە کە سەرەڕای هەندێ پێشکەوتن لە رووی هاتوچۆ و بازرگانی شتێکی دیکەی ئەوتۆی لێ شین نەبوو، بچووکترین نموونە کە شاندی پارتی داوای دەکرد درووستکردنی پردێك بوو لەسەر زێی دیجلە بۆ هاتوچۆی نێوان لەجیاتیی ئەم بەلەمە بچووکەی کە هاتووچۆی پێ دەکرا، بەڵام ئەوان (یانی دەسەڵاتدارانی سووریا دڵیان نەدەهات پردێك درووست بکەن کە دوو پارچەی کوردستانی دابەشکراو پێکەوە ببەستێتەوە!**

**پاش گەڕانەوەی کاك سامی لەو گەشتەی کە سەرۆکایەتی ئەو شاندەی دەکرد کە بۆ سووریا چووبوین، بەڵام ئەو لەگەڵ ئێمە نەگەڕایەوە بە سەفەرێکی کورت بەرەو بەریتانیا چوو و لە ١٩٩٦/٣/٢٧ گەڕایەوە، چەند رۆژێك دوای ئەوە بە تەلەفۆن داوای کردم کەوا لە نووسینگەی خۆی لە مەکتەبی سیاسی سەردانی بکەم، کاتێ چوومە لای و باسی سەفەرەکەی خۆیی بۆکردم گوتی (کاتێ هەواڵی هاتنەوەکەم لە برایەتی ژمارەی ئایندەدا باس دەکرێ لەنێوان هەواڵەکەدا بە هێمنی باس لە هاتنی بەڕێز (رۆبەرت دۆیچ) سەرۆکی دائیرەی باکووری کەنداو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و بە سەرۆکایەتیی وەفدێکی ئەمەریکا بە مەبەستی ناوبژیکاری ئەمەریکی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا دێتە کوردستان بۆ بەئەنجام گەیاندنی پڕۆسەی ئاشتی لە کوردستان کە ئەمەریکا**

سەرپەرشتیی دەکات)، پاشان گوتی (لەهجەی وەڵامدانەوەتان بۆ یەکێتی خەفیف بکەن بەڵکو زەمینە خۆش بکرێ کە ئەم شەڕە کۆتایی پێ بهێنرێ و ئارامی بۆ کوردستان بگەڕێتەوە)، منیش لە وەڵامی تێبینییەکانی کاك سامی گوتم (کاك سامی ئێمە هەمیشە دەستپێشخەر بووین، لە هیچ هەڵمەتێکی راگەیاندندا دەستپێشخەر نەبووین و بەتایبەتیش رۆژنامەی برایەتی هێمنی خۆی و پابەند بوونی خۆی بە سیاسەتی ناوەندی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی گرێداوە و هیچ کاتێك سنوورمان نەبەزاندووە و لە ژمارەی ئایندەشدا زیاتر لە مەسەلەی ئاشتی دەچینە پێشەوە، حەق وایە جەنابت زیاتر لەگەڵ ئەو راگەیاندکار و دەزگا راگەیاندنانە باس لەو رێڕەو و ئەو سیاسەتە بکەیت کە وەکو ئێمە نین، ئێمە وەکو کود دەڵێ "بە پێ بگرە بێ پێ هی خۆمانە").

ئەوەبوو لە ژمارە (٢١٦٢)ی رۆژی ١٩٩٦/٣/٣١ سەرووتاری برایەتیم لەژێر ناوونیشانی (با برینی نەتەوەکەمان ساڕێژ بکەین) تەرخانکرد کە تێیدا سەراپای وتارەکەم تەرخان کردبوو بۆ ئەو مەبەستەی کە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان لەوەدایە کە ئەم شەڕە خۆکوژییە بنبڕ بکرێت لە کۆتایی سەرووتارەکە گوتومە (چارەسەری ئاشتییانەی قەیرانی ناوخۆ تاکە رێگایە کە گەلی کوردستان لەو مەینەتە رزگار بکات و دەبێ لاپەڕەیەکی تازەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە بۆ گەڕانەوەی شەرعییەت و دەسەڵاتی یاسا هەڵدەینەوە...) پاش دەرچوونی ئەو ژمارەیە یەکسەر چەند دانەیەکم بۆ لای کاك سامی برد ئەویش پاش خوێندنەوەی داوای لە TV کوردستان و ئێزگەی دەنگی کوردستان کردبوو کە چەند جارێك بخوێندرێتەوە، ئەوەی ئاگاداری بووم ئێزگەی دەنگی کوردستان دوو جار بە دەنگی بێژەری دەنگ رەسەن و کاریگەر کاك (کامەران خەفاف) خوێندرایەوە.

کار و چالاکیی رۆژانەمان خۆی لەناو ئەو خانووە چڕ کردبۆوە کە رادەیەکی زۆر سیمای یەك خێزانیمان پێوە دیاربوو، هەمیشە لە هەوڵی جدی دا بووم کەوا هیچ گرفتێك نەبێتە هۆکاری دەرچووی برایەتی و خەبات، خەبات لە رووی کارگێڕی و داراییەوە و برایەتیش لە هەموو لایەکەوە، بۆ مێژوو

دەیڵێم کاك سەعید یحیا بەوپەڕی تواناوە لە هاوکاریمان دابوو و کارئاسانیی زۆری بۆ دەکردم و هەمیشە ئۆتۆمبێلەکەی کە جۆری بەڕازیلی بوو لە حزمەتی ئیشوکاری هەردوو رۆژنامەکەدا بوو، چونکە ئێمە تاکو ئەو کاتەی کە خۆم بە شەخسی ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلیی مۆدیل (١٩٨٩)م کڕی کاك سەعید درێغیی لەگەڵ نەدەکردین.

پاش ئەوەی برایەتی لە (٨) لاپەڕەوە بوو ١٢ و ١٦ لاپەڕە کە تێیدا سەرجەم رووداوەکانی لەخۆ دەگرت و زۆر بابەتییانە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن و هەر کاتێکیش کە دەردەچوو (٢٥٠) دانە بۆ دهۆك و (٢٥٠) بۆ هەولێر و (١٠٠) دانەی بۆ سلێمانی و (٢٥٠) دانەش بۆ شەقڵاوە و هەریر و خەلیفان و (٥٠) دانە بۆ ئاکریێ سەرەڕای (١٠٠) دانە بۆ بازاڕی هاوینەهەواری سەلاحەدین ئەوجا بەشی مەکتەبی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی و دامودەزگاکانی پارتیی لیێ دابین دەکرا، کە هەر جارە (١٥٠٠) دانە لیێ چاپ دەکرا لەگەڵ ناردنی (٥٠) دانەیەك بۆ مەکتەبی پارتی لە قامشلی، سەقامگیریی دەرچوون و بابەتییانەی شیکردنەوەی رووداوەکان وای لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کردبوو کە ناوە ناوە سەردانمان بکەن بەتایبەتیش خوالێخۆشبووان کاك جەوهەر نامق و کاك فرەنسۆ هەریری سەرەڕای کاك وشیار زێباری و مسعود ساڵەیی و د. عبداللە ئاگرین و نوری حەمە عەلی کە لە سەرەتادا لەو رۆژانەی کە بژێویمان زۆر خراپ بوو کاك نوری حەمە عەلی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دیناری وەکو یارمەتی بۆ بەجێهێشتین و تا رادەیەکی گەورە بە هانامانەوە هات.

پەیوەندیی نێوان خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن وەکو بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن لەگەڵ بەندەدا زۆر ئاسایی بوو و ڕێزی تایبەتیی دەگرتم کە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ناسین و پەیوەندیمان کاتیێ ساڵی ١٩٦٣ لە ماوەت یەکترمان دیتبوو کە هەردووکمان تازە لە ١٩٦٣ دوای کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کردبوو، بەڵام ناسینی راستەوخۆ و ئاشنابوونمان بە یەکتری دەگەڕێتەوە بۆ

سەرەتای هاتنی شاندی وتوێژی سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ کە هاتبوونە بەغدا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی حکومەتی بەعس، ئێمەش ئەوکاتە بە حوکمی ئەندامێتی لە مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندیی یەکێتی قوتابییانی کوردستان چالاکوانی ئەم ڕێکخراوە (خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو و عبدالموجود تەها و بەندە) لە کۆشکی سپی (القصر الأبیض) لە شەقامی النضال لە بەغدا سەردانمان کردن و لەو دانیشتنەدا کاک سامی زۆر لە نزیکەوە ماوەی نیو کاتژمێرێك لەگەڵ من دوا کە دواتر بوو بە سەرەتای پەیوەندییەکی توندوتۆڵ، بۆیە زیاتر بۆ هەندێ بابەتی تایبەتی ڕاشکاوانە لەگەڵم دەدوا بۆیە کاتێ پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩٦/٥/٢٦ لە یادی سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵاندا تەلەفۆنی بۆ کردم کەوا پێکەوە بچین بۆ لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەستۆرە بە مەبەستی یادکردنەوەی قۆناغی ئەو شۆڕشەی کە لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بەسەر شۆڕشی ئەیلولدا هاتبوو بە مەبەستی قسەکردن لەسەر ئەم شۆڕشە لەمیانی ئەو کۆڕەی کە لقی دووی پارتی ڕێکی خستبوو، لە ڕێگادا کاتێ لە بازگەی هاوینەهەواری سەڵاحەدین تێپەڕین و هەولێرمان دوور بە دووری لێ بەدیارکەوت بە کاک سامیم گوت (کاک سامی بە رای تۆ نزیکە نەبووە بگەڕێینەوە هەولێر)، کاک سامی لەژێر چاویلکەکەی بە نەرمی تەماشایەکی کردم کە هەردووکمان لە کورسیی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی ئەو سوار ببووین و زۆر لەسەرخۆ گوتی (فەرهاد ئێمە بە شەڕ ناتوانین بچینەوە هەولێر، یەکێتی موستەلزەماتی لۆجستیی لە ئێمە زیاترە، ئێران دەعمی باشیان دەکات، سەرەڕای ئەوە ئێمە نەمانتوانی موحاسەبەی ئەو مەسئولانە بکەین کە هەولێریان لەدەست داین، ئێستاکەش هەمان مەسئولین حەلەقاتی عەسکەرییان لەدەستە، لە دونیادا نەبووە لێپرسراوی سەربازی شکست خواردوو جارێکی دیکە لێپرساوێتیی سەربازیی پێ بدرێتەوە، کاک جەوهەر شاهیدە کە لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی ئەم قسەیەم بە جەنابی کاک مەسعود گوتووە، لە حەقیقەتدا کاک جەوهەریش تەئییدی کردم)، لەگەڵ تەواوبوونی ئەو چەند ڕستەیەی قسەی نێوان گەیشتینە

بەردەم هۆڵی لقی دووی پارتی و پێش هاتنەخوار لە ئۆتۆمبیلەکە کاك سامی گوتی (فەرهاد وەلەو واسقم لە تۆ، بەڵام دەبی المجالس بالامانات بێت)، بۆ زیاتر جەخت لەسەر ئەم بابەتە تەنها جارێك دوو بە دوو لەگەڵ کاك جەوهەر نامق ئەم بابەتەم لەگەڵی باسکرد، کاك جەوهەر گوتی (من ئەو مەسەلەیەم پێش کاك سامی لە مێشکدا دەخولایەوە، بەڵام کاتێ لە رێگای چوونمان بۆ سەری رەش بۆ لای کاك مەسعود کاك سامی ئەم بابەتەی باسکرد کە پێویستە موحاسەبە هەبێت، قسەکانی کاك سامیم بەدڵ بوو و حەزم کرد ئەو بیوروژێنێ چونکە ئەگەر من بموروژاندبایە لەوانەیە جۆرە لێکدانەوەیەکی دیکە و خراپی بۆ دەکرا)، لێرەدا بۆ مێژوو دەیلێم ئەو رۆژەی کە بەرێزان (مامۆستا محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەوسا و محمود محەمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی) بە یەکێ لە ئۆتۆمبێلەکانی ئەحمەد چەلەبی (I.N.C) کە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆی رێکخستبووین کە لە هەولێرەوە بۆ هاوینەهەواری سەلاحەدین بمانبەن، چونکە ئۆتۆمبێلەکانی (I.N.C) لە بازگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەنێوان هەولێر و مەلا ئۆمەر رانەدەگیران، لە رێگا مامۆستا محەمەد مەلا قادر کەوا خۆمانی بەو رەزالەتە دەدیت و ئۆتۆمبێلی I.N.C بمانگوازێتەوە زۆر تووڕە دەهاتە بەرچاو و چەند جارێك ئەو رستەیەی دووبارە دەکردەوە (وەعد بێت ئەمڕۆ و سبەی کاك مەسعود ببینم دەبێ هەموو راستییەکانی پێ بڵێم، دیسان وەعد بێت ئەگەر کەمتەرخەم و سەرکردە سەربازییەکانی کە بەبێ هۆ پاشەکشەیان کردووە موحاسەبە نەکات من هەڵوێست وەردەگرم)، ئەوجا نازانم مامۆستا مەلا محەمەد وەعدەکەی خۆی گەیاندە سەر یان نا.

بۆ جاری دووەم مقۆ مقۆی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان هاتە ئاراوە چونکە ئەو درێژکردنەوەی کە جاری پێشوو لە گوندی (داربەن) پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی ساڵێك تاکو رۆژی ١٩٩٦/٦/٤ بڕیاری لێدا بەو ئومێدەی بەڵکو لە ماوەی ئەم ساڵەدا بارودۆخ ئاسایی بێتەوە و شەڕی برایان کۆتایی پێبێت، بەڵام ئەو شەڕە کۆتایی نەهات دەبووایە بیر لە درێژکردنەوەیەکی دی

بۆ جاری دووەم خەمی لێ بخورێ، ئەوەبوو بە هەوڵی خێرخوازان کە بریتی بوون لە نوێنەری لایەنەکانی هاریکاری نیشتمانی و کەسایەتییە ناسراوەکان و لەپێشەوەشیان کەسایەتیی ناوداری کورد مامۆستا عەزیز  محمد هەوڵ و کۆششەکان گەیشتنە ئاراستەی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی دیکەی پەرلەمان لە شوێنێکی بێ لایەنی کوردستان کە لەنێوان هەردوو لای شەڕکەردا بێت، پاش گفتوگۆ و هاتوچۆی ناوبژیوانان بڕیار درا لەنێوان گوندی مەلا ئۆمەر و شاوێس لە قەراغ شەقامی گشتیی ئەو شوێنە چادرێك هەڵبدرێ تاکو کۆبوونەوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستانی تێدا ئەنجام بدرێ.

ڕۆژی ۱۹۹٦/٦/۳ کە دوا ڕۆژی تەمەنی ئەو قۆناغەی پەرلەمانی کوردستان بوو بەندە و ڕۆژنامەنووسی هاوکارم شێرزاد عبدالرحمن لەگەڵ وێنەگری ڕۆژنامە محی الدین عزیز لەگەڵ کەژاوەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی زەرد بەرەو شوێنی مەبەست کەوتینە ڕێ، کاتژمێر (۱۰:۳۰) ئێمەی تیمی ناوبراوی برایەتی ئامادەبووین بەرە بەرە ئۆتۆمبێلەکانی فراکسیۆنی سەوز و ئەندامانی لیستەکانی دیکە دەگەیشتن، کاتژمێر (۱۱:۳۰) کۆبوونەوە (تەمەن) دەستپێکرد و دەستەی سەرۆکایەتی کەبریتی بوون لە خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عەزی ئاغا و فرسەت ئەحمەد بە راوێژ لەگەڵ خوالێخۆشبووان د. کەمال فوئاد سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز و فرەنسۆ هەریری سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد کەوتنە گفتوگۆ و لە ئاکامدا بە بڕیاری تێکڕای ئەندامانی ئامادەبووی پەرلەمانی کوردستان کە ژمارەیان (۱۰۳) لە کۆی (۱۱۰) ئەندام بڕیار لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ ماوەی (۳) مانگی دیکە تاکو ۱۹۹٦/۹/٤.

لە راستیدا کە بۆ جاری دووەم ئەم شانۆگەرییەم بینی، جاری یەکەم لە دارەبەن و بۆ جاری دووەم لەنێوان مەلا ئۆمەر و شاوێس کە تێیدا دەمدیت هیچ کێشەیەك لەنێوان پەرلەمانتارانی سەوز و زەرد و شین و مۆر نییە، هەموویان سەرەڕای جیاوازیی بیروڕای سیاسی، ئاینی وەکو برا و هەڤاڵ و هاوڕێ مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، باشە دەبێت هۆکاری ئەم شەڕە چی بێت؟! و کێ بێت؟! وەڵامەکەم بە شێوازێك ئاراستەی دەکرد کە سوودمەندانی سەربازی و

سیاسی ئەو دوو لایەنە دەبێت هۆکاری سەرەکی بن، باشە ئەگەر وابێت رۆڵی سەرکردەکان لەکوێیە؟!. کاتێ لە خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا نزیکبوومەوە کا سالانێکی پێشووتر لەرێگای خوالێخۆشبوو خەسرەو تۆفیق ناسیبووم و ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیدا کردبوو یەکسەر گوتی (کاک فەرهاد توخوا وامەکە رۆژنامەنووسەکانتان پرسیاری ئیستفزازیم لێ بکەن چونکە کاتەکە هی ئەوە نییە)، گوتم بەسەرچاو، بەلام (بینی وبینك) پێم ناڵێی بۆ دەتوانین پەرلەمان کۆبکەینەوە بەلام پەرلەمان ناتوانێ مام جەلال و کاک مەسعود کۆبکاتەوە؟ کاك نەژاد نەختێ داما ئەوجا منی نەختێکی دیکە لە قەرەباڵغییەکە دوورخستەوە زۆر بە جدییەتەوە وەڵامی دامەوە گوتی (کاکە گیان خۆت دەزانی موشکیلەی کورد ئێستاکە خیلاف نێوان ئەو دوو برادەرەیە قوڕ بەسەر پەرلەمان، ئەوان تاکو ئێستا ئەمەریکا بەو هەموو هێزە کاریگەرەی خۆی ناتوانێ کۆیان بکاتەوە لەو مەسەلەیە توانای پەرلەمان وەکو توانای من و تۆیە)، منیش پرسیارێکم لێت هەیە باشە کاك جەوهەر بۆ نەهاتووە، خێرە خۆ هیچ شتێکی نەخوازراو رووی نەداوە، لە وەڵامدا گوتم کاك جەوهەر لە سوید بوو دوێنێ ئێوارە گەیشتۆتە ئەستەمبوڵ، شەو درەنگانێك هاتۆتە دیاربەکر، لەوانەشە ئێستاکە گەیشتبێتە هاوینەهەواری سەلاحەدین، دیارە زانیویەتی کارەکانتان بەپێی یاسا راپەڕاندووە چونکە جەنابت وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان و کاك فرسەت وەکو سکرتێری پەرلەمان شەرعییەتی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانتان هەیە و هەر خۆشتان بڕیاری کۆبوونەوەتان داوە و الحمدلله ئاکامەکەی باش بوو، خوا کەریمە لەنێوان ئەو سێ مانگە لێك تێگەیشتنێك و لێك نزیکبوونەوەیەك بێتە کایەوە و چارەسەرییەك بۆ ئەم دۆخە بڕەخسێنن).

دەبێت لێرەدا ئاماژە بە رۆڵی ئەو لیژنە سێ قۆڵییە بکەم کە بریتی بوون لە مامۆستا عەزیز محەمەد، حاکم رشید عبدالقادر، د. بەهرام خدر مەولود کە ئەوکاتە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بوو لە نزیکبوونەوەی هەردوو لا بە

مەبەستی کۆبوونەوەی پەرلەمان لە شوێنێکی نێوان هەردوو لا بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی.

پاش گرێدانی کۆبوونەوەی پەرلەمان وامدەزانی کە بارودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە دەچێت، بەڵام بەوپەڕی داخەوە زمانی ڕاگەیاندن وەکو خۆی مایەوە بەتایبەتیش پاش ڕووداوی نەخوازراوی گوندی کەڵەکین ڕۆژی ١٩٩٦/٦/١٦ ڕوویدا کە تێیدا بۆ هاوکاریی تێداچوونی خوالێخۆشبوو حسێن ئاغای سورچی، لە ڕاستیدا ڕووداوێکی نەخوازراو و ناخۆش بو، بەهەرحاڵ ئەمەشیان ئیفرازاتی شەڕی برایان بوو کە ئەو جۆرە ڕووداو و کارەساتانەی تێیدا ڕووبدات.

لە مانگی تەموزەوە (تەموزی ١٩٩٦) کەوتینە ئامادەکردنی زانیاری لەسەر مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی (یۆبیلی زێڕینی ١٩٤٦/٨/١٦-١٩٩٦/٨/١٦) کە تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستان تەمەنی دەگاتە پەنجا ساڵی تەواو لە خەبات و بەرخودان کە تێیدا هەر بە گەنجی ماوەتەوە سەرەڕای ئەو تەمەنە درێژەی پڕ لە شۆڕش و ئاوارەیی و خەباتی بێ وچان کە بەداخەوە لەسەروبەندی یۆبیلی زێڕیندا لە شەڕی برایان تێوەگلاوە لە ژمارە (٢١٧٦)ی برایەتی لە ڕۆژی ١٩٩٦/٧/١٥ دەرچوو ئەڵقەی یەکەمی (بەرەو یۆبیلی زێڕین)مان بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (هەیئەتی دامەزراندنی "پارتی دیموکراتی کورد" لە مەهاباد لە ١٩٤٦دا و بەردەوام بووین تاکو کۆتایی کۆنگرەی یانزەمینی پارتی لە هاوینی ١٩٩٣دا، لەو سەروبەندەدا کێشەیەکی دیکە لە کوردستان سەریهەڵدا ئەویش بە هاتنی هێزێکی پاسدار لە ڕێگای پێنجوێنەوە بۆ سلێمانی-دوکان-کۆیە بە مەبەستی لێدانی حزبی دیموکراتی کوردستانی-ئێران کە ماوەیەك بوو لە کۆیە نزیك گوندی (هەرمۆتە) جێگیر بوون، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی بە هەموو شێوەیەك کەوتنە دژایەتی کردنی هاتنی ئەو هێزە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێی بەرپرسیار بوو لە ژمارە (٢١٧٨)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٣٠ لاپەڕەی (١)ی برایەتیمان بەتەواوی تەرخانکرد بۆ ئەو ڕووداوە لە ڕێگای بەدواداچوونی خۆمان و دەزگای (الانصات) توانیم ڕا و بۆچوونەکانی

بەڕێز عبدالله حسن زادە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان و د. محمود عوسمان و هۆشیار زێباری و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سەرەڕای پەیامی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تێیدا هەرهەموویان ئیدانەی ئەو هێرشە سەربازییە کە لە ڕۆژانی ٢٦-١٩٩٦/٧/٢٧ ئێران بۆ سەر ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان دەستپێکردبوو کە ئەمەشیان یانی ئەو ڕووداوە بارودۆخی شەڕی برایانی دژوارتر کرد کە لەدوواییدا دێمەوە سەری.

ئامادەکارییەکان بۆ یادی لەدایکبوونی پارتی بە ڕێکوپێکی دەگوزەرا ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٠ دەستپێکی یادەوەرەکە بوو کە تێیدا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی لە هۆڵی ناوچەی هاوینەهەواری سەلاحەدین بە وتارێك بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و پەرلەمانتار و وەزیرەکانی پارتی و کادرە پێشکەوتووەکان ئامادەبوون ئاهەنگی کردەوە و پاشان هەندێ لە ئەندامانی (م.س) و کۆمیتەی ناوەندی و هەندێ لە کادرە پێشکەوتووەکان دەیان سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەیان بەڕێوەبرد لەو ناوچانەی کە هێزەکانی پارتی تێیدا بالادەست بوون، بەندە لەگەڵ برایان ڕێبوار یەڵدا و سەباح بیت الله کە هەرسێکمان ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن بوون سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٨/١٣/ لە هۆڵی قەزای سۆران کۆڕێکی هاوبەشمان لەبارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مێژووی خەباتی پارتیدا خرابە بە باس و لێکۆڵینەوە کە هەریەکەمان باسی لە لایەنێکی ڕاگەیاندن کرد کە تێیدا بەندە لەسەر لایەنی کاریگەری ڕۆژنامەگەری پارتی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستانم خستە ڕوو و لەو بۆنەیەی یۆبیلی زێڕین هونەرمەندی گەورەی کورد (شڤان پەروەر) ئامادەی ئاهەنگەکەمان بوو و بە سروود و گۆرانییە نیشتمانییەکانی زیاتر حەماسی ئامادەبووانی دەجۆشاند، یەکێ لەو شەوانەی ئەو ماوەیە لە ماڵی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق لەگەڵ شڤان کاتێکی خۆشمان ڕابوارد و چەند وێنەیەکیشمان بۆ یادگاری گرت سیمای ئەو ڕۆژانەی یادەوەریەکە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین

له جەژن دەچوو بەتایبەتیش سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٥ و ٨/١٦ کە شەقام و کوچەکانی ئەو شارۆچکەیە بە ئاڵای کوردستان و ئاڵای پارتی ڕازابۆوە کە بە شێوەیەك ڕۆژنامەنووسی میوان (هاشم عەلی مەندی) لە سەرەتای کۆڕکەیدا لەژێر (ڕاگەیاندنی کورد لە ئاگری نەورۆزەوە تا ئینتەرنێت) لە هۆڵی ناوچەی پارتی لە سەلاحەدین پێشکەش کرد و گوتی (بەڕاستی لە جەژنێکی نەتەوەیی مەزن دەچێت).

ڕۆژی ٨/١٤یش بە سەدان ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر لە هاوینەهەواری سەلاحەدین و تاکو زاخۆ و حاجی ئۆمەران کە تێیدا هەزاران مرۆڤی وەفاداری ڕێبازی بارزانی و میوانانی یۆبیلی زێڕین لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتە ناوەندی و لێپرسراوانی حزبی و حکومی لە کەرنەڤاڵێکی بێوێنەدا ڕوومان لە (مەزاری نەمران لە بارزان کرد کە تێیدا بەندەش لەگەڵ خوالێخۆشبووان زاهیر ڕۆژبەیانی و عبدالستار کەریم پەیامنێر بە ئۆتۆمبێلەکەی کاك زاهیر لەو کەژاوەدا بووین و بە گەیشتنمان هەر هەموومان بە یەك دەنگ (سوێندی وەفا)م لەسەر مەزاری نەمران بە گیانی پاکیان بەخشی و دووپاتکرایەوە کە تێیدا هاتبوو (بارزانی، ئەی ڕابەری مەزن.. ئەی ڕۆڵەی بەئەمەکی کورد و کوردستان.. باوکی نەمری کوردان، وا پارتەکەت پەنجا ساڵەی تەمەنی تێپەڕاند.. پێی نایە یەکەم بەهاری نیوە سەدەی خەباتەوە.

ئەمڕۆ، ڕۆڵەکانت ڕێبوارانی ڕێباز و قوتابییانی قوتابخانەکەت لە هەموو لایەکی کوردستانەوە.. هاتوونەتە حزووری ڕۆحی پاکت، تا لەم ڕۆژە پڕ شکۆیەدا لەسەر مەزاری پیرۆزت سوێندی وەفاداری نوێ بکەینەوە...).

لە ڕۆژانی فیستیڤاڵی یۆبیلی زێڕیندا بەردەوام خۆم و برایانی ڕۆژنامەنووسی برایەتی سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری، ئامادەکردنی ڕیپۆرتاج، بەسەرکردنەوەی میوانانی بۆنەکە بووین کە تێیدا چەند کەسایەتییەکی کورد و غەیرە کورد بەشداریی ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکانیان کردین، ڕۆژانی ئاهەنگی یۆبیلی زێڕین تەواو بوو ژمارە (٢١٨١ و ٢١٨٢) بەم بۆنانە بە (٢٠) لاپەڕە لە چاپخانەی خەبات لە دهۆك چاپکرا کە تێکڕای بابەتە

پەیوەندیدارەکانی لەخۆ گرتبوو بە ژمارەی (تایبەت) تۆمارکرا کە دەتوانم لە چاپی رۆژانی پێش داگیرکردنی هەولێر جوانتر و رێکوپێکتر بوو، بەڵام ئەوەی جێگای داخ بوو سیمای ئاهەنگەکانی یۆبیلی زێڕین کاڵ بووە کاتێ جەولەیەکی دیکەی شەڕ لە ناوچەی سیدەکان بەرپابوو کە تا رادەیەك بارودۆخەکەی زیاتر شڵەقاند.

لە بەرەبەیانی رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٣ بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لەگەڵ هاوکارانم رۆژنامەنووس شێرزاد عبدالرحمن و وێنەگری رۆژنامە (محی الدین عزیز) بەرەو ناوچەی سیتەکان بەڕێکەوتین، دەوروبەری کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ گەیشتینە ناوچەکە کە تاکو ئەوکاتەش دەنگی تەقە مابوو و هەندێ شوێن لە دەوروبەری سیتەکان دەسووتان، بە پرسیار (دکتۆر عبدالرحمن کەورینی)مان دیتەوە کە لێپرسراوی میحوەری سیتەکانی سەربازی بوو کاتێ ئێمەی دیت بەم کاتە لە سیتەکان ئامادەبووین بە گەرمی پێشوازیی لێکردین گوتی (تەوەقوعم نەدەکرد لێرەتان ببینم) ئەوجا لەژێر سێبەری دارێکی گەورەی ئەم شوێنە دەستمان کرد بە گفتوگۆ دەربارەی هێرشی ئەو جارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو میحوەرە و کە مەبەستیان سیتەکان تاکو سۆران لە قۆناغی یەکەم ئەوجا لە سۆرانەوە بۆ شاخی سپیلك کە بە گوتەی ئەو سەراپای هێرشەکە بە پاڵپشتی و رێنمایی و چاودێریی هێزی پاسدارانی ئێرانی بووە کە لە بەرەبەیانی ٨/٢١ دەستی پێکردبوو تا رادەیەکیش هاتبوونە پێش، بەڵام رۆژی دواتر ٨/٢٢ لە دژە هێرشێکدا شکستیان بە هێرشی بەرامبەر هێناوە و زەرەر و زیانێکی زۆریان لێداون سەرەڕای بەدیلگرتنی چەند هێرشبەرێکی بەرامبەر (خۆم دیمانەم لەگەڵ سێ لەو دیلانە کرد) کە بەداخەوە ئەوانیش پێشمەرگە بوون و باوەڕیان نەدەکرد رۆژێك لە رۆژان تفەنگەکانیان روو لە سینگی برایانی خۆیان بکەن، لەو دژە هێرشەدا وەکو دکتۆر عبدالرحمن گوتی (لیوای ٦٤)کە زۆربەیان لە هۆزی کۆچەرن نەبەردێکی قارەمانانەیان نواند، پاشان سەردانی بارەگای لیژنەی ناوچەی سیتەکانمان کرد و لە لایەن برایان عبدالرحمن حاجی کارگێڕی لیژنەی ناوچە و کارگێڕ و ئەندامانی لیژنەی

ناوچە پێشوازیمان لێکرا کە ئەوانیش یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون لەو هێرشەی کە کرابووە سەریان، پاشان دکتۆر عبدالرحمن دوو پێشمەرگەی قارەمانی داستانی ئەو دژە هێرشەی پێ ناساندین کە بریتی بوون وەکو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا نووسراون هەریەکە لە (مازن خۆشناو پ.م میحوەر، سامان رەزاق پ.م دۆشکە، زاهیر پشتیانی ئەندامی میحوەر، ئەیوب ساڵح پ.م لیوای ٦٤، عوزێر مستەفا ئەفسەری حەرەکاتی لیوای ٦٤ و فەقێ جەوهەر حاجی شینکۆ) وە هەریەکە باسی رووداوەکانی ئەو دوو رۆژەی ٢١ و ٨/٢٢ دەکرد لەو شوێنەی کە ئەوان داکۆیان لێ کردەوە. لەو سەردانەمدا کە دووەم جاری سەردانی بەرەکانی شەڕ دەکەم وەکو رۆژنامەنووسێك ئەمجارە و جاری یەکەمیش لە هاینی ساڵی ١٩٧٤ بوو کاتێ بە ئەرکێکی تایبەتی کە لەلایەن شەهید دارا تۆفیقەوە راسپێردرابووم سەردانی بارەگای پێشەوەی هێزی باڵەکم کرد کە پیاوی قارەمان و دلێر عبداللە ئاغای پشدەری ئامر هێز بوو، لەراستیدا کارەکەی من بۆلای شەهید فرەنسۆ هەریری بووم کە ئەوکاتە یاریدەدەری عبداللە ئاغا بوو، بەڵام وەکو دەڵێن (شتان بين الزيارتين) زیارەتی یەکەم بۆ لای ئەو بارەگایە بوو کە پێشمەرگەکانی شەڕی داکۆکیان لە دژی سوپای عیراقی دەکرد کە هەموومان پێکەوە بووین، بەڵام سەردانی جاری دووەمم بۆ ئەو میحوەرە بوو کە جەنگاوەرانی ساڵی ١٩٧٤ کە لە یەك سەنگەردا بوون و لە ساڵی ١٩٩٦ دوو بەرەی شەڕی دژ بەیەك بوون، دەمەو ئێوارە دەڤەری سیتەکانمان بەجێهێشت و بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەدین گەڕاینەوە.

گەشتەکەمان بۆ سیتەکان کرایە ریپۆرتاژێکی تێروتەسەل کە تەواوی لاپەڕە (٦)ی ژمارە (٢١٨٢)ی رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٨ی لەخۆ گرتبوو.

رۆژانی پاشتر تاکو سەرلەئێوارەی ٨/٣٠ بارودۆخەکە هێرش و دژە هێرش بەخۆیەوە دەدیت، تاکو ئێوارەی ٨/٣٠ کە جۆرە گۆڕانکارییەکی دیکەی بەخۆیەوە دەبینی کە بریتی بوو لە جووڵانەوەی هێز لە دەوروبەری شەقڵاوە و هاوینەهەواری سەلاحەدین کە زیاتر روو بۆ رێگای هاوینەهەواری سەلاحەدین

و هەولێر بوون، بەڵام کەس نەیدەزانی مەسەلەکە چییە، لە دەفتەری بیرەوەرییەکانما ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٣٠ بە دەق ئەمەم نووسیوە (ژمارەی تازەی ڕۆژنامەی برایەتی ئامادەکردنی لە تەوابوون دایە، پلانی دەرکردنی (برایەتی) بۆ دووژمارە لە هەفتەیەکدا بەرەوپێشەوە دەچێت، ئەمڕۆ لە هەموو لایەکەوە هێزەکانمان لە جموجۆڵێکی ئاشکرادان، قسە هەیە کە ئەمجارە بەرەو هەولێرە). شەو بە ڕێککەوت سەردانی کاک جەوهەر نامقم کرد و باسی جموجۆڵی پێشمەرگەم بۆکرد و گوتم خەڵکی دەڵێن ئەمجارە بەرەو هەولێرە خوالێخۆشبوو کاک جەوهەر کە پێکەوە لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتبووین بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی (ئاساییە لە شەڕدا هێز دەجووڵێ، ئاگام لە هەواڵی دیکە نییە، جارێ باوەڕ ناکەم بۆ هەولێر بێت چونکە مەسەلەی ئازادکردنی هەولێر موعەقەدە، باوەڕ دەکرێت ئەو ئیستعدادە وەرگیرابێت). هەر بەوەندە وازم لەم بابەتە نەهێنا و کەوتینە قسە و باسی ئاسایی.

سەرلەبەیانیی ١٩٩٦/٨/٣١ کە لەماڵەوە بووم، دلێری برام بە هەڵەوداوان هاتەوە و بە دەنگێکی بەرز گوتی (پێشمەرگە گەیشتوونەتە هەولێر و خەریکە ئازاد دەکرێت) کاتێ لێم پرسی چۆن و لەکوێت زانی گوتی من  لە دوێنێ شەوەوە ئاگام لە جموجۆڵی پێشمەرگەیە و بەیانی لە کاتژمێر (٦)ەوە من لەدەرەوەم (لەگەڵ ڕێکان) ئەوکاتە هیچم دەسنەکەوت، ئێستاکە کاتژمێر (٨) کەچوومە دەرەوە ئەم هەواڵانەم زانی، لەو کاتەدا دەنگی گرمەی تەقینەوەی تۆپێك هات، دایکم هاواری لێکردین لەبەردەم پەنجەرە دوورکەوینەوە، من بەپەلە خۆم گۆڕی بەرەو بارەگای مەکتەبی سیاسی، بە گەیشتنم کاک جەوهەریش پەیدابوو، لەوکاتە تۆپێکی دیکە لەخوار بارەگای مەکتەبی سیاسی تەقییەوە، پاش یەك دوو تەلەفۆن کاک جەوهەر پێی ڕاگەیاندم کە (هەولێر خەریکە بەتەواوی ئازاد دەکرێت) ئەوجا من گەڕامەوە بارەگای ڕۆژنامە، کاتێ بەژوورکەوتم دیمەنێکی سەیرم دیت کە بریتی بوو لە شایی کردنی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات، یەکسەر

گوتم خێرە، هەموویان لە ئامادەبووان بە یەك دەنگ گوتیان (هەولێر، هەولێر ئازادکرا).

لە کتێبی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم کە ساڵی ۲۰۱۱ چاپکراوە و پاشان بە زمانی عەرەبیش مامۆستا عبدالکریم شێخانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لەژێر ناوونیشانی (تجربتی الصحفیە)، و ساڵی ۲۰۱۵ چاپکراوە و تێیدا نووسیومە کە لێرەدا دەقەکەی وەکو خۆی بڵاودەکەمەوە چونکە لەو بارودۆخ و لەو مەسەلەیەدا هیچی زیاترم پێ نییە و بۆم نانووسرێ.

ژمارە (۲۱۸۲) دوا ژمارەی پێش ڕووداوی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦ بوو کە بارودۆخەکەی سەرتاپا گۆڕی، بەندە لێرەدا نایەوێ بچێتە ئاقاری شیکردنەوەی ئەو ڕووداوە، چونکە زۆر لە من گەورەتر بوو، بەڵام بێگومان هۆکار و ئاکامی خۆیی هەبوو، کە لێرەدا جێگە و کاری شیکردنەوەی من نییە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسکردنی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە بوو بە سەرکاری ڕۆژنامەنووسیمدا سەرەڕای کاریگەرییەتی لەسەر لایەنی تایبەتیی خۆمدا، کە لێرەدا ڕاشکاوانە باسی لێوە دەکەم. مەبەستیشم تێیدا تەنیا باسی لایەنی پەیوەندیدار بە بەندەوە هەیە، نەك خوانەخواستە بریندارکردن یاخود لەکەدار کردنی لایەنێك بێ، چونکە من دەمێکە هاتوومەتە ئەو قەناعەتە ویژدانی و سیاسییە کە هەرهەموو لایەکمان هەڵەمان کردووە و ڕاشکاوانەتریش گوناهەکان هێندە زۆر و فراوانن بەشی هەموو لایەکمان دەکات، بێ ئەوەی لایەنێك بەتەنیا تۆمەتبار بکەم و بەشە زۆرەکەی بدەمێ.

خوێنەری خۆشەویست نامەوێ لێتانی بشارمەوە کە بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە تا چ ڕادەیەك کاریگەریەتی لەسەر ئاستی باری دەروونیم کردبوو باوەڕ مەکەن ئەگەر لێرەدا خۆشحاڵی ئەو کاتەی خۆم ڕانەگەیێنم بەڕووداوی ۳۱ی ئاب چونکە منێکی ڕۆژنامەنووس لەسەر ئەم کارەو بەحوکمی کارەکەش تەرەفگیری پارتی دیموکراتی کوردستان بوم کە لەپێشووتردا هەر لە هاوینی ساڵی ۱۹٦۳وە بەرەسمی ئەندامی ئەو پارتی دیموکراتی کوردستانە بووم کە لە ڕێگەی پێشمەرگایەتیم لە (دادگای بەرزی شۆڕش لەماوەت) هاتمە

ریزیەوە کەبووبە هۆکاری یەکەمی ئەو هەموو دەردەسەرییەی ساڵانی ١٩٦٣ ، ١٩٧٥ ، ١٩٩٤ کە تووشی هاتووم بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ماڵ تاڵان کردنەکەم و سەرگەردانی خێزانم بوو بۆ ماوەی دووساڵ لەو ماڵ بۆ ئەم ماڵ و لەکیس چوونی ساڵێکی تەمەنی خوێندنی (رێکان و لانە) و تووش بوونی پەروینی هاوسەرم بە نەخۆشی حەساسیەت و سەرەڕای لەدەست چوونی کەلوپەل و کتێبخانەو وێنەو شەهادەی منداڵەکانم هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان تاکو ئەم رۆژە لەگەڵ سەرپای ئەرشیف و ئۆتۆمبێل ئەوجا دەرکردنی دایکێکی ٧٥ ساڵەی ئەم کاتە(هاوینی ساڵی ١٩٩٥) لەگەڵ پورم و خوشکێکی مامۆستای قوتابخانە لە شاری کۆیەی کە (عەونی) خوڵیخۆشبووی باوکمان لە رۆژە هەرە سەختەکانی ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ کە کۆیە بە بڕیاری (مجلس قیادە الپورە)ی گۆڕبەگۆڕ بووبە گوندو خەریك بوو بەدەردی قەلادزێ بچێت، ئەگەر رۆژگاری شەڕی داگیرکردنی کویێت نەبوایە، لەوکاتەدا (عەونی) باوکمان لەوەڵامی ئەو وردە گلەییانەی کە لەلایەن ئێمەوە (کوڕو کچانی) لێ دەکرا کەلەبەرچی بیری لەوە نەکردۆتەوە خانوێك یاخود موڵکێکی لە هەولێر نەکڕیوە یاخود بۆ ئێستا کە (ئەوکاتە) نایکڕێ ئەویش زۆر بە هێمنی و لەسەر خۆ لە وەڵامدا دەیگوت (ژیانم لەکۆیە بووە دەبێت مردنیشم هەر لەکۆیە بێت و تەنها کۆیە)شە دەبێت دوا مەنزڵگا (قەبرم) بێت. یەزدانی گەورەش ئاواتەکەی هێنایە دی و راماڵینی بەعس لە بەهاری ١٩٩١ لە کوردستان بەچاوی خۆی بینی و کاتی کاك (رەهبەری سەید برایم)ی کادیر و پێشمەرگەی دێرینی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان کە لەسەرتای ساتەکانی رۆژی ١٩٩١/٣/٩ رۆژی ئازادکردنی کۆیە بۆ هەر زوو سەربەماڵی ئێمە دەکات و دەچێتە لای باوکم داوای ئەوەی لێ دەکات کە ماوەیان بدات (مەبەست لەو دەستە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو بە رابەرایەتی کاك رابەر خۆی) لەسەر بانی ماڵی ئێمەوە تەقە لە باڵەخانەی (مەنزومەی استخبارات) بکەن و وەڵامەکەی باوکیشم لای کاکە رەهبەرەو کە چوون پێشوازی لە خۆی و پێشمەرگەکان کرد، بەڵام سەد حەیف و مخابن شەڕی ناوەخۆ ئەوەندەی یەکتری لا ناشیرین

کردبووین کە ئەوەی پێمان کرا لەگەڵ یەکتری کردمان تەنانەت ئەو شەپۆلە خێزانی (عەونی)یشی گرتەوە تەنها لەبەر ئەوەی (فەرهادی) کوڕیان سەرنووسەری رۆژنامەی لایەنی بەرامبەرە لەکاتێکدا (فەرهاد) لە ساڵی ١٩٧٠ وە ماڵ و حاڵی خۆی جیایەو دایکی فەرهادیش پێش ئەوەی دایکی فەرهاد بێت خێزانی (عەونی)یە کە (عەونیش) هەر لە سەرەتای سییەکانی چەرخی بیستەمەوە شیعری بۆ کورد و کوردستان گوتوە تەنانەت دوا شیعریش لەسەردەمی بەعسدا ئەو چەند دێرە شیعرەی خوارەوەیەکە بۆ (یەکبوونی) کوردی نووسیوە، لە کات و ساتێکدا کە کەم کەس دەیتوانی لەماڵی خۆشی بەم شێوەیە باس لەیەکبوونی کورد بکات کەبە داخەوە پاداشتەکەی پاش مردنی پەڕاگەندە کردنی خانەوادەکەی بوو کە دیسان بەو پەڕی داخەوە بڕیارەکەش لەسەر مێزی خواردنەوەی شەوێکی بەهاری ئەو شارە بوو کە عەونی لەسەردەمی بەعسدا دەیگوت (کۆیە) دەبێت (قەبرم بێت) کە تێیدا لەو دانیشتنە شەوە بەهارییەدا بەو سەرکردە سەربازییە راگەیەندراوە کە ئەوان (یانی ئەو ماڵەی کە داوەتەکەی بۆ ئەم سەرکردە کردووە) ئاواتەخوازن ماڵی (عەونی) لە کۆیە دەربکرێن، ئەم سەرکردە مەزنەش لەگەڵ نۆشکردنی پێکی خواردنەوە فەرمانی دەرکردنی خێزان و خوشك و کچی عەونیی دەرکردووە و بۆ بەیانی ئەمری بەڕێزیان جێبەجێ کراوە، ئەو چەند دێرە شیعرەش شاهیدی حاڵی ئەو (یەکبوونە بوو) کە عەونی خەونی پێوە دەدیت کە لە ژمارەی ٨٨ ساڵی ١٩٩٠ی گۆڤاری (کاروان) بڵاوکراوەیەوە، سوێندتان لەسەرم نییە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرە بۆ ماوەی یەك دوو مانگ لەوە دەترسام بەم تەمەنە باوکم لێرەدا (کە ئەوسا ٧٧ ساڵ بوو) راپێچی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس بکرێت، کە دەقی شیعرەکە لە لاپەڕەکانی پێشووتر بڵاوکراوەتەوە.

بەهەر حاڵ ئەو بابەتەی کە ئێستا ئیشارەتم بۆ کردەوە هۆکاری خۆشحاڵیبونم بوو بۆ رووداوی ٣١ی ئاب کە لە حاڵەتی ئاوارەبوون و پەڕاگەندەی خێزانی بچوك و گەورەم و گەڕانەوەمان بۆ کۆیەو هەولێر بوو، بەڵام دیسان ئەم رووداوە خەریك بو نێوانی کاك جەوهەر نامیق و بەندە ئاڵۆز بکات

**چونکە کاتیٚ ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنی زەرد وسەوز و لیستی مۆری پەرلەمانی کوردستان بڕیاریان دابوو کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ببەستن و کاك جەوهەر وەکو سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەنەبوو ئەو کۆبوونەوەو هیچ کۆبوونەوەبەکی دیکەی پەرلەمان لە هەولێر و لەتەلاری پەرلەمان ببەسترێت بە وجودی هێزەکانی (گاردی کۆماری) کە پێشتر بەیانێکی ناڕەزایی سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە بۆ هەولێر (لە ٣١/ئاب ١٩٩٦) دەرکردبوو، کۆبوونەوەکە لەمزگەوتی گەورەی شارۆچکەی شەقلاوەدا لەکاتژمێری ٨ی ئێوارەی رۆژی ١٩٩٦/٩/٣ بەسترا بەئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و زۆربەی زۆری ئەندامانی هەردوو فراکسیۆن و لیستی مۆر.**

**کاك جەوهەر وەکو سەرۆکی پەرلەمان دەیویست نارەزاییەکەی بەرامبەر بارودۆخەکە کە خۆی لەو بەیاننامەدا دەدیتەوە کە وێنەیەکی (دەقەکەی) بۆ منی نادربوو تاکو لەبرایەتی بلاۆبکرێتەوە، بەلاٚم من رازی نەبووم ئەو راگەیاندنەلە (برایەتی) بلاۆبکرێتەوە لەبەر چەند هۆکارێك کە ئەو کاتە بەکاك جەوهەرم گوت: کەیەکەمیان برایەتی رۆژنامەی پارتییەو سەرنووسەرەکەشی ئەندامی پارتی و ١٠٠٪ مولتەزیمە بەنەهج و سیاسەتی پارتی راستە ئێوە (مەبەست کاك جەوهەرە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆکی پەرلەمان و خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەشن سەرەڕای پەیوەندی خزمایەتیشمان بەلاٚم ئیلتیزامی پارتایەتیم و مەسئوولییەتی سەرنووسەری برایەتی لەوە بەهێز ترە کە شتێك بلاۆبکەمەوە کە لەگەڵ سیاسەتی پارتی نەگونجیٚ.**

**لەوەلاٚمی نارەزایی ئێمە بەرامبەر بلاۆنەکردنەوەی بەیاننامەکەی سەرۆکی پەرلەمان کاك جەوهەریش لەوەلاٚمدا بەهەندیٚ تووڕەیی و شێوازێکی گلەیی ئامێز پێی گوتم: من وەکو پارتییەك سەرەڕای پلەی لێپرسراویەتیم خۆم بەمولتەزیم ئەزانم وە هەڵوێستی جەنابیشت (مەبەستی بەندە بوو) بەتەواوی تەفاهوم دەکەم پێم خۆشە هەڤالاٚنی پارتیمان هەریەك لەجێگای خۆی وا مولتەزیم و گوێڕایەڵی بڕیاری سەرکردایەتی پارتی بن، بەلاٚم ئەمەی ئێمە**

مەسەلەیەکی دیکەی کە چەندلایەنی تایبەتی خۆی هەیە، بەدەر لەدروستی و نادروستی ئەوەی روویدا لە ٣١ی ئاب..

یەکەمیان: بەندە یەکەم سەرۆکی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانم سوێندی یاساییمان خواردووە، یاسای ژمارە(١)ساڵی ١٩٩٢ و پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان وەکو سەرۆکی پەرلەمان هەندێ ئەرك و ئیلتیزاماتی لەسەر فەرز کردووین (حەرەس جمهوری) هاتۆتە هەولێری پایتەختی کوردستان، تۆپبارانی باڵەخانەی پەرلەمانی کردووە، زیاتر لە (١٥) گوللە تۆپی بەرکەوتووە (حەرەس جمهوری) هاتوونەتە نێو باڵەخانەی پەرلەمان کەچی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ و پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانیش مەودا نادات بەهیچ هێزێکی چەکدار داخیلی سنووری تەلاری پەرلەمان بن بێ موافەقەت و فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان، نەخاسمە نێو خودی تەلاری پەرلەمان، سەرەڕای ئەمانە چەند ژوور و هۆڵی پەرلەمانیان تێکداوە و ستووتێندراوە، ژووری سکرتێری پەرلەمانییان کردۆتە تەوالێت و ژووری سەرۆکایەتی بۆتە ژووری عەمەلیات عەسکەر دەستییان بەسەر هەموو دیکۆمێنت و ئەرشیف و کتێبخانەی پەرلەماندا گرتووە، گوێزاویانەتەوە بۆ بەغدا.

دوومیان: کاتێ جەولەی یەکەمی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی روویدا هێزەکانی یەکێتی حورمەتی تەلاری پەرلەمانییان شکاند، ئێمەش موقاتەعەی باڵەخانەی پەرلەمانمان کردوو تاکو چۆلیان نەکرد وە ئەو ئامرازانەی کە تاڵان کرابوو نەیانگەڕاندەوە نەچووینەوە بۆ تەلاری پەرلەمان وە ئەو رووداوەمان مەحکوم کردو لەهەموو شوێنێکەوە دەنگی نارەزایی بەرز بۆوە، هەر هەمان شت کەبۆ جاری دووهەم هێزی چەکداری یەکێتی هاتنە نێو حەرەمی پەرلەمان لە جەولەی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ لەکاتی پەناگیریی زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان دژ بەشەڕی ناوەخۆ لە ئەنجامی ئەو تەجاوزە هەم مانگرتنمان کۆتایی پێ هێناو هەم ئەو کارەمان مەحکوم کرد، لەهەردوو حاڵەتدا بەیان و راگەیاندنی رەسمیمان بلأوکردەوە.

لەسەرتای ساڵی ١٩٩٣یش کاتێ هێزەکانی جندرمەی تورك سنوورەی کورستانییان بەزاند مەحکوممان کردو دیسان کەساڵی ١٩٩٥ هێزێکی پازدارانی ئێران سنووری کوردستانییان شکاند و هاتنە شاری کۆیەو لای هەولێر و لەسێبەری شەڕی نێوخۆدا هەوڵییاندا گورزێکی کوشندە لەبارەگاکانی حزبی دیموکراتی کورستانی ئێران و ئاوارەکانییان بدەن ریسواو مەحکوممان کرد بەراگەیاندنێکی رەسمی لێرەدا چ مەنتیق و مەعقولییەتی تێدایە (حەرەس جمهوری) بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بکەن کە بەندە سەرۆکییەتی، تاکو ئێستاش تەڕاتێن لەهەولێری پایتەخت بکەن ئێمەش لێرەدا بێ دەنگبین، ئەم بەیاننامەیەشم داوەتە دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی رۆژی ٣١ی ئاب، وە ئامادەیش بووم بۆ هەمو ئیجرائاتێکی حزبی، بەڵام وەکو سەرۆکی پەرلەمان شەرم و لاوازی و ناحەقییە ئەگەر بێت و بێ هەڵویسێت بم ئەم هەڵوێستە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان فەرزی کردووە لەسەرمان وەکو ئەرکێك وە ناکرێ پیادەی نەکەم.

کاك جەوهەر نامیق وەکو سەرۆکی پەرلەمانی سوێند خواردووی یەکەم پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکان دەکردو پێی وابوو ئەوە ئەرکی راسەقینەی ئەوەو حەقدارە بەحوکمی یاسا بەڵام منیش سەرەڕای پێخۆشحاڵیم بەرووداوی ٣١ی ئاب کە لەپێشەوە باسم لەهۆکارەکانی کردووە نەدەکەوتمە ژێر کاریگەرییەتی قسەکانی کاك جەوهەر وەکو پارتییەکی مولتەزیم و کە تارادیەیەکی گەورە ماوەی مناوەرەو ئازادی رۆژنامەنووسیی و ئازادی رادەربڕین کە پارتی بڕوای پێیەتی و منی سەرنووسەریش مامەڵەم لەو روانگەوە دەکرد وای لێکردم ئازادانە قسەکانی ئەو و خوالێخۆشبوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا و سەرۆك و جێگری هەردوو فراکسیۆنی زەرد و سەوزیو هەندێ پەرلەمانتاران کەلە مزگەوتی شەقڵاوە بە رۆژنامەی برایەتیان راگەیاند وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە لەو ژمارەی برایەتی (٢١٨٤) رۆژی ١٩٩٦/٩/١٠.

**رۆژی١/٩/١٩٩٦ له سەعات ١ی سەر لەبەیانی لەگەڵ رۆژنامەنووسان شێرزاد عەبدولڕەحمان و حەیدەر عەبدولڕەحمان هاتینە هەولێرو یەکسەر رومان لەبارەگای پێشووی برایەتی و خەبات کرد بەلاّم چونمان دیت دیتنێك کە بەڕاستی نیگەرانی کردم کە بریتی بو لە باڵەخانەیەکی کاول و وێران و هەر ژوورەی ماڵێکی هەژاری تێدا حەوابوەوەو هیچی لەسەر هیچ نەمابوو، بە شێوەیەك دەتگوت رۆژێ لە رۆژان شوێنی ئەوە نەبووە کە مرۆڤ لێی دانیشتبێ، بەلاّم دیسان خۆم بەخۆمم ووت کەدەبێ لەماوەیەکی کەم دا بیگەڕێنمەوە بۆ هەمان دۆخی جارانی، پاش یەك دوو رۆژێکی تر کاك سامی عەبدولرەحمان لەبارەگای (م.س) لە سەلاحەدین پێ ی راگەیاندم کە بەزووترین کات پێویستە بچمە هەولێر و ئەو بارەگایەی کە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ و الاتحاد)ی لێ دەردەچوو(کەبریتی بوو لە باڵەخانەی قوتابخانەی ئامادەیی هەولێری پێشوو) کە ئێستاکە بوەتە باڵەخانەی بەشێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان(ئیدارەی هەولێر)، کاك سامی پێی راگەیاندم کە باڵەخانەکە لەئەمانەتی (فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەیە کە ئەویش بەڕێز خالد محەمەد بوسەڵی) بڕۆ ئیستیلامی بکە. و گوتیشی کاك خالد بوسەڵی ئاگادار کراوەتەوە.**

**رۆژی ٤/٩/١٩٩٦ سەردانی هەولێری بێ ئاوو کارەبام کردو یەکسەر چووم بۆ شوێنی مەبەست، کە بارەگای هەردوو رۆژنامەی (کوردستانی نوێ و الاتحاد)بوو کاتێ چوومە ژوورەوە بەو دیمەنە سەرسام و نیگەران بووم کەهاتەپێش چاوم، کاغەز و کتێب و وێنەی ساغ و دڕاو لەهەموو لایەکی بارەگاکە بلاّوببۆوەو هیچ لەسەرهیچ نەمابوو بە شێکیش لە ئەرشیفی پێشووی دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات لەهەمان شوێن بلاّوببونەوەو چەند وێنەیەکی خۆشمی لەگەڵدابوو کە وادیاربوو کاتی خۆی لەدەزگای ئێمەوە گواسترابۆوە بۆ ئێرەو کاتی چومە ژوری سەنووسەر الاتحاد کە دۆست و برادەر و هەڤاڵی دێرینم کاك (عادل موراد) بوو ئەم جارە دووجار نیگەران بووم کاتێ کەدوا ژمارەی هەفتەنامەی (الاتحاد)م بینی بە چاپکراوی و لەسەر مێزی**

سەرنووسەر بوو دیاربوو رۆژی ٣١ی ئاب پێڕانەگەیشتبوون دابەشی بکەن ئەویش بەهەمان دەردی ژمارە (٢١١٨) برایەتی چووبوو کاتێ ماکێتی (٨) لاپەڕەی رۆژنامەی برایەتی لەسەر مێزەکەی ژووری من لە برایەتی بەبێ خاوەن مابۆوە کە هەردووکیان چ برایەتی و چ الاتحاد تووشی هەمان (دەردە کورد) بوبون لە کاتێکا تەنها چوار ساڵ بەسەر تێپەڕینی چەرخی بیستەم مابو ئێمەش (ئێمەی کورد) تازە خەریکی ماڵ کاولکاری یەکتری و تالأن کردنی ماڵی رۆڵەی کورد بووین لەو کاتەشدا ئەوەم بیرهاتەوە کە ٢٥ ساڵ پێش ئەوکاتە(عادل مورادو بەندە) هەردووکمان رۆڵی سەرۆك و سکرتێری گشتی گەورەترین رێکخراوی قوتابیانمان دەبینی کە ئەویش (یەکیەتی قوتابیانی کوردستان) بوو، پاشانیش بەخت و قەدەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان هەریەکەمانی فڕێدابوٚ لایەك کە ماڵ و حاڵی یەکتری تالأن بکەین (مەبەست لەهێزەکانی هەردوو لایە)، لەوانەیە کاك عادل و من حەزمان لەو حاڵە ئابڕوو بەرە نەکردبێ بەلأم چونکە هەریەکە لەلایەنێکی دژ بەیەك بووین لەوکاتەدا دەبوایە ئێمەش تێدا بکەوێ وببینە بەشێك لە تراژیدیای کوردی بەبێ ئارەزوو حەزی هەریەك لەئێمە .

ژمارەکانی برایەتی ٢١٨٣/ رۆژی ١٩٩٦/٩/٣ بە ٨ لاپەڕە لەگەڵ پاشکۆی ئاگادارییەکان و ژمارە ٢١٨٤/لە ١٩٩٦/٩/١٠ بە ١٢ لاپەڕەو ژمارە، ٢١٨٥ بە ١٦ لاپەڕە لە ١٩٩٦/٩/١٤ ژمارە ٢١٨٦بە ١٢ لاپەڕە بەهەمان ستافی ئاوارەیی مەسیف سەلاحەدین و لەهەمان چاپخانەی خەبات لە دهۆك چاپکرا کە تێدا تەنها ئامادەکردنی ئەوبابەتانەی دەگرتە خۆ کە بابەتی گەرم و تازەی رووداوەکانی پاش ٣١ی ئاب بوو کەلەوە زیاتر چونکە رووداوەکان زۆر خێراو گرنگ بوون نەدەپرژاینە سەر بابەتی دیکە، بەلأم پاش دەرچوونی ژمارە ٢١٨٧ لە رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٧ بەهەشت لاپەڕە کەتێدا (پەرلەمانی کوردستان باوەڕی بەکابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) دا، د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆك حکومەت و نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆك دەست نیشان کران .

دواین ژمارەی بارودۆخە نائاسایی قۆناغی حاڵەتی ئاوارەبوون و ئیستیسنائی برایەتی بوو ئەم ژمارەیەش کە دەرچوو زیاتر پەلەی ئەوەی تێدا کرا کە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٦ پەرلەمانی کوردستان کەتێدا سەرەڕای وتاری سەرۆك بارزانی لەپەرلەمان و راگەیاندنی کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی تێدا ئەنجام درا، کە دووبابەتی گرنگی ئەو رۆژەبوون وتارەکەی سەرۆك و دارشتنی هەواڵەکەی کابینەی سێیەم و پەیامی برایەتی ئەو ژمارەیە کە لەژێر ناوی (پشتگیری کردن لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوایەتیە) تاکو سەعات (١١)ی شەویٚ هێشتمەوە پاشان بە ئتۆتمبێلەکەی رۆژنامەنووس شێرزاد عەبجولرەحمان تاکو (نەقلیاتی گشتی) لەوێشەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین بە سەیارەیەکی تاکسی گەیشتمەوە ماڵ چونکە تاکو ئەو رۆژەش ماڵم هەر لەسەلاحەدین بوو.

بارودۆخی هەستیاری پاش رووداوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بەتایبەتی رۆژانی ٣ و ٤ و ٩/٥ کە ئێوارەکانی سەرۆك مسعود بارزانی دیمانەی رۆژنامەنووسیی لەگەڵ دەیان لە رۆژنامەنووسی بیانی ئەنجام دەدا کە بەم بۆنەیەوە روویان لە کوردستان کردبوو بەتایبەتیش رۆژنامەنووسانی ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەورووپای رۆژئاوا کە زۆربەیان لە بارەگای خۆی لە سەری رەش کە تێیدا لێپرسراوی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی ئامادەبوون لە هەرسێ جاردا لەبەر گرنگیی بارودۆخەکە و خودی جەنابی سەرۆکی پارتی خۆم بە شەخسی لەگەڵ رۆژنامەنووس شێرزاد عبدالرحمن و وێنەگری رۆژنامە ئامادە دەبووم کە تێیدا راشکاوانە لەسەر بابەتە هەستیارەکانی رووداوی ئەو رۆژانە دەدوا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە دوو لەو پرسیارانەی رۆژنامەنووسانی بیانی و وەڵامەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی بخەمە روو کە لای من زۆر گرنگ بوون:

**پرسیار:** ئایا ئەمەریکییەکان لە پارتی تووڕەن و ئەوەشیان بۆ ئێوە دەربڕیوە؟

**وەڵامی سەرۆك مەسعود بارزانی**: ئێمە لە ئەمەریكا تووڕەین، ئەمە دوو ساڵە ئەمەریكا یاریمان پێدەكات و دەڵێن، پڕۆسەی ئاشتی دەستپێدەكا و پاش دوو رۆژ نوێنەریان دێ بۆ ئێرە سیغەیەك تەقدیم دەكا بەبێ ئەوەی ئەنجامێك وەربگرێ سواری فڕۆكە دەبێ و دەگەڕێتەوە و هەشت مانگە خۆی بێدەنگ كردووە، ئێمە لە ١٥ی حوزەیران (١٩٩٦/٦/١٥) یاداشتێكمان بۆ (مستەر دویچ) ناردووە داوامان لێكرد بێتەوە بۆ ئەوەی دەست بە پڕۆسەی ئاشتی بكرێتەوە، ئەو وەڵامی ئێمەشی نەداوەتەوە، سێ جار بەڵێنیان دا و وتیان ئەوەی رێككەوتننامەكە پێشێل بكات ئێمە ئیدانەی دەكەین و دەستنیشانی دەكەین، بەڵام هەمووجار خۆیان دەدزییەوە، ئەمەریكا بەحساب ناوچەكە دەپارێزێ، بەڵام وەكو تەماشاكەرێك سەیر دەكا، ئێمەش تووڕەینە لە ئەمەریكا، ئێمە میللەتێكی بچووكین، بێ دەسەڵاتین، بەڵام كەرامەت و عیزەتی خۆمان زۆر پێ گەورەیە، ئەمەریكا زۆر گەورەیە، بەڵام عیزەت و كەرامەتی خۆمان لا گەورەترە لە هەموو شتێك.

**پرسیار**: ئایا ئێستا هیچ هیوایەك ماوە كە پارتی و یەكێتی بگەڕێنەوە بۆ ئاشتەواییكردن یان بەڕێزتان و تاڵەبانی، ئایا هیچ هیوایەكی ئاشتی ماوە.

**وەڵامی سەرۆك مەسعود بارزانی**: من دەتوانم ئەمە بڵێم ئێستا دەرگای ئاشتی لە هەموو كاتێك زیاتر كراوەیە لەلایەن ئێمەوە وەكو پارتی، ئێستا لە هەموو كاتێك زیاتر ئامادەییمان بۆ ئاشتی هەیە، چونكە ئەو غەدرەی كە لە پارتی كرا، ئەو نامەردییەی لەگەڵ پارتی كرا بەداگیركردنی هەولێر، ئەمە برینێكی قووڵی لە دڵی پارتی و هەموو پارتییەك كردووە، ئێستا ئەو برینە نەما لەبەرئەوە ئاشتی ئێستا لە هەموو كاتێك ئاسانترە ئەگەر لایەنی تر ئامادەبێت ئێمە لەم ساتەوە دەستی ئاشتیی بۆ درێژ دەكەین.

لە لایەكی دیكەشەوە سەرەڕای تووڕەیی كاك (جەوهەر نامق)ی سەرۆكی پەرلەمان كە ئاگای لە گەمە و رووداوی ٣١ی ئاب نەبوو و لەگەڵ بەندە لێك تێنەگەیشتنێك بەهۆی بڵاونەكردنەوەم ناوەڕۆكی بەیاننامەی یەكەمی دەربارەی رووداوەكە، بەڵام من و تیمی برایەتی ئامادەی كۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان

بووین کە لە رۆژی ١٩٩٦/٩/٣ لە مزگەوتی گەورەی شەقلاوە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی (جەوهەر نامق- سەرۆکی پەرلەمان، نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا-جێگری سەرۆك، فرسەت ئەحمەد-سکرتێری پەرلەمان) بە ئامادەبوونی (٤٢) ئەندام لە فراکسیۆنی زەرد و (١١) ئەندام لە فراکسیۆنی سەوز و (٣) ئەندام لە لیستی مۆر کە لە کۆتاییدا بە تێکڕای دەنگ تەمەنی پەرلەمان تاکو ١٩٩٨/٦/٤ درێژکرایەوە، بەڵام دوو تێبینیم لەو کۆبوونەوەیە لا درووست بوو.

**یەکەم**: خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا کە لەسەر حیسابی لیستی سەوز و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو راشکاوانە قسەی کرد و درێژکردنەوەی پەرلەمانی بە زەرووڕەت دایە قەڵەم و گوتی (پەرلەمان ئەو پەتەیە کە هێشتا ئەو دوو هێزە سەرەکییە لە کوردستان بەیەکەوە ئەبەستێتەوە، من وادەزانم چارەنووسی میللەتەکە، چارەنووسی پەرلەمانەکە، چارەنووسی تەجروبەکە هەمووی بەوە بەستراوەتەوە کە ئەو دوو هێزە تەبا بن).

خوالێخۆشبوو فرەنسۆ هەریریش سەرسوڕمانی خۆیی نیشاندا کەوا کۆبوونەوەی پەرلەمان لە مزگەوتی گەورەی شەقلاوە دەبەسترێ لەکاتێکدا باڵەخانەی پەرلەمان لە هەولێر وەکو ئەو گوتی (من زۆرم لا سەیرە ئەم کۆبوونەوە لێرە کرا، من تا درەنگ لە هەولێر بووم (ئەو رۆژە بەندەش لەگەڵ کاك فرەنسۆ چووینە هەولێر و نیوەڕۆ لە ماڵی برای خۆشەویستم خوالێخۆشبوو کەریم جەلال نانی نیوەڕۆمان خوارد) چاوەڕوام دەکرد لە باڵەخانەی پەرلەمان کۆبوونەوەکە بکەین، من سەعات (٢)ی ئەمڕۆ سەرم لە پەرلەمان داوە، یەك بەشەر لە حەوشی پەرلەمان و پەرلەمان نەبووە، من مشووری ئەوەم خوارد چەند پێشمەرگەیەك لە جادەی دەرەوە لە دەرگای دەرەوە لەوێ راوەستن، حەرەسیاتی پەرلەمان بگرن، دەتوانرا ئەم کۆبوونەوە لە پەرلەمان بکرێت زۆر شتێکی ئاسایی بوو)، ئەوەی تێبینیم کرد دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو لە لایەنی برایانی پارتی دەرباری کۆبوونەوەی پەرلەمان لە

مزگەوتی شەقلاوە، هەرچی سەرۆکی پەرلەمان (کاك جەوهەر نامق) بوو گوتی (بەش بە حاڵی خۆمان وەکو سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ئەم کۆبوونەوەیە لە شەقلاوە بکرێت، وەکو هەر کۆبوونەوەیەك رەچاوی هەلومەرجە یاساییەکانمان کرد).

لە قسەکانی کاك فرەنسۆش ئاشکرایە کە ئارەزوومەند بوو کۆبوونەوەکە لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر بکرایە وەکو لە پێشەوە باسم لێوەکردووە.

لەم مەسەلەیە گرنگە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق وەکو سەرۆکی پەرلەمانی سوێندخواردوو کە پارێزگاری لە وجود و شەرعییەتی پەرلەمان بکات، زۆر راشکاوانە هەڵوێستی خۆی کە یەکلاکەرەوە بوو دەربڕی، بۆیە کاتێك لە هەمان شەو باس لەم مەسەلەیە کرا لە ماڵی ئەوان ئەوەی بەبیرهێنامەوە ئەو چەند جاری دیکە بایکۆتی باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە لە هەولێر بەهۆی داگیرکردنی پەرلەمان لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە، (ئێستاکە چۆن کۆبوونەوە لە باڵەخانەیەك دەکەم کە عەسکەری حکومەتی عیراقی چووەتە ناوی و تەنانەت کەلوپەل و مەوجوداتی ژووری سەرۆکی پەرلەمانیشیان دزیوە و بێحورمەتیان کردووە، (من چۆن ئەوە قبوڵ دەکەم، لەوانەیە لە دواڕۆژ ئەم هەڵوێستەم باجی هەبێت، بەڵام من لە باج باکم نییە، گرنگ ئەوەبوو پەرلەمانمان رزگار کرد).

پاش چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە و جێگیربوونمان لە بارەگا کۆنەکەی خۆمان (برایەتی و خەبات) کە لەتەنیشت سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین بوو ئیشوکارەکانمان جارێکی دیکە کەوتە سەر هێڵی ئاسایی خۆی، ئەوجا بیرمان لە زۆر شت دەکردەوە بە مەبەستی بەرەوپێشەوە چوونی برایەتی و چاپەمەنییەکانی دیکەی کە بە رادەیەك چوبووە پێشەوە کە کەس نەیدەتوانی نکوڵی لەم پێشکەوتنەدا بکات، سەرەڕای هەندێ کێشەی هونەری و ماددی کە لە (کتێبی ئەزموونی رۆژنامەوانیم) بە درێژی باسم لێوەکردووە بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا (قۆناغی دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠) کە رۆژی

دەرچوونم بوو بەیەکجاری لە برایەتی و لە مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن و دەرچوونم لە برایەتی بە ویست و ئارەزووی خۆم نەبوو، بەڵام دەرچوونم لە مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن بە بڕیاری یەك لایەنەی خۆم بوو کە پاشان لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەم).

دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات کە پێشووتر ئەم ناوەی نەبوو و تەشیلەکانیش رێکوپێك دانەمەزرابوو میزاج و بڕیاری هەمەلایەنە و هەمەجۆر و بێ مەرکەزییەتی بڕیار کاریگەریی لەسەر چۆنییەتیی ئیشوکارەکان و بەڕێوەبردنی رۆژنامەی برایەتی و خەبات هەبوو، بەڵام کاتێ لە ١٩٩٣/١٠/٢٦وە لەو دەزگایە دەستبەکار بووم، دەسەڵاتەکانی سەرنووسەری برایەتی و لێپرسراوی دەزگایەکە کە خوالێخۆشبوو مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم) بوو بۆ من گوێزرایەوە، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم کە مامۆستای خوالێخۆشبوو وەکو پێویست ئەرکەکانی بۆ هەڵنەدەسووڕا کە ئەوەشیان لە بێتوانایی ئەو نەبوو چونکە ئاشکرایە کە ئەو مامۆستای خوالێخۆشبووە (حەبیب محمد کریم) ماوەی ١٠ ساڵێك سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە خێزانێکی کوردپەروەری فەیلی گەروبوو لە بوواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دبلۆماسیدا سەرکردەیەکی سەرکەوتوو بوو سەرەڕای نووسەر و رۆژنامەنووسێکی بەتوانا، بەڵام ئەرکەکەی بۆ وەکو پێویست بۆ هەڵنەدەسوڕا، لێرەدا دەبێ بگەڕێمەوە بۆ بارودۆخی خودی مامۆستا حەبیب کە پاش نکسۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە عیراق وەکو هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی لە کاتێکدا ئەو سکرتێری گشتیی پارتی بوو بە ئەرکێکی حزبی چوبوو بۆ قاهیرە، بەڵام لەوێ یەکسەر لە رێگای سەفارەتی عیراقەوە لە میسر گەڕایەوە بەغدا، لە سەرەتادا بە فەرمانبەر دامەزرا و پاشان بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی دائیرەی باج لە لەغدا تاکو پێش راپەڕین بە چەند مانگێك هاتەوە کوردستان و لە شەقڵاوە نیشتەجێ بوو، کە راپەڕینیش بەرپا بوو یەکسەر پەیوەندیی بە سەرکردایەتیی پارتی کردەوە و لە بوواری راگەیاندن کاری بۆ دابین کرا ئەوجا کەسایەتییەك لەوپەڕی دەسەڵات و ئەرك و جێگە و پێگەی حزبی بێتە ئاستێك کە قوتابی ئەو

لێپرسراوی بێت لە ڕاگەیاندن، وابزانم زەحمەتە کە پێی هەزم بکرێت سەرەڕای زۆریی بڕیاردەری ناوەندەکان (تعدد مراكز القرار) لەو بووارەی ئەو کاری پێ سپێردرابوو، ڕۆژێك لە پایزی ساڵی ١٩٩١ بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت سەردانی شەقڵاوەم کرد کە لە ئوتێل (مشكور) سازکرابوو تووشی برای بەڕێز بارزانی مەلا خالد بووم کە لە دەمێکەوە یەکتری دەناسین کە ئەویش ئەوکاتە یەکێ لە هەڵسوڕێنەرانی کۆبوونەوەکە بوو داوای لێکردم کەوا چەند زووترە کار لە ڕاگەیاندن بکەم چونکە بۆشاییەکی زۆر هەیە، منیش لە وەڵامدا گوتم (جارێ بۆ کارکردن و بەجێهێشتنی کۆیە لەبەر باری تەندرووستیی باوکم زحمەتە، بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان دێم و لەگەڵ لێپرسراوی ناوچەی پارتی هەماهەنگم، ناوە ناوە جەنابی سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی دەبینم، بەڵام بۆ ئیش جارێ کاتی نەهاتووە)، ئەوجا پاش کۆبوونەوەکە لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناوی برا و برادەرم کە ئەو شەو و ڕۆژە میوانی ئەو بووم بەپێویستم زانی سەردانی مامۆستا حەبیب محمد كريم بکەم کە دەمێك بوو لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەیناسم و دۆستی باوکیشم بوو، کاتێ چووینە لای داواکەی کاك بارزانی مەلا خالدم بۆ گێڕایەوە یەکسەر گوتی (خۆزگە دەهاتی بەڵکو لەم دەزگایە هاوکارم دەبووی، من تۆ دەناسم لە کۆنیشەوە لە قوتابییان دەزانم چۆن بە جدی ئیش دەکەی، ئیشی ئێرە زەحمەت نییە، بەڵام بێ سەروبەرە، بەندە تاکو کۆنگرەی (١١) دەمێنمەوە ئەوجا بڕیاری خۆم دەدەم، برادەرانی سەرەوەش هەروا دەڵێن، بەتایبەتی کاك جەوهەر نامق کە دەتوانم بڵێم ئەو لەخۆی نەگۆڕاوە و ناوە ناوەش سەردانم دەکات، دەی ناوی خوای لێبێنە (توكل على الله).

مەبەستم لەو گێڕانەوەی چیرۆکی کارکردنی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەبیب محمد كريم بوو کە زۆر تاقەت و خوڵقی لەم شوێنە نەبوو، لە هەمان کاتیشدا خۆی زۆر بە دوور دەگرت لەو ململانێیەی کە لە ڕاگەیاندن هەبوو بە کوردی ڕاشکاوانە دەڵێم کە ئەو بۆ ئەو شوێنە نەخوڵقابوو، بۆیە مامۆستا حەبیب شوێنێکی پڕ لە ئەزیەت و ماندوو بوونی بۆ بەجێهێشتم، بەڵام بەندە بە

تەبیعەت ناتوانم لە شوێنێك بە بەردەوامی كار بكەم ئەگەر بەدڵی خۆم رێكی نەخەم و نەیخەمە سەر هێڵی ئاسایی، ئاشكراشە كاتیٚ ١٩٩٣/١٠/٢٦ ئەو پۆستەم پێدرا چەند مانگێكی كەمی پێچوو شوێنەكەم گوێزایەوە بۆ شوێنێكی لەبار و شیاو ئەوجا كەوتمە وێزەی رێكخستنی جومگەكانی ئیداری، حیسابی، موشتەرەیات، دوورخستنەوەی كڕینی كاغەز و پێداویستییە سەرەكییەكانی چاپ و سپاردنی بە شەخسی خوالێخۆشبوو شەوكەت شێخ یەزدین ئەوجا رێكخستنی كاتەكانی دەوامی رۆژنامەنووسان كە پێشووتر هیچ مەركەزییەكی تێدا نەبوو تەنانەت شەوانە كاتژمێر (٨) بارەگای رۆژنامە چۆڵ دەبوو بۆیە زۆر هەواڵی گرنگی دوای كاتژمێر (٨) لە برایەتی وجودی نەبوو، ئەوجا رێكخستنی دەستەی نووسەران كە هەر بەناو بە ناكامڵی هەبوو لەگەڵ رێكخستنی كۆبوونەوەی هەفتانە و هێشتنەوەی ستاف لاپەڕە (١) تاكو درەنگانی شەو، پاشان رێكخستنی كاروباری چاپ و چاپخانەی پەروەردە، كە ئەویش بەرەڵاییەكی زۆری پێوە دیاربوو، تاكو دەستپێكردنی شەڕی برایان لە ١٩٩٤/٥/١ توانیمان دەزگای برایەتی و خەبات بخەینە سەر هێڵی ئاسایی و بیٚ گیروگرفت، بەڵام چاوی شەڕی برایان كوێر بێت كە " گوریسەكەی كردینەوە رێس"، ئەوەی لەو ماوەیەدا دروستمان كرد وەكو "ئاردی ناو دركان"ی لێهات.

بە گەڕانەوەمان بۆ هەولێر جارێكی دیكە بە هەمان هیممەتی جاران قۆڵمان لیٚ هەڵماڵی و كەوتینە وێزەی چارەسەركردنی كەموكوڕییەكان لە رووی ئیدارییەوە شوێنی پاسەوان و ئیدارەكردنیان و رێكخستنی كافتریا بۆ كارمەندان و رۆژنامەنووسان تاكو درەنگانێكی شەو بە دروستكردنی سیٚ ژەم خواردن، رێكخستنی بەش و لاپەڕەكان و داهێنانی دوو هۆڵ بەناوی (میقداد بەدرخان و هەژاری موكریانی)، تەرخان كردنی هۆڵێكی گەورە بۆ ئەرشیف لە هەموو بارێكەوە كە دەتوانم بڵێم تاكو رۆژی دەرچوونم لەو دەزگایە هیچ دەزگایەكی پارتی و لایەنەكانی دیكە ئەو جۆرە ئەرشیفە دەوڵەمەندەیان نەبوو، تەنانەت رۆژنامەی (الوقائع العراقیە)شم لە بەغدا بە قاچاغ كڕی و هێنا،

سەرەڕای تەجلید کردنی هەرجارە (٣٠) ژمارە لە برایەتی و خەبات و پاشکۆیەکانیان لەگەڵ درووستکردنی فایل و پەیداکردنی زانیاری لەسەر وڵاتانی جیهان و سەرکردەکانیان سەرەڕای چەند وردەکاریی دیکە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە پاش نەمانی بەندە لەو شوێنە عەقڵییەتی جاهیلانەی ئەوانەی پاش من هاتن ئەویشیان بە دەردی ئاردی ناو درکانیان برد و بە (پیاوەتی) تەخشان و پەخشانیان پێکرد و تەنانەت وای لێکردم سەرەڕای نەمانم لەو دەزگایە، بەڵام غیرەتم قبووڵی نەکرد کاتێ بەو (هەڕاج)کردنەم زانی نامەیەکم بۆ جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی نووسی و داوام لێکردووە کە فریای ئەو (هەڕاج)کردنە بکەوێ، بەڵام وەکو چۆن دەزانم خوا بەهەقە ئاواش دەزانم دەورووپشت (فێڵ)یان لە جەنابی کرد و نەیان دەویست ئاسەواری برایەتی بمێنێ کە پاشان بە درێژی باسی لێوە دەکەم، پاش بڵاوبوونەوەی را و بۆچوونی وەزیری پیشەسازی و وزە (د. ئیدریس هادی) دەربارەی کارەبا و نەبوونی کارەبا و ئاستەنگەکانی بەردەم بەردەوام بوونی کارەبا بەهۆی شەڕ و ئیفرازاتی شەڕی برایان و پاش دابینکردنی پارە لە مەکتەبی سیاسی مشووری کڕینی دوو موەلیدەی کارەبام خوارد و بەهۆی برادەرێکی ئەندازیاری کارەبا (کاك جەبار) کە خزمێکی کڕین و فرۆشتنی موەلیدەی دەکرد.. ناردمان لە مووسڵەوە دوو موەلیدەی (١٠٠KV و ٥٠KV)مان کڕی، کاتێك کاك سامی زانی دوو موەلیدەم کڕیوە لێی پرسیم (یەك موەلیدە بەش ناکات) منیش لە وەڵامدا گوتم (کاك سامی لێم قبووڵ دەکەی رۆژنامەی برایەتیی رۆژانە رۆژێك دەرنەچێت)، گوتی نەخێر، منیش گوتم باشە ئەگەر یەکێ لەو موەلیدانە لەکار کەوت و بارودۆخی سیاسی وایکرد کێشەی کارەبا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی (چونکە کارەتەکان-ی دووکان لای ئەوان بوو) چارەسەر نەکرا، نابێت بەدیلم هەبێت بۆ بەردەوام بوونی دەرچوونی رۆژنامە، ئەوجا کاك سامی بە کەمێ زەردەخەنەوە گوتی (عشت یا فرهاد مع أفكارك).

**پاش ٣١ی ئاب دایکم و پوره عاسمه و جوانی خوشکم گەڕانەوە کۆیە و هەندێ کەلوپەلی پێویستمان بۆ کڕین، چونکە ماڵی باوکم هیچی تێدا نەمابوو، ناوه ناوەش ئێمە سەردانمان دەکردن.**

**لەپاش وەفاتی باوکم (٢٧,٠٠٠) بیست و حەوت هەزار دیناری چاپی سویسری کە لە (حارس قضائي) لە دادگای کۆیە دانرابوو بەزۆر خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم رەشید) کە پارێزەری ئێمە بوو ناچاریان کردبوو کەوا بە ئیمزای ئەو پارەکە رابکێشرێ، ئەویش لەژێر باری ئەو فشارەی کۆمیتەی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئیمزای بۆ کردبوون و پارەکەیان دەرهێنابوو کە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی دادگاکانی عیراق پارەی (حارس قضائي) رابکێشرێ بەبێ رەزامەندیی خاوەن ماڵ چونکە خوالێخۆشبوو پارێزەر ئیبراهیم رەشید پارێزەری هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان نەبوو، پاش ماوەیەك داوایەکم لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان تۆمار کرد و لە دادگاش لە بەرژەوەندیی ئێمە داواکەیان قبوڵ کرد، بەڵام من لەبەر حەساسیەتی بارودۆخی سیاسی نەمدەویست کۆمیتەی کۆیە تووشی کێشەیەك بکەم، بەڵام مانەوەی دایکم و پورم و جوانی خوشکم لە کۆیە زۆری پێنەچوو ئەوەبوو جارێکی دیکە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەڕانەوە شوێنی پێش ٣١ی ئاب، تەنها هەولێری لێ دەرچێت نێوانی هێزەکانی شەڕی برایان (دێگەڵە) بوو، ئەوەبوو پێش گەیشتنیان جارێکی دیکە دایکم و پوورم هێنایەوە هەولێر تاکو بەدەردی سەرەتای جەولەی یەکەم نەچن و جاریکی دیکە گەڕانەوە هاوینەهەواری سەلاحەدین، من ماڵم هێنایەوە هەولێر، لە سەرەتادا لە گەڕەکی عەرەبان خانووێکم بەکرێ گرت و پاش شەش مانگ جارێکی دیکە هاتمەوە نزیك بارەگای رۆژنامە، بەڵام نەچوومەوە خانووە کۆنەکەی پشت رۆژنامە بەڵکو وەکو پاشکۆیەکی باڵەخانەی دەزگای برایەتی و خەبات کرایەوە شوێنی (موەلیدە و ئەندازیارێکم بۆ دامەزراند تاکو بتوانین کۆنترۆڵی مەسەلەی کارەبا بکەین).**

بارودۆخی دوای گەڕانەوەی هێز و نفوزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تاکو دێگەڵە جارێکی دیکە دەست بەسەر موڵکەکانمان داگیرا و کریێ دووکان و شوقەکانیان وەردەگرت، تەنها بەشی خەسرەوی براگەورە نەبێت کە ئەو لە کۆیە مابوو و هەواداری یەکێتی بوو، بەداخەوە یەکێتی نیشتمانی سەرەڕای پەیوەندیی دۆستانەم ناسیاوی لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتییان لەو کاتەدا هەبوو و بەشێکی زۆرم لە کادیرەکانی دەناسی و لێپرسراوی کۆیەی یەکێتی دۆستایەتییەکی بەهێزم لەگەڵیان هەبوو، بەڵام ئەو هەموو پەیوەندی و یەکتر ناسینە کە هەندێکیان لە سەرەتاکانی حەفتاکانەوە لە ریزی یەکێتی قوتابییانی کوردستان پاش رێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کارمان کردووە و بە شاهێدیی هەندێکیشیان هەمیشە ئەڵقەی بەهێزی لێك تێگەیشتن و برایەتی بووم و ساڵی ١٩٨٤ لە سەروبەندی وتوێژی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عیرقا چەند جارێك لەگەڵ برایان سەربەست بامەڕنی و حسێن سنجاری و شێردل حەوێزی سەردانی سووورداشم کردووە کە سەرکردایەتیی یەکێتی ئەوکاتە بارەگاکەی لە سووورداش بوو شەوانەش میوانیان بووم بە راسپاردەی خێزانی شەهید دارا تۆفیق دووجار چاوم بە جەنابی مام جەلال و کاك نەوشیروان مستەفا کەوتووە. ئەوەی کە زانیومە لە زمانی کادرێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆیە کەوا بە شەخسی گوێی لە کاك فەرەیدون عبدالقادر کە ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بوو گوتوویەتی (نەدەبا بهێڵن ماڵی فەرهاد عەونی و باوکی تالآن بکرێت چونکە من ئەو پیاوە دەناسم و کوردپەروەرە).

بە رێککەوت لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ (هەردووکمان (کاك فەرەیدون و بەندە) لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی) بووینە ئەندام لە کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی (الجمعية الوطنية العراقية)، رۆژێك لە کافتریای ئەو شوێنە مەسەلەکەم لەگەڵی باسکرد و لەنێوانی قسەکانمدا سوپاسی هەڵوێستی کوردانە و برایانەی ئەوم کرد، بەڵام چی دەکەیت کاتێ ململانێی سیاسی و شەڕی برایان بەداخەوە (تەڕ و وشك

پێکەوە دەسووتێنیٚ)، لە لاپەڕ‌ەکانی داهاتوو چۆنییەتی گەڕانەوەی مۆڵکەمانمان بۆ ئێمە یاداشت دەکەم کە (١٠) ساڵی رەبەقی پێچوو.

بارودۆخی سیاسی و شەڕی برایان راستە لە بەرەکانی شەڕ تینی جارانی نەمابوو، بەڵام شەڕە تەقە و شەڕی راگەیاندن وەکو خۆی کاری خۆیی دەکرد، هیوا بە ئاشتی و ئاشتەوایی سەرەتا سەری کز بوو، بەڵام دوای ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمەوە دەنگۆی هاتنی شاندێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ تورکیا و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی و بە بەشداریی تورکیا و سەرپەرشتیی ئەمەریکا لەئارادابوو، خوالێخۆشبوو کاك سامی لە کۆبوونەوەی هەفتانەی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن پێش سەفەری بە چەند رۆژێك باسی ئەو بابەتەی بۆکردین کەوا ئەمەریکا سوورە لەسەر چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستان و ئاستێك بۆ تەدەخولاتی ئێرانی دابنیٚ لە کوردستان، بەڵام وەکو کاك سامی دەربارەی ئەم کۆبوونەوەیە گوتی (نە موتەفائیلم.. نە موتەشائیم، العبرة بالنتائج).

شەوی ٣٠ لەسەر ١٩٩٦/١٠/٣١ تاکو درەنگانێك لە چاوەڕوانیی هەواڵەکە بووین (بەندە و رۆژنامەنووس زادۆق ئادەمو رۆژنامەنووس عەزیز حەریری و رۆژنامەنووس محمد حسن رۆژبەیانی) کاتیٚ دەقەکە گەیشت مانشێتی سەرەوەی تایتڵەکەم بەم شێوەیە پێشنیار کرد بۆ برادەران کە جێگای رەزامەندیی هەمووان بوو کە ئەویش بریتی بوو لە (وتووێژی ئاشتی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتی لە ئەنقەرە دەستیپێکردەوە)، لەخوار تایتڵی برایەتیش مانشێتی (لە کۆبوونەوەی ئەنقەرە جەخت لەسەر مەسەلەی کارەبا و ئاو و خزمەتگوزاری و سەربەستیی هاتوچۆ کرایەوە)، لە دوابڕگەی هەواڵەکە لە لاپەڕە (١)دا دابەزی لەگەڵ وێنەی کاك سامی و رۆبەرت بیلیترۆ کە دەڵیٚ (چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئێستاکە هەردوو لا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە کە هیچ یەکێکیان ناتوانیٚ سەرکەوتنێکی یەکجارەکی لە مەیدانی شەڕدا بەدەست بهێنیٚ و ئاشتبوونەوە بۆ هەردووکیان باشترە، کاربەدەستانی ئاگادار لە دانوستانەکە دەڵێن مەبەستی سەرەکیی بیلیترۆ ئەوەیە ئاگربەستەکە

هەمیشەیی بێت و هەردوو گرووپی کوردی لە عیراق و ئێران دوور بکەونەوە و چیتر داوای یارمەتییان لێ نەکەن).

لێرەدا جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر بابەتی ڕۆژنامەگەری چونکە دەبێت لە هەندێ لاوە ئاوڕی لێ بدرێتەوە چونکە ئەو مێژووە لەوانەیە خوێنەرێك هەبێت ئەم لایەنەشی لا گرنگ بێت.

ماوەیەك بوو بیر لە چەند پاشکۆیەکی برایەتی دەکرایەوە بە مەبەستی گرنگی دان بەو لایەنانەی کە نەماندەتوانی لە برایەتیی ڕۆژانە جێگای شیاویان بۆ بکرێتەوە چونکە برایەتی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو ٩٠٪ی تەرخان کرابوو بەپێی سرووشتی ڕۆژنامەیەکی سیاسی حزبێك بەتایبەتیش لەو هەلومەرجەدا بە هەواڵ و بیروڕای سیاسی و شیکردنەوەیان، ئەو لایەنانەش بریتی بوون لە ئەدەب، هونەر، وەرزش، دیراساتی هەمەجۆر و هەندێ جاریش بڵاوکردنەوەی کتێب بە زنجیرە کە دوایی دەکرا بە کتێب، بۆ مەبەستی یەکەم کە ئەدەب و هونەر بوو بەندە و ڕۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم کەوتینە لێکدانەوەی دەرکردنی پاشکۆیەکی هەفتانە بۆ ئەدەب و هونەر چونکە بوارێکی یەگجار فراوانی گرنگی سەردەمە و زۆر جاریش تەوژمی هەواڵ و ڕاپۆرت و شیکردنەوەی سیاسی ڕێگاگرە لەبەردەم بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی کە ئەوش نووسەر و خوێندەواری زۆری هەیە، لە هەمان کاتیشدا زۆر ڕۆژنامەی گەورە و بەناووبانگی ئەم دونیایە پاشکۆی تایبەتیی هەمەجۆر و هەمەلایەنەی ئەو بوارانەیان هەیە، لە ئاکامدا کەوتینە سەر ئەو ڕایە پاش وەرگرتنی بۆچوونی خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی کە لە ڕاستیدا ئەو زۆر لەو بوارەدا نزیك بوو کەوا هەفتەنامەیەکی تایبەت بەناوی (برایەتیی ئەدەب و هونەر)ی برایەتی دەربکەین لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی کاك زاهیر و کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و ئەدیب و ئەدەب دۆستی وەکو خوالێخۆشبوو کەریم شارەزا و ڕۆژنامەنووس و نووسەری بەتوانای وەکو جلیل کاکە وەیس و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و تاریق کارێزی و عەباس عبدالله یوسف و ئەحمەد سەلام و خوالێخۆشبوو ئازاد

سوبحی و نەجات حەمید لێ کۆبکەینەوە وەکو دەستەی نووسەرانی پاشکۆیەکە کە ژمارەی یەکەمی ئەم پاشکۆیە رۆژی پێنج شەممە رێککەوتی ١٩٩٦/١٠/٣١ لەگەڵ ژمارە (٢٢٠٢)ی رۆژنامەی برایەتی بڵاوکرایەوە، لە ماوەی چەند ساڵەی دەرچوونی کە بەدرێژی لە کتێبی (ئەزموونی رۆژنامەوانیم کە ساڵی ٢٠١١ بە چاپم گەیاندووە) باسی لێوە کراوە بە پێویستی نازانم لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگوترێ دەتوانم بڵێم یەکەمین هەفتەنامەی لەم جۆرەیە کە لەو ماوەیەدا دەرچوو کە سەدان نووسەری ئەم وڵاتەی بەخۆیەوە گرتبوو.

بارودۆخی سیاسیی دوو مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ سەرەڕای راگرتنی شەڕ، بەڵام شەڕی راگەیاندن و سەرکۆنەکردنی یەکتری لەئارادابوو سەرەڕای رێککەوتنی ئەنقەرە (٣٠ لەسەر ١٩٩٦/١٠/٣١) کە تێیدا نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەی کردبوو، لەو سەروبەندەدا هەندێ لایەنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەپێی لێکدانەوەکانیان باسیان لە جۆرێ لە چارەسەری کێشەی کورد دەکرد، هەندێکیان بەلای کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەیانگوزەراند و هەندێکی دیکەش رۆڵی دەوڵەتی تورکیایان دەخستە بەرچاو کە گوایە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەمەریکاش دەگونجێ، بەڵام لە راستیدا سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندنەوەیان بۆ مەسەلەی چارەسەری کێشەی کورد لە بنەڕەتدا بۆ بەغدای ناوەندی بڕیاری دەوڵەتی عیراق دەگەڕاندەوە بەو پێیەی کەوا کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆی دەوڵەتی عیراقە و واپێویست دەکات کە دەوڵەتی عیراق ئەوان بەتەنگ ئەو مەسەلەیەوە بن لە خەڵکی دیکە زیاتر چونکە چارەنووسی ئەم دەوڵەتەی کە بە ناوی عیراقەوە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو (لەحیم)کراوە بەو شێوازە نامێنێتەوە ئەگەر چارەسەرێکی ئاشتییانەی گونجاو پەیڕەو نەکات، وەکو گوتم قەناعەتی سەرکردایەتیی پارتی زیاتر و روونتر و راشکاوانەتر خۆی راگەیاند پاش ئەو سەردانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەندانی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) بوو لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی

ساڵی ١٩٩٦ بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە مەبەستی حاڵی بوونی پارتی لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد و بەرامبەر بە دەستێوەردانی ئێران و تورکیا لە کوردستان، پاش گەڕانەوەی کاك نێچیرڤان وا بە باش زانرا کەوا دیمانەیەکی فراوان بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی ساز بکرێ بۆئەوەی رای گشتی لە کوردستان لە راست و درووستی سیاسەتی ئەمەریکا بگات و چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی گەلی کوردستان دەکات.

رۆژی سێ شەممە رێککەوتی ١٩٩٦/١٠/٢٩ لە هۆڵێکی بارەگای مەکتەبی سیاسی بە ئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی (برایەتی، خەبات، گوڵان، دەنگی کوردستان، کوردستان تی ڤی)، کە تێیدا بەندە وەکو سەرنووسەری برایەتی ئامادەبووم، کاك نێچیرڤان زۆر راشکاوانە دەربارەی هەندێ لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا دوا کە تێیدا ئیشارەت بە هەندێ لایەنی دیمانەکە دەکەم کە بەلای منەوە خوێندنەوەیەکی تازەم بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردنی ئەمەریکا، تورکیا، ئێران لەگەڵ کێشەی کورد و شەڕی برایان لا درووست بوو کە پاشان دێمەوە سەری، کاك نێچیرڤان بارزانی لە وەڵامی پرسیارەکاندا رایگەیاند:

**یەکەم:** باسکردنی ئاگربەستی نێوان (پ.د.ك و ی.ن.ك).

**دووەم:** رۆڵی ئێرانی راستەوخۆ لەو شەڕەدا چ لە رێگای هێزی بەدر چ لە رێگای هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**سێیەم:** را و بۆچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتیش ئەمەریکا سەبارەت بە مافی سیاسی گەلی کوردستان و ئایندەی ئەم ئەزموونە.

قسە و روونکردنەوەکانی کاك نێچیرڤان بارزانی چە دەربارەی شەڕی برایان و ئاگربەست چ دەربارەی تێوەگلانی ئێرانی لەو شەڕە داسەپاوەدا ئاسایی بوون، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگ و تازە بوون سیاسەتی ئەمەریکا بوو دەربارەی کێشەی کورد و ئایندەی گەلی کوردستان و چەند جارێك راشکاوانە باسی لە سیاسەتی ئەمەریکا کرد، وەکو دەق هەندێ نموونە لە قسەکانی دەهێنمەوە:

**یەکەم**: بە راشکاوانە پێمان گوتن (قسەکانی کاك نێچیرڤان)، ئێوە تاکو ئێستاکە وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی سەیری مەسەلەی ئێمە دەکەن، لە راستیدا ئێمە سۆماڵی نین لەبرسان بمرین میللەتی ئێمە میللەتێکی دەوڵەمەندە، ئێمە کێشەیەکی سیاسیمان هەیە کە پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی هەیە، ئەوەی راستی بێت من خۆم یەك وشەم گوێ لێنەبوو کە باسی ئەو کێشەیە بکەن، یان بیانەوێ قسەی لێ بکەن، سەبارەت بە کورد سیاسەتێکی روونیان نییە بە بڕوای من لە بنەمادا لەم بارەیەوە سیاسەتێکیان نییە، ئەوەی بڕوای منە و لە قسە و بۆچوونەکانیاندا ئەوە روون بووە کە ئەوان تا ئێستا سەبارەت بە کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی سیاسی هیچ بڕیارێکیان نییە.

**دووەم**: دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا بە مفاوەزات کردن لەگەڵ حکومەتی عیراق گوتی (بە بڕوای من وڵاتانی دەرەوە هیچیان بۆ کورد پێنییە و تا ئێستاش ئێمە وەکو پردێك سەیر دەکرێین، بۆ ئێمە گرنگ نییە کێ لە بەغدا حکوم دەکا، گریمان ئەو رژێمەی کە ئێستا لە بەغدا حکومڕانە و بڕوا و رژێمێکی تریش بێ بە نسبەت ئێمە چ دەگۆڕێ؟ ئێمەی داوای مافی خۆمان دەکەین چ لەم رژێمە و چ لە رژێمێکی تر کە بێتە سەر حوکم لە عیراق، وەکو پێشتریش پێمووتن مەسەلەی ئێمە وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی سەیر دەکەن، بەڕاستی ئیمە لەوە مەغدوور بووین کە وەکو میللەتێکی لەبرسان مردوو کە نانیان بدرێتێ سەیرمان بکەن).

**سێیەم**: دەرباری چارەسەی کێشەی کورد لە بەغدای پایتەختی عیراق وەکو مەسەلەیەکی سیاسی نێچیرڤان بارزانی گوتی (با تۆزێك واقعی بین راستە ئێمە زۆرمان لەوان کوشتووە و ئەوانیش زۆریان لە ئێمە کوشتووە، بەڵام لە ئاکامدا هەر دەبێ چارەسەرێك بۆ ئەم وەزعە بدۆزینەوە، کوردێك نییە نەیەوێ کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد هەبێ، منیش وەکو کوردێك حەز دەکەم ئێستە کوردستان وەکو دەوڵەتێك ببینم، ئەمە حەزی کوردە، بەڵام ئەمە تا چ رادەیەك بەکردە دێتە دێ، ئەمە خۆی بە خۆی جێگەی پرسیارە، ئەگەر لە رێگای وڵاتێکی

ئیقلیمییەوە سەیری کێشەی کورد بکرێ بۆ نەچم لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا چارەسەری بکەم، کەواتە بەم شێوەیە ئەگەر هیچ حەلێکی سیاسی لە دەرەوە بۆ کێشەی کورد نەبێ باشترین ڕێگە ئەوەیە کە (مفاوەزات) بکەین و لە موزایەدەش نەترسین ئەوە ڕێگەچارەی تەواوە).

پاش ئەوەی دیمانەکە تەواو بوو چەند پرسیارێکی تایبەتیم لە کاك نێچیرڤان کرد و وەڵامەکانیش زۆر ڕاشکاوانەتر بوون کە تێکڕای ئەو بابەتە گرنگە بووە جێگەی وروژاندنی پرسیارێك کە تاکو ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٩٩٦/١١/٢ خۆم تەرخان کرد کە بە زنجیرە وتارێك پرسیارێك بوروژێنم کە بریتی بوون لە (پێنج ئەڵقەی یەك لەدوای یەکی پەیامی برایەتی کە تەعبیر لە سیاسەتی ناوەندی پارتی دەکرد لەژێر ناوی (دەبێ لە کوێ چارەسەری سیاسییانەی کێشەی گەلی کوردستان بکرێ؟) پرسیارێك بوو بە دوور و درێژی باس لە سەرهەڵدانی کێشەی کورد دەکرا لەو ڕۆژەی کە دەوڵەتی عیراق لە ساڵی ١٩٢١ دامەزراوە کە تێیدا تاکو ئەو ڕۆژە (١٩٩٦/١١/٢) سەرجەم حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق سەرەڕای چەندین پەیمان و بەڵێن و ڕێککەوتن، بەڵام هەمیشە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کوردستانیان داوەتەوە بۆیە عیراق وەکو دەوڵەت هیچ کاتێك ئارامیی بەخۆیەوە نەدیوە و هەمیشە گۆڕەپانی ململانێی ناوخۆ و دەرەکی بووە، لەنێوان ئەڵقەی یەکەم کە لە ڕۆژی ١٩٩٦/١١/٣ لە ژمارە (٢٢٠٣)ی برایەتی بڵاوکرایەوە تاکو ئەڵقەی سێیەم چەندین پرسیاری لای خەڵکی وروژاند کە هەندێ جار لە ڕێگای تەلەفۆنەوە و هەندێ جاریش بە پرسیاری ڕاستەوخۆ ئاراستەم دەکرا کە ئایا کۆتایی ئەم زنجیرە سەرنج ڕاکێشە بە چ کۆتایی دێ. ئێوارەی دوو شەممە ڕێککەوتی ١١/٤ شەهید فرەنسۆ هەریری کە ڕۆژانە سەرلەئێواران سەردانی دەکردم ئەو ڕۆژە پاش کەمێ دانیشتن دەقاودەق ئەو پرسیارەی لێکردم (ئایا کاك مەسعود بارزانی هیچ تەوجیهاتێکی لەم بارەوە پێداوی؟)، منیش لە وەڵامدا گوتم (کاك فرەنسۆ مەعقولە پاش ٣٣ ساڵ لە پارتایەتیم (١٩٦٣-١٩٩٦) و نزیکیم لە لوتکەی پارتی نەزانم سیاسەتی پارتی چۆن دەگوزەرێ،

**نەخێر سەرۆك هیچ تەوجیهاتێكی نەداوەتە من، بەڵام من ئەو سەرووتارانەی كە دەینووسم و رۆژی پێنج شەممە تەواو دەبێت هەڵێنجاوی بیرۆكەی دیمانە رۆژنامەنووسییەكەی كاك نێچیرڤان بارزانییە كە راشكاوانە باسی لەم بابەتە گرنگە كرد).**

**رۆژی دواتریش خوالێخۆشبوو كاك جەوهەر نامق بە شێوازێكی ناراستەوخۆ بە تەلەفۆن هەمان پرسیاری ئاراستە كردم وە منیش بە یەك رستەی عەرەبی وەڵامم بەم شێوەیە دایەوە (أهل مكة أدرى بشعابها). رۆژی چوارشەممە كاتێك لە یەكێ لە پەڕاوگەكانی شەقامی تەربیە خەریكی كڕینی چەند قەڵەمێكی نووك تیژ بووم، خاوەن پەڕاوگەكە دیاربوو منی دەناسی بۆیە لە كڕینی قەڵەمەكان ویستی پارەم لێ وەرنەگرێ، گوتم بۆچی پارەم لێ وەرناگری، ئەویش لە وەڵامدا گوتی (دڵم زۆر بەو چوار ئەڵقەی پەیامی برایەتی خۆشە، چاوەڕوانی وەڵامەكەی دەكەم كە لەو چوار ئەڵقەیە وروژاندووتانە و بەكوێ دەگات، بۆیە دەزانم ئەمە ئەو جۆرە قەڵەمانەیە كە ئەو جۆرە وتارانەی پێ دەنووسرێ بۆیە پێم خۆشە دیاریی من بێت)، منیش لە وەڵامدا گوتم (زۆر سوپاس، پارەكەم لێ وەربگرە و بەیانی وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەینەوە).**

**لە دوازنجیرەی ئەو وتارانەدا كە ئەڵقەی پێنجەمی لە ژمارە (٢٢٠٧)ی برایەتی رێككەوتی شەممە رۆژی ١١/٧ بڵاوكرایەوە، وەڵامی خاوەن پەڕاوگەكە و هەموو ئەو كەسانەی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بوون لە پەرەگرافی دوایی‌یدا وەڵاممان داونەتەوە و وتومانە "رووداوەكان ئەوە دەسەلمێنن شتێكی ئاسایی و ئاسانە ئەگەر نییەت هەبێ و بڕوا بگەڕێتەوە، گەڕانەوەی بڕوا سەرەتای كارەكانە (لە دونیای سیاسەتدا نە دۆستی هەمیشەیی هەیە و نە دوژمنی هەمیشەیی، بەڵكو بەرژەوەندیی هەمیشەیی لە گۆڕەپانەكەدا بە بەردەوامی دەمێنێتەوە)، بەرژەوەندیی كورد و گەلی عیراقیش ئەوە دەخوازێ كە بە زمانێكی شارستانییانە مامەڵە لەگەڵ یەكتری بكەین، زمانی لێك حاڵی بون بگرینە بەر (كورد نایەوێ چرای بەغدا بكوژێنێتەوە، بەغداش ناتوانێ ئەگەر بگاتە حاجی ئۆمەرانیش ئیرادەی گەلی كورد لەناو ببات)، بۆیە دەكرێ**

لەنێوان ئەو نەویستن و ئەو نەتوانینە زمانی حیوار درووست بکرێ بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکەش دەست بۆ بەغدا درێژ نەکەن و ئیرادەی گەلی کوردستانیش پێشێل نەکرێ، بۆ ئێمەش رەوایە ئەگەر بڵێین چاوەڕوانی (١٠) ساڵی گفتوگۆ لە رۆژێکی شەڕ باشترە".

ئێوارەی هەمان رۆژ کاك نێچیرڤان بارزانی لە رێگای تەلەفۆنەوە دەستخۆشیی لێکردم و گوتی (باشت هێناوە و وردەکاریی باشت تێدا باسکردووە، ئەمە ئەسڵی مەبەستە دەستت خۆش). رۆژی ١٩٩٦/١١/١٨ سەرۆك بارزانی لە دیدارێکی لەگەڵ رادیۆی BBC سازدا کە تێیدا ئەویش راشکاوانە باسی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عیراق کردبوو، ئێمەش لە برایەتی دەقی دیمانەکەمان لە ژمارە (٢٢١٥)ی رۆژی ١٩٩٦/١١/١٩ بە مانشێتێکی گەورەی "سەرۆك مەسعود بارزانی.. ئێمە دژی دانوستاندن نین و لەوانەیە لە ئایندەدا وتوێژ بکەین"، هەر لە هەمان رۆژیش (١٩٩٦/١١/١٨) هەمان پەیامنێری BBC خاتوو (جینان ئەلعەلایلی) دیمانەیەکی رادیۆیی لەگەڵ مندا ئەنجامدا لە نووسینگەی خۆم لە برایەتی کە تێیدا چەند پرسیاری دەربارەی رۆژنامەی برایەتی و مەسەلە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی کوردستان و ئاسۆی راگرتنی شەڕی ناوخۆ و بەرقەراربوونی ئاشتی و پڕۆسەی دانوستاندنی نێوان بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد و حکومەتی مەرکەزی بوو، خوێندنەوەی خۆم بۆ هاتنی پەیامنێری BBC بۆ کوردستان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کەناڵە راستەوخۆ پاش دیمانەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندنی پارتیدا رۆژی ١٩٩٦/١٠/٢٩ ئەنجامی دا و پاش ئەو زنجیرە وتارانەی برایەتی هاتووە کە هەرهەموویان باس لە وتوێژ دەکەن لەگەڵ بەغدا بۆیە راستەوخۆش راشکاوانە ئەو پرسیارەی لە سەرۆك مەسعود بارزانی کرد و هەمان پرسیاریش لەگەڵ بەندەی دووبارە کردەوە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر راست و درووستیی مەسەلەی وتوێژ لەگەڵ بەغدا، چونکە وا پێدەچوو وروژاندنی ئەم بابەتە لەسەر ئەو ئاستە بەرزە و دوا بەدوای ئەوش وتارەکانی برایەتی

دەربارەی هەمان بابەت بێگومان مەسەلەیەکی گرنگی وروژاند کە تا رادەیەك لایەنە پەیوەندیدارەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەندێ وڵاتی رۆژئاوا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێ ناڕەحەت ببوو)، لە لایەکی دیکەشەوە رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی زمانحاڵی حزبی شیوعیی کوردستان لە ژمارە (٢٢٧)ی رۆژی ١٩٩٦/١١/٢١دا بابەتێکی پەیوەندیداری بە زنجیرە وتارەکانی برایەتی لەژێر ناوی (بۆچی دانوستاندنمان لەگەڵ رژێمدا پێ هەڵەیە) کە تێیدا باس لە شتێکی دیکە دەکات کە دانوستاندن لە بنەڕەتدا خەتایەکی گەورەیە لەگەڵ رژێمی عیراقدا چونکە (سرووشت و رێبازی ئەم رژێمە هیچ گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە)، بۆ رەتکردنەوەی ئەو جۆرە بۆچوونەی برایانی حزبی شیوعی کوردستان سەرەڕای دۆستایەتیی توندوتۆڵم لەگەڵیاندا ناچاربووم بۆ پەرچدانەوەی ئەم بۆچوونەیان وتارێکی دوورودرێژم لەژێر ناوونیشانی "ئێمە چۆن لە دانوستاندن دەگەین.. و هەندێ لە دۆستانیشمان چۆنی تێدەگەن!" لە ژمارە (٢٢١٩)ی برایەتی رۆژی ١٩٩٦/١١/٢٥ لە لاپەڕە (٢) بەتەواوی و پاشماوەکەش لە (ل٧) بەخۆیەوە گرتبوو، تێیدا بە هەمان نەفسی زنجیرە وتارەکانی برایەتی و لەژێر رۆشنایی و دیمانەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی ئاراستەم کردبوو، ئەوەبوو خوالێخۆشبوو (مەلا حەسەن) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان وتارێکی رەتدانەوەی لەسەر رەتدانەوەکەی من لە (رێگای کوردستان) بڵاوکردەوە کە تێیدا رەخنە لەو بۆچوون و هەڵوێستەی بەندە دەگرێ سەرەڕای راستکردنەوەی مێژووی (میثاق باسم) کە من ساڵی ١٩٥٦م بۆ دانابوو و لە راستیدا میثاقەکە بۆ ساڵی ١٩٥٤ دەگەڕێتەوە، لەو رەت و رەتکارییەی نێوان من و برایەتی لە لایەك و خوالێخۆشبوو مەلا حەسەن و رێگای کوردستان لە لایەکی دیکەوە.. خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامقی نیگەران کردبوو بۆیە بە هەندێ تووڕەبوونەوە داوای راگرتنی ئەو (موهاتەراتە)ی لێکردم، منیش لە وەڵامدا پێم گوت (کاك جەوهەر گوناحە ئەم جۆرە بابەتانە بە موهاتەرات ناو دەبەیت، ئەمە

سیاسەتی مەرکەزیی پارتییە، جەنابت دەتوانی لە مەکتەبی سیاسی بیوروژێنی، من دەزانم چی دەنووسم و چی بڵاودەکەمەوە).

ساڵی تازەی ١٩٩٧ بۆ برایەتی و بۆخۆم ساڵێکی پڕ لە ئەزموون بوو، بۆ برایەتی و ماندووبوونێکی زیاتر بۆ خۆم لەچاو ساڵەکانی پێشووتر، بەتایبەتی لە رووی رێکخستن و بەرەوپێشەوەچوونی برایەتی سەرەڕای هەندێ کێشەی لابەلای درووستکراو بۆ خودی خۆم کە پاشان دێمەوە سەری.

بەنسبەت برایەتی پاش ئەوەی لە باڵەخانەکەی پێشووی خۆمان کە نۆژەنکرایەوە و گەڕاینەوە ناوی، ئەوجا زیاتر دەستمان کرد بە بیرکردنەوەی لەسەرخۆ کە چۆن رۆژنامەی برایەتی و دەزگای برایەتی و خەبات بەرەوپێشەوە ببەین، دەربارەی برایەتی رۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١٢)ی شەو تەنها دوو سێ کاتژمێری نیوەڕۆی لێ ببەدەرەوە دەنا بە بەردەوامی تاکو لاپەڕە (١)یش تەواو دەبوو دەبووایە خۆم ببینم، زۆر جار لە ماڵەوە کاتێك رووداوێك یاخود هەواڵێکی درەنگ وەخەت دەهاتە پێشەوە ناچار دەبووم نەخەوم تاکو بابەتەکە کۆتایی پێ دەهات و لاپەڕەکەم دەدیت، ئەوجا (کوردۆ ئەنوەر)ی بەستەزمان کە لێپرسراوی گەیاندنی (ماکێتەکان)ی رۆژنامەکەبوو بۆ چاپخانە دەبووایە بەدیارمەوە دابنیشێ تاکو لە وردبونی لاپەڕەکان دەبوومەوە، هەندێ جاریش لە بۆنە و رۆژە گرنگەکانی مێژوویی سەرۆك (بارزانی نەمر) و پارتی دیموکراتی کوردستان لاپەڕەکانی برایەتی دەبوونە ١٢ لاپەڕە و ١٦ لاپەڕە و هەندێ جاریش ٢٠ و ٢٤ لاپەڕە و تەنانەت جارێکیان گەیاندمانە ٣٢ لاپەڕە، هەر لەم ساڵەدا گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) کە یەکەم ژمارەی لە مانگی ئابی ١٩٩٧ دەرچوو کە دەتوانم بڵێم تاکو دوا ژمارەی کە بەندە سەرنووسەری بوو کە ژمارە (١٤) بوو لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٠ دەرچوو پڕفرۆشترین گۆڤاری ئەو سەردەمە بوو لە هەمو لایەکی کوردستان، تەنانەت ژمارەی چاپکردنیشی لە (١٠٠٠)ەوە گەیشتە (١٥٠٠) دانە و نرخی بە (١٠) دیناری چاپی سویسری و پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆریش ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدین رۆژی ٢٠٠٠/٢/١٣ بە نووسراوی ١٢١١/١/١ رێککەوتی

٢٠٠٠/٢/١٩ی سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین گۆڤاری سەنتەری برایەتی بە (گۆڤارێکی ئەکادیمی) ناساند، لێرەدا زیاتر ناچمە وردەکاریی چاپەمەنییەکانی دیکەی ئەو دەزگایە وەکو وەرزشی برایەتی و برایەتیی وەرزش و برایەتیی ئۆلۆمپیاد و کتێبە چاپکراوەکانی و ژمارە تایبەتییەکانی کە تا رادەیەکی گەورە بارەگای دەزگای رۆژنامەی برایەتی و خەبات کە بەندە لێپرسراوی بوو زیاتر لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان قەرەباڵغتر و پڕمیوانتر بوو (مامۆستایانی زانکۆ، نووسەران، ئەدیبان، سیاسەتمەداران، قوتابیان و قوتابییانی دیراساتی بەرز، رۆژنامەنووسانی بیانی، زۆرجار لەبەر زۆربوونی میوان و هاتوچۆکەران کارەکانم کە بریتی بوو لە نووسینی پەیامی برایەتی و وردبینیی لاپەڕەکان بۆ درەنگانی شەوم دوادەخست، شەهید فرەنسۆ هەریری رۆژ نەبوو ئێواران سەردانی برایەتی نەکات و شوێنی تایبەتیی هەبوو لە ژوورەکەی من، ئەوجا دەیویست بە هەموو جۆرێك یارمەتیمان بدات، ئەوجا چ بە رەخنە یاخود بە راستکردنەوەی هەڵەکان یاخود پێدانی هەواڵی گرنگ و تازە سەرەڕای رێنماییەکانی بۆ لاپەڕە و رۆژنامە و گۆڤاری پەیوەندیدار بە وەرزش.

سەرلەبەیانیی رۆژی ١٩٩٧/٢/٢٣ کاتێ شەهید فرەنسۆ هەریری بەرەو پارێزگا دەچوو لە شەقامی شەست مەتری نزیك مزگەوتی سپی هەوڵی تیرۆرکردنی درا، من تازە هاتبوومە دەزگای برایەتی و خەبات، پەیامنێرمان لە پارێزگای هەولێر (کاك شێرزاد) هەواڵەکەی پێ راگەیاندم و منیش یەکسەر بەرەو پارێزگا چووم، کاتێ گەیشتم دیتم خەڵکانێکی زۆر بەڕیز راوەستاون چاوەڕوانی چوونەژوورەوە بوون بە مەبەستی دەربڕینی هاوسۆزی بۆی، بەڵام چونکە پاسەوانەکانی منیان دەناسی یەکسەر چوومە ژوورەوە و پێش ئەوەی بگەمە فرەنسۆ هەریری دەستی بەرزکردەوە بە دەنگێکی بەرز گوتی (فەرهاد مادەی پەیامی برایەتی (سەرووتار) مسۆگەر بوو)، ئەوەبوو رۆژی دوایی سەرووتاری برایەتیی ژمارە (٢٢٧٩)ی رۆژی ١٩٩٧/٢/٢٤ کە لەژێر ناوونیشانی (کاری تیرۆرستی لە ئیفلاسی سیاسی بەولاوە هیچی دیکەی بۆ

**ئەنجامدەرانی تێدا نەبووە و نییە)، کە دەربارەی ڕووداوەکە بوو، لەگەڵ هەواڵی تیرۆرکردنەکە بڵاوکرایەوە.**

**ئەرکێکی دیکە کە دەتوانم بڵێم یەکێکە لە کارە دیارەکانی ژیانی ڕێکخراوەیی بەندە کەوتە ئەستۆم کە ماوەی ١٤ ساڵی ژیانم بۆ تەرخان کرد کە ئەویش دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە کە تا ڕادەیەکی گەورە بوو بە یەکەم ماڵی ڕۆژنامەنووسان بە درووستی بە جیاوازیی نەتەوە، ئاین، بۆچوون و ئینتیمای سیاسی کە لە سەرەتای مانگی (١)ی ساڵی ١٩٩٧ بەردی بناغەی بۆ دانرا، لێرەدا تەنها بەم چەند دێڕە لەبەر باسکردنی ڕووداوەکان بەپێی ڕۆژ و مانگ و ساڵ باسی دەکەم، درێژەی ئەم بابەتە گرنگە دەهێڵمەوە بۆئەوەی لە بەشی داهاتوودا کە بە ناوی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)ـەوەیە لە داهاتوو بە دروور و درێژی دێمەوە سەری:**

**تایبەت بەم بابەتە لە هەردوو ژمارەی برایەتی (٢٢٧٦) لە ڕۆژی ١٩٩٧/٢/١٩ و ژمارە (٢٢٧٨) ڕۆژی ٢/٢٣ کە تێیدا یەکەمیان دەقی یەکەم بانگەوازی گشتی بوو بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەربارەی دامەزراندنی یەکەم سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە تێیدا داوا لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کراوە کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوە گشتییە بن کە بەو مەبەستە لە ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢١ ئەنجام دەدرێت، و لەژمارە (٢٢٧٨)یش دەقی ڕاگەیاندنی لیژنەی ئامادەکاری و ناوی ئەندامانی ئەو لیژنەیە بڵاوکراوەتەوە.**

**ساڵی ١٩٩٧ ساڵێکی دەوڵەمەندی بوونی برایەتی چ بە ژمارەی لاپەڕەکانی چ بەو بابەت و دیمانە گرنگانەی ئەنجام دەدران چ بە نووسینی زنجیرەی پەیامی برایەتی لەسەر ڕووداوێك یاخود هەڵسەنگاندنی بابەتێك یاخود بەدواداچوونی زیاتر بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتری سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆنموونە چەندین دیمانەی دوو قۆڵیمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم سکرتێری نووسین ئەنجام داوە،**

کاتێك زانیومانە ئەم جۆرە دیمانانە تیشك دەخاتە سەر بابەتی مەبەست و هەمیشە بە وردی پێکەوە پرسیاری کارەکانمان دادەڕشت، بۆ نموونە لە ژمارە (٢٣٠٩)ی رۆژی ١٩٩٧/٤/١٠ دیمانەیەکی تێروتەسەل لەگەڵ د. رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران–کابینەی سێیەم، دەرباری کار و رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بارێکەوە ئەوجا بە هەمان شێوە ئەنجامدانی دیمانەیەك لەسەر هەمان رێڕەو لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەوجا دیمانەی هەمە چەشن لەگەڵ خوالێخۆشبوو فلك الدين کاکەیی وەزیری رۆشنبیری و د. شەفیق قەزاز وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی و سەلاّح بدرالدين–ی سیاسەتمەدار، لە لایەکی دیکەشەوە رۆژانە ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەم کە شەوی پێشووتر خوێندبوومەوە کە تێیدا هەر بابەتێك چ لە رووی سیاسی، هونەری، ئەدەبی، تەندرووستی بمزانیبایە کە سوودی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی لە برایەتی هەیە بەسەر لێپرسراوی لاپەڕەکان بەپێی پێویستی دابەشم دەکرد، بۆنموونە لە رووی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی وڵاتانی عەرەب و کەنداو و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دیمانەیەکی گۆڤاری (العالم العربی) بۆ بە (٨) ئەڵقە وەرگێڕدرا و لە برایەتی بڵاومانکردەوە، رۆژانە لە پێشبڕکێ دابووین (خێزانی برایەتی) بۆئەوەی رۆژنامەی برایەتی و پاشکۆیەکانی (برایەتی ئەدەب و هونەر، سەنتەری برایەتی، برایەتیی وەرزش، وەرزشی برایەتی، کتێبە چاپکراوەکانی دەزگا) جێگای شایستەی خۆیان لە رێڕەوی رۆژنامەگەریی کوردی تۆمار بکەن، کە تا رادەیەکی گەورە تێیدا سەرکەوتوو بووین، وەکو هەندێك لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران بە (سەردەمی زێڕینی برایەتی) ناوی دەبەن، لێرەدا دەتوانم بە دەیان لاپەڕەی دیکە لەسەر ئەو بابەت و پێشکەوتنانەی برایەتی و چەسپاندنی دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات بنووسم کە هەرهەموی بە داتا و ژمارە بێت، بەڵام نامەوێ سەری خوێنەر سەرقاڵ بکەم، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان لێکۆڵەوەرێك (باحث) بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی رۆژنامەی برایەتی و پاشکۆیەکان و دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات

له ڕێگای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانیان بابەتێك ئامادە بکات دەگاتە ئەو قەناعەتە کە ڕۆژنامەنووس (فەرهاد عەونی) کە وەکو ڕۆژنامەنووس خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی جێگری سەرنووس دەیگوت "چ ئەرکێکی فەرهادانەی بەجێ گەیاندووە تا گەیشتووەتە ئەو قۆناغە"، بەڵام ئەمە لایەنی دیاری گەشەکردنی ڕۆژنامەی برایەتی بووە کە هەمیشە وەکو ئەرکێکی پیرۆز شانمان دابووە بەری تاکو برایەتی لە ئاستی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی لە مێژوو نەیەتە خوار، بەڵام سەد حەیف و مخابن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژگارە پڕ بوون لە (سەرئێشە، کێشە دروستکردن بۆ خودی سەرنووسەر، هەڵسەنگاندنی سەرپێیانەی نابابەتی، شێواندنی ڕاستییەکان، چاودێری کردنێکی بێ مانا، ئەوجا ناشرین کردنمان لای خودی م.س و سەرۆك) کە تا ڕادەیەکی زۆر سەرەڕای ئەم هەموو کۆشش و ماندوو بوون و شەونخوونیە، تەنانەت لە کاتی شەڕی برایان هەوڵی تیرۆرکردنیشمان لە ئارادا هەبوو کە هەندێ لە دۆستان و برادەران ئاگادارن، بەڵام چونکە گیانی (حەسادەت، چاوچنۆکی، نەخۆشیی دەروونی، گرێی دەروونی، ...) لای هەندێ لە ناخیانەوە هەڵدەقوڵا تەنگیان پێ هەڵچنیبووم، بەڵام چونکە وەکو کورد دەڵێ "ڕاست بە برۆ ڕێی شێری" لەو کێشە دروستکراوانە سڵم نەدەکردەوە و بەرامبەری ڕادەوەستام و هەڵوێستم بۆ چەندین جار بۆ جەنابی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی ئازادانە دەردەبڕی کە ئەویش لە ڕووانگەی بڕوابەخۆ بوون و ڕاست و دروستیی هەڵوێستەکانم بوو بەرامبەر کێشە دروستکراوەکان، لێرەدا بۆ نموونە هەندێك لەو لەمپەر و کێشە و بابەتە دروستکراوانە دەخەمە ڕوو کە تێیدا مەبەست لە غەدرکردن و ناشرینکردنی هیچ کەسێك نییە، بەڵام بە گوناحی دەزانم وەکو خۆی باسی لێوە نەکەم، چونکە زۆر ئازاری دەرونیی داوم، بەڵام بەندە هەمیشە ئەو پەندە عەرەبییەم لەگەڵ خۆم دەگوتەوە "سامح بس لا تنسی" واتە (لە خەڵك ببوورە بەڵام لەبیرت نەچێت)، لێبوردەییم هەمیشە وەکو سێبەر ڕەوشتم بووە و گوێم نەداوەتێ، بەڵام بڵێی لەبیری بکەم درۆیە و تاکو ئەو ڕۆژە ئەم دونیا پڕ کێشە و زوڵمە بەجێدەهێڵم لەبیرم ناچێتەوە،

سوێند به هەموو پیرۆزیی ئەو دونیایه مەبەستم لەکەدارکردن و بریندارکردنی کەس نییه، ئەوجا ئازاردان و کێشه درووستکراوەکان قۆناغ به قۆناغ زیادی دەکرد و کەسیش له خۆم زیاتر داکۆکیکار نەبوو.

له یادی (٣٠) ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی برایەتی (١٩٦٧/٥/٦) برووسکەیەکی سەرۆك مەسعود بارزانیمان پێگەیشت که بەم بۆنەیەوه ئاراستەی کردبووین و له ژماره (٢٣٢٥)ی برایەتیی رۆژی ١٩٩٧/٥/٦ بڵاوکراوەتەوه که تێیدا ناو ئاراستەکردنەکه ئاوا هاتووه: (**خوشك و برایانی خۆشەویستم له دەستەی نووسین و بەڕێوەبردنی رۆژنامەی برایەتیی تێکۆشەر**)، جارێ له پێشەوه پاکانەیەك بۆ سەرۆك مەسعود بارزانی دەکەم که بەڕێزیان ئەم برووسکەیەیان نەنووسیوه چونکه هەمیشه سەرۆك حزب، سەرۆك کۆمار، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان، رۆژنامەنووس و سکرتێری رۆژنامەنووسییان هەیە، ئەوان ئەو جۆره برووسکانه دەنووسن، شەخسی یەکەم تەنها ئیمزای دەکات، بۆیه دەڵێم ئەم برووسکەیه سەرۆك نەینووسیوه کاتێك ئەم گلەییەم له رۆژنامەنووس نەژادی عەزیز سورمێ کرد دەبارەی ناونیشانی برووسکەکه و پێم گوت (کاك نەژاد عادەتی ئەو جۆره برووسکانه بەناوی شەخسی یەکەم ئەوجا مەرج نییه ناو بهێنرێ، بەڵام دەبووایه برووسکەکه لەرێگای سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتییەوه بنووسرایه نەك بۆ (خوشك و برایانی خۆشەویستم له دەستەی نووسین و بەڕێوەبردنی رۆژنامەی برایەتی..))، له وەڵامدا نەژاد گوتی (کاکه فەرق چییه مانایەکه هەر ئەوها دەگەیەنێ) لێرەدا زانیم نووسەرەکەی به حکومی ئیش کاری نەژادە بۆیه نەمدەویست لەگەڵی درێژەی بدەمێ، له لایەکی دیکەشەوه له ناوەڕۆکی برووسکەکەدا وا هاتووه (پێویسته چالاکانەتر و بەگوڕتر له مەیداندا بێت و هەوڵ بدات هەمیشه دەنگی رەوای میللەتەکەمان بێت و هۆیەکی گرنگی پێکهێنانی رای گشتی بێت له کوردستاندا).

ئەگەر بێت و لاپەڕەکانی برایەتی هەڵبدرێتەوه و بابەتییانه هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت ئەوەت بۆ بەدیار دەکەوێت سەرەڕای ئەوەی که رۆژنامەیەکی پارتی

**دیموكراتی كوردستان بووه، بەڵام باوەڕ ناكەم نە لەپێش و نە لە قۆناغەكانی پاش لابردنی بەندەش لە برایەتی، برایەتی نە چالاكتر و نە بەگوڕتر بووە، هیچ كاتێكیش لە هەموو قۆناغەكاندا دریغیی لە داكۆكی لە كورد و كوردستان نەكردووە، بەڵام گۆڕەپانی رۆژنامەیەكی حزبی لە بارودۆخی ئەو سەردەمە دژوارەی كە كوردستان لە شەڕی برایان تێوەگلابوو چ لەنێوانی پارتی و یەكێتی و چ لەنێوانی پارتی و PKK و چ لە شەڕەكانی لایەنەكانی دیكە لەگەڵ یەكتری نەیدەتوانی لەم كراوەتر بێت، كاتێك بە (كۆڵانێكی تەسكی ئەم جۆرە گوزرەمان دەكرد) راستەوخۆ دەكەوتینە بەرتان و تۆمەتەكە وەكو لە نووسراوێكی مەكتەبی ناوەندیی رێكخستن ژمارە (٤٩٨) لە ١٩٩٦/٢/١٢ و ژمارە (٥٢٣) لە ١٩٩٦/٢/١٤ هاتووە كە تێیدا بە دەق دەڵێ:**

**بۆ/ م.ن راگەیاندن بەڕێز**

**سڵاوێكی شۆڕشگێڕانە**


**دوابەدوای نووسراومان ژمارە ٤٩٨ لە ١٩٩٦/٢/١٢دا هاوپێچ دەقی قسەكانی عبدالواحد فەیلی لە رۆژنامەی برایەتی تێكۆشەر بڵاوكراوەتەوە بۆتان دەنێرین.**

**ئەم رستانەی خوارەوە لە قسەكانی ناوبراودا هاتووە:**

**(فەیلییەكان نازانن بۆ كام كوردستان بێن. بۆ كوردستانی ناوچەی سۆران یان بۆ كوردستانی ناوچەی بادینان؟!)**

**بێگومان ئەو جۆرە وشانە قەت لەگەڵ سیاسەتی پارتیمان ناگونجێن بەڵكو تەنیا لە خزمەتی هەڵوێستە گڵاوەكانی (ینك) دەبن. ئەمەش بەڵگەیە بۆ راستیی بۆچوونەكانمان لە نووسراوی سەرەوەمان، هیوادارین كە لەمەودوا رێگای ئەم جۆرە گومانلێكراوانە (كە مانگانە ٢٠,٠٠٠ بیست هەزار دینار لە لایەن جەبار فەرمانەوە بۆی سەرف دەكرێت)، رێگە نەدرێت بەهۆی رۆژنامەی پیرۆزی برایەتی خۆیان وەكو بەرپرسێكی بزووتنەوەی كوردە فەیلییەكان (كە حەلكراوە) بە جەماوەری پارتیمان بناسێنن.**

لە راستیدا وەکو لە زۆر شوێن ئیشارەتم پێوەکردووە کە بەندە هەمیشە رۆژێك لە رۆژان ملم بۆ هیچ کەس و لایەنێك شۆڕ نەکردووە و خۆشم بە هیچ کەس و کەسایەتییەك هەڵنەپەساردووە، دیسان هەمیشە (ئەسیری قەناعەتی خۆم بوومە)، بۆیە لەو روانگەیە بۆ دەرخستنی راستییەکان نامەیەکی درورر و درێژم بۆ مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن و ریکخستن نووسی کە تێیدا راشکاوانە بەرپەرچی نووسینەکەی (مەکتەبی رێکخستن)م داوەتەوە بە ژمارە لە رۆژی ١٩٩٦/٢/١٥ کە ئەمەش دەقەکەیەتی:


ژمارە: ٥٠٢
رۆژی: ٩٦/٢/١٤

پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو
مەکتەبی سیاسی
مەکتەبی ناوەندی ریکخستن

بو: م . ن . راگەیاندن بەریز

سلاویکی شورشگیرانە

دوابەدوای نوسراومان ژمارە ٤٩٨ لە ١١ـ١ـ٩٦ وا بەهاوپیچ دەقی قسەکانی عبدالواحد جمعە فەیلی کە لە روژنامەی برایەتی تیکوشەر بلاوکراوەتەوە بوتان دەنیرین .

ئەم رستانەی خوارەوە لە قسەکانی ناوبراو هاتووە :ـ

(( فەیلیەکان نازانن بو کام کوردستان بین ؟ بو کوردستانی ناوچەی سوران یان بو کوردستانی ناوچەی بادینان ؟)).

بی گومان ئەم جورە ووشانە قەت لەگەل سیاسەتی پارتیمان ناگونجین بەلکو تەنیا لەخزمەتی هەلویستە گلاوەکانی (اینك) دەبن . ئەمەش بەلگەیە بو راستی بوچونەوەکانمان لەنوسراوی سەرەوەمان هیوادارین کە لەمەو دوا ریگای ئەم جورە کومان لی کراوانە (کەمانگانە ٢٠ هەزار دینار لە لایەن جەبار فەرمانەوە بوی سەرف دەکریت ) نەدریت کە بەهوی روژنامەی پیروزی برایەتی خویان وەك بەرپرسیاریکی بزورتەرەی کوردە فەیلیەکان ( کەحال کراوە) بەجەماوەری پارتیمان بناسینن .

نیتر بو پیشەوە ..........

وینەیەك بو :

ـ م . س . س بەریز
ـ م . سەروك س بەریز
ـ م . عیلاقاتی نیشتمانی بەریز
ـ سەرنوسەری روژنامەی برایەتی تیکوشەر
ـ سەرنوسەری روژنامە ی گولان تیکوشەر

تا١١١

**برایەتی**
BIRAYETI

ژمارە: ٥
ڕۆژ: ١٥/ ٢/ ١٩٩٥

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات

## بۆ/( م.ن.ر.ر )ی بەڕێز

**سلاوێکی گەرم**

نیـــشـــانە بە هەردوو نووســـراوی مـــەکـــتـــەبی ناوەندی ڕێکخـــستن ژمـــارە(٤٩٨)لە١٢/٢/١٩٩٦و٥٢٣ لە١٤/٢/١٩٩٦ دەربارەی ئەو دیدارە ڕۆژنامەنووسیەی نێوان برایەتی و حزبە سیاسیەکانی کوردستان کە لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە٢١٥٧ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧/٢/١٩٩٦ لە ژێر ناونیشانی (حزبە سیاسیەکان : لێک ترازانی ئیدارەی کوردستان لەت بوونی جەستەی کوردە) کە بابەتێکە ئەوپەڕی ئەهمیەتی پێدرا لە بەر ناسکی مەسەلەکە لە سەر دواڕۆژو چارەنووسی گەلی کوردستان بلاوکراوەتەوە. وە بە پێویستی دەزانین چەند تێبینیەک بخەینە ڕوو:

**یەکەم/** کاری ڕۆژنامەنووسی کارێکی ئازادە وماندووبوون و سەرئێشەیەکی زۆری تێدایە و ڕۆژنامەنووس ڕۆژانە هەوڵی ئەوە دەدا کە بابەتێکی تازە بخاتە بەرچاوی خوێندەواران بۆ ئەوەی لە ئەرکی پیرۆزی دوانەکەوێ بە تایبەتی لە سەر مەسەلە سیاسیەکان .

**دووەم/** ڕۆژنامـەی برایەتی ڕۆژنامـەی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانە وەلەبەر ڕۆشنایی سـیـاسـەتی ڕاسـتـەقـینەو واقـیعیـانەی پارتی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا و تا ئێـستـاش لەم هەمـوو بارودۆخە نائاسایانەی کوردستان ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم ڕاسیتە دەرنەچووەو وە هەمیشە پابەندی تەواوی توجیهاتی تەواوی سەرکردایەتی حزب و مەکتەبی ناوەندی ڕەوشنبیری و ڕاگەیاندنە وەممکن نیە کارێک ئەنجام بدا لە خزمەتی سیاسەتی پارتی نەبێت.

**سێیەم/** بە نسبەت ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ (عبدالواحد فیلی) (سکرتێری گشتی بزووتنەوەی موسڵمانانی کوردی فەیلی) لە چوارچێوەی ئەو دیدارە ڕۆژنامەنووسیە کراوە کە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو هەشت حزبە کوردستانیە کراوە بۆ مەبەستێک کە ئەویش ڕیسوا کردن و تاوانبار کردنی سیاسەتی (ی.ن.ک) لە مەڕ لێک ترازانی ئیداری و سیاسی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ناوچە کە ماوەیەک (ی.ن.ک) (بانگێشەیان) بۆ دەکردو(عبدالواحد فەیلی)یش یەکێک بووە لەو هەشت نوێنەرە کە لە ڕۆژی ٢٩/ ١/١٩٩٦ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بەڕێز پێشوازیان کراوە لەلایەن چەند ئەندامێکی بەڕێزی(م.س) بە ئامادەبوونی بەڕێزان لێپرسراو و ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی پەیوەندە نیشتمانیەکان و لە دەزگای ڕاگەیاندنی پارتیمان هەواڵەکەش بلاوکرایتەوە و لە هەمان ڕۆژیش بەڕێز فلک الدین کاکەیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات و ڕاوێژکاری سیاسی سەرۆکی پارتیمان و جێگری لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی و ڕاگەیاندن کە ئامادەی کۆبوونەوە هاوبەشەکە بوو، بە تەلەفۆن پێ ی ڕاگەیاندین کە چاوپێکەوتنێک بۆ هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات ساز بکەین لەگەڵ نوێنەرانی ئەو هەشت حزبە کوردستانیە.

**چوارەم/** ئێمە لە ڕوانگەی (**من دخل بیت أبو سفیان فهو آمن**) مامەلە لەگەڵ ئەو حزب و ڕێکخراوانە دەکەین کە بە ڕەسمی لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە بایەخیان پێ دەدرێت وەئەو هەشت نوێنەرە لە بارەگای (م.س)ی بەڕێز و لەلایەن ئەو بەڕێزانەی کە لە خاڵی سێیەم ئیشارەتی بۆکراوە پێشوازیان لێ کراوە ولەگەڵیان دانیشتوون بەو مانایە دێت کە پارتی تا ئێستا (ڤیتو) لە سەر ئەو حزبە سیاسیانەونوێنەرەکانی دانەناوە کە ببێتە مایەی مامەڵە نەکردنی ئێمە لە ڕۆژنامەی برایەتی لەگەڵ ئەو(نوێنەرانە).

**پێنجەم/** ئێمەی کارمەندانی ڕۆژنامە بە دڵێکی فراوانەوە هەموو ڕەخنەیەک قەبوڵ دەکەین و ڕەخنەش لە خۆمان دەگرین ئەگەر هاتوو تووشی (سەهو)ێک بووین لە بواری ئیش کردندا وەبەوپەڕی خۆشحاڵیەوە ئەو تێبینەی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن وەردەگرین بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین دەبوا مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەکتەبی سیاسی تێکۆشەرەوە بکات چونکە لە بنەڕەتدا نوێنەری ئەو هەشت حزبەکوردستانیە لەلایەن مەکتەبی سیاسی بەڕێزەوە پێشوازی و دانیشتنیان لەگەڵ کراوە وەبەڕێز لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن لە زۆربەی زۆری ئەو پێشوازی و دانیشتنانەدا ئامادە دەبێت وەجێگەی سەر سوڕمانە مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن بە دوو نووسراو دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو کارەی ئێمە (لە خزمەتی هەڵوێستە گلاوەکانی ینک دادەنێ) وەکو لە نامەی دووەم دا هاتووە. کەچی تاکو ئێستا مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنی بەڕێز ئاگاداری مەکتەبی سیاسی تێکۆشەری نەکردۆتەوە دەربارەی ئەو مەسەلەیە لە هەڤاڵانی پەیوەنداری (م.س)ی بەڕێز کە ئەوان لێی بەرپرسیارن نەک برایەتی، وەئێمە نازانین لێرەدا ئیعتیراز لە سەر خودی (عبدالواحد فەیلی)یە، یان لە سەر قسەکانی ئەگەر لە سەر عبدالواحد فەیلی بێ ئەوا ئێمە وەکو لەسەرەوە ڕوونمان کردۆتەوە لێی بەرپرسیار نین، وەئەگەر لە سەر قسەکانی ناوبراویش بێت ئەوا دیسان قسەوبۆچوونی خۆیەتی نەک برایەتی .

وەبرایەتیش لە بەر ڕۆشنایی سیاسەتی پارتی و پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ کردارو هەڵسوکەوت دەکات و خاڵی یەکەمی بەندی چوار لە پڕۆگرام باشترین ڕێنیشاندەری ئێمەیە لەم ڕووەوە کە تێیدا هاتووە (پتەو کردنی پەیوەندی هاوکاری و هاریکاری هاوبەش لە نێوان پارتیمان و گشت پارت و ڕێکخراوە دیموکراتیە کوردستانیەکان و جالیە کوردیەکان لە دەرەوە و بڵاوکردنەوەی گیانی دیموکراتیەت لە ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردستاندا ئەویش **«بە پەنا بردنە بەر شێوەی حیواری برایانەو دیموکراتیانەوە»** ).

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان

فرهاد عونی

سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی

PDK
جێ گلی برایەتی رنەبات

وێنەیەک بۆ/
- (م.س)ی بەڕێز
- (م.سەرۆک) بەڕێز
- مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنی بەڕێز(نیشانە بە هەردوو نووسراوی مەکتەبی بەڕێزتان)
- (م. علاقاتی نیشتمانی) بەڕێز
- خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی برایەتی بەڕێز
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات بەڕێز

دەقی وەڵامەکەی بەندە بۆ
م.ن.ر.ر وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی

هەر لەو سەروبەندەدا سەرلەئێوارەی ١٩٩٧/٦/٢٤دا خوالێخۆشبوو كاك جەوهەر نامق سالم سەرۆكی پەرلەمان داوەتی ماڵەوەی كردم لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بۆ باسكردنی بابەتێك كە پەیوەندیی بە رۆژنامەی برایەتی و خودی خۆمەوە هەیە و دەخوازێ كە قسەی لەسەر بكرێت، هەمان ئێوارە لە ماڵی كاك جەوهەر نامق ئەم گفتوگۆیە لەنێوانماندا هاتە كایەوە، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق یەكسەر دەستی بۆ ژمارەیەكی رۆژنامەی برایەتی برد كە لای خۆی دانابوو ئەوجا بەو جدییەتەی كە پێی ناسرابوو گوتی: ئەو بابەتە چییە كە لە لاپەڕە شەشی ژمارە (٢٣٢٥)ی رۆژی ١٩٩٧/٦/١٧ بڵاوكراوەتەوە، لێرە مەبەستی (مەكتەبی سیاسیی پارتی) بوو تەفسیری خراپی بۆ كراوە و هەندێ لە برادەران خراپیان (بۆ تێكوشیبووم) هەقە ئاگات لە وردەكارییەكانی رۆژنامە بێت كە بڵاودەكرێتەوە، دەزانم تۆ چەند دڵسۆز و بەسەلیقەی، بەڵام هەندێ جار ئیعتمادكردن لەسەر هەندێ كەس ئاكامەكەی تووشی كێشەت دەكات.

**بەندە**: رۆژنامەكەم لەدەستی كاك جەوهەر وەرگرت و چاوێكم بە بابەتەكەدا خشاند و رۆژنامەكەم دایەوە دەستی و گوتم: كاك جەوهەر خودا وەكیلە ئاگاداری درشت و وردی رۆژنامەكەم، شەوانە تاكو لاپەڕە (١)یش ئامادە دەكرێت دەمێنمەوە، سەراپای بابەتەكانیش دەخوێنمەوە بە لاپەڕەی وەرزشیشەوە، ئەم بابەتە دەمێكە ئاگاداریم كە نووسەرەكەی (پیرباڵ محمود)ە كە دۆست و لایەنگری پارتی و دڵسۆزی رێبازی بارزانییە، نازانم كێ و بۆچی لێكدانەوەی خراپی بۆ كراوە، راشكاوانە دەڵێم سەد جار لەوانە دڵسۆزتر و بەوەفاترم بۆ رێبازی بارزانی و بە بەراورد كە ئەو جۆرە لێكدانەوە نێگەتیڤە بۆ ئەم جۆرە بابەتە دەكەن، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە درووست دەكەم پاشان بە ئاكامی وردەكاریی لیژنەی لێكۆڵینەوە داوای دیتنی سەرۆك دەكەم، وەعد بێت هەموو شتی بۆ باس بكەم.

كاك جەوهەر كە زانی زێدە لە پێویست ئەو بابەتە نیگەرانی كردم بە زەردەخەنەیەكەوە گوتی: كاكە فەرهاد بە حیكمەت لە بابەتەكە بكۆڵەوە و منیش لەگەڵتام كە سەرۆك ببینی.

شەو بە گەڕانەوەم یەکسەر خوالێخۆشبوو جێگری سەرنووسەر زاهیر رۆژبەیانی و سکرتێری نووسین و ئاسۆ کەریم و ئەندامی دەستەی نووسەران و لێپرسراوی لەپەڕە (١) شەماڵ حەوێزیم لە ژوورەکەی خۆم کۆکردەوە و باسی بابەتەکە و گفتوگۆیەکەی نێوان کاك جەوهەر و خۆمم بۆکردن، برادەران هەرسێکیان لەو رایە دا بوون کە ئەمەیان (شەڕ فرۆشتنە)، بەڵام بەندە مکوڕ بووم لەسەر دروستکردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە، ئەوەبوو بۆ بەیانیی رۆژی دوایی ١٩٩٧/٦/٢٧ بە فەرمانێکی ئیداری لیژنەیەکم دروستکرد لەو سێ برادەرە (زاهیر رۆژبەیانی و ئاسۆ کەریم و شەماڵ حەوێزی) بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی راست و دروست کە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا کارەکەیان ئەنجام بدەن.

لیژنەی ناوبراو کە دەقەکەی لێرەدا بڵاودەکەمەوە کە تێیدا را و بۆچوونی رۆژنامەنووسانی پەیوەندیدار بەو لاپەڕەیە و بەو بابەتە کە بریتی بوون لە رۆژنامەنووسان زادۆق ئادەم لێپرسراوی بەش و جەلیل کاکەوەیس و عەباس عبداللە یوسف و کەریم شارەزا و هەروەها نووسەری بابەتەکە (پیرباڵ محمود) کە تێیدا راشکاوانە را و بۆچوونی راست و دروستی خۆیان خستە رو کە بە هیچ شێوەیەك ئەم بابەتە ئەو تەفسیرە هەڵناگرێ کە هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆیان کردووە، بەڵام بەندە وەکو سەرنووسەر کەوتمە هەڵەیەك کە تاکو ئێستاکەش لێی پەشیمانم، لێپرسراوی ئەوکاتەی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن کاك عبدالسلام بەرواری بوو هەمان رۆژ ٦/٢٥ نامەیەکی شەخسیی بۆ ناردم کە داوا دەکات لێپرسراوی لاپەڕە (٦) لابدرێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، چونکە وەکو دەڵێ پاش وەرگرتنی رای سەرۆك..
(دەقی نامەکەی عبدالسلام بەرواری):


**کاک فەرهاد**

**ئەم کاتەت باش**

**١) پاش ئەو دانیشتنە درێژە و باسکردنی ئەو خاڵانە بە شێوەیەکی وا کە بەدڵی هەمووومان نەبوو، هەست دەکەم باشترە ئێمەی لە م.ن. ڕاگەیاندن ئیش دەکەین زیاتر لەگەڵ یەکتر دانوستاندنمان هەبێت تاکو ئەم جۆرە مناقەشەکردنە لەو جۆرە دانیشتنانە نەکرێن.**

**٢) پاش وەرگرتنی رای جەنابی سەرۆك پێویستە بەرپرسی لاپەڕەی شەش لابدرێت ئەگەر بە موئەقەتیش بێت و بە رەسمی ئاگاداری بکەن. و چاوەڕوانی ئەنجامی تەحقیق دەکەم بە نووسین.**

**١٩٩٧/٦/٢٥**



ژمارە: ٤٦

ڕۆژ: ٢٥/٦/١٩٩٧

برایەتی

BIRAYETI

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا

تایبەت و نهێنی

## فەرمانی ئیداری

بۆ لیکۆلێنەوە دەربارەی ئەو بابەتەی کە لە لاپەرەی شەشی ڕۆژی ١٩٩٧/٦/١٧ی ژمارە ٢٣٥٣ لە ژێر ناوی (سەرۆکایەتی لە ڕێگای ناپاکییەوە) بڵاوکراوەتەوە لە وەرگێڕانی پیربال محمود.

بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەیەک لەو بەڕێزانەی خوارەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست، وە پێویستە لە ماوەی بیست وچوار سەعاتدا کارەکەیان ئەنجام بدەن.

**١- زاهیر ڕۆژبەیانی «جیگری سەرنووسەر» بە سەرۆکی لیژنە**

**٢- ئاسۆ کەریم «سکرتیری نووسین» بە ئەندامی لیژنە**

**٣- شەماڵ حوێزی «ئەندامی دەستەی نووسەران» بە ئەندامی لیژنە**

فەرهاد عەونی

سەرنووسەر

# محضر تحقيق

بناءاً على الامر الاداري المرقم «٤٦» والمؤرخ في ١٩٩٧/٦/٢٥، عقدت لجنتنا المكلفة بالتحقيق في قضية نشر المادة الموسومة (سەرۆکایەتی لەرێگای ناپکییەوە) لمترجمها (پيربال محمود) والمنشورة في العدد «٢٣٥٣» من جريدة «برایەتی» الصادر في ١٩٩٧/٦/١٧.

وقد تم استدعاء كل السادة العاملين في (قسم الشؤون الثقافية والادبية) التابع للجريدة وهم كل من:

١ـ السيد زادوق ادم مسؤول القسم.

٢ـ السيد جليل كاكه ويس

٣ـ السيد عباس عبدالله يوسف

٤ـ السيد كريم شاره زا

وكذلك السيد (پيربال محمود) مترجم المقال، وتم استجوابهم جميعاً عن سبب وكيفية نشر المقال المنوه عنه اعلاه وتوصلنا الى النتائج التالية:

١ـ ان المادة قد وصلت الجريدة عن طريق (قسم الشؤون الثقافية والادبية)مباشرة وذلك لغرض تقييمها من كل النواحي وتهيأتها للطبع وتحديد مكان ووقت نشرها كما تقتضيه الآلية المتبعة في العمل اليومي للجريدة.

٢ـ اكد العاملون في القسم المذكور بانهم قرأوا وقييموا المادة واكدوا جميعاً على ان المادة كانت صالحة للنشر حسب وجهة نظرهم آنذاك و لم يروا اية رابطة بينها وبين الاوضاع الحالية وعليه تم دفع المادة للطبع في ١٩٩٧/٤/٣٠.

٣ـ نشرت المادة في العدد «٢٣٥٣» الصادر في ١٩٩٧/٦/١٧ ضمن المواد التي يختارها (قسم الشؤون الثقافية والادبية).

٤ـ ولدى الاستفسار عن قسم الشؤون الثقافية والادبية اتضح بان القسم لم يطلب النسخة الاصلية للمادة كما هي العادة المتبعة عند نشر المواد المترجمة وعليه لم نحصل على المادة بلغتها الاصلية.

٥ـ لدى الاستماع الى شهادة مترجم المقال السيد (پيربال محمود) افاد بان المادة المنوه عنها هي جزء من كتاب موسوم (روح القيادة) قام ويقوم هو بوضعه واعداده منذ اكثر من «١٠» سنوات، وان الكتاب يضم العشرات من المواضيع يختارها من عشرات المصادر تتعلق كلها بموضوع (القيادة).

ولدى مراجعتنا لمسودة الكتاب (روح القيادة) وجدنا بان معظم مواده تفتقر الى اسم الكاتب والمصدر المأخوذ منه.

٦ـ وقد اطلعنا على مسودات الكتاب وتأكدنا من اقوال السيد (پيربال محمود) وتبين لنا بانه قد قام فعلاً بتجميع مواد من مصادر مختلفة عن (القيادة)، وان الجزء الاكبر من الكتاب باللغة العربية وان قسماً منه باللغة الكوردية وحسب نوعية وقدم الاوراق المستخدمة في اعداد الكتاب تبين بان مشروع الكتاب قديم ولا علاقة له بالاوضاع الحالية مطلقاً.

**استنتاجات اللجنة:**

لدى الاستماع الى شهادات الاخوة المعنيين وبعد التمحيص الدقيق لكل الادلة المادية المتعلقة بنشر المادة توصلنا الى القناعات التالية.

١- ان مترجم المقال السيد (پيربال محمود - ٦٥ سنة) معروف في الوسط الادبي الكوردي ولدى اهل اربيل بميوله السياسية المؤيدة للپارتي وهو انسان يعيش على ما ينشره من نتاجات ادبية كوردية او مترجمة.

٢- ان موضوع المقال المترجم مادة تاريخية قديمة ويحتمل ان عدداً كبيراً من الكتاب قد استخدموها وكتبوا عنها عبر حوالي الفي سنة من الحادث من بينهم (شكسبير) في مسرحيته المعروفة (كريولانس) وكذلك كل من (بلوتارك) المؤرخ اليوناني والكاتب الانكليزي (السير توماس) واخرين.

٣- ترى لجنتنا بانه ان كان هناك اي تشابه، فانه في صالح الپارتي وضد الطرف المقابل الذي استقدم القوات الاجنبية لاحتلال العاصمة اربيل وفشلوا فيه، كما فشل قبلهم (كريولانس) الروماني عندما استنجد بالقوات الاجنبية المعادية لاحتلال عاصمة بلاده (روما).

٤- ترى لجنتنا بان نشر المادة في صحف ومطبوعات الپارتي وحالة التشابه المنوه عنه اعلاه تبعد كل الشكوك والظنون الغير معقولة والتي اثيرت حول نشر الموضوع دون وجه حق.

**زاهير رۆژبەیانی** | **ئاسو كريم** | **شمال حويزي**

**١٩٩٧/٦/٢٥**

**المرفقات:**

**١- الامر الاداري المتعلق باللجنة التحقيقة**

**٢- الصفحة الاولى من كتاب السيد (پيربال محمود) المعنون (روح القيادة) ومقدمته وفهرست بالمواد التي يتضمنها الكتاب والذي تتجاوز عدد صفحاته «٢٥٠» صفحة.**

بەڵام وەکو گوتم فەرمانێکی ئیداریم بە ژمارە (٤٧) لە ١٩٩٧/٦/٢٥ دەرهێنا کە تێیدا بە نابەدڵی رۆژنامەنووس (زادۆق ئادەم) لە لێپرسراوێتیی لاپەڕە (٦) بۆ ماوەیەکی کاتی لابرد، بەڵام دیسان دەیڵێمەووە ئەو بابەتە بەوپەڕی داخەوە وا درووستکرا کە بەندەی تێدا شەرمەزار بکرێت بۆ چ مەبەستێ؟ بۆ ئەو مەبەستەی کەوا بڕیارێك لای جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی درووست بکەن کەوا بەندە لەو مەسەلەیەدا بۆچوونی دژە رێبازی بارزانیم هەیە چونکە بابەتەکە بە لێکدانەوەی ئەوان یاخود وایان تەفسیر دەکرد کە مەبەست لەو جۆرە نووسینانە جەنابی سەرۆکی پارتییە، فەرمانە ئیدارییەکەم ئیمزاکرد و بە رۆژنامەنووس کاك زادۆق ئادەمم راگەیاند کەوا پلە و پایە و مووچەی پارێزراوە و پەیمان بێت نەیەڵم ئەم پیلانە ئابڕووبەرانە سەربگرێت دەبێت جەنابی سەرۆك لەو بابەتە ئاگادار بکەم، چونکە تاکو ئەو ساتەی ئێستاش (٢٠١٥/٧/٢٧) سەرەڕای هەموو شتێك جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بە سەرکردەیەکی دڵسۆز و بەتوانا و کارامەی دەزانم و یەکێکە لەو سەرکردە مێژووییانەی کە هیچ کاتێك و لەژێر هیچ فشاریکدا واز لە خەونی بەدەوڵەت کردنی کورد ناهێنێ و پیاوێکی راست و بێ فڕوفێڵە و مرۆڤی بەشەرەف و کوردپەروەر و دڵسۆزی رێباز باش دەناسێ، بەڵام چی بکات لەگەڵ خەڵکانێك کە لە چوار لای ئەو کۆبوونەتەوە و بۆ مەرامی خۆیان سپی رەش دەکەم و پارتی بەرەو هەڵدێر دەبەن.

چەند رۆژێك دانم بەخۆداگرت تاکو بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، رۆژی ١٩٩٧/٧/٢ نامەیەکم ئاراستەی بەڕێز سەرۆك بارزانی کرد.

لە هەفتەی یەکەمی مانگی حەوت دا بەندە و زاهیر رۆژبەیانی و ئاسۆ کەریم، یانی سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەر و سکرتێری نووسین، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە لە بارەگای تایبەتیی خۆی بەڕێز سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کاك مەسعود بارزانی پێشوازیی لێکردین و لەو کۆبوونەوەیەشدا عبدالسلام بەرواری لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن و نەژاد عەزیز سورمێ سکرتێری رۆژنامەنووسیی سەرۆك ئامادەبوون.

برایەتی
BIRAYETÎ

ژمارە: ٤٧
رۆژ: ٢٥/٦/١٩٩٧

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا

### فەرمانی ئیداری

بەهۆی کەمتەرخەمی کاک زادوق ئادەم لە ئیش وکاری رۆژانەی وەکو لێپرسراوی لاپەڕەی شەش وە بە تەواوی نەیتوانی وە ئاگاداری ئەو بابەتانە بێت کە لەلاپەڕەی ناوبراو بلاودەکرێتەوە کە راستەوخۆ لە ئەستۆی ئەودایە، بۆیە بڕیاردرا ئەو لێپرسراوێتیەی لێ بسێندرێتەوە لە رێکەوتی ١٩٩٧/٦/٢٥ وە بۆ ماوەیەکی کاتی بدرێت بە کاک زاهیر رۆژبەیانی.

فەرهاد عەونی
سەرنووسەر

وێنەیەک بۆ/
- لاپەڕە شەش - پاشکۆی ئەدەب.
- دۆسیەی تایبەتی.

---

برایەتی
BIRAYETÎ

ژمارە:
رۆژ: ٢ / ٧ / ١٩٩٧

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا

## بەڕێز سەرۆک بارزانی

**سلاوێکی گەرم**

ماوەیەکە گلەیی و گازاندە لە «برایەتی» دەکرێ. بۆ ئەوەی «برایەتی» پەیامی خۆی بەشێوەیەکی رێکوپێک بەڕای گشتی بگەیەنێ و لە نزیکەوە گوێ لە رێنمایی و راسپاردەکانی بەڕێزتان بگرین و گرفتەکانمان بخەینەڕوو پێشنیار دەکەین دەرفەتێک بە ئێمە «کارگێڕی برایەتی» بدەن چاومان پێتان بکەوێ.
چاوەڕوانی وەلامی بەڕێزتانین.

*لەگەل رێزماندا*

فەرهاد عەونی
سەرنووسەر

له سەرەتادا سەرەڕای هێمنیی جەنابی سەرۆك، بەڵام بەندە بە جۆرێكی دیكە دەمخوێندەوە كە جۆرە نیگەرانییەك بە سیمایەوە دیاربوو، منیش چەندین بەڵگە و ژمارەی برایەتی و دیكۆمێنتم لەگەڵ خۆم بردبوو بەتەواوی ئامادەباشیم بۆ رەتكردنەوەی بابەتی تۆمەتباركردنی برایەتی كردبوو، لە سەرەتادا بابەتی موجامەلە و بەخێرهێنان رێوشوێنی خۆیی گرت، پاشان رووم لە جەنابی سەرۆك كرد و گوتم: من و هاوكارانم هاتووین بۆئەوەی لەنزیكەوە گوێمان لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بێت، پاشانیش ئەگەر ئیجازە هەبێت ئێمەش بابەتێكمان هەیە حەز دەكەین عەرزی جەنابتانی بكەین، ئەویش یانی جەنابی سەرۆك گوتی: فەرموو تۆ لەپێشەوە قسەی خۆت بكە، منیش بە بڕوا و متمانەی تەواوەوە كەوتمە قسە و گوتم:

**بەندە:** جەنابی سەرۆك ماوەی ٣٤ (ئەوكاتە ساڵی ١٩٩٧) ساڵە سەرەڕای بارودۆخە ناهەموارەكە بەتایبەتیش پاش رێككەوتننامە شوومەكە جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ بە هیچ شێوەیەك لە پارتی و رێبازی بارزانی دوور نەبووم، دەیان بەڵگە و شاهیدم هەیە كە هەمیشە داكۆكیكاری ئەم رێبازە بووم، برادەرانیشم كاك زاهیر و كاك ئاسۆش هەریەكە بە گوێرەی توانا و بارودۆخی تایبەتیی خۆیان لە رێبازی نیشتمانپەروەری و كوردایەتی چیرۆك و بەشی خۆیان هەبووە، بابەتێك لەژێر ناوونیشانی "سەركردە لە رێگای خیانەتەوە" لە لاپەرە (٦) بڵاوكراوەتەوە كە ماوەیەكی دووورودرێژە شاعیر و رۆشنبیر (پیربال محمود) كە هەموو رۆشنبیرانی كورد دەیناسن هەوادار و دڵسۆزی ئەم رێبازەیە، ماوەی چەند ساڵێكە خەریكی كۆكردنەوەی زانیارییە دەربارەی (سەركردە) ئەوجا سەركردەی لێهاتوو، سەركردەی ئازا و بوێر، سەركردەی دڵسۆز، سەركردەی ناپاك، سەركردەی نەتەوەیی... هتد، ناوە ناوە لە برایەتی بڵاوی دەكاتەوە بەرامبەر بەم نووسینەش پاداشت وەردەگرێ وەكو هەر نووسەرێك و بەتەمایە ئەگەر تەمەن و سیحەت و ئیمكانییەت رێگای پێ بدات بیكاتە نامیلكەیەك بەناوی (سەركردە)، لێرەدا جەنابی سەرۆك دەمەوێ ئەوە بە بەڕێزتان رابگەیەنم كەوا رۆژێك لە رۆژان بەندە بە هیچ شێوەیەك ماوە نادات تەنانەت یەك وشە بە

سلبی نەك هەر لەسەر جەنابت و پارتی بەڵكو لەسەر كادرێكی خوارەوەش بنووسرێ، چونكە رۆژنامەكە زمانحاڵی پارتییە، رۆژانە ناحەز و نەیار و دڵسۆز دەیخوێنێتەوە، بەهیچ كلوجیك مەعقول نییە یەك وشەی نەرێنی لەسەر پارتی بنووسرێ، ئەمە لەلایەك. بەندە ماوەی ٣٤ساڵە (١٩٦٣-١٩٩٧) كاتی دیدارەكە لەگەڵ جەنابی سەرۆك) رێگای كوردایەتیم هەڵبژاردووە لەژێر كاریگەرییەتی كەسایەتیی بارزانی كە لە بەهاری ١٩٦٣ لەكۆیە لەكاتی كۆنگرە گەورەكەی حزبی و میللی و عەشایەری لە ماڵی كاكە زیاد ئاغا بە خزمەتی گەیشتووم و هەموو كاتێك خۆم بە كوردپەروەر و نیشتمان پەروەر و پارتی دەزانم، بە هەموو قەناعەتەوە ئێستاكەش بەڕێزتانم لا قبووڵ و پیرۆزە چونكە سەركردەیەكی كوردپەروەر و لێهاتووی و قەدەری كورد تا رادەیەكی گەورە لەدەست تۆدایە، بەڵام جەنابی سەرۆك ئەگەر رۆژێك لە رۆژان هاتمە ئەو قەناعەتە كە بەڕێزتان بۆ بەرژەوەندیی كورد و كوردستان هەوڵ نادەن و خوانەخواستە ملیۆن جار ئەگەر زانیم ملیۆن جار دوور لە تۆ كە بەقەدەر یەك تۆزقاڵ خیانەت لە كورد دەكە وەڵا و بیلا و تیلا كە هەرسێك ناوی خوایە لەگەڵت نابم، ئێمە چارەنووسی خۆمان بە بەڕێزتانەوە پابەند كردووە و ئاگاداری ورد و درشتن كە چۆن خێزانی گەورەی من لە كۆیە و لە هەولێر لەسەر پابەندبوونمان بە رێبازی بارزانی وەكو (ئاردی ناو دڕكان)مان لێهاتووە، لە لایەكی دیكەوە دەمەوێ گلەییەك ئاراستەی بەڕێزتان بكەم چۆن جەنابت باوەڕت بە قسە و بۆچوونی هەندێك دەكەی كە مەبەستیان ئاوەژووكردنی راستییەكانە، من باوەڕم نەدەكرد رۆژێك لە رۆژان ئەم تۆمەتە چ لەسەر برایەتی چ لەسەر بەندەی قبووڵ بكەی، ئێستا خۆم و برادەران لە حزووری بەڕێزتان ئامادەی هەر روونكردنەوەیەكین كە لای بەڕێزتان مەبەستە.

بەندە لە نزیكەوە لەلای دەستە راستی دانیشتبووم كاك ئاسۆ كەریم لە تەنیشتی منەوە و كاك زاهیر رۆژبەیانی لەلای دەستە چەپی سەرۆك دانیشتبوون، عبدالسلام بەرواری و نەژاد عەزیز سورمێ لە بەرامبەردا دانیشتبوون، كاتی لە قسەكانم بوومەوە كە ماوەی نێوان (١٥-٢٠ خولەك)ی

خایاند جەنابی سەرۆك بە یەك رستە وەڵامی بەندەی دایەوە بێ ئەوەی بچێتە ناوەڕۆکی بابەتەکە، زور بە رێز و لە دڵەوە گوتی (فەرهاد من هیچ قسەم نەما)، ئەوجا خوالێخۆشبوو کاك زاهیر رۆژبەیانی و کاك ئاسۆ کەریم و بەندە و لەگەڵ عبدالسلام بەرواری و نەژاد عەزیز سورمێ کەوتینە قسە و باسی ئەو رۆژە و پێشهاتەکانی بارودۆخی کوردستان و کۆتایی شەڕی برایان و هەندێ بابەتی دیکە، دانیشتنەکەمان ماوەی کاتژمێرێك و نیوی پێچوو، پاش وەرگرتنی روخسەت نووسینگەی بەڕێزیانمان بەجێهێشت و زۆر بە گەرمی خوداحافیزیی لێکردین، کاتێ لە دەرگای نووسینگەی بەڕێزیان دەرچووین قسەیەکی کاك نەژاد عەزیز سورمێم لەبیرە کە خودا وەکیلە دەقاودەق رووی لە من کرد و گوتی (کاك فلان قسەکانت جوانترین موحازەرە بوون کە من تاکو ئێستاکە گوێبیستی بووم).

بەداخەوە ئەو برادەرانەی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی کە هەمیشە لە کەمین دابوون و بەوردی چاودێریی (برایەتی)یان دەکرد لە رێگای چەند بەناو رۆشنبیر و نووسەرێکەوە (کە ناوەکانیان لای من پارێزراوە) کە وەکو مەفرەزەیەکی سەربازی هەڵسوکەوتیان دەکرد، رۆژانە لە ژوورێکی بارەگای مەکتەبی سیاسی کە ژووری یەکێ لەو رۆشنبیرانە بوو چونکە بە حوکمی ئیشەکەی لەو شوێنە دەوامی دەکرد کەوتنە بەر شەن و کەو کردنی برایەتی تا جارێك برادەرێکی سەر بە یەکێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆی گێڕامەوە کە چۆن ئەو باندە سێ قۆڵییە ناموبارەکە ئادگار و سیمای لاپەڕە (١) یەکی ئەو رۆژەی رۆژنامەی برایەتی-یان (سوور) هەڵگەڕاندبوو چونکە هێندە بە سێ قۆڵی قەڵەمی سووریان بەکارهێنابوو وەکو ئەو برادەرە گوتی (زگم بە برایەتی دەسووتا)، لێرەدا ئەوە دەخەمە روو خۆزگە ئەو سێ برادەرە و لەپشتیانەوە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی لەرووی دڵسۆزییان بووایە چ بۆ پارتی و چ بۆ رۆژنامەیەکی پارتی، نەك موحارەبەکردنێکی بەو جۆرە نزم و بێ رەوشتییە کە نە سوودی بۆ پارتی تێدابوو نە سوودی رەوتی رۆژنامەی برایەتی دەکرد و هیچ کاتێك قودرەتی ئەوەیان نەبوو کە روو بە روو راستەوخۆ بەرەنگارم

ببنەوە، بەڵکو هەمیشە پەنایان بۆ ئەو جۆرە شێوازە بێ ئابڕوانە دەبرد کە هەڵقوڵاوی دەروونی کەسایەتیی خۆیان بوو، زۆر جاریش فرسەتیان دەهێنا بە نامەیەك یاخود نووسراوێك کە ئاراستەی ئێمە دەکرا بەناوی مەکتەبی سیاسی و وێنەشیان دەدا بە مەکتەبی جەنابی سەرۆك و هەندێ لایەنی دیکە تەنها مەبەست ئەوەبوو کە جێگا و پێگەی سەرنووسەری برایەتی لەق و لەرزۆك بکەن چونکە ئەو جۆرە کەسانە کۆن و ئێستاش دەزانن کە فەرهاد عەونی (پاروو)ێك نییە بە ئاسانی قووت بدرێ، هەمیشە خۆشم لەوانە بە گەورەتر زانیوە کە دەیانویست لە رێگای نا شەرعی و ناپارتی و نا ئەخلاقی (خزمەتکار) بۆ خۆیان پەیدا بکەن و ببنە بووق لێدەر و بە شان و باڵیان هەڵبگوترێ، لە لایەکی دیکەشەوە هەندێکیان لەو (گرێ دەروونییە) رزگاریان نەدەبوو کە رۆژێك لە رۆژان بە (ئیستحقاقی کاری پارتایەتی و رێکخراوەیی) بە سەدان هەنگاو لەپێش ئەوانەوە بووم، تاکو جارێیکان لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی کە جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی ئامادەبوو کاك فازڵ میرانی کە ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لەنێوان باسی چارەسەری پەیوەندیی نێوان مەکتەبی سیاسی و راگەیاندن کاك فازڵ میرانی بە دەق گوتی (کاك فەرهاد من دەزانم تۆ لە هەمووومان کۆنتری لەپارتی ئەگەر جەنابی سەرۆك و مامۆستا مەلا محەمەدی لێ دەرکەین)، بەڵام بەداخەوە ئەم جۆرە خەڵکانەی کە هەمیشە بە کۆنە قین هەڵسوکەوتیان دەکرد لایان گرنگ نەبوو (تۆی پارتی) لەوان دڵسۆزتر و کۆنتری لە پارتی بەڵکو لای ئەوان شکاندنی حورمەتی پارتییەکی دڵسۆز کە (پیاوی) ئەوان نەبوو زۆر گرنگتر بوو لە پاراستنی.

یەکێ لەو نووسراوانەی کە بە ئاشکرا دیارە بە چ مەبەستێك نووسراوە بەناوی مەکتەبی سیاسی کە ئاراستەی سەرنووسەر کراوە کە دەریدەخات بە چ مەبەستێك نووسراوە، بەڵام بەندە هەمیشە بەرامبەر زوڵم و نا عەدالەتی و نا پارتایەتی و نا کوردایەتی (شیرەکەم لە کەلەدایە و ئامادەیە بۆ داکۆکیکردن).

**پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو**

**مەکتەبی سیاسی**

ژمارە : ١١٤

ڕۆژ : ٢٠/ ١/ ١٩٩٧

بۆ/سەرنوسەری ڕۆژنامەی برایەتی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بایەخ و گرنگی ڕۆژنامەی برایەتی روون و ئاشکرایەو هەر بۆیەش سەرکردایەتی پارتیمان بە پەرۆشی ئەوەیە کە بەردەوام ئاستی ئەم ڕۆژنامەیە بەرزببێتەوەو بەرەو پێشەوە بچێ.
بەداخەوە لە ژمارەی ٢٢٥٦ی ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٦ی ڕۆژنامەکەتاندا ژمارەیەک هەڵەی سیاسی و زمانەوانی و چاپەمەنی بەرچاو دەکەوێت بێگومان ئەم وەزعە قابیلی قبوڵ نی یەو نیشانەی بایەخ نەدان و کەمی موتابەعەیە.
هیوادارین لەمەودوا ئەم شتانە دووبارە نەکرێنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە.

وێنەیەک بۆ/

- بەڕێز جەنابی سەرۆک / بۆ ئاگاداری تکایە.

- بەڕێز خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی برایەتی / بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.

- مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ی تێکۆشەر/بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.

**لیستی هەندێ لە هەڵەکانی ژمارە ٢٢٥٦ی ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٦ی ڕۆژنامەی برایەتی**

یەکەم: هەڵەی سیاسی :-

ڕاپۆرتێکی ڕادیۆی BBC بەناونیشانێکی بەرچاوو دەقاو دەق وەک خۆی بەبایەخەوە لە لاپەڕە یەکدا بڵاوکراوەتەوە کە زۆر بڕگەی لەگەڵ سیاسەتی پارتیماندا ناگونجێت وەک ئەم بڕگەیەی خوارەوە:
« خاڵی سەرەکی کە لە سەری ڕێک نەکەوتن ، دابەش کردنی داهاتەکانی ناوچەی کوردستانە کە جۆرە حوکمێکی وەک ئۆتۆنۆمی هەیە» .
دیارە ئەو بڕگەیە پاڵپشتی ئیدیعایەکی یەکێتی دەکات کە هەمووجار هۆکاری شەڕی ناوخۆ دەگێڕێتەوە بۆ مەسەلەی داهاتەکان و گوایە دەست بەسەراگرتنی داهاتی برایم خەلیل لەلایەن پارتیمانەوە هۆکاری سەرەکی شەڕەکەیە.
جێی سەرنجە بەیاننامەی کۆتایی وتووێژەکانیش کە دواتر بڵاوکرایەوە زۆر بەراگوزاری بەسەر (خاڵی داهات )دا تێ پەڕیوەو بەو جۆرە ئیبرازی نەکردووە کە ڕادیۆیBBC دەیڵێت و برایەتیش لە زاری ڕادیۆکەوە گواستویەتیەوە.

دووەم: هەڵەی چاپی لاپەڕە یەک:-

لە لاپەڕە یەکدا کە بەرچاوترین لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیەو دەبێ بەهیچ جۆرێک هەڵەی چاپی تیادا نەبێت ، ژمارەیەکی زۆر هەڵە بەرچاو دەکەون کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:-

| هەڵە | ڕاست |
|---|---|
| لەبابەتی (لە خولی سێیەمی...) | |
| دێڕی (٥) چادێرەکانی | چاودێرەکانی |
| دێڕی (٦) تورکیایە | تورکیان |
| (دێڕی ٢٥ )لەسەر ئەو ڕێکەوتن وتوێژەکانی وتووێژەکان کۆتایی پێ هات.. | لەسەر ئەوە ڕێکەوتن. وتووێژەکانی کۆتایی یان پێ هات |
| لەبابەتی (لقی دووی...) | |
| (دێڕی ١٢ )تیایدا بەرێزان ئامادە بوون | تیایدا بەڕێزان ئامادە بوون |
| بەرامبەر پەلاماری | لەبەرامبەر پەلاماری. |
| لەبابەتی(هێرشی بەرهەڵستکاران...) | |
| (دێڕی ٢ )سەرۆکی سودانی | سەرۆکی سودان |

١

| هەڵـــــــــه | راست |
|---|---|
| لە گۆشەی(بروسکە هەواڵ)دا:- | |
| رۆژهەلای | رۆژهەلاتی |
| پەناهەنڎەی سیاسی | مافی پەناهەندەی سیاسی. |
| (دێری١٣)بۆی دەرنەکوێ | بۆی دەرنەکەوێ |
| بەباشوری ئەفریقیا کردووە | بەباشوری ئەفریقیای کردووە |
| (دوادێڕ)کۆکرۆتەوە | کۆکردۆتەوە. |
| لەبابەتی(دوو کاروانی دیکەی...) | |
| (دوادێڕ)گەڕاونەدا | گەڕاوانەدا |

سێیەم :هەڵەی زمانەوانی
لە مانشێتەکانی لاپەڕە(١)دا سەرنج دەدرێت هەر لە مانشێتی سەرەکی ژمارەکەوە تا ناونیشانەکانی دیکەو تا دەگاتە یەک بەیەکی هەواڵ و بابەتەکانی دیکە . هەڵەی زمانەوانی و چاپی تێدایە، بگرە تەواوی مانشێتە سەرەکی یەکانی لاپەڕە یەک بە هەڵە نوسراون بەم جۆرەی خوارەوە:-

| هەڵـــــه | راست |
|---|---|
| مانشێتە سەرکی یەکان | |
| * لەدیمانەیەکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا بەوەکالەت. | لەدیمانەیەکی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەوەکالەتدا. |
| * وەفدێکی بولگاری هاریکاری و یارمەتیدانی وولاتەکەیان بۆ داوو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنێ. | وەفدێکی بولگاری هاریکاری و یارمەتیدانی وولاتەکەی بۆ داوو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنێ. |
| * لەخولی سێیەمی وتووێژەکانی ئاشتی لە ئەنقەرە پێشکەوتنی گرنگ بەدی هاتووە. | لە خولی سێیەمی وتووێژەکانی ئاشتی دا لە ئەنقەرە... |
| * لقی دووی پارتیمان رۆژانی بەرگریی لە هەلێر یاد دەکاتەوە. | لقی دووی پارتیمان رۆژانی بەرگری لە هەولێر یاد دەکاتەوە. |
| * دووکاروانی دیکەی پەنابەران بەخاکی پیرۆز شاد دەبنەوە. | دووکاروانی دیکەی پەنابەران بەخاکی پیرۆزی کوردستان شاد دەبنەوە. |
| * سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەوەکالەت پێشوازیی لە شاندێکی بولگاری دەکا. | سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەوەکالەت پێشوازی لە شاندێکی بولگاری دەکا. |
| * یەعقوب خان و، ویلایەتی... | یەعقوب خان و ویلایەتی... |

**ئەم لیستەی سەرەوە تەنها هەڵەکانی لاپەڕەی یەکە کە لاپەڕەی بەرچاوی رۆژنامەکەیە.**

چوارەم:

لاپەڕەکانی تری ژمارەکە بەهەمان شێوە جۆرەها هەڵەی زمانەوانی و چاپی تێدایە کە تەنها ستونی یەکەمی لاپەڕە چوار بە نموونە وەر دەگرین کە هەڵەکانی بەم جۆرەیە.

برایەتی
BIRATETI
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا
ژمارە: خته
ڕۆژ: ٢٦/١/١٩٩٧

# بۆ/ مەکتەبی سیاسی بەڕێز

**سلاوێکی گەرم**

نووسراوتان ١١٤ لە ١٩٩٧/١/٢٠دا سەبارەت بەهەڵەکانی ژمارە ٢٢٥٦ی ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٦ی برایەتی دەڵێین:

دەستەی نووسەران بەوپەڕی ڕێزو سنگ فراوانییەوە ڕەخنەکان وەردەگرێت و لەبەر ڕۆشناییاندا بەئەرک و کارەکانی خۆیدا دەچێتەوە بۆ ئەوەی برایەتی وەک هەمیشە لەریزی پێشەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بێت و شایستەی ئەوە بێت کە وەک یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستان گوزارە لە ڕاوبۆچوونی حزبێکی قاڵ بووی نیوسەدە خەبات بکات کە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

گومانیشی تێدا نییە کە هەڵە هەرچیەک بێت، بەر لە هەموو کەسێک و پتر لە هەموو کەسێک ئێمە خۆمان بێزار دەکات، بۆیە بەهیچ شێوەیەک پاکانەی بۆ ناکەین و پاساوی بۆ ناهێنینەوە، ئەو هەڵانەشی کە لەنووسراوی سەرەوەتاندا ئاماژەتان بۆ کردووە چەند جۆرێکن:

١. هەڵەی چاپ: وەک «چادێرەکان و ئاماد» و... هتد، ئەمانە ڕاستە هەڵەن، ئێمە بەردەوام هەوڵ دەدەین کە ڕۆژنامەکەمان لەم جۆرە هەڵەیە پاک بکەینەوەو بۆ ئەم مەبەستەش لە «برایەتی»دا بەشێکمان هەیە بەناوی بەشی هەڵەچن، لەمەودواش هەوڵی زیاتر دەدەین بۆ کەم کردنەوەی هەڵەی چاپی لەم بابەتە، چونکە ڕۆژنامەی ڕۆژانە زۆر بەدەگمەن بۆی دەلوێ خۆی لە هەڵەی چاپ بپارێزێت.

٢. هەندێکی دیکە لەو وشانەی کە دەستنیشانتان کردووە لە ڕاستیدا هەڵە نین وەک ئەوەی کە وشەی «یاوەریی» و «شارەوانی» بەیەک «ی» دەنووسرێن یا بەدوو... و هەندێکی دیکەش کە لەلیستەکاندا هاتوون، بەڕاستی ئەمانە هێشتا جێی مشتومڕن و خودی شارەزاو پسپۆڕانی زمانی کوردیش بەیەکجاری یەکلایان نەکردونەتەوە، بۆیە تا ئێستاش بۆچوونی تاکە کەسی نووسەر، واتا اجتهادی شەخسی کار لە شێوەی نووسینیان دەکاو، ئێمەش لەدەستەی نووسەراندا مافی ئەوە بەخۆمان نادەین لەجێی کۆڕی زانیاری کورد یەکێک لەو دوو بۆچوونە پەسەند بکەین و ئەوەی دیکە ڕەت بکەینەوە.

٣. هەندێکی دیکەش لەو ڕستانەی کە دیاریتان کردووە پەیوەندییان بە ڕێزمان و ڕستە سازییەوە هەیە، وەک هەموو لایەکیش دەزانین کە ڕێزمانی کوردیش لە هەموو بوارێکی دیکە پتر جێی ناکۆکی وبیروبۆچوونی جیاوازە و زۆربەی کات دوو نووسەری کوردی پسپۆڕ چنگ ناکەون کە لەسەر بنامەیەکی ڕێزمانی کۆک بن، بۆ نموونە:

ئێمە لە برایەتی دا نووسیومانە:

«لەدیمانەیەکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمدا بەوەکالەت».

ئێوەش لە نووسراوەکەتاندا دەڵێن ئەمە هەڵەیەو دەبوایە بگوترێت:

«لەدیمانەیەکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بەوەکالەتدا».

لەڕاستیدا هەردوو ڕستەکە «ئەوەی برایەتی و ئەوەی ئێوەش» باون، بەڵام دەشیا بگوترایە:

«سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بەوەکالەت لەدیمانەیەکدا»

بەڵام کێ ئەم حوکمە یەکلاکەرەوەیە دەدات، ئێمەی ڕۆژنامەنووس، یا ئێوەی سیاسی، یا کۆڕی زانیاری کورد؟!

ئێمە خۆشحاڵین کە بایەخ پێدان و «متابعە» کردنتان بۆ «برایەتی» بگاتە ڕادەی لێ پێچانەوەی کێشە بەگرێوگۆڵەکانی ڕێزمان و ڕێنووس، بەڵام خۆزگە ئەم «رعایە»تە تایبەتیە چاپەمەنیەکانی دیکەشی دەگرتەوە کە دەبێ ڕادەی هەڵە لە هەندێکیاندا ١ـ٧ و لە هەندیکی دیکەشیاندا ١ـ٣٠ بێت، چونکە برایەتی ڕۆژانەیە و ئەوان هەندێکیان هەفتانەن و هەندێکی دیکەشیان مانگانەن، کەچی ڕێژەی هەڵە لای ئەوان چەند بەرامبەرە بە بەراورد لەگەڵ برایەتی دا، بۆیە لەڕووی تەوازوعەوە دەپرسین: ئەم ریعایەتە تایبەتیە بۆ بەتەنها بۆ برایەتی بێت؟!.

لەنووسراوەکەی سەرەوەی بەڕێزتاندا ئاماژە بەو ڕستەیەش دراوە کە برایەتی لە ئێزگەی (B.B.C)یـــەوە گواستویەتیەوەو تیایدا هاتووە:

(خاڵی سەرەکی کە لەسەری ڕێک نەکەوتن، دابەش کردنی داهاتەکانی ناوچەی کوردستانە» بەڕێزتان ئەمەتان

بە هەڵەیەکی سیاسی لەسەر برایەتی حسێب کردووە، چونکە وشەی «داهات»ی تێدا هاتووە و نووسیوتانە):
(دیارە ئەو بڕگەیە پاڵپشتی ئیدیعایەکی یەکێتی دەکات کە هەموو جار هۆکاری شەڕی ناوخۆ دەگێڕێتەوە بۆ مەسەلەی داهاتەکان و گوایە دەست بەسەراگرتنی داهاتی برایم خەلیل لەلایەن پارتیمانەوە هۆکاری سەرەکی شەڕەکەیە.)

دەستە واژەی «داهاتەکانی ناوچەی کوردستان» کە لەو رستەیەی B.B.C دا هاتووەو «برایەتی»ش گواستویەتێوە، باس لە داهاتی هەموو کوردستان دەکا نەک بەتەنیا «برایم خەلیل» و ناوی برایم خەلیلیش لە هیچ شوێنێکی دیکەی دەقەکەدا نەهاتووە، نازانین بۆ لە تەفسیرەکەی بەڕێزتاندا ئەو «برایم خەلیل»ەی بۆ زیاد کراوە؟! خۆ ئەگەر هەواڵەکەی B.B.C بەتەنیا باسی برایم خەلیلی بکردایە، یا ناوی برایم خەلیلی تێدا بهاتایە ئەوا ئێمەش لامان دەبرد، یا هەر گشت هەواڵەکەشمان پشت گوێ دەخست، بەڵام هەواڵەکەی B.B.Cیش بەمەوزوعیانە بۆ مەسەلەکە چووەو باسی لە «داهاتی ناوچەی کوردستان» کردووە کە لەهەموو کۆبوونەوە هەمە لایەنەکانی درۆهیدا و ئەنقەرەو تاراندا وەک زاراوەیەک کە وەفدی پارتی پێشنیاری کردووە، بەکار هاتووە، ئیتر ئەم برایم خەلیلە بۆ لەتەفسیرەکەی بەڕێزتاندا بۆ دەستە واژەکەی B.B.C زیاد کـــراوە، ئەمەشیان بۆ خۆی تەفسیرێکی دیکەی دەوێ.

لێرەشەوە ڕێمان بدەن ئیتر بێینەوە سەر سەرەتای نووسراوەکەی بەڕێزتان کە دەڵێن: ئەم وەزعە قابیلی قبوڵ نییەو نیشانەی بایەخ نەدان و کەمی موتابەعەیە. بەڕاستی ئەمەیان جێی داخ و کەسەرە بۆ سەرجەم کارمەندانی «برایەتی» کە لە کارمەندانی هەموو دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنی پارتی پتر دووچاری ڕاوەدونان و تاڵان کردن و هەڕەشەو ئاوارەیی و دەر بەدەری بوون و، لە هەمووانیش زیاتر بەرگرییان لەسیاسەت و هەڵوێستی پارتی کردووەو، لە هەمووانیش کەمتر بایەخیان دراوەتێ و، جاری واش بووە بە دوومانگ و سێ مانگ بەبێ مووچە دەوامیان کردووە و بەقەرز ڕۆژنامەیان دەرکردووە و، بێ سڵەمینەوە بەگژ هەموو لایەنێکدا چوون کە ناهەقی دەرهەق بەپارتی کردبێت ئەمە سەرەڕای شەو نخونی و موتابەعەی بەردەوامیان، کەچی ئێستا لەسەر هەڵەیەک ـ کە نەشیانکردووە ـ تاوانی «بایەخ نەدان و کەمی موتابەعەیان» بخرێتە پاڵ.

برایەتی لە ١٩٩٣/٣/١ تا ئەمڕۆ «٦٧٧» ژمارەی لێ دەرچووەو لەمیانەی ئەو ژمارانەشدا بەسەددان بابەت و بەهەزارەها هەواڵی بڵاوکردۆتەوەو جێی سەرسووڕمانیشە کە تا ئێستا تەنها یەک هەڵەی سیاسی لێ گیرابێت، ئەگەر ئەوەش بەهەڵە بژمێردرێت لەکاتێکدا چاپەمەنی و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنی پارتی بە لێشاو هەڵە دەکەن و لەسەریان تێدەپەڕێت و، هەندێکیشیان لەسەر نائیلتیزامی پتر لە جارێکیش داخراون، یا سزا دراون، یا تەنانەت بەدرۆیش خراونەتەوە، بۆیە پێمان خۆش بوو لەگەڵ دیاری کردنی ئەم خاڵە سلبیەدا ئاماژەتان بەلایەنە ئیجابییەکانی «برایەتی»ش بدایەو بەیەکجاری ئاوا مایە پووچ و ڕەنج بەخەسار دەرتان نەکردینایە.

لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بەپێویستی دەزانن ئامادەین لیستێک بەو هەڵانەتان بۆ بنێرین کە لە هەندێ لە چاپەمەنیەکانی دیکەی پارتیدا بەزانراوەکەی مەکتەبی ناوەندیی ڕۆشنبیریشەوە تێپەڕیوون و کەسیش لێی نەپێچاونەتەوە، لەکۆتایشدا دەڵێین:

«دیارە داری بەبەر، بەردی زیاتری پێدەکەوێ».

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا.

فەرهاد عەونی
سەرنووسەر

ئاسۆکەریم
سکرتێری نووسین

وێنەیەک بۆ/
بەڕێز جەنابی سەرۆک ـ بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان.
بەڕێز خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی برایەتی.
بەڕێز مەکتەبی ناوەندیی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن.

**اخطاء لغوية أو طباعية أو في الصيغة الصحفية ضمن الاعداد الثلاثة الاخيرة من جريدة «خەبات»**

| العدد | التاريخ | الصفحة | الخطاء | الصواب |
|---|---|---|---|---|
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ١ | اكد مصدر مخول من جامعة صلاح الدين | اكد مصدر مخول في جامعة صلاح الدين |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ١ | تعذر نشره في هذا العدد نظراً لازدحام المواد | نظراً لكثرة المواد |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | البارزاني يهنيء الدكتور عادل حسن حسين | الدكتور حسن حسني |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | سيد طلعت خفاف | سيد طلعت الخفاف |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | نوزاد صباح | نوزاد الحاج صادق |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | تم بحث موضوع اغناء وزارة الداخلية وذلك بفتح قسم الكومبيوتر | تم بحث موضوع تطوير عمل وزارة الداخلية وذلك باستحداث قسم الكومبيوتر |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | يزوران كنيسة عينكاوة | يزوران كنيسة عينكاوه |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | لغرض تقديم التهاني | لتقديم التهاني |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | ورد ذلك اثناء استقباله | تم ذلك خلال استقباله |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | والبحث عن علاج مشاكلهم | والبحث عن حاول لمشاكلهم |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | واطلع عن كثب على نواقص المركز | واطلع عن كثب على احتياجات المركز |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | ويجدر ذكره قام ان الاستاذ ملا عبدالله باعداد عدة تقويمات هامة | ويجدر ذكره ان الاستاذ ملا عبدالله قام باعداد عدة تقاويم |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | سيظل كما كان المساند الحقيقي للمحامين والقانون | سيظل كما كان المساند الحقيقي للقانون ورجاله |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | تهتم برغبة وهوايات الاطفال | تهتم برغبات وهوايات الاطفال |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٢ | انعقد يوم الجمعة الماضي احتفال | اقيم يوم الجمعة الماضي احتفال |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٣ | بيليترو: طيران التحالف سيستمر في كوردستان والمساعدات الانسانية للسكان ستستمر | بيلليترو: يؤكد استمرار طيران التحالف في كوردستان والمساعدات الانسانية لسكانها |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٣ | يواصل اللاجئون تالعودة الى كوردستان | يواصل اللاجئون العودة... |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٣ | اتحاد نساء الاشوري | اتحاد النساء الاشوري |
| ٨٠٩ | ١٩٩٦/١٢/٢٧ | ٥ | استغلت «خه بات» تواجده في كوردستان | انتهزت «خه بات» تواجده |

ئەمەی لەپێشەوە باسم لێوە کردووە (مشتێکە لە خرواریك)، لە لاپەڕەکانی پاشووتردا لە جێگای پێویست باس لە هەندێ بابەتی دیکە دەکەم کە ئەویش دەچێتە هەمان خانەی پێشوو.

لە لایەکی دیکەوە بارودۆخی ناوخۆی دەزگا بە حوکمی ئەوەی هەر لە سەرەتاوە خوالێخۆشبوو مامۆستا (حبیب محمد کریم) ئیدارەی هەردوو رۆژنامەکەی دەکرد (خەبات و برایەتی) تاکو کۆنگرەی (١١)ی پارتی کە لە ١٩٩٣/٨/١٦ بەسترا کە تێیدا مامۆستا حەبیب لە کۆنگرەکەدا بوو بە لێپرسراوی دەستەی چاودێری و پشکنین (هیئة المراقبة والتفتیش) بەدوای ئەوەی کە لە کۆنگرە تەواو بوو جارێکی دیکە دەزگاکانی راگەیاندن رێکخرانەوە و گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئەوەبوو خوالێخۆشبوو کاك فلك الدین کرا بە سەرنووسەری هەفتەنامەی خەبات و لە ژمارە (٦٩٣) ئەو رۆژنامەیە کە لە ١٩٩٣/٩/٢٢ دەرچووە ناوی کەوتە سەر رۆژنامەکە، بەندەش رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٦ شوێنەکەی کاك حەبیبم گرتەوە کە بریتی بوو لە سەرنووسەری برایەتی و لێپرسراوی کارگێڕی و دارایی هەردوو رۆژنامەکە، بەڵام بەندە تاکو ژمارە (١٨٦٧)ی برایەتی کە لە ١٩٩٤/٢/٧ دەرچوو ناوی خۆم نەخستە سەر وەکو رێز و شەرمێك لە مامۆستا حەبیب محمد کریم کە رۆژێك لە رۆژان (عەیامێك) سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

کاتێ لێپرسراوێتیی دەزگا و سەرنووسەریی برایەتیم وەرگرت لە لاپەڕەکانی دیکەی پێشوودا باسی هەندێ لایەنی کارگێڕی بارودۆخە گشتییەکەم کردووە، بەڵام هەندێ شتی شاراوە هەبووە کە بە هیچ شێوەیەك نەچوومەتە ژێر باری باسکردنی، بەڵام بەندە ئێستاکە بیرەوەری دەنووسم، بیرەوەری نووسین ئەوەت لەسەر فەرز دەکات کە راستییەکان لە سنووری مەعقول بنووسی، چونکە ئەگەر هەندێ لایەنی بە شاراوەیی مانەوە وابزانم ناتوانی حەقی تەواو بە مەسەلەکان بدەیت.

لێرەدا کە ئەو چەند لاپەڕەی پەیوەندیی نێوان خوالێخۆشبوو کاك فلك الدين و بەندە دەنووسم ڕێکەوتی (٢٠١٥/٧/٢٨) هەر ئەمڕۆ لە برای ڕۆژنامەنووس زیرەك کەمالم زانی کە لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندیی پێوەکردم دەربارەی هەندێ زانیاری دەربارەی کاك فەلەکەوە، چونکە کاك زیرەکیش دەیزانی پەوەندیی کاك فەلەك و من کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالآنی حەفتاکانی سەدەی رابردوو و سبەی ٧/٢٨ ساڵیادی کۆچکردنییەتی (داوا لە خوای بەخشندە و میهرەبان دەکەم کە بەهەشتی بەرینی پێ ببەخشێت).

خوالێخۆشبوو وەکو ناسینی راستەوخۆ بۆ پاش ڕێککەوتنەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکو نووسەر شارەزا و ئاشنای نووسینەکانی ببووم کە بە ناوی (ا.پرشنگ) لە ڕۆژنامەی (التاخی) بە زمانی عەرەبی دەینووسی، بەڵام راستەوخۆ ساڵی ١٩٧٢ کە بوومە بەڕێوەبەری دەزگای (دار التاخی) لە بەغدا کاك فلك الدين لە التاخی (نووسەر–محرر) بوو بە حوکمی ئەوەی هەردووکمان پارتی بووین لەناو کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی عەرەب و غەیرە پارتی زیاتر لە یەکتری نزیك بووین، پارتایەتیی ئەو لە خەتی کرێکاران بوو و پارتایەتیی منیش لە خەتی ڕۆشنبیران و بەتایبەتیش لێپرسراوی شانەی سەرەکیی (دار التاخی) بووم، ڕۆژانی خۆش و ناخۆشمان لە التاخی پێکەوە گوزەراند، پاش پەیوەندی کردنیشمان بە شۆڕش لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ دیسان هەردووکمان لە ئەمانەتی راگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان لە شۆڕش کە شەهید دارا تۆفیق ئەمینداری گشتی بوو ئێمە هەردووکمان کاك فلك الدين وەکو بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و بەندەش وەکو بەڕێوەبەری گشتیی لاوان دەستنیشان کراین، قەدەری ئێمە لەو قۆناغە تاکو ڕێککەوتنی جەزائیر بوو لە ١٩٧٥/٣/٦ ئەو لە ئێران مایەوە و بەندەش پاش ڕێنمایی شەهید دارا تۆفیق و بارودۆخی ئەوکاتە لەگەڵ سەدان هەزار کەس گەڕاینەوە عیراق، تاکو راپەڕین روویدا، جارێکی دیکە ناوە ناوە یەکترمان دەدیت تاکو ڕۆژانی پاش کۆنگرەی (١١) ئەو بۆ خەبات و منیش بۆ برایەتی دەستنیشان

کراین، کاك فلك الدین بە حوکمی ئیشوکاری حزبی کە پلەی گەیشتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یاخود لە وەزارەتی رۆشنبیری کە پلەی وەزیری رۆشنبیریی دوو جار پێدرا نە دەپرژایە سەر وردەکاریی کاری رۆژنامەی خەبات، هەفتەی جارێك بۆ یەك دوو سەعات دەهات و خەریکی نووسینی سەرووتاری رۆژنامەکە دەبوو، بەڵام زۆربەی کارەکان لە ئەستۆی کاك سەعید یحیی بوو، بەڵام پاش ئەوەی کاك سەعید یحیا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٦ گوێزرایەوە بۆ لێپرسراوێتیی بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی خەبات بۆشاییەك لە خەبات پەیدا بوو تاکو رۆژنامەنووس رزگار نوری شاوەیس شوێن کاك سەعید یحیای گرتەوە.

وەکو نیشانم داوە لەپێشەوە کاك فلك الدین نەدەپرژایە ئیشوکاری خەبات، ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەشەوە بە رۆیشتنی کاك سەعید یحیا بۆشاییەك کەوتە نێوان چونکە بەندە و کاك سەعید زۆر تەبا و زۆر لێك نزیك بووین و هەمیشە یارمەتیدەری یەکتر بووین، زۆر جار پێکەوە رۆژنامەی (خەبات)مان تاکو سەر ئاوی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری سووریا دەبرد کە زۆر جار دەگەیشتە (٥٠٠٠) دانە کە لەوێش لە رێگای نووسینگەی پارتی دابەش دەکرا و بەهیچ شێوەیەك جیاوازیی نێوان کارمەندان و رۆژنامەنووسانی برایەتی و خەبات نەدەکرا، هەرهەموویان لەژێر سێبەری یەك سیستەمی کارگێڕی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەڵام چونکە کاك فلك الدین شارەزای کاری کارگێڕی نەبوو و لە ئیشوکاری کارگێڕی نزیك نەدەبۆوە و زۆر جار ستاڤی هەفتەنامەی خەبات پاش رۆیشتنی کاك سەعید یحیا بە هەڵەیاندا دەبرد و هەندێ کاریان پێ دەکرد کە زەرەری لە قازانج زیاتر بوو و زۆر جار دوور بە دوو باسی ئەو سلبیاتانەم بۆ دەکرد و زۆرجاریش قەناعەتی پێ دەهات، بەڵام پاش چەند رۆژێك بە حوکمی بەرژەوەندی هەندێ لە کارمەندانی ستاڤی خەبات پەشیمانیان دەکردەوە، ئەو کێشانەش پاش نەمانی کاك سەعید یحیا بوو وەکو لەپێشەوە باسم لێوە کردووە.

لێرەدا بۆ نموونە هەندێ نووسراو و ئەمری ئیداری بڵاو دەکەمەوە کە هەمووی بە ئیمزای خوالێخۆشبوو فلك الدين كاكەيیە لەکاتێکدا بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی بەندە سەرەڕای سەرنووسەری برایەتی لێپرسراوی کارگێڕیی دەزگایەکەش بووم، یەکەم کێشەمان پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر لە ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦ هەندێ لە ستاڤ خەبات وایان لە کاك فلك الدين گەیاندبوو کە باشتر وایە خەبات و برایەتی بە تایبەتی لە رووی داراییەوە وەکو هەنگاوی یەکەم لێك جیاواز بکرێنەوە، ئەوەبوو لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم (مانگی ۱۱)ی ساڵی ۱۹۹٦ خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن بە رێککەوت هاتبووە هەولێر و لەنێوانیشدا سەردانی ئێمەی کرد لە برایەتی، پاش ماوەیەکی کورت نووسراوێکی لە باخەڵی دەرهێنا و گوتی (فەرهاد بە سەرێکی ساردەوە ئەم نووسراوە بخوێنەوە کە کاك فلك الدين ئاراستەی کردووین، منیش حەواڵەی تۆم کردووە و بۆم نووسیوی راو بۆچوونی خۆت بەیان بکە، بەڵام وەکو گوتم بە سەری ساردەوە، من پێشەکی بە فلك الدینم وتووە ناکرێ لە یەك دەزگا هەردوو رۆژنامەی پارتی تێیدا دەرچێت دوو ستاڤ کارگێڕی و دارایی هەبێت و دیسان بە فەلەکم گوتووە ئەگەر تۆ پێت دەکرێت من (یانی کاك سامی خۆی) فەرهاد رازی دەکەم واز لەم ئەرکە بهێنێ)، بە رۆیشتنی کاك سامی چەند جارێك نووسراوەکەی کاك فلك الدینم خوێندەوە، ئەوەی لێی تێگەیشتم ئەو نووسراوەی بیرۆکەی خودی کاك فەلەك نەبووە، ئاشکرابوو لای من کە کێ لەپشت ئەو گەمە هەرزەکارانەیە چونکە دەمزانی کاك فلك هیچ کاتێك تاقەتی کاری ئیداریی نەبووە و تێیدا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە وەکو کاك سامی گوتی دەستم دایە قەڵەم منیش لەبەر ئەوەی نامەکەی کاك فلك بە عەرەبی نووسرابوو منیش بە عەرەبی وەڵامم دایەوە.

خەبات

جريدة اسبوعية سياسية لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني - الموحد

العدد: /

التاريخ: ١٩٩٦/١١/٢٥

الى / المكتب المركزي للثقافة والاعلام

تحية وتقدير

لا يخفى عليكم بان جريدة خه بات وبعد انتقال مكتبها الى اربيل بدأت بالصدور اسبوعيا وبشكل منتظم وبالرغم من المعوقات والمصاعب واهمها الماليه والتي عن طريقها تحل كل المشاكل الاخرى.

فبالاضافه الى المصاريف اليوميه وتوفير المستلزمات الضروريه الاخرى من الضروري وكما هو متبع ومالوف في عمل اية جريدة منح مكافآت للكتاب والاعلام التي تساهم فيها حيث لم نتمكن ولحد الان من صرف اية مكافأة لاي كاتب في خارج وداخل الجريدة . هذا بالاضافة الى عدم توفر مايليق بمكتب جريدة كجريدة خه بات من مستلزمات مكتبيه ومصاريف عمال المطابع ومشاكل وبالطبع فان اوضاع الميزانيه وبصوره عامه معروفة لدينا ولكننا كجريده لنا ايراد الخاص بنا من حيث

١- مبيعات الجريدة في الاقليم وخارج الاقليم .

٢- ايراد الاعلانات

حيث يمكننا وبهذه الايرادات من تجاوز الكثير من المشاكل وتامين العديد من احتياجاتنا المكتبية والاداريه والمصاريف اليوميه وبمراحل . راجين التفضل بالايعاز الى جريدة برايه تي بضرورة تحويل الايرادات الخاصه بجريدة خه بات الى الجريدة وتسوية الحسابات المذكورة او تخويلنا استلام فاك الايرادات مباشرة ليتسنى لنا تجاوز مشاكلنا المالية وحسب الاصول .. ولكم وافر الشكر والتقدير

السيد رئيس تحرير برايه تي
لابداء المطالعة رجاءً

رئيس التحرير
فلك الدين كاكه يي
١٩٩٦/١١/٢٥

**دەقی نامەکەی کاك فلك الدين كاكەيی**

**بۆ مەکتەبی ناوەندیی رۆشنبیری و راگەیاندن**

**بەندەش بە نووسراوێکی تێروتەسەل باش ڕێنماییەکانی کاک سامی وەڵامی کا فلك الدینم بۆ مەکتەبی ناوەندیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دایەوە، لە خوارەوەش وێنەیەکم دایە بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستی پێویست و کاری پەیوەندیدار بە جیابوونەوە کە ئەمەیان دەقی نامەکەی منە بۆ مەکتەبی ناوەندی.**

برايەتى
BIRAYETI

ژمارە: ٥٩
ڕۆژ: ١٩٩٦/١١/٢

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا

**الى/ المكتب المركزي للثقافة والاعلام الموقر**

**م/مطالعة**

**تحية طيبة**

إشارة الى طلب الاخ مسول المكتب المركزي للثقافة والاعلام بهامشه على رسالة السيد رئيس تحرير جريدة خةبات المؤرخة في ١٩٩٦/١١/٢٧ لأبداء المطالعة على الرسالة المذكورة تبين مايلي:

اولا- تم توفير كافة المستلزمات الضرورية وبشكل منتظم من اجل استمرار صدور جريدة خةبات كما هو معلوم منذ استلامنا المهمة بتاريخ ١٩٩٣/١٠/٢٦ ولحد الان كمسؤول عن ادارة و مالية الجريدتين اضافة الى عملي الرئيسي كرئيس تحرير جريدة برايةتي ولم يشعرا حدا من الاخوان من جريدة خةبات بوجود اي تلكوء او تقصير تجاه انسيابية العمل من كافة النواحي فيما يتعلق بـ خةبات والى يومنا هذا.

ثانيا- عندما كنا في صلاح الدين اي قبل الانتقال الى اربيل فاتحت السيد رئيس تحرير خةبات بضرورة فصل ادارة و مالية الجريدتين بعدما شعرنا بوجود نوعا من هذه الرغبة لدى الاخوان في خةبات وخاصة لاتوجد لدينا اي مصلحة ذاتية في استمرار الادارة الموحدة ولم نكن راغبين في ذلك ولكن الذي دفعنا في تحمل هذه المسؤولية «مسؤولية الادارة الموحدة» تنفيذ الامر الصادر من المكتب السياسي الموقر في حينه اولا وتحويل هذه الادارة الى مؤسسة صحافية كبرى خدمة لاهداف حزبنا ثانيا.

ثالثا- لم تصرف لحد هذه اللحظة اية مكافاءة لاي كاتب خارج وداخل الجريدة منذ انتقالنا الى اربيل بسبب عدم استلامنا الميزانية منذ ما يقارب ثلاثة اشهر ولم تصرف اية مبالغ لشراء الاثاث لمكاتب الجريدتين بأستثناء صرف مايقارب تسعة الاف دينار على شراء طغم قنفة مع الطبلات لمكتب السيد رئيس تحرير خةبات.

رابعا- يستمر صدور الجريدتين يوميا واسبوعيا بالرغم من المصاعب المالية كما هو معلوم وكل ماتستطيع عمله في الاستمرار وجود بعض الموارد المالية التي تأتي عن مبيعات الجريدتين و نشر الاعلانات وتم صرف مبلغ(٢٠٥٧٦) دينار كنثرية لادارة جريدة خةبات علما لم نستطيع ولحد الان صرف اية مبالغ لعمال المطبعة واثمان طبع الجريدتين.

خامساً- ان توفير مستلزمات استمرارية صدور الجريدتين نحتاج الى موارد مالية ادارية وتوفير السيارة ومحروقات «الگازوايل» وتوفير الاكل للعاملين ليلا و صرف بعض المبالغ البسيطة كديون والذي جعلنا مديونين ولكن مع هذا لم نتذمر حرصا على المصلحة العامة وبالنظر لكون الادارتين في بناية واحدة فان الخدمات الادارية نحتاج ايضا الى موارد مالية وتم صرف كافة المبالغ التي تتعلق بهذه الخدمات من قبلنا و التي تشمل مصاريف الجريدتين.

سادساً- لن نحتاج الى صدور الايعازات بتحويل الايرادات الخاصة بجريدة خةبات اليهم وتسوية الحسابات لأن تم الاتفاق وافهم علنا ولكن العائق الوحيد هو تأخير صرف الميزانية، وحال وصولها سنقوم بـ:-

١- صرف الرواتب

٢- تسديد الديون

٣- وعند الانتهاء من تنفيذ الفقرتين اعلاه سنقوم حالا بتجزئية المتبقى ونقسم الميزانية بعد اجراء المشاورة مع مكتبكم الموقر.

مع فائق الشكر والتقدير

فرهاد عوني
رئيس التحرير

نسخة منه/
السيد مدير الادارة والحسابات، يرجى التفضل بالاطلاع وبتهيئة القوائم المستعملة لمنتسبي الجريدتين و اوجه الصرف المشتركة لتجزئتها.

پێشووتریش کاك فلك الدين نووسراوێکی بە ژمارە (١) لە رۆژی ١٩٩٦/١٠/١ بوو بۆ مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و رۆشنبیری ناردبوو کە تێیدا بێ گوێدانە هیچ پرنسیپێکی کارگێڕی و دارایی یاخود رەزامەندیی مەکتەبی ناوەندی وێنەی داوەتە بەندە کە دەقەکەی ئەگەر خوێنەر بیخوێنێتەوە لە ماهیەتی نووسراوەکە دەگا، بەڵام چونکە وێنەی بە جەنابی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی و کاك نێچیرڤان دابوو خۆم لێ نەکردە خاوەن و گوێم پێ نەدا چونکە دەبووایە ئەم مەسەلەیە لە سەرووی ئێمە رەزامەندیی لەسەر بکرێ کە لە رووی کارگێڕی و سیاسییەوە قابیلی قبووڵ نەبوو.

لێرەدا دەقی نامە نووسراوەکەی کاك فلك الدين ژمارە (١)ی رۆژی ١٩٩٦/١٠/١٠ و نووسراوەکەی کاك سامی ژمارە (١٦٩) لە ١٩٩٦/١٠/٨ بڵاودەکەمەوە کە تێیدا رەزامەندی لەسەر لایەنی دارایی بۆ خەبات دراوە کە کاك فلك الدين لێی بەرپرسیار بێت.

خەبات
KHABAT
جريدة اسبوعية سياسية

العدد/ ١
التاريخ ١ /١٩٩٦/١٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الى/ المكتب المركزي للثقافة والاعلام

تحية واحتراماً

نظراً للظروف المشجعة الجديدة لصدور جريدتنا اسبوعياً وبانتظام، ونظراً لطبيعة العمل في المكان الجديد، نرجو اسنادنا بالموافقة على المقترحات التالية وبالسرعة الممكنة ليتسنى لنا مباشرة العمل الجديد، مقترحاتنا هي:

**اولاً:** تستقل ادارة ومالية جريدة خه بات.

**ثانياً:** تخصص ٣ كمبيوترات اثنتان صغيرة وواحدة كبيرة، للعمل بها مستقلاً في بناية الجريدة.

**ثالثاً:** الموافقة على نقل الكادر الفني للكومبيوتر التالية اسماؤهم وبنفس الرواتب الى جريدة خه بات وحدها وهم:

١. الزميل سليمان خالد ئاژگه يي
٢. الزميل خطاب عمر
٣. الزميلة زينب جبرائيل

**رابعاً:** اعادة تنظيم هيئة تحرير خه بات كما يلي:

١- الزميل رزگار نوري شاوه يس نائباً لرئيس التحرير براتب قدره (٤٠٠٠) اربعة آلاف دينار.
٢- الزميل مخلص صابر مديراً لشؤون الادارية والمالية براتب قدره (٣٠٠٠) ثلاثة آلاف دينار. (يتفرغ للجريدة نهائياً).
٣- عبدالله عبدالرحمن عبدالله مصححاً ورئيساً لقسم التصحيح براتب قدره (١٥٠٠) ديناراً (يتفرغ للجريدة نهائياً).
٤- شمال رمضان محمد شريف محرر في قسم التحقيقات براتب قدره (١٥٠٠) دينار (متفرغ للعمل في الجريدة).
٥- ميكائيل ابراهيم اسماعيل - مصحح براتب قدره (١٠٠٠) دينار.
٦- سيعين محررون آخرون حسب الحاجة فيما بعد، على اننا سنحاول استكمال ملاك الجريدة ليتسنى صدورها بانتظام وبشكل جيد.

**خامساً:** سنخصص مكافآت للزملاء الذين يكتبون للجريدة من خارج هيئة التحرير وكتقدير اولي نخمن مبلغ ٥٠٠٠ خمسة آلاف دينار مكافآت لكل عدد على الاقل.

**سادساً:** نرجو تحديد ميزانية الجريدة بمالايقل عن ٣٥٪ من الميزانية المخصصة حتى الآن لجريدتي برايه تي وخه بات.
ونقترح تخصيص حوالي ٦٠٠٠٠ ستين الف دينار للرواتب والمخصصات والمكافآت والشؤون الادارية والتحررية للمراسلين وغيرها من المصروفات (باستثناء اجور الطبع والتوزيع).

**سابعاً:** نرجو الايعاز لاسنادنا بمساعدة مالية سريعة حتى يستقر عملنا.

مع فائق التقدير والاحترام.

فلك الدين كاكائي
رئيس تحرير خه بات

نسخة منه الى/
مكتب السيد رئيس الحزب/ للعلم رجاءً.
المكتب السياسي الموقر/ للتفضل باسنادنا مادياً ومعنوياً لانجاح المشروع الجديد للجريدة.
المكتب المركزي للمالية في الحزب/ للعلم رجاءً.
الاخ فرهاد عوني/ للعلم رجاءً، مع التقدير لقيامكم بمهمة التنسيق الاداري بين الجريدتين حتى الان ونرجو ان توافقونا بأن هذا سيوفر ظروفاً افضل للعمل لما فيه خدمة الحزب والثقافة وهو هدفنا المشترك جميعاً. وشكراً.

الحزب الديمقراطي الكردستاني-الموحد
المكتب السياسي
المكتب المركزي للثقافة والاعلام

الرقم : ١٦٩
التاريخ :٨/١٠/ ١٩٩٦

الى/ رئيس تحرير خه بات الأخ فلك الدين كاكائي المحترم
تحية أخوية

بالأشارة الى كتابيكم في ٩٦/٩/٢٦ وفي ١/ ١٩٩٦/١٠ وبعد التباحث معكم ومع الأخ فرهاد عوني رئيس تحرير برايه تي تقرّ مايلي:


١- توضع ميزانية الرواتب والمكافأة والنشرية العائدة الى جريدة خه بات تحت تصرف رئيس تحريرها وفق للاصول . وهو مخول بترتيب الامور الحسابية ضمن الجريدة.
٢- تعيين الأخ رزگار نوري شاويس سكرتيراً لتحرير جريدة خه بات.
٣- كان قد نقل الأخ سعيد يحيى الخطاط بصورة مؤقته الى وظيفة مدير مطبعة خه بات في دهوك . يثبت الموما إليه في هذه الوظيفة.

مع التقدير

سامي عبدالرحمن
مسؤول المكتب المركزي للثقافة والاعلام

صورة الى/
- الأخ مسعود البارزاني رئيس حزبنا المحترم.
- المكتب السياسي المحترم.
- الأخ نيچيرڤان البارزاني المحترم.
- الفرع الأول المناضل.
- رئيس تحرير برايه تي المحترم.

**بەڵام لەکاتێکدا بەندە و بەڕێوەبەری کارگێڕی دەزگا سەرقاڵی جیاکردنەوەی ستاڤ کارگێڕی و لیستی دارایی و بەشی پارەی ڕۆژنامەی (خەبات) بووین لە ئەنجامی داواکردنی کاک فلك الدين بەپێی ئەو نووسراوانەی کە ئاراستەی مەکتەبی ناوەندی کردبوو، بەڵام لەپڕ ڕۆژی ١٩٩٧/١/٨ كك فلك الدين نامەیەکی بۆ ناردم کە ئەمەش دەقەکەیەتی:**



خەبات

العدد:

التاريخ:

جريدة اسبوعية سياسية لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ الموحد

بە ناوی خوا

١٩٩٧/١/٨

برای بەڕێز کاک فرهاد عونی

سڵاوی برایانە،

لەبەر مشغولیەتی زۆر نەمتوانی سەر بدەم.

(برایەتی) و (خەبات) ... ١٩٩٥ ...

جێگەی خۆی بێت. واتە: ... بۆ

(خەبات) بێت. کە واتە: کە پێویستە ...

(مشترك) بەردەوام دەبێت ...

... بۆ ئاگاداری تا

چارەیەک دەدۆزرێتەوە.

سپاس

رئيس التحرير

١٩٩٧/١/٨

پاش یەك دوو رۆژ كاك فلك الدین هاتە لام و وتی (بەڕاستی خۆت دەزانی من زۆر مەشغوڵم لە چەند لایەكەوە لە بنەڕەتدا مەسەلەی جیابوونەوەی خەبات. برایەتی لەڕووی شوێن و كارگێڕییەوە بیرۆكەی من نەبوو دەشزانم وەكوو توشیان بۆ ناكرێت، برادەرانیش لەسەرەوە پەسەندیان نەكرد، تكایە هەر خۆت وەكو چەن ساڵە و ئێستا كردووتە هەروا بمێنێ) بەندە لە بنەڕەتدا دەمزانی كاك فلك الدین بە حوكمی ئیشوكاری ئەولا ئەولای ناپەرژێتە سەر ئەم كارە، ئەم كارەش گاڵتەی منداڵان نییە وەكو كاك ئەسعەد عەدۆش هەموو جاری قسەیەكی نەستەقی دەشتی هەولێری دەگوتەوە كە دەڵێ (قون ئەوەیە كوزریێ بكوتی)، بەڵام دیسان پاش پەشیمان بوونەوە لە جیاكردنەوەی خەبات و برایەتی ئەو برادەرە ناوەناوە فەرمانی ئیداری چە بە دامەزراندنی كارمەندان یاخود بە دان و زیادكردنی موچە و دەرماڵە دەردەكرد بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی كارگێڕی و دەسەڵاتی بەپرسی دەزگاكە كە بە بڕیاری مەكتەبی سیاسی داندراوە، زۆر جاریش تەنانەت تەجاوزی بنچینەی كاری كارگێڕی و دارایی دەكرد كە بە هیچ كلۆجێك لەگەڵ كاری كارگێڕی و دارایی دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات نەدەگونجا، بەڵام دیسان وەكو دەڵێن (قوتم دەدا) بەپێی پێویست (فەرمان)ـە ئاساییەكانم جێبەجێ دەكرد بۆ ئەوەی كێشە لە نێوانا دروست نەبێت و بەندە بەوە تۆمەتبار نەكرێت كەوا رێز لە هەڤاڵ و برادەرێكی خێزانی راگەیاندن ناگرێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو بابەتانە بەئاسانی لەلای من تێنەدەپەڕین، چونكە وەكو دەڵێن لە ژیاندا وا دروست بووم كە هەرگیز شتی (خوار)م پێ قەبوڵ نەكراوە و قەبوڵی ناكەم بۆیە تاكو ئێستاكە زۆرجار باجی ئەو (مەبدەئیەت)ـەم داوە، بەڵام هەرگیز لێی پەشیمان نیم، لە لاپەڕە و قۆناغەكانی دیكەدا بەپێی پێویست باس لە هەندێ لەو بابەتانە دەكەم.

كێشەیەكی دیكە كە زۆر گەورە كرا ئەویش بەمەبەستی كوشتنی دوو (چۆلەكە) بوو بە بەردێك ئێستاكە ئەو رووداوەی خوارەوە یاد دەكەم و باسی لێوە دەكەم ئێستا و زۆر جاریش قسەیەكی كاك (نێچیرڤان بارزانی)یم دێتەوە

یاد که لای من بۆته پەند و بۆته هۆی دۆزینەوەی هۆکاری کێشەکان که رووبەڕووی من دەبوەوە، قسەکەی کاك نێچیرڤانیش لەکاتی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان که له ٣٠-٢٠٠١/١/٣١ له هەولێر بەسترا پێش یەکگرتنەوەی سەندیکا و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان له کۆنگرەیەکی گشتی له ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥.

له نێوانی گفتوگۆی کاك نێچیرڤان بارزانی و بەندەدا دەربارەی کۆنگرەی سەندیکا و سەرکەوتنی که پێویستی به هاوکاری هەموو لایەنه سیاسییەکانی کوردستانەوه هەیە، چونکه ئاشکرایه که دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان به کارمەند و رۆژنامەنووسەکانەوه دابەش بوون بەسەر ئەم لایەنانه بۆیه دەبێت لاینەکان لەمپەر و گیروگرفتمان بۆ دروست نەکەن، له نێوان قسەکاندا به کاك نێچیرڤانم گوت (ئومێدی هەره گەورەم له هاوکاریکردنی پارتی بۆ سەرکەوتنی سەندیکا بەڕێزتانن، چونکه له مەکتەبی سیاسی پارتی وای دەخوێنمەوه دۆستم کەمە)، کاك نێچیرڤانیش یەکسەر راشکاوانه به پێکەنینەوه به دەق گوتی: (فەرهاد دەمەوێ پێت بڵێم نەك دۆستت کەمە بەڵکو دۆستت هەر نییه له مەکتەبی سیاسی، بەڵام من دەزانم که تۆ چەند کابانی و فەرق و جیاوازی له نێواندا ناکەی و من به هەموو شێوەیەك هاوکاریت دەکەم)، من له وکاتەوه زیاتر له خۆم و بارودۆخەکه گەیشتم و گرێیەکان (العقد)م لام کراوەتەوه و ئاشکرایە.

کێشەکەی که له سەرەتای ئەم دێڕانەیە باسم لێوه کردووه و قسەکەی کاك نێچیرڤان بارزانیم بەبیر دەهێنێتەوه بریتیه لەو بابەتەی خوارەوە: (له ئێوارەی رۆژی ١٩٩٧/٦/٢٩ له ناو باخچەکانی کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی دهۆك ئاهەنگی رێوڕەسمی دووەم دەرچوونی قوتابیانی زانکۆی دهۆك ئەنجام درا، لەم ئاهەنگەدا نوێنەری سەرۆك بارزانی بەڕێز عزالدین بەرواری و بەڕێزان دکتۆر رۆژ نوری شاوێس سەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەڕێزان فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ و دکتۆر جەرجیس حسن وەزیری پەروەردە و شەوکەت شێخ یەزدین وەزیری دارایی و ئابووری... هتد، سەرەتای ئاهەنگەکه به دەقیقەیەك

**بوو بۆ گیانی پاکی شەهیدان و سەروەری هەموان بارزانی نەمر دەستی پێکرد، پاشان کەژاوەی قوتابیە دەرچووەکان و مامۆستایانی کۆلێژەکان و هەڵگرانی ئالاَ و دروشمی کۆلێژەکان دەستی پێکرد. ئینجا وتاری بەڕێزان سەرۆکی زانکۆی دهۆك و دکتۆر رۆژ نوری شاوێس سەرۆکی حکومەتی هەرێم و قوتابیە دەرچووەکان خوێندرایەوە.**

**دوابەدوای ئەویش بروسکەی سەرۆك مەسعود بارزانی خوێندرایەوە کە تێیدا پیرۆزبایی قوتابیانی دەرچووی ئەم خولەی کردبوو).**

**(دهۆك – نوسینگەی برایەتی**

**ئازاد گولەیی – موسلح عبدالقادر**

**بە تەلەفۆن دوای نیوەشەو)**

**خوێنەری بەڕێز وەکو دیتتان هەواڵەکە لەلایەن نووسینگەی برایەتی کە ناویان هاتووە دوای نیوەشەو بە تەلەفۆن دراوەتە لێپرسراوی لاپەڕە (١) کە رۆژنامەنووس شەماڵ حەوێزی بوو و لەلاپەڕە (١)ی رۆژی ١٩٩٧/٦/٣٠ ژمارە (٢٣٦٢) بلاَوکراوەتەوە.**

**ئێوارەی هەمان رۆژ ١٩٩٧/٦/٣٠ ئەم بروسکەم بەدەست گەیشت کە ئەمەش دەقەکەیەتی:**

**بۆ/ راگەیاندنی م. س./ جوهر نامق، رۆژنامەی برایەتی/ م. ب**

**لە/ د. رۆژ**

**لە جەریدەی برایەتی دەربارەی دەرچوونی قوتابیانی زانکۆی دهۆك ئەمڕۆ بلاَوکراوەتەوە کە پێشەکی وتاری سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی حکومەت، قوتابیانی دەرچووە، دوابەدوای ئەوە بروسکەی سەرۆك بارزانی خوێندراوەتەوە، ئەمە زۆر دوورە لە حەقیقەت و داب و نەریتی کوردەواری.**

**پێش هەموو شتێك بروسکەی سەرۆك بارزانی خوێندراوەتەوە کە دەبێت هەمیشە وەها بێت. لەگەڵ رێزمدا.**

**پێم خۆشە ئەم هەڵەیەی برایەتی چاك بکرێتەوە.)**

پاش گەیشتنی بروسکەکە یەکسەر رۆژنامەنووس شەماڵ حەوێزیم داواکرد و داوام لێکرد دەقی نووسین و وردەکارییەکانی لاپەڕە (١) یەکی شەوی پێشوترم بۆ بهێنێ، کاتێك کاك شەماڵ رەشنووسی هەواڵەکەی پێدام تەماشام کرد دەقەکەی کە چۆن لە نووسینکەی دهۆکەوە بە تەلەفۆن هاتووە وەکو خۆی بڵاوکراوەتەوە، ئەوجا تەلەفۆنم بۆ رۆژنامەنووس ئازاد گولەیی کرد کە رۆژنامەنووسێکی بەتونا و لێپرسراوی نووسینگەی برایەتی دهۆکە، راست و دروستی هەواڵەکەی وەکو ناردویانە بڵاوکراوەتەوە پشتڕاست کردەوە، پاشان بە تەلەفۆن لەگەڵ کاك سامی عبدالرحمن قسەم کرد کە ئەویش وێنەی بروسکەکەی لابوو منیش راستییەکانم بۆ باس کرد، کاك سامی تەنها ئەوەندەی گوت (کاکە فەرهاد نازانی ئەو ئیشەی تۆ"مهنه المتاعب"ە). ئەمجا بە تەلەفۆن لەگەڵ کاك جەوهەر نامق قسەم کرد کە ئەو بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبوو، بابەتەکەم بۆ روون کردەوە گوتی (لەگەڵ کاك سامی قسە بکە ئەو لێپرسراوی راگەیاندنە)، بۆ بەیانیش نامەیەکم بۆ جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی نووسی (بەداخەوە لەناو ئەرشیفەکەم نایدۆزمەوە)، کرۆکی بابەتەکە ئەوەیە کە نەدەبوا ئەم مەسەلەیە بەو شێوە وا گەورە بکرێت، دەکرا بۆ راستکردنەوەی هەواڵەکە تەنها د. رۆژ بروسکەکەی ئاڕاستەی م. ب. (سەرۆك مەسعود بارزانی و کاك سامی و کاك جەوهەر نامق نەکرابایە، چونکە بابەتەکە هەتاوەکو د. رۆژ ئیشارەتی پێداوە ئەگەر پاش و پێشیش لە زنجیرەی وتار و بروسکەکان کرابێت بە دەستێکی ئەنقەست نەکراوە. لەلایەکی دیکەوە یەکەم کەس کە لە هەواڵەکە ناوی هاتووە (نوێنەری سەرۆك بارزانی) بووە، پاشان ئەم هەواڵە ئەوە ناهێنێ سەری جەنابی سەرۆك بارزانی پێ سەخڵەت بکەی و کاك سامی و کاك جەوهەری لێ ئاگادار بکەیت، بەهەرحاڵ ئەو مەسەلەیەشم وەکو شتەکانی دیکە قوت دا، بەڵام کۆتایی هەڵوێستە نادۆستایەتییەکانی هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆتایی نەهات کە هەندێکیانم لە کتێبی (ئەزمونی رۆژنامەوانیم) باس کردووە.

خوالێخۆشبوو کاک سامی عبدالرحمن وەکو لە هەندێ شوێن ئیشارەتم بۆ کردووە هەر لە سەرەتای قۆناغی پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە پەیوەندیمان بە حوکمی لێپرسراویەتی و چاودێری رێکخراوە جەماوەرییەکان ئەمجا قۆناغی کارکردنم لە رۆژنامەی (التآخی) زۆر دۆستانە و دڵسۆزانە بوو، من هەمیشە رێزێکی تایبەتیم بۆ هەبوو، ئاشکراشە وەکو لە لاپەڕەکانی پێشودا باسم لە سەرەتای هەوڵەکانی خۆم کردووە لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك مەسعود بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی پاش راپەڕین دەربارەی گەڕانەوەی کاك سامی بۆ پارتی و رۆڵی شیاوی خۆی ببینێ کە دیتی، پاشانیش کە لە کۆنگرەی (١١)دا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا بۆ یەکەم لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کە راستەوخۆ لێپرسراویەتی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی کەوتە ئەستۆ کە تێیدا سەرنووسەری برایەتیش کە بەندە بوو جارێکی دیکە خۆمان لە بوارێکی دیکەی پارتی دیتەوە، تاکو لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بوو برایانە، دڵسۆزانە مامەڵەی لەگەڵ دەکردین، زۆرجار بە (الصدیق الحمیم) بانگی دەکردم، زۆر (مەنهەجیانە) کارەکانی بەڕێوەدەبرد، بەڵام لە قۆناغی وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی کەمتر کاك سامیم دەدیت تاو رۆژی ئەو رووداوەی کە لەسەر جۆری بڵاوکردنەوەی وتارێکی ئەو لە لاپەڕە (٣)دا کە بووە جێگای ناڕەزایی ئەو کە تێیدا خوالێخۆشبوو شەهید (هەڵمەت حەمید)ی راسپاردبوو کە ناڕەزایەتی ئەوەم پێ رابگەیەنێ دەربارەی شوێنی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە، منیش بە هەمان راسپێردراو وەڵامی دروستی خۆم دایەوە کە بووە سەرەتای لێکدابڕانی خوالێخۆشبوو کاك سامی لەگەڵ بەندە تەنانەت کە لە مانگی شوباتی (٢٠٠٢)د تووشی جەڵتە و نەشتەرگەری دڵ هاتم کە لە تاران بۆم کرا نە کاك سامی و نە هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بە تەلەفۆنێکیش بەسەریان نەکردمەوە (ماڵیان ئاوابێت) تەنها کاك جەوهەر نامق نەبێت کە زۆر جوامێرانە و دڵسۆزانە فریام کەوت و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ رەخساندم تاکو بە سەلامەتی گەڕامەوە، لە کتێبی (ئەزمونی

**رۆژنامەونیم) باسم لێوە کردووە، بەڵام کاتێ کە لە کۆنگرەی موعارەزەی عیراقی کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ لە لەندەن بەسترا کاک سامی و من رووبەڕوو هاتین و ئەو دەستپێشخەری ئەوەی کرد کە (قاوەیەك ) پێکەوە بخۆینەوە، بەڵام وەکو کورد دەڵێ (جام بشکێ بەڵام نەزرنگێ) راستە بێ ئاگایی خۆی لە لابردنی بەندە لە سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی راگەیاند و گوتی سەرۆك مەسعود بارزانی نە پێشتر و نە دواتر ئەم بابەتەی لە مەکتەبی سیاسی باس نەکردووە، بۆ نەپرسینیش لە تەندروستیم لەکاتی جەڵتە و نەشتەرگەری دڵم سوێند خوارد کە لەوکاتە لە کوردستان نەبووە و بێ ئاگا بووە، منیش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بێ ئاگاییەی دەربارەی ئەزمەیەکی کوشندەی دڵ و نەشەرگەری گوتم (ان کنت تدری فهذا مصیبە وان کنت لاتدری فالمصیبە أعظم)، لە درێژەی قسەکاندا گوتم (کاك سامی رۆژێك لە رۆژان بە (الصدیق الحمیم) (الصدیق المشترك للشهید کاکە دارا تۆفیق بانگت دەکردم) هیچ تەفسیرێك نییە کە تۆ لە منت نەپرسیوە، هەر بۆ زانیاری جەنابت پاش گەڕانەوەم بۆ عیراق لە ئاکامی خیانەتنامەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ من هەرکاتێك لە رێگای برای خۆشەویستمان عبدالموجود گە زانیبێتم کەوا خێزانی ئێوە پرسەنامەیەکیان هەبووبێت چە لە هەولێر و چە لە دهۆك و چە لە زاخۆ ئەوا لەگەل عبدالموجود یاخود لەگەڵ بارامی بن ئامۆزا و کوڕەپورم و کاك مجید مفتی و خوالێخۆشبوو مجید ئاسنگەر ئامادەی پرسەکانتان بووین، بۆ دەبێت تۆ لە بەندە نەپرسیت لە ئەزمەیەکی گەورەی تەندرووستیی مندا، بەهەرحاڵ بە شەهیدبوونی ئەو و سەڵاحی کوڕەگەورەی و ئەو پۆلە شەهیدەی کە لە ٢٠٠٤/٢/١ بەهۆی ئەو کارە تیرۆرستیەی کە لە هەردوو بارەگای پارتی و یەکێتی لە هەولێر ئەنجام درا کە تێیدا کۆمەڵێك هەڤاڵ و دۆست و برادەرمان لەکیس دا (بەکوڵ لە هەموو دڵەوە بۆیان گریام، خودای گەورە بەهەشتی بەرینیان پێ ببەخشێ).**

**لە سەردانێکم بۆ پارێزگای دهۆك لە رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٤ بەپێی رەزامەندی پێشوەختنی کاك نێچیرڤان بارزانی بەمەبەستی ئەنجامدانی دیمانەیەکی**

ڕۆژنامەنووسی، ڕۆژی ٩٧/٩/٢٥ دیمانەیەکی دوور و درێژم لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام دا کە لە ژمارە (٢٤٢٧)ی برایەتی ڕۆژی ١٩٩٧/٩/٢٩ کە هەردوو لاپەڕەی (٢، ٣)ی لەخۆگرتبوو، پاش تەواوبوونی دیمانەکە و لەسەر مێزی نان خواردن کە برای بەڕێز عوسمان خۆشناویشمان لەگەڵدا بوو باسی هەندێ لەو کێشانەم بۆ کرد کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم ئیش و کارەکاندا بەتایبەتیش هاوکارینەکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەڵام کاتێك هەواڵێکیان یاخود وێنەیەکیان بەو شێوەیەی ئەوان دەیانەوێت بڵاونەکرابێتەوە ئەوجا بە هەر شێوازێك بێت (تیر)ی خۆیان ئاڕاستەی برایەتی کردووە، لە وەڵامدا کاك نێچیرڤان گوتی (برا، ڕۆژنامەنووس دەبێت بێنی درێژ بێت و بە سەلیقە مامەڵە لەگەڵ برادەران بکەیت، ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە زۆر مەسەلە وەکو یەك بیر ناکەینەوە، دەزانم تۆ مرۆڤێکی ئاقڵی کێشەی ناوچەیی و شەخسیت لەگەڵ کەس نییە، من لەسەرەتاوە کە تۆم ناسی پەسەندم کردی، بیریشم ناچێت کاتێك لەنێوان من و کاك جەوهەر پێش چەند ساڵێك (لێك ناحاڵیبوون)ێکی بچوك ڕوویدا تۆ زۆر ئاقڵانە کەوتیە نێوان و لێکناحاڵیبونەکە نەما، لەوانەیە هەندێ لە برادەران بەهەڵە لەهەندێ شتی ئێوە تێنەگەن، بەڵام (جەنابی مامم و من) بڕوامان بە تۆیە و بەردەوام بە لە کارەکانت. (ئەوجا بە پێکەنین و گاڵتەوە گوتی دیمانەکەم لە شوێنێکی باش بڵاوبکەوە).

سەرەتای ساڵی ١٩٩٨سیمای ئومێدبەخش بە بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستانی پێوە دیاربوو، دەستپێکی نووسینەکانم لەو ساڵەدا بە نووسینی سەروتارێکی برایەتی بەناوونیشانی (بەو ئومێدەی ساڵی تازە... ساڵی ئاشتەوایی و ئارامی بێت) کە لە بڕگەیەکدیا نووسیومە (خەڵك بەو ئومێدەوە دەژین، بەو هیوایەن ساڵی تازە ساڵی نەمانی شەڕ و سەرکەوتنی ئاشتی بێت، ساڵی پووکانەوەی خەونی دوژمنان بێت لە کوردستاندا، ئاسوودەیی و تەناهی سەقامگیری و هیچ نەبێت زەرەر لە نیوە بگەڕێتەوە و بتواندرێت قەرەبووی ڕۆژە لەدەستچووەکان بکرێتەوە کە شەڕی ناوخۆ نەیهێشتووە سوودی لێ وەربگیرێت)، وابزانم بەڕێکەوت نەبوو کە بەڕێز سەرۆکی پارتی ڕۆژی

١٩٩٨/١/١٤ پڕۆژەیەکی چڕوپڕی بۆ بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆی و سەقامگیربوونی ئاشتی لە کوردستان ڕاگەیاند کە ئاڕاستەی بەڕێز (مام جەلال)ی کردبوو کە ئێمە لە برایەتی سەرەڕای دەقی پڕۆژەکە کە بۆ بەڕێز (مام جەلال) ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نێردرابوو کە سەراپای لاپەڕە (١)ی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٥٠٧) ڕۆژی ١٩٩٨/١/١٨ لەخۆگرتبوو لەتەواوی لاپەڕە (٢، ٣)شدا دەقی ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز سامی عبدالرحمن بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی (پ. د. ك) بڵاوکرابۆوە لەژێر ناوی (ئێمە وەك پارتی زۆر بە پەرۆشین ئاشتی لە کوردستاندا جێگیر بێت) کە تێیدا زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان ئەوانەی لە هەولێر بوون ئامادەی ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیە بوون، لە هەمان کاتیشدا وەکو بۆچون و پەیڕەوی ڕۆژنامەی برایەتی لەبەر ڕۆشنایی پڕۆژەنامە چڕوپڕ و هەمەلایەنەکەی ١٩٩٨/١/١٤ سەرۆك بارزانیدا (٧) ئەڵقەی بە زنجیرە کە ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارەی برایەتی (٢٥٠٨)ی ڕۆژی ٩٨/١/١٩ دەستی پێکرد و ئەڵقەی حەوتەم لە ژمارەی (٢٥١٣)ی برایەتی ڕۆژی ٩٨/١/٢٦ لەژێر ناوی (کۆتایی هێنان بە کارەساتی شەڕی ناوخۆ لەکوێوە دەست پێدەکات کە لە کۆتاییدا گوتراوە (پارتی دیموکراتی کوردستان دوای وردبونەوەیەکی زۆر و دیراسەت کردنی هۆکار و دەرئەنجامەکانی شەڕ و لێکدنەوەی بەرژەوەندی میللەت و بەرژەوەندی خواستی هەردوو لایەن و خوێندنەوەی هەل و مەرجی کوردستان، ئەم پڕۆژە چڕوپڕ و هەمەلایەنەی بەوپەڕی جدیەت و نیازپاکی مەترەح کردووە، خۆشحاڵیشە بەوەی چەندین خاڵی هاوبەش لە بۆچوون و پڕۆژەی هەردوولادا هەیە کە ئەگەر جدیەت و نیازپاکی باڵادەست بن ئەم هەوڵانە بە ئاشتی دەگەیەنن)، دیسان هەر بەوەندە لە برایەتی نەوەستاین بەڵکو دەستمان کرد بە سازدانی مێزگەرد و دیمانەی هەمەلایەنە و بڵاوکردنەوەی وتار و بۆچوونی جیاواز کە هەمووی خۆی لە چوارچێوەی سەقامگیرکردن و سەرکەوتنی پڕۆسەی ئاشتی لە کوردستان بوو، هەوڵ و بۆچوون و کرداری ئاشتیخوازانە ڕێڕەوی خۆی گرت، یەکێ لەو کەسایەتیانەی کە ڕۆڵێکی باڵای بینی لەم

**بوارەدا مامۆستا عەزیز محەمەد بوو کە دڵسۆزانە سەرگەرمی هاتوچۆی نێوان بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود بوو کە تێیدا چەندین نامە لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرا کە پاشان بە پێکهێنانی (لیژنەی تەنسیق) و پاش ماوەیەکیش سەرەڕای هەندێ کێشەی لاوەکی پڕۆسەی ئاشتی سەرکەوت و شەڕی براکوژی کۆتایی هات بە شێوە گەرمەکەی، بەڵام بە شێوازێك بنبڕ نەکرا کە شەڕی ساردی برایانیش ئاسەواری نەمێنێ، بەڵام بەهەرحاڵ قۆناغێکی دیکەی ئاشتەوایی دروست کرد کە برایان لەسەر یەك مێز و لە یەك پەرلەمان و لە یەك حکومەتدا کۆببنەوە.**

**لەو سەروبەندەدا لیژنەی تەنسیقی باڵا بەپێویستی زانی کە کۆبونەوە لە نێوان هەردوو مەکتەبی راگەیاندنی پارتی و یەکێتی بکرێت بەمەبەستی رێگەگرتن لە شەڕی راگەیاندن و دەستپێکی قۆناغێکی تازە لە پەیوەندی نێوان هەردوو مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن دەستپێکرد، رۆژی ١٩٩٨/١٠/١٠ کۆبونەوەیەك بە سەرپەرشتی کاك سامی ئەنجام درا کە تێیدا بڕیاردرا شاندی ئێمە کە پێکهاتەکەی بریتی بوون لە (فلك الدين كاكەيی، فەرهاد عەونی، عبدالسلام برواری، سەرۆ قادر، سەباح بيت الله، پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٠/١١ بەرەو شەقلاوە چووین ولە ئوتێل مشکور پێشوازیمان لە شاندی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کرد کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان (عادل موراد، ئازاد جوندیانی، دڵشاد عبدالله، عەباس بەدری، مستەفا ساڵح کەریم، بارزان عوسمان)، کۆبوینەوە کە لە کەش و هەوایەکی برایانە و دۆستانەدا ئەنجام درا، چونکە هەمووومان دۆست و برادەری یەکتری بووین و ساڵانێك بوو پەیوەندی برایانە و هەڤاڵانە کۆیکردبوینەوە، بۆیە گفتوگۆیەکان لە چوارچێوەی بێدەنگ کردنی دەنگی شەڕ بوو کە تێیدا چەند بڕیار و راسپاردە لەم چوارچێوەدا پەسەند کرا.**

**کارکردن لە بواری رۆژنامەگەریدا کارێکی سەختە بەتایبەتیش لە رۆژنامەیەکی رۆژانە سەرەڕای بوونی چەندین پاشکۆ لەگەڵیدا، دیسان ئەگەر ئەو رۆژنامەیە ئۆرگانی حزبێك بێت لە بارودۆخی کوردستاندا، ئەوان بێگومان**

رۆژانە تووشی سەرئێشەی دەبێت، چونکە ئەوەی من لە ماوەی ئەو (٧) ساڵەدا (١٩٩٣ – ٢٠٠٠) دیتم سەری مرۆڤی سپی دەکرد، هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە خۆی بە ئیمپراتۆرێك دەزانی و هەمیشە بە میزاج و لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردین، حەفتە نەبوو لەسەر هەواڵێك، هەڵەیەکی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بە بەراورد لەگەڵ هەواڵی خۆی لە هەمان ئاستدا، گەورە و بچووکی وێنە، ئەوانە هەمووی هۆکاری سەرئێشە بوون، دەبوونە هۆکاری دڕدۆنگی ئەو برادەرانە، ئینجا تۆمەتی سەر بەو ئەندامە و پیاوی ئەو ئەندامە و خزمی ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یاخود کۆمیتەی ناوەندی دەدرانە پاڵ، هەندێکیانم لە (ئەزمونی رۆژنامەوانیم) نووسیوە، جارێکیان لە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی بە وجودی بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی کە تێیدا بۆ (محاکەمەی) من تەرخان کرابوو، بەڵام کەس لەو برادەرانە شتێکی ئەوتۆی پێ نەبوو کە منی پێ تۆمەتبار بکات، کاتێ کە سەرۆك زانی ئەوان هیچیان پێ نییە ئەوجا رووی لە من کرد و گوتی (تۆ چ دەڵێی؟)، منیش لە وەڵامدا کەوتمە قسە و راشکاوانە گوتم (لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ برادەران، بەڵام ئەوەی لەگەڵ برایەتی دەکرێ لەلایەن برادەرانی سەرکردایەتی لەسەر هەندێ بابەت کە ئەوە ناهێنێ گلەییمان ئاڕاستە بکرێت، هیچ یەکێکیان لەو برادەرانە کاك سامی لێ دەربچێت رۆژێك لە رۆژان برایەتی بە بابەتێکی تایبەتیان بەسەر نەکردۆتەوە یاخود هەواڵێکی تایبەتیان پێ نەداوین، شەڕەکە لەسەر وێنە و شوێنی هەواڵە پرۆتۆکۆڵییەکانە کە تێیدا ئەگەر ئازاد بم و لە رۆژنامەیەکی ئازاددا (غیرە حزبی) کار بکەم ئەو جۆرە هەواڵانە نیوەی بڵاوناکامەوە و نیوەکەی دیکەشی لە (محلیات) بڵاو دەکەمەوە، چونکە هیچی پەیوەندی بە خەڵك و داخوازی خەڵك و بۆچوونی خەڵکەوە نییە، بەڵام ئەو برادەرانە هەندێکیان بەداخەوە سەرکەوتوویی برایەتی لە وێنە و هەواڵ و شوێنی دابەزینی هەواڵ و وێنەکانیان دەبینن کە بە داخەوە ئەمیشیان بۆتە برپارێکی پێشوەخت لەسەر برایەتی، بەندە ناتوانێ هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی لقەکان و

سکرتێری ڕێکخراوەکانی جەماوەری ڕازی بکەم ئەگەر بەڕێزتان (مەبەست بەڕێز سەرۆکی پارتی بوو) فریام نەکەون ناتوانم ئەو ئەرکە رۆژنامەنووسییە وەکو پێویست جێ بەجێ بکەم)، کاتێ لە قسەکانم بوومەوە هەندێ بەڵگە و بروسکەی پەیوەندیدارم نیشانی بەڕێزیان دا کە لەلای دەستەڕاستی دانیشتبووم ئەویش لە هەندێکیان وردبووەوە و دەیخوێندنەوە.

لێرەدا دەمەوێ خەسڵەتێکی بەڕێز مەسعود بارزانی باس بکەم کە زۆر بە (ڕەوشت بەرزی) مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و ئەندامان دەکات و هەمیشە لە بریندارکردنی بەرامبەر ناگەڕێ و ئەگەر گەیشتیشە ڕاستی ڕاشکاوانە و بە هێمنی ڕای خۆی دەردەبڕێ، بۆیە کاتێ تەماشای هەندێ لەو بروسکە و گلەییە ئامێزانەی کرد هاتە قسە و بە زەردەخەنەوە گوتی (فەرهادتان هێناوە دادگایی بکرێت، بەڵام بێ گوناح دەرچوو، هیوادارم لەمەولا بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکرێت، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێویستی بە دیعایە نییە، کار و چالاکییەکانی لە خزمەتی میللەتدا باشترین ڕێگایە بە نێو و ناوبانگی، پاش ئەو کۆبونەوەیەش) تەعمیمێك بڵاو دەکرێتەوە کە بە هیچ شێوەیەك فشار لەسەر ڕاگەیاندن نەکرێت، بەڵام پێویستە ڕاگەیاندنیش بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و کەسەکان بکات).

پاش کۆبونەوەکە بە یەك دوو ڕۆژ (تعمیم) لە سەرۆکەوە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە وێنەی درابوو بە مەکتەبی سیاسی و لقەکان بەو ڕێنماییانەی کە لە کۆبونەوەکە قسەی لەسەر کرابوو، بەڵام دیسان نە ڕوحیەتی کۆبونەوەکە و نە ڕێنماییەکان کە بە (تعمیم) هەموو لایەکی پێ ئاگادارکرابووەوە نەبووە نەخشەڕێگای جۆری مامەڵە لە نێوان سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن بەتایبەتیش برایەتی.

لە ساڵی ١٩٩٣وە پاش وەرگرتنی ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی و بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووس برایەتی و خەبات پلەی پارتایەتیەکەشم بەرزکرایەوە و ڕاستەوخۆ کرام بە ئەندام مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، لە ساڵی ١٩٩٤یشەوە بوومە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و لێکۆڵینەوە کە لەو

مەکتەبەشدا بە جیاوازی قۆناغەکان لەگەڵ بەڕێزان (د. ئازاد نەقشبەندی، د. عبدالفتاح بۆتانی، ئەحمەد سالار، خوالێخۆشبوو د. سعدی بەرزنجی، د. سەلاح عوسمان، د. شێرزاد نەجاڕ، زاهیر ڕۆژبەیانی، یاور نامق، خوالێخۆشبوو عەمیدی خانەنشین کاف محمد نەبەوی، خەسرەو گۆران...) کە تێیدا خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم چە ئەو کاتەی سەرۆکی پەرلەمان بوو پاشوتریش کە بویە سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لێپرسراوی مەکتەب بوو کە دەتوانم بڵێم یەکێ لە هەر مەکتەبە ناوەندیە چالاکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە بەرهەمەکانی بەتێکڕایی گەیشتە (٣٥) دیراساتی بەپێز لە بواری (نەوت لە کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی و هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان، کێشەی زەوی و واقیعی کشتوکاڵ لە کوردستانی عیراقدا، بنیاتنانی شانۆی کوردی، چەند توێژینەوەیەکی دەستووری سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەسەڵات و فیدرالیەت، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦ – ١٩٧٠، ئاوی کوردستان و ئاسۆی پاشەڕۆژ، پارتی کرێکارانی کوردستان (پ. ك. ك) و رۆڵی لە بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کوردستاندا، ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان لە رۆژی دامەزراندنیانەوە تاکو راپەڕینی ساڵی ١٩٩١...، چەندین دیراساتی دیکە)، کە لە راستیدا هەموو ئەو دیراساتانە بە گیانێکی ئەکادیمی نووسراوە کە لە بنەڕەتدا مەبەست لە دروست بوونی ئەم مەکتەبە پاش کۆنگرەی (١١)داروٚشنبیرکردنی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەو بوارانەی کە مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی ئامادەکردووە بە سەدان دانەشی لێ چاپ دەکرا، بەڵام ئەوەی جێگای داخە نەمزانیوە و نەمبیستووە رۆژێ لە رۆژان لە هیچ ئەڵقەیەکی رۆشنبیری ئاستە جیاجیاکانی پارتی ئەو دیراساتانە سوودی لێ وەرگیرابێت، تەنانەت وەکو گوێبیستی بووم یەکێ لە لێپرسراوانی یەکێ لە لقەکانی پارتی پاش ئەوەی (٢٥) دانەی لە یەکێ لەو دیراساتانە پێگەیشتووە گوتویەتی (کەی کاتی ئەوەمان هەیە ئەو جۆرە نامیلکانە لە ڕێکخستنەکان بخوێندرێتەوە، خەڵك لێ بۆتەوە، خۆی لە ماڵی

خۆی به رادیۆ و تەلەفزیۆن رۆشنبیر دەکات)، لێرەدا باسی بابەتێك دەکەم.. لە سەرەتای ژیانی تێکەڵ بوونم بە سیاسەت کە چۆن ئەوکاتە مامەڵە لەگەڵ خۆ رەوشەنبیر کردن دەکرا لە ساڵی ١٩٦٠ کە تەمەنم چواردەساڵ بوو بەهۆی ئەو بارودۆخەی پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ خزامە ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقی کە تەنها دوو ساڵ و چەند مانگێکی خایاند و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا لە ئاکامی گۆڕانی هزر و بارودۆخی سیاسی و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەکداری شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بە قەناعەتەوە بە ئارەزوو و خواستم بەرەو بیرە نەتەوەییەکە گوزەری کرد، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە لە ناو رێکخستنەکانی ئەو سەردەمی حزبی شیوعی لایەنگری حزب کە دەبوو بە پاڵێوراو تاکو لە ئەزمونی چەند قۆناغەی هەستی سیاسی و ئاستی رۆشنبیری و رەوشتی کۆمەلاّیەتی سەرکەوتوو نەبوایە پلەی بۆ ئەندامیەتی بەرزتر نەدەکرایەوە، ئەوەی لەبیرمە لە سەرەتادا لە قۆناغی پاڵێورانمدا (کیف تصیح شیوعیاً جیداً)ی کە سەرکردەیەکی بالاّی ئەو سەردەمی ولاّتی چین و حزبی شیوعی چینی (لیوشاوش) نوسیبووی و لەگەڵ نامیلکەی (مستلزمات کفاحنا الوطني – پێداویستییەکانی تێکۆشانی نیشتمانیمان) کە لە نووسینی دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراق خوالێخۆشبوو یوسف سلمان (فهد) کە هەفتانە لە کۆبونەوەکان بۆمان دەخوێندرایەوە و ئەوجا شی دەکرایەوە، ئەم دیاردەیەم تەنها لە حزبی شیوعی دیوە ئەویش نازانم رۆژگاری ئەو سەردەمەی حزبی شیوعی عێراقی یا کوردستانی ئەو دیاردەی ئەندام رۆشنبیرکردنەوەیان ماوە یان نا، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵەکانی سەرەتای پەنجاکانەوە ئەویش خۆی بە حزبێکی سودمەند لە تیۆری مارکسی لینین دەبینی و تا رادەیەك گرنگی بەم لایەنەی رۆشنبیری دەدا، شیوعی و پارتییەکانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو باس لەو تێکهەڵچونەی ئەندامانی ئەو دوو حزبە دەکەن لەسەر ئەوەی کورد نەتەوەیە (أمە) یان نا، شیوعییەکان بە پشت بەستن بە تێگەیشتنی ستالین ئینکاری نەتەوەبونی کوردیان دەکرد و پارتییەکانیش بە پشت بەستن بە

تیۆری تێگەیشتن لە هزری نەتەوەیی کە بونی زمان، خاك، مێژووی هاوبەش نەتەوە پێك دەهێنێ کوردیان پێ نەتەوە (امە) بوو.

من خۆم باشم لە بیرە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەسەر هەبون و زەرورەتی حزبی شیوعی لە کوردستان لە نێوان بەڕێزمان مام جەلال ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردستان و بهاالدین نوری کە یەکێ لە سەرکردە دیارەکانی حزبی شیوعی عێراقی بوو بابەتی سەرەکی رۆشنبیرکردنی ئەندام و لایەنگرانی ئەو دوو حزبە بوون لە کوردستان کە خۆی لە نووسینی چەندین بابەت و دژە بابەت دیتەوە لە هەردوو رۆژنامەی ئازادی و خەبات کە تێیدا مەبەست راست و درووستیی را و بۆچوونەکانیان بوو دەربارەی ئەو بابەتەی کە ئایا (حزبی شیوعی زەروورەتی هەیە لە کوردستان هەبێت).

خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیق سالم کە ئەویش بارودۆخی سیاسی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی لەبیربوو زۆرجار دووقۆڵی باسمان لەو بۆشاییە دەکرد کە لایەنی رۆشنبیری فەرامۆش کراوە و خەڵك و ئەندامانی پارتی زیاتر لە رێگای راگەیاندنەوە ئاگاداری بابەتە سیاسییەکان دەبوون، بەڵام هیچ کاتێك بابەتی خۆپڕچەککردن بە پشت بەستن بە رۆشنبیری تاك یاخود ئەندام لەسەر بنەمای دیراساتی زانستی ئەکادیمی حیسابی بۆ نەکراوە، بۆیە باوەڕ ناکەم بابەتە چارەنوسسازەکانی ئاییندەی کوردستان و نەتەوەی کورد وەکو کێشەی ئاو لە ئاییندەدا، نەوت لە کوردستان، کێشەی ئەرز و موڵکداری، خودی مێژووی کۆنگرەکانی پارتی، تەنانەت باوەڕ ناکەم پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی وەکو پێویست حزوری لای ئەندامان هەبێت، زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبووم و دەگوترا (لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی کە (زەمانی ئەو جۆرە حزب و پەیڕەو و پرۆگرامانە نەماون)، نمونەشیان بە ژیانی سیاسی و وڵاتانی رۆژئاوا دەهێنایەوە، بەڵام چونکە ئاستی رۆشنبیرییان (نەك سیاسییان) هێندە نزم بوو جیاوازی بارودۆخ و ژیانی سیاسی و مێژووی دروست بوونی دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئاستی رۆشنبیری لەگەڵ وڵاتێکی دابەشکراوی بێ ماف

جێنۆسایدکراوی وەکو کوردستانیان نەدەکرد کە هەر هیچ نەبێت سەد ساڵ لەوان دواکەوتوترین.

کاک جەوهەر ئەو راستیەی دەزانی بۆیە کاتێ بە ئارەزو و هەوڵی خۆی و پشتگیری کاک مەسعود بارزانی توانی مەکتەبی ناوەندی بگەیەنێتە ئەم ئاستەی کە لە ماوەی (١٠) ساڵدا بتوانێ نوخبەیەك كۆبكاتەوە و (٣٥) دیراسات پێشکەش بە پارتی بکات، بەڵام بە داخەوە سوودی لێ وەرنەگیرا، باوەڕ ناکەم هەتا هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش چاویان پێدا خشاندبێت، لە کاتێکدا ئاشکرایە کە چە ماندوبوون و کاتی ویستووە تاکو ئەم دیراساتانە لە خزمەتی رۆشنبیرکردنی ئەندامانی پارتیدا بێت، راستە وەکو هەندێك دەڵێن ئەو سەردەمە سەردەمی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان نییە، سەردەمێکی ترە و خەڵك گۆڕاوە و دەبێت حزبیش بگۆڕێت و خۆی لەگەڵ بارودۆخی تازە بگونجێنێ، ئەمە تا رادەیەك راستە، بەڵام لە بارودۆخی وڵاتێکی پارچەکراودا کە تاکو ئێستا لەو بەشی باشوری کوردستان (کوردستانی بەعێراق لکێنراو) نەبێت کە لەژێر سێبەری فیدرالیەتدا لەپاش راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هاتۆتە بەرهەم کە ئەویش بە داگیرکەران دەورە دراوە و سەد و یەك پلان و پیلان دژی ئەنجام دەدرێ و لەناو دەریایەکی بێ بەزەییدا دورگەیەکی ئارامی لەرزۆکی تێدا هاتۆتە دی نابێت بەتەواوی رووی خۆمان لەو راستیە وەرگێڕین و تاکو ئێستاکەش ئێمە پێویستیمان بە جۆرێك لە دیسپلینی حیزبایەتی هەیە و پێویستام بە پتەوکردنی رایەکی حیزبایەتی هەیە، چونکە بارودۆخەکە وادەخوازێ کە هەمیشە وەکو تفەنگ لەسەری پی بین تا رادەیەکی گەورەش لەگەڵ دیسپلینی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ. ك. ك)دام کە دەتوانم بڵێم بەو توندوتۆڵیە ماوە لەناو ئەو گێژاوە سیاسییەی کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێیدا دەژێ.

هیچ کاتێك نەم ویستووە بەدوای پلەی پارتایەتیدا بگەڕێم، زۆریشم لەباردا بووە کە زیاتر پێشبکەوم، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەوڵم بۆ نەداوە، راستە لە ساڵی ١٩٦٣وە بومەتە پێشمەرگە و چوومەتە ریزی پارتی دیموکراتی

کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەرزترین پلەش کە تاکو ساڵی ١٩٧٥دا یانی لە نێوان ئەو دوانزە ساڵەدا گەیشتوومەتە ئەندامی لیژنەی پیشەیی لە رێکخستنەکانی پارتی لە بەغدا، گەرچی لەسەروبەندی پێش رێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تەکلیف کرام لەگەڵ هاورێی خۆشەویستم جەلال خۆشناو بۆ ئەندامیەتی لیژنەی بەغدا، بەڵام بەهۆی لێپرسراویەتیم لە رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەو ئەرکە حزبیەم رەتکردەوە، بەڵام کاتێ لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢ چوومە (التاخی) و لێپرسراویەتی شانە سەرەکیەکەم وەرگرت بوومە ئەندامی لیژنەی سەرەکی پیشەیی لەگەڵ کۆمەڵێك لە رۆشنبیرانی وەکو بەڕێزان (عبدالخالق حەوێزی، ئەمیر حەوێزی، مهندس زاهیر حسێن، ئەندازیار شەوکەت عەقراوی، عبدالرحمن ئەمین عبدو، د. جلال کە بەداخەوە ناوی باوکیم لەبیر نەماوە) کە تاکو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ئازاری ١٩٧٤ بەردەوام بووم، پاش ماوەیەك لە سەرەتای پایزی ١٩٧٤یش هەڵبژاردنێك کرا بۆ (ناوچەی ئازادی-ناوچەی سەرکردایەتی) کە بریتی بوو لە رێکخستنەکانی ئەمانەتەکانی (وەزارەتەکان)ی شۆڕش لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا بە ئەندامی ناوچە هەڵبژێردرام، وەکو نیشانیشم داوە پاش راپەڕینیش لە ساڵی ١٩٩٣ وەکو ئەندام لە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و پاشانیش ئەندام لە مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە داندرام، بەڵام وەکو جارێك لە بۆنەیەکدا خوالێخۆشبوو سامی عبدالرحمن رووبەڕووی هەندێك لە ئەندامانی راگەیاندن لە ساڵی ١٩٩٥ گوتی (راستە فەرهاد پلەیەکی حزبی بەرزی نییە و تەنها ئەندام مەکتەبە، بەڵام شەخسیەتێکی اعتباری لە ناو پارتی هەیە)، بۆیە زۆر جار ئەرکی وەهام دەخرایە ئەستۆ کە لە ریزی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یاخود سەرکردایەتی دادەندرام کە ئەمەشیان نیشانەی راست و دروستی قسەکانی کاك سامی عبدالرحمن بوو.

بە ژمارە (٩٠٩) لە ١٩٩٧/٧/١٤ نوسراوی مەکتەبی سیاسی (پ. د. ك) لەگەڵ چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاك رێبوار یەڵدا کە ئێستاکە لە پاش

**کۆنگرەی (١٣)یەمینەوە بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە ئەندامیەتی ئەو لیژنەیە داندرام بەمەبەستی دیراسەتکردن و لێکۆڵینەوەی بارودۆخی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان کە ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**

ژمارە : ٩٠٩
رۆژ : ١٤/ ٧ / ١٩٩٧

بڕیار

لە پێناوی دیراسەت کردن و لێکۆڵینەوەی بارودۆخی رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی یەکان و دەستنیشانکردنی رێگای پەرەپێدانی ئەم رێکخراوانەو چۆنیەتی پێشخستنی کارو چالاکی یەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی رێکوپێک و شایستەو گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ئەو ئەرکانەی کەوتوونەتە سەرشانی پارتیمان لەم قۆناغەدا، مەکتەبی سیاسی لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٩٧/٧/١٢دا بڕیاری دا لیژنەیەک لەم هەڤاڵانەی کە ناوەکانیان لە خوارەوە نوسراوە پێک بهێنێت:-

١- بەڕێز فاضل میران.
٢- بەڕێز هوشیار زێباری.
٣- بەڕێز عزالدین بەرواری.
٤- بەڕێز محمود محمد.
٥- بەڕێز رێبوار یلدا.
٦- بەڕێز فرهاد عونی.

تکایە ئەم لیژنە بە زووترین کات دەستبەکاربێت و لە ئەنجامی کارەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە.

م. س

وێنەیەک بۆ/
- بەڕێز جەنابی سەرۆک.
- مەکتەبی ناوەندی رێکخستن بەڕێز.
- بەڕێزان ئەندامانی لیژنە.

وه دیسان بەمەبەستی (دیراسەت کردنی پێشنیار و تێبینییەکان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پارتیمان و گونجاندن و ڕێکخستنی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆماندا) و بەپێی نووسراوی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە ژمارە ١٣ لە ١٩٩٨/٣/٢٤ لیژنەیەك بە سەرپەرشتی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی پەرلەمان و لێپرسراوی مەکتەب لیژنەیەك لە خوالێخۆشبوان د. سەعدی بەرزنجی و زاهیر ڕۆژبەیانی و بەندە پێکهێندرا بۆ ئەو مەبەستەی کە لە نووسراوەکەدا هاتووە کە تێیدا چەندین بۆچون و پێشنیاری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی وەکو بەڕێزان سامی عبدالرحمن، فازڵ میرانی، حبیب محمد کریم، سعد عبدالله، محەمەد مەلا قادر، عومەر عوسمان، سەید کاکە بۆ ئەو لیژنەیەی ئێمە هات بەمەبەستی دیراسەت کردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر هەموارکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ، ئەم بڕیارە بە نسبەت من پاشخانی پێشوتری هەبوو کە لە کۆنگرەی (١١)دا پێش کۆنگرە چەندین جار لە کۆیەوە دەهاتم بەمەبەستی بەشداریکردن لە لیژنەیەکی تایبەت بە هەموارکردنەوەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ کە تێیدا لەگەڵ برایان (جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی لیژنە و د. ناسیح غەفور ئەندام، بارزانی مەلا خالید) ڕاپۆرتێك ئامادەکرا و لە لیژنەی تایبەتی دروستکراوی ناو کۆنگرەش هەمان ڕۆڵم بینی.

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**
مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە

ژمارە: ١٢
رۆژ: ٢٠/ ٢/ ١٩٩٨

## بڕیار

لە پێناو دیراسەت کردنی پێشنیارو تێبینییەکان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پارتیمان و گونجاندن و رێکخستنی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆماندا، بڕیارماندا بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە بە سەرپەرشتی بەڕێز بەرپرسی مەکتەب و ئەندامێتی هەر یەک لە بەڕێزان:

١ـ د.سەعدی بەرزنجی ئەندام
٢ـ فەرهاد عەونی ئەندام
٣ـ زاهیر رۆژبەیانی ئەندام

م.ن.د.ت

وێنەیەک بۆ/
هەر یەک لە ئەندامانی لیژنەکە.

لێرەدا کە باس لە پلەی حزبی و بەرزبوونەوە لە ریزی پارتایەتیدا دەکەم تەنها مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم لە کوردستان تا رادەیەکی زۆریش لە حزبەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانەکە وەکو باسی لێوە دەکرێ گووایە پێشکەوتن لە پلە و پارتایەتی نە بە لێهاتوییە و نە بە ئیش و نە بە باری رۆشنبیر و دەوڵەمەندی هزرە و نە بە قوربانیدان و ماندوبوونە لە رێگای پارتایەتیدا بەڵکو مەسەلەکە تا رادەیەکی گەورە بە هەندێ ئیعتیباراتی گەورەتر کە دەبێت لە مرۆڤی (تەموح) بەدی بێت و وەکو هەندێ لەو ئەندام سەرکردایەتیەی ئەمڕۆ دەبینین کە بریتیە لەوەی ماکینەیەکی گەورەی ماستاوت هەبێت و رۆژانە ماستاوچیەتی بکەیت، ئەوجا بە هەموو بارێکەوە یاخود دەبێت ببیت بە پیاوی یەکێك لە سەرکردە دەست رۆیشتووەکانی سەرکردایەتی کە تێیدا بە قودرەتی قادر هەتا ئەگەر (جلوبەرگی زەیتونیشت) لە پێش راپەڕین لەبەرکردبێت دەگەیتە پلەیەکی حزبی بەرز یاخود وەرگرتنی پۆستی وەزارەتێك یان پلەیەکی وەزیفی گەورە، لێرەدا وەنەبێت لەگەڵ رێزم بۆ ئەوانەی کە بە ماندوبوون و شەونخونی و بەردەوام بووم لە رۆژە سەختەکاندا لە تێکۆشانی رێڕەوی ئەو حزبە گەیشتوونەتە پلە و پایەیەکی حزبی و حکومی بەرز، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە تەنیشت ئەوانەشەوە خەڵکانێك هەن گەیشتوونەتە ئەم پلە و پایە کە مرۆڤ داخ و خەفەت دەیکوژێ کە ئەم حزبە تێکۆشەرەی بارزانی نەمر کە ماوەی (٧٠) ساڵە لە رێڕەوی خەبات و تێکۆشاندا قاڵ بووەتەوە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە زۆرێك لە ئەندامە رەسەن و تێکۆشەرە دێرینەکان لێی رازی نەبن و لێی دووربکەونەوە کە تێیدا بەپێی ئیش و کاری راگەیاندن و رێکخراویی و هەڤاڵیەتی دەیان و سەدان هاوڕێ و هەڤاڵی ئەم رێبازەم دیوە کە هەندێکیان لە ئاستی بەرزیشدا گلەیی و گازندە لەو ئاڕاستەیە دەکەن کە حزبەکەیانی پێدا تێدەپەڕێ زۆرجار دڵسۆزان و تێکۆشەران بەئومێدی گۆڕانکاری باشتر و بەپێزتر و ماقوڵانەترن کەوا کۆنگرەکانی پارتی بتوانێ ئەم گۆڕانکارییانە بێنێتە گۆڕەپانی عەمەلی بەڵام کۆنگرەکانی پاش راپەڕینمان دیت کە چۆن کەرنەڤاڵ ئاسا و  شیعر خوێندنەوە و پیاهەڵدان جێگای موناقەشاتی جدی و

کاریگەری گرتۆتەوە و نەتوانراوە دیراسەتێکی تێروتەسەلی ئەوتۆ پێشکەش بەو کۆنگرانە بکرێت، بەڵکو ئەوە خودایە پارتی لەو ئەزمەیە دەربێنیٚ. لە شوێنێکی دیکەی ئەم بیرەوەرییانە جارێکی دیکە لە لاپەڕەکانی داهاتوو بەپێی پێویست دێمە سەری.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ جۆرە گەشبینیەکی پیٚ بەخشیم لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان کە ئەویش پاش رێککەوتنی واشنتۆن هاتە ئاراوە خودا خێری ئەمریکا بنوسیٚ کە ئەم ناوبژیوانیەی لە نێوان (برایان)دا کرد، رۆژی ١٩٩٩/١/٩ بەڕێز مام جەلال لەگەڵ وەفدێکی مەکتەبی سیاسی سەردانی هاوینەهەواری (سەلاحەدین)یان کرد و نەخشەڕێگای فراوانتریان داڕشت بە مەبەستی زیاتری لێك نزیکبوونەوە و نەهێشتنی لە سەربەخۆیی دووئیدارەیی، پێشوتریش چەند جارێك شاندی مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکێتیان کردبوو، یەکیٚ لەو دیدارانە کە بۆ قەلاچۆلان ئەنجام درا بەندەش لەگەڵ یەکیٚ لەو شاندانەدا بووم و مام جەلال بە حوکمی دۆستایەتی دێرینی باوکم لە ناوەندی چلەکان و پەنجاکان و ناسینی خۆم لە ساڵی ١٩٦٣وە کە لە ماوەت بووم جارێکیان لەگەڵ بەڕێزیان لە ماوەتەوە هاتین بۆ قەلادزیٚ کە ٣ رۆژی پیٚ چوو کە لە سەرەتاوە باسم لێوە وەکردووە، پاشانیش پاش رێککەوتننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا بە دیداری گەیشتبووم و لە سورداشیش چەند جارێك لەگەڵ برادەران کە باسم لێوەکردووە زیارەتم کردبوون، رێزێکی زۆری لیٚ نام و باسی باوکم و شیعرەکانی بۆ ئامادەبوان کرد و ئەوجا بە دەستی خۆی لەوسەری مێزی نان خواردنەوە هەڵسا بۆ ئەوسەری کە منی لیٚ دانیشتبووم شیشێك گۆشتی برژاوی بۆ هێنام کە ئەمەش نیشانەی گەورەیی و لێهاتویی ئەو سەرکردەیەیە.

کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٩/١/٨ ئاکامی باشی لێکەوتەوە و هیوابەخشی گەلی کوردستان بوو بۆیە لەم روانگەوە ٣\٤ی لاپەڕە (١)ی برایەتی ژمارە ٢٥٧٤ی رۆژی ١٩٩٩/١/٩ بە وێنەیەکی هەردوو بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەقی بەلاغی کۆتایی و پێشوازی و بەڕێکردنیان تەرخان

کرابوو سەرەڕای تەرخانکردنی لاپەڕە (٣)ی هەمان ژمارە بۆ هەمان مەبەست تەرخان کرابوو، لە ژمارەی ڕۆژی دواتریش کە دەکاتە ژمارە ٢٧٥٥ی ڕۆژی ١٩٩٩/١/١١ گۆشەهەفتانەکەی خۆم کە ڕۆژانی دووشەممە لە لاپەڕە (٢) بڵاومدەکردەوە لەژێر ناوی (ئەمڕۆ) بۆ ئەم بابەتەم تەرخان کردبوو کە تێیدا باسی ئەزموونی دوو وڵاتی وەکو ئەسپانیا و فەرەنسام کردبوو، کە چۆن ئێستاکە خەڵکەکەی پەشیمانن لەو شەڕ و ئاشوبەیەی کە بەرۆکی ئەو دوو وڵاتەی گرتبوو لە دوو سەردەمی جیاوازدا کە بووەتە هۆکاری وەکو خۆیان دەڵێن دواکەوتنی ئەم دوو وڵاتە لە ڕەوتی شارستانیەتی دەیان ساڵە و ئێستا فرمێسکی بۆ هەڵدەڕێژن و لە کۆتایدا هیوام خواستوە کە (نەوەکانی دوای ئێمەش تووشی فرمێسك ڕشتنی زیاتر نەبن)، لە ئاکامی ئەو (حەماقەتەی کە هەموومان لێی بەرپرسیارین (شەڕی برایان) کە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ – ١٩٩٩) ڕوویدا.

لەم ساڵەدا بەڕێککەوت دووجار سەفەری کۆماری ئیسلامی ئێرانم کرد، جاری یەکەم لە مانگی شوباتدا بوو بەمەبەستی بەشداریکردن لە مەراسیمی (دەهەی فەجر) ساڵیادی بیستەمی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە تێیدا نزیکەی ١٠٠ کەسایەتی سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان بانگهێشت کرابوون، بەندەش لە نێوان شاندی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووم بۆ گێڕانەوەی ئەم سەفەرە سیاسییە دەگەڕێمەوە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ساڵی ١٩٩٩ کە بەم شێوەیە تۆمارم کردووم:

سێ شەممە، ١٩٩٩/٢/٩، هەولێر – ورمێ – تاران

سەرلەبەیانی کاتژمێر (٦) لەگەڵ د. ئیدریس هادی پێکەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو تاکو هاوینەهەواری سەلاحەدین چوین، بە گەیشتنمان کاك فازڵ میرانی لە چاوەڕوانیماندا بوو، بەرە بەرە برادەرانی دیکەش گەیشتن کە بریتی بوون لە (د. جەمال عبدالحمید، د. کەمال حاجی نەبی، سەردار ئەنوەر بەگ، لەزگین دۆسکی، حکمت عابد، حاکم محمد عبدالله سلیڤانی، د. محمود درویش، د. ادریس هادی...

پاش هاتنی برادەران و گردبونەوەیان کاتژمێر (٨)ی سەرلەبەیانی لە بارەگای (م. س) پارتی بەڕێکەوتین کاتژمێر ١٠,٣٠ دەقیقە گەیشتینە حاجی ئۆمەران، لە سنور ئۆتۆمبێلی جۆری پاسی گەورە لە چاوەڕوانیماندا بوون، ئەوجا بەرەو ورمێ بەڕێکەوتین، کاتژمێر (٣) بە پاس گەیشتینە ورمێ، پاش پشودانێکی کورت بە فڕۆکە لە ورمێوە بەرەو تاران، کاتژمێر ٤,١٥ دەقیقە گەیشتینە تاران، لە فڕۆکەخانە لێپرسراوانی ئێران لەپێشوازیماندا بوون و یەکسەر بەرەو ئوتێلی (کوثر تهران) بەڕێکەوتین، ئوتێلەکە قەرەباڵغ بوو بە میوانانی ئەم بۆنەیە، شەوەکەی پاش هەندێ گەڕان بە خیابانی (ولیعصر) کە پێشوتر لە زەمانی شادا ناوی خیابانی پەهلەوی بوو، ئەم خیابانە یەکێکە لە خیابانە هەرە جوان و درێژی ئەم دنیایە لە هەردوو لاوە بە داری چنار و درەختی دیکە کە تەمەنیان لە دەیان ساڵ زیاترە دوو جۆگەلەی ئاویش کە لە سەروی تارانەوە دێتە خوارێ دیمەنێکی دڵڕفێنی داوەتە ئەم شەقامە کە بە رۆژێك ناتوانی ئەمسەر و ئەوسەری بکەیت، بەڵام ئەم جارەیان لە بابەت پاك و خاوێنی وەکو هاوینی ساڵی ١٩٧٤ نەبوو کاتێ بۆ کڕینی پێداویستییەکانی چاپ سەردانی تارانم کردبوو، شەو تا درەنگانێك لەگەڵ برادەران لە هۆڵی ئوتێل کاتمان بەڕێ کرد.

چوارشەممە، ١٩٩٩/٢/١٠، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی بە پاسی گەورە لە رێگای شەقامی (ولیعصر)وە کە زۆر قەرەباڵغ بوو بەرەو سەروی تاران بەڕێکەوتین بەمەبەستی سەردانی نیشتەجێی ئیمام خومەینی لە خیابانی (حسین کیا) شوێنەکە خانویەکی ئاسایی بوو و لەم شوێنە ئیمام خومەینی پێشوازی لە خەڵك و میوانان دەکرد، کاتێ چووینە ژوورەوە کە بریتی لە هۆڵێکی گەورە کە تەلەفزیۆنێکی شاشە (٥٠) ئینجی تێدابوو کە وێنە و هەندێ لە خوتبە و قسەکانی ئیمامی نیشان دەدا، بەشی خوارەوە بۆ پیاوان تەرخان کرابوو و سەروی هۆڵەکەش بۆ ئافرەتان، بە مەزەندەی من رووبەری هۆڵەکە (١٢٠م٢) دەبوو، لە تەنیشت هۆڵە گەورەکە ژوورێکی تایبەتی هەبوو بۆ دیتنی میوانان و بەرپرسانی بیانی گەورە کە تێیدا بە تاخمێك قەنەفە پڕکرابوەوە

لەسەر یەکێ لە تاکە کورسییەکان دوگردێك (بەرماڵ)ێك و جووتە نەعلێکی لێ داندرابوو لەگەڵ تەلەفۆنێکی ئەرزی، ژورەکە پانتاییەکەی ٣ × ٤م دەبوو، لەسەر مێزی ناوەندیش چاویلکەی ئیمام داندرابوو لەگەڵ هەندێ کتێبی ئایینی کە بە زمانی فارسی نووسرابوون، ماوەی کاتژمێرێك لەو شوێنە ماینەوە کە بەڕاستی جێگای سەرنج راکێشان بوو، ئەم پیاوە گەورە (مەبەست ئیمام خومەینی) لە شوێنێکی زۆر سادە ژیاوە و پێشوازیی لە میوانانی ناوەوە و دەرەوە کردووە کە هیچ سیمایەکی نائاسایی تێدانەبوو.

عادەتەن مرۆڤی گەورە کە قەدری نەتەوەیەك یاخود گەلێکی پێوە پابەندە دەبێت سادە و ساکار دەبێت لە رەوشتی کۆمەڵایەتی ئەمجا لە هەموو بارێکەوە، من بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەو جێگایەم دەکرد لە هەمان کاتیشدا دەمدیت هەندێ لە ئامادەبوانی ئێرانی لە ژن و پیاو لە کاتی سەردانەکانیاندا بە (کوڵ) بۆی دەگریان، لە گەڕانەوەدا بیرم لەو مرۆڤە دەکردەوە کە چۆن توانی بە چەکی بڕوا ئەمجا هەرچی بێت بێ چەك عەرشی تاغوتی محەمەد رەزا شای ئێران تەفروتونا بکات.

کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ شاندەکەی ئێمە بەرەو (بەهەشتی زەهرا) کە نزیکەی (١٠٠ کم) لە تارانەوە دوورە لەسەر رێگای (قوم)ی کۆن، جێگایەکی فراوان کە بە پارکێکی گەورە دەچێت و پڕە لە دارودرەختی گەورە لەوێشەوە بەرەو (صحن انقلاب ایران) چووین کە مەزاری ئیمام خومەینی لێیە کە بریتیە لە هۆڵێکی گەورە کە بە فەرش داپۆشراوە بە مەراسیم چووینە ژوورەوە (مەزارەکەی ئیمام) لە ناو گۆشەیەکی لە ئەلەمنیۆم دروستکراودایە و خەڵکی بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، پاشان سەردانی شوێنی (ئایەتوڵڵا بەهەشتی) کە قەبری محەمەد عەلی رەجائیش لە نێو قەبرەکانی شوهەدای تەقینەوەکەی باڵەخانەی سەرۆکایەتی وەزیرانی ئێرانە کە ساڵی ١٩٨٠ بە کردەوەیەکی تیرۆرتستی تەقێندرایەوە، ئەمجا دیسان بە شکۆوە چووینە شوێن قەبرەکانی شەهیدانی هەڵەبجە (٤٤) کە بریتیە لە گۆڕی ئەو شەهیدانەی کە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ حکومەتی سەدام حوسێن بۆمبارانی هەڵەبجەی بە چەکی

کیمیایی کرد و بوو بە هۆی شەهیدبوون و بریندارکردنی ٥٠٠٠ هاولاتی ئەو شارە خۆشەویستە (کە تێیدا ئەم پۆلە شەهیدە گۆڕ غەریبە لەم شوێنە نێژراون)، ئێوارە درەنگانێك گەیشتینەوە تاران و میوانی ئاغای موحەمەدی بوین لە یەکێ لە چێشتخانەکانی تاران.

پێنج شەممە ١٩٩٩/٢/١١، کاتژمێری (٩) سەرلەبەیانی دیسان بە ئۆتۆمبیلی جۆری پاس بەرەو مەیدانی (ئازادی)یان بردین کە پێشوتر ناوی مەیدانی (شەهیاد) بوو، ئۆتۆمبێلەکەمان لەبەر قەرەباڵغی لە دووری مەیدانەکە راوەستا، بە سەدان هەزار کەس بە هوتاف لێدانەوە بە گیانی پاکی ئیمام خومەینی، مردن بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل هەنگاویان دەنا، لەناو ئاپۆرەی جەماوەر هەندێکمان لێك دابڕاین، بەڕێککەوت کوڕێکی کوردی (کرماشانیم) لێ پەیدابوو کاتێ زانی کوردم کەوتە ئاخاوتن لەگەڵم زۆر بە حەماسەوە ناوەناوە هوتاڤ دەکێشا، هەندێ جاریش دەکەوتە قسە لەگەڵم، ماوەی دوو کاتژمێر لە ناو ئەو ئاپۆرایە ماینەوە تا کۆتایی خوێندنەوەی وتاری رەسمی دەوڵەت بەم بۆنەیەوە، ئەمجا کاکی کوردی کرماشانی کە ناوی (عەلی) بوو بە زەحمەت تاکسیەکی بۆ من و فروغزادی وێنەگری مەکتەبی کاك نێچیرڤان بارزانی پەیدا کرد و گەڕاینەوە ئوتێلی کەوسەری تاران.

ئێوارەی هەمان رۆژ کاك فازڵ میرانی کە سەرۆکی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو داوەتێکی نانی خواردنی ئێوارەی کردین لە چێشتخانەی (مهراجا) کە شوێنێکی رازاوە بە وێنە و تابلۆی فۆلکلۆری بوو کە تاکو بڵێی سەرنج راکێش بوو، خواردنی ئێرانی کە بریتی بوو لە (چلوکەباب، جوجەکەباب، کەبابی کوبیدە لەگەڵ شۆربای قارچك لەسەر مێزی نێوان بە شێوەیەکی جوان لەگەڵ سەوزە رازابووەوە)، بەدەم خواردنەوە باسی ئاپۆرای جەماوەری ئەو رۆژەمان دەکرد لە مەیدانی ئازادی.

کاتژمێر (٩)ی شەویش بارامی وەلدبەگی هاتە لام باسی ئەو پرۆژەیەم لەگەڵ باس کرد کە بۆ کاری رۆشنبیری کە ئاڕاستەی کاك نێچیرڤان بارزانی کردبوو، کاك نێچیرڤانیش لەم سەفەرە بەندەی راسپاردبوو کە بە دوو قۆڵی قسە

لەگەڵ بارام بکەم بەمەبەستی تاوتوێکردنی پڕۆژکەی، ئەوەی لێرەدا گوێبیستی بووم کە کاك بارام جێگای موتمانەی لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشە دەیەوێ ئیش لەسەر پەیوەندی رۆشنبیری نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان بکات.

هەینی، ١٩٩٩/١٢/١٢، ئەمڕۆ لە رۆژان درەنگتر لە خەو هەڵساین بە فرسەتمان زانی (بەندە و د. ئیدریس و سەرداری ئەنوەربەگی بێتواتە) سەردانی بازاڕ بکەین کە تێیدا چووینە مەرکەزی سەنایعی دەستی کە دوکانێکی گەورە بەکاری دەستی پڕکراوەتەوە، لەڕاستیدا وڵاتی ئێران بە کاری دەستی زۆر دەوڵەمەند چ لە دار و چ مەعدەنی مس، دوو تابلۆی ئیشی دەستیم کڕی.

بۆ نانی نیوەڕۆ کاك فازڵ میرانی داوەتی نانی نیوەڕۆی بۆ ئێمەی شاندی پارتی و حزبی شیوعی کوردستان و بێت نهرین لە چێشتخانەی ئوتێل (مهرجا) کرد.

پاش نیوەڕۆ رۆژنامەنووس داود شنۆیی دیمانەیەکی بۆ بەشی کوردی رادیۆی تاران لەگەڵ ئەنجام دام.

شەممە، ١٩٩٩/٢/١٣، سەرلەبەیانی شاندەکەمان بە یاوەری دوو بەرپرسی ئێرانی سەردانی (نمایشگای ئیتلاعات) کە پێشنگایەکی دژی کاری جاسوس بوو کە زۆر پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقەوە بوو، پاشان لە هۆڵی دەزگایەکە (فیلم)ێکیان نیشان داین دەربارەی هەمان مەبەست کە تێیدا بە دوور و درێژی باسی لە رووداوەکانی نێوان شەڕی داسەپاوی نێوان عێراق و ئێران دەکرد کە تێیدا هەندێك وێنە و بڕگەی دڵتەزێنی نیشان داین کە بووە مایەی حەسرەت بۆ ئەو گەنجانەی هەردوو وڵات کە سەدام حوسێن کورەی شەڕی پێ گەرم دەکردن.

ئێوارەی هەمان رۆژ لە ناو هۆڵی ئوتێل رووبەڕووی پیاوێکی سەروسیما بەویقار هاتم یەکسەر زانیم کوردە و لێی چوومە پێشەوە فەرمووم لێکرد و خۆم پێناساند، ئەویش یەکسەر بە لوتفێکی خۆشەوە خۆی پێناساندم کە ئەویش

**ماموٚستا (محەمەد ساڵح ئیبراهیمی – شەپۆل) بوو، قسەکانی لەسەرەتاوە چووە دڵمەوە، مرۆڤێکی قسەزان و ئەدەب دۆستێك و رۆشنبیرێکی بەتوانا کە (قورئانی پیرۆزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی) زۆر بەڕێزەوە باسی بارزانی نەمری دەکرد و بارزانییەکانی زۆر خۆش دەویست، کوردێکی پاك و کوردپەروەر بوو ئارەزووی هاتنی کوردستانی دەکرد، ئەمەیان سەرەتای دۆستایەتیەکی گەرموگوڕی نێوان ماموٚستا شەپۆل و بەندەیە کە تاکو ئێستاکەش بەردەوامە و هەرکاتیٚ بەڕێزیان بێتە کوردستان یەکسەر تەلەفۆنم بۆ دەکات، ئەگەر منیش سەردانی ئێران بکەم بێگومان دیتنی ماموٚستا شەپۆل لە پێشەوەی کارەکانمە.**

**یەك شەممە ١٩٩٩/٢/١٤، نیوەی شاندەکەمان بە پاسێك بە یاوەری فەرمانبەرێکی دەزگای تەشریفاتی سەردانی (سەنتەری نمایشگای سەنایعی دەستی ئێران)مان کرد کە بریتی بوو لە باڵەخانەیەکی گەورە لە سەروی تاران بوو کە تێیدا کاری هونەری و جوانی زۆربەی هونەرمەندانی ئێرانی تێدابوو لەگەڵ چەند پارچە فەرشێك کە مرۆڤ سەری دەسوڕما کە ئەم فەرشانە ئیشی دەستی بن کە تەمەنیان لە ٥٠ ساڵ کەمتر نەبوو.**

**کاتژمێر (٤)ی ئێوارە بەکۆمەڵ بۆ دیدارێکی تایبەتیان بردین کە تەنها بۆ شاندەکانی کوردستان رێکخرابوون، دیدارەکە لە باڵەخانەیەك نزیك لە خیابانی پاستور بوو کە لەڕووی پێشەوەی نووسرابوو (بیت مال مسلمین – مجمەعی تەشخیص مەسڵەحەتی نظام) کە لەناو دار و درەختێکی چڕوپڕ بوون باڵەخانەکە گەورە و خۆش بوو، هۆڵێکی گەورە لە ناوەڕاستی باڵەخانەکە کورسی لێ ریزکرابوو، بیٚ جیاوازی هەریەکەمان لە شوێنێك دانیشتین، پاش کەمتر لە کاتژمێرێك ئاغای هاشمی رەفسەنجانی هات و سڵاوی لە ئامادەبوان کرد، مەراسیمی دانیشتنەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد و پاشان ئاغای موحەمەدی بەخێرهاتنێکی گەرمی شاندە کوردستنییەکان کرد و هیوای خواست ئەم جۆرە سەردانانە ببنە هۆکاری پەیوەندی هەردوولا، ئەمجا کاك کۆسرەت رەسولٚ لە جیاتی شاندی کوردستان**

قسەی کرد، کە تێیدا سوپاس و پێزانینی شاندەکەی پێ ڕاگەیاندن، ئەمجا هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی تەشخیص مەسڵەحەتی نظام کەوتە قسە و دەربارەی شەڕی داسەپاوی عیراقی بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی نیو کاتژمێرێك قسەی کرد.

درەنگانی هەمان ئێوارە لەگەڵ کاك زادمق ئادەم کە نوێنەری حزبی بیت نهرین بوو بە پیاسە بەرەو شەقامی تالەقانی بە پیاسەکردن کاتمان بەسەردەبرد، بۆ چا خواردنەوە ڕوومان لە شوێنێك کرد کە لەسەر تابلۆکەی نووسراوە (چایخانەی سونەتی ئاغای بزرگ)، ئێمەش لەڕاستیدا وامان زانی وەکو چایخانەکانی لای خۆمانەن کاتێ چووینە ژوورەوە دیتمان چێشتخانەیە و دەنگی مۆسیقا دێ، لەگەڵ کاك زادمق (أب گوشت)ێکمان داواکرد ئەمجا چای بە (قۆری)یەیان بۆ هێنایین، لەپڕ لەلای ڕاستەوە پەردەی شانۆ لادرا و تیپی مۆسیقا دەستی کرد بە مۆسیقا ژەنین، زۆری پێ نەچوو گۆرانیبێژێك دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، بەڕاستی لامان خۆش بوو کە لە تارانی ئەو سەردەمە شوێنی وای تێدابێت کە پیاو و ژن لە شوێنی ئاوا گۆرانی بڵێن، پاش نەختێ ئێمەش داوای گۆرانیەکی کوردیمان کرد و داوایەکەیان قبوڵ کردین بە گۆرانی (کافوکی) ڕازییان کردین.

دوشەممە، ٢/١٥، دوا ڕۆژی گەشتەکەمان بوو، هەرکەسەو بەلایەك بۆ ناو بازاڕ و شەقامە پان و بەرینەکانی ناو تاران چوون، بەندە و د. مەحەمود دەروێش و د. جەمال عبدالحمید بەرەو شەقامی انقلاب چووین بەمەبەستی سەردانی کتێبخانەکانی تاران کە لەڕاستیدا مرۆڤ سەری دەسوڕمێ لەو هەموو کتێبەی کە بۆ زمانی فارسی تەرجەمە کراوە، کتێبخانەکان پڕن لە کتێبی هەمەجۆر کە هەندێکیان لەگەڵ سیاسەتی کۆماری ئیسلامیش ناگونجێ.

لە یەکێ لە کتێبخانەکان چاوم بە تەرجومەکەی (قانون طب ابن سینا) کەوت کە خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژاری موکریانی وەریگێڕاوەتە سەر زوبانی فارسی کە ئەمەش بە شاکارێکی وەرگێڕان دەژمێردرێ کە پێشوتر کەس لە

ئێران نەیتوانیوە ئەم شاکارە وەربگێڕێ بۆ سەر زوبانی فارسی کە بریتی بوو لە (٧) بەرگ و راستەوخۆ دەستم بۆ درێژکرد و کڕیم، وابزانم تاکو ئێستاکە (١٠) جار بە چاپ گەیەندراوە.

سێ شەممە، ٢/١٦، کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ بە فڕۆکە گەڕاینەوە بۆ ورمێ، شەو لە ورمێ لە ئوتێلی (مهمان سەرای) جێگایان بۆ ئامادەکردبوین، ئێوارە تاوێك بە یادی رۆژانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول کە دەهاتینە ئەم شارە دڵگیرە سوڕاینەوە و سەردانی بارەگای (انتشارات صلاح الدین)مان کرد، بەڵام بەداخەوە کەسی لێ نەبوو.

چوارشەممە، ٢/١٧، سەرلەبەیانی بە ئۆتۆمبێلی ئامادەکراو لە کەش و هەوایەکی ساردی باراناویدا بەرەو کوردستان گەڕاینەوە.

پاش گەڕانەوەم بە چەند رۆژێك کۆبونەوەیەکی مەکتەبی راگەیاندنمان ئەنجام دا کە تێیدا خاڵی سەرەکی بابەتی کەمکردنەوەی چاپەمەنییەکان بوو کەوا پارەیەکی زۆری تێدا سەرف دەکرێت لەگەڵ بوونی چەند چاپەمەنیەکی سێبەر و زۆربونی کارمەندانی ئەو بوارە کە پارەیەکی زۆری تێدەچێت، ئێمە لە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن دوو جۆرە بۆچونمان هەبوو، هەندێکمان لەگەڵ بوونی چاپەمەنیەکی سێبەر نەبووین کە تێیدا من و خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی و ئاسۆ کەریم دژ بەم رەوتە قسەمان دەکرد و دەمانگوت ئیختیزالی هەندێ چاپەمەنی بەتایبەتی سێبەر دەبێتە هۆکاری تۆکمەبوونی ئەو چاپەمەنیانەی کە راستەوخۆ پارتی خاوەنداریەتی خۆی لێ ناشارێتەوە و ئەو زۆری و بۆریە راستە لە رواڵەتدا جۆرە هێزێك بە چەندایەتی ئێمە دەبەخشن، بەڵام بە هیچ جۆرێك تۆزقاڵێك ناخاتە سەر چلۆنایەتی ئەم چاپەمەنیانە، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتینە ئاکام، ئەم بابەتەش لەگەڵ چەندین بابەتی دیکە بووە مایەی کۆبوونەوەیەکی بچووکتر لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی کە لە نێوان رۆشنبیرانی پارتی گەرم بوون، دیدارەکە رۆژی یەك شەممە، رێککەوتی ١٩٩٩/٢/٢٨ ئەنجام درا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەتیش لە ژورەکەی بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی کە ئەوکاتە سەرۆکی دیوانی

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بوو، ئامادەبوان کە لەگەڵ بەڕێز کاك مەسعود بارزانی دانیشتن بریتی بووین لە برایان (ئازاد عبدالواحد، محمد خدر مولود و بەندە)، بابەتە سەرەکیەکانی نێوانیش بریتی بوون لە:

١- دووری نێوان راگەیاندنی پارتی و راگەیاندنی حکومەتی هەرێم.

٢- بوونی لێپرسراوی لاواز و لێپرسراویەتیان لەو دەزگایانە کە دەبنە هۆکاری پەرتەوازەبوونی قەڵەمە بوێر و رەسەنەکان.

٣- چارەسەرکردنی ناوەندی رۆشنبیری کە وەزارەتی رۆشنبیری بە رۆڵی شیاوی خۆی هەڵناسێت.

٤- زەرورەتی دایەلۆگی فارسی – کوردی لەسەر شێوازی دیالۆگی عەرەبی – کوردی.

٥- چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان چاپەمەنی پارتی لە هەردو ناوچەی سۆران و بادینان ئەویش بە تێکەڵکردنی شێوازی هەردوو (لەهجە) بەمەبەستی لێك نزیکبوونەوەی زیاتر وەکو یەك میللەت.

بەڕێز مەسعود بارزانی زۆر بەڕێزەوە گوێی لێ گرتین و وەڵامەکانی زۆر ئەرێنی بوو و باسی زیاتری لەسەر وتارەکەی رۆژی ١٩٩٩/٢/١٦ بوو لە دهۆك کە پەنجەی لەسەر کەموکوڕییەکانی ئیداری حکومی و حزبی و سەربازی کرد و ئەم دەستنیشانکردنەش وەکو بەڕێزیان گوتی بە هەنگاوی یەکەمی چارەسەری کێشەکان دادەنرێت، وتارەکەی ئەو و خاڵەکانی ئێمە خۆیان لە یەك جێگا دەدیتەوە کە پێویستە کەمتەرخەمی تێدا نەکرێت.

لێرەدا بۆ مێژوو دەیڵێم دەربارەی ئەو وتارە کە سەرۆك مەسعود بارزانی لە هۆڵی محمد عارف جەزیری پێشکەشی بە ئامادەبوانی دەکرد کە دەگەڕێتەوە بۆ (١٦) ساڵ پێشت ئێستا ئەو لە ١٩٩٩/٢/١٦ قسەکانی ئاڕاستەی جەماوەری پارتی کرد، ئەمڕۆ کاتی نووسینی ئەم لاپەڕەی بیرەوەرییانە (کە ٢٠١٥/٨/٧) رێك نزیکەی (١٦) ساڵە دەیڵێم و بەرپرسم لە قسەکانم ئەگەر ئەو وتارە بەنرخەی سەرۆك کە تێیدا باسی گەلێك بابەتی گرنگی کرد، لەوانە:

+ دورکەوتنەوەی دەزگا حزبی و لەشکری و حکومی لە جەماوەر.

+ پەیوەندی نێوان پارتی و حکومەت.

+ ئەو پارەتیە ناهاوسەنگەی کە پێشکەش بە خانەوادەی شەهیدان دەکرێت.

+ بردنە دەرەوەی ماڵی هەندێ کاربەدەستی حزبی و حکومی بۆ هەندەران کە خۆشیان لە هەرێمی کوردستاندا دەژین.

+ گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و بوونی مامەڵەی بیرۆکراتیانە کە لە هەندێك دەزگا لەئارادان.

ئەمانە سەردێڕی ئەو بابەتانە بوون کە سەرۆك مەسعود بارزانی لە دهۆك بە درێژی باسی هەریەك لەو بابەتانەی کرد، وەکو گوتم دەیڵێم و دەیڵێمەوە ئەگەر ئەو خاڵانە بەجدی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی نەخشەڕێگای بۆ دابندرایە وەرچەرخانێکی گەورە لە رەوتی پارتی دیموکراتی کوردستان روویدەداد و رۆژی بەو رۆژە نەدەگەیشت کە کورسیەکانی لە ٥١ کورسییەوە دابەزی بۆ ٣٨ کورسی کە ئێستا لە پەرلەمانی ساڵی (٢٠١٥) هەیەتی، سەرەتای هەستکردن بە بونی هەڵە، گەندەڵی، کەمتەرخەمی، بیرۆکراتیەت، دورکەوتنەوە نەك هەر لە جەماوەر بەڵکو لە خودی ئەندامەکانی خۆی کە ئاڕاستەیەکی خراپی بەخۆیەوە بینی کە تاڕادەیەکی زۆر ئەو پاشەکشەیەی بە رۆڵ و سەنگی پارتی کرد لە کوردستان. لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە ئایا جێبەجێنەکردنی ئەو خاڵانەی کە سەرۆك مەسعود بارزانی باسی لێوەکردن کە دەتوانم بڵێم (بە بەرنامەیەکی چاکسازی هەمەلایەنە بوو) بۆچی جێبەجێ نەکرا!؟ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خودی جەنابی مەسعود بارزانی لێی پەشیمان بووە!؟ ئایا مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی رێگربوون ئەو بەرنامە چاکسازیە جێبەجێ بکرێت!؟ ئایا هۆکاری نهێنی دیکە هەبوون کە ئەم بەرنامەیە نەگاتە ئامانج!؟ من لام وایە خودی بەرپرسیاریەتیەکە دەگەڕێتەوە بۆ خودی سەرۆك مەسعود بارزانی، چونکە وەکو ئاشکرایە لای ئەندامانی پارتی و غەیرەپارتی کە لە ناو پارتی مەرجەعیەتی خانەوادەی بارزانی لە پاش ئینشیقاقی ساڵی ١٩٦٤ی پارتی بە شێوەیەك قورسایی و سەنگ و پێگەی

خۆی هەیە کە کەس ناتوانێ تەجاوزی بکات، لە پارتی راستە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی هەیە بەڵام ئایا دوابڕیار بۆ کێیە؟ بۆ تەئکیدیش جارێکیان لە یەکێ لە کۆبونەوەکانی سەرۆك لەگەڵ مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن باس لەو چاکسازییانە کرا کە بۆچی بەردەوام نەبوو؟ بۆچی جێبەجێ نەکرا؟ لە وەڵامدا سەرۆك مەسعود بارزانی بە رستەیەك لەبارەی ئەو لەمپەرەی لە پێش بەرنامە چاکسازییەکەیدا هەبوو و نەیهێشتوە بەرنامەکە سەربگرێ بە دەق گوتی (خۆ من نابم بە گورباشۆف حزبەکە هەڵبوەشێنمەوە)، لێرەدا دەردەکەوێ (کارتل)ی ناو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و دەوروبەری سەرۆك مەسعود بایی ئەوەندە بەهێزە کە نەهێڵێ دەستکاری لە هیچ ئەو ئیمتیازاتانە بکرێت کە بەر ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی و دەوروبەری کەوتوە، بەڵام دیسان لێرەدا پرسیارێك لێرە خۆی قوت دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە: ئایا مێژوو چارەنووس و ئایندەی پارتی دیموکراتی کوردستان گەورە و گرنگترە یان بەرژەوەندی کۆمەڵێك لە حاشیە و ئەندامانی سەرکردایەتی؟!، کێ ئەوە بەڕاست دەزانێ کە مێژووی پڕ سەروەری پارتی و مێژووی نەپساوەی خەبات و ماندوبوون و دەربەەری و سەرکردایەتی بارزانی نەمر بە پارە و پول بگۆڕدرێتەوە، کاتێ باس لە ڕێبازی بارزانی دەکرێ ئایا مەبەست لە ڕێبازی بارزانی ئەو دیاردە گەندەڵیەیە کە زۆرێك لە جەستەی پارتی داگرتووە یاخود ڕێبازی بارزانی ئەو ڕێگای شەرەفمەندییە کە خودی بارزانی نەمر لە هەموو بارێکەوە بە قەناعەتەوە پیادەی دەکرد، بۆیە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ جگە لە نەیاران و داخ لە دڵان نەبێت کەس نیە باسی رەوشتی بەرز و زوهد و رەتکردنەوەی پارە و پۆستی ئەو سەرکردە مەزنە نەکات، لێرەدا لەوانەیە هەندێك رەخنەی توندم لێ بگرن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە لێرەدا باسی لێوە دەکەم، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە منێکیش نزیك بە ٥٠ ساڵ لە خزمەتی ئەو حزبە و ڕێبازی بارزانیدا بوومە و پێشمەرگایەتیم کردووە، ترساوم و خەباتم کردووە، خۆم شاردووەتەوە، ساڵی قوتابخانەم لە کیس چووە، ماڵم چەند جارێك تاڵان کراوە و فرۆشراون منداڵم ساڵیان لە کیس چووە، ترساون، هەڵاتون، یانی منیش بەش و چیرۆك (حصة

وقصه)م له پارتی هەیه سەرەڕای رۆڵی مێژویی باوکم (عەونی) لەناو ئەو ڕێبازەدا بۆیه به ماڤی خۆمی دەزانم لێی توڕەبم، رەخنەی لیٚ بگرم، ڕووبەڕووی ببمەوە، دانیشم، تەنانەت (لێی دووربکەومەوە و لێم دوربکەوێتەوە)، چونکه ڕاشکاوانه و ڕاستگۆیانه دەدوێم، لەسەر ئەم خەسڵەتانه بۆ جارێك كاك سامی عبدالرحمن پێی گوتم تو ناتوانیٚ بەم شێوەیه وا له پارتی بکەیت لەمه زیاتر پێش بکەوی چونکه وەکو تێبینی دەکەم (مواجه و موجابه) یان ڕووبەڕووبوونەوەت و بەرەنگاربونەوت ئاراستەی خۆی وەرگرتووه که به (دژەباو دەخوێندرێتەوە)، منیش له وەڵامدا که له ماڵەکەی خۆی له هاوینەهەواری سەلاحەدین دانیشتبوین گوتم (كاك سامی جارێکیش له سالانی حەفتاکاندا له بۆنەیەکدا پێت گوتم (بەدەق) تۆش وکو من (کەری)، گوتم بۆ؟ گوتت تەحەمولی (خوار)ی ناکەی، منیش له درێژەی ئاخاوتنەکەدا گوتم توخوا كاك سامی (کەرایەتیەکه باشتره یان خواری؟)، مەبەستی کاك سامی له وشەی (کەر) بەمانای بیٚ ئەقڵی نەبوو بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو که (بەرژەوەندی خۆمان ناپارێزین و حیساب بۆ پله و پایه ناکەین.)

دیسان جارێکی دیکه ئەوە دێنمەوە یادی خوێنەر که له لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لێوە کردووە که ئەو قسەیەی کاك نێچیرڤان بارزانی بوو که گوتی (نەك هەر دۆستت کەمه له مەکتەبی سیاسی بەڵکو دۆستت هەر نییه)، ئاشکراشه که بۆ دۆستم نییه، چونکه بوونی دۆستایەتی لەو ئاقارەدا پێویستی به (مواسەفاتی تایبەتییه)، که ئەسڵەن له بنەڕەتدا له من نیه و نابێت وەکو دەڵێن کوڕی باوکی خۆمم.

ئاڕاستەی رۆژنامەی برایەتی ئەگەر ڕۆژنامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوایه به شێوەیەکی دیکه گوزارشی بۆ ڕووداوەکان دەکرد، چونکه له رۆژنامەی حزبی تاڕادەیەك سنووردارە و ناتوانی هەموو شت بڵێی و هەمیشه سەرنوسەر و ستاڤ رۆژنامەی حزبی حیسابی ئەندامی حزبی بۆ دەکرێت لەسەر ورد و درشت موحاسەبه دەکرێت تەنانەت ئەگەر هەڵەیەکی بچوکی نائەنقەستیش بێت.

ئێمەی ستاف برایەتی بە کارمەندانی کارگێڕیشەوە لە بۆنەکاندا بەتایبەتیش لە یادی (نەمراندا) ڕۆژی لەدایك بوونی نەمران، یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆمبابارانی قەڵادزێ، کۆنگرەکانی پارتی، جەژنی نەورۆز، یادی ڕۆژانی ڕاپەڕین، کە تێیدا ڕۆژنامەکە بە چەندین لاپەڕەی زیاد دەهاتە بەردەستی خوێنەران کە جێگای شیاوی خۆی لە گۆڕەپانەکە گرتبوو و لە کات و ساتی ئەو جۆرە بۆنانەش کە تاکو درەنگانی شەو ستاف پێوەی سەرقاڵ دەبوو.

لەساڵیادی بیستەمی کۆچی دوایی بارزانی نەمردا لە ژمارە ٢٧٨٧ی ڕۆژی ١٩٩٩/٣/١ و ژمارە ٢٧٨٨ی ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٢ کە هەریەکەیان بە (١٢) لاپەڕە دەرچوو، ماندوبوونێکی زۆرمان چەشت تاکو بتوانین ئەو دوو ژمارەیە کە تایبەتە بە ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی نەمر لە ئاستی کەسایەتی بارزانی و بۆنەکەدا بێت، بەڵام لە بەختی ڕەشی ئێمە (چونکە سەرنووسەر لێپرسراوی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەکەیە) لە ژمارە ٢٧٨٨ی ١٩٩٩/٣/٢ لە بۆکسی سەرەکی لاچەپی سەرەوەی لاپەڕە (١) لە ژێر ناوی (ساڵیادی بیستەمی کۆچی دوایی بارزانی نەمر لە ئەمریکادا) هەواڵێکی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا – بەشی کوردی هەڵەیەك لەمێژووی وەفاتی بارزانی لە جیاتی ١٩٧٩/٣/١ بووەتە ١٩٧٤/٣/١ کە دەمانتوانی لە ژمارەی ڕۆژی دوایی ڕاستی بکەینەوە، کاتژمێر (١١)ی بەیانی ئەو ڕۆژە جارێ لە پێشەوە عبدالسلام بەرواری ڕەخنەیەکی توندی ئاڕاستەی کردن کە چۆن ئەو (کفرە) کراوە و پێویستە ئەمڕۆ موحاسەبەی توندی داڕێژەری هەواڵەکە و لێپرسراوی لاپەڕە (١) بکرێت، چونکە وەکو ئەو گوتی (سەرۆك زۆر توڕە و ناڕازیە لە برایەتی)، منیش زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنییەوە گوتم (کاك عبدالسلام مەسەلەی هەڵە کەس ناتوانێ خۆی لێ بپارێزێ، وەکو زانیومە تەنها چاپەمەنیەکانی زانکۆی (اوکسفۆرد) هەڵەی تێدا ناکرێت، ئەم هەڵەیەش ڕەقەمێکە کە ١٩٧٩ بووەتە ١٩٧٤، بەمەش دونیا خراپ نابێت، انشاءالله بەیانی لە هەمان شوێن ڕاستی دەکەینەوە)، بەڵام عبدالسلام بەرواری بەوە نەوەستا و گوتی (کاك مەسعود زۆرتان لێ توڕەیە و

دەڵێ پێویستە محاسەبەی خاوەن هەڵەکە بکرێت ئەگەر ئەوان (مەبەستی ئێمەیە) موحاسەبەی خەتابار نەکەن من خۆم دەیکەم، من دەمزانی مەسەلەکە لەلای کاك مەسعود گەورە کراوە و زۆریشیان بۆ (تێگوشیوم)، لە پاش نیوکاتژمێری دیکە سکرتێری رۆژنامەنووسی سەرۆك (نەژاد عەزیز سورمی) بە هەمان شێوە کەوتە (منە من) و رەخنەگرتن و گوتی (کاکە بۆ ئەوەندە ئیهمالن، شەرمە سالی وەفاتی بارزانی بگۆڕدرێ، سەرۆك زۆر تورەیە، کێ بەرپرسیارە موحاسەبەی بکە و خۆشت رونکردنەوەیەك بۆ جەنابیان بنوسە)، هەر هەمان رۆژ لە دەوروبەری نیوەڕۆدا کاك سامی عبدالرحمن کە ئەوکاتە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بوو راستەوخۆ پەیوەندی بە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنەوە نەمابوو ئەویش دیاربوو بەناچاری هاتە سەرخەت و گوتی (ئەوە چیتان کردووە، ئەو هەڵا گەورەیەی دروست کردووە، لەم جۆرە هەوالانە خۆت ئیشراف بکە با تیکرار نەبێتەوە)، منیش بە یەك وشە گوتم (ئەمر دەکەی).

بۆ چارەسەری ئەم کێشە دروستکراوە و گەورەکردنی بەخەیاڵمدا هات (ئیستقالە)یەك بنوسم، چونکە بەڕاستی ئەو جۆرە مامەڵانەی کە لە سەرەوە لەگەڵمان پیادە دەکرا بێزاری کردبووم، برایەتی ببو بە (هیلی ماجینو)، دەبوایە بگیرێ کە لە راستیدا کاریگەری لە تەندروستیم دەکرد و بۆ ماوەیەك باری دەرونم دەشڵەژا و پرسیارم دەکرد ئایا چ حیکمەتێکە بەو جۆرە مامەڵەی من لە پەنای هەڵەیەکی رۆژنامەنووسێکی برایەتی بەم شێوەیە دەکرێ، بەڵام کاتێ قسەیەکی نەستەق کە دەڵێ: "داری بە بەر بەردی پێدەکەوێ"

هێوری کردمەوە و بە سەرێکی سارد جێگری سەرنووسەر و سکرتێری نووسینی برایەتی بانگهێشی ژورەکەی خۆم کرد و (داستان)ەکەم بۆ گێڕانەوە، بەگێڕانەوەی ئەوانیش نیگەران بوون بەڵام بەمەبەستی نەهێشتنی تورەبوونەکان هاتینە سەر ئەو رایە کەوا:

+ داڕێژەری هەواڵەکە لەسەر کارەکەی لابردرێ بۆ چەند مانگێك (بەڵام لەبەرئەوەی ناونەبراو دۆستێکی دێرینی خۆمە و چۆتەوە بەر دلۆڤانی خودا

ناوی ناهێنم)، بەڵام پێم گوت یەکەم لەم شوێنە لاتدەبەم، بەڵام مووچەکەت لەلای منەوە وەکو خۆی بۆت خەرج دەکرێت، دووەم حەز دەکەم ئێستاکە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەپێی یاسا دامەزراوە و داکۆکیکاری رۆژنامەنووسانە، هەر ئەمڕۆ بڕۆ سکالایەك لەسەر من لای ئەنجومەنی سەندیکا تۆمار بکە پەیمان بێت بەشەرەف کە وەکو تەنها نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان سکالایەکەت بخەمە بەردەم ئەنجوومەنی سەندیکا و بە چاوێکی بێ لایەنانە مامەڵە لەگەڵ سکالایەکەت بکرێت.

+ بڕینی بەشێك لە مووچەی (لێپرسراوی لاپەڕە، هەڵەچنی لاپەڕە) لە مووچەی مانگانەیان، بەڵام ئەمیشیانم تەنها لەسەر کاغەز هێشتوە بێ ئەوەی بەکرداری یەك دیناریش لە موچەیان کەم بکرێتەوە.

+ رونکردنەوەی پێویست و فەرمانە ئیدارییەکانی پەیوەند بەم هەڵەیە بۆ مەکتەبی ناوەندیم رەوانەکرد و بە سکرتێری رۆژنامەنوانی سەرۆکم راگەیاند.

دوایین چارەسەریش (کە تەنها ئەمەیان چارەسەری گونجاوی کاری رۆژنامەنووسیە)، لە ژمارە ٢٧٨٩ برایەتی رۆژی ١٩٩٩/٣/٣ لە هەمان شوێن لە ژێر ناوونیشانێکی گەورە (داوای لێبوردن) هەڵەکەمان راست کردەوە.

لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەم ساڵەدا هەستم بە ناڕەحەتیەکی تەندروستی دەکرد، سنگم ئازاری هەبوو، شەوانە خەوم کەم بوو، منیش بە هۆی مەکتەبی ناوەندی کاك نێچیرڤان بارزانی داوای چونە سەفەری سوریام دەکرد کاتێك لە ناوەڕاستی هەمان مانگ کە لە سەفەرێکی رەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران بووین برای بەڕێز د. جەمال عبدالحمیدیشمان لەگەڵدا بوو کە یەك دوو جار لە هەولێر چوبومە لای بۆ پشکنین بەتایبەتیش بۆ تەختیتی دڵ بەڵام نە لەلای ئەو نە لە تاران کە چوومە لای دکتۆر شتێکی ئەوتۆ دەرنەچوو، بەڵام بە گەڕانەوەمان باری تەندروستیم جێگیر نەبوو لەسەر را و بۆچوونی برادەران سوریام پەسەند کرد بەتایبەتیش کاتێ باسی دکتۆرێکی کوردیان بۆ کردم بە ناوی (د. زوبێر حسۆ)، لە مەکتەبی کاك نێچیرڤان ئاسانکارییەکی زۆرم بۆ کرا بە مەسروفاتی سەفەرەوە، ئەوەبوو رۆژی ١٩٩٩/٣/٥ لە رێگای پەڕینەوە لە

(فیشخابوور)ەوە بەرەو سوریا بەڕێکەوتم و گەیشتمە (قامیشلی) لە دەفتەری بیرەوەرییەکان دەربارەی ئەم سەفەرە بەم شێوەیە تۆمارکراوە.

رۆژی هەینی، ١٩٩٩/٣/٥

کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە فیشخابور پەڕینەوە بە کۆنەبەلەمێکی بچوك پاش پەڕینەوە دەبوایە بەرەو ئەو باڵەخانەیە بچیت کە لام وایە دەزگایەکی موخابەراتیە کە لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەرامبەر ئاوەکەیە، کوڕێکی گەنجی پێست ئەسمەر ناوی (ثامر) بوو نەختێ لای دانیشتم و چایەکم خواردەوە لە نێوان دە خولەکدا باس و خواسی عێراقی لێ پرسیم منیش بەدڵی خۆم وەڵامم دایەوە.

لەگەڵ گەنجێکی هەولێری بەڕێکەوە بەناوی (ئامانج دڵزار) بەرەو قامشلی بە ئۆتۆمبێلێکی نەفەرهەڵگر کە هەر تاکێك بە ٥٠٠ لیرەی سوری هەڵیگرتین کاتژمێر چواری عەسر گەیشتینە قامشلی و کاك (حسیب سعید سمو) کە خەڵکی ناوچەی دهۆکە و لە مەکتەبی پارتی لە قامشلۆ کارمەندە کە پێشوتر دەمناسی بە هۆی ئەوەی لێپرسراوی وەرگرتنی رۆژنامەی خەبات بوو بۆ سوریا کە هەر ژمارەیەك (٥٠٠٠) دانەم بۆ دەناردن، چونکە لە راستیدا خەبات لەبەرئەوەی زمانحاڵی پارتی بوو و بە زمانی عەرەبی دەردەچوو داوکاری لە سوریا زۆربوو، حسیب ماوەی نەدام بچمە هوتێل، چوینە ماڵی ئەوان و زۆر رێزیان لێ گرتم، شەو کۆمەڵێك رۆشنبیری جەزیرە (عەلی جەزیری، عبدالقادر بدرالدین، ابوسلام، د. فرید جمعە) هاتنە لام، د. فرید پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم کەوا با لە قامشلیەوە دەست بە پشکنینی تەندروستی بکەین.

شەممە، ١٩٩٩/٣/٦، ئەمڕۆ یادی تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵە بەسەر خیانەتنامەی (٦)ی جەزائیر، رووداوەکانی ئەو رۆژە رەشەمە وەکو فلمێکی سینەما هاتەوەیاد، کە تێیدا وەکو نەتەوە، وەکو بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان، وەك پارتی دیسان وەك شەخسیش زەرەرێکی گەورەمان کرد.

کاتژمێر ٩ی بەیانی لەگەڵ حسیب چووینە موختەبەری برای د. محمد سعید کرۆ کە دۆستێکی پارتی بوو، خوێنیان لێ وەرگرتم ئەوجا سەردانی

عیادەی (د. فرید جمعە)م کرد بۆ وەرگرتنی (تەختیتی دڵ) و ئەشیعەی سنگ، لە ئاکامدا دەرچوو کە هەندێك (التهابات) لە سنگم هەیە و نسبەتی شەکریش (١٦٩) بوو، بەڵام وەکو دکتۆر گوتی لە (حلب) دکتۆری زۆر باش هەیە و سەردانی دکتۆر (زوبێر حسۆ) بکە کە دکتۆرێکی چاك و کوردپەروەرێکی زێدە باشە لە حلب عیادەی هەیە و ئەو رێنماییت دەکا و دکتۆرەکان دەناسیێ.

شەو کاك مەحمود گەرگەری کە لێپرسراوی مەکتەبی قامشلی بوو بە مرۆڤێکی بەتوانا و دەست رۆیشتوو و چالاك دەهاتە بەرچاو، شەو لەگەڵ د. فرید و کاك موراد لە چێشتخانەی (جبریل) داوەتی کردین.

یەك شەممە، ١٩٩٩/٣/٧، لەگەڵ حسیب سعید بە ئۆتۆمبێلێکی گەورەی جۆری پاس کە سەر بە کۆمپانیای (دجلە) بوو بەرەو حلب چووین، کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە (حلب)، سیمای شارەکەم بە جوان دڵگیر هاتە بەرچاو، لە گەراجەوە بەتاکسی بەرەو گەڕەکی (الاشرفیە – حی السریان الجدیدە) کە ماڵی بەڕێز کاك (أحمد شعبو) لەوێ بوو، کاك ئەحمەد شعبو پیاوێکی تەمەن ٤٥ ساڵەی سور و سپی باڵا مامناوەندی ئەوکاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (الپارتی) بوو لە سوریا بە کاروباری بازرگانی و مقاوەلات سەرقاڵ بوو لەگەڵ (عبدو شعبو)ی براگەورەی کە ماڵەکانیشیان لە دوو شوقەی گەورە بوو لە تەنیشت یەك بوو، کاك مەحمود گەرگەری حەزی نەکرد بچمە ئوتێل سەرەڕای ئەوەی کە خۆم حەزم لە ئوتێل بوو، بەڵام ئەو (محمود) گوتی ماڵی برادەرێکمان هەیە زۆر میوان دۆستە و حەز بە ناسینی خەڵکانی وەك ئێوە دەکات، لە راستیشدا وادەرچوو، کاك احمد شعبو تاکو بڵێی پیاوێکی خانەدان بوو بەمانای وشە، چاوتێر، میوان دۆست، دەستکراوە، رۆشنبیر و کوردپەروەر، دوو کچی بەناوی (فیردان، مەمیان) دوو کوڕیشی بەناوی (شیرفان، رامان)، هەبوو، بە گەیشتنمان بۆ ماڵی کاك احمد شعبو حسیب گەڕایەوە پاشا کاك احمد شعبو بە تەلەفۆن ئاگاداری هەریەك لە بەڕێزان محمد ساڵح کە ئەویش دانیشتوی حلب و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (الپارتی) و مستەفا ئیبراهیمی پارێزەر کە ئەویش لە پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ سکرتێری

الپارتی بوو و نامەیەکی کاك (جوهر نامق)م پێبوو بۆ ئەو چونکە کاك جەوهەری زۆر بە باش باسی کاك مستەفا ئیبراهیمی دەکرد کە چۆن ئەویش یارمەتی (سەرکردایەتی کاتی) پارتی داوە لە سوریا لەگەڵ یەکێکی دیکە کە ئەویش ناوی (مستەفا) بوو و کاك شێرکۆی کوڕی کەنعان عەگیدی تێکۆشەری ناسراوی کوردی سوریا کرد بە مەبەستی هاتنە ماڵی کاك ئەحمەد شعبو لەوێشەوە بەچاکیان زانی بەتایبەتی کە من هاتوومە (حلب) سەردانی ماڵی (ابو ازاد البرزی) بکەین کە کوڕی پیاوێکی کوردپەروەر بوو کە یەکێك بووە لە دامەزرێنەری (کۆمەڵەی خۆیبون)، کە پیاوێکی تەمەن ٧٥ ساڵەی کوردپەروەر کە زۆر بەڕێزەوە باسی بارزانی نەمری دەکرد و گوتی (پیاوی وا لە کورد کەمە) و هیوای دەخواست کە ئەزمونی کوردستان سەرکەوتوو بیت و ببێتە مایەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، ماوەیەك لای دانیشتین حەزم نەدەکرد بەجێی بهێڵین چونکە لەڕاستیدا پیاوێکی زیرەك هۆشمەند و کوردپەروەر دەهاتە بەرچاو، پاشان تێکڕا هەموومان گەڕاینەوە ماڵی کاك ئەحمەد شعبو و بە قسە و باسی کوردستان و دەنگوباسی سیاسی تاکو کاتژمێر (٢)ی دوای نیوەشەو، بەڵام بەندە و کاك ئەحمەد شعبو تاکو کاتژمێر (٤)ی بەیانی ماینەوە.

دووشەممە، ٣/٨، کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ لەگەڵ کاك محمد ساڵح و شێرکۆ کەنعان عەگید چوینە عیادەکەی (د. زبیر حسو فرحان) کە پسپۆڕ بوو لە بواری پزیشکی هەناو، رێنمایی کردم و بڕیاری دا کە لە شەوەوە پارێز بکەم بۆ ئەوەی بەیانی تەحلیل و تەختیتی دڵ و وردبینی وردم بۆ بکات، ئێوارە د. زبیر لە چێشتخانەی (المحطة) کە نزیك تەرمیناڵی شەمەندوفەری بەغدایە داوەتی نان خواردنی بۆ کردین لەگەڵ کوڕێکی دکتۆری دیکە بەناوی (زولفی) کە کوردێکی شکاکە و کوردپەروەر بوو، لە رێگای گەڕانەوە کتێبێکی بەنای (القس والنبی) پێ دام و گوتی کتێبەکە لێرە یاساغە و ئەو چەند شەوە بیخوێنەوە پاشان بۆمی بگەڕێنەوە، لەکاتژمێر (١٠)ی شەوەوە تەنها یەك فنجان قاوەی بێ شەکرم خواردەوە.

سێ شەممە، ٣/٩، کاتژمێر ١٠ی بەیانی لەگەڵ کاك محمد ساڵح چووین بۆ تاقیگەی (مختبر الألي) هەندێ خوێنیان لێ وەرگرتم پاشان چوینە لای (د. بسام) ناوێك بۆ تەختیتی دڵ لەگەڵ ئیکوی بەماندوبوونەوە، پاشان ئەشیعەی سینگیشمان وەرگرت. پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان بەرەو بازاڕی (حلب) کۆن چووین بۆ لای دوکانی (بهاء الملا) کە دوکانێکی گەورەی قوماش فرۆشتن بوو، بهاءکوڕێکی رۆشنبیر بوو ماوەیەك لە ئەڵمانیا ژیاوە و خوێندویەتی دوو بەرگی کتێبی بەناوی (العقد الجوهری فی – شرح یوان الشیخ الجزری – صاحب الشرح احمد بن الملا محمد الزفنکی متی القامشلی) کە لە بنەڕتدا لێکۆڵینەوە و شەرحی دیوانی مەلای جەزیریە بەزمانی عەرەبی لەگەڵ بەیانکردنی شیعرەکانی بە زوبانی رەسەنی کوردی – کرمانجی سەروو کە ساڵی ١٩٨٧ چاپی دووەمی بە تیرژای (٢٠٠٠) دانە لە حلب چاپکراوە پێشکەش کردم.

کاك بهاء الملام کەوتە بەردڵ هەم کوردپەروەر هەم رۆشنبیر لەگەڵ ئەویش هەندێ بە کۆڵانەکانی بازاڕی حەلەبی کۆن گەڕاین، بۆ نیوەڕۆش لەگەڵ برایان (صلاح شیخموس، ابوشیراز، ئەحمد شعبو، عبدو شعبو، محمد صالح) چوینە ماڵی کاك مستەفا ئیبراهیم (ئێستاکە کاك مستەفا ئیبراهیم و خێزانی و منداڵەکانی چەند ساڵێکە هاتونەتە کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێن) بۆ نانی نیوەڕۆ، خواردنەکانم لا خۆش بوو چونکە سەراپای خواردنی سوریایی بوون.

بۆ ئێوارەکەش دیسان چووینە لای د. زبیر ئەشیعە و تەختیتی دڵ و تاقیکردنەوەکانی دیت و دەرمانی پێویستی بۆ نووسم، شەویش لە ماڵی کاك ئەحمەد بە خێزانی دانیشتین تاکو درەنگانی شەو.

چوارشەممە، ٣/١٠، ئەمڕۆ هەندێ درەنگ لە خەو هەڵساین بە قاوەیەکی تاڵ نانی بەیانیمان دەست پێکرد، کاك ئەحمەدی خانەخوێم پێشنیاری کرد سەردانی ناوچەی (عفرین) بکەین، کە لە بنەڕەتدا ئەوان خەڵکی یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی عفرینن لە حلب نزیکەی ٧٠کم دوورە لە ناوەڕاستی رێگا شوێنێك هەبوو بەناوی (سەروکانی) کە عەرەب و حکومەتی بەعسی سووریا ناویان ناوە (کفر الجنه)، شوێنێکی خۆش و سازگارە و دار و درەختێکی زۆری

لێیە و چە ریستۆرانتێکی دڵگیری تێدابوو، لە یەکێ لە ریستۆرانتەکان کە ناوی (الوادی الاخضر) بوو نانی نیوەڕۆمان خوارد، کە چوین گۆرانیبێژێکی کوردی حەلەبی گۆرانیەکانی (شڤان)ـی دەچڕی، پاشان کە خاوەن ریستۆرانتەکە کاك ئەحمەدی دیت کە ئەویش کوردبوو بانگی کوڕێکی گەنجی کوردی کرد کە ناوی (ئەنوەر جەزراوی) بوو دەستی کرد بە گۆرانی گوتن بە زمانی کوردی کە دیاربوو سۆز و ئارەزووی کوردایەتی پێوە دیاربوو، پاشان بەرەو عەفرین چووین کە ناوچەیەکی فراوانی کوردنشین و کوردە و نزیکەی زیاتر لە سەدان گوندی کوردنشینی تێدایە، ئەم ناوچەیە نزیکەی ٢٠ تاکو ٢٥ ملیۆن دار زەیتونی تێدایە کە ساڵانە ئەگەر حکومەتی بەعسی سوریا رێگریان لێ نەکات گەورەترین قازنج لە فرۆشتنی (رۆنی زەیتون و سابونی دروستکراو لە زەیتی زەیتون کە بە سابونی حەلەبی بەناوبانگە) لە گوندەکەی کاك ئەحمەد سەردانی ئەو (ڤیلا)یەمان کرد کە لەسەر تەواوبوون بوو لەناو باغێکی پڕ لە دار و درەخت کە موڵکیماڵی کاك أحمد شعبو و برایەکی بوو کە بۆ هاوین و پشو زۆر لەباربوو، تاکو کاتژمێر (٧) ئێوارە ماینەوە و ئەمجا بۆ کاتژمێر ٨,٣٠ گەیشتینەوە (حلب)، کاتژمێر ٩,٣٠ی شەو بەرەو ریستۆرانتی (المحطة) چوین لەسەر داوەتی (ابو شیران) کە تێیدا (١٠) برادەری کوردی کوردپەروەری داوەت کردبوو کە تێیدا کاك مێجر عگیدی برای کەسایەتی کوردی سوریا (کنعان عگید)یش بانگ کردبوو، دانیشتنەکەمان لە کەش و هەوایەکی زێدەخۆش بەهاری حەلەب بوو کە تاکو کاتژمێر (١١)ی نیوەشەوی خایاند.

پێنج شەممە، ٣/١١، ئەمڕۆ یادی رێککەوتنی١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتی عێراق دانی بە مافی کورد بە وەسیقەیەکی رەسمی بە ئۆتۆنۆمی نرا، ئەو رۆژانەم کەوتەوە بیر کە تێیدا یەکیەتی قوتابیانی کوردستان چە رۆڵێکی دەگێڕا لەم بۆنە پیرۆزەدا.

لەگەڵ محەمەد صالح سەردانی ناو بازاڕمان کرد بەتایبەتی شوێنی کتێبخانەکان، بەڵام کتێبێکی ئەوتۆم نەدی، لە خاوەنی یەکێ لە کتێبخانەکانم پرسی بەناوی (مکتبة الازهار) ئایا کتێبی کوردییان لا دەست دەکەوێ؟

خاوەنەکەی وەکو بڵێی جنێوی پێ دەدەم یەکسەر بە دەم و چاوێکی ناشرینەوە گوتی (اخی احنا عرب مانبیع غیر الکتب العربیە). بۆ نیوەڕۆش داوەتی نان خواردنی کاك سەلاح شێخموس بووین کە ئەویش برادەرانی ڕۆژانی پێشووی داوەت کردبوو بەبۆنەی هاتنی بەندە بۆ (حلب).

شەویش هەر لە ماڵی کاك ئەحمەد شعبو لەگەڵ باوکی کامەران شێخ سعید، محمد صالح دانیشتین تا درەنگانی شەو.

هەینی، ٣/١٢، لە دوێنێوە بڕیاری گەڕانەوەم دابوو بۆ قامشلی، چونکە ئەو چەند ڕۆژەی لە حلب مامەوە ماڵی کاك ئەحمەد شعبوم زۆر ماندوو کرد کە قەت لەبیریان ناکەم و لە بیر ناچنەوە، سەرەڕای ئەو کۆمەڵە کەسایەتیەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ناوم هێناون کە زۆر بەڕێزەوە لەگەڵمدا بوون و داوەتیان دەکردم و بەهیچ شێوەیەك هەستم بە تەنیایی نەدەکرد، هیوادارم کەوا ڕۆژێك بتوانم خزمەتیان بکەمەوە (بۆ زانینی خوێنەر ئێستاکە کاك محمد ساڵح، ماوەی دوو ساڵە لە هەولێر نیشتەجێیە و کچێکی (رولان) ڕۆژنامەنووسە لە یەکێ لە کەناڵەکانی کوردستان کار دەکات و من و کاك محمد ناوە ناوە یەکتر دەبینین.) خێزانی کاك ئەحمەد شعبو جەختی لەوە کردەوە کە نابێ بڕۆم تاکو دیاری بۆ لانەی کچم نەکرێ کە بریتی بوو لە ملوانکەیەکی جوانکیلەی زێڕ، بەهەرحاڵ کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ئەو خانەوادە بەڕێزە و ئەو برادەرە کوردپەروەرانە و شاری (حلب)ی مێژوویيم بەجێهێشت، کاك ئەحمەد شعبو بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و لەگەڵ کاك محمد صالح منیان گەیاندە گەراج و کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ بە ئۆتۆمبێلێکی کۆمپانیای دیجلە بەڕێکەوتم و کاتژمێر (٦,٣٠)ی ئێواەر گەیشتینە قامشلی، پاش ئەوەی بۆ ماوەی سێ چارەکە سەعات لە شاری (تدمر) ڕاوەستاین کە تێیدا بە هەلم زانی بۆ ماوەی نیوکاتژمێر سەردانی ئاسەواری (تەدمری پایتەختی مەلیکە زنوبیا)م کرد.

بە گەیشتنم بۆ قامشلی (حسیب) لە چاوەڕوانیمدا بوو و شەو دیسان لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیری ئەم شارە لە چاپخانەیەکی ئەو ناوە دانیشتین کە هەندێکیان لە ڕێگای نووسینەکانم لە گۆڤاری (گولان العربی) منیان دەناسی.

٣/١٣، پاش نان خواردنی بەیانی لەگەڵ حسیب سەردانی بارەگای پارتیم کرد بۆ خواحافیزی و سوپاسگوزاری کاك مەحمود گەرگەری، لەویٚ د. شەوکەت بامەڕنیم دیت کە ئەویش دەگەڕایەوە کوردستان، پێکەوە سەردانی د. عبدالعزیز فەرمان کردلە خەستەخانە تایبەتیەکەی خۆی کە ئەویش دەرچوی سۆفیەتە و ژنەکەی روسە، د. عبدالعزیز منی دەناسی بەناو چونکە پێشوتر لە حەفتاکان لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ئەندام بووە.

پاشان لەگەڵ د. شەوکەت بە ئۆتۆمبێل هاتینە سەر ئاو و لەوێشەوە بۆ زاخۆ، لە زاخۆشەوە بۆ دهۆك بۆ ئوتێل سۆلاف، ئێوارە سەردانی نوسینگەی برایەتی و خەباتم کرد لە دهۆك و شەویش لەگەڵ د. عبدالفتاح بۆتانی و فهیم عبدالله و رشید محمد ساڵح دۆسکی و دیار دۆسکی لە ئوتێل (لومانا) تاکو درەنگانێکی شەوماینەوە، بەیانیش بەرەو هەولێر هاتمەوە.

لە یەکەم دانیشتنی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کە بەڕێز سەرۆکی پارتی خۆی ئامادەی دانیشتنەکە بوو کە لە رۆژی ٤/١٤/ ئەنجام درا کە تێیدا سەرەڕای ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی و برادەرانی راگەیاندنی دهۆك و سەرەڕای ئامادەبوونی کاك عزالدین بەرواری و فلك الدین کاکەیی و غازی زێباری کە تێیدا دەربارەی راگەیاندن بەگشتی و کەناڵی ئاسمانی کوردستان T.V باسی لێوەکرا و هەریەك لە ئێمە بیروبۆچوونی دەربارەی مەسەلەکان باس کرد، پێشوتریش چەند جارێکی دیکە لە مەکتەبی ناوەندی ئەم جۆرە بابەتانە بە درێژی باسی لێوە دەکرا کە خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن وەکو بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی دەکرد، چونکە دەیزانی وجودی ئەو لە کۆبونەوەکان بە ئاسایی بەڕێوەدەچن.

لە برایەتی و ئیش و کارەکان سەرەڕای لەمپەر و ئاستەنگەکان بەرەو پێشەوە دەچوون، رۆژنامەی ١٢ لاپەڕە و سیٚ پاشکۆ و گۆڤاری سەنتەری برایەتی و ژمارەی تایبەتی لە بۆنەکاندا تا رادەیەکی گەورە رۆژنامەی برایەتی و دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات و بارەگاکەی ببووە شوێنێکی بەرچاو لە هەموو رویەکەوە، رۆژانە ئێواران شەو سەردانی مامۆستایان،

**مامۆستایانی زانکۆ، رۆشنبیران، ئەدەب دۆستان، سیاسەتکاران و برادەر و دۆستان زیاتر سەرقاڵیان کردبووینن چونکە برایەتی و پاشکۆیەکانی و گۆڤاری سەنتەری برایەتی توانیبوی کە خەڵکانێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوە بەبێ جیاوازی تەنانەت لە ناو خودی دەزگای رۆژنامەنووسانی برایەتی خەڵکانی لە دەرەوەی ئینتیمای پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان تێدا دەکرد، چونکە من پێم وابو ئێستا لەسەر هەمان باوەڕم کە نابێت چوارچێوەی کاری رۆژنامەنووسی بە هیچ شێوەیەك تەسك بکرێتەوە و ببێتە شانەیەکی حزبی، لاشم وایە ئەم سیاسەتە سەرکەوتو بوو ە پاشانیش لە ڕێڕەوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش زیاتر ئەم سیاسەتە پەیڕەو کرا و سەرکەوتوانە بەئاقاری پیشەییانەی خۆی گوزەری کرد کە لە پاشان لە لاپەڕەکانی داهاتوو لە بابەتی سەندیکا باسی لێوە دەکرێ، لە هەمان کاتیشدا، لەلایەکی دیکەشەوە هەموو کاتێ زۆر بە وردی چاودێری دەنگوباسی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتیمان دەکرد بۆ ئەوەی هیچ هەواڵ و بابەتێکمان بەبێ باسکردنی لە کیسمان نەچێت هەرکاتێکیش بابەتێك یاخود هەواڵێك لەم بوارەدا بڵاودەکرایەوە یەکسەر برایەتی دەیقۆزتەوە، بۆ نمونە کاتێ باس لە کۆنگرەی حزبی دەکرا ئەو راستەوخۆ بەبێ ئەوەی هیچ ئیشارەتێك هەبێت لە سەرکردایەتیەوە دەستم دەکرد بە نوسینی چەند ئەڵقەیەکی یەك لە دوای یەك دەربارەی بابەتەکە کە تێیدا شەن و کەوی هەمەلایەنەی بۆ دەکرا، لێرەدا ئەمیان خۆهەڵکێشان نیە کاتی لێکۆڵەوەرێکی بە سەلیقەی رەسەن ئەگەر بە ژمارەکانی برایەتی نێوان ١٩٩٣/١٠/٢٦ تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠دا بچێتەوە دەبینێ کەوا برایەتی لە دوو جەمسەری جیاوازدا گرنگی بە رووداو و هەواڵەکان داوە. یەکەمیان وەکو رۆژنامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ لایەنێکی ئەو پارتیەی فەرامۆش نەکردووە، مێژووی ئەم پارتە، کۆنگرەکانی، دامەزرێنەری، سەرکردەکانی، رووداوە مێژووییەکانی کەسایەتی بەناوبانگ و شاراوەکان و لەبیرکراوەکان، تەنانەت بەدوای سێبەریشیان دەگەڕاین تەنها بۆ نمونە کاتێ لە بەلاغی کۆتایی**

کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کە لە ١٩٩٩/٤/١٢ بەسترا و لە یەکێ لە بڕگەکانی ئەم کۆبونەوەیە بڕیاری سازدانی کۆنگرەی (١٢)یەمینی پارتی دەکا، ئێمەش راستەوخۆ کەوتینە خۆ بە (٣) ئەڵقە لە ژمارەکانی ٢٨١٥ و ٢٨١٦ و ٢٨١٧ لە رۆژانی ١٨-١٩-١٩٩٩/٤/٢٠ سێ ئەڵقەی پەیامی برایەتیم تەرخان کرد لە ژێر ناوی (بەرەو سازدانی دوازدەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان – پارتی زامنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانە) کە راستەوخۆ باس لە گرنگی کۆنگرەکانی پارتی دەکات کە تێیدا بونەتە هۆکاری پێداچوونەوە و بەرەوپێشەوەبردنی رۆڵی پارتی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان، لەو بابەتانەدا بەندە وەکو پارتییەك زۆر بە وردی دەچومە ناو وردەکارییەکانی پارتایەتی چونکە لە سەرەتاوە من بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٩٦٠ – کۆتایی ساڵی ١٩٦٢) چەند مانگێك لە حزبێك تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم کە ئەویش (حزبی شیوعی عێراق)ە کە لە راستیدا فێری زۆر کاری حزبی خۆڕۆشنبیرکردن و پابەندبوون بە دیسپلینی حزبی و زۆر شتی تر پاشان لەئاکامی بارودۆخی سیاسی و قەناعەتی فیکری بەهۆی کاریگەری هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشی ئەیلوول و دیداری بارزانی لە کۆیە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ چومە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکاتەش پارتی پارتێکی تۆکمەی یەکگرتوی خاوەن گەورەترین جەماوەر بوو کە دەتوانم بڵێم ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ حزبەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە روی ژمارە و بارودۆخی سیاسی بکرێت گەورەترین و بە دیسپلیترین پارتی سیاسی دەژمێردرا سەرەڕای بوونی مەکتەبێکی سیاسی شارەزا و خاوەن کەسایەتی و کۆمیتەیەکی فراوانی لەخۆبوردو و سەرۆکێکی ئەفسانەیی بێ هاوتا گۆشەکراو بوم بۆیە تاکو ئەو رۆژانەی کاری پارتایەتی و یاخود رێکخراوەیی پیشەییم دەکرد هەمان کاریگەریەتی ئەو قۆناغانەی پێشوترم لەسەر مابوو بە هیچ شێوەیەك لێم لانەدەدا، بەڵام ئەوەی جێگای داخ و سەرسوڕمانە خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ رۆڵ و تێگەیشتن و بەرەو پێشەوەچوونی برایەتی و پاشکۆیەکانی و کتێبەکان و گۆڕانکارییەکانی ناو خودی رۆژنامەکە نەدەکرا

بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو یەك دوو نمونەم کە لە پێشەوە هێناوەتەوە بەدحاڵیبوون راپۆرت نووسە بێ ویژدانەکان و بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی کەوتبونە وێزی برایەتی و سەرنووسەری برایەتی و هەر رۆژە بە بیانویەك ئەوجا ئەگەر هەڵەی چاپیش بوایە ئەوا لێیان دەکردە رۆژی حەشر لە کاتێکدا هیچ کام لەمانەی ئیشارەتم بۆ کردوون رۆژێك لە رۆژان بە یەك وشەش ئەم رۆژنامەیان بەسەر نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر وێنەکانیان، هەواڵە تەشریفاتیەکانیان بەدڵی ئەوان نەبا کە دوور بوو لە تێگەیشتنی کاری رۆژنامەوانی ئەوا (کەعبە دەڕوخا) و دەکەوتنە بروسکە و بروسکەکاری بۆجەنابی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی، خۆزیا ئەگەر ئەم دیاردە ناتەندروست و ناڕاستگۆیە رووبەڕووی دەزگاکانی دیکەی راگەیاندنی پارتی ببوایەتەوە ئەوا بە شێوازێکی دیکە لێکم دەدایەوە بەڵام دەمێك بوو ئاشنای ئەو پەندە بووبووم کە دەڵێ (داری بەبەر بەردی تێ دەگیرێ).

هەموو ساڵێك لە ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی برایەتی کە لە (١٩٧٦/٥/٦ دەرچووە) ئەو رۆژەمان دەکردە رۆژێکی تایبەتی ژمارەی ئەو رۆژە بە قەوارە و بابەتی هەمەجۆر دەکەوتە بەردەستی خوێنەران و میوانێکی زۆریش بە چەپکە گوڵەوە دەهاتن و پیرۆزباییان لێ دەکردین، ئەو رۆژە دەبوە کەرنەڤاڵێکی رەنگاوڕەنگی ئەم بۆنەیە و زیاتریش بە سیمای برایەتیەوە دیاربوو چونکە دیاربوو بە کردە برایەتی چە رۆڵێك دەبینێ، بەم بۆنەوە منیش وەکو سەرنوسەر لەم ساڵەدا نامەیەکی پیرۆزبایی و سیماهاندەرم ئاڕاستەی سەرجەم رۆژنامەنووسان و کارمەندانی رۆژنامەی برایەتی و پاشکۆیەکانی کرد هەر لە جێگری سەرنووسەرەوە تاکو برایانی کارگێڕی و تەلەفۆن و پاسەوانانی بارەگا و کارمەندە خزمەتگوزارەکان کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

برایەتی
BIRATETI

یەکەمین ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە
پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات

سەرنووسەر | ٢٢٩٨٣ ٤٢٢٨
جێگری سەرنووسەر سکرتێری نووسین | ٢٤٢٨٦
ئیدارە/ ٢٠٨٨٢
بەدالە | ٢٣٩٤٣ ٤٣٦٧

بەڕێزان، خۆشەویستان
* جێگری سەرنووسەر
* سکرتێری نووسین
* ئەندامانی دەستەی نووسەران
* لێپرسراوی لاپەڕەکان
* بەشی کۆمپیوتەر
* کارگێڕی دارایی و ئیداری
* خوشک و برایانی نووسەرو پەیامنێران و نوسینگەکان
* کارمەندانی سەتەلایت
* کارمەندانی وەرزشی برایەتی
* کارمەندانی ئەدەب و هونەر
* کارمەندانی سەنتەری برایەتی
* کارمەندانی ئەرشیف
برایانی کارمەندی
صیانەو ئیستیعلامات و تەلەفۆن و خزمەتگوزار و پاسەوانانی ڕۆژنامە، کارمەندانی کافتیریا

لە سی و دووەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامە خۆشەویستەکەتان سلاوێکی گەرمی بێ پایانتان پێشکەش دەکەم بۆ ئەو هەموو هەولوکۆششە و شەونخونیتان کە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە دەینوێنن لە پێناو بەرەوپێشەوە چوونی ئەو ڕۆژنامەیەی کە پەیامی پیرۆزی کوردایەتی و ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردستانی هەڵگرتووە هەر لە یەکەم ژمارەی کە لە ڕۆژێکی ئاوادا پێش (سی و دوو)ساڵ بۆ یەکەم جار کەوتە بەردەستی خوێندەوارانەوە بە هیممەتی دڵسۆزانەی سەرنووسەرو ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ئەو ڕۆژگارە لە یەکێ لە قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر سەرکردایەتی دەکرد.
بەرەوپێشەوە چوونی «برایەتی» ئەرکی پیرۆزی نیشتمانی هەموو لایەکمانە و هیچ کامتان لە ئێوە درێغیتان نەکردووە بەو هیواییەی ڕۆژانی ئایندە پرشنگدارتربێت لەژێر سایەی ئەو ئەزموونەی ئێستای گەلی کوردستان کە بە خوێنی شەهیدە سەربەرزو نەمرەکانمان و هەوڵ و کۆشش و ڕێبوارانی ئەم کاروانە هاتۆتە دی.
بۆ پێشەوە، لە پێناو پێشخستنی زیاتری «برایەتی» بەوگیانە یەک خێزانییەی کە تاکو ئێستا هەڵسوکەوتان پێ کردووە.
سەری ڕێزونەوازش بۆ هەردوو سەرنووسەری برایەتی شەهیدان
سەیدا صاڵح یوسفی و
دارا تۆفیق
سلاوی گەرمیش ئاراستەی هەموو ئەو خاوەن خامە بەڕێزانە دەکەین کە هاوبەشیان لە پێگەیاندن و بەردەوام بوونی برایەتی کردووە
هەرشادو بەختەوەر بن...

**براتان**
**فەرهاد عەونی**
**هەولێر٦/٥/١٩٩٩**

لەو یەك دوو مانگەی دواییدا (مانگی نیسان و مارت) هەندێ بابەتی ڕونکردنەوە و ڕەخنەئاسا لەسەر ڕوپەڕی برایەتی و کوردستانی نوێ دەنوسرا کە هەندێ جار (برینەکان)ی دەکولاندەوە و خەڵکی دڵگران دەکرد بۆیە پاش ڕاوێژ و گۆڕینەوەی بیروڕاکان بەپێویست زاندرا ئێمەی نوێنەرانی ڕاگەیاندنی پارتی لەگەڵ نوێنەرانی ڕاگەیاندنی یەکێتی کۆببینەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی دەبنە هۆکاری دڵەڕاوکێ و گرژبوونی بارودۆخەکە و لەسەر ئەوە هەردوو لا ڕێکەوتین کەوا کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوانا بکرێت لەسەر پێشنیاری برادەرانی یەکێتی (کۆیە) دەست نیشان کرا، چونکە جاری پێشوتر کۆبونەوەی ڕاگەیاندنی هەردوولا لە شەقڵاوە ئەنجام درا. بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ١٩٩٩/٦/٢٠ بە سەرۆکایەتی شاندێك کە تێیدا برایانی بەڕێز ڕێبوار یەڵدا کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کوردستان بوو و خالد محەمەد امین نووسەر لە ڕۆژنامەی برایەتی و بەندە بەرەو کۆیە بەڕێ کەوتین لە نێوان دێگەڵە و کۆیە کاك عارف ڕوشدی لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەوەکالەت لە پێشوازیماندا بوو، کاتێ گەیشتینە کۆیە یەکسەر بەرەو بارەگای مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چووین و برایانی ڕاگەیاندنکارانی یەکێتیش بریتی بوون لە بەڕێزان شوان کەریم کابان بەڕێوەبەری ئەوسای تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و کاوە محەمەد بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ماکۆك شێخ محەمەد نووسەر لە ڕۆژنامەی کوردستان نوێ پێکهاتبوو، کۆبونەوەکەمان لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای تەنسیقی پرۆسەی ئاشتی کە لە ڕۆژی ٦/٥ لە کۆیە ئەنجام درابوو دەربارەی ڕاگرتنی هێرشی ڕاگەیاندن و ئازادی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و ئاراستەکردنی ڕاگەیاندنی هەردوولا بەرەو سەقامگیری ئاشتی لە کوردستان و پیادەکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنی واشنتۆن بێ.

ئەو رۆژە نانی نیوەڕۆمان لەسەر خوانی مەڵبەند خوارد و لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا چەند کاتژمێرێکمان بەڕێکرد پاشان بەهەمان شێوەی هاتن بەرەو هەولێر گەڕاینەوە.

زۆرجار لەو ماوەیەی کە سەرنووسەری برایەتی بووم هەندێ لە کەسایەتی کورد و هەندێ لە دۆستەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای منەوە نامەی هەمەجۆریان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد سەرەڕای ئەو نامانەی کە ئاڕاستەی خودی خۆم دەکرا، د. کەمال مەزهەر دۆستی دێرین و هەڤاڵی رۆژانی شۆڕشی ئەیلوول لە قۆناغی نێوان ئازاری ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا ناوەناوە ئەگەر کارێکی هەبوایە زیاتر لە رێگای منەوە ئاڕاستەی دەکرد بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی بە هەردوو بەڕێزان سەرۆك مەسعود بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی هەبوایەن کاتی خۆشی کاك نێچیرڤان بارزانی بەندەی راسپارد کەوا بەناوی ئەوەوە تەکلیف لە د. کەمال مەزهەر بکرێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد، بەڵام د. کەمال بەهۆی گرفتی بوونی لە بەغداد کە هەندێ ئیلتیزاماتی زانستی هەبوو و هەروەها ئاستەنگی گواستنەوەی کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی لە بەغداوە بۆ هەولێر ئەم داوایەی پێ قبوڵ نەکرا، وابزانم هەمان کاتدا داوا لە مامۆستا مەسعود محەمەد کرابوو کە بە قسەی خوالێخۆشبوو شوکر مستەفا ئەویش رەزامەندی نیشان نەدابوو لەبەر چەند هۆکارێك.

رۆژی ١٩٩٩/٥/١٩ د. کەمال مەزهەر کە پێشوتر ئاگاداری هاتنی بووم لەگەڵ خاتوو شەهلای هاوسەری گەیشتە هەولێر و نیوەڕۆیەکەی لەماڵی د. اسماعیل شوکر لەگەڵ پەروینی هاوسەرم و د. خلیل محمد اسماعیل و د. شوکریە رەسوڵ و برایان تاریق جامباز و ئاسۆ کەریم نانمان خوارد و ماوەیەکی باش پێکەوە دانیشتینن پاشان دکتۆر و خێزانیم (شەهلا تاهیر حەیدەری) گەیاندە ئوتێل (برج اربیل) کە ئەوکاتە لە هەولێر لەو ئوتێلە باشتر نەبوو، لە هەمان رۆژ لە رێگای کاك سیداد بارزانی هەواڵی گەیشتنی د. کەمالم پێ راگەیاند کەوا ئاگاداری جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بکات بەمەبەستی

ڕێکخستنی دیدارێکی تایبەتی لەگەڵیان، هەمان ئێوارە کاك سیداد بارزانی پێخۆشحاڵی سەرۆك مەسعود بارزانی پێ ڕاگەیاندم کەوا (سبەی) ڕێککەوتی ٥/٢٠ کاتژمێر ٤ی ئێوارە کاتی دیدارەکەی ئەو لەگەڵ د. کەمال ڕێکخراوە و داواشی لە من کرد کەوا لەگەڵیان بم، کاتژمێر ٣ی ڕۆژی ٥/٢٠ بە ئۆتۆمبێلی خۆم د. کەمال و شەهلا خانی هاوسەریم بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەددین بۆ سەری ڕەش برد، لە کاتژمێر (٤)ی تەواودا سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لێکردین وەکو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا هاتووە لە سەرەتادا پاش ئەحواڵ و تەندروستی پرسین سەرۆك مەسعود خۆشحاڵی خۆی بە دیتنی ئەوان دەربڕین پاشان لەبارەی کێشەی کورد و شەڕی ناوخۆ قسەکرا، کاك مەسعود زۆر بە پەرۆشەوە باسی سەرکەوتنی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی کرد کە بە بەردی بناغەی سەرکەوتنی وەسف کرد کە تێیدا د. کەمالیش هاوڕابوو لەگەڵی.

لەو دانیشتنەدا د. کەمال باسی لە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگی دەربارەی (بارزانی نەمر) بۆ کاك مەسعود کرد کە بریتیە لە (مەلەفی تایبەتی بارزانی نەمر) لە ڕۆژانی شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣ – ١٩٤٥ کە بریتیە لە (٣) دۆسیە کە تایبەت بوون بە (نوسینگەی وەزیرانی ناوخۆی ئەوکاتە لە ڕژێمی پادشایەتی عێراق کە زۆر نهێنی و بەڵگەنامەی گرنگی تێدایە و ڕاستەوخۆ د. کەمال بە کاك مەسعودی گوت (بە خۆشحاڵییەوە ئەم سێ دۆسیەت پێشکەش دەکەم کە دەزانم کتێبخانەکەم بۆشاییەکی زۆر گەورەی تێ دەکەوێ، بەڵام من وەکو مێژوونووسێك پێویستم پێی دەبێت بۆیە دانەیەکی لێ کۆپی دەکەم بۆ خۆم و دۆسیە ئەسڵیەکانیش بۆ جەنابت دەنێرم، چونکە دەزانم دەکەوێتە دەستێکی زێدە ئەمین (ئێوەش سودی لێ دەبینن)، کاك مەسعود بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو و سوپاسێکی گەرمی د. کەمالی کرد و گوتی (فعلەن ئەمە بەنرخترین دیاریە کە جەنابت بە منی دەبەخشی، بەڵام د. کەمال گوتی (لەبەر حەساسیەتی بارودۆخی سیاسی (سەردەمی سەدام حوسێن) من ناتوانم ئەم دۆسیانەت بۆ بنێرم، چونکە لەوانەیە من چاودێری بکرێم و دۆسیەکانیش لە

**دەزگای نهێنی و تایبەتەوە دەرهێنراون و بەنهێنی بە من بەخشراون بۆیە دەبێت جەنابت مشوری گەیاندنی لە بەغداوە بۆ هەولێر بخۆیت)، ئەوجا کاك مەسعود رووی لە من کرد و گوتی (فەرهاد رادەسپێرم ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ).**

**پاش دانیشتنێکی یەك کاتژمێری نوسینگەی بارزانیمان بەجێهێشت کە تێیدا کاك مەسعود تا خوارەوەی باڵەخانەکە لەگەڵمان هاتە خوارێ و بەڕێیکردین، هەر هەمان ئێوارە پێکەوە سەردانی خوالێخۆشبوو (کاك سامی عبدالرحمان)مان کرد، کە ئەویش رێزێکی زۆری لە د. کەمال گرت و ماوەیەکیش لەلای ئەو دانیشتین لەپاشان لەسەر داوای سەلاحەدین بەدرەدین سەردانی ماڵی ئەومان کرد و تا درەنگانێکی شەو لای ماینەوە، پاشان کە دەگەڕیانەوە هەولێر لە رێگا بە (د. کەمال)م گوت (کاکە دکتۆر دەتوانم تەکلیفێك لە بەڕێزت بکەم؟) ئەویش یەکسەر گوتی (فەرمو برای خۆشەویستم تەکلیفی تۆ بەسەرچاو)، منیش گوتم (کاتێ باسی دۆسیەکانی لەمەڕ بارزانی نەمر لە ساڵانی ١٩٤٣ – ١٩٤٥) کرد بە شێوەیەك خۆشحاڵ بووم هەر خوا دەیزانی چەندە، خۆشت دەمێکە شارەزای منی کەوا بەدوای سێبەری (بارزانی نەمر)م و حەز دەکەم هەر شتێکی لەسەری نووسرابێت بیخوێنمەوە، کاتی خۆشی دوو دانە لە کتێبەکەی فازل براکم کڕی هەر لەبەر خۆشەویستی بارزانی کە چەند زانیاری و وێنەی باشی تێدایە و تاکو ئێستاکەش کتێبی (مأساة بارزان المظلوم)ی خوالێخۆشبوو مەعروف جیاووك دوو دانەم بۆ پەیدابوو کە چاپە ئەسڵیەکەی یەکەمە، دانەیەکم بە دەستاودەست بە سەرۆك مەسعود بارزانی دا و دانەکەی تریش لام پارێزراوە، تەکلیفەکەم ئەوەیە دەکرێ داخوازی دانەیەکی کۆپی ئەو دۆسیانەت لێ بکەم کەوا بۆ کاك مەسعودمی دەنێری چونکە گوتت دانەیەکی لێ کۆپی دەکەی لە کتێبخانەکەت دەیپارێزی، د. کەمال لە وەڵامدا گوتی (کاکەگیان من لە رێگای تۆوە ئەم دۆسیانە دەنێرم، هەرکاتێك گەیشت خۆت دانەیەکی بە رەزامەندی من لێ کۆپی بکە باشە؟)، منیش لە درێژەی گفتوگۆیەکەدا گوتم (کاکە دکتۆر من بە هیچ شێوەیەك**

خیانەت لە ئەمانەت ناکەم ئەوەی دەینێری دەبێتە موڵکی تەواوی کاك مەسعود، بەڵام ئەگەر تۆ لای خۆت دانەیەکم لەگەڵ دانەکەی خۆت بۆ کۆپی بکەی ئەوا دەبێتە دیاری تۆ و بڕیاری کۆتایش بۆ بەڕێزتانە)، کاتێ گەیشتینە نزیك بازگەی هەولێر بێ دەنگیمان لێ کرد، بەڵام پاش کەمێ د. کەمال هاتە قسە و گوتی: (کاکەگیان تۆ پیاوێکی راستگۆ و بەنرخی لای من، من لە سەردەمی (التاخی)وە تۆ دەناسم و هەمیشە لە رۆژە ناخۆشەکانی پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە تۆ هاتوچۆی من و کاك دارا و کاك خەسرەو تۆفیقت کردووە، را و بۆچونەکانت زۆر راستگۆ و راشکاوانە بووە، ئەو نووسینەشت دەربارەی رەحمەتی برای خۆشەویستمان دارا تۆفیق کە لە گۆڤاری گولان العربی نوسیبووت و موجامەلەت ناکەم کە نوسینەکەتم بە رادەیەك بەدڵ بوو لەگەڵ خوێندنەوەی فرمێسکم لە چاو دەهاتە خوارێ، لە بیریشم ناچێت کاتی خۆی لە ساڵانی هەشتاکاندا کتێبێکی بەنرخت لەسەر کورد پێشکەش کردم لە نووسینی (یحیی خان)ی سەرۆکی ئەفغانستان بوو، بەسەرچاو لەگەڵ ئەوەی خۆم دانەیەکت بۆ کۆپی دەکەم و دەزانم خوێندەوارێکی بەسەلیقەیت و لەوانەشە بۆ کاری رۆژنامەنووسی برایەتی ئەم زانیارییانەی کە لە دۆسیەکاندا هەیە سوودی لێ ببینی.

د. کەمال و هاوسەری یەك رۆژی دیکەش لە هەولێر مانەوە، شەوانە من و پەروین دەچوینە لایان و ئەوانیش شەوێك بە میوانی هاتنە ماڵی ئێمە. لەگەڵ د. کەمال رێککەوتین کەوا من پاش چەند رۆژێکی دیکە پەروین دەنێرمە بەغدا بۆ لای ماڵی باوکی کە لە بەغدا نیشتەجێ بوون پاشانیش خۆم تەرتیبی هێنانەوەی دەکەم.

هەفتەیەك دوای گەڕانەوەی د. کەمال پەروینم بۆ ماڵی باوکی ناردە بەغدا و لەگەڵی رێککەوتم کەوا لەگەڵ خوالێخۆشبوو سەرداری برای کە ئەویش لە بەغدا بوو کە پاش روخانی رژێمی سەدام بووە لێپرسراوی ناوچەی (١)ی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژی ٢٠٠٤/٨/٢ لەبەر دەرگای ماڵی خۆی لە گەڕەکی (السیدیە) لەگەڵ هەڤاڵێکی دیکە کە نوی (جیهاد جەلال)ی

برای هونەرمەند جەمال جەلال شەهیدکران پاش چونی پەروینی هاوسەرم بۆ بەغدا رۆژێك لەگەڵ سەرداری رەحمەتی دەچنە ماڵی د. کەمال و ئۆتۆمبێلەکەی سەردار دەبەنە گەراجی ئەوان، لەسەر داوای دکتۆر هەرسێ دۆسیەکە کە نزیکەی ۱۰۰۰ لاپەرە دەبێت و لەگەڵ دانەیەك لە کۆپیی هەرسێ دۆسیەکە کە من داوام لێکردبوو تەسلیمی ئەوانی کردبوو و ئەوانیش هێنابوویان بۆ ماڵی باوکی (عەمیدی خانەنشین عبدالله سعید) و وا لەگەڵ پەروین رێککەوتبووین کە هەرکاتێ کورێکم نارد بەناوی (صباح نوری) ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی باوکی پەروینم پێدابوو (۷۷٤۷۷۱۱) تەلەفۆن بۆ پەروین بکات و بڵێ (فەرهاد سڵاوی هەیە و سیحەتی باشە، کتێبەکانی ئامادەن بۆ تەجلید کردن، کاك صباح نوری کارمەندێکی چاپی جۆری رۆڵی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە بۆ سەرپەرشتی چاپی رۆژنامەی برایەتی دەکرد و جێگای متمانەی تەواوی من بوو، خۆشی ئەندامی پارتی بوو لە هەمان کاتیشدا لە بەغداوە پێداویستی چاپی دەکڕی و بە ڕێگای تایبەت و پارە سەرفکردن دەیهێنایەوە هەولێر و لێرەش بازرگانی پێوەدەکرد، لەگەڵ یەك دوو هاوبەشی دیکەی، کاك (صباح نوری)م بە نهێنی تەکلیف کرد کە لەگەڵ چوونی بۆ بەغدا لەم کاتەدا کە پەروین لە بەغدایە و مەسەلەکەم تێگەیاند و ژمارەی تەلەفۆن و ئەدرەسی ماڵی خەزورم لە (مدينة الضباط– زيونه) پێدا و بە مەبەستی وەرگرتنی هەر شەش دۆسیە و لەگەڵ کەلوپەلەکانی کە بە رێگای قاچاخ دەهێنێتەوە هەولێر بیانهێنێ، لەو ماوەیەدا کاك سیداد بارزانی دوو جار تەلەفۆنی بۆ کردم و سۆراغی گەیشتنی دۆسیەکانی لێ دەپرسیم.

پاش رۆیشتنی پەروین بۆ بەغدا و رۆیشتنی صباح نوری بە چەند رۆژێك کە (۱۰) رۆژی پێ چوو، نیوەڕۆی رۆژێك لەو ماوەیەدا سەباح بەخۆی و ئەمانەتەکانەوە هاتنە ماڵەوە و تەسلیمی کردم، منیش لە پاداشتی ئەم کارە (۱۰۰۰) دینای چاپی سویسریم پێ بەخشی و بەزۆر لێی وەرگرتم، هەر هەمان کات تەلەفۆنی کاك سیدادم کرد کەوا ئەمانەتەکە گەیشت و لە ماڵە ئەویش گوتی هەر ئێستا ئۆتۆمبێلی خۆمان دەنێرم بۆ ماڵەوەتان، چارەگە سەعاتێك

پاش ئاگاداریکردنی کاك سیداد سەرۆك مەسعود بارزانی تەلەفۆنی بۆ کردم و چۆنیەتی هێنانی دۆسیەکانم پێ ڕاگەیاند کەوا خێزانی خۆم بۆ ئەم مەبەستە ناردۆتە بەغدا و کە ئەم کارە جێبەجێ بکات جەنابی کاك مەسعود سوپاسی من و پەروینی کرد و لە ئەحواڵی خەزورم (عەمیدی خانەنشین عبدالله سعید)ی پرسی کە دۆستی بارزانی نەمر بوو)، من لێرەدا باسی ناوەڕۆکی دۆسیەکان ناکەم، چونکە ئەم بابەتە بە مافی سەرۆك مەسعود بارزانی دەزانم و ئەو دەتوانێ لە پاشەڕۆژدا بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدات و منیش دۆسیە کۆپیکراوەکان کە د. کەمال بە دیاری بۆ منی کۆپی کردبوو لە کتێبخانەکەم جێگای شیاوی خۆی گرتووە.

پاش ئەو دیتنەی بارامی وەلد بەگی کە لە مانگی شوباتی ئەم ساڵەدا لە تاران یەکترمان دیت و بە قسەی خۆی پڕۆژەیەکی هەبوو کەوا ئەنستیوتێکی فەرهەنگی کوردی دابمەزرێنێ بە ناوی کوردستان و گۆڤارێك دەربکا بەناوی کوردستان لە تاران لە هەمان کاتیشدا چەند جارێك کەوتە ئەنجامدانی هاتوچۆی ڕۆشنبیرانی کورد لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەڕای من کارێکی چاکی کرد و بووە هۆکاری ناسینی ڕۆشنبیرانی کورد لە نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەشتی یەکەم لەم بوارەدا لە بەختی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئەوەبوو ڕۆژی ١٩٩٩/٦/١٤ ئەم ساڵە لە نێوانی دێگەڵە و کۆیە پێشوازیمان لە یەکەم کۆمەڵی ڕۆشنبیران کرد کە لە ڕێگای مەریوان – پێنجوێن – سلێمانی – کۆیە بەرەو هەولێر هاتبوو و ئێمە کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران کە تێیدا برایان شەهید مەهدی خۆشناو کە ئەوکاتە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کرود بوو، سەرۆ قادر لێپرسراوی دەزگای گوڵان، ئێمەش لە برایەتی بەندە و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی و ئاسۆ کەریم و ڕێبوار یەڵدا لێپرسراوی کوردستان TV، هەندێ لە برایانی دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران لە پێشوازیاندا بووین، ئەوجا هاتینە هەولێر و لە ئوتێل (بورجی هەولێر) دابەزین.

ئەو چەند رۆژەی لێرەبوون چەندین سەردان و دیداریان بۆ رێکخرا و رۆژی چوارشەممە رێککەوتی ٦/١٦ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەدین چووین و کاتژمێر (١٢) بەڕێز مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندی میوان کرد لەبارەگاکەی خۆی، کاك مەسعود بە شێوازێکی زۆر جوان کەوتە قسە و باس لە پەیوەندییە دێرینەکانی رۆژهەلات و باشووری کوردستان کرد و جەختی لەسەر پەیوەندی توندوتۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان کردەوە کە دەبێتە مایەی لێك تێگەیشتن و دۆستایەتی دوو ولات.

لە بەرامبەردا کاك بارامی وەلد بەگی سەرەڕای ئەوەی کاك مەسعود بارزانی بە سەرۆکی کورد و رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ناوزەد کرد چەند وتەیەکی سوپاسگوزاری و هاتنی شاندی رۆژهەلاتی بە کارێکی گەورە وەسف کرد، پاشان لەسەر خوانی کاك مەسعود بارزانی نانی نیوەڕۆمان خوارد و بەکۆتاهاتنی دانیشتن و میوانداریيەکە شاندی رۆشنبیرانی رۆژهەلاتی کوردستان بەرەو پارێزگای دهۆك بەڕێکەوتن، لە راستیدا چەند جارێکی دیکە ئەو جۆرە هاتوچونە دووبارە دەبونەوە کە تا رادەیەکی باش کاریگەری لەسەر ناسین و شێوازی بیرکردنەوە هەبوو بەتایبەتیش بۆ برادەرانی ئەودیو کە لێرە بۆ یەکەم جارە پاش ئەزمونی کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی مهاباد بوو لە ساڵی ١٩٤٦ کە تێیدا کۆمەڵێك لە نیشتمانپەروەرانی کوردستانی عیراق بەرەو مهاباد چوبوون پاش چوونی بارزانی نەمر بەخۆی و هەزاران پێشمەرگە و هاولاتیان و خۆیان خستە خزمەتی کۆمار بە سەرۆکایەتی شەهید (قازی محمد)، بەم جۆرە ئەم سەردانانە دووبارە دەبوونەوە.

لە سەرەتای مانگی تەمموزی ئەم ساڵە چەند بابەتێکی گرنگ هاتە پێشەوە کە دەبوایە گرنگی تەواوی پێ بدەین، یەکەمیان بڕیاری گرێدانی کۆنگرەی (١٢)ی پارتی بوو لە ١٩٩٩/١٠/٦ کە تێیدا لە سەرەتای مانگی تەممووزەوە دەستمان کرد بە بلاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە کۆنگرەی (١٢)وە هەی و لاپەڕە (٢)ی برایەتی رۆژانی پێنج شەممە بەتایبەت و لاپەڕەکانی دیکە بەگشتی بۆ ئەم مەسەلە گرنگە تەرخان کرد.

له دەسپێكی بڵاوكردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە لە ژمارە ٢٨٦٩ی برایەتی رۆژی ١٩٩٩/٧/١ لاپەڕە (٢ –٣) بەتەواوی لە ژێر ناوی (بەرەو سازدانی دوازدەمین كۆنگرەی پارتی دیموكراتی كوردستان) چەندین بابەت و گۆشەیەكیش بەناوی (رۆژانی كۆنفراس)ی هەڵبژاردنی ئەندامانی كۆنگرە تەرخان كرابوو، لە دەسپێكی ئەم ژمارەیەدا بابەتێكم لەژێر ناوی (گفتوگۆیەك لەمەڕ چەند مەسەلەیەكی كۆن – تازە لە بەردەم دوانزەمین كۆنگرەدا) كە تێیدا باس لە سێ بابەت دەكەم بەو هیوایەی لە كۆنگرەدا باسی لێوە بكرێت، بابەتی یەكەم بەگەڕخستنەوە و ئەكتیڤ كردنی مەكتەبە ناوەندییەكانی پارتی بە شێوازێك كە لە كار و جوڵانەوەی تەقلیدی دەربچێتن چونكە مەكتەبە ناوەندییەكان شادەماری پەیوەندییەكانی پارتین بە كۆمەڵانی خەڵكەوە دووەمین بابەت كە باسم لێوەكردووە مەسەلەی رێكخستنە و پرسیارێكم ئاڕاستە كردوووە ئایا تا چە رادەیەك رێكخستنەكانی پارتی دوور لە موزایەدە و چەواشە توانیویانە بچنە ناو قوڵایی خەڵك و توانای جوڵاندن لە كاتی پێویستدا، خاڵی سێیەم بەلای منەوە ئەویش گرنگیەكی تایبەتی هەبووە كە بریتی بوو لە گەڕانەوەی پۆست و ئەركی (سكرتێری گشتی) لەناو پێكهاتەی سەركردایەتیی پارتی كە لە یەكەم كۆنگرەی پارتی لە ١٩٤٦/٨/١٦ بەسترا پۆستی سكرتێری گشتی پارتی لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا جێگیر كرا كە بەڕای من خوێندنەوەیەكی بابەتیانە و سەردەمیانەی كاری حزبایەتی بوو كە تا رادەیەكی گەورە سوود لە پێكهاتەی حزبە شیوعییەكانی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات و هەندێ لە پێكهاتەی حزبە شیوعییەكانی وڵاتانی رۆژئاوای ئەورووپاش بوو، ئەم پێكهاتەیە تاكو كۆنگرەی هەشتەم كە لە كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٨٩ بەسترا بەم شێوەیە مایەوە، بەڵام لەم كۆنگرەدا لە ئاكامی فشاری هەندێ لە ئەندامانی كۆنگرە مەسەلەكە گۆڕدرا بۆ جێگری سەرۆكی حزب و لە كۆنگرەی (١١)شدا مەسەلەكە وەك خۆی مایەوە،یانی جێگیربوونی پلەی (جێگری سەرۆك) بەڵام پاش كۆنگرەی (١١) بە دوو ساڵ بێ گوێدانە پەیڕەوی ناوخۆ (دەستەی كارگێڕی) هاتە دروستكردن كە ئەمیشیان كت و مت جێگای

سکرتێری گشتی پارتیە، چونکە سکرتێری گشتی بەهاوکاری لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی ڕێکخەر و بزوێنەری بابەت و مەسەلە هەنوکەییەکانی پارتی بوو، هەر لە وتارەکەدا رونم کردۆتەوە کە خودی مەکتەبی سیاسی ئەرك و وەزیفەی دەستەی کارگێڕی کۆمیتەی ناوەندی دەبینێ بۆیە مەکتەبی سیاسی پێویستی بە سکرتێری گشتیە نەك دەستەی کارگێڕی کە خۆی لە بنەڕەتدا دەستەی کارگێڕیە، بەڵام وەکو کورد دەڵێ (ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك)م دێتە بەرچاو.

بابەتی دووەم کە زۆری پێوە خەریك بووین کردنەوەی مەڵبەندی (مستەفا بارزانی) بوو لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن لە رۆژی ١٩٩٩/٦/٢٤ کە ئەمەشیان بە ڕووداوێکی گرنگ دادەندرێ بۆ کورد و بۆ ناو و ڕۆڵێ بارزانی نەمر لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان کە تێیدا دەیان بابەت و دەیان نووسەر و مامۆستای زانکۆ، سیاسەتمەداران، کەسایەتی حزبەکانی کوردستان، رۆژنامەنووسانن ئەدیبان کە هەریەکە لە روانگە و بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە لەم بابەتە دەدوان بەلای من جوانترین بابەت کە لەم بارەوە نووسرابێت بابەتێکی مامۆستای گەورە خوالێخۆشبوو (مەسعود محەمەد) بوو کە ئەوکاتە لە هەولێر دادەنیشت وەکو عادەتی رۆژانی (کۆیە)م هەرکاتێك مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەهاتە کۆیە ئەوا یان بە تەنها یان لەگەڵ (محسن عزیز اغای حەوێزی و عبدالرحمانی محمود اغای حەوێزی (شێتە) سەردانم دەکرد کاتێکیش کە هاتە هەولێر زوو زوو بە خزمەتی دەگەیشتم و ئەویش لە برایەتی سەری دەداین و هەندێ جاریش پێکەوە لە چێشتخانەیەك نانمان دەخوارد، لەو سەروبەندەدا کە مەڵبەندی مستەفا بارزانی کرایەوە مامۆستا مەسعود لە هەولێر بوو، بەڕێککەوت لەگەڵ چەند هاوکارێکی رۆژنامەی برایەتی لە چێشتخانەی ئوتێل (برج اربیل) داوەتێکی دۆستانەم کرد و ئەو رۆژە باس لە (دەردە کورد دەکرا کە تێیدا مەبەست لە (شەڕی نەگریسی برایان) بوو کە مامۆستا مەسعود محەمەدی نیگەران کردبوو گەرچی لەم کاتەدا شەڕ نەمابوو، بەڵام وەکو مامۆستا دەیگوت (ژیلەمۆی ئاگرەکە) دانەمرکاوە و بەتەواوی

نەكوژاوەتەوە، هەر لەم بارەیەوە قسەیەكی زۆر واقیعیانەی ئەوتۆی كرد كە من زۆر جار چ لە نووسین و چ لە دیمانەكانی تەلەفزیۆنی و رۆژنامەنووسی باسم لێوەكردووە، كرۆكی قسەكەی مامۆستا مەسعود ئەوەبوو دەیگوت (بەداخەوە كورد لە رووی پێگەی سیاسییەوە خۆی زۆر بە گەورە دەزانێ لە كاتێكدا سەدان ساڵە یەكگرتوو نەبووە، بەڵام ئەوە نازانێ ئەگەر یەكگرتووش بێت تاكو رۆژانێ ئەمڕۆ لەسەر مێزی بڕیاربەدەستانی دنیا لە دەرەوەی خاڵی سفرە). لەو دانیشتنە باس لە كردنەوەی مەڵبەندی مستەفا بارزانی كرا كە چەند رۆژێك پێشوتر رۆژنامەی برایەتی لە چەند ژمارەیەكدا بە بەربلاوی باسی لێوەكردبوو، داوای لێكردم كەوا ئەو چەند ژمارەی بۆ بنێرم، منیش هەر ئەو رۆژە بە دەستی رێكانی كوڕم لەگەڵ لێپرسراوی پاسەوانانی دەزگا (اسماعیل حەوێز غەفوری) ژمارەكانم بۆ بەڕێزیان نارد، چەند رۆژێكی پێ چوو تەلەفۆنێكی بۆ كردم كەوا یەكێك بنێرم بابەتێكی هەیە و بە دەق گوتی (قوربان ئەگەر لە وتارەكەم رازی بویت ئەوا بلاوی بكەوە ئەگەر لێشی رازی نەبوویت ئەوا بۆم بنێرەوە ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبێتێ)، وتارەكەی مامۆستا مەسعود محەمەد لە برایەتی ژمارە (٢٨٧٩)ی رۆژی پێنج شەممە رێككەوتی ١٩٩٩/٧/١٥ لە بەشی سەرەوەی لاپەڕە (٥) بلاوكراوەتەوە كە وەكو لە پێشەوە ئیشارەتم پێداوە ئەم نووسینەی بەڕێزیان یەكێكە لە جوانترین بابەت كە دەربارەی مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە واشنتۆن نووسراوە كە لە بڕگەیەكیدا دەڵێ: (مەلا مستەفا قەدەری كوردە، هەتا ئەم رۆژەش هەر قەدەری كوردە و هەتا سەردەمانێكی زۆریش هەر بە قەدەری كورد دەمێنێتەوە. تەنانەت دوژمنەكەشی لە چوارچێوەی ئەو قەدەرەدایە، واتە دوژمنەكەش قوتار نییە لە قەدریەتی مەلا مستەفا، چونكە یەكێك كە لەو بەجێماوە دێت یەخەی دوژمنی كورد دەگرێتەوە. مرۆڤێكی كورد نییە خاڵی بێت لە مەلا مستەفا، دەمەوێت بڵێم لە كورددا هەموو كەسێك بەشێكی مەلا مستەفای تێدایە).

لە رۆژانی ٦-١٣/١٠/١٩٩٩ كۆنگرەی (١٢)ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ژێر دروشمی (ئاشتی، ئازادی، دیموكراتی) لە هۆڵی زەردی هەولێری

پایتەخت ئەنجام درا کە تێیدا لە نزیکەی ١٥٠٠ ئەندام کە زۆربەیان لە کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی ڕێکخستنەوە بە هەڵبژاردن دەرچووبون، ژمارەیەکی بەرچاوی میوانی ناوخۆ و دەرەوە هاتبوو، شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە وتارێك جەختی لەسەر ئاشتی و تەبایی لە کوردستان کردەوە، بەندە کە پێشوتریش بە بڕیاری مەکتەبی ناوەندی دیراسات و لێکۆڵینەوە کە لیژنەیەکی (٣)ی کەسی لە بەندە و خوالێخۆشبوان د. سەعدی بەرزنجی و زاهیر ڕۆژبەیانی پێکهاتبوو لە کۆنگرەی بووینە ئەندامی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ بەڵام زۆر تێیدا نەماینەوە چونکە پێشوتر لە پێش کۆنگرە ئیشی زۆرمان تێدا کردبوو و هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە وەرەقەکەی ئێمە نەکرا.

ناوە ناوەش بەشداریمان بەتایبەتی بەندە و زاهیر ڕۆژبەیانی بێ ئەوەی ئەندام بین تێیدا لە لیژنەی ڕاگەیاندن دەکرد بەپێی ئەندامیەتیمان لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن و هەموو ئەندامێکی کۆنگرە مافی هەبوو هەر کاتێك بەشداری لە لیژنەکان بکات، ڕۆژانی کۆنگرە زۆر سەرقاڵ بووم یەکەم لەبەر خودی برایەتی کە پێویستی دەکرد کاتی تەواوی بۆ تەرخان بکەم دووەم ئەندامیەتی لە لیژنەیەکی کۆنگرە کە ئەویش کاتی دەویست، شەوانەش دەبوایە هەم بەدواداچوونی بابەتەکانی پەیوەند بە کۆنگرەوە بکەم سەرەڕای ناردنی تەواوی ڕاپۆرتەکان هەواڵەکانی کۆنگرە بۆ (شێرکۆ حەبیب)ی ئامۆزام کە هەم لێپرسراوی ناوچەی پارتی بوو لە لەندەن هەم پەیامنێری برایەتی بوو، ئەو کاتە وەکو ئێستاکە ئامێری پێشکەوتوی گەیاندن نەبوو بۆیە شەوانە ماوەیەکی دەویست تاکو بابەتەکان ڕەوان بکرێن بۆ ئەوەی ئەوێشت لەسەر سایتی تایبەت بە برایەتی دابنێ و لە هەمان کاتیشدا هەر لە ماڵی خۆی کۆپی بابەتەکانی دەکرد و بۆ هەندێ لایەن و کەسایەتی دەناردن.

کۆنگرە کە وەکو کەرنەڤاڵێك دەهاتە بەرچاو بە هەڵبژاردنی ٣١ ئەندام و ٩ ئەندامی یەدەگ کۆتایی هات، بەش بە حاڵی خۆم کۆنگرەی (١٢)ش لە رووی ژمارە و جۆری میوانانی دەرەوە و ناوەوە نەبێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی تێدا

نەهاتە دی، زۆربەی کەسایەتیەکانی پێشوو بە جیاوازییەکی کەمی دەنگەوە هەڵبژێردرانەوە، ئاکامی هەر کۆنگرەیەکیش بەجۆری گۆڕان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان هەڵدەسەنگێندرێ.

لە دوا رۆژی کۆنگرە بە قەناعەت و ویژدانەوە دەنگم بەو پاڵێورانە دا کە بە بۆچونی من شایانی ئەندامیەتی سەرکردایەتی پارتی بوون.

لە دەفتەری بیرەوەرییەکانماد لە رۆژی ١٩٩٩/١٠/١٤ ئەم چەند دێڕەم نووسیوە: (موفاجەئات هەیە لە نەتیجەی دەنگدان، بە رای من هیچ گۆڕانکارییەك ناکرێ بەو شێوەیەی کە خەڵکی ئومێدی لەسەر گرێدابوو، لەوانەیە ئێمە وەکو حزب توشی زەرەر بین، چونکە وەعدی گەورەمان دابوو بەڵام ئاکامی دەنگدانەکە ئەوە نیشان دەدا وەکو رۆژنامەنووسی عێراقی (عەدنان حوسێن) لە رۆژنامەی "الشرق الأوسط" نوسیویەتی "جهة المتضررين واسعة وقوية" ئەو برادەرانەی ئەمڕۆ دیتمن بە نەرێنی باسی کۆنگرەیان دەکرد. شەو لە ئوتێل هەورامان داوەتی کاك جەوهەر نامیق بووین کە تێیدا نوێنەرانی کۆنگرەی وڵاتانی ئەوروپای بانگهێشت کردبوو، تا درەنگانی شەو ماینەوە، ئەوانیش بەتەواوی لە ئاکامی کۆنگرە دڵخۆش نەبوون.

لە ١٩٩٩/١٠/١٣ کۆنگرەی (١٢) کۆتایی هات بەڵام دەنگۆی ئاڵوگۆڕی لە پۆستە باڵاکانی پارتی و حکومەت و پەرلەمان لەئارادا بوو ناوە ناوەش کاك فەرەنسۆ هەندێ قسەی دەهاویشت کە دەرئەنجامی کۆنگرە بوو بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێك مەکتەبی سیاسی تازە کۆبونەوەی خۆی لەو ماوەیەدا ئەنجام دەدا، رۆژی ١٩٩٩/١١/٢٢ هەندێ لایەنی گۆڕانکارییەکن بەدیارکەوت کەوا د. رۆژ نوری شاوێس لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەگوازرێتەوە و کاك جەوهەر نامیقیش لە سەرۆکی پەرلەمان بۆ سکرتێری مەکتەبی سیاسی و کاك سامی عبدالرحمنیش

له سەرۆکی دەستەی کارگێڕی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

رۆژی ١٩٩٩/١١/٢٥ پەرلەمانی کوردستان دەست لەکار کێشانەوەی د. رۆژی لە سەرۆکی حکومەت پەسەند کرد و رۆژی ١١/٢٧ پەرلەمانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی راسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ (چوارەم)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی دووشەممە رێککەوتی ١٢/٢٠ پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە کابینەی چواری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا و کاك سامی عبدالرحمنیش بوو بە جێگری سەرۆك، لێرەدا ئەم بابەتە یاخود ئەم مەسەلەیە لە قەناعەتەوە پێم (هەزم) نەکرا چوار لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پۆستی وەزارەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن چونکە تێگەیشتنی من بۆ مەکتەبی سیاسی شتێکی دیکە بوو، بۆیە دەڵێم زۆر دڵم وەکو خەڵکانی دیکە بە ئاکامی کۆنگرەی (١٢) زۆر دڵخۆش نەبوو، چونکە نەیتوانی بەلانی کەمەوە مەکتەبی سیاسی بە پۆستی وەزاری سەرقاڵ نەکات، بەڵکو دەبوایە بڕیار هەبوایە کەوا کاری مەکتەبی سیاسی سەرقاڵی سیاسەت و پارتایەتی بێت نەك پۆست و سوود وەرگرتن.

لە زنجیرە گۆڕانکاریە نەخشەکێشراوەکان رۆژی ١٩٩٩/١٢/٢١ جەوهەر نامق سالم سەرۆکی پەرلەمان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند و پەرلەمان قبوڵی کرد و خوالێخۆشبوو (محمد حسن بالتە) بە سەرۆکی کاتی هەڵبژێردرا و پاشان د. رۆژ نوری شاوەیس لە ١٩٩٩/١٢/٢٢ بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا.

وەکو لە لاپەڕەکانی پێشو باسم لێوەکردووە هاتوچۆی نێوان رۆشنبیرانی رۆژهەلاتی کوردستان (کۆماری ئیسلامی ئێران) لەگەڵ رۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان گەرموگوڕی تێکەوتبوو کە تێیدا بارامی وەلدبەگی رۆڵی تێدا دەبینی ئەو جارەیان گەشتێکی فراوانمان بۆ رێکخرابوو لەسەر داوەتی ناوەندی فەرهەنگ و بلاوکردنەوەی کوردی (سروە) بە مەبەستی بەشداریکردن لەو کۆنگرە رۆشنبیرییە کە لە کوڕیادی ئەدیبی ناسراوی کورد (سەید تاهیری

هاشمی) ساز دەکرا، شاندەکەی ئێمە کە لە چەندین هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و ئەدیبی لەخۆگرتبوو، ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/١ لە خاڵی سنووری حاجی ئۆمەرانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتینە ڕێ، بەڵام چەند ڕۆژێك پێشوتر سەردانی کاك نێچیرڤان بارزانیم کرد دەربارەی چونی شاندەکە و ئەرکەکانی کە تێیدا هەندێ ڕێنمایی کردم لەگەڵ بڕێك لە یارمەتی بۆ ئەندامانی شاندەکە سەرەڕای ناردنی سڵاو و ڕێزی تایبەتی جەنابی کاك مەسعود بارزانی و خۆی (کاك نێچیرڤان) بۆ جەنابی کاکەئەحمەدی قازی و هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆر بەڕێزەوە باسی لێوەکردن.

پاش گەڕانەوەمان لەو گەشتە کە (٧) ڕۆژی خایاند بە زنجیرە (٣) ئەڵقەم لەسەر ئەم گەشتە نووسی و لەژێر ناوی (ڕۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆڕیادی "سەید تاهیری هاشمی"دا لە کرماشان ئامادەبوون) لە ژمارەکانی برایەتی ٢٩٨٩ لە ڕۆژی ١٢/١٣ و ژمارە ٢٩٩٤ی ڕۆژی ١٢/٢٠ و ژمارە ٢٩٩٩ی ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/٢٧ بڵاومکردۆتەوە لەبەر وردەکاری ڕۆژانی گەشتەکە کە تێیدا ٢٥٠٠ کتێبی کوردی و پێشانگایەکی شێوەکاریمان لەگەڵ خۆمان بردبوو کە تێیدا چەندین جموجۆڵی ڕۆشنبیری لە کرماشان و سنە ئەنجام دابوو سەرەڕای سەردان و کۆبونەوەی جیا بە پێویستی دەزانم دەقی ئەو سێ ئەڵقەیە لێرەدا بڵاوبکەمەوە وەکو خۆی:

**ڕۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان**

**لە کۆڕیادی (سەید تاهیری هاشمی)دا لە کرماشان ئامادەبوون**

دونیا هەر تاریك بوو کاتێ هەولێری پایتەختمان بەجێهێشت، بەڵام لە دەرووندا ئێمەی ئەندامانی شاندی ڕۆشنبیرانی کوردستان هەستمان بە خۆشییەکی گەورە دەکرد چونکە ماوەی هەفتەیەك پێش ئەوکاتە دەمانزانی بەرەو کرماشان دەچین و لە کۆڕیادی کەڵە ڕۆشنبیرێکی کورددا بەشداری دەکەین لەوانەیە هەندێکمان خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمیمان نەناسیبێ یاخود لە نزیکەوە ئاگاداری شاکارە شیعرییەکانی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی

نەبووبین یان چاومان بەو وەستاکارییەی بوواری خۆشنووسیی ئەو زاتە نەکەوتبێ سەرەڕای دەروون پاکی و نیشتمان خۆشویستن و ئاینپەروەریی ئەو کە هەموویان هۆکاری درووستبوونی مرۆڤێکی رۆشنبیری گەورەی لێکەوتۆتەوە کە هەر لە (دەوڵەتاوە) لە ناوچەی هەورامانی جێگای لەدایکبوونی تاکو سەراپای کوردستانی لێ ئاشنا بوون، لەبیرمە لەناوەندی شەستەکانی ئەو سەردەمە بوو کاتێ ئێمەی لاوانی کوردستانی ئەم دیوە وێڵی سووڕان و بەدواگەڕانی ئەو ئێزگە کوردییانە بووین، کە لێرە و لەوێ گوێگرانی ئاشنای کەلەپوور و شیعر و ئەدەبییاتی کوردیی دەکرد و کەم و زۆر سیمای ناوچوونەگیانی کوردایەتیی تێدابوو چونکە ئەو سەردەمە یەکەم هۆکار هەر تەنها رادیۆ بوو کە بەپەلە لە گۆڕەپانی رۆشنبیریدا رۆڵی کاریگەری خۆی دەگێڕا. سەید تاهیری هاشمی لە بەرنامەی (هەوارگەی دڵان و شوکوڕڵای باباندا) لە پەخشنامەی شیعر و ئەدەبییاتی کوردی دا دوو شۆڕەسواری سەردەمی رادیۆی کوردیی کرماشان بوون کە یەکەمیان بە سۆزێکی بێ هاوتا بە دەنگە نەرمونیانەکەیەوە (پەخشان و شیعر و قسەی نەستەق)ـی کوردیی بەگوێی گوێگراندا دەچڕی و دووەمیشیان ناچاری دەکردی بە تاسەوە گوێ لەو شیعرە بگری کە دەڵێ:

***گەردەنی کوردی لە کێوی بێستوون مەحکەمترە***

***بۆیە ســـەد ساڵە لەژێر باری خەمایە و نانەوێ***

بە دەیان و سەدان پارچە شعری دیکە و بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئاواز و گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك و محەمەدی ماملێ و مەزهەری خالقی و تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و مەلا کەریم و دەیان خۆشخوانانی دیکە بگرێ.

سەرلەبەیانیی رۆژی چوارشەممە بەرێکەوتین لە خاڵی سەرسنوور لە حاجی ئۆمەران کەشوهەوا زۆر سارد بوو پلەی سەرماکە لەژێر سفرەوە بوو شاخەکانی قەندیل و گردمەندیل و کۆدۆ و سەری سەکران و هەڵگورد بەتەواوی بەفر داپۆشیبوون، بە دیتنی ئەم دیمەنە خۆشحاڵ بووین هیوای

ئەوەمان دەخواست ئەم بەفرە بگاتە پێدەشتەکانی ناوچەکانی خوارەوەش بەڵکو لە مەینەتی بێ بارانی پارساڵ رزگارمان ببێت. پاش کاتژمێر و نیوێك لە چاوەڕوانی ئاغای رەحیمی بووین کاتێ لێمان پەیدا بوو گوتی (ماشێن و برادەران) لەودیو سنوورەوە ئامادەن پێناسەکانمان تەسلیم بە خاڵی سەرسنوور کرد کاتێك لە دەرگا ئاسنینەکەوە چووینە ئەودیو دیمان رۆشنبیری گەورە کاك ئەحمەدی قازی سەرنووسەری گۆڤاری سروە کە لە مەرکەزی ئینتیشاراتی سەلاحەدین لە شاری ورمێ دەردەچێ لەگەڵ کاك بارامی وەلەدبەگی سەرنووسەری حەفتەنامە (ئاویەر) کە لە شاری سنە دەردەچێ و کاك ئەحمەدی شەریفی رۆشنبیر و کاك محمد حسێنی بەرزی لە گۆڤاری سروە و چەند لێپرسراوێکی دیکە لە پێشوازیماندابوون، هەستمان بە گەرموگوڕی و پێخۆشحاڵبوونێکی گەورە کرد. ئۆتۆبیسێکی گەورە و ئۆتۆمبیلێکی قەمەرەی جۆری بیجۆی (٣٠٤) مۆدیل (١٩٩٣) ئامادەباش بوون، کەلوپەل و تابلۆی گەورەی هونەرمەندانی کوردستان کە ٦٠ تابلۆ دەبوون لەگەڵ چەندین شاکاری خۆشنووسی و نزیکەی ٧٥ کارتۆنی گەورە کە زیاتر لە ٢٠٠٠ کتێب و چاپەمەنیی دیکەی گۆڤار و رۆژنامەی کوردستانیان تێدابوو، دۆستانمان بۆیان گوێزاینەوە بۆناو ماشێنەکانی خۆیان. لەگەڵ کاك ئەحمەدی قازی و کاك بارامی وەلەدبەگەی و کاك محمد حسێنی بەرزی سواری ئۆتۆمبیلە بیجۆکە بووین، ئەندامانی شاندیش لەگەڵ برادەرانی دیکە لە ئۆتۆبیسە گەورەکەدا بەرەو خانە و نەغەدە بەڕێکەوتین، کاتژمێر (٢٠:٣٠)ی پاش نیوەڕۆ چاومان بە شاری خۆشەویست و دێرینی مەهاباد شادبوو بەلای گۆڕەپانی چوارچرا تێپەڕین لە چێشتخانەی ئوتێل کوێستان (نهار-نانی نیوەڕۆ)مان خوارد، پاش کەمێ پشوودان جارێکی دیکە کەوتینە رێ.. خەمی ئەوەم لێهاتبوو (سیغار-جگەرە) لەناو ئۆتۆمبیل نەکێشم، بەلام کاتێ زانیم کاك ئەحمەدی قازی ئەویش وەکو من سیغارکێشە لە دڵەوە هەستم بە خۆشی کرد. رێگایەکی دوور و درێژ دەبێت بەچی تەواو بێت ئەگەر قسە خۆشەکانی کاك ئەحمەدی قازی و کاك بارامی وەلەدبەگی نەبووایە ناوەناوەش من و کاك ئەحمەد سیغارمان

دەگۆڕییەوە، کاتێ گەیشتینە لێواری شاری سەقز کاك ئەحمەد رووی تێکردم و گوتی (فلان دەڵەی سەد ساڵە یەکتر دەناسین) ئەو قسەیەی کاك ئەحمەد زیاتر شادمانی کردم چونکە دەمزانی هەستی راستەقینەی پیاوێکی رۆشنبیر و کوردپەروەرێکی گەورەیە و دەبێتە بەرکوڵی دۆستایەتییەکی هەمیشەیی.

لە رێگادا سەدان قسە و باس هاتنە گۆڕێ هەمووی باس لە بواری رۆشنبیری بوو، دوینا تەواو تاریك داهاتبوو کاتێ لە سەقز دەرچووین بەرەو شاری سنە، کاك بارام ناوە ناوە باسی (ئاویەر)ی بۆ دەکردین وەکو ئەوەڵێن هەفتەنامەی کوردی و فارسی لە ئێران کە تاکو ئێستاکە لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی نزیکەی ٦٠ ژمارەی رەنگاوڕەنگی لێ دەرچووە ناوی (ئاویەر)یش لە ناوی ئەو شاخە جوان و دڵڕفێنە هاتووە کە لەگەڵ شاخی کۆچکەڕەش شاری سنەیان گرتۆتە ئامێز، کاتێ لە قەراغ شاری سنە نزیك بووینەوە کاك ئەحمەدی قازی پێشنیاری پشوودانێکی کرد، کاك بارامیش خۆی حەزی لە چاخواردنەوەیك دەکرد منیش لام باش بوو و حەزیشم دەکرد ئۆتۆبیسەکەی برادەران لێمان نزیك ببێتەوە، شوفێری ئۆتۆمبیلەکەشمان لەبەرئەوی خەڵکی شاری سنە بوو حەزی دەکرد ئاگاداری ماڵەوەیان بکات کە ئەو بەرەو کرماشان دەچێ لە قاوەخانەیەکی بچووکی ئەوبەری شار کە تا بڵێی پوخت و قەشەنگ بوو یەك دوو چامان خواردەوە کاك ئەحمەد بەتەنگ ئەوەوە بوو نەوەکا برسیمان بووبێت، بۆیە پێشنیازی ئەوەی کرد ئەگەر هەست بە برسێتی دەکرێ خراپ نییە پسکویتێکی لەگەڵ بخۆین، بەڵام کاك بارام وای بە باشتر زانی کە لەنێوان سنە و کرماشاندا ریستۆرانتێك هەیە و لە شوێنێکی بەرزدایە و خواردنەکەشی تا بڵێی باشە لەوێ پشوو بدەین و (شام–نانی ئێوارە) بخۆین.

رێگای دوور و درێژی نێوانی سنە و کرماشان سەرنجی مسافر رادەکێشێ بەتایبەتی کاتێ لە شەودا پێدا تێدەپەڕی چونکە رێگاکە هەمووی هەوراز و نشێوە سەرەڕای ئەو هەموو پێچەی کە تێیدایە. لە دوو شوێنیشدا بەنێو تونێل (نفق) تێدەپەڕێ، بەڵام دیسان ئەوەی کە سەرنجراکێشترە بوونی ئەو هەموو نیشانەی شارەزاکردنی رێگایە (علامات مروریە) کە بە رادەیەك رێکخراوە هیچ

کێشەیەك لە بەرامبەر شوفێر درووست ناکات سەرەڕای ڕێکوپێکیی پۆلیسی هاتوچۆ کە هیچ شوفێرێك زاتی ئەوە ناکات بنەمای لێخوڕین و کات و ساتی گەیشتن ببەزێنێ لە زۆر شوێندا خۆزیای ئەوەم دەخواست کوردستانی ئێمەش بگاتە ئەو ڕادەیەی پێشکەوتن و ڕێزگرتنی پۆلیس و بنەماکانی هاتوچۆ.

کاتژمێر (١١:٣٠) بە کاتی کوردستان و کاتژمێر (١٢:٠٠) بەکاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتینە کرماشان، شەوێکی سارد بوو.. باران دەباری یەکسەر بەرەو شوێنی حەوانەوەمان چووین کە ئەویش ئوتێل (ئازادگان) بوو ئوتێلەکە لە دەرەوە باڵەخانەیەکی سەراپا سپی و تازە و جوان بوو، کاتێ کە چووینە ژوورەوە برایانی کارمەندی گۆڤاری ئاویەر (جلیلی ئازادیخواز، ئومێد، علی، تۆفیق، کامبێزی کەریمی) لە چاوەڕوانیدا بوون، ئەوەی پێشتر دەمناسی هەر بە ناوی خۆیەوە چاك و چۆنی و لەئامێزگرتنی یەکتری گەرموگوڕ بووین و ئەو برادەرانەی کە پێشتر نەماندەناسین بە ڕێزێکی زۆرەوە دەهاتنە پێش و ماچیان دەکردین، هۆڵی ئوتێلەکە زۆر گەورە و فراوان بوو، لە هەرچوار لاوە بە کورسی و تاخمی قەنەفە پڕکرابۆوە وا دیار بوو برایانی وەفدی ڕۆشنبیرانی سلێمانی پێش ئێمە گەیشتبوون، لەوێدا (د. عیزەدین مستەفا ڕەسول و ڕەئوف بێگەرد و حسێن عارف و فەرید زامدار و ڕەئوف عوسمانمان بینی) کاك لەتیف هەڵمەتیش لەو ساتەدا دیار نەبوو ژووری (٢٤٦) بۆ کاك ئەحمەدی قازی و کاك بارامی وەلدبەگی و بەندە تەرخان کرابوو، بەڵام تا کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەشەو ئێمە هەر لە چاوەڕوانیی گەیشتنی برادەرانی ناو ئۆتۆبیسەکە بووین چونکە تا ئەوکاتە نەگەیشتبوون، بەڕاستی تووشی پەشێویی کردبووم چونکە دواکەوتنەکەیان نائاسایی بوو، چەندین جار دەچوومە بەردەرگای ئوتێلەکە و تەماشای ئەملا و ئەولام دەکرد، بەڵام بێ ئاکام بوو کاتژمێر (٢٠:٣٠)ی شەو کاك ئەحمەدی قازی زۆری لێکردم کە ئیسراحەت بکەم و پێی گوتم ئەو خۆی لە چاوەڕوانیدا دەبێت، لە کاتژمێر (٣)ی سەرلەبەیانی کاك ئەحمەد هاتە ژوورەوە و هەواڵی گەیشتنی برادەرانی پێ ڕاگەیاندم و گوتیشی کەوا ئۆتۆمبێلەکەیان لە ڕێگادا دوو جار پەکی کەوتووە، بۆیە ئەوەندە دواکەوتوون.

ڕۆژی پێنج شەممە کاتێ لە خەو هەڵسایین لە پەنجەرەی ژوورەوە تەماشای دەرەوەم کرد بینیم سەراپای شار بەفر دایپۆشیوە و بە بەردەوامیش بەفر هەر دەبارێ، بەڕاستی دیمەنی بەفربارینەکە دڵی زۆر خۆشکردم و لەو باوەڕەشدا بووم کە لای خۆمانیشی گرتۆتەوە.

کاتژمێر (٨:٣٠)ی سەرلەبەیانی چەند ئۆتۆمبێلێکی گەورە ئامادەبوون بە مەبەستی گواستنەوەی میوانانی بانگهێشتکراوی کۆڕیادەکە بۆ شوێنی مەبەست، پاش نانخواردنی بەیانی کە لە چێشتخانەی ئوتێلەکە ئامادەکرابوو بەرەو شوێنی دیاریکراو ڕۆیشتین، ئۆتۆمبیلەکان لەبەردەم باڵەخانەیەکی گەورەدا ڕاوەستان، ناوی باڵەخانەکە (تەلاری غەدیر) بوو، کە کەوتبووە تەنیشت باڵەخانەی شارەوانیی کرماشان، نهۆمی ئەرزیی باڵەخانەکە بریتی بوو لە چەند بەشێك، لای ڕاستی لەپێشەوە تەرخانکرابوو بۆ شوێنی پشوودان و چاخواردنەوە، لە تەنیشتنەوە هۆڵێکی فراوان هەبوو کە لە پێشەوەی چاپەمەنیی هەمەچەشنەی لێ دانرابوو، بەشەکەی دیکەش گەلەرییەکی ئامادەکرابوو بۆ پیشاندانی تابلۆ و کاری هونەری شێوەکاری، لەلای دەستەچەپیشەوە ئەو هۆڵە سەرەکییە بوو کە تەرخانکرابوو بۆ ئەو بۆنەیەی کە ئێمەی بۆ چوبووین، هۆڵەکە بەناوی (هۆڵی شەهید حسێن ئاوێنی) ناوزەد کرابوو بەرفراوان و ڕێکوپێك بوو، بەشی خوارەوەی شوێنی (٣٠٠) کەسێك دەبۆوە، بەشی سەرەوەش جێگای (١٠٠) کەسێك دەبوو و شانۆیەکی فراوانیش ئامادەکرابوو لە بەرامبەر شوێنی دانیشتنەکەدا درووشمێکی گەورە بە زمانی فارسی بە بەخێرهاتنی میوانانی کوردستان عیراق نووسرابوو، لەلای ڕاستیشەوە درووشمێك بە زمانی کوردی نووسرابوو (پێڵاوی شاعیران و نووسەران و بەرپرسانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و میوانانی خۆشەویستی کوردستانی عیراق لەسەرچاو دادەنێین) نەختێك لەم درووشمەی دوایی وردبوومەوە کە بە چ هەستێکی ناسك و پیرۆز نووسراوە.

سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/٢ مەراسیمی کۆڕیادەکە بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستپێکرد و پاشان دەقیقەیەك بەپێوە

راوەستاین وەك ڕێزلێنانێك بۆ گیانی پاکی شەهیدان، ئەوجا کۆڕگێڕ سێ ئەندامی بانگهێشت کرد بۆ کارگێڕیکردنی دانیشتنەکان کە یەکێکیان (د. عزالدین مستەفا ڕەسول) بوو، وتاری ئیمامی جومعەی کرماشان یەکەمین وتاری کۆڕیادەکە بوو پاشانیش چەندین باس و لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی دەربارەی خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی خوێندرایەوە.

خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی ساڵی ١٩١٣ی زاینی لە گوندی دەوڵەتاوەی سەر بە شاری ڕەوانسەر لەدایکبووە و دەچێتەوە سەر بنەماڵەی ساداتی بەرزنجە، خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٢١ لە قوتابخانەی ئاینی دەوڵەتاوە دەستپێکردووە، بەڵام بەهۆی شەڕی نێوان خێڵەکان بە ناچاری بنەماڵەکەیان ڕوودەکاتە کوردستانی عیراق، دووای دوو ساڵ دەگەڕێتەوە و دەست دەکەن بە دانانەوەی قوتابخانەی (سیدولدەولە) و خوالێخۆشبوو محمد ڕۆحانی سنەیی بانگهێشت دەکەن بۆ مامۆستایەتیی قوتابخانەکە سەید تاهیر سەرەڕای زانستە باوەکانی ئەو سەردەمە خۆشنووسی و هونەرکاری و شیعر و ئەدەب لای مامۆستای ناوبراو دەخوێنێ. ساڵی ١٩٣١ تووشی ئاوارەیی دەبێتەوە و لە خوێندن دادەبڕێ، ساڵی ١٩٣٩ لە بانکی کشتوکاڵی شاری کرماشان بە فەرمانبەر دادەمەزرێت سەرەڕای ئاشنایەتیی لەگەڵ گەورە ئەدیبەکان لەلای خوالێخۆشبوو زانای گەورە (بدیع الزمان)ی سنەیی دەرس دەخوێنێت لەگەڵ ڕووخانی ڕەزا شا و گۆڕانی بارودۆخ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژێ.کاف) لەرێگای خوالێخۆشبوو ئیبراهیمی نادری گوتار و شیعرەکانی خۆی بەناوی تاهیری کرماشانی بۆ گۆڤاری گەلاوێژ دەنێرێت.

ساڵی ١٩٤٤ پاش وەفاتی سەیدولدەولە دەبێتە سەرپەشتیاری قوتابخانە و تەکیە و خانەقای دەوڵەتاوە، هەمیشە خەریکی کاری ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و گوتنەوەی زانستی دینی دەبێ سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەکیش لە بەشی کوردیی رادیۆی ئێران کاری کردووە سەرئەنجام لە بەرهاری ساڵی ١٩٩١ لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی شەهید بەهەشتی بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەشی لە گوندی دەوڵەتاوە بە خاك سپێردراوە، لەپاش

خۆی شەش بابەتی چاپکراوی هەیە و ٢٦ بابەتی هەمەجۆری بە چاپنەکراوی بۆ بەجێهێشتووین.

دانیشتنی دووەمیش بە هەمان ڕێوڕەسمی دانیشتنی یەکەم دەستی پێکرد و لە سەرەتادا ئاغای (جعفری) و ئیمامی جومعەی پاوە (حاجی مامۆستا مەلا قادر قادری) و منیش دەستنیشان کرد بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی کۆڕیادەکە و چەندین بابەتی بەپێز پێشکەش بە ئامادەبووان کرا کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ دەربارەی کەسایەتیی سەید تاهیر دەدوان و هەندێکیشیان بە بەربڵاوی لە ئاسەوارەکانی سەید تاهیرەوە بوون لەو دانیشتنەدا ماوەمان پێدرا وتارێك بەناوی شاندی ڕۆشنبیرانی کوردستان بخوێنمەوە کە تێیدا سەرەڕای باسی کەسایەتیی سەید تاهیری هاشمی کە لە ناوەندی شەستەکانەوە لە بەرنامەی (هەوارگەی دڵان)ی بەشی کوردیی ڕادیۆی کرماشان ئاشنای ببووین و داوامان لە بەرپرس و لێپرسراوانی بەڕێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد وەکو وەفادارییەك بۆ گیانی پاکی سەید تاهیری هاشمی ڕێگامان پێ بدەن پێشانگایەکی شێوەکاریی هونەرمەندانی کوردستان لە گەلەریی هۆڵەکەدا پیشان بدرێت لەگەڵ دابەشکردنی ئەو بڕە کتێب و چاپەمەنییانەی کەوا لە کوردستانەوە لەگەڵ خۆماندا بردبوومان پاش ماوەیەك کاك بارامی وەلد بەگی هەواڵی ڕەزامەندیی دۆستانی پێ ڕاگەیاندین ئەوەبوو ڕۆژی دووەم پێشانگایەکە لە گەلەریی هۆڵی شەهید حسێن ئاوێنی نیشان درا و بە سەدان کەس لە ئامادەبووان و لاوی کچ و کوڕ کە بۆ ئەم بۆنەیە هاتبوون بە سەرسوڕمانەوە تەماشای تابلۆکانیان دەکرد.

دیاردەیەکی دیکە کە لەو ڕۆژانەدا بینیمان ئەو قەرەباڵغییەی لاوانی کچ و کوڕی کوردی ئەم ناوە بوون کە هەرکاتێك دەرفەتیان هەبا داوای وێنەگرتنیان لەگەڵدا دەکردین سەرەڕای پڕکردنەوەی ئەو دەفتەرە بچکۆلانەی کە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرتبوو بۆ تۆمارکردنی چەند دێڕێك کە لە یادگاریان بمێنێتەوە بە ڕادەیەك زۆر جار ئەگەر لە ڕووانگەی ئەو هەست و سۆز و خۆشەویستییە نەبا کە ئەم لاوانە بەو ناسکییەوە دەهاتنە پێش لەوانەیە هەست بە جۆرە

بێزارییەکت بکردایە ناوە ناوەش دکتۆر عەبدوللا ئەیوبیان ئەو رستەیەی دووبارەی دەکردەوە و دەیگوت (ئێوە زۆر خۆشەویستن، ئەو جەوانانە ئێوەیان لای خۆشەویست و گەورەیە بۆیە چواردەورتان بەرنادەن).

بەرنامەی رۆژی یەکەمی کۆڕیادەکە کۆتایی هات کاتژمێر ٥:٣٠ی ئێوارە سواری ئۆتۆمبیلەکان بووین و بەفریش وردە وردە هەر دەباری، لەناو ئۆتۆمبیلە گەورەکەدا دوو گەنج بە جلی کوردیی رەشەوە لە ناوەڕاست راوەستابوون و بە دەنگێکی نزم قسەیان دەکرد کە ئایا هیچ پەرتووك و چاپەمەنیمان لەگەڵ خۆماندا هێناوەتە کرماشان، زیاتر لێم نزیك بوونەوە و یەکێکیان لەگەڵ داوای لێبوردن گوتی کتێب و چاپەمەنیی کوردیتان لەگەڵ خۆتان هێناوە؟ لە وەڵامدا گوتم بە ئومێدی خودا پاش نانخواردنی ئێوارە چاپەمەنییەکان دەخەینە بەردەستتان دەتوانن بەشی خۆتانی لێ هەڵبگرن.

نزیکەی ٢٤٠٠ کتێب و چاپەمەنیی هەمەجۆر و گۆڤار و رۆژنامەی کە لە کوردستان دەردەچێت پێشتر لە هەولێرەوە ئامادەکرابوو لە بەشی ئەرشیفی رۆژنامەی برایەتی کۆکرابوونەوە و لەناو کارتۆنی گەورە گەورە رێکخرابوون، بە ئۆتۆمبێلێکی دووتەنی بەرەو سنووری حاجی ئۆمەرانمان بردبوو لەوێشەوە دۆستانمان مشووری بارکردن و گەیاندنیان خستە ئەستۆی خۆیان، شەوی ٢ لەسەر ٣ی ئەم مانگی ١٩٩٩/١٢ لە هۆڵی سەرەوەی ئوتێل (ئازادگان) رێکخرابوون بۆئەوەی میوانانی کۆڕیادەکە بیانبینن و پاشانیش دابەش بکرێت، کاتژمێرێکی پێنەچوو ئەوەی دانرابوو لە هۆڵەکەدا هەڵگیرا، بەڵام کەس بێبەش نەبوو، بەڵام دیسان رووبەڕووی رەخنەیەك هاتین کە بۆچی لە فلان چاپەمەنی زیاترمان نەهێناوە، بەهەرحاڵ دەنگدانەوەیەکی باشی لێکەوتەوە و هەندێکیش لە رۆشنبیرانی ئەودیو پێیاندەگوتین (باشترین دیاریتان بۆ هێناوین).

رۆژی دووەمی کۆڕیادەکەی خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی واتە ١٩٩٩/١٢/٣ بە دانیشتنی سێیەم دەستپێکرد سەرەتای کۆڕەکە دیسان بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز لەلایەن لاوێکی دەنگ بەسۆز خوێندرایەوە کە

بۆ چەندین جار ئامادەبووان بە (الله أكبر) وەڵامیان دەدایەوە. وتارەکان هەروەکو ڕۆژی پێشتر بە هەردوو زمانی کوردی فارسی دەخوێندرانەوە و بۆ چەندین جاریش لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە وتار و لێکۆڵینەوە خوێنەکان ئاگادار دەکرانەوە کە لە کاتی پێویست زیاتر ماوەیان بەخۆیان داوە، بۆیە هەندێکیان هەر زوو وازیان لە قسەکردن دەهێناو و هەندێکی دیکەشیان بێئەوەی گوێبدەنە کات لەسەر قسەکانیان بەردەوام دەبوون، تا کار گەیشتە سەعات ١:٣٠ی پاش نیوەڕۆ ئەوجا کۆڕگێڕ هاتە سەر شانۆی ئامادەکراو و چەند ڕستە قسەیەکی دەربارەی کۆڕ و یادەکە و کەسایەتیی سەید تاهیری هاشمی کرد و لەدواییشدا سوپاسی ئامادەبووانی کرد بەتایبەتی میوانانی ڕۆشنبیری کوردستان عیراق.

بە ڕێککەوت لەناو ئۆتۆمبیلی گەڕانەوەمان بۆ ئوتێل (ئازادگان) (دکتۆر عبدالله ایوبیان)م لەتەك دانیشتبوو کە لەو یەك دوو ڕۆژەدا ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیداکردبوو، بە ئاگادارییەوە گوێم بۆ قسەکانی هەڵخستبوو و ئومێدی ئەوەم دەخواست ڕێگاکەمان چەند کاتژمێرێك بخایاندایە چونکە ئەو پیاوە تەمەن ٧٠ ساڵە خۆی لەخۆیدا کەشکۆڵێکی زیندووە ئاگاداری ڕووداوەکانە، هەر لە سەرەتای درووستبوونی ژێ.کاف و هاتنەکایەی کۆماری کوردستان بە پێشەوایەتیی شەهید قازی محمد ڕۆڵی فەرماندەی لێهاتوو و نەبەرد بارزانی نەمر کە چۆن خۆی و پێشمەرگە دلێرەکانی داکۆکییان لە مانی کۆرپە ساوایەی کوردستان دەکرد و بە وەفادارییەوە سەرگورشتەی خوێندنی بە زمانی کوردی لە سەردەمی کۆماردا دەگێڕایەوە کە لەسەر دەستی کەریم زەند و خۆی و خوالێخۆشبووان عوسمان دانش و محمد تۆفیق وردی و سەعید ناکام و هەژاری موکریانی و هێمنی مەهابادی گرنگیی پێ دەدرا هەڵبەتە قسەکانی دکتۆر ئەیوبیان بە چەند دێڕێك تەواو نابێت چونکە زۆر بەچێژ بوون و هەمیشەش لەنێوان قسەکانیاندا ئەو ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە (سەرچاوانم هاتن.. وڵاتتان ڕۆشنکردەوە).

سەعات ٣ی رۆژی ١٩٩٩/١٢/٣ پێش ئەوەی کرماشان بەجێبهێڵین برایانی بەرپرسی خانەخوێ داوای دانیشتنێکیان لەگەڵ کردین ئەوەبوو لە هۆڵی خوارەوەی ئوتێلەکە ئەنجامدرا کە تێیدا سوپاسی خۆیان پێ راگەیاندین دەربارەی ئەو رێکوپێکییە و ئەوبەشدارییەی کە رۆشنبیرانی کوردستان لە کۆڕیادەکە کردوویانە، ئێمەش بە هەمان شێوەی سوپاسگوزارییەوە پێزانینی خۆمان دووپاتکردەوە، لە سەروبەندی ماڵئاواییمان هەریەك لە ئەندامانی شاندەکە دیارییەکی بەرپرسانی کۆڕیادەکەی پێشکەش کرا سەرەڕای گەرموگوڕیی ماڵئاوایی خانەوادەی سەید تاهیری هاشمی کە هەموویان تێکڕا بە خێزانەوە لە چاوەڕوانیی ئێمەدا بوون تاکو ماشێنەکانمان بەڕێکەوتن بەرەو باکووری رۆژهەڵاتی کرماشان کە کێوی بێستوونی تێدا دیارە شوێنی مەبەستیش تاق بوستان و ئاسەواری رەنجی فەرهادی عیش بەزێنی شیرین بوو کە خۆی لەو هەموو ململانێیەی فەرهاد دەبینێتەوە لەگەڵ ئەو هەموو رەقی و سەختییەی ئەو شاخ و کێوە کە مرۆڤ سەرسام دەکا و ناهەق نییە کاتێ مرۆڤ لەخۆی بپرسێ ئایا چ عیشقێك وای لەو مرۆڤە کردووە کە ئەم بەردە نەرم بکات لە کاتێکدا تەکنەلۆجیای ئەو سەردەمە لە پاچەکۆڵێك زیاتر نەبووە.

لە رێگا بەرەو سنە لە ئۆتۆمبیلە بچووکەکە کاك جەلیلی ئازادیخوازدا بووین کە تێیدا کاك عەتا و کامبێزی کەریمیشمان لەگەڵدابوو ناوەناوەش کاك جەلیل نەبێت ئێمە سەرخەوێکمان دەشکاند، بەڵام کاتێ کاك جەلیل-یش گوتی منیش خەریکە خەو بمگرێ تۆزێ ترسم لێ نیشت چونکە خۆی ماشێنەکەی لێدەخوێڕی بۆیە هەر ناوە ناوە بە قسە مەشغوڵمان دەکرد بەتایبەتی کاك عەتا.

پێشووتر دوو جار شاری سنەم دیبوو، بەڵام ئەمجارەیان سنەم بە شێوەیەکی دیکە هاتە بەرچاو و بەتایبەتیش دیمەنی بەبەفرداپۆشراوی شاخی ئاویەر کە سیمایەکی تایبەتیی بە جوانیی سنە بەخشیبوو، دیمەنی گڵۆپە پرشنگدارەکانی شار بەم هەموو بەرزی و نزمییەوە نەخشەیەکی تەلیسماویی لا درووستکردبووم، بەڵام بۆ چەند ساتێکیش نیگەرانی دایدەگرتم کاتێ باری بێ

**کارەبایی کوردستانم بەبیردەهاتەوە لە دڵی خۆمدا لە یەزدانی گەورە دەپاڕامەوە ئاوی رەحمەت بەسەر وڵاتەکەماندا ببارێنێت.**

**میوانسەرای سنە کە جێگای حەوانەوەمان بوو لەسەر تەپۆلکەیەکی بەرزی لای سەرووی شاری سنەیە، شوێنێکی رێکوپێك و خاوێن، لە ئێمەش زیاتر ئەم شەوە میوانی دیکەی لێنەبوو، بە گەیشتنمان برایانی نووسەر و کارمەندانی هەفتەنامەی ئاویەر لەوێ ئامادەبوون دووکەس دووکەس بەسەر ژوورەکانی میوانخانەکە دابەشکراین (کە تێیدا کاك ئەحمەد سالار و بەندە لە یەك ژوور دانرابووین).**

**شاری سنە مەڵبەندی پارێزگای کوردستانە و لە چوار لاوە بە کێو و گرد و تەپۆڵکە تەندراوە دەکەوێتە نێوان کێوی ئاویەر و کۆچکەڕەش کە دیمەنێکی زێدە قەشەنگی بەو شارە داوە کە پانتاییەکەی ۲۹۰٦کم دووجایە و ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ۳۲٦,۷۱۲کەس و شەش ئوتێلی تیدایە بەناوی (میوانسەرای سنە، ئاویەر، هیدایەت، کاخ، باخ، جەبار) لەگەڵ پێنج چێشتخانەی گەورە و دەیان شوێنی نانخواردنی هەمەجۆر و چەندین شەقامی رێکوپێك کە لە هەردوو لاوە بە درەختی هەمەجۆر رازاوەتەوە کە تا رادەیەکی گەورە سەرنجی مرۆڤ رادەکێشن کە خەڵکی تا چ رادەیەك گرنگی بە دار و درەخت چاندن دەدەن و چۆن ئەو وڵاتەیان کردۆتە باخێکی گەورە، کاتێ مرۆڤ بەراوردی نێوان ئێرە و ئەوێ دەکا هەست دەکات کە ئێمە و نەوەکانی پێشوومان چەند کەمتەرخەم بووین لە گرنگیدان بە دار و دەرخت چاندن راستە لە باشووری کوردستان حکومەتی ناوەندی بەغدا هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە وشك و تەڕی کوردستانی دەسووتاند، بەڵام دیسان ئەو مەسەلە لای ئێمە ئەو بایەخەی وەکو ئەودیوی (رۆژهەڵاتی کوردستان) پێنەدراوە.**

**(ئۆستانی کوردستان) یان پارێزگای کوردستان کە شاری سنە مەڵبەندیەتی پانتاییەکەی (۲۸,۲۰۳کم) دووجایە ژمارەی دانیشتوانیشی دەگاتە (۱,۰۲۳,۹۱۹ کەس بە گوێرەی ئاماری ساڵی ۱۹۹۹) (۸) شاری گەورە و (۱۱) شارۆچکە و (۱۸۷۷) گوندی بەخۆیەوە گرتووە، لە سەرەوە بە**

ئازەربایجانی غەربی و بەشێك لە پارێزگای زنجان و لە خوارەوەش بە کرماشان و لە رۆژهەڵات بە هەمەدان و رۆژئاواش بە کوردستانی باشوور دەورەدراوە.

سەرلەبەیانیی رۆژی یەکەمی گەشتەکەمان لە سنە بە دیدەنیی مۆزەخانەی شاری سنە دەستپێکرد کە بریتییە لە خانوویەکی کۆنی بەتەمەنی (لطف الله خانی شیخ الإسلام)ی سنەیی بووە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەمی تایبەت بووە بە خێزان و بەشی دووەمیش بۆ پێشوازیی میوان و راپەڕاندنی ئەرکی خودی خۆی بووە کاتێ مرۆڤ سەیری باڵەخانەکە و بەشەکانی دەکات تووشی جۆرە واق وڕمانێك دێت چ لەرووی بیناسازیی باڵەخانەکە کە بۆ سەردەمی قاجارییەکان دەگەڕێتەوە چ بۆ ئەو هەموو زەوقەی (لطف الله خان) هەیبووە بەتایبەتی بەشی ژێرزەمینەکەی کە چەند ژوورێك بەسەریەکەوە درووستکراون و پاشانیش دەکەونە چواردەوری ئەو حەوزەی کە لە ناوەڕاستدا درووستکراوە، وا پێدەچێت خۆی خێزانی رۆژانی هاوینانیان لەم شوێنەدا بەسەربردبێت، لەلایەکی دیکەوە چەند ژوورێکی لای دەستەچەپی خانووەکە تەرخان کراوە بۆ راهێنان و فێربوونی وردەکاریی دەستی لە داری هەمەجۆر کە ئەویش وا دیارە لە ئایندەدا دەبێت بە بەشێکی گرنگ لەو مۆزەخانەیەی کە لە کاتی سەردانەکەماندا لە چەند لاوە وەستا و کرێکار خەریکی رێکخستن و ژیان و وەبەرهێنانەوەی رۆژانی (لطف الله خان) بوون کە بۆ ماوەی کاتژمێرێك ئێمەی بە خەیاڵ گێڕایەوە بۆ سەردەمێك کە (ألف لیله ولیله)ی تێدا روویداوە، واپێدەچوو کاك ئەحمەد سالاریش زۆر بە گرنگییەوە تەماشای شاکارە (عروس)یەکەی هۆڵی سەرەوەی دەرکرد کە لە راستیدا شاکارێکی دەستڕەنگینی دارتاشێکی زێدە بە سەلیقەی ئەو سەردەمە بووبێت کە توانیویەتی ئەم کارە ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی یەك تاکە بسمار بەکاربهێنێت.

سەردانی کتێبخانەی گشتیی شاری سنە دووەم قۆناغی پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژەمان بوو دیسان بەیەکەوە هەموومان چ ئەوانەی وەکو شاندی رۆشنبیرانی کوردستان لە هەولێری پایتەخت و دهۆکەوە چووبووین چ ئەوانەی لە سلێمانییەوە هاتبوون، پاش گەڕانێکی لەسەرخۆ بۆناو هۆڵ و ژوورەکانی

کتێبخانەکە کە نزیکەی ٢٣,٠٠٠ کتێبی تێدایە کە بەداخەوە چاپەمەنیی کوردی یەگجار کەمی تێدابوو کە باس لە ژمارەکانی ناکرێ کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخێکی پێشووی بەر لە ئێستا کە وای لێکردین پێشنیارێك بخەینە روو بەرامبەر بەڕێوەبەری بەڕێزی کتێبخانەکە کە ئەویش بەخشین و ناردنی هەزار دانە کتێبی کوردیی هەمەجۆر لەلایەن ئێمەوە، کاتێ بەڕێوەبەری کتێبخانەکە توانی موافەقەتی ئوسوڵی وەربگرێت (کە پاشان بەندە بەو ئەرکە هەڵسا و لە بارەگای دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات کتێب و چاپەمەنییەکان کۆکرانەوە و بۆ ئەم شوێنە رەوانە کرا) پاش گەڕان و سوڕان بە بەشە جیاکانی کتێبخانەکە داوامان لێکرا لە هۆڵی کتێبخانەکە کۆ ببینەوە بە مەبەستی بەخێرهێنان و شیرینی خواردن، هۆڵەکە جێگای ٢٠٠ کەسێکی لێ دەبۆوە، لە بەرامبەریشدا شانۆیەکی ئامادەکراوی بۆ رێکخرابوو بۆ جموجۆڵی لەم جۆرە سەردانانە و لە پێشەوە برادەرێکی ئەندامی شووڕای شار و بەڕێوەبەری هەفتەنامەی سیروان هاتە ئاخاوتن و بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێکردین و باسیان لە گرنگیی ئەو جۆرە سەردانانە کرد کە دەبێتە هۆکاری لێك تێگەیشتن و پتەوکردنی گیانی دۆستایەتی سەرەڕای دەربڕینی را و بۆچوونەکانیان دەربارەی مەسەلە هەنووکەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گرنگیدان بە ئەدەب و رۆشنبیری و زمانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش باسیان لە زانکۆی ئازادی لە سنە کرد کە زانکۆیەکی ئەهلییە و گرنگییەکی تەواو بە زمانی کوردی دەدات (خۆشیان پێیان وابوو کە پێشتر بووار بۆ زمانی کوردی نەڕەخسابوو تاکو بەرەوپێشەوە بچێت و وشەی بێگانەی تێنەچێت)، لەلایەکی دیکەوە بانگەشەی مامۆستا و پسپۆڕانی کوردستان عیراقیان کرد بەو ئومێدەی بەشداری لە پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگ و جوگرافیا و مێژوو بکەن لە زانکۆکەیاندا دیسان جەختیان لەسەر مەسەلەیەکی گرنگ کردەوە ئەویش دەربازبوونی زمانی کوردییە لەوەی وەکو پێشتر پێیان دەگوت (شێوەزار) لەم بۆنەیەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پێشوازییە گەرموگوڕە کاك ئەحمەد سالاری پەرلەمانتار و هونەرمەند بەرەو تەختی شانۆیەکە هەنگاوی ناو و یەکسەر لای

چەپی هەردوو قسەکەرەکان دانیشت و بە دەنگە لێوەشاوەکەی و بە کوردییەکی زێدە رەوان هاتە گفتوگۆ و سوپاسی بێپایانی شاندی رۆشنبیرانی کوردستان ئاراستەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و رۆشنبیرانی کوردی کرد لەو هەموو پێشوازی و میواندارییە گەرموگوڕەی کە بەرامبەر ئێمەیان نیشاندا، کاتێ کە کاک ئەحمەد سالار قسەی دەکرد وامدەزانی رۆڵی ئەکتەرێکی پاڵەوانی شانۆیەکی جدیی دەبینی چونکە قسەکانی هەندە راستەوخۆ بوون بەتایبەتیش جۆری ئاخاوتنی وشە داڕێژراوەکان بەوەی کە کاک ئەحمەد سالاری پێوە بەناووبانگە وای لە هەمووومان کرد کە وشە وشە لەگەڵی بڕۆین تاکو کۆتایی و بە چەپڵەیەکی گەرمیش ستایش کرا، پاش تەواوبوونی رێوڕەسمەکە باس لە کردنەوەی پێشانگایە هونەرییەکەمان کرد کە لەگەڵ خۆماندا بردبوومانە کرماشان و لە هۆڵی شەهید حوسێن ئاوێنی پیشاندرا، کاک بارامی وەلدبەگی بایەخی ئێمەی بەم جۆرە کارانە هەست پێدەکرد کە چەند پەرۆشی ئەم کارە بووین، بۆیە پاش ماوەیەك پێی راگەیاندین کە (گەلەریی کتێبخانەی گشتیی سنە) ئامادەیە بۆ پێشوازی لە کارە جوانەکانی هونەرمەندانی کوردستانی عیراق بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەش کاک فەیسەڵ عوسمان و کاک محمد قادر و کاک زیادی موهەندیس کەوتنە خۆ بۆ رێکخستنی تابلۆ هونەرییەکان و تابلۆکانی خۆشنووسیی پارچە هونەرییەکانی دیکە کە کاری دارتاشین بوون.

لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی هەمان رۆژ بە ئامادەبوونی برایانی شاندی رۆشنبیری لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و رۆشنبیران و هونەردۆستانی شاری سنەی خۆشەویست، کاک بارامی وەلدبەگی پێشانگایەکەی هونەرمەندانی کوردستانی کردەوە کە پۆستەرێکی رەنگاوڕەنگ و فۆڵدەرێکی رەنگینی بۆ ئامادەکرابوو، لەنێوان چەپڵەڕێزانی ئامادەبوواندا کە رۆژ و نیوێکی خایاند بووە مایەی خۆشحاڵییەکی زۆری برایانمان لەو دەڤەرەدا، پاشانیش هەرهەموو پێکەوە بەرەو ئەو تەپۆڵکەیە چووین کە لەوێ بەنێوی (دیدگاه) ناوی دەبەن و چێشتخانەیەکی بەرفراوانی تێدا درووستکراوە و لە سێ لاوە دەڕوانێتە شاری

سنه، لەوێدا هەرهەموومان نانی ئێوارەمان پێکەوە خوارد ئەوجا بەرەو (تەلاری فەرهەنگی) چووین کە ئەنجوومەنی ئەدەبیی مەولەوی سەرپەرشتیی دەکات و ئاهەنگێکی مۆسیقا و شیعرخوێندنەوەیان بۆ سازکردبووین، کە تێیدا چەندین بابەتی مۆسیقا و دەف لێدان و گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کرا سەرەڕای خوێندنەوەی چەند پارچە هەڵبەستێکی ناسك کە تێیدا خوشکێکی شاعیر بەنێوی ناهیدە حسێنی کە خەڵکی شاری سنەیە شعرێکی لەژێر ناوی (وشکەسەما) خوێندەوە کە جۆری خوێندنەوە و ماناکەی جێگای سەرنجڕاکێشان بوو، هەرئەوەش وای لە د. مەسعود کەتانی کرد ئەویش پارچە شیعرێکی خۆی پێشکەش بە ئامادەبووان بکات کە هۆڵی تەلاری فەرهەنگیان پڕکردبوو.

ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ١٩٩٩/١٢/٥ لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی بەرەو بارەگای هەفتەنامەی سیروان بەڕێکەوتین کە بارەگاکەی لە شەقامە فەلەستینە. سیروانیش هەفتەنامەیەکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابورییە، تەمەنی نزیکەی دوو ساڵە، لە ساڵی دووەمی (٣٤) ژمارەی لێ دەرچووە و لە ساڵی یەکەمیشی (٢٦) ژمارەی لێ دەرچووە، مودیری مەسئولی (د. جەلال جەلالی زادە)یە و سەرنووسەریشی (محمد کریم ئەسەدبەگی)یە، بە گەیشتنمان بۆ بارەگای سیروان کارمەندانی سیروان تێکڕایان بە کوڕ و کچەوە لە پێشەوەشیان د. جەلال و محەمەد کەریمی لە پێشوازیماندابوون، هۆڵی بارەگای سیروانیش بە گوڵی سەر مێز و (قەنادی) و شیرینیی هەمەجۆر ڕازابۆوە، هەستمان بە یەك پارچەیەیی دڵ و گیان دەکرد و کەوتینە باس و قسە و هەریەك لە (د. جەلالی زادە و د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و بەندە) جەختمان لەسەر پەرەپێدان و هەماهەنگیی نێوان هەردوولامان کردەوە و لاوەکانیش سەرقاڵی وێنەگرتن و ئامادەکردنی دەفتەری یادگارییەکان بوون تاکو هەریەك لە ئێمە چەند ڕستەیەکیان بۆ بنووسین، لەوێشەوە بەرەو هەفتەنامەی ئاویەر چووین، ئەو (ئاویەر)ەی کە دەمێکە ئاشنایەتیمان لەگەڵ خۆی کارمەندانی هەیە، کە پێشووتر سەردانی کوردستانی ئازادیان کردبوو، لە نزیکەوەش دەمانناسین و

هەست و خواستیانمان دەزانی و جارێکی دیکەش جەلیلی ئازادیخواز لەجیاتی برایانی ئاویەر خۆشحاڵی خۆشی بە دیدەنیی ئێمە دەربڕی.

هەفتەنامەی ئاویەریش یەکەمین هەفتەنامەی (کوردی–فارسی)یە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەردەچێت و تەمەنیشی (٣) ساڵە و تا ئێستاش (٦٠) ژمارەی لێ دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز و مدیری مەسئولی (محەمەد رەزای رەحیمی)یە و سەرنووسەریشی (بارامی وەلدبەگی)ـە و بارەگاکەشی لە شەقامی (کەشاوەرزی)یە.

قۆناغی سێیەممان زیارەتی مزگەوتی (دار الإحسان) مزگەوتی گەورەی دار الإحسانی سنە کە ئاسەوارێکی مێژوویی ئەو شارەیە کە ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا (أمان الله خانی گەورە) والیی کوردستان درووستی کردووە بە شێوەیەکی تۆکمە و جوان و لە ناوەوە (٣٦) ستوونی تێدایە و (٣٥) سەقفی گومبەتی جۆراوجۆر و (١٢) حوجرەی تێدایە کە لە سەردەمی خۆیاندا هەردوو کەڵە شاعیری گەورەی کورد (نالی و مەولەوی) لەو مەزگەوتەیان خوێندووە، کاتێ تەماشای دار و دیوار و نەخشەسازییەکانی ئەم شوێنە پیرۆزەم دەکرد مزگەوتی گەورەی شاری کۆیەم هاتەوە یاد کە خوالێخۆشبوو (حاجی بەکراغای حەوێزی) بەر لە (١٥٠) ساڵێك درووستی کردووە، جیاوازیی نێوانیان ئەو کاشیکاریە رەنگاوڕەنگەی دار الإحسان–ـە کە دیمەنێکی جوان بەرچاوی داوەتێ.

پاش زیارەتی (دار الإحسان) بەرەو مەیدانی ئازادی چووین کە بە یەکێ لە جوانترین پەیکەری هونەرمەندی کوردی سنەیی (هادی زیادالدین)ـی سنەیی رازاوەتەوە، لە راستیدا خودی پەیکەرەکەش کە لەوێ (موجەسەمە)ی پێ دەڵێن تەعبیر لەو ئازادییە دەکات کە مرۆڤ هەمیشە خەونی پێوە دەبینی.

کاتژمێر (٤:٣٠)ی پاش نیوەڕۆ بەرەو دیوانی پارێزگای سنە چووین، کە ئەویش بریتییە لە باڵەخانەیەکی بەرچاو و گەورە لەپێشەوەش باخچەیەکی گەورەی هەیە. لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەکەدا هۆڵێکی گەورەی رێکخراو و ئامادەکراو بوو کە جێگای (٦٠) کەسی تێدا دەبۆوە، لە هەرچوار لا بە دەوری

مێزێکی هێلکەیی بە کورسی تەنرابوو. چەندین مایکرۆفۆنیش لەنێوانی هەر مەترێکدا لەسەر قایم کرابوو، لە سەرەتادا نوێنەری پارێزگا لە وتەیەکدا بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕی کردین، پاشانیش د. عزالدین مستەفا رەسول وتەیەکی پێشکەش کرد، ئەوجا منیش بەناوی شاندی رۆشنبیرانی کوردستانەوە دیارییەکم پێشکەش بە بەڕێز (د. عبداللە رەمەزان زادە)ی پارێزگاری سنە کرد کە بریتی بوو لە فەرشێکی دەستچنینی هەولێر کە وێنەی باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستانی تێدا دروستکراوە، کاتێ ئەم دیارییەم پێشکەش بە ئۆستانداری سنە کرد ئامادەبووانی ناو هۆڵەکە بە چەپڵەڕێزانی توند پێخۆشحاڵیی خۆیان بەرامبەر پەرلەمان و ئەو دیارییە بەنرخە دەربڕی کە بووەتە سومبولی هەڵبژاردنی ئازاد و شەرعییەت لە کوردستاندا. د. رەمەزان زادە بەوپەڕی خۆشحاڵی و رێزەوە دیارییەکەی لێ وەرگرتین کە لەگەڵیدا تابلۆیەکی خۆشنووسی کە (اللە نور السماواة والأرض)ی لەسەر نووسرابوو.

ئاغای د. رەمەزان زادە لە وتەیەکدا خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەم سەردانەی رۆشنبیران پاشان باسی لە رەسەنایەتیی نەتەوەی کوردی کرد کە یەکێکە لە رەسەنترین نەتەوەکانی دونیا. ئەو پێی وابوو کە هیچ نەتەوەیەك لەو رەسەنتر نییە، بەڵام سەرەڕای ئەم راستییە مێژوییە هیچ نەتەوەیەك وەکو کورد باری خراپ نییە و کاتێ باسی رۆڵی ئیستیعماری کرد لە چەوسانەوەی میللەتان وتی (ئیستیعمار هەموو نەتەوەکانی وەکو یەك دەچەوساندنەوە، بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی ئەو نەتەوەکانی غەیرە کورد هەموو بوونە خاوەن کیان و تەخت و بەختی خۆیان، بەڵام ئەوەی لەو مەسەلانە بێبەش بوو تەنها کوردە کە وەزعی بەرەو خراپتر چووە). پاش تەواوبوونی رێوڕەسمی پێشوازیی پارێزگاری سنە برادەران هەریەکە بەرەو بازاڕی ناوشار چووین، پاشانیش بەرەو میوانسەرا گەڕاینەوە، لە کاتژمێر (١١)ی شەودا د. جەلالی جەلالی زادە هاتە لامان و دەربارەی هەماهەنگیی نێوان رۆشنبیران هەندێ قسەوباسی لێوە کرا.

کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبایەنیی رۆژی دوو شەممە رێککەوتی ١٩٩٩/١٢/٦ ئۆتۆمبیلەکان ئامادەبوون بۆ گەڕانەوەمان ئێمە و برادەران سلێمانی (د. عزالدین، حسێ عارف، رەئوف عوسمان، رەئوف بێگەرد، لەتیف هەڵمەت، خێزانی د. عزالدین) خواحافیزییەکی گەرموگوڕمان لە یەکتری کرد کە ئەو چەند رۆژی پێشووتر پێکەوە وەکو یەك شاند هەڵسوکەوتمان دەکرد کە تێیدا بووە مایەی رێزلێنانی زیاتری برادەرانی ئەودیو بۆ ئێمە، بەو هیوایەی رۆژانی داهاتوو هەمووومان پێکەوە لە کوردستانی ئازاددا یەك بگرینەوە.

هەمووومان شاندی رۆشنبیرانی کوردستان (ئەحمەد سالار، حەمە کەریم عارف، ئازاد عبدالواحد، ئازا حەسیب قەرەداغی، د. مەسعود کەتانی، رەشید فندی، ئەنوەر محمد تاهیر، محمد قادر (سەردەم)، فەیسەڵ عوسمان، عبدالرزاق عەلی، غازی حسن، زیادی موهەندیس، عیمادی وێنەگری فۆتۆگرافی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ بەندە) بە یەك ئۆتۆمبێلی گەورە بەرو بۆکان بەڕێکەوتین، لە رێگەدا دیمەنی بەفربارینی چەند رۆژی پێشتر کە جۆرە دڵخۆشییەکی تەواوی دابوینێ، بەڵام کاتێ ئەو ئاوە کەمە پونگاوەی چۆمی (قشلاغ)مان بینی زانیمان ساڵی پار ئەو دەڤەرەش بێ بارانیی بووە. لە رێگادا هەست بە رێکوپێکییەکی پۆلیسی رێگا دەکەی چ لە دانان و رێکخستنی نیشانەی هاتوچۆ چ لە خەمخۆریی پۆلیسی رێگا بەرامبەر ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراوە، هەستم کرد کە لێخوڕانی ئۆتۆمبیل (شوفێر) تا چ رادەیەك ریز لە رێوڕەسم و یاسای هاتوچۆ دەگرن.

بە گەیشتنمان بۆ شاری بۆکان بەلای گۆڕی خوالێخۆشبوو (حسن زیرەك) رەت بووین، بەڵام وا پێدەچێ شوێنی دەوروبەری هەمووی بووەتە خانوو، جیاوازییەکی زۆرم دیت بە بەراورد کردن لەگەڵ ساڵ ١٩٧٤ چونکە ئەو سەردەمە ئەو شوێنە واتا (ناڵەشکێن) کە گۆڕی حەسەن زیرەکی لێیە هیچ خانووبەرەیەکی لەچواردەوردا نەبوو، بە گەیشتنمان بۆ شاری بۆکان کە بارامی وەلدبەگیمان لەگەڵدابوو نزیکەی (٣٠) سی لە رۆشنبیرانی ئەم شارە دێرینە لەبەردەم (رێستورانتی شادی) بە خۆیان و بە درووشمێکی پێخۆشحاڵبوون و

بەخێرهاتن و چەپکەگوڵێکی رازاوەی سرووشتی لە چاوەڕوانیدا بوون، یەکە یەکە هەموومانیان بە گەرمی ماچکرد، مرۆڤ دەیزانی ئەم هەستەیان چەند بێگەرد و راستەقینەیە، کاك مستەفای خاوەن چێشتخانەی شادی کە بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ لە وڵاتی ئینگلیزان (بەریتانیا) ژیاوە ویستوویەتی چێشتخانەیەکی لەسەر شێوازێکی ئەوروپی لەو شارە درووست بکات وە تا رادەیەکی گەورە لە کارەکەی سەرکەوتوو بووە.

هەموو شتێك ئامادە کرا و رێکوپێك بوو لەگەڵ برایانی رۆشنبیری بۆکان بۆ ماوە کاتژمێرێك و نیو پێکەوە بووین کاکە حەمەی حەمە باقیش هەر لە کرماشانەوە لەگەڵماندابوو، زۆریشمان پێوە ماندوو بوو، کاکە ناسری وەحیدی چیرۆکنووسیش درێغیی بۆ نەکردرین، بە ناسینی شاعیری ناودار کاك جەلالی مەلەك شا کە لەگەڵ ئامادەبووانی رۆشنبیرانی بۆکاندا لەپێشوازیماندا بوون خۆشحاڵی کردین چونکە دەمێکە گوێم لەو ناوە دەبێ و چاوم بە چەند پارچە شعرێکی کەوتووە، ویستم لەم بۆنەیەدا داوای خوێندنەوەی پارچە شعرێکی خۆیی لێ بکەم، بەڵام وا پێدەچوو شمشاڵ ژەنینەکەی مامە (قالە مەڕە)ی تەمەن سەرووی حەفتا ساڵ بواری ئەوەی پێنەداین گوێ لەجەلالی مەلەك شای شاعیر بگرین.

دەمەوئێوارەش گەیشتینە ئەو شارەی کە هەستی هەموو کوردێك دەجووڵێنێ! چۆن نایجوڵێنێ! کە رۆژێك لە رۆژان پایتەختی کۆماری کوردستانی پێشەوا قازی محەمەدی خوالێخۆشبوو بووە، بەلای چوارچرادا رەت بووین، قسەکانی کاك ئەحمەدی قازیم کەوتەوە بیر کە شەوانی پێشووتر پێکەوە لە کرماشان لەگەڵ کاك بارامی وەلدبەگی لە ئوتێل (ئازادگان) لە ژوورێك دەنووستین کە دەیگوت (ئەوکاتە منداڵ بووم (ساڵی ١٩٤٧)، بەڵام بیری منداڵی تیژە ئەو دیمەنەم هەر لەبیر ماوە و ئێستاش لەبەرچاوانمە کاتێ قازی پێشەوا بەدارا کرابوو، رۆژێکی ترسناك بوو ئەم ناوە بۆنی خوێنی لێدەهات).

منیش کاتی تێپەڕبوونمان بەلای مەیدانی چوارچرادا شیعرەکەی بەناو (شین بۆ پێشەوا)ی (عەونی)م هاتەوە یاد کە کاتی خۆی لە سەروبەندی شەهیدکردنی قازی محمد وتوویەتی و لەگەڵ خۆمدا ئەو دوو سێ بەیتەم دەگوتەوە کە تێیدا دەڵێ:

*لە سی مارتی چل و حـــــەوتا*
*لە چەپ گەردی چەخی چەوتا*
*لە مهاباد لە چوارچـــــــــرا*
*داری بێ دادی هەڵکـــــــرا*
*ئەو دارەی پێش نیوەشـــەوا*
*وەستا لەژێریا پێشـــــــەوا*
*گوتی: ئێستا دەڵێم کـــوردم*
*لەرێی ئازادی کورد مـــــردم*

کاتێ ئۆتۆمبیلەکەمان لەبەردەم ئوتێلی (کوێستان) راوەستا لە پەنجەرەوە کاکە ئەحمەدی قازی و کاکە مستەفا قازیم بەدیکرد کە لە چاوەڕوانیی ئێمەدابوون وادیاربوو نەختێکیش سەغڵەت ببوون بەهۆی درەنگ گەیشتنمان چونکە ئەوان نەیانزانیبوو کە ئێمە لە بۆکان نەختێك مابووینەوە.

پاش سەردانێکی کورتی نێو بازاڕی ئەم شارە خۆشەویستە هەموومان بەرەو خانەوادەی قازییان چووین کە لە ئوتێلەکەوە نزیك بوو، لەتەك کاك ئەحمەد دا کە ئەویش سەرقاڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێمە بوو نا ناوەش رووی تێدەکردم و دەیگوت (خۆ ئەوەندە رۆژە تووشی هیچ سەغڵەتییەك نەبوون!) کاکە رەحمانی قازی برا گەورە و برایانی بەڕێزی پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین، سیمایان دیاربوو کە یەکجار دڵخۆش بوون بەم دیدەنییەی ئێمە، ئەو شەوە تا درەنگانی شەو لای ئەو بەڕێزانەماینەوە، لەگەڵ ئەو میواندارییە گەورەیەی کە بۆ ئێمەیان سازکردبوو لە ماڵی کاك مستەفای قازی، خاتوو مریەمی قازیش کچی کاکە مستەفای قازی هەر ئەم

شەوە لە میوانخانە گەورەکەی ماڵی باوکی چیرۆکێکی بەسۆزی کوردانەی بۆ خوێندینەوە کە لە نووسینی خۆی بوو کە تێیدا هەموومانی سەرسام کرد.

دوایین ڕۆژی سەردانەکەمان لە کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆی ١٩٩٩/١٢/٧ بوو لە خاڵی سەرسنووری حاجی ئۆمەران پەڕینەوە لەسەر سنوور ئاغای ڕەحیمی چاوەڕوانی دەکردین و بەتەنگ خۆشی گەڕانەوەمان بوو لەم سەفەرەدا ئاغای موزارعیش لەم حەوت ڕۆژەدا یاوەری هەمیشەییمان بوو و ئاسانکاریی بۆ دەکردین و لیرەشدا ناکرێ بە چەند دێڕێك باس لە کەسایەتیی کاك بارامی وەلدبەگی نەکەم چونکە غەدری لێ دەکەم ئەگەر بەچەند وشە و رستەیەك ئاخاوتنی لەسەر بکەم تەنها چاکەی بەوە دەدەمەوە کە بڵێم خوا نموونەی ئەو زۆر بکات، سەد رەحمەتیش لە گۆڕ و یادی ڕۆشنبیری گەورە و شاعیر و خۆشنووس و ئاین پەروەر سەید تاهیری هاشمی بێت کە کۆڕیادەکەی بووە مایەی ناسینی دەڤەر و چەندین ڕۆشنبیری گەورە و بەتوانای کوردستانی ئێران و یادی سەد جاری دیکەش بەخێر بێت کە پێش ٣٠ ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا بە دەنگە نەرمونیانەکەی لە بەرنامەی (هەوارگەی دڵان)ی ڕادیۆی کرماشانەوە شارەزای شیعرە بەناوبانگەکەی (مستەفا بەگی کوردی) کردین کە بۆ چەند جارێك ئەم بەیتەی دووبارە دەکردەوە:

***گەردەنی کــوردی لە کێوی بێستوون قایمترە***

***بۆیە سەد ساڵە لەژێر باری خەمایە و نانەوێ***

ئەم ساڵەشمان یانی ساڵی ١٩٩٩ بە هەموو ڕووداو و بۆنە خۆش و ناخۆشەکان و گەشتی چەند جارە بۆ دوو وڵاتی سوریا و کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێکرد، بەڵام بەڕاستی لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە ماندووی کردبووین.

دوا کۆبونەوەشمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پارتی کاك مەسعود بارزانی لە ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٩ ئەنجام دا کە تێیدا سەرەڕای ئەوەی بەندە لەسەر سەفەرەکەی ئێران بەدرێژی باسم لێوەکرد کە چۆن توانیبوومان کار و چالاکی

بەرچاو ئەنجام بدەین و سلاو و رێزی خانەوادەی قازییان بەڕێزان (ئەحمەدی قازی، مستەفای قازی و رەحمانی قازیی براگەورەیان) بە سەرۆك بارزانی بگەیەنین بگەیەنین، سەرۆك مەسعود بارزانیش پیرۆزباییەکی گەرمی سەرکەوتنی سەفەرەکەی لێ کردم و منیش هەندێ راسپاردەی کە راسپێردرابووم بە بەڕێزیانم راگەیاند، پاش ئەوەی سەرۆك باسی هەندێ بابەتی گشتی کرد و ئەمجا هاتە سەر ئەسڵی مەبەست ئەویش وەکو ئەو گوتی (لە راگەیاندنی پارتی بەگشتی رازی نیم، ئێمە پارەیەکی زۆر لە راگەیاندن خەرج دەکەین، بەلام وەکو پێویست نییە و دەبێت لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە، برادەران هەندێکیان لەسەر کەموکورتی و هۆکارەکانی قسەیان کرد کە جۆرێ شەرمنانە بوو، بەلام من راشکاوانەتر چوومە ناو بابەتەکەوە و گوتم (ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردنەوە کارمان کردووە سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی لە پەنجەی یەك دەست تێپەڕ ناکات، ئەوەی هەمانە کوردستان Tv، رادیۆی دەنگی کوردستان، رۆژنامەی برایەتی، هەفتەنامەی خەبات، لەگەڵ دەزگای گولان، پێویستە باس لە کەموکوڕی هەر دەزگایەك بە تەنها بکرێت بۆ ئەوەی خاڵ و دەزگای لاواز دەست نیشان بکەین، من پێم وانیە دەبێ لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکەین چونکە قۆناغی زۆرمان لە پاش سفرەوە بڕیوە. سەرۆك جارێکی دیکە هاتەوە قسە و گوتی (کە دەڵێم سفر مەبەستم ئەوە نییە راگەیاندنی ئێمە سفرە، بەڵکو مەبەستم لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکەین). پاش گفتوگۆیەکی گەرموگوڕ بڕیار درا لیژنەیەك لە (فلك الدين کاکەیی، رێبوار یەڵدا، سەرۆ قادر، کاروان ئاکرەیی، فەرهاد عەونی) پێك بێت و وەرەقەیەك ئامادە بکرێت بەمەبەستی دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و چارەسەرکردنی، ئەم رۆژە پێنج شەممە بوو و بڕیار درا رۆژی شەممە جارێکی دیکە بۆ تاوتوێکردنی وەرەقەکە کۆببینەوە.

سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٤ کاك نێچیرڤان بارزانی تەلەفۆنی بۆ کردم پاش بەخێرهێنانەوەمان هەندێ باسی سەفەرەکەی

ئێرانم بۆ کرد  کە چۆن بووە مایەی خۆشحاڵی رۆشنبیران و کەسایەتیە کوردەکانی رۆژهەلأت کاك نێچیرڤانیش گوتی (دەمزانی لەم جۆرە کارانەش زۆر وردەکاری بۆیە پێشنیارم کرد سەرۆکایەتی شاندەکە بکەیت، لە چەندین لاوە زانیومە کەوا سەفەرەکەتان زۆر سەرکەوتوو بووە، دوێنیش ئەڵقەی یەکەمی نووسینەکەتم لەبارەی سەفەرەکەتانەوە خوێندەوە، دەستتان خۆش، بەخێربێنەوە.

رۆژی ١٢/٢٣/ لە کاتژمێری (١١)ی پێش نیوەڕۆ تاکو کاتژمێری (٤)ی ئێوارە سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی فراوانی دیکەی کرد کە سەرەڕای ئەندامانی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن بەڕێزان ئەندازیار ئەحمەد بریفکانی، فلك الدين کاکەیی، بەدران ئەحمەد حەبیب ئامادەبوون کە تێیدا بۆ جاری دووەم لەسەر راگەیاندن و پێشکەوتنی ئاخاوتن کرا، دەربارەی پڕۆژەی پێشنیارکراوی کۆبونەوەی پێشوو ئامادەکرابوو بەلأم کاك مەسعود داوای پوختەکردن و چاپکردنی کرد بۆ کۆبونەوەی داهاتوو.

هەینی، ١٢/٢٤، پێش نیوەڕۆ سەرقاڵی نووسینی بەشی سێیەم لەسەر سەفەرەکەمان بۆ کرماشان بووم لەگەڵ نووسینی بابەتێك لەسەر مێژووی رۆژنامەنووسی لە کوردستان بۆ گۆڤاری رۆژنامەڤانی و بابەتێکی دیکەش بۆ گۆڤاری هەولێر.

ئێوارە کاتژمێر (٧) لەگەڵ هاوکارم شەماڵ حەوێزی ئامادەی رێوڕەسمی بەخشینی (فەرهەنگی کوردستان)ی خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی کە لەلایەن د. کوردستان موکریانی بە هاوکاری کاك بەدران ئەحمەد حەبیب لێپرسراوی دەزگای ئاراس کە هەر دەزگای ئاراس چاپی کردبوو کە لەراستیدا کارێکی پوخت و بەنرخ بوو، ئەو چەند رۆژەی دوایش تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ سەرقاڵی ئامادەباش بوون بۆ پێشوازی لە ساڵی ٢٠٠٠ و ژمارەیەکی تایبەتی رۆژنامەی برایەتی.

ژمارە ٣٠٠٣ی برایەتی بە ٢٠ لاپەڕە رۆژی شەممە رێککەوتی ٢٠٠٠/١/١ دەرچوو سەرلەبەیانی ئەو رۆژە کە لە هەموو جیهان رۆژی پشووە چونکە

شەوی پێشوو خەڵك لە سەرتاسەری جیهان بەپێی كاتی وڵاتانی تێدا دەژین خەریكی ئاهەنگ گێڕان و بەزم و ڕەزم بوون بەڵام ئێمەی خێزانی برایەتی تاكو دواكاتەكانی ساڵی ١٩٩٩ و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ سەرقاڵی ئامادەكردنی ژمارەی تازە بووین، بەڵام ئەم شەوە كافتریای دەزگام تێگەیاندبوو كە ئامادەباشی بكات بۆ خواردن و چا و قاوە خواردنەوە تاكو دواساتەكانی تەواوبوونی كار و لەسەر حیسابی ئیدارەی دەزگا، كاتژمێر (٩)ی شەوی رابردووش سەرۆك مەسعود بارزانی وتارێكی بەبۆنەی هاتنی ساڵی تازە و هاتنی هەزارەی نوێوە (٢٠٠٠) لە ڕێگای كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوكردەوە، ئێمەش لە برایەتی لە ژێر مانشێتی (هیوادارم وڵاتەكەمان لە سەدەی تازەد ئازاد بێت و یەك بگرێتەوە). لەلاپەڕە (١) بڵاوكرایەوە و لاپەڕە (١٧)ش بە بابەتێك لەژێر ناوی (پوختەیەك لە كاروانی ڕۆژنامەگەری كوردی لە سەدەی بیستەمدا) بڵاوكرایەوە كە تێیدا كورتە بیبلۆگرافیایەكی ناو و ساڵی دەرچوونی سەراپای ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیە كە لە سەدەی بیستەم دەرچوون.

لەگەڵ دەسپێكی ساڵی تازە خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم سەرۆكی یەكەم پەرلەمانی كوردستان كە ڕۆژی ١٩٩٩٩/١٢/٢١ دەست لەكاركێشانەوەی خۆی لە پەرلەمانی كوردستان قبوڵ كرا و پۆستی سكرتێری مەكتەبی سیاسی پارتی پێ درا، ڕۆژی سێ شەممە ڕێككەوتی ٢٠٠٠/١/٤ بۆ یەكەم جار لەو شوێنەدا پێشوازی لە بەرپرس و نوێنەرانی مەكتەب و لق و لیژنە و ناوچەكانی پارتی و بەرپرس و نوێنەرانی دام و دەزگا ئیدارییەكان كرد كە بە بۆنەی ساڵی نوێ و بۆ پیرۆزبایی دەستە دەستە سەردانیان دەكرد، كە تا ڕادەیەك جۆرە وەرچەرخانێكی لە ژیانی كاك جەوهەر نامیق دروست كردبوو و ئەو گۆڕانكارییەی بەدڵ نەبوو، زۆرجار پێكەوە كاتێ كە دوو بە دوو دەبووین قسە و باسەكانمان زۆر تایبەت دەبوون، ئەو بە ئاشكرا باسی لە هەندێ وردەكاری ناو حزب نەدەكرد زۆریشی مەبەست بوو نهێنیەكانی ناو مەكتەبی سیاسی دەرنەچێت و بە ئیلتیزامێكی سیاسی و ئەخلاقی زێدە بەرز مامەڵەی لەگەڵ

ڕووداوەکان بەتایبەتی ئی ناوەوەی حیزب دەکرد، لەدڵەوە دەمزانی هەست بە (غوبن) دەکات و پێی وابوو کە ئەو لەڕووی کارگێڕی و دیسپلینی کاری پەرلەمانی و بە ماندوبوونێکی زۆر پەرلەمانی کوردستانی خستە سەر هێڵی ڕاستەقینەی خۆی و توانی ڕووداو و قسە و گفتوگۆیەکانی ناو پەرلەمان سەرەڕای سەرجەم بڕیار و یاساکانی لە دوتوێی (٢٤) جلدی پڕۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان بخاتە بەردەم گەلی کوردستان و مێژوو و بە خەسڵەت و بۆچون و ئیدارەی خۆی توانی هەیبەت بۆ پەرلەمان زیاد بکات و هەمیشە وەکو پاسەوانی پەرلەمان هەڵسوکەوتی دەکرد بێ سڵەمینەوە چە لەو دوو جارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوو زەمەنی جیاواز و چە لە ١٩٩٩/٨/٣١ کە سوپای عێراقی هاتە هەولێر و باڵەخانەی پەرلەمانی بێ حورمەت کرد کاک جەوهەر لە هەرسێ بۆنەدا ئازایانە، جوامێرانە، دڵسۆزانە ئیدانەی داگیرکردنەکانی کرد کە دواجاریان بۆچوون و هەڵسوکەوتەکەی لەگەڵ خودی سیاسەتی حزبەکەی خۆی (پارتی) ناکۆك بوون کە ئەو خۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو پۆستەکەی پەرلەمانیشی لەو حزبەوە پێ بەخشرابوو بەڵام چونکە مرۆڤێکی مەبدەئی بوو قەت لە کەموکوڕییەکان، لە تەجاوزات لە کاری نایاسایی، ناحزبی بێدەنگ نەدەبوو، بۆیە کاتێك کە دەڵێم (هەستی بە غوبن) دەکرد چونکە خۆی زیاتر بەشیاوی ئەو شوێنە دادەنا و ئەو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد پێش بەکۆتاهاتنی ئەو دەورە پەرلەمانیە (دەورەی یەکەم) ئەو شوێنەی پێ بەجێ بهێڵن کە دەڵێم (پێ بەجێ بهێڵن) بەو مانایەی کە بڕیاری خۆی نەبوو، بە ڕەزامەندی خۆشی نەبوو، چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد (ئەو پێ جێهێشتنە) بەو شێوە دراماییە سەیروسەمەرە بێت چونکە بڕیارەکە وە کۆی لە دانیشتنێکی دووقۆڵی ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ٢٠٠٠/١١/٢٤ کاتێ هەردووکمان لە یەکێ لە کافتریاکانی ئوتێل (میریدیان) دیمشق دانیشتبووین مەبەستم بوو ڕاستی گۆڕینی لە سەرۆکی پەرلەمان بۆ سکرتێری مەکتەبی سیاسی بزانم، ئەو دیسان بە زەحمەت قسەی لە دەم دەهاتە دەر بەتایبەتیش لە وجۆرە بابەتانە، بەڵام کاتێك پێم گوت کاک جەوهەر من دەزانم لە دڵەوە

نیگەرانی، هەندێ شت هەیە حەق وایە هەرە نزیکەکانی دەوروبەر (یانی خزم) بیزانن چونکە گوناحە هەندێ بابەت لە مێژوو بزر بێت، کەس نازانێ کەی دەمرێت، بۆیە پێویستە ئەم بابەتانە یان یادداشت بکەیت یاخود خەڵکە هەرە نزیکەکانت ئەوانەی بڕوات پێی هەیە بۆیان بدرکێنی، لە وەڵامدا کاك جەوهەر گوتی "فەرهاد ئەگەر بە ئارەزوو و خواستی خۆم با تاکو کۆتایی ئەم خولە (خولی یەکەمی پەرلەمان) دەمامەوە تاکو پڕۆتۆکۆلەکان و دسپلینی پەرلەمانی تەواو جێگیر بکەم، بەڵام بە خواستی من نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاتێ کاك مەسعود ئەو ئیشارەتەی دا ناڕازی بوونم دەرنەبڕی و نەمویست دڵی بشکێ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە وابزانم هیچ ئەندامێکی پەرلەمان لە لیستی پارتی و یەکێتی و فراکسیۆنەکانی دیکە حەزیان بە گۆڕانی من نەدەکرد، برادەرانی مەکتەبی سیاسی پێش ئەم بڕیارە مشاوەرەتیان پێ نەکراوە، راستە شوێنی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی شوێن و پۆستێکی گرنگە بەڵام وەکو گوتم دەمەویست لە هەمەموو دڵەوە قۆناغی یەکەم لە ژیانی پەرلەمانی کوردستان تەواو بکەم و ئەمجا بە کامیلی قەناعەتەوە خواحافیزی لێ بکەم لەگەڵ برادەرانی پەرلەمانتارانی خولی یەکەم.

خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم وەکو ئیشارەتم پێداوە یەکێك بوو وەکو بەڕێز ئەرسەلان بایز سەرۆکی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە دیمانەیەکدا گوتی (کاك جەوهەر نامیق باشترین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو)، تاکو رۆژانی ئەمڕۆش پەرلەمانتاران بە جیاوازی بیروڕای سیاسی بەڕێزەوە باس لە جەوهەر و کەسایەتی پەرلەمانی رەوشتی بەرز و دەستپاکی دەکەن لەلایەڕەکانی دیکەشدا بەپێی مێژوو رووداو و بابەتی دیکە ماون لە ژیانی ئەم پیاوە و پەیوەندی بە منەوە ئەوجا وەکو خۆی باسی لێوە بکەم.


لە مانگی (١) و (٢)ی ساڵی تازە کۆبونەوەکانمان لەگەڵ کاك مەسعوددا بە چڕوپڕی درێژەی هەبوو بەمەبەستی پێداچوونەوە لە ئەرکی مەکتەبی ناوەندی و دەزگاکانی راگەیاندن و ئیشوکاریان (لێرەدا ئەم جۆرە کۆبوونەوانە تەنها بۆ

مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن دەکرا وەکو بڵێی مەکتەبی ڕاگەیاندن هۆکار و بەرپرسیاری یەکەمی کەموکورتییەکانی ناو پارتی بێت!)، من بە هیچ شێوەیەك بەنسبەت خۆمەوە هەستم بەشتێك نەدەکرد کە مایەی بیرلێکردنەوەم بێت، خوێنەرانی برایەتی، ئەندامانی پارتی تاکو ئاستی مەکتەبی سیاسی شاهیدی بۆ من و بۆ برایەتی و ڕێکوپێکی دەزگی ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات دەدەن، جاریٚ بۆ خۆم وادەزانم کەس لە من زیاتر نە پێش خۆم نە پاش منیش بەو شێوەیە بەم ڕۆژنامە و بەو دەزگایە ماندوو نەبووە، سەرنووسەرم دیوە ڕۆژانە چەند سەعاتێکی کەم خۆی بۆ ئەرکی ڕۆژنامە تەرخان کردبێت، لە ٧٥٪ کاتم بۆ ڕۆژنامە و دەزگا تەرخان کردبوو، برایەتی لە ئاستی (٨) لاپەڕەی لاوازدا بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی دیکە گەیشتە (١٢) لاپەڕە و لە بۆنە تایبەتەکان و یادەوەرییەکاندا دەگەیشتە (١٦) لاپەڕە و (٢٠) لاپەڕە و (٣٢) لاپەڕە، کە تێیدا ڕاشکاوانە پەیامی برایەتیم دەنووسی بیٚ ئەوەی ڕۆژیٚ لە ڕۆژان لە کاك سامی عبدالرحمن بترازیٚ کە هەندیٚ جار بە حوکمی لێپرسراویەتی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن ڕێنمایی دەکردم یاخود بیرۆکەی پەیامی برایەتی پیٚ ڕادەگەیاندم کەسێکی دیکە بە یەك وشە یارمەتی نەداوین سەرەڕای ئەو ڕۆژە دژوار و پڕ لە گرێ کولەی سیاسی، ڕۆژانی شەڕی برایان ١٩٩٤ – تاکو ڕێککەوتنی واشنتۆن ئەمجا پاشماوە شەڕە ساردەکەی نێوانیان، شەڕی پەکەکە و ئیفرازاتی ئەمجا ڕاگرتنی باڵانس بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی عێراق، حکومەتی سوریا، تورکیا کە دەبوایە بە (مسقاڵ) مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، لە هەمووی ناخۆشتر ڕاگرتنی باڵانس جێگە و پێگە و گیانی نەرجسیەتی هەندیٚ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەنانەت هەندیٚ لە برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی کە هەندیٚ جار حیسابی (سانتیمەتر)یان بۆ دەکردین یاخود وێنەکانیان لە شوێنی چاك بڵاو نەکراوەتەوە بەڕادەیەك هەندێکیان بەئاشکرا لە دژم دەدوان و وەکو کاك نێچیرڤانیش کە ئەوجارە گوتی لە نێوانی گفتوگۆیەکدا (دۆستت لە مەکتەبی سیاسی نییە) کە هەندێك لەو

ڕووداوانە باسم لێوەی کردووە لە کتێبی (ئەزمونی ڕۆژنامەوانیم) و هەندێکیشیان لێرە دەگێڕمەوە لەپێناو خزمەتی ڕاستیدا.


برایەتی سەرەڕای زیادبوونی لاپەڕەکانی، سەرەڕای ژمارە تایبەتەکانی، سەرەڕای (٢٤) کتابی بە ئەڵقەی هەفتانە کە هەفتەیەك (٤) کتێبی لە چوار لاپەڕەی تەرخان کراودا و سەرەڕای داهێنانی هەفتەنامەی ئەدەب و هونەر کە بە سەدان ڕۆشنبیر و چیرۆکنووس و شاعیر و ئەدەب و دۆستی خۆی لەخۆی کۆکردبوەوە و سەرەڕای هەفتانەی وەرزش برایەتی ڕۆژانەی مۆندیال کە بە درێژایی ڕۆژانی مۆندیال دەکەوتە بەر دیدی خوێندەواران و شەیدایانی وەرزش و بواری وەرزشی و دیسان سەرەڕای گۆڤاری برایەتی وەرزش کە دەتوانم بڵێم جوانترین و قەشەنگترین گۆڤاری وەرزشی ئەم سەردەمە بوو کە تاکو ئێستاکەش وێنەی کەم ئەوجا چاپکردنی چەندین کتێبی هەمەجۆری بوارە سەرنج ڕاکێشەکان کە لەمەشیان پێشەنگ بووین ئەمجا پێشکەشکردنی گۆڤارێکی وەرزی ٣ مانگە بەناوی (سەنتەری برایەتی) کە ئەویش لێرەدا نامەوێ بە شان و باڵی هەر بڵێم بەڵام توانی موتمانەی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەدەست بهێنێ و ببێتە جێگەی متمانەی بڵاوکردنەوەی دیراسات و لێکۆڵینەوەی مامۆستایانی زانکۆ وەکو گۆڤارێکی باوەڕپێکراو کە دەبوایە ببێتە جێگەی بایەخی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەڵام بەپێچەوانەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك نە بە تەلەفۆن نە بە نووسراو وەکو موجامەلەیەکی دەستخۆشییان لەو هەموو ماندوبوونە نەکرد بەڵام کاتێ هەڵەیەکی چاپەمەنی وەکو ئەوەی ڕوویدا کە لە جیاتی ساڵی ١٩٧٩ ساڵی ١٩٧٤ بەهەڵە نووسرابوو سەرەڕای ئەوەی لە ژمارەی پاش ئەو ڕۆژە داوای لێبوردنمان کردبوو بەڵام وەکو پێم ڕاگەیاندرا جەنابی سەرۆك زۆرمان لێ توڕە بووبوو، من نەمزانیوە و نەمدیتوە ڕۆژنامەیەك بەتایبەتیش ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە هەڵەی چاپی تێدا نەبێت، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ڕاشکاوانە بیڵێم (کاك ئازاد بەرواری) دەستەیەکی سێ کەسی کە ئەوکاتە بە ئیشی جۆراوجۆر لەبارەگای مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد سەرقاڵ کردبوو،

رۆژانە یەکێ لە ژورەکان کە شوێنی سکرتێری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بوو (شەن و کەوی) برایەتیان دەکرد و بە قەڵەمی سور نەبونی (فاریزەشیان) لەبیر نەدەکرد و بە گاڵتەوە  وەکو بۆیان گێڕامەوە دەیانگوت (ئەمڕۆش تەشریحی برایەتی تەواوبوو) خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیق سالم کە لە پۆستی سکرتێری مەکتەبی سیاسی دەستبەکاربوو لەسەر بڵاونەکردنەوەی ڕێوڕەسمی دەست بەکاربوونی خوالێخۆشبوو شەهید فەرەنسۆ هەریری لەلاپەڕە (٤)ی ژمارە (٣٠١٥)ی برایەتی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٠٠/١/٢٥ کە پەیوەند بوو بە دەست بەکاربوونی شەهید فەرەنسۆ لە پۆستی لێپرسراوی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ئەو ڕۆژە کاك خالید محمد أمین کە سکرتێری خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیق بوو ئەم نامە تایبەتیەی بۆ ناردم کە ئەمەش دەقەکەیەتی و بە خەتی کاك خالید:


کاک فەرهاد

کاک جەوهەر وەک باشترین هەواڵی
هەم لە برایەتی دانەبەزێنن، ئەمە
بە ئەمرە، لەسەر هەواڵەکەی
ئەمڕۆ بوو.

بۆ ڕۆژی دواییش ڕێککەوتی ٢٠٠٠/١/٢٦ خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر بەمە نەوەستا و خۆیشی ئەم نامەیەی بۆ ڕۆژنامەی برایەتی (تێکۆشەر) ناردووە بێ ئەوەی بۆ سەرنووسەری بنێرێت (کە دەبووایە بۆ منی بنێرێ) کە ئەمەش دەقەکەیەتی کە لای من پارێزراوە:


پارتی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبا سیاسی
الحزب الديمقراطي الكردستاني
المكتب السياسي

بۆ/
ڕۆژنامەی برایەتی تێکۆشەر

هەر هەواڵێک پەیوەندی بە ئێمەوە
هەبوو بڵاو ناکرێتەوە لە برایەتی
تکایە التزام بکرێت بەمە
لە ئەمڕۆوە ٢٠٠٠/١/٢٦

جوهر نامق سالم
١/٢٦

خوێندەواران دەبێ بزانن من و کاك جەوهەر نامیق لە ساڵی ١٩٧٠وە یەکتر دەناسین، ئاگام لە کار و پەیوەندی حزبی ئەو نەبوو کە چۆن و کەی لە ڕێگای کێوە پەیوەندی بە پارتی کردووە بەڵام بەنسبەت یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاك جەوهەر نامیق لە ڕێگای منەوە بوو بە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، برای بەڕێز عبدالموجود تەها شاهێدی جۆری ئەم پەیوەندیەی کاك جەوهەر و بەندەیە، لە ساڵانی (٧٠)ش بەدواوە لە ڕێکخراوی (بلێسە)ی پارتی کە تایبەت بوو بە قوتابیان ئەندامی لێژنەی ڕێکخراوەکە بوو ساڵی ١٩٧٣ کە کۆلێژی ئیدارە و ئیقتصادی تەواوکرد لە زانکۆی موستەنسریە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد و لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کاری پێ سپێردرا، لێرەدا تاکو ئێرە باس لە ڕۆڵی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم و جارێکی دیکە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دێمەوە سەری، سەرەڕای ئەوەش من و کاك جەوهەر پاش ئەوەی بوینە خزمیش بەهۆی شوکردنی (نێرگز)ی خوشکم بە کاك جەوهەر لە ساڵی ١٩٩٣دا بەڵام ئەو و بەندە هەمیشە وەکو دوو برادەری نزیك مامەڵەمان لەگەڵ یەکتری کردووە، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان وەکو هەندێك لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی وایان لێك دەدایەوە، چونکە خۆیان پێویستیان بەو جۆرە لێکدانەوەیە هەبوو کە پەیوەندی من و کاك جەوهەریان بەو جۆرە لێك دەدایەوە کەوا من نوێنەری ئەوم لە برایەتی و لە جومگەکانی پارتیدا، بەڵام ئەو برادەرانەی ئەو جۆرە لێکدانەوە (نەخۆشانەیان) دەکرد لەبیریان چوبوو کە من لە کار و پەیوەندی پارتایەتی لەوان کۆنترم و بارزانی نەمرم لەوان لە پێشتر دیتوە و لە خزمەتی دابوومە و سەرۆك مەسعود بارزانیم لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانەوە ناسیوە کاتێ لێپرسراوایەتی ئەو هێڵە سەرەکیەی ڕێکخستنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانم دەکرد لە ساڵانی ١٩٦٧ تاکو بونم بە سکرتێری گشتی ئەم ڕێکخراوە لە تەموزی ساڵی ١٩٧٠، جەوهەر نامیق مرۆڤێك نەبوو پێویستی بە نوێنەر یاخود (پیاو)ی خۆی بێت لە ڕێکخستنەکانی ناو پارتی وەکو هەندێ لە خەڵکانی دیکە بەڵکو سەرەڕای جیاوازی بۆچونەکانمان لە هەندێ قۆناغی جیاوازدا کە دەڵێم پێویستی بە

نوێنەر نەبوو، چونکە کاك جەوهەر هەمیشە وەکو تێکۆشەرێکی قاڵبووی پارتایەتی پارتایەتی دەکرد و هەموو ژیانیشی بەتایبەتی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی خیانەتەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ کە چۆن لەو بارودۆخە دژوار و کارەساتیەدا دەروێشانە بە دروشمی (کوردستان گۆڕەپانی راستەقینەی خەباتە) لەگەڵ هەندێ لەو تێکۆشەرانەدا جارێکی دیکە بڵێسەی شۆڕشیان لە شاخەکانی کوردستان بەرزکردەوە، لە ژیاندا هەمیشە ئەسیری قەناعاتی ویژدانی و سیاسی خۆم بوومە و هیچ کاتێك لەژێر کاریگەری هیچ مرۆڤێك هەڵوێستم نەگۆڕیوە تاکە شتێك کە لە ماوەی ژیانمدا تاکو ئەمڕۆ ویژدانمی جوڵاندبێت (بارزانی نەمر) بوو کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٣ لە کۆیە بە خزمەتی گەیشتم کە ئەو دیتنە بووە هۆی یەکلاکەرەوەی بیروڕاکانم لەڕێڕەوی تەریقەتی کوردایەتی، ئەمجا هەندێ لەو برادەرانە لە سێبەری خزمایەتی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر و بەندەدا دەچونە ریزی نەیارانم بێ ئەوەی پەیوەندیم بە خیلافاتی کۆن و نوێی ئەندامانی ناو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بووبێت، من هەموو کاتێك پارتیم لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێ گەورەتر بووە، هەمیشە بەرژەوەندی باڵای پارتیم لامەبەست بووە لە بەرژەوەندی و بۆچوونی ئەوان کە هەندێ جار کە لێرەدا جێگای باس و گوتن نیە بۆچون و هەڵسوکەوتی هەندێکیان لەگەڵ بەرژەوەندی پارتی یەکی نەدەگرتەوە چونکە ناشرینکردن و بنکۆڵکردنی پێگەی تێکۆشەران و ئەندامانی دڵسۆز لەلای هەندێ سەرکردە و سەرکردایەتی بێگومان دەچێتە خانەی تۆڵەسەندنەوە (انتقام) لەو حزبە.

هۆکاری توڕەبونەکەی کاك جەوهەر دەگەڕێتەوە (کە جاری یەکەمی نەبوو) وەکو پاشان بۆی روونکردمەوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی بەرزڕاگرتنی پێگەی حزبی شەهید فەڕەنسۆ کە لە پۆستی پارێزگای هەولێر بووە لێپرسراوی لقی دووی هەولێر دەست بەکاربوو کە تێیدا کاك جەوهەر وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی و کاك فازڵ میرانی وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەو رێوڕەسمەدا کە لە لقی دووی پارتی بەڕێوەچووە برایەتی لە لاپەڕە (٤) بڵاوی کردۆتەوە

دەبوایە وەکو کاك جەوهەر گوتی لە لاپەڕە (١) بڵاوکرابایەوە. لە وەڵامدا منیش بۆ کاك جەوهەرم رون کردەوە کە ئەم هەواڵە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەکتان هەواڵێك نیە سەرنج راکێش بێت، چونکە زۆرجار لێپرسراوانی لقەکانی پارتی گۆڕدراون و لە برایەتی ئیشارەتی پێ نەدراوە، دووەم عادەتەن هەواڵی لاپەڕە یەك بۆ بابەتی گرنگتر تەرخان دەکرێت بەڵام چونکە کاك جەوهەر زۆر پارتیانە مەسەلەکەی شی دەکردەوە کە لەگەڵ بۆچونە ڕۆژنامەنووسییەکەی من یەکی نەدەگرتەوە.

پەیوەندی نێوان د. ڕۆژ نوری شاوێس و بەندە هەمیشە لەو ڕۆژەوەی کە لە زانکۆی موسڵ بوو ناسیومە بەڕێزەوە تەماشای یەکترمان دەکرد و لەگەڵ د. رەنجی براشی لە پێش ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کۆیکردبوینەوە، ساڵی ١٩٧٣ کاتی ئامادەی ڤیستیڤاڵی قوتابیان و لاوانی جیهان بووین لە بەرلین پایتەختی ئەوکاتەی ئەڵمانیای دیموکراتی بوو کە ئەوکاتە د. ڕۆژ خوێندکاری دکتۆرا بوو، دوو ڕۆژی تەواوی بوو من و خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو و جەبار سابیر و سیروان عبداللە سعیدی تەرخان کردبوو میوانداریشی کردین، ڕۆژێکیان لە (سەنتەری بوڵینگ و ڕۆژ دواتر لە (مۆسکۆ بار) لە بەرلین، پاش راپەڕینیش هەمیشە بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، قەت ئەوەشم لەبیر ناچێت کاتێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەولێری داگیرکرد و ئێمەی دەرپەڕاند، ماوەیەك لەبەر بێ شوێنی لە ماڵی میوانداری پارتی (دار الضیافة) گیرسامەوە، هەندێ لەو شەوانە کە د. ڕۆژ لە بەرەکانی شەڕ دەهاتەوە بۆ هاوینەهەواری سەلاحەدین ژورێکی تایبەتی هەبوو لەو شوێنە بۆ نان خواردن بانگی دەکردم، بەڵام ئەو ماوەیە کە لەو شوێنە بووم وەفدێکی موعارەزەی عێراقی و وەفدێکی دیکەی بێگانە لەوێ بوون، هەموو ژورەکانیان بە ژورەکەی منیشەوە بۆ ئەم میوانانە چۆڵ کرد، بەڵام د. ڕۆژ کە ژورێکی تایبەتی هەبوو پێی گوتن (من تاکو میوانەکان دەڕۆن نایەمەوە، بەڵام با ژورەکەم بۆ فەرهاد بێت و لێرە دەمێنێتەوە)، کاتێ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی

(کابینەی سێیەم) ی وەرگرت هەمیشە بە بایەخەوە هەواڵی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێممان لە لاپەڕە (١)دا بڵاودەکردەوە، هەستم بە حەساسیەتی پەیوەندی نێوان ئەو و خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر کردبوو بۆیە بە هیچ شێوەیەك نەمدەهێشت بەقەد (ملم)ێکیش جیاوازی لە نێوان هەواڵ و وێنەی هەردوولا هەبێت، گەرچی دەبوایە بەپێی پرۆتۆکۆل هەواڵی پەرلەمان لە پێش حکومەت بوایە، بەڵام سەرەڕای ئەو خۆبەدورخستنە لەو حەساسیەتەی کە لە نێوان هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەبوو ئەویش لەسەر هەندێ بابەت کە نەدەبوو بگاتە ئەو ئاستەی کە درز بکەوێتە نێوان و لە چەند لاوە شەڕی فەرهاد عەونی و برایەتی پێ بکەن، چونکە لای من هەموویان بۆ من یەك حیساب بوون، خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن گوتبوی کە خودی برای بەڕێزم عەبدولمەوجود تەها بۆی گێڕامەوە لە زاری کاك سامی کە دەقاودەق گوتبوی (فەرهاد مرۆڤێکی خاوەن را و بۆچونی خۆیەتی و عائیدی کەس نیە و تەنها پارتیە)، بۆیە هیچ کاتێك کاك سامی بۆ مێژوو دەڵێم تا ئەو دەمەی پەیوەندیمان بڕا و سارد بوو هیچ کاتێك نەمبیستبوو بە یەك وشەش بە نائاسایی باسی منی کردبێت.

کە دێمە سەر پەیوەندی د. رۆژ و بەندە وەکو باسم لێوەکردووە لە دۆستایەتیەکی هێمنانە و برایانە نەبێت هیچی دیکە لەئارادا نەبووە، زۆرجار کە لە (دارالضیافة)کەی هاوینەهەواری سەلاحەدین کە هەندێ لەو شەوانە دووبەدوو دادەنیشتین دڵی خۆمم بۆ دەکردەوە و گلەییەکانم بە ئەو رادەگەیاند، ئەو گلەییانەی کە بۆ سوودی پارتی دەمخستە روو، پەیوەندییەکانمان بەردەوام بوون تاکو ساڵی ١٩٩٨ کە خودی د. رۆژ بووە هۆکاری پچڕانی پەیوەندییەکان کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ رووداوێك کە ئەمە کورتەکەیەتی:

بەمەبەستی ئەنجامدانی دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ د. رۆژ کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی (کابینەی سێیەم) بوو رۆژێکیان بە (مەوعید) لەگەڵ هاوکارانم ئاسۆ کەریم سکرتێری نووسینی رۆژنامەی برایەتی و محیالدین عەزیز وێنەگری رۆژنامە چوینە نووسینگەی تایبەتی د. رۆژ لە

تەلاری ئەنجومەنی وەزیران، پاش ماوەیەکی کورت داوام لە ئاسۆ کەریم کرد کە ئەو (١٠) پرسیارەی بۆ د. رۆژ ئامادەکراوە بیخوێنێتەوە، کاك ئاسۆ دەستی کرد بە خوێندنەوەی پرسیارەکان، پرسیاری ژمارە (٩) پەیوەند بوو بە پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی کارئاسانی بۆ یەکتری، کاتێك ئاسۆ پرسیارەکانی خوێندەوە، سیناریۆیەك بەم شێوەیە روویدا کە وەکو خۆی دەیگێڕمەوە:

**د. رۆژ:** (تۆزێك بە گرژییەوە) ئەم پرسیارە (واتە پرسیاری ژمارە ٩) لە جەوهەر بکە (مەبەستی سەرۆکی پەرلەمان جەوهەر نامیق سالم بوو).

**ئاسۆ کەریم:** دکتۆر دیمانەکە لەگەڵ جەنابتە و پرسیارەکەش بۆ تۆیە.

**د. رۆژ:** (نەختێ بەتوڕەییەوە) هەستە بڕۆ دەرەوە.

**لێرەدا من و ئاسۆ وامانزانی دکتۆر رۆژ گاڵتە دەکا:** بەڵام ئاسۆ بە پێکەنینەوە گوتی (خێرە دکتۆر بۆ بچمە دەرەوە).

**د. رۆژ:** ئەمجا توندتر (ئەگەر نەچیتە دەرەوە بە پۆلیس دەرتدەکەمە دەرەوە).

لێرەدا زانیم مەسەلەکە جدیە و زانیم د. ۆژ ئەو پرسیارەی بە جۆرێکی دیکە لێکداوەتەوە کە جێگای خۆی نەبوو، چونکە بەندە و کاك ئاسۆ رۆژی پێشوتر وەکو ئامادەکاری بۆ ئەم دیمانەیە پرسیارەکانمان ئامادەکردبوو بێ ئەوەی تۆزقاڵێك بۆ ئەو لایەنە چوبین کە د. رۆژ لێکیدایەوە. بۆیە ئەم دیمەنەم زۆر بە ناڕێکی هاتە بەرچاو کە د. رۆژ بەرامبەر سکرتێری نووسینی رۆژنامەی برایەتی کردی لەکاتێکدا منی ئاشنا و دۆستی د. رۆژ کە سەرنووسەری رۆژنامەکەیە لەو دانیشتنە و بۆ ئەم دیمانەیە لە نوسینگەی ئەو یانی لەماڵی ئەو بووین، بۆیە ئەم دیمەنەم لا نامۆ بوو، بۆیە یەکسەر منیش هەڵسام و داوام لە برایان ئاسۆ کەریم و محیالدین عەزیز کرد و گوتم: هەڵسن ئێمە ئەو جۆرە دیمانانە ناکەین، ئێمە هاتوین بۆ ئەنجامدانی دیمانە نەك ئیهانە قبوڵ بکەین، لەو کات و ساتەدا د. رۆژ دووجار گوتی (فەرهاد دانیشە من لەگەڵ تۆم نیە!).

منیش له وەڵامدا گوتم ئیهانەی سکرتێری نووسین له حزووری من ڕاستەوخۆ ئیهانەی منه. لەگەڵ هەڵسان و ڕۆیشتنمان جارێکی دیکه د. ڕۆژ گوتی (فەرهاد بگەڕێوه)، لەو کاتەدا خوالێخۆشبوو کاك ڕەفیق فتح الله)ی بەڕێوەبەری نوسینگەی ئەوکاتی د. ڕۆژ هاته ژوورەوه که کوڕی خاڵی پەروینی هاوسەرمه و دەمێکه یەکتر دەناسین زانی دۆخێکی نائاسایی ڕوویداوه و گوێی لێ بوو د. ڕۆژ به من دەڵێ بگەڕێوه و من بەرەو دەرگای چونه دەرەوه دەچم و ناگەڕێمەوه لەوکاته ئەوجاره دکتۆر ڕۆژ به دەنگێکی بەرز هاواری کرد و گوتی (ڕەفیق لەمەولا هەواڵی من بۆ برایەتی مەنێره با له شوێنێکی دیکه بڵاوبکرێتەوه)، منیش ئاوڕێکم دایەوه و ڕووم له د. ڕۆژ کرد و گوتم (وەعد بێت تا خۆت هەواڵم بۆ نەنێری بۆتی بڵاو نەکەمەوه).

لێرەدا کاتێ ئەو ڕووداوانه دەگێڕمەوه بەهیچ شێوەیەك مەبەستم لەکەدارکردنی (أعوذبالله) هیچ کەسێك نیه، بەتایبەتیش ئەو دۆست و کەسایەتیانەی که زۆر شت کۆمان دەکاتەوه، بەڵام چه بڵێم وەکو کورد دەڵێ (شەڕ و ... به دەست خۆت نییه)، ئارەزووی شەڕم نەك لەگەڵ دۆست و برادەر و ناسیاو هەڤاڵ نیه بەڵکو خودا وەکیله هیچ کاتێك ئارەزووی نەك شەڕ بەڵکو (تۆراندن) و عاجزیشم لەگەڵ ئەو کەسانەش نیه که ئازاریان پێ گەیاندوم و دروشمی من هەمیشه ئەوەیه دەڵێم (سامحهم الله).

لێرەدا به نیگەرانیەوه باسی ئەو ڕووداوانه دەکەم که بووه هۆکاری پاشخانی بڕیارێکی نەگونجاو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پارتی کاك مەسعود بارزانی که له لاپەڕەکانی دیکه دێمه سەری، پەیوەندی د. ڕۆژ و بەنده تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ (٢٠١٥/٨/١٦) که ئەم ڕووداوه دەگێڕمەوه پچڕا و جارێکی دیکه یەکترمان ڕووبەڕوو نەدیتەوه، تەنها بۆ دووجار نەبێت که له بۆنەی کۆمەڵایەتی (سڵاوی یەکترمان کردووه).

بەنسبەت ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی که ساڵانێکه یەکتری دەناسین و چوار ساڵی ڕەبەق له نێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٤) چه وەکو لێپرسراوی (مەکتەبی سکارتاریەت)ی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و

مامۆستایان و ئافرەتان و چە لە رۆژنامەی (التآخی) کە تێیدا بەندە لە قۆناغی یەکەم وەکو سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە قۆناغی دووەم وەکو بەڕێوەبەری رۆژنامەی (التآخی) کە کاك سامی لێپرسراو و مورشیدمان بوو لەو رۆژەوە تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ پەیوەندیمان وەکو لێپرسراو و ئەندام چە وەکو مامۆستا و قوتابی چە وەکو لێپرسراوی مەکتەب و ئەندامی مەکتەب چە وەکو دۆست و برا وابوین، هەمیشە لە رۆژانی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥وە تاکو راپەڕینیش لەساڵی ١٩٩١ پەیوەندیم لەگەڵ برا و برازا و خزمەکانی زۆر توندوتۆڵ بوو، تەنانەت بۆ هەندێ لە پرسەکانیان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٩١ سەردانی دهۆك و زاخۆ و هەولێرم کردووە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی رۆڵی خۆم و برای بەڕێز عبدالموجود تەها کردووە لە گەڕانەوەی کاك سامی بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام پاش ئەوەی لە کابینەی سێیەم بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆی دەدا، چەند جارێك لە رێگای شەهید فەرەنسۆ هەریرییەوە کە هەموو ئێوارەیەك سەردانی دەکردین بەردەوام گلەیی و گازندەی لە برایەتی هەبوو، منیش زۆرجار بەگاڵتەوە بە کاك فەرەنسۆم دەگوت (کاك فەرەنسۆ خۆزیا رۆژێك لە رۆژان بمتوانیبایە رووپەڕی لاپەڕە (١)ی برایەتی گەورە بکەم و بیکەم بە مەترێك بۆ ئەوەی بتوانم هەواڵ و وێنەکانی بەرپرسانی حزبی و حکومەت لە یەك ئاقاردا بڵاو بکەمەوە. پاش ئەوەش ئاواتەخوازم ئەندازیارانی تەلارسازی (المهندسین) بگەنە ئاستێکی زانستی کە رۆژێك لە رۆژان بتوانن هۆڵ(قاعە)یەکی وا دروست بکەن کە هەمووی بریتی بێت لە یەك ریزی پێشەوە بۆ ئەوەی لێپرسراوانی ئێمە نیگەران نەبن کاتێك ریزی دووەمی هۆڵەکەیان بە (نسیب) دەبێت و تورە دەبن.

جارێکی دیکەش هەر بە شەهید فەرەنسۆم گوت خۆزیا کاك (فلان) مەبەستم ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی بۆ خۆی شەوێك دەهاتە رۆژنامە بۆ ئەوەی نەخشەسازی لاپەڕە (١)مان بۆ بکات، چونکە بەڕاستی زۆرجار توشی

(ئیحراج) دەبوم، بەڵام دیسان پرنسیبی کاری رۆژنامەنووسیم لیٚ بزر (ون) نەدەبوو، بۆیە هەمیشە دەکەوتمە بەر هێرش و تیر و توانج، با بگەڕێمە سەر بابەتی پچڕانی پەیوەندی نێوان خوالیٚخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن و بەندە:

سەرلەئێوارەی رۆژی ١٩٩٩/١٢/٣٠ خوالیٚخۆشبوو شەهید (هەڵمەت حەمید کە سکرتێری کاك سامی بوو لە رۆژنامەی برایەتی هاتە لام، پاش کەمیٚ بەشەرمەوە گوتی (کاك فەرهاد قسەیەك هەیە کە راسپاردەی کاك (سامی)یە وەکو خۆی بۆتی نەقلٚ دەکەم، گوتی: (کاك سامی زۆر نیگەرانە لە برایەتی چونکە ئێوە لەگەڵ ئەو وتارەی ئەو وێنەیەکی ئەوتان بڵاونەکردۆتەوە راستەوخۆش پیٚی گوتم کاك سامی دەڵیٚ (مع الاسف تاکو ئێستا برایەتی نەبوەتە رۆژنامەیەکی مەعقولٚ، لێرەدا جارێکی دیکە شەهید هەڵمەت حەمید راشکاوانە گوتی: (کاکە فەرهاد بەدەق ئەمە قسەی کاك (سامی)یە، من داوای لێبوردنت لیٚ دەکەم).

بەڕاستی لام سەیر بوو کە کاك سامی بەم جۆرە بیر بکاتەوە و هەڵسەنگاندنی بەم شێوە و شێوازە بێت بۆ رۆژنامەی برایەتی، چونکە من وەکو کاك سامیم دەناسی کەمتر کەسایەتی ئەو بەلای (نەرجسیەتدا) دەشکایەوە، سەرەڕای پەیوەندی برایانە و دۆستانەی نێوانمان و رۆژێك لە رۆژانیش نەم ویستووە کاك سامی لێم نیگەران بێت، چونکە هەمیشە بەچاوی رۆژانی ساڵی حەفتایەکان سەیرم دەکرد، بەڵام وەکو دەڵێن نەمدەزانی (دەسەڵات) وەکو ئەفلاتونی فەیلەسوف دەڵیٚ (**دەسەڵات و پارە هۆکاری گۆڕان و گۆڕینی مرۆڤە**).

کاك سامیش بەداخەوە گۆڕاوە، چونکە ئەگەر نەگۆڕابایە و ئەو جۆرە گۆڕینە بەسەر هزر و هەڵسوکەوتیدا نەدەهات، بەهەرحاڵ قسەکانی کە شەهید هەڵمەت حەمید لە زاری کاك سامییەوە بۆی نەقلٚ کردم سەرەڕای رێزی تایبەتیم بۆ کاك سامی پیٚم (قووت) نەدرا، چونکە لەلای من قسەکانی کاك سامیم بە تانە و کەمکردنەوەی قیمەتی برایەتی بوو سەرەڕای جۆرە بریندارکردنی هەستی و هزری من، بۆیە منیش پاش لێکدانەوەیەکی یەك دوو چرکە هاتمە قسە و رووم لە کاك هەڵمەت کرد و گوتم (برا گیان دەزانم ئەو

مەسەلەیە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بە تۆوە نییە.. وەکو دەڵێن (ناقل الكفر لیس بكافر)، بۆیە هیوادارم بەئەمانەتەوە وەڵامەکەی منیش بۆ کاك سامی وەکو خۆی پێ ڕابگەیەنی کە ئەویش ئەوەیە: (ئەگەر کاك سامی وابزانێ بڵاونەکردنەوەی وێنەیەکی ئەو بووەتە هۆکاری ناکامیلی برایەتی منیش دەڵێم ئەگەر ئەوە هۆکار بێت بە کاك سامی بڵێ تا فەرهاد سەرنوسەری برایەتی بێت تاکو ڕۆژی قیامەت برایەتی ئاوا بە ناکامیلی دەمێنێتەوە و نابێتە ڕۆژنامە)، ئەمەیان ڕاستەوخۆ هۆکاری دابڕانی پەیوەندی نێوان شەهید سامی و بەندە بوو تاکو ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی (مؤتمر المعارضة العراقية) کە لە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٤ لە (لەندەن) بەسترا، ڕۆژی دووەم ١٢/١٥/ لە هۆڵی سەرەکی هوتێل (هیلتۆن) لەگەڵ شێرکۆی ئامۆزام دەسوڕاینەوە لەپڕ ڕووبەڕوی کاك سامی هاتم بەڕاستی من ویستم خۆمی لێ لادەم، بەڵام کاك سامی دەستپێشخەریەکی نواند و دەستی بۆ درێژ کردم و گوتی (عینادی مەکە بیناتنا خبز وملح وصداقه عمرها تتجاوز ربع قرن)، وەرە با بچینە ئەو کافتریایە، قەهوەیەك، چایەك بخۆین)، ماوەیەك پێکەوە دانیشتین، هەندێ گلەیی و گازندە لەنێوانمان کرا کە تێیدا کاك سامی عوزرخوایی بۆ هێنامەوە لە نەپرسینی لە باری تەندروستیم کاتێ لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٢ تووشی جەڵتەی دڵ بووم و گەیاندرامە تاران و نەشتەرگەرییەکی گەورەی دڵم بۆ کرا، چونکە وەکو ئەو گوتی ئەوکاتە لە کوردستان نەبوو، ئەم قسەیەم لێ قبوڵ کرد، بەڵام قەناعەتم پێ نەهات چونکە ئەگەر ئەوکاتە لە کوردستان نەبوو خۆ پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و زانیویەتی بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە مەسەلەیەك نییە کە ئەویش وەکو زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیقی لێ دەرچێت کە زۆر مەردانە، پیاوانە، دڵسۆزانە، پارتیانە هاتە پێش و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ کردم چە لە هەولێر بە ڕێگای برای بەڕێز د. جەمال عبدالحمید چە بە هەواڵپێدانی سەرۆك مەسعود بارزانی کە ئەویش وەکو براگەورە و سەرکردەیەکی دڵسۆز فەرمانی دابوو لەسەر خەرجی پارتی بنێردرێمە تاران و چە پێویست بەباش تەندروستیم هەیە بۆم بکرێ.

ئەوەبوو لە تارانیش برای بەڕێز د. پیرۆت ئەحمەد کە ئەوکاتە لێپرسراو و نوێنەری پارتی بوو لە تاران لەگەڵ کاك کارمەندی لیژنەی دەستەی تەندروستی پارتی لە تاران ماوەی زیاتر لە مانگێك لە ئوتێل (کوثر تهران) مامەوە و لە بیمارستانی (دی)یش نەشتەرگەری دڵم لەلایەن د. محمد حسن ماندگار بە سەرکەوتوویی بۆ کرا.

خاڵی دووەمی دانیشتنەکەمان لەگەڵ کاك سامی بابەتی گۆڕینم بوو لە سەرنوسەری برایەتی و لێپرسراوی دەزگای برایەتی و خەبات بۆ هەیئەتی راگەیاندنی ناوەندی کە تێیدا کاك سامی قەناعەتی پێکردم کە وەکو گوتی (حسب علمی مەکتەبی سیاسی بەرەسمی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نیە، ئەوەی زانیومە بڕیاری خودی جەنابی سەرۆکە و بە سکرتێری مەکتەبی سیاسی راگەیاندوە و شەخسی من ئاگاداری هیچ شتێکی ئەو بابەتە نیم).

ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی کە لە دروستکردنی بڕیار دژی بەندە پشکی هەیە زیاد و زیاتر لە ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی (کاك نێچیرڤان بارزانی لێ دەرچێت)، بەندە کاك ئازاد بەرواریم لە پاش رێککەوتنی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە ناسی کاتێ لە رێگای بەڕێز جەواد شێروانییەوە کە لێپرسراوی پەیوەندی نێوان مەکتەبی سکرتاریەتی و لیژنەکانی ناوچەی قوتابیانی کوت و زانکۆی (بەسرە) بوو لە یەکێ لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت کە بەندە سکرتێری گشتی ئەو رێکخراوە بووم کاك ئازادیش لێپرسراوی ناوچەی قوتابیانی (بەسرە) بوو چونکە ئەوکاتە لە زانکۆی موسڵەوە گوێزرابوەوە بۆ زانکۆی موسڵ لەسەر چالاکی سیاسی (ئەو زانیارییانەم لە کاك جەواد شێروانی بیستبوو)، کاتێ کاك ئازاد هاتە ناو کۆبونەوەکەی مەکتەبی سکرتاریەت زۆر بە حەماس و تورەییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد بەڕادەیەك کاك ئەنوەر عبداللە کە ئەو سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لێی هاتە وەڵام و گوتی (کاك ئازاد کاکە لەسەرخۆ مەتالیب ئاوا داوا ناکرێ)، بەڵام کاك ئازاد ئەوەشی پێ تەحەمول نەکرا و کۆبونەوەی بەجێهێشت، من هیچ کاتێك خاڵی نەرێنیم لەگەڵ ئەو برادەرە نەبووە و رێزی

یەکتریمان گرتووە، بەڵام لەدوای ماوەیەك کاك ئازاد بە جۆرێکی دیکە گۆڕا و هیچ شتێکی رووبەڕوومان لە نێواندا نەبووە تەنها بۆ جارێك نەبێت کە پەیوەندی بە دیمانەیەکی رۆژنامەوانی من هەیە لە رۆژنامەی کوردستان نویٚ، TV گەلی کوردستان دەربارەی هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی (مجلس الحكم) کە لە دواییدا لە شوێنی خۆی دێمە سەری، بەڵام من و سەدان کادیری بەئەزمون چ لە بادینان چ لە سۆران لەسەر هەڵسەنگاندنی رۆڵی کاك ئازاد بەرواری بەنەرێنی لەناو سەرکردایەتی پارتی هەڵدەسەنگێنین کە هەریەکە بەش و چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵی.

بەنسبەت منەوە ئەوەی بەندە لێی بەگومانە (خزمایەتی بەندە و خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیق بوو)، چونکە ئەوەی دەمزانی کاك ئازاد دانی خێری بە کاك جەوهەر نەدەهێنا، جارێکیان پاش توڕەبونەکەی کاك جەوهەر لە پارتی (کە ئەویش لە شوێنی خۆی لە لاپەڕەکانی دواییدا بەدرێژی باسی لێوە دەکەم) کە بووە هۆکاری دابڕانی کاك جەوهەر لە پارتی بەڕێککەوت بۆ ئیش و کاری لقی (٥) کە لە پاش روخانی رژێم لەگەڵ کاك عارف تەیفور تەکلیف کرابووین بۆ گرتنە ئەستۆی ئەم ئەرکە لە یەکێ لە سەردانمان بۆ مەکتەبی سیاسی کە چەند مانگێك بەسەر توڕەبونەکەی کاك جەوهەر تێپەڕیبوو بەڕێککەوت تووشی کاك ئازاد بەرواری بووم لە بارەگای (م. س) و لێم هاتە پێشەوە و بێ پێشەکی رووی تێکردم و گوتی (جەوهەر بۆ نایەت لە شوێنی خۆی دەوام بکات، توڕەبونی ئەو نەبڕایەوە؟) منیش لە وەڵامدا گوتم (ئێوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەگەر حەز بکەن ئەم کێشەیە کۆتایی پێ دێت، ئینجا ئەویش کەمێ بە گرژییەوە وەڵامی دامەوە گوتی (عیلاقەی مەکتەبی سیاسی بەم توڕەبونەی ئەو چیە؟) پێی بڵێ با بێتەوە دەوام بکات، ئەرێ پەشیمان نیە؟)، منیش زۆر لەسەرخۆ و بەسەربادانێکەوە کە ماناکەی دیارە گوتم (بەڵێ چۆن پەشیمان نیە!)، ئەمجا لای خۆم مەسەلەکەم بەو شێوەیە لێکدایەوە (دەبێت چارەنووسی ئەو حزبە چی بێت کە بەم شێوەیە کێشەکان چارەسەر بکرێن بەتایبەتیش لە جومگەیەکی هەستیاری وەکو سکرتێری

مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە هەڤاڵی یەك سەرکردایەتی و یەك حزب و یەك ڕێباز بن)، ئەمجا بۆیە بۆم روون بووەوە کە بەندەش باجی خزمایەتیەکەی کاك جەوهەرم داوە و دەدەم لەکاتێکدا رۆژێك لە رۆژان بەقەد تۆزقاڵێك جیاوازیم لەنێوانی ئەو برادەرانەم نەکردبێ بەپێچەوانەوە زۆرجار بەمانگ پەیوەندیم بە کاك جەوهەر پچڕاوە و قاوەی یەکتریمان نەخواردۆتەوە، تەنانەت لەگۆڕین و لابردنەکەشم لە برایەتی و دەزگا رۆژنامەنووسیەکەی برایەتی خەبات-یشدا کاك جەوهەر هیچ جۆرە هەڵوێستێکی نەبوو لەکاتێکدا ئەو سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو دەیتوانی تەنها پرسیارێك لە خاوەن بڕیار بکات کە ئەویش بەڕێز سەرۆکی پارتییە و بڵێ (ئەرێ خێرە دەکرێ بزانین ئەو گۆڕانکارییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە)، تەنانەت لەو سەروبەندەدا نێوانی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیق و بەندە سارد بوو لەسەر ئەو بابەتانەی کە پێشوتر ئیشارەتم پێداوە.

وەکو گوتم کە پاشان بۆم بەدیارکەوت کاك ئازاد رۆڵێکی ئەرێنی (ایجابی) نەبوو بەرامبەر برایەتی، چونکە برایەتی خاوەن ئیمتیازەکەی جەوهەر نامیق و سەرنوسەرەکەشی فەرهاد عەونی بوو، چونکە ئەم مەسەلەیە پێشینەی دیکەشی هەبوو کە لە پێشەوە نیشانم داوە کە چۆن ئەوە سێ برادەری کە لە حاشیەی برادەرانی مەکتەبی سیاسی بوون بەڕێنمایی کاك ئازاد بەرواری رۆژانە هەڵەی چاپ و زمانەوانییەکانی برایەتیان دەخستە سەر کاغەز و پێشکەش ئەو برادەریان دەکرد و ئیمزای ئەو نوسراوانەش دیارن کە بەناوی مەکتەبی سیاسییەوە ئاراستەم دەکرا لەسەر ئەو هەڵەی چاپ و زمانەوانیانە.

بەهەرحاڵ من زەرەرم نەکرد وەکو هاوڕێ و برای ئازیزم رۆژنامەنووس عبداللە زەنگەنە دەیگوت (برا تو دەزگایەکی رۆژنامەنووسیت دروست کرد و چویە ناو مێژووەو، ئێستاکە خەریکی دەزگای دووەمیشت دروست کرد (مەبەستی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە)، دەچینە مەحفەلی نێودەوڵەتییەوە، بۆ هێندە بیری برایەتی دەکەیت، برایەتی تەواو ئێستا سەندیکا لەخوانە، لێی بێتاقەت مەبە). منیش لە وەڵامدا دەمگوت (کاك عبداللە

ئەگەر مرۆڤ غەدری زەمانەش قبولْ بكات، بەڵام هەرگیز لەبیری ناچێت، من لابردنم غەدر بوو چونكە هیچ بنەمایەكی كارگێڕی و رۆژنامەنووسی، سیاسی نەبوو بۆ لابردنم تەنها میزاجی یەك دوو برادەری ئەندامی مەكتەی سیاسی بوو كە لەلای سەرۆك ئەو بڕیارەیان دروست كرد، بۆیە لە بیرم ناچێتەوە)، بەڵام لە هەمان كاتیشدا نازانم چ لەژێر (عەبایەكەش) هەبووە مەگەر (خودا و العالمون بالأمور) بزانن چییە!

جارێكی دیكە دیمەوە سەر دواقۆناغی مانەوەم وەكو سەرنووسەر و لێپرسراوی دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات، كۆبونەوەكان دەمێك دەستی پێكردبوو كە خودی سەرۆك مەسعود بارزانی سەرپەرشتی دەكرد لەلاپەڕەكانی پێشوتر ئیشارەتم پیْ كردووە كە لیژنەیەك پێكهێندرا بەمەبەستی ئامادەكردنی وەرەقەیەك بۆ ئەم مەبەستە، ئێمەشە لەسەرەتادا دوو كۆبونەوەمان ئەنجام دا لە هۆڵی میقداد بەدرخان لە برایەتی هەریەكەو بۆچونی تایبەتی خۆی هەبوو، پاش گەڕانەوەم لەسەفەری سوریا كۆبونەوەكان چڕتر بوونەوە، رۆژی ٢٠٠٠/١/١٨ جارێكی دیكە كۆبونەوەیەكی فراوانی مەكتەبی راگەیاندن و هەندیْ لە لێپرسراوانی دەزگاكانی راگەیاندنی ئامادەبوون، ئەوەی لەم كۆبونەوەیە بەدیم كرد قسەكردن بوو لەسەر هەندیْ بابەتی دیكە كە پەیوەندی بەخودی وەرەقەكە نەبوو كە ئامادەكرابوو، بۆیە جارێكی دیكە بڕیاری كۆبونەوەیەكی دیكە درا لە رۆژی چوارشەممە لە ٢٠٠٠/١/٢٦، لێرەدا ناكریْ مەلعەنەتی یەك دوو برادەری دیكەی ناو دەزگاكانی راگەیاندنی پارتی ئەوكاتە فەرامۆش بكەم كە چۆن گەمەیەكیان لەو شانۆگەریدا دروست كردبوو لە ژێر پەردەی پێداچوونەوە بە سیستەمی دەزگاكانی راگەیاندن كە مەبەستی سەركێشی لەم گەمەیەدا مەركەزێكی باڵاتر بەدەست بهێنن ئەوجا هەتا لەسەر حیسابی تێكچوونی دەزگا و لاوازكردنی برایەتیش بێت. (لێرەدا زۆر بە زەحمەتی دەزانم ناو بهێنم بەڵام تاكو ئەمرۆش رەشنوسی دەست خەتەكانی ئە وبەڕێزانەم لایە كە گوزارشت لە بۆچونەكانیان دەكات، نایشارمەوە كە تاكو دواكۆبونەوە كە لە ٢٠٠٠/١/٢٦ ئەنجام درا هیچ جدییەكم لە باسكردنی

مەسەلەکە نەدیت، زیاتر قسەکان عمومی بوون و بابەتی دیکەی تێهەڵکێش دەکرا، پاشان بۆم بەدیارکەوت کە مەسەلەکان لای سەرۆك (حسم) کراوە و گەیاندیتیانە بڕیاری یەکلاکەرەوە، بەڵام دیسان کۆبونەوەکان بەردەوام بوون کاتی خۆشی بە پشتبەستن بە دەفتەری ڕۆژانی بیرەوەرییەکان دەبەستم کە وەکو خۆی تۆمارم کردووە و پاشان لە دوو کتێبی (ئەزمونی ڕۆژنامەوانیم) بڵاو کردۆتەوە و لێرەدا بەپێویستی دەزانم چونکە من بیرەوەرییەکان دەنوسم و ئەو قۆناغەش وەکو خۆی بڵاو بکەمەوە، چونکە لەوانەیە هەندێ لە خوێندەواران کە بیرەوەرییەکانم بخوێننەوە کە پێشوتر ئاگاداری کتێبی (ئەزمونی ڕۆژنامەوانیم) نەبن:

چوارشەممە، ٢٠٠٠/٢/٢، ئەمڕۆ کاتژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ سەرۆك مەسعود بارزانی سەرپەرشتی کۆبونەوەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن و لێپرسراوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کرد دەربارەی (اعادة هیکلة الاعلام)، کە تێید تەئکید لەسەر (ورقة العمل)ی دانیشتنی هەفتەی پێشوو کراوە، سەرۆك پێی ڕاگەیاندین کەوا کاك فەلەکەدین کاکەیی لەمەولا دەبێتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن، بەڵام نەزاندرا کاك عەبدولسەلام بۆ چ لایەك دەچێت و سەرۆك پێی ڕاگەیاندین کەوا گۆڕانکارییەکان لە هەفتەی ئاییندە پێمان ڕادەگەیەنێ، لە کاتی دانیشتنەکەدا یانی لە سەعات (٣,٥)ەوە بەفر دەستی بە بارین کرد و سەعات (٥)ی ئێوارە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و ئێمەش گەڕاینەوە کە تاکو خوارەوەی لۆفەکانی سەڵاحەدین بەفر گرتبووی.

شەممە، ٢٠٠٠/٢/١٢، سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی سەرۆك سەرپەرشتی کۆبونەوەی ڕاگەیاندنی کرد، سەرەتا هەندێ بابەتی سیاسی قسەوباسی لێوەکرا، پاشان پێی ڕاگەیاندین کە (فەرهاد عەونی، کاروان ئاکرەیی، ئەحمەد بریفکانی) بۆ ئەو هەیئەتەی کە کاك فەلەکەدین کاکەیی لێپرسراویەتی تێیدا دەکات دەگوێزرێنەوە ئەو شوێنە.. کاك کاروان بۆ لێپرسراویەتی ڕاگەیاندن و کاك ئەحمەد بریفکانی بۆ لێپرسراویەتی لایەنی تەکنیکی دەزگای ڕاگەیاندن و

بەندەش (فەرهاد عەونی) بۆ لێپرسراویەتی کارگێڕی (ئیدارە و مالیە) لەو هەیئەتە بەرزەی راگەیاندن.

ئەوەی راستی بێت لەسەرەتادا راگەیاندنی ئەم ئاڵوگۆڕییە بۆ من وکو (صدمە) وابوو و ماوەی چەند چرکەیەکیش بێدەنگ بووم، چونکە لەڕاستیدا بۆم (ئیستیعاب) نەدەکرا، بۆیە کاتێك کە سەرۆك بارزانی گوتی: (کێ قسەی هەیە و کێ ناڕازیە؟)، یەکسەر من دەستم هەڵبڕی و کەوتمە قسە وەکو چۆن لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا تۆمارم کردووە و گوتم: (من تاوەکو ئەمڕۆ و ئەم ساتە خۆم بە سەرنووسەرێکی سەرکەوتوو و ئیدارەیەکی پێشکەوتوو دەزانم لە هەموو بارێکەوە، ناکرێ بزانم هۆکاری ئەم گۆڕینەی من چیە؟!).

سەرۆك بارزانی لە وەڵامی پرسیارەکەی من گوتی: (ئێمە مانگی چەند ملیۆن دینار "دیناری ئەوکاتە یانی چاپی سویسری" لە راگەیاندن سەرف دەکەین نازانم چۆن سەرف دەکرێت و نەبووەتە سەبەبی پێشکەوتنی ئیعلام، تۆشم ئیختیار کردووە بۆ ئەوەی تۆ کۆنترۆڵی بکەی و ببیتە سەبەبی پێشکەوتنی).

منیش لە وەڵامدا گوتم (جەنابی سەرۆك من راستە لێپرسراوی دەزگای برایەتی و خەباتم، بەڵام ئێمە لە دەزگا ژمێریار و بەڕێوەبەری کارگێڕیمان هەیە، من راستە دەرچووی کۆلێژی (اقتصاد)م بەڵام بۆ یەك رۆژ ئیشی موحاسبیم نەکردووە، پێم باشە دوو موحاسیبی زیرەك و رێکوپێك لەو شوێنە دابنێی تاکو بتواندرێ کۆنترۆڵ بکرێت).

کاتێ من لە قسەکانم بوومەوە کە ناڕەزاییم پێوە دیاربوو، کاك سەرۆ قادر لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو لەسەرخۆ پێی گوتم (کاکە گیان بڕیارەکە دراوە پێویست بەو جۆرە موناقەشە ناکات!)، منیش لە وەڵامدا بە کاك سەرۆم گوت: (بۆ مێژوو دەیکەم بۆ ئەوەی سبەینێ خەڵکانێك نان و پیازی پێوە نەخۆن و تەفسیراتی جیاجیای بۆ نەکەن).

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە من یەکسەر بەرەو بارەگای مەکتەبی سیاسی چووم و تووشی کاك جەوهەر هاتم کە تا ئەو ساتەش هەر لێم توڕە

بوو، پێم ڕاگەیاند کە ئەو ئاڵوگۆڕییانە لەلایەن (کاك مەسعود)ەوە کراوە هیوادارم بە زووترین کات مەکتەبی سیاسی لیژنەیەك پێکبهێنێت بۆ ئەوەی دەور و تەسلیم بکەم و بە زووترین کات شوێنەکە تەسلیم بەو کەسە بکەم کە دێتە جێگای من.

کاتێ گەڕامەوە هەولێر یەکسەر چوومە بارەگای ڕۆژنامە و کۆبوونەوەیەکی خێرام لەگەڵ دەستەی نووسەران و لێپرسراوانی لاپەڕەکان کرد و گۆڕانکارییەکانم بۆ باس کردن و داوام لە کاك یوسف مەولود قەساب بەڕێوەبەری کارگێڕی دەزگا کرد، کە هەر لەم ساتەوە خەریکی ڕێکخستنی ئەوراقی دەوروتەسلیم بێت، تاکو ئێمە پێش هەموو دەزگاکانی دیکە ئاڵوگۆڕییەکان ئەنجام بدەین، پێش بەکۆتاهاتنی کۆبوونەوەکە، بە چەند ساتێك شەهید فرەنسۆ هەریری سەری بە ژوورەکەی مندا کرد و گوتی: "خێرە" (ئەرێ ئەو کوبونەوانەی ئێوە کەی تەواو دەبێت؟) منیش لە شوێنی خۆم هەڵسام و کۆبونەوەکەم کۆتایی پێهێنا و فەرمووم لێکرد و ئەویش پێش ئەوەی دانیشێت رووی تێ کردم و گوتی (دەموچاوت باش ناخوێنمەوە خێرە!؟) منیش لەسەرخۆ جگەرەیەکی ڕۆسمەنم لە پاکەتەکە دەرهێنا و دام گیرساند و مژێکم لێدا و گوتم (ئەمڕۆ سەرۆك گۆڕانکارییەکانی پێ ڕاگەیاندین کە بەم شێوەیە بوو، بەڕاستی من بەدڵم نییە، بەڵام دیسان من لەگەڵ گەڕانەوەم داوام لە مەکتەبی سیاسی کرد، بۆ پێکهێنانی لیژنەی دەور و تەسلیم و بە گەیشتنم بۆ هەولێریش دەستەی نووسەران و لێپرسراوانی لاپەڕەکان و بەڕێوەبەری کارگێڕیم کۆکردنەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بن لە زاری منەوە بیزانن باشترە نەك بە سەد جۆری دیکە رابگەیەندرێ و تەفسیراتی جۆراوجۆری بۆ بکرێت)، شەهید فرەنسۆش لە پێشەوە سەرێکی بۆ بادا و تەنیا یەك رستەی لە دەم هاتە دەر و گوتی: (عەجەلەت کرد، انشاءالله ئاخیری خێر دەبێت، بەهەرحاڵ (مەسئولیەت) تا سەر بۆ کەس نییە، بەڵام جارێ بۆ تۆ زووبوو)، ئەو ئێوارەیە شەهید فرەنسۆ چایەکەی کە هەموو ئێواران داوای دەکرد و تەئکیدی

لەسەر خاوێنی (ئیستیکان)ەکە دەکرد و بێ ئەوەی بیخواتەوە ژوورەکەی بەجێهێشت.

یەك شەممە، ٢٠٠٠/٢/١٣، رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگا بە کوڕ و کچەوە پەیتا پەیتا روویان لە ژوورەکەم دەکرد و پێیانەوە دیاربوو کە بە تەواوی نیگەرانن، هەندێکیان قسەیان بۆ نەدەکرا و هەندێکیشیان فرمێسك لە چاویان قەتیس مابوو، سەرلەبیانی ئەو رۆژە رۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان سەعات (٨,٥) هاتە ماڵەوە و سۆز و نیگەرانی خۆی راشکاوانە دەربڕی.

دووشەممە، ٢٠٠٠/٢/١٤، رۆژێکی سارد و هەورێکی زۆر بە ئاسمانەوەیە، بەڵام باران ئەمڕۆ نەباریوە، بەشێوەیەکی ئاسایی ئیشوکارەکان بەڕێوە دەبەم، بەڵام لە ناخمدا بێزاربووم لەو گۆڕانکارییەی کە کراوە، چاوەڕوانی لیژنەی دەور و تەسلیمم.

شەممە، ٢٠٠٠/٢/١٩، بەیانی سەعات (٧) لە خەو هەستام بۆ دە دەقیقە گوێم لە رادیۆی لەندەن گرت، سەعات (٩) بە (قاتە جلێکی تازەوە چوومە بارەگای رۆژنامە)، سەعات (١٠) لیژنەی سەرپەرشتی دەرو و تەسلیم هاتن کە بە سەرۆکایەتی کاك (رەمزی شەعبان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی مەکتەبی دارایی) بوو کە زۆر بەڕێزەوە تەماشای کۆنووس و مەوجوداتی قاسە و سجلاتی کەلوپەلی کرد و لە کۆتاییدا گوتی "دەستتان خۆش، خۆزیا هەموو دەزگا و بارەگاکانی ئێمە وا رێکوپێك بان، بەڕاستی موستەحەقی سوپاسن، هیوادارم لە جێگا تازەکەشت مۆفەق بیت)، سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ لە باخچەی پێشەوەی بارەگا کە بە شێوەیەکی جوان کاك (یوسف مەولود قەساب) شوێنی کۆبونەوەی لەگەڵ رۆژنامەنووسان و کارمەندان لەگەڵ بەندە رێکخستبوو کە لەسەرەتادا رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم بە (تەئەسورەوە) باسی گۆڕانکارییەکانی کرد، پاشان رۆژنامەنووس زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەری برایەتی ئەویش قسەی خۆی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین.

پاشان منیش بە کورتی باسی ئەم چەند ساڵەی خۆمم لە (برایەتی) و لە دەزگا کرد و هیوام خواست کە لێپرسراوی تازەی دەزگا و سەرنووسەری تازەی (برایەتی) و سەرنووسەری تازەی (خەبات) بەهەمان شێوە ئێمە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگا بکەن و گیانی یەك تیمی و پەیوەندی شێوازی یەك خێزای رابگرن.

ئەمڕۆ رۆژێکی خۆش و ناخۆش بوو لە ژیانمدا خۆشیەکەی لەوەدایە کە سەربەرزانە و سەرکەوتوانە لە لوتکەدا شوێنێکی دیکەشم بەجێهێشت، ناخۆشیش بوو، چونکە شوێنێکی یەکجار ئازیزم بەجێهێشت کە لە هەموو ناخمەوە حەزم لێ دەکرد و بەکاری سەرەکی خۆمم دەزانی کە بەدیلی نییە سەرەڕای بەجیهێشتنی ئازیزانی زێدە ئازیز لە رۆژنامەنووس و کارمەندان و خزمەتگوزار و پاسەوانانی بارەگا، بەڵام ئەمڕۆ ئەوەی کە دڵی خۆمم پێ دەدایەوە ئەو هەموو سۆزە پاك و راستگۆییە و خۆشەویستی (خەڵکی شارەکەی دەزگای برایەتی و خەبات بوو).

هەر بەم بۆنەیەوە دوانووسینیشم لە (برایەتی) ئەو بابەتە ماڵ ئاواییە بوو کە لە ژمارە (٣٠٣٣)ی برایەتی رێککەوتی ٢٠٠٠/٢/٢٠ کە لە لاپەڕە ١٢ بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی (برایەتی خۆشەویست بەخێر بمێنیّ)، بەڵام بڵاوکردنەوەی وێنەی من لەگەڵ بابەتەکە بە ئارەزوو و بڕیاری من نەبوو، بەڵکو بە ئارەزوو و بڕیاری رۆژنامەنووس (حەیدەر عەبدولڕەحمان) بوو کە ئەوکاتە لێپرسراوی لاپەڕە (١٢) بوو ئەو وێنەیەی منی لەگەڵ بابەتەکە بڵاوکردەوە. کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**برایەتی خۆشەویست بەخێر بمێنیّ**

شکسپیری مەزن لە یەکێ لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی و لەسەر زاری یەکێ لە پاڵەوانەکانی شانۆگەرییەکە کاتێ ئەم مرۆڤە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا زەمانە لێکیان جودا دەکاتەوە بەنابەدڵییەوە ئەو رستەیەی لە مێشکی دووبارە دەبێتەوە (الفراق حزن عذب)، واتە: لێکدابڕان خەمێکی خۆشە.

راستە لێکدابڕان ئەوجا هەر لێکدابڕانێك بێت جۆرە خەمێك بۆ مرۆڤ دروست دەکات، کە ئەویش پەیوەندی راستەوخۆی بەهەست و نەست و بیر و سۆزی ئەم مرۆڤەوە هەیە، بەتایبەتیش کاتێ ئەگەر ئەم مرۆڤە رۆژانێکی زۆری بە خۆشی و ناخۆشییەوە لەگەڵ ئەو شوێنەدا بەسەربردبێ و بەدەست و پەنجە و مێشك و جەستە دروستی کردبێ بووبێتە بەشێك لە مێژووی.

پێشەکی ئەم چەند دێڕە نووسینەم لە کاتێکدایە کە پاش (٦) ساڵ و (٣) مانگ و (٢٣) رۆژ ئەم دەزگایە بەجێ دەهێڵم چ وەکو سەرنووسەری یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی کە ئەویش "برایەتی" زێدە خۆشەویستە یان وەکو بەرپرسی کارگێڕی و دارایی دەزگای رۆژنامەنووسی "برایەتی و خەبات" کە تێیبدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەخزمەتیاندا بووم، شەونخونیم بۆ کردوون لەگەڵ تێکڕای کارمەندە خۆشەویست و سەربەرزەکانی، کە بە هەمووومان خێزانێکمان دروست کردبوو، دەتوانم بڵێم کەم جێگا هەیە ئەو جۆرە پەیوەندییە گیانیەی تێدا دروست بووبێت، کە بۆتە مایەی رازی بوون و ئارامی گیانم بەرانبەر یەزدانی گەورە و گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دیسان بەرانبەر ویژدانی خۆم کە دەبینم ئەمڕۆ ئەم دەزگایە لە چ ئاستێکی بەرز و پێشکەوتندایە کە تێیدا رۆژنامەی برایەتی رۆژانەی لێ دەردەچێت، سەرەڕای هەفتەنامەی تێکۆشەری "خەبات" و جێگای شانازیشە کە دەبینین ئەمڕۆ بڵاوکراوەکانی ئەم دەزگایە بە تەواوی دەچێتە ناو تۆڕی (ئەنتەرنێت)ەوە، لە چەندین پایتەختی وڵاتانی ئەوروپا پەیامنێری بەتوانا و کارامەی هەیە و چەندین کادری رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی پێگەیاندووە، کە ئێستا لە دەزگا جیاجیاکانی راگەیاندن ئەرك و کار بەڕێوە دەبەن لە کانگای دڵمەوە لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە، کە ئەم دەزگا سەربەرزە بپارێزێ لە هەموو جۆرە بەلا و پیلانێك.

هیوادارم برایانی رۆژنامەنووس و کارمەندانی زێدە خۆشەویستم هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێشەوە بچن و لێپرسراو و سەرنووسەری تازەش کاروانی شەهید ساڵح یوسفی و مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا و شەهید دارا تۆفیق و

مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم درێژەی پێ بدەن، کە هەر چواریان هەریەکە لە قۆناغێکی تایبەتدا لە رۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی برایەتی لە (١٩٦٧/٥/٦)وە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ قوتابیانی هەمان قوتابخانەی ئەو ڕێبازەین کە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی دەکات و بارزانی نەمر بەردی بناغە پۆلاییینەکەی بۆ داناوە.

جارێکی دیکەش لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشەویستیم بۆ خوشك و برایانیی کارمەندی ئەم دەزگایە.

برایەتی خۆشەویستیش بەخێر بمێنێ.

شەممە، ٢٠٠٠/٢/٢٦، رۆژێکی سارد بوو بەپێی بڕیار دەبوایە ئەمڕۆ لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی راگەیاندن (هیئە الاعلام المرکزی) کە تازە درووستکرابوو ئامادەبم کە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن رێکخرابوو بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی پێشوو، دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەزگاکانی راگەیاندن کرابوو بەڵام من ئامادەی کۆبونەوەك نەبووم و بڕیارمدا کەوا راگەیاندن بەجێ بهێڵم و جارێکی دی بۆی نەگەڕێمەوە، چونکە هەست دەکەم کە غەدرێکی گەورە لە برایەتی و لە من کراوە وم رەچاوی بنەمای کاری رۆژنامەنووسی نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی من ئەمڕۆ نەقیبی رۆژنامەنوسانی کوردستانم کە بە تێکڕای دەنگ هەڵبژێردراوم لە کۆنگرەیەکی گشتی و چەند مانگێکی ماوە بەسەر تەواوبوونی خولی یەکەم و خاڵی بەهێزیشم وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسان جێگە و پێگەی سەرنووسەرایەتیم بوو لە یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا سەرەڕای مێژوو و کەسایەتی خۆم، بۆیە تۆ کاتێ ئەرکی سەرنووسەری لە رۆژنامەنووسێك وەردەگرییەوە کە لە هەمان کاتدا نەقیبی رۆژنامەنووسانە دەبێت هەڵوێستەیەك بکەیت، بۆیە دەبوایە بڕیاربەدەستانی ناو سەرکردایەتی پارتی ئەو مەسەلەیان بەهەند هەڵبگرتایەوە و ئەو بڕیارە بەپەلەیە نەدەن، بەتایبەتیش دەربارەی من و کاری سەرنووسەرایەتیم لە برایەتی، چونکە تۆ

کاتیَ رۆژنامەنووسێك لە مەرکەزێکی رۆژنامەنووسی بەبیَ هۆ لادەبەی دەبیَ بیر لەوە بکرێتەوە ئایا ئەو بڕیارە چەندی زەرەر و چەندی قازانجە و تا چ رادەیەك خزمەتی رەوشەکە دەکات و کاریگەریی لەسەر مەرکەزەکەی دیکەی (نەقیبی رۆژنامەنووسان) چی دەبێت؟ بەڵام بەداخەوە من ئەوکاتە و ئەمڕۆکەش لەو باوەڕەدام ئەوانەی (مەبەست لەو هەڤاڵانەیە کە کاریگەرییان لەسەر دروست کردنی ئەو بڕیارە نامۆیە هەبوو) هەرگیزا و هەرگیز بیریان لەو لایەنە نەکردۆتەوە، بەپێچەوانەی مەنتیق و بەرژەوەندی هەتا ئەو لایەنەی کە منی تێدا ئەندامم). کاریان بۆ کردبوو.

یەك شەممە ٢٠٠٠/٢/٢٧، سەعات (٣) پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ رۆژنامەنووس (سەرۆ قادر) لە بارەگای سەندیکا سەردانی کردم، هاوسۆزی خۆی بۆ من دەربڕی، بەڵام موقاتەعەکردنەکەمی بۆ کۆبوونەوەی دوێنیَ لا راست و دروست نەبوو، گوتیشی (حەزم دەکرد بیروڕای خۆت لە کۆبونەوەی مەکتەب باس بکردایە).

ئێوارەی ئەمڕۆ رۆژنامەنووس (فەیسەڵ دەباغ) کە ئەوکاتە پۆستی (سکرتێری رۆژنامەنووسی سەرۆك بارزانی) وەرگرتبوو لە ماڵەوە سەردانی کردم دیاربوو راسپاردەیەکی (سەرۆك مەسعود بارزانی) پیَ بوو، تەنانەت زانیبوشی کە لە کۆبونەوەی مەکتەبی راگەیاندن بەشداریم نەکردووە، کاك فەیسەڵ لە زاری سەرۆکەوە پێی راگەیاندم (کە هەر ئیشێکی هەم بیَ بۆمی جێبەجیَ دەکا)، منیش لە وەڵامدا گوتم (ساغ و سەلامەتی و سەرکەوتنی ئەوم دەویَ تاکە داخوازیم دیتنی بەرێزیانە بەتەنیا).

سیَ شەممە، ٢٠٠٠/٢/٢٩، سەعات (٨,٥)ی بەیانی هاوکات لەگەڵ کاك فەیسەڵ هەریەکەو بە ئۆتۆمبێلی خۆمان بەرەو سەری رەش چووین، رۆژێکی خۆش بوو سەرما و بەستەڵەکیش نەمابوو.

بە گەیشتنم بۆ بارەگای (سەرۆك) سەعات (٩,١٥) دەقیقە کاك کەریم جومعە یەکسەر منی بردە مەکتەبی سەرۆك، کە چوومە ژوورەوە سەرۆك لەسەر مێزی

خۆی خەریکی خوێندنەوەی هەندێ ئەوراقی بەردەستی بوو، بە گەرمی جوابی بەیانی باشی منی دایەوە و پاش چەند دەقیقەیەك لە شوێنی خۆی هەڵسا و هاتە بەرامبەرم و لە ئەحواڵی پرسیم. پاشان بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "ئەو رۆژە هەستم کرد ناڕازی لە بڕیارەکان، حەز دەکەم بزانم ئەسبابی ئەو ناڕازیبونەت چییە"؟

منیش لە دوێنێ شەوەوە خۆم بۆ ئەو دیدەنە ئامادەکردبوو، سەیری هەندێ ئەوراق و نووسراوی مەکتەبی سیاسی وەڵامەکانی خۆم و پاشان خاڵ بە خاڵ لەسەرەتای چوونم بۆ ناو ریزەکانی پارتی لە ساڵی ١٩٦٣ەوە تاکو ئەمڕۆ ٢٠٠٠/٢/٢٩ کە ماوەی سی و حەفت ساڵ ئەوجا ماوەی کارکردنم لە برایەتی و بەرپرسیاریەتی نزیك حەفت ساڵەی دەزگای برایەتی و خەبات ئەوجا بەدرێژی ئەو پێشکەوتنەی کە برایەتی و دەزگا بەخۆیەوە بینیوە، سەرەڕای ئەو لەمپەر و ئاستەنگانەی کە هاتۆتە پێشێ کە لەلایەن خودی هەندێ لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی بۆم دروست کراوە کە بەڕێزیان ئاگای لە هەندێکی هەبوو، کە خۆم لە دیدەنییەکانی پێشووتر بووم باس کردبوو بۆم گێڕایەوە. ماوەی قسەکردنم بە بەردەوامی لە نیو سەعات تێپەڕی کرد و هەستم بەخۆم کرد کە زۆر رۆیشتووم و ئامانجی کۆبوونەوەکەم پێکاوە، کە تەماشای سەعاتم کرد دیتم سەعات (١٠) کەم پێنج دەقیقەیە و لەسەرخۆ بە سەرۆکم راگەیاند کە قسەکانی من تەواوبوو.

سەرۆك بارزانی ماوەی چەند دەقیقەیەك واپێ دەچوو بیر لە قسەکانی من بکاتەوە وە ئەوەی من لە سیمای بەڕێزیانم خوێندەوە "جۆرێ لە هاوسۆزی بوو لەگەڵ مندا".

لەسەرەتای قسەکانی زۆر مەوزوعیانە هۆکاری ئاڵوگۆڕی لە ناو دام و دەزگاکانی پارتی شی کردۆتەوە، لە پێشەوەشیان لە دەزگاکانی راگەیاندن، گوتیشی "من زۆرم مەبەست بوو کە شوێنی باشترت بدەمێ و وەکو تەرفیعێك دەمزانی کە جێگایەکەت زۆر ماندووی کردووی، لەو جێگا تازەش ماندوو دەبیت، بەڵام ماندوبوونی فکر نییە، کە دەڵێم تەرفیع یانی ئەو هەیئەتەیە کە

بەرزترین هەیئەتی ئیعلامە و من ئەگەر بمزانیبایە کە تۆ حەز لەو جێگا تازەیە ناکەی ئەوا دە ساڵی دیکەش لەبرایەتی دەم هێڵایەوە".

کاتێ سەرۆك بارزانی گوتی: "من زۆرم مەبەست بوو کە شوێنی باشترت بدەمێ وەکو تەرفیعێك..." لێرەدا وەکو بروسکەئاسا رووداوێکم بیرکەوتەوە کە ناوەڕۆکەکەی لەم قسەیەی (بارزانی نەمر) دەچوو، بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەو کە ئەمیشیان بۆ مێژوو وەکو خۆی دەگێڕمەوە:

پاش رێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەتایبەتی ئەو ئێوارەیەی کە گۆڕانکاری لە وەزارەتدا (التعدیل الوزاری) لە بەغدا راگەیاندرا کە تێیبدا پێنج وەزیری شۆڕشی کورد و پارتی لەم وەزارەتانەدا داندران کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبوان:

١- سامی عەبدولرحمان، بۆ وەزارەتی کاروباری سەروو (وزارە شؤون الشمال).

٢- نوری شاوەیس بۆ (ئیشغال و نیشتەجێ کردن).

٣- صالح یوسفی وەزیری دەوڵەت

٤- ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی.

٥- نافیز جەلال حەوێزی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ.

ئەو ئێوارەیەی کە گۆڕانکارییەکە لە وەزارەتدا راگەیاندرا، ئێمە هەرسێکمان (سیروان عەبدوڵڵا سەعید و جەلال خۆشناو و بەندە) بەرەو ئوتێلی بەغدا (فندق بغداد) دەچووین کە هەر لە رۆژی ١١ی ئادارەوە وەکو بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی لێهاتبوو، تاکو ماوەیەکی زۆریش ئەو سەرکردایەتیە لەوێ نیشتەجێ بوون و ئەرکەکانیان رادەپەڕاند، کاتێك ئێمە هەرسێکمان لە شەقامی (السعدون)وە بەرەو ئوتێلی بەغدا دەچووین لەناکاو ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لەلاماناوە وەستا و کاکە دارا تۆفیقی لێ دابەزی، من لە یەکەم ساتەوە کاك دارام بە تەبیعی نەهاتە پێش چاو.

پاش چاك و چۆنی هەر چوارمان بەرەو باخچەکەی پێشەوەی ئوتێلەکە دەچووین و لەو ساتەدا کاك دارا پرسیاری ئەوەی لێ کردین کە ئایا گوێمان لە

**تەعدیلە وەزارەیەکە بووە یان نا؟ ئێمەش بە بەڵێ وەڵاممان دایەوە، بەڵام واپێدەچوو ئەو مەبەستێکی دیکەی هەبوو، بۆیە کاتێ لێم پرسی خێربوو تۆی تێدا نەبووی؟ لە وەڵامدا کاك دارا بە زەردەخەنەیەکی خەماویەوە گوتی: لە سەرەتادا لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە من دەستنیشان کرابووم بۆ وەزیری کشتوکاڵ بەڵام پێش چەند رۆژێك لای (سەرۆك مستەفا بارزانی) بووم و پێی راگەیاندم کە لەبەر چەند هۆکارێك بڕیار دراوە کە کاك (نافیز جەلال) بە وەزیری کشتوکاڵ دابنرێ، بەڵام بارزانی هەر ئەوکاتە پێیگوتم (دارا دڵگیر مەبە وەعد بێت وابکەم شوێنێکی باشترت بدرێتێ).**

**شوێنە باشەکەی کە بارزانی نەمر) بۆ شەهید دارا تۆفیقی دەستنیشان کردبوو کە دەیزانی دارا شایانی ئەو جێگەیە پۆستی (سەرنووسەری رۆژنامەی التآخي وبرایەتی) بوو کە لای (بارزانی نەمر) زۆر لە پۆستی وەزارەت گەورەتر بوو، ئەوەبوو پاش چوونم بۆ التأخی وەکو بەڕێوەبەری کارگێڕی کە ئەوکاتە کاکە دارا تۆفیق سەرنووسەری بوو زۆر جار ئەم رووداوەی دەگێڕایەوە کە (بارزانی نەمر) چەند بە بایەخەوە باسی پۆستی سەرنووسەری التأخی دەکرد و ئەو شوێنەیشی بە رەوای کاکە دارا دەزانی. لە ئاکامیشدا دەرکەوت کە بۆچوون و هەڵبژاردنەکەی (بارزانی نەمر) چەند لە جێگای خۆی بوو، کە تێیبدا دارا تۆفیق توانی ئەم متمانە و تەشخیصەی (بارزانی نەمر) لە سەدا سەد حەقی خۆی پێبدات و تێیدا سەرکەوتنی یەکجار گەورە لەو پۆستەدا بەجێ بهێنێ و التأخی بکات بە دەنگی رەسەنی هەموو گەلانی عیراق و (برایەتی)ش بکاتە یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا بەو هەڵوێستە و بۆچوونەی کە بە هەموو قەناعەتی ویژدانی و سیاسی هەڵیبژاردبوو بریتی بوو لە هەڵبژاردنی رێبازی کوردایەتی پێشکەوتنخواز لە ئاکامدا بووە هۆکاری لەناوچوونێکی تراژیدیایی ئەو (دارا) کە تاکو نووسینی ئەم بابەتەش نهێنی لەناوچوونەکەی نادیارە و تاکە ئاسەوارێکی نەکەوتۆتە بەردەست)، لێرەدا دەردەکەوێ کە چۆن بارزانی نەمر لە کاری رۆژنامە و رۆژنامەنووسان گەیشتووە کە چ جۆرە رۆڵێکی گەورە دەبینێ و لای ئەو (یانی بارزانی نەمر)**

پۆستی سەرنووسەری رۆژنامەی (التاخی) زۆر لە وەزارەت گەورەتر بوو کە دەقی ئەم بۆچوونە پێچەوانەی گوێزانەوەی من بوو بۆ شوێنێکی دیکە کە وەکو (ترفیع) لێکدەدرایەوە.

تاکو سەعات (١٠,١٥) بە بەردەوامی خەریکی ئاڵوگۆڕی بیروڕا بووین لەگەڵ جەنابی کاك مەسعود کە لە دواوتەمدا گوتم (جەنابی سەرۆك لەگەڵ داوای لێبوردن هیوادارم بمبوری لەو ئەرکە تازەیە، چونکە لە روانگەی دەروونیشەوە ئامادەباشیم بۆ ئەو جێگایە نیە بەو تەشکیلەیەی کە بڕیارت لێ داوە ئەمەش هۆکارەکانیەتی)، (لێرەدا ئەو چەند رستە قسەیەی نێوان سەرۆك مەسعود بارزانی و بەندە باس دەکەم کە کاتی خۆی بڵاومنەکردۆتەوە کە بە دەق دەیگێڕمەوە، کاتێ گوتم ئامادەباشیم بۆ ئەو جێگەیە نییە بەو تەشکیلەی کە بڕیارت لێداوە..خودا وەکیلە سەرۆك مەسعود بارزانی بە دەق گوتی (فەرهاد بڕیارێکە و دراوە، ناتوانم جارێ لێی پەشیمان ببمەوە، بە شێوەیەکی موئەقەت ئەم کارە بکە کە بۆخۆت باشە پاش ماوەیەکی دیکە دەتگەڕێنمەوە چونکە تەسەورم نەدەکرد تۆ هێندە ئارەزووی مانەوەت لەم شوێنە هەیە.. من وامدەزانی تەرفیعم بێکردووی). لە راستیدا هەڵە بوو کە بۆچوونەکەی بەڕێزیم رەتکردەوە، بەڵام چونکە پێشووتر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ من باس نەکرابوو سەرەڕای قەناعەتم کە ئەم بڕیارە خودی بڕیاری سەرۆك مەسعود بارزانی نییە بۆیە گوتم جەنابی سەرۆك بمبوورە ناتوانم ئەم کارە بکەم، بەڵام خودا وەکیلە مانعم نییە وەکو پێشمەرگە بمنێریتە چیای گارا و هەر شەش مانگ جارێك بە ئیجازە بێمەوە ماڵ، بەڵام ئەم شوێنە تازەم پێ قبووڵ ناکرێ). ئەوجا سەرۆك هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "دەتەوێ ئیعلامیش بەجێبهێڵی؟" لە وەڵامدا گوتم (بەڵێ ئەگەر لێم قبولْ بکەی). سەرۆکیش بە ناڕەزاییەوە گوتی (باشە مادام ئارەزووی خۆتە)، پاشان لەگەڵ بەڕێزی ئامادەی دواکۆبوونەوەی راگەیاندن بووم کە هەر ئەوساتە ئەندامانی هەیئەتی ئیعلام و مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکان لە چاوەڕوانی ئێمەدابوون)، پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لەگەڵ رۆژنامەنووس (رێبوار یەڵدا) پێکەوە هاتینەوە

هەولێر، کاتێ کە قسەکانی نێوان سەرۆك و بەندەم بۆ دەگێڕایەوە کە دوابڕیارم ئەوەبوو لە راگەیاندن دوور بکەومەوە، یەکسەر هاتە قسە و گوتی (بەڕاستی پێم ناخۆشە قەرارێکی سەلیم نییە، حەق نەبوو ئەم جۆرە هەڵوێستەت هەبێت، چونکە تۆ تەنیا بۆ راگەیاندن و سیاسەت خەلق بووی، هیوادارم موراجەعەی خۆت بکەی و دوورکەوتنەوەت لە بەرژەوەندی راگەیاندنی پارتی نییە!)، منیش بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەوە گوتم (کاکە رێبوار مەسەلەکە تەواوبوو، من بڕیاری خۆم داوە و هەروەك مامۆستا "مەسعود محەمەد" دەڵێ: ""من ئەسیری قەناعەتی خۆمم).

سەعات نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ بوو کاتێ گەیشتمە ماڵەوە لە هەولێر، یەکەم ئەندامی خێزان (پەروین)ی هاوسەرم بوو کە هەر یەکسەر لێی پرسیم "دەموچاوت باش ناخوێنمەوە، خێر بوو؟ چیتان کرد؟" منیش لە وەڵامدا زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنییەوە پێم گوت "هەرچی بوو بوو، گرنگ ویژدانم ئاسودەیە، تۆ لە هەموو کەس باشتر دەزانی من کاتێ بڕیارێك دەدەم (ماانطق عن الهوی)، من چەند رۆژە دیراسەتی هەموو مەسەلەکەم کردووە، هاتوومەتە ئەو قەناعەتە (غەدرم لێکراوە)، تاکە کەسێکیش لە مەکتەبی سیاسی نەبووە داکۆکیم لێ بکات.

(پەروین)یش یەکسەر بەڕوومدا هات و گوتی: (دەبوایە لەبەر خاتری سەرۆك جێگا تازەکەت قبووڵ بکردایە، پاش ئەو تەمەن و ماندوبوونەت دەتەوێ لە ماڵەوە دابنیشی؟) لە وەڵامدا گوتم (خاتری سەرۆك لەسەر سەرم، من لە نێوانی قسەکانم بە سەرۆکم گوت: "ئێستا لەبەرخاتری تۆ ئیستعدادم هەیە ببمە پێشمەرگەیەك و بمنێری بۆ چیای "گارە" وەعدی شەرەفیش بێت هەر شەش مانگ جارێك بە ئیجازە بۆ دوو سێ رۆژ بێمەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو ئیشە تازەیەم پێ ناکرێ)، من بە قەناعەتەوە شەو و رۆژم لەسەر یەك دادەنا بۆ ئەوەی لە کاری رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو بم، بەڵام دەزانم چونکە هۆکارێکی مەنتیقی لە پشت گواستنەوەم لە برایەتی بۆ ئەو جێگا تازە نییە و مەسەلەیەکی دیکەی لە پشتەوەیە (کە تێیدا هەندێك تەئسیریان لە جەنابی

سەرۆك كردووە)، بۆیە گوناهە من پۆستێك وەربگرم كە لە بنەڕەتدا قەناعەتم پێی نیە.

بەهەرحاڵ خوێنەری بەڕێز ئەمە چیرۆكی ئەزموونی رۆژنامەنووسێكە كە بە دڵ و بەگیان لە خزمەتیدا بووە بێ ئەوەی بۆ ماوەی ساتێكیش كەمتەرخەمی لە ئیش و كاریدا كردبێت، رۆژنامەنووسانی (برایەتی و خەبات)، كارمەندان، تێكڕای خێزانی دەزگای (برایەتی و خەبات) لە ماوەی كاركردنم ئەو شایەدیەم بۆ دەدەن كە مامەڵەم چۆن بووە لەگەڵ هەر هەموویان هەر لە مام حەسەنی خزمەتگوزارەوە تاكو جێگری سەرنووسەر، لەوانەیە لای خوێنەران مایەی سەرسوڕمان بێت، ئەگەر بڵێم دوو بەش و نیو لە سێ بەشی ٢٤ سەعاتدا بۆ رۆژنامەم تەرخان كردبێت، كە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی رابردویەك كە هەر لە سەرەتای لاویمەوە تێكەڵاوی سیاسەت بووم، كە ئەگەر لێم ببورن كورتەیەكیشتان بۆ دەگێڕمەوە، چونكە لێرە زیاتر بە رەوای نازانم كە ئەو بیروڕایانەی لێ تۆمار بكەم كە هەموو تێكڕا بوو بە ئەزموونێك، كە سەدان رۆژی تاڵ و سوێر و ترس و لەرز و جورئەت و بەرەنگاربوونەوە و بەردەوام بوون لە رێبازی نیشتمانپەروەری و كوردایەتی و زەرەر و ماڵكاولی بەخۆیەوە بینیوە كە لێرەشدا تۆماری دەكەم بۆ ئەوە نییە خۆمی پێ هەڵكێشم، بەڵكو وەڵامێكی پڕ بەپێستی هەندێ لەو كەسانەیە كە دەیانەویست وای لێك بدەنەوە كە گوایە من پۆستی سەرنووسەری (برایەتی)م لەبەر خاتری ئەم یاخود ئەوم وەرگرتووە، كە ئەمیشیان لێكدانەوە و جۆرە بۆچوونی (كاڵفامانی) ناو دنیای سیاسەتی ئەو سەردەمەیە كە رەش و سپی و تێكۆشەر و دەست بەكڵاوی خۆگرتوو و ماندوو و پاڵدەرەوە و زەرەرمەند و سوودمەند و نیشتمانپەروەر و ماستاوچی لێك جیاناكاتەوە و بە شێوەیەك شێواندوویانە كە ماستاوچیان و راپۆرتنووسانی بێ ویژدان بوونەتە هەڵسەنگێنەر (تقیم)ی تێكۆشەر و پارتی رەسن و خۆڕاگر و ماندوونەناسانی دوێنێ و ئەمڕۆ.

رۆژی چوارشەممە رێككەوتی ٢٠٠٠/٣/١ كە ئێوارەی رۆژی پێشوتر بە بروسكەیەك داوام لە بەڕێز نێچیرڤان كردبوو كە وەعدێكم بۆ دابنێ بەمەبەستی

دیداریکی شەخسی، هەر هەمان ئێوارە ئاگادار کرامەوە کەوا پێش نیوەڕۆی ٣/١/ لە باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیران دەمبینیٚ.

لە کات و سات و شوێنی دیاریکراودا کاك نێچیرڤانم دیت و دیرابوو بەتەواوی ئاگاداری بابەتەکەی من بوو، بۆیە هاوسۆزی خۆی بۆ من دەربڕی و گوتی (پەلە لەو بڕیارە کراوە و حەق نەبوو لەم شوێنە لاتبەرن)، منیش لەسەرەتادا سوپاسی ئەو هاوسۆزیەم کرد و پێم ڕاگەیاند کە تەنها ئەو پاڵپشت و یارمەتیدەرمان بووە، بەڵام گلەیی و گازندە و ناڕەزاییەکانی خۆشم پیٚ ڕاگەیاند، چونکە دەمزانی وردەکاری بابەتەکە پێویستی بە زانینی ئەوەوە هەبوو. پاش کەمیٚ کاك نێچیرڤان بارزانی بابەتەکەی گۆڕی و هاتە سەر مەسەلەیەکی دیکە کە من ئەسڵەن بیرم لیٚ نەکردبووەوە و گوتی "فەرهاد تاکو ئێستاکە پاش بەجێهێشتنی فەڕەنسۆ هەریری لە پۆستی پارێزگار کەس دانەندراوە (مەبەستی پۆستی پارێزگاری هەولێر بوو) و بەرچاومان روون نییە سیٚ پاڵێوراویشمان هەیە بۆ ئەم پۆستە کە بریتین لە:

١- ئەکرەم مەنتك ٢- شێروان حەیدەری ٣- د. ئیدریس هادی.

هەرسێکیان کوڕی باشن، بەڵام من تۆ ئیختیار دەکەم بۆ ئەم شوێنە، چونکە دەزانم تۆ کەسێکی کابان و دڵسۆز و ئیدارییەکی چاکی، دەڵێی چی؟

لەڕاستیدا منیش بیٚ بیرکردنەوە گوتم (سوپاس بۆ جەنابت کە ئیختیارت کردوم بۆ ئەم پۆستە، بەڵام من پاش کاك فەڕەنسۆ هەریری ناتوانم ئەو شوێنە پڕ بکەمەوە، نەك لەبەر بیٚ کەفائەتیم، بەڵکو کەسایەتی کاك فەڕەنسۆ و نزیکی لە جەنابی سەرۆك و جەنابت کە هەر ساتێك دەیتوانی بە تەلەفۆن قسەتان لەگەڵ بکات و بە پاڵپشتی ئێوە سەرەڕای ئەو مێژووەی کە لەگەڵ بارزانی و بنەماڵەی ئێوە هەیەتی هێزێکی مەعنەوی پێدابوو کە دەیتوانی کێشەی گەورە چارەسەر بکات و رووبەڕووی گەورەترین کێشە و کەسایەتی ببێتەوە بیٚ سڵمینەوە.

بێگومانم لەوە کە ئەو کارە و ئەم ئاسانکارییە بۆ من ناڕەخسیٚ، خۆشم لەو تەمەنە ناچمە ناو ئیشێك کە تێیدا سەرکەوتوو نەبم، دەبێت ئەوەی دوای کاك


فەڕەنسۆ دادەنرێ لەو بەهێزتر بێت (یەك دوو نموونەم لەسەر بەرەنگاربوونەوەی کاك فەڕەنسۆ بۆ گێڕایەوە، کە هەر ئەو دەیتوانی لەم رۆژگارە و لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە ئەو جۆرە کێشانە رەفتارە بکات، کە گێڕانەوەی جێگای لێرەدا نییە).

لێرەدا کاك نێچیرڤان بارزانی گوتی (تۆش بەقوەتی لە ئیشا و ژمارە تەلەفۆنی تایبەتی خۆمت پێ دەدەم، وەعد بێت هەرکاتێك تەلەفۆنم بۆ بکەی وەڵامت بدەمەوە، زۆر زوو پەلەمەکە لە بڕیاردان ئەمڕۆ تاکو سبەینێ بیری لێ بکەرەوە، بەیانی هەر لەم شوێنە دەتبینم بڕیاری کۆتایی خۆتم پێ بڵێ، بەڵام موتمەئن بە کە بە هەموو شێوەیەك یارمەتیت دەدەم).

کاتێ گەڕامەوە ماڵەوە قسەکانم بۆ پەروین و رێکانی کوڕم گێڕایەوە، ئەوان هەردووکیان لەگەڵ قبوڵکردنی بوون، بەڵام من بە شێوەیەکی دیکە بیرم لە پێشنیارەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی دەکردەوە کە ئەویش بریتی بوو لە بوونی هەزار و یەك کێشەی ئەم پارێزگا بەرفراوانە سەرەڕای ئەوەی کە پایتەختی هەرێمە کە تێیدا بە سەدان کێشە و بەرژەوەندی مادی و غەیرە مادی تێدایە کە زۆربەی بەرپرسانی حزبی و کەسایەتی ئەم وڵاتە بەرژەوەندییان تێدایە کە زۆر زەحمەتە بۆ شەخسێکی وەکو بەندە کە دورم لە هەموو بەرژەوەندییەك بە تایبەتیش بەرژەوەندی ماددی و هیچ کاتێك لە غەیری هێڵی سیاسەت و کوردایەتی هیچ مەسەلەیەکی دیکەم لا مەبەست نەبووە، رقم لە دانیشتنە لە پێشەوە، هەمیشە نەمویستووە بکەومە بەر تانە و تەشەرە، لە یاسالادان لای من قابیلی قبوڵ نییە، لە هەمان کاتیشدا فەرزی را و بۆچوونی هەڵە ناکەم، بەرژەوەندی گەلی کوردستان و رەزامەندی گەلم پێ لە هەموو شتێك زیاتر بەلاوە گرنگە و ئەسیری قەناعاتی ویژدانی و سیاسی خۆمم بۆیە بڕیارم دا جارێکی دیکە ئەم پێشنیارە بە سوپاسەوە قبوڵ نەکەم.

بەڵام بەختم یار بوو چونکە کاك نێچیرڤان بارزانی نە ئەو رۆژەی دوایی و نە دوای هەفتەیەك و نە دوای مانگێکیش لێی نەپرسیمەوە و منیش داوای دیتنیم نەکرد لەم رۆژگارەدا تاکو ئەو رۆژەی کە تەلەفزیۆنی کوردستان گوێبیستی

**دانانی شەهید ئەکرەم مەنتك بووم بە پارێزگاری هەولێر لە ٢٠٠٠/٣/١٢دا و بەوپەڕی داخیشەوە ڕۆژی ١ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ پۆلێك لە سەرکردە و پێشمەرگە و هاووڵاتی شەهید بوو، ئەمەیان سێیەمین وەعدی کاك نێچیرڤان بوو بە من کە بێ ئاکام دەرچوو.**



**کۆنووسی تەسلیم کردنی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات**

ئەمڕۆ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٠/٢/١٩ بە ئامادە بوونی ڕێزدار ڕەمزی شەعبان بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی دارایی بەڕێز/ دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات تەسلیم بە بەڕێز بەرپرسی تازەی دەزگا کرا کاک «نەژاد عەزیز سورمی» بەپێی لیستی «جرد» بۆیە لە خوارەوە ئیمزا کرا:

ڕەمزی شەعبان — نەژاد عەزیز سورمی — فەرهاد عەونی

سعید یحیی — زاهیر ڕۆژبەیانی — یوسف مولود قصاب

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**

ژمارە: ١٦٤
ڕۆژ: ١٩/٢/ ٢٠٠٠

---

**بڕیار**

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٣/٢/ ٢٠٠٠ بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک و بۆ ڕێکخستنەوەی ڕاگەیاندنی پارتیمان بڕیار درا:

**یەکەم**: مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن کە لەم دەزگایانەی خوارەوە پێک دێت لە ژێر سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک دەبێ و هەڤاڵ فەلەکەدین کاکەیی یاریدەی دەدات.

**دووەم**: دەستەی یاریدەدەر لەم هەڤاڵانەی خوارەوە پێک دێت:
١- هەڤاڵ فەرهاد عەونی - بۆ کاروباری ئیداری و مالی.
٢- هەڤاڵ کاروان ئاکرەیی - بۆ کاروباری ڕاگەیاندن.
٣- هەڤاڵ ئەندازیار احمد بریفکانی - بۆ کاروباری تەکنیکی.

**سێیەم**: دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی مەرکەزی:
١- بەرپرسی دەزگا - هەڤاڵ ڕێبوار یەڵدا.
٢- بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن - هەڤاڵ تحسین إسماعیل.
٣- بەڕێوەبەری ڕادیۆ - هەڤاڵ وریا جاف.
٤- بەڕێوەبەری ئیدارە و مالی - هەڤاڵ بهزاد چەلەبی.

**چوارەم**: دەزگای ڕۆژنامەنووسی خەبات و برایەتی:
١- بەرپرسی دەزگا - هەڤاڵ نەژاد عەزیز سورمێ.
٢- سەرنووسەری ڕۆژنامەی (خەبات) - هەڤاڵ سعید خطاط.
٣- سەرنووسەری ڕۆژنامەی (برایەتی) - هەڤاڵ زاهر ڕۆژبەیانی.

**پێنجەم**: دەزگای گوڵان:
بەر پرسی دەزگا - هەڤاڵ سەرۆ قادر.

**نووسراوی مەکتەبی سیاسیی پ.د.ك لەسەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ٢٠٠٠/٢/١٣ کە بەسەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی بڕیاری لێدرابوو.**

**کە بووە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەم لە ڕاگەیاندنی پارتیدا لەبەرئەوەی قەناعەتم پێی نەبوو**

**شەشەم:** دەزگای ڕاگەیاندنی دهۆک:
بەرپرسی دەزگا ـ هەڤاڵ فهیم عبدالله.
**حەوتەم:** دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە:
بەرپرسی دەزگا ـ هەڤاڵ ئاسۆ کەریم.

**هەشتەم:** بەڕێوەبەری چاپخانەی (خەبات) ـ هەڤاڵ معصوم انور مائی.

**نۆیەم:** دەزگای تەکنیکی ناوەندی.
بەرپرسی دەزگا ـ هەڤاڵ ئەندازیار احمد بریفکانی.


**دەیەم:** سەرنووسەری نووسین و هەواڵەکانی مەرکەزی:
هەڤاڵ ئاریان فرج.

**یازدەیەم:** تەلەفزیۆنی سەتەلایت:
هەڤاڵ کاروان ئاکرەیی (بە شێوەیەکی کاتی).

**دوانزەیەم:** نووسینگەی سەتەلایت لە دهۆک:
بەرپرسی نووسینگە ـ هەڤاڵ مؤید طیب

ئیتر بۆ پێشەوە

**وێنەیەک بۆ/**
**ـ بەڕێز جەنابی سەرۆک/ ئاماژە بەنووسراوی بەڕێزتان ژمارە «١٣» لە ٢٠٠٠/٢/١٤،**
**بۆ ئاگاداریتان تکایە.**
**ـ بەڕێز جێگری سەرۆک/ بۆ ئاگاداری تکایە.**
**ـ هەڤاڵی تێکۆشەر فلک الدین کاکەیی/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویستە.**
**ـ هەڤاڵانی دەزگا/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویستە.**





پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی
مافی مرۆڤ لە کوردستان

لەلایەن دووەم کۆنگرەی ڕێکخراوەکەوە کە لە ڕۆژانی
١٥ ـ ٩٣/٧/١٧ لەسلێمانی بەسترا
پەسەند کراوە
بڕیاری دراوە

**پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی ڕێکخراوی**

**مافی مرۆڤ لە کوردستان**

أ/ کادیری هیچ حیزبێك نابێ ببێ بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا و لیژنەی پارێزگا .

ب/ مەرجی تەمەن بۆ بوونە ئەندام ، لە (١٨) ساڵەوە کرا بە (٣٠) ساڵ .

**سێیەم :** ئەو ئەندامانەی لە پارێزگاکانی کوردستانەوە هاتبوون ، ئەندامی هەر پارێزگایەك لە ناوخۆیان دا ، لیژنەی پارێزگای خۆیانیان هەڵبژارد و هەر لیژنەیە (٧) کەس بوون ، واتە بە هەر چوار پارێزگاکە (٢٨) کەس ، ئەوانیش لە ناوخۆیان دا هەر پارێزگایەك (٣) کەسیان دەست نیشان کرد بۆ ئەنجومەنی باڵا ، جگە لە هەولێر (٤) کەس ، بەو پێیە (١٣) کەس بوونە ئەنجومەنی باڵا کە ئەمانەبوون :

**سلێمانی** / ١. جمال عبدول    ٢. د. جمال صالح    ٣. رەوف رشید

**هەولێر** / ١. د. دارا جاف    ٢. فەرهاد عەونی    ٣. نەبەز مجید امین    ٤. احمد علی کۆیی

**کەرکووک** / ١. محمد عزیز اسماعیل    ٢. فلاح حسن    ٣. کەژاڵ عبد القادر

**دهۆک** / ١. د. عونی عەقراوی    ٢. ستار صوفی حامد    ٣. رشاد بالطه

ئەو (١٣) کەسە و بە رەزامەندی هەمووان وە لە پێناوی پاراستنی یەك پارچەیی رێکخراوەکەدا ئەم (٣) کەسەیان بەو پێیەی خوارەوە دەست نیشان کرد :

١. جەمال عبدول    سەرۆکی رێکخراو .
٢. د. دارا جاف    جێگری سەرۆك .
٣. فەرهاد عونی    بەرپرسی دارایی .

**ناوی ئەندامانی دەستەی باڵا و دەستەی کارگێڕیی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان**

**کە لە ئاکامی کۆنگرەی دووەمی ئەم رێکخراوە**

**کە لەنێوان رۆژانی ١٥-١٧-١٩٩٣/٧ لە سلێمانی بەسترا**



١



٢





٣



٤


٥


٦




٧



پەرلەمانتاران درێژە بە ئیعتیسامی خۆیان دەدەن

برایەتی
BIRAYETÎ

التآخي

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو دەری دەکات

بەڕێز سامی عبدالرحمن
چاوی بە وەفدێکی پۆلیسی نێو دەوڵەتی دەکەوێت

یەکشەممە ٢٥/١٢/١٩٩٤ ژمارە(٢١١٥) ی بەفرانبار ٢٦٩٤ی کوردی ٢٢ی رجب ١٤١٥کۆچی | No.(2115) | Sun., Dec., 25, 1994 | ٨ لاپەڕە نرخی ٢٠ دینارە

دوێنێ پایتەختی هەرێم تەواو نا ئارام بوو

پەرلەمانتارانی پەناگیر دووەمین ئاگاداریی خۆیان ڕادەگەیەنن

لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە

بەبۆنەی جەژنەوە

بروسکەیەک

لەم شەرەدا، ئاشتیخوازو دیموکراتەکان دەبەنەوە!

ئ-٨



چاپی دووەمی "برایەتی"

...ەرلەمانتاران درێژە بە ئیعتیسامی خۆیان دەدەن

برایەتی

BIRAYETÎ

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو دەری دەکات

بۆ یەکەم جار ... چاپی دووەمی "برایەتی"

جەماوەری کوردستان، خوێنەرانی تازیزی "برایەتی" ئەم ژمارەیەی بەر دەستتان چاپی دووەمی "برایەتی"یە، کە ئەمڕۆ ١٩٩٤/١٢/٢٥ بۆ یەکەم جار دەردەچێت.

Sun., Dec., 25, 1994 No.(2115)

...ێنی پایتەختی هەرێم تەواو نا ئارام بوو

پەرلەمانتارانی پەناگیر دووەمین ئاگاداریی خۆیان رادەگەیەنن

لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە

٨-ب



٩




١٠



١١



١٢



١٣



١٤



١٥



١٦



١٧



١٨


خەبات
رزگاری
KURDISTAN TODAY
کوردستان
KURDISTAN NEWS
برایەتی

١٩


٢٠


٢١



٢٢



٢٣



٢٤




٢٥



٢٦



٢٧



٢٨



٢٩



٣٠



٣١



٣٢

# سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەكان

١. ئێران–راژان، ١٩٩١/٦/١٨، بارەگای مەكتەبی سیاسیی (پ.د.ك) لەگەڵ مامۆستا عەلی عەبدوللا كە ئەوكاتە جێگری سەرۆكی پارتی بوو.

٢. كۆیە، ١٩٩٢/٣/٣١، لە راستەوە: خوالێخۆشبوو عبدالرحمن محمود ئاغا (شێتە)، نووسەر، عبدالرزاق بیتوشی.

٣. هەولێر–هۆڵی زەرد، كۆنگرەی (١١)ـەمی (پ.د.ك) ١٩٩٣/٨، لە راستەوە: د. بەهرام خدر مولود، د. سعدی بەرزنجی، بەختیار حەیدەر، نووسەر.

٤. بارزان، ١٩٩٣/١٠/٨، رێوڕەسمی بەخاكسپاردنی تەرمی نەمران، لە راستەوە: خوالێخۆشبوو ئاخر شێخ جەمال (كە ئەوكاتە قایمقامی شاری كۆیە بوو)، نووسەر.

٥. هەولێر–بارەگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات، ١٩٩٣/١٢/٢٥، نووسەر لە نووسینگە تایبەتییەكەی خۆی.

٦. هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری برایەتی، مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٤، سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەندامی مەكتەبی سیاسیی (پ.د.ك) بۆ برایەتی.

٧. هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی، بەهاری ساڵی ١٩٩٤، سەردانی بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەرۆكی (پ.د.ك) بۆ دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، لەنێوان خوالێخۆشبوو فرەنسۆ هەریری (دەستە چەپ)، نووسەر (دەستە راست)، كە تێییدا تەماشای هەندێ وێنەی دەگمەنی بارزانی نەمر دەكات كە لەو نووسینگەیەدا هەبوون.

٨. چاپی یەكەم و دووەمی ژمارە (٢١١٥)ی رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ی برایەتی كە هەر لەم رۆژەدا چاپی یەكەمی سووتێندرا و هەر لە هەمان رۆژ دووبارە چاپكرایەوە.

٩. هاوینەهەواری سەلاحەدین، سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٩٥–نووسینگەی سەرنووسەری برایەتی (نووسەر) لە كاتی دیمانەیەكی تەلەفزیۆنیدا.

**١٠. هاوینەهەواری سەلاحەدین–دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ١٩٩٥/١٢/٢١، لە راستەوە: یحیا جاف، لێزان بارزان مەلا خالد، پەیمان فەرهاد، سلێمانی خالد ئاژگەیی، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم، شکار عەفان، خەتاب عومەر. لە کاتی سەردانێکی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم بۆ ئەم دەزگایە.**

**١١. هاوینەهەواری سەلاحەدین–نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی (پ.د.ك) بەهاری ساڵی ١٩٩٦، سەرۆك مەسعود بارزانی لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا لەگەڵ سەرنووسەری برایەتی.**

**١٢ – ١٣. هاوینەهەواری سەلاحەدین–نووسینگەی سەرۆك بارزانی، هەفتەی یەکەمی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩٧، دیدارێکی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرنووسەر و جێگری سەنووسەر و سکرتێری نووسینی رۆژنامەی برایەتی، لە راستەوە: خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی (جێگری سەرنووسەر)، سەرۆك مەسعود بارزانی، سەرنووسەر، ئاسۆ کەریم (سکرتێری نووسین).**

**١٤. هەولێر–دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، زستانی ساڵی ١٩٩٧، لە راستەوە: نووسەر، خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی، ئاسۆ کەریم.**

**١٥. هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی، هاوینی ساڵی ١٩٩٧ لە راستەوە: نووسەر، خوالێخۆشبوو وەرزشوانی بەناوبانگ عەمو بابا، خوالێخۆشبوو شەهید فرەنسۆ هەریری.**

**١٦. هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری برایەتی، بەهاری ساڵی ١٩٩٨، لە راستەوە: نووسەر، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل، خوالێخۆشبوو نووسەر و ئەدیبی گەورە شکور مەستەفا.**

**١٧. هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری برایەتی، بەهاری ساڵی ١٩٩٨، لە راستەوە: نووسەر، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل، خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی.**

**١٨. هەولێر، ١٩٩٧/٤/٢٢، بەردەم دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات لە شەقامی سەرەکیی هەولێر–کەرکووك، رێوڕەسمی کردنەوەی دیواربەندی دەزگا لە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی، لە راستەوە: خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق، نووسەر، شەهید سامی عبدالرحمن.**

**١٩. هەولێر، سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٧، بەردەم دیواربەندی دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات. لە راستەوە: خوالێخۆشبوو تارق ئیبراهیم شەریف، خوالێخۆشبوو نووسەر و ئەدیبی گەورە سەعید ناکام، نووسەر.**

**٢٠. هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی، ١٩٩٧/٥/٦، یادی ٣٠ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی برایەتی لە بەغدا. لە راستەوە: خوالێخۆشبوو سامی**

عبدالرحمن، نووسەر، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق، خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی، عەدنان نەقشبەندی، فەوزیە عزالدین رشید، خوالێخۆشبوو فرەنسۆ هەریری.

٢١ هاوینەهەواری سەلاحەدین-دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، زستانی ساڵی ١٩٩٦، وێنەیەکی بەکۆمەڵی ستافی هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات کە لەوکاتەدا ئامادەبوون، راوەستاوان لە راستەوە: فەرهاد محمد، محمد خدر مولود، یحیا جاف، کفاح (چێشت لێنەر)، شێرزاد عبدالرحمن، پەیمان فرهاد، کاروان سینۆ تۆفی، خالد محمد أمین، دلێر عەونی، شاخەوان عەلی حمد، شەماڵ ئاکرەیی، موخلیس سابر، خەتاب عومەر. دانیشتووان لە راستەوە: محی الدین عزیز، سعید یحیا خەتات، نووسەر، یاوەر نامق سالم، خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی، شکار عفان، خوالێخۆشبوو محی الدین قادر، سلێمان خالد ئاژگەیی.

٢٢. کۆماری ئیسلامیی ئێران-تاران، ١٩٩٩/٢/١١، رێپێوانی یادی ٢٠ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە ئامادەبوونی شاندی کوردستان کە هەندێکیان لەم وێنەیەدا دیارن، لە راستەوە: زادۆق ئادەم، نووسەر، سەردار ئەنوەر ئاغا بێتواتە، د. ئیدریس هادی.

٢٣. تاران-ئوتێل کوپر گهران، ١٩٩٩/٢/١٢، کۆمەڵێك لە ئەندامانی شاندی کوردستانی-پ.د.ك بە سەرۆکایەتیی بەڕێز فازڵ میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە بەشدارییان لە ئاهەنگی یادی ٢٠ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کرد.

٢٤. کۆماری ئیسلامیی ئێران-رێگای نێوان نەغەدە و مەهاباد، ١٩٩٩/١٢/١ کە بەرەو کرماشان دەچووین، لە راستەوە: محمد حسین بەرزی، نووسەر، خوالێخۆشبوو ئەحمەدی قازی.

٢٥. کرماشان ١٩٩٩/١٢/٢، رێورەسمی یادی خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی، لە راستەوە: حاجی محمد جەعفەری، ئیمامی جمعەی پاوە، نووسەر.

٢٦. کرماشان، ١٩٩٩/١٢/٣ بەشێك لە ئامادەبووانی یادی سەید تاهیری هاشمی لە شاندی کوردستان، لە راستەوە: نووسەر، ئەحمەد سالار، حسێن عارف، فەرید زامدار، د. عزالدین مستەفا رەسول.

٢٧. مهاباد-ماڵی دۆستی ئازیزم مستەفای قازی، شەوی ٦لەسەر١٩٩٩/١٢/٧، میوانداریێتیی خانەوادەی قازیان بۆ شاندی کوردستان کە لە رێورەسمی یادی سەید تاهیری هاشمی بەشدارییان کردبوو کە تێیدا خوالێخۆشبوو رەحمانی قازیی براگەورەیان ئامادەبوو.

٢٨. هەولێر-گۆڕەپانی دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ٢٠٠٠/٢/١٩، ماڵئاوایی سەرنووسەری برایەتی (نووسەر) لە پۆستی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی. لە راستەوە: خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی، نووسەر، ئاسۆ کەریم.

**٢٩. هەولێر–گۆڕەپانی دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ٢٠٠٠/٢/١٩، رۆژنامەنووس و کارمەندانی دەزگای برایەتی و خەبات لە کاتی ماڵئاوایی سەرنووسەری برایەتی (بەندە) ئامادەبوون.**

**٣٠. هەولێر ٢٠٠٠/٢/١٩، وێنەی بەکۆمەڵی رۆژنامەنووسان و کارمەندانی برایەتی و خەبات لەگەڵ نووسەر لەکاتی بەڕێکردنی.**

**٣١. هەولێر–دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ٢٠٠٠/٢/١٩، وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ نووسەر. لە راستەوە: رزگار نوری شاوەیس، خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی، خوالێخۆشبوو حبیب محمد کریم، نووسەر، سعید یحیا خەتات.**

**٣٢. نووسینگەی سەرنووسەری برایەتی لە دەزگا لە رۆژی بەجێهێشتنی ئەرکی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی و دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات رێککەوتی ٢٠٠٠/٢/١٩.**

پەشیمان نیم لە هەر کەسێ کە لە قۆناغەکانی رابردوودا تێکەڵی ژیانم بووە و ماڵئاوایی کردووە، دڵسۆزان خۆشحاڵیان کردووم، پیاوخراپ ئەزموونێکی فێرکردووم، خراپترینیان دەرسێك بووە بۆ من، بەڵام هەرە چاکەکەیان هەرگیزاو هەرگیز بەجێم ناهێڵن.

لن أندم على أى شخص دخل على حياتى فى مراحل مختلفة ورحل،
فالمخلص أسعدنى والسىء منحنى التجربة والأسوأ كان درسا لى،
أما الأفضل فلن يتركنى أبدا.

ماهاتما گاندی